# بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات

**بەرگی یەک**

کۆنگرەی ١ تا کۆنگرەی ٩

# بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی
# حیزبی دێموکرات

## بەرگی ١

## کۆنگرەی ١ تا کۆنگرەی ٩

**پێناسە:**

**ناوی کتێب:** بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

( کۆنگرەکانی ١ تا ٩)

پرۆژەی لەچاپدانەوەی دێکیومێنت و بەڵگەنامەکانی حیزب

**دیزاینی بەرگ و نێوەوە:** ئەییوب شەهابیڕاد

**ژمارەی سپاردن:** ٨٥٥

**ساڵی چاپ:** ١٤٠٠ی هەتاوی (٢٠٢١ی زایینی)

(لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان)

## ■ پێرست


**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ١ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٩-١٤)**

- ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- کۆنگرەی ١ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٥-٣٢)**

- بڕیارنامەی کۆنفڕانسەکانی ١ و ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٣٣-٩٢)**

- کورتەیەک لەسەر کۆنفڕانسی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) و بڕیارەکانی
- ڕاگەیاندنێک لەسەر کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەمی حیزب
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)
- پەیامەکانی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٩٣-١٥٦)**

- ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی چوارەم
- بڕیارنامەی کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- پەیامەکانی کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پەسەندکراوی گۆنگرەی چوارەم

**بەڵگەنامە و دێکیومێنتەکانی کۆنگرەی ٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (١٥٧-٢٢٤)**

- ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسیی حیزب لەسەر پێکهاتنی کۆنگرەی پێنجەم
- کۆنگرەی پێنجەم، کۆنگرەی شەهیدان و مەسئوولییەتەکانی ئەندامانی حیزب
- ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ٥

**بەڵگەنامە و دێکیومێنتەکانی کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٢٢٥-٣١٤)**

- کورتەیەک لەسەر کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسیی حیزب لەسەر پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەم
- ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزب
- بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- کورتە باس (کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم)
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەم

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٣١٥-٣٧٤)**

- ڕاگەیەندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حیزب
- بڕیارنامەی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- پەیامەکانی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوتەم

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ٨ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٣٧٥-٤١٨)**

- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی تەواوبوونی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبەوە

- راپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشتەمی حیزب
- بڕیارنامەی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات، پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەم

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ٩ی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٤١٩-٤٨٤)**

- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمی حیزب
- بڕیارنامەی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆیەم
- پەیامەکانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ٩ی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ (٤٨٥-٥٥٠)**

- کۆنفرانسی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ و بڕیارنامەی کۆنفرانس
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر لەبارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر
- بڕیارنامەی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر (پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆیەم)
- پەیامەکانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر

# ئاماژەیەک

بەڵگەنامەکان وەک تۆماری بەشێک لە ڕووداوەکان ڕۆڵی گرینگیان لە پاراستنی مێژووی هەر نەتەوە یان حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا هەیە. بەڵگەنامەکان دەتوانن چرای ڕووناککەرەوەی بەردەم گێڕانەوە و نووسینەوەی ئەم مێژووە بن و یارمەتیدەری خوێنەران و توێژەران و هەموو ئەو کەسانە بن کە بە دوای سەربوردەی نەتەوەیەک، یان مێژووی کار و تێکۆشانی حیزب و لایەنێکی سیاسیی تایبەتدا دەگەڕێن. بە واتایەکی دی بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکان بەشێکن لە «کۆیاد»ی هەر گرووپ و ڕێکخراوێک و هاوکات میراتێکی مەعنەوییش بۆ ئەوانن.

گرینگی و بەبایەخبوونی بەڵگەنامە و مێژووی نووسراوی هەر حیزبێک لە دەرخستنی بۆچوون و ڕوانگە و مێژوو و هەڵوێستی ئەم حیزبە بەنیسبەت پێشهات و ڕووداوەکان و هەروەها پێشاندانی سووچ و کەلەبەرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم حیزبەدا دەردەکەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە زانیاری یەکێک لە بنەما گرینگەکانی بوون و دەسەڵاتی هەر ڕەوتێکی سیاسییە و بەڵگەنامەکانیش سەرچاوەی گرینگی ئەو زانیارییانەن بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی سیاسی و مێژوویی و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی ئەم ڕەوت و لایەنە سیاسییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوینی ساڵی ڕابردوو جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی گرت. مێژووی نزیک بە هەشت دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات پڕە لە خاڵگۆڕان و دەسکەوتی سیاسی، داهێنان و جێخستنی نۆرم و بایەخی شۆڕشگێڕی و مەدەنی و، هاوکات ئەم حیزبە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا لە خەباتێکی بەردەوامدایە.

مێژووی ٧٥ ساڵ هەبوون و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سامانێکی گرینگ و بەبایەخە لە مێژووی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی. بەشێکی زۆر لە بەڵگەنامەکان و مێژووی نووسراوی ئەم حیزبە

بەهۆی بارودۆخی سەختی ژیانی سیاسیی حیزب و ڕەوتی پڕ هەوراز و نشێوی جووڵانەوەی کورد فەوتاوە، یان بەباشی نەپارێزراوە و بەشێکیشی بەداخەوە بەردەست نییە.

ئەوەی لەبەردەستی خوێنەردایە، بەشێکی بچووک لە مێژووی نووسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە تەنیا بەڵگەنامەکانی پێوندیدار بە کۆنگرەکانی حیزب لەخۆ دەگرێ کە سەرلەنوێ تایپ و لە توێی چەند بەرگدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

عەلی بداغی

بەهاری ١٤٠٠ی هەتاوی

# بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ١ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- کۆنگرەی ١ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## حیزبی دێموکراتی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٦ی ئووتی ١٩٤٥) لە شاری مەهاباد دامەزرا.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوختە گۆڕانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەک بوو لە پێکهاتنی ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مۆدێڕندا. چونکی پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو مێژووی نەتەوەی کورددا حیزبێکی پێشکەوتوو بە بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانە پێک نەهاتبوو. بۆیەش هەر لە سەرەتاوە بووە جێی متمانەی خەڵکی کوردستان و پشتیوانیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

## ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**(بسم الله الرحمن الرحیم)**

**هاونیشتمانان، برایان!**

ئاگری شەڕی جیهانگیر کە بەهۆی دوژمنانی ئازادی و لەژێرپێنەرانی دێموکراسی هەڵگیرسا بوو، بە باسکی بەهێزی سەربازانی ئازای هاوپەیمانانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دنیای دێموکراسی سەرکەوت و دنیای فاشیستی کە هەوڵ دەدا گەلان و نەتەوەکانی جیهان لە ژێردەستی چەند نەفەر ملهوڕ و سەرەڕۆدا یەخسیر بکا، بەشێوەیەکی قەتعی تێک شکا و لێک بڵاو بوو و هەروەها کە چاوەڕوان دەکرا بۆ ئازادیی گەلان و نەتەوەکانی جیهان ڕێگا خوش کرا. ئەمڕۆ گەلانی دنیا لە گەورە و چووک دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئازادی خۆش کراوە، کەڵک وەرگرن و لەو بەڵێنییانەی کە بەهۆی مەنشووری مێژوویی ئەتلانتیکەوە دراوە سوود ببینن و هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆیان بەدەستەوە بگرن و چارەنووسی خۆیان بە مەیل و ویستی خۆیان دیاری بکەن.

ئێمەی کورد کە لە ئێران دەژین، ساڵەها بەڵکوو چەندین سەدساڵە کە لە پێناوی ماف ودەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحللی خەباتمان کردوە و قوربانیمان داوە. بەداخەوە کاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون قسەی حسێبیی ئێمە قەبووڵ بکەن و تەنانەت نەیانهێشتووە ئێمە لەو مافەش کەڵک وەربگرین کە قانوونی ئەساسی بۆ ئەیالەتەکان و ویلایەتەکانی ئێران داینـاوە و بەردەوام وڵامی ئێمەی بە گوللە و بۆمب و تۆپ و زیندان و تەبعید و یەخسیری بووە. بەتایبەتی لە سەردەمی بیست ساڵەی ڕەزاخاندا تەنانەت لە لەبەرکردنی جلوبەرگیشدا ئازاد نەبووین. بە زۆری سەرنێزە و بەهۆی ئەفسەرانی دز و خائین و تاڵانکەرەوە هەموو دارایی و ژیانی ئێمەیان تەفروتونا کردوە و چاویان لە نامووس و شەرەفی ئێمە بووە و بۆ لەنێو بردن و خاشەبڕ کردنی نەسلی ئێمە لە هیچ نزمی و دڕەندەییەک خۆیان نەپاراستوە. ئاخر ئێمەش ئینسانین، ئێمەش مێژوو، زمان و شوێنەواری

خۆمان هەیە کە لامان خۆشەویستن. بۆچی دەبێ مافی ئێمە لەژێر پێ بنرێ؟ بۆچی ناتوانین لە نێو ماڵی خۆماندا ئازاد و موختار بین؟ بۆچی ڕێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بە زمانی کوردی پەروەردە بکەین؟ بۆچی نایەڵن کوردستان ویلایەتێکی خودموختار بێ و لەلایەن ئەنجومەنی ویلایەتییەوە ئیدارە بکرێ کە قانوونی ئەساسی دیاری کردوە؟

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ. ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەللی خۆمان خەبات بکەین. ئەم خەباتە یەکیەتی و یەکڕەنگیی پێویستە، ڕێکخراو و پێشەنگی پێویستە. بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە و دەستی بەکار کردوە. ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست، دەبێ چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە و لە دەوری حیزبی نەتەوەیی خۆتان کۆببنەوە و لەپێناوی وەرگرتنی مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆتاندا فیداکاری بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەر و ڕێنوێنی ئێوەیە. تەنیا لەژێر ئاڵای ئەوە کە نەتەوەی کورد لە مەترسیی تەفروتونا بوون ڕزگار دەبێ و هەبوون و نامووس و شەرەفی نەتەوەیی خۆیی دەپارێزێ و دەتوانێ لەنێو سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاری نەتەوەیی خۆی وەدەست بێنێ.

**هاونیشتمانان!**

ئێمە بێجگە لە مافی ڕەوا و ئینسانیی خۆمان هیچمان ناوێ. دروشمەکانی ئێمە لە بەندەکانی خوارەوەدا خولاسە کراون. بیانخوێننەوە و هەموو گەلی کورد و فەرد فەردیان تێ بگەیەنن.

**ئەوە دروشمەکانی ئێمەن:**

١- نەتەوەی کورد لەنێو خۆی ئێراندا بە هەڵسووڕانی کاروباری مەحلیی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لەسنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریی خۆی وەدەست بێنێ.

٢- مافی خوێندنی بە زمانی زگماکی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوە بچێ.

٣- لەسەر بناغەی قانوونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بەزوویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێریان بەسەردا بکا.

٤- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بەبێ قسە لە خەڵکی ناوچەکان بن.

٥- دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێیی و خاوەن موڵکدا ڕێککەوتنێک پێک بهێنرێ و دواڕۆژی هەردوو لا دابین بکرێ.

٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە خەباتدا بە تایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتییەکانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسۆرییەکان و ئەرمەنییەکان و هیی دیکە، یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێک بهێنێ.

٧- حیزبی دێموکرات بە ئامانجی بەرەو پێشبردنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و باشترکردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد دەست دەکا بە

سوودوەرگرتن لە سامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان و لەم ڕێگایەدا تێدەکۆشێ.
٨- ئێمە دەمانهەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بە ئازادییان بدرێتێ بۆ بەختەوەری و پێشخستنی نیشتمانی خۆیان.

## مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### فەسڵی یەکەم

١- ناوی حیزب: حیزبی دێموکراتی کوردستانە.
٢- حیزب لەسەر ئەم بناغانە دامەزراوە: حەقیقەت، عەداڵەت، تەمەدون. هەموو نیزامنامە و قانوونەکانی حیزب پاش پەسندکرانی لە لایەن کۆنگرەوە جێبەجێ دەکرێن.
٣- قەڵەم و گوڵەگەنم بۆ عەلامەتی حیزب قەبووڵ کراوە.

### فەسڵی دووهەم

٤- لە قۆناغی ئێستادا گەورەترین ئامانجی حیزب بریتییە لە ئەوەی کە لە نێو سنوورەکانی دەوڵەتی ئێراندا، پارێزگاری لە مافەکانی کورد بکا و بۆ جێگیرکردنی، ڕێگەی خودموختاری هەڵبژێرێ. لە هەموو ئەو ئەیالات و ویلایەتانەدا کە بە درێژایی مێژوو کوردیان تێدا ژیاوە و زەحمەتی کێشاوە، هەروەها لە کوردستان ئەبێ لەسەر بنچینەی دێموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕەچاو بکرێ، ئەبێ بێ‌گوێدانە جیاوازیی میللی و مەزهەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شوڕای میللی مافی وەک یەکیان هەبێ.
٥_ ئامانجی حیزب بریتییە لە پەرەپێدانی دێموکراسی، لەسەر ئەو بنچینەیە تێدەکۆشێ بۆ خۆشیی مرۆڤایەتی.
٦_ حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی نییە، بەڵام ئەیەوێ بە ڕێگای هێمنانە تێ‌بکۆشێ بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگی لەشساغی و کشتوکاڵی گەلی کورد، کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی چەوسێنەراندا بە دواکەوتوویی ماوەتەوە، بۆ ئەمەش داواکاری مافی خودمختاریی میللییە.

### فەسڵی سێهەم

٧_ هەموو ماڵیات و عەواریز بە شێوی زەرووری کۆ دەکرێتەوە، لەسەر بنچینەی بوودجە ڕێک دەخرێ و دابەش دەکرێ.
٨_ یەکەمین هەنگاوی میللی ئەوەیە دەس دەکا بە ئاواکردنەوەی وڵات و پەرەپێدانی ڕێکخراوی ئابووری و سیاسی، لەبەر ئەوە زیاتر لە ٣٠٪ی ماڵیاتی کۆکراوە بە حکوومەتی مەرکەزی بدا.
٩_ ئەبێ هەموو مەئمورانی کیشوەری و سیاسی و دائیرەکانی کشتوکاڵ کورد بن. حکوومەتی میللی هەرکاتێ بە پێویستی زانی ڕاوێژاکارانی بێگانە بانگ دەکا. هەموو کارەکانی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی و دادگوستەری ئەبێ بە زمانی کوردی بنووسن و بە بەڕێوە ببرێن.
١٠_ حیزب تێدەکۆشێ بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ ماشین بکرێ و هەوڵ دەدا ئەو بەروبوومەی

جووتیاران بەرهەمی دەهێنن بەباشی بفرۆشرێ.
١١_ حیزب تێدەکۆشێ بۆ ئاوەدانی و پاراستنی لەشساغیی دێهات و، نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لە ڕێی هاتوچۆدایە لە دێیەکەوە بۆ دێیەکی تر.
١٢_ حیزب بەبێ جیاوازیی نەتەوایەتی و قەومی و مەزهەبی حیمایەت لە ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و لەشساغی هەموو زەحمەتکێشان دەکا کە لە کوردستان دەژین.
١٣_ بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قۆناغەکاندا ئەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێ.
١٤_ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانین و ژیان و شارستانییەتی خەڵک، ژمارەیەکی زۆر ناوەندی زانستی، کتێبخانە، قەرائەتخانە، کلوب، تیاتر و مەیدانی وەرزش، دادەمەزرێنێ.
١٥_ هەموو مەئموورانی کوردی کە لە ئەیالات و ویلایاتی تردا لە ئیدارە و ئەرتەشدا کار دەکەن، دەبێ بگەڕێنەوە کوردستان.
١٦_حکوومەتی میللی بە لەبەر چاوگرتنی قازانجەکانی خۆی پێوەندیی فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانیتر، لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکیەتیی سوڤییەت، دادەمەزرێنێ.
١٧_ حکوومەتی ناوچەیی کوردستان لە هەموو کۆنفرانسە جیهانییەکاندا کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دەبسترێن، بەپێی ژمارەی خۆی داوای بەشداربوون دەکا.
١٨_ حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ دەسەڵاتی هەبێ کە ئیمتیازی دەرهێنانی کانە دەرهێنرا و دەرنەهێنراوەکانی کوردستان بدا بە هەرکەسێ کە بیەوێ.
١٩_ حکوومەتی میللی بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕێگای هەرزان و ڕەحەت بەتوندی دژی سەلەم و گرانفرۆشی و موحتەکیران رادەوەستێ.
٢٠_ حکوومەتی میللی پەرە بە ئابووریی کوردستان ئەدا و لە هەموو شارەکاندا کارگە دادەمەزرێنێ، دەبێ دەستی گڵاوی ئیستعمار لە سامانی سروشتی ئێمە ببڕێ، دەبێ بۆ خۆمان سوود لەم سامانە وەربگرین و لە هەمان کاتدا سوود بە مرۆڤایەتیش بگەیەنین.
٢١_ دەبی لە هەموو کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژنان وەکوو پیاوان مافی وەکوو یەکیان هەبێ.
٢٢_ دەبێ مافی کەمە نەتەوەییەکانی کە لە کوردستاندا دەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری، بەتەوای دابین بکرێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی**

## کۆنگرەی ۱ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (خەزەڵوەری ۱۳۲٤)

کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ۲ی خەزەڵوەری ساڵی ۱۳۲٤ لە شاری مەهاباد پێکهات. لەو کۆنگرەیەدا بەرنامەی ۲۲ مادەیی پەسند کرا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ۱ بریتی بوون لە:**

۱) قازی محەممەد، پێشەوای حیزب، ۲) حاجی باباشێخ، ۳) محەممەد حوسەینخانی سەیفی قازی، ٤) ڕەحمان زەبیحی، ٥) مەناف کەریمی، ٦) سەید محەممەد ئەییوبیان (تەهازادە)، ۷) عەبدوڵڕحمان ئیلخانیزادە، ۸) ئیسماعیل ئیلخانیزادە، ۹) ئەحمەد ئیلاهی، ۱۰) خەلیل خوسرەوی، ۱۱) کەریم ئەحمەدەین، ۱۲) حاجی مستەفا داودی، ۱۳) محەممەدئەمین موعینی، ١٤) محەممەد وەلیزادە، ۱٥) محەممەد دلشاد ڕەسووڵی، ١٦) محەممەدئەمین شەڕەفی، ۱۷) سەید عەبدوڵلا گەیلانیزادە، ۱۸) عومەرخانی شکاک، ۱۹) زێرۆبەگی هەرکی، ۲۰) ڕەشید جەهانگیری.

لە نێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییشدا ئەم ٥ کەسە وەک هەیئەتڕەئیسەی حیزب دیاری کران:

۱) قازی محەممەد، پێشەوای حیزب، ۲) حاجی باباشێخ، ۳) محەممەد حوسێنخان سەیفی قازی، ٤) مەناف کەریمی، ٥) محەممەدئەمین موعینی.

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- بڕیارنامەی کۆنفڕانسەکانی ١ و ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## کۆنفرانسی ١

کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشی دووهەمی بەهاری ١٣٣٤دا، پێکهات. شوێنی کۆنفرانسەکە ناوچە سەری مەیدان لە نیزیک مەهاباد بوو و خوالێخۆشبوو سەید ڕەسووڵ دیهقان (سەید ڕەسوول بابی گەورە) میوانداری بوو. بەشدارانی کۆنفرانس ٢٠ تا ٢٥ کەس بوون و لە بڕیارەکانی کۆنفرانسیش، یەکەم چەسپاندنی پچڕینی پێوەندی تەشکیلاتی لە حیزبی توودەی ئێران و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەشکیلاتی بۆ حیزب بوو. دووهەمیش هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری.

ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە عەزیز یووسفی، غەنی بلوریان، ڕەحمەتوڵڵا شەریعەتی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، عەبدولڕەحمان قاسملوو، و دوکتور مەولەوییش وەک موشاویر دیاری کرا.

## کۆنفرانسی ٢

کۆنفرانسی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی پوشپەڕی ١٣٤٨ (١٩٦٩) لە گوندێکی سنووریی کوردستان عێراق بە ناوی «ورتێ» پێکهات. ئەم کۆنفرانسە لە زۆر بارەوە فەقیری و بێدەرەتانی پێوە دیار بوو. لە نێوخۆی وڵاتەوە هیچ نوێنەرێکی تێدا بەشدار نەکرابوو، ئەوانە کە لە عێراقیش دەژیان و بەشدارییان لە ڕاپەڕینی ٤٧-٤٦ دا کردبوو، بەشی زۆریان نەیانتوانیبوو نوێنەر بۆ ئەو کۆنفرانسە بنێرن. تەنانەت لە سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیش، یەکێکیان (کاک ئەحمەد تۆفیق) نەیتوانیبوو بەشدار بێ.

بەو حاڵەش ئەو کۆنفرانس «هێندێک هەنگاوی بە کەلکی هەڵێنانەوە. لەنێوخۆی حیزبدا بە نیسبەت ئەو ئەندام و کادرانەی حیزب کە لە کوردستانی عێراق دەژیان یەکیەتیی بیروباوەڕ و بەکردەوەی نیسبەتەن باشی پێک هێنا. هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکی هەڵبژارد کە بۆ ژیاندنەوەی ڕێکخراوی حیزبی لەنێو ئەندامانی دەربەدەر و ئاوارەی حیزبدا هەوڵێکی بە کەلکی دا».

هەروەها کۆنفرانس سێ کەسی بەناوی «ترمیم»ی کۆمیتەی ناوەندی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد کە بریتی بوون لە: حەسەن ڕەستگار، محەممەدئەمین شێخولئیسلامی (مامۆستا هێمن) و عەبدوڵڵا حەسەنزادە.

لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی دوویەمدا دوو شتی دیکەی گرینگ هەبوون. یەکەم ئەوە کە هەرچەندە ئەو ڕێبەرایەتییەی کۆنفرانسەکەی پێکهێنابوو موخالیفی ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی ٤٧-٤٦ بوو، بەڵام لەو بارەیەوە مەسئوولانە جووڵایەوە و ڕێزی بۆ خەباتی هاوڕێیانی بەشدار لەو ڕاپەڕینەدا دانا و بە حورمەتەوە ناوی شەهیدەکانی هێنا. تەنانەت لەو پێوەندییەدا کۆنفرانس پەیامێکی ڕەخنەگرانەشی بۆ خوالێخۆشبوو بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان (عێراق) نارد و ناڕەزایەتیی لەو هەڵوێستە دەربڕی کە پارتی و

بزووتنـەوەی کـوردی عێـراق بەرامبـەر بـەو ڕاپەڕینـە گرتیانـە پێش.

بڕیارێکـی دیکـە پێوەندیـی بـە کاک ئەحمـەد تۆفیقـەوە هەبـوو. نابـراو لـە کۆنفـڕاس‌دا بەشـدار نەبـوو، بـەڵام جگـە لـەوەش لـە نامەیـەکدا بـۆ کۆنفڕانـس و لـە نامەیەکـی دیکـەدا بـۆ کۆمیتـەی ناوەنـدی کشـانەوەی خـۆی لـە ئەندامەتیی کۆمیتـەی ناوەنـدی ڕاگەیاندبـوو. کۆنفڕانـس ئـەو دەسـت لـە کار کێشـانەوەیەی قبـووڵ نەکـرد و کارەکـەی دایـە دەسـتی کۆمیتـەی ناوەنـدی کـە قسـەی لەگـەڵ بـکا و ئەگـەر ئیسـتعفاکەی وەرنەگرتـەوە، ئـەودەم لـە جیاتـی کۆنفرانسـیش لێـی قبـوول بـکا.

## کۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (سەرماوەزی ١٣٤٣)

کۆنگـرەی ٢ی حیزبـی دێموکراتـی کورسـتان لـە سـەرماوەزی ١٣٤٣ لـە بەرزاییەکانـی گونـدی «سـوونێ» لـە باشـووری کوردسـتان بەسـترا.

دروشمی کۆنگره بریتی بوو له «**یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دێموکراتی**».

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٢ بریتی بوون لە:

١) عەبدوڵـڵا ئیسـحاقی (ئەحمـەد تۆفیـق)، ٢) سـدیق ئەنجیری، ٣) سـولەیمان موعینـی (فایـەق)، ٤) ئەمیـر قـازی، ٥) مـەلا سـەید ڕەشـید حوسـێنی، ٦) مـەلا ڕەحیـم وردی (میـرزا ئەحمـەد)، ٧) نەحـو (باپیـر شـکاک)، ٨) عەزیـز یۆسـفی، ٩) غەنـی بلووریـان، ١٠) عەبدولڕەحمان شـەرەفکەندی (هـەژار)، ١١) دوکتـور عەلـی مەولـەوی، ١٢) سـەید کامیـل ئیمامـی، ١٣) حەبیـب وەرزێـڕ، ١٤) دوکتـور ڕەحیـم سـەیفیقازی، ١٥) سـەنار مامـەدی.

لـەو کۆنگرەیـەدا «سارمەدین سـادقوەزیری»ش لەنێوخـۆی وڵات بـە شـێوەی غیابی بە ئەندامی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێـردراوە. هەروەهـا غەنـی بلوریـان، عەبدولڕەحمـان شـەرەفکەندی (هەژار) و دوکتـور عەلـی مەولـەوی‌ش هـەر بـە شـێوەی غیابـی هەڵبژێردراون.

لە کۆنگرەی دووی حیزبدا عەبدوڵڵا ئیسحاقی وەک بەرپرسی یەکەمی حیزب دیاری کراوە.

لـەم کۆنگرەیـەدا کۆمیتەیەکیـش بـە نـاوی «کۆمیتـەی چاوەدێریـی بـەرز» هەڵبژێـردرا کـە ئەندامەکانـی بریتـی بـوون لـە:

١) ڕەئـووف مـەلا حەسـەن (ڕەئوفـی خەیات)، ٢) عەبدوڵـڵا موعینی، ٣) ڕەشـید فەلاحـی (ڕەشـەی قاچاغچـی)، ٤) مـەلا قـادر لاچینـی، ٥) سـەید حاجـی کەڵـەوی، ٦) مـەلا کەریـم ساردەکۆسـانی، ٧)مـەلا نەجمەدیـن کەوکەبـی، ٨) سـەید تاهیـر ئیمامـی، ٩) مسـتەفا ئیسـحاقی (بـرای ئەحمـەد تۆفیـق)، ١٠) عەبدوڵـلا مەولـەوی، ١١) سـەید ڕەسـووڵ دێهقـان (سـەید ڕەسـووی بابـی گـەورە).

## یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دێموکراتی
## (بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان)

دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی سەرماوەزی ۱۳٤۳ی هەتاوی بەرامبەر نوڤەمبەری ۱۹٦٤ لەژێر سێبەری ئاڵای شۆڕشگێڕانە و دروشمی یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دێموکراتی لە نێوان لووتکەکانی چیای زاگرۆس دەستی پێکرد.

لە سەرەتادا نوێنەرانی کۆنگرە پاش خوێندنەوەی سروودی (ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان) بۆ بیرەوریی ڕۆژانی دیلی و کۆیلەیەتی و هەواڵانی کە لە کۆت و زەنجیری ئیستعمار و نۆکەرەکانی شا و حکوومەتی تاراندا یەخسیرن، لەگەڵ بردنی ناوی یەک یەکیان، ڕەشاش و تفەنگی پێشمەرگە قارەمانەکان دڵ و دەروونی سووتاوی دۆڵ و چیاکانی زرینگاندەوە و ڕابردووی خوێناوی و بەربەرەکانیی پڕ شانازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەبیر خستنەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە کە هەر کامیان لە جێگایەک لە ژێر مەترسیی گوللە و سەرەنیزەی دوژمن بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری خۆیان دەرباز کردبوو، بە «ناو» یەکتریان نەدەناسی، لەهجە و بەرگ و پیشەیان یەک نەبوو، بەڵام هەموو تێکڕا زمان و ئاوات و دڵ و دەروونیان یەک بوو.

ئەو کۆنگرەیە لە مێژووی خەباتی کوردستان بۆ ئەوەڵین جار بە شێوەیەکی تایبەتی و نهێنی، بە گورج و گۆڵی و ژیری و سەربەرزی دوور لە چاوی پیس و گڵاوی حکوومەتە بەکرێگیراوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێک هات. بەداخەوە پێویستە بڵێین هێندێک لە هاوەڵان لە بەندیخانە بوون بەشێک لە نوێنەران لە بەر فشار و کۆسپی دوژمنان نەیانتوانی لە کۆنگرەدا بەشدار بن.

سەرەتا وتوێژی دەستووری کۆنگرە بە تیلاوەتی ئایەتی (انا فتحنا لک) لە لایەن مامۆستایەکی ئایینیی خەباتکار و کۆڵنەدەر دەستی پێکرد و لە پاشان یەکێک لە هاوەڵانی بەڕێوەبەر، مێژووی ۱۹ ساڵ خەباتی خوێناوی و پڕ لە ئازار و جەزرەبەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە ڕاپۆرتێکی هەمەلایە و بەرین پێشکەش بە نوێنەرانی کۆنگرە کرد.

### ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتی جمهووریی کوردستان

لەو ڕۆژەوە کە ئاڵای خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێچراوە، دوژمنی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێرانیانی داروەدەستەی شا و ئیستعمار توانایی ئەوەیان نەبوو کە سنگی دیکتاتۆری و زۆرداری لەسەر سینگ و ملی ئێمە داکوتنەوە، بەڵکوو ناکۆکی و ناڕێکوپێکیی نێوخۆی حیزب لە ساڵی هەوەڵی دامەزراندنیدا و کەمفامیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەڕێوەبەرانی ئەو کاتی حیزب بۆ ڕاکێشانی کۆمەڵی وەرزێران و جووتیاران و ڕەنجبەرانی تری لادێکان کە بە ئوردووی بنچینەیی شۆڕش دەژمێردرێن و هەروەها هێنانە سەر کاری دەرەبەگ و فیئۆداڵەکان و بەشداربوونیان لەنێو کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا

و زاڵبوونیان بەسەر جووتیار و ڕەعیەت، باعیس بوو کە حیزب و نەتەوەکەمان لەمەر ڕێکوپێکی بناغەی شۆڕش ڕێگای بێبیری و نالەباری و لالووتی بگرێتە بەر.

سەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥دا کە لە پشتیوانی ئوردووی شۆڕشگێڕی وەرزێر و جووتیاری بەری بوون، لەسەر بناغەی کۆمەڵایەتیی خۆی پێی نەچەقاندبوو. هۆیەکانی بنچینەیی ئەو (کایە)یە بە دۆڕاندنی هەل و هەڵکەوتی زۆر مێژوویی و پڕ دەسکەوت دەچووە سەر کاڵی و بێتەجروبەیی بەڕێوەبەران و پەروەردە و قاڵنەبوونیان لە نێو کۆڕی تێکۆشان و خەباتی بەردەوامی حیزبایەتی بوو.

هەڕەشە وگوڕەشەی شا و ئەربابەکانی لە لایەکەوە (قەوڵ و قەراری) چڵکاوخۆر و نۆکەرەکانی بەدفەری ئیستعمار، لە لایەکی تر شوێنەونکەی لە ڕابەرانی حیزب کردبوو و بە سەرسوڕماوی و داماوی خۆیان تەسلیم بە سیاسەتێکی قەزاوقەدر کرد.

ئەو بابەتە ڕاست بوو کە ئەگەر یارمەتی و پشتیوانی لەنێودا نەبایە، حکوومەتی خوێڕی و چڵکاوخۆری تاران بە دووقۆڵی لەگەڵ ئیمپریالیزم زووتر لەوەش هێرش و شاڵاوی بۆ سەر جمهووریی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەهێنا. سەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەتەنیا لەو هەل و دەرفەتە گرینگە بۆ ڕێکوپێکیی نێوخۆ و پتەویی دەوڵەت و قایمکردنی بناغەی لەشکری چەکدار و هێزی پێشمەرگە سوودیان وەرنەگرت، بەڵکوو لەسەر سەنیری خاترجەمی پاڵیان دابۆوە و پێیان‌وابوو کە بێشکەی شۆڕش هەتا هەتایە ئەبێ بەدەست وان ڕابژێ.

لەلایەکی ترەوە ڕابەرانی «لای تر» بەهۆی ڕاوێژکەرە لێنەزانەکانیان وایان دەزانی کە ئەو کۆرپە ساوایە پێی هەڵگرتوە و فامی کراوەتەوە و ئەتوانێ ماف و ژیریی خۆی بپارێزێ، بێخەبەر لەوەی کە ئەو مەلۆتکەیە لە بێشکەدا تاسابوو. هەروەکی خۆشیان لە کاتی پێویستی پشتگیریدا، پشتیان لەو مەلۆتکە تاساوە کرد و خۆیان خستە خەوی کەورویشکی.

بەبەرچاو خستنی ئەو بابەتانەی سەرەوە پێویستە بەداخەوە ئیقرار بکەین: پێش ئەوەی کە دوژمنی خوێڕی ئامادەیی پەیدا بکا و توانایی تێکشکاندنی گەلی کوردی هەبێ، سەرانی حیزب و کاربەدەستانی جمهووریی کوردستان مەیدانیان بۆ هەڵکوتانە سەر نەتەوەی کورد لەنێو دەوڵەت و حیزبدا خۆش کرد و هۆرەیان لە خۆمان بۆ قەڵشاندن و تێکدانی خۆمان ساز کردبوو، تا گەیشتە ڕادەیەک کە دەستەوئەژنۆ لە دوژمن ڕامابووین کە چیمان بەسەر دەهێنێ و کەی دووچاری چەرمەسەری و چارەڕەشی دەبین.

لە کۆنگرەدا لێک دراوە کە کەموکورتیی خەباتی حیزب لە ڕابردوو و دەوری حکوومەتدا ئەوە بوو کە سەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێوان بەرەبەرەکانیی (پارلمانتاریزم) و (شۆڕشی چەکدارانە)دا دامابوو، لەلایەکەوە لە مەجلیسی شۆڕای ئێران نوێنەری هەبوو کە لە تریبوون نەک بۆ هەڵگیرساندن و خۆشکردنی ئاگری شۆڕش لەنێو دڵ و مێشکی خەڵک کەڵکی وەرنەگرت، بەڵکوو زیاتر لە مەر تەئسیر و نفووزی خەباتی پارلەمانیی حیزبەکانی تاران بۆ دامرکاندنی بڵێسەی شۆڕش جاروبار ڕاوێژ دەکرا.

تەواوی ئەو چەک و چۆڵانەی کە دەبوایە لە خزمەتی شۆڕش بەکار هێندرابایە و بۆ پاراستنی حکوومەت و گیان و ماڵی نەتەوەکەمان هەڵسووڕابایە لە ڕۆژی پێویستدا، بێسوود و کەڵک کەوتە دەست حکوومەتی تاران و دوژمن و داگیرکەری وڵاتمان.

دیارە حیزب لەسەرەتای کاردا لە کاتی خۆی دەیتوانی کە هەر دوولای خەبات، یانی پارلمانی و چەکداری وێکڕا بگرێتە پێش و بە ژیری و وریایی لە تەواوی هەل و فرسەتە پێشهاتووەکان سوود وەربگرێ و فریو نەخوا، بەڵام لە پێش ئەو کارەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەبوایە لەشێکی ساغ و بیروڕاوێژێکی تەواو و شارەزا و تێبینیی گرینگی لەمەڕ نەتەوەی خۆی و دوژمنەکانی هەبا.

لە دنیای ئەمڕۆدا مرۆڤ دەکرێ هەم خودای بوێ هەم خورما، بەڵام لە پێش ئەو ئاواتەدا لەسەری پێویست و فەرزە کە خۆی بناسێ و خودا و خورماش بناسێ، تا بە تامی شیرینی خورما خۆی لێ نەگۆڕێ و بەهەڵە نەچێ و بەبردنی ناوی خودا، خۆی تەفروتوونا نەکا و خەڵکیش بەفریو نەبا.

کورتی و کەموکۆڕیی گەورەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەبوو کە لە خەباتی چەکدارانەی سمکۆ و قەدەم خێرو.... هتد دەرس و سەرمەشقی وەرنەگرت و شێوەی زیندوو و نەمری ئەو قارەمانانەی ڕێگای ڕزگاری و خەباتی بێکەڵک و سوود هێشتەوە.

**لەمەر تەسلیمبوون بە دوژمن و هاتنەوەی سوپای داگیرکەر**

هەروەها کۆنگرە هاتە سەر باسی کشانەوە و تەسلیمی بیلاقەید و شەرتی حووکمەتەکانی کوردستان و ئازربایجان کە کاتی خۆی حیزبی دێموکراتی قەواموسەلتنە لەگەڵ زۆر لە کاربەدەستان و خاوەن بیروباوەڕپێکراوانی سیاسی و حیزبی لە تاران قەرار و مەداریان بەستبوو. بە چوونی قەوامولسەڵتنە بۆ مسکۆ و کۆبوونەوە لەگەڵ ستالین و دەورووبەرەکەی ئەوی ڕۆژی بە دەلیلی داتاشراو برینی خەڵکیان بەوە سارێژ دەکرد کە گۆیا ژێرپێخستنی چارەنووس و ڕەنج و کوێرەوەری نەتەوەکانی کورد و ئازربایجان بۆتە قوربانی و بەڵاگەردانی ئازادیی گەلی چین.

لەولایشەوە حیزبی توودەی ئێران و دەستەکانی میللیی تر کە پێشوو بە زمان و قەڵەم و قەوڵ و قەرار پشتیوانییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی دوو نەتەوەی کورد و ئازربایجان کردبوو، تەنانەت بە جووڵانەوەی ئازادیی ئێرانیان ناو دەبرد، ویستیان بەو دەلیلە پڕوپووچانە خۆ حەشار بدەن و وەک کەوەکە سەیان لە بەفر گرتبوو، و لەشیان بەدەرەوە بوو و دەیاویست ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە لەو کاتەدا تەواوی هێزەی ڕەش و بەدفەری شا و ئیمپریالیزم و دوژمنە سوێندخۆرەکان کلکیان لە یەک بستبوو. لە تارانەوە بە دڵنیایی روویان کردە کوردستان و ئازەربایجان و ئەوانیش لە جیاتی بەربەستی لە پەلاماری ئەو دوژمنە هاوبەشییە بکەن وەیا لانیکەم لە پشتی جەبهەوە زەرەباتی قورس و بەشێوەی تێکدەرانە و سابوتاژ لە دوژمن بدەن؛ خۆیان خستبووە گوێی گا و چوونە نێو خەوی سەرەمەرگ و بەو مانایە متەقیان لە خۆیان بڕێ و هەتا بەناوی ناڕەزایی بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و دێموکراتانەیان دەرنەبڕێ. ئا بەو جۆرە لەو دەمەوە تا ئێستا شا و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و دوژمنانی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێرانیان لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکانی ئێراندا زاڵ کرد و دواییش دیتمان قەوامولسەڵتەنە بە ڕیشی موبارەکی هاوپەیمانەکان و مۆسکۆ_تاران پێدەکەنێ.

خوو و ڕەوشتی سەرۆک و سەرانی ئەو جۆرە حیزبانە لە مەڕ ئەو دەست ئەو دەست کردن

بۆ وەشاندنی زەربە وخۆخنکاندن و خۆ دەخەو خستن لە کاتی هەڵکەوتنی شۆڕشگێرانە لە پاشەڕۆژەکانی داهاتوودا یانی ڕۆژانی ڕەش و تەنگانەی کودەتای ٢٨گەلاوێژدا ڕووناکتر و ئاشکراتر وەدی هات، لێرەدا بێ جێ نییە کە پەندی ڕوودەکی، شاعیری مەزن لەو بابەتەوە بخەینە بەر چاو کە ئەڵێ: «هەرکە ناموخت از گذشت روزگار، هیچ ناموزد ز هیچ آموزگار.»

**نەخشی شۆڕشگێڕیی پێشەوا بارزانی**

پێویستە بزانین کە هەر لەو کاتانەدا بوو کە قەومی بارزانی لە کوردستانی گەرمیان بە ڕابەرایەتیی پێشەوا بارزانی مستەفا قۆناغی خەباتی چەکدارانەی خۆیان بۆ نێو کوردستانی کوێستان گوێستبۆوە. پاش ئەوەی کە تەجروبەی خوێناوی و پڕ لە شانازیی ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و حکوومەتی شای بۆگەنیو و تۆپیوی عێراق، لە کاتی پێویست و تەنگانەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بەکاری نەهێنا. بارزانیان بێ ئەوەی چەک دانێن بە سەربەرزی و ژیری و گورج و گۆڵی بە کشانەوەیەکی چەکدارانەی شۆڕشگێڕی بۆ لای یەکیەتیی شۆرەوی کرد، کە نەتەنیا چەک و تەواوی هێزی حکوومەتەکانی ئێران و عێراق و تورکیە و فرۆفێڵی ئیستعمار نەیتوانی بەرهەڵستیان بکا، بەڵکوو گشت پسپۆڕەکانی سیاسی و جەنگیی دنیا لە دۆست و دوژمن لە مەر بەرزی بیروراوێژی چەکدارانەی و شۆڕشگێڕانەی بارزانییان و پێشەوا مستەفا بارزانیی کۆڵنەدەر، سەریان تێدا سوڕماوە.

بەو هۆیەوە نەتەنیا ئابڕوو و شەرەفی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کوردیان کڕییەوە، بەڵکوو دەەسێکی مەزنی مرۆڤایەتی و بەرهەڵست و سەربەرزی بوو بۆ هەموو تێکۆشەرانی خەباتکاری گیتی.

ئەو کردەوە شاز و پڕ لە قارەمانیەتیە بۆتە ئالای سەربەخۆیی بیروباوەڕی نەتەوەی کورد و بەو پەندە قووڵ و جوامێرانە نەتەوەی کورد بە دنیای ڕاگەیاند کە پۆلێکی سیاسی و چەکداریی یەکگرتوو و ژیر و پتەو لەژێر سێبەری بیروراوێژی مرۆڤێکی فیکری و جەنگی ئەتوانێ نەتەنیا لەگەڵ لەشکرێکی پڕچەک و چۆڵی دەوڵەمەندێک بەرەبەرەکانی بکا و ڕووسوور و سەربەرز سەرکەوێ، بەڵکوو توانای ڕووخاندن و تێکدانی ئەو حکوومەتانەشی هەیە کە بە هەموو چەک و چۆڵ و تفاق و پارەیەک لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانی ئیسعماریش یارمەتی بکرێن.

بەڵام زۆر لە سەرۆک ڕابەرانی ئەحزاب و دەستە سیاسییەکان کە لەمەڕ بەهەڵەچوون لەسەر بیروباوەڕی نێوخو و لادان لە ڕێبازی کردەوە و عەمەلی شۆڕشگێڕانە و چەکدارانە لە ڕۆژ وکاتی تەنگانە و پێویستدا دەستەوئەژنۆ لە دوژمن ڕادەمێنن، داماو و کەساس و بەستەزمان و عەبەساو خۆیان بۆ گەل و حیزب بێکەڵک و سوود دەهێڵنەوە. لێرەدا پێویستە بە سەربەرزییەوە بڵێین کە زۆربەی ئەو هاوەڵانەی کە لە ماوەی ١٧ ساڵی ژیانی ڕابردووی حیزبمان خاوەن بیر و ڕاوێژێکی ژیر و پتەو و خاوەن مەسئوولییەت و ئەرک و خاوەن قەڵەم و دڵ دەروونێکی خاوێنی مرۆڤایەتی و کوردایەتی بوون، لە ماوەی ئەو ١٩ ساڵەی خەباتدا بیر و کردەوەی سەرۆکی فیکریی بارزانییان لە یاد نەکرد، هەر ئەوانەی ئاڵای یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتیان لە دەست دوژمن ڕفاند و کۆڵان بە کۆڵان، شار بە شار، پایتەخت بە پایتەخت لەسەر شان و شەپێلکی خوێناویی خۆیان

ڕاگرت و پاراستنیان تا گەیاندیانە سەر لووتکەی شاخەکانی زاگرۆس و لە نێو دڵ و هەناوی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرزیان کردەوە.

لە نێو نوێنەرانی کۆنگرەدا کەم نەبوون ئەوانەی کە لە زیندان و ڕەشەچاڵەکانی تاران وەک (قزل قەڵا) و (لەشکری ٢ی زرێهی)و (قەسری قاجار) جەزربە و ئەشکەنجە و چەرمەسەرییان کێشابوو و هەزاران کۆسپ و کوێرەوەری و هەڕەشە وگوڕەشەی دوژمن، سەربەرزی و ژیری و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و کوردایەتی و وانی تێک نەشکاندبوو.

### لادانی کومیتەچییەکانی حیزبی توودەی ئێران

هەروەها لە کۆنگرەدا کەم نەبوون ئەو نوێنەرانەی کە بە بیر و کردەوەی خۆیان شەهیدی زیندووی لادان و بەهەڵەچوونی سەران و ڕابەرانی توودەی ئێران لە دەوری هاتنە سەر کاری حکوومەتی ڕەشی (ڕەزم ئارا) و بەربەرەکانیٚ لەگەڵ دروشمی میللیکردنی نەوت و تووڕهەڵدانی نفووزی ئابووری و سیاسیی ئیستعماری ئینگلیز لە ئێران، دوکتور محەممەد مسەدیق و هاوڕیٚ و هاوخەباتەکانی وی لە جەبهەی میلییان دەکرد و لەکاتی تەنگانە و گرینگی مێژوویی و نەتەوایەتیدا بە دروشمی چەوت چەپەڵ و نالەبار ئاوایان بە کورەگەی ئاشتیی دوژمنانی سوێندخۆری نەتەوەکانی ئێراندا دەکرد. لە کاتی گرینگدا کە دوکتور موسەدیق بۆ بەرەبەرەکانیٚ لەگەڵ میلیتاریزم و دیکتاتۆری لە تەواوی حیزب و دەستەکانی سیاسی لە نێو مەجلیسی شوڕای میللیدا داوای دەکرد کە هەموو لە ڕێگەی خەباتی نیشتمان یەک بگرن، زۆربەی سەرانی ئەو حیزبە لە باتی تێکەڵ بوون و خۆ تێکێشان لە خەباتی گشتیی نەتەوەکانی ئێران گوێیان بۆ زرمە وهۆڕی چەکمەی دیکتاتۆریی ڕەزمئارا شل کردبوو. هەر ئەو لادانەی ڕابەرانی حیزبی توودەی ئێران لە کۆنگرەی ٢ی حیزبی توودە بە کەموکورتی بڕیاری لەسەر درابوو، بوو بەهۆی هەڵوێستێکی چەوت و چەپەڵ کە زۆربەی بەرهەمی خەباتی نەتەوەکانی ئێرانیان بێسوود وکەلک هێشتەوە و غەدر و دوژمنایەتییەکی گرینگیان لە گەڵ حیزب و نەتەوەی خۆیان کرد، بەداخەوە دەری بڕین و خەتایەک کە لە کەری شەیتان هاتنە خوار کە ئاو لە ئاش بڕابوو، و کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ سەرکەوت، هەر ئەودەمیش دەیانتوانی بە ژیری و وریایی هێز و تاقەتی خەبات خڕکەنەوە بە گۆڕینی هەڵوێست دەست بە پەلاماردان بۆ سەر دوژمن بکەن، بەڵام ئەو وەختەیش هەرچەند بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ گەلێک لە کادرەکانی حیزبی توودەی ئێران بە هۆی کۆکردنەوەی ئەسناد و بەڵگەی حیزبی بۆ نیشاندانی نادروستی ڕێگای ڕابردوو و دۆزینەوەی ڕێبازێکی ڕووناک لەسەر ئەو دروشمانە:

١) تەقەڵا بۆ هێنانەوە سەر کاری حکومەتی میللیی دوکتور محەممەد موسدیق.

٢) ڕەوا و وەڕووخستنەوەی میللیبوونی نەوت.

٣) بێلایەنی ئێرانی بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەی ئێران پێشنیار کرا.

بەڵام پێشنیارەکەیان لە ژێر پیٚ هاویشت. هەروەها پێشنیاری بەڕێوەبەران و هاوەڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەڕ گۆڕین و گوێستنەوەی تەکنیک حیزبی لەوەپاش یانیٚ تێکەڵکردنی ڕێگای خەباتی چەکدارانە لەگەڵ ڕێگای خەباتی شەقامی و پارلەمانی بەتایبەتی لە وڵاتی کوردستان و ناوچە فارس وە پاشگویٚ درا و دەیانەویست سەر لە نویٚ کوێرەڕێگای

پڕ لە هەڵە و گێرەشوێنی کۆنیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان برەنگێننەوە. لەو کاتەدا بوو کە مەسئوولان و ڕابەرانی حیزب، لەش و گیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لەو ڕابەرانە جوێ کردەوە و ڕێبازێکی تازە و نوێیان وەبەرچاوی خەڵک خست و بەگوێی حیزبی توودەی ئێرانیان ڕاگەیاند کە «برامان برایەتی و چیغمان جوودایەتی.»

## حیزبی دێموکراتی کوردستان و سیاسەتی دەرەوە

کۆنگرە بڕیاری دا حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بەباشی و ژیری و گورج و گۆڵی لەو تەنگ و چەڵەمەی سیاسی و ئابووریی ئێران و لە هەڵوێست و وەزعی تایبەتیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی لەگەڵ حکوومەتە نیشتمانییەکانی بێلایەن، لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی گیتی، پێویستە کەلک و سوود وەرگرێ و لەو هەل و فرسەتە مەزنە بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران لە هیچ فیداکاری و گیانبازییەک درێغی نەکا.

لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان فەرز و پێویستە کە بە گوێرەی هەڵوێستی تایبەتی خۆی، شارێیەکی خەباتی چەکدارانە و ڕزگارکەرانە بۆ ئێران و نەتەوەکانی بدۆزێتەوە و بەشێوەیەکی شۆڕشگێرانە بە هاوکاری و هاوخەباتیی حیزب و دەستە سیاسییەکانی تری ئێران ڕەعەمەلی بێنی.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان و شۆڕش

کۆنگرە بۆی ڕوون بۆوە کە پێش گرتنی ڕێگای خەباتی پارلەمانتاریزم و هەڵبەز دابەزی شەقامی، بێجگە لەوە کە خەڵکی ئێران زیاتر دووچاری سەرکوتی و ملکەچی و شل و شەکەتی و سەرشۆڕی بکا (بەخەیانەتێکی موسەللەم بە نەتەوەکانی دەژمێردرێ) سوود و کەلکی نییە.

کۆنگرە سەلماندی کە ڕێگای خەباتی ڕاستەقینە، ڕێگای ڕزگاریی نەتەوایەتی خەباتی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانەیە لە دژی ئیستعماری و چڵکاوخۆرانی (شا و حکوومەتی تاران) و تەفروتووناکردنی بناغەی هەیئەتی حاکمەی ئێران (سەرمایەداری و دەرەبەگی گەورە).

بەڵێ تەنیا ڕێگای خەباتی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانەی خوێناوییە کە لەسەر بیروڕاوێژێکی نوێ و تێبینییەکی ژیرانە دەتوانێ تەنگ وچەڵەمە و چارەڕەشیی حیزبایەتی لە نێو خەڵکی ئێراندا بنەڕەت بکا. یەکیەتییەکی ئەوتۆی پتەو و نیشتمانی بۆ ڕزگاریی نەتەوەکانی ئێران تەنیا لە نێو کورەی ئاگری شۆڕشدا وەدی دێت.

کۆنگرە بڕیاری دا کە لەسەر شانی ڕابەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان فەرز و پێویستە کە هەرچی لە توانایاندایە بە تەواوی هێز و بیروڕاوێژی حیزبایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجی مەزنی نەتەوەکانی ئێران، یانی تێک و پێکدان و ڕووخاندنی ڕێژیمی بۆگەنیوی شایەتی و هەڵوەشاندن و لەنێو بردنی یاسا ڕەشەکانی هەیئەتی حاکمەی تاران و شاخ و لک و پۆپەکانی لە سەرانسەری ئێران دەبێ لە تەواوی حیزب و دەستە سیاسییەکانی پێشکەوتووی ئێران بگێڕێتەوە و داوا بکا کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی گشتی کوێرەڕێگای خەباتی پارلەمانتاریزم کە (تەواوی خەڵک لێی ماندووبوون و پێی وەستاون) تووڕ هەڵدەن و ڕوو لە ڕێگای نوێی

شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن، بە دڵ و دەروونێکی خاوێن بەبیر و هەستێکی تازە دەستی یەکیەتی و خەبات بدەنە دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ لەمەڕ وەدیهێنانی یەکیەتییەکی پتەوی نیشتمانی بۆ ئازادیی ئێران و ڕزگاریی نەتەوەکانی.

تەجروبەی شۆڕش لە کووبا و جەزائیر و گەلێک جێگای تر بەباشی وەدەری خست کە ڕێگای سەرکەوتنی شۆڕش بە هاندان و ڕێکخستنی چینی جووتیار و وەرزێر و کێشانی وان بۆ ژێر ئاڵای خەباتی چەک و چەکدارانە لە چیا و دەشت و کێو و پەیوەندی لەگەڵ چینە زەحمەتکێش و بەشخوراوەکانی نەتەوایەتییە. لە شارەکان شۆڕش سەر ناکەوێ و دەبەزێ، ئۆمێد و هیوا بەستن بە خەباتی سەر شەقامی خەتایەکی گەورە و ڕەنج بەخەسارییەکی زۆری پێوەیە.

هەروەها پێویستە بزاندرێ کە خوو و ڕەوشتی حیزبێکی سیاسی نەک لە ڕووی گوفت و گوفتار بەڵکوو لە مەیدانی کردەوەدا نیشان دەدرێ و لە ئێران لە ماوەی خەباتی خوێناویی گەلی ئێران دژی ئیستعمار و شا و نۆکەرەکانی، ڕێگای پەرلەمانتاریزم بە تەنیا ڕێگای خەبات دەژمێردرا، چ بۆ جەبهەی میللی و چ بۆ حیزبی توودەی ئێران وە چ بۆ حیزب و دەستە سیاسییەکانی تر، لەو ڕێگایەدا تەنیا جەبهەی میللی بە ڕابەرایەتیی موسەدیق توانی بە قەوڵ و قەراری خۆی عەمەل بکا و بیر و باوەڕی خۆی بەدی بێنێ، لەسەر ئەو ڕێگایەدا بە حکوومەت بگا و نەوت میللی بکا. هەروەها ئیستعمار و شا و هەیئەتی حاکمەی تاران وە هانکەهانک بخا و نیوەگیانی بکا، جەبهەی میللی گەرچی بۆ ماوەیەک توانی گەلێک کاری شۆڕشگێڕانە بکا، بەڵام توانایی ڕاگرتن و پاراستنی ئەو هەنگاوە بەرز و شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی میللیی دوکتور موسەدیقی نەبوو.

گەورەترین کۆسپ و بەرهەڵستی لەم بابەتەوە دووبەرەکی و ناکۆکی و لادانی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوایەتی ئێران بە سەرۆکایەتی موسەدیق بوو، ئەو حیزبەی کە چەندییەتیی کۆمەڵایەتییەکی باشی پێک هێنابوو، بەڵام لە مەڕ چۆنیەتیی شۆڕشگێڕانی حیزبی داماو و کەساس کەوتبوو و لە ڕۆژی تەنگانە و پێویستدا شعوور و فامی دیتنەوەی ئەو ئاڵقە زنجیرەی کە بەهۆی وەدەستهێنانی ئەو تەواوی لەشی زنجیرەکە ڕادەکێشرێ، نەیانبوو.

**مەسەلەی جووتیار و گیروگرفتی ئەرزی**

کۆنگرە لەسەر وەزعی ڕەش و ناکۆک و ژیانی نالەباری جووتیار و توێژە زەحمەتکێشەکانی لادێ بڕیاری دا کە گۆڕانی ژیانی تاڵ و پڕ لە نەگبەتیی ئەوان پێویستە بە بیر و ڕاوێژێکی تێبینیانەی زانستی چارە بکرێ.

زەوی و زار و ئاو و بەرهەم بەبێ هێزی باسک و کوێرەوەریی جووتیار و ئارەقەی نێوچوانی وی هیچ کەلک و سوودێکی لێ وەرناگیرێ، دەرەبەگی کە نیشانەی پاشکەوتوویی و چارەڕەشییە، دەبێ لە بنەڕەترا هەڵقەندرێ؛ نە ڕیفۆرمی (ڕواڵەت) ئەرزی کە بە ناوی ئیسلاحاتی ئەرزی لە نێو ئێراندا کراوەتە ڕاوێژ و باو.

شێوەیەکی ئاڵۆز، تێکدان و هەڵوەشاندنی پێوەندیی زاڵمانەی ئەرباب و ڕەعیەت لە ئێراندا بەدەست تاقمێکی ناڕازی و ئەسڵاحخواز پێشنیار کرابوو، بۆ دامرکاندنی دەماری خەباتی

شۆڕشگێڕانە لە نێو جووتیاران و زەحمەتکێشانی لادێیەکانی ئێران، فێئۆدالیزم و دەرەبەگی گەورە کە لە ئێران پاڵی وەپاڵی حکوومەتی شا و ئیستعمار داوە. وەختایەکی ژیان و ئاغایەتیی خۆی دەمەترسیدا دی، دەستی بە فڕوفێڵ و بەرهەڵست کرد تا گەشتە ڕادەیەک کە بە یارمەتیی شا و ئیستعمار و بێهێزیی خەڵک توانی ئەرک و تەقەلای ئەو تاقمە بێکەلک و سوود بکا و لە زۆربەی جێگاکان نە تەنیا لە شوێنی داندراوی خۆی لای دا، بەڵکوو بۆ سەرکوتکردن و ئاژاوەنانەوە لە نێو خان و دەرەبەگەکانی قەشقایی و بویرئەحمەدی و مەمەسەنی لە فارس و دووبەرەکی و تەفرەقەی سیاسی لە نێو خان و دەرەبەگەکانی کوردستان و هەروەها بۆ وە سەرخستن و لاواندنەوەی دەرەبەگەکانی زۆڵفەقاری لە زەنجان نەخشەی شەیتانیی خۆی عەمەلی بکا، بێئەوەی کە توێژی جووتیار بە ئاواتی خۆی بگا. لە هێندێ جێگا کە زۆر بە کەموکورتی بە شێوەیەکی وەپاشکەوتوو پارچەزەوییەکیان بەسەر جووتیاردا دابەش کردوە، لەبەر ئەوە کە خۆی ئازاد نییە و لە ژێر سێبەری حکوومەتێکی دڵسۆز و نیشتمانیدا نییە، هیچ دواڕۆژێکی ئەمین و ئارام و بەختیار و کامەران شک نابا.

شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە، دابەشکردنی زەوی و زار و لەبەین بردنی پەیوەندیی زاڵمانەی ئەرباب و ڕەعیەت کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەپێشدایە، بە لێکدانەوەیەکی قووڵ و تێبینییەکی نەتەوایەتی بەستراوەتەوە. بە ڕزگاریی سەرزەمینی کوردستان لە دەست داگیرکەر و چەوسێنەر و گەڕانەوەی زەوی و زار بۆ خاوەنی ئەسڵیی کە ٩٠٪ ی دانیشتووانی کوردستان پێک دێنن و ئەو ٩٠٪ە ڕەگ و پێست و لەش و خوێن و ئێسکی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان پێکەوە ناوە.

کۆنگرە دەری بڕی کە تەنیا حیزبێکی شۆڕشگێڕ بەهۆی دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی دەتوانێ ئاساری زوڵم و زۆرداری کە هەزاران ساڵە باوە لە بەین ببا و؛ جووتیار و وەرزێری کورد خاوەن زەوی و زار و، سەربەخۆ و ئازاد و بەختیار بکا.

ئاغاوەت و عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان پێویستە تا گەیشتن بە حکوومەتێکی و نیشتمانی کورد هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە ڕێوشوێنی سیاسی و ئابووریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کردەوە و کردار لە ئاست چینی زەحمەتکێش و کوێرەوەری کێشی دێهات ڕوون بکەنەوە و خۆیان نەکەنە داردەست و وەرگێرکەی حکوومەتی بۆگەنی شا و ئیستعماری ڕزیوی بێگانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جیاتی ئیسلاحاتی ئەرزیی بێجێ و ڕێی شا، شۆڕشی ئەرزی، یانی ڕزگاریی یەکجاری و پتەوی خودی جووتیار و سەرزەمینی بن پێی جووتیار و گشت دانیشتووانی کوردستان دەخاتە بەرچاو. هەروەکی ئەو ڕێبازە لە پرۆگرام و مەرامنامەی حیزبماندا بە جۆرێ خوارەوە دەنوسرێ.

حیزبی ئێمە سوودی خۆی لەوەدا دەزانێ کە لە ڕێگای خەبات و ڕزگاری کوردستان لە خان و خاوەن مڵکەکانی بەشەرەف و کوردپەروەر بگیرێتەوە کە پشتی حکوومەتی تاران بەتەواوی بەر دەن و بە دڵێکی خاوێن و بیروباوەڕی کوردانەوە خۆیان لە باوەشی دایکی نیشتمان و ڕێبازی کوردایەتی باوێژن و پاڵ وەپاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی ڕزگاریکەر و شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد بدەن و دەستی خەباتی ئەندامانی حیزب لە دەست

گرن و بۆ ڕووخاندنی ئیستعمار و حکوومەتی تاران لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران هاوخەباتی حیزبمان بن. جا بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەڕ ئیسلاحاتی ئەرزی لە کوردستان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی و زانستی کوردانە هەنگاو هەڵ دێنێ.
حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەو بیروباوەڕەیە کە زەوی و زار و کشتوکاڵ، دار و دەوەن و ئاو و کانیی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە و مافی ڕەنێوهێنان و دابەشینی ئەرز بەتایبەتی لە مافە تایبەتییە هەرە گرینگەکانی حکوومەتی دێموکراتی کوردە کە بەهۆی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وەی دێت.
ئەوکاتەیە کە حاکمییەتی نەتەوایەتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، ئەرز و ئاو و زەوی و زار و دار و دارستان دارستان دادەبەشێت. (ماددەی٣٩_ بەندی نۆهەم_بەشی شەشەم).

## لەمەڕ ناوەندییەتی حیزبی

کۆنگرە دەری بڕی کە بەهۆی فشار و گرتن و بڕین و نەبوونی هەل و فرسەت حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیتوانیوە کۆنگرە پێک بێنێ و خاوەن مەرکەزییەتێکی قانوونی هەڵبژاردەی کۆنگرە، یانی کۆمیتەی ناوەندی و خاوەن قانوون و یاسای حیزبی، یانی پیڕەو و پرۆگرام بێ. هەر بەو بۆنەشەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان دووچاری گەلێک لادان و بەهەڵەچوون و گێرەشێوێنی ئەندامان و هێندێک لە کادرەکانی خۆی بووە. چەپگەری و ڕاستگەری سەردەمایەک ناکۆکی و نالەباری لە نێو حیزب خستبۆوە، ڕابەرانی حیزب لەمەڕ گیروگرفت و دەچوون لە شوێنی خۆیان و بەند نەبوون لە جێگایەکی تایبەتی و هەروەها دەربازبوونی هێندێک لە هاوەڵانی ڕابەر بۆ ناوچەی تر و گوێستنەوەی، قۆناغی خەبات جاروبار بۆتە شێوەیەکی کاری فەردی.
بێجگە لە کەموکوڕی سامانی و گیانی و لەشی حیزب لە لایەن دوژمنانی جۆربەجۆر و ڕەنگ بە ڕەنگ وەبەر شاڵاو و لێدان دراوە. لە لایەک ئیستعمار و حکوومەتی شا بۆ تێکشکاندنی لەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆربەی فشاری دڕندانەی خۆی لە ڕێگای جەزرەبەی زیندان و کوشتن و بڕین و جاسووسی و.... بەتەواوی هێزە ڕەشەکانی خۆیان ویستوویانە لەشی حیزبی ئێمە زامدار و بریندار و کرماوی بکەن، لە لایەکی ترەوە دوژمنانی بیر باوەڕی حیزبی بە پڕۆپاگەندە و درۆ و دەلەسە و کڕین و بەهەڵە بردنی هێندێک (ناسراوی ڕووڕەش)کە وەختی خۆی بە گرتنێک سەری خۆیان بۆ خزمەتی سازمانی ئەمنیەت شۆڕ کردوە و لەکاتێکدا هەم لە توورەکەیان دەخوارد و هەم لە ئاخوڕ و گەلێک کارەساتی دیکە ویستوویانە گیانی حیزبی ئێمە دووچاری مەترسی و ئازار و عەزاب بکەن و بۆ تێکدانی ڕیزی حیزب لە هیچ گێرەشێوێنییەکی چەوت و چەپەڵ کۆتایی و درێغییان نەکردوە.
ئەو دوو چەشنە دوژمنانە گەرچی لە دوو لاوە لە لایەن دوو تاقمی ناجۆر لە گیان و لەشی حیزب بەردرابوون، بەڵام مەبەست و ئامانجی هەردووکیان لە نێوبردن و کوژاندنەوەی ئاگری خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە کە ئەو ئاواتەی خۆیان دەبەنە بن گڵ و ژێر قەبر.
کۆنگرە بڕیاری لێبووردن و بەخشینی ئەو تاقمە کوردپەروەرانەی دەربڕی کە دەست و دڵ و

دەروونی بیروباوەڕی کوردایەتییان پاک ماوەتەوە، بێجگە لەو کەسانەی کە لە جاسووسی و خیانەت دەستیان ئاڵوودە کردوە، ڕێگەی گەڕانەوە و لێبوورین بۆ ئەو دەستە کوردپەروەرانە کراوەتەوە کە پاش دەربڕینی پەشیمانی و هۆی بەهەڵە چوونیان لە کارەساتەکانی ڕابردوو، بەدڵ و دەروونێکی خاوێن و بیر وباوەڕێکی تازە خۆیان لە باوەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان باوێژنەوە.

**مەسەلەی نەتەوایەتی**

کۆنگرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی تایبەتی و بەرژەوەندانە و تێبینییەکی زانستی دوا. نەتەوەگەری و زوڵم و زۆرداری نەتەوەیەکی بەدەسەڵات و لەسەر حوکم لەسەر نەتەوەکانی تری ئێران (کە لەمەڕ سەرزەمین و عەرد هاوبەشییەکی گرینگیان هەیە و هەرکامیان خاوەن زمان و مێژوو و خۆورەوشت و لیباس و ئاکار و سوننەتی تایبەتین) لە مێژ زەمانەوە لەئێران باو و بەردەوام بووە.

ئینقلابی مەشرووتییەت تەنیا مەبەستی تێکدان وسەرنخوونکردنی پاشایەتیی قاجار نەبوو، بەڵکوو هەڵوەشاندنی دەسەڵات و زۆرداری حکوومەتی مەرکەزی یانی ئاغایەتیی نەتەوەی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی تری خستە بەرچاو، بەڵکوو داوای هاوبەشییەکی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی لە نێو حکوومەتی تاراندا دەکرد (بۆ ڕێک و پێک خستنی حکوومەتێکی دێموکراتی و برایەتیی هەموو نەتەوەکان لە مەڕ کاروباری سیاسی وجەنگی و...هتد)، هەروەها سەربەخۆیی نەتەوە و قەومەکانی ئێران کە بریتیە لە ئەیالەت و ویلایەت بوون بەشێوەیەکی گرینگ خرانە نێو قاڵبی قانوونەوە، بە ناوی «قانوونی ئەساسیی ئێران». هەروەها مەبەست لە مافی هێنانە سەرکاری، ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی لە قانوونی ئەساسی کە بەرهەمی خوێناویی ئینقلابی مشرووتییەت بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاواتە مەزنەی سەرەوە بوو کە لە نێو دەوڵەتەکانی ئەورووپادا بە (AUTONOMIE و AUTODETERMINATION) لەقەڵەم دراوە.

پاش لە نێوچوونی بەرهەم و سەمەری ئینقلابی مەشرووتیەت بەتایبەتی دوای کودیتای ١٢٩٩ و هێنانە سەر تەختی پاشایەتیی (ڕەزاخان) بەدەست ئیستعمار، نەتەنیا نەتەوەکانی ئازربایجان و کورد و عەرەب بەڵکوو، خودی نەتەوەی فارس کە بناغەی زۆرداری و دیکتاتۆری پاشایەتی لە تاران لەسەر سینگی ئەو دامەزرا و نەتەوەکانی تری دەچەوساندەوە، دووچاری ڕۆژڕەشی و کەساسی و زوڵموزۆری کرد.

شا و هەیئەتی حاکمەی تاران کە چڵکاوخۆر و نۆکەری ئیستعمارن، نەک گوێی خۆیان بۆ دەکار خستن و وەدیهێنانی ئەو بەشە گرنگەی قانوونی ئەساسی شل کردوە، بەڵکوو بەتەواوی هێزی ڕەش و فرروفێڵ لە هیچ بۆختان و ساختەچی و گێرەشێوەێنی لەم بارەوە کۆتاهی ناکەن، ڕووردانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردستان و ئازەربایجان لەساڵی ٢٤-١٣٢٥ بێزاری نیشاندان و دەربڕینی هەست و قینی نەتەوەکان دژی دیکتاتوریی شا و حکوومەتی تاران بوو. بۆ یەکەمین جار لە ئازەربایجان و کوردستان بە گوێرەی قانوونی ئەساسی دەستیان کرد بە وەکارخستنی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی و وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بە مانای (AUTONOMIE) ئۆتۆنۆمی. بەڵام هەموو شاهێد بووین کە حکوومەتی شا و ئیستعمار بۆ پاراستنی تاڵان و خوێنمژیی خۆیان چ بەزم و ڕەزمێکی خوێناوی و دڕاندانەیان گێرا و

حازر نەبوو مافێکی نەتەوایەتی کە دەیان ساڵ لەمەوبەر بە هێزی چەکدارانە و شۆڕشی گەلەکانی ئێران قانوونی کرابوو، و مەبەستی مافی (ئۆتۆنۆمی_خودموختاری) بەئاشکرایی و ڕووناکی تێدا گونجێندرابوو، بیننەدی.

پێویستە سەرنج بدرێ کە حکوومەتی شا و ئیستعمار نەک تەنیا لەم بابەتەوە بەڵکوو بۆ بەشەکانی تریش لە قانوونی ئەساسی نرخی پەڕەکایەکیشی بۆ قایل نەبوون. بۆ نەموونە: وەختایەک حکوومەتی میللی موسەدیق بۆ پاراستنی مافی گەل و حکوومەتی خۆی بەگوێرەی قانوونی ئەساسی کە دەڵێ: «شا حەقی نییە حکوومەتی بکا بەڵکوو تەنیا حەقی شایەتیی هەیە و سەرۆک وەزیران لە بەرانبەر مەجلیس و قانووندا لێپرسراوە و مەسئوولییەتی هەیە و شایەتی مەقامێکی تەشریفاتییە و تەواوی وەزیران لەبەرامبەر سەرۆک وەزیراندا مەسئوولن، نەک لە موقابڵ شادا»، بیروباوەڕ و کردەوەی خۆی وەدەرخست. هەموو دنیا شاهید بوو کە ئیستعمار و شا و چڵکاوخۆرەکانی چ کارەساتێکی خوێناوی وچەوت و چەپەڵیان بەسەر حکوومەتی میللیی دوکتۆر موسەدیق و گەلی ئێران هێنا.

جا لێرەدا بەباشی و گرینگی ڕوون دەبێتەوە کە هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی دێموکراتی لە ئێران بەستراوەتەوە بە وەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی ئێران و ئەو دوو مافە لێک ناپسێندرێنەوە.

ئەگەر هات و بە چاوێکی زانستی کۆمەڵایەتی لەو بابەتەوە بڕوانین بەباشی دەردەکەوێ کە پاش دامەزرانی حکوومەتێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی و دێموکراتی لە ئێران فەرز و پێویستە کە تەواوی ئەو هەرێم و بەشانەی ئێران کە کورد و فارس و ئازەربایجانی و عەرەبن، بەگوێرەی هەڵوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوایەتی (کە بریتییە لە هاوبەشیی زمانی و مێژوویی، هاوبەشیی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هاوبەشیی سەرزەمین و عەرد، و هاوبەشیی ئاکار و سوننەت و کار و خەباتی نەتەوایەتی...) بە سەربەستی و سەربەخۆیی نەتەوایەتی وەدی بێت.

هەروەها مافی هەڵبژاردنی ژمارەیەک لە نوێنەرانی ژیر و تێگەیشتوو و خاوەن بیر و ڕاوێژی هەر نەتەوەیەک بۆ دانانی پارلەمانێکی خۆوڵاتی و حوکمڕەوایی نەتەوایەتی چ بە ناوی حکوومەتی ئۆتۆنۆمی و چ بە ناوی حکوومەتی فیدراڵیی یەکگرتوو، کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و... نەتەوەی خۆی بەڕێوەبەرێ، هەروەها نوێنەرانی تایبەتی ئەو نەتەوانە لە حکوومەتی مەرکەزی لە پارلەمانی گشتی نەتەوەکان بەشدار و خاوەن مافی تایبەتی بن.

ڕێگای ڕزگاری و خۆشبەختی و بەرزییەتی ئێران و تەواوی ئەو وڵاتە زۆر نەتەوانە (کثیرالملة) بە لێکدانەوە و حەل کردنی مەسەلەی میللی بەو شوێن و ڕێباز گرنگانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەستراوەتەوە کە لە ماددەکانی ٤ و٥ ی پڕۆگرامدا بڕیاری لەسەر دراوە.

جا بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەدا بۆی دەرکەوت کە لەمەڕ وەدیهێنان و ڕووناککردنەوەی ئەو حەقیقەتانەی سەرەوە دەبێ لە تەواوی حیزب و دەستە سیاسییەکانی پێشکەوتوو لە گشت گەلەکانی ئێران بگێڕێتەوە و داوا بکا کە: لە پێناو پێوەندییەکی پتەو و بنەڕەتداری نیشتمانی و تێبینی و بیر و ڕاوێژێکی دنیا پەسەند، دەستی شۆڕشێکی چەکدارانە

بدەنە دەست یەکتر و لە ڕێگای هەڵوشاندن و تێک و پێکدانی بناغەی زوڵم و زۆرداری حکوومەتی ڕەش و چەپەڵی (شا) و ئیستعمار، هەل و فرسەت لەدەست نەدەن.

**دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کومیتەی ناوەندی**
**سەرماوەزی ١٣٤٣**
**(نوامبری ١٩٦٤)**

## بڕیارنامەکانی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو لووتکە چیاکانی زاگرۆس لە ژێر بەفر و باران و بۆرانەوە بە ریزی تەقەی ٢١ گوللە و ڕەشاش، بە یادی ئەو هەڤاڵە سەربەرز و تێکۆشەرانەی کە لە نێو ڕەشەچاڵە بەندیخانەکانی «حکومەتی تاران» دان، سکووتی نێو دۆڵ و شیوەکانی شکاند و چیاکان هاودەنگ لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبمان بە یادی هاوەڵانی بەدیل گیراومان ٢١ جار ئەوانیش وەڵامیان بەدەنگ دانەوە بو ناردینە. دوای ڕاگرتنی ٥ دقیقە بێدەنگی بە یادی شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کورد و ڕزگاریی کوردستان، ماتەمینێکی کاتی باڵی بێدەنگی بەسەر کۆبوونەوەی نوێنەرانی کۆنگرە داکێشا و لەپاش خوێندنی سورەتی «انا فتحنا لک» لە لایەن هاوەڵێکی نوێنەر، سرووودی خەباتی نەتەوەیی کورد «ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان» لە لایەن پولێک نوینەری کونگرە خویندرایەوە.

ئەو ریزە مەراسیمە و پێکهاتنی پرۆگرامی کۆنگرە بە ڕێکوپێکی هەست و کوڵوکوی هەموو نوێنەرانی کۆنگرەی هێنابووە جۆش و کوڵەوە.

لە پاش ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی، دەستووری کاری کۆنگرە لە لایەن هەئیەتی سەرکردایەتیی کۆنگرە ڕاگەیاندرا.

کۆنگرە لە ژێر دروشمی: یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دێموکراتی لە پێناوی خەبات بۆ ئازدی و ڕزگاریی کورد و کوردستان ئەو ریزە مەبەستە و بڕیارانەی خوارەوەی دا:

١) کۆنگرە بە بڕیاری گشتی تەئییدی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی کرد.

٢) بە دەنگی گشتی تەئییدی شەشەمین کۆنگرەی پارتی دێموکراتی کوردستان و بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیەی کرد.

٣) بڕیاری لە سەر تەئییدی سیاسەت و هەڵوێستی گورج و هەڵسووڕانەی بەڕێوەبەرانی پێشووی حزبی دا بۆ پشتگیری لە شۆڕشی کوردستانی گەرمێن.

٤) نوێنەران بە گشتی سوپاس و تەقدیری ناوەند و بەڕێوەبردنی حیزبی کرد بۆ دەوری دڵسۆز و هەڵسووڕیان بە یارمەتیی مادی و مەعنەوی و گیانی، بە شۆڕش لە کوردستانی گەرمێن.

٥)کۆنگرە ئەو ریزە بڕیارانەی خوارەوەی لە مەر جاسووس و خائینەکان و دەستە و

دەستەبەندی و حیزب سازەکانی گێرەشێوێن و ناحەزی ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەکرد.

الف_ کۆنگرە بەیانی بەرواری ۱۳٤۳/۷/۱۲ حیزبی تەئیید کرد لە نێو ئەو بەیانەدا لە ژێر عینوانی «لادان و سەرلێشێواویی چەند خۆپەرستی ناجوامێر بە ناوی کۆمیتەی ساخکەرەوە» دەستەبەندییەکانی دژی حیزبمانی تێدا ناو براوە، مەحکوم کران. وە حوکمی «خائین» ی بەسەر زۆربەی هەڵسوور و بگێڕەکانی ئەو تاقم و دەستانەدا بڕی و چەند لەوانی بە «جاسووس» و «بەکرێگیراو» ناسین.

ب_ هەروەها کۆنگرە ڕەحمان قاسملوو (عباس ئەنوەری) بە خائین و دزی نێو حیزب ناسی کە پاش ماوەیەک دزی و خەیانەت دەستی کرد بە جاسووسیکردن و هاتوچۆ و دراو وەرگرتن لە «ساواک»، دەزگای جاسووسی حکومەتی تاران.

ج_ هەروەها کۆنگرە حوکمی جاسوسی و خەیانەتی بەسەر چەند کەسێک دا کە ڕۆژانێک ئەندامی حیزب بوون و جاسوسی و خەیانەتیان بە ڕێبازی کوردایەتی و حیزب کردوە. ناوی هەموو ئەو جاسووس و خائینانە لە دەفتەرخانەدا بەناوی لیستی ڕەش دەمێنێتەوە.

٦) «کۆمیسیۆنی لێبوردن» بۆ پێڕاگەیشتن بە داوای لاداوەکان و لێکۆڵینەوە لە ڕادە و ئاستی زەرەریان بۆ خەبات و یەکیەتیی حیزب و وەرگرتنەوەی ئەوانەی کە بە نوسراو پەژیماننامەی خۆیان بنوسن و «کۆمیسیۆنی لێبوردن» و کۆمیتەی چاودێریی بەرز قەناعەتی بەوە هاتبی کە ئەو برا لاداوانە عیبرەت گیر بوون، ئەو برایانە وەردەگیرێنەوە.

۷) لەسەر داوای پشتگیرانەی زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە بڕیار درا بە شێوەی توند و گورج و بە کردەوە دوایی بدرێ بە ڕێگری و چەتەبازی و دزی لە ناوچەی کوردستان و سنوورەکان کە بە هاندان و هاودەستیی هێندێ دەستەی بەڕەڵڵا و خوێڕیکراوی سیاسی و لە هێندێ جێگا بە پێوەندی لەگەڵ «ساواک»، دەزگای جاسوسیی حکوومەتی تاران حاڵی خەڵکیان پەرۆش و هێندی خاووخێزان لە ناوچەکانی مەریوان، بانە، بۆکان، تورجان، سەقز و سەردەشت و مەهاباد مجبور بە کۆچکردن لە لادێیەکان ڕا بۆ شارەکان کراون. ئەوەش بە مەبەستی وەڕەزکردنی خەڵکی کوردستان لە چەک و چەکداری و شۆڕشی کوردە.

کۆنگرە بڕیاری دا کۆمیتەی ناوەندی بە پشتیوانیی نەتەوەی کورد و یارمەتیی مادی و مەعنەویی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان و دوست و ئەندامانی حیزب، کوتایی بە باوی دزی و ڕێگری و خانەبگیری بێنێ.

هەروەکی کۆنگرە تەقدیری بەڕێوەبەرانی حیزبی کرد بۆ هەڵوێستی بەکردەوە و ئیجرائاتی توندی لەسەر دز و ڕێگرەکان.

۸) کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی دووهەمین کۆنگرە پێی ئەسپێردرا کە بە ناوی کۆنگرەوە ڕیزە پەیام و نووسراوەی ناسێنەری شیعار و ئامانج و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پێشەوای کوردستان، بۆ پارتی دێموکراتی کوردستانی، تێکۆشەری «گەرمێن»، پارتی دێموکراتی کوردستانی نەبەزی سووریە» و پیاوە بەدیمەن و هەڵکەوتووەکانی کوردپەروەری کوردستان و شەخسیەتەکانی نیشتمانی و هێندی سەرۆکی حکوومەتەکانی بێگانە ساز بکرێ

و لە گەڵ بەیان و بڕیاراتی کۆنگرە و پرۆگرامی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بۆ بنێردرێ.
٩) کۆنگرە تووڕەیی و ناڕەزایەتی دەربڕی بەرامبەر بە هەڵوێستی کوردفرۆشانەی «مەکتەبی سیاسیی پێشوو» و دەرکراو (ئیبراهیم ئەحمەد و دارودەستەکەی) بۆ ناحەزی کردن لەگەڵ کادرە تێکۆشەرەکانی حیزبمان لەسەر داوای دەزگای جاسووسیی حکومەتی تاران (ساواک)و پەیمانی سێنتۆ بەهۆی جاسووسانی ناسراو، وەک سەرهەنگ عیسی پێژمان، سەرهەنگ مەنسوورپوور، سەرهەنگ مودەڕیسی و عەباس ئارام و هاتوچۆی ناوبراوان بۆ ماوەت،گردەڕەش، ئیساوێ و مالومە و دانی «حەق»ی ناحەزی بە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی هەڵاتووی غەزەبی پێشمەرگە و نەتەوەی کورد کە وا ئێستا لە هوتێلەکانی تاران و دەربەندی شەمیران و باوەشی «ساواک» و «سێنتو» سەرخۆش و بەدمەستی خیانەتەکانیەتی بە کورد.
هەروەکی لە بەیانی شەشەمین کۆنگرەی سەربەرز و سەرکەوتووی پارتی دێموکراتی کوردستان لە قەڵادزێدا هاتوە: «... بەتەواوی بۆ کۆنگرەی شەشەمی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕوون بۆوە کە (م. س)ی دەرکراو و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لابراو پێوەندییان بە بێگانەوە هەبووە و هەیە و هەموو مانگێک پەنجا هەزار (٥٠٠٠٠) دینار لە بێگانە بۆ دوژمنایەتیی گەلی کورد وەردەگرن... و لە دواتردا دەنوسن: «هاوەڵانی تێکۆشەر، پێشمەرگە دلاوەر و ڕەشیدەکانمان ئەم خەیانەتەی (م. س) و زۆربەی زۆری کۆمیتەی ناوەندیی دەرکراو ڕوون بۆوە و کۆنگرەی شەشەمی پارتیمان لە کۆبوونەوەی شەوی ٥-٦/٧/ ١٩٦٤ بە گشتی دەنگ و بڕیاری دا بەدەرەکردنی هەریەک لەمانەی خوارەوە: ١- ئیبراهیم ئەحمەد و...».
١٠) ناردنی پۆلێک خوێندەواری حیزبی و غەیرە حیزبی بۆ دەرەوە بۆ خوێندن بە ناوی حیزب.
١١) بۆ بەهێزکردنیماڵییەی حیزب و هێنانەدەری حیزب لەو حاڵە پڕ پەرۆشەی کە تا ئێستا تێیدا ژیاوە بڕیار درا، کۆمیتەی ناوەندی ڕێگەی مەشرووع و ڕەوا بدۆزێتەوە بۆ وەی کە داهاتی حیزب خۆ وەسەرووی خەرج و مەسارفی حیزب بخا و بە یارمەتیی ئەندامان بتوانرێ پاشەکەوتێک بۆ کاتی داماوی و پێویستی مەوجوود بکا.
کۆنگرە بۆ هەڵوێستی سیاسی و شوێنگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جەبهەکانی جیهانی و حکوومەتەکانی گیتی بڕیاری دا کە سیاسەتی بێلایەنی و هاودەنگی لەگەڵ حکوومەت «سەرنەبەستراوەکان» و سەربەخۆ بگرێتە بەر و لە هەموو هەڵوێستێکدا سوود و قازانجی نەتەوەی کورد لە سەرووی هەمو مەبەستەکانەوە بێ.
١٣) کۆنگرە ڕێگەی خەباتی پارلەمانتاریزمی هەڵداشت و خەباتی شەقامی بە هەڵوێستێکی بێکەلک و بەفیرۆدانی هێزی خەباتی لێک داوە، و خەباتی شۆڕشگێڕیی چەکدارانەی لە ژێر دروشمی یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دێموکراتی کردە چرای ڕووناکیی تێکۆشانی حیزب.
١٤) لەمەر مەسەلە و گیروگرفتی «ئەرز» و «ئاغا» و» «ڕەعییەت»، کۆنگرە داوا لە گەلی کورد و بەتایبەتی خەڵکی لادێیەکان و وەرزێران دەکا کە بە خەباتی یەکگرتوو هەموو ئەرزی نیشتمان و کوردستان ڕزگار کەین و شۆڕشی ئەرزی و نەتەوایەتی لەژێر دروشمی «یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دێموکراتی» بکەینە «یەک». ئەودەم بەپێی بڕیاری کۆنگرە

و مادەی سیونۆهەمی (٣٩) پرۆگرام کە دەنوسێ: «... حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ئەو بیروباوەڕەیە کە زەوی و زار و کشتوکاڵ و دار و دەوەن و ئاو و کانیی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە و مافی ڕەنێونان و دابەشێنی ئەرز لە مافە تایبەتە هەرە گرینگەکانی حکوومەتی دێموکراتی کوردە کە بەهۆی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وەدی دێ. ئەو کاتەیە کە حاکمییەتی نەتەوایەتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەوکی دادپەروەری ئەرز و ئاو و زەوی و زار دار و دارستان دادەبەشێێت و و بەو پێیە مەسەلە و گیر و گرفتی «ئەرز» جێبەجێ دەکەین.

**سەرماوەزی ١٣٤٣ (نوامبر ١٩٦٤)**
**دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیتەی ناوەندی**

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- کورتەیەك لەسەر کۆنفڕانسی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)
- بڕیارەکانی کۆنفڕانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)
- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)
- ڕاگەیاندنێك لەسەر کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)
- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەمی حیزب
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)
- پەیامەکانی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)

# کۆنفرانسی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) (جۆزەردانی ١٣٥٠)

کۆنفرانسی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان مانگی جۆزەردانی ١٣٥٠ لە شاری کۆیە لە باشووری کوردستان بەبەشداریی ٢٩ کەس بەسترا.
کۆنفرانسی سێهەمی حیزب ئوسوولی حیزبی پەسند کرد، ڕێبازی سیاسیی دارشت، بەرنامە و پێڕەوی نوێی بۆ حیزب پەسند کرد و کۆمیتەی ناوەندیی تازەی هەڵبژارد کە لە ١١ کەس پێکهاتبوو:
١) د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ٢) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٣) کەریم حیسامی، ٤) محەممەدئەمین سیراجی، ٥) حەسەن ڕەستگار، ٦) محەممەدئەمین شێخولئیسلامی (هێمن)، ٧) ڕەسووڵ پێشنەماز، ٨) سەید ڕەسووڵ دێهقان، ٩) قادر وردی، ١٠) ئەمیر قازی، ١١) کەریم حەداد.

ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی ٣:
١) د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ٢) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٣) محەممەدئەمین سیراجی، ٤) کەریم حیسامی ، ٥) محەممەدئەمین شێخولئیسلامی (هێمن)

## بڕیارەکانی کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**- لەسەر زیندانیانی سیاسی**

بەندیخانەکانی سەرانسەری ئێران لە هەزاران زیندانیی سیاسی ئاخندراوان، گیراوە سیاسییەکان نموونەی ویژدانی پاکی گەل، هەستی بەربەرەکانیی میللەت و جێی شەرەف و شانازیی هەموو ئینسانێکی دڵسوز و نیشتمانپەروەرن. ڕێژیمی شا بۆ لە نێوبردنی ئەو ڕۆڵە بەشەرەفانە لە هیچ کردەوەیەکی نائینسانی درێغ ناکا.
کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە هەموو ئینسانێکی بەشەرەف و نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز دەکا کە بە هەموو هێزیانەوە و بە هەر ڕێگایەک کە دەتوانن بۆ ئازادیی گیراوە سیاسییەکان تێبکۆشن، یارمەتیی ماڵ و منداڵیان بکەن، نەیەڵن ڕێژیمی دژی ئینسانی شا بێحورمەتییان پێ بکا و نامووس و ئابروویان بخاتە ژێر پێ. با هەموو کەس بزانێ کە خەبات بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی خەبات دژی ڕێژیم، دژی زۆرداری و بێ عەداڵەتییە.
پێکەوە بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی هەوڵ بدەین.

**- لەسەر کوردستانی عیراق**

کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کورستان بەیانی ١١ مارسی ١٩٧٠ بە سەرکەوتنێکی گەورەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەزانێ و لەو بڕوایەدایە کە ئەم سەرکەوتنە تەئسیرێکی زۆر دەکاتە سەر خەباتی گەلی کورد لە هەموو کوردستاندا. کۆنفرانس هیوادارە کە پەیمانی دوستایەتی لەنێو پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی بەعسی

عەرەبی سوسیالیستی‌دا ڕۆژبەڕۆژ چەسپاوتر بێ و ببێ بە ئەساس بۆ یەکگرتنی هەموو نیشتمانییەکانی عێراق و جێبەجێ‌کردنی هەموو بەندەکانی بەیانی ۱۱ مارس بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی خودمختار لەنێو چوارچێوەی عێراقێکی دێموکراتیکدا.
هەروەها کۆنفرانس هیواداره کە ئەم پیمانە ببێ بە بەردی بناخەی دوستایەتی نێوان گەلانی کورد و عەرەب و بەرەی دژی ئیمپریالیستی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەهێزتر و پتەوتر بکا.
کۆنفرانس لەو بڕوایەدایە کە سەرکەوتنی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق تیشک دەداتە سەر کوردستانی ئێرانیش. خەباتی هاوبەشی گەلی کورد، هەموو فڕوفێل و مانۆڕەکانی دوژمن کە خەریکە دووبەرەکی بخاتە نێو ڕیزەکانی خەباتی گەلی کورد بەفیرۆ دەبا.
سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق.
چەسپاوتر بێ دۆستایەتی گەلانی کورد و عەرەب.

**- لەسەر کوردستانی تورکیە**

نیزیکەی نیو سەدەیە گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی، لە زۆر مافی هاونیشتمانییش بێبەشە. کۆنەپەرستیی تورکیە ساڵهای ساڵە هەموو جووڵانەوەیەکی نیشتیمانیی گەلی کورد بە توندی سەرکوت دەکا. گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە وەزعی برا کوردەکانی تورکیە ئاگادارە، چونکە خۆشی لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و تەنانەت زۆر مافی هاونیشتمانی و ئینسانییش بێبەشە.
کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان هورووژمی دڕندانەی کۆنەپەرستانی تورکیە لەم چەند مانگی دواییدا بۆ سەر هێزە دێموکراتییەکان و گەلی کورد بە تێکرایی لەیەک جیا ناکاتەوە. خەبات بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کورد خەباتە بۆ دێموکراسی، هەروەها خەبات بۆ دێموکراسی لە تورکیە خەبات بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردە.
سەردەمی زاڵبوونی شۆوینیزم و ڕەگەزپەرەستی بەسەر چووە. بە سەدان و بە هەزاران ڕووناکبیر و زحمەتکێشی نیشتمانپەروەری کورد تێگەیشتوون و هەزارانیش خەریکن تێدەگەن کە گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە لە مافەکانی سەرەتایی نەتەوایەتیی خۆی بێبەشە.
کۆنفرانس هاودەردیی خۆی بەرامبەر بە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە نیشان دەدا و هیواداره ئەو خەباتە شان بە شانی خەباتی هێزە دێموکراتییەکانی تورکیە ڕۆژبەڕۆژ سەرکەوتووتر بێ و ڕێگای کۆنەپەرستی تورکیە بەربەست بکا.

**- لەسەر خەباتی گەلی کورد لە سوریە و لوبنان**

کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی گەلی کورد لە سووریە بۆ هێنانەدیی مافە نەتەوایەتییەکانی بە ڕەوا دەزانێ و داوا لە حکوومەتی سووریە دەکا کە ڕێگا بدرێ ڕێکخراوەکانی کوردی بە ئازادی تێبکۆشن و لە خەبات بۆ دێموکراسی لە سووریە بەدژی ئیمپریالیزم و دوژمنانی گەلی سووریەدا بەشدار بن و بتوانن مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دابین بکا.
هەروەها کۆنفڕانس پێخۆش‌بوونی خۆی بەرامبەر بە سیاسەتی حکوومەتی لوبنان دەردەبڕێ کە ڕێگای داوە کوردی لوبنان ڕێکخراوی سیاسیی خویان دابمەزرینن و لە چوارچێوەی

قانووندا دیفاع لە مافەکانی خویان بکەن.

**- لەسەر خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان**

کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی دەکا لە خەباتی هەموو گەلانی ئازادیخواز کە بۆ ڕزگاریی خویان لەژێر باری زۆرداریی ئیمپریالیزم خەبات دەکەن. کۆنفرانس لەو بڕوایەدایە کە خەباتی گەلانی زۆرلێکراو دژی ئیمپریالیزم پێکەوە بەستراوە و لێک جیا ناکرێتەوە. کۆنفرانس پشتی خەباتی هەموو گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین دەگرێ کە لە پێناوی سەربەخۆیی نیشتمانیاندا هەول دەدەن و بەتایبەتی هاودەردیی خۆی بەرامبەر بە خەباتی گەلانی ویتنام و لائوس و کامودیا لە ڕۆژهەڵاتی دوور و گەلی فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیشان دەدا و بە هەموو هێزییەوە لایەنگری دانانی مافی چارەنووسی ئەو گەلانە بە دەست خۆیانە.

## کۆنگرەی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)

کۆنگرەی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ (سێپتامبری ١٩٧٣)دا بە بەشداریی ٤٩ ئەندام لە شاری بەغدا (پێتەختی عێراق) بەسترا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٣ بریتی بوون لە:**

١) د. عەبدوڵڕحمان قاسملوو، ٢) عەبدوڵلا حەسەنزادە، ٣) ئەمیر قازی، ٤) هاشم کەریمی، ٥) ئیسماعیل حاجی، ٦) کەریم حیسامی، ٧) محەممەدئەمین شێخولئیسلامی (هێمن)، ٨) د. حەسەن شەتەوی، ٩) ڕەسووڵ پیشنەماز، ١٠) محەممەد ڕەسووڵ حەسەنپوور، ١١) محەممەدئەمین سیراجی، ١٢) محەممەد موهتەدی، ١٣) د. سوڵتان ئۆتەمیشی، ١٤) سەلام شەفیعی، ١٥) کەریم حەداد.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٣:**

١) د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ٢) عەبدوڵلا حەسەنزادە، ٣) محەممەدئەمین سیراجی، ٤) کەریم حیسامی، ٥) د. سوڵتان ئۆتەمیشی.

# ڕاگەیاندنێك لەسەر کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)

لە مانگی ڕەزبەری ١٣٥٢دا کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسترا. زیاتر لە پێنج مانگ بوو کە حیزب خۆی بۆ ئەم پێشهاتە گرینگە ئامادە دەکرد. کۆمیتەی ناوەندی پاش لێکدانەوەیەکی زۆر هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە هەلومەرجی ئێستای خەباتی حیزبەکەمان پێویستی بەوە هەیە کە کۆنگرەی سێهەمی حیزب بگیرێ. هەلومەرجێکی نوێی خەبات پێک هاتوە کە پێویستی بە تەرازبەندیی تێکۆشانی ڕابردووی حیزب هەیە. بە ڕوونکردنەوەی زۆر بەسەرهاتی گرینگ و تایبەتی بە دیاریکردنی ڕێبازی سیاسیی دوارۆژ و ستراتیژی و تاکتیکی حیزب هەیە و هەروەها پێویستە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب لە کۆنگرەی حیزبیدا کە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە، هەڵبژێردرێ. کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتەیەکی ئامادەکردنی هەڵبژارد و ئەو کۆمیتەیە پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی بەسوود توانی لە ڕۆژەکانی هەوەڵی مانگی ڕەزبەردا کۆنگرەی حیزب بانگ بکا.

لە کۆنگرەدا ٤٩ کەس لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزبی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەشدار بوون. لەنێو بەشدارانی کۆنگرەدا ئەندامی وا دەبینرا کە لە دامەزرێنەرانی حیزب بوو. ئەندامی ئەوتۆش دەبینرا کە تەنیا دوو ساڵ بەسەر ئەندامەتیی لە حیزبدا ڕادەبرد. عومری بەتەمەنترین ئەندامی کۆنگرە ٥٢ ساڵ، لاوترین ئەندامی کۆنگرە ٢٠ ساڵ و تەمەنی نێونجی بەشدارانی کۆنگرە ٣٥ ساڵ بوو.

کۆنگرە بە سروودی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێکرد و لە پاشان بەشدارانی کۆنگرە بە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد و گەلانی ئێران دەقیقەیەک بێدەنگ ڕاوەستان. ئەمجار یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری حیزب بەڕەسمی کۆنگرەی کردەوە و لە وتاری خۆیدا داوای لە بەشدارانی کۆنگرە کرد کە بە هەستی مەسئوولییەت و بە چەشنێکی کاریگەر لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرەدا بەشدار بن. هاواڵی بەڕێز باسێکی کورتی لە سەرکەوتن و تێشکانی مێژووی حیزب کرد و گوتی: خەباتی هەموو گەلێک هەوراز و نشێو و سەرکوتن و تێشکانی تێدا هەیە، بەڵام تێکۆشەرانی بەڕاستی نە بە سەرکوتن بایی دەبن و نە بە تێشکان ناهومێد. پاش کردنەوەی کۆنگرە هاواڵی بەڕێز بەرنامەی کاری کۆنگرەی بەم چەشنەی خوارەوە خستە بەرچاوی بەشدارانی کۆنگرە:

پەسندکردنی بەرنامەی کاری کۆنگرە، هەڵبژاردنی کۆمیسیۆنەکان و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و باس و لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی، پێشنیار و نەزەر و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە و ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنەکان و بڕیاردان لەسەر هەر کام لەو ڕاپۆرتانە و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی.

پاش وتووێژێکی کورت کۆنگرە ئەم بەرنامەیەی پەسند کرد و بۆ پێشخستنی کاری کۆنگرە چوار کۆمیسیۆنی هەڵبژارد کە بریتی بوون لە کۆمیسیۆنی بڕیار و پەیام، کۆمیسیۆنی برنامە و پێڕەو، کۆمیسیۆنی ماڵی و کۆمیسیۆنی پێشنیار.

ئەمجار سکرتێری گشتیی حیزب ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی پێشکەش کرد کە دوو ساعەتی خایاند. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بەدرێژی باسی هەلومەرجی دامەزران و مێژووی خەبات و

تێکۆشانی حیزب دەکا و هەروەها باسی دامەزران و تێکچوونی کۆماری دێموکراتی کوردستان دەکا و بەکورتی هۆیەکانی ڕووخانی کۆمار و پاشەکشەی جوولانەوەی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٢٥دا ڕوون دەکاتەوە. ڕاپۆرت بە گشتی قۆناخەکانی پاشەکشە و بووژانەوەی حیزب و ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی حیزب باس دەکا و سەرنجێکی تایبەتی دەداتە سەر دوو پێشهات. یەکەم، کۆنگرەی دووهەم کە ساڵی ١٣٤٣(١٩٦٤) گیرا، لە سەر یەک بە لادان لە ڕێبازی پێشکەوتووانەی حیزبی دادەنێ. دووهەم، ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ کە ڕاپۆرت هۆی پێکهاتن و تێشکانی لێک دەداتەوە و بە تاقیکردنەوەیەکی بەنرخی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەزانێ.

لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا تێکۆشان حیزب پاش کۆنفرانسی سێهەم (جۆزەردانی ١٣٥٠) جێگایەکی تایبەتی بۆ دانراوە بە قۆناخێکی نوێ بەرەو بووژانەوەی حیزب و جێگیربوونی ئوسوولی حیزبی حیساب کراوە. هەوڵ و تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندی لە ماوەی ئە ٢٧ مانگەدا بە جوانی هەڵسەنگاوە و نوختە ئەساسییەکانی کار و ئەرکە گرینکەکانی تێکۆشانی حیزبی دیاری کراون. ڕاپۆرت دوای لێکدانەوەیەکی قووڵی وەزعی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سیمای سیاسیی نێونەتەوایەتی و هەلومەرجی تێکۆشانی حیزب، ئەرکە گرینگەکانی حیزب لە داهاتوودا ڕوون دەکاتەوە.

ڕاپۆرت جارێکی دیکە دەیسەلمێنێ کە ڕێژیمی دیکتاتۆریی پاشایەتی دەرەتانی هەموو جۆرە خەباتێکی قانوونی و هیمنانەی لە گەلانی ئێران بڕیوە و بۆیە ڕێگای ئەسڵیی خەبات بۆ لابردنی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی پاشایەتی و هەروەها بۆ وەدیهێنانی دروشمی ئەساسیی حیزب «دێموکراسی بۆ ئیران و خودموختاری بۆ کوردستان» ڕێگای خەباتی چەکدارە و بە ئەرکی سەر شانی حیزب و بەڕێوەبەرایەتیی دادەنێ کە خۆیان و کۆمەلانی خەڵک بۆ ئەو چەشنە خەباتە ئامادە بکەن.

پاش باس و لێکۆڵینەوەیەکی درێژ و بە کەلک ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بە گشتیی دەنگ لە لایەن کۆنگرەوە پەسند کرا.

بەشدارانی کۆنگرە بە چەشنێکی زۆر کاریگەر لە باس و پێشنیار و نەزەر لەسەر چەشنی خەباتی داهاتوودا بەشدار بوون و بە دەیان پێشنیاری بەسوود درایە کۆمیسیۆنی پێشنیار بۆ ئەوەی سەرۆکایەتیی حیزب پاش کۆنگرە لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیدا بیانخاتە بەر چاو.

کۆمیسیۆنەکانی هەڵبژاردەی کۆنگرە بە ڕێکوپێکی کاری خۆیان جێبەجێ کرد و ڕاپۆرتی خۆیان دا بە کۆنگرە. هەمووی ئەو ڕاپۆرتانە دوای باس و لێکۆڵینەوە بە گشتیی دەنگ پەسند کران.

هەروەها کۆنگرە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسندکراوی کۆنفرانسی سێهەمی پاش هێندێک دەستکاریی پێویست پەسند کرد.

لە دوابەشی کاری کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندیی تازە و جێگرەکانی بە هەڵبژاردنێکی نهێنی هەڵبژێردارن بە خوێندنەوەی پارچە شێعرێکی نیشتمانی کۆتایی بە کاری کۆنگرە هێنرا و نوێنەرانی کۆنگرە بۆ شوێنی کار و تێکۆشانی خۆیان گەڕانەوە.

# ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی
# حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی سێهەمی حیزب

**١ـ سەرەتا**

هاوڕێیانی بەڕێز!

لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی ئێمەدا دوو دەستە لە تێکۆشەرانی حیزب ئامادە نین. یەکەم ئەوە دەستە تێکۆشەرانەی کە لە درێژایی خەبات و ژیانی حیزب لە پێناوی ئەستاندنی مافی ڕەوای گەلی کورددا لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتۆری و زۆرداری شاوە شەهید کراون. ئەو شەهیدە خۆشەویستانە بۆ هەمیشە لە ژیان و خەباتی حیزبی ئێمەدا زیندوون و یادیان هەرگیز لە بیر ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناچێتەوە. دەستەی دووهەم ئەو تێکۆشەرانەن کە یا لە زیندانەکانی ڕێژیمدا بەند کراون، یا لەبەر هەلومەرجی تایبەتیی کاری حیزبی نەیانتوانیوە لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بن. بەڵام ئێمە دڵنیاین کە گیانی ئەوانەی شەهید کراون و بیری ئەوانەی نەیانتوانیوە لە کۆنگرەدا بەشدار بن، لێرەدا ئامادەن و هانمان دەدەن بۆ ئەوەی بە مەسئولییەتێکی زۆرترەوە بێکۆڵدان و بەزین و ماندووبوون ئەرکەکانی حیزبی خۆمان بەجێ بگەیەنین و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بەرەو خەباتێکی ڕێکوپێک بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسیی ئەو حیزبە بە ڕێنوێنی بکەین کە لە نێو جەرگەی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کوردەواری هاتۆتەدەر.

کۆمیتەی ناوەندی پاش لێکدانەوەیەکی زۆر هاتە سەر ئەو باوەڕە کە هەلومەرجی ئێستای ژیان و خەباتی حیزبەکەمان پێدوایستیی بەوە هەیە کە کۆنگرەی حیزبی بگیرێ. بیست و هەشت ساڵ بەسەر گرتنی یەکەم کۆنگرەی حیزبدا تێپەڕیوە. لەو ماوەیەدا زۆر پێشهاتی گرینگ لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە ئێران و لە ژیانی حیزبی ئێمەدا ڕووی داوە. هەلومەرجێکی نوێی خەبات پێک هاتوە کە پێویستیی بە تەرازبەندیی ژیان و خەباتی ڕابردووی حیزب و بە ڕوونکردنەوەی زۆر بە سەرهاتی گرینگ و بە تایبەتی دیاریکردنی ڕێبازی سیاسیی دواڕۆژی حیزب هەیە و هەروەها پێویستە ئورگانی سەرکردایەتی لە کۆنگرەی حیزبدا کە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە، هەڵبژێردری. کۆمیتەی ناوەندی هاتە سەر ئەو باوەڕە کە پێویستە لە هێندێ هەلومەرجی لەباری ئێستای بۆ بانگکردنی هەرچی زووتری کۆنگرە کەڵک وەربگیرێ. چونکە مێژووی حیزبی ئێمە نیشانی داوە کە خەبات چەند هەوراز و نشێوی هەیە و زۆرجار دەرفەتی لەبار بێکەڵک لێوەرگرتن لەدەست چووە. با ئەوەش بڵێین کە حیزبی پێشڕەو، حیزبێک کە ڕێکخراوی لەسەر ئەسڵی سانتریالیزمی دێموکراتی دامەزرابێ، ناتوانێ بێ گرتنی کۆنگرە ئەو ئەسڵەی بهێنێتە دی. حیزب ئۆرگانیزمێکی زیندوو کە هەمیشە لە گۆڕاندایە. پێویستە ئۆرگانیزمێکی زیندووش بیری نوێ و خوێنی گەنج و تێکۆشەری تازەنەفەسی بێتە نێو. لە ماوەی بیست و هەشت ساڵدا پشتێک دەگۆڕدرێ، کۆمەڵ گۆڕانێکی زۆری بەسەر دێ، پێویستە حیزبیش پەرە بستێنێ. تەنیا کۆنگرە وەک بەرزترین ئۆرگانی حیزب، وەک کۆبوونەوەیەک کە سەلاحییەتی لە هەموو مەرجەعێکی حیزبی زیاترە، دەتوانێ ئەو ئەرکە گرینگە بخاتە سەر شانی خۆی و جێبەجێی بکا.

دیارە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب کە دوو ساڵ لەمەوبەر گیرا، هەنگاوێکی زۆر گرینگ

بوو کە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هیندێ ئەرکی زۆر ئەساسیی جیبەجێ کرد. کۆنفڕانسی سێهەم بوو بە بناخەیەک بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی حیزب و کادر و ئەندامە دڵسۆزەکانی حیزبی لە دەوری حیزبدا کۆ کردەوە. کۆنفڕانسی سێهەم بەرنامە و پێڕەوی تازەی حیزبی دانا و بەم جۆرە ڕێگای بۆ یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب خۆش کرد. بەڵام لە ڕاستیدا کۆنفڕانسی سێهەم سەرەتایەک بوو بۆ بەستنی کۆنگرە و بە بەختیارییەوە دەبینین کە دوو ساڵ تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندی، کادرەکان و ئەندامانی حیزب بەفیڕۆ نەچووە، بە چەشنێک کە توانیمان کۆنگرەی سێهەمی حیزب بانگ بکەین.

بێگومان کۆنگرەی سێهەمی حیزب کۆنگرەیەکی مێژووییە. چونکە لە سەرەتای بوونی حیزبەوە کۆنگرەی ئەوتۆ نەگیراوە، بەڵام نەک هەر لەبەر ئەوە کۆنگرەیەکی مێژووییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە نوختە گۆڕانێکە لە مێژووی حیزبدا. قۆناخێکی دوورودرێژی لە ژیانی حیزبەکەمان بە گرتنی ئەم کۆنگرەیە کۆتایی دی و قۆناخێکی نوێ دەست پێدەکا و حیزبی ئێمە هەنگاو دەنێتە نێو پلەیەکی تازەی ژیان و خەباتی خۆی. کۆنگرە ئەرکی زۆر گرانی لەسەر شانە. دەبێ بەراوردی هەموو ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا، بڕیار لەسەر بەرنامە و پێڕەوی حیزب بدا و دەبێ ڕێبازی سیاسی و ستراتیژی و تاکتیکی خەباتی حیزب دیاری بکا و کۆمیتەی ناوەندی، ئۆرگانی سەرکردایەتیی حیزب هەڵبژێرێ. هەرچەند ئەرکی سەر شانی کۆنگرە گرانە، بەڵام ئێمە دڵنیاین کە کۆنگرە دەتوانێ ئەم ئەرکە مێژووییە بەباشی و تەواوی بەجێ بگەیەنێ. هەروەها دڵنیاین هەموو نوینەرانی کۆنگرە بە گیانێکی برایانەوە و چاوێکی ڕەخنەگرانەی خەللاق تەماشای تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندی و کاروباری ئەم کۆنگرەیە دەکەن و بەڕاشکاوی بیروڕای خۆیان دەردەبڕن و بە ڕەخنە و پێشنیاری دڵسۆزانە و بەکەلک لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرەدا بەشدار دەبن و بەم جۆرە ئەرکی حیزبیی خۆیان بەجێ دەگەیەنن.

### ٢ــ حیزب لە کۆنگرەی یەکەمەوە هەتا کۆنفرانسی سێهەم

#### الف ــ دامەزرانی

لە سەرەتای چەرخی شانزدەوە کە کوردستان لە ێو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا بەش کرا، تا ئێستا گەلی کورد بۆ پاراستنی خۆی وەک نەتەوەیەک بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی دانانی چارەنووسی خۆی خەبات دەکا.

سەرتاسەری ئەم چەند چەرخە شاهیدی ڕابردووی پڕ کارەسات و خوێناویی نەتەوەکەمانە. مێژووی نوێی نەتەوەی کورد لە سەرەتای چەرخی نۆزدەوە تا یەکەم شەڕی جیهانی، لە خەباتی توندوتیژ و لە فیداکاری و خۆبەختکردن لە پێناوی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ڕزگاری لە دەست زوڵم و زۆری زۆرداران ئاخندراوە. پاش برانەوەی شەری یەکەمی جیهانی، قازانجی ئیمپریالیستەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێدوایستیی بەوە بوو کە نیشتمانی نەتەوەی کورد جارێکی تر دابەش بکرێ. بەم جۆرە کوردستان بوو بە چوار بەش و پارچەیەکی زۆر گرنگی لە باری بەرینی خاک و زۆریی دانیشتووانیەوە لە سنووری سیاسیی حکوومەتی تورکیەی تازەدا مایەوە. پارچەی دووهەمی کوردستانی ئێرانە. لە ماوەی نێوان دوو شەڕی جیهانیدا لە کوردستانی ئێرانیش وەک پارچەکانی تری کوردستان چەند ڕاپەڕینێک بەرپا بوو

کە زۆر بەتوندی لەلایەن حکوومەتی ڕەزاشاوە لەنێو خوێن و فرمێسکدا سەرکوت کران. ئەم وەزعە هەتا شەڕی دووهەمی جیهانی بەردەوام بوو.

ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد بە لەبەرچاو گرتنی تاقیکردنەوەی ڕابردووی خەباتی نەتەوەی کورد و بە کەڵکوەرگرتن لە خەباتی گەلانی تر، گەیشتنە ئەم نەتیجەیە کە بێ ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ، سەرکەوتن دژوارە. پاش سێی خەرمانانی ١٣٢٠ (٢٥ی ئووتی ١٩٤١) کە ڕێژیمی ڕەزشا تێک چوو، دەرەتانی ئەوە پێک هات کە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستانی ئێران پێک بێ. تا گەلاوێژی سالی ١٣٢٤ دەستە و ڕێکخراوی سیاسیی کوردی جۆربەجۆر لە کوردستان پێک هاتن کە هێندێکیان لەگەڵ کوردەکانی وڵاتی دراوسێش پێوەندییان هەبوو. کۆمەڵانی ژ.ک (ژیانی کورد) گرینگترینی ئەم ڕێکخراوانە بوو کە کۆمەڵانی خەڵکی لە دەوری بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستیدا کۆ کردبۆوە، بەڵام بۆ بەڕیوەبردنی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران حیزبێکی پێشڕەو پێویست بوو کە بەرنامەیەکی پێشکەتووی هەبێ. حیزبێک کە هەم بتوانێ گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا ڕێک بخا و لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و هەم خەباتی گەلی کورد لە گەڵ خەباتی گەلانی سەرانسەری ئێران گرێ بدا و هەم پشتیوانیی گەلانی جیهان و هەموو هێزە دێموکراتیکەکان بۆ لای خەباتی ڕەوای گەلی کورد ڕابکێشی. پێکهاتنی حیزبێکی ئەوتۆ پێویستییەکی مێژوویی بوو. بۆ بەجێهێنانی ئەم ئامانجە بوو کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ (١٦ی ئووتی ١٩٤٥)دا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کوردستانی ئێران پێک هات.

**ب- پێکهاتنی کۆماری دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد**

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاواتەکانی گەلی کوردی لە بەرنامەی کورتی خۆیدا خولاسە کردبۆوە. لەو بەرنامەدا گوترابوو:

– نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێراندا بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری مەحەللیی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئیراندا خودموختاریی خۆی وەدەست بێنێ.

– مافی خوێندنی بە زمانی زگماکی خۆی هەبێ و تەواوی کارباری ئیدارەکان بە هۆی زمانی کوردی بەڕێوە بچێ.

– لەسەر بناخەی قانوونی ئەساسی ئەنجوومەنی ویلایەتی کوردستان بەزوویی هەڵبژێردرێ و، بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێری بەسەردا بکا.

– کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بەبی قسە لە خەڵکی ناوچەکە بن.

– دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن ملکەکاندا ڕێککەوتنێک پێک بهێنرێ و دوارۆژی هەردوو لا دابین بکرێ.

– حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە خەباتدا بە تایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتییەکانی ترکە لە ئازەربایجاندا دەژین، (ئاسووریەکان و ئەرمەنییەکان و هتد) یەکیەتیی و برایەتییەکی تەواو پێک بهێنێ.

– حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و باشترکردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد دەست دەکا بە

سوودوەرگرتن لە سامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان و لەم ڕێگەیەوە تێدەکۆشێ.

– ئێمە دەمانەوێ بە تەواوی گەلەکانی ئێران هەڵی تێکۆشان بە ئازادی بدرێ بۆ بەختەوەری و پێشکەوتنی نیشتمانی خۆیان.

چونکە بەڕاستی ئەم بەرنامە ئاواتەکانی سەرەکیی گەلی کورد دەگرێتەوە، لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی دانیشتووانی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. هەلومەرجی تایبەتی و لەباری ئەو سەردەمی هەموو ئێران و کوردستان کە بریتی بوو لە پێشکەوتنی دێموکراسی و پاشەکشەی هێزەکانی کۆنەپەرست، ڕێگای بۆ پەرە ئەستاندنی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆش کردبوو. ئەوە بوو حیزبی توانی تا ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە هەموو ناوچەی مەهاباد نفووزی حکوومەتی کۆنەپەرستی مەرکەزی لەنێو بەرێ و لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا یەکەم کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دابمەزرێنێ. قازی محەممەد، پێشەوای زانا و ڕۆڵەی هەڵکەوتووی کورد بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا.

بۆ کۆماری کوردستان ڕێک نەکەوت هەموو کوردستانی ئێران ڕزگار بکا. ئەو ناوچەیەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی میلیی کوردستاندا بوو لە شاری سەقزەوە بەرەو ژوورتر و هەموو شیمالی کوردستانی ئێرانی داگرتبوو و نیزیکەی میلیۆنیک خەڵکی تێدا دەژیا.

تەمەنی کۆماری کوردستان تەنیا یازدە مانگ بوو، بەڵام هەر لەوماوە کورتەدا بەشێکی گرینگ لە ئاواتەکانی گەلی کورد هاتە دی. گەلی کورد چارەنووسی خۆی بە دەست خۆیەوە گرت، زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی ناسرا، فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد بەخێرایی دەستی بە پەرەئەستاندن کرد و بۆ پەروەردەکردنی کادر هێندێک لە لاوان بۆ دەرەوە نێردران، چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بە ڕێکوپێکی بڵاو کرانەوە، تیئاتری کوردی پێک هات، ژنی کوردی لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیدا بەشدار بوو. «هێزی میللی» و سوپای گەلیی کوردستان پێک هات و شوینەوارێک لە پۆلیس و ژاندارمەکانی زۆردار نەما، کۆماری کوردستان پێوەندیی دۆستایەتی و هاوکاریی لەگەڵ حکوومەتی میلیی ئازەربایجان کە ماوەیەک بوو پێک هاتبوو دامەزراند و بەرەیەکی بەرین لە حیزبە پێشکەوتووەکانی ئێران پێک هات کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی یەکێک لە کۆڵەکانی بوو. بەمجۆرە کوردستانی ئیران بوو بە بنکەی ئازادی و جێی هیوای ئازادیخوازانی ئیران.

کۆماری کوردستان هەر لەو کاتەدا نیشانەی هاودەردی و هاوکاریی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بوو. کوردستانی ئیران تیکۆشەرانی کوردی عێراق بە گشتی و بارزانییەکانی بەتایبەتی و هەروەها خەباتکارانی کوردی تورکیە و سووریەی لە باوەش گرت. گەلی کورد بە دڵەوە پێشوازیی لەو میوانانە دەکرد و ڕێزی لێ دەگرتن. بەم چەشنە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوو بە بنکەی ئازادی و جێی هیوای نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی تری کوردستانیش.

بە پەلامارێکی دڕندانە و هاوبەشی ئیمپریالیزم کە بە مۆنۆپۆلی بومبای ئەتۆمی پشتئەستوور بوو، دەگەڵ کۆنەپەرستی ئێران کە کۆماری کوردستانی بە دڕکی چاوی خۆی دەزانی، ئەم کۆمارە ساوایە تێک شکا و دەسکەوتە مێژووییەکانی لەدەست چوون. پاش لەنێوبردنی بنکە بەهێزەکانی جووڵانەوەی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستی لە ئیراندا کە بریتی بوون لە کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلیی ئازەربایجان، کۆنەپەرستی ئێران توانی جووڵانەوەی

ئازادیخوازی لە سەرنسەری ئێراندا سەرکوت بکا. دیسانەکە ڕێژیمی زۆرداری بەسەر وڵاتدا زاڵ بوو و ئازادییە دیموکراتیەکان لەنێو چوون. دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان و مافە نەتەواتییەکانی گەلەکەمان پێشێل کران و سەردەمێکی ڕەش لە ئێراندا دەستی پێکرد.

ڕێژیمی کۆنەپەرستی مەرکەزی پاش سەرکەوتنی پەلامارەکەی لە کوردستان و ئازەربایجان دەستی بە کوشتارێکی بەربڵاو کرد. بە پێی ئەژماری ناتەواو نیزیکەی ١٥ هەزار کەس لە خەباتکارانی ئازەربایجانی و کورد شەهید کران. ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦ قازی محەممەد، سەرۆکی کۆماری کوردستان و پێشەوای گەلی کورد، براکەی سەدری قازی کە نوێنەری مەجلیسی ئێران بوو و ئامۆزاکەی سەیفی قازی کە وەزیری بەرگریی کوردستان بوو، ئیعدام کران. ئێعدامی ئەفسەرانی هێزی میللی و بەگزادەکان لە سەقز و بۆکان و کوشتار و ئازار و زیندان و ئەشکەنجەدانی ڕۆڵە بەشەرەفەکانی کورد هەر بە تاوانی ئەوەی کە داوای مافی ڕەوای نەتەوایەتی و ئینسانیی خۆیان کردوە، ئەنجامی شوومی زاڵبوونی ڕێژیمی شا بەسەر کوردستانی ئێراندا بوو.

کۆماری کوردستان لە مەهاباد ئەستێرەیەکی ڕووناک و پرشنگداری ئاسمانی تاریک و لێڵی سەردەمی درێژی ژێردەستیی گەلی کورد بوو. ئەو ئەستێرەیە ئاوابوو، بەڵام بوو بە سیمبۆلی خەباتی دوارۆژی گەلی کورد.

بەداخەوە پاش تێکشکانی کۆماری کوردستان حیزبی ئێمە لە وەزعێکی ئەوتۆدا نەبوو کە بتوانێ لەم پێشهاتە گرینگە کە لە مێژووی نەتەوەکەماندا ڕووی دا بکۆڵێتەوە. هۆیەکانی شکانی دەر بخا و دەرسیان لێ وەربگرێ، تەنانەت پاش چەند ساڵیش ئەو دەرەتانەی بۆ پێک نەهات. لە چاپەمەنییە حیزبیەکاندا جاروبار وتار و لێکوڵینەوەیەک یا بیرەوەرییەک لەسەر کۆماری کوردستان دەرچووە، بەڵام تەنیا لە دەورەی دوایی ڕۆژنامەی کوردستان‌دایە کە کومیتەی ناوەندی هیندێک لێکدانەوەی قووڵتری لەسەر هۆیەکانی تیکشکانی کۆماری کوردستان بڵاو کردۆتەوە. دیارە کۆماری کوردستان ئەوە دێنێ کە لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژتر و، قووڵتری لەسەر بکرێ و ئەوە ئەرکێکە کە حیزبی ئێمە لە دوارۆژدا دەبێ هەر جێبەجێی بکا؛ بەڵام کۆمیتەی ناوەندی وای بە ڕاست زانی کە هۆیەکانی تیکشکانی بخاتە بەرچاوی ئەندامانی کۆنگرە و هەموو حیزب بۆ ئەوەی لە خەباتی دوارۆژی خۆماندا دەرسیان لێ وەربگرین.

دیارە هۆی ئەسڵیی تێکچوونی کۆماری کوردستان و شکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ساڵەکانی ١٣٢٥- ١٣٢٤دا کزیی نێوخۆی حیزب و بەڕێوەبەریی جووڵانەوە و حکوومەتی میللی بوو. ئەو کزبوونە بە گشتی لە هەموو بارەکانی ژیانی حیزب، سیاسی، تەشکیلاتی و ئیدۆلۆژیدا خۆی دەنواند. بەڵام بێگومان کزبوونی سەرۆکایەتیی حیزب و کۆمار و نەبوونی کادری تێگەیشتوو و پێگەیشتوو کە پایەیەکی بەرزی سیاسییان هەبێ و بەسەر تیئوریکی زانستیدا زاڵ بووبن و لە مەیدانی خەباتدا تاقیکردنەوەی پێویستیان وەدەست کەوتبێ و، بتوانن خەباتی گەلەکەمان بەباشی بەڕێوە بەرن، لە هەمووان گرینگتر بوو. بێجگە لە پێشەوا قازی و هێندێک پیاوی ڕووناکبیر و لەخۆبوردوو لەبەر دواکەوتوویی پایەی فەرهەنگی و ئابووریی کۆمەڵی کوردەواریی ئەو سەردەمە، هەڵسووڕاندنی کاروباری حیزب و کۆماری کەوتبوە دەستی ئینسانی لێنەزان و تەنانەت پاشکەوتووش. بەداخەوە تەمەنی کۆماری کوردستانیش ئەوەندە درێژ نەبوو کە لە لاوە پێگەیشتووەکانی وەک لە بەرنامە خۆیدا دایاننابوو

و بە کردەوەش سەلماندبووی، کادر و کاربەدەستی زانا و دڵسۆز پێ بگەیەنێ. کزبوونی سەرۆکایەتی. نەبوونی کادری پێگەیشتوو بوو بەهۆی ئەوە کە وەزعی سیاسی لە ژوورەوە پتەو نەکرا، دەزگای حکوومەت چەسپاو نەبوو، و هێزی میللیی کوردستان سەروسامانێکی ڕێکوپێکی پەیدا نەکرد. زۆر ئینسانی بێ بیروباوەر و سوودپەرست کاری زۆر گرینگیان بەدەستەوە بوو و تەنیا پاش تێکشکانی کۆماری کوردستان بوو کە سیمای ڕاستەقینەی ئەو کەسانە وەدەر کەوت و دەرکەوت کە پاکنەکردنەوەی تەواوی دەزگای حکوومەتی کۆماری کوردستان کە لە حاڵەتی شۆڕشدا بوو تا چ ڕادەیەک بۆ دواڕۆژی کۆمار زیانی هەیە.

بێئەزموونیی کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لەوەدا دەردەکەوێ کە پاش ئەو هەموو تاقیکردنەوە تاڵە مێژووییەی گەلی کورد بەدرێژایی خەباتی خۆی دەستی کەوتبوو، تا ڕادەیەکی زۆر فریوی قسە و وادە و بەڵێنی حکوومەتی کۆنەپەرستی تارانیان خوارد. بڕواکردنی کاربەدەستانی کۆمار کە گۆیا حکوومەتی شا وەزعی کوردستان تیک نادا و تێکۆشەرانی کورد ناخاتە ژێر تەوژم، هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. چونکە ئاشکرا بوو کە ڕێژیمی شا بە خوێنی ئازادیخوازانی کورد تینوو بوو.

پاشکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواریی ئەو سەردەمە ڕێگای نەدەدا جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد قووڵتر بێ و ببێتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی. ئەوە بۆخۆی یەکێک لە هۆیەکانی گۆڕانی کۆماری دێموکراتی کوردستانیش بوو. بەڕاستیش لە باری کۆمەڵایەتییەوە جووڵانەوە زۆر پێش نەکەوتبوو و ماوەشی نەبوو پێش کەوێ. نە حیزب و نە کۆمار دروشمی شۆڕشگێڕیی وایان هەڵنەگرتبوو کە جووتیاران یانی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بیانکاتە پشتیوانی شێلگیری کۆماری مەهاباد.

تەنیا بەشیک واتە یەک لە سێی کوردستانی ئێران ڕزگار کرابوو. ناوچەی کرماشان و سنە هەر بە دەست حکوومەتی مەرکەزییەوە بوون. ئەمەش لە باری ئابووری و سیاسییەوە ببوو بەهۆی تەسکبوونی مەیدانی جووڵانەوە و ڕێگای بە حکوومەتی کۆنەپەرستی تاران دابوو کە بەشی خوارووی کوردستان بکا بە بنکەی نیزامی دژی کۆماری مەهاباد.

نەبوونی یەکگرتنی پتەو و یەکیەتیی بەکردەوە لەنێو هێزە دێموکراتیکەکانی ئێراندا، یەکیک لە هۆیەکانی هەرە گرینگی تێکشکانی کۆماری کوردستان و هەروەها جووڵانەوەی سەرانسەری ئێران لە ساڵەکانی ١٣٢٤- ١٣٢٥دا بوو. جووڵانەوەی نیشتمانیی ئازەربایجان و کوردستان هەرچەند بەڕواڵەت لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لەگەڵ جووڵانەوەی سەرانسەریی ئێران جیا کەوتبوون، بەڵام بە کردەوە لە جووڵانەوەی سەرانسەریی ئێران جیا کرابووونەوە و سەرکرادیەتیی سێ حیزب، حیزبی تودەی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان نەیانتوانی لە وەختی خۆیدا، واتە لە کاتی پێویستدا یەکگترو یەکپارچە هێزەکانی خۆیان بنێرنە مەیدان و بەرانبەر بە دوژمنی هاوبەش، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێران ڕابوەستن. دوژمن بە تاکتیکی زیرەکانەی خۆیەوە توانی لە یەک یەکی ئەم حیزبانە زەربە بوەشێنێ، هێزەکانیان بڵاو بکا و ڕێگای خۆپاراستنیان نەداتێ.

بێجگە لەو هۆیە نێوخۆییانە کە هۆی بنەڕەتیی تێکشکانی جووڵانەوەی نیشتمانی و دێموکراتی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو، وەزعی نێونەتەوەییش تەئسیریکی زۆری هەبوو. ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا کە بە بۆمبای ئەتۆم پشتئەستوور بوون، پیکەوە لەگەڵ

ئیمپریالیزمی ئینگلستان کە پیاوی زۆر بەکاری دەستپەروەردی خۆی لە نێو هەموو دەزگاکانی حکوومەتی ئێراندا هەبوو، بە هەموو هێزیانەوە یارمەتیی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێرانیان دا. بەداخەوە یەکیەتیی سۆڤییەتی کە پشتیوانی ئەسڵیی دەرەوەی کۆماری کوردستان بوو، تازە لە شەڕی دووهەمی جیهانی ڕزگاری ببوو و خەریکی ئاوەدانکردنەوەی بەشێکی بەرینی وڵاتەکەی خۆی بوو کە وێران کرابوو. لەلایەکی تریشەوە بەراوردی چەوتی وەزعی سیاسیی ئێران وەزعی لەلایەن کاربەدەستانی ئەودەمی سۆڤییەتەوە ببوو بەهۆی ئەوە کە کۆماری کوردستانی گەمارۆدراو نەتوانی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی خۆی بە پشتیوانیی جیدیی یەکیەتیی سۆڤییەت پشت ببەستێ.

کزی سەرکردایەتیی حیزب و نەبوونی ڕێکخراوەیەکی ڕێکوپێک و بەدیسیپلینی حیزبی، نزمبوونی تێگەیشتن و بێئەزموونی زۆربەی بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزب لە کارەساتی پاشەکشەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا بەتەواوی دەرکەوت. حیزبی شۆڕشگێر ئەو حیزبەیە کە لەوەختی شکستدا بتوانێ بە ڕێکوپێکی پاشەکشە بکا، خۆی نەدۆڕێنێ و، کادرەکانی خۆی بپارێزێ. نەیەڵێ ڕێکخراوەکانی لێک بپچڕێن و بەرەبەرە خۆی بۆ دوارۆژ و بۆ خەباتێکی هەموو لایی ئامادە بکا. بەداخەوە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان وەزع وا نەبوو، سەرکردایەتیی حیزب هیچ بڕیارێکی نەدا و ڕێنوێنیی ئەندامانی حیزب و خەڵکی نەکرد. زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزب و کادرەکان هەر کەس بۆ پاراستنی گیانی خۆی بە لایەکدا خۆی دەرباز کرد. ئەندامانی حیزب و پێشمەرگەی چەکدار و کۆمەڵانی خەڵک بێ ڕابەر و بێ سەرپەرست مانەوە. دوژمن لەم وەزعە کەڵکی وەرگرت و بە هەموو هێزیەوە زەربەی وەشاند. پاشەکشەی بە پلان و ڕێکوپێکی بارزانییەکان نیشانی دا کە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد نەک هەر توانای پاشەکشەیەکی ڕێکوپێکی هەبوو، بەڵکوو توانای ئەوەشی هەبوو بەربەرەکانێی دوژمن بکا و تەنانەت زەربەی توندیش لە دوژمن بوەشێنێ.

### ج- سەردەمی بووژانەوەی حیزب

کۆماری کوردستان ئاواتی چەند سەد ساڵەی گەلی کورد لەنێو چووبوو، زۆر ڕۆڵەی بەنرخی میللەتەکەمان شەهید کرابوون، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرکردەیی خۆی لەدەست دابوون، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ کۆمارە خۆشەویستەکەیان و بۆ ڕۆڵە شەهید کراوەکانیان داغدار بوون، بەڵام زۆری پێنەچوو بنکەیەکی ناوەندیی نوێ لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتەوە و یەکەم ژمارەی نهێنی گۆڤاری «ڕێگای»ی بڵاو کردەوە کە خەڵکی بۆ تێکۆشان و درێژە پێدانی ڕێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان هان دەدا. گەلی کورد کە پێدوایستیی بە بەڕێوەبەری هەبوو و چاوەڕوانی دەرەتانیکی تازە بۆ پەرەپێدانی خەبات بوو، پێشوازییەکی باشی لە «ڕێگا» کرد و بەرەبەرە ناهومێدی و بێچارەیی جێی خۆی داوە بە هیوا و دۆزینەوەی ڕێگای خەبات. خەڵک لێک نیزیک دەبۆوە. ڕێکخراوەکانی حیزب دەبووژانەوە، ئەم وەزعەش زۆری دەوام نەکرد. ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٧ (چواری فێوریەی ١٩٤٩) لە دانشگای تاران تەقەیان لە شا کرد. بۆ کۆنەپەرستیی ئێران و شیرکەتی نەوتی ئینگلیز کە ئەودەم بە تەنیا ئیمتیازی نەوتی ئێرانی بەدەستەوە بوو، ئەو کارەساتە بوو بە بیانوو بۆ لێدان و سەرکوت کردنی جووڵانەوەی دێموکراتی لە سەرانسەری

ئێراندا. پەلامارێکی توند لە کوردستانی ئێرانیش دەستی پێکرا. زۆر کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیران و یەکەم پۆلیان پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان لە دادگای لەشکریی ئێراندا بە چوار ساڵ زیندان مەحکووم کران.

بەڵام ئیتر پێشگیری لە تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی حیزبی هاسان نەبوو. وێڕای خەباتی گەلانی ئێران بۆ میللیکردنی سامانی نەوت، خەباتی گەلی کوردیش پەرەی گرت. لە ساڵەکانی میللیبوونی نەوتدا بەجوانی دەرکەوت کە کۆماری دێموکراتی کوردستان چ ڕیشەیەکی قووڵی داکوتاوە. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٣١دا، یانی شەش ساڵ پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان کاندیدای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی ئەو شارەش نەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا کە لەشکر و پۆلیس و ژاندرمێری و چەند کەسێکی بە ڕێگیراو هەموو هێزی خۆیان بۆ دەرنەچوونی ئەم کاندیدە وەکارخست، لە شار و لە گوند لە ٨٠ تا ٩٩ لەسەدی دەنگەکانی بۆ داربوو. لەژێر تەوژمی هێزەکانی کۆنەپەرست ئەو هەڵبژاردنە تێک چوو و نوێنەرێکیان لە تارانەوە بۆ مەهاباد دیاری کرد.

حیزبی ئێمە لە ساڵەکانی ٣٠-٣١ دا ئەرکی بەڕێوبردنی خەباتی جووتیارانی نێوان مەهاباد و بۆکانی وەئەستۆی خۆی گرت، خەباتێک کە بەرەبەرە بوو بە ڕاپەڕنیکی گشتیی زەحمەتکێشانی شار و دی، بەڵام تیپی مەهاباد لەگەڵ دەرەبەگەکان، بە فەرمانی شا ئەم ڕاپەڕینەی بە تانک و تۆپ سەرکوت کرد. زۆر کەس لە ئەندامانی حیزب و زەحمەتکێشان کوردستان کوژران و گیران و ڕاو نران و دەبەدەر کران.

سەرەڕای ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەگرت، ڕێکخراوەکانی حیزب یەک لە دوای یەک لە شار و گوندەکانی کوردستان دادەمەزران، حیزب ببوو بە حیزبیکی گەورەی گەلی کە پشتیوانیی کۆمەڵانی بەرینی کوردستانی ئێرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. ئەو پشتیوانییە لە ڕێفراندۆمێکدا کە بۆ مەحدوودکردنی دەسەڵاتی شا پێکهاتبوو، دەرکەوت. بە داوای حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو گەلی کورد بۆ مەحدودکردنی ئەم دەسەڵاتە دەنگی دا و بێزاریی خۆی لە شا لە ڕێژیمی پاشایەتی دەربڕی. لە شاری مەهاباد کە پتر لە پێنج هەزار دەنگ درابوو، تەنیا دوو کەس لە شا و لە پاشایەتی پشتیوانییان کردبوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی خەباتی گەلانی ئێراندا بۆ میللیکردنی نەوت وەک حیزبێکی پێشکەتوو ئەو پەڕی چالاکیی نواند و لە خەباتی گشتیدا بەشداریی کرد. لە لایەک کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بۆ ئەم خەباتە هان دەدا و لە لایەکی دیکەشەوە هەر لەو کاتەدا کارەساتی ئەم بەربەرەکانییە بۆ نیزیکبوونەوەی زیاتری خۆی لە دانیشتووانی کوردستان کەلکی وەر دەگرت و دورشمەکانی میللی و دێموکراتی دەبردە ناویان. بەم جۆرە حیزب توانی تا کودیتای ٢٨ی گەلاویژی ١٣٣٢ ڕێکخراوەکانی خۆی لە زۆر مەڵبەندی کوردستان ببووژێنێتەوە و کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوری دروشمەکانی خۆیدا کۆ بکاتەوە.

حیزبی توودەی ئیران لەو سەردەمەدا بۆ بووژاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی یارمەتییەکی زۆری دا، ئەو یارمەتییە لە لایەک بوو بەهۆی بەهێزبوونی ڕیزەکانی حیزب و لە لایەکی تر پێوەندیی دۆستایەتی لەنێو ئەو دوو حیزبەدا بەهێزتر کرد. هەر لەو سەردەمەشدا بەتەواوی دەرکەوت کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تاقە حیزبی

پێشڕەوی خۆیان دەناسن. نفووزێک کە حیزب لە ماوەی یەک دوو ساڵ کاری نیوەنهێنی و نیوەئاشکرادا پەیدای کرد، دەری خست کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە تێکڕای وەدوای دروشمەکانی حیزبی ئێمە کەوتووە و ڕێبازی سیاسیی ئەو حیزبە بە ڕێگای خەباتی خۆی دادەنێ.

بەداخەوە جارێکی تریش جووڵانەوەی دێموکراتی لە ئێران تووشی تێک شکان بوو. چەوت ڕۆیشتن و نەبزووتن و دوورەپەرێزیی سەرۆکایەتیی حیزبی تودەی ئێران کە هێزی ئەساسیی جووڵانەوەی دێموکراسی لە ئێران بوو، دوودڵی و دردۆنگیی حکوومەتی موسەدیق تا کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ کە هەڵوێستێکی نەرمی بەرانبەر بە دەرباری پەهلەوی گرتبووە پێش، دەست لەسەر دەست دانانی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران لە دوارۆژی کودیتادا، بوون بە هۆی ئەوە کە کودیتا زۆر بەئاسانی سەرکەوت. داخی گرانتر ئەوە بوو هێزەکانی دێموکراتی بەتایبەتی سەرکردایەتیی حیزبی تودەی ئێران لەو کودیتایە و بەرهەمەکانی ئەو، دەرسی پێویستیان وەرنەگرت. ئەوە بوو پاش دۆزینەوەی ڕێکخراوی ئەفسەرانی تودەیی، شکست لەسەر شکست بەسەر جووڵانەوەی میللی و دێموکراتی ئێراندا دەهات. ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەی ئێران لێک پچڕان. باشترین کادرەکانی گیران یا ڕێبازی خەباتیان بەردا. بەرە بەرە ئیبتکار کەوتە دەست سازمانی ئەمنییەت، ئیبتکارێک کە بە داخەوە تا ئێستاش بەتەواوی لە دەستی دەرنەچووە.

کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کە بەرهەمی پلانی ڕاستەخۆی دەزگای جاسووسیی ئەمریکا «سیا» بوو، حکومەتێکی سەر بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بەسەر ئێراندا زاڵ کرد. قانوونی میللیبوونی نەوت کە بەرهەمی خەباتی دوور و درێژی گەلانی ئێران بوو، پێشێل کرا و جارێکی تر کۆنەپەرستی بەتوندی پەلاماری بردە سەر هێزە نیشتمانی و دێموکراتیکەکانی ئێران. ڕۆژنامە وگۆڤارە ئاشکراکان داخراون، شوێنەوارێک لە ئازادییە دێموکراتیکەکان نەماوە، هەزاران ئینسانی بەشەرەف کەوتنە زیندان و دەربەدەر کران و بە سەدان کەس یان ئێعدام کران یا لەژێر ئەشکنجەدا شەهید بوون.

ناوچەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لەو پەلامارە بێبەش نەکران. سەدان ئەندامی حیزب گیران، ئەشکنجە دران و بە زیندانی دووروودرێژ مەحکووم کران. بەڵام حیزب پاشەکشەیەکی ڕێکوپێکی کرد و خەباتی نهێنیی خۆی درێژە پێدا و دەستی کرد بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەندامەکان و ڕێکخراوەکانی و پاراستنیان لەدەست پۆلیس.

هەرچەند پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ زۆر لە بەڕیوەبەران و ئەندامانی حیزب گیران، بەڵام خەبات و تیکۆشانی حیزب پتەوتر و ڕێکوپیکتر بوو. ڕیکخراوەکانی حیزب بەهێزتر بوون و یەکەم جار پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان ڕۆژنامەی «کوردستان»، ئۆرگانی حیزب بەنهێنی دەرچوو و لە سەرانسەری کوردستاندا بڵاو کرایەوە. بۆ یەکەم جار کۆمیتەی بەرزی حیزبی بە ناوی کۆمیتەی «کوردستان» پێک هات کە لە ناوچەی سنەش ڕێکخراوەکانی حیزبیی دامەزراند و خەریک بوو لە ناوچەی کرماشانیش تێکۆشانی خۆی دەست پێبکا.

پاش پەرش و بڵاوبوونەوەی تەشکیلاتی حیزبی تودەی ئێران، هەم لە بەر ئەوە کە بەڕێوەبەریی حیزبی تودە تووشی چەوتی و هەڵەیەکی زۆر ببوو و هەم لە بەر ئەوە کە لە زۆر جیگا پۆلیس لەنێو ڕێکخراوەکانی ئەم حیزبەدا نفوزی کردبوو، کۆمیتەی «کوردستان»

بڕیاری دا کە پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران بپسێنێ.

هەتا ساڵی ١٣٣٧ ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە لە سەرانسەری کوردستان خۆیان لە پەلاماری پۆلیس پاراست، بەڵام لە پائیزی ١٣٣٨دا بوو کە پۆلیس پەلامارێکی بەرینی هێنایە سەر ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە. نیزیکەی ٢٥٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کورستان گیران و زۆر لە بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزبی بە ئێعدام و حەبسی ئەبەد و حەبسی دوورودرێژ مەحکووم کران. هۆی ئەساسیی سەرکەوتنی ئەو پەلامارە بوونی چەشنی کۆن و سوننەتیی کاری تەشکیلاتی و دووبەرەکی لە سەرۆکایەتیی حیزبدا بوو.

هاودەردی و ئیعتیرازی ڕێکخراوەکانی کوردستان لە دەرەوەی ئێران و بیروڕای گشتیی جیهانی، توانی حوکمی ئیعدامی ئەو هاوەڵانەی مەحکووم کرابوون هەڵوەشێنێ و لە دەستی جەللادانی ڕێژیم شا ڕزگاریان بکا.

پاش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ لە کوردستانی عێراق هەلومەرجێکی زۆر لەبار بۆ تیکۆشانی گەلی کورد پێک هات. ئەو شۆڕشە، نەک هەر ئالقەیەکی گرینگی لەو پەیمانە پساند کە بەدەستی ئیمپریالیزم گرێ درابوو و ڕێژیمکی زۆرداری وەک ڕێژیمی نووری سەعیدی لەنێو برد، بەڵکوو هەر لەو وەختەشەدا ڕێگای بۆ خەباتی هێزە نیشتمانییەکان و هەروەها ڕێکخراوەکانی کوردی خۆش کرد و ئیمکانی ئەوەی پێک هێنا کە عێراق ببێتە بنکەیەکی پتەوتری دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. دیارە ئەم شۆڕشە تەئیسریکی زۆریشی کردبووە سەر خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

لە ئاخری ساڵی ١٣٤٢ جارێکی دیکەش ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە بەتوندی پەلامار دران، دیسانەکە زۆر کەس لە ئەندامانی حیزبی ئێمە گیران و زۆریشیان مەجبوور بوون پەنا بۆ کوردستانی عیراق بەرن و خۆیان لە چەنگی پیاوەکانی سازمانی ئەمنییەت و سیاچاڵەکانی ڕیژیمی شا دەرباز بکەن.

ناکۆکیی نێوان هێزە نیشتمانییەکانی کوردستانی عێراق ل سەر کادرەکان و بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کاریگەر بوو. عەبدوڵڵای ئیسحاقی کە ئالاهەڵگری ڕێبازی ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ بوو، لەگەڵ چەند کادرێکی دیکە ڕێک کەوت و بە یارمەتیی بەڕێوەبەرانی ئەو سەردەمەی پارتی دێموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی عێراق توانی چەند کەسێک لە بەڕێوەبەرانی حیزب لە عێراق وەدەر نێ. ئەوانی تریشی خستە ژێر تەوژم و، ئیمکانی تیکۆشان و جووڵانەوەی نەدانێ. بەم جۆرە چارەنووسی حیزب بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کەوتە دەست عەبدوڵڵا ئیسحاقی و دارودەستەکەی.

لە ساڵی ١٣٣٩ را هەتا ساڵی ١٣٤٩ سەرۆکایەتیی حیزب تووشی وەزعێکی نالەبار هاتبوو، بە چەشنێک کە لە ڕێبازی پێشکەوتووانەی حیزب دوور کەوتبۆوە. بێجگە لە هینێدی لە ڕێکخراوەکانی حیزب کە دژی سیاسەتی چەوتی ئەو وەختە خەباتیان دەکرد، حیزب کەوتە نێو گەرداوێکی ئەوتۆ هەروا بزانە ڕابردووی خۆی و ئامانجەکانی دواڕۆژی لە بیر بردۆتەوە. زیانی هەڵسووڕانی سەرۆکایەتیی ئەو چەند ساڵەی حیزب بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی حیزبی بۆ گشت جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی ئێران یەکجار زۆر بوو، دەتوانین بڵێین کە ئێستاش تا ڕادەیەکی زۆر تەئسیری نالەباری ئەو سەردەمە هەم لە ناوەوەی حیزب و هەم لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەر دەبینرێ.

**سروشتە تایبەتییەکانی ئەم لادانە چ بوون؟**

لە باری ڕێبازی سیاسییەوە سەرۆکایەتیی حیزب ڕێگایەکی بەرچاوتەنگی ناسیۆنالیستیی گرتە بەر، ئەو ڕێگایەی کە لە زاراوەی «کوردایەتیکردن»دا خۆی دەنواند، بێئەوەی بخرێتە بەرچاو کە حیزبێکی شۆڕشگێڕی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ خەباتی خۆی بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی لەگەڵ خەبات بۆ ڕزگاریی کۆمەڵایەتیی زەحمەتکێشان کە زۆربەی گەلی کوردن ڕێک بخا، تەنیا و تەنیا تەکیە دەکرایە سەر باری خەبات بۆ مافەکانی نەتەوایەتیی گەلی کورد. هەروا بزانە لە کوردستان چین و تویژی جیاواز نییە، هەروا بزانە کە دەرەبەگایەتی و سەرمایەدارانی کومپرادۆری کورد دوژمنی جووڵانەوەی دێموکراتی و نیشتمانیی گەلی کورد نین و قازانجی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم ڕێک نەخستوە.

ئەم ناسیۆنالیزمە بەرچاوتەنگە بارێکی دژی دێموکراتیشی هەبوو. لەو بەرچاوی سەرۆکایەتیی ئەو سەردەمەی حیزب خەراپ بوو. کەس نەیدەوێرا لە ناوەوەی حیزبدا نە باسی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستەکان و نە باسی هاوکاری لەگەڵ هێزە دێموکراتیکەکانی ئێران و عێراق بکا. ئەگەر کەسێکیش دژی ڕینوێنیی سەرۆکایەتیی ئەودەمی حیزب بیر و باوەڕێکی ئەوتۆی دەربڕیبا، بە دوژمن و زۆڵە کورد و نۆکەر ناو دەبرا.

دیارە ڕێبازی ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ و سیاسەتی دژی دێموکراتی ڕێگای ئەوەیان نەدەدا کە حیزبی ئیمە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێڕی ئێران هاوکاری بکا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی دژی ڕێژیمی شا تێبکۆشێ. لەبەر ئەوە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا حیزبی ئیمە لە خەباتی گەلانی ئیران و ڕێکخراوەکانی نیشتمانیی ئیران و تەنانەت لە ناسینی واقعییەتی ئێرانیش دوور کەوتبۆوە. ئەوەندە چووبووە ژێر تەئسیری ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق کە لە ڕاستیدا خەباتی گەلی کورد لە ئیرانی لە بیر کردبوو.

نەتیجەی مەنتقیی ئەم وەزعە وەلانانی لانیکەمی تیکۆشانی حیزبی لەلایەن سەرۆکایەتییەوە بوو کە هەموو وەختێک نیشانەی ئەوەیە کە حیزب هەیە و تێدەکۆشێ و خەبات دەکا. لەگەڵ ئەو هەمووە ئیمکاناتە مادییە کە لەژێر دەستی سەرۆکایەتیی حیزبدا بوو، تەنیا بۆ جارێکیش ئۆرگانی ناوەندیی حیزب دەرنەچوو. جارێ هەر ناوی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە میراتی کۆماری دێموکراتی کوردستانە و حیزبی ئیمە شانازیی پێوە دەکا، وەلانرابوو. هێندی بڵاوکراوەش کە چەند ژمارەیەک دەرچوون، ئەوەندە پایەی سیاسییان نزم بوو کە لە ئۆرگانی حیزبێکی شۆڕشگێڕ و خاوەن مێژوو نەدەوەشاوە. لەم دە ساڵەدا هیچ کارێک بۆ پەروەردەکردنی کادری حیزبی نەکرا. بۆ نموونە یەک کلاسی کادر پێک نەهات و یەک نامیلکەی بۆ بەرزکردنەوەی پایەی زانیاریی ئەندامانی حیزبی بڵاو نەکرایەوە.

ئوسوولی حیزبی بەتەواوی لەژێر پێ نرابوو، لە سانتریالیزامی دێموکراتی کە پێوەندییەکانی نێو سەرۆکایەتی و ئەندامانی حیزب دیاری دەکا، تەنیا سانتریالیزمێکی توندوتیژ کە شێوەی فەردیی هەبوو بەجێ مابوو. هەموو کارێکی حیزبی شێوەی فەردیی هەبوو، بڕیار بەفەردی دەدرا و بەفەردی جێبەجێ دەکرا، کۆبوونەوەی حیزبی بە مانای ڕاستیی خۆی لەگۆڕێ نەمابوو، کەس هەقی نەبوو نەزەری ڕەخنەی نیسبەت بە کردەوەکانی سەرۆکایەتی هەبێ، ڕەخنەگر تووشی ئازار دەبوو، لە حیزب دەردەکرا، تەنانەت ئەمری کوشتنیشی دەدرا. لەنێو حیزبدا شوێنەوارێک لە دێموکراسی نەمابوو.

ئـەم وەزعـە پێوەنـدی لەنێـو ئەندامانـی حیزبیشـدا گۆڕیبـوو. بـە تایبەتـی لەنێـو ئەوانـەی لـە دەورووبـەری سـەرۆکایەتیدا بـوون، لەباتـی بەرەنگاربوونێکـی حیزبـی و ئوسـوولی شـێوەی پۆلیسـی زاڵ ببـوو. سـەرۆکایەتیی ئـەو سـەردەمە بـە هەمـوو هێزیەوە ئەو شـێوەیەی بڵاو کردەوە.

ئـەم وەزعـە ناڵەبـارە کـە حیـزب ماوەیەکـی زۆر تووشـی ببـوو و زیانێکـی زۆری گەیانـد و جووڵانـەوەی گەلـی کـوردی لـە کوردسـتانی ئێـران وەدوا خسـت، سـێ هـۆی ئەساسـیی هەبـوو:

یەکـەم، ئـەوە بـوو کـە سـەرۆکایەتیی حیـزب ئێرانـی بەجـێ هێشـتبوو و لـە بـاری سیاسـی و فیکرییـەوە یەکگر و یەکپارچە نەبوو. لە لایەکی تریشـەوە ناکۆکی لەنێو حیزبە نیشتمانییەکانی عێراقدا تەئسـیرێکی خەراپی کردە سـەر بیروباوەڕ و کردەوەی بەڕێوەبـەران و کادرەکانی حیزب و بەرەبەرە دووبەرەکیی لەنێو حیزب پێک هێنا. نەبوونی ئیمکانی کۆنترۆڵی سـەرۆکایەتی بەهۆی ئەنـدام و کادرەکان لـە نێوخـۆی وڵاتـدا بـوو بەهـۆی ئـەوە کـە چەنـد کەسـێک لـە بەڕێوەبەرانـی حیـزب هەمـوو دەسـەڵاتی حیـزب لـە دەسـت خۆیاندا کۆ بکەنـەوە و بێ پـرس و مەسـئوولییەت هەمـوو کارێـک بـە نـاوی حیـزب جێبەجێ بکـەن.

هـۆی تـری ئـەم وەزعـە پشـتیوانیی سـەرۆکایەتیی پارتـی دێموکراتـی کوردسـتانی عێـراق لـەو دەسـتەیە بـوو. زۆر جـار ئیمکانـی ئـەوە پێـک هـات کـە بەشـێک لـە بەڕێوەبـەری بـە یارمەتیـی کادرەکان و ئەندامانـی حیـزب دەسـەڵاتی تاقەکەسـی کۆتایـی پـێ بهێنـێ و کاروبـاری حیزبـی بهێنێتـەوە سـەر ڕێبازێکـی ئوسـوولی، بـەڵام هەمـوو جارێـک پشـتیوانیی سـەرۆکایەتیی پارتـی لـە عەبدوڵـڵا ئیسـحاقی دەبـوو بـە کۆسـپی سـەرکەوتنی ئـەو هـەوڵ و تەقەللایـە.

هـۆی سـێهەمی ئـەم وەزعـە ڕۆڵـی عەبدوڵـڵا ئیسـحاقی بـوو. ئیسـحاقی بـۆ کوتانـی هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە نـەزەری موخالیفـی ئەویـان هەبـوو و ڕەخنەیـان لـە کارەکانـی دەگـرت، لـە هیـچ شـێوەیەک نەدەکشـاوە. ئێسـتا دەرکەوتـوە کـە تەنانـەت بـۆ بردنەسـەری مەبەسـتەکانی خـۆی ڕاسـتەخۆ بڕیـاری کوشـتنی هێنـدێ برادەری حیزبیی داوە و چەندج اریش ئـەو بڕیارانە جێبەجێ کـراون.

کۆتایی هاتنی شـەڕ لە کوردسـتانی عێراق و دەرچوونی بەیاننامەی یازدەی مارس هەلومەرجی عەینیی بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم وەزعـە کە چەند سـاڵ لە حیزبدا زاڵ بوو، پێک هێنا.

لـە مـاوەی ئـەم دە سـاڵەدا دوو ڕووداو لـە ژیانی حیزبدا پێویسـتییان بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی هەیـە: یەکـەم کۆنگرەی دووهەمـە کـە بەڕێوەبەریی ئـەو وەختـی بـە سـەرۆکایەتیی ئیسـحاقی لـە سـاڵی ١٣٤٣دا گرتـی. دیـارە کۆنگرەیـەک کـە لـە هەلومەرجێکی وادا بگیـرێ چۆن دەبێ و چۆن دەتوانـێ ئەرکـی خـۆی بەجـێ بگەیەنـێ؟ بەداخـەوە نـە شـێوەی بانگکردنـی ئـەو کۆبوونەوەیـە و نـە چەشـنی هەڵسـووڕاندن و بەڕێوەبردنـی هیـچ کام ئوسـوولی نەبـوون. نوێنەرانـی کۆنگـرە بـە چەشـنێک هەڵبژێردرابـوون کـە پێڕەوی بیروبـاوەڕی سـەرۆکایەتی بـن. زۆر کـەس لەوانـەی هەقـی بەشـداربوونیان لـە کۆنگرەدا هەبـوو، لـەم هەقـە بێبـەش کـران. هێنـدێ کەسـیش کـە لـە مـاوەی کۆبوونـەوەدا بـۆ بەشـداربوون هاتبـوون، بـە زۆری تفەنـگ ڕێگای بەشـداربوونیان نـەدرا.

بڕیارەکانـی سیاسـیی کۆنگـرە لەسـەر ڕێبـازی حیـزب، لادانـە لـە ڕێـگای حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان. بەرنامەیـەک کـە دانـراوە بێجگـە لـە پایـەی نزمـی سیاسـی و فەرهەنگـی، بەرنامـەی حیزبێکـی دواکەوتـووی ناسیۆنالیسـتە کـە لەگـەڵ ڕابـردووی پێشـکەوتنخوازیی و دێموکراتیـی

حیزبی ئێمە ڕێک ناکەوێ. هێندیک بڕیاریش لەسەر چەند کەسێک لە تێکۆشەرانی حیزب وەرگیراوە کە نموونەی زاڵبوونی شێوەی پۆلیسییە لەنێو حیزبدا.

ڕووداوێکی تر کە جێگای سەرنجە، ڕاپەڕینی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ بوو. وەزعی ناوەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٤٦ لە لایەکەوە و ئەو فشارەی کە بۆ کادرەکانی حیزب دەهات لە لایەکی ترەوە، هێندێک لە بەرێوەبەران و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناچار کرد کە کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن و بێنەوە کوردستانی ئێران. ڕێژیمی شا کەوتە ترسەوە و هێزێکی چەکداری زۆری بۆ لەنێو بردنی ئەوان تەرخان کرد. کادر و ئەندامانی حیزب بێجگە لە دەستکردنەوە و بەربەرەکانێ کردن هیچ ڕێگایەکی تریان بۆ نەمایەوە. بەم جۆرە خەباتی چەکدارانە بەسەر هێندێک لە کادر و ئەندامانی حیزبی ئێمەدا لە لایەن ڕێژیمەوە سەپێندرا. ئەو ڕاپەڕینە لە ڕووی نەخشەوە دانەندرابوو و بەپێی لێکدانەوەیەکی قووڵی هەلومەرجی کۆمەڵ پێشبینی نەکرابوو. ڕووداوێک بوو کە کارەساتی سیاسیی ڕۆژ هێنابوویە گۆڕێ.

ئەم ڕاپەڕینە هەژدە مانگ بەردەوام بوو و تەئسیریکی زۆری کردە سەر کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ئێران. زۆر هاوەڵی بەنرخی حیزب وەک سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، سولەیمان و عەبدوولڵا موعینیی تیدا شەهید کران. ڕاپەڕینی ساڵەکانی ١٣٤٧-١٣٤٦ یەکێک لە لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و جێگایەکی تایبەتیی لە مێژووی حیزبی ئێمەدا هەیە. ئەم ڕاپەڕینە لە هەلومەرجیکی ئەتۆدا دەستی پیکرد کە سەرکەوتنی دژوار بوو. لێکدانەوەیەکی کورتی هۆیەکانی تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینە و هەروەها دەرسەکانی، هەم بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی حیزبەکەمان و هەم بۆ بەرێوەبردنی خەباتی دوارۆژ بەجێیە.

ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ تێک شکا، چونکە هیچ ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکی حیزبی، ڕێکخراوێک کە ئوسوولی حیزبی تێدا رەچاو بکری، بەرێوەی نەدەبرد. ئەو کادرانەی کە سەرۆکایەتیی ڕاپەڕینەکەیان بەدەستەوە بوو، ڕاستە کە کۆمیتەیەکی شۆڕشگێریان پێک هینابوو، بەڵام بەداخەوە ئەو کۆمیتەیە جارێ زۆر لەوە دوور بوو کە شکڵی ڕێکخراوێکی حیزبێکی شۆڕشگێر بەخۆیەوە بگرێ.

ڕاپەڕینەکە بەرنامەیەکی سیاسیی ڕوونی نەبوو، بەرنامەیەک کە ڕیبازی خەبات بەچاکی دیاری بکا و کۆمەلانی بەرینی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. تەنیا ئەوەندە کە گەلی کورد دەیزانی ئەو ڕاپەڕینە بۆ ئەستاندنی مافی خوراوی ئەوە، بەس نەبوو. دیاریکردنی بەرنامەیەکی ڕوون کە داخوازیی هەموو توێژەکانی کۆمەڵی بە وردی تێدا گونجابێ، ئەرکی یەکەمی هەموو جووڵانەوەیەکی ڕەسەنە.

ڕاپەڕینی ساڵی ٤٧-٤٦ لە بارەی سیاسی و عەسکەری و فەنییەوە کادری زۆر کەم بوون. بەڕاستیش بێجگە لە چەند هەوڵی تێگەیشتوو و فیداکار، کادری ئەتۆی نەبوو کە بتوانێ ڕاپەڕینێکی بەرینی چەکدار بەرێوە بەری. بەداخەوە ڕاپەڕینەکە تاقیکردنەوەی سیاسی و عەسەریی زۆر کەم بوو. ئەم بێئەزموونییە بوو بەهۆی زۆر هەڵەی تاکتیکی و بڕیاری چەوتی ئەتۆ کە لە تێکشکانی جووڵانەوەدا کاریگەر بوو. دەتوانین تاکتیکی دیفاعیی جووڵانەوەی

چەکدار بە نموونە بێنین. ڕاپەڕینی چەکدار دەبێ تێبکۆشێ هەموو کاتێک ئیبتکاری کردەوەی بەدەستەوە بێ، لە وەختی پێویستدا پەلامار بدا، زەربە لە دوژمن بوەشێنێ و نوختەی زەعفی دوژمن بدۆزێتەوە و ئەمانی نەداتێ. ڕاپەڕینی چەکدار ئەگەر تەنیا بکەوێتە باری دیفاع لە خۆی و خۆپاراستن، هەلومەرجی تێکشکانی خۆی ئامادە دەکا.

نموونەی تر بەرینتر نەکردنی جووڵانەوەی چەکدار لە چەند مەڵبەند و خۆ کۆکردنەوە لە یەک مەڵبەند بوو کە ئەوەش ڕێگا بە دوژمن دەدا کە بەهاسانی هێزی خۆی کۆ بکاتەوە و زەربە بوەشێنێ. بەرینترکردنی مەیدانی جووڵانەوە هێزی دوژمن پەرش و بڵاو دەکا و ئیمکانی مانۆڕ بۆ ڕاپەڕینی چەکدار پێک دێنی. لە هەژدە مانگ دا ڕاپەڕین نەیتوانی ناوچەیەکی ئازاد و ڕزگارکراو پێک بێنێ کە بیکا بە بنکەی ئەساسیی خۆی و ناوەندی بەڕێوەبردنی ڕاپەڕین. هەروەها کزیی بەڕێوەبەریی خەباتی چەکدار لەوەدا بوو کە پاش ماوەیەک هەموو هیوای بە وەرگرتنی یارمەتی لە دەرەوە بوو و ئەسڵی پشت بەخۆ و بە هێزی خۆبەستنی لە بیر کردبوو. لەو سەردەمەشدا هیچ هێزێکی دەرەوەی ئەتۆ نەبوو کە بیەوێ و بتوانێ یارمەتییەکی بەنرخی ڕاپەڕینی چەکدار بدا.

بەڵام هیندێ هەلومەرجی عەینی و لە ئیرادەی بەڕێوەبەری بەدەریش لە تێکشکانی ڕاپەڕینەکەدا کاریگەر بوون. لە وەختی ڕاپەڕیندا نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێران هەلومەرجی شۆڕش ئامادە نەبوو. هەر لەبەر ئەوە بوو کە پێوەندیی ڕاپەڕین لەگەڵ هێزەکانی سەرانسەریی ئێران لە چوارچێوەیەکی تەسک دەرنەچوون و هێزە نیشتمانییەکانی ئێران نەیانتوانی یارمەتیی ئەم ڕاپەڕینە بدەن. ڕاپەڕینەکە بە تاقی تەنیا مایەوە و ڕێژیمی شا توانی بەتوندی لێی بداو لەنێوی بەرێ. نەبوونی پشتی جەبهەیەکی بەهێزیش کە بتوانێ چەک و شتومەک بە شۆڕشگێڕان بگەیەنێ، یەکێک لە هۆیەکانی تێکشکانی ڕاپەڕینی ٤٧-٤٦ بوو. بیجگە لەوە سەرۆکایەتیی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقیش دوژمنایەتیی ڕاپەڕینەکەی دەکرد.

بەم جۆرە تێکشکانی ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ جاریکی تر هیندێک ڕاستیی سەلماند. دەرکەوت کە بێ تئیوریی شۆڕشگێڕ و بێئەوەی ئەو تێئورییە لە بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسیدا گەڵاڵە بکری و بێ ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ کە بتوانێ ئەم بەرنامەیە بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و بیکا بە هێزێکی مادی، شۆڕش سەر ناکەوێ.

شۆڕش ڕووداوێکی بە ڕێکەوت نییە. پرۆسەیەکی پێویستی مێژوویییە، نوختەی گۆڕانێکە لە پەرەئەستاندنی کۆمەڵدا. لەبەر ئەوە دەبێ لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکرێ. ڕاپەڕین کە شێوەیەکی توندی خ نواندنی شۆڕشە، دەبێ پێش دەستپێکردن هەموو هەلومەرجی بخرێتە بەرچاو و بەتایبەتی شەرتەکانی زەینیی بەباشی ئامادە بکرێن. بەبێ لانیکەمی ژمارەیەک کادری تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بەگشتی و لەوەختی ڕاپەڕیندا بەبێ کادری سیاسی و عەسکەری بە تایبەتی، سەرکەوتنی ڕاپەڕین دژوارە.

دیارە پێوەندی گرتن لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشگێڕی ژوورەوە و یەکیەتیی بەکردەوە لەگەڵیان و هەروەها ڕاکێشانی بیروڕای گشتی لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات زۆر پێویستە. ڕاپەڕینی

٤٦-٤٧ هەژدە مانگ درێژەی هەبوو، بەڵام تەنانەت پاش تێکشکانیشی لە ئێران و لە دەرەوە کەم کەس دەیزانی کارەساتێکی ئاوا گرینگ لە کوردستانی ئێران رووی داوە. هەروەها تاقیکردنەوەی زۆر میللەتان و میللەتی کوردیش دەری دەخا کە بێ قایمکردنی پشتی جەبهە، بێ دابینکردنی رێگایەک کە راپەرین بتوانێ پێداویستییەکانی خۆی بەتایبەتی پێویستیی لەشکری لەوێ را دابین بکا، راپەرین دەکەوێتە تەنگانە و تووشی تەنگ و چەڵەمە دەبێ. دیارە دابینکردنی رێگا بۆ دەرەوە ناتەبایی لەگەڵ پشت بەخۆ بەستن نییە، ئەو دوو شەرتە یەکتر تەواو دەکەن.

راپەرینی ساڵی ٤٧-٤٦ لەگەڵ ئەوەش کە زۆر دەوامی نەکرد و تێک شکا و زۆربەی بەرێوەبەرانی گیانی خۆیان لە رێگای رزگاریی گەلی کورد فیدا کرد، ئەو راستییەشی جارێکی تر بەتەواوی دەرخست کە کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستان تا چ رادەیەک لە رێژیمی شا بێزارن و تا چ رادەیەک ئەو رێژیمە بە رێژیمکی زۆردار و سەر بە ئیمپریالیزم دەزانن.

لە ماوەی ئەو هەژدە مانگەدا بەچاکی ئیسبات بوو کە زۆرداریی رێژیمی شا و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو رێژیمە وای لێ کردوون بۆ هەموو چەشنە فیداکارییەک ئامادە بن و ئازایانە و قارەمانانە بەرەنگاری دوژمن دەبن. هەروەها راپەرینی ٤٧-٤٦ راستییەکی تریشی جارێکی تر خستە بەر چاوی شۆرشگێران و تەنانەت هەموو گەلی کورد. دەرکەوت کە هێزی رێژیم زۆر لەوەی کە ئیدیعا دەکا کەمترە. ئەو خاوەن دەسەڵاتە نییە کە دەیەوێ لە بەرچاوی گەلانی ئێراندا خۆی بنوێنێ.

## کۆنفرانسی دووهەم

پاش لێکدابرانی ئەندامی بەرێوبەریی حیزب و دوای کووژانەوەی راپەرینە چەکدارەکەی ساڵانی ٤٧-٤٦ حیزبی ئێمە تووشی وەزعێکی شپرزەتر بوو. بێجگە لەو هەموو کوژران و گیران و تەبعیدە کە لە ئەندامانی حیزب کرا، نەک تەنیا لە نێوخۆی وڵاتدا رێکخراوەکانی حیزب لە بەر یەک چوون، بەڵکوو لە کوردستانی عێراقیش ئەو کادر و ئەندامانەی لە دەربەدەریدا دەژیان پێوەندیی تەشکیلاتییان لێک پچرا و شوێنەوارێک لە رێکخراوی حیزبی نەمایەوە.

پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر هێندێک لە کادەرکانی حیزبی لە کوردستان عێراق لە ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٤٨دا کۆنفرانسی دووهەمی حیزب بەسترا. ئەو کۆنفرانسە هەرچەند لە هەلومەرجی بێدەرەتانییەکی زۆردا پێک هات، بەڵام هێندێک هەنگاوی بەکەلکی هەڵێنانەوە. لە نێوخۆی حیزبدا بە نیسبەت ئەو ئەندام و کادرانەی حیزب کە لە کوردستانی عێراق دەژیان، یەکیەتیی بیروباوەر و کردەوەیەکی نیسبەتەن باشی پێک هێنا و بەرێوەبەرایەتییەکی هەڵبژارد کە بۆ ژیاندنەوەی رێکخراوی حیزبی لەنێو ئەندامانی دەربەدەر و ئاوارەی حیزبدا هەوڵێکی بەکەلکی دا.

## کۆنفڕانسی سێهەم

پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ کە مانای ڕاگرتنی شەڕ و سەرکەوتنی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و هەموو هێزە دێموکراتیەکانی عێراق بوو، و هەروەها مافە ڕەواکانی گەلی کوردی بە شێوەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوی کۆماری عێراقدا دیاری دەکرد، وەزعێکی لەبار بۆ تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات. بێجگە لەوە دوورکەوتنەوەی عەبدوڵڵا ئیسحاقی و لایەنگرانی لە سەرۆکایەتیی حیزب و گەڕانەوەی هیندێک برادەری دڵسۆز بۆ نێو بەرێوەبەرایەتیی حیزب، ڕێگای یەکگرتنەوەی ڕێزەکانی حیزبی خۆش کرد. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تەنگ و چەڵەمە هاتنە پێش. سەرۆکایەتی توانی لە مانگی جۆزەردانی ١٣٥٠دا کۆنفڕانسی حیزب بانگ بکا. زەمینەی فیکری و سیاسیی کۆنفڕانسی سێهەم تا ڕادەیەکی زۆر ئامادە ببوو، گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی حیزب نووسرابوو و لە لایەن ئەندامان و کادرەکانی حیزبەوە باسی لەسەر کرابوو. «کوردستان»، ئۆرگانی ناوەندیی حیزب چەند مانگ بوو بە ڕێکوپێکی دەردەچوو و کاری تەشکیلاتیی ڕێکوپێک بەرەبەرە پەرەی دەگرت. کۆنفڕانس بەتەواوی سەرکەوتوو بوو. بەرنامەی حیزبی پەسند کرد کە بۆ ماوەیەک ستراتیژی و ڕێبازی حیزب ڕوون دەکاتەوە. بەرنامەیەک کە لەگەڵ واقیعی ژیانی وڵاتەکەمان ڕێک دەکەوێ و داخوازەکانی گەلی کوردی بە کورتی و ڕوونی تێدا کاڵ کراوە. بە جۆرێک کە جێبەجێ بوونی ئەم بەرنامەیە وەدیهاتنی ئاواتەکانی کۆمەڵانی گەلە و بۆ خەبات و تێکۆشان هانیان دەدا. ئەم بەرنامەیە پاش لێکدانەوەی قووڵی وەزعی کوردستانی ئێران، قۆناغی خەباتی ئیمڕۆی گەلانی ئێران و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران و هەروەها وەزعی گشتیی مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وەزعی سیاسی نێو دەوڵەتان داندراوە. بەرنامەی حیزبی ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کە زانستییە و لێکدانەوەی قووڵی کۆمەڵی کوردستانی ئێرانی تێدایە، بە زمانێکی سادەی ئەتۆ نووسراوە کە هیندێک گیروگرفتی زۆر ئاڵۆزی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی بە شێوەیەکی ڕوون کە هەموو کەس بتوانێ وەری بگرێ، هیناوەتە گۆڕێ. هەروەها پێڕەوی حیزبی ئێمە کە لە کۆنفڕانسدا پەسند کرا، پێڕەوی حیزبێکی دێموکراتییە کە ئوسوولی هەڵسووڕانی کاروباری ناوەوەی حیزب دیاری دەکا. لە هەلومەرجی نهێنیی ئێستادا ئەوەندی کە زیان لە جووڵانەوەی یەکگرتنی ڕیزەکانی حیزب نەدا ڕێگا بە دێموکراسی لە ناوەوەی حیزبدا دراوە. نوێنەرانی کۆنگرە باش دەزانن کە ئەو ئوسوولە بەکردەوەش هەر جێبەجێ بووە.

کۆنفڕانسی سێهەم کۆمیتەی ناوەندەیی نوێی حیزبی هەڵبژارد و بەم جۆرە پاش چەند ساڵان ئۆرگانەکانی حیزبی شێوەی قانوونی و ئوسوولییان بەخۆوە گرت.

بێگومان کۆنفڕانسی سێهەم لە مێژووی حیزبی ئێمەدا نوختەیەکی گۆڕان بوو و چەند ئەرکی زۆر گرینگی جێبەجێ کرد. بەر لە هەموو شتێک دوایی بە چەند دەستەیی و سەر لێشێواوی لە ناوەوەی حیزبدا هێنا و ڕێکخراوێکی یەکپارچەی حیزبی ئەوتۆی پێک هێنا کە ئەمڕۆ دوو ساڵ پاش لە کۆنفڕانس لە کوردستانی ئێران و لە دەرەوەی حیزبی ئێمە لە لایەن ڕێکخراوەکانی نیشتمانی و دێموکراتیەوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان ناسراوە.

پاش کۆنفڕانسی سێهەم تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندی هاتە سەر چوار مەسەلەی ئەساسی:

١- یەکخستنی ڕیزەکانی حیزبی لە باری فیکری و سیاسییەوە لەسەر ئەساسی بەرنامەی

حیزب.

٢- دامەزراندنەوەی ئوسوولی حیزبی یانی تەتبیقی پێڕەو لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبیدا.

٣- هەوڵدان بۆ بووژاندەنەوی ڕێکخراوەکانی حیزبی و پێکهێنانی تەشکیلاتێکی شۆڕشگێڕ کە بتوانێ بەرامبەر بە سازمانی ئەمنییەت خۆ بپارێزێ و ببێ بە ڕێنوێنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی شا بۆ وەدیهێنانی دروشمی ئەسڵیی حیزبەکەمان کە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە.

٤- ناساندنی حیزب لە ئێران و لە دەرەوە و دامەزراندنی پێوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ ڕێکخراو و حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتووەکان.

دەتوانین بڵێین کۆمیتەی ناوەندی لە جێبەجێکردنی ئەرکی یەکخستنی فیکری و سیاسیی ئەندامانی حیزبدا سەرکەوتوە. کۆمیتەی ناوەندی هەم لە ڕێگەی ڕۆژنامەی کوردستان و نامیلکەی «تێکۆشەر» و بڵاوکردنەوەی کتێبەوە و هەم بە ڕوونکردنەوەی ڕاستەوخۆی کادر و ئەندامەکان چ لە کۆبوونەوەکاندا و چ بە تایبەتی لە کلاسی کادردا هەم ئەرکەی جێبەجێ کردوە. لەسەر کلاسی کادر دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەوەدا کە ئیمکاناتی ئێمە کەم بووە، بەڵام هیچ برادەرێکی حیزبی کە هەلومەرجی بەشداربوونی تێدا بووە لە کلاسی کادر بێبەش نەکراوە.

دیارە لە بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی حیزبدا ڕۆژنامەی «کوردستان» وەک ئۆرگانی ناوەندیی حیزب جێگایەکی تایبەتی هەیە. تا ئێستا ٢٨ ژمارەی «کوردستان» درچووە، ئەوە زیاتر لە دوو ساڵ و نیوە «کوردستان» بە ڕیکوپیکی بڵاو دەبێتەوە. جاروبار هێندێک کەند و کۆسپی چاپ و هیتر دەرچوونی ڕۆژنامەکەیان وەدەرەنگ خستوە. بەڵام خوێنەرانی «کوردستان» چ لە ئێران و چ لە دەرەوە زۆر چاوەڕوانی نەبوون و هەر گەیشتووەتە دەستیان. «کوردستان» نەک هەر بیروباوەڕی حیزبی بڵاو کردۆتەوە، بەڵکوو نەخشی ڕێکخستنیشی هەبووە. کۆمیتەی ناوەندی هەر لە ڕۆژی یەکەمی بڵاوکردنەوەی «کوردستان»ەوە بۆ ئاگادارکردنی هەموو گەلانی ئێران لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لەو بڕوایەدا بوو کە «کوردستان» دەبێ پاشکۆیەکی فارسیشی هەبێ. لە ژمارەی یازدەوە ئەم ئەرکەش جێبەجێ کرا و لەو وەختەوە پاشکۆی فارسیی ڕۆژنامەی کوردستانیش بە ڕێکوپێکی بڵاو دەکرێتەوە. بە شانازییەوە دەبێ بڵێین کە «کوردستان» بە پایەی بەرزی سیاسی و خەباتی ئوسوولی موسبەتی هەموو لایی خۆیەوە جێگایەکی تایبەتی لەنێو ڕۆژنامەکانی دژی ڕێژیم ئێران و لە ناو چاپەمەنیی کوردیدا پەیدا کردوە. ئەوەش بڵێین کە «کوردستان» لە باری خزمەت بە زمانی کوردیشەوە جێگایەکی بەرزی هەیە و بەبێ لەخۆبایی بوون دەتوانین بڵێین یەکێک لە باشترین ڕۆژنامەکانی کوردییە. دیارە «کوردستان» کەم و کورتیشی زۆرە بەتایبەتی لە دوو نوختەی ئەساسی دەبێ دەستەی نووسەران زیاتر هەوڵ بدا: یەکەم دەنگوباسی وڵات زیاتر بڵاو بکاتەوە و زیاتر دەردی دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بخاتە بەر چاوی خوێنەران و لێیان نیزیکتر بێتەوە. دووهەم، ژمارەی نووسەرانی خۆی زیاتر بکا و وانەبێ زیاتر نووسراوەکان هەرهی دەستەی نوسەران بن. دەبێ ئەندامان و کادرەکان و تەنانەت لایەنگرانی حیزبیش لە بەرزترکردنی پایەی ڕۆژنامەکە، لە نیزیکتر کردنەوەی لە کۆمەڵانی خەڵک و جالیبتر کردنی لاپەڕەکانیدا بەجۆرێک کە کۆمەڵانی خەڵک

زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، زیاتر لە جاران بەشداری بکەن.

هێنانەدیی ئەرکی دووهەم یانی دامەزرانەوەی ئوسوولی حیزبی و تەتبیقی پێڕەو لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبیدا کارێکی هاسان نەبوو. چەند ساڵ بێ سەرەوبەرەیی، بێدیسیپلینی و دوورکەوتنەوە لە ئوسوولی حیزبی زۆر کەس لە ئەندامانی حیزبی وا بار هێنابوو کە بە خەیاڵی خۆیان حیزبایەتیان دەکرد، بەڵام ئەو بەقسە حیزبایەتییە زۆر لە ئوسوولی حیزبی و لە سانترالیزمی دێموکراتی دوور بوو کە بریتییە لەوە کە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی هەڵدەبژێردرێن. ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە و کەمایەتی پەیڕەوی زۆربەی ئەندامانە لەنێو حیزبدا، بۆ هەموو ئەندامانی حیزبی بەبێ جیاواز یەک دیسیپلین هەیە و باسکردن و بڕیاردان دەستە جەمعییە، بڕیاری ئۆرگانەکانی سەروو لە لایەن ئۆرگانەکانی خواروو دەبێ جێبەجێ بکرێ. کومیتەی ناوەندی هەم لە نێوخۆی و هەم لەنێو هەموو حیزبدا بۆ تەتبیقی ئەو ئەسڵانە تێکۆشاوە، بەڵام تەبیعییە کە ئوسوول بە ساڵ و دوو ساڵ دانامەزرێتەوە، ئەوەیش بەتایبەتی ئەگەر ماوەیەکی درێژ وەلانرابێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەسڵانە بەگشتی ئێستا لە حیزبدا تاڕادەیەکی زۆر جێگیربوون و بە کاری شێلگیر دەکرێ کە بەتەواوی جێگیر بن.

وەدیهێنانی ئەرکی سێهەم لە هەموو ئەرکەکان گرانتر بوو. هەرچەند بناخەی تەشکیلاتی نوێی حیزب دامەزراوە، بەڵام جارێ دووریـن لەوەی کە بتوانین بڵێین ڕێکخراوەکانی حیزب بووژاونەتەوە. بە ڕاستیش ئەم کارە کارێکی ورد و درێژخایەنە. کاتێکی زۆر و تێکۆشانی ڕێکوپێکی دەوێ و لە هەمووان گرینگتر ژیری و زیرەکی و تێگەیشتن و تەجرووبە بەکارهێنان وپێی پلان ڕۆیشتنی دەوێ. تاقیکردنەوە نیشان دەدا کە شێوەی دامەزراندنی ڕێکخراوی هەستەیی باشترین شێوەیەکە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای خەباتی ئێمە ڕێک دەکەوێ. شەهیدبوونی هاوڕێی بەنرخ «قادر وێردی»، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی جارێکتر ئەو ڕاستییەی دەرخست کە نابێ دوژمن بە چووک و نەزان دابنێین.

هیچ بەرپرسێکی حیزبی نابێ ئوسوولی نهێنیکاری لەژێر پێ بنێ و دەبێ لە تێکۆشانی خۆیدا زۆر وردتر و زۆر وریاتر لەجاران بچێتە پێش. ئەرکی ئەساسیی کۆمیتەی ناوەندی پاش کۆنگرە دەبێ بووژاندنەوەی تەشکیلاتی حیزبی لە سەرانسەری کوردستاندا بێ.

لە بەجێ گەیاندنی ئەرکی چوارەم کە ناساندنی حیزب لە ئێران و لە دەرەوە و دامەزراندنی پێوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ ڕێکخراو و حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتووکان بوو، کۆمیتەی ناوەندی سەرکەوتنی زۆر بووە. بەرنامەی ئێمە بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕاوە و چاپ بووە و بۆ دەیان ڕێکخراوی پێشکەوتووی ئێران و دەرەوە نێردراوە. لەگەڵ هێندێک لە حیزبە سیاسیەکان پێوەندی ڕاستەوخۆمان دامەزراندوە. نوێنەری حیزبی ئێمە لە هێندێک کۆنفرانسی نێونەتەوایەتیدا بەشدار بووە. کومیتەی ناوەندی بۆ پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئێرانی و دەرەوە هەوڵێکی زۆری داوە.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرجار لە چاپەمەنیی حیزبیشدا ڕایگەیاندوە کە هێزی ڕێژیمی شا لە نەبوونی یەکگرتن و یەکیەتیی بەکردەوە لە نێو هەموو ئەو هێزانەدایە کە دژی ڕێژیمی شا خەبات دەکەن. ئەوەندەی لە ئیمکانیدا بووە کومیتەی ناوەندی بۆ لێک نیزیک خستنەوەی حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی ئێران هەوڵی داوە.

تەنانەت وەک تاقە حیزبێک چەند بەندێکی ئەساسیی وەک بەرنامەی جەبهەی یەکگرتوو لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو کردۆتەوە. ئێمە ئێستاش هەر لەو باوەڕەداین کە ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی ئێرانی دەبێ لەسەر لانی کەمی بەرنامە ڕێک کەون. هەتا هەریەک لەوان بە تەنیا خەبات دەکا سەرکەوتن ئەگەر محاڵ نەبێ زۆر دوژوارە. دوژمن هەموو هێزی خۆی کۆ کردۆتەوە بە کەلکوەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتی دەرەوە کە پشتیوانی ئیمپریالیستەکان و ئیمکاناتی ژوورەوە کە هەموو دەزگای ڕێژیمی پۆلیسی و پشتیوانی توێژە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵی ئێرانە، هاتۆتە مەیدانی بەربەرەکانییەوە. ئەگەر هێزە نیشتمانییەکان ڕێک نەکەون و یەکیەتیی کردەوە لە نێویاندا پێک نەیە، مەترسیی زەربەخواردنیان زیاترە و ئیمکانی سەرکەوتنیان کەمترە. بەڵام ڕێککەوتنی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران پاش چەندین ساڵ لیک دوورکەوتنەوە و دژی یەکتر جووڵانەوە، وا هاسان نییە. بۆیە دەبێ کومیتەی ناوەندی هەوڵ و تەقەلای خۆی بۆ نیزیککردنەوەی ڕێکخراوەکانی نیشتمانیی ئێران و پێکهێنانی یەکیەتیی لە نێو ئەواندا تا ڕادەی دامەزرانی بەرەیەکی بەرینی نیشتمانی درێژە پێبدا.

کومیتەی ناوەندی هەوڵی داوە حیزبی ئێمە لە دەرەوەی وڵات بناسێنێ و سەرنج و خۆشەویستی گەلانی جیهان بۆ لای خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ڕابکێشێ. دەتوانین بڵێین حیزبی ئێمە لە مێژوویی ٢٨ ساڵەی خۆیدا هەرگیز ئەو هەموو پێوەندییەی نەبووە و نەشیتوانیوە خۆی هەتا ئەو ڕادەیە بناسێنێ. بەڵام دیسانەکە دەبێ لەم بارەوە کارێکی زیاتر بکرێ، بە هەر چەشنێک کە بیر و باوەڕی حیزبی ئێمە و هەروەها خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێکوپێکی بناسێندرێ.

## ٤- هەلومەرجی ئێستای تێکۆشانی حیزب

### الف- وەزعی نێونەتەوایەتی

لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبەوە هەتا ئێستا سیمای سیاسیی نێونەتەوایەتی جیهان بەتەواوی گۆڕاوە. سەردەمی ئێمە، سەردەمی کزبوونی ئیمپریالیزم، سەردەمی بەیەکجاری لەنێوچوونی ئیستعمار و ڕزگاربوونی نەتەوە زۆرلێکراوەکان و سەردەمی پێشکەوتنی هێزەکانی سۆسیالیستی و دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستییە. لە ماوەی ٢٨ ساڵ کە لە شەڕی دووهەمی جیهانی تێپەڕیوە، بە دەیان نەتەوە لە ئاسیا و ئافریقا سەربەخۆییان وەرگرتوە. ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە ٥٠ کەمتر بووە، گەیشتۆتە ١٣٧ دەوڵەت. بێجگە لە هیندێ ناوچەی ئەفریقا وڵاتی موستەعمەرەی گرینگ لە سەرانسەری جیهاندا نەماوە.

نفووزی وڵاتە ئیمپریالیستەکان لە جیهاندا ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر دەبێ. ئینگلیستان و فەڕانسە و ژاپۆن و ئیتالیا و هولەند بەگشتی موستەعمەرەکانیان لەدەست داوە و نفووزیان کەم بۆتەوە. نفووزی ئیمپریالیزمی ئەمریکاش کە لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بوو بە وڵاتی ئیمپریالیستیی هەرە بەهێز و هەرە دەسەڵاتدار، ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر دەبێ. سەرکەوتنی گەلی کووبا کە ئێستا خەریکی دروستکردنی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیە، ئەمریکای لاتینیشی خستۆتە جووڵانەوەکی نەدیتراو کە هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر ناوچەی هەرە باوەڕپێکراوی ئیمپریالیزمی

ئەمریکا بوو. ڕووداوەکانی شیلی و ئارژانتین و وڵاتانی دیکە ئەمریکای لاتین نیشان دەدەن کە ئەمریکا ئیتر لە توانایدا نییە بەرگری لە خەباتی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئەمریکای لاتین بکا. لە ڕاستیدا کارەساتی ڕزگاری لە ژێردەستیی ئیستعمار لە زۆر وڵاتانی جیهاندا گۆڕانی قووڵی کۆمەڵایەتیی دەگەڵ بووە. چینە زۆردار و کۆنەپەرستەکانی سەر بە ئیمپریالیزم کە لەسەر کاربوون، دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییان لەدەست داوە و هێزی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ ئازادیی کردەوەیان وەدەست هێناوە کە دەیانەوێ و ئیمکانیشیان بۆ پێک هاتوە کە بتوانن کۆمەڵێکی پێشکەوتووتر دروست بکەن، کۆمەڵێک کە وەڵامدەری داخوازەکانی ئادەمیزادی بەشی سێهەمی چەرخی بیستەم بێ.

بەڵام جیاوازی لەنێو ئەو وڵاتانەی کە لە باری ئابوورییەوە پێش کەوتوون و وڵاتانی پەرەئەستێن یەک جار زۆرە. لە حاڵێکدا کە سەدان میلیۆن کەس لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین لە پێداویستیی سەرەتایی بێبەشن، لە هێندێ وڵاتان پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتووان بەرزە و شتوومەک بە لێشاو دەکەێنەوە دەست کۆمەڵانی خەڵک. لە سیاسەتی ئێستای وڵاتەکانی سەرمایەداری لە ئورووپا و ئەمریکادا هیچ دیارەدەیەکی بەرچاوی ئەوتۆ نابینرێ کە نیشانەی گۆڕانی ئەم وەزعە بێ. بە پێچەوانە میللەتە هەژارەکان هەر دە هەژاری و کوێرەوەریدا دەژین و میللەتە پێشکەوتووەکان ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن. بەڕاستیش تراژیدی و بەدبەختیی بەشەرییەتە کە لە لایەکەوە نوێنەرانی لە مانگ پیاسە دەکەن و لە لایەکی ترەوە چەند سەد میلیۆن کەس لە سەرانسەری دنیا تێر نان ناخۆن و تەنانەت ڕاست و ڕەوان لە برسانیش دەمرن.

دەگەڵ ئەوە، نەتەوە زۆرلێکراوەکانی پێشوو بەرە بەرە تەئسیریان لە داڕشتنی سیاسەتی جیهانیدا زیاتر دەبێ. ئێستا بەرەیەکی زۆر بەرین لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی و دێموکرات، لەو وڵاتانەی کە سەربەخۆییان وەرگرتوە، لە نەتەوەکانی ئەو وڵاتانە کە بۆ سەربەستیی خۆیان خەبات دەکەن، پێک هاتوە. ئەم بەرەیە دژی سیاسەتی زۆرداریی وڵاتەکانی ئیمپریالیستی بەرەبەرەکانی دەکا، چونکە بیروڕای گشتیی هەموو وڵاتانی دەگەڵە بۆتە هێزێکی گرینگی سیاسەتی جیهانی. وەزعێکی ئەوتۆ پێک هاتوە کە نەتەوە زۆرلێکراوەکان و تەنانەت نەتەوە بچووکەکانیش پشتئەستوور بە هێزی خۆیان بتوانن لە هاودەردیی ئەم بەرە دژی ئیمپریالیستییە کەلک وەربگرن و مافە ڕەواکانی خۆیان وەدەست بهێنن. سەرکەوتنی گەلی ویتنام بەسەر ئیمپریالیزمی ئەمریکا، بەهێزترین و هارترین هێزی زۆرداردا پاش چەندین ساڵ شەڕ، نموونەیەکی تروسکەداری هێزی گەلانی جیهانە. ئەم سەرکەوتنە جارێکیتر ئەو ڕاستییە مێژووییەی سەلماند کە ئەگەرگەلێک با بچووکیش بێ، بەدڵەوە و فیداکارانە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی ڕاپەڕێ و پشتیوانیی هێزە پێشکەوتووەکانی جیهان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، هیچ هێزێک لە وزەیدا نییە بیشکێنێ. ئەوە بۆ هەموو گەلانی زۆرلیکراو و بۆ گەلی کوردیش دەرسێکی زۆر بەنرخە.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا تووشی گۆڕانێکی هەموولایی بووە. خەباتی دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئەم ناوچەیە گەیشتۆتە پلەیەکی زۆر بەرز. وڵاتە عەرەبەکانی ژێردەست سەربەخۆییان وەدەست هێناوە، پەیمانی بەغداد کە ساڵی ١٩٥٥ لەنێو وڵاتەکانی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستیی ئەم ناوچەیەدا بەسترابوو، بە سەرکەوتنی شۆڕشی

١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ ی گەلانی عێراق هەڵوەشا و پاشماوەکەی کە پەیمانی سەنتۆیە، پاش لێکپچرانی پاکستان و پێکهاتنی کۆماری بەنگلادیش بێسوود بووە و بێتەئسیر بوونی خۆی نیشان داوە. زۆر لە وڵاتانی مەڵبەند لە میسرەوە بگرە تا عێراق و ئەفغانستان لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتی ڕزگارکراون. دیارە وڵاتە ئیمپریالیستەکان بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ئینگلیستانی وەپاش خۆی داوە، دەستی لە قازانج و نفووزی خۆی هەڵنەگرتوە. تەنیا ئەوەیە کە ئامانجیان گۆڕاوە. لە ساڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئامانجە سراتیژییەکانی وڵاتەکانی ئیمپریالیستی بەتایبەتی ئەمریکا کە سیاسەتی شەڕهەڵایسێڕانەیان هەبوو و دەیانەویست گەمارۆی یەکیەتیی سۆڤییەت بدەن، لە قازانجەکانی ئابوورییان گرنگتر بوون. بۆیە تورکیە لەبەر ئەوە کە دڕاوسێی یەکیەتیی سۆڤییەت بوو و ڕیگای دامەزراندنی بنکەی نیزامیی بە ئەمریکا دابوو، لە پلانی ستراتیژیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پلەی یەکەمدا بوو پاکستان لەبەر ئەوە کە ژمارەی دانیشتووانی خۆی لە سەد میلیۆن دەدا و بە ئاڵقەی پێوەندیی نێوانی پەیمانی سیتو و پەیمانی بەغداد داندرابوو و وەزنەیەک بوو بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، جێگایەکی تایبەتی لە ستراتیژیی ئەمریکادا بۆ دیاری کرابوو. ئیستاش ئەمریکا دەیەوێ لە پاکستان دژی سیاسەتی بێلایەنیی هیندوستان کەلک وەربگرێ. لەبەر ئەوە کە دووبەشی پاکستان لێک پچڕان و دەوڵەتی سەربەخۆی بەنگلادیش پێک هات و پاکستان بە کردەوە لەباری جوغرافیاییەوە پێوەندی لەگەڵ پەیمانی سیتۆ نەما، نرخی پاکستان لە بەرچاوی ئیمپریالیستەکان هاتە خوارێ. بە دۆزینەوەی چەکی ئیستراتیژیکی و مووشەکیی ئەنگیوە و دوورهاوێژ، بنکە نیزامییەکان ئەهمییەتی جارانیان نەماوە. بەم جۆرە تورکیە ئیتر بە یاریدەدەری هەرە گرینگی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست حیساب ناکرێ و ئەرتەشی تورکیەش ئێستا بە هێزی زەربەوەشاندن ناژمێردرێ.

زەخیرەی نەوتی ئەمریکا بەرەو تەواوبوون دەڕوا. وادێتە بەر چاو کە تا ئاخری سەدەی بیستەمیش هیچ سەرچاوەیەکی تری ئینیرژیی نییە کە بتوانێ جێگای نەوت و گاز بگرێتەوە و بەقەدەر ئەوانیش ئیقتیسادی بێ. بەپێی حیسابی پسپۆڕان لە ساڵی ١٩٨٥ واتە دوازدە ساڵیتر ئەمریکا و ئوروپا و ژاپۆن پێویستیان بەوە دەبێ کە ٢٥٠٠ میلیۆن تۆن نەوت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە وارید بکەن کە لەمانە ئەمریکا بەتەنێ پێداویستیی بە ١٠٠٠ میلیۆن تۆن دەبێ.

ئێران وەک دەوڵەتێک کە لە باری جوغرافیاییەوە بە سەر مەڵبەندی پڕ لە نەوەتی خەلیجدا زاڵە و ڕێژیمیکی کۆنەپەرستی وەک ڕیژیمی شای تێدا دەسەڵاتدراوە کە بوون و نەبوونی خۆی بە قازانجی ئیمپریالیزمەوە بەستوە، باشترین یاریدەدەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، بێئابڕوو بوونی ئیمپریالیزم لە بەر چاوی گەلانی وڵاتە عەرەبیەکان بە چەشنێک کە حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی عەرەبیش ناوێرن بەئاشکرا بەستراوەیی خۆیان بە ئیمپریالیزم نیشان بدەن لە لایەک و، ئامادەبوونی ڕێژیمی شا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی ئیمپریالیزم بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە لایەکی تر، هەروەها ئیمکانی ئابووری و جوغرافیایی و ئینسانیی ئێران وایان لێ کردوە کە ببێ بە بنکەی هەرەگەوەری سیاسی و عەسکەریی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیای نێوەڕاستدا. بەم جۆرە

ئێران لە ستراتیژیی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا لە تورکیە و پاکستانیش وەپێشتر کەوتوە. کڕینی زیاتر لە چوار میلیارد دۆلار چەک لە ئەمریکا و سەدان میلیۆن دۆلاریتر لە ئینگلیستانیش لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە نیشانەی ئەو ڕۆڵە گرینگەیە کە لە سیاسەتی ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئێران دراوە. ڕێژیمی پاشایەتیی ئێرانیش بە کڕینی ئەم چەکانە دەیەوێ جێگای خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهێزتر بکا و هێندێ ئاواتی لەمێژینەی مەزنیخوازی و پانئێرانیستیی خۆی لە خەلیج و جێگایتر بە زیانی وڵاتەکانی دراوسێ بێنێتە دی و بتوانێ نەخشی ژاندارمی ناوچە بەجێ بهێنێ و بەرگری لە پەرەستاندنی خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران بکا. بەڕاستی ئێران ئێستا کلیلی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. هاتنە سەر کاری ڕێژیمێکی نیشتمانی لە ئێران نەک هەر قازانجە نەوتییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی سەرمایەدارییتر لە هەموو مەڵبەندی خەلیج دەخاتە مەترسییەوە و ناچاری دەکا کە نەوت بە نرخی بازرگانی، واتە زۆرگرانتر لە ئێستا بکرێ، بەڵکوو ڕێگا بۆ سەرکەوتنی جووڵانەوەی نیشتمانی و دێموکراتی لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵات و ئاسیای نێوەڕاست خۆش دەکا و دەبێتە هۆی نەهێشتنی نفوزی ئیمپریالیزم لەم ناوچەیەدا. بۆیە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بە هەموو هێزیانەوە تێدەکۆشن نەهێڵن هیچ بنکەیەکی دێموکراتی و ڕزگاریخوازی لەم ناوچەیەدا پێک بێ. دوژمنایەتیی ڕێژیمی شا دەگەڵ کۆماری عێراق هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرێ. کۆماری عێراق لەم چەند ساڵەدا زۆر هەنگاوی گرنگی بەرەوپێش هەڵێناوە. لەمانە بە تایبەتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی یازدەی مارسی ١٩٧٠ کە بناخەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی کورد لە عیراق دادەنێ و مافی خودموختاری بە گەلی کورد دەدا، میللیکردنی نەوتی کەرکووک، دانانی بناخەی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتوو، ڕێگا خۆشکردن بۆ ڕێژیمێکی دێموکراتی، هێندێ ئیسلاحاتی قووڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەهیزکردنی پێوەندی دەگەڵ وڵاتانی سۆسیالستی و جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهانی، دەتوانین ناو بەرین. بۆیە ئیمپریالیزم و ڕێژیمی شا بە هەموو هێزی خۆیان لە هەموو ڕێگایەوە خەریکن دژی ئەو بنکەی دژی ئیمپریالیستییە پلان ساز دەکەن و بۆ ئەو مەبەستە دەگەڵ هەموو هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچە هاوکاری دەکەن. چەسپاوتربوونی یەکیەتی لەنێو هێزەکانی دێموکراتی و نیشتمانی عێراق عاملی هەرە گرنگ بۆ بەرگری لە سەرکەوتنی ئەم پلانانەیە.

### ب- وەزعی ئێران

لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە زۆر گۆڕاوە. وەزعی گشتیی دینا ئەوەندە خێرا دەگۆڕێ کە نەدکرا ئێران لەم گۆڕانە خۆی دوور ڕابگرێ.

بەڵام ئەو گۆڕانەی کە ئێران تووشی بووە، هێندێ سروشتی تایبەتیی خۆی هەیە. یەکەم ئەو گۆڕانە وەڵامدەری ئیمکانەکانی ئابووری و تەبیعی و ئینسانیی ئێرانی نییە و دەگەڵ هەموو پروپاگەندەی ڕێژیم، لە ئێران ئێستاش لە هەموو باریکەوە وڵاتێکی پاشکەوتوە. دووهەم ئەو هەڵدانی ئابوورییە خێرایە کە خزمەتکارانی ڕێژیمی شا دەهۆڵی بۆ لێ دەدەن، زیاتر بە قازانجی چینە دەسەڵاتدارەکانی ئێران و بەتایبەتی بورژوازیی کومپرادۆر، جیرەخۆرانی سەر بە دەربار و حکوومەت بووە و کۆمەڵانی بەرینی خەڵک ئێستاش هەر لە هەژاری

و کوێرەوریدا دەژین. ئێستاش هەر زۆربەی خەڵکی ئیران نەخوێندەوارن و لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی بێبەشن. سێهەم، ئەو گۆڕانە بریتییە لە خۆشکردنی ڕێگای پەرەئەستاندنی سەرمایەداری. دابەشکردنی زەوی یا فرۆشتنی بە جووتیاران، گۆڕینی تەرکیبی کۆمەڵایەتی لادێ، بە مەبەستری پێکهێنانی بۆرژۆوازیی لادێیە کە لە وردە مالیکەکان و وەرزێرانی دەوڵەمەند پێکهاتوە. هەروەها ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم کە پشتیوانی لە ئەسڵەکانی «شۆڕشی سپی» دەکەن، مەبەستیان بەرینترکردنی بازاڕی سەرمایەداری و پێکهێنانی بورژوازییە لە لادێ کە ببێ بە بنکەی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و ڕێگای پەرەئەستاندنی سەرمایەداری خۆش بکا. لە سەنعەت و بازرگانی و بانکاریشدا مەبەست هەر ئامادەکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ هەڵدانی سەرمایەدارییە. دیارە»شۆڕشی سپی» تەقەللایەکە بۆ دروستکردنی سەرمایەدارییەکی ئەتۆ کە»پەسند کراو» بێ و ئەوەندە کە بگونجێ ڕق و بیزاریی کۆمەڵانی خەڵک هەڵنەستێنێ. بەڵام تاقیکردنەوە نیشانی داوە کە گرتنەپێشی ڕێگای سەرمایەداری لە وڵاتێکی پاشکەوتوودا بەهەر شکڵ و شێوەیەک خۆی بنوێنێ، لە سەردەمی ئێستادا ڕێگایەکی چەوتە و بە زیانی کۆمەڵانی خەڵکە.

چوارەم سروشتی تایبەتی ئەم گۆڕانە هەوڵدانە بۆ زاڵکردنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری لە کۆمەڵی ئیراندا. ئەم پرۆسە هێندێ ناتەبایی لەنێودا هەیە. لە لایەکەوە گرتنەپێشی ڕێگای سەرمایەداری دەبێتە هۆی پەرئەستاندنی بورژوازیی نیشتمانی و هەروەها چینی کرێکار کە بەگشتی دژی نفووزی ئابووری و سیاسی ئیمپریالیزمن، لە لایەکیترەوە ڕێژیمی شا سەرمایەی بێگانە لە هەموو بنکە ئابوورییەکانی وڵاتدا بەهێز دەکا و ئیمکانی تایبەتی بۆ پێکدێنێ و ئابووریی وڵات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بە سەرمایەی بێگانەوە دەبەستێتەوە. بەم جۆرە سەرمایەی بێگانە کۆسپێکە لەسەر ڕێگای پێگەیشتنی بورژوازیی نیشتمانی. ڕاستە کە ئێستا کۆنسورسیۆم ڕاستەخۆ سەنعەتی نەوتی ئێرانی بەدەستەوە نییە، بەڵام لە کاتێکدا وڵاتانی وەک عێراق و لیبی نەوتی خۆیان میللی دەکەن، شا بەڵێنی دەدا کە هەتا بیست ساڵیتر نەوتی ئێران بەن رخێک کە کۆنسورسیۆم دایدەنێ، پێی بفرۆشێ. بەپێی داوای کۆنسورسیۆم ئەوەندەش خێرا نەوتەکە دەردێنێ کە هەتا ئاخیری ئەم چەرخە چاڵەکانی نەوتی ئێران ویشک دەبن. بەکورتی سەنعەتی نەوتی ئێران بەشێکە لە ئابووریی وڵاتانی ئیمپریالیستی، ئیتر ئابووریی ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا پێویستیی بەو هەموو نەوتە هەیە یا نا، ئەوە بۆ ڕێژیمی شا گرینگ نییە. بەم جۆرە ڕێژیمی شا نەک هەر خەیانەت بە نەسڵی ئێستا، بەڵکوو بە نەسڵەکانی داهاتووی ئێرانیش دەکا. دیارە کە ئەم ڕێژیمە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا پەیڕەوی لە ئیمپریالیزم، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکا. هەم لە پەیمانی سەنتۆدا ئەندامە و هەم پەیمانی دووقوڵیی نیزامیی دەگەڵ ئەمریکا هەیە و هەزاران موستەشاری ئەمریکایی بەسەر لەشکر و پۆلیس و ژاندرمری و ئیدارەکانی ئیران زاڵن و پاش پەسندکرانی قانوونی کاپیتۆلاسیۆن پێڕەوی قانوونەکانی ئێرانیش نین و ئیران بە چاوی موستەعمەرە تەماشا دەکەن.

پێنجەم، ئەم گۆڕانە ئابووری و کۆمەڵایەتییە، گۆڕانی جەوهەریی سیاسیی دەگەڵ نییە. لە کاتێکدا بورژوازیی نیشتمانی و چینە ناونجییەکان لە شار و لە دێ هێزێکی زۆری ئابووری و

کۆمەڵایەتییان پەیدا کردوە و ژمارەی کرێکارانی سەنعەتی ئێران سەر لە میلیون دەدا، دەسەڵاتی سیاسی هەر بەدەست شا و دەربار و جیرەخۆرانیەتی. نەک هەر هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی نیشتمانی قەدەغە کراون، بەڵکوو کەس مافی ئەوەی نییە چووکترین ڕەخنەیەک لە ڕێژیمی شا بگرێ. وەزع وای لێهاتوە کە نەک هەر هیچ هێزێکی سیاسی دەرەتانی قانوونیی نییە کە بە دژی ڕێژیم ڕابوەستێ، بەڵکوو ناتوانێ بیروباوەڕێکی بێجگە لە بیروباوەڕی ڕێژیمی شای لەسەر گیروگرفتەکانی وڵات هەبێ. زمان لووسی بۆ شا و دەربار لە چاو زەمانی ڕەزاشا دەقات پتر بووە.

کەمتر وڵاتێک لە دنیایەدا هەیە کە دیکتاتۆرییەکی ئەوەندە توندوتیژی تێدا دامەزرابێ. ئازادییە دێموکراتیەکان شوێنەواریان نەماوە. ئەندامانی مەجلیسی شورا و سەنا لە لایەن شاوە دیاری دەکرێن. هەر سێ دەسەڵاتەکە، قانووندانان، دادخوازی و بەجێ گەیاندن بە دەست شا و دەربارەوەیە. لەشکر و پۆلیس و سازمانی ئەمنیەت و ژاندارمری حاکمی گیان و ماڵی خەڵکن.

ڕێژیمی شا لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا بۆ پاراستنی خۆی سێ شێوەی ئەساسی، ئیسلاحات، پروپاگاندە و تێرۆری بە کار هێناوە. لە هەلومەرجی ئێستادا ئیسلاحاتی ڕێژیم ئیتر بە ئاخیر گەیشتوە. شا هیچ ئیسلاحاتێکی دیکەی دەجانتادا نەماوە. هەر ئیسلاحاتێک هەر ئەوەندە کەمێک قووڵ بێ، بوونی ڕێژیمی شا دەخاتە مەترسییەوە. لە چوارچێوەی ڕێژیمی شادا ئیتر هیچ ئیسلاحاتێکی قووڵ مومکین نییە. لەبەر ئەوە خزمەتکارانی ڕێژیمی شا گرانایی کاری خۆیان خستۆتە سەر پروپاگاندە و تێرۆر. پروپاگاندە و تەبلیغاتیش چونکە ئیسلاحات دەگۆڕێدا نەماوە، کەمتر لە جاران کاریگەرە. بەفریوبردنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە تاقیکردنەوەیەکی زۆری سیاسییان هەیە، ئاسان نییە. لەبەر ئەوە ڕێژیمی شا چاری نەماوە پەنای بۆ زیندانیکردن و شکنجەدان و ئیعدام و کوشتن و بڕین بردوە. بەڕاستیش ئێستا شێوەی ئەسڵیی بەربەرەکانیی ڕێژیمی شا دژی ئازادیخوازانی ئێران شێوەی تێرۆرە. ڕێژیمی شا بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە دژی گەلییەکانی خۆی چ لە سیاسەتی دەرەوە چ لە سیاسەتی ژوورەوەدا زیاتر لە جاران پێویستی بە زۆر و زۆرداری و تێرۆر هەیە. ئەوە بۆ خۆی نیشانەی کزی و بێدەسەڵاتی ڕێژیمە و دەگەیەنێ کە ڕێژیمی شا و خزمەتکارانی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا بنکەی کۆمەڵایەتییان نییە. گەلانی ئێران لە ڕێژیمی کودیتا و و لە حەمەڕەزاشا بێزارن.

ئەوەی لەسەر ئێران بە گشتی گوترا، لەسەر کوردستانی ئێرانیش ڕاستە. بەڵام کوردستانی ئێران هێندێ سروشتی تایبەتیی خۆیشی هەیە. یەکەم ئەوەیە کە هەرچەند کوردستانی ئێران لە باری تەبیعی و سامانی ژێرزەمینییەوە زۆر دەوڵەمەندە، یەکێک لە پاشکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە. تەنانەت ئەو ئیسلاحاتەی کە بەپێی «شۆڕشی سپی» لە ناوچەکانی تری ئێران کراون، بەتەواوی نەگەیشتوونەتە کوردستان. بەجۆرێک کە داهاتی سەرانەی کوردستانی ئێران نیوەی داهاتی نێونجی سەرانەی هەموو ئێرانە.

دووهەم، ئەوەیە کوردستانی ئێران لە هەموو بارەوە خراوەتە ژێر فشاری توندی سیاسی و لە هەموو بارێکەوە بەتەواوی میلیتاریزە کراوە. سەرنێزەی ئەرتەشی شاهەنشاهی و

مووچەخۆرانی سازمانی ئەمنیەت دەسەڵاتداری بێ ئەملا و ئەولای کوردستانی ئێرانن.
سێهەم، زوڵم و زۆریی نەتەوایەتی لە ڕادەبەدەری ڕێژیمی شایە کە خۆی بێشەرمانە بە دۆستی کورد لە دەرەوە نیشان دەدا، بەڵام دان بە بوونی پێنج میلیون کورد لە ئێران دانانێ. گەلی کورد لە ئێران نە دەتوانێ بە زمانی خۆی نووسراوە بڵاوکاتەوە و نە مەدەرسەی کوردی هەیە. بەکورتی گەلی کورد لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێبەشە و زۆرداریی نەتەوایەتی هەموو بارێکی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی داگرتوە. نیشتمانی گەلی کورد بۆی بۆتە بەندیخانە.
چوارەم، سروشتی تایبەتی وەزعی کوردستانی ئێرانە کە لەبەر مێژووی دوور و درێژی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریی نەتەوایەتی، لەبەر فشارێکی توندی سیاسیی بێوێنە و هەروەها لە ژێر تەئسیری دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، وشیاری و تێگەیشتنی سیاسی و هەستێکی نەتەوایەتی بەهێزی تێدا پەیدا بووە.
گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە گشتی لە ڕێژیمی دیکتاتۆریی شا بێزارە، ڕقێکی بێپایانی لە سیاسەتی زۆرداریی ئەو ڕێژیمە هەیە و بەم جۆرە بۆ خەباتێکی توندوتیژ ئامادەیە. چونکە لە کوردستانی ئێران ڕێژیم بەتەواوی دڕندەیی خۆی دەنوێنێ و ناتەباییەکانی لەوێدا کۆبوونەتەوە، بێگومان یەکێک لە ناوچەکانی هەرە شۆڕشگێڕی ئێرانە و ئێمە دڵنیاین کە لە شۆڕشی سەرانسەریی ئێراندا کە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیستیی شا بەرپا دەبێ، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەخاتە سەرشانی خۆی.

## ٥- ئەرکی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا

تاقیکردنەوەی چەند ساڵەی دوایی خەباتی گەلانی ئێران دەرەی دەخا کە سەردەمی پاشەکشەی جووڵانەوەی نیشتیمانی و دێموکراتی لە ئێراندا کۆتایی هاتوە. بەرەبەرە هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێران خەریکن خۆیان کۆ دەکەنەوە و بۆ خەباتی دواڕۆژ ئامادە دەبن. دیارە ڕێژیمی شا جارێ بەهێزە، جارێ هیچ سەنگەرێکی گرینگی بەتاڵ نەکردوە، جارێ بە هەموو هێزیەوە هەوڵ دەدا چووکترین دەرەتانێک بە هێزە دێموکراتییەکانی ئێران نەدا. تێدەکۆشێ هەلومەرجی ئێستا بپارێزی کە بریتییە لە دیکتاتۆرییەکی توندوتیژ و زاڵبوونی دەسەڵاتی ڕێژیم بە سەر وڵاتدا و بێبەشکردنی گەلەکانی ئێران لە هەموو مافێکی سیاسی.
ڕێژیمی شا دەیهەوێ سیاسەتی بەستراوەیی خۆی بە ئیمپریالیزم درێژە پێبدا، وەک داردەستی ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕۆڵی ژاندارمی دژی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی هەموو مەڵبەندەکە بەجێ بگەیەنێ و مەبەستەکانی مەزنیخوازانەی خۆی بێنێتە دی. بۆیە لابردنی ئەو ڕێژیمە و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتی نەک هەر ئەرکێکی نیشتمانی و ئازادیخوازیی ئێرانە، بەڵکوو ئەرکێکی نێونەتەوایەتیشە. بەم جۆرە هێزە دێموکراتیەکانی ئێران ئەرکی خۆیان نیسبەت بە هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەجێ دەگەیەنن. لەبەر ئەوە گرانایی تێکۆشانی حیزبی ئێمە دەخرێتە سەر جێبەجێکردنی دروشمی ئەسڵیمان کە ڕووخانی ڕێژیمی شا و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتیە کە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان ئێران دابین بکا. کەوابوو بۆ بەشداربوون لە بەجێ گەیاندنی

ئەو ئامانجە مێژووییە دەبێ خۆمان ئامادە کەین. ئەرکە گرینگەکانی ئێمە لە قۆناخی ئێستای خەباتدا کامەن؟

یەکەم، دەبێ تێبکۆشین یەکتییەکی فیکری و سیاسیی پتەو لەنێو حیزبدا پێک بێنین. مەبەست ئەوە نییە کە پێویستە هەموو ئەندامانی حیزب لەسەر هەموو گیروگرفتەکانی سیاسی وەک یەک بیر بکەنەوە. ئەوە نە مومکینە و نە قازانجی بۆ حیزب هەیە. ئەندامانی حیزب دەبێ بە چەشنێکی خەلّلاق فکر بکەنەوە، فکری لێک جیاواز لەسەر گیروگرفتەکانی سیاسی، ئیمکانیان هەبی بە شێوەیەکی دێموکراتی بەرەنگاری یەکتر بن، هەتا لە نەتیجەدا حیزب بیروباوەڕێکی سیاسی دەربڕێ یا بڕیارێکی سیاسی بدا. ئێستا بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی حیزبیمان هەیە. ئەم بەرنامەیە ئەو بیروباوەڕە سیاسییە ئەساسییەیە کە کادر ئەندامانی حیزب لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و ڕێبازی سیاسی و ستراتیژیی حیزبی ئێمە دیاری دەکا. پێکهاتنی یەکیەتیی فیکری و سیاسی بە دیکتەکردنی بیروباوەڕی یەک کەس یا یەک ئۆرگان جێبەجێ نابێ. ئێمە لەنێو حیزب لە بەرنگاربوونی سیاسی دەگەڵ کادر و ئەندامانی حیزبدا تەنیا شێوەیەکمان هەیە، ئەویش شێوەی قانیعکردنە. ئەگەر کادرەکان و ئەندامانی حیزب بەو بیروباوەڕە قانیع کران کە لە بەرنامەدا کاکلّ کراوە، یەکیەتیی سیاسی و فیکریی حیزب پێک هاتوە و ئەم یەکیەتییە هاندەری ئەسڵیی خەباتی حیزب بەرەوپێشە، بەرەو هێنانەدیی ئامانجەکانی گەلی کوردە کە حیزب بەرنامەی تێکۆشانی خۆی داناون. بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزب، چاپەمەنییتر، دانانی کلاسی کادر و باس و وتوویژ لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا، هەموو بۆ ئەو مەبەستەیە کە حیزب لەسەر گیروگرفتەکانی سیاسیی گرینگ یەکپارچە و یەکدەنگ بێ. بەم جۆرە توانای جووڵانەوەی وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو و هێزێکی پتەو زیاتر دەبێ. بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە کاتێکی زۆر و تێکۆشانی بێوچانی دەوێ. لەم ڕێگایەدا زۆر چووینە پێش، بەڵام جارێ کارێکی زۆریشمان لە پێشە. پێویستە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە واتە دابینکردنی یەکیەتیی سیاسی و فیکری لەنێو حیزبدا بە ئەرکێکی ئەساسیی هەموو تێکۆشانی خۆیان دابنێین.

بردنی بەرنامە و داخوازەکانی حیزب بۆ نێو خەڵک، ڕوونکرنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لەسەر سیاسەت و دروشمەکانی حیزب ئەرکێکی دیکەی گرینگی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمەیە. نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێ کە هێزی ئێمە لەوەدایە کە لە کۆمەڵانی خەڵک نیزیک بین و خۆشەویستیی ئەوان بۆ لای حیزب ڕابکێشین. ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک لە بەرنامەی ئێمە بگەن و لە ئامانجەکانی دوور و نیزیکی حیزب حاڵی بن، هێزی حیزب چەندە هێندە دەبێ، ڕاستە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران ئێمە باش دەناسن و دەزانن کە بۆ ڕزگارکردنی گەل و بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەل خەبات دەکا، بەڵام ئەوەندە بەس نییە. پێویستە جووتیاری کوردستان هەر لە ئێستاڕا بزانێ حیزبی ئێمە دەیەوێ لە دواڕۆژدا زەوی بەخۆڕایی بداتێ و لە هەموو بارێکەوە یارمەتیی بدا. پێویستە کرێکاری کوردستان بزانێ کە حیزبی ئێمە بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی وی تێدەکۆشێ، پێویستە ڕووناکبیری کورد تێبگا کە حیزبی ئێمە بۆ لە نێوبردنی نەخوێندەواری و بۆ پێشخستنی فەرهەنگ و زانست لە کوردستان و بۆ گەشەپێدانی میراتی فەرهەنگیی نەتەوەکەمان بەرنامەیەکی ڕوونی هەیە. ئەو وەختەیە کە هەموو ئەو چین و توێژە دێموکراتیانە پشتیوانییەکی گەرم لە حیزبی ئێمە دەکەن

و تەنانەت ئامادە دەبن بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانی خەبات بکەن. بەم جۆرە کاتێک کە بەرنامە و دروشمەکانی ئەسڵیی حیزبی ئێمە بوون بە بەرنامەی تێکۆشانی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک، ئەو کاتە هێزێکی مادیی بەتوانای لێ دەر دەکەوێ کە لە وزەی‌دایە هەموو کوردستانی ئێران وە جووڵانەوە بخا. لە ڕوونکردنەوەی سیاسەتی حیزب بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێ زۆر ورد بین. نابێ تەنیا گرانایی خۆمان بخەینە سەر «کوردایەتی»، تەنیا بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هەوڵ بدەین و واز لە داخوازە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان بێنین و گیروگرفتەکانی گشتیی ئێرانمان لەبیر بچێتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر تەنیا بە گیروگرفتی گشتیی ئێرانەوە خەریک بین و پێویستیی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نەخەینە بەر چاو، لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دوور دەکەینەوە و پشتیوانییان لەدەست دەدەین و دەبین بە دەستەیەکی بچووکی دوورەپەرێز.

خەبات بۆ گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و بۆ دێموکراسی لە ئێران دەگەڵ خەبات بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی نەتەوایەتیی گەلی کورد تێکەڵاوە. ئەم دوو خەباتە نەک هەر ناتەباییان لە نێواندا نیە، بەڵکوو لەڕاستیدا دوو لای لێک نەپچڕاوی تاقە خەباتێکی گشتین. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێ لەم ڕاستییە بگەن و بزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو کاتەدا کە حیزبێکی کوردستانییە، حیزبێکی دێموکراتیشە و هەر لەو کاتەدا کە حیزبێکی دێموکراتیە، حیزبێکی کوردستانیشە.

ئەرکێکی زۆر گرینگی دیکەی ئێمە بووژاندنەوە و چەسپاوکردنی تەشکیلاتی حیزب لە سەرانسەری کوردستانی ئێرانە. جێگای پێخۆشبوونە کە دروشمی «ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە»، لەنێو حیزبی ئێمەدا بەتەواوی چەسپاوە. بەڕاستیش بەڕێوەبردنی خەباتی شۆڕشگێر بەبێ لانیکەمی ڕیکخراو، یاریکردن بە چارەنووسی شۆڕشە و بەپێچەوانە بە پێکهاتنی ڕیکخراوێکی شۆڕشگێڕ نیوەی ئەرکەکانی شۆڕش هاتۆتە دی. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ دەتوانێ هەموو ئەو ئەرکانە بەباشی جێبەجێ بکا کە قۆناخەکانی جیاوازی خەبات لە بەردەم شۆڕشگێڕانی دادەنێن.

کومیتەی ناوەندی پاش کۆنفرانسی سێهەم لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی پتەوی شۆڕشگێڕ درێخی نەکردوە. بەڵام دەبێ ئەوەندە بڵێین ئەوەی کە کراوە لە چاو ئەوەی کە دەبێ بکرێ، زۆر کەمە و بۆیە پێویستە لە دواڕۆژدا هەموو هێزی خۆمان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک وەکار بخەین کە دەگەڵ هەلومەرجی شێوەی خەباتی ئێمە ڕێک کەوێ و بتوانێ بەرهەڵستی پەلامارەکانی ڕێژیمی شا بکا. دەبێ لە ڕابردووی خەباتی هەموو ڕێکخراوەکانی نیشتمانی لە ئێران و لە مێژووی حیزبی خۆمان بۆ پێکهێنانی ئەم چەشنە ڕێکخراوە کەلک وەربگرین. پێویستە دەست لە شێوەی کلاسیکی دروستکردنی ڕێکخراوە کە بەهاسانی دەکەوێتە داوی سازمانی ئەمنیەت، هەڵگرین و شێوەی نوێ و نەزانراوی ئەوتۆ بەکار بەرین کە دەگەڵ هەلومەرجی ئێستای خەبات و وەزعی کوردستانی ئێران ڕێک کەوێ.

پێکهێنانی لانی کەمی ڕێکخراو لە قۆناخی خەباتی ئێستاماندا بناخەی هەموو تێکۆشانی دواڕۆژی ئێمەیە. بێ ڕێکخراو کارێکی گرینگی سیاسیی ئەتۆمان پێ ناکرێ. ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕمان هەبێ دەتوانین هەموو ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە جێبەجێ بکەین.

گەورەترین کەموکورتیی ئێمە لە پێکهێنانی ڕێکخراودا کەمبوونی ژمارەی کادرەکانی حیزبییە.

ئێمە کادری حیزبی ئەوتۆمان دەوێ کە پایەی تێگەیشتنی سیاسیی بەرز بێ، لە سیاسەتی حیزب، ستراتیژی و تاکتیکی حیزب باش حاڵی بێ، لە ئوسوڵی کاری تەشکیلاتی شارەزا بێ، لە بەربەرەکانی دەگەڵ دوژمن تاقیکردنەوەی هەبێ، وریا و ئازا بێ و لە خەبات و ژیانی خۆیدا بۆ ئەندامانی حیزب و بۆ کۆمەڵانی خەڵک نموونە بێ و بتوانێ لە وەزعی ئاڵۆزی سیاسیدا سەربەخۆ بڕیار بدا.

خەباتی دوارۆژ دوو گیروگرفتی ئەساسی دەخاتە بەر چاوی حیزبەکەمان. یەکەم ئەوەیە کە خەباتی دوارۆژ زۆر وێدەچێ خەباتێکی کتوپڕ نەبێ کە لە ماوەیەکی کورتدا کۆتایی بێ، بەڵکوو خەباتێکی درێژخایەن بێ کە سەبر و حەوسەڵەی دەوێ، شێلگیری و ماندوونەبوونی دەوێ. ئەم خەباتە هەوراز و نشێوی زۆرە، سەرکەوتنی تێدایە و شکستیشی تێدایە. شۆڕشگێڕان پاش شکست مەیدانی خەبات چۆڵ ناکەن، سەنگەری خەبات بەجێ ناهێڵن، بەڵکوو لە شکست بۆ سەرکەوتنی نوێ دەرس وەردەگرن. خەباتی زۆر میللەتی‌تر وەک «ویتنام»مان لە بەر چاوە کە دەیان ساڵە چەک بەدەست لە سەربەخۆیی نیشتمانی خۆی دیفاع دەکا. ئێمە هیوادارین خەباتی گەلی ئێمە و گشت گەلانی ئێران زووتر بە نەتیجە بگا، بەڵام وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەبێ حسێبی خەباتێکی درێژخایەن بکەین و خۆمان بۆ خەباتێکی ئەوتۆ ئامادە بکەین.

دووهەم، دیاریکردنی شێوەی خەباتی دوارۆژی حیزبە. کومیتەی ناوەندی حیزب ماوەیەکە کە شێوەی خەباتی چەکداری بە شێوەی ئەساسیی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران داناوە. ئێمە بە کەیفی خۆمان ئەم شێوەیەمان هەڵنەبژاردوە. ئەم شێوە خەباتە لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتۆریی شاوە بەسەر هێزە نیشتمانییەکانی ئێراندا سەپێندراوە. لە ڕاستیشدا لە هەلومەرجی ئێستا و لە چوارچێوەی ڕێژیمی شادا هیچ گۆڕانێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی مومکین نییە. ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەش لە هەلومەرجێکدا کە باس کرا، تەنیا یەک ڕێگای هەیە ئەویش شێوەی خەباتی چەکدارە. کومیتەی ناوەندی وا بەباش دەزانێ ئەم گیروگرفتە بخاتە بەر چاوی کۆنگرە و پێویستە کۆنگرە بیروڕای خۆی لەسەر شێوەی خەباتی چەکدار دەربڕێ. بەڵام بە پێویستی دەزانین هێندێ لای ئەم گیروگرفتە گرینگە ڕوون بکەینەوە.

یەکەم بە هەڵبژاردنی شێوەی خەباتی چەکدار ئێمە واز لە شێوەکانی‌تری خەبات ناهێنین. بەپێی هەلومەرج و قۆناخی جووڵانەوە لە هەموو شێوەکانی‌تری خەبات کەلک وەردەگرین و تەنانەت تەباییان لە نێودا پێک دێنین.

دووهەم، مەبەست لە خەباتی چەکدار لە کوردستانی ئێران شەڕی پارتیزانییە کە ئوسووڵ و ڕێگای تایبەتیی خۆی هەیە. ئێمە لە ئێراندا نە بە تەنیایی لایەنگری تیئوریی گەمارۆدانی شار بە هۆی لادێین و نە بە تەنیایی لایەنگری شەڕی چریکی لە شارەکانین. پێمان‌وایە کە ئەم دوو شێوەیەش دەبێ تەباییان لە نێواندا پێک بێ. لە شارە گەورەکان دەکرێ لە شەڕی چریکیش کەلک وەربگیرێ، لە کاتێکدا کە خەباتی ئەسڵی دەست پێدەکا و ئەمە بە تایبەتی لە کوردستان بەتەواوی ڕاستە.

لە کارەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ خەباتی چەکداردا دەبێ مەسەلەیەکی‌تریش بخرێتە بەر چاو. ئێمە بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران دەبێ وریا بین، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ شێوەی

خەباتی چەکدار ئامادەییەکی تایبەتییان هەیە. بەڵام نابێ لەم هەلومەرجە لەبارە بە چەشنێکی نادروست کەلک وەربگرین، ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا خەباتی چەکدار بە شێوەی ئەساسیی خەباتی خۆمان دادەنێین و پێشمان‌وایە کە تاقە شێوەی مومکین بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی شایە. بەڵام هەتا هەلومەرجی پێویست بۆ دەستپێکردنی ئەم خەباتە پێک نەیە، خەباتی چەکدارە بە دروشمی ڕۆژ دانانێین. ئەوە ڕێگای حیزبێکی شۆڕشگێڕە، ڕێگای ڕێکخراوێکە کە هەست بە مەسئوولییەت دەکا. بە بڕوای ئێمە بۆ سەرکەوتنی خەباتی چەکدار لە کوردستانی ئێران، پێویستە گەلی کورد ئامادە بکرێ، لانی‌کەمی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی ئەوتۆ کە باس کرا پێک بێ، یەکیەتیی کردەوە دەگەڵ ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێڕی ئێرانی کە لە خەباتی چەکداردا بەشدارن دابین بکرێ و ئەو گیروگرفتەکانەی کە پێوەندییان بە کوردستانی عێراقەوە هەیە بە قازانجی خەباتی چەکدار لە کوردستانی ئێران حەل بکرێن و یارمەیتی دەرەوە بۆ ئەم خەباتە ڕابکێشرێ. ئێمە ناتوانیین هیچ یەک لەم شەرتانە لەبیر بەرین، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەش نابین کە هەموو ئەم شەرتانە وێکڕا سەدی سەد جێبەجێ بن، جا ئەوەدەم خەباتی چەکدار دەست پێبکەین. شەرتی بنەڕەتیی ئامادەکردنی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و پێکهێنانی ڕیکخراوێکی شۆڕشگێڕە. ئێستا دەبێ هەموو هێزی خۆمان بۆ هێنانەدیی ئەو ئەرکە تەرخان بکەین.

دیارە ئێمە ئەوەندەی پێمان بکرێ تێدەکۆشین هێندێ دروشمی وەک بەڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی و ئازادیی زیندانیانی سیاسی هەر لە چوارچێوی ڕێژیمی شادا بەسەر ئەو ڕێژیمەدا بسەپێنین. ئەوە دوورکەوتنەوە لە ڕیبازی گشتیی خەبات نییە کە لابردنی ڕێژیمی شایە. بەڵکوو خەباتی ڕۆژە. خەبات بۆ داخوازەکانی هەموو ڕۆژەی کۆمەلانی خەلک، ڕێگا بۆ خەباتی درێژخایەن و توندوتیژ خۆش دەکا و تاقیکردنەوەی نوێ دەداتە دەست کۆمەلانی خەلک و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر قانیع یان دەکا کە بە خەباتی ڕێکوپێک دەتوانن هێندێ لە داخوازەکانیان بەسەر ڕیژیمی شادا بسەپێنن. هەرلەو کاتەدا بۆیان دەردەخا کە کۆسپی هەرە گەورەی سەر ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد ڕێژیمی زۆرداریی شایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراندنی پێوەندیی دۆستایەتی و هاوکاری دەگەڵ ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی ئێرانی بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دەزانێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بۆ سەرکەوتنی خەبات، گشت هێزە نیشتمانییەکانی دژی ڕێژیم دەبی هەموو ئەو هێزانە لەسەر بەرنامەیەکی دیاریکراو ڕێک کەون و بۆ هێنانەدیی ئەو بەرنامەیە تێ‌بکۆشن. دیارە پاش چەندین ساڵێک دوورکەوتنەوە و دووبەرەکی کە لەنێو هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێراندا پێک هاتوە، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە ئاسان نیە، خەباتێکی بێوچانی دەوێ، لە خۆبووردنی دەوێ و لە هەموو شتێک گرینگتر وەلانانی قینەبەری و لەبەرچاوگرتنی قازانجی گشتیی جووڵانەوەی گەلانی ئێرانی پێویستە. ئێمە زۆر جار گوتومانە و ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە کە هێشتنەوە و درێژەپێدانی ناکۆکی لەنێو هێزە نیشتمانییەکانی ئێراندا بمانەوێ و نەمانەوێ یارمەتی بە مانەوەی ییژیمی شا دەکا.

حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیی گەلانی ئێران

پێویست نییە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشدار، ئیدئۆلۆژی و بەرنامەی سیاسی و ئامانجەکانی ستراتیژییکیان وەک یەک بێ، هەر حیزب و ڕێکخراوەیەک دەتوانێ سەربەخۆیی ئیدئۆلۆژی و ڕێکخراوەیی خۆی بپارێزێ و لە کاروباری تەشکیلاتی و تەبلیغاتیی خۆیدا سەربەست بێ. سەرۆکایەتیی بەرەی ڕزگاریخوازیش دەبێ لە گشت بەشداران پێک بێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەو بڕوایەدایە کە زۆر دروشمی هاوبەشی ئەوتۆ هەن کە دەتوانن ببن بە بناخە بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی بەرینی دژی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم. حیزبی ئێمە جارێکیتر ئەو دروشمانەی خوارەوە بۆ دانانی بناخەی بەرەی ڕزگاریخواز پێشنیار دەکا و بۆ هەموو چەشنە وتووێژێک دەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی نیشتمانی و دێموکراتیی ئێران ئامادەیە:

– لابردنی ڕێژیمی دیکتاتۆری سەر بە ئیمپریالیزم.

– هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی دێموکراتی و نیشتمانی کە بەئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی خوارەوە بکاتە بەرنامەی کاری خۆی:

– دابینکردنی ئازادییە دێموکراتیەکان بۆ کۆمەلانی خەلکی ئێران.

– دانی مافی خودموختاری بە نەتەوەکانی زۆرلێکراوی ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا.

– دارشتنی سیاسەتێکی ئابووریی نیشتمانی بۆ پاراستنی قازانجی خەڵک و پێشخستنی ولات و بەرزکردنی پایەی ژیانی زەحمەتکێشان.

– بەئەنجام گەیاندنی ئیسلاحاتی زەوی لە سەرانسەری ئێران بە چەشنێک کە قازانجی جووتیارانی هەژار و ناونجی بپارێزێ.

– دانانی هەشت ساعەت کاری ڕۆژانە و دابینکردنی بیمەی کۆمەلایەتی بۆ هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان.

– لە نێوبردنی نەخوێندەواری و بەرزکردنی پایەی فەرهەنگی و زانستی گەلانی ئێران.

– هاتنەدەر لە پەیمانەکانی نیزامی و گرتنەبەری سیاسەتێکی سەربەخۆی دەرەوە.

– هاودەردی و لایەنگری هەموو جوولانەوەکانی ڕزگاریخوازی و پشتگرتنی مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەست خۆیان.

– دامەزراندنی پێوەندی دەگەڵ ولاتان لەسەر ئەساسی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی حاکمییەتی نەتەوایەتی و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوەوەی یەکتر و پێکهێنانی پێوەندیی دۆستایەتی و هاوکاری دەگەڵ ولاتانی دژی ئیمپریالیستی و سۆسیالستی.

ئەوانە دروشمەکانی پێشنیارکراوی ئێمەن. حیزبی ئێمە لە هیچ چەشنە هەوڵدانێک بۆ دامەزراندنی پێوەندیی دۆستایەتی دەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئێرانی تا رادەی پێکهێنانی بەرە درێخی ناکا. دیارە ئێمە ئامادەین گوێ لە هەموو پێشنیارێکی ڕێکخراوەکانی نیشتمانیی ئێران بگرین و لە هەموو نەزەرێکیان بەوردی بکۆڵینەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی کوردستانی ناتوانێ لە جوولانەوەی نیشتمانی و دێموکراتیی گەلی کورد لە پارچەکانیتری کوردستان خۆی دوور ڕاگرێ. ڕابردوو و دوارۆژی خەباتی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان پێکەوە بەستراوەتەوە. حیزبی

ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ بە هەموو توانایەوە لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان پشتیوانی بکا. ئەو ئەرکە بۆ ئێمە ئەرکێکی ئوسووڵییە و لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ لە بیری بەرین. بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین کە حیزبی ئێمە لە پاش کۆنفرانسی سێهەم تا ئێستا لەم بارەوە درێخی نەکردوە و هەموو وەختێکی قازانجی گشتیی جووڵانەوەی گەلی کوردی لە بەر چاو بووە و لە خەباتی گەلەکەکان لە هەوو پارچەکانی کوردستان دیفاعی کردوە.

حیزبی ئێمە دەرچوونی بەیاننامەی ١١ مارس لە عێراق بە سەرکەوتنێکی گەورەی هەموو گەلی کورد دەزانێ و هیواداره کە هەموو بەندەکانی ئەم بەیاننامەیە بێنە دی و خودموختاری بۆ کوردستان عێراق لە چوارچێوی کۆماری عێراقدا سەقامگیر بێ. ئەوە دەبێتە هۆی هیوای گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و گومانی تێدا نییە کە لەبەر هێندێ هەلومەرجی مێژوویی و سیاسی لەسەر کوردستانی ئێران بە چەشنێکی تایبەتی کاریگەر دەبێ. بەم جۆرە کوردستانی ئێران دەتوانێ ڕۆڵی خۆی لە شۆڕشی سەرانسەریی ئێراندا باشتر یاری بکا. هەر لە بەر ئەوەشە کە ڕێژیمی شا بە هەموو هێزەیەوە تێدەکۆشێ پێشگیری لە جێبەجێ بوونی بەیاننامەی ١١ی مارس بکا. ئێمە هیواداریــن کە وریایی و ژیری و واقیعبینیی هێزە نیشتمانییەکانی عێراق پلانە ڕەشەکانی ڕێژیمی شا پووچەڵ بکا و بەم جۆرە بۆ پەرەپێدانی خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەزعێکی لەبار و پڕ لە هیوا پێک بێ. ئەرکی ئەساسیی ئێمە لەم بارەوە پتەوکردنی پێوەندیی دۆستایەتی دەگەڵ هەموو ڕێکخراوە نیشتمانی و دێموکراتیەکانی کوردستانە. گومانمان نییە کە حیزبی ئێمە هەروەک لە ڕابردوودا ئەو ئەرکەی جێبەجێ کردوە، لە داوڕۆژیشدا لە بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە درێخی ناکا.

لە پاش کۆنفراسی سێهەم حیزبی ئێمە سەرنجێکی تایبەتیی داوەتە پێوەندییەکانی خۆی لە دەرەوەی وڵات و دامەزراندنی پێوەندیی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ گشت حیزب و ڕیکخراوە سیاسییە پێشکەوتووە گرنیگەکانی جیهان. ناساندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەیدانی نێونەتەوایەتیدا، ئاگادارکردنی جیهان لە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و ڕاکێشانی پشتیوانیی هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی جیهان بۆ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان ئەرکێکی بەرچاوی کومیتەی ناوەندی بووە. دەتوانین بڵێین کە لەم بارەشەوە دەسکەوتمان کەم نەبووە. نوێنەرانی حیزبی ئێمە لە چەند کۆنفرانسی نێونەتەوایەتیدا بەشدار بوون و لەگەڵ زۆر حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ڕاستەوخۆ پێوەندیمان گرتوە و زۆر جار لەو پێوەندییە پێشوازییەکی باش کراوە. بە بیروڕای ئێمە ئەوەی بۆ ناساندنی ژیان و خەباتی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کراوە وەڵامدەری تێکۆشان و خەباتی ئێمە نییە، لە داوڕۆژدا پێویستە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی بیروڕای گشتی جیهانی زۆر زیاتر لە ڕابردوو تێبکۆشین. چونکە ئەم پشتیوانییە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئێمە نرخێکی زۆری هەیە و بێگومان لە داوڕۆژدا کە خەباتی ئێمە زیاتر پەرەدەستێنێ، نرخی لە ئێستاش زیاتر دەبێ.

**برایانی خۆشەویست!**

**نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە!**

بێگومان کۆنگرەی ئێمە لە مێژووی حیزبەکەماندا نوختەیەکی گۆڕانە و دەبێتە سەرەتای سەردەمێکی نوێ، سەردەمێکی پڕ لە تێکۆشان و خەباتی ڕیکوپێک بۆ هێنانەدیی ئامانجە پیرۆزەکانی حیزب کە ئاواتی زۆربەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە. تێکۆشان لەژێر ئاڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد جێگای شانازییە. با هەموو ئەندامانی حیزب یەک دڵ و یەک پارچە بۆ جێبەجێ کردنی دروشمی ئەسڵیی حیزبەکەمان، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران تێبکۆشن. با ئاڵای حیزبەکەمان لە سەرانسەری خاکی کوردستانی ئێراندا بە سەر بەرزی بلەرێتەوە.

بژی خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم.

سەرکەوتووبێ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەژێر ڕێنوێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرکەوێ کۆنگرەی سێهەمی حیزبەکەمان.

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخەر و بەڕێوەبەری خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران.

***

## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)

١) لە مێژە گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و بۆ وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی خۆی خەبات دەکا. سەراسەری چەرخی نوزدە شاهیدی ڕابردووی خوێناویی نەتەوەکەمانە. لە سەرەتایی چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو خەباتە لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەر درێژەی هەبووە. لە کاتی بەربەرەکانیی گەلانی ئازادیخوازی جیهان بەرامبەر بە کۆنەپەرەستی و فاشیزم پێویستییەکی مێژوویی پەیدا بوو کە ڕێکخراوێکی سیاسی ئەوتۆ پێکبێ کە بتوانێ خەباتی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ. بۆ بەجێگەیاندنی ئەم مەبەستە بوو کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارەی کە پاش بیست ساڵ دیکتاتوریی ڕەزاشا بۆی هەڵکەوتبوو، کەلکی وەرگرت و «حیزبی دێموکراتی کوردستان»ی دامەزراند. بەم جۆرە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەتیجەی ئەو پێویستییە مێژووییە و نیشانەی وریایی و ژیریی ڕۆڵەکانی پێشڕەوی گەلی کورد بوو. لەودەمەوە حیزبی دێموکراتی کورستان کە پێشڕەوترین ڕۆڵەکانی گەلی لە ڕیزی خۆیدا کۆ کردۆتەوە، ڕێنوێن و ڕێکخەری چین و توێژەکانی نیشتمانی و دژی ئیمپرالیستیی کوردستانی ئێرانە.

پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا نوختەیەکی گۆڕان بوو و بوو بە سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە خەباتی میللەتەکەماندا. بە سەرۆکایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە نەتەوەی کورد توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی خۆیدا حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەشێک لە خاکی کوردستاندا بهێنێتە سەر کار کە خەریک بوو ئاواتە مێژووییەکانی جێبەجێ بکا. ئەو حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ دەوامی کرد و پاش

پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی‌تر حوکمی دیکتاتۆریی نیزامی و زۆرداری بەسەر هەموو کوردستانی ئێراندا زاڵ بۆوە. بەڵام گەلی کورد تێکۆشانی خۆی نەوەستاندوە و ئێستاش هەر بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەبات دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی بیست و هەشت ساڵ خەباتی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. دیارە لەو ماوەیەدا تاقیکردنەوەی زۆرتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی تر دەرسی وەرگرتوە. ئەو بەرنامەیە کە لە وەزع و حاڵی نوێی ئەمڕۆی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا داندراوە، شەرتەکانی گۆڕانی قووڵی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی و تیکنیکی لە جیهان و هەروەها قۆناخی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران و شەرتەکانی تایبەتی کوردستانی ئێران لە بەرچاو دەگرێ.

٢) سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕزگاریی گەلانی زۆرلێکراوە لەژێر زۆرداری ئیمپریالیزم. سەردەمی کز بوونی بەرەی ئیمپریالیستی لە سەرانسەری جیهان، سەردەمی پەیدابوون و پەرەئەستاندنی سۆسیالیزم و پێشکەوتنی هێزەکانی دێموکراتی و ڕزگاریخواز لە گشت وڵاتانە. لە ماوەی بیست و هەشت ساڵ پاش شەڕی دووهەمی جیهانی گۆڕانی سیاسیی ئەوتۆ پێک هاتوە کە سیمای سیاسیی جیهانی گۆڕیوە. سیستمی ئیستیعماری هەڵوەشاوە و بێجگە لە چەند وڵاتێک موستەعمەرە لە دونیادا نەماوە. بە دەیان نەتەوەی گەورە و بچووک مافی دانانی چارەنووسی خۆیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە. ئەو کارەساتە سیاسییە لە زۆر وڵاتاندا گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتیی دەگەڵ بووە. لەم وڵاتانەدا کۆمەڵیَ دواکەوتووی کۆن لە نێو چووە و کۆمەڵیَ پێشکەوتووی نویَ جێی گرتۆتەوە. چینە زۆردار و کۆنەپەرستەکانی سەر بە ئیمپریالیزم کە لەسەر کار بوون، دەسەڵاتی سیاسییان لەدەست داوە و نفووزی ئابوورییان کەمتر بۆتەوە و هێزی گەل و نوێنەرانی توێژەکانی پێشکەوتووی کۆمەڵ دەستەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە.

چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی دەرەبەگی لە زۆر وڵاتاندا هەڵوەشاوە و ڕێگا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ لەم وڵاتانەدا کراوەتەوە. بە گشتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە بتوانن کۆمەڵی ئادەمیزاد بەرەوپێش هان بدەن، ئازادی کردەوەیان وەدەست هێناوە و ئیمکانیان بۆ پێک هاتوە کە بتوانن کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دروست بکەن. ئەو وڵاتانەی کە لە باری ئابوورییەوە پێشکەوتوو بوون، لە سایەی دەستکەوتەکانی زانست و تیکنیک کە ئیمکانی نەدیتراویان بۆ پێشخستنی ئابوور و پایەی ژیانی دانیشتووانیان بەرزبکەنەوە.

شۆڕشی تیکنیکی ئیمکانێکی ڕاستەقینەی پێک هێناوە بۆ ئەوە هەموو وڵاتێک بتوانی دواکەوتوویی خۆی لەنێو بەریَ و ژیانێکی شایانی ئادەمیزادی بەشی سێهەمی چەرخی بیستەم کە ئێمەی تێدا دەژین، پێک بێنێ. بەڵام جاریَ لە کاتێکدا کە هێندیَ وڵات توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتووانی خۆیان بەرز بکەنەوە و کۆمەڵێکی مەسرەفی دروست بکەن کە زۆر شتومەک بە فراوانی دەکەوێتە دەست کۆمەڵانی خەڵک، بە سەدان میلیون کەس لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین لە وزەیاندا نییە شتومەکی پێویستی سەرەتایی بۆ خویان دابین بکەن، تەنانەت لە هێندیَ وڵات زۆریان ڕاست و ڕەوان لە برسان دەمرن.

ئەوە یەکێک لە گرینگترین ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتییە. وڵاتە ئیمپریالیستیەکان ئێستاش لە هێزی ئابووری و سیاسیی خۆیان بۆ پاراستنی پێوەندیی «غەیرە متساوی»ی نێو دەوڵەتان کەڵک وەردەگرن. ئێستاش نەتەوە زۆرلێکراوەکانی پێشوو بەتایبەتی نەتەوە بچووکەکان تەئسیریان لە دارشتنی سیاسەتی نێو نەتەوەیەتیدا زۆر کەمە و تەنانەت زۆر جار مافە ڕەواکانیان لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە دەخرێتە ژێر پێ. بەڵام لە ئەساسدا پێوەندیی ئیستعماری کۆن لەنێو چووە و بەرەیەکی بەرینی دژی ئیمپریالیستی لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی و دیموکرات، لە وڵاتەکانی تازە ڕزگارکراو، لە نەتەوەکانی ئەو وڵاتانە کە بۆ ئازادیی خۆیان خەبات دەکەن، پێک هاتوە کە بۆتە هێزێکی توانا و بە پشتیوانیی بیروڕای گشتیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو، بۆتە عاملێکی گرینگی سیاسەتی جیهانی. وەزعێکی ئەوتۆ پێک هاتوە کە نەتەوە بچووکەکانیش پشتئەستوور بە هێزی خۆیان و بە کەلکوەرگرتن لە هاودەردیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو، بتوانن مافە ڕەواکانی خۆیان وەدەست بێنن و بیپارێزن
.

٣) لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، ئێران لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتوە. لە ڕاستیشدا ئێران نەیدەتوانی بەتەواوی لە گۆڕانی قووڵی جیهانی خۆ کەنار بگرێ، بەڵام ئەو گۆڕانە وەڵامدەری ئیمکانی ئابووریی و تەبیعەتی ئێران نییە و ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکیی دواکەوتوو حیساب دەکرێ. بێجگە لەوە ئەو گۆڕانە زیاتر بە قازانجی چینە دەستەڵاتدارەکان و جیرەخۆرانی سەر بە دەبار و دەوڵەت بووە و کۆمەڵانی خەڵک ئێستاش هەر لە هەژاری و چارەڕەشیدا دەژین. زۆربەی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی لە لادێ ئێستاش هەر نەخوێندەوارن و لە یارمەتیی لەشساخی و پزیشکی بێبەشن. تەرکیبی کۆمەڵایەتیی لادێ تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە. چینی دەرەبەگ و خاوەن ملکە گەورەکان لە ئەساسدا وەک چین لەنێو چوون و جێگای خۆیان داوە بە بورژوازیی لادێ کە لە مالیکە چووکەکان و وەرزێرانی دەوڵەمەند پێک هاتوە. مەبەستی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم کە پشتیوانیی لەو گۆڕانە کردوە و دەیکا، بەرینترکردنی بازاری سەرمایەداری و پێکهێنانی بۆرژوازییە لە لادێ کە لە لایەکەوە ببێ بە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و لە لایەکی ترەوە ڕێگای پەرەستاندنی سەرمایەداری خۆش بکا. دیارە لە سەنعەتیشدا ڕێژیم بەشی خسووسیی بە زیانی بەشی گشتی بەهێزتر دەکا و بۆ هێنان و وەکارخستنی سەرمایەی بێگانە دەرەتانی لەبار پێک دێنی کە لێرەشدا مەبەست هەر گەشەپێدانی سەرمایەداری لە سەنعەتدایە. بەم جۆرە ئێران بە گشتی وەک وڵاتێکی دواکەوتوو ڕێگای پەرەسەندنی سەرمایەداریی گرتۆتە پێش، ڕێگایەک کە تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتانی دواکەوتووی تر چەوتبوونی سەلماندوە و بە ئاشکرا نیشانی داوە کە بە زیانی کۆمەڵانی خەڵکە. ڕاستە کە ئێستا کۆنسورسیۆم ڕاستەوخۆ سەنعەتی نەوتی ئێران هەڵناسووڕێنێ، بەڵام ڕێژیمی شاهەنشاهی بەرعۆدە بووە کە هەتا بیست ساڵی دیکە نەوتی ئێران بە کۆنسورسیۆم بفرۆشێ. هەر ئێستا لەسەر داخوازیی کۆنسۆرسیۆم ئەوەندە خێرا نەوت دەردێنن کە وێدەچێ تا ئاخری چەرخی بیستەم چاڵەکانی نەوتی ئێران بەتەواوی وشک بن. بەمجۆرە ڕێژیمی ئیمپریالیزمی ئێران خەیانەت بە نەسڵەکانی داهاتووش دەکا. مونۆپۆڵەکانی ئەندامی کۆنسورسیۆم زۆربەی سەرچاوەکانی نەوت و بازاری وڵاتەکانی

غەیرە سۆسیالیستییان بەدەستەوەیە. ئاشکرایە کە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کۆنسۆرسیوم هەموو کاتێک دەتوانێ شەرتەکانی خۆی کە نەتیجەی وەزعی ئابووریی وڵاتانی هەرەگەورەی سەرمایەدارین بەسەر ئێراندا بسەپێنێ. لەسیاسەتی دەرەوەدا ڕێژیمی ئێران بەگشتی پێرەوی لە ئیمپریالیزم و بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکا. بێجگە لە ئەندامەتیی پەیمانی سێنتۆ کە دەستەبەندییەکی عەسکەری و ئیمپریالیستی دژی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، ئێران پەیمانی دوو قۆڵیی عەسکەریشی دەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستوە و هەزاران موستەشاری ئەمریکایی بەسەر لەشکر و پولیس و ژاندارمریدا زاڵن.

لە ئێرانی ئەوڕۆدا دیکتاتۆری گەیشتۆتە ئەو پەڕی. شوێنەواری ئازادی و دێموکراتی نەماوە. حیزبی نیشتمانی و پێشکەوتووەکان، سەندیکا و ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی سینفی هەموو بە غەیرەقانوونی ڕاگەیەندراون. ئازادیی بەیان و بڵاوکردنەوە نەماوە. نوێنەرانیی مەجلیسی شوڕا و سەنا لە لایەن «شا»وە دیاری دەکرێن. دەسەڵاتی قانووندانان و دادخوازی و ئیجرائی هەموو بەدەست شاوەیە. دەزگای ئەرتەش و پۆلیس و سازمانی ئەمنییەت حاکمی گیان و ماڵی خەڵکن. ئێران بۆتە بەندیخانەی هەموو ئنسانێکی بەشەرەف و ئازادیخواز. بەم جۆرە ناتەباییەکی گرەیی لە نێو دەسەڵاتی سیاسیی وڵات و گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێو شا و دەربار و جیرەخۆرانی لە لایەکەوە و، گەلانی ئێران لە لایەکی دیکەوە پێک هاتوە کە تاقە ڕێگای چارەسەرکردنی بەرپاکردنی شۆڕشێکی قووڵی کۆمەڵایەتییە.

٤) کوردستانی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوە لە نێو وڵاتێکی دواکەوتودا. لە ڕاستیدا کوردستانی ئێران هەرچەند لە باری تەبیعی و سامانی ژێر ئەرزییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام یەکێک لە پاشکەوتوترین ناوچەکانی ئێرانە. گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێران تەنانەت وەک ناوچەکانی تری ئێرانیش پێک نەهاتوە. وەزعی ئابووری و لەشساخی و فەرهەنگیی زۆربەی دانیشتووانی کوردستانی ئێران زۆر کەم گۆڕاوە. پایەی ژیان زۆر نزمە. زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و کوێرەوەریدا . دێییەکانی کوردستان لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی و قوتابخانە و ئاوەدانی بەتەواوی بێبەشن.

کوردستانی ئێران ناوچەی هەرە میلیتاریزەکراوی ئێرانە. قانوون لێرەدا هیچ مانایەکی نییە. مووچەخۆرانی لەشکر و ژاندارمەری و سازمانی ئەمنییەت هەموو دەسەڵاتێکیان بەدەستەوەیە. زۆرداریی نەتەوایەتی هەموو کوردستانی ئێرانی گرتۆتەوە. ڕێژیمی شا لە نیوەی دووهەمی جەرخی بیستەمیشدا نایهەوێ ئێعتراف بکا کە لە ئێران نەتەوەیەک بەناوی نەتەوەی کورد هەیە کە بەشێکە لەو نەتەوەیەی کە لە وڵاتەکانی دراوسێی ئێرانیش لەسەر خاکی باب و باپیریان دەژین. منداڵانی کورد دەبێ هەر لە منداڵییەوە بە زمانی فارسی بخوێنن و مەجبوورن لە قوتابخانەدا بە فارسی بدوێن. بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی بە زمانی کوردی قەدەغەیە. فەرهەنگی نەتەوایەتیی گەلی کورد دەرەتانی پێشکەوتنی نییە. مووچەخۆرانی بەرز زۆربەیان کورد نین. کەمترین داخوازیی نەتەوایەتی بەتوندی سەرکوت دەکرێ. سیاسەتی کردنەفارسی کوردەکان کە لە زەمانی ڕەزاشاوە دەست پێکرابوو، ئێستاش هەر درێژەی هەیە. زۆرداریی نەتەوایەتی لە هەموو بەشێکی ژیانی ئابووری و سیاسی و

کۆمەڵایەتیدا لە کوردستانی ئێران بەرچاو دەکەوێ. کوردستان کراوە بە بەندیخانەی گەلی کورد.

٥) بەم جۆرە ئیمپریالیزم و ڕێژیمی شا و هاودەستەکانی لە کوردستان دوژمنی گەلی کورد و کۆسپی پێشکەوتنی وڵاتەکەمانن. خەباتی گەلەکەمان دژی ئەوانەیە. حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش هەر لەو وەزعە دان و دوژمنانی گەلی کورد دوژمنانی گەلانی ئێرانن. حیزبی دێموکراتی کوردستان گەلانی ئێران دەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیمی شا وەک یەک تەماشا ناکا. حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە ڕێگای ڕزگاریی ئێران پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی یەکگرتووی دژی ئیمپریالیستییە کە هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکان و ڕێکخراوەکانی سیاسی و سیفیی پێشکەوتوو لەسەر ئەساسی بەرنامەیەکی هاوبەش لە ڕیزی خۆیدا کۆ بکاتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی ئێران لە ژێر نفووزی ئیمپریالیزم و دابینکردنی دێموکراتی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، دەبێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی بڕووخێ و لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا حکوومەتی خودموختاری کوردستان دابمەزرێ کە بتوانێ داخوازەکانی مێژوویی گەلی کورد وەدی بێنێ .

خەبات بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی خودموختار لە کوردستان کە داخوازێکی درێژخایەنە، دەگەڵ خەبات بۆ جێبەجێکردنی هێندێ داخواز لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئێستای ئێراندا ناتەبایی نییە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بڕوایەدایە کە بە خەباتی شێلگیر ئیمکانی هەیە ڕێژیم مەجبوور بکرێ پاشەکشە بکا. جا لەبەر ئەوە حیزبی ئێمە هەر ئێستاش بۆ هێنانەدی هێندێ داخوازیی وەک ئازادیی زیندانیانی سیاسی و بەرەسمی ناساندنی زمانی کوردی و .. هتد خەبات دەکا و پێیوایە کە بە خەباتی ڕێکوپێک دەتوانێ ئەم داخوازانە بەسەر ڕێژیمی شادا بسەپێنێ.

٦) بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەسڵیی گەلی کورد کە بریتییە لە پێکهێنانی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکگرتنی هێزە دێمۆکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دادەنی. مێژووی ٢٨ ساڵ جووڵانەوەی دێموکراتی لە ئێران بەچاکی دەری دەخا کە ئیمپریالیزم و ڕێژیمی شا لە ئێران لە نەبوونی یەکیەتیی هێزە شۆڕشگێر و پێشڕەوەکانی گەلانی ئێران ئەوپەڕی کەڵکیان وەرگرتوە. لە ڕاستیدا ڕێژیمی دژی نیشتیمانی هەر بۆیە خۆی ڕاگرتوە کە بەرەیەکی یەکگرتووی شۆڕشگێڕ لە ئێراندا پێک نەهاتوە کە بتوانێ خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بەڕێوە بەرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە هەم دژی شووینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد دەکا و هیچ مافێکی نەتەوایەتی بۆ قایل نییە و، هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە ڕێژیمی شا و گەلانی ئێران لێک جیا ناکاتەوە، خەبات دەکا. هەم شۆوینیزمی ئێرانی و هەم ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەردووکیان دوژمنی یەکگرتنی جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلانی ئێرانن. هەر لەو کاتەشدا حیزبی دێموکراتی

کوردستان لەو بڕوایەدایە کە لە وەزع و حاڵی ئێستادا مەترسیی گەورەتر شۆوینیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو بەرنامەیە دەخاتە بەر چاوی گەلی کورد و لە گشت دانشتووانی کوردستان، کرێکاران، جووتیاران، ڕووناکبیران، بازارییان و عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان و لە هەموو ڕۆڵە بەشەرەفەکانی کوردستان دەگرێتەوە کە بۆ وەدیهێنانی بەندەکانی ئەو بەرنامەیە تێبکۆشن. حیزبی دێموکراتی کوردستان دڵنیایە کە یەکیەتی و خەباتی شێلگیری گەلی کورد پێکەوە دەگەڵ گەلانی تری ئێران دەتوانێ و دەبێ ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی شا بڕووخێنێ. ئێستا لەسەر شانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە کە ئەم بەرنامەیە بەرنە نێو کۆمەڵانی گەلی کورد و لەسەری بدوێن و بیروباوەڕی حیزبی ئێمە لەسەر گیروگرفتەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات ڕوون بکەنەوە.

کۆمەڵانی خەڵک دەبێ بەتەواوی لەم بەرنامەیە بگەن و بە بەرنامەی تێکۆشانی سیاسیی خۆیانی بزانن. تەنیا لەو کاتەدایە کە بەرنامەی حیزبی ئێمە دەبێتە هێزێکی مادیی توانا و هەموو کوردستانی ئێران وە جووڵانەوە دەخا. تەنیا لەو کاتەدایە کە هێزی بێپایانی گەل بۆ بەجێهێنانی بەرنامەکەمان دەجووڵێتەوە و سەرکەوتنی نیهایی بۆ نەتەوەکەمان دابین دەکا.

گەلی ئێمە پشتئەستوور بە هێزی خۆی لەو خەباتەدا لە پشتیوانیی هەموو گەلانی ئێران و جیهان و گشت هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی دنیا کەلک وەردەگرێ. گەلی کورد تەنیا نەتەوەیەکی پازدە میلیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە لە مافی دانانی چارەنووسی خۆی بێبەشە. لە کوردستانی عێراق بەشێک لە گەلەکەمان پاش خەباتێکی دوورودرێژ مافی نەتەوایەتیی بە شکڵی خودموختاری وەدەست هێناوە و خەریکی چەسپاندنی ئەم مافەیە. تێ بکۆشین با میلیۆنها کورد لە ئێرانیش لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا مافی خودموختاری وەدەست بێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامانجەکانی خۆی لەو بەرنامەیەدا گونجاندوە و هێنانەدیی ئەو ئامانجانە ئەرکی سەرشانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە کە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا پێک دێ.

**ئامانجەکانی گشتی:**

١) حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبی پێشڕەوی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران و دەگەڵ هێزە پێشکەتووەکانی ئێران دژی ئیمپریالیزم و ڕێژیمی کۆنەپەرەستی پاشایەتی و بۆ ڕزگاریی سەرانسەری ئێران و وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٢) حیزبی دێموکراتی کوردستان لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتی نێو میللەتانە و پشتیوانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی هەموو وڵاتان دژی ئیمپریالیزمی جیهانییە.

٣) ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنانی کۆمەڵێکی دادپەروەری سۆسیالیستییە.

٤) دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنانی خودموختاری بۆ کوردستانە

لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا.
٥) حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستان لە هەموو خاکی کوردستانی ئێران پێک دێ. سنووری کوردستانی ئێران بە چەشنێک دیاری دەکرێ کە دەگەڵ شەرتەکانی مێژوویی و جوغرافیایی و ئابووری بگونجێ و دەگەڵ ویستی زۆربەی دانشتووانی ئەو ناوچەیە ڕێک کەوێ.

## هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتی:

٦) کاروباری سیاسەتی دەرەوە، دیفاع و دانانی پڕۆژەی ئابووریی درێژخایەن بۆ هەموو ئێران لە سەڵاحییەتی حکوومەتی دێموکراتی ئێراندایە. بێجگە لەوە هەموو سەڵاحییەتی دەستەڵاتی حکوومەتی لە کوردستان بەدەست حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستانە. نوێنەرانی حکوومەتی میللیی خودمەختاری کوردستان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی مەرکەزیدا بەشدار دەبن .

٧) لە حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستاندا هەموو دەسەڵات بەدەست خەڵکەوەیە کە بەهۆی نوێنەرانی خۆی لە ئەنجوومەنی نەتەوایەتیی کوردستاندا ئەو دەسەڵاتە بەکار دێنێ.
٨) ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستانە. نوێنەرانی ئەنجومەن لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. هەموو ئەو کەسانەی تەمەنیان گەیشتبێتە ١٨ ساڵ مافی هەڵبژاردن و ئەوانەی تەمنیان گەیشتبێتە ٢١ ساڵ مافی هەڵبژێردرانیان هەیە. هەڵبژاردن گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و نهێنییە. ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێردراندا مافیان وەک یەکە.
٩) دەزگای دەوڵەتی لە کوردستاندا لە سەرەوە هەتا خوارێ بەدەست ئۆرگانەکانی حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستانەوەیە. هەڵسووڕاندنی دەزگای دەوڵەتی لەسەر ئەساسی ناردنی کاربەدەست لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە کە تا ئێستا باوە، هەڵدەوەشێ.
١٠) پۆلیس و ژاندارمری هەڵدەوەشێ و لە جێگای وان لە کوردستان هێزی پێشمەرگە دادەمەزرێ. لە جێگای ئەرتەشی کۆنەپەرستی شاهەنشاهی لەشکری گەل بۆ دیفاع لە نیشتمان و دەستکەوتەکانی گەل پێک دێ.
١١) زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستانە. لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا فێربوون بە زمانی کوردییە و لە ئیدارەکانی دەوڵەتیشدا ئەو زمانە بەڕەسمی بەکار دەهێندرێ. زمانی فارسی هەروەک لە ناوچەکانی تری ئێران لە حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستانیش زمانێکی ڕەسمیی دەوڵەتییە و لە قوتابخانەکان پاش ساڵی چواری سەرەتایی، منداڵانی کوردستان وێرای زمانی کوردی دەیخوێنن.
١٢) کەمایەتییەکانی نەتەوایەتیی دانیشتووی کوردستان دەگەڵ کوردەکان مافیان وەک یەکە. مافی فەرهەنگییان دابین دەکرێ و منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن و مافی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی خۆیان دەبێ.
١٣) حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستان ئازادییە دێموکراتییەکان، ئازادیی بەیان و

بڵاوکردنـەوە، دانانـی ڕێکخـراو و سـەندیکا بـۆ هەمـوو چینەکانـی دێموکراتـی و توێژەکانـی گـەل تەزمیـن دەکا. دانیشـتووانی کوردسـتان لـە هەڵبژاردنـی کار و جێـگای خۆیانـدا سـەربەسـتن و سـەربەسـتیی هاتوچۆیـان هەیـە.

١٤)دەوڵـەت و دیـن لێـک جیـان. هەمـوو دینێـک ئـازادە و پەیڕەوانـی هەمـوو دینـەکان بەرامبـەر قانـوون وەک یەکن. قانـوون ڕێگای جیاوازیدانانی ڕەگـەزی و دینی نـادا.

١٥) ژن و پیـاو لەنێـو خێـزان و لەنێـو کۆمەڵـدا مافـی وەک یەکیـان هەیـە و بـۆ کاری وەک یـەک مووچـەی وەک یـەک وەردەگرن.

**ئامانجەکانی ئابووری:**

١٦) ڕێبـازی ئەسـاسـیی پێشـکەوتنی ئابووریـی سـەرانسـەری ئێـران و هەروەهـا کوردسـتان سـەنعەتیکردن بەپێـی ئوسـولی تـازە و بـە ڕێککەوتـن دەگـەڵ دەسـتکەوتەکانی شـۆڕشـی زانسـتی و تیکنیکـی لـە جیهانـدایـە. دانانـی بناخـەیەکـی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی پێویسـت بـۆ سـەنعەتیکردن یەکێـک لـە ئەرکەکانـی هـەرە ئەسـاسـیی حکوومەتـی دێموکراتـی ئێـران و حکوومەتـی میللیـی خودموختـاری کوردسـتانە.

١٨) حکوومـەتی میللیـی خودموختـاری کوردسـتان بەهـۆی بەشـی گشـتیی ئابـووری کـە بەشـی ئەساسـیی پێشخسـتنی ئابوورییـە، سـەنعەتی پێشـکەوتوو لـە کوردسـتاندا پێـک دێنـێ و سـەنعەتی نیشـتمانی و دەسـتکرد کـە ئێسـتا هەیـە دەپارێـزێ. لـە تەنیشـت بەشـی گشـتیی ئابـووری، بەشـی تەعاوەنـی و خسووسـیش لـە سـەنعەتیکردنی وڵاتـدا بەشـدار دەبـن.

١٨) سـەرچاوەکانی ژێـرزەوی و هەروەهـا ئـاو و لێـرەوار و هەوارگـە سـامانی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانە و حکوومـەتی میللیـی خودموختـاری کوردسـتان بـە قازانجـی کۆمەڵانـی خەڵـک کەلکیـان لـێ وەردەگـرێ.

١٩) زیاترکردنـی بەرهەمـی کشـتوکاڵ لـە ڕێگای میکانیزەکـردن و بەکارهێنانـی شـێوەی زانسـتی لـە کشـتوکاڵدا و دانانـی پـڕۆژەی بەراوکـردن و دروسـت کردنـی سـەد، بەشـێکی هـەرە گرینگـی سیاسـەتی ئابووریـی حکوومـەتی میللیـی خودموختـاری کوردسـتانە.

٢٠) حکوومـەتی میللیـی خودموختـاری کوردسـتان هـەوڵ دەدا بـۆ گەشـەپێدانی بازرگانیـی نێوخـۆ و دەرەوە و بووژاندنـەوەی کەسـب و کار و پیشـەسـازی لـە کوردسـتاندا و ئـەو پـڕۆژە ئابوورییانـە کـە جێبەجێکردنیـان لـە لایـەن بەشـی گشـتییەوە بـە قازانجـی پەرەئەسـتاندنی ئابووریـی وڵات نییـە بـە بەشـی خسووسـی دەسـپێردرێن. ئەمـەش بـە مەبەسـتی کەلکوەرگرتـن لـە هەمـوو سـەرچاوەیەکی ئابـووری بـۆ پێشخسـتنی وڵاتـە.

٢١) بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ژیانـی گـەل و بەتایبەتـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان نێورۆکـی ئەساسـیی سیاسـەتی ئابووریـی حکوومـەتی میللیـی خودموختـاری کوردسـتانە و ئـەم حکوومەتـە هەمـوو هێـزە و ئیمکاناتـی خـۆی بـەکار دێنـێ بـۆ ئـەوەی هەرچـی زووتـر زۆربـەی دانیشـتووانی کوردسـتان کـە لـە هـەژاری و بێبەشـیدا دەژیـن لـەم وەزعـە ڕزگار بـکا و ژیانێکـی ئەوتۆیـان بـۆ پێـک بێنـێ کـە شـایانی ئادەمیـزادی ئـەم ڕۆژگـارە بـێ.

٢٢) ئەسـڵی هەشـت سـەعات کاری ڕۆژانـە لـە هەمـوو جێگایـەک دێتـە دی. لانیکەمـی کرێـی

کرێکارانی دیاری و بەپێی خەرجی ژیان زیاد دەکرێ. ئەو کرێکارانەی کە کارێکی دژواریان هەیە، نابێ لە شەش سەعات زیاتر کار بکەن. کرێکاران و ڕەنجبەران بەرامبەر پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پیری بیمە دەبن و ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵ کەمترە نابێ کار بکەن.

٢٣) زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا. تەواوی زەویی دوژمنانی گەل بەسەر وەرزێرانی بێزەویدا بەخۆڕایی دابەش دەکرێ. قیسەکانی ئەو زەوییانە کە بەسەر وەرزێراندا بەش کراوە نادرێتەوە.

٢٤) حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستان پێویستە یارمەتیی وەرزێران بدا بۆ ئەوەی بتوانن ئامرازی کشتوکاڵ بۆ خۆیان ئامادە بکەن و بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخێکی باش لێ بکرێ و بۆ ماوەی زۆر و بە سوودی کەم قەرزیان بداتێ. قەرزی وەرزێران بە سوودخۆرانی شار و لادێ و دوژمنانی گەل نادرێتەوە. بێگار لە سەرانسەری کوردستان هەڵدەگیرێ و هیچ چەشنە سووروساتێک نامێنێ.

٢٥) حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستان بایەخێکی تایبەتی دەدا بە پەرەپێدانی ئاژەڵداری و هەوارگەکان بەپێی شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێردرێن و ڕێگای زانستی و دروستی پەروەردەکردنی مەروماڵیان فێردەکرێ.

**سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی:**

٢٦) هەموو منداڵانی کوردستان، کچ و کوڕ تا ١٥ساڵی بە ئیجباری دەبێ بخوێنن و حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستان بە گورجی خەریکی لەنێوبردنی نەخوێندەواری دەبێ. لە کوردستان خەرجی خوێندنی سەرەتایی لەسەر حکوومەتە و خوێندن لە پلەکانی تری فێربووندا بەخۆڕاییە. یارمەتیی دەوڵەت لەو بارەوە قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە.

٢٧) حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی پایەی فەرهەنگیی گەل دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی وەک تیئاتر (نمایش)ی میللی و سینەما و مەدرەسەی عالی و زانستگا تێدەکۆشێ.

٢٨) پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، پشتیوانی لە نووسەران و زانایانی کورد ڕێبازی داییمی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان دەبێ.

٢٩) ڕووناکبیرانی کوردستان بەپێی لێوەشاوەییان کاریان دەدرێتێ. حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستان سیاسەتێکی ئەوتۆ بەرامبەر ڕووناکبیران دەگرێتە پێش کە وڵاتی خۆیان بەجێ نەهێڵن و خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن.

٣٠) حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی پایەی لەشساغیی هەموو گەل تێدەکۆشێ و وەزعێکی وا پێک دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانێ لە یارمەتیی خۆڕایی پزیشکی کەلک وەربگرێ و بۆ نەهێشتنی ئەو نەخۆشییانە کە لە کوردستاندا بڵاو بوونەوە، بەربەرەکانییەکی توند دەست پێدەکا.

**سیاسەتی دەرەوە:**

٣١) سیاسـەتی دەرەوەی حکوومەتی دێموکراتی ئێران سیاسـەتێکی بێلایەن و سـەربەخۆیە و پێوەندیی دەگەڵ وڵاتان لەسـەر ئەساسی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسـینی حاکمییەتی نەتەوایەتی و دەسـتدرێژی نەکردن لـە کاروباری یەکتر دادەمەزرێنێ و دەگـەڵ وڵاتانی سوسیالیسـتی و ئـەو وڵاتانـە کـە سیاسـەتێکی دێموکراتـی و دژی ئیمپریالیسـتییان هەیـە، پێوەندیـی دۆسـتایەتی پێک دێنێ.

٣٢) حکوومەتی دێموکراتی ئێران پشـتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژی ئیمپریالیسـتیی گەلان دەکا و لایەنگری ئەوەیە کە هەموو نەتەوەیەک مافی دانانی چارەنووسـی خـۆی هەبێ.

٣٣) حکوومەتـی دێموکراتـی ئێـران لـە ڕێـزی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا و لـە دەرەوەی ئـەم ڕێکخـراوە دیفـاع لـە ئاشـتیی جیهانـی و پێکەوەژیانـی بەئاشـتی لەنێـو گـەلان دەکا و لایەنگـری چارەسـەرکردنی گیروگرفتەکانـی نێونەتەوایەتـی لـە ڕێـگای وتووێـژەوە بەبـێ بەکارهێنانـی زۆرە.

٣٤) حکوومەتی دێموکراتی ئێران دەبێ ببێتـە بنکـەی یارمەتی بـە خەباتی ڕزگاریخوازانـەی گەلانـی زۆرلێکـراو، بەتایبەتـی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا و پەنـای سیاسـی بـە هەمـوو ئینسـانێکی نیشـتمانی و ئازادیخـواز دەدا. هەروەهـا حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستان لـە هەمـوو هـەل و دەفەتێـک بـۆ یارمەتیی برایانی کـورد لـە پارچەکانی تـری کوردسـتاندا کەلـک وەردەگـرێ و پەنـای سیاسـی بـە هەمـوو کوردێکـی نیشـتمانپەروەر دەدا.

## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)

**بەندی یەکەم_ ناو و سروشتی حیزب**

١) ناوی حیزب «حیزبی دێموکراتی کوردستان»ە

٢) حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان حیزبـی پێشـڕەوی هەمـوو گەلـی کـوردە لـە کوردسـتان ئێراندا و بـە تایبەتـی کرێکاران و جووتیارانـی تێکۆشـەر و ڕووناکبیرانـی شۆڕشـگێڕ لـە ڕێـزی خۆیـدا کـۆ دەکاتـەوە.

٣) حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە تێکۆشـانی خۆیـدا پەیـڕەوی لـە تیئوریـی زانسـتی پێگەیشـتنی کۆمـەڵ دەکا.

**بەندی دووهەم_ ئەندامەتیی حیزب**

١) هەمـوو هاونیشـتمانییەکی دانیشـتووی کوردسـتانی ئێـران و هەمـوو کوردێکـی ئێرانـی کـە تەمەنـی گەیشـتبێتە ١٨ سـاڵ، دەتوانـێ ئەندامـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـێ ئەگـەر:

_ بەرنامە و پیڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکا.

_ لە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی حیزبدا تێبکۆشێ.

_ مانگانەی ئەندامەتی بدا.

_ بە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو ناسرابێ.

**بەندی سێهەم_ ئەرکەکانی ئەندامی حیزب**

١) ئەرکی ئەندامی حیزب ئەوەیە کە:

_ بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوە تێبکۆشێ.

_ بە هەموو هێز و توانایەوە یەکیەتیی تەشکیلاتی و فیکریی حیزب بپارێزی. بەپێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەیڕەوی دیسپلینی حیزبی بێ.

_ نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.

_ پایەی تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرز بکاتەوە.

_ سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی گەل و پێوەندیی حیزب دەگەڵ خەڵک پتەوتر بکا و لە ڕا و تاقیکردنەوەیان کەلک وەربگرێ.

**بەندی چوارەم_ مافەکانی ئەندامی حیزب**

١) ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

_ بۆ هەموو ئۆرگانێکی حیزب هەڵبژێرێ و هەڵبژێردرێ.

_ لە هەموو ئەندامێک یا ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبدا یا بە هۆی چاپەمەنیی حیزبی ڕەخنە بگرێ.

_ بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، نەزەری خۆی بڵێ، یا پرسیاری لێ بکا .

_ لە هەموو ئۆرگانێکی خوارتر بۆ ئۆرگانێکی سەرەوەتر شکایەت بکا.

_ لە دانانی ڕێبازی سیاسیی حیزبدا بەشدار بێ .

_ لە هەموو کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا کە بەراوردی تێکۆشانی سیاسی و حیزبیی ئەو دەکا و دەیەوێ قەراری لەسەر بدا، ئامادە بێ.

**بەندی پێنجەم_ شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام**

١) بۆ ئەوەی ئەندامێک وەربگیرێ دەبێ:

_ دوو ئەندامی حیزب ناسێنەری بن.

_ ساڵێک ماوەی تاقیکردنەوە تەواو بکا.

_ بەهۆی زۆربەی ئەندامانی شانە یا ئۆرگانێکی سەرەوەتر بە ئەندام وەربگیرێ.

٢) ئەو کەسانە ناتوانن ئەندامی حیزب بن:

_ خائین بە گەلی خۆ، یا جاسووس بن.

_ ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرست بن.

_ ئەندامی حیزبێکی سیاسیی دیکە بن.

**بەندی شەشەم_ سزادانی ئەندام**

١) ئەو ئەندامانەی کە ئەرکی خۆیان بەجێ ناهێنن و یا بە پێچەوانەی پێڕەوەی حیزب دەجووڵێنەوە سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتییە لە سەرکۆنە بە دەم، سەرکۆنە بە نووسراو،

ئەستاندنەوەی لێپرسراوی، هەڵپەساردن و دەرکردن لە حیزب.
زۆرترین ماوەی هەڵپەساردنی ئەندام ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێردراو لە ماوەی هەڵپەساردنیدا خاوەنی مافی ئەندامی حیزب نییە.
٢) سزای حیزبی بە زۆربە ی دەنگەوە لەلایەن ئەو ڕێکخراوە حیزبییەوە دەدریٚ کە ئەندامی حیزب لەوێدا تیٚدەکۆشیٚ.
٣) مەبەست لە سزای حیزبی پەروەردەکرانی ئەندامە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدریٚ کە ڕێگای تر وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە چاککردنەوەی ئاکاریدا کاریگەر نەبوو بیٚ.
٤) ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و مافی هەیە داوای خۆی بۆ کۆنگرەش بنێریٚ.

**بەندی حەوتەم_ داڕشتنی قەوارەی حیزب**

١) ئەسڵی بنەڕەتی داڕشتنی قەوارەی حیزب سانتراڵیزمی دێموکراتییە.
٢) سانتراڵیزمی دێموکراتی بەو مانایەیە:
_ هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەریٚ هەڵدەبژێردرێن.
_ ئۆرگانەکانی حیزبی بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیانبژاردوون و هەم بە ئۆرگانەکانی سەرەوەتر دەدەن.
_ ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراو و کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆربەی ئەندامانە.
_ لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامانی حیزب بیٚجیاوازی یەک دیسپلین هەیە.
_ بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرەوە بەبیٚ شەرت لەلایەن ئۆرگانەکانی خواروو جێبەجیٚ دەکریٚ.
٣) باسکردن و بڕیاردان لە سەرەوەترین ئۆرگانەوە هەتا خواریٚ بەپێی ئیمکان، دەستەجەمعییە (پێکەوەیە_ هەرەوەزییە). فەردپەرستی و تەکڕەوی لە حیزبدا جێگای نییە.

**بەندی هەشتەم _کۆنگرەی حیزب**

١) بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.
٢) کۆنگرەی حیزبی هەر دوو ساڵ جارێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بە نیسبەتێک کە کومیتەی ناوەندی دیاریی دەکا، لە نوێنەرانی هەموو ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبی پێکدیٚ.
٣) کۆنگرەی (فوق‌العادە) لەسەر داوای کومیتەی ناوەندی یا یەک لەسێی هەموو ئەندامانی حیزب پێک دیٚ.
٤) ئەرک و سەڵاحییەتی کۆنگرە ئەمانەن:
_ باسی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
_ ڕێبازی گشتیی سیاسی و ستراتیژی و تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.
_ بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب دادەنیٚ و ئەگەر بە پێویست بزانیٚ دەستیان لیٚدەدا

و دەیانگۆڕێ.
ـ کومیتەی ناوەندیی حیزب هەڵدەبژێرێ. ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەر نەبێ دەبێ سێ ساڵ ڕابردووی ئەندامەتیی حیزبی هەبێ.

**بەندی نۆهەم_کونفرانسی حیزبی**
١) کۆنفرانسی حیزب بانگ دەکرێ ئەگەر:
ـ ئیمکانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
ـ گیروگرفتی ئەوتۆ بێتە پێش کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانی چارەسەری بکا
ـ لەوەزعێکی ئەوتۆدا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.
٢) کۆنفرانس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کۆمیتەکانی شار و شارستان و ئەو ڕێکخراوانە پێکدێ کە سەر بە کومیتەی ناوەندین.

**بەندی دەهەم_ کۆمیتەی ناوەندی**
١) کۆمیتەی ناوەندی لە ماوەی بەینی دوو کۆنگرەدا بەرزترین ئۆرگانی حیزبیە و کاروباری حیزب هەڵدەسووڕێنێ.
٢) ئەرک و سەلاحییەتی کومیتەی ناوەندی ئەمانەن:
ـ بڕیارەکانی کۆنگرە دێنێتە دی.
ـ مەسئولە لە پێوەندیی حیزب دەگەڵ هەموو ڕێکخراو و حیزبەکانی تر.
ـ بۆڕۆی سیاسی و سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کومیتەی ناوەندی مەسئوولن.
ـ نیسبەتی مانگانەی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئولە لە خەرج و دابەشکردنی داهاتی حیزب.
ـ هەر نەبێ سێ مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی زەخیرەی کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.

**بەندی یازدەهەم_ بۆڕۆی سیاسی**
١) لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بۆڕۆی سیاسی ئەرکی کومیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و مەسئولی بەجێهێنانی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندییە.
٢) بورۆی سیاسی ڕاپۆرتی خۆی بە ڕێکوپێکی بە کومیتەی ناوەندی دەدا.

**بەندی دوازدەهەم_ ڕێکخراوەکانی حیزب**
١) ڕێکخراوی بنەڕەتیی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.
٢) ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوچە کومیتەی ناوچە، لە شار، کومیتەی شار و لە شارستان کومیتەی شارستان بەڕێوەی دەبا.
٣) ئەرکی شانە و کۆمیتەکانی شار و شارستان بڵاوکردنەوەی سیاسەتی حیزب لە نێو

کۆمەڵانی خەڵک و بەجێگەیاندنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و هەڵسووڕاندنی کاروباری حیزبییە.

٤) کومیتەی هەموو ڕێکخراوێکی حیزبی لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە هەڵدەبژێردرێ.

٥) بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە هەر نەبێ دوو ساڵ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە پێک دێ.

**بەندی سێزدەهەم_ داهاتی حیزب :**

١) داهاتی حیزب لە مانگانەی ئەندامان و داهاتی بنکەکانی حیزب و یارمەتیی دۆستانی حیزب پێک دێ.

***

## پەیامەکانی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)

**پەیام بۆ ئەندامانی حیزب**

هاوڕێیانی خۆشەویست!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی پاش چەندین ساڵ خەباتی دژوار و سەرکەوتن بەسەر کەند و کۆسپی جۆربەجۆردا توانی لە هەلومەرجی زاڵبوونی هێزی ڕەشی ڕێژیمی شا بەسەر وڵاتەکاماندا کۆنگرەی سێهەمی خۆی لەژێر دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران»دا پێک بێنێ. ئەم کۆنگرەیە زۆر ئەرکی مێژوویی گرنگی لە سەرشان بوون. ئێستا بەوپەڕی شانازییەوە ڕادەگەیەنین کە کۆنگرەی سێهەم ئەرکەکانی خۆی بریتی بوون لە لێکدانەوەی ڕابردووی خەباتی حیزب و هەڵسەنگاندنی تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندی و دانانی ڕێبازی داهاتووی حیزب و هەڵبژاردنی ئۆرگانی بەڕێوەبەرایەتی، بەچاکی ئەنجام داوە. بەم جۆرە حیزبی ئێمە قۆناغێکی تازە لە تیکۆشانی خۆی دەست پێدەکا.

ئاشکرایە کە بەجێ گەیاندنی بڕیارەکانی کۆنگرە و جێبەجێ کردنی ڕێبازی سیاسیی حیزب بە ئەرکی ئەساسیی هەموو ئەندامانی حیزب دادنرەێ. هەرچەندی زیاتر لە لەم ڕێگایەدا تێبکۆشین و هەرچی باشتر ئەرکەکانی سەرشانمان بەجێ بگەیەنین، ئەوەندە زیاتر دەتوانین لایەنگری و پشتیوانیی کۆمەڵانی گەل بۆ لای حیزب ڕابکێشین. ئەودەم بەرنامەی حیزبی ئێمە بەرەبەرە دەبێتەوە بەرنامەی هەموو خەڵکی کوردستان ئێران.

کۆنگرەی سێهەم لە کاتێکدا دەبەسترێ کە سەردەمی پاشە-کشەی بزووتنەوەی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستیی گەلانی ئێران تەواو بووە و سەردەمی یەکخستنی کۆمەڵانی خەڵک بۆ خەباتێکی بەرینتر هاتوە. لە هەلومەرجێکی وادا ئەندامانی حیزبی ئێمە ئەرک و مەسئوولییەتێکی قورسیان لەئەستۆیە. دەبێ کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستانی ئێران لە نیزیکەوە لە بڕیارکەانی کۆنگرە و لەو سیاسەتە کە کۆنگرە دایناوە شارەزا بکەن. کۆنگرە دڵنیایە کە هاوەڵانی حیزبی بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە مێژووییە لە هیچ تێکۆشانێک کۆتایی ناکەن. گومانی تێدا نییە کە هاوڕێیانی حیزبی ئێمە سەرەڕای هەلومەرجی ڕەشەکوژی و زەبروزەنگ و سەرەڕای هەوڵ و تەقەلای سازمانی ئەمنیەت، عەوامفریودانی ڕێژیمی شا، بۆ پاراستنی

یەکیەتیی سیاسی و فیکری و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی حیزب و پێکهێنانی پێوەندییەکی پتەو و قایم لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک بە هەموو تواناوە تێدەکۆشن.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
سڵاو لە خەباتی دژوار بەڵام شێلگیری خەباتکەرانی حیزبی ئێمە،
بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێنوێنی خەباتی خەڵکی کوردستان ئێران.

***

**پەیام بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران**

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان ئێران!

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پڕ بەدڵ سڵاو لە ئێوە گەلی زۆرلێکراوی کوردستانی ئێران دەکا. کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لێکدانەوەی وەزعی نێونەتەوایەتی و وەزعی ئێران و کوردستانی ئێران ئەرکەکانی حیزبی لە قۆناخی ئێستادا دیاری کردوە و ڕێگای چارەسەری گیروگرفتەکانی نیشان داوە. کۆنگرە داخوازە ئەساسییەکانی گەلی کوردی لێک داوتەوە و لە دروشمی بنەڕەتیی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران»دا کورتی کردوونەوە. وەدیهێنانی ئەو دروشمە یانی دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد و ڕزگاریی ئێران لەژێر باری نفوزی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی شا.

حیزبی ئێمە وەک تاقە حیزبی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، حیزبێک کە پشتیوانیی تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئێرانی لەگەڵە، مەسئوولیەتێکی گەورەی مێژوویی لە ئەستۆیە. ئەرکی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە گەلی ئێمە بۆ لای ئامانجەکانی ڕێنوێنی بکا و لە ڕێگای وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا لە هیچ فیداکارییەک دریغ نەکا. بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزە بەبێ بەشداریی توێژی هەراو و بەرینەکانی گەلی ئێمە لە خەباتدا، بەبێ یارمەتی و پشتیوانیی تەواوی ئەوان لە حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیمکانی نییە. هێزی حیزبی ئێمە لە نیزیکی و هاوپێوەندیی ئەو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدایە و هێزی جووڵانەوەی کۆمەڵانی خەڵکیش بە نۆرەی خۆی بە وریایی و ڕابەریەتی دروستی حیزبەوە بەستراوەتەوە.

خەڵکی کوردستان ئێران هەمیشە حیزب و خەباتکارانی حیزبی بە باوەشی گەرمەوە وەرگرتوەو لە بەرامبەر ڕێژیمی شا و نۆکەرەکانیدا دیفاعی لێ کردوون. گومانی تێدا نییە کە لە داهاتوودا و لە خەباتێکی توندتردا کە لە پێشمانە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەژێر دروشمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کۆدەبنەوە و هەتا سەرکەوتنی یەکجاری کۆڵ نادەن.

یەکیەتیی گەلی کوردو پێڕەویی ئەو لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەک و هاوپێوەندیی گەلی کورد لەگەڵ گەلانی ئێران لە خەبات دژی ڕێژیمی شادا لە لایەکیتر، ڕێگا بۆ وەدیهێنانی دروشمی ئەسڵیی حیزبی ئێمە، «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران» خۆش دەکا.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
لە ڕێگای دابەزاندنی دروشمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێبکۆشن و بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی سێهەم یارمەتیی حیزب س خەباتکەرانی حیزب بدەن.
ڕێگای حیزبی ئێمە ڕێگای گەلی ئێمەیە. لەژێر ئاڵای حیزبدا کۆوەبن هەتا سەرکەوتنی گەل دابین بکەن.

***

**پەیام بۆ گەلانی ئێران**

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سڵاوی گەرمی خۆی پێشکەشی بە هەموو گەلانی ئێران دەکا. گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە وڵاتێکی فرەگەلدا کەوتوونە ژێر زوڵم و زۆریی ڕێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی و لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێبەشن.
ڕێژیمی شا هەموو داخوازییەکی نەتەوایەتیی بە زیندان و گوللە وەڵام دەداتەوە. فەرهەنگی نەتەوایەتی گەلانی ئێرانی پێشێل دەکا و فەرهەنگێکی بێگانەیان بەسەردا دەسەپێنێ کە دەگەڵ ڕێوشوێنی نەتەوایەوتی و چەشنی ژیان و ڕێبازی دژی ئیمپریالیستیی گەلانی ئێران ڕێک ناکەوێ. ئەو کارەش بۆ لەنێو بردنی فەرهەنگی ڕەسەنی نەتەوایەتی و سەرگێژکردنی کۆمەڵانی خەڵک و دوورخستەوەی ئەوان لە بزووتنەوەی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستی دەکا. لە ڕۆژگاری پاشایەتیی بنەماڵەی پەهلەویدا سیاسەتی توندانەوەی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بۆتە سیاسەتی ڕەسمیی ڕێژیم.
حیزبی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زۆر باش هەست بە بێبەشی گەلەکەمان لە مافی نەتەوایەتی دەکا، لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانیەوە دژی ستەمی نەتەوایەتی و بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی خەباتێکی شێلیگری کردوە. کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی خەبات بۆ ڕزگاریی هەموو گەلانی ئێران لە دەست زۆرداریی نەتەوایەتی لە خەبات بۆ دێموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەجیا نازانێ و ئەم دووانە بە دوو لایەنی خەباتێکی گشتی دادەنێ. تاقیکردنەوە نیشانی داوە کە هەرکاتێک پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر هێزە دێموکراتیەکان و بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستی توندوتیژ بووە، زۆرداریی نەتەوایەتی و هێرشی دڕندانە بۆ سەر گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش پەرەی گرتوە.
گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە وەزعێکی وەک یەکدا دەژین. ئامانجی هاوبەش ئەوانی لە سەنگەرێکدا کۆ کردۆتەوە. کۆنگرە لەو بڕوایەدایە کە بۆ پێکهێنانی یەکیەتی لەنێوان هێزە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکانی هەموو گەلانی ئێران، پێویستە هەم دژی شوۆینیزمی ئێران کە حاشا لە بوونی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دەکا و هەم دژی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ کە دابینکردنی دیموکراسی بۆ ئێران لە بەرچاو ناگرێ، خەبات بکەین.
دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێران و ڕزگاری گەلانی زۆرلێکراو لەژێر باری زۆڵم و زۆری نەتەوایەتی تەنیا لە ڕێگای خەباتی یەکگرتوو و هاوبەشی هەموو گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزمەوە ئیمکانی هەیە.
بۆ پێشەوە لە ڕێگای یەککەوتنی هێزە پێشکەوتووەکانی هەموو گەلانی ئێراندا بۆ دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران.

**پەیام بۆ ڕێکخراوە دژی ئیمپریالیستیی و دێموکراتیەکانی ئێران**

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان سڵاوێکی گەرم لە هەموو ڕێکخراوە دژی ئیمپریالیستی و دێموکراتیەکانی ئێران دەکا. کۆنگرە بەخۆشحاڵییەوە وەبیر دەخاتەوە کە سەردەمی پاشەکشەی بزووتنەوە لە ئێراندا تەواو بووە و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن خەریکن هێزەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونێکی کاریگەرتر لەگەڵ ڕێژیمی شا ئامادە دەکەن. هەلومەرجی تازەی خەبات پێش هەموو شتێک پێویستی بە هاودەنگی و یەکیەتیی کردەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەیە.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبیی دێموکراتی کوردستان جارێکی دیکە ئەو نەزەرە دەسەلمێنێ کە هۆی مانەوەی ڕێژیمی شا نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو دژی ڕێژیمە لەنێو هێزەکانی نیشتمان و دێموکراتیدا. نەبوونی هاودەنگی و یەکیەتیی کردەوە لەنێو هیزەکانی دژی ڕێژیمدا بۆ شا و دەستوپێوەندییەکانی ئەو ئیمکانە پێک دێنێ کە جیاجیا لەگەڵ هەر کام لە ڕێکخراوەکان بەرەوڕوو بن و زەبری توند و کاریگەر لە بزووتنەوەی گەلانی ئێران بوەشێنن. تاقیکردنەوەی چەند ساڵی دوایی ڕاستی ئەو قسەیە ئیسبات دەکا. ئەرکی ئەساسیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەلومەرجی ئێستدا بریتییە لە وەلانانی ناکۆکیی دەرەجە دووهەم و تەکیەکردن لەسەر دروشمە بنەڕەتییەکان کە لە سەرووی هەموویانەوە ڕووخاندنی ڕێژیمی زۆرداری و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتیە.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو ڕێکخراوەکانی نیشتمانی و دێموکراتیک، لە هەموو ئەو هێزانە کە بەڕاستی دژی ڕێژیمی شا خەبات دەکەن، داوا دەکا کە بە دڵسۆزیەوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستی تێبکۆشن. حیزبی ئێمە لە ئەو باوەڕەدایە کە یەکیەتیی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووەکانی ئێران ڕێگا بۆ ڕزگاریی ئێران لەژێر نفوزی ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستی نێوخۆ خۆش دەکا و دێموکراسی بۆ ئێران و مافی نەتەوایەتی بۆ هەموو گەلانی ئێران دابین دەکا.

***

**پەیام بۆ زیندانییانی سیاسی**

هاوخەباتە خۆشەویستەکان!

ڕۆڵەکانی بەشەڕەفی گەلانی ئێران!

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان سڵاوێکی بێژمار بۆ ئێوە ڕۆڵەکانی بەشەڕەف و خەباتکەری گەل دەنێرێ. چەندین ساڵە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی پاشایەتی لە باشترین ڕۆڵەکانی گەل ئاخنراون. ڕێژیمی شا بۆ پاراستنی خۆی زیاتر لە جاران پەنای بۆ ڕەشەکوژی و شکنجە و زیندان بردوە. هەزاران کەسی لە ڕۆڵە بەنرخەکانی گەل و ڕووناکبیران، کرێکاران، جووتیاران و کاسبکاران خستۆتە بەندەوە و بە هەموو جۆرە شکەنجەیەکی بەدەنی و گیانیی سەدەکانی نێوەڕاست شکەنجەیان دەدا. بەڵام زیندانییانی سیاسی، ئەو ڕۆڵە بەشەڕەف و ڕاستەقینانەی گەل بەندیخانەکانیان کردۆتە قوتابخانەی خەبات و لەوێدا دەرسی خۆڕاگرتن و پایەداری فێر دەبن و باشتر لە کڵ دەردێن.

بە بیروڕای کۆنگرە یارمەتیی زیندانییانی سیاسی بە هەر ڕێگایەکدا بکرێ. یارمەتی بە خاوخێزانیان و خەباتی هەموو لایەنی بۆ ئازادیی زیندانییانی سیاسی یەکێک لە ئەرکە ئەساسییەکانی هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووەکانی ئێرانە.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی ئێمە جارێکی دیکە بۆ ئێوە زیندانییانی سیاسی، قارەمانانێک کە لە ڕێگای ئامانجەکانی گەلانی ئێراندا لە هیچ فیداکاری و لەخۆبووردنێک دریغ ناکەن، سڵاو دەنێرێ و بەڵێن دەدا کە ئێوە لە بیر نەچوونەوە، بەڵکوو لە خەباتی بێ ئاشتبوونەوەدا بەشداران و، ئیلهام دەدەن بە خەباتکەرانی ڕێگای ئازادی.

دڵنیاین کە خەباتی شێلگیر و یەکگرتووی هێزە دێموکراتیەکانی هەموو گەلانی ئێران دەرگای زیندانەکان دەشکێنێ و ئێوە ڕۆڵە خۆشەویستەکان دەگرێتەوە نێو باوشی گەل.

***

**پەیام بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق**

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان_ئێران سڵاو لە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دەکا. گەلی کورد لە عێراق لە ئەنجامی خەباتێکی دوور و درێژ و فیداکارییەکی زۆردا توانیویەتی ڕێز و خۆشەویستی هێزە پێشکەوتووەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ لای خۆی ڕابکێشی. بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی یازدەی مارس کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردی عێراق تا ڕادەی خودموختاری تێدایە، ئاسۆیەکی تازەی بۆ گەلی کورد لە کۆماری عێراقدا کردەوە و نموونەیەکی باشی ڕێگای ڕاستی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی بەدەستەوە دا. ئەو بەیاننامەیە نەک هەر نەتیجەی خەباتی درێژی گەلی کورد لە عێراق، بەڵکوو نیشانەی ویستی هێزە نیشتیمانییەکانی کورد و عەرەبی عێراقە. بێگومان وەدیهاتنی بەندەکانی بەیاننامەی یازدەی مارس یارمەتییەکی زۆر بە پتەوبوونی بناخەی کۆماری عێراق دەدا و ڕێگای دێموکراسی و پێشکەوتن لە عێراقدا هەموارتر دەکا و عێراق دەکاتە بنکەیەکی پتەوی دژی ئیمپریالیستی.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە هومێدێکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی عێراق، چونکی دابینبوونی خودموختاری بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی عێراقێکی دێموکراتیدا و لە سەر ئەساسی یەکیەتیی هێزە نیشتمانی و پێشکەتووەکان، نەک هەر نموونەیەکی باش و سەرمەشقێک دەبی بۆ بەشەکانی تری کوردستان. بەڵکوو تەئسیرێکی زۆریشی لەسەر وڵاتەکانی دراوسێ و بەتایبەتی ئێران دەبێ.

کۆنگرەی سێهەم سەرکەوتنی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بەئاوات دەخوازێ و پشتیوانیی تەواوی خۆی لە تێکۆشانی هەموو هێزە نیشتمانی و دێموکراتیەکانی عێراق دەردەبڕێ کە بە دڵسۆزییەوە بۆ چارەسەرکردنی هێمنانە و دێموکراتی مەسەلەی کورد تێ دەکۆشێ.

### پەیام بۆ گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە

زیاتر لە حەوت میلون کورد لە تورکیە لە سەر خاکی باب و باپیرانیان، «کوردستان» دەژین. گەلی کورد لە تورکیە لە هەموو مافێکی نەتەوایەتیی خۆی بێبەشە. ڕێژیمی کۆنەپەرستی تورکیە تەنانەت حاشا لە بوونی کورد لە تورکیە دەکا. بەڵام گەلی کورد بەپێچەوانەی سیاسەتی تواندنەوەی کورد کە چەندین ساڵە لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە بەڕێوە دەبرێ و سەرەڕای زۆرداریی نەتەوایەتی و زەبروزەنگێکی زۆر کە باڵی بەسەر کوردستانی تورکیەدا کێشاوە، خەباتی شێلگیری خۆی بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی درێژە پێدەدا. گەلی کورد لەوخە باتەدا پشتیوانیی هێزە شۆڕشگێڕ و دێموکراتییەکانی تورکیەی لەگەڵە. خەباتکەرە کوردەکان بەهەق لە هەموو ئیمکانێکی ئاشکرا و نیوەئاشکرا بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجە نەتەوایەتی و دێموکراتیەکان کەلک وەردەگرن. بەڵام کۆنەپەرستیی ڕەشی تورکیە کە سیاسەتێکی شووینیستیی دڕندانەی بەرمبەر بە گەلی کورد گرتۆتە بەر، هەموو هێزی خۆی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و بزووتنەوەی دێموکراتیی سەرتاسەری تورکیە وەکار خستوە. زیندانەکانی تورکیە لە ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد ئاخنراون و چووکترین داخوازیی نەتەوایەتیی کوردەکان بە زیندان و گوللە وەڵام دەدرێتەوە. خەباتکەرانی کورد بە گوێرەی ڕێوشوێنی لەمێژینەی گەلی کورد لە تورکیە کە زۆرجار دەستی داوەتە ڕاپەڕینی بەربڵاو، لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەلی کورد لە تورکیە و بۆ خەباتکەرانی کورد کە وێڕای نیشتمانپەروەرانی تورکیە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرست خەبات دەکەن، سڵاوێکی دڵسۆزانە دەنێرێ و دڵنیایە کە ئەو خەباتە ئاخرەکەی سەر دەکەوێ و دێموکراسی بۆ تورکیە و مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لە تورکیە دابین دەکا.

***

### پەیام بۆ گەلی کورد لە سووریە

زیاتر لە نیو میلیون کورد لە مەڵبەندە کوردنشینەکانی سووریەدا دەژین. حکوومەتی ئیئتلافیی سووریە کە سیاسەتێکی دژی ئیمپریالیستی شێلگیرانە گرتۆتە بەر، بەرامبەر بە گەلی کورد لە سووریە سیاسەتێک بەکار دێنێ کە لەگەڵ قازانجی گشتیی سووریە ڕێک ناکەوێ. کوردەکانی سووریە نەک هەر لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێبەشن، بەڵکوو بە جێبەجێکردنی قانوونی پشتێنەی عەرەبی (الحزام عەرەبی) دەیان هەزار کەس لە جووتێرانی کورد لەسەر خاکی باب و باپیرانیان دەردەکرێن و جێگایان دەدرێ بە عەرەب. کوردەکان بەو بیانووە کە شناسنامەی سووریەیان نییە بەزۆر لە نیشتمانی خۆیان دەردەکرێن. ئەو سیاسەتە بەپێچەوانەی ڕێبازی گشتیی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی سووریە و پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە بە هیچ جۆر لەگەڵ دۆستایەتیی لەمێژینەی گەلانی عەرەب وکورد کە لە مێژوودا پێک هاتوە و لە خەباتی دژی ئیمپریالیستیی هاوبەشدا بەهێز بووە، ڕێک ناکەوێ.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سڵاو بۆ گەلی کورد لە سووریە و بە تایبەتی بۆ ئەو جووتیارە زەحمەتێکشانە دەنێرێ کە لە بەرامبەر ئەو هەموو تەوژم و بێ عەدالەتییەدا خۆ ڕادەگرن. کۆنگرە هیوادارە کە دەوڵەتی سووریە دەست لە جێبەجێکردنی ئەو قانوونە کۆنەپەرستانەیە هەڵبگرێ کە تەنیا بە قازانجی دوژمنانی هاوبەش گەلانی کورد و

عەرەب تەواو دەبێ و جوتیارە کوردەکان بهێنێتەوە جێگای خۆیان و بەرەسمی دان بە بوونی گەلی کورد و مافی نەتەوایەتی کوردەکان دابنێ.
بێگومان گەلی کورد لە سووریە تا وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆی دەدا.

***

### پەیام بۆ گەلی عێراق

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان_ئێران بە دڵەوە سڵاو لە گەلی عێراق دەکا کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی خەبات دەکا و تا ئێستا لەو ڕێگایەدا دەسکەوتی زۆری وەدەست هێناوە. سیاسەتێکی دژی ئیمپریالیستی و دژی کۆنەپەرستی کە عێراق لە مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرتوویەتە بەر و بەتایبەتی ڕاوەستانی عێراق لە بەرامبەر سیاستی مەزنیخوازی و ئاژاوەچیەتیی ڕێژیمی شادا بۆتە هۆی خۆشحاڵیی هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. گەلانی ئێران سەرکەوتنەکانی گەلی برا و دراوسێی عێراق بە سەرکەوتنی خۆیان دەزانن و بێگومان پتەوکردنی پایەکانی کۆماری عێراق لەسەر بناغەی یەکیەتی هەموو هێزە نیشتمانییە پێشکەوتووەکان و دۆستایەتیی گەلانی کورد و عەرەب، سەرکەوتنی زۆر گەورەتر بۆ خەڵکی عێراق وەدەست دێنێ. گرتنەپێشی سیاسەتی دژی ئیمپریالیستی، میللیکردنی سەنعەتی نەوت، هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی و دێموکراتی لە بەرەیەکی بەرینی نیشتمانی و پێشکەوتوودا، بناخەدانان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە شێوەی هێمنانە و دێموکراتی، ئیسلاحاتی قووڵی کۆمەڵایەتی بۆ خۆشکردنی ڕێگای ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستی، هەمووی ئەوانە سەرکەوتنێکن کە کۆنەپەرستیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی ڕێژیمی شا چاوی پێیان هەڵنایە. هەر لە بەر ئەوەشە کە ڕێژیمی شا لەگەڵ ڕێژیمە دژەکوردەکان بەهەق بە هەموو ئیمکانێکی ئاشکرا و نیوەئاشکرا بۆ ئاژاوەنانەوە دژی عێراق لە هیچ کردەوەیەک ناپرینگێنەوە و لە بەکارهێنانی هیچ شێوەیەک دەست ناپارێزن.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پشتیوانیی تەواوی خۆی لە خەباتی گەلی عێراق دەردەبڕێ کە لە ڕێگای پتەوکردنی بناخەی دێموکراسی و بەهێزکردنی سیاسەتی دژی ئیمپریالیستیدا هەنگاو هەڵدێنێ. کۆنگرە هیوادارە کە یەکیەتی و هاوکاریی هێزە نیشتمانی و پێشکەتووەکان و دۆستایەتی و هاوپێوەندیی گەلی عەرەب و کورد ، عێراق بکاتە بنکەیەکی دێموکراسی و دژی ئیمپریالستی و دژی کۆنەپەرستی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و هەموو نەخشە و پلانەکانی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی تێک بشکێنێ.

***

### پەیام بۆ گەلی فەلەستین

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان سڵاو لە گەلی فەلەستین دەکا. دۆستایەتیی گەلی فەلەستین و گەلانی ئێران لە خەبات دژی دوژمنی هاوبەشدا پەرەی گرتوە و پتەوتر بووە. بەڕێکەوتن نییە کە شای ئێران هێندە دوژمنایەتی خەباتکەرانی گەلی فەلەستین دەکا. لەڕاستیدا سەرکەوتنی گەلی فەلەستین سەرکەوتنی گەلانی ئێرانیش دەبێ و یارمەتی بە پەرەگرتنی خەباتی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شا دەکا.

کۆنگرە پشتیوانیی تەواوی خۆی لە خەباتی گەلی فەلستین بۆ ئەستاندنەوەی خاکی خۆی لە داگیرکەرانی ئیسرائیلی ڕادەگەیەنێ و لەو بڕوایەدایە کە هەتا مافی ڕەوای گەلی فەلەستین دابین نەکرێ، جێگیربوونی ئاشتییەکی هەمیشەیی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا ئیمکانی نییە.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان سلاو لە فیداییە لەگیان بوردووەکانی فەلەستین دەکا و هیواداره کە گەلی فەلەستین پشتئەستوور بە هێزی خۆی و بە کەلکوەرگرتن لە پشتیوانی و یارمەتی هەموو هێزە پێشکەوتووکانی مەڵبەندی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ولاتانی سۆسیالیستی و بیروڕای گشتیی جیهان لە خەباتی خۆیدا سەرکەوتووبێ و ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی فەلەستین وەدی بهێنێ.

***

### پەیام بۆ خەباتکەرانی زەفار

چەندین ساڵە خەباتکەرانی زەفار کە ئێستا لەژێر ڕابەرایەتیی بەرەی ڕزگاریخوازیی گەلیی خەلیج و عوماندا کۆبوونەوە، لەدژی ڕێژیمی زۆردار و سەر بە ئیمپریالیزمی عومان شەڕ دەکەن. خەباتی شۆڕشگێرانی زەفار وەک مەشخەڵێکی ڕووناک لە شێخنشینەکانی خەلیجدا دەدرەوشێتەوە. هەربۆیە لە لایەک ئەو خەباتە چەکدارە پشتیوانیی هەموو هێزە پێشکەوتوو و دژی ئیمپریالیستیەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە لە لایەکی ترەوە بۆتە هۆی ڕق و تووڕەیی ڕێژیمە کۆنەپەرستەکانی وەک ئێران و عەرەبستانی سعوودی و ئەردەن.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان سلاو لە خەباتکەرانی زەفار دەکا و پشتیوانیی تەواوی خۆی لە خەباتی ڕەوای ئەوان دەردەبڕێ. حیزبی ئێمە خەباتی گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دژی ئیمپریالیزمی جیهانی لێک بەجیا نازانێ. ئەو خەباتە دژی دوژمنی هاوبەش و بۆ دابینکردنی مافی دانانی چارەسەر میللەتان و پێکهێنانی ئاشتی و دۆستایەتی لە نێوان گەلانی مەڵبەندی ڕۆژهەلاتی نیوەڕاستە. لە بەر ئەوە حیزبی ئێمە بە چاوی ڕێزگرتنەوە دەڕوانێتە خەباتی گەلی زەفار و سیاسەتی دەستدرێژکەرانە و کۆنەپەرستیی ڕێژیمی شا کە یارمەتیی سولتانی عومان دەدا، بەتوندی مەحکووم دەکا.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان هیواداره لە داهاتوودا خەباتی چەکدارانەی گەلانی خەلیج کە نموونەیەکی بەرچاوی شەڕی چەکدارانەی گەلی زەفارە، بەرینتر بێ و هاوپێوەندیی گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست کە هۆیەکی گرنگی سەرکەوتنی ئەو گەلانەیە زیاتر پتەو بەهێز بێ.

***

### پەیام بۆ گەلی کامبوج

ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ بردنەپێشی سیاسەتی خۆی لە هیندوچین و بەتایبەتی بۆ ئەوەی بتوانێ بەرهەڵستی گەلی قارەمانی ویتنام بکا، بە سازکردنی کودێتایەکی نیزامی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی لون نۆلی لە کامبوج هێنایە سەر و هێزە دژی ئیمپریالستی و شۆڕشگێرەکانی گەلی کامبوج کە بەهیچ جۆر ئامادە نەبوون پەیڕەوی لە سیاسەتی دژی نیشمانیی لون نول بکەن، دەستیان دایە بەربەرەکانیی چەکدارانە و بەرە بەرە بەشی زۆری خاکی کامبوجیان ڕزگار کرد. ئەمڕۆ ئیتر هیچ هێزێک نییە بتوانێ پێشی پێشکەوتنی هێزە شۆڕشگێرەکانی کامبوج بگرێ. فنوم پین پاتەختی کامبوج، کەوتۆتە گەمارۆی هێزەکانی گەل و ئیمپریالیزمی

ئەمریکا و ڕێژیمە دەستنێژەکەی بێجگە لەتەسلیم بوون بۆ ویست و داخوازیی گەل ڕێگایەکیان بۆ نەماوە.

گومانی تێدا نییە کە پاش تێشکانی ویتنام تێشکانێکی دیکەش لە کامبوج بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکا چاوەڕوان دەکرێ. گەلی خەباتکەری کامبوج پشتئەستوور بە هێزی خۆی لە پشتیوانی هەموو هێزە دێموکرات و دژی ئیمپریالیستیەکانی دنیا سەرەنجام سەر دەکەوێ.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان سڵاوێکی گەرم بۆ گەلی کامبوج و خەباتکەرانی خەمری دەنێرێ و پشتیوانیی تەواوی خۆی لە خەباتی ئەوان دەردەبڕێ و دڵنیایە کە نیشتمانپەروەرانی کامبووج کۆتایی بە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و داروودەستەی لون نول دێنن و دەسەڵاتی گەل لە جێگای ئەو دادەمەزرێنن.

***

**پەیامی هاودەردی لەگەڵ گەلی شیلی**

کودیتای نیزامی لە شیلی بە پشتیوانیی مونوپۆلەکانی ئەمریکایی و دواکەوتووترین و کۆنەپەرستترین هێزەکانی نێوخۆ، حکوومەتی قانوونیی ساڵوادۆردا ئالێندەی ڕووخاند. کودیتاچییەکان نەک هەر سەرکۆماری ئازدیخواز و بەجەرگی شیلییان کوشت، بەڵکوو دەسکەوتەکانی ڕێژیمی ئیئیلافی یەکگرتووی شیلیشیان لەنێو برد، شوینەواری ئازادی و دێموکراتییان نەهێشت و هەزاران کەسیان لە دێموکراتەکانی شیلی خستە بەندیخانە و لە گرتووخانەکاندا بەند یا ئێعدامیان کردن. شیلی بۆتە زیندانێکی گەورە بۆ گەلی شیلی و ژەنراڵەکانی سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە سەر گیان و ماڵی خەڵکدا زاڵ بوون.

ڕووداوەکانی شیلی جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە بۆ پێشکەوتنی دێموکراسی و بۆ هەموارکردنی ڕێگای سۆسیالیزم دەبێ هێزەکانی کۆنەپەرست و دژی ئینقلابی وەتاق بخرێنەوە و لە پێگەی سیاسی و ئابووری بێبەش بکرێن. دانی دێموکراسی بە هێزە کۆنەپەرستەکان بێبەشکردنی خەڵک لە دێموکراسیەوە. ئەوە دەرسێکی بەنرخی ڕووداوەکانی شیلییە.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کودیتای کۆنەپەرستانە و ئیمپریالیستی بەتوندی مەحکووم دەکا و سڵاو لە گەلی شیلی، لە خەباتکەرە کۆڵنەدەرەکان و لە هەمووی ئەو دێموکرات و نیشتیمانپەروەرانە دەکا کە خەباتی دژواری خۆیان بەدژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ژەنراڵە کودیتاچیەکان درێژە پێ دەدەن، کۆنگرە پشتیوانی خۆی لەوان ڕادەگەینێ و دڵنیایە کە خەباتی یەکگرتووی هێزەکانی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستیی شیلی دەرنگ یا زوو کۆتایی بە ڕێژیمی کودیتاچییەکان دێنێ.

***

**پەیام بۆ گەلی ئیرلەند**

ئیستعماری ئینگیلز چەندین ساڵە خەباتی گەلی ئیرلەندی شیمالی بۆ دابینکردنی مافی دانانی چارەنووس بەڕەشەکوژی و زیندان و گوللە وەڵام دەداتەوە. گەلی ئیرلەند چەند ساڵە بۆ دیفاع لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی دەستی داوەتە خەباتی چەکدار و لەو ڕێگایەدا قوربانییەکی زۆری داوە. خەباتی گەلی ئیرلەند ئەو ڕاستییە دەردەخا کە لە وڵاتێکی پێشکەتووی وەک ئینگلستاندا کە هێندێک جار بە ناهەق بە وڵاتێک ناو دەبرێ کە دێموکراسیەکی نموونەی تێدا هەیە، مەسەلەی نەتەوایەتی بەتەواوی چارەسەر نەکراوە و ڕەفتاری کاربەدەستانی ئینگلستان

لەگەڵ گەلی ئیرلەندی شیمالی فەرقێکی زۆری لەگەڵ ڕەفتاری ئیستیعمارچییەکانی ئینگلیز لەگەڵ خەڵکی موستەعمەرەکان نییە.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان سڵاوێکی گەرم بۆ گەلی ئیرلەندی شیمالی دەنێرێ و پشتیوانیی تەواوی خۆی لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی ئیرلەند ڕادەگەیەنێ و هیوادارە کە ئەو خەباتە سەرکەتوو بێ و داخوازە نەتەوایەتییەکانی گەلی ئیرلەند بێنە دی.

***

**پەیام بۆ گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین**

خەباتی هاوبەشی نەتەوەکانی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین دژی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ڕێگای سەربەخۆیی و ژیانێکی باشتردا هەموو ئەو گەلانەی لە بەرەیەکدا کۆ کردۆتەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی جیهانی سەدان میلیۆن کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە چەندین سەدە لەژێر نیری ئیستیعماردا دەژیان، وەجووڵانەوە خستوە. سیستمی ئیستیعماری لەبەریەک هەڵوەشاوە و بێجگە لە ئەفریقا وڵاتێکی موستەعمەرەی گرنگ لەدنیادا نەماوە. هاوپێوەندییەکی مەزن لە نێوان نەتەوەکانی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا پێک هاتوە، هێزێکی بەتوانایە کە نەخشێکی گرینگ لەدیاریکردنی سیاسەتی جیهانیدا دیاری دەکا. بەپێچەوانەی هەوڵ و تەقەلای وڵاتانی ئیمپریالیستی و ئیستیعمارگەرانی پێشوو ئەو هاوپێوەندییە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پتەو دەبێ و بە سەددێکی گرنگ لە بەرامبەر سیاسەتی تازە ئیستیعماریی ئیستعمارگەرانی ئێستادا دەژمێردرێ.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەموو نەتەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین چ ئەوانە کە سەربەخۆیی سیاسییان وەرگرتوە و چ ئەوانە کە بۆ وەدستهێنانی سەربەخۆیی خەبات دەکەن، سڵاو دەنێرێ.

کۆنگرە هیوادارە کە خەباتی شێلگیر و هاودەردی و هاوپێوەندیی گەلانی تینووی ئازادی و سەربەخۆیی و پشتیوانیی وڵاتانی سۆسیالیستی و بزووتنەوەی کرێکاری و دێموکراتی دنیا لەو خەباتە، بتوانێ بەیەکجاری نفوزی ئیمپریالیزم لەو سێ قاڕەیە خاشەبڕ بکا و هیچ جۆرە ئیمکانێکی خۆنواندن بە کۆنەپەرستیی نێوخۆ، داردەست و خزمەتکاری ئیمپریالیزم نەدا. بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پێویستە نەتەوەکانی ئەم وڵاتانە لە خەباتی خۆیاندا کەلکوەرگرین لە تاقیکردنەوەی یەکتر بە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەساسیی خۆیان دابنێن.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرکەوتنی هەموو گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین کە بۆ دابینکردنی مافی دانانی چارەنووس و پتەوترکردنی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان تێدەکۆشن، بەئاوات دەخوازێ.

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی چوارەم
- بڕیارنامەی کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- پەیامەکانی کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم

# کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەندانی ١٣٥٨)

کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ بە بەشداریی ٣١٠ نوێنەر لە سینەما «ئۆمید»ی شاری مەهاباد بەسترا.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٤ بریتی بوون لە:

١) د. عەبدولڕحمان قاسملوو، ٢) د. سادق شەرەفکەندی، ٣) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٤) مستەفا شەڵماشی، ٥) غەنی بلووریان، ٦) سەگورد حەبیبوڵڵا عەباسی، ٧) حەسەن ڕەستگار، ٨) قادر عەبدی، ٩) مستەفا هیجری، ١٠) حوسەین مەدەنی، ١١) فەوزیە قازی، ١٢) حەسەن شیوەسەڵی، ١٣) جەهانگیر ئیسماعیلزادە، ١٤) نەوید موعینی، ١٥) ئەحمەد عەزیزی، ١٦) هاشم کەریمی، ١٧) ئەبووبەکر هیدایەتی، ١٨) جەلیل گادانی، ١٩) ئەمیر قازی، ٢٠) ڕەحمان کەریمی، ٢١) فاڕووق کەیخوسرەوی، ٢٢) سەنار مامەدی، ٢٣) کەماڵ دەبباغی، ٢٤) ڕەحیم سەیفی قازی، ٢٥) سەید ڕەسووڵ دێهقان.

لە کۆنگرەی ٤دا محەممەدئەمین شێخولئیسلامی (هێمن) وەک ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٤:**

١) د. عەبدولڕەحمان قاسملوو (سکرتێر)، ٢) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٣) ئەمیر قازی، ٤) مستەفا شەڵماشی، ٥) غەنی بلوریان، ٦) د. سادق شەرەفکەندی، ٧)جەلیل گادانی.

ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٤:

١) سەید حەسەن هاشمی، ٢) تەها عەتیقی، ٣) حوسەین ئیبراهیمی، ٤) ڕەحمان حاجی ئەحمەدی، ٥) مەلا ڕەحمان کاژەیی، ٦) عوسمان ئەسراری، ٧) حەکیم ڕەزایی، ٨) فەرەیدوون میتەران، ٩) تەها حەقتەڵەب، ١٠) شاپوور فیرووزی، ١١) ڕەسووڵ پیشنەماز، ١٢) حەسەن شەرەفی، ١٣) سەید عەلی ڕەحمانی، ١٤) عەزیز ماملێ، ١٥) زوبەیدە تالبپوور.

**ئەندامانی کۆمیسیۆنی بازڕەسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٤:**

١) فەتاح کاویان، ٢) د. موتەلیب خوسرەوی، ٣) مهەندیس محەممەد ئاریایی، ٤) سەروان عەبدوڵڵا ئەفشینیڕاد، ٥) سدیق قەویپەنجە، ٦) محەممەد پوورئازەر، ٧) قادر شەهابی، ٨) سەرهەنگ محەممەدڕەسووڵ ڕەبیعی، ٩) سەرهەنگ ئیرەج قادری، ١٠) عەلی حەسەنیانی، ١١) سەعید سوڵتانیان.

ماوەیەک دوای تەواوبوونی کۆنگرە بەهۆی گێچەڵییەکانی حیزبی توودە جیابوونەوەیەک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕووی دا. لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی غەنی بلووریان، د. ڕەحیم سەیفی قازی، فەوزیە قازی، فاڕووق کەیخوسرەوی، نەوید موعینی، ئەحمەد عەزیزی و محەممەدئەمین شێخولئیسلامی (هێمن) کە ئەندامی «ئیفتیخاری»ی کۆمیتەی ناوەندی بوو، بەیاننامەی جیابوونەوەکەیان ئیمزا کردبوو. ئەم گرووپە کە بە تاقمی حەوت کەسی ناوبانگیان دەرکرد، چوونەوە نێو ڕیزەکانی حیزبی توودە و دواتر هەڵوەشانی خۆیان ڕاگەیاند.

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی
# حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی چوارەم

## ١ـ پێشەکی

خوشک و برایانی خۆشەویست!

هاوڕێیانی بەڕێز!

پێش هەموو شتێک ئیزنم بدەن کە بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو ئێوە نوێنەرانی کۆنگرە بکەم. بۆ یەکەم جار لە مێژووی «حیزبی دێموکراتی کوردستان»دا نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە سەرانسەری کوردستان لە کۆنگرەی حیزبدا بەشدارن. هەربۆیە خودی پێکهاتنی وەها کۆنگرەیەکی بەرین سەرکەوتنێکی بەرچاو بۆ حیزبی ئێمە و تەنانەت بۆ خەڵکی کوردستانیش لەقەڵەم دەدرێ. ئەم کۆنگرەیە بەرهەمی سی و پێنج ساڵ خەبات و فیداکاری و لە خۆبوردوویی و ئاکامی تێکۆشانی سەدان و هەزاران ڕۆڵەی بەشەڕەفی حیزبی ئێمەیە.

لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبەکەماندا کە شەش ساڵ لەمەوبەر پێکهات، ئارەزوومان خواست و بەڵێنمان دا کە کۆنگرەی چوارەم لە کاتی خۆیدا و بەشێوەی ئاشکرا لە شاری مەهاباد، نوێنگەی خەباتی گەلی کورد، بەڕێوە ببەین. زۆر گیروگرفت پێشیان لەوە گرت کە کۆنگرەی چوارەم لە کاتی خۆیدا بگیرێ. بەڵام ئێستا ئەوە ئارەزووی ئێمە وەدی هاتوە و لە سایەی سەرکەوتنی ئینقلابی بەشکۆی ئێران، کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد، بە شێوەی ئاشکرا لە شاری مەهاباد دەستی بە کارەکانی خۆی کردوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ڕێگام بدەن یاد و بیرەوەریی تێکۆشەرانی بەنرخی حیزب کە لە مەودای نێوان دوو کۆنگرەدا مەرگ لە ئێمەی ئەستاندوون، بەرز ڕابگرین. لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا ئێمە هاوڕێیانی وەک عەزیز یووسفی کە نیوەی تەمەنی پەنجا ساڵەی خۆی لە زیندان و ئەشکەنجەگاکانی ڕێژیمی شادا تێپەڕ کرد، شەهیدانی وەک عوسمان یەزدانپەنا (جەلال) و عەبدوڵڵا محەممەدی (سەلیم) کە وەک نوێنەر لە کۆنگرەی سێهەمدا بەشدار بوون، و ژمارەیەکی زۆر نیشتمانپەروەر و پێشمەرگە لەنێو واندا شەهیدانی «قارنێ«ـمان لەدەست داوە.

ئێمە لە بەرامبەر بیرەوەریی بەرزی ئەم هاوڕێیانە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادیی ئێران و کوردستان سەری کرنۆش دادەنەوێنین و جارێکی دیکە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە بە ڕێگای ڕۆڵە لەدەسچووەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەفادار بمێنینەوە و هەتا سەرکەوتنی کۆتایی، هەتا ڕیشەکێشکردنی نفووزی ئیمپریالیزم، هەتا وەدیهێنانی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ زەحمەتکێشان خەباتی خۆمان

درێژە پێبدەین.

هەروەها جێی خۆیەتی لە پشت تریبوونی ئەم کۆنگرەیەوە، سڵاو بۆ بنەماڵەی هەموو شەهیدان و ئەو کەسانە کە لە ڕەوتی دیفاع لە ئازدی و مەوجوودییەتی گەلی کورددا کەمئەندام بوون، بنێرین.

لە ماوەدای نێوان دوو کۆنگرەی حیزب لە وڵاتی ئێمەدا ڕووداوی زۆر گرینگ و ئاڵوگۆڕی بەرچاو ڕووی داوە. ساڵێک لەمەبەر ئەم ئاڵوگۆڕانە لەگەڵ سەرکەوتنی ئینقلابی گەلانی ئێران گەیشتە لوتکەی خۆی. لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی بێزراوی شاهەنشاهی، قۆناخێکی نوێ لە مێژووی نیشتمانی ئێمەدا دەستی پێکرد. هەربۆیە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی شەش ساڵی ڕابردوومان ئەم ڕاپۆرتەمان بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش کردوە. بەشی یەکەم، پێوەندیی بە تێکۆشانی حیزبی ئێمە لە سەردەمی پێش ئینقلابدا هەیە. بەشی دووهەم، تێکۆشانی حیزبی ئێمە لەدوای سەرکەوتنی ئینقلابەوە دەگرێتەوە.

### ٢/ تێکۆشانی حیزب لە کۆنگرەی سێهەمەوە هەتا ئینقلابی سەراسەریی ئێران

بەشی هەرە درێژی ئەم سەردەمە پێوەندیی بە تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە لە دەرەوی وڵات هەیە. کۆنگرەی سێهەمی حیزب تەواوکەری ئەو کارە بەنرخە بوو کە لە کۆنفڕانسی سێهەمدا دەستی پێکردبوو، و بە سەرکەوتنەوە تەواوی کرد. چونکە توانی ئوسوولێکی ڕاست و دروست بۆ تێکۆشانی لەمەودوای حیزب دابڕێژێ.

لەپێشدا ئەو کۆنگرەیە، واتە کۆنگرەی سێهەم، بەرنامە و پێڕەوێکی پێشکەوتنخوازانە و وەڵامدەری هەلومەرجی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێرانی خستە ڕوو کە هیوادارین بە هێندێک دەستکارییەوە لە کۆنگرەی چوارەمیشدا پەسند بکرێ. پاشان کۆنگرەی سێهەم توانی هێزە پەرش و بڵاوەکانی حیزب، لەژێر یەک ئاڵادا کۆبکاتەوە و لەڕاستیدا کۆتایی بەو لادانانە بێنێ کە پێشتر لە سیاسەتی حیزبدا دروست ببوون، سەرلەنوێ ڕێبازی گشتیی حیزبی ئێمە بگەڕێنێتەوە سەر ڕێچکەی دروست و ڕێبازی پێشکەوتنخوازانەی خۆی، بەدوور لە هەر چەشنە ناسیونالیزمێکی دەمارگرژانە، بەدوور لە نفووزی حیزب و هێزەکانی دیکە؛ سەرەنجام کۆنگرەی سێهەم ڕەسمیەتی بە هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ناوەندی بۆ ڕێبەری کردنی حیزب بەخشی و حیزبی ئێمەی لە ئاڵۆزی و پارچەپارچەیی و چەند دەستەیی ڕزگار کرد.

بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتای کار بوو. لە دوای کۆنگرەی سێهەم، حیزبی ئێمە خۆی لە بەرانبەر کۆمەڵێک ئەرکی زۆر قورسدا دیتەوە: لەپێشدا دەبوو یەکیەتیی فیکری و سیاسی لە ڕیزەکانی حیزبدا پێک بێ. حیزبی ئێمە لەسەر بنەمای ماهیەتی دیموکراتیک و میللیی خۆی و، بەهۆی ئەوە کە بە حیزبی هەموو خەڵکی کوردستان دادەنرێ، بایەخێکی تایبەت بە پێکهێنانی یەکیەتیی فیکری و سیاسی لە نێوخۆی حیزبدا دەدا. پەسندکردنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ زەمینەی وەها یەکیەتییەکی لەنێو حیزبدا پێکهێنا. بەڵام دەبوو بۆ گەیشتن بە وەها یەکیەتیەکی فیکری و سیاسی دەست بە تێکۆشانێکی بەربڵاو بکا. ئەم تێکۆشانە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزبی لە لایەک و، خەبات لە نێوخۆی حیزبدا بە دژی لادانی سیاسی و ڕەوتە ناسالمەکان لە لایەکی دیکەوە درێژەی هەبوو. ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە گرینگ بوو و لە هەلومەرجی ئێستاشدا هەر گرینگە، لە

قۆناخی یەکەمدا پاراستن و داکۆکی لە سەربەخۆیی ڕێبەریی حیزب لە بڕیاردانداو لە قۆناخی دووهەمدا شکڵ بەخشین بە سیمای ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، سیمایەک کە لەگەڵ هەموو سیما سیاسییەکانی دیکە جیاوازیی هەیە.

حیزبی ئێمە لە وەدیهێنانی ئەم ئەرکە گرینگەدا زۆر سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەڵام بەو جۆرەی پێویستە نەمانتوانی لە خەملاندنی حیزبدا، وەکوو دێموکرات بەو ئەندازەیە کە دڵخواز بوو، پێش بکەوین. ئەو ئەرکە ئێستاش لەسەر شانی ئێمەیە و لەگەڵ ئەوەدا کە لەم بوارەدا سەرکەوتنی زیاترمان بەدەست هێناوە و ئێستا ئیدی سیمای دێموکرات ڕوون بۆتەوە، بەڵام ئێستاش پێویستە کە حیزبی ئێمە لەو پێوەندییەدا هەنگاوی کاریگەری دیکەش هەڵبێنێتەوە.

ئەرکی دووهەم کە کۆنگرە بۆ حیزبی ئێمەی دانابوو، زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی لە نێوخۆی وڵات بوو. لەو بوارەدا باس و خواسێکی زۆر لەنێو ڕێبەری حیزبدا ئەنجام درا. هێندێک لە هاوڕێیان لەو باوەڕەدابوون لە حاڵەتی دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕێژیمی شادا، تەشکیلاتی حیزبی بۆخۆی دروست دەبێ. بەشێکی دیکەش لە هاوڕێیان لەو باوەڕەدا بوون کە بەبێ دروستکردنی تەشکیلاتێکی سەراسەریی حیزبی لە کوردستان ئیمکانی ڕێبەری کردنی هیچ چەشنە خەباتێکی چەکدارانە نییە. کۆمیتەی ناوەندیی حیزب سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشت کە بە کردەوە هەتا کاتێک کە تەشکیلاتی حیزبیمان نەبێ، ناتوانین خەباتی چەکدارانە دەست پێبکەین. لە هەلومەرجی خەفەقان و سەرەڕۆیی ڕێژیم محەمەد ڕەزاشاشدا پێکهێنانی تەشکیلاتێکی سەراسەریی حیزبی لە کوردستاندا بە بێ وەڕێخستنی خەباتی چەکدارانە نامومکینە. هەربۆیە حیزبی ئێمە، پێکهێنانی لانیکەمی تەشکیلاتی کردە ئەرکی خۆی. بەداخەوە لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە سنووردارەشدا سەرکەوتنی ئێمە ناتەواو بوو و هەتا کاتێک ئینقلابی ئێران لە زستانیساڵی ١٣٥٦ دەستی پێ نەکرد، حیزب نەیتوانی وەها تەشکیلاتێک لە کوردستان وەڕێ بخا. ماوەیەکیش هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە تەرخان کرا کە ڕێکخراوێکی سیاسی_نیزامی بە ناوی «سیامی» لە نێوخۆی وڵاتدا دورست بکەین کە بەداخەوە لەم بوارەشدا و لەو کاتەدا سەرکەوتنێکمان بە دەست نەهێنا.

لەگەڵ ئەوەش تێکۆشانی کادری ڕێبەری و ئەندامانی حیزبی ئێمە لە دەرەوە هۆکاری سەرەکیی ڕێکوپێکبوونی سیستمی حیزبی و درێژەدانی خەبات بەدژی سەرەڕۆیی لەنێو کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستاندا بوو. لەخۆبوردوویی و تێکۆشانی هاوڕێیانی ئێمە لە هەلومەرجی سەختی خەفەقان و زاڵبوونی ڕێژیمی پۆلیسیی شادا بووە هۆی درێژەکێشانی ڕێبازی خەباتی حیزب، هەققانیەتی خەبات و ئەرکەکانی گەلی ئێمەی بە دنیا ناساند و توانی ناوکی سەرەکیی تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆی وڵات بە زیندوویی و چالاکی ڕابگرێ. هەربۆیەش بوو کە لە دوای گەڕانەوەی ئەم ڕێبەرییە لە دەرەوەی وڵات، ڕێبەریی حیزب توانی لە ماوەیەکی کەمدا کۆمەڵانی خەڵک لە دەوری حیزب کۆبکاتەوە و ئەوان بۆ خەبات لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکاندا تەیار بکا.

هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە دێموکرات و میللیە ئێرانییەکانیش یەکێک لەو ئەرکانە بوو کە کۆنگرە بۆ کۆمیتەی ناوەندیی دیاری کردبوو. کۆمیتەی ناوەندی هەر لە سەرەتای کارەوە هەتا ئێستا ئەم ئەرکەی بە پشوودرێژییەوە درێژە داوە و بە ڕوانگەی دروست و بەدوور لە

لایەنگریی بێجێ توانی پێوەندیی سەنگین و ئوسوولی لەگەڵ زۆر لە ڕێکخراوەکان دابمەزرێنێ. لە ئاکامی پێڕەوی لەم سیاسەتە ئوسوولییەدا ئێستا حیزبی ئێمە ڕەنگە تەنیا ڕێکخراوی سیاسی لە ئێراندا بێ کە لەگەڵ هەموو گرووپ و حیزبە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانی ئێران پێوەندیی هەیە کە لەگەڵ هێندێکیان ئەم پێوەندییە تا ئاستی دۆستایەتی و هاوکاریی دوو لایەنە چۆتە پێش.

یەکێک لەو ئەرکە گرینگانە کە دەبوو جێبەجێ بکرێ، گەڕانەوەی کۆمیتەی ناوەندی و ڕێبەریی حیزب بۆ نێوخۆی ئێران بوو. لەو بوارەدا هەنگاوی زۆر بە تایبەتی لە دوو ساڵی پێش ئینقلابدا هەڵگیرایەوە. بەڵام تەنیا لە هاوینی ساڵی ١٣٥٧دا بوو کە سەرەنجام کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری جیدیی بۆ گەڕانەوەی ڕێبەریی حیزب بۆ ئێران دا و ئەم بڕیارە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ جێبەجێ کرا و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گەڕانەوە نێوخۆی ئێران. ئەندامانی دیکەش یەکسەر پاش شۆڕشی مانگی ڕێبەندان گەڕانەوە ئێران و بەم جۆرە کۆچی چەندین ساڵەی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دەرەوەی وڵات کۆتایی هات.

گەڕانەوەی ڕێبەریی حیزبی ئێمە بۆ نێوخۆی وڵات لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفت و دژوارییانەی لەگەڵی بەرەوڕوو دەبۆوە، خاڵێکی وەرچەرخان لە تێکۆشانی ڕابردووی حیزبی ئێمە دێتە ئەژمار. دەتوانین بڵێین ئەم گەڕانەوەیە بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتووانە ئەنجامدرا، و هەلومەرجێکی پێک هێنا کە کۆمیتەی ناوەندیی ئێمە بتوانێ بەڕێوەبردنی تێکۆشانی حیزب لە نێوخۆی وڵات وەئەستۆ بگرێ و وردە وردە حیزبی ئێمە ڕۆڵی سەرەکیی خۆی لە بزوتنەوەی کوردستان و سەراسەری ئێراندا بگێڕێ.

بەشداریی حیزبی ئێمە لە بزووتنەوەی سەراسەری و بەتایبەت لە بردنەپێشی ئینقلابی ئێراندا، کارێکی ئاسان نەبوو. قەوارەی تەشکیلاتی ئێمە بەهیچ جۆر لە ئاستی ڕووداوەکانی ڕۆژدا نەبوو و وەڵامدەری ئەو پێشوازییەش نەبوو کە خەڵک لە مانگەکانی پێش ئینقلابدا، لە حیزبی ئێمەیان دەکرد. بەوحاڵەش تێکۆشانی ئێمە لە ڕێبەریی حیزبدا بەمەبەستی زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی، درێژەی کێشا. دەتوانین بڵێین لە ڕۆژەکانی پێش ئینقلابدا بنەمای لانیکەمی تەشکیلات داندرا و ڕێبازی حیزبی ئێمە بە خێرایی لەنێو کۆمەڵانی گەلی کورددا نفووزی پەیدا کرد. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ڕۆژی ٨ی بەفرانباری ١٣٥٧ لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی وڵاتدا بڵاوبۆوە، حیزبی ئێمە گوتبوی:

«قەیرانی ڕێژیمی دژە گەلیی شا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی. خۆپێشاندان و مانگرتنی گەورە و فیداکاریی بێئەژماری کۆمەڵانی میلیۆنیی گەلانی ئێران دوایین کۆگاکانی ڕێژیمی شایان تواندۆتەوە و ئەو ڕێژیمەیان هێناوەتە سەر چۆک و بۆ لایەنگرانی ڕێژیمیش گومانێک نەماوەتەوە کە سەردەمی نیسبەتەن درێژی ڕێژیمی شا لە کۆتایی خۆی نیزیک بۆتەوە.»

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاگەیاندراوەدا هاتووە:

«حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەک زۆر جار ڕایگەیاندووە، جارێکی دیکە ڕایدەگەیەنێ کە لە چوارچێوەی ڕێژیمی شادا و بە پاراستنی ئەم ڕێژیمە هیچکام لە داوا بنەڕەتییەکانی گەلانی ئێران وەدی نایەن. سازان لەگەڵ ڕێژیمی شا و هێشتنەوەی جومگەکانی دەسەڵات لەدەست ڕێژیمی شادا بە هەر جۆرێک و بە هەر مەبەست و ئامانجێک بێ، خیانەت بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و هەزاران شەهیدی بەنرخە کە لە ڕێگای ئازادی و بەختیاریی گەلدا گیانی

خۆیان فیدا کردوە. خواستی گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد سازان لەگەڵ ڕێژیمی شا نیە، بەڵکوو نەمانی ئەم ڕێژیمەیە. ئێستا کاتی ئەوە هاتوە زەبری کۆتایی لەم ڕێژیمە بدریێ. لەڕاستیدا ڕێژیم زۆر لەوە لاوازترە کە نیشانی دەدا. با هەموو پێکەوە یەکگرتووانە و هاوهەنگاو ئەم زەبرە لەنێوبەرە لەم ڕێژیمە بدەین. ئاشکرایە ڕێژیم هەروا بێباکانە درێژە بە کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع دەدا، بۆ گەلانی ئێران ڕێگایەک جگە لە پەنابردن بۆ توندوتیژی نامێنێتەوە».

### ٣/ تێکۆشانی حیزب لەدوای سەرکەوتنی ئینقلابەوە

ئەگەرچی ڕێکخراوەکانی حیزبی لە مانگەکانی پێش ئینقلاب تێکۆشانێکی بەربڵاویان لە خۆیان نیشان دا، بەڵام حیزبی ئێمە وەک هەموو گرووپ و ڕێکخراوە سیاسیەکانی دیکە ئامادەیی تەواوی بۆ بەشداری لە شۆڕشی چەکدارانە لەدژی ڕێژیمی شادا نەبوو. لە یەکەمین ڕۆژەکانی پاش ئینقلاب دا، خەڵکی کوردستان وەک تەواوی بەشەکانی دیکەی ئێران بە چەککردنی پاسگاکان خۆیان چەکدار کرد. لەگەڵ ڕاپەڕینی سەرباز و پلەدار و ئەفسەرانی شۆڕشگێر لە پادگانی مەهاباد و پاککردنەوەی ئەو پادگانە لە لایەنگرانی ڕێژیمی شا چەکوچۆڵی نێو ئەو پادگانەش کەوتە نێو دەستی خەڵک، و وردە وردە گرووپی چەکداری خەڵکی پێکهاتن. هێزەکانی پۆلیس و ژاندارمری بە کردەوە ڕۆڵی خۆیان لە سەرتاسەری کوردستان لەدەستدا، و پاراستنی ئەمنیەتی ناوچە کەوتە دەستی خودی خەڵک.

پاش چەندین ساڵ لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕەشی پەهلەوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەکوو ڕیکخراوە نهێنییەکانی دیکە دەرەتانی ئەوەی بۆ پێکهات کە لە کەشی ئازادی سیاسیدا تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ بکاتەوە. لە میتینگێکی سەت هەزار کەسیدا کە ڕۆژی ١١ ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ لە شاری مەهاباد پێکهات، حیزبی ئێمە تێکۆشانی ڕەسمیی خۆی ڕاگەیاند و ئوسوولی سیاسەتی گشتیی خۆی بە ئاگاداریی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران گەیاند. لە پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب لەو میتینگەدا هاتبوو:

‹‹ئێستا ئیدی ڕێژیمی سەرەڕۆی شاهەنشاهی ڕووخاوە، ئینقلابی بەرینی خەڵکی سەراسەری ئێران سەرکەوتووە و گەلانی ئێران بە پەشتبەستن بە هێزی یەکگرتوو و کەموێنەی خۆیان، ئینقلابێکی ئەفسانەییان وەڕێ خستووە. لە ئاکامی ئەو سەرکەوتنەدایە کە ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین لە مەهابادی ئازیز کە هیچ شوێنەوارێک لە دامودەزگاکانی ڕێژیمی بێزراو و کۆنەپەرستی شاهەنشاهیی لێ نەماوە، بە ئازادیی تەواو، دەسپێکی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕابگەیەنین.»

حیزبی ئێمە هەمان ڕۆژ ڕایگەیاند:

«پاراستنی ئازادییە دێموکراتیکەکان و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە سەرتاسەری ئێراندا، دەستەبەری سەرکەوتنی ئینقلاب و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی هەموو گەلانی ئێرانە. بەبێ هەبوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە مافەکانی گەلی کورد وەدی نایەن، و بە بێ وەدیهاتنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد ڕێژیم بە مانای واقیعی خۆی دێموکراتیک نابێ.»

«ئەگەر دوژمنانی ئینقلابی ئێران و گەلی کورد پێیان وابوو کە بە لێدانی تۆمەتی «تجزیە

طلبی» دەتوانن نەتەوەی کورد مەجبوور بە گرتنی هەڵوێستێکی دیفاعی بکەن هەتا لە داوای خۆی پاشگەز بێتەوە، ئەوان بە سەختی لە هەڵەدان. ئێمە خوازیاری مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمانین و لەپێناوی وەدی هێنانی ئەو مافەدا بە هەموو هێزی خۆمان تێدەکۆشین.»

[هەر لەو پەیامەدا] سیاسەتی حیزبی ئێمە دەرهەق بە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بەم شێوەیە فۆرمووڵە کرابوو:

« سیاسەتی ئێمە ئەوە نییە کە هەرکەس لەگەڵ ئێمە دۆست نەبێ بە دوژمن بزانین، بەڵکوو سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە هەرکەس دوژمنایەتیمان نەکا، بە دۆستی خۆمانی لە قەڵەم دەدەین.»

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش ئینقلابدا هەیئەتێکی نوێنەرایەتی لەلایەن دەوڵەتیی کاتیی موهەندیس بازرگان بۆ وتووێژ هاتە مەهاباد. لە دانیشتنێکدا کە بە بەشداریی نوێنەری حیزبی ئێمە و بەشێک لە نوێنەرانی گرووپەکانی دیکە پێکهات، داواکانی خەڵکی کوردستان خرانەڕوو. سەرەڕای پێداگریی نوێنەری حیزبی ئێمە بۆ گونجاندنی خواستی سەرەکیی گەلی کورد، واتە خودموختاری، لە گەڵاڵەی هەشت ماددەیی داخوازییەکاندا، بەهۆی دژایەتیی زۆرینەیەک کە لەو کاتەدا خۆی بە نوێنەری شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەناساند، نەک تەنیا ئەسڵی «خودموختاری» وەک خواستی خەڵکی کوردستان قبووڵ نەکرا، بەڵکوو ئەم خواستە وەک خواستێکی بورژووازی ڕەت کرایەوە. ئێستا کە ساڵێک لەو کاتە تێدەپەڕێ، دروستیی تێگەیشتنی ئێمە لە واقعییەتی کوردستان بەتەواوی ڕوون بۆتەوە، چونکە خودموختاری بووە بە داوای سەرەکیی هەموو چین‌وتوێژەکانی دانیشتووی کوردستان. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئێستا هەر ئەو گرووپانە خودموختارییان وەک ئەسڵی خۆیان قبووڵ کردوە.

لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا کە لە ڕۆژەکانی یەکەمی ئینقیلابدا لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمەوە بۆ ئیمام خومەینی نووسرا و داوا بنەڕەتییەکانی ئێمەی تێدا هاتبوو، نووسراوە:

«ئێمە لەو باوەڕەداین کە هیچ ڕێژیمێک لە ئێراندا ناتوانێ ڕێژیمێکی گەلی، دادپەروەر و دێموکراتیک بێ ئەگەر نەتوانێ پرسی نەتەوایەتی کە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی وڵاتە، چارەسەر بکا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ئێران گەلانی ژێردەستە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵات پێکدێنن. خوێندن بە زمانی دایک، پاراستن و پەرە پێدانی فەرهەنگی نەتەوەیی، هەڵگرتنی هەڵاواردنی ئابووری و سیاسی و لە هەمووی گرینگتر مافی دیاریکردنی چارەنووس، لە مافە هەرە سەلماوەکانی ئەم گەلانەیە. هەڵگرتنی ستەمی میللی لەسەر گەلان بەپێچەوانەی ئەوە کە بەشێک لە دوژمنانی خەڵک ئیدیعا دەکەن، بە مانای هاندانی تەجزیەتەڵەبی نیە. بەپێچەوانەوە، وەدی هێنانی یەکیەتیی ڕاستەقینەی ئەم گەلانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا دەستەبەری پاراستنی یەکیەتی و سەربەخۆیی وڵاتە. مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران هەیە و خۆ گێلکردن لەو مەسەلەیە لە بایەخی ئەو مەسەلەیە کەم ناکاتەوە؛ بەپێچەوانەوە ڕێگا بۆ کەڵکوەرگرتنی خراپی دوژمنانی سەربەخۆیی و ئازادیی ئێران خۆش دەکا.

حەزرەتی ئایەتوڵڵا! جەنابتان لە یەک ساڵی ڕابردوودا نیشانتان داوە کە دەتوانن بە بوێری و ئازایەتییەکی کەموێنەوە لەگەڵ مەسەلەکان ڕووبەڕوو ببنەوە. ئەو بووتە کە ناوی تەجزیەتەڵەبییە و لە پاشماوەکانی ڕێژیمی شوومی پەهلەوییە بشکێنن و بە ناوی مرۆڤدۆستی و دادپەروەری داکۆکی لە مافەکانی گەلانی ژێردەستەی ئێران بکەن. دڵنیا بن

مێـژوو هەرگیـز وەهـا خزمەتێکـی درەوشـاوەی ئێـوە لـە بیرنـاکا».

لـە بـەرە بـەری یەکەمیـن نـەورۆزی ئینقـلابـدا و لەکاتێکدا کە خەڵکی کوردسـتان بەپیل جێژنی بەهـاری ئازادییـەوە دەچـوون، زیـددی ئینقـلاب لـە سـنە پیلانێکـی خوێناویـان وەڕێ خسـت. ئـەم پیلانـە کاتێـک وەڕێخـرا کـە لەنێـوان دوو ناوەنـدی دەسـەڵات [لـە سـنە] واتـە «سـەفدەری» و «موفتـیزادە» لەسـەر دەستبەسـەرداگرتنی برێک چـەک و چـۆڵ کێشـە و ئاژاوە سـەری هەڵدا. وردە وردە ناکۆکیـی نێـوان کۆمیتەکانـی «سـەفدەری» و «موفتـیزادە» پەرەیگـرت و بـووە هـۆی تێکهەڵچوونـی چەکدارانـە. هێندێـک مـۆرەی بەسـتراوە و شـەڕخواز لـە پادگانـی سـنە، بـە کەڵکوەرگرتـن لـەو دەرفەتـە هاتنـە مەیدان و تەقەیان لـە خەڵکی بێگوناحی سـنە کرد. لـە ماوەی نزیـک بـە یـەک حەوتـوودا کـە تێکهەڵچوونەکـە بـەردەوام بـوو، هەمـوو جـۆرە چەکێکـی سـووک و قـورس بـە خۆمپـارە و هێلیکۆپتێـر و ڕاکێـت بێباکانـە لـەدژی خەڵکـی سـنە بەکارهـات. لەئاکامـی ئـەم هێرشـە دڕندانەیـەدا دووسـەت کـەس لـە دانیشـتووانی خەڵکـی شـاری سـنە و دەوروبـەر شـەهید بـوون کـە زۆر لـەوان ژنـان و منداڵانـی کـەم تەمـەن بـوون.

سـەرەنجام هەوڵـی ڕێکخـراوە سیاسییەکانی کوردسـتان و یـەک لـەوان حیزبـی ئێمـە، نێردرانـی نوێنەرانێـک لـە ناوەنـدەوە بـە سـەرۆکایەتیی مەرحـووم ئایەتوڵـڵا تاڵەقانـی بـووە هـۆی جێگیرکردنـی ئاگربـەس و کۆتایـی بـە تێکهەڵچوونەکانـی سـنە هێنـا. ئەگەرچـی حیزبـی ئێمـە هیـچ نەخشـێکی شـوێندانەری لـە تێکهەڵچوونەکانـی سـنەدا نەبـوو، بـەو حاڵـەش ئـەم ڕووداوە بەشـێکی گرینگـی کات و وزەی حیزبـی ئێمـەی بۆخـۆی تەرخـان کـرد و شـوێنەواری لەسـەر تێکۆشـانی دواتـری ئێمـە دانـا. ئێمـە لـە ڕۆژی ڕاگەیاندنـی تێکۆشـانی ئاشـکرای حیزبـدا هۆشـدارمان دا:

«ئـەم سـەرکەوتنە گـەورە و مێژووییـە، واتـە سـەرکەوتنی ئینقـلاب، دەبـێ بـەرز بنرخێنـدرێ و بـۆ پاراسـتنی هـەوڵ بـدرێ. بـەڵام دەبـێ هۆشـیار و لەسـەر هەسـت بیـن چونکـە دوژمنانـی ئینقـلاب واتـە ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی ئێسـتا بـە تـەواوی تەسـلیم نەبـوون و مەیدانیـان چـۆڵ نەکـردوە.» ڕووداوەکانـی سـنە دروسـتیی پێشـبینی حیزبـی ئێمـەی وەدەر خسـت. سـەرەتای مانگـی خاکەلێوەی ١٣٥٨ کاتێـک ڕۆژەکانـی ١٠ و ١١ ئـەو مانگـە بـۆ بەڕێوەبردنـی ڕێفڕاندۆمـی دیاریکردنـی جـۆری حکومەتـی داهاتـووی ئێـران دیاریکـرا، ئەگەرچـی بەڕێوەبردنـی ئـەو ڕێفڕاندۆمـە حاڵەتـی غەیـرە دێموکراتیـک هەبـوو (چونکـە لـە ڕاسـتیدا خەڵکـی ئێـران لـە ئازادیـی پێویسـت بـۆ هەڵبژاردنـی جـۆری حکوومەتـی جێـگای پەسـندی خۆیـان بێبـەش بـوون)، حیزبـی ئێمـە هەوڵێکـی زۆری دا هەتـا لـە زەمانـی ڕێبەرانـی ئینقـلاب و دەوڵـەت لانیکـەم کۆمەڵێـک بەڵێـن لەپێوەنـدی لەگـەڵ دابینکرانـی مافـە نەتەوایەتییەکانـی گەلـی کـورد ببیسـتێ بـۆ ئـەوەی ئەمـە وەک هۆکارێـک بـۆ بەشـداری لـە ڕێفڕاندۆمدا بـە خەڵکـی کوردسـتان نیشـان بـدا و داوا لـە خەڵـک بـکا لـەم ڕێفڕاندۆمـەدا بەشـدار بـن.

هـەر لـەو پێوەندییـەدا ڕۆژی ٨ی خاکەلێـوە، هەیئەتـی نوێنەرایەتیـی حیزبـی ئێمـە چـووە دیـداری سـەرۆک وەزیـری دەوڵەتـی کاتـی، ئاغـای بـازەرگان. لـەم دیدارانـەدا هەیئەتـی نوێنەرایەتیـی حیزبـی ئێمـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی زێهنیەتـی ڕێبـەری ئینقـلاب و کاربەدەسـتانی دەوڵـەت گەڵاڵەیەکـی لەبـارەی داواکانـی خەڵکـی کوردسـتان و ئەسـڵی خودموختـاری پێشـکەش کـردن کـە بەداخـەوە سـەرنجی پـێ نـەدرا و تەنیـا پـاش شـەڕی سـێ مانگـە کاتێـک وتوویـژ بـۆ ئاگربـەس دەسـتی پێکـرد لەلایـەن هەیئەتـی تایبەتیـی دەوڵەتـەوە بـە ئێمـە ڕاگەیەنـدرا کـە ئـەم گەڵاڵەیـە لـە ئەسـڵی خۆیـدا

ڕەزامەندی ئیمام خومەینیی لەسەرە.
ڕۆژی ۳۱ خاکەلێوەی ۱۳۵۸ حیزبی ئێمە میتینگێکی ئاشتیخوازانەی لە شاری نەغەدە وەڕێخست. چەند ڕۆژ پێش ئەوە حیزبی ئێمە ڕایگەیاندبوو کە ئامانجی لە پێکهێنانی میتینگ، کردنەوەی دەفتەری حیزب و جەختکردنەوە لەسەر پێوەندیی دۆستانە و برایانەی نێوان دوو گەلی کورد و ئازەری دانیشتووی نەغەدە دەبێ. لەم کۆبوونەوەیەدا دەیان هەزار کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی ئێمە بەشدار بوون کە لەنێویاندا هەزاران ژن و منداڵ و، زۆر لە برایانی تورکزمان دەبینران. بەڵام دواتر ڕوون بۆوە کە زیدی ئینقلاب کە لە کەمین‌دا بوون زۆر پێشتر خۆیان بۆ پیلانێکی بەرین بەدژی هەردوو گەلی کورد و ئازەری ئامادە کردوە و بە تەقەکردن لە بەشدرانی ئەم میتینگە شەڕێکیماڵوێرانکەر و براکوژیان وەڕێخست کە ئێستاش شوێنەواری شوومی ئەو شەڕە پاک نەبۆتەوە.
لەم شەڕەدا کە ئاگرەکەی بەتوندی لەلایەن کۆمیتەکانی ورمێ و نەغەدەوە خۆش دەکرا، سەدان کەس لە دانیشتووانی کورد و تورکی نەغەدە و شارەکانی دیکەی کوردستان کە لەو میتینگەدا بەشدار بوون گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. دەستێوەردانی هێزەکانی ئەرتەش کە گۆیا بەمەبەستی لێککردنەوەی لایەنەکانی ئەو شەڕە دەسبەکاربوون کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد و یەکە نێردراوەکان لەجیاتی ئەوە کە بێلایەنیی خۆیان بپارێزن، بەتەواوی توانای خۆیان بەدژی کوردەکان جووڵانەوە و بەشی کوردنشینی شاری نەغەدە و دێهاتە گوندنشینەکانی دەوروبەری ئەو شارەیان بە تۆپ و تانک و هێلیکۆپتێر وەبەر هێرش دا. ئەمە بووە هۆی وێران‌بوونی بەشێکی بەرچاوی خانووبەرە و دووکانەکانی شاری نەغەدە و ئاوارەبوونی نزیک بە سێزدە هەزار کەس لە دانیشتووانی کوردی ئەم شارە کە ئێستاش پاش تێپەڕینی دە مانگی ڕەبەق لەو ڕووداوە بەشێک لەوان هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان.
لە سایەی هەستی بەرپرسیارێتیی حیزبی ئێمە و خۆبواردن لە درێژەدانی شەڕ و خوێنڕێژی و دان‌بەخۆداگرتنی پێشمەرگەکانی کوردستان، پاش پێنج ڕۆژ لە تێکهەڵچوونەکانی نەغەدە گرژییەکان کۆتایی هاتن. بەڵام شەڕی داسەپاوی نەغەدە پێوەندیی برایانەی کوردەکان وئازەرییەکانی نەغەدەی بۆ ماوەیەکی نادیار خەوشدار کرد و ئەو مەسەلەیە شوێنەواری نەرێنیی لەسەر ڕووداوەکانی دواتری ئەو ناوچەیەش بەتایبەتی لە شەڕی سێ مانگەدا دانا.
ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زیدی ئینقلاب کاردروستایی پیلانێکی بەربڵاوی لە نەغەدە کردبوو. ڕەخنەیەک کە دەکرێ لە ڕێبەریی حیزبی ئێمە و بەتایبەتی لە بەرپرسانی ڕێکخراوی حیزبی ئێمە لە نەغەدە بگیرێ، ئەوەیە کە بە هەڵنەسەنگاندنی وردی دۆخەکە و لەبەرچاونەگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی بەڕێوەبردنی میتینگ دەرەتانی ئەوەیان دا دوژمنانی ئینقلاب ئەو پیلانە بە ئاسانی جێبەجێ بکەن.
پاش کۆتایی هاتنی شەڕی نەغەدە تەبلیغاتێکی بەربڵاو لە ڕاگەیەنە گشتییەکان بەتایبەتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەدژی حیزبی ئێمە دەستی پێکرد. ئەو هێزە ڕەوشانەی لەپشتی پەردەوە بوون، هەوڵیان دەدا هەتا بیروڕای گشتی بەدژی بزوتنەوەی کوردستان بەگشتی و حیزبی ئێمە بەتایبەتی، بەدبین بکەن. پیلانگێڕەکان هەروەها کۆتایی مانگی پووشپەڕی ۱۳۵۸ تێکهەڵچوونی چەکدارانەیان لە شاری مەریوان وەڕێخست کە بووە هۆی ئاوارەبوونی خەڵکی ئەو شارە و

چۆڵبوونی خەڵکی شارەکە. دواتر لە مانگی گەلاوێژدا خەڵکی سنە ڕێپێوانیان بەرەو شاری مەریوان وەڕێ خست کە نیشانەی هاوپێوەندی و پشتیوانیی خەڵک لە داوا ڕەواکانیان بوو. سەرەنجام ئەم ڕەوتە بەبێ تێکهەڵچوونی دیکە کۆتایی هات و پیلانی دیکەی زیدی ئینقلاب پووچەڵ بۆوە.

پاشماوەکانی ڕێژیمی شاهەنشاهی کە بەداخەوە لە بەشێک لە ئۆرگانە ئینقلابییەکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا جێگیر ببوون، بەردەوام خەریکی ئاژاوەنانەوە و پیلانگێڕی بوون و لەو پێناوەدا ژمارەیەک لە ئاغاکانی پێشووی ناوچەی مەهابادیان بۆ پێشێلکردنی مافی زەحمەتکێشان و دروستکردنی بەربەست لە بەرامبەر هێزە میللی-دێموکراتیکەکان بەتایبەتی حیزبی ئێمە چەکدار کرد. حیزبی ئێمە بەمەبەستی دیفاع لە مافی زەحمەتکێشان و دەسکەوتەکانی شۆڕش بڕیاری دا ئەو مۆرانە چەک بکا و پیلانی زیدی ئینقلابی پووچەڵ کردوە.

هەر لەو سەروبەندەدا ئەرتەش و ژاندارمری بە بیانووی ئاوەدانکردنەوەی پاسگا سنوورییەکان هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر ناوچەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ و سۆمای برادۆست. بەڵام ئەو هێرشەش لەگەڵ خۆڕاگری و بەرەنگاریی خەڵکی ناوچە بەرەوڕوو بۆوە. هێزەکانی ئەرتەش و ژاندارمری بە ناچاری بەرەو شاری ورمێ پاشەکشەیان کرد و شار بە کردەوە کەوتە گەمارۆی خەڵکەوە. سەرەنجام داوای خەڵکی ناوچە لەپێوەندی لەگەڵ سپاردنی پاسگاکان بە کەسانی خۆجێیی لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە قبووڵ کرا کرا و بەمجۆرە پیلانگێڕان دانیان بە شکستی خۆیان دانا. بەڵام ئەوان ئەمجارە تاکتیکی خۆیان گۆڕی و دەستیان کرد بە چەکدارکردنی سەرۆک عەشیرەت و ئاغا کۆنەپەرەستەکانی پێشوو؛ تاکتیکێک کە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

لە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ کە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان بەڕێوەچوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی جیددی بەشداریی لە هەڵبژاردندا کرد و داوای لە خەڵکیش کرد کە بەشداری هەڵبژاردنەکە ببن. دیارە لە ڕوانگەی ئێمەوە مەجلیسی خوبرەگان نەیدەتوانی جێگای مەجلیسی موئەسیسان بگرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە پێویستە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەم مەجلیسەدا کە یەکێک لەگرینگرین بەڵگەنامەکانی مێژووی وڵاتی پەسند دەکرد، بەشداربن.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لایەنە سیاسییەکانی دیکە بەپێی ڕێککەوتنی پێشووتر لە ئوستانی «کوردستان» کاندیدیان ناساندبوو، کۆمیتەی ناوەندی خۆی لە ناساندنی کاندیدا لەو حوزەیەدا بوارد و تەنیا لە ئوستانی «ئازەربایجانی ڕۆژئاوا» کە زۆر لە دانیشتووانی تورکزمانن، دوو کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی کاندید کرد. لەگەڵ ئەوە کە تەواوی گرووپە سیاسییەکانی ناوچە بەکردەوە بەدژی کاندیداکانی حیزبی ئێمە ئیئتلافیان کردبوو، هەردوو کاندیدای حیزبی ئێمە زۆر لە کاندیدای گرووپەکانی دیکە لەپێشتر بوون و زیاتر لە سەت هەزار دەنگیان بەدەست هێنا و بەم جۆرە سکرتێری گشتیی حیزبی ئێمە وەک نوێنەری مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردرا. خەڵکی کوردستان بە دانی دەنگی خۆیان بە کاندیدکانی حیزبی ئێمە جارێکی دیکە پشتیوانیی بێ ئەملاوئەولای خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشان دا.

ئەگەرچی بەهۆی شەڕی داسەپاوی مانگی گەلاوێژی ڕابردوو و ئەو پیلانانەی دوژمنانی

ئینقلاب وەرپێیان‌خست نوێنەری ئێمە نەیتوانی لە مەجلیسی خوبرەگان بەشدار بێ، بەڵام بەشداری و هەڵبژێرانی کاندیدای ئێمە لەو هەڵبژاردنەدا بۆ حیزبی ئێمە بە سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورە دێتە ئەژمار، و بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆوە کە حیزبی ئێمە لەنێو خەڵکی کوردستاندا چەندە خۆشەویست و خاوەن جێگە و پێگەیە.

لە نیوەی دووهەمی مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨دا بارودۆخ لە کوردستان جارێکی دیکە بەرەو گرژی چوو. ماوەیەک بوو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی سەر بە حیزبی «جمهوری ئیسلامی» هێرشێکی بەربڵاوی تەبلیغاتییان بەدژی خەڵکی کوردستان و داوا ڕەواکانی گەلی کورد و لە هەمووی زیاتر بەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەست پێ‌کردبوو. حیزبی ئێمە هەر ڕۆژە لەلایەن یەکێک لە کاربەدەستانی دەوڵەتی و مەزهەبییەوە لەژێر ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆر دەکەوتە بەر هێرش. کۆمەڵێک تۆمەتی بێ‌بنەمای سەردەمی پاشایەتی وەک تەجزیەتەڵەبی و بێگانەپەرستی هاوکات لەگەڵ هێندێک مۆرکی نوێ وەک سەهیۆنیسم لە حیزبی ئێمە دەدران. تەنانەت حیزبی ئێمەیان وەکوو دێوێکی ترسناک ناساند کە گۆیا هێرشی چەکدارانە بۆ تێکدانی ئاسایشی خەڵک دنە دەدا.

ئامانج لەم هێرشە تەبلیغاتیە بەتەواوی ڕوون بوو. هاوکات لەگەڵ ئەم پڕوپاگەندا نارەوایە ئەرەش لە شوێنی جۆراجۆری ئێرانەوە بەرەو کوردستان وەڕێ کەوت. ئاشکرا بوو کە هێزە کۆنەپەرستەکان و پاشماوەکانی ڕێژیمی شا بە یارمەتیی ئیمپریالیزم خەریکی خۆئامادەکردن بۆ خوێنڕشتن و قەڵاچۆی خەڵکی کوردستانن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە مەترسیی شەڕێکی براکوژیی بەتەواوی هەست پێ‌دەکرد. هەربۆیە بە ئەرکی خۆی زانی لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا بارودۆخی مەترسیداری کوردستان بۆ ئیمام خومەینی ڕوون بکاتەوە و لەم پێوەندییەدا بەجیددی هۆشداریی بداتێ. لەم نامەیەدا پاش ئاماژە بە ڕووداوەکانی سنە، نەغەدە، مەریوان و ورمێ، نووسرابوو: «حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی میللی، ڕەسەن و ئێرانییە و هەڵبەستنی بوختانی نارەوای بەستراوەیی بەم حیزبە خەیانەت بە ئینقلابی ئێران و بە خەڵکی ئێرانە...کارێکی زاڵمانە و خائینانەیە ئەگەر بزوتنەوەی گەلی ئێمە بۆ وەدی‌هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بەناوی خەبات بەدژی تەجزیەتەڵەبی سەرکوت بکرێ. بەشێوەیەکی سروشتی ئەمە کارێکە کە ڕێژیمی پاشایەتی ئەنجامی دەدا و ڕێژیمێکی ئینقلابی دەبێ خۆی لە هەنگاوێکی ئاوا بە دوور بگرێ. دەستپێشخەرانی هێرشی تەبلیغاتی بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان کە وا نیشان بدەن حیزبی ئێمە لە گەلی کورد جودایە؛ ئێمە ئیدیعا ناکەین کە تاکە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانین، بەڵام بەبێ زیادەڕەوی دەتوانین بڵێین پشتیوانی زۆرینەی خەڵک و زەحمەتکێشانی کوردستانمان لەگەڵە. ئەگەر کەسێک بیهەوێ ڕووبەڕووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێتەوە، بیهەوێ و نەیهەوێ ڕووبەڕووی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە. ئەگەریش جیاواز لەمە بیر بکەنەوە، تووشی هەڵەیەکی مەترسیدار و قەرەبووهەڵنەگر دەبنەوە.

کەسانێک کە شتێکی جیاواز لەمەیان بە حەزرەتی جەنابت گوتووە یا هیچ جۆرە زانیارییەکیان لەبارەی دۆخی کوردستانەوە نیە، یان قین‌لەدڵ و خیانەتکارن... ئێمە نامانەوێ ئەم ڕاستییە تاڵە لە ڕێبەری پایەبەرزی ئینقلاب بشاردرێتەوە. ئەگەر هێزە زیدی ئینقلابییەکان لە هەموو لایەکەوە هێزەکانی ئەرتەش بەرەو کوردستان بەڕێ‌دەکەن بۆ ئەوەی هێرش

بکەنە سەر دەسکەوتە ئینقلابییەکانمان و چەک لە خەڵکی ئێمە بکێشن، دڵنیابن کە گەلی ئێمە و زەحمەتکێشانی کوردستان بەشێوەی یەک پارچە و یەکگرتوو دیفاع لە ئینقلاب و دەستکەوتەکانی دەکەن.

بەداخەوە هیچ بایەخێک بە هۆشداری حیزبی ئێمە نەدرا و سەرەنجام ڕۆژی ٢٢ی گەلاوێژ پیلانگێران توانیان ئاگری شەڕ لە شاری پاوە هەڵگیرسێنن، شەڕێک کە پاش چەند ڕۆژ هەمووی کوردستانی گرتەوە. هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ لە کوردستان، ئازادییە دێموکرتیکەکان لە تەواوی ئێراندا سنووردارکران و کەوتنە مەترسییەوە. بڵاوبوونەوەی هێندێک لە ڕۆژنامەکان ڕاگیرا و هێندێکی دیکەشیان بە توندی کەوتنە بەر سانسۆڕ. دەفتەری زۆر لە ڕێکخراوە میللی و پێشکەوتنخوازەکان داخران و تەنانەت لەهێندێک حاڵەتدا کەوتنە بەر هێرشی گۆپاڵبەدەستان. بەم جۆرە جارێکی دیکە پێوەندیی ئۆرگانیکی نێوان دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ژێردەستە ئاشکرا بوو.

کۆمیتەی ناەندیی حیزبی ئێمە بڕیاری دابوو کە خۆی لە شەڕی جەبهەیی ببوێرێ. هەربۆیە پاش دیفاعێکی سەمبولیک لە شاری مەهاباد و بۆ پێشگیری لە وێرانبوونی شارەکان پێشمەرگەکانی ئێمە شارەکانیان یەک لەدوای یەک بەجێهێشت و پاشەکەشیان بۆ چیاکان کرد. بەو حاڵەش، پێشمەرگەکانی کوردستان لە شەڕی جەبهەییدا سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەستهێنا و بەتایبەتی لە کاتی بەرەنگاریی دلێرانەی شاری سەقزدا زەبری گورچووبڕیان لە دەستدرێژیکاران وەشاند. بەم چەشنە شەڕی دیفاع لە ئازادی و مەجوودییەتی گەلی کورد دەستی پێکردبوو.

پاش هاتنی ئەرتەش بۆ نێو شارەکان، کۆنەپەرستی ڕوخساری دڕندانەی خۆی وەدەر خست. لە پاوە، سەقز، سنە، مەریوان و شارەکانی دیکە، خەڵخاڵیی جەلاد خەڵکی کوردستانی دەستە دەستە ناردە سەر داری ئێعدام. جنایەتی خەڵخاڵی لە سەقز ئەوەندە دڵتەزێن بوو کە بیروڕای گشتیی دنیای بەدژی دەوڵەتی ناوەندی جوڵاند. ئەو لە سەقز تەنانەت بەزەیی بە منداڵانی بێگوناحیشدا نەهاتەوە و ئەو وەحشیگەرییەی تەبلیغاتی درۆزنی ڕاگەیەنەکانی ڕێژیم بەسەر پێشمەرگەکانیاندا دێنا، خەڵخاڵی بۆخۆی لە پاوە، سەقز، مەریوان و شوێنەکانی دیکە دەرهەق بە خەڵکی بێگوناحی ئەنجامدا. ئەو پاسدارانەی هاتبوونە کوردستان وەکوو داگیرکەرانی بێگانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەکرد و بەم چەشنە ڕق و بێزاریی لەڕادەبەدەری خەڵکیان دەرهەق بە خۆیان وەڕێ خست.

یەکێک لە جینایەتە ترسناکەکانی پاسداران لە کاتی شەڕی سێمانگەدا قەتڵوعامی خەڵکی قاڕنێ بوو. ئەم جینایەتە تەنیا لەگەڵ وەحشیگەریی نازییەکان لە ئورووپا و داگیرکاریی ئەمریکا لە ڤیەتنام بەراورد دەکرێ. لە گوندی قاڕنێ ٤٦ کەس لە ژنان و منداڵان و پیرەپیاوانی بێدیفاعیان وەبەر دەسڕێژ دا. ئەم بەناو پاسدارانەی ئیسلام تەنانەت بەزەییان بە مەلای گوندیش کە قورئان بەدەستەوە لە بەریان دەپاڕایەوە کە دەست لە کوشتاری خەڵک هەڵگرن، نەکرد و ئەویشیان تیرباران کرد. جینایەتی قاڕنێ لەلایەک ڕوخساری ناحەزی فاشیستی زیدی ئینقلابی وەدەر خست و سیاسەتی دژە گەلی و پیلانگێرانی لەبەرچاوی خەڵکی جیهان ڕیسوا کرد، لەلایەکی دیکەوە خەباتگێران و پێشمەرگەکانی کوردستانی لە خۆڕاگری خۆیاندا شێلگیرتر و سوورتر کرد. ئێستا ئیدی خەڵکی کوردستان بە باشی تێگەیشتبوون کە جگە لە

خۆڕاگری و بەرەنگاریی جینایەتکاران و دیفاع لە ئازدی و شەڕافەت و مەوجوودیەتی خۆیان ڕێگایەکی دیکەیان لەپێش نیە.

مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بزووتنەوەی خۆڕاگریی خەڵکی کورددا هەبوو. لە کاتی شەڕی سێمانگەدا زۆربەی نزیک بە تەواوی مەلاکانی کوردستان لە پەنا گەلی خۆیان مانەوە و بە تێکۆشانی شەو و ڕۆژی خۆیان تەبلیغاتی ژاراویی بەدخوازانیان کە کوشتاری خەڵکی کوردستانیان بە جیهاد بەدژی کافران و حیزبی ئێمەیان بە حیزبی شەیتان لەقەڵەم دەدا، پووچەڵ کردوە.

پاشەکشەی سەرەتای حیزبی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتوو بوو و توانیمان هەم هێزەکانمان و هەم لەسەریەک بەشی زۆری موهیمات لە هێرشی توندی هێرشکەران بپارێزین. دیارە خەڵکی کوردستان و زۆربەی ئەندامان و کادرەکانی حیزبی ئێمە بۆ یەکەم جار لەگەڵ شەڕ ئاشنا دەبوون. لە لایەکی دیکەوە، بەرپرسانی پێشمەرگە بەتەواوی خۆیان بۆ پاشەکشەیەکی بەوەخت ساز نەکردبوو. هەربۆیە پاشەکشەی ئێمە لە شارەکان هێندێک جار دەستپاچەیی و بێسەرەوبەرەیی پێوە دیار بوو و وەک پێویستە ڕێکوپێک نەبوو. خەڵکی ئاسایی شەڕنەدیتوو لە ڕۆژەکانی یەکەمدا تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و سەرسامی بوون. هەربۆیە هێندێک کەس و بنەماڵەکانیان بەتایبەتی دانیشتووانی گوندە سنوورییەکان پەنایان بۆ وڵاتی عێراق برد. شتێک کە بۆخۆی یەکێک لە دەرەنجامە نەخوازراوەکانی شەڕ بوو. بەڵام ئەم دۆخە لە ئاکامی ڕوونکردنەوەی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب و پشتیوانیی تەواوی زەحمەتکێشانی شارەکان و گوندەکان بەخێرایی گۆڕانی بەسەردا هات.

هێشتا مانگێک لە دەسپێکی شەڕ تێنەپەڕیبوو کە خەڵک وورەی بەرزی خۆیان وەدەست هێنایەوە و هەر گوندێک بوو بە سەنگەرێک و هەر ماڵێک لە شارەکاندا بوو بە بنکەیەک. وردە وردە پشتی جەبهەیەکی بەهێز دروست بوو و سەرلێشێوایی سەرەتا بە تەواوی لەنێو چوو. لە مانگی ڕەزبەردا هێرشی پێشمەرگەکان لەسەراسەری کوردستاندا بۆ سەر مۆڵگەی پاسداران و پاسگا و پادگانی شارەکان دەستی پێکردوە.

هێزە حەماسەخوڵقێنەکانی شاری قارەمانی مەهاباد زەبری شکێنەریان لە ستوونەکانی هێرشبەران وەشاند. لەڕاستیدا شاری مەهاباد ببوو بە قەڵای لەگیراننەهاتووی گەلی کورد؛ هەر کۆڵانێکی شار سەنگەرێک و هەر ماڵێکی شار پەناگایەکی پێشمەرگە بوو. ژنان و پیاوان و تەنانەت مێرمنداڵانی مەهابادیش هەموو پێشمەرگە بوون و کەمترین مەودا و کەمترین جیاوازی لەنێوان پێشمەرگە و خەڵکدا نەمابوو و ئەو دووانە ئەوەندە لێکهاڵابوون کە شەڕهەڵایسێنەکان چیدیکە نەیاندەتوانی لێکیان بکەنەوە چونکە خەڵک هەمووی پێشمەرگەبوو و پێشمەرگەکانیش بەشێکی جیانەکراوەی خەڵک بوون.

لێرەدا نموونەیەکی ڕوون لە شکڵی هەرە بەرزی یەکیەتی خەباتی سیاسی و نیزامی دەبینرا و هەردوو جۆری خەبات پێکەوە گرێ درابوون و ببوون بە یەک خەبات. لەڕاستیدا ڕەمزی سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی خەڵکی مەهابایش هەر لەوەدا بوو.

وردە وردە ئەم بارودۆخە بە شێوەی جۆراوجۆر لە شارەکانی بۆکان، بانە و سەقز دووپاتە بۆوە و ئاشکرا بوو کە دەستدرێژیکاران لەم شارانەشدا تووشی شکستێکی حاشاهەڵنەگر بوون. لەم ناوچەنەشدا زۆر زەبری یەک لە دوای یەک لە چیاکان و ڕێگاکاندا لە داگیرکاران

درا و ئەم زەبرە قورسانە مەیدانی بە تەواوی لەوان تەنگ کردبۆوە.

لە دوایین ڕۆژەکانی شەڕدا، لەکاتێکدا هەیئەتێکی تایبەت بۆ پێکهێنانی زەمینەی ئاگربەس وتوویژی دەکرد، شاری سنووریی سەردەشت کەوتە بەر هێرشی هێزەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بۆمبارانی هەوایی و گوللەبارانی زەمینی زیاتر لە بیست لە سەدی خانووبەرەکانی ئەو شارەی بەتەواوی وێران کرد یا زیانی زۆری پێگەیاندن. لەم هێرشەدا دەیان کەس لە دانیشتووانی بێدیفاعی سەردەشت کوژران و بریندار بوون، بەڵام ئەو کردەوە وەحشییانەیە هەرگیز نەیتوانی لە ئیرادەی خەڵکی خەباتگێڕی سەردەشت بۆ درێژەدانی خەبات لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد کەم بکاتەوە و سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەر کە هەمیشە خەباتگێڕانی حیزبی ئێمەیان بە سینگی فراوانەوە لە باوەش گرتووە، هەروا وەک سەنگەرێکی لەگیراننەهاتووی پێشمەرگەی کورد مایەوە.

وردە وردە ویستی شەڕخوازانەی بەدکاران لەنێو دەستەی کاربەدەستاندا جێگای خۆی دا بە بیرۆکەی وتوویژ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەی کوردستان. ئەرتەش بە ناچاری گەڕایەوە نێو پادگانەکان و پاسدارانی واریداتی جگە لە چەند شوێن شارەکانیان بەجێ هێشت. پێوەندییە سەرەتاییەکان بەمەبەستی دەستپێکردنی وتوویژ دامەزران و سەرەنجام عەمەلیاتەکانی شەڕ ڕاگیران و شەڕی سێ مانگە بە سەرکەوتنی سیاسی و نیزامیی گەلی کورد کۆتایی هات.

شەڕی سێ مانگە بزووتنەوەی گەلی کوردی ئێمەی چەندین فرسەخ بردە پێش، لەو ماوە کورتەدا زۆر ئەزموونی بەنرخ وەدەست هات. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەپێش کە چۆنە بە نەبوونی ئامادەیی پێشوو و ئەزموونی پێویستی شەڕ گەلی ئێمە ئاوا بەخێرایی سەرکەوت؟

پێویستە هۆکاری ئەم سەرکەوتنە پێش هەموو شتێک لە پشتیوانیی بێدریغی خەڵکی کوردستاندا ببینین. گەلی ئێمە چ لە شار و چ لە گوندەکان بە گیان و دڵ بەشداریی لە بزووتنەوەی خۆڕاگریدا کرد. زەحمەتکێشانی کوردستان هەرچیەکیان هەبوو، بە سەخاوەتێکی تایبەتەوە خستیانە خزمەتی ئێمە و پێشمەرگەکان  و لەڕاستیدا پشتیوانیی هەمەلایەنەی خەڵک لە داواکانی خۆیان و حیزبی ئێمە زۆر زیاتر لەوە بوو کە ڕێبەریی حیزب چاوەڕوانی بوو. شانبەشانی دیفاعی قارەمانانەی پێشمەرگەکان، خەڵکی شارەکانی کوردستان بە وەڕێخستنی خۆپیشاندان و ڕێپوانی بەرین و پێکهێنانی کۆبوونەوە و مانگرتن، پشتیوانیی تەواوی خۆیان لە خواستەکانی حیزبی ئێمە ڕاگەیاند. لەو پێوەندییانەدا کە نوێنەرانی دەوڵەت بەمەبەستی موزاکرە لەگەڵ خەڵکی شارەکانیان دەگرت، خەڵکی کوردستان  یەکدەنگ جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە تەنیا مەرجەعی گونجاو بۆ موزاکرە ڕێبەرانی بزووتنەوەی خۆڕاگری لە شاخەکانن. بە تەواوی ئاشکرا بوو کە هێزێکی ئەوەندە گەورەی شۆڕشگێڕانە لە ناخی گەلی ئێمەدایە کە هاوشێوەی کەمتر دەبیندرێ. خەڵکی کوردستان نەک تەنیا بە وشیاری و ئاگایی تەواو پێیان خستە نێو مەیدانی خەبات، بەڵکوو بەکردەوە و جارێکی دیکە نیشانیان دا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری بێ ڕکابەری خۆیان دادەنێن.

خۆڕاگریی دلێرانەی پێشمەرگەکانی کوردستان، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی خەڵک بوو. ئەم خۆڕاگرییە لە دوو ڕوانگەوە جێگای سەرنجە: یەکەم ئەوە کە دوای تێپەڕینی

مانگی یەکەم پێشمەرگەکان بەخێرایی ئەزموونیان وەدەست هێنا. بەچەشنێک کە لە مانگی سێهەمی شەڕدا، لەگەڵ ئەو زەبرە یەک لە دوای یەکانەی لە هێزە دەستدرێژکارەکانیان وەشاند، زیانی گیانیی خۆیانیان بە لانیکەم گەیاندبوو. دووهەم ئەوە کە ئازایەتیی و بێباکیی ئەوانیش بووە هۆی ترسی دەستدرێژیکاران و سەرسوورمانی دۆستانمان لە ئێران و جیهاندا. تەنانەت تانک و تۆپ و هێلیکۆپتێر و فانتۆمیش نەیانتوانی ورەی بەرزی پێشمەرگەکان بلەرزێنێ. هۆی ئەم مەسەلەیەش ڕوونە، لەکاتێکدا پاسدارانی فریوخواردووی غەیرەبوومی نەیاندەزانی بۆچی و بە چ مەبەستێک نێردراونەتە کوردستان و ئەرتەشییەکانیش حەزێکی ئەوتۆیان بۆ شەڕ لە خۆیان نیشان نەدەدا، پێشمەرگەکانی کوردستان ئازایانە لەپێناو ئامانجە نەتەوایەتی و ئینسانییەکانی گەلی خۆیاندا و بۆ دیفاع لە ئازادی و سەربەخۆیی ئێران و دەسکەوتەکانی شۆڕش شەڕیان دەکرد. ڕێبەریی دروستی حیزب و گرتنەپێشی سیاسەتێکی گونجاو کە وەڵامدەری هەلومەرجی شەڕی پارتیزانی بوو، هاوکات لەگەڵ یارمەتیی کارناسانی نیزامی کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری شەڕدا یارمەتیی ڕێبەریی حیزبیان دەدا، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە سەرکەوتنی گەلی ئێمەدا هەبوو.

لە دەورانی شەڕی سێ مانگەدا کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی حیزبی ئێمە بریتی بوون لە ئامادەکردنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و هەموو خەڵکی کوردستان بۆ خۆڕاگرییەکی دوور و درێژ و یەکخستنی هەموو چین وتوێژە دێموکراتیکەکانی گەل لە خەباتی ئازدیخوازانەی نەتەوایەتیدا و هاوکاری لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان کە کەم و زۆر لە تەنیشت حیزبی ئێمە لە تێکهەڵچوونەکاندا بەشداربوون؛ شکست پێدان و تەریک خستنەوەی شەڕهەڵگیرسێنان لەنێو هەیئەتی حاکمەدا و لەقاودانی سیاسەتی دژی گەلیی ئەوان و ڕاکێشانی سەرنجی ڕێبەریی ئینقلاب بۆ لای زەروورەتی چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان، ڕوونکردنەوەی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهان و سەلماندنی هەقانیەتی خەباتی گەلی کورد و تەبلیغی دۆستایەتی و برایەتیی هەموو گەلانی ئێران سەرەڕای هەوڵی کومونیستەکان و مەزهەبییە توندڕەوەکان کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی حیزبی ئێمەیان پێکدێنا.

پشتیوانیی ڕێکخراوەکان و هێزە دێموکراتیکەکانی سەراسەری ئێران لە خەباتی بەرهەقی خەڵکی کوردستان هۆکارێکی گرینگ و هانابەخش لەم سەرکەوتنەدا دێتە ئەژمار. کاتێک هێرشی ئەرتەش بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد، هێزە کۆنەپەرستەکان زۆر بەربەستی توندیان بەسەر ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان و ڕۆژنامەکاندا سەپاند. ئەگەرچی خۆڕاگریی گەلی ئێمە زیاتر پەرەی ئەستاند، ئەو ڕێکخراوانە و ڕۆژنامەکان دەرفەتی زیاتریان بۆ گواستنەوەی ڕاستییەکان وەدەست دێنا. پێش دەستپێکردنی وتووێژەکان لەڕاستیدا زۆرینەی ڕێکخراوە میللی و پێشکەوتنخوازەکان بە ئاشکرا شەڕی داسەپاو بەسەر گەلی کوردیان مەحکووم دەکرد و خوازیاری ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان لە ڕێگای وتووێژەوە بوون. ئەمەش یارمەتی بە دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست و ئامادەکردنی هەلومەرجی موزاکرە کرد.

پشتیوانیی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی فاکتەرێکی هانابەخشی دیکە لە سەرکەوتنی گەلی ئێمەدا بوو. هێرش بۆ سەر کوردستان بەمەبەستی سەرکوتی گەلی کورد، ئەو ئێعدامانەی لەلایەن خەڵخاڵییەوە ئەنجام دران، جینایەتەکانی پاسدارانی واریداتی بەتایبەتی تاوانی

نەبەخشراوی قارنێ، هەموو ئەم کردەوانە بیرورای گشتیی جیهانیان بەدژی زۆرداران وەڕی خست. ڕاگەیەنە گشتییەکان و ڕۆژنامەکانی زۆر لە وڵاتانی ئوروپایی و لەنێو واندا وڵاتانی سۆسیالیستی، پشتیوانیی خۆیان لە داوا ڕەواکانی گەلی کورد ڕاگەیاند. لەکاتێکدا بیروڕای گشتیی دنیا ئێعدامی هووەیداکان و نەسیرییەکانی بەهەق تەئید دەکرد، کوشتاری خەڵکی پاوە، سەقز، مەریوان و قارنای کە تەنیا گوناحیان کوردبوون بوو، بە شتێکی پاساوهەڵنەگر دەزانی. بەم چەشنە ئینقلابی ئێران کە ڕۆژێک ببووە مایەی هۆگری و سەرسووڕمانی خەڵکی دنیا، لە ئاکامی سیاسەتی دژەخەڵکی و سەرکوتی بزوتنەوەی دادخوازانەی گەلی کورددا خۆشەویستیی خۆی بەخێرایی لەدەستدا.

لەگەڵ ئەوە کە لە کاتی شەڕی سێ مانگەدا زۆر کەموکوڕی بە تێکۆشانی حیزبەکەمانەوە دیار بوو، سەرکەوتنێکی مەزن بە نسیبی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە بوو. ئەم سەرکەوتنە پێش ئەوەی سەرکەوتنێکی نیزامی بێ، سەرکەوتنێکی سیاسی بوو. نفووزی حیزبی ئێمە لە کوردستان بەربڵاوتر بۆوە و حیزبی ئێمە خۆشەویستییەکی بێوێنەی لەنێو چین‌وتوێژەکانی گەل لە شار و گونددا وەدەستهێنا. تەنانەت لەو ناوچانەی کوردستاندا کە لە تێکهەڵچوونەکاندا بەشدار نەبوون و هەتا کۆتایی شەڕیش حیزبی ئێمە تەشکیلاتێکی ئەوتۆی لەو ناوچانە نەبوو، ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە یەکلەدوای‌یەک زیندوو بوونەوە. لە ئاستی ئێراندا نفووزی حیزبی ئێمە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد و ئێستا حیزبی ئێمە لە لێکدانەوەی سیاسیی هەموو هێزەکانی وڵاتدا بە هێزێکی گەورە دێتە ئەژمار. هەروەها پرستیژی نێونەتەوەیی حیزبی ئێمە چووە سەر و ئێستا حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی ڕێزێکی زۆر بۆ حیزبی ئێمە دادەنێن.

کۆمیتەی ناوەندی لە نامەیەک لە سەرئاواڵەی ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٥٨ی خۆی بۆ گەلانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە میللی و پێشکەوتنخوازو کەسایەتییە میللی و مەزهەبیەکاندا کە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا هەبوو، نووسیبووی:

«ئێمە ئەم نامەیە لە هەلومەرجێکدا دەنووسین کە لەڕاستیدا بێجگە لە هێندێک شاری کوردستان کە نائارامییان تێدایە، سەراسەری کوردستان لە کۆنترۆڵی تەواوی پێشمەرگەکانی کورددایە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم قۆناخە هەستیارەی ئینقلابی ئێراندا زیاتریش لەپێشوو چارەسەری هەموو کێشەکان و ناکۆکییەکان بەتایبەتی مەسەلەی کوردستان لەڕێگای ئاشتیخوازانە و وتووێژەوە بە زەرووری دەزانێ و پێداگرە کە ئەوە تەنیا ڕێگا چارەیە. ئەم نامەیە لە پێگەی لاوازییەوە نەنووسراوە. دۆخی سیاسی و نیزامی لە کوردستان بۆ حیزبی ئێمە ئێستا لە هەموو کاتێک لەبارترە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە حیزبی ئێمە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاترە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێمان وایە کە لە شەڕی براکوژی‌دا براوە و دۆڕاوێک نیە. ڕاگرتنی شەڕ بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێرانە و لەپێناوی پاراستنی دەسکەوتەکانی ئینقلابیش‌دا زەroورە.

لە نامە سەرئاواڵەکەدا چوار مەرج بەشێوەی خوارەوە بۆ ئاگربەس دانرابوون:

١/ ئازادییە دێموکراتییەکان لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا بگەڕێندرێنەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی سەر لنوێ دەستپێبکاتەوە.

٢/ پاسدارانی غەیرە بوومی کە هۆکاری سەرەکیی شێوان و ناکۆکیین لە هەموو نوختەکانی

کوردستان بکشێندرێنەوە.
٣/ دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆیی ئێران لە ئەرتەش قەدەغە بکرێ. ئەرتەش دەبێ تەنیا خۆی بۆ ئەرکی پارێزگاری لە سنوورەکان و تەواوەتیی ئەرزیی ئێران تەرخان بکا.

**٤/ زیندانیانی سیاسی ئازاد بکرێن و ئێعدامی خەباتگێرانی ئازادیخواز ڕابگیرێ.**

سیاسەتی ئاشتیخوازانەی حیزبی ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ وتوویژدا، بێ وەڵام نەمایەوە. ڕۆژی ٦ی خەزەڵوەر پەیامی ئیمام خومەینی ڕوو بە خەڵکی کوردستان بڵاو بۆوە. ئەو پەیامە هەنگاوێکی گرینگ لەلایەن ڕێبەری ئینقلابی ئێرانەوە بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان بوو. لەو پەیامەدا ئیمام خوازیاری هەڵگرتنی ستەمی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی لەسەر گەلی کورد بوو. ئیمام بە ناردنی ئەو پەیامە بەکردەوە بوختانە ناڕەواکانی دەورانی شەڕ دەرهەق بە بزوتنەوەی خەڵکی کوردستانی ڕەت کردەوە و کەش و هەوایەکی لەبار بۆ موزاکرەی ڕەخساند. حیزبی ئێمە یەکەمین هێزی سیاسی بوو کە لەبەیکی بە پەیامی ئیمام گوت، چونکە بە باوەڕی حیزبی ئێمە ئەگەر نیازپاکی هەبێ، داخوازەکانی گەلی ئێمە و تەنانەت خودموختاری بەتەواوی لە چوارچێوەی ئەو پەیامەدا دەگونجێ.
دوای کۆمەڵێک پێوەندیی سەرەتایی، سەرەنجام ڕۆژی ٤ی سەرماوەز حیزبی ئێمە ئاگربەسی قبووڵ کرد. پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەس لەلایەن حیزبی ئێمەوە لایەنەکانی دیکەش هەر لەو پێوەندییەدا ڕاگەیاندراویان دەرکرد و ئاشتی و ئارامی لە کوردستاندا جێگیر بوو.
بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی ئێمە ڕەخنەیان لە ئێمە دەگرت کە نەدەبوو ئاگربەس ڕابگەیەنین و باشتر وا بوو هەتا وەدیهاتنی خودموختاری درێژە بەشەڕ بدەین. هەڵوێستێکی ئەوتۆ لەگەڵ سیاسەتی ئوسوولیی حیزبی ئێمە ناتەبایە و زۆرتر لە ئێحساساتەوە سەرچاوە دەگرێ تا لە هەڵسەنگاندنی دروستی بارودۆخی سیاسی.
دوای یەکەمین پێوەندییە ڕاستەوخۆکان لەگەڵ هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت بۆ کوردستان کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئیمام خومەینییەوە تەئید دەکرا، بەمەبەستی نیشاندانی نیازپاکیی تەواو ئێمە تەنیا بەو مەرجە ڕازی بووین ئاگربەس درێژ بکرێتەوە کە هێزە دەوڵەتییەکان عەمەلیاتی نیزامی و کردەوەی دنەدەرانە ڕابگرن و پاسدارە غەیرە بوومییەکان لە کوردستان بکشێندرێنەوە. بەداخەوە ئەو دوو مەرجە لەلایەن دەوڵەتەوە جێبەجێ نەکران و بەمجۆرە جیددی نەبوونی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت و لە ئارادابوونی هێندێک پیلان بەدژی خەڵکی کوردستان لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا ئاشکرا بوو. لەگەڵ هەموو ئەو دژوارییانە، ئێمە ئاگربەسمان بە قازانجی خەڵکی کوردستان و ئینقلابی سەراسەریی ئێران دەزانی، چونکە ئەمە کەشی لەبار بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی سیاسی و ئاشتیخوازانە پێکدێنێ. بۆچوونی حیزبی ئێمە هەمیشە لەسەر ئەو پرەنسیپە ڕاوەستاوە کە کێشەی کوردستان ڕێگاچارەی نیزامیی نیە و تەنیا لەرێگای باس و گفتگۆ و دانان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. پێش ڕاگیرانی تێکهەڵچوونەکان و دوای ویش بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و داوای خەڵکی کوردستان لەو قۆناغەدا زنجیرەیەک وتوویژی دوورودرێژ لەنێوان ئەو هێزانەی لە کوردستان لە بزوتنەوەی خۆڕاگریدا بەشدار بوون، بەڕێوە چوو. ئاکامی گشتیی ئەم گفتگۆیانە پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی

سەید عیزەدینی حوسەینی بوو. دوو گرووپی سیاسی، سازمانی چریکە فیدائیەکانی خەڵق/ شاخەی کوردستان و سازمانی ئینقلابیی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە)، ئەگەرچی ئەو واقعیەتەیان قبوول نەبوو کە حیزبی ئێمە ڕێبەری بێڕکابەری بزوتنەوەی خۆڕاگرییە، بەڵام سەرەنجام دانیان بەوەدانا کە ڕۆڵی بەرچاو و بنەڕەتی لەم بزوتنەوەیەدا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانە و هەربۆیەش حیزبی ئێمە وەک وتەبێژی هەیئەتی نوێنەرایەتی لە وتوویژ لەگەڵ هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتدا دیاری کرا.

بەداخەوە هەتا ئێستا ئەم دوو هەیئەتە تەنیا یەک جار ئەویش بۆ ماوەی کەمتر لە یەک سەعات بەشێوەی ڕەسمی بۆ وتوویژ دانیشتوون و لەو یەکەمین و ئاخرین دانیشتنەدا هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت نارەزایی خۆی سەبارەت بە بوونی دوو لایەنی سیاسی واتە فیدایی و کۆمەڵە دەربڕیوە و ئامادە نەبوونی دەوڵەت بۆ موزاکرە لەگەڵ ئەوانی ڕاگەیاندووە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا لەلایەن هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتەوە زۆر جار پێوەندی بە ڕێبەریی حیزبی ئێمەوە گیراوە، گریگترین ئاکامی ئەم پێوەندییانە خستنەڕووی پێشنیاری دەوڵەت لەژێر ناوی ماف و ئەرکەکانی ناوچە خودگەردانەکان بووە. کەمایەسیی بنەڕەتی ئەم گەڵاڵەیە بەڕەسمی نەناسینی بوونی گەلانی ژێ دەستەی ئێران و سەرنجنەدان بە ستەمی نەتەوایەتی و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو ستەمەیە.

ئەم گەڵاڵەیە بەمەبەستی هەڵگرتنی ستەمی میللی لەڕووی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەوە پێشنیار نەکراوە. بەڵکوو مەبەست لەوێدا تەنیا بەخشینی هێندێک لە ئیختیاراتی ئیدارەی نێوخۆیی بە ئوستانەکانە. کەموکوڕیی دیکەی ئەم گەڵاڵەیە بەکاربردنی چەمکی ناڕوونی خودگەردانی بەجێگای چەمکی ڕوون و زانستیی خودموختارییە. دیارە هێندێک خاڵی ئەرێنی بەڵام زۆر کەم لە ئەو گەڵاڵەیەدا وەبەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی و ئەسڵی سپاردنی ئینتزاماتی نێوخۆیی بە شووراکان. بە بۆچوونی حیزبی ئێمە ئەم گەڵاڵەیە تەنیا کاتێک دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی گونجاو بۆ وتوویژ کە بە پشتبەستن بە گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی کە لەلایەن هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کوردەوە پێشنیار کراوە، دەسکاریی بنەڕەتی بکرێ. حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە  کە لە حاڵەتی نیازپاکی و مامەڵەی جیددی و بەرپرسیارانە و داننان بە مافی خودموختاریی خەڵکی کوردستان، دەتوانین بە پێداچوونەوە بە هەردوو گەڵاڵە ڕێک بکەوین.

بە باوەڕی ئێمە وەها ڕێککەوتنێک دەبێ ئەم پرنسیپانەی خوارەوە لە خۆی بگرێ:

١/ خەڵکی کوردستان لە چوارچێوی ئیستقلال و تەواوەتیی ئەرزیی کۆماری ئیسلامیدا مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی لە شکڵی خودموختاریدا وەردەگرێ و ئەو مافانە لە موتەمیمێکی قانوونی ئەساسیدا تۆمار دەکرێن.

٢/ کوردستانی ئێران هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە زۆرینەی دانیشتووانیان لە کورد پێکدێ.

٣/ کوردستانی خودموختار شوورایەکی سەراسەریی دەبێ کە لە هەڵبژاردنێکی نهێنی، یەکسان، ڕاستەخۆ و هەمەلاگیردا هەڵدەبژێردرێ.

٤/ شووڕای سەراسەریی کوردستان هەیئەتێکی ئیجرایی بەمەبەستی بەڕێوەبردنی تەواوی کاروباری نێوخۆیی ئابووری، ئیداری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئینتزامی هەڵدەبژێرێ.

٥/ زمانی کوردی لە سەرزەمینی کوردستاندا بەڕەسمی دەناسرێ. نامەنووسین لەنێوان دامودەزگاکانی ناوچە بە زمانی کوردی و، لەنێوان دامودەزگاکانی ناوچە و دامودەزگاکانی دەوڵەتی ناوەندی یا ناوچەکانی دیکە بە زمانی فارسی دەبێ. لە قوتابخانەکانی سەرەتاییدا خوێندن بە زمانی کوردی دەبێ و پاش ساڵی چوارەمی قوتابخانە زمانی فارسیش دەخوێندرێ. لە ئاستی ناوەندی و بەرزدا زمانی کوردی لە خوێندنی بەشێک لە وانەکاندا بەکار دەبرێ.

٦/ بەڕێوەبردنی تەواوی کاروباری نێوخۆیی و ئینتزامی بە ئۆرگانەکانی خودموختار دەسپێردرێ و دەستێوەردانی ئەرتەش لەم کاروبارەدا قەدەغە دەکرێ.

حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە گونجاندنی پرەنسیپەکانی سەرەوە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بەتەواوی مومکینە و نەک هەر بچووکترین ناتەبایی لەگەڵ تەواوەتیی ئەرزیی ئێران نیە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پتەوبوونی بنەماکانی یەکیەتیی گەلانی ئێران و سەربەخۆیی نیشتمانی ئێمە و کێشەی کوردستان بەشێوەی بنەڕەتی چارەسەر دەبێ.

کاتێک پێشنووسی قانوونی ئەساسی بڵاو بۆوە، حیزبی ئێمە بۆچوونی خۆی لەو بارەوە ڕاگەیاند و نارەزایەتیی خۆی لەبارەی هێندێک بەشی ئەو پێشنووسە کە پێوەندیی بە ئازادییە دێموکراتییەکان، مافی گەلانی ژێر دەستە، مافی ژنان و جیاوازی دانانی مەزهەبییەوە هەبوو، دەربڕی.

لە ڕۆژەکانی ١١ و ١٢ی سەرماوەزی ئەمساڵ کە بۆ بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆمی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی دیاری کرابوو، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە بەلەبەر چاوگرتنی ئەوە کە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە نووسینەوەی ئەم قانوونەدا بەشدار نەبوون و لەوەش زیاتر لە قانوونی ئەساسیی تازەدا هیچ ئاماژەیەک بە دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ژێردەستەی ئێران و مافی خودموختاری نەکراوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێفراندۆمدا بەشدار نابێ. لەگەڵ ئەوەش، بۆ ئەوە کە ڕێفراندۆم لە ژینگەیەکی دێموکراتیکدا بەڕێوە بچێ و ئەو کەسانەی دیانەوێ دەنگ بدەن دەرفەتی دەنگدانیان هەبێ، حیزبی ئێمە لایەنگریی لەوە کرد کە سندووقی دەنگدان لە کوردستانیش دابندرێ. تەنانەت کاتێک هێرش کرایە سەر یەکێک لە بنکەکانی دەنگدان، حیزبی ئێمە ئەو کردەوەیەیی مەحکووم کرد و بەپێچەوانەی ئوسوولی دێموکراسی و ئازادییە دێموکراتیکەکانی دانا.

لە ڕۆژی یەکەمی دەنگداندا، بەمەبەستی سەلماندنی نیازپاکیی خۆمان، کۆمیتەی ناوەندی لە تێلێگرافێکدا بۆ دەفتەری ئیمام ڕایگەیاند کە ئەگەر بێت و ئیمام خومەینی بۆخۆی ڕابگەیەنێ کە ئەسڵی خودموختاریی کوردستان لە موتەممەمی قانوونی ئەساسی‌دا دەگونجێندرێ، حیزبی ئێمە لە ڕێفراندۆمدا بەشداری دەکا، و دەنگی موسبەت بە قانوونی ئەساسی دەدا. بەڵام هەوڵی ئێمە لەو پێوەندیەدا بێ‌بەرهەم مایەوە و ئێمە بەپێچەوانەی مەیل و ئارەزووی خۆمان، لە بەشداری لەو ڕیفراندۆمەشدا بێبەش بووین.

ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هەڵبژاردنی یەکەمین سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوەچوو. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە زۆر بۆی گرینگ بوو کە بۆ پاراستنی کەشێکی لێکگەیشتن کە بە دەسپێکردنی موزاکراتی کوردستان دروست ببوو، لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار بێ. بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو مەرجانەی لە قانوونی‌ئەساسیدا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک

کۆمار داندرابوون، هەر لەسەرەتاوە مافی هەڵبژێران لە زۆرینەی خەڵکی کوردستان کە سوونني مەزهەبن، زەوت کرابوو. هەربۆیە ئێمە نەمانتوانی لەو هەڵبژاردنەدا کاندید بناسێنین. کاتێکیش بەرنامەی کاندیداکانی سەرۆک کۆماری ڕاگەیندران، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئاغای مەسعودی ڕەجەوی، بەربژێری سازمانی موجاهیدنی خەڵکی ئێران، لە بەرنامەی خۆیدا وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێرانی گونجاندبوو و گەلاڵەی ٢٦ ماددەیی هەیئەتی گەلی کوردی بە بنەمایەکی گونجاو بۆ وتوویژ لەپێناو چارەسەری کێشەی کوردستان قبوول کردبوو، حیزبی ئێمە ڕایگەیاند کە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا بەشدار دەبێ و دەنگ بە برادەر مەسعود ڕەجەوی دەدا. بەڵام لەپڕ دیتمان کە بە لابردنی ناوی ئاغای ڕەجەوی لە لیستی کاندیداکان بە کردەوە مافی هەڵبژاردنیش لە ئێمە زەوت کرا. بەمجۆرە لە هەموو هەڵبژاردانەکانی پاش سەرکەوتنی هەڵبژاردنی لە دوای ئینقلاب، بێجگە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، سەرەڕای ویستی خۆمان کە هەوڵمان دەدا لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران هاوهەنگاو بین، بە هێندێک هۆکار لە هەرکام لەو حاڵەتانەدا کە باس کرا، لە بەشداری لە ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنەکاندا بێبەش بووین.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە دەنگمان بە دوکتور ئەبولحەسەنی بەنی سەدر یەکەمین سەرکۆماری ئێران نەداوە، بەڵام داوای لێ دەکەین کە بە نیەتی باشەوە و بە لێبڕاوی لەگەڵ گیروگرفتەکانی وڵات و یەک لەوان کێشەی کوردستان ڕووبەڕوو بێتەوە. بێگومان ئەگەر ناوبراو لە ڕێگای چارەسەری دادپەروەرانە و ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستاندا لەسەر بنەمای دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە شکڵی خودموختاریدا هەنگاو هەڵێنێتەوە، حیزبی ئێمە و هەموو خەڵکی کوردستان لە جێبەجێ کردنی ئەم کارەدا پشتیوانیی لێ دەکەن.

### ٥/ بارودۆخی سیاسیی ئێستا

ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا ڕادەبرێ، بریتییە لە گەشەسەندنی خەباتی ئازادیخوازانەی وڵاتانی جیهانی سێهەم و لاواز بوونی ئیمپریالیزمی جیهانی. ئیمپریالیزم بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفتی چارەهەڵنەگری ئابووری، سیاسی و نیزامی لە ئاستی جیهاندا بەرەوڕوویە. وەخەبەر هاتنی وڵاتانی جیهانی سێهەم و بەتایبەتی هەوڵی ئەوان بۆ پێشگیری لە بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی ژێرزەمینییان لەلایەن کۆمپانیا فەرەنەتەوەیە ئیمپریالیستییەکانم ئیمپریالیزمی لە بونبەستێکی گەورەی مێژوویدا داناوە. پێشتر کاتێک سەرچاوە ئابوورییەکانی ئیپمریالیزم دەکەوتنە مەترسییەوە، ئیمپریالیزم بە هەڕەشە و تەنانەت لەشکرکێشی میللەتانی دەهێنایە سەر چۆک. ئێستا ئیدی سەردەمی زۆرداری و زۆرەملی بەسەر چووە. باڵانسی هێز بە قازانجی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و گەلانی ستەملێکراو، گۆڕانی بەسەردا هاتوە و پاش ئەزموونی ڤیەتنام وڵاتانی ئیمپریالیستی و بە پلەی یەکەم ئەمریکا لە خۆیان ڕانابینن بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی نیزامی بکەن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی سیاسیی ئێستا زیادبوونی گرژی لە ئاستی نێونەتەوەییدایە. لەگەڵ ئەوە کە بوونی چەکە ناوکییەکان و مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکەی جیهانی بووە هۆی ئەوە کە هەردوو زلهێزی دنیا لەسەر سنووردارکردنی ئەم چەکوچۆڵانە ڕێک بکەون، بەڵام لە یەک ساڵی ڕابردوودا لەدوای سەرکەوتنی ئینقلابی ئێران

کە هاوکێشەی هێزەکان لە ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە ئاکامدا لە تەواوی جیهاندا تێک چووە، سیاسەتی کەمکردنەوەی گرژی لەگەڵ گیروگرفت بەرەڕوو بۆتەوە و جارێکی دیکە کەشی شەڕی سارد لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا زیندوو بۆتەوە و دنیا لەسەر لێواری دەستێوەردانی نیزامی و هەڵگیرسانی شەڕدایە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پاش ئەو سەرکەوتنانە کە سیاسەتی ئەمریکا لە کەمپ دەیڤید بە یارمەتیی سادات بۆ نزیک کردنەوەی میسر و ئیسرائیل بەدەستی هێنا، ئەمریکا بەقازانجی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی گەلی فەلەستین هەنگاوی جیددیی هەڵێنایەوە. ئێستا لەدوای سەرکەوتنی ئینقلابی ئێران و تێکچوونی بالانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە کەنداوی فارس بە جیددی کەوتوونەتە مەترسییەوە. ئێستا ئیدی هەموو لایەک دەزانن ئەمریکا دەیەوێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی نیزامی لە ئێراندا بکا. دەوڵەتی کارتێر زۆرترین کەڵکی تەبلیغاتیی لە بارمتەگیریزی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بەمەبەستی دنەدانی بیروڕای گشتیی ئەمریکا و ئورووپا بەدژی ئینقلابی ئێران وەرگرتوە. تەبلیغاتی بەربڵاوی ئەمریکا لە سەراسەری جیهاندا بە دژی بوونی ئەرتەشی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئەفغانستان لە پێناوی ئامادەکردنی زەینیی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ دەستێوەڕدانی نیزامی لە ناوچەی کەنداوی فارسە. ئاشکرایە کە ئەو هەموو هەڵبەز دابەزە لەبەر مرۆڤدۆستی و لەپێناو ئازادیی پەنجا کەسی ئامریکایی نیە، بەڵکوو بە بیانووگرتنی ئەم مەسەلەیە بۆ داگیرکردنی نیزامیی چاڵەکانی نەوت، دابینکردنی بەرژوەندییە ستراتیژی و سیاسی و نیزامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لەنێوبردنی دەسکەوتە مەزنەکانی ئینقلابی ئێرانە.

ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی نیزامی لە ناوچەی پڕنەوتی کەنداو لەگەڵ زۆر بەربەستی گەورە بەرەوڕوویە. لەدوای ئەزموونی ڤیەتنامەوە سەرەڕای هەموو تەبلیغاتێکی ژاراوی کە لە ئەمریکا لەبارەی ئینقلابی ئێرانەوە کراوە، بۆ بیروڕای گشتیی ئەمریکا و جیهان وەها دەستێوەردانێک بە ئاسانی هەزم نابێ. لەوەش زیاتر هەر جۆرە دەساتێوەردانێکی نیزامی لەگەڵ خۆڕاگریی هەموو گەلانی ئێران بەرەوڕوو دەبێتەوە. خەڵکێک کە ئەم ئینقلابە حەماسەسازەی ئێرانیان وەڕێ خست، وا بە ئاسانی لە دەسکەوتەکانی ئینقلاب ناگوزەرێن و ئەگەر پێویست بێ ئێران دەکەنە گۆڕەپانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا. هۆشدارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت بە دەوڵەتی ئەمریکا لەو پێوەندییەدا نابێ بە کەم بگرین و بێگومان هەڵوێستی یەکیەتیی سۆڤیەت بەربەستێکی گەورەی دیکەیە لەسەر ڕێگای دەستێوەردانی نیزامیی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداوی فارسدا.

هەر لەو سۆنگەیەوە سیاسەتی دژەگەلیی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەپێوەندی لەگەڵ ڕادەستکردنەوەی شای لە دەسەڵات لادراو زۆر ئەزموونی تێدایە. لەحاڵێکدا دەوڵەتی ئەمریکا ئازادیخوازانی وڵاتانی جۆراوجۆری پەنا نەداوە و ئەوانی بۆ وڵاتانی خۆیان گەڕاندۆتەوە و بەدەستی جەلادەکانی سپاردوون، ئێستا ئەمریکا خۆ لە ڕادەستکردنەوەی شای جینایەتکار و دانەوەی ئەو ئەموالەی لە «بیت‌المال»ی خەڵکی ستەملێکراوی وڵات تاڵان کراوە، دەبوێرێ و داوای دادپەروەرانەی ڕادەستکردنەوە و دادگایی کردنی شا کە پشتیوانیی تەواوی گەلانی ئێرانی لەسەرە، پشتگوێ دەخا.

ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و پێشکەوتنی دێموکراسی لە جیهاندا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی جیهانیە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر ڕێژیمی دیکتاتۆری وەک ئیسپانیا و پۆرتوغال لە ئورووپا و ڕێژیمە سەرەڕۆکان لە ئەمریکای لاتین، ئاسیا و ئەفریقا ڕووخاون. گومانی تێدا نیە کە ئەم ڕەوتە مێژووییە بەردەوام دەبێ و کۆتایی ڕێژیمە سەرەڕۆکانی دیکە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بەدووی خۆیدا دێنێ. هەر ئێستا خەڵکی هێندێک لە وڵاتانی عەرەبی دەستیان داوەتە خەباتێکی لێبڕاوانە بەدژی ڕێژیمە سەدە نێوەڕاستییەکانی خۆیان. ئینقلابی خەڵکی ئێران بۆ گەلانی ئەم ناوچەیە نموونەی هەرە بەرچاو و شیاوی لێفێربوونە. بێگومان ڕووخانی ڕێژیمە سەرەڕۆ و سەدە نێوەڕاستییەکان بەگشتی بالانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قازانجی گەلان و بە زیانی ئیمپریالیستەکان دەگۆڕێ.

سیستمی جیهانی سەرمایەداری کە لەسەر دابینکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی سەرمایەداران و مۆنۆپۆلەکان ڕاوستاوە، لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفتی چارەهەڵنەگری دیکە وەک ئاوسانی بێوێنەی دراو، بێکاریی بە میلیۆن کەس ژن و پیاو، دارمانی ئەخلاقی و فەرهەنگی بەرەوڕوویە. هەموو ئەو هۆکارانە گەلانی وڵاتانی سەرمایەداری بۆ هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە نیزامی سەرمایەداری هان دەدا و بیروباوەڕی سۆسیالیستی لەنێو زەحمەتکێشاندا بەهێز دەکا. پێوەندیی ئابووریی نێونەتەوەیی ئێستا کە بەرهەمی سیستمی سەرمایەدارییە بە ئاقاری دابینکردنی بەرژەوەندیی مۆنۆپۆلەکان و بە زیانی گەلانی جیهانی سێهەم پەرەدەستێنێ. هەوڵی وڵاتانی خاوەنی نەوت بەمەبەستی زیادکردنی نرخی نەوت ئەگەرچی هێندێک ئاڵوگۆڕی دروست کردوە، بەڵام نەیتوانیوە ماهیەتی نایەکسانی ئەم پێوەندییانە بگۆڕێ. بەم چەشنە خەبات لەپێناو ڕزگاری لەژێر دەسەڵاتی ئابووریی ئیمپریالیزمی جیهانی هێشتا لە سەرلەوحی بەرنامەی وڵاتانی جیهانی سێهەم و هەموو گەلانی شۆڕشگێڕدایە.

بارودۆخی سیاسیی ئێران لە یەک ساڵی پاش سەرکەوتنی ئینقلابدا هێشتا بەتەواوی جێگیر نەبووە. دیارە پەسندکردنی قانوونی ئەساسی و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دەتوانن لەسەر سەقامگیریی بارودۆخی وڵات شوێندانەر بن، بەڵام ئەمە بۆخۆی ناتوانێ دۆخێکی گرژ و کۆنترۆڵ هەڵنەگر کە هەر ئێستا لە وڵاتدا دروست بووە، لەنێو ببا.

یەکێک لە گیروگرفتەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، بوونی ناوەندی فرەچەشنی دەسەڵات و بڕیاردانە کە لەدوای ئینقلاب شکڵیان گرتوە. دیارە ئێمە لایەنگری بە ناوەندیکردنی دەسەڵات لە دەستی یەک کەس یا یەک مەقامدا نین. بەڵام بوونی چەندین ناوەندی بڕیاردان لە دەست کەسانی نابەرپرسیاردا وڵاتی تووشی بێسەرەوبەرەیی کردووە و ڕەواڵی کاروباری وڵاتی بەگشتی فەلەج کردوە.

لەم پێوەندییەدا بەتایبەتی پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی نەرێنیی توێژێکی ڕووحانییەکان بکرێ کە کەڵکی خراپیان لە هەلومەرجی ئینقلابیی ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا وەرگرتوە و هێندێک ناوەندی دەسەڵات و گرووپی فشاریان پێکهێناوە. ئەمانە زۆرتر ڕووحانییە توندڕەوەکانن و توانای تێگەیشتن لە مەسەلە ئاڵۆزەکانیان نیە یا تەنیا لەڕووی دەمارگرژی و ئێحساساتەوە هێندێک بڕیار دەدەن کە بۆ ئینقلابی ئێران زۆر گران تەواو بووە. بەداخەوە ژمارەی ئەو کەسانە کەم نیە. زۆر لە کاربەدەستانی ئۆرگانە هەستیارەکانی دەوڵەت، ئەرتەش، سوپای پاسداران و

هـی دیکـە لەلایـەن ئەوانـەوە پـاوان کـراون و ئەمـە یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی نەبوونـی سـەقامگیریی سیاسـی لـە وڵاتەکەماندایـە. ڕۆڵـی نەرێنیـی دیکـەی ئـەم جـۆرە کەسـانە و خاڵـی هاوبەشـی ئـەوان پاوانخوازیی سیاسییە. ئەمانـە بێجگـە لـە حیـزب و تاقـم و ناوەنـدی دەسـەڵاتی خۆیـان حـازر نیـن دەرەتانـی تێکۆشـان بـە هیـچ هێزێکـی سیاسـی بدەن و بـەم جـۆرە بـوون بـە فاکتەرێـک بـۆ سـەرەڕۆیی و دیکتاتـۆڕی. لـە بنـەڕەتڕا ئـەم عونسـوورانە هیـچ دژایەتییەکیـان لەگەڵ کۆکردنـەوەی دەسـەڵات لـە ناوەنددا نیـە، قسـەی ئـەوان ئەوەیـە کـە دەبـێ دەسـەڵات هـەر لـە دەسـتی خۆیانـدا کـۆ بکرێتـەوە، نـەک لـە دەسـت کەسـانی دیکـەدا. پاوانخوازیـی سیاسـی و حیزبی کە بەپێچەوانـەی پرەنسیپە سـەرەتاییەکانی دێموکراسییە و نوتفـەی دیکتاتـۆڕی لـە خۆیدا پـەروەردە دەکا، بـۆ ئینقلابـی ئێران بـە مەترسـییەکی هەسـتپێکراو لـە قەڵـەم دەدرێ. لـە ڕوانگـەی ئێمـەوە خەبـات بـەدژی پاوانخـوازی، خەبـات لـە ڕێـگای دێموکراسـی و پاراسـتنی دەسـکەوتەکانی ئینقـلاب و خەبـات بـەدژی دیکتاتـۆڕی و ئیسـتبدادە.

ئۆرگانەکانـی دەوڵـەت و ئەرتـەش و هێـزە ئینتزامییـەکان هێشـتا لـە پاشـماوەکانی ڕێژیمـی شـا و مۆرەکانـی سـاواک و کۆنەپەرسـت و زیـدی ئینقـلاب پـاک نەکراونـەوە. مانـەوەی ئـەو جـۆرە کەسـانە لە پۆسـتە هەسـتیارەکاندا هەم کۆسـپێک لەسـەر ڕێگای بردنەپێشـی ئامانجەکانی ئینقلابە، هـەم ناوەنـدی پیلانگێڕیـی زیـددی ئینقـلاب لـە دەروونـی ئۆرگانـە دەوڵەتییەکانـدا بەهێـز دەکا. گیروگرفتـی سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی ئێسـتا دەرفـەت دەداتـە ئـەو کەسـانە هەتـا لـە ناوەوەڕا ئینقـلاب وەبـەر هێـرش بـدەن، کۆمەڵانـی خەڵـک لـە ئینقـلاب وەرگێـڕن و لـە ئەنجامـدا هێـز و توانـا بـە زیـددی ئینقـلاب ببەخشـن.

ئەمـڕۆ کۆمەڵێـک گیروگرفتـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری بـە کێشـە سیاسـییەکانی وڵاتـەوە زیـاد بـووە. ئاوسـانی بێوێنـەی مانگەکانـی ڕابـردوو کـە بەرهەمـی سیاسـەتی هەڵـەی ئابـووری یـان لـە بنـەڕەتڕا نەبوونـی هـەر جـۆرە سیاسـەتێکی ئابوورییـە؛ ڕاوەسـتانی بەرنامەکانـی ئاوەدانکردنـەوە و گەشـەپێدانی ئابـووری؛ لەکارکەوتنـی زۆر لـە کارخانـەکان و ... بوونەتـە هـۆی سسـتیی ئابووریی وڵات. ئـەو مەسـەلەیە هەروەهـا بۆتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی بێـکاری لـە سەراسـەری وڵاتـدا و ئەرتەشـێکی بەرفـراوان لـە بێکارەکانـی ناردۆتـە بـازاڕی بێبـرەوی کار. لێرەدایـە کـە دژواریـی ژیانـی چینوتوێـژە زەحمەتکێشـەکان بەتـەواوی وەدەردەکـەوێ. لەحاڵێکـدا کـە زەحمەتکێشـان بەهـەق چاوەڕوانیی باشـبوونی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیانیـان لـە ئینقلابی ئێران هەبـوو، هەتـا ئێسـتا تەنیـا لەگـەڵ گیروگرفـت و سـەختی و گرانـی و بێـکاری و هـەژاری بەرەوڕوو بـوون. هێشـتا میراتـی ڕێژیمـی شاهەنشـایی لـەو بـوارەدا هـەر لـە جێـی خۆیەتـی و بـە میلیـۆن کـەس لـە هاونیشـتمانیانی زەحمەتکێشـی ئێمـە بـە نەخوێندەواری و بێبەشـی لـە یارمەتییـە پزیشـکی و دەرمانییـەکان و مـاڵ و مەئوایـەک ژیـان بەسـەر دەبـەن.

چارەسـەری ئـەو هەمـوو گیروگرفتـە لـە ماوەیەکـی نیسـبەتەن کورتـدا کارێکـی ئاسـان نیـە. بەتایبەتـی بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوە کـە لـەدوای ئینقلابـەوە چاوەڕوانیـی خەڵـک لـە ئۆرگانەکانـی دەوڵـەت بەهـەق چەنـد قاتیـش زیـادی کـردوە. ئـەوە یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی ئینقلابـە خەڵکییەکانـە کـە لەحاڵێکـدا بەشـێک لـە مەسـەلە بنەڕەتییـە سیاسـییەکان وەکـوو گۆڕانـی ڕێژیـم چارەسـەر دەکا، بـەڵام زۆر لـە کێشـە ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەکان زۆر زیاتـر لـە پێشـوو زەق دەکاتـەوە. لـە ڕوانگـەی حیزبـی ئێمـەوە پێـش هەمـوو شـتێک پێویسـتە گیروگرفتـە سیاسـییە

بنەڕەتییەکان چارەسەر بکرێن.

ڕەهەندی دژە ئیمپریالیستیی ئینقلابی ئێران پێویستە قووڵتر بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ لێبڕاوانە نفووزی سیاسی، ئابووری، نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە نیشتمانی ئێمەدا ڕیشەکێش بکرێ؛ ئەو ڕێککەوتنە دوولایەنانە کە وڵاتی ئێمەیان دیل کردوە هەڵوەشێنەوە؛ تانوپۆی بەستراوەیی ئابووریی وڵاتی ئێمە بە ئابووریی وڵاتانی ئیمپریالیستی بپسێندرێ و پێداگرانە بەدژی نفووزی سیاسی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم خەبات بکرێ. بەبێ هەنگاوی لەم جۆرە ئیستقلالی سیاسیی ئێمە و گەشەسەندنی سەربەخۆیی ئابووریی وڵات و سەربەخۆیی کردەوەمان لە سیاسەتی دەرەوەدا دەستەبەر نابێ.

یەکێک لە دەسکەوتە گەورەکانی ئینقلابی ئێران وەدیهێنانی ئازادییە دێموکراتیکەکان بوو. بەداخەوە تاقمە پاوانخوازەکان وردە وردە ئازادییەکانیان سنووردار کرد و هێندێک جار وەک ڕۆژەکانی پێش شەڕی سێ مانگەی کوردستان هەتا ئاستی لەنێوبردنی بەتەواویی ئەو ئازادییانە چوونە پێش؛ سانسۆریان لەسەر ڕاگەیەنە گشتییەکان بەتایبەتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دانا. ئەوەش بمانەوێ و نەمانەوێ ئێمە دەخاتەوە یادی سەرەڕۆیی سەردەمی پاشایەتی.

وەدیهێنانی دێموکراسی و ئازادییە دێموکراتیکەکان لە ئێراندا، یارمەتی بە کەمکردنەوە لە گرژیی نێوخۆیی وڵات دەکا. ئەمە دەرفەتی ئەوە بە گرووپە جۆراوجۆرە سیاسییەکان دەدا کە لە کاروباری وڵاتدا بەشدار بن و ڕێگاچارەکانی خۆیان بخەنەڕوو. ئەمە هەروەها حەساسییەت و دەمارگرژیی بێجێی گرووپەکان لەنێو دەبا و ژینگەیەکی دروست و ئازاد بۆ گەشەسەندنی هەموو تواناکان پێک دێنێ. گومانی تێدا نیە کە دابینکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان بۆ هەموو گرووپ و هێزە سیاسییەکان شوێنەواری لەسەر ئارامی و ئەمنیەت لە وڵات دادەنێ.

وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ژێردەستەی ئێران کە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێک دێنن چ لە شکڵی «خودموختاری» و چ لە شکڵی فێدراتیودا ڕۆڵێکی گەورەی لە پێکهێنانی سەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا دەبێ. ڕووداوەکانی خوزستان، تورکمەنسەحرا، بەلووچستان، ئازەربایجان و کوردستان ڕووداوگەلێکی بەڕێکەوت و لەپڕ نین، ئەم ڕووداوانە ڕیشەی قووڵی مێژوویی و نەتەوەییان هەیە. نیسبەتدانی هەر بزووتنەوەیەک لە کوردستان یان تورکمەنسەحرا بە زیدەی ئینقلاب و لێدانی بوختانی بێگانەپەرستی و تەجزیەتەڵەبی لەوان مەسەلەی میللی چارەسەر ناکا. چارەسەری مەسەلەی میللی پێویستی بە مامەڵەی زانستی و ئازایەتیی ئینقلابی هەیە. دەبێ ئەو هەقیقەتە دووبارە بکرێتەوە کە هەتا کاتێک مەسەلەی میللی بەشێوەی بنەڕەتی لە ئێراندا چارەسەر نەبووە، چاوەڕوانیی سەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا چاوەڕوانییەکی بێهوودەیە. ئەوە کە دەگوترێ دەبێ لەپێشدا ئەمنیەت و ئارامی بەرقەرار بێ پاشان مەسەلەی میللی چارەسەر بکرێ، ڕوانینێکی هەڵەیە. بەپێچەوانەوە لەپێناوی دروستکردنی ئەمنیەت و ئارامیدا پێویستە لەپێشدا مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ژێردەستەی ئێران بەڕەسمی دانی پێدابنرێ و پاشان لە کەشێکی ئارامدا دەست بکرێ بە چارەسەری بەکردەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی.

دیارە ئێمە لایەنگری ئارامی و سەقامگیرییەکی سیاسی نین کە وەک سەردەمی پاشایەتی سەرلەنوێ نیشتمانی ئێمە وەکوو گۆڕستانێکی بێدەنگ لێبکا. هێزە ئینقلابییەکانی ئێران بەهیچجۆر لە ئایندەدا وەها ئارامییەک قبووڵ ناکەن. ئێمە لایەنگری سەقامگیرییەکی سیاسی

لە کۆمەڵگادایـن کـە بەدەسـتی هێـزە ئینقلابـی و خەڵکییەکانـەوە جێگیـر کرابـێ و ئـەو هێزانـە لـە دیاریکردنـی ڕەوتـی ئینقلابیـی کۆمەڵـگادا نەخشـی بنەڕەتییـان هەبـێ.

لـە ڕوانگـەی حیزبـی ئێمـەوە چارەسـەری کێشـە ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـی زەحمەتکێشـان دەبێ لـە سـەرەوەی بەرنامەڕێژییـە ئابوورییەکانـدا بـێ. بەشـی زەحمەتکێشـان لـە ئینقلابـی ئێرانـدا کـە ڕۆڵـی سـەرەکییان لـە سـەرکەوتن و بردنەپێشـی ئـەو ئینقلابـەدا هەبـووە نابـێ تەنیا دروشـمی جـوان و بریقـەدار بـێ. پێویسـتە هەرچـی زووتـر بۆچارەسـەری گیروگرفتەکانـی ئـەوان بەتایبەتـی دابینکردنـی کار و شـوێنی نیشـتەجێبوون بـۆ هەمـوو زەحمەتکێشـان هەنـگاو هەڵگیرێتـەوە. هـەر ئەنـدازە زەحمەتکێشـان سـوود لـە دەسـکەوتەکانی ئینقـلاب وەربگـرن، بەهەمـان ئەنـدازە کۆڵەکەکانـی ئینقـلاب پتەوتـر و پایەدارتـر دەبـن و دەرەتانـی تێکۆشـانی زیـددی ئینقـلاب کەمتـر دەبێتـەوە.

بێجـێ نیـە لێرەدا هەڵوێسـتی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لەبـارەی ئـەو پیلانانـەی کـە بـەدژی کۆمـاری ئیسـلامی و دەسـکەوتەکانی ئینقـلاب و بەتایبەتـی ڕێبەریـی ئیمـام خومەینـی خەریکـە شـکڵ دەگـرن، ڕابگەیەنیـن. پاشـماوەکانی ڕێژیمـی شـا، عەناسـووری کۆنەپەرسـت، سـاواکییەکان کـە بەداخـەوە بەتـەواوی لـە کوردسـتان وەدەرنەنـراون و بەکرێگیراوانـی ئیمپریالیزمـی ئەمریـکا لـە نێوخـۆی ئەرتـەش‌دا خەریکـی پیلانگێـڕی و ئامادەکردنـی کودەتـای نیزامـی لـەدژی کۆمـاری ئیسـلامیین. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش بـە نیازن لە کوردسـتان لەپێشـدا هێندێک تێکهەڵچوونـی چەکدارانە دروسـت بکـەن و پاشـان ئـەم تێکهەڵچوونانە بکەنە شـەڕێکی سـەراسـەری لە کوردسـتان و هەموو ناوچەکانـی ئێرانـدا هەتـا لەلایـەک کۆمـاری ئیسـلامی لاواز بـێ و لـە لایەکـی دیکـەوە یەکەکانـی ئەرتـەش دەرفەتـی جووڵـەی زۆرتـر پەیدا بکـەن و سـەرەنجام کودەتاچییەکان بـە کەڵکوەرگرتـن لـە بارودۆخێـک کـە بۆخۆیـان پێکـی دێنـن لـە ڕێـگای کودەتایەکـی نیزامییـەوە دەسـەڵات بگرنـە دەسـت. دیـارە ئێمـە لـەو بـاوەڕەدا نیـن کـە کودەتاچییـەکان بـە ئاسـانی بتوانـن سـەرکەون، بەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە کـە پیلانگێـڕان بێـکار دانەنیشـتوون. هەربۆیـە لـە حاڵێکـدا لـە هەمـوو هێـزە ئینقلابییـەکان دەخوازیـن بەتـەواوی وشـیار بـن، داوا لـە کاربەدەسـتان بەتایبەتـی ئیمـام خومەینـی و ئاغـای دوکتـور بەنـی سـەدر دەکەیـن کـە سـەرنجی تـەواو بدەنـە ئـەو پرسـە ژیانییـە کـە هەڕەشـە لـە مانـی کۆمـاری ئیسـلامی دەکا. ئێمـە بـە نـۆرەی خۆمـان جارێکـی دیکـە پشـتیوانیی خۆمـان لـە دەسـکەوتەکانی ئینقـلاب و ڕێبەریـی ئیمـام خومەینـی ڕادەگەیەنیـن و هۆشـداری دەدەیـن کـە لەگـەڵ هەمـوو هێـزە ئینقلابییـەکان لـە بەرامبـەر پیلانـی دوژمـن و زیـددی ئینقـلاب و بەکرێگیراوانـی ئیمپریالیـزم بەتـەواوی هێـز ڕادەوسـتین و داکۆکـی لـە ئینقـلاب دەکەیـن.

### ٦/ تێکۆشانی حیزب لە سەردەمی پاش ئینقلابدا

لـەدوای سـەرکەوتنی ئینقلابـی ئێـران و ڕاگەیاندنـی تێکۆشـانی ئاشـکرای حیـزب، ژمـارەی ئەندامـان و لایەنگرانـی حیزبـی ئێمـە بەخێرایـی زیـادی کـرد و لـە ماوەیەکـی کەمـدا لـە حیزبێکـی نهێنیـی چەنـد سـەت کەسـییەوە بـوو بـە حیزبێکـی ئاشـکرای چەندیـن هـەزار کەسـی. نوێنەرانـی زیاتـر لـە سـی هـەزار کـەس لـە ئەندامانـی ڕەسـمیی حیـزب لـەم کۆنگرەیەدا بەشـدارن. ئێسـتا ئەگەر هەمـوو ئـەو کەسـانەش بـاس بکەیـن کـە خۆیـان بـە ئەندامـی حیـزب دەزانـن، ژمـارەی ئەندامانـی حیـزب لـە چەنـد سـەت هـەزار کـەس تێدەپـەڕێ. لەڕاسـتیدا یەکێـک لـە کێشـە بنەڕەتییەکانـی

تێکۆشانی حیزبی ئێمەش هەر ئەوەیە، واتە نەگونجاویی قەوارەیەکی سنوورداری تەشکیلاتی کە لە سەردەمی خەباتی نهێنیدا هەمانبوو لەگەڵ وەزعیەتی ئێستا کە دەیان و سەدان هەزار کەس ڕوویان لە حیزبی ئێمە کردوە چوونکە جەزبکردنی هەموو ئەو کەسانە لەو ماوە کورتە یەک ساڵییەدا کە لەبەر دەستمان بوو، ناموکین بوو. تازە لەو ماوەیەدا حیزبی ئێمە، تووشی چەندین تێکهەڵچوون بووە و شەڕی سێ مانگەشی تێپەڕاندوە. نەبوونی کاتی پێویست لەلایەک و بەرینبوونەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی لەلایەکی دیکەوە، کاری تەشکیلاتی ئێمەی تووشی گیروگرفتێکی گەورە کردوە.

لە چەند مانگی ڕابردوودا پاش تەواوبوونی شەڕ حیزبی ئێمە توانی کۆتایی بە هێندێک بێسەرەوبەرەیی تەشکیلاتی بێنێ، بەڵام زۆر لە گیروگرفتەکان تائێستا وەک خۆیان بەردەوامن. لەو پێوەندییەدا دەبێ ئاماژە بە کەمیی کادری سیاسی بکرێ. لە کاری تەشکیلاتیدا ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی کادرەکان کە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان ڕێبەری و کۆمەڵانی خەڵکن و سیاسەتی حیزب بۆ ئەندامانی حیزب دەگوازنەوە و لەڕێگای ئەوانەوە دەیگەیەننە کۆمەڵانی هەراوی خەڵک. ئەو ئەڵقەی پێوەندییەش ئێستا بە لاوازترین بەشی کاری ڕێکخستنی حیزبی ئێمە دێتە ئەژمار. دیارە ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی لێهاتوو هاتوونە نێو ڕیزەکانی حیزبی ئێمە کە هێندێکیان ئێستا لە کۆنگرەدا بەشدارن و لە ڕووی زیادکردنی ژمارەی کادری سیاسییەوە حیزب پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام ئەو ژمارەیەش بەهیچ جۆر وەڵامدەری پێویستییەکانی ئێستای حیزبێکی چەندین هەزار کەسیی وەکوو حیزبی ئێمە نییە.

لەدوای ئینقلابەوە خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی خەڵکی گوندەکان بۆ چارەسەری کاروباری ڕۆژانە و گوزەرانی خۆیان پەنا بۆ ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە دێنن. ئەمە بۆخۆی نیشاندەری متمانەی خەڵک بە حیزبی ئێمەیە. ئێمە دەبێ ڕێز بۆ ئەو متمانەیە دابنێین. بەڵام لایەنی نەرێنیی ئەو کارە ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمەی کردوە بە جۆرێک لە ئیدارەی دەوڵەتی. لە ئاکامدا ڕێکخراوە حیزبییەکانی ئێمە بەبێ ئەوەی بتوانن کێشەکانی خەڵک چارەسەر بکەن (چونکە ئیمکاناتی پێویستیان بەدەستەوە نیە)، لە بەجێگەیاندنی ئەرکی حیزبی، سیاسی و تەشکیلاتیی خۆشیان بەجێ دەمێنن و کات و وزەی خۆیان بۆ کاروبارێک تەرخان دەکەن کە ئەرکی یەکەمی ئەوان نیە و ئەوەش بۆخۆی یەکێک لە هۆکارەکانی پێشنەکەوتنی خێرای کاری ڕێکخراوەییە. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دەبێ وردە وردە کارەکانی ڕۆژانە و گوزەرانی خەڵک بە شووراکان بسپێردرێن. بۆ ئەوەش پێکهێنانی شووراکان لە شار و گوندەکانی کوردستاندا یەکێک لە ئەرکە گرینگە سیاسییەکانی ئێستای ئێمەیە.

بێجگە لە پرسەکانی گوزەرانی خەڵک، چارەسەری پرسەکانی ڕۆژانەی خەڵکیش کات و وزەیەکی زۆری ڕێکخراوەکانی حیزبی بۆخۆی ڕاکێشاوە و ئەمەش هەر شێکی سروشتیە. لەگەڵ ئەو دابەشکردنەی کاری حیزبی کە لەو دواییانەدا ئەنجام دراوە و بەڕێوەبردنی کاروباری پێشمەرگەکانی بە خۆیان و بەرپرسانی ڕاستەخۆی هێزەکانی پێشمەرگە سپاردووە، تا ڕادەیەک ئەم کێشەیە چارەسەر بووە و هیواداریین لە داهاتوودا تەواوی کاروباری پێوەندیدار بە گوزەران و ڕۆژانەی پێشمەرگەکان لە ڕێگای خۆیانەوە بەڕیوە ببرێن.

یەکێک لە گیروگرفتە زۆر گرینگەکانی تێکۆشانی حیزبی ئێمە لاوازیی کاری تەبلیغاتییە. ئەگەرچی تێکۆشانی تەبلیغاتیی حیزبی ئێمە بەمەبەستی ناساندنی بەرنامە و داواکارییەکانی

حیزب بە خەڵکی کوردستان و سەراسەری ئێران بەشێوەیەکی بێوێنە پەرەی ئەستاندوە، بەڵام ئەو تێکۆشانە لەگەڵ قەبارە و نفووزی سیاسیی ئێستای حیزبی ئێمە بە هیچ جۆر یەک ناگرێتەوە. لەم دواییانەدا ڕۆژنامەکانی «کوردستان»، «پێشەوا»، «هاواری نیشتمان»، «دەنگی ژنانی کوردستان» و هی دیکە بڵاو بوونەوە کە ئەمە بۆخۆی دیاردەیەکی جێگای هیوایە. بەڵام بڵاو نەبوونەوەی بەوەختی ڕۆژنامەی کوردستان و ڕۆژنامەکانی دیکەی حیزب لە لایەک و نەبوونی ناوەندێکی تەبلیغاتی و پێوەندییەکان کە بە بەردەوامی و بەشێوەی سیستماتیک لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکانی وڵات لەپێوەندیدابێ، لە لایەکی دیکەوە تەبلیغاتی حیزبی ئێمەی کەم کردۆتەوە.

جگە لەوەش هێندێک کەموکوڕیی دیکەش لەڕووی کەیفیەتی تەبلیغی سیاسەتەکانی حیزبەوە هەیە. هێندێک لەو وتارانە کە بڵاو دەبنەوە، ئاستێکی نزمیان هەیە و هێندێکی دیکەیان ئەسڵەن پێڕەوی لە سیاسەتی گشتیی حیزب ناکەن و سەرنج نادەنە ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزب لەپێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسییەکان و ڕووداوەکان. بەشێک لە بەرپرسانی کۆمیتە شارستانەکان بەبێ سەرنجدان بە شوێنەواری نەرێنیی ئەو کارە و بەبێ ئەوە کە زانیاریی پێویستیان لەسەر سیاسەت و ڕێباز و هەڵوێستەکانی حیزب هەبێ، چەپ و ڕاست وتووێژ دەکەن، خۆیان دەکەنە وتەبێژی حیزب و هێندێک هەڵوێست بەناوی هەڵوێستی حیزبەوە دەگرن کە لەگەڵ سیاسەتی گشتیی حیزب جیاوازە. تەنانەت هێندێک جار هەڵدەکەوێ کە ڕوانگەی بەرپرسانی حیزبی لەبارەی ڕووداوێکی گرینگ لە شارستانێکەوە بۆ شارستانێکی دیکە تەواو جیاواز یان تەواو بەپێچەوانەی بۆچوونی کۆمیتەی ناوەندی بێ. بەڵام تازە دەرنگ بووە و بۆچوونە جیاوازەکە لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا بڵاوبۆتەوە. بەرپرسانی حیزبی کە لە هەلومەرجی ئاشکرادا تێکۆشانیان هەیە و هەڵوێستەکانیشیان لە تەواوی وڵاتدا سەرنجی پێ دەدرێ، پێویستە لە وتووێژ و پێوەندییان لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکان وردتر بجوڵێنەوە و لە بنەڕەتڕا بۆ ئەم کارە دەبێ لە ئایندەدا وا بکەین کە هەڵوێستەکان هەماهەنگ و وێکچوو بن و پێڕەوی لە سیاسەتی گشتیی حیزب بکەن.

### ۷/ گرینگترین ئەرکە حیزبییەکانی ئێمە لە داهاتوودا

پتەوکردنی یەکێتیی فیکری و سیاسی لە دەروونی حیزبدا ئەرکێکی بنەڕەتییە کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب. دیارە تەواوی ئەندامانی حیزب لەبارەی مەسەلە سیاسییەکاندا وەک یەک بیر ناکەنەوە و ئامانجیش ئەوە نیە وەک یەک بیرکەنەوە چونکە ئەمە نە دەکرێ و نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە. مەبەست لە وەها یەکێتییەک ئەستاندنەوەی داهێنانی فیکری لە ئەندامانی حیزب نیە. بوونی بیروباوەڕی جیاواز و مامەڵەی دێموکراتیک لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەکان کلیلی چارەسەری دروستی کێشەکان و هۆکاری پێشکەوتنی حیزبە. بەڵام ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ وەها پێڕەوی لە بۆچوونە سیاسی و فیکرییەکانی حیزب بکا کە ئەو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و لایەنەکانی دیکە جیا بکاتەوە. ناکرێ کەسێک ئەندامی حیزبی دێموکرات بێ و لەبواری فیکریدا پێڕەوی لە حیزبێکی دیکە بکا. هێندێک کەس هەن ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانن، بەڵام زۆر جار لە هەڵوێستە گرینگەکاندا بەتەواوی پیڕەوی لە سیاسەتی حیزبێکی دیکە دەکەن. وەها

هەڵسوکەوتێک ئەو هەستە دەداتە کۆمەڵانی حیزبی و غەیرە حیزبی کە لە حیزبی ئێمەدا پێڕەوی لە سیاسەتی جیاواز دەکرێ. دیارە ئەم تێگەیشتنە تەواو بێبنەمایە و لە حیزبی ئێمەدا دەبێ تەنیا پێڕەوی لەو سیاسەتە بکرێ کە ڕێبەریی حیزبی ئێمە بڕیاری لە سەرداوە.

**سیمای سیاسیی دێموکراتێك دەبێ چۆن بێ؟**

دێموکرات ئیمانی بە ڕەسالەتی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە و ئەم حیزبە بە ڕێکخەر و ڕێبەری خەباتی خەڵکی کوردستان دەزانێ.

دێموکرات بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی قبوولە و لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا پێڕەوی لە سیاسەت و ڕێنوێنییەکانی ئەو حیزبە دەکا و بۆ پێشخستنی ئەو سیاسەتە لە هیچ چەشنە فیداکارییەک دریغی ناکا.

دێموکرات بەهەق شانازی دەکا کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی پێشەوا قازی محەمەد و سەدان شەهیدی بەنرخی دیکەیە کە لە ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەراسەری ئێراندا، گیانیان بەخشیوە.

دێموکرات لە بەستراوەیی بێزارە هەربۆیە دەیەوێ حیزبەکەی بە بێ هیچ جۆرە بەستراوەییەک لە بڕیاردانی خۆیدا تەواو ئازاد و سەربەخۆ بێ.

دێموکرات لە خەبات بە دژی ئیمپریالیزم بەتایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکادا شێلگیرە. دیفاع لە ئیستقلالی ئێران لە بەرامبەر هەر جۆرە دەستدرێژییەک دەکا و پشتیوانی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ژێردەستەی تەواوی جیهانە.

دێموکرات لایەنگری ئازادی و دیموکراسییە. باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی هەیە و لە ڕەفتاری خۆیدا دەرهەق بە هێزە سیاسییەکانی دیکە و دەرهەق بە کۆمەڵانی خەڵک ئیلهام لەم پرەنسیپە وەردەگرێ.

دێموکرات خەبات بۆ هەڵگرتنی ستەمی میللی دەکا، دابینکردنی ئەم ئامانجەش بۆ گەلی کورد لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بەشێوەی خودموختاریدا دەبینێ.

دێموکرات ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ نیە؛ ڕێز بۆ دۆستایەتیی نێوان گەلانی ئێران و مافەکانی هەموو ئەو گەلانە دادەنێ.

دێموکرات داکۆکیکاری مافەکانی زەحمەتکێشانە و بەدژی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکی ئینسان بەدەستی ئینسانەوە خەبات دەکا.

دێموکرات مرۆڤدۆستە و بایەخێکی زۆر بۆ دۆستایەتیی نێوان مرۆڤەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەژاد و مەزهەبیان دادەنێ و هەر جۆرە ڕەگەزپەرستی و فاشیزم و مەزنیخوازییەک مەحکووم دەکا.

لەو پێوەندییەدا ڕێبەریی حیزبی ئێمە لە داهاتوودا ئەرکی قورسی دەکەوێتە سەر شان. بەمەبەستی پێکهێنانی یەکیەتیی فیکری و سیاسی دەبێ بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی حیزب بەڕێکوپێکی دەربچن. بۆ پەروەردەی سیاسیی کەسەکان پێویستە کلاسی پەروەردەیی بۆ بارهێنانی کادر لە هەموو شارستانەکان و لە ناوەند دابندرێ. پێکهێنانی سیمیناری حیزبی، کۆنفرانسی تیئۆری و زانستی و ئەدەبییش دەتوانێ یارمەتی بە گەشەکردنی سیاسی و

خەملاندنی یەکیەتیی فیکریی ئەندامان و کادرەکانی حیزب بکا.

لەدوای کۆنگرەی چوارەمەوە یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانمان ڕێکخستنی کاری ساماندەهیی ئەندامان لەسەر بنەمای پرەنسیپە تەشکیلاتییەکان لە سەرانسەری کوردستاندا بووە. ئەم ئەرکە زۆر قوورسە و وردبینی و وزەی زۆری پێویستە، هەربۆیە دەبێ لە تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندیی داهاتوودا و لە بەرنامەڕێژیی کاری دەفتەری سیاسی و دەبیرخانەدا بایەخێکی تایبەتی بە کاری تەشکیلاتی بدرێ. بەداخەوە زۆر لە ئەندامانی سادەی حیزب و تەنانەت بەرپرسانی حیزبی هێشتا گرینگیی کاری تەشکیلاتی هەست پێ ناکەن. بەجێیە دروشمی بەناوبانگی حیزبی ئێمە واتە «ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە» جارێکی دیکە دووبارە بکرێتەوە.

پێویستە لە هەموو شارستانەکاندا ڕێکخراوی حیزبی لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە بەشێوەی کۆمیتەی شارستان، شار، کۆمیتە محەللییەکان و حەوزەکان دابەش بکرێ و سەلاحییەت و دەسەڵاتی هەرکام لەو کۆمیتانە بەڕوونی دیاری بکرێ. بەتایبەتی پێویستە سەرنجێکی تایبەتی بدرێتە کاری حەوزەکان کە شانەی سەرەکیی حیزبی ئێمە پێک دێنن. هەر حەوزەیەک دەبێ کۆبوونەوەی ڕێکوپێک و بە بەرنامەی پێشتر داڕێژراو پێک بێنێ و جگە لە باس و بڕیاردان لەپێوەندی لەگەڵ مەسایلی حیزبی، دەبێ بەرنامەیەکی تەعلیماتییش جێبەجێ بکا.

دەبێ تێکۆشانی حیزب لە ڕوانگەی چەندایەتیی کار و بەتایبەتی لە ڕووی چۆنیەتییەوە بەتەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەرردابێ. ڕۆژنامەی»کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی دەبێ لانیکەم حەتووی جارێک بەشێوەی ڕێکوپێک بڵاوبکرێتەوە و لە داهاتوودا پێویستە بە پێکهێنانی هەلومەرج و کەرەستەی پێویستی وەکوو چاپخانە و کادری نووسەر و کادری فەننی، بەشێوەی ڕۆژانە بڵاو بکرێتەوە.

«تێکۆشەر» بڵاوکراوەی نێوخۆیی ئێمەش دەبێ بڵاوکردنەوەی خۆی دەست پێ بکاتەوە. ئێستا زۆر پرس و گیروگرفت لە حیزبی ئێمەدا لە گۆڕێن کە پێویستییان بە باس و لێکدانەوە هەیە. ئەم کارەش تەنیا بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی جێبەجێ دەبێ. هەروەها دانانی بناخەی ناوەندێکی بڵاوکردنەوە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەرکێکی دیکەیە کە لە پێش ئێمەیە. چاپی کتێبی نووسەران و زانایانی کورد بە زمانی کوردی و وەرگێڕانی کتێبی بەنرخی زانستی، سیاسی، هونەری و ئەدەبی لە زمانی جۆراوجۆرەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەیان دەتوانێ یارمەتییەکی گەورە بە گەشەسەندنی فەرهەنگی میلیی ئێمە بکا.

پێویستە لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی خۆماندا جێگایەکی تایبەتی بە ژنان کە نیوەی حەشیمەت پێکدێنن بدەین. هەروەک دەزانن حیزب مافی تەواو یەکسان لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان قایلە، بەڵام لەنێوان قایلبوونی ماف هەتا جێبەجێکردنی لە کۆمەڵگادا مەودایەکی زۆر هەیە. دەبێ ئەو مەودایە وردە وردە لەنێو ببرێ.

لە ڕوانگەی حیزبی ئێمەوە هەرچی زیاتر ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەشدار بن، کۆمەڵگا زیاتر پێش دەکەوێ و هەرچی زیاتر ژنان لە بزووتنەوەی سیاسی و میللیدا چالاک بن، بزوتنەوەکە پێشکەوتووتر و شانسی سەرکەوتنیشی زیاتر دەبێ. بەمجۆرە بەشداری ژنان لە هەر بزووتنەوەیەکدا تا ڕادەیەکی زۆر پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی جووڵە و شۆڕشگێڕبوونی ئەو بزووتنەوەیە. بەشداریی ژنان لە شەڕی سێ مانگی ڕابردوودا

نیشاندەری گەشەکردنی دەرکی سیاسی و خەباتگێڕانەی ژنانی کوردستان تا ئاستێکی بەرزە. بەڵام ئێمە خوازیاری ئەوە نین کە ژنان تەنیا وەک دیکۆر لە ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمەدا بەشدارن بن. بەپێچەوانەوە ژنانی ئەندامی حیزبی ئێمە ئەرکی زۆر قورسیان لەسەر شانە و پێویستە هەوڵی ماندوویی‌نەناسانە لەپێناو ڕێکخستنی ژنان بۆ بەشداری لە خەبات بەدژی پاشکەوتوویی و خورافات و دەمارگرژیی بێجێ بدەن. کەوابوو لەپێشدا دەبێ ژنان و کچان بۆ خەبات پەروردە و ئامادە بکرێن، ئینجا بەرپرسایەتیی حیزبییان پێ بسپێردرێ. بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە یەکێک لە شۆڕشگێڕانەترین ئەرکەکانی ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمەیە و ئەوان دەبێ لە خەبات بەدژی پاشکەوتوویی وکۆنەپارێزیی ئەندامان و لایەنگران و خەڵکدا پێشەنگ بن.

بیست و پێنج ساڵ ساڵ درێژەکێشانی سەرەڕۆیی سەردەمی پەهلەوی ئەندامان و کادرەکانی پێشووی حیزبی ئێمەی لە نەوەی نوێی لاوا دوور کردبۆوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە حیزبی ئێمە بەهۆی نهێنی بوون و نەبوونی دەرەتانی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لە لاوان و نەوەی گەنج دوور کەوتبۆوە. لەو یەک ساڵەدا کە لە ئینقلابی ئێران تێدەپەڕێ، زۆر لە لاوان ڕوویان لە حیزبی ئێمە کردوە و دەستیان داوەتە خەبات لە ڕیزەکانی حیزب و یەکیەتیی لاواندا. بەڵام ئێستا زۆرینەی لاوانی کوردستان لە دەرەوەی ڕیزەکانی حیزبی ئێمە و یەکیەتی لاواندان. ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە دەبێ بۆ ڕاکێشانی لاوان کە ئایندەی حیزبی ئێمە پێک دێنن هەوڵێکی زۆر بدەن. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بەجۆرێک باس بکرێن کە بۆ لاوان بتوانن لێی‌تێ‌بگەن و قبووڵی بکەن. زۆر پێویستە کلاسی پەروردەیی تایبەت بە لاوان لە هەموو شارستانەکان پێک‌بێ. ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هێندێک لە شارستانەکان تێکۆشانێکی بەرچاوی هەیە و یارمەتییەکی گەورەی بە حیزب کردوە و دەکا. سەرنجی تایبەتی بەم ڕێکخراوە و بە پەرسەکانی لاوان بەشێوەی گشتی دەبێ بەشێک لە بەرنامەی هەموو کۆمیتەکانی حیزب بێ.

زۆربەی ئەندامانی حیزبی ئێمە لە زەحمەتکێشان پێکدێ. بەڕێکەوت نیە بە حیزبی ئێمە دەڵێن حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. بەڵام ڕێژەی کەسانی زەحمەتکێش لە بەڕێوەبەریی ئۆرگانەکاندا بە قامەکەکانی دەست دەبژێردرێ. لەو پێوەندییەشدا هەروەک بۆ بەشداریی ژنان لە خەباتدا باسمان کرد، مەبەست ئەوە نیە کە بە هەر جۆرێک کە بووە بەرپرسیاتی حیزبی بە زەحمەتکێشان بسپێرین. بەڵکوو ئامانج ئەوەیە کە زەحمەتکێشانی ئەندامی حیزب بۆ وەرگرتن و ئەنجامدانی بەرپرسایەتییەکان ئامادە بکەین. زەحمەتکێشان دەرەتانی خوێندن و فێربوونی زانیاریی سیاسیان نەبووە. زۆر لەوان ئێستاش نەخوێندەوارن یان خوێندەوارییەکی کەمیان هەیە. سەرنجدان بە کەسانی زەحمەتکێش لەنێو حیزبدا و پەروەردە کردنیان بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتیی حیزبی یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمەیە. لەو بوارەدا دەبێ سەرنجی پێویست بدرێتە گوندەکان کە بەشی سەرەکیی زەحمەتکێشان لەوێ دەژین. بە باوەڕی ئێمە کۆنگرە دەبێ ئەم دروشمە بخاتە بەردەم کۆمیتەی ناوەندی کە :»هەر گوندێک لە کوردستان دەبێ ببێتە خاوەنی ڕێکخراوی حیزبیی تایبەت بە خۆی.«

یەکێک لە کەموکوڕییەکانی حیزبی ئێمە کە لەڕاستیدا هەر لە سەردەمی کۆماری خودموختاری کوردستان لە مەهابادەوە هەتا شۆڕشی ئێران هەبووە، سنوورداربوونی بەستێنی تێکۆشانی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. کادرەکان و بەرپرسانی حیزبی ئێمە زۆرتر خەڵکی ناوچەی سێگۆشەی نێوان مەهاباد، سەردەشت و بانەن و تەشکیلاتی حیزبی ئێمە زۆرتر لە ناوەندی کوردستاندا پەرەی گرتوە. ئێستا توانیومانە لە قەسری شیرینەوە هەتا ماکۆ تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی حیزب پەرەپێ بدەین. سەرەڕای ئەوەش لە داهاتوودا دەبێ جنووبی کوردستان لە شارستانی سنە بۆ خوارەوە و شومالی کورستان لە شنۆ بۆ سەرەوە لە تێکۆشانی تەشکیلاتی ئێمەدا ئەولەویەتی هەبێ. ئەم دوو ناوچەیەدا زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی کوردستانی ئێران پێکدێنن و زەمینەیەکی باش بۆ خەباتی میللی-دێموکراتیکیان تێدایە. بۆ ئەو مەبەستە پەروەردە کردنی کادرە محەللیەکان بۆ ئەم دوو ناوچەیە گرنگییەکی تایبەتیی هەیە. لەو پێوەندییەدا هێندێک کاری بەنرخ ئەنجام دراوە. بەڵام ئەوەی کراوە بەهیچ جۆر لەگەڵ ئەوە کە دەبێ لە داهاتوودا بکرێ، بەراورد ناکرێ.

هەروەک سەرنج دەدەن لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبی ئێمەدا ماددەیەک لەبارەی کۆمیسیۆنی بازڕەسی زیاد کراوە. هەموو هاوڕێیانی بەرپرس دەزانن کە هاوتەریب لەگەڵ بەرفراوانبوونی ڕێکخراوەکانی حیزبی، سکاڵا و داواکاریی ئەندامان و لایەنگران و تەنانەت کەسانی ئاسایی و ڕێکخراوەکانی حیزبیش زیاد دەکا. بۆ پێڕاگەیشتن بە سکاڵای ئەندامانی حیزب لە ڕێکخراوەکانی حیزبی و لە کەسەکان و هەروەها بەمەبەستی پرسینەوە لە تێکۆشانی ڕێکخراوەکان و چاوەدێری بەسەر داهات و خەرجییەکانی حیزب، هەڵبژاردنی کۆمیسیۆنی بازڕەسی لەم کۆنگرەیەدا بە زەروور دەزانرێ و هیواداریـن لەدوای کۆنگرە ئەم کۆمیسیۆنە بە هەموو بابەتەکانی جێگەی کێشەی تەشکیلاتی و ماڵی و پرسەکانی پێوەندیدار بە سزادانی ئەندامانی حیزب لە حاڵەتی سکاڵا لەوان و بە سکاڵای خودی ئەندامانی حیزب ڕابگا. لەبەر ئەوەی ئەو کارە هەتا ئێستا لە ئەستۆی کۆمیتەی ناوەندی بووە، بە کردەوە دەرەتانی پێڕاگەیشتن بە زۆر لە سکاڵاکانمان نەبووە.

هەموو ئێوە بەباشی دەزانن کە حیزبی ئێمە بێجگە لە مافی ئەندامەتی و یارمەتیی لایەنگرانی حیزب سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتی نیە. بەڵام ڕەنگە نەزانن کە لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ دابینکردنی تێچووی تێکۆشانی حیزب بەسەختی لە تەنگانەداین. یەکێک لە خووە نامەنتقی و قبووڵنەکراوەکان ئەوەیە کە هەموو ڕێکخراوەکانی حیزبی بۆ دابینکردنی تێچووی کارەکانی خۆیان و پێشمەرگەکان داوا لە کۆمیتەی ناوەندی دەکەن و سەرنج نادەنە ئەوە کە داهاتی ماڵیی کۆمیتەی ناوەندی تەنیا لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی حیزبیەوە دابین دەبێ. کۆمیتەی ناوەندی و ڕێکخراوە حیزبییەکان شارستانەکان دەبێ ئەم پرەنسیپە قبووڵ بکەن کە هەر ڕێکخراوێک دەبێ لەباری ماڵییەوە خۆی بژیەنێ و تێچووی پێشمەرگەکان لە ناوچەی خۆیدا دابین بکا. جگە لەوەش، هەر ڕێکخراوێک دەبێ سەدا بیستی داهاتی خۆی بە ڕێکوپێکی بەشێوەی مانگانە بداتە بەرپرسی گشتیی ماڵی. ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە لە سەرەتای تێکۆشانی خۆیاندا پێویستیان بە یارمەتیی ماڵیی کۆمیتەی ناوەندی هەبوو و لەو ڕوانگەیەوە یارمەتی بە زۆر لە ڕێکخراوەکانی حیزب کراوە. بەڵام ئێستا هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب دەبێ بەپێی پرەنسیپی سەرەوە بجوڵێنەوە. هەم تێچووەکانی خۆیان دابین بکەن و هەم بیست لە سەدی داهاتی خۆیان بەشێوەی ڕێکوپێک بدەن بە کۆمیتەی ناوەندی.

**خوشك و برایانی خۆشەویست!**
**هاوڕێیانی بەڕێز!**

هەروەک سەرنج دەدەن حیزبی ئێمە لە شەش ساڵی ڕابردوودا ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێوی بڕیوە و زۆر شکست و سەرکەوتنی دیوە، بەڵام هەرگیز ئاڵای خەباتی دانەناوە. ئێستا کە نیشتمانی ئێمە بە هەلومەرجێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ، بەرپرسایەتییەکی گەورە کەوتۆتە سەرشانی حیزبی ئێمە کە ڕێبەریی بزوتنەوەی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان دەکا. گومانی تێدا نیە کە بەو ئەزموونەوە کە حیزبی ئێمە لە ماوەی سی و پێنج ساڵ مێژووی خۆیدا کۆی کردۆتەوە، بە باشترین شێوە لە عۆدەی ئەم بەرپرسایەتیە دێتە دەر.

بە هەستکردن بەو بەرپرسیارێتییەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناو چارەسەری ئاشیخوازانەی مەسەلەی کوردستان لەسەر بنەمای دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەشێوەی خودموختاری تێدەکۆشێ. ئێمە جارێکی دیکە ڕادەگەیەنین کە شانبەشانی هەموو تێکۆشەرانی کوردستان دیفاع لە دەسکەتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دەکەین. ئێمە پشتیوانیی دووبارەی خۆمان لە ڕێبەریی ئیمام خومەینی و لە سیاسەتی زیددی ئیمپریالیستی بەڕێزیان ڕادەگەیەنین و ئامادەین ئەم پشتیوانییە بەکردەوە نیشان بدەین.

ئێمە ئامادەی هاوکاری لەگەڵ تەواوی هێز و لایەنە میللی–دێموکراتیک و شۆڕشگێڕەکانین و ئیمانی پتەومان هەیە کە پێکهێنانی بەرەیەکی فراوان لە تەواوی ئەو هێزانە باشترین دەستەبەری پێشخستنی ئینقلاب و پاراستنی دەسکەوتەکانییەتی. وەها بەرەیەک دەتوانێ لەسەر بنەمای ئامانجە هاوبەشەکانی خەباتی هەمەلایەنە بەدژی ئیمپریالیزم و لەسەرەوەی هەمووان ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دیفاع لە ئازادییە دێموکراتیکەکان و دابینکردنی مافە نەتەوەیەتییەکانی گەلانی ژێردەستە و پشتگیریی بەرژەوەندییەکانی زەحمەتکێشانی شار و دێ دابمەزرێ. حیزبی ئێمە باوەڕی لێبڕاوانەی بەوە هەیە کە وەها بەرەیەک دەتوانێ هەموو ڕێکخراوە دژە ئیمپریالیستی و شۆڕشگێڕەکان لە هێزە چەپەکانەوە بگرە بۆ ڕێکخراوە مەزهەبییەکان بگرێتە خۆی. ئێمە بە نۆرەی خۆمان ئامادەین لە پێناو پێکهێنانی وەها بەرەیەکدا هەنگاوی بەکردەوە هەڵێنینەوە و هیواداریـن هێزەکانی دیکەش لەو بوارەدا جووڵەی پێویست لە خۆیان نیشان بدەن. ئێمە پێمان وایە کۆکردنەوەی هێزە ئینقلابییەکان و هاوکاریی نێوانیان بەرەی دژە ئیمپریالیستی لە وڵاتی ئێمەدا بەهێز دەکا و دەرەتانی پاراستن و فراوانکردنەوەی ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان پێکدێنێ و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا دابین دەکا.

ئێمە ئێستا بەرەو هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورا دەچین. حیزبی ئێمە بڕیاری داوە کە لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار بێ. دڵنیایـن هەموو ڕێکخراوەکانی حیزبی و تەواوی هۆگرانی حیزب مەیدانی هەڵبژاردن بۆ خەباتێکی بەربڵاوی سیاسی بەکار دەبەن. هیواداریـن حیزبی ئێمە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بێنێ.

ئیزن بدەن کۆتایی بە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بێنم. خەڵکی کوردستان و دۆستانی زۆر لە سەراسەری ئێران بە هۆگریی زۆرەوە چاویان لە کارەکانی کۆنگرەی ئێمە بڕیوە. چونکە حیزبی ئێمە حیزبی شۆڕشگێری هەموو گەلی کورد و ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستانە و گومانی تێدانیە لە داهاتوودا خەباتی خەڵکی کوردستان بەرەو سەرکەوتنی نوێ ڕێبەری دەکا.

سەرکەوێ خەباتی گەلانی ئێران بەدژی ئیمپریالیزم و لەپێناو ئیستقلال و دێموکراسی!

سڵاو لە خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان!

بژی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران، ڕێکخەر و ڕێبەری خەباتی خەڵکی کوردستان!

سەرکەوێ کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

***

## بڕیارنامەی کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئێمە بەشدارانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بە بەشداریی زیاتر لە چوارسەد کەس لە ئەندامان و نوێنەرانی حیزب لە بەرواری ٣٠ ڕێبەندان تا ٥ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٨ لە شاری مەهاباد بەڕێوە چوو، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیمان لە هەلومەرجی ئازاد و دیمۆکراتیک کە بەرهەمی مەنتیقیی شۆڕشی گەورەی گەلانی ئێرانە، جارێکی دیکە پەیمان لەگەڵ ئەو شۆڕشە نوێ دەکەینەوە و بەڵێن دەدەین بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو شۆڕشە تا ئەو جێگایەی لە تواناماندا بێ، تێبکۆشین. ئێمە بەباشی لەوە ئاگادارین کە شۆڕش تا گەیشتن بە سەرکەوتن و بەرهەمدانەوە ڕێگەیەکی دوورودرێژی لەبەرە و بۆ نەهێشتنی بەربەست و کۆسپەکانی بەردەم ئەو ڕێگایە ڕایدەگەیەنین:

١- پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕێبەرایەتیی ئیمام خومەینی دەکەین.

٢- بە هەموو هێز و توانای خۆمان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی و لە سەرەوویانەوە ئەمریکای جیهانخۆر خەبات دەکەین.

٣- داوای ڕاشکاومان لە ئەمریکا ئەوەیە شای پێشوو کە لە وڵاتی ئێمەدا جینایەتی زۆری کردووە، هەرچی زووتر ڕادەستی ئێران بکاتەوە.

٤- بە باوەڕی ئێمە دابینکردنی دیمۆکراسی، دەستەبەری بەردەوامیی ژیانی سیاسی و بەهێزبوونی شۆڕشی ئێران دەکا.

٥- داوا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین بەپەلە پرسی مافی نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی ئینسانی و دادپەروەرانە چارەسەر بکەن.

٦- پرسی کوردستان و دابینکردنی داوای خودموختاری دەبێ بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بێ.

٧- ئێمە پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بە یەکێک لە دەسکەوتەکانی یەکیەتیی نێوان هێزەکانی کوردستان دەزانین و پشتیوانیی لێ دەکەین.

٨- ئێمە خوازیارین بکەرانی دروستبوونی شەڕی نەخوازراو و داسەپاو بەسەر خەڵکی کوردستان، دادگایی بکرێن و سزا بدرێن.
٩- کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێتاوان و بێدیفاعی گوندی قارنێ یەکێکە لە کارەساتە قێزەونەکانی مێژووی هاوچەرخی جیهان و ناکرێ فەرامۆش بکرێ. بە پێداگرییەوە داوا لە بەرپرسانی پەیوەندیدار دەکەین بکەرانی ئەو کارەساتە کە ئاشکرا دیارە کێن سزا بدرێن.
١٠- ئێمە پیلانە خائینانەکانی لایەنە بەکرێگیراو و کۆنەپەرستی دژی شۆڕشی ئێران مەحکووم دەکەین و بە هەموو تواناوە دژیان خەبات دەکەین.
١١- داوا لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین ئەرتەش و کۆی دامەزراوەکانی وڵات لە کەسانی بەکرێکیراو و بەستراوە بە ڕێژیمی پێشوو پاک بکاتەوە.
١٢- پێویستە کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار و گوندەکانی ئێران بەشدار بن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بۆ ئەوەی ڕزگار بن لە دۆخی نالەباری ئێستایان و ژیانێکی باشتریان بۆ دەستەبەر بکرێ.
١٣- پێویستە بە جێبەجێکردنی یاسا شۆڕشگێڕییەکان کۆتایی بهێنرێ بە کێشەی خاوەندارێتیی زەوی لە بەرژەوەندیی جووتیارانی بێ زەوی و یارمەتیی پێویست بە جووتیاران بکرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانیان.
١٤- داوا لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین کەلێن و کەموکوڕییەکانی یاسای بنەڕەتی بە زیادکردنی دەقی تەواوکەر و لکێنراو چارەسەر بکا.
١٥- پێویستە دەوڵەت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورای میللی کەشێکی ئازاد و دیمۆکراتیک برەخسێنێ تا گەلانی ئێران بتوانن نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان بنێرنە ئەنجومەن.
کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

***

## پەیامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**پەیام بۆ حەزرەتی ئایەتوڵڵا ئەلعوزما ئیمام خومەینی**

لەم کاتانەدا کە لە هەلومەرجێکی ئازاد و لە ئارامی و نەزمێکی دڵخوازدا کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مهاباد بەڕێوە دەچێ، ئەندامان و نوێنەرانی حیزب هیوادارن ناسازی و نەخۆشیی ڕێبەری شۆڕشی ئێران بەزوویی چارەسەر بێت و ئاواتەخوازن جارێکی دیکە بەڕێزیان لەنێو خۆیان و خوشک و برا موسوڵمانەکانیاندا ببیننەوە و لە ڕینوێنی و ڕێبەریی شۆڕشگێرانەیان کەلک وەرگرن.

شۆڕشی ئێران کە ئاکامی ڕێبەریی شێلگیرانەی بەڕێزیان و لەخۆبوردوویی لەبراننەهاتووی هەموو نەتەوەکانی ئێران بوو، بەرهەمی زۆر گەورەی بووە. ئەم شۆڕشە لە چوارچێوەیەکی بەریندا دەتوانێ و دەبێ سەرچاوەی خێر و بەرەکەت بۆ هەموو چین و توێژە بێبەشەکان و هەموو بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بێ. یەکێک لە نیشانەکانی پڕ خێر و بەرەکەتی ئەم شۆڕشە و ڕێبەریی لێوەشاوەی بەڕێزیان، پەیامی مێژوویی ٢٦ی خەزەڵوەر بوو کە کۆتایی بە شەڕی نەخوازراوی کوردستان هێنا و تیشکی هیوای خستە

دڵانەوە. لەم پەیامە مێژوویییەدا کە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بایەخێکی زۆری بۆ دادەنێ، بەڕاشکاوی ئاماژە بە بنەبڕکردنی ستەمە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان کراوە. دوای دەرچوونی ئەم پەیامە وا وێدەچوو کە پرسی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد چارەسەر دەبێ، بەڵام بەداخەوە خەمساردیی کاربەدەستانی پێوەندیدار و بابەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری بوونەتە هۆکاری کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا.

ئێمە بەشدارانی ئەم کۆنگرە مێژووییە چاوەڕوانیی ئەوەمان لە حەزرەتی ئیمام هەیە جارێکی دیکەش بڕیار بە بەرپرسانی پیوەندیدار بدا بە شێلگیرییەوە هەوڵ بۆ چارەسەری پرسی کوردستان بدەن.

چارەسەری ئەم پرسە بە دڵنیاییەوە دەبێتە یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئێران و ڕیزەکانی ئێمە بۆ خەبات دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دوژمنانی شۆڕشی ئێران پتەوتر دەکا.

لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی ئێمەدا، ڕێبەریی بەڕێزیان بە گەورەترین هۆکاری سەرکەوتنی شۆڕش داندراوە. لەم کۆنگرە گەورەیەدا کە نوێنەرانی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان بەشدارن، گەڵاڵەیەک پەسند کراوە کە پێ لەسەر بەردەوامی شۆڕشی ئێران دادەگرێ. پشتیوانیی بێوچان لە شۆڕشی مەزنی ئێران کە بە بڕوای ئێمە نەتەوەی کورد لەدا بە مافی خودموختاریی خۆی دەگا، وەکوو ئەرکی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبەرچاو گیراوە.

نوێنەرانی حیزبی ئێمە جارێکی دیکە ئەم دڵنیاییە بە حەزرەتی ئیمام و هەموو نەتەوەکانی ئێران دەدەن کە تا دوایین هەناسە لە پێناو یەکیەتیی ولاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە خەبات دژی ئیمپریالیزم و دوژمنانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام دەبن.

سەرکەوێ خەباتی دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران!

پایەدار بێ یەکیەتیی نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی مافی وەکیەکدا!

***

**پەیام بۆ دوکتور ئەبولحەسەن بەنیسەدر،**

**سەرۆککۆماری وڵاتی ئیسلامیی ئێران**

هاوکات لەگەڵ دەستپێکی دەسەڵاتی یەکەمین سەرۆککۆماریی ئێران، چوارەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مهاباد بەڕێوە چوو. لەم کۆنگرەیەدا بە بەرەکەتی شۆڕشی ئێران و خۆبوردوویی و گیانبازیی گەلانی ئێران لە هەلومەرجێکی ئازاد و دێموکراتیکدا کارەکانی خۆی بەڕێوە برد. نوێنەری دەیان هەزار کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کۆنگرە مەزن و مێژوویییەدا لە وتار و دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانی خۆیاندا باسیان لە گەورەیی شۆڕشی ئێران کرد. یادی شەهیدانیان بەرز ڕاگرت و لەگەڵ شۆڕشی پڕشکۆ پەیمانیان نوێ کردەوە. لەم کۆنگرەیەدا بەرنامە و پێڕەوێک پەسەند کراوە کە دان بە گەورەیی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە ڕێبەری یئیمام خومەینی دەنێ هەر ئەندامێکی حیزب پێبەند بە پاراستنی ئەم شۆڕشە و تەواوەتی و سەربەخۆیی و دەسەڵاتی وڵاتی ئازیزمان کراوە.

بە کۆی دەنگ بەو ئاکامە گەیشتین کە شۆڕشی ئێران ئەوەندە مەزن و بەربڵاوە کە دەتوانێ هەموو کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەکانی ئێران چارەسەر بکا و ئاسەواری نەگبەتیی نیوسەدە حکوومەتی دیکتاتۆریی زاڵمانەی بنەماڵەی پەهلەوی لە ژیانی خەلکی ئێران بسڕێتەوە. بەوهۆیەوە بڕیارمان دا ئەوەی لە توانامانـدا بێ بۆ پاراستن و درێژەی ئەم شۆڕشە لە داهاتووشدا تێبکۆشین و لەگەڵ ئەو کاربەدەستانە بین کە باوەڕیان بە بەردەوامیی شۆڕش هەیە و بەپەرۆشەوە لە چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان و خەباتی دژی ئیمپریالیستیدا یارمەتیدەریان بین.

ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە بەردەوامیی دروستی ڕێگای شۆڕش چارەسەری هەموو کێشەکان و لە سەرووی ئەوان پرسە نەتەوایەتییەکانە. هەر بۆیە جارێکی دی هاودەنگ و پێکەوە لەبەیکمان بۆ پەیامە مێژووییەکەی ٢٦ی خەزەڵوەری ئیمام خومەینی گوت و ئامادەیی خۆمان بۆ گیانبازی لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش ڕاگەیاند.

ئێمە دەزانین کە خەبات دژی مۆرەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و لە سەرووی هەموانەوە ئامریکا، پێویستیی یەکیەتی و هاوفیکریی بۆ هەموو ئێمە پێک هێناوە. ئێمە دەزانین هەر جۆر ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوخۆی وڵات دەرەتانی بووژانەوە بە ئیمپریالیزم و بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی ڕووخاوی پێشوو بۆ جێبەجێکردنی پیلانە شوومەکانیان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەدا. هەر بەو هۆیەوە لێبڕاوانە بڕیارمان داوە بە هەموو توانامانەوە لایەنگری چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کوردستان بین و ڕێگە بە تێکدەران بە بەڕێوەبەران و شەڕهەڵگرسێنەرانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئیزنی تێکدان و بزاوتن نەدەین. لە بەرامبەردا لە سەرۆکی حکوومەت داواکارین لە کەسانی نارازی کە لە ریزەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران و ئۆرگانەکانی دیکە دزەیان کردووە، دەرفەتی تێکدان و دووپاتکردنی ئالۆزی لە کوردستان و هیچ بەشێکی دیکەی وڵات نەدا.

جەخت کردنی بەڕێز سەرۆک کۆمار لەسەر خۆدموختاری نەتەوەکان لە ئیدارەی کاروباری نێوخۆ و ئازادی دەربڕین و مافی کەلک وەرگرتن لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان بۆ دەربڕینی بیر و ڕا و کەمکردنەوەی ناوەندەکانی بڕیاردەر و یارمەتیدەری خەڵک لە ڕێگای سازکردن و بووژانەوەی ئابووری بێ سەرە و بەرەی وڵات، مزگێنی بەڕێوەبەری مەملەکەت بە بەرپرسانێکی ئاگا و لێهاتوو بە ئێمە دەدات. هەر بۆیە ئێمە بە ئۆمێدەوە دەڕوانین بۆ داهاتوو و ئۆمێدمان هەیە ئەم پێشبینییە بەزووترین کات بێتە دی.

بەردەوام بێت شۆڕشی یەکیەتی و یەکگرتووی هەموو نەتەوەکانی ئێران.

***

**پەیام بۆ گەلانی ئێران**

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سڵاوی بەتینی پێشکێش بە گەلانی ئێران دەکا. دووساڵ پێش ئێستا گەلانی ئێران و حیزبە نەتەوەیی و پێشکەوتووەکانی وڵاتەکەمان یەکگرتووانە لەدژی ڕێژیمی دیکتاتۆریی پەهلەوی ڕاپەڕین و بە فیداکاری و گیانبازیی تەواو خەباتی خۆیان هەتا تێکشکاندنی ئەو ڕێژیمە نگریسە و کۆتایی هێنان بە ڕێژیمی دووهەزار و پێنسەد ساڵەی پاشایەتی درێژە پێدا.

ئازایەتی و بوێری گەلانی ئێران کە بە دەستی بەتاڵ لەدژی بە یەکێک لە پۆشتەترین

دەوڵەتەکانی سەر بە ئیمپریالیزم ڕاپەڕین. ئەوان لەم ڕێگەیەدا هەزاران شەهیدیان داوە و سەدان هەزار کەس بریندار بوون و ئەمەش ڕێز و حورمەتی هەموو جیهانیانی بۆلای خۆی ڕاکێشا و بوو بۆ دەرسێک بۆ هەموو نەتەوەکانی بندەستە کە لە ژێر جەوری دەوڵەتەکانی دژیگەلی دەناڵن. شۆڕشی ئێران بە ڕێبەریی ئیمام خومەینی بۆ جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی دەرخست کە ئەگەر میللەتێک یەکگرتووانە و یەکدەنگ بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی هەستێتە سەرپێ، هیچ هێزێک لە دونیادا ناتوانێ پێشی پێبگرێ یان تێکی بشکێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە سەرکەوتنی گەلانی ئێران بە سەر ڕێژیمی پەهلەوی پیرۆزبایی لە هەموو ئەم نەتەوانە دەکا و لە بەرامبەری هەموو شەهیدان و کەمئەندامانی شۆڕش کە کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەمان پێشکێش بە شۆڕشیان کردوە سەری کڕنووش دادەنەوێنێ.

حیزبی ئێمە چاوەڕوانیی ئەوەی هەیە کە گەلانی ئێران لە خەباتی داهاتووی خۆیان بۆ بنەبڕکردنی نفووزی ئیمپریالیسم و لە سەرووی هەموویان ئیمپریالیزمی ئەمریکا، وەکوو ڕابردوو یەکگرتوویی هێزەکانی خۆیان بپارێزن و یەکدڵ و یەکدەنگ لە پێناو بەرینکردنەوەی شۆڕشی مەزنی ئێراندا تێبکۆشن.

ئاشکرایە لە نیشتمانی ئێمەدا زۆر نەتەوەی بندەست دەژین کە لە سەردەمی دیکتاتۆریی پاشایەتیدا لە هەرجۆرە مافێکی نەتەوایەتی بێبەش بوون. حیزبی ئێمە هیواداره شۆڕشی ئێران کە دەسکەوتی خوێن و فرمێسک، گیانبازی و لەخۆبوردوویی هەموو گەلانی ئێمەیە، ڕێز لە مافی نەتەوایەتیی ئەم گەلانە بگرێ و بە دەستەبەرکردنیان، یەکگرتوویی نێوان نەتەوەکانی ئێران دابین بکا.

ئێمە هاوخەمی هەموو گەلانی ئێران لەگەڵ نەتەوەی کورد  سەبارەت بە هێرشی هاوینی ڕابردووی بەدخوازان بۆسەر کوردستان بەرز دەنرخێنین و سپاسی خۆمان بەم شێوە دەردەبڕین. ئاواتەخوازین هاوسۆزی و پێوەندی لەپسانەنەهاتووی گەلانی ئێران تاسەر بمێنێتەوە و نەتەوەکانی برای ئێمە لە هەموو دۆخێکدا یار و خەمخۆری یەکتر بن.

سەرکەوێ خەباتی هاوبەشی گەلانی ئێران دژ بە ئیمپریالیزم!

بەهێزبێ شۆڕشی مەزنی ئێران!

***

**پەیام بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران**

هاونیشتمانانی ئازیز!

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گەرمی ڕێز و سڵاوی خۆی ئاراستەی ئێوە خەڵکی کوردستان دەکا و سەبارەت بە پشتیوانیی بێدرێغی ئێوە لە حیزبە خۆشەویستەکەتان، سپاس و ڕێزی بێکۆتایی خۆیتان پێشکێش دەکا. کۆنگرەی چوارەمی حیزب بە لێکدانەوەی دۆخی نوێی نیشتمانەکەمان بۆ جارێکی دیکە ئامانجە نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەکانی گەلی کوردی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندوە. دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجانە پرسێک نییە کە تەنیا لەئەستۆی ئەندامانی حیزب بێ،

بەڵکوو ئەمە ئەرکێکی گەورەیە کە دەکەوێتە سەر شانی یەکبەیەکی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلی کورد.

لە مێژووی ٣٤ (سی‌وچوار) ساڵەی خەباتی حیزبی ئێمەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەردەم خەباتکارانی حیزبی ئێمەیان بە باوەشی ئاوەڵاوە وەرگرتوە و لە هەرکاتێکدا پشتیوان و پاڵپشتیان بوون. پشتیوانیی بێوێنەی گەلی کورد لە بزووتنەوەی چەکداری هاوینی ڕابردوویی حیزبی ئێمە کە ئامانجێکی جگە لە پاراستنی مەوجودییەت و مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد نەبوو، جارێکی تر بەڕوونی دەریخست کە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەردەوام دەتوانێ لە یارمەتی و پشتیوانیی گەلەکەی دڵنیا بێ.

**کۆمەڵانی شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد!**

خەباتی ئێوە و حیزبە خۆشەویستەکەتان لەپێناو دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان ڕێگایەکی زۆر هەڵەمووتی بڕیوە و دەسکەوتی گەورەشی وەدەست هێناوە. بەتایبەت خۆڕاگریی دلێرانەی ئەمساڵی گەلەکەمان لە بەرامبەر هێرشی دوژمنانی شۆڕشی ئێران، ڕێزی هەموو نەتەوەکانی دونیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە هێشتا دروشمی بنەڕەتی حیزبی ئێمە وەدی نەهاتوە و لە ئێستادا بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و خودموختاری ڕێگایەکی دووروودرێژمان لە پێشە.

بەشدارانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی ئێمە لە حاڵێکدا پەیمانی خەبات و لەخۆبوردوویی لەگەڵ ئێوە نوێ دەکەنەوە، دڵنیان پشتیوانیی کۆمەڵانی گەلی کورد لە داهاتوودا بەردەوام هەوێنی دڵگەرمی و هیوای شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ.

ئەرکی ئێمە لە قۆناغی داهاتووی خەبات، ئەمە دەبێ کە هەموو پێکەوە بۆ بەرەوپێشچوونی خەباتی سەرانسەری نەتەوەکانی ئێران دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی تێبکۆشین و هەوڵی بێوچانی خۆمان لە ڕێگای دەستەبەری ئامانجەکانی حیزب و نەتەوەی کورد پەرە پێبدەین.

سڵاو بۆ خەباتی لەمێژینەی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لەپێناو ڕزگاریی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی!

بەهێز بێ پێوەندی نێوان تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران!

***

**پەیام بۆ حیزب و ڕێکخراوە میللی و دێموکراتیکەکان لە سەرانسەری ئێران**

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژەکانی سێهەمی مانگی ڕێبەندان هەتا پێنجەمی مانگی ڕەشەمە لە شاری مهاباد و دوور لە هەرجۆرە کەشی زەبروزەنگ کە ساڵانێکی دووروودرێژ سێبەری شوومی بە سەر وڵاتی ئازیزمان ئێراندا داگرتبوو، بەڕێوە چوو.

بەڕێوەبردنی کۆنگرەیەکی وەها گەورە و بەشکۆ لە دۆخێکی بەو شێوەیەدا، قەرزباری

لەخۆبوردوویی و گیانبازیی نەتەوە قارەمانەکانی ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی پڕشکۆی نەتەوەکەمان بە ڕێبەریی ئیمام خومەینی و هەروەها گیانبازی و لەخۆبوردوویی پێشمەرگە دلێرەکانی کوردستانە. شۆڕشی ئێمە بە خوێنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی تێکۆشەری ئێران چۆک بە گەورەترین هێزی نیزامیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابدا و نیزامی زاڵمی پاشایەتی، ئەو مەڵبەندەی ئیمپریالیزمی خوێنخۆری ئەمریکا لە ناوچە لەنێو بەرێ.

ئاشکرایە کە لە سەرەتاییترین ڕۆژەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، دەست و پێوەندییەکانی ئیمپریالیزم بە یارمەتیی پاشماوەکانی ڕێژیمی دزێوی پاشایەتی، ساواکییەکان و کۆنەپەرستەکانی نێوخۆ بە بەکارهێنانی هەرجۆرە پیلانێک هەر ڕۆژ لە سووچێکی وڵاتەکەمان ئاڵۆزییان ساز کردوە، تاکوو هەلێک بۆ دابەزاندن و بەڕێوەبردنی پیلانە شووم و شەیتانییەکانیان بدۆزنەوە. لەم نێوەدا نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران تووشی خەسارێکی زۆر بووە؛ ڕووداوەکانی سنە و نەغەدە و هەروەها کارەساتە دڵتەزێنەکانی شوێنەکانی دیکەی کوردستان، زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ تێکشکانی شۆڕشی ئێران کە لێدرا و پاشان بوو بە شەڕێکی نەخوازراو و سەپێندراو بەسەر خەڵکی کوردستاندا کە زۆر ڕەهەندی کارەساتباری لێ کەوتەوە کە قەڵاچۆ کردنی بێبەزەییانەی دانیشتووانی گوندی قارنا نموونەی دیاری ئەو دۆخەیە.

حیزبی ئێمە لە هەمووی ئەم پێشهاتانەدا بە وشیاریی تەواو ئەم پیلانە شوومانەی لەقاو دەدا و بە ناردنی نامەی سەرئاوەڵا و تێلێگراف و ناردنی شاندی نوێنەران، ڕاستیی ڕووداوەکانی دەگەیاندە ڕێبەری شۆڕش و بەرپرسانی پێوەندیدار. بەڵام بەداخەوە، هەوڵی حیزبی ئێمە و هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکە لە بەرامبەر پیلانەکانی دژە شۆڕش کاتییش بووبێ سەرنەکەوت. پاشان لە ئاکامی دووبارە ئاگادارکردنەوە و هەوڵە شێلگیرانەکەی حیزبەکەمان لە لایەک و هەوڵی هەمەلایەنەی حیزب و ڕێکخراوە میللی و پێشکەوتووەکانی ئێران لە لایەکی دیکە، دوای ماوەیەکی کورت بەستێنی گونجاو بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی براکوژی پێک هات. بە دوای پەیامی مێژوویی ٢٦ی خەزەڵوەری ئیمام خومەینی، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاگربەستی ڕاگەیاند هەرچەند مەرجەکانی لە لایەن هێزە دەوڵەتییەکان و سپای پاسدارانەوە جێبەجێ نەکرا، بەڵام حیزبی ئێمە بە پشتبەستن بە هەستی بەرپرسایەتی هێزەکانی خۆی لە ڕچاوکردن و جێبەجێ کردن و پاراستنی ئارامیی ناوچە لە هیچ تێکۆشانێک درێغی نەکردوە.

ئێمە دڵنیاین کە بە پچڕاندنی سەرجەم نفووزی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و نیزامیی ئیمپریالیزم دەکرێ بە پتەوکردنی دێموکراسی لە ئێران و چارەسەری پرسی میللی بگەین. هەروەها چارەسەری پرسی میللی لە کوردستان بە یەکێک لە پایە بنەڕەتییەکانی دێموکراسی لە ئێران و یەکگرتوویی هێزە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان لە خەباتی دژ بە ئیمپریالیستی نەتەوەکەمان دەزانین.

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دۆستانەترین سڵاوەکانی خۆی پێشکەش بە هەموو هێزە میللی و پێشکەوتووەکان لە سەرانسەری ئێران دەکا کە لە ماوەی

چەند مانگی ڕابردوودا هاوڕێ و یارمەتیدەری حیزب و نەتەوەکەمان بوون و لەم دۆخە هەستیارە مێژووییەدا کە شۆڕشی ئێران لە لایەن ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان، ساواکی و پاشماوەکانی ڕێژیمی بێزراوی پاشایەتی و دەوڵەتە دژە نەتەوەییەکانی ناوچە کەتووەتە بەر هەڕەشە، لە هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانە داوا دەکا بۆ بەشداری لە بەرەیەکی بەربڵاوی دێموکراتیک و دژە ئیمپریالیستی، ڕیزەکانی خۆیان لە بەرامبەر پیلانەکانی دژبە شۆڕش، پتەوتر و تۆکمەتر بکەن، بەرەیەک کە بتوانێ هێزە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ پچڕاندنی سەرجەم نفووزی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و نیزامیی ئیمپریالیزم، دابین کردنی دێموکراسی لە ئێران و چارەسەری پرسی میلیی نەتەوە بندەستەکان و دابینکردنی ئاسوودەیی و ژیانی شیاو بۆ زەحمەتکێشان لە سەرانسەری ئێراندا یەکگرتوو بکات.

ئێمە ئامادیی تەواوی خۆمان بۆ هاوکاریی شێلگیرانە لەم بەستێنەدا ڕادەگەیەنین و لەم ڕێگایە لە هیچ تێکۆشانێک درێخی ناکەین. ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان لە حیزب و ڕێکخراوەکانی میللی و دێموکراتیک هەیە کە بە هەڵگرتنی هەنگاوی شێلگیرانە ئەو کۆسپ و کێشەگەلە کە تا ئێستا لەسەر ئەم ڕێگایە بوون هەڵبگرن ئەو ئامانجە وەدی بێنن.

سەرکەوی شۆڕشی پڕشکۆی نەتەوەکانی ئێران!

پتەوتر بێ ڕیزی هێزەکانی ڕاستینی شۆڕش لە گۆڕەپانێکی بەربڵاوی دێموکراتیک و دژە ئیمپریالیزمدا.

***

**پەیام بۆ ئەندامانی حیزب**

هاوڕێیانی بەڕێز، ئەندامان و کادرە تێکۆشەرەکان!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای سی و چوارساڵ خەباتی پڕ لە گیروگرفت و هەورازونشێو توانیویەتی کۆنگرەی چوارەمی خۆی بە شێوەی نیوەئاشکرا و لەسەر بنەمایەکی ئوسوولی بەڕێوە بەرێ. بەوپەڕی بەختەوەرییەوە ڕادەگەیەنین کە کۆنگرەی چوارەمی حیزب بە سەرکەوتوویی تەواو ئەرکەکانی خۆی بەجێ هێناوە و لێکدانەوەیەکی وردی لەسەر دۆخی ئێران و جیهان لەم کاتەدا کردوە، ڕێبازی سیاسی، تاکتیک و ستراتیژی حیزبی دیاری کردوە، پێڕەوی نێوخۆی حیزبی بەوجۆرە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێمە هاوئاهەنگی بێت دەسکاری کردوە و هەروەها ئەندامانی نوێی کومیتەی ناوەندی و کۆمیسیۆنی بازرەسیی هەڵبژاردوە.

نوێنەرانی ئێوە لە کۆنگرەی چوارەمدا کە دەگەڕێنەوە لاتان، هەڵگری ڕێز و سڵاوی بەرفراوانی هەموو بەشدارانی کۆنگرە بۆ ئێوەن و بڕیار و سیاسەتەکانی حیزب بە ئاگاداریی ئێوە دەگەیەنن.

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە گەلانی ئێران ڕێژیمی ٢٥٠٠ ساڵەی دیکتاتۆریی پاشایەتییان بۆ هەتاهەتایە بە زبڵدانی مێژوو

سپارد؛ حیزبی ئێمە دوای چەند مانگ خەباتی ئاشکرا لە ئەزموونی ئەستەمی بەرگری لە مەوجوودییەت و گیان و ماڵ و ناموسی گەلی کورد بە سەربەرزی هاتەدەر و ئێستا قۆناغێکی نوێی لە خەباتی نیوەئاشکرا و نیوەشاراوەی دەست پێکردوە. لەم قۆناغە نوێیەدا حیزبی ئێمە ئەرکی قورسی لەسەر شانە کە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی پەسندی کونگرەی چوارەمدا شی کراوەتەوە.

بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانە و چەسپاندنی ڕێبازی سیاسی و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی حیزب ئەرکی یەک کەس و دووکەس یان یەک گرووپ و دوو گرووپ نییە، ئەمە ئەرکێکی قورسە کە لە سەر شانی هەموو ئێمە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دێموکراتە. دەبێ بە لەخۆبوردوویی تەواو، قۆڵی بۆ هەڵماڵین، و بەو شێوە کە گونجاو و شیاوە سیاسەت و بەرنامەی حیزب بەرینە نێو کۆمەڵانی خەڵک، دەبێ لە نزیکەوە سیاسەتی حیزب بۆ خەڵکی کوردستان شی بکەینەوە، بە شێوازێک کە بەرنامەی حیزبەکەمان ببێتە بەرنامەی سیاسی هەموو کۆمەڵانی خەڵک و چین وتوێژە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگە و ئەوان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

سڵاو لە خەباتی ڕەوای ئێوە ئەندامانی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سەرکەوێ خەباتی قارەمانانەی نەتەوەی کورد لە ڕێگای جێگیربوونی دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان!

بەردەوام بێ شۆڕشی سەرتاسەری نەتەوەکانی ئێران دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی!

***

**پەیام بۆ پێشمەرگەکانی کوردستان**

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێز و سڵاو دەنێرێ بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، ئەم ڕۆڵە بەئەمەگ و بەشەرەفانەی نەتەوەی کورد و هەموو گەلانی ئێران. خوشکان و برا پێشمەرگەکان لە ماوەی یەک ساڵی دوای شۆڕش و بەتایبەت لە ڕەوتی شەڕی سەپێندراوی هاوینی ڕابردوو دەریان خست کە سەربازانی لەخۆبوردووی شۆڕشی پرشکۆی ئێرانن و لەبەرامبەر هەرجۆرە پیلانێک کە بیهەوێ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی ئێران بشکێنێ یان لە نیوەی ڕێگادا پەکی بخا؛ بە لەخۆبوردووی و بوێری لەدژی ڕادەوەستن.

پێشمەرگەکانی کوردستان لە خەباتی ڕەوای خۆیان دژ بە پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و پیلانەکانی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی لە ئێران و بە مەبەستی جێگیربوونی دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان وەها ئازایەتی و لەخۆبوردوویی و گیانبازییەکیان لە خۆیان نیشان دا کە بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران بوون بە هەوێنی دڵگەرمی و شانازی.

پێشمەرگەکانی کوردستان نیشانیان دا کە لە پێناو بەرەوپێشچوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئێران نەتەنیا وازیان لە هەموو مافە ماددییەکانی خۆیان هێناوە، بەڵکوو ئامادەن گەورەترین سەرمایەی ژیانی خۆیان لەم ڕێگایەدا فیدا بکەن. تێکۆشانی سەرکەوتووی پێشمەرگهکانی کوردستان بۆ پارێزگاری لە گیان و ماڵ و ناموس و شەرەف و مافی پێشێلکراوی

نەتەوەکەیان و هەروەها بۆ پارێزگاری لە ئازادی و دێموکراسی بووە و لە ڕاستیدا ڕەمزی سەرکەوتنەکەشیان بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە.

گەلی کورد و هەموو نەتەوەکانی ئێران شانازی بە پێشمەرگەکان، ئەو ڕۆڵە ڕاستەقینانەی گەل دەکەن کە بە تویشووی خۆیان و بەبێ هیچ مز و مووچە و تەنانەت بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی دەسخۆشی و پێزانینێکیش بن، بە حەوتوو و مانگەکانی ساڵ ماڵ و زیدی خۆیان بەجێ هێشت و چوونەتە سەنگەری شەرەف و شانازی بۆ پاراستنی ئازادی و دێموکراسی.

بەشدارانی کۆنگرە بە دڵنیاییەوە دەزانن کە خوشک و برایانی پێشمەرگە و فەرماندە دلێرەکانیان هەر وەک ڕابردوو لە بەرامبەر هەرچەشنە پیلانێکی دژبە شۆڕش و لەدژی هەرچەشنە دەستدرێژییەک لە لایەن بیانییەکان بۆ سەر خاکی نیشتمانی ئازیزمان ئێران، سینگی خۆیان کردوەتە قەڵغان و تادوایین دڵۆپی خوێنیان پارێزگاری لە ئازادی و تەواوییەتی ئەرزیی وڵاتەکەمان دەکەن.

سڵاو و ڕێزی تایبەت بۆ ڕۆحی پاکی پێشمەرگە شەهیدەکان و هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە هەمووکاتێک گیان لەسەر دەست بۆ خەبات لە ڕێگای هەق و ئازادی ئازایانە ڕاوەستاون.

***

**پەیام بۆ بنەماڵەی شەهیدان و کەمئەندامان و**

**زیاندیتووانی گەلی کورد و ئێران**

خەڵکی ئێران دوای ساڵانێکی دورورێژ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پاشایەتی و ژێردەستیی ئیمپریالیزمی پاوانخواز، ئازایانە لەدژی ئەم ڕێژیمە ڕاپەڕین و لە ماوەی ساڵێک خەباتی حەماسەخوڵقێن لە بەرامبەر ڕەگباری شێستیرەکانی ڕێژیمی دژیگەلیدا کۆڵیان نەدا. لە ئاکامدا ڕۆژی ٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧ هەتاوی سەرکەوتووانە دەستیان بەسەر دوایین قەڵاکانی دەسەڵاتی ڕێژیمدا گرت.

شۆڕش سەرکەوت، بەڵام بە چە نرخێک؟ بە نرخی خوێنی زیاتر لە حەفتا هەزار شەهید و دەیان هەزار بریندار و زیاندیتوو. گەلی ئێران ئازادیی خۆیان لەژێر بەند و نیر و یەخسیری ڕێژیمی بەستراوەی پەهلەوی قەرزداری فیداکاری و لە خۆبوردوویی شەهیدان و ئەو کەمئەندامانەیە کە لە بەرامبەر ڕەهێڵەی شێستیردا سینگی خۆیان کردە قەڵغان، لە تۆپ و تانگ نەترسان و بەرەو پیلی مەرگ چوون، یان کەمئەندام بوون و بە نرخی خوێنی خۆیان ئازادی و سەربەخۆییان بۆ بەدیاری هێنایـن.

بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش، کۆنەپەرەستی و دژەشۆڕش و پاشماوەکانی ڕێژیمی بێزراوی پاشایەتی و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم دەستیان لەسەر دەست دانەنا و بە پیلانگێڕیی دژی ئینسانیی خۆیان هەر ڕۆژ و لە سووچێکی ئەم وڵاتە، بە تایبەت لە کوردستان بشێوی و شەڕی براکوژییان نایەوە. لە جەنگەی ئەو ڕووداوانەدا ڕۆڵە نەبەزەکانی گەلی ئێمە بۆ داکۆکی لە مان و مەوجوودییەتی خۆیان و پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەورە گەلانی ئێران، بە گیان و دڵ هاتنە مەیدان. دیسانەکەش زۆریان شەهید بوون، یان نقوستان و

کەمئەندام بـوون.

ئێمـە لـە ئاسـت گەورەیی فیداکاریی ئـەو شـەهیدە گیانبازانـە سـەری کڕنـۆش دادەنەوێنین. سـڵاو دەنێرین بۆ ڕووحی پاکیان، سەرەخۆشی دەکەین لە بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە سەرانسەری وڵات و شەهیدانی گەلی کورد چ ئەوانەی لە سەردەمی شۆڕشدا شەهید بوون، چ ئەوانەی دوای سەرکەوتنی شۆڕش، لە کاتی تێکهەڵچوونەکان شەڕی داسەپاوی کوردستاندا گیانیان دانا و، پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە ڕێگای شەهیدانی گەلەکەمان تا سەرکەوتنی کۆتایی و بنەبڕکردنی نەفووزی ئیمپریالیزم، دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران، نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و دابینکردنی ژیان ئاسوودە و شایان بۆ زەحمەتکێشانی ئێران بەردەوام دەبین.

هەر کاتێک کەمئەندامان و زیندیتووان دەبینین کە لە کاتی شۆڕشی ئێران یان دوای سەرکەوتنی شۆڕش بۆ داکۆکی لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و بە لە دەستدانی بەشێک لە لەشیان، نموونەی بەرچاوی فیداکاری و لە خۆبوردویین؛ لە ناخی دڵەوە خۆمان بە قەرزداریان دەزانین، چونکی نەترسانە لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی خۆیان تا سنووری مەرگ چوونە پێشێ و هیچ دوور نەبوو گیانی خۆیانی لەسەر دابنێن و بچنە نێو کاروانی شەهیدانی گەلەوە.

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ڕێزلێنان لە کەمئەندامان و زیاندیتووانی گەلی کورد و تەواوی گەلانی ئێران، وەک سەربازانی فیداکاری گەل ناویان دەبا.

سڵاو بۆ ڕووحی پاکی شەهیدانی گیان بەختکردووی ئێران!

سڵاو بۆ کەمئەندامان و زیاندیتووانی شۆڕش، ڕۆڵەی ڕاستەقینەی خەڵک!

سەرکەوێ شۆڕشی بەشکۆی خەڵکی ئێران!

***

**پەیام بۆ نەتەوەی کورد لە دەرەوەی ئێران**

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێزی تایبەتی خۆی ئاراستەی نەتەوەی کورد لە تورکیە، عێراق و سووریە دەکا و بە چاوی ڕێزەوە لە خەباتی لە مێژینەی ئەوان لەپێناو دەستەبەری مافی میللی ئێحترام سەیر دەکا.

لە سەرەتای دابەشکردنی کوردستان لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە تا ئێستا، نەتەوەی کورد لە تەواوی بەشەکانی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاری چارەنووسی خۆی هەوڵی داوە و لە هەر دەرفەتێک بۆ بەرەوپێشچوونی خەباتی خۆی کەلکی وەرگرتوە و لەم ڕێگایەدا سەدان و هەزاران قوربانی داوە.

گەلی ئێمە لە خەباتی ئەستەمی خۆی زۆرجار سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناوە و لە ئامانجە لەمێژینەکانی خۆی زۆر نزیک بووەتەوە، بەڵام ئیمپریالیزم و مووچەخۆرانی لە وڵاتانێک کە نیشتمانی کوردەکانە هەموو جار بە بە وەڕێخستنی پیلانگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ

و بە ئاگر و ئاسن، جووڵەی بەهەقی ئەم نەتەوە ئازادیخوازەیان سەرکوت کردوە، و دەستکەوتەکانی نەتەوەی ئێمەیان لە نیوەی ڕێگادا ڕاگرتوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان هێشتا لە ژێر باری ستەمی میللی ئازاد نەبووە. خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەردەوام درێژەی هەیە. ئێمە دڵنیاین کە ئەم خەباتە تا گەیشتن بە ڕزگاری لە هەر چەشنە چەوساندنەوەیەک درێژەی دەبێ.

بەشدارانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سڵاو و ڕێز دەنێرن بۆ خەباتی قارەمانانەی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و، سەرکەوتنی ئەم خەباتە بەرهەقە بە ئاوات دەخوازن. لە ئاکامی سەرکەوتنی شۆڕشی سەرتاسەری نەتەوەکانی ئێران و تێکشکاندنی ڕێژیمی پاشایەتی، نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە ئاواتن کە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شێوەی خودموختاری و لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا وەدیبێت. بێگومان وەها سەرکەوتنێک دەبێتە یەکێک لە دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

نەتەوەی ئێمە پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای براکانی خۆی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکا و لە ڕەوتی خەباتی خۆی لەپێناو دەستەبەری مافی میللی، پشتیوانی بێدریغی ئەوان بە هەوێنی دڵگەرمیی خۆی دەزانێت.

سەرکەوتوو بێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد!

***

**پەیام بو نەتەوەی فەلستین**

داگیرکردنی سەرزەویی فەلستین و دەرکردنی دانیشتووانی عەرەبی ئەو ناوچانە لە جینایەتە نەبەخشراوەکانی ئیمپریالیزمی جیهانییە. لە دەستپێکی دروستکردنی دەوڵەتی داگیرکەری زایۆنیستەکانی سەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی بە ڕێبەری ئەمریکا، نەتەوەی عەرەبی فەلستین تووشی چارەنووسێکی تاڵ بووە. خۆڕاگری لە بارودۆخی ئاوارەبوون، بێبەش بوون لە سەربەخۆیی و ئازادی و خەیانەتی دوژمنانی بەڕواڵەت هاوڕەگەز، نەهێشتنی دەرفەتی کەلک وەرگرتن لە سەرزەوییەکانی برا عەرەبەکان بۆ خەبات و چوونە نێو سەرزەویی سەرەکیی فەلستین، خەیانەتی نوێنەرانی کۆنەپەرستی دەوڵەتە عەرەبەکان و پیلانەکانی دوابەدواتری حکوومەتە عەرەبەکانی سەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی و ئەمریکا، لە نیشانەکانی ئەم ستەمە مێژووییەیە کە دەرهەق بە گەلی فەلستین کراوە.

کاردانەوەی سروشتیی ئەم جینایەتە گەورەیە، خەباتی ڕۆڵەکانی فەلستین بۆ وەرگرتنەوەی سەرزەوییە مێژووییەکەی خۆیان و بنبڕ کردنی دەسەڵاتی زاڵمانەی زایۆنیستی بوو کە بەرە بەرە جووڵە و پانتایی ئەو کردەوەیە بەرینتر بوو. پشتیوانیی بزووتنەوەی ئازادیبەخشی جیهان لەم جووڵانەوە شۆڕشگێڕییە بە یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەگرتنی خەباتی خەڵکی

فەلستین دادەنرێ. هاوتەریب لەگەڵ گشتگیربوونی خەباتی دلێرانەی نەتەوە ئاوارەکەی فەلستین، ئیمپریالیزمی جیهانی بەتایبەت ئەمریکا لە هیچ پیلان و جینایەتێک دژبە ئەم نەتەوە قارەمانە دەستی نەپاراستوە. نەتەوەی فەلستین لەم ساڵانهی دواییدا چەند جار شاهێدی کارەساتگەلێکی سامناک وەک کۆمەڵکوژیی خوێناویی «تلزعتر» بووە.

دەستوپێوەندییەکانی کۆنەپەرەستی دنیای عەرەب لە میسر و ئوردۆن و لوبنان چەند جار بە دڕەندەترین شێوازەکان هەوڵی لەنێوبردنی نێوەڕۆکی خەباتی ئەم نەتەوە قارەمانەیان دابوو. بەڵام هێزی لەبننەهاتووی نەتەوە و پشتیوانی هەموو بزووتنەوە پێشکەوتووەکانی جیهان و وڵاتە سوسیالیستییەکان لە خەباتی بەهەقی ئەوان هەمووکات پیلانی زایۆنیستەکان و ئیمپریالیزمی جیهانیی دەکردە بڵقی سەرئاو.

هاوتەریب لەگەڵ بەهێزبوونی توانای خەباتگێری، ئاستی وشیاری و تێگەیشتووی نەتەوەی فەلستین چووەتە سەرێ. وشیاری میللەتی فەلستین لە بێبایەخکردن و پووچەڵکردنەوەی پیلانە شەیتانییەکانی ئەمریکا وکوو سیاسەتی سوڵحی هەنگاو بە هانگاوی «کەیسینجەر» و ڕێککەوتەکەی «کەمپ دیوید» و سیاسەتی خۆبەدەستەوەدەرانەی «سادات» لە نیشانەکانی ئەم تێگەیشتوویيە بوو.

ئیمپریالیزمی ئەمریکا و زایۆنیستە داگیرکەرەکانی ئیسرائیل کە لە سەرکوتی شۆڕشگێرانی فەلستینی بێهێز ببوون لوبنانیان کردووەتە بنکەی فێڵ و خەیانەت بە ئەم نەتەوەیە. ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە ئیمپریالیزم و بەتایبەت ئەمریکا لەم هەوڵە ترسنۆکانەیە ڕیسوا دەبێ و گەلی فەلستین لەم قۆناغە لە خەباتی خۆیان سەرفراز و سەرکەوتوو دەبن.

لەم ساڵانەی دواییدا زۆربوونی متمانەی سیاسیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی فەلستین و پەراوێزکەوتنی سیاسەتی زایۆنیستەکانی داگیرکەر دوو فاکتەری دیار لە ڕەوتی گشتی خەباتی فەلستینییەکان بووە.

وڵاتی ئێمە پێش لە شۆڕش بە بۆنەی زاڵبوونی ڕێژیمی خۆسپاردووی پاشایەتی بە یەکێک لە بنکە بەهێزەکانی زایۆنیستەکان دادەنرا. بەڵام بە بەرەکەتی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ئێستادا ئەم پێگەیە گۆڕاوە بە قەڵای لەگیراننەهاتووی هێزەکانی دژ بە ئیمپریالیست و زایۆنیست.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد بە پێکهێنانی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ بزووتنەوە پێشکەوتوو و شۆڕشگێری فەلستین ئیمانی بە ڕەوایی خەباتی نەتەوەی عەرەبی فەلستین هەیە و لە داهاتووشدا تێدەکۆشێ کە ئاستی هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم بزاڤانە تا ڕادەیەکی بەرینی هاوکاری و هاوخەباتیی شۆڕشگێرانە بباتە سەر.

گەلی کورد کە خۆی بۆ چارەسەری ستەمی نەتەوەیی خەبات دەکا، شێلگیرانە لە خەباتی نەتەوەیی فەلستین بۆ دەستەبەری ئازادی و سەربەخۆیی و بنبرکردنی زایۆنیسم وئیمپریالیزم لە زەوییە داگیرکراوەکان بە ڕێبەریی تەنیا نوێنەری قانوونیی خۆیان لە

ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلستین پشتیوانی دەکا.

سڵاوی گەرمی بەشدارانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شەهیدە قارەمانەکانی فەلستین کە بە گیانبازیی خۆیان تەنگیان بە زایۆنیستەکان هەڵچنیوە.

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریدەری نەتەوەی فەلستین!

پتەوتربێ یەکیەتی و دۆستایەتیی نەتەوەی فەلەستین و نەتەوەی کورد!

***

**پەیام بۆ بزووتنەوە ڕزگاریدەرەکانی جیهان**

لە سەردەمی ئێمەدا کە سەردەمی تێپەڕبوون لە سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزمە، هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕێ خەبات دژ بە ئیمپریالیزم و لە سەرەوەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە گوڕتر دەبێ و ڕەهەندی بەربڵاوتر لەخۆ دەگرێ. نەتەوە چەوساوەکانی سەرانسەری جیهان بۆ ڕزگاری لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم ڕاپەڕیون. هەر ئێستا سێ هێزی بنەڕەتیی جیهان، بزووتنەوەی ڕزگاریدەری سەرانسەری جیهان، بزاڤی کرێکاری لە وڵاتەکانی سەرمایەداری، وڵاتە سۆسیالیستەکان بەرەیەکی بەهێز و نەبەزیان دژبە ئیمپریالیستەکان پێک هێناوە و یەکگرتوویی ئەم هێزانە لە لایەن هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکانی جیهان پشتیوانی دەکرێ و ڕۆڵیکی بەرچاوی لە خێراکردنەوەی لابردنی نفووزی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم لە گۆشە و کەناری جیهان هەیە و هاوسەنگیی هێزەکان بە قازانجی نەتەوە زوڵملێکراوەکان گۆڕیوە. خەباتی نەتەوەی کورد لە ئێران بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندییەکی لەپساننەهاتووی لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکانی دیکە هەیە، نەتەوەکانی ئێران هەروەها گەلی کورد بە کەلک وەرگرتن لە پشتیوانی هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان کە ئیمپریالیزمی ئەمریکایان تووشی سەرسامی و تەنگ و چەڵەمە کردوە.

نەتەوەی کورد بەگەرمی پشتیوانی لە خەباتی هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان دەکا و باوەڕی قووڵی هەیە کە خەباتی شێلگیر و یەکگرتوو و هەموو لایەنەی نەتەوەکانی ژێردەستە لە پێوەندی لەگەڵ بەرەی جیهانیی دژبە ئیمپریالیستی دەتوانێ نفووزی ئیمپریالیزم لە سەرانسەری جیهاندا بنەبڕ بکا.

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ هەموو نەتەوە بەشخوراوەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان کە لە پێناو دابینکردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس، یان پتەوترکردنی بناغەکانی سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان خەبات دەکەن سەرکەوتنیان بۆ بەئاوات دەخوازێ سڵاو بۆ خەباتی قارەمانانەی ئەوان دەنێرێ.

سەرکەوێ بەرەی یەکگرتووی بزووتەوە ڕزگاریخوازەکانی هەموو وڵاتان دژ بە ئیمپریالیزمی جیهانی!

***

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم

## بەشی یەکەم: بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**سەرەتا**

١_ لەمێژە گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا. سەرانسەری چەرخی نۆزدەهەم شاهیدی ڕابردووی خوێناویی نەتەوەکەمانن. لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەبووە. لە کارەساتی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرستی و فاشیزمدا پێویستییەکی مێژوویی پێک هاتبوو. ئەوەی ڕێکخراوەیەکی سیاسیی ئەوتۆ دابمەزرێ کە بتوانێ خەباتی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ و بۆ دابینکردنی ئەو مەبەستە بوو کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارە کە پاش ٢٠ ساڵ دیکتاتۆریی ڕەزاخان پێک هاتبوو کەلکی وەرگرت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند. بەو جۆرە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرهەمی پێویستییەکی مێژوویی و نیشانەی وریایی و ژیری ڕۆڵە پێشڕەوکانی گەلی کورد بوو. لەودەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێشڕەوترین ڕۆڵەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە، ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی نیشتمانی، دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستیی کوردستانی ئێرانە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نوختە گۆڕانێک لە مێژووی گەلی کوردا دەژمێردرێ و سەرەتای سەردەمێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕابەرایەتیی ئەو حیزبە بوو کە نەتەوەی ئێمە بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی خۆیدا توانی حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەشێکی خاکی کوردستاندا بهێنێتە سەرکار کە خەریک بوو ئاواتە لەمێژینەکانی وەدی بێنی. ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و لە دوای پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە دیکتاتۆریی نیزامی و زۆرداری بەسەر هەموو کوردستانی ئێراندا زاڵ بوو. بەڵام گەلی کورد لە خەبات سارد نەبوویەوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروا درێژەی بە خەباتی خۆی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ٣٥ ساڵ خەباتی سەخت و پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە حیزبی ئێمە لەو پێناوەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە تاقیکردنەوەی بەدەست هێناوە. ئەم بەرنامەیە لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی و تیکنیکی لە جیهاندا و

هەروەها بە خستنە بەر چاوی قۆناغی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران و هەلومەرجی تایبەتیی کوردستانی ئێران دانراوە.

٢_ کوردستانی ئێران میراتگری وەزعێکە کە پێش شۆڕش ستەمی نەتەوایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی لە وێدا فەرمانڕەوا بووە، لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەتوویە لەنێو وڵاتێکی دواکەتوودا.
هەرچەند کوردستانی ئێران لەباری سروشتی و سامانی ژێر زەوییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لەڕاستیدا یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە.
ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان تەنانەت ناگاتە پلەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. وەزعی ئابووری، لەشساغی و فەرهەنگیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران زۆر کەم گۆڕاوە، پایەی ژیان نەزمە و زەحمەتکێشانی کورد لە هەژاری و ڕۆژڕەشیدا دەژین، دێیەکانی کوردستان لە یارمەتیی پزشکی و دەرمانی بەتەواوی بێبەشن.
لە ڕێژیمی شادا کوردستانی ئێران لە هەموو ناوچەکانی ئێران زیاتر میلیتاریزە کرابوو. قانوون لەو ناوچەیدا هیچ مانایەکی نەبوو. مووچەخۆرانی ئەرتەش و ژاندارمەری و سازمانی ئەمنییەت هەموو دەستەڵاتێکیان بەدەستەوە بوو. ستەمی نەتەوایەتی سەرانسەری کوردستانی ئێرانی داگرتبوو.
ڕێژیمی شا نەیدەویست دان بە وە دابنێ کە لە ئێراندا گەلێک بە ناوی کورد هەیە. منداڵانی کورد لە منداڵییەوە دەبوو بە زمانی فارسی بخوێنن و ناچار بوون لە قوتابخانەکاندا بە فارسی بدوێن. بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە زمانی کوردی قەدەغە بوو.
فەرهەنگ نەتەوایەتیی کورد هیچ چەشنە دەرەتانێکی پێشکەوتنی نەبوو، چووکترین داخوازیی نەتەوایەتی بەتوندی سەرکوت دەکرا. سیاستی کورد کردن بە فارس کە لە سەردەمی ڕەزاخانەوە دەستی پێکرابوو، هەروا درێژەی هەبوو. شوێنەواری ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بەشەکانی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەهەنگیی کوردستانی ئێراندا دەهاتە بەر چاو. کورستانی ئێران ببوو بە زیندانی گەلی کورد.

٣_ سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕزگاریی گەلانی زۆرلێکراو لە ژێر باری ستەمی ئیمپرالیزم، سەردەمی لاوازبوونی بەرەی ئیمپرالیستی لە سەرانسەری جیهان، سەردەمی پەیدابوون و پەرەگرتنی سۆسیالیزم و پێشکەوتنی هێزە دێموکراتی و ڕزگاریخوازەخوازەکان لە هەموو وڵاتانە. لە ماوەی ٣٥ ساڵ پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی ئەتۆ لە جیهاندا ڕووی داوە کە سیمای سیاسی جیهانی گۆڕیوە، سیستمی ئیستعماری لەبەریەک هەڵوەشاوە و دەیان نەتەوەی گەورە و بچووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە.
لەزۆر وڵاتدا ئەم ڕەوتە سیاسییە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بووە، لەم وڵاتانەدا کۆمەڵی دواکەوتووی کۆن لەنێو چووە و کۆمەڵێکی پێشکەوتووی نوێ جێگای گرتوتەوە.
چینە زۆردار و کۆنەپەرەستەکانی سەر بە ئیمپرالیزم کە لەسەر کار بوون، دەستەڵاتی سیاسییان لەدەست دەرچووە، نفووزی ئابوورییان کەم بۆتەوە و هێزەکانی گەل و نوێنەرانی

توێژە پێشکەتووەکانی کۆمەڵ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە.

چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی و دەرەبەگایەتی لە زۆر وڵاتاندا لەبەریەک هەڵوەشاوە و ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵ لەواندا خۆش کراوە، بە چەشنێکی گشتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەو پێش پاڵ پێوە نێن، ئازادیی کردەوەیان زیاتر بووە و ئەو دەرەتانەیان بۆ پێک هاتوە کە بتوانن کۆمەڵێکی باشتر و پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دروست بکەن.

ئەو وڵاتانەی لەباری ئابوورییەوە پێشکەوتوو بوون، لەسایەی دەسکەوتەکانی زانست و تیکنیکەوە کە ئیمکاناتی بێوێنەیان بۆ پێشکەوتن پێک هێناوە، توانیویانە هەڵدانی ئابووریی خۆیان خێراتر بکەن. بەڵام لە کاتێکدا هێندێک وڵات توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتووانی خۆیان بەرنە سەر و کۆمەڵێکی مەسرەفی دروست بکەن کە زۆر شتومەک بە فرەوانی بخاتە بەردەستی خەڵک، بە سەدان میلیۆن کەس لە ئاسیا و ئافریقا و ئامریکای لاتین ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکەن، تەنانەت لە هێندێک وڵاتدا زۆریان لە برسان دەمرن، ئەمە یەکێک لە گەورەترین ناتەبایەکانی کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتییە.

وڵاتە ئیمپریالیستییەکان هەر وەک جاران لە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی خۆیان بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیی نابەرامبەری نێونەتەوەیی کەلک وەردەگرن. هێشتا نەتەوە زۆرلێکراوەکانی پێشوو، بەتایبەتی نەتەوە بچووکەکان تەئسیرێکی زۆر کەمیان لە دانانی سیاسەتی نێونەتەوەیدا هەیە و تەنانەت زۆر جار ڕێدەکەوێ کە مافە ڕەواکانیان لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە پێشێل دەکرێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەش سیستمی ئیستعماری پێشوو لە بناغەدا لەنێو چووە و بەرەیەکی بەرینی دژی ئیمپریالیستی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و دێموکرات، لەو وڵاتانەی ئەم دواییانە ڕزگار بوون و لە گەلانی ئەو وڵاتانە کە لە ڕێگای ئازادیدا خەبات دەکەن، پێک هاتوە کە بۆتە هێزێکی توانا و بە شێتیوانی بیروڕای گشتیی جیهان بۆتە هۆیەکی کاریگەر لە سیاسەتی جیهانیدا. وەزعیک پێک هاتوە کە نەتەوە بچووکەکانیش پشتئەستوور بە هێزی خۆیان و بە کەلکوەرگرتن لە هاودەردیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو توانایان هەیە مافە ڕەواکانی خۆیان وەدست بێنن و بیانپارێزن.

٤_ لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، ئێران لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتوە. لە ڕاستیشدا ئێران نەیدەتوانی خۆی لەو گۆڕانە قووڵە بەتەواوی خۆ کەنار بگرێ کە لە جیهاندا ڕووی داوە، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئێراندا ڕووی داوە، وەڵامدەری ئیمکاناتی ئابووریی و سروشتیی وڵاتی ئێمە نییە. ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکیی دواکەوتوو حیساب دەکرێ. بێجگە لەوە ئەو ئاڵوگۆرە کە پێش شۆڕش ڕووی داوە زیاتر بە قازانجی بنەماڵەی پەهلەوی و بەکرێگیراوانی سەر بە ئیمپریالیزم بووە و کۆمەڵانی خەڵک هەر وا لە هەژاری و ڕۆژڕەشیدا دەژین. زۆربەی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی لە لادێ ئێستاش هەر نەخوێندەوارن و لە یارمەتیی لەشساخی و پزیشکی بێبەشن. تەرکیبی کۆمەڵایەتیی لادێ تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە. دەرەبەگ و خاوەن مڵکە گەورەکان لە ئەساسدا وەک چین لەنێو چوون و جێگای خۆیان داوە بە بورژوازیی لادێ کە لە وردە مالیکەکان و جووتیارانی دەوڵەمەند پێک هاتوە. مەبەستی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم کە پشتیوانییان

لەو گۆڕانە دەکرد، بەرینترکردنی بازاری سەرمایەداری لە سەرانسەری وڵات و پێکهێنانی بۆرژوازییە لە لادێ بوو کە لە لایەک ببێتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێگای پەرەستاندنی سەرمایەداری خۆش بکا. ئاشکرایە لە سەنعەتیشدا ڕێژیم بەشی تایبەتی بە زیانی بەشی گشتی بەهێز دەکرد و بۆ هێنان و وەکارخستنی سەرمایەی بێگانە دەرەتانێکی لەباری پێک دێنا کە لێرەشدا مەبەست هەر پەرەپێدانی سەرمایەداری لە سەنعەتدا بوو. بەم جۆرە ئێران بە گشتی وەک وڵاتێکی دواکەوتوو ڕێگای پەرەسەندنی سەرمایەداریی گرتبووە پێش، ڕێگایەک کە تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتی دواکەوتووی تر چەوتبوونەکەی دەرخستوە و بەئاشکرا نیشانی داوە کە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە بە زیانی خەڵکە.

ڕێژیمی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەدا بە چەشنێکی گشتی لە ئیمپریالیستەکان و بەتایبەتی ئیمپریالیستی ئەمریکاوە پەیڕەوی دەکرد. بێجگە لە ئەندامەتیی پەیمانی سەنتۆ کە دەستبەندێکی سوپایی و ئیمپریالیستی دژی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، ئێران پەیمانێکی دووقۆڵیی نیزامی و زۆر پەیمانی دیکەی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستبوو. لەو ڕێگایەوە هەزاران پسپۆڕی ئەمریکایی بەسەر ئەرتەش و پۆلیس و ژاندەرمێریدا زاڵ ببوون.

ڕاستە کۆنسورسیۆم لەو دواییانەدا ڕاستەوخۆ سەنعەتی نەوتی ئێران بەڕێوە نەدەبرد، بەڵام ڕێژیمی شا بەڵێنی دابوو کە تا کۆتایی ئەم چەرخە نەوتی ئێران بە کۆنسورسیۆم بفرۆشێ. بۆ دابینکردنی قازانجی وڵاتانی ئیپریالیستی ئەوەندە خیراش نەوتی هەڵدێنجا کە وێدەچوو تا کۆتایی ئەم چەرخە چاڵە نەوتییەکانی ئێران بەتەواوی وشک بن. بەمجۆرە ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی ئێران خەیانەتی بە نەسڵەکانی داهاتووش دەکرد. مونۆپۆڵەکانی ئەندامی کۆنسورسیۆم زۆربەی سەرچاوەکانی نەوت و بازاری وڵاتەکانی غەیرە سۆسیالیستییان بەدەستەوەیە. ئاشکرایە کە لە هەلومەرجێکی ئاوادا کۆنسۆرسیوم ئێستاش دەتوانێ شەرتەکانی خۆی کە دەرخەری قازانجی ئابووریی گەورەترین وڵاتەکانی سەرمایەدارین بەسەر ئێراندا بسەپێنێ. لە ڕێژیمی شادا دیکتاتۆری گەیشتبووە ئەو پەڕی. شوێنەوارێک لە ئازادی و دێموکراسی نەمابوو. حیزبی نیشتمانی و پێشکەوتووەکان، سەندیکا و ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی سینفی هەموو غەیرەقانوونی کرابوون. ئازادیی بەیان و چاپەمەنی خرابووە ژێر پێ. نوێنەرانیی مەجلیسی شورا و سەنا لە لایەن «شا»وە دیاری دەکران. دەسەڵاتی قانووندانان و دادخوازی و ئیجرائی هەموو بەدەست شاوە بوو. ئەرتەش و پۆلیس و سازمانی ئەمنییەت بەسەر گیان و ماڵی خەڵکدا زاڵ کرابوون. ئێران ببوو بە زیندانی هەموو ئنسانێکی بەشەرەف و ئازادیخواز. بەم جۆرە ناتەباییەکی گرەیی لە نێوان دەسەڵاتی سیاسیی وڵات و ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێو شا و دەربار و جیرەخۆرانی ئیمپریالیزم و ڕێژیمی شا لە لایەک و، گەلانی ئێران لە لایەکی دیکەوە پێک هاتبوو کە تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی شۆڕشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بوو.

٥ـ شۆڕشی گەلیی خەڵکی ئێران ئەنجامی بێ ئەلاوئەملای دیکتاتوریی پاشایەتی و بەستراوەیی ئەو ڕێژیمە بە ئیمپرالیزم و بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئامریکاوە بوو.

گەلانی ئێران بو دواییهێنان بە ڕێژیمی دیکتاتوری و دژی گەلی و هێنانە سەر کاری

ڕێژیمێکی گەلی و دێموکراتی و بۆ خاشەبڕکردنی نفووزی سیاسی، ئابووری ،سوپایی و فەرهەنگی ئیمپرالیزم لە کارەساتی بەردرێژ و خوێناویی شۆڕشی ئێراندا بەشدار بوون و بە لەخۆبوردوویی و فیداکاری و کوێرەوەری چاشتن و بەختکردنی دەیان هەزار شەهید، ڕێژیمی بێزراوی پەهلەویی سەرنەخوون کرد. شۆڕشی دژی زۆرداری و دژی ئیمپریالیستیی گەلانی ئێران بە بەشداریی هەموو هێزە پێشکەوتووخواز و نیشتمانییەکان و هەموو توێژ و چینە دێموکراتییەکان بە ڕابەرایەتیی ئیمام خومەینی لە ڕۆژی ٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧دا سەرکەوت و تۆماری ڕێژیمی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتیی بۆ هەتاهەتایە تێکەوە پێچا و کۆماری ئیسلامیی دامەزراند.

شۆڕشی پرشکۆی ئێران بە ڕووخاندنی ڕێژیمی پەهلەوی نەک هەر نیشتمانی ئێمەی لەژێر نیری یەکێک لە خوێنخۆرترین دیکتاتورییەکانی جیهان ڕزگار کرد، بەڵکوو پارسەنگیی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە قازانجی هێزە دژی ئیمپریالیستی و شۆڕشگێڕەکاندا تێک دا.

بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی خەڵکی ئێران پاش ساڵانی دوورو درێژی دیکتاتوریی خوێناوی ئازادییان وەدەست هێنا و ڕێگای پێشخستنی ئامانجەکانی شۆڕش، پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی ژیانێکی باشتر بۆ زەحمەتکێشانی ئێران خۆش کرا.

بێگومان شۆڕشی ئێران یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی وڵاتی ئێمەیە. باری گەلی و دژی ئیمپریالیستیی ئەو شۆڕرشە مەودایەکی بەرینی داوەتێ و شۆڕشی ئێران دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە هەموو وڵاتان و بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و جیهانی سێهەمدا هەبووە. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران وڵاتی، ئێمە بوو بە میراتگری ناتەبایی و ناتەواوییەکانی ڕێژیمی پەهلەوی. لە لایەک شۆڕش هێندێک مەسەلەی گرینگی سیاسیی چارەسەر کردوون، بەڵام لە لایەکی دیکەوە زۆر گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هاتوونە بەر دەمی شۆڕش. بەرەوپێش بردنی شۆڕش بێجگە لە چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانە بە بەشداریی خەڵک و بەدەستی خەڵک و بە قازانجی زەحمەتکێشان ناتوانێ مانایەکی دیکەی هەبێ. گەلی کورد بە چەشنێکی کاریگەر لە شۆڕشی سەرتاسەریی ئێراندا بەشدار بوو، و ژمارەیەکی زۆر لە باشترین ڕۆڵەکانی کوردستان لە کارەساتی شۆڕشدا گیانی خۆیان بەخت کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕابردووی دوورودرێژی خەباتی خۆی دژی ڕێژیمی پاشایەتی ئەرکی مێژوویی خۆی لە کارەساتی شۆڕشدا بەجێ گەیاند. هەڵوێستە شۆڕشگێڕانە و گەلییەکانی حیزب لە کوردستاندا تەئسیرێکی بەرچاویان لە پێکهێنانی هاودەنگی لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دێموکراتیی خەڵکی کورستان لەگەڵ خەڵکی سەراسەری ئێراندا هەبوو و نەقشی کاریگەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بۆ هەموو گەلانی ئێران و تەواوی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووخوازەکان ئاشکرا کرد.

خەڵکی کوردستان بە بەشداریی کاریگەر لە شۆڕشی سەرتاسەریی ئێراندا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی وەدوای سێ ئامانجی بنەڕەتی کەوتبوون: یەکەم، بەرینکردن و قووڵکردنی خەباتی دژی ئیمپریالیستی بۆ خاشەبڕکردنی نفووزی سیاسی و ئابووری و سوپایی و فەرهەنگیی ئیپمریالیزم و بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئامریکا، ئەمجار پێکهێنانی ڕێژیمێکی دێموکراتی

لە ئێراندا و سەرئەنجام لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و دابینکردنی مافی خودمختاری بۆ کوردستانی ئێران.

لە یەکەم مانگەکانی دوای شۆڕشی ئێراندا، خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بە هەوراز و نشیوێکی زۆر تێپەڕین و زۆر سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا. بەرەبەرە کوردستان بوو بە سەنگەری ئازادی و دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا. هەربۆیە ئیمپریالیزمی ئامریکا، پاشماوەکانی ڕێژیمی شا و کۆنەپەرەستانی نێوخۆ چەندین پیلانیان دژی شۆڕشی ئێران و خەڵکی کوردستان ڕێکخست و سەرنجام بە شێواندنی زەینی ئیمام خۆمینی، ڕێبەری شۆڕش توانییان شەڕێکی نەخوازراو بەسەر گەلی ئێمەدا بسەپێنن.

خەلکی کوردستان بەرامبەر هێرشی درندانەی نیزامی قارەمانانە خۆیان ڕاگرت و لە ماوەی سێ مانگدا توانییان ئەو پیلانە تێک بشکێنن. پشتیوانیی هەموو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی جووتیاران و زەحمەتکێشەکان لە داخوازە ڕەواکانیان، و لە خۆبوردوویی پێشمەرگەکان و ڕێبەرایەتیی دروستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی ڕێکخراوە نیشتمانی و دێموکراتییەکانی سەرانسەری ئێران و بیروڕای گشتیی جیهان ئەو هۆیانە بوون کە سەرکەوتنی خێرای گەلی ئێمەیان پێک هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا لە کوردستاندا نفووزێکی بێوێنەی هەیە و لەسەرانسەری ئێرانیشدا جێگای ڕێزی هەموو ئازادیخوازانە. دروشمی ستراتیژیکی حیزبی ئێمە _دێموکراسی بۆ ئێران و خۆدموختاری بۆ کوردستانی ئێران_ بۆتە دروشمی ئەساسیی خەڵکی کوردستان و هێزە پێشکەتووخواز و تێگەیشتووکان لە سەرانسەری ئێراندا پشتیوانیی لێدەکەن. گومان لەوەدا نییە کە خەباتی گەلی ئێمە بە ڕابەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ، قۆناغیک کە سەرەنجامەکەی دابینبوونی داخوازەکانی گەلی ئێمە بەشێوەی خۆدموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا دەبێ.

بەڵام پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتی کە لە چواچێوەی ئەودا هەموو گەلانی زۆرلێکراوی ئێران واتە کورد، ئازەربایجانی، تورکەمەن، بەلووچ، و عەرەب بە مافە نەتەوایەتییەکانیان بگەن، پێویستی بە یەکیەتیی و خەباتی هێزە شۆڕشگێرەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکی بەرینی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستی لە سەرانسەری ئێراندا هەیە. حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە وڵاتی فرەنەتەوەی وەک ئێراندا یەکێکە لە پایە ئەساسییەکانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و لەپێناوی پێکهێنانی ڕێژیمێکی دێموکراتیدا. هیچ خەباتێکی دژی ئیمپریالیستی ناتوانێ ئوسوولی و شێلگیر بێ ئەگەر دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێرانی لەگەڵ نەبێ. هەر وەک هیچ خەباتێک بۆ دێموکراسیش بە مانای واقیعی خۆی سەرکەوتوو نابێ، ئەگەر لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بە بەشێکی جیانەکراوە لە بەرنامەی خۆیدا نەنێ. هەر بۆیە بە خەبات دژی ئیمپریالیزم و لەپێناوی دێموکراسی و لابردنی ستەمی نەتەوایەتیدا سێ لایەنی تاقە خەباتێک پێک دێنن و هەرچەند خەبات دژی ئیمپریالیزم و لەپێناوی دێموکراسیدا لایەنە گشتییەکانی ئەو خەباتەن، بەڵام بەکەمگرتنی لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا کە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی لە گەلانی زۆرلێکراو پێک دێ، ڕیزی خەباتکارانی دژی ئیمپریالیزم و لەپێناوی دێموکراسیدا بێهێز و دەرەتانی زیاتر بۆ سەرکەوتنی هێزەکانی دژی شۆڕش پێک دێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەدیهاتنی یەکیەتیی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێران هەم دژی شوێنیزمی ئێرانی کە کوردەکان وەک گەلێک ناناسێ و هیچ چەشنە مافێکی نەتەوایەتییان بۆ دانانێ و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە لە نێوان دوژمنانی گەلی کورد و گەلانی ئێراندا جیاوازی دانانێ، خەبات دەکا. هەم شوێنیزمی ئێرانی و هەم ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەردووکیان دووژمنی یەکیەتیی گەلانی ئێرانن. دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسیی شوێنیزمی مەزنیخوازی ئێرانی مەترسیی گەورەترە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێیوایە سەرکەوتنی تەواو بەسەر ئیمپریالیزم بە سەرکردایەتیی ئیمپریالیزمی ئامریکادا، بەستراوەتەوە بە یەکیەتیی هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران. هەر لەبەر ئەوەش بۆ گەیشتن بەو سەرکەوتنە و هەڵقەندنی ڕەگ و ڕیشەی نفووزی سیاسی و سوپایی و ئابووریی ئیمپریالیزم و لەنێوچوونی کۆنەپەرەستیی نێوخۆ زیاتر لە جاران هەست بە پێویستی پێکهاتنی بەرەیەک لە هەموو هێزە نیشتمانی و دێموکراتییەکانی ئێران دەکا و بۆ پێکهاتنی ئەو بەرەیە داوا لە هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و پەیماندەرەکان دەکا کە تێیدا بەشدار بن.

زیاتر لە شەش ساڵ بەسەر پەسەندکردنی بەرنامەی پێشووی حیزبی ئێمەدا لەلایەن کۆنگرەی سێهەمەوە ڕادەبرێ. بەرنامەی ئێستا کە لە کۆنگرەی چوارمدا پەسەند کراوە، وڵامدەری هەلومەرجی نوێی وڵاتەکەمانە کە لە پاش شۆڕشی خەڵکی ئێران پێک هاتوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی خۆی دەخاتە پێش چاوی کوردستان و لە دانیشتووانی کوردستان، کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشانی شار، ڕووناکبیران، قوتابیان، خوێندکاران، کارمەندان، پیشەسازان، بازاڕییان ژنان و لاوان داوا دەکا کە لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەدا تێبکۆشن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە. بیروڕای حیزبی ئێمە لەبارەی مەسەلەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە بەیان بکەن.

پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بەرنامەی حیزبی ئێمە باش تێبگەن و لە ڕیزی پێشەوی کار و تێکۆشانی خۆیانی دابنێن.

هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە شارەزایی تەواو پەیدا بکەن. ئێستا حیزبی ئێمە بۆتە گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانی ئێران و سەرانسەری کوردستانی ئێرانی وەجووڵانەوە خستوە. ئێستا دەبێ هێزی بێپایانی گەل بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حیزبی ئێمە بکەوێتە جووڵانەوە و میلیونها کەس لە خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازادا مافی خودموختاریی خۆیان وەدەست بێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندوە و وەدیهێنانی ئەم ئامانجە لە ئەستۆی حکوومەتی کوردستانە کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دادەمەزرێ.

## فەسڵی یەکەم: ئامانجە گشتییەکان

١) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران و شانبەشانی هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران بۆ خاشەبڕکردنی نفووزی سیاسی ئابووری و سوپایی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم و پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و لەپێناوی وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا خەبات دەکا.

٢) ئامانجی دواڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستییە کە بناغەکەی لەسەر بنچینەی ڕێوشوێنی زانستی دروستکردنی سۆسیالیزم دامەزرابێ.

٣) دروشمی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە.

٤) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی هەموو گەلان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتیی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و هەروەها لە خەباتی دژی ڕێژیمە زۆردارەکان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان گەلانی هەموو وڵاتانە.

## فەسڵی دووهەم: بنچینەکانی ئەسڵیی خودموختاری

٥) ناوچەی خودموختار هەموو کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. سنووری جوغرافیایی ناوچەی خودموختار بە لەبەر چاوگرتنی هۆیەکانی نەتەوەیی و مێژوویی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە دیاری دەکرێ.

٦) لە ناوچەی خودموختای کوردستاندا هەموو دەسەڵات بەدەست خەڵکەوەیە کە بەهۆی نوێنەرانی خۆیان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی ناوچەی خودموختاردا بەکاری دێنن.

٧) کاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوە ( سیاسی و ئابووری)، دیفاعی و میللی (سوپا)، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستمی دراوی تەنیا لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە. بێجگە لەو چەند شتە، سەلاحییەتی بەڕێوەبەردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی خودموختاری کوردستاندایە. نوێنەرانی ناوچەی خودموختاری کوردستان لە بەڕێوەبەردنی کاروباری دەوڵەتی مەرکزیدا بەشدار دەبن.

٨) ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی ناوچەی خودموختاری کوردستانە. نوێنەرانی ئەنجومەن لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و نەهێنییەوە بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵدەبژێردرێن. لانی کەمی تەمەن بۆ ئەوانەی هەڵدەبژێرن ١٦ ساڵ و بۆ ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن ٢٥ ساڵە. ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە.

٩) ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، حکوومەتی خودموختاری کوردستان دیاری دەکا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەرامبەر بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرپرسە.

١٠) ڕاگرتنی نەزمی نێوخوی ناوچەی خودموختاری کوردستان لەسەر بنچینەی ڕێوشوێنی

دەدرێتە دەست پێشمەرگە کە سەرۆکەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستان دیارییان دەکا. ئەرکی ئەرتەش دیفاع لە سەربەخۆیی و سنوورەکانی وڵاتە و حەقی دەستدرێژی بۆ کاروباری نەزمڕاگرتنی نێوخۆیی نییە.

١١) زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی ناوچەی خودموختاری کوردستانە. خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا بە زمانی کوردییە. زمانی فارسیش وەک ناوچەکانی دیکەی ئێران لە ناوچەی خودموختاری کوردستانیشدا بە زمانێکی ڕەسمیی دەوڵەتی دەناسرێ و لە قوتابخانەکاندا پاش کلاسی چوارمی سەرەتایی لە تەنیشت زمانی کوردی دەخوێندرێ.

لە ئێدارە و دامودەزگاکانی ناوچەی خودموختاری کوردستاندا زمانی کوردی ڕەسمییە. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان لەگەڵ مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها لەگەڵ ئەو ئیدارانەی سەر بە دەوڵەتی مەرکەزین بە زمانی فارسی دەبێ.

### فەسڵی سێهەم: مافەکانی دانیشتووانی ناوچەی خودموختار

١٢) حکوومەتی خودموختاری کوردستان ئازادییە دێموکراتییەکان، ئازادیی بیروباوەڕ و بەیان و چاپەمەنی، ئازادیی دامەزراندنی حیزب و ئەنجومەنەکان، یەکیەتییەکانی کرێکاران و جووتیاران و ئەنجومەنە دێموکراتییەکان دابین دەکا. دانیشتووانی کوردستان لە هەڵبژاردنی کار و شوێنی دانیشتنی خۆیاندا ئازادن.

١٣) لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا بیروباوەڕی مەزهەبی ئازادە، پەیڕەوانی هەموو مەزهەبەکان لەبەرانبەر قانووندا وەک یەکن. جیاوازیدانانی ڕەگەزی و مەزهەبی مەحکوومە. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام یارمەتیی ماددی و مەعنەویی پێویست بە کۆمەڵی ڕوحانییەتی نیشتمانی و پێشکەوتوو دەکا.

١٤) ژن و پیاو لە نێو خێزان و کۆمەڵدا مافیان وەک یەکە و بۆ کاریش وەک یەک مووچە وەردەگرن.

١٥) کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان لەگەڵ کوردەکان مافی وەک یەکیان هەیە، مافی فەرهەنگیی ئەوان ڕێزی لێدەگیرێ و منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا مافی خوێندن بە زمانی زگماکیان هەیە، کەمایەتییە نەتەوەکان حەقیان هەیە بە زمانی خۆیان چاپەمەنی بڵاو بکەنەوە.

### فەسڵی چوارم: سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی

١٦) دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامەدارشتنێکی زانستییەوە لە ناوچەی خودموختاریدا لە ئەستۆی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە. بۆ تێهەڵێنانەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە، دابەشکردنی داهاتی گشتیی بوودجە دەبێ بەشی دانیشتووانی ناوچەی خودموختای کوردستان بەگوێرەی دواکەوتوویی، زیاتر لە داهاتی نێونجی سەرانسەریی وڵات بێ.

١٧) ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووری سەراسەری ئێران و هەروەها کوردستان سەنعەتیکردنی وڵات بەپێی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنولوژی لە لایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتیی وڵات لەلایەکی دیکە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتیکردن پێویستە، یەکێک لە ئەساسیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

١٨) حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەهۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی ئەساسی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستان دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتی خۆوڵاتی و نەتەوایەتییەکانی پارێزگاری دەکا. لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابووری بەشی هەرەوەزی و تایبەتیش لە سەنعەتیکردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.

١٩) سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەڕگەکان کە بە سامانی گشتی داندراون، میللی دەکرێن و حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەلکیان لێ وەردەگرێ.

٢٠) زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە ڕێگای میکانیزەکردن و بەکارهێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵدا و داڕشتنی بەرنامەی بەراوردکردن و دروستکردنی سەد، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٢١) حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و پەرەپێدانی کسبوکار و پیشەسازی لە کوردستاندا تێدەکۆشی. هێندێک لەو پڕۆژە ئابوورییانەی کە جێبەجێکردنیان بەهۆی بەشی گشتییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووری نییە، بە بەشی تایبەتی دەسپێردرێن. مەبەست لەوکارە کەلکوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستانە.

٢٢) بەرەوژوور بردنی پایەی ژیانی خەڵک و بە تایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەڕۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە و حکوومەت لە هەموو هێز و توانای خۆی بۆ ڕزگارکردنی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان لە هەژاری و بێبەشی و بۆ دابینکردنی ژیانێکی شیاوی هاوچەرخی ئێستا بۆ ئەوان، کەلک وەردەگرێ. یەک هەنگاوی گرینگ لەو بارەوە ئامادەکردنی خانووبەرەی لەبار، بەپێی ڕێوشوێنی لەشساغی بۆ زەحمەتکێشانی شار و لادێ.

٢٣) ئەسڵی ٤٠ ساعەت کار لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. لانی کەمی حەقدەستی کرێکاران بەپێی خەرجی ژیان و گوزەران دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونەسەرێی خەرجی بەرێچوون زیاد دەکرێ.

کرێکاران بەرانبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیری بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ. دەبێ شەرتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و پاشان لەنێوبردنی بێکاری ئامادە بکرێ.

٢٤) زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا. هەربۆیە دەبێ لە شێوەی ئێستای ماڵکییەتی زەویدا کە بەرهەمی ئیسلاحاتی ئەرزیی سەردەمی پەهلەوییە، ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە

قازانجی جووتیارانی زەحمەتکێش و بێزەویدا ڕوو بدا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان هەموو چەشنە یارمەتییەک بە پەرەپێدانی ئەو شیرکەتە هەرەوەزییانەی کشتوکاڵی دەکا کە جووتیاران بە دڵخوازی خۆیان پێکیان دێنن.

٢٥) حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ یارمەتیی وەرزێران بدا تا بتوانن ئامرازی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها دەبێ بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخێکی باش لێ بکڕێ و قەرزی درێژماوەیان بە سوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران بەرەبەرە لە پێشدا بەرامبەر پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پاشان بەرامبەر پیری و پەککەوتوویی بیمە دەکرێن.

٢٦) حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە ئاژەڵداری، لەوەڕگەکان بە شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێردرێن و ڕێگای ڕاست و زانستیی ئاژەڵدارییان فێر دەکرێ.

٢٧) پارێزگاریی موحیتی ژیان و سەرچاوە سروشتییەکان، لێرەوارەکان، چۆمەکان و دریاچەکان، و پارێزگاری حەیوان بە تایبەتی حەیوانی ڕاویی چیاکان، باڵندەکان و ماسیی چۆمەکان یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەرەی حەیوانات و باڵندە و ماسی بەتوندی پێشگیری بکرێ و لە هەڵبژاردنی چەشن و شوێن و سەنعەتی تازە و دروستکردنی ڕێگا و ڕێگای ئاسندا بۆ پارێزگاریی موحیتی ژیان و لە بەرچاوگرتنی هاوهەنگاوی سروشت دەبێ وردەکارییەکی زۆر ڕەچاو بکرێ و بایەخێکی پێویست بە ڕاگرتنی بینا و شوێنەوارە کۆنەکان بدرێ.

**فەسڵی پێنجەم: سیاستی فەرهەنگی و لەشساغی**

٢٨) هەموو منداڵانی کوردستان چ کچ، چ کوڕ تا ١٥ساڵی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی خودموختای کوردستان بۆ لەنێو بردنی نەخوێندەواری بەپەلە هەنگاو هەلدێنێ. لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا دابینکردنی خەرجی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەزگای دەوڵەتییە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بەخۆڕاییە، یارمەتیی حکوومەتی خودموختار لەو بارەوە قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە. حکومەتی خودموختاری کوردستان خەرجی خوێندنی منداڵانی کرێکاران، جووتیاران و هەموو زەحمەتکێشانی کەمداهات لە تەواوی فێرگە پیشەییەکان و هونەرستانەکاندا دابین دەکا.

٢٩) حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەرەوژوو بردنی پایەی فەرهەنگیی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی و پەروەردەیی بەدەنی وەک فەرهەنگستان، سینەما و تئاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانستگاکان هەنگاو هەڵدێنێ.

٣٠) بایەخدان بە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمەندان و زانایانی کورد ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ.

٣١) ڕووناکبیرانی کوردستان دەبێ بەپێی لێوەشاوەیی خۆیان کاریان بدرێتێ. حکوومەتی خودموختاری کوردستان سیاسەتێک بەرامبەر ڕووناکبیران و پسپۆڕان دەگرێتە پێش کە ببێتە

هۆی ئەوەی وڵاتی خۆیان بەجێ نەهێڵن و خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن.
٣٢) حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەرەوژووربردنی پلەی لەشساغیی هەموو گەڵ تێدەکۆشێ و بۆ خاشەبڕکردنی ئەو نەخۆشییانەی لە کوردستاندا بڵاو بوونەوە بەتوندی خەبات دەکا و هەلومەرجێک پێک دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتیی خۆڕایی پزیشکی و دەرمانی کەڵک وەرگرن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ دامەزراندنی ئاسایشگا، شیرخۆرگە و زایینگە هەنگاو هەڵدێنێ و بۆ بەخێوکردنی نقوستان و بەساڵداچووانی ڕەبەن و بێخاوخێزان بنکە و بینای تایبەت دادەمەزرێنێ.

### فەسڵی شەشەم: سیاسەتی دەرەوە

لەسەر سیاسەتی دەرەوە کە لە سەلاحیەتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوباوەڕە دایە کە:
٣٣) دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران سیاسەتێکی دەرەوەی بێلایەن و سەربەخۆ بگرێتە پێش و لەگەڵ هەموو وڵاتان لەسەر بناغەی ڕێزدانان بۆ یەکتر و ناسینی حاکمیەتی نیشتمانی و دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکتر پەیوەندی دابمەزرێنێ و لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و ئەو وڵاتانەی سیاسەتێکی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستییان هەیە، پێوەندیی دۆستانە پێک بێنێ.
٣٤) دەوڵەتی مەرکەزی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژی ئیمپریالیستیی گەلان و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆیان پشتیتوانی بکا.
٣٥) دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران لەنێو ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوەدا لە ئاشتی جیهانی و پێکەوەژیان بە ئاشتی لە نێو گەلاندا دیفاع بکا و لایەنگری چارەسەری گیروگرفتە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگای وتووێژەوە و بەبێ بەکارهێنانی زۆر بێ.
٣٦) وڵاتی ئێران دەبێ ببێتە بنکەیەک بۆ یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەنای سیاسی بە هەموو ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بدا.
لە چاوچێوەی ئەو سیاسەتەدا و بە موافقەتی دەوڵەتی مەرکەزی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە هەموو ئیمکاناتێکی خۆی بۆ کۆمەگ بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی برایانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا کەڵک وەردەگرێ و پەنای سیاسی بە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر دەدا.

## بەشی دووهەم:
## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**مادەی یەکەم_ ناو و نێوەرۆکی حیزب**

١) ناوی حیزب «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ە

٢) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی شۆڕشگێری گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە و بە تایبەتی کرێکاران و جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

٣) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تێکۆشانی خۆیدا پەیڕەوی لە تیئوریی زانستی پێگەیشتنی کۆمەڵ دەکا.

**مادەی دووهەم_ ئەندامەتیی حیزب**

١) هەموو هاونیشتمانییەکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەر کوردێکی ئێرانی کە تەمەنی گەیشتبێتە ١٨ ساڵ، دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەرجێک:

_ بەرنامە و پیڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکا.

_ لە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی حیزبدا تێبکۆشێ.

_ مانگانەی ئەندامەتی بدا.

_ بە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ

**مادەی سێهەم_ ئەرکەکانی ئەندامی حیزب**

١) ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:

_ بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوە تێبکۆشێ.

_ بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی تەشکیلاتی و فیکریی حیزب هەڵ بدا. بەپێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەیڕەوی دیسپلینی حیزبی بێ.

_ نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.

_ پلەی زانیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەرێ.

_ سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی گەل و پێوەندیی حیزب دەگەڵ کۆمەڵان بەهێز بکا و لە بیروڕا و تاقیکردنەوەیان کەلک وەربگرێ.

**مادەی چوارەم ـ مافەکانی ئەندامی حیزب**

١) ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

ـ بۆ ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ.

ـ لە هەموو ئەندامێک یا ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبدا یا بە هۆی چاپەمەنیی حیزبییەوە ڕەخنە بگرێ.

ـ بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، یان بیروڕای خۆی پێ بڵێ، یا پرسیاری لێ بکا .

ـ لە هەر ئۆرگانێک لای ئۆرگانێکی سەرەوەتر شکایەت بکا.

ـ لە دانانی ڕێبازی سیاسیی حیزبدا بەشدار بێ .

ـ لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی خۆیدا کە تێکۆشانی سیاسی و حیزبیی ئەو بەراورد بکا و بیەوێ قەراری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**مادەی پێنجەم ـ شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام**

١) بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە ئەندامی حیزب دەبێ:

ـ لەلایەن دوو ئەندامی حیزبەوە بناسێندرێ.

ـ شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.

ـ لەلایەن زۆربەی ئەندامانی شانە یا ئۆرگانی بەرەژوورتر بە ئەندام وەربگیرێ.

٢) ئەو کەسانە خوارەوە ناتوانن ببنە ئەندامی حیزب:

ـ خائینانی گەل و جاسووسان.

ـ ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرستان

ـ ئەندامانی حیزبە سیاسییەکانی دیکە

**مادەی شەشەم ـ سزادانی ئەندام**

١) ئەو ئەندامانەی کە ئەرکی خۆیان بەجێ نەگەیەنن، یا بە پێچەوانەی پێڕەوەی حیزب بجووڵێنەوە، بەپێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتییە لە سەرکۆنە بە دەم، سەرکۆنە بە نووسراوە، ئەستاندنەوەی لێپرسراوی، هەڵپەساردن و دەرکردن لە حیزب. درێژترین ماوەی هەڵپەساردنی ئەندام ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێردراو لە ماوەی هەڵپەسێردرانیدا لە مافی ئەندامی حیزب بێبەشە.

٢) سزای حیزبی لەلایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێک و بەزۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.

٣) مەبەست لە سزادانی حیزبی پێگەیاندنی ئەندامە و تەنیا کاتێک ئەندام سزا دەدرێ کە شێوەی دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبێ.

٤) ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێراگەیشتن بکا و

دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

**مادەی حەوتەم_ دارِشتنی قەوارەی حیزب**

١) ئەسڵی بنەڕەتیی قەوارەی حیزب سانتراڵیزمی دێموکراتییە.

٢) سانتراڵیزمی دێموکراتی بەو مانایەیە کە:

_ هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێن.

_ ئۆرگانەکانی حیزبی ڕاپۆرتی تێکۆشانی بە ڕێکوپێکی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیانبژاردوون و هەم بە ئۆرگانەکانی سەرەوەتر دەدەنەوە.

_ ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوەو و کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.

_ لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بێجیاوازی یەک دیسپلین هەیە.

_ بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرەوتر دەبێ لەلایەن ئۆرگانەکانی خوارەوەترەوە جێبەجێ بکرێ. باسکردن و بڕیاردان لە ژووروووترین ئۆرگانەوە هەتا خوارووترین بە کۆمەڵە. فەردپەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

**ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١-بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢-کۆنگرەی حیزب هەر دوو ساڵ جارێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەو ڕادەیە کە کۆمیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی هەموو ئەندامان و ئۆرگانەکانی حیزب پێک دێ.

٣-کۆنگرەی نائاسایی لە سەرداخوازی کۆمیتەی ناوەندی، یان سێیەکێکی ئەندامانی حیزب بانگ دەکرێ.

٤- ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بریتین.

- باسی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و بڕیار لەسەردانی.

- دانانی ڕێبازی گشتیی سیاسی، ستراتێژی و تاکتیکی حیزب.

- پەسندکردنی بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی حیزب و ئەگەر پێویست بوو، گۆڕین و دەسکاری کردنیان.

- هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیسیۆنی پشکنین.

**مادەی نۆهەم_کونفرانسی حیزبی**

١) کۆنفرانسی حیزب لە کاتێدا دەبەسترێ کە:

_ دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.

_ گیروگرفتێک هاتبێتە گۆڕێ کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانی چارەسەری بکا.

_ لەوەزعێکی وادا کۆنفرانس سەڵاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢) کۆنفرانس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کۆمیتەکانی شار و شارستان و ڕێکخراوەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پێک دێ.

**مادەی دەهەم_ کۆمیتەی ناوەندی**

١) کۆمیتەی ناوەندی لە ماوەی بەینی دوو کۆنگرەدا بەرزترین ئۆرگانی حیزبیە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢) ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەمجۆرەیە:

_ بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.

_ مەسئولی پێوەندیی حیزب دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.

_ دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێرێ کە بەرانبەر بە کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسن.

_ ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولی داهات و دەرچوونی حیزبە.

_ لانیکەم سێ مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.

_ کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر داوای زۆربەی ئەندامان پێک دێ.

**ماددەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**

ئەرک و دەسەڵاتی دەفتەری سیاسی بەم جۆرەیە:

١) لەماوەی نێوان دوو کۆبوونەوی کۆمیتەی ناوەندیدا دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و مەسئولی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندییە.

٢) دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی بە ڕێکوپێکی دەدا بە کۆمیتەی ناوەندی.

**ماددەی دوازدەهەم: ئەك و دەسەڵاتی کۆمیسیۆنی پشکنین بەم جۆرەیە:**

_ چاوەدێریی جێبەجێکردنی پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە هەموو ڕیکخراوە حیزبییەکاندا.

_ چاوەدێریی ڕێکوپێکی ڕێکخراەکانی حیزبی.

_ چاوەدێری داهات و خەرجی ڕیکخراوە حیزبییەکان.

_ ڕاگەیشتن بە شکایەتی ئەندامانی حیزب.

**ماددەی سێزدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١) بناغەی ڕێکخراوی حیزبی شانەیە و ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢) ڕێکخراوەکانی حیزبی لە ناوچە، کۆمیتەی ناوچە؛ لە بەخش، کۆمیتەی بەخش؛ لە شار، کۆمیتەی شار و لە شارستان، کۆمیتەی شارستان بەڕێوەیان دەبا.

٣) ئەرکی شانە و کۆمیتەی بەخش و شار و شارستان ڕاگەیاندنی سیاسەتی حیزب لە نێو

کۆمەلانی خەلک و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤) کۆمیتەی هەر ڕێکخراوەیەک لەلایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەوە هەڵدەبژێردرێ.

٥) بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوەیەک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە، کە لانیکەم دوو ساڵ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوەیە پێک دێ.

**ماددەی چاردەهەم : داهاتی حیزب**

١) داهاتی حیزب بریتییە لە

ـ حەقی ئەندامەتی و داهاتی بنکەی حیزبییەکان و یارمەتیی دۆستانی حیزب.

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر پێکهاتنی کۆنگرەی پێنجەم
- کۆنگرەی پێنجەم، کۆنگرەی شەهیدان و مەسئوولییەتەکانی ئەندامانی حیزب
- ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکرات
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ٥

# کۆنگرەی ٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (سەرماوەزی ١٣٦٠)
## (کۆنگرەی شەهیدان)

کۆنگرەی ٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە گوندی «شیوەجۆ» لە ناوچەی گەورکایەتیی سەردەشت بەسترا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٥ بریتی بوون لە:**
١) د. عەبدولڕحمان قاسملوو، ٢) د. سادق شەرەفکەندی، ٣) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٤) فەتاح کاویان، ٥) جەلیل گادانی، ٦) مستەفا هیجری، ٧) مهەندیس محەممەد آریایی، ٨) تەیفوور بەتحایی، ٩) حوسێن مەدەنی، ١٠) مستەفا شلماشی، ١١) ئەمیر قازی، ١٢) سەید ڕەسووڵ دێهقان، ١٣) نەبی قادری، ١٤) حەسەن ڕەستگار، ١٥) ڕەحیم محەممەدزادە، ١٦) عەلی مێهرپەروەر، ١٧) عەبدوڵلا بەهرامی، ١٨) حەکیم ڕەزایی، ١٩) هاشم کەریمی، ٢٠) سەعید کوێستانی، ٢١) ئەحمەد جاویدفەڕ (هەژار)، ٢٢) عەزیز ماملێ، ٢٣) کەماڵ دەبباغی، ٢٤) عەلی کاشفپوور، ٢٥) حەسەن شەرەفی.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٥:**
١) د. عەبدولڕەحمان قاسملوو (سکرتێر)، ٢) د. سادق شەرەفکەندی (جێگری سکرتێر)، ٣) عەبدوڵلا حەسەنزادە، ٤) مستەفا شەڵماشی، ٥) فەتاح کاویان، ٦) مستەفا هیجری، ٧) جەلیل گادانی.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٥ بریتی بوون لە:**
١) سەید حەسەن هاشمی، ٢) عەلی کیتابی، ٣) عەبدوڵلا ئیبراهیمی، ٤) ڕەحیم بەغدادی، ٥) تاهیر عەلیار، ٦) شاپوور فیرووزی، ٧) غەنی غەنیپوور، ٨) بێهرووز کوردئەحمەدی.

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٥ بریتی بوون لە:**
١) مەلا ڕەحمان کاژەیی، ٢) مەلا حەسەن شیوەسەڵی، ٣) غەفوور هەمزەیی، ٤) هۆمایوون ئەردەڵان، ٥) جەعفەر حامیدی، ٦) عەزیز لەحیمی، ٧) عەزیم ئەفسەر.

## ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر پێکهاتنی کۆنگرەی پێنجەم

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
گەلانی بەشەرەفی ئێران!
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
هاورێیانی خۆشەویست!

دەفتەریی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەخۆشی و شانازییەوە ڕادەگەینێ کە لە ڕۆژەکانی ۱۵ هەتا ۱۸ مانگی سەرماوەزی ساڵی ۱۳٦۰ هەتاوی، لەکاتێکدا کە ڕێژیمی دژی گەلیی خومەینی لە هەموو لایەکەوە هێرشی دڕندانەی خۆی بۆسەر کوردستان توندتر کردبوو، کوردستان لەژێر ڕەهێڵەی شێستتیر و بارانی ڕاکێت و بۆمبا و تۆپ و خۆمپارەدا دەسووتا، کۆنگرەی حیزب پێک هات و بەسەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

بەشدارانی کۆنگرە کە بە زاراوەی جۆربەجۆر دەدوان و جلوبەرگی ناوچەی خۆیان لەبەردا بوو، لەڕاستیدا نوێنەری واقعیی خەڵکی کوردستان لە شیمالەوە تا جنوب بوون؛ بەڵام هەموویان وەدوای یەک ئامانجی پیرۆز کەوتبون. لەماوەی چوار ڕۆژ باس وتوویژدا لەسەر هەموو مەسەلەیەکی گرینگ بە شێوەیەکی یەکجار دێموکراتی قسەیان کرد و لە هەر مەسەلەیەکدا ئاکامی هاوبەشیان وەرگرت. کۆنگرە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب»دەست پێکرا. پاشان بە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی ئێران و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و بە تایبەتی شەهیدانی حیزبی دێموکرات، دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگەیاندرا. ئەمجار یەکێک لەکۆنترین ئەندامەکانی حیزب بەڕەسمی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی کردەوە و کۆنگرە پاش پەسندکردنی بەرنامەی خۆی، دەستی بەکار کرد.

کۆنگرەی پێنجەمی حیزب گوێی لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی ڕاگرت و پاش باس و وتوویژێکی پڕنێوەڕۆک و دێموکراتی لەسەر کار و تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەم ڕاپۆرتەی پەسند کرد. بەم جۆرە کۆنگرەی پێنجەم ڕێبازی گشتیی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی تەئیید کرد و پشتیوانیی خۆی لە سیاسەتی ڕێبەرایەتیی حیزب بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی، بەرامبەر بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و هەروەها بەرامبەر بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی جیهان دەربڕی.

کۆنگرەی پێنجەم هاوکاری و هاوپەیمانیی حیزب لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران و چوونی حیزب بۆ نێو شورای نیشتمانیی بەرگریی بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ خەباتی یەکگرتووی هەموو گەلانی ئێران لەپێناوی ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینیدا دانا و پشتیوانیی خۆی لەو هەنگاوە مێژووییەی حیزب و ڕێکخراوی موجاهیدین دەربڕی.

کۆنگرە بەخۆشحاڵییەوە هاتە سەر ئەو باوەڕە کە حیزبەکەمان لە کاری تەشکیلاتی و تەبلیغاتیدا زۆر سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناوە، تەشکیلاتی حیزب زۆر پتەوتر و ڕێکوپێکتر لەجاران بووە و تەبلیغاتی حیزبیش لەماوەی نێوان دوو کۆنگرەی چوارەم و پێنجەمدا لەباری چەندی‌وچۆنییەوە زۆر چۆتە پێش و تەئسیری زیاتر بووە.

هەروەها کۆنگرە خۆشحاڵیی خۆی لەوە دەربڕی کە لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا حیزبی ئێمە تێکۆشانی سەرکەوتووانەی بووە و هەر ئێستا ڕێز و حورمەتێکی زۆری لەنێو کۆڕ و کۆمەڵ جیهانییەکاندا و لای هێزە پێشکەوتووەکانی دنیا بەدەست هێناوە.

پاش پەسندکردنی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی، کۆنگرە باسی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کرد کە پێویست بوو لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بێنە دی. لەم بارەوە کۆنگرە گوێی بۆ ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ گرت و پاش باسێکی بەکەلک بەرنامە و پێڕەوی تازەی پەسند کرد.

دوا ئەرکی کۆنگرە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیی تازە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حیزب هەتا کۆنگرەی شەشەم بوو. لە موحیتێکی یەکجار دێموکراتیکدا کە شێوەی تایبەتیی حیزبەکەمانە، کۆنگرەی پێنجەم ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد.

کۆمیتەی ناوەندیی تازە لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا کاک عەبدولڕەحمان قاسملووی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژاردەوە و هەروەها جێگری سکرتێر و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژارد.

لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتەوە چەندین پەیامی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرە هاتبوون کە بەشێکیان لە کۆنگرەدا خوێندرانەوە. هەروەها کۆنگرە چەندین پەیامی بۆ هێز و ڕێکخراوەکانی پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی و ئێرانی و جیهانی و بۆ گەلی کورد و گەلانی ئێران و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان نارد.

کۆنگرە بە وتاری سکرتێری گشتیی حیزب و بە سروودی «ئەی ڕەقیب» دوایی هات.

کۆنگرەی پێنجەم، بێگومان سەرکەوتووترین کۆنگرە لە مێژووی حیزبی ئێمەدا بوە. ئەم کۆنگرەیە نوختەگۆڕانێکی گرینگە لە تێکۆشانی حیزبی ئێمە و لە خەباتی خەڵکی کوردستاندا بۆ دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان.

لە دوارۆژێکی نزیکدا، هەم لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە و هەم بە چاپکراوی، تەواوی سەنەد و بەڵگەکانی کۆنگرە دەخەینە بەر چاوی هاوڕێیانی حیزبی و هاونیشتیمانیانی بەڕێز و هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێرانی و جیهانی.

کۆنگرەی پێنجەم نیشانی دا کە دێموکرات هەر لەوکاتەدا کە بە دەستێک تفەنگ هەڵدەگرێ و پەلاماری دوژمنان بۆ سەر کوردستان بەرپەرچ دەداتەوە، بە دەستەکەی دیکەی قەڵەمی هەڵگرتوە و ڕێبازی خەبات و تێکۆشان بۆ خەڵکی تیکۆشەری کوردستان دەکێشێ.

با دروشمی پەسندکراو لە لایەن کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ببێ بە دروشمی ڕۆژی میلیۆنها هاونیشتمانی لە کوردستان و تەنانەت لە سەرانسەری ئێراندا،
بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی خومەینی و،
سەرکەوێ خەباتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێران بۆ هێنانە سەر کاری ڕێژیمکی دێموکراتی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٦٠/٩/٢٣**

## کۆنگرەی پێنجەم، کۆنگرەی شەهیدان و مەسئوولییەتەکانی ئەندامانی حیزب

لە ڕۆژەکانی ١٥ تا ١٨ مانگی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاویدا، کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هات و بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا. بەشدارنی کۆنگرە بە وردی بە هەستی مەسئوولییەتەوە و لە موحیتێکی دێموکراتیکدا لەسەر هەموو مەسەلەکان باس و وتووێژیان کرد و بڕیاری گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆی خەباتی حیزب و گەلەکەمانیان دا. بەرنامە و پێڕەوی تازەی حیزب کە وەڵامدەری ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییەی هەلومەرجی سیاسی وڵاتەکەمانە لە لایەن کۆنگرەوە پەسند کرا، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کە بەوردی لە هەموو لایەنەکانی کار و تێکۆشانی حیزبەکەمان دەدوێ و ئەرکەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دیاری دەکا و نوختە زەعفەکانی کاروباری حیزبی بەڕاشکاوی دەستنیشان دەکا، پاش باس و ڕاوێژێکی تێروتەسەل بە پەسندی کۆنگرە گەیشت.

ئێستا کە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبی پاش بەشداربوون لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا گەڕاونەوە نێو هاوڕێیانی حیزبی و گەیشتوونەوە مەیدانی چالاکی و تێکۆشانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خۆیان، هێڵە گشتییەکان و سیاسەتی حیزب و ڕێنوێنییە بەنرخەکانی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبەکەمانیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە. لە جاران باشتر لە مەسئوولییەتی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەرکی سەرشانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەمان شارەزا بوون و ئاگاداری ئەو ئاڵوگۆڕانەن کە بەسەر دروشم و سیاسەتەکانی حیزبدا هاتوون.

هەروەک لە بەرنامەی حیزبدا گوتراوە و زۆرجاریش لە نووسراوە و چاپەمەنییەکانی حیزبدا دووپاتە کراونەوە، بەرنامەیی حیزبی ئێمە و بەگشتی هەموو مەسەلەیەکی تیئۆریک تەنیا ئەو کاتە دەبن بە هێزێکی مادی کە کۆمەڵانی خەڵک لێی حاڵی بن و بە بەرنامەی کار و تێکۆشانی سیاسیی خۆیانی دابنێن. هەر لەبەر ئەو بنەڕەتە، بڕیار و ڕێنوێنییەکانی کۆنگرەی پێنجەمیش ئەگەر بەجوانی و بەتەواوی نەچنە نێو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و لە ڕێگای ئەوانیشەوە نەگەنە نێو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک، تەنیا وەک مەرەکەب لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە و گەلەکەمان سوودێکیان لێ نابینێ ... کۆنگرەگرتن و دانانی ڕێبازی سیاسی لەخۆیدا ئامانج نییە، بەلکە وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی.

ئێستا کێیە کە دەبێ بڕیار و ڕێنوێنییەکانی کۆنگرە بەرێتە نێو خەڵک و هێزی بێبڕانەوەی گەل بۆ بەجێگەیاندنی بڕیارەکانی کۆنگرە وەجووڵانەوە بخا؟ بێگومان ئەو ئەرکە پیرۆزە پێش هەموو کەس دەکەوێتە سەرشانی بەشدارانی کۆنگرە، بەتایبەتی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرە. ڕێبەرایەتیی نوێی حیزب دەبێ هەرچی زیاتر سیاسەت و ڕێباز و دروشم و بڕیارەکانی کۆنگرە بۆ هاوڕێیانی حیزبی و کۆمەڵانی هەراوی خەڵک شی بکاتەوە. بە هەموو توانا بۆ بەجێگەیاندنی بڕیارەکانی کۆنگرە و بەرەوپێشبردنی سیاسەتی حیزب تێبکۆشێ و زیاتر لە جاران خەڵکی خەباتگێری کوردستان لە دەوری ئاڵای حیزبەکەمان کۆبکاتەوە.

بەشدارانی کۆنگرەی پێنجەمیش بەگشتی دەبێ بزانن ئەگەر پێش کۆنگرە نوێنەری ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزب بۆ کۆنگرە بوون، ئێستا بوونە نوێنەری کۆنگرە بۆ لای تەواوی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵ، دەبێ هەموو توانایان وەکار بخەن بۆ ئەوەی وەک ڕاسپاردەیەکی ئەمین و وەک یەکێکی قسەزان تەواوی ڕێنوێنییەکانی کۆنگرە ڕەچاو بکەن و ئوسوولی پەسندکراوی کۆنگرە لەنێو حیزبدا جێگیر بکەن و بیانکەنە سەرمەشقی کار و تێکۆشانی خۆیان و هەموو هاوڕێیانی حیزبی.

وەک دەزانین کۆنگرەی پێنجەمی حیزبەکەمان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری بۆ ئەوەی هەمیشە شەهیدەکانمان لەبیر بێ و بە ڕێبازی پڕشانازییەکەیاندا بڕۆین، ناوی کۆنگرەی شەهیدانی لەسەر داندراوە. ئەو بڕیارە زیاتر و زیاتر هەموو بەشدارانی کۆنگرە بەرپرس و بەرعۆدە دەکا بە هەستی مەسئولییەتێکی زیاترەوە لە بردنەپێشی سیاسەتی حیزبدا تێبکۆشن و ڕێنوێنییەکانی کۆنگرەی شەهیدان زیاتر بەرنە نێو ئەندامانی حیزب و کۆمەڵ.

بەڵام ئەرکی گەیاندنی سیاسەتی پەسندکراوی کۆنگرە بە کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی کوردستان زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا بە کەمایەتییەکی بچووکی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەدا جێبەجێ بکرێ. مەسئوولییەتی ئەو کارە دەکەوێتە ئەستۆی یەکیەکی هاوڕێیانی حیزبی. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە هەر جێگایەک هەن دەبێ بەوردی سەنەد و بەڵگەکانی کۆنگرە وەک ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی، برنامە و پێڕەوی تازە، ئەو پەیامەی بۆ کۆنگرە هاتوون و ئەوانەی کۆنگرە ناردوونی بیخوێننەوە، لێیان حاڵی بن و بیانکەنە ڕێنوێنیی کار و تێکۆشانی خۆیان و بیانبەنە نێو مێشکی ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە ئەندامانی کۆمەڵی کوردەواری. هاوڕێیانی حیزبی پێویستە لەبارەی کاروباری کۆنگرەوە پرسیار لە نوینەرانی کۆنگرە بکەن و داوایان لێ بکەن سیمیناریان بۆ پێک بێنن و بڕیارەکانی کۆنگریان بۆشی بکەنەوە.

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کە کۆنگرەی شەهیدان پەسندی کردوە، بەڕاشکاوییەکی شۆڕشگێڕانەوە کەموکۆڕییەکانی کاری حیزبی لە مەیدانی تێکۆشانی سیاسی، نیزامی، ماڵی و کۆمەڵایەتیدا دەستنیشان کردوە و بێپەردە، هەموو ناتەواوییەکانی خستووەتە ڕوو. کەوابوو نابێ تەنیا بە جارێ خوێندنەوەی بەڵگە و سەنەدەکانی کۆنگرە وازیان لێ بێنین و وەلایان بنێین، دەبێ هەمیشە لەبەر دەستماندا بن، پێیاندا بچینەوە و کەلکیان لێوەرگرین. پێویستە هەر جارناجارێک چاوێک بە بەرنامە و پێڕەوی بخشێنین تا بزانین تێکۆشانی سیاسیمان بەڕاستی لە ڕێبازی گەیشتن بە ئامانجەکاندا و لە چوارچێوی ئەو ڕێوشوێنەدایە کە بۆ کار و تێکۆشانی حیزبی دیاری کراوە یان نا؟ با ڕۆژێ جارێک چاو بە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا بگرین بۆ ئەوەی کەموکوورییەکانی کاری حیزبیمان بێتەوە بیر و بۆ لەنێوبردنیان هەوڵ بدەین، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانمان بێتەوە بەرچاو و بزانین لە ڕێگای بەجێگەیاندنیاندا چ هەنگاوێکمان هاویشتوە و چ ڕادەیەک لە ئامانجەکانمان نیزیک بووینەوە. لە هەمووی گرینگتر ئەوەی کار و کردەوە و ئاکار و ڕەفتارەمان لەگەڵ ئەو ئوسوولە ڕێک بخەین کە لە کۆنگرەی مێژوویی شەهیداندا پەسند کراوە. با دەرسێک لە شەهیدی مەزن «کاک هەژار»ی نەمر وەربگرین کە تەنیا چوار ڕۆژ دوای کۆنگرەی پینجەم و ڕۆژێک دوای وەرگرتنی مەسئوولییەتی قورسی کۆمیتەی ناوەندی بەوپەڕی سەخاوەت و لەخۆبووردنەوە گیانی لەڕێگای ئامانجیدا بەخشی.

خۆهەڵکێشانی تێدا نییە ئەگەر بڵێین هەموو خەڵکی کوردستان و تەواوی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی لە ئێراندا بەچاوی هومێد و هیواوە دەڕواننە کۆنگرەی پێنجەم و خەباتی پڕشکۆی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. سەرنجێک لەو پەیامانە کە بۆ کۆنگرەی پێنجەم هاتوون، نەک هەر ئەو ڕاستییە بەتەواوی دەردەخا، بەڵکە ئەوەش نیشان دەدا کە هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتووەکانی دەرەوەی ئێرانیش بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. با تێبکۆشین هەمیشە شیاوی ئەو ڕێز و حورمەتە بین کە بۆ حیزبەکەمان دادەنرێ، هەوڵ بدەین حیزبەکەمان لە دواڕۆژیشدا هەروا جێگای هومێدی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران بێ، با بە خەباتی بێوچانمان کاروانی ئاوات و ئارەزووی گەلەکەمان بگەیەنینە دوا قۆناغی سەرکەوتن.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

***

## ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**سەرەتا**

میوانە بەڕێزەکان، نوێنەرانی تێکۆشەری‌کۆنگرە، هاوڕێیانی خۆشەویست!

ڕێگام بدەن لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بەگەرمی بەخێرهاتنتان بکەم و بەختیاری و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات بخوازم. لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبەکەماندا جێگای دەستەیەک لە باشترین ڕۆڵەکانی گەلی کورد و فیداکارترین ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتاڵە. ئەوانیش ئەو شەهیدە سەربەرز و نەمرانەن کە لەماوەی نێوان کۆنگرەی چوارەم و کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا گیانیان لەسەر ئامانجیان داناوە و تێکەڵ بە کاروانی دوورودرێژی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران بوون.

لە کۆنگرەی چوارەمەوە هەتا ئێستا نیزیک بە دە هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی خەڵکی خەباتکەر و هەقخوازی کوردستان تەنیا بە تاوانی داواکردنی سەرەتاییترین مافی ئینسانیی گەلەکەیان بە دەستی جەللادانی ڕێژیمی خومەینی شەهید کراون. لەنێو شەهیدانی ئەم قۆناخەدا منداڵی لە دوومانگە، هەتا پیرەژن و پیرەپیاوی سەدودە ساڵە، لە زەحمەتکێشان و کاسبکاری شار و لادێ هەتا کارمەند و مامۆستا، لە پێشمەرگە و ئەندامی ساکاری حیزبەوە تا دەگاتە ئەندامانی بەرزترین ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی حیزبەوە بەرچاو دێن. یادی شەهیدی مەزن سەرگورد حبیبوڵلا عەباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، شەهید سەروان عەبدوڵلا ئەفشین‌ڕاد، ئەندامی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و دەیان کەس لە کادر و بەرپرسە سیاسی و نیزامییەکان و سەدان کەس لە ئەندامانی تێکۆشەر و پێشمەرگەکانی خەباتکەری حیزبەکەمان، هەروەها بیرەوەریی هەزران کەس لە خەڵکی شاری قارەمانی سنە، شاری نەبەزی سەقز، شاری تێکنەشکاوی بانە و شاری حەماسەخوڵقێنی مەهاباد و سەدان کەس لە دانیشتووانی دێیەکانی قەڵاتان،

ئیندرقاش، وسووکەند، خانەگی، سۆفیان، کولیچ و حەسەن لۆلان و سەرووکانی و شار و گوندەکانی دیکە کە لە ڕێگای ئامانجی خەڵکی بەشخوراوی کوردستاندا شەهید کراون، بۆ هەتاهەتایە لەدڵ و دەروونی ڕێگای ڕزگاریدا زیندووە.

**خوشك برایانی بەڕێز!**

بێگومان باشترین ڕێزگرتن لەشەهیدانی ڕێگای ڕزگاری، درێژەپێدانی خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە کە ئەوان گیانی خۆیان لەسەر داناوە. بەڵام بۆ ئەوەی ناوی شەهیدان هەمیشە لەگەڵ خەبات و مێژووی حیزبەکەمان تێکەڵ بێ و بۆ ئەوەی یادی شەهیدان زیاتر هانمان بدا کە زۆر بە هەستی مەسئوولییەتەوە ئەرکەکانمان بەجێ بگەینین، بۆ ئەوەش کۆنگرەمان کە ناوی پیرۆزی شەهیدان مەزنی و بایەخێکی پتر بدا بە کۆنگرەمان، پێشنیار دەکەین کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناو بنرێ «کۆنگرەی شەهیدان».

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

هێشتا دوو ساڵ بەسەر کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکەماندا ڕانەبردوە کە بە هاوکاری و تێکۆشانی بێدەریخی کادر و ئەندامە تێکۆشەرەکانی حیزب توانیومانە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب پێک بێنین. قۆناخی گرینگ و ناسکی خەباتی گەلان ئێران و ئەو ئاڵوگۆڕە گرینگانە کە لە پاش کۆنگرەی چوارەم بەسەر وەزعی سیاسی و کۆمەلایەتیی ولاتەکەماندا هاتوون و هەروەها ئەو ڕووداوانە کە ژیانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و لە نێوخۆی حیزبەکەماندا ڕوویان داوە، کۆمیتەی ناوەندیی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە پێش ئەوەی دووساڵ بەسەر کۆنگرەی چوارەمدا تێپەڕێنێ، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزبی بۆ بەشداربوون لەکۆنگرەی پێنجەمدا بانگ بکا. هیواداریـن نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە بە هەڵسەنگاندنی وردی هەلومەرجی ئێستای خەباتی گەلەکەمان و بە وردبوونەوە لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران، زۆر چالاکانە لە کارەکانی کۆنگرەدا بەشدار بن و کارێک بکەن کە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبەکەمان بەسەرکەوتنەوە بتوانێ ئەو ئەرکانە بەجێبگەیەنێ کە قۆناخی ئێستای خەبات لەسەر شانی ئێمەی داناوە.

**خۆشك و برا خۆشەویستەکان!**

گومان لەوەدا نییە کە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە هەلومەرجی ناسکی ئێستای ولاتەکەماندا دەبەسترێ، لە مێژووی ژیان و خەباتی حیزبەکەمان و گەلی کورد بەتێکڕایی و تەنانەت هەموو خەڵکی ئێرانیشدا بە ڕووداوێکی گرنگ دەژمێرێ. هەر ئێستا میلیۆنها کەس لە خەڵکی تێکۆشەر و قارەمانپەروەری کوردستان چاوەڕوانی ئاکامەکانی ئەم کۆنگرەیەن. ئێمە دڵنیاین کە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبەکەمان سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆی بەجێ دەگەیەنێ و بڕیار و ڕێنوێنییەکانی کۆنگرە دەبنە مەشخەڵی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی ئەندامانی حیزب و تەواوی خەڵکی کوردستان.

**هاوڕێیان!**

تاقیکردنەوەی نیزیک بە دوو ساڵی دوای کۆنگرەی چوارەم جارێکی دیکە نیشانی دا کە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیان دەزانن و لە سیاسەت و دروشمەکانی پێڕەوی دەکەن. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تاقیکرنەوە و بەوریایی سیاسیی خۆیان بۆیان دەرکەوتوە کە ئەو هێزەی بەڕاستی دیفاع لە سوود و قازانجی ئەوان دەکا و بەکردەوە و هەتا سەر، بە ئامانجەکانی ئەوان وەفادار دەمێنێتەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. هەربۆیەش نە پرۆپاگاندەی ژەهراویی دەزگای درۆبڵاوکردنەوەی ڕێژیمی خومەینی و نە هەوڵ و تەقەلای تێکدەرانەی هێندێ دەستەوتاقمی بەزیو و خۆبەدەستەوەدەر و، نە گێرەشێوێنی و بەدگوییکردنی تاقمە سیاسییە بێمەسئوولییەتەکان نەیاتوانیوە تۆزقاڵێک لە نفووز و خۆشەویستیی حیزبی ئێمە لە لای خەڵکی کوردستان کەم بکەنەوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەروا یەکپارچە لە پشتی حیزبی دڵسۆزی خۆیان ڕاوەستان.

**وەزعی نێونەتەوەیی**

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

باری تایبەتیی وەزعی جیهان لە هەلومەرجی ئێستادا توندوتیژبوونی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی و پێکهاتنی چەند مەڵبەندی ئاڵۆز کە مەترسیی تێکهەڵچوونی نیزامی لە نێو دەوڵەتاندا زیاتر دەکا، وا دێتە بەرچاو کە سەردەمی پێکەوەژیانی بەئاشتی تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر بووە و پێوەندی لەنێو وڵاتەکانی سۆسیالیستی لە لایەک و وڵاتانی سەرمایەداری لەلایەکی دیکە، بەتایبەتی لەنێو یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا خەریکە دەگەڕێتەوە سەر دۆخی ساڵەکانی شەڕی سارد. ئەم وەزعە بۆخۆی ئاکامی هێندێ گۆڕانە کە لە وڵاتەکانی هەرە پێشچوو (پیشرفتە)ی سەرمایەداری و وڵاتەکانی سۆسیالیستیدا پێک هاتووە.

سەرمایەداری ئێستا تووشی بوحرانێکی قووڵی ئابووری بووە. ئەم بوحرانە بەتایبەتی لە بەشەکانی هەرەگرینگی سەنعەتدا وەک سەنعەتی قورس خۆی دەنوێنی. بێجگە لە ژاپۆن کە تا ڕادەیەک توانیویەتی خۆی لەم بوحرانە دوور ڕاگرێ، لە ئەمریکا و وڵاتانی سەرمایەداریی ئورووپا، بەرهەمی سەنعەتیی پۆڵا و ماشێنسازیی ئۆتۆمبێل هاتوتە خوارێ. لە گەورەترین وڵاتی سەرمایەداری واتە ئەمریکا لە ساڵی ۱۹۸۰دا داهاتی نەتەوەیی نەک هەر زیادی نەکردوە، بەڵکوو لە ساڵی ۱۹۷۹ کەمتریش بووە.

یەکێک لە دیاردەکانی هەرەبەرچاوی بوحرانی سەرمایەداری هەڵوەشان و تێکچوونی پێوەندییەکانی دراوییە. ئاوسانی دراوی کە زیاتر ئاکامی ڕاستەوخۆی گرانی شتومەکە، هەموو وڵاتەکانی سەرمایەداریی داگرتوە و ئاڵۆزییەکی بێوێنە لە بیلانیماڵی و بازرگانیی دەرەوەی زۆر وڵاتاندا پێک هێناوە. گرانبوونی نرخی نەوت تەوازنی ماڵیی زۆر وڵاتی سەرمایەداری و وڵاتی پەرەئەستێنی تێک داوە. ئەم وڵاتانە بۆ ئەوەی بتوانن نەوت بە ئەندازەی پێویست وارید بکەن، ناچارن سادراتی خۆیان زیاتر بکەن، بەڵام زۆربەیان توانای ئەوەیان نییە. چونکە ڕقەبەری لە بازاری جیهانیدا زۆر دژوارە. گەڵێک جار بۆ زیادکردنی سادراتی خۆیان ناچار

دەبن لە بازاری جیهانیدا شتومەک هەرزانتر لە نرخی واقیعی بفرۆشن، کە ئەوە دەبێتە هۆی هانتەخوارێی بایی دراوی نەتەوەیی ئەوان و لە ئاکامدا بایی دۆلار وەک دروای هەرە بەهێزی سەرمایەداری دەچێتە سەرێ.

ژاپۆن لەبەر ئەوەی کرێی کرێکارانی کەمترە، دەتوانێ شتوومەکی خۆی لە بازاری ئوروووپا و ئەمریکادا هەرزانتر بفرۆشێ و بەم جۆرە زەبرێکی دیکە لە ئابووریی ئەو وڵاتانە بوەشێنێ، هەر بەم شێوەیەش ژاپۆن هێرشێکی بەربڵاوی ئابووریی بۆ بازاری وڵاتەکانی پەرەئەستێن بردوە و لە زۆر وڵاتان توانیویەتی بەشێکی گرینگ لە بازاری پێشووی ئەمریکا و ئورووپای ڕۆژئاوا بەدەستەوە بگرێ.

بێکاریی نەدیتراو یەکی دیکە لە نیشانەکانی بوحرانی سەرمایەدارییە. ژمارەی بێکاران لە وڵاتانی سەرمایەداریدا سەر لە (٣٠) میلیۆن دەدا. گرانی و بێکاری پایەی ژیانی زەحمەتکێشانی وڵاتانی سەرمایەدارییان خستۆتە ژێر تەوژم و زۆر گیروگرفتی کۆمەڵایەتییان لەو وڵاتانەدا پێک هێناوە. ناڕازیبوونی کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی جۆربەجۆری سەرمایەداریدا بۆتە هۆی گۆڕینی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.

لەکاتێکدا لە ئەمریکا دڕندەترین بەشی سەرمایەداری هاتۆتە سەر کار و ڕێگان وەک نوێنەری ئەم بەشە سیاسەتێکی دژی زەحمەتکێشانی لە ژوورەوە و دژی پێکەوەژیانی بەئاشتی لە دەرەوە گرتۆتە پێش، لە فرانسە و لە یونان حکوومەتی دەستی چەپی هاتۆتە سەر کار کە ئامانجی زاڵکردنی پێوەندییەکانی سۆسیالیستی لە کۆمەڵدایە. سەرکەوتنی یەکیەتیی سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان لە فەرانسە و سەرکەوتنی سۆسیالیستەکانی دەستی چەپی لە یۆنان، هیوایەکی زۆری بۆ زەحمەتکێشانی وڵاتانی دیکەی سەرمایەداری پێک هێناوە.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە مەترسیی دەستپێکردنی سەردەمی شەڕی سارد هێندی گیروگرفتی زۆر دژواری هێناوەتە پێش. سیاسەتی میلیتاریزەکردن بەتوندی درێژەی هەیە. لە ساڵی ١٩٨٠دا ٥٥٠ میلیارد دۆلار لە جیهاندا خەرجی کڕینی چەک و تەقەمەنی کراوە کە پتر لە نیوەی هی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، سیاسەتی ڕێگان کە ماڵیاتی لە ئەمریکا هێناوەتە خوارێ و دەستی مۆنۆپۆلە مەزنە ئەمریکاییەکانی، بەتایبەتی ئەوانەی سەنعەتی چەک دروستکردنیان لەدەست دایە ئاوەڵا هێشتۆتەوە، بۆخۆی هاندەرێکی دیکە بۆ میلیتاریزەکردنی ئابووری لە ئەمریکا و سەرانسەری جیهاندایە.

بوحرانی سەرمایەداری و موسابقەی چەک زیادکردن نەیدەتوانی لەسەر وڵاتەکانی سۆسیالیستی تەئسیر دانەنێ. بوحرانی پێوەندییەکانی ئابووریی نێونەتەوەیی لەکاتێکدا کە پێوەندییەکانی ئابووریی سەرمایەداری نێونەتەوەییدا زاڵن، لە ئابووری وڵاتانی سۆسیالیستیشدا کاریگەری بووە. وەزعی ئابووری هێندی وڵاتانی سۆسیالیستی وەک لەهێستان و ڕۆمانی تووشی تەنگوچەڵەمە بووە. ئەم دوو وڵاتە نەیانتوانیوە لە بیلانی بازرگانیی دەرەوەی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەداریدا تەوازون پێک بێنن. لە ئاکامدا ئێستا چەندین میلیارد دۆلار بە وڵاتانی پێشچووی سەرمایەداری قەرزدارن. وەزعێکی سیاسیی ئاڵۆز کە ئێستا لە لەهێستان پێک هاتوە، پێش هەموو شتێک نەتیجەی هەلومەرجی خراپی ئابوورییە. بێگومان بۆ بەربەرەکانێکردن لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەداری، وڵاتەکانی سۆسیالیستیش ناچارن بەشێکی گرینگی داهاتی نەتەوەیی خۆیان بۆ دروستکردنی چەک و تەقەمەنی تەرخان بکەن.

ئاکامی کۆمەڵایەتیی بوحرانی سەرمایەداری لە وڵاتەکانی جیهانی سێهەمدا زیاتر بەرچاوە. بێکاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و هەژاری ئەو وڵاتانەی داگرتوە کە زۆربەی دانیشتووانی دنیایان تێدا نیشتەجێیە. لەکاتێکدا بەشەرییت زۆر سەرکەوتنی بێوێنەی لە زانست و تەکنیکدا بەدەست هێناوە و بەئاسانی هاتووچۆی مانگ دەکا، لە ساڵی ١٩٨٠ دا لەوڵاتانی جیهانی سێهەم پتر لە پەنجا میلیۆن کەس برسی بوون و لە هێندێک وڵاتدا چەند میلیۆن کەس لەبەر کەمبوون یان نەبوونی خواردەمەنی مردوون.

پاش هاتنەسەرکاری ڕێگان کاربەدەستانی ئەمریکا دەستووری دروستکردنی بۆمبای نۆترۆنییان داوە، بۆمبایەک کە زیاتر بۆ ئینسانکوشتن دروست کراوە و زیانی ماڵیی کەم دەگەیەنێ. زۆر جاریش بەئاشکرا قسە لە ئیمکانی هەڵگیرسانی شەڕێکی بەرتەسکی ئەتۆمی دەکەن. دامەزراندنی مووشەکە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لە ئورووپای ڕۆژئاوا بۆتە هۆی نارەزایەتیی وڵاتەکانی سۆسیالیستی و کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا. بۆیە لە زۆر وڵاتانی ئورووپاییدا خۆپێشاندانی وا گەورە لە دژی سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمریکا وەڕێ کەوتوە کە لە پاش شەڕی جیهانیی دووهەم وێنەی نەبینراوە.

دەوڵەتی ڕێگان خەریکی بووژاندنەوەی بنکە نیزامییەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی دیکەی جیهان بەتایبەتی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وەک میسر و تورکیەدایە. سازکردنی هێزی زەربەتی خێرا و کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی و سوپایەکی زۆر لەم ناوچەیدا نیشاندەری نەقشەی نیزامی و سیاسیی زۆر بەربڵاوی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە. ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەتایبەتی دەیەوێ بوونی سوپای سۆڤییەت لە ئەفغانستان بکاتە بیانوو بۆ دەستدرێژی نیزامیی خۆی لە مەڵبەندی خەلیجدا.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاوێنەی زۆر وەفاداری وەزعی بوحرانی جیهانی سەرمایەدارییە. لە هیچ نوختەیەکی دنیادا ئەوەندە ناتەبایی نێونەتەوەیی و نەتەوەیی، سیاسی و ئابووری و نیزامی کۆ نەبۆتەوە. ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە کۆنترۆڵکردنی ناوچەی خەلیج و تەنگەی هۆرمۆزی بە بناخەی سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داناوە، خەریکە شەبەکەیەکی پان و بەرین لە پاکستانەوە تا عەرەبستانی سعوودی بە سەرکردایەتیی خۆی پێک بێنێ و، ئەگەر بکرێ یەک یان چەندین پەیمانی نیزامی لەم ناوچەیەدا ببەستێ. بۆیە مەترسیی دەستدرێژیی نیزامیی ئەمریکا لەم مەڵبەندەدا زۆر جیددییە و گومانیش نییە کە دەستدرێژییەکی ئەتۆ کارەساتی پێشبینینەکراوی بەدواوە دەبێ.

گیروگرفتی هەرە ئەساسیی سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دوژمنایەتیی چارەسەرنەکراو لەنێو دۆستەکانیدایە. گەورەترین بنکەی سیاسی و نیزامیی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا ئیسرائیلە. بەڵام ئابووریی ئەمریکا بەبێ نەوتی وڵاتەکانی عەرەبی بەتایبەتی عەرەبستانی سعوودی هەڵناسووڕێ. ئەمریکا نە دەتوانێ دەست لە ئیسرائیل هەڵبگرێ و نە بۆشی دەکرێ واز لە عەرەبستانی سعوودی بێنێ. هەتا ئێستاش لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆیدا نەیتوانیوە بڕیارەکانی کەمپ دیوید بێجگە لە میسر، بە هیچ وڵاتێکی عەرەبی بسەلمێنێ. ناکۆکیی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلی داگیرکەر و بەتایبەتی مەسەلەی فەلەستین بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

لە کاتێکدا ئەمریکا و ئیسرائیل بەشداری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین لە وتووێژەکانی

چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستیندا ڕەت دەکەنەوە، وڵاتەکانی عەرەبی ئەم ڕێکخراوەیە بە تەنیا نوێنەری گەلی فەلەستین دەناسن. ئیسرائیل شەڕی جنووبی لوبنانی دژی شۆڕشگێڕانی فەلەستین ساز کردوە و لە زۆر مۆرەی دیکەش وەک ڕێکخراوی ئەمەلی سەر بە ئەمریکا کە لەلایەن ڕێژیمی خومەینیشەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ، بۆ کۆتانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین کەلک وەرەگرێ.

نیشتمانی ئێمە ئێران ناتوانێ لە وەزعی گشتیی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی دوور ڕاگرێ. ڕێژیمی جمهوریی ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا سەرلێشێواوە و هێندی شیعاری پووچ و بەتاڵی نەبێ، هیچ ڕێبازێکی ڕوونی بۆ سیاسەتی دەرەوەی خۆی دانەناوە. لەکاتێکدا دروشمی ئازادکردنی قوودس دەدا، بەنهێنی و بەئاشکرا چەک و تەقەمەنی لە ئیسرائیل و ئەمریکا دەکڕێ. لەکاتێکدا بە قسە خۆی بە پشتیوانی گەلی فەلەستین و دوژمنی ئیسرائیل دادەنێ، بە کردەوە دژی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین دەوەستێ و ئەم ڕێکخراوەیە و بەڕێوەبەرانی دەکوتێ.

ڕێبازی گشتی سیاسەتی حیزبی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەجیهاندا لەمێژە ڕوونە. خەڵکی کوردستان دژی سیاسەتی داگیرکەرانەی ئیسرائیلن و پشتیوانی لە گەلی فەلەستین و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین دەکەن. خەڵکی کوردستان وەک هەموو گەلانی ئێران دژی هەر چەشنە دەستدرێژییەکی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ناوچەی خەلیج دان و بەشبەحاڵی خۆیان بە هەموو هێزیانەوە دژی دەستدرێژییەکی ئەتۆ ڕادەوەستن.

هەروەها حیزبی ئێمە موخالیفی بەستنی پەیمانی نیزامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و پشتیوانی لەو وڵاتانە دەکا کە سیاسەتێکی سەربەخۆی نیشتمانییان هەیە و سەر بە هیچ پەیمانێکی نیزامی نین.

سەردەمی ئێستا سەردەمی ڕزگاریی گەلانە. نەخشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلان لە جیهانی ئێستادا ئەهەمییەتێکی تایبەتیی هەیە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیش بەشێکە لە خەباتی مێژوویی نەتەوە زۆرلێکراوەکان لە ڕێگای ئازادیدا، بەشێکە لە بزووتنەوەی هێزەکانی سۆسیالیستی، دێموکراتی و شۆڕشگێڕ دژی ئیمپریالیزم لە سەرانسەری جیهاندا. سیاسەتی حیزبی ئێمە لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەییدا لەسەر ئەو ئەسڵە گرینگانە دانراوە و هەتا ئێستاش حیزبی ئێمە لەسەر ئەم ڕێبازە پێشکەتووانەیە بەردەوام بووە.

### وەزعی ئێستای ئێران

نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە!

نیشتمانەکەمان ئێران تووشی بوحرانێکی قووڵی گشتی بووە. قووڵترین لایەنی ئەم بوحرانە، بوحرانی ئابوورییە. بەپێی ئاماری ناتەواو ڕادەی بەرهەمهێنان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا نەک هەر نەچۆتە سەرێ، بەڵکوو سەدی سێ کەمتریش بۆتەوە. ئەگەر ئەو ڕاستییەش بخەینە بەر چاو کەهەر لە ماوەی ئەو سێ ساڵدا ژمارەی دانیشتووانی وڵات نیزیکەی سێ میلیۆن زیادی کردوە، ئەودەم قووڵیی ئەو بوحرانە کە ئێران تووشی بووە باشتر دەردەکەوێ. ژمارەیەکی زۆر لە کارخانەکان داخراون و لە ئاکامدا هەزاران بێکاری تازە تێکەڵ بە لەشکری

گەورەی بێکاران بوون.

داهاتی سەرانە زۆر بەخێرایی نزم بۆتەوە و مەسرەفی سەرانەش هاتۆتە خوارێ. بەپێی ئاماری ڕەسمی، مەسرەفی گۆشت لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە سەدی چل لە زەمانی شا کەمتر بووە. کەمبوونەوەی بەرهەمی خۆوڵاتی و پێداویستیی کڕینی کەرەسەی شەڕ بۆتە هۆی زیادبوونی واریدات و بە شێوەیەک کە لە ساڵی ١٣٥٩دا نرخی واریدات شازدە هێندی نرخی سادرات بووە. لەلایەک ڕێژیمی خومەینی لە باری تەکنیکییەوە ئیمکانی زیادکردنی بەرهەمی نەوتی نییە، چونکە زۆربەی پسپۆڕەکان وڵاتیان بەجێ هێشتوە، لە لایەکیش نرخی نەوت لە بازاری جیهانیدا هاتۆتە خوارێ، لەئەنجامدا زەخیرەی ئەرزیی جەمهوری ئیسلامی تەواو بووە. بەپێی بڕوای هەموو خاوەن نەزەران لە دواڕۆژێکی نیزیکدا ڕێژیمی خومەینی لە بازرگانی دەرەوەدا تووشی بنبەستێکی تەواو دەبێ. چونکە ناتوانێ بەڕادەی پێویست سادر بکا، تا بتوانێ بە ئەندازەی پێویستیش وارید بکا. هەر ئێستا زۆر شتوومەک دەست ناکەوێ و ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆتە ژیانێکی کۆپۆنی. بەڵام لە دواڕۆژێکی نیزیکدا وەزعەکە خراپتر و ئاڵۆزتریش دەبێ و ڕێژیمی خومەینش هیچ وەسیلەیەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە بەدەستەوە نییە. چونکەی خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵە، لە توانایدا نییە خەرجی هەڵسووڕاندنی کاروباری وەزارتخانە و ئیدارەکانی دەوڵەتی، بەتایبەتی خەرجی ئەرتەش و بەسیج و سوپای پاسدران و خەرجی زیادیی شەڕ لەگەڵ عێراق و دژی خەڵکی کوردستان بە ڕێکوپێکی بدا. گرینگترین ڕێگا کە ڕێژیم بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە هەڵیبژاردوە، چاپ ردنی دراو و ئەسکیناسی تازەیە. بەپێی ئاماری بانکی مەرکەزی، تەنیا لە ساڵی ١٣٥٩دا ئاوسانی دراوی (تورم پولی) گەیشتووەتە ٤٥ لە سەد کە ڕێکۆردێکی جیهانییە. لەڕاستیدا لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ئەو دراوە کە لەلایەن بانکی مەرکەزییەوە هاتۆتە بازار، سێ چەندان زیادی کردوە و نەتیجەی مەنفیی ئەم کارەش گرانییەکی نەدیتراوە. نرخی هێندی شتوومەک سێ هەتا چوار بەرابەر چۆتە سەرێ، وەزعی ژیانی زەحمەتکێشان کە پێشتریش شپرزە بوو، ئێستا خراپتر بووە. بێگومان بەم شێوەیە شوێنەواری بوحرانی ئابووری لە ماوەی ئەم زستانەدا کە لەپێشمانە، بەتەواوی دەردەکەوێ. لە باسی گیروگرفتە ئابوورییەکانی وڵاتدا لە هەموو شتێک گرینگتر ئەوەیە کە دەوڵەتی جەمهوری ئیسلامی نە بەرنامەیەکی ڕوونی ئابووریی بۆ چارەسەرکردنی ئەم بوحرانە هەیە و نە لە توانای‌دایە بەرنامەیکی ئەوتۆ دابنێ. بەڕاستیش تاقیکردنەوە دەری دەخا کە تەنیا بەرنامەی ڕێژیمی خومەینی، بێ‌بەرنامەییە.

بوحران باری کۆمەڵایەتیی ژیانی وڵاتی ئێمەشی داگرتوە و ڕۆبەڕۆژ ناتەباییەکانی کۆمەڵایەتی توندوتیژتر دەبن، کاتێک کرێکاران و جووتیاران و بەگشتی زەحمەتکێشان وڵات تووڕەیی و بیزاریی خۆیان لە هەژاری و بێکاریی و بێ سەروسامانی دەردەبڕن، لەگەڵ دەسرێژی پاسدرانی ژ–٣ بەدەست بەرەوڕوودەبن. خومەینی زۆرجار گوتوویەتی کە ئیقتساد هی حەیوانە و خەڵک بۆ ئەوە شۆڕشیان نەکردوە کە کاڵەک هەرزانتر بێ.

بێجگە لەوە، ڕێژیم لە هەموو بارێکەوە لە ژیانی فەردیی هاونیشتمانیاندا دەخاڵەت دەکا. هونەر و مووسیقا و وەرزش و تەنانەت شەترەنجیشی حەرام کردوە. بەتایبەتی مەحدوودکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئازادیی فەردی ژنان گەیشتۆتە ئەپەری. وەزعێکی ئەتۆ پێک هاتوە کە نیوەی دانیشتووانی ئێران کە ژنانن لە هەموو چالاکی و تێکۆشانی ئابووری و سیاسی و

کۆمەڵایەتی بێبەش کراون.

لە باری فەرهەنگی و زانستییەوە ڕێژیمی خومەینی هەوڵ دەدا وڵاتی ئێمە بگێڕێتەوە سەدەکانی ڕەشی نێونجی. شوێنەوارێک لە فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیات و فیلم و مووسیقا نەماوە. ڕادیۆ و تەلەویزیۆن بێجگە لە شینگێڕان و قسەی بێنێوەۆکی ئاخوندەکان بەرنامەیەکی دیکەی نییە. پێوەندیی فەرهەنگیی ئێران لەگەڵ فەرهەنگی جیهانی پچڕاوە. زانستگەکان و فێرگە بەرزەکان لە سەرتاسەری ئێراندا داخراون.

نزمیی ئەخلاقی یەکێک لە دیاردە هەرە نیگەرانی هێنەرەکانی ڕێژیمی خومەینییە. فریودان و درۆ تا ڕادەی سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەت چۆتە سەرێ. خەڵکی کوردستان کە بە چاوی خۆیان وەزعی وڵات دەبینن و ئاگایان لە چۆنیەتیی شەڕ هەیە، زۆرباش دەزانن کە کاربەدەستان و ڕادیۆ تەلەویزیۆن و ڕۆژنامەکانی دەوڵەتی چەندە درۆ دەکەن.

سەپاندنی ئەسڵی «ولایت فقیە» بۆتە هۆی ناکۆکیی نێوان مەزهەبەکانی ئیسلام وەک شیعە و سوننی. هەشت میلیۆن سوننی کراون بە هاونیشتمانیی دەرجە دووهەم و سەدان هەزار کەس لە پێڕەوانی ئایینەکانی دیکە (کەمایەتییەکان) وەک جوولەکە و مەسیحی و هی دیکە خراونەتە ژێر تەوژمێکی توندی کۆنەپەرستانە. ئەم هەموو ناکۆکی و ناتەباییەی دەسەڵاتداران و شەڕ لەگەڵ عێراق کە ساڵێک زیاترە درێژەی هەیە و هەروەها شەڕ دژی خەڵکی کوردستان کە دوو ساڵونیوە بەردەوامە، هەموو نیشانەی بوحرانی ڕێژیم لەلایەک و بێدەسەڵاتی کاربەدەستان لە چارەسەرکردنی ئەم بوحرانەدا لەلایەکی دیکەیە. وەزعی ئاڵۆز و چارەسەرنەکراوی سیاسی بۆتە هۆی توندوتیژتر بوونی دووبەرەکی لەنێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا. پاش دوورخرانەوی بەنیسەدر، ناکۆکی لەنێو هەڵسوڕێنەرانی جەمهوری ئیسلامی و کاربەدەستانی ڕێژیمدا هەر درێژەی هەیە.

بێگومان هەرچی ناتەباییەکانی نێو کۆمەڵ توندتر بن و هەرچەندی ڕێژیم لە چارەسەرکردنی گیروگرفتە بنەڕەتییەکاندا زیاتر زەبوون و بێدەسەڵات بێ، لە دوارۆژدا ئەوەندەش ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێو تاقمی دەسەڵاتدار پتر خۆی دەنوێنێ، کە ئەمەش مانای ئامادەتربوونی هەلومەرجی ڕووخانی ڕێژیمی زۆرداری خومەینییە.

### هێندێ ڕووداوی گرینگی دوو ساڵی ڕابردوو

خوشک و برا بەڕێزەکان!

لە ماوەی کۆنگرەی چوارەم و کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا وڵاتی خۆشەویستمان ئێران و بەتایبەتی کوردستان هێندێ ڕووداوی گەورەی بەخۆیەوە دیوە. هێشتا دوو مانگ بەسەر کۆنگرەی چوارەمدا ڕانەبردبوو، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨دا بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی و بۆ پشوو تازەکردنەوەی هێزەکانی بە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی شەڕی پەلاماردەرانەی کوردستانی ڕاگرتبوو، سەرلەنوێ هێرشی کۆنەپەرستانەی خۆی بۆسەر خەڵکی کوردستان دەست پێکردەوە. پەلاماری ئەمجارەی کۆنەپەرستی بۆسەر کوردستان لەگەڵ هێرشی دڕندانەی هاوینی ساڵی ١٣٥٨ جیاوازییەکی زۆری هەبوو. لەپێشدا گەماورۆیەکی توندی ئابووریی خستە سەر کوردستان و تەنانەت پێشی هاتنی دەرمانی نەخۆشان و شیری وشکی منداڵانیشی گرت، بەو مەبەستە کە خەڵکی

قارەمانی کوردستان بەچۆکدا بێنێ؛ پاشان کاتێک تێگەیشت کە ئەو کارە دژی‌گەلییە چووکترین شوێنەوار لەسەر ورەی بەرزی کۆمەڵانی تێکۆشەری گەلی کورد دانانێ، بارانی گوللە و تۆپ و خۆمپارە و ڕاکێت و بۆمبای بەسەر ژن و منداڵ و پیر و پەکەوتووی شار و گوندی کوردستاندا باراند.

جموجۆڵی شەڕخوازانە و ئاژاوەگێڕانەی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیم هەر لە زستانی ساڵی ١٣٥٨دا دەستی پێکردبوو. هێشتا ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی کۆنگرە چۆڵ نەکرابوو کە لە شیمال و جنووبی کوردستانەوە خەبەری پەلاماری دوژمن بە ئێمە دەگەیشت. لە ناوچەی کامیاران لە جنووب وێڕای گەمارۆی ئابووری، پەلاماری نیزامییش درێژەی هەبوو. لە شیمالیش لە دەوروبەری ورمێ، کۆنەپەرستان دەیانویست شۆڕشگێڕانی کورد چەک بکەن، بەڵام هێرشی بەربڵاو و بێبەزەیی جەللادانی ڕێژیمی خومەینی لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩دا دەست پێکرا.

یەکەم قوربانیی ئەو پەلامارە وەحشیانەیە شاری قارەمانپەروەری سنە بوو. سنەی خوێناوی نیزیکەی چل ڕۆژ لەژێر ئاگربارانی تانک و تۆپ و خۆمپارە و هێلیکۆپتێر و فانتۆمدا بوو. هەزارن شەهید و بریندار ی دا، بە سەدان خانوو بەسەر دانیشتوانی بێدیفاعدا ڕووخان، دەیان و بگرە سەدان میلیۆن تمەن زیان و زەرەری ماڵیی وێکەوت. بەکورتی، هەرچی شوێنەواری ئاوەدانی و ژیانی ئادەمیزادی سەدی بیستەمە، لە نەخۆشخانە و قوتابخانە و تەلەفۆنخانە و هی تر، هەمووی بەدەستی کوندەبووی نەگبەتی لەنێو چوو. سەرهەنگ سەدری، فەرماندەی بەکرێگیراوی پادگانی سنە بە خۆڕانانەوە دەیگوت: لە هەر ساعاتێکدا چوارسەدوپەنجا گوللە خۆمپارە بە شاری قارەمانانەوە دەنێ.

لێرەدا پێویستە بگوترێ کاتێک هێزەکانی ڕێژیم بە مەبەستی شەڕهەڵگیرساندن دەیانەویست بەنێو شاری سنەدا تێپەڕن و بەرەو سەقز بڕۆن، حیزبی ئێمە زۆری هەوڵ دا کە ڕێگایان بدرێ بڕۆن بۆ ئەوەی شەڕەکە بچێتە دەرێی شار و خەڵکی بێدیفاع نەکوژرێ و شارەکەش وێران نەبێ؛ بەڵام بەداخەوە هێندێ دەستەوتاقمی بێ‌ئەزموون و بێ‌مەسئوولییەت شەڕەکەیان لەنێو شاردا هەڵگیرساند و کاتێکیش دوژمن بە هەموو هێزی جەهەننەمیی خۆیەوە دەستی بە کوتانی شار کرد، پێشمەرگەکانی ئێمە جگە لەوە کە دیفاع لە خەڵک بکەن، ڕێگایەکیان بۆ نەمایەوە. هەربۆیەش ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب دیفاعێکی یەکجار قارەمانانەیان لە شاری نەبەزی سنە کرد و دە ڕۆژ دوایی، تەواوی ئەو کەسانە کە لایەنگری شەڕی نێوشار بوون، شاریان بەجێ هێشت. بەداخەوە لەو شەڕەدا زیاتر لە بیست پێشمەرگەی حیزب شەهید و دەیان کەسی دیکەشیان بریندار بوون. بەڵام سەرەئەنجام خەڵکی شاری سنە ڕاستی و دروستیی سیاسەتی حیزبی ئێمەیان بۆ دەرکەوت و تێگەیشتن لە بەر پاراستنی گیان و ماڵی ئەوان بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی لە شەڕی نێوشار دەبوارد.

بەدوای سنەدا شاری نەبەزی سەقز و شاری قارەمانی بانە کەوتنە بەر هێرش. ئەو دوو شارە سەرسەخست و لەشکاننەهاتووەش هەرکامەی زیاتر لە مانگێک لەژێر ڕەهێڵەی شێستتیر و بارانی تۆپ و خۆمپارە و ڕاکێتی کۆنەپەرستیدا ژن و پیاو و پیر و لاویان بوو بە قوربانیی سیاسەتی فاشیستی ڕێژیمی خومەینی.

هاوکات لەگەڵ کوتانی شارەکانی کوردستان، هێرشی کۆنەپەرستی بۆسەر ناوچە لادێییەکانییش دەستی پێکردبوو. لە شیمالەوە تا جنووب لە هەموو جێگایەک ئاگری شەڕێکی

نارەوا کلّپەی هەڵدەستا و شار و گوند و شاخ و دەشتی پێکەوە دەسووتاند. لە کۆتایی هاوینی ١٣٥٩دا ڕێژیمی خومەینی هێرشی دڕندانەی خۆی هێنایە سەر شاری قارەمانان، شاری قازی محەممەد، شاری مەهابادی خوێناوی. کۆنەپەرستان و دوژمنانی گەل ڕقێکی تایبەتییان لە خەڵکی مەهاباد هەبوو. ساڵی ١٣٥٨ لە شەڕی مەهاباددا زەبری گورچووبڕیان لە لایان ڕۆڵە ئازا و نەبەزەکانی کوردستان لێدرابوو. هەربۆیە دەیانویست ڕقی خۆیان بە خەڵکی قارەمانی مەهاباد برێژن. فەرماندەی پادگان بەپانەوە دەیگوت دەستوورمان پێدراوە کە مەهاباد خاپوور بکەین و پیواز و پەتاتەی لێ بچینین. لەو کاتەوە تا ئیستا سێ جار و هەرجارەی بۆ ماوەی پانزدە تا سێ ڕۆژ شاری خۆشەویستی مەهاباد کەوتۆتە بەر تۆپباران و خۆمپارەبارانی دوژمنانی ئازادی و لەو ماوەیەدا زیاتر لە هەزار کەس لە خەڵکی بێدیفاع و دەیان کەس لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری لەو شارەدا شەهید و بریندار بوون.

لە ناوچە لادێییەکانیشدا هێزەکانی کۆنەپەرستی دڕندەیی و خوێنخۆریی خۆیان گەیاندە ئەوپەڕی. لەهەر جێگایەک بەرامبەر بە هێزی لەشکان‌نەهاتووی پێشمەرگە خۆیان پێ ڕانەگیرا و پاشەکشەیان کرد، پەلاماریان بردە سەر دێنشینە بێدیفاعەکان و قەلاچۆیان تێخستن. قەلاتان و ئیندرقاش و وسووکەند و خانەگێ و سۆفیان و کولیج و سەرووکانی و دارەلەک و دەیان گوندی دیکەی کوردستان شاهیدی وەحشیگەری و خوێنڕێژیی بەناو پاسدارانی ئیسلام! بوون. بەکورتی هیچ شارێکی کوردستان نەما کە بەر پەلاماری کۆنەپەرستی نەکەوێ و کەمتر دێیەک لەو نیشتمانە پان بەرینەدا ما کە دەستی چەپەڵی دوژمنانی ئازادی جینایەتێکی تێدا نەخولقاندبێ. بەلام خەڵکی قارەمان و ئازادیخوازی کوردستان بەرامبەر بەو هەموو پیاوکوژی و دڕندەییەی دوژمنانی مرۆڤایەتی وەک کێوێکی پۆلایین ڕاوەستان و هیچ کاتێک تەسلیمی زەبروزەنگی کۆنەپەرستان نەبوون. خەڵکی شارەکان تەرمی نیزیکترین خۆشەویستانی خۆیان لە حەوشەی ماڵەکانیاندا دەناشت. بەلام حازر نەبوون سەر بۆ دوژمن نەوی بکەن. فەرماندەی پادگانی مەهاباد دوای شەش مانگ زەبروزەنگ و تۆپبارانی شار بەئاشکرا زەبوونی و بێچارەیی خۆی دەربڕی و گوتی شەش مانگە من لێرەم، یەک نەفەر مەهابادی ڕووی نەکردۆتە پادگان. خەڵکی گوندە کاولکراوەکانی کوردستانیش تفەنگ لەسەر شان لە ڕیزی پێشمەرگەدا دیفاعیان لە ئازادیی گەلەکەیان دەکرد و دەیانگوت ئێستا کەدێیەکانمان سووتاوە چیمان ماوە لە دەستی بدەین؟

قەلاچۆی چەند گوندی کوردستان نەک هەر دێنشینە بەشەڕەفەکانی چاوترسێن نەکرد، بەڵکو زیاتر هانی دان کە چەک بکرن و دیفاع لە خۆیان بکەن تا بە دەردی ئیندرقاش و وسووکەند و گوندەکانی دیکە نەچن. بەو جۆرە گەلی کورد بە دنیای نیشان دا کە لە پێناوی ئازدیدا لە هیچ جۆرە فیداکارییەک درێخی ناکا و هەربۆیەش مافی ژیانێکی ئازاد و سەربەستی هەیە.

### خوشك و برا بەڕێزەكان!

هەروەک دەزانن تەنیا چەند هەفتە دوای تەواوبوونی کاروباری کۆنگرەی چوارەم هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلسی شوڕا لە سەرتاسەری ئێراندا دەستی پێکرا. لەگەڵ ئەوەی حیزبی ئێمە لە لایەن دەوڵەتی خومەینییەوە هەڵوەشاوە! ناسرابوو، و هەرچەند پێشمان وانەبوو ئەو ڕێژیمە ڕێگا دەدا نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵکی کوردستان بچنە مەجلیس، دیسان لەو هەڵبژاردنەدا

بەشدار بووین. هەرچەند لە زۆر شاری جنووبی کوردستان هەر لە سەرەتاوە ڕێژیمی خومەینی بە بیانووی ئەوە کە ئەمنییەت نییە ئامادە نەبوو هەڵبژاردن پێکبێنێ. بەڵام بە ئیقراری نوێنەرانی وەزارتی کیشوەر کە بۆ چاوەدێریی هەڵبژاردن هاتبوونە کوردستان، هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس لە کوردستاندا نموونەی هەڵبژاردنێکی سالم و دێموکراتی بوو. لەو هەڵبژاردنەدا کە خەڵکی کوردستان بۆ یەکەم جار دەیانتوانی بەئازادی دەنگ بدەن و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن، کاندیداکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشی زۆری حەوزەکانی هەڵبژاردندا هەر لە قۆناخی یەکەمدا سەر کەوتن و لە حەوزەکانی دیکەشدا هەموو کاندیداکانی حیزب چوونە دەوری دووهەم.

هەڵبژاردنی مەجلیس دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەرببڕن. ئەگەر لە سەریەک حیسابی بکەین، سەدی هەشتای خەڵکی کوردستان دەنگی خۆیان دابوو بە کاندیداکانی حیزبی ئێمە. بەڵام هەروەک چاوەڕوان دەکرا ڕێژیمی خومەینی هیچ ڕێزێکی بۆ ڕای خەڵکی کوردستان دانەنا و ڕێگای نەدا هیچ کام لە نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵکی کوردستان بچنە مەجلیس. تەنانەت لە زۆر حەوزەی هەڵبژاردنیشدا هەر لەبەر ئەوەی دەیزانی کاندیداکانی حیزب سەرکەوتوون، هەڵبژاردنەکەی هەڵوەشاندەوە و بەغەیرە قانوونیی! دانا.

لە دواڕۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٣٥٩دا داستانی بە بارمتەگرتنی کارمەندانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بە ئازادکردنی ئەوان لە لایەن ڕێژیمی خومەینییەوە کۆتایی هات. کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی ڕێژیمی ڕیاکاران نیزیکەی ١٥ مانگ خەڵکی ئێرانیان بە مەسەلەی بارمتەکانەوە سەرگەرم کرد و گرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکایان وەک کردەوەیەکی دژی ئیمپریالیستی لەقەڵەم دا. تەنانەت بێشەرمییان گەیاندە ڕادەیەک کە ئەو کارەیان بە شۆڕشێکی گەورەتر لە شۆڕشی ٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧ دانا. هێندێ حیزب و ڕێکخراوی هەلپەرست و خۆبەدەستەوەدەریش ئەو کارە غەیرە قانوونییەیان بە نیشانەی دژی ئیمپریالیستبوونی ڕێژیم زانی و زۆریان بە بەژن و باڵا هەڵگوت. بەداخەوە هێندێ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەش تووشی هەڵە بوون و بێئەملاوئەولا پشتیوانییان لەو کارە بێقانوونییەی ڕێژیمی خومەینی کرد. ڕێژیم لەو جەوە کە پێکی هێنابوو کەلکی وەرگرت و توانی بناخەی خۆی پتەوتر بکا. قانوونی ئەساسیی کۆنەپەرستانەی خۆی بە تەسویب گەیاند و پاوانخوازیی حیزبی جمهووریی ئیسلامی، حیزبی گۆپاڵبەدەستانی بەسەر گەلانی ئێراندا زاڵ کرد.

حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە لەو باوەڕەدا بوو کە بەبارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی ئەمریکایی ناتوانێ نیشانەی دژی ئیمپریالیستبوونی ڕێژیم بێ و، ئەوکارە تەنیا بۆ فریودانی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێرانە. ئێمە پێمانوابوو ئەو کارە بەپێچەوانەی قانوون و ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکانە و تەنیا بەرهەمێک کە لێی وەردەگیرێ، بێئیعتیبار بوونی ئێران لە لای بیروڕای گشتیی خەڵکی دنیا دەبێ.

تێپەڕبوونی ڕۆژگار ڕاستی و دروستیی بۆچوونەکەی ئێمەی نیشان دا. هەرچەند ڕێژیمی خومەینی لە پێشدا بۆ ئازادکردنی بارمتەکان چەندین شەرتی وەک گەڕاندنەوەی حەمەڕەزاشا و داراییەکەی دانابوو، بەڵام سەرئەنجام پاش ٤٤٤ ڕۆژ هەراوهوریا و دوای ئەوی زیانێکی زۆر بە ناوبانگ و ئیعتیباری وڵاتەکەمان گەیشت، ڕێژیمی ڕیاکاران لەگەڵ بەناو شەیتانی

گەورە ڕێک کەوت و بێئەوەی هیچکام لە شەرتەکانی جێبەجێ کرابن؛ بارمتەکانی ئازاد کرد.
هەروەک دیتمان بەبارمتەگرتنی کارمەندانی باڵیوزخانەی ئەمریکا وڵاتی ئێمەی تووشی گەمارۆی ئابووری هێنا و خەڵکی هەژار و نەداری ئێرانی لەگەڵ کەمبوون و تەنانەت نەبوونی زۆر شتومەکی هەرەپێویستی ژیان بەرەوڕوو کرد. ئەو بەبارمتەگرتنە بوو بەهۆی ئەوەی نیزیکەی دوازدە میلیارد دۆلار زەخیرەی ئەرزیی ئێران دەستی بەسەردا بگیرێ، کە ڕێژیمی خومەینی بە ئازادکردنی بارمتەکان تەنیا چوار یەکێکی ئەو پووڵەی بۆ ئازاد کرا.

**خوشکانی خۆشەویست، برایانی بەڕێز!**

لەساڵی ڕابردوودا سیاسەتی نەزانانەی ڕێژیمی خومەینی و هەراوهۆریای بۆ دەرەوەناردنی شۆڕش! سەرئەنجام شەڕێکیماڵوێرانکەری بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند. لە ئاکامی دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق بۆ سەر ئێراندا کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتی مەزنیخوازانەی ڕێژیمی خومەینی بوو، هەزاران کیلۆمیتر لە خاکی نیشتمانی خۆشەویستمان ئێران، ئەویش لە ناوچەیەک کە بە شارەگی ژیانی ئابووریی وڵاتەکەمان دەژمێردرێ کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەرتەشێکی بێگانەوە. چەندین شار و سەدان و بگرە هەزاران دێ لە خوزستان و جنووبی کوردستان خاپوور بوون، زیاتر لە دوو میلیۆن کەس لە خەڵکی ناوچە شەڕلێدراوەکان ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی ئێران بوون کە لەگەڵ بێجێگا و ڕێگایی و نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان بەرەوڕوون. دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئێران بەهۆی سیاسەتی چەوتی کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانەوە گیانی خۆیان لە دەست داوە، یان بریندار و نقوستان بوون و دەیان میلیارد دۆلار زیانی ماڵی، وە ئابووریی شپرزە و بێبەرنامەی وڵاتەکەمان کەوتوە.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزب چەند ڕۆژە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق لە پەیامێکی ڕەسمیدا دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق بۆسەر ئێرانی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەڕەسمی بناسێ، حیزبی ئێمە ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا. کۆمیتەی ناوەندی هەر لەوکاتەشدا ئاشکرای کرد کە پەلاماری عێراق بۆ سەر ئێران، بەرهەمی سیاسەتی چەوتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە کە هەمیشە باسی ناردنەدەرەوەی شۆڕشیان کردوە و خەڵکی وڵاتانی دراوسێیان لەدژی دەوڵەتەکانیان هان داوە. دیارە نیازپاکیی ئێمە وەک هەمیشە بێوەڵام مایەوە و تەنانەت ئەنجامی پێچەوانەشی هەبوو. چونکە دوابەدوای ئەو پەیامە هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکان بۆسەر کوردستان توندوتیژتر بوو. بەداخەوە هەتا ئێستاش ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە درێژەی هەیە و جارێ هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیش بۆ کۆتاییهاتنی بەرچاو ناکەوێ. هۆیەکشی ئەوەیە کە ڕێژیمی خومەینی، مانەوەی خۆی لە درێژەپێدانی ئەو شەڕەدا دەبینێ و هەربۆیەش هەموو پێشنیارێکی وتووێژ و شەڕراگرتن ڕەت دەکاتەوە.

لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا ناکۆکی و کێشەی نێوان جەناحەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ڕۆژبەڕۆژ پەرەی ئەستاند و سەرئەنجام پاش چەندین جار پینەوپەڕۆکردن لە لایەن خومەینییەوە، ناکۆییەکە بەتەواوی کەوتو ڕوو. خومەینی کە لە پێشدا وای دەنواند کە گۆیا

لە کێشەی نێوان کاربەدەستانی ڕێژیمدا بێلایەنە، هەروەک چاوەڕوان دەکرا لە ئاخر لەحزەدا لایەنی کۆنەپەرستترین جەناحی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوای گرت و لە ئاکامدا بەنی سەدر لە مەقامی سەرکۆماری وەلانرا و بە زەحمەت توانی گیانی خۆی لە چنگی گۆپاڵبەدەستانی حیزبی جەمهوریی ئیسلامی ڕزگار بکا.

کۆمیتەی ناوەندی لە دوارۆژەکانی توندبوونی ناکۆکیی نێوان دەسەڵاتدارانی ئێراندا، وێڕای وەبیرهێنانەوەی هەموو سیاسەت و هەڵوێستە چەوتەکانی سەرکۆمار پێشنیاری بە بەنیسەدر کرد، ئێستا کە بەهۆی دیفاع لە لانیکەمی دێموکراسی و لەقاودانی جینایەت و خەیانەتەکانی حیزبی پاوانخوازانەوە بەو ڕۆژە گەیشتوە، بۆ درێژەپێدانی خەبات لە دژی کۆنەپەرستی و بۆ پاراستنی گیانی خۆی بێتە کوردستان، سەنگەری ئازادی و ئازادیخوازانی ئێران؛ بەڵام ئاغای بەنی سەدر ئەو بانگهێشتنەی قبووڵ نەکرد و پاش ماوەیەک لە گەڵ کاک مەسعوود ڕەجەوی، ڕێبەری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران بە فڕۆکەیەکی ئەرتەشی ڕۆیشتنە فەرانسە.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئیعدامی بەکۆمەڵی ئازادیخوازانی ئێران و لە ژێرپێنانی تەواوی ئازادییە دێموکراتییەکان و قەدەخەکردنی تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی ئێران لە لایەن ڕێژیمە درێژەی هەبوو. بەتایبەتی دوای وەلانانی بەنی سەدر و بەرواڵەت یەکدەستبوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، کوشتاری ئازادیخوازان و تەنانەت ئێعدامی تازەلاوانی کەمتر لە ١٥ ساڵ بە چەشنێکی سامناک پەرەی ئەستاند، بە جۆرێک کە لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا بەپێی ئاماری ڕەسمیی دەوڵەت نیزیکەی دوو هەزار و پێنسەد کەس لە لاوانی تێکۆشەری ئێران بە دەستی جەللادانی ڕێژیمی خومەینی ئیعدام کراون. بەداخەوە ژمارەی واقیعیی ئیعدامکراوەکان زۆر لەوەش زیاترە و هەر بۆخۆمان شاهیدین کە هەتا ئێستا زیاتر لە سەد لاوی کوردیان ئیعدام کردوە، بێئەوەی خەبەری ئیعدامەکەیان بڵاو بکرێتەوە.

**نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە!**

بە بیروڕای ئێمە گرینگترین ڕووداوی دوو ساڵی ڕابردوو ئەوەیە کە لە ئاکامی سیاسەتی کوشتوبڕ و زەبروزەنگی ڕێژیمی خومەینیدا هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری ئێران و لەسەرووی هەموویانەوە موجاهیدینی خەڵق کێردیان گەیشتۆتە ئێسکان و بۆ دواییهێنان بە تەمەنی پڕ شەرم و شوورەیی دیکتاتۆریی کۆنەپەرستان دەستیان داوەتە خەبات چەکدارانە. لە ماوەی پێنج شەش مانگی ڕابردوودا هێزە دێموکراتییە شۆڕشگێڕەکان بە دەیان زەبری کاریگەریان لە پەیکەری ڕێژیم داوە، کە لەوانەدا دەیان کەس لە ڕێبەرانی ڕێژیم وەک سەرکۆمار، سەرۆک وەزیر، سەرۆکی حیزبی گۆپاڵبەدەستان و سەرۆکی دیوانی عالیی وڵات سەرۆکی ستادی ئەرتەش، وەزیری شەڕ و زۆر کەس لە ئەندامانی کابینە و مەجلیسی شووڕای کۆنەپەرستان کوژراون.

ئێستا لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا لە شار و لادێ بزووتنەوەی چەکدارانە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی دەستی پێکردوە و هەر ڕۆژە سەرکەوتنێکی تازە وەدەست دێنێ. ئەگەر تا چەند مانگ لەمەبەر وا دەهاتە بەرچاو کە حیزبی ئێمە و خەڵکی کوردستان لە مەیدانی خەبات دژی ڕێژیمی خومەینیدا تەنیان، ئەمڕۆ تەواوی ئەو هێزانە کە بەڕاستی شۆڕشگێڕن و لەبیری ڕزگارکردنی ئێرانی خۆشەویستماندان، چەکدارانە لەدژی ئەم ڕێژیمە ڕاپەڕیون.

ئەم شانازییەش بۆ پێشمەرگەکانی کوردستان ماوەتەوە کە یەکەم هێزی ئێرانی بوون بەگژ دیکتاتۆریی کۆنەپەرستاندا چوونەوە و ئاڵای خەباتی چەکدارانەیان بەرز کردۆتەوە.

بەرهەمی سروشتی سیاسەتی چەوت و نەزانانەی ڕێژیمی خومەینی ئەوە بووە کە هەم لە نێوخۆی وڵاتدا و هەم لە مەیدانی نێو نەتەوەیدا ئەو ڕێژیمە بە تەنیا ماوەتەوە. لە نێوخۆی ئێراندا هەموو هێزە ڕەسەن و شۆڕشگێڕەکان و هەموو چین و توێژە دێموکراتی و پێشکەوتووەکان و تەواوی گەلانی زۆرلێکراوی وڵات جەوهەری ڕێژیمی خومەینییان بۆ دەرکەوتوە و لەوەش زیاتر تێگەیشتوون کە هۆی بنەڕەتیی تەواوی ئەو کەموکوڕی و نابەسامانی و مەرگ و ماڵوێرانییەی خەڵکی ئێران شەخسی خومەینییە و هەر بۆیەش یەکپارچە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرستان وەخۆ کەتوون. لە دەرەوەی ئێرانیش بەهۆی سیاسەتی مەزنیخوازانەی ئاخوندەکانی نێودەسەڵاتی فەرەمانڕەوا و لەبەر پێشێلکردنی هەموو ڕیوشوێنێکی ئینسانی و نێونەتەوەیی لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە، دەوڵەتی خومەینی بەجارێک لە پێش چاوی بیروڕای گشتیی جیهانی بێزڕاوە. بەڕاشکاوی دەتوانیین بڵێین کە ئێستا هیچ دەوڵەتێک لە دنیادا نییە بەڕاستی حەز بە مانەوەی ئەو ڕێژیمە بکا، یان کردەوە دژی گەلییەکانی پەسند بکا. بەوجۆرە خومەینی و داروەستەکەی بە دەستی خۆیان ڕێگایان بۆ ڕووخانی ڕێژیمەکەیان خۆش کردوە و ئێستا بۆ هیچ کەس گومانی تێدا نەماوە کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەخێرایی بەرەو هەڵدێری ڕووخان و لەنێوچوون دەڕوا.

**سیاسەتی حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی چوارەم و پێنجەم**

پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بگوترێ کە هەم پێش کۆنگرەی چوارەم و هەم دوای ئەو کۆنگرەیە تا ئێستا و هەم لە دوای کۆنگرە پێنجەمیش تەنیا ئەسڵێک کە ڕێبازی گشتیی سیاسەتی حیزبی ئێمە دیاری دەکا، سوود و قازانجی خەڵکی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی نیشتمانیی سەرانسەری ئێرانە. لە چوارچێوی ئەو ئەسڵە گشتییەدا نوختە ئەساسییەکانی سیاسەتی حیزبی ئێمە لە چوار ئەسڵی گشتیدا پوخت دەبنەوە کە پێمانوایە کۆنگرەی پێنجەمیش پەسندیان دەکا و سیاسەتی حیزبی ئێمە لە دوای کۆنگرەش بەگشتی لەو چوار ئەسڵە پەیڕەوی دەکا کە بریتین لە:

خەبات دژی نفووزی سیاسی، ئابووری، نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا؛ خەبات بۆ دابینکردنی دێموکراسی و ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا؛ خەبات بۆ دابینکردنی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کرێکاران و جووتیاران و هەموو زەحمەتکێشانی شار و لادێ و؛ خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەواتەتییەکانی گەلانی زۆرلیکراوی ئێران بەشێوەی خودموختاری و لە چوارچێوی ئێرانێکی ئازاد و سەربەخۆدا.

لەگەڵ ئەوەی کە خەبات دژی ئیمپریالیزم گرینگتر و گشتیترە و هیچ کاتێک نابێ لە نرخ و بایەخی کەم بکرێتەوە، لە گەڵ ئەوەش کە ئەو چوار ئەسڵەی باسمان کردن لەڕاستیدا چوار لایەنی خەباتێکی گشتیین، زۆر لەمێژە کۆمیتەی ناوەندی گەیشتۆتە ئەو بڕوایە کە لەبەر ئەوەی ڕێژیمی خومەینی شوێنەوارێکی لە ئازادی و دێموکراسی نەهێشتۆتەوە و هێزە دێموکراتییەکان بە هیچ جۆر دەرەتانی خەباتی ئاشکرا و قانوونییان بۆ نەماوەتەوە،

لە هەلومەرجی ئێستادا ئەرکی ئەساسیی هەموو هێزە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان خەبات دژی کۆنەپەرستی و سەرەڕۆیی بۆ دابینکردنی دێموکراسی و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتییە. خەبات بۆ دێموکراسی لە بەر ئەوە بۆتە ئەڵقەی ناوەندی خەباتی ئێستای گەلانی ئێران، چونکە بوونی ئازادییە دێموکراتییەکان، ڕێگای خەبات دژی ئیمپریالیزم و خەبات بۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی زەحمەتکێشان و مافی خودموختاری گەلانی زۆرلێکراوی ئێران خۆش دەکا و زامنی پێشکەوتنی ئەو خەباتەیە.

بەپێچەوانەی تەبلیغاتی هێندێ تاقمی بەناو دەستی چەپی کە لە هەلومەرجی ئێستادا پشتی ڕێژیمی جینایەتکاری خومەینی دەگرن و هەوڵ دەدەن بۆ ئەم هەڵوێستە چەوتەی خۆیان تیئۆری داتاشن، خەبات دژی ئیمپریالیزم مەقوولەیەکی موجەڕەد نییە، بەڵکوو مانا و نێوەڕۆکی ڕوونی خۆی هەیە.

مەبەست لە خەبات دژی ئیمپریالیزم خەبات بۆ خاشەبڕکردنی نفووزی سیاسی، ئابووری، نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزمە، مەبەست لە خەبات دژی ئیپمریالیزم دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی و پەرەپێدانی سەربەخۆیی ئابووریی وڵاتە. ئەو مەبەستەش بە بەشداریی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک و هێزە دێموکراتی و شۆڕشگێڕەکانیان لە خەباتی دژی ئیمپریالیستیدا پێک دێ. هیچ ڕێژیمێک تەنیا بە شوعاردان لەدژی ئەمریکا نابێتە دژی ئیمپریالیست. ناکری ڕێژیمێک بەڕاستی دژی ئیمپریالیست بێ، بەڵام وەک ڕێژیمی خومەینی، ڕێگای نەدا کۆمەڵانی ئازادیی ئەوەیان هەبێ کە بە هەموو توانایانەوە دژی ئیمپریالیست خەبات بکەن، ناکرێ ڕێژیمێک بەڕاستی دژی ئیمپریالیست بێ، بەڵام وەک ڕێژیمی خومەینی بە هەموو هێز و ئیمکاناتییەوە شۆڕشگێڕترین و شێلگیرترین هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و سازمانی موجاهیدینی خەڵق سەرکوت بکا. ناکرێ ڕێژیمێک دژی ئیمپریالیست بێ وەک ڕێژیمی خومەینی داخوازە نەتەوایەتییە ڕەواکانی گەلی زۆرلێکراوی کورد بە گوللە وەڵام بداتەوە. ناکرێ ڕێژیمێک بەڕاستی دژی ئیمپریالیست بێ و وەک ڕێژیمی خومەینی بە ڕاونان و گرتن و ئیعدام بەرەنگاری داخوازە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی زەحمەتکێشان بێتەوە.

ڕێژیمێکی بەڕاست دژی ئیمپریالیست ڕێژیمێکی دێموکراتە، پشتیوانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوە و بۆ وەدیهێنانی داخوازە ڕەواکانی زەحمەتکێشان هەوڵ دەدا. مێژوو نیشانی داوە و زۆریش مەنتیقییە کە هەموو ڕێژێمکی زۆردار و دژی گەلی، هەموو ڕێژیمێکی کۆنەپەرست و دیکتاتۆر چونکە بەکردەوە خزمەت بە ئیمپریالیزم دەکا، زوو یان دەرنگ بەتەواوی لە کۆمەڵانی خەڵک دەبڕێ و ناچار دەبێ خۆی باوێتە باوەشی ئیمپریالیزمەوە و قازانج و نفووزی ئیمپریالیستەکان بپارێزێ. بۆیە خەبات لەپێناوی دێموکراسی بۆ ئێران، خەبات بۆ خودموختاری بۆ کوردستان هەر لەوکاتەدا خەبات دژی ئیمپریالیزمیشە. هیچ هێزێک و هیچ ڕێژیمێک لە جیهانی ئێستادا ناتوانێ دژی ئیمپریالیست بێ، بەڵام ڕقی لە ئازادی بێ، دوژمنایەتیی ڕزگاریی گەلانی زۆرلێکراو بکا، هەقی زەحمەتکێشان لەژێر پێ بنێ و ڕێز بۆ مافەکانی ئینسان دانەنێ. ڕیژیمێکی وەک ڕیژیمی خومەینی نەک هەر دژی ئیمپریالیست نییە، بەڵکوو پشتیوان و یاریدەدەری ئیمپریالیزمەوە و بە هەموو ئاکار و کردوەی خۆی ڕێگا بۆ جێگیربوونەوەی نفووزی ئیمپریالیزم لە وڵاتی خۆشەویستمان ئێراندا خۆش دەکا.

سیاسەتی حیزب بەرامبەر بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە دوای کۆنگرەی چوارەمیش لەڕاستیدا

درێژەی سیاسەتی پێش کۆنگرە بوو. هەروەک هەموو خەڵکی کوردستان و زۆربەی خەڵکی ئێرانیش ئاگادارن، کۆمیتەی ناوەندی ئەوەندی لە توانایدا بووە هەوڵی داوە ڕێگا چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد بدۆزیتەوە و گەلەکەمان لە شەڕ و کێشە و مەرگ و ماڵوێرانی بپارێزێ. هەرچەند لەو ڕێگایەدا زۆر جار کەوتۆتە بەرپلار و تیروتانەی دەستە و تاقمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، بەڵام ڕێبەرایەتیی حیزب ئەو سیاسەتە ئوسوولییەی درێژە پێداوە و لە هەموو دەرفەتێک بۆ وتوویژ و چارەسەری ئاشتیخوازانە کەلکی وەرگرتوە.

هێشتا کۆنگرەی چوارەم کارەکانی خۆی تەواو نەکردبوو کە سەرکۆماری وەخت لەسەر داوای کۆمیتەی ناوەندیی پێش کۆنگرە، موافەقەتی خۆی لەسەر چوونی دەستەیەکی نوێنەرایەتیی حیزب بۆ تاران و وتوویژ لەگەڵ سەرکۆمار پێ ڕاگەیاندین. کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگری چوارەم هەوەڵ کاری ناردنی دەستەیەکی نوێنەرایەتی بۆ لای سەرکۆمار بوو. نوێنەرانی حیزب لە وتوویژەکانی خۆیاندا شەش ئەسڵی بەناوبانگی خودموختارییان خستە بەر چاوی سەرکۆمار. ئەو شەش ئەسڵە بەڕواڵەت لە لایەن سەرکۆمارەوە پەسندکران. بەڵام کاتێک بەنیسەدر گەڵاڵەی پێشنیارکراوی حیزبی ئێمە بردبووە شوڕای ئینقلاب کە لەژێر دەستی ئاخوندە بەرچاوتەنگەکاندا بوو، لەوێ ڕەت کرابۆوە.

سەرنەکەوتنی سەفەری دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب، کۆمیتەی ناوەندیی لە هەوڵ و تەقەلای ئاشتیخوازانە سارد نەکردەوە، دیسانیش بە نامەی سەرئاوەڵا و بە یاداشت و بە هەموو ڕێگایەکی موومکیندا ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد نیشان دا. کاتێک هەیئەتێکی سێ کەسی لە لایەن سەرکۆمارەوە بۆ وتوویژ لەسەر گیروگرفتی کوردستان هاتە مەهاباد، ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە ئەوپەڕی نیازپاکیی خۆی نیشان دا و تەنانەت هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیشی قانیع کرد کە پێویستە بۆ تەقەوەستاندن ئامادەبن و لەو دەرفەتە بۆ دواییهێنان بە شەڕی کوردستان کەلک وەربگرن. کەچی، کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوا زۆر زوو لەژێر هەموو ئەو ڕێگا چارەسەرانە دەر چوو کە بۆخۆی پێشنیازی کردبوون.

ماوەیەک دواتر، کە هێشتا شەخسییەتە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کوردستان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوون، لە تارانەوە بە تەلەفون خەبەر درا کە ئەگەر حیزب موافەقەت بکا، دەوڵەت حازرە خودموختاریی ئیسلامی بدا بە کوردستان. لە جوابی ئەو پێشنیارەدا بە پەسندی دەفتەری سیاسی، سکرتێری گشتیی حیزب لە میتینگێکی ٦٠ هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد ڕایگەیاند کە گەلی کورد سەدی نەوەدی موسوڵمانە و ئەگەر خودموختاریی ئیسلامی بدرێ بە کوردستان، حیزبی ئێمە و هەموو گەلی کورد پێشوازی لێدەکەن.

بەڵام زۆر بەداخەوە تەواوی دڵپاکی و هەوڵ تێکۆشانی ئاشتیخوازانەی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە بە نیشانەی کزی و بێهێزی داندرا و هیچ کاتێک ئامادە نەبوو لە ڕێگای ئەقڵ و مەنتیقەوە هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بهاوێژێ. بەپێچەوانە کاربەدەستانی ڕێژیم لێکدالێکدا داوایان دەکرد کە پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان بەگشتی، چەکەکانیان دابنێن و خۆیان تەسلیم بکەن. کاریان گەیاندە جێگایەک کە دەستووریان دەدا سەربازان پۆتینەکانیان دانەکەنن هەتا ئاخر پێشمەرگەی کورد چەک دەکەن. حیزبی ئێمە زۆر جار کاربەدەستانی دەوڵەتی لە مەترسی و پاشەڕۆژی ئەو سیاسەتە چەوتە ئاگادار کردەوە.

هەر لەو میتینگەدا کە باسی کرا، سکرتێری گشتیی حیزب لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشمەرگە نەبەزەکان و خەڵکی کوردستانەوە بەئاشکرا ڕایگەیاند کە گەلی کورد هەتا جێبەجێبوونی دروشمی ئەساسی خۆی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران چەک دانانێ. بەڵام کۆنەپەرستانی پاوانخواز هەرگیزا و هەرگیز گوێیان بۆ بانگەوازی ئەقڵ و مەنتیق شل نەکرد و بەوجۆرە شەڕێکیان بەسەر گەلی کورددا سەپاند کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

ئێستا کە نیزیک بە دوو ساڵ لە تازەبوونەوەی شەڕی کوردستان ڕادەبرێ، ئێمە لەو باوەڕە داین کە تەنیا ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینییە، ڕێژیمێک کە ڕێز بۆ هیچ کام لە قانوون و ڕێوشوێنەکانی نێونەتەوەیی دانانێ و ڕێگای هەموو جۆرە خەباتێکی دێموکراتیکی و قانوونی بەربەست کردوە، بەشێوەیەک کە هیچ هێزێکی سیاسی لە ئێراندا دەرەتانی نییە بیروڕای خۆی لەسەر مەسەلە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێران دەرببڕێ. ڕێژیمی خومەینی بە سیاسەتە دژی گەلییەکانی خۆی بۆتە دوژمنی هەموو خەڵکی ئێران و تەواوی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتی ئێمە بەسەر یەکەوە دەکوتێ. هەربۆیەش ئەرکی سەرشانی هەموو دەستەوتاقمە سیاسییەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێرانەکە تەواوی هێزی خۆیان بۆ وەشاندنی دوا زەبر لە پەیکەری سست و لەرزۆکی ڕێژیم ئامادە بکەن و بەیەکجاری کۆتایی بەدەورانی پڕنەگبەتیی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان بێنن.

**بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!**

ئەگەر بمانەوێ باسی سیاسەتی حیزب بەرامبەر بە هێزە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران بکەین، بێجگە لە هێندێ دەستەوتاقمی چەکدار یان بێچەک کە لە کوردستان وەک کارگ هەڵتۆقیون و پاش ماوەیەک لەنێو چوون، دەتوانین تاقمە سیاسییەکان بە سێ دەستە دابەش بکەین.

دەستەی یەکەم، ئەو هێزە ڕەسەن و مەسئوول و پێشکەوتنخوازانەن کە بەکردەوە دژی دیکتاتۆریی کۆنەپەرستان خەبات دەکەن. دیارە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هێزانەدا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەبینرێ. دۆستایەتی و پێوەندیی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیە شتێکی تازە نییە. چەندین ساڵ پێش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، حیزبی ئێمە پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ موجاهیدین هەبووە و هەتا ئێستاش ئەو پێوەندییە هەر لە گەشەکردندایە و هیوادارین لە دواڕۆژێکی نیزیکدا دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان حیزبی ئێمە و موجاهیدینی خەڵق پێ بنێتە قۆناخێکی زۆر پێشکەوتووتر. لە زستانی ڕابردوودا کاتێک سکرتێری گشتیی حیزب بە سەفەر چووبووە دەرەوەی وڵات، لەسەر داخوازی برایانی موجاهید چاوی بە نوێنەری ئەوان کەوت و لاپەڕەیەکی تازە لە پێوەندیی نێوان ئەم دوو هێزەدا کرایەوە. موجاهیدین بوون کە ئەو پیلانی بێدەنگییەیان شکاند کە لە لایەن ڕێژیمەوە خرابووە سەر خەباتی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوان بوون کە یەکەم جار وتووێژی چاپەمەنیی سکرتێری گشتیی حیزبیان لە ڕۆژنامەی خۆیاندا چاپ کرد و دوایەش لە زۆربەی ژمارەکانی «موجاهید»دا وتار و دەنگ و باسیان لەسەر کوردستان بڵاو کردەوە.

لــەو کاتــەوە حیزبــی ئێمــە و ڕێکخــراوی موجاهیدیــن لــە پێوەندیــی بــەردەوام دان و لەســەر پێوســتیی پێکهێنانــی بــەرەی هاوبــەش و تەنانــەت لەســەر دروشــمە بنەڕەتییەکانــی بــەرەش ڕێــک کەوتــوون. دیــارە چوونــی حیزبــی ئێمــە بــۆ نێــو شــوڕای نیشــتمانیی بەرگــری، پێکهاتنــی بــەرەی بەرینــی هێــزە نیشــتمانییەکانی ئێرانــی چەنــد هەنگاوێکــی دیکــەش نیزیــک کردۆتــەوە.

یەکی دیکە لەو هێزە ڕەسـەنانە ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێرانە (اقلیت). حیزبی ئێمـە لەگـەڵ ئـەو ڕێکخـراوەش پێوەندیـی نیزیکـی هاوکاریـی هەیـە و لـەم دواییانـەدا حیزبـی ئێمـە و ڕێکخـراوی چریکـە فیداییەکانـی نامەیەکـی هاوبەشـیان لەبـارەی پێکهێانـی بـەرەی هاوبەشـەوە بـۆ موجاهیدیـن نووسـیوە کـە هـەر چـوار ئامانجـە گشـتییەکەی حیزبـی ئێمـەی تێـدا گونجـاوە و ئـەوەش نیشـانەی لێکنیزیکیـی هەڵوێسـت و بۆچوونـی ئـەو دوو هێـزە سیاسـییەیە. بێجگـە لـەوەش، لـە مەیدانـی کردەوەدا پێشـمەرگەکانی حیـزب و ڕێکخـراوی چریکـە فیداییـەکان لـە شـەڕ و پێکهەڵپڕژانەکانـی کوردسـتاندا هاوکاریـی نیزیکیـان هەیـە.

لەگەڵ(شواری متحد چپ) و جەبهەی دێموکراتی و (گروه آزادی کار)یش کە سێ ڕێکخراوی شۆڕشـگێڕن و لـە دەسـتەی یەکـەم دەژمێردرێـن، حیزبـی ئێمـە پێوەندیـی دۆسـتانەی هەیـە و ئـەوان هاوکارییەکـی بەکەلکـی چاپەمەنـی و تەبلیغاتـی لەگـەڵ حیزبـی ئێمـە دەکـەن. هەروەهـا لەگـەڵ هێنـدێ دەسـتەی سیاسـیی دیکـە و زۆر شەخسـییەتی ئازادیخـواز و نیشـتمانپەروەری ئێرانـی پێوەندیـی دۆسـتانەمان هەیـە.

دەستەی دووهەم ئەو دەستە و تاقمە سیاسییانەن کە لە کوردستاندا تێکۆشانی چەکدارانەیان دژی ڕێژیمـی خومەینـی هەیـە، وەک کۆمەڵـە. بەداخـەوە ئـەو ڕێکخـراوە هەتـا هەنگاوێـک دژی ڕێژیـم هەڵدێنێتـەوە، دوو هەنـگاو لـەدژی حیزبـی ئێمـە دەهاوێـژی. هـەروا بزانـە دوژمنایەتیـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان ئەرکـی مێژوویـی و هـەرە گرینگـی ئەوانـە. ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە ئەگـەر هەسـتی مەسـئوولییەت لـە لایـەن حیزبـی ئێمـەوە نەبووایـە، تـا ئێسـتا بەشـێکی زۆر لـە ئیمکانـات و ئێنرژیـی حیـزب بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـەوان خـەرج دەکـرا.

سیاسـەتی حیزبی ئێمە لەبارەی ئەو جۆرە ڕێکخراوانەوە ئەوە بوو کە کوردسـتان لە پاوانی حیزبـی دێموکـرات و هیـچ هێزێکـی دیکـەدا نییـە و ئەوانیـش وەک ڕێکخراوێکـی سیاسـی هەقـی تێکۆشـانی خۆیانیـان هەیـە. بەڵام بـۆ ئـەوەی پێوەندییەکـی دروسـت و ئوسـوولی لەنێوان حیزبی ئێمـە و ئەوانـدا هەبـێ، پێویسـتە دەسـت لـە دوژمنایەتیـی حیزبـی دێموکـرات هەڵگـرن و هێرشـی تەبلیغاتـی و نیزامیـی خۆیـان بـۆ سـەر حیـزب بوەسـتێنن. جگـە لـەوەش ڕێـز بـۆ ڕای زۆربـەی دانیشـتووانی کوردسـتان کـە پشـتیوانی لـە حیزبـی ئێمـە دەکـەن، دابنێـن و؛ لـە کاروبـاری ئیجرایـی کوردسـتاندا دەخاڵـەت نەکـەن. بەهەرحـاڵ، ئێمـە خۆمـان بـە دوژمنـی کۆمەڵـە نازانیـن و پێمانوایـە ئەگـەر مەسـئوولانە بجووڵێنـەوە، دەکـری پێوەندییەکـی سـالم و هاوژیانییەکـی ئاشـتیخوازانە لەنێـوان حیـزب و کۆمەڵـەدا پێـک بـێ.

دەسـتەی سـێهەم، ئـەو دەسـتە و تاقمانـەن بوونـە داردەسـتی ڕێژیمـی خومەینـی و بەئاشـکرا دوژمنایەتیـی حیزبـی ئێمـە و بزووتنـەوەی میللـی دێموکراتـی گەلـی کـورد و جووڵانـەوەی شۆڕشـگێڕی سەرانسـەری ئێـران دەکـەن، پشـتی جینایەتەکانـی ڕێژیمـی خومەینـی دەگـرن و لـە دەرەوەی وڵاتیـش سـەرپۆش لەسـەر جینایەتەکانی دادەنێـن و هـەوڵ دەدەن ئابـڕووی بـۆ بتاشـن، وەک حیزبـی تـوودە، فیداییانـی ئەکسـەرییەت و تاقمـی جاشـی حـەوت کەسـی. نـەزەری ئێمـە ئەوەیە

کە هەتا کاتێک هەڵوێستی ئەوانە بەوجۆرەیە و هەتا وەختێک شەڕی کوردستان درێژەی هەیە، گەلی کورد وەک ڕێکخراوی سیاسییان تەماشا ناکا و بە ستوونی پێنجەمی دوژمنیان دەناسێ. ئەوانە بە کردەوەش نیشانیان داوە کە ستوونی پێنجەمن، چونکە جاسووسی بۆ دوژمن دەکەن و زۆرجار ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و پێشمەرگەیان بەگرتن داوە کە بەداخەوە چەند کەسێکیان ئیعدامیش کراون. دیارە تەکلیفی پێشمەرگەکانی کوردستان لەگەڵ جاش و جاسووسیان ڕوونە.

لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەوانە لە کوردستانی ڕزگارکراودا هەقی هیچ جۆرە تێکۆشانیان نییە هەر لە جێگایەک ببینرێن بە جاش و جاسووسی دەناسرێن و هەر بەو جۆرەش ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ.

**خوشك و برایانی بەڕێز!**

سیاسەتی حیزبی ئێمە لەسەر پێویستی پێکهێنانی بەرەی هاوبەش زۆر ڕوونە. حیزبی ئێمە لە کۆنەوە هەمیشە داوای پێکهێنانی بەرەی کردەوە. لە قۆناخی ئێستاشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە پێش هەموو لایەنەکی دیکە لە ٢٧ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩دا داوای پێکهێنانی بەرەی دێموکراتی دژی ئیمپریالیستی کرد و تەنانەت گەڵاڵەیەکیشی بۆ دروشمە ئەساسییەکانی بەرە خستە بەر چاوی ڕێکخراوە سیاسییە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانی ئێران.

ئێستا خۆشحاڵین کە ڕابگەیەنین کە هەموو هێزە ڕەسەن و شۆڕشگێڕەکانی ئێران لەسەر پێویستی پێکهێنانی بەرەی هاوبەش یەکدەنگن و لە سێ بارەوە هەلومەرج بۆ پێکهێنانی بەرە ئامادەیە: یەکەم ئەوە کە هێزە سیاسییەکانی وەک سازمانی موجاهیدینی خەڵق و حیزبی دێموکراتی کوردستان و سازمانی چریکە فیداییەکانی گەل، بۆ ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی خەباتیکی بێئەمانیان دەست پێکردوە. دووهەم ئەوەکە ئامانجە بنەڕەتییەکانی بەرە، بەکردەوە دیاری کراون کە بریتین لە خاشەبڕکردنی نفووزی ئیمپریالیزم بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی، دابینکردنی داخوازە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی زەحمەتکێشان و دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران. سێهەم ئەوەکە زەبروزەنگی کۆنەپەرستانەی ڕێژیمی خومەینی بەکردەوە، شێوەی خەبات بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەی دیاری کردوە. ڕێژیم ڕێگای هەموو جۆرە خەباتێکی سیاسی و ئاشتیخوازانەی بەستوە و لە ئەنجامدا تەواوی هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران هاتوونە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای بەرەبەرەکانی لەگەڵ ئاکارە فاشیستییەکانی ڕێژیمی خومەینی، ڕێگای خەباتی چەکدارانەیە.

لەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێران نەک هەر پێشوازی لە پێکهێنانی بەرە دەکەن، بەڵکوو بەتوندی داوا لە ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکەن کە لە پێکهێنانی بەرەدا دەستوبرد بەکار بێنن. دەتوانین بڵێین لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێراندا هیچ کاتێک هەلومەرجی پێکهێنانی بەرەی هاوبەش وەک ئێستا ئامادە نەبووە. هەربۆیەش هیوادارین لە داهاتوویەکی نیزیکدا نیشتمانی خۆشەویستمان ببێتە خاوەنی بەرەیەکی دێموکراتی دژی ئیمپریالیستی کە هەموو هێزە ڕەسەن و شۆڕشگێڕەکانی ئێران لە ڕیزی خۆیدا کۆ بکاتەوە

و بتوانێ وەک بەدیلێکی دێموکراتی جێگای ڕێژیمی خومەینی بگرێتەوە. هەر لە ئێستاشەوە دڵنیاین کە کۆمەڵانی خەڵک لە سەرتاسەری ئێراندا بە هەموو توانایان لە بەرەی هاوبەشی هێزە نیشتمانییەکان پشتیوانی دەکەن.

لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی پێکهێنانی بەرەدا پێمان خۆشە سەرنجی بەشدارانی کۆنگرە بۆ لای دوو مەسەلە ڕابکێشین: یەکەم ئەوە کە بەنیسەدر، سەرکۆماری پێشووی ئێران پێش ئەوەی وڵات بەجێ بێڵێ، لە مەقامی سەرکۆماردا داوای لە کاک مەسعوودی ڕەجوی، ڕێبەری موجاهیدین کرد کە شوڕایەکی بەرگری پێک بێنێ و بەرنامەیەکیشی بۆ ئەو شوڕایە پێشنیار کرد. ئێمە لەبەر گرینگی و بایەخێکی کە بۆ دۆستایەتی و هاوکاریی موجاهیدینی خەڵقی دادەنێین، پێمان ڕاست نەبوو بەئاشکرا هەڵوێستی خۆمان بەرامبەر بەو بەرنامەیە دەربڕین، بەڵام هەر ئەودەم لە یادداشتێکی ڕەسمیدا بۆ ڕێبەرایەتیی موجاهیدین ڕامانگەیاند کە ئێمە بەنیسەدر نە وەک سەرکۆمار دەناسین و نە بە سەرۆکی شوڕای بەرگریمان قبووڵە و نە بەرنامەکەشی بە شتێکی پێشکەوتووانە دەزانین. چونکە ئەو بەرنامەیە داخوازە ئەساسییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانی تێدا نین.

مەسەلەی دووهەم ئەوەیەکە وەختێک کاک مەسعوود ڕەجەوی لە پاریس بەرنامەی دەوڵەتی کاتی بڵاو کردەوە، ئێمە لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری داخوازە بنەڕەتییەکانی گەلانی ئێرانمان لەو بەرنامەیەدا بەدی دەکرد، زۆر زوو پشتیوانیی خۆمان لە بەرنامەکە دەربڕی. پێویستە لێرەدا دووپاتی بکەینەوە کە ئێمە نە لە ڕابردوودا و نە لە ئێستا و نە لە دواڕۆژیشدا ئامادە نەبووین و نابین بچینە نێو هیچ بەرەیەکەوە کە داخوازە ئەساسییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانی لە بەرنامەی خۆیدا نەگونجاندبێ.

پاش پێوەندی وتووێژێکی زۆر لە نێوان ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە و موجاهیدیندا ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ حیزبی ئێمە لە نامەیەکی ڕەسمیدا بۆ کاک مەسعوود ڕەجەوی چوونی خۆی بۆ نێو شوڕای میلیی بەرگری پێ ڕاگەیاند. چوونی حیزب بۆ نێو ئەو شوڕایە لە بەر دوو مەبەستی ئەساسی بوو. یەکەم ئەوە کە هەولومەرجی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران پێویستیی یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کردۆتە مەسەلەی ڕۆژ و تەنەخیکردن لە وەدیهێنانی ئەو یەکگرتنەدا بە زیانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەمڕۆی وڵاتەکەمانە. دووهەم ئەوە کە لە بەرنامەی دەوڵەتی کاتیی کاک مەسعوود ڕەجەویدا دروشمی ئەساسیی حیزبی ئێمە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان گونجاوە و ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەی دەوڵەت لەگەڵ سیاسەت و دروشمەکانی حیزبی ئێمە ڕێک دەکەون. چوونی ئێمە بۆ نێو شوڕا هەم لە نێوخۆی کوردستاندا تەئسیری باشی لەسەر کۆمەڵانی خەڵک هەبوو و هەم لە دەرەوەی کوردستانیش لەگەڵ پێشوازی گەرمی تەواوی ئازادیخوازانی ئێران بەرەوڕوو بۆوە.

بێگومان هاوکاریی جیددی و نیزیکی دوو هێزی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، ڕێکخراوی موجاهیدین و حیزبی دێموکرات دەتوانێ هەم لە یەکخستنی هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆندا تەئسیری باشی هەبێ و هەم خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی بەرەوپێش هان بدا. هیوادارین چوونی حیزب بۆ نێو شوڕای نیشتمانیی بەرگری ببێتە سەرەتایەک بۆ پێکهاتنی بەرەیەکی بەرینی دێموکراتی دژی ئیمپریالیستی و زۆر بەزوویی

هێزە ئازادیخوازەکانی وڵاتی ئێمە بۆ هەمیشە لە پەرشوبڵاوی ڕزگاریان بێ.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

سیاسەتی حیزبی ئێمە بەرامبەر بە هێزە کوردستانییەکانی غەیری ئێرانی ئەوە بووە و پێمانوایە لە دوارۆیشدا هەرئەوە دەبێ کە ئێمە سەرکەوتنی گەلی کورد لەهەر بەشێکی کوردستاندا بەسەرکەوتنی بەشەکانی دیکەش دەزانین. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە کوردستان لە نێو چوار وڵاتدا بەش کراوە و هەرکام لەو وڵاتانە هەلومەرجی تایبەتیی خۆیان هەیە، لەو باوەڕەداین کە پێوەندی نێوان هێزە کوردستانییەکان دەبێ لەسەر ئەم بناخانەی خوارەوە دابمەزرێ:

هیچ کام لە هێزە کوردستانییەکان دەست لە کاروباری نێوخۆیی بەشێکی دیکەی کوردستان وەرنەدەن. هیچ وەخت پێوەندییەکی وا لەگەڵ یەکێک لە دەوڵەتەکانی فەرمانڕەوا بەسەر کوردستاندا پێکنەهێنن کە زیان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بگەیەنێ و هەر کاتێکیش هێزە کوردستانییەکان لە توانایاندا بوو، لەباری ماددی و مەعنەوییەوە یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە بەشەکانی جۆربەجۆری کوردستاندا بگەیەنن.

دیارە حیزبی ئێمە هەمیشە بەو سێ ئەسڵە وەفادار بووە و بەکردەوەش هەنگاوی زۆر گرینگی لەو بارەوە هەڵێناوەتەوە. بەخۆشییەوە بەشی زۆری هێزە کوردستانییەکانی دیکەش بەپێی توانا ئەو ئەسڵانەیان لەبەرچاو بووە. تەنیا هێزێک کە هیچ وەخت ڕێزی بۆ ئەو بنەڕەتانە دانەناوە و بەتوندی پێشێلی کردوون، پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی بنەماڵەی بارزانی بووە کە ئێستا بە (قیادە موقت) بەناوبانگن. هەروەک هەموومان دەزانین لە زەمانی مەلا مستەفا بارزانیدا، چەکدارانی بارزانی ڕاوی ئازادیخوازانی کوردی ئێرانیان بۆ ڕێژیمی شا دەکرد و بە زیندوویی یان مردوویی خەباتکەرانی گەلی کوردیان تەسلیمی ئەو ڕێژیمە دەکردەوە. ئێستاش هەر بنەماڵەی بارزانی لە نێوخۆی خاکی کوردستانی ئێراندا جاشەتی بۆ ڕێژیمی خومەینی دەکەن و شەڕ بە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەفرۆشن.

لە چوار مانگی ڕابردوودا جاشەکانی قیادە بە سەرۆکایەتیی کوڕەکانی بارزانی و هاوکاریی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، ئەرتەش و پاسدار و جاش و جاسووسە خۆفرۆشەکانی تاقمی جاشی حەوت کەس زۆر هێرشی خائینانەیان هێناوەتە سەر ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە شیمال بە دەیان کەس لە خەڵکی بێدیفاعی ئەو ناوچانەیان کوشتوە و دەیان کەسیان لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان شەهید و بریندار کردوە و دەیان کوردی هەڵخەڵەتاوی عێراقیشیان بەدەستی پێشمەرگەی کورد بە کوشت داوە. دیارە ئێمە بە دووری نازانین کە ئەو خەیانەتەی جاشەکانی قیادە بە هاندانی ئاغای گەورەیان ئیمپریالیزمی ئەمریکا بووبێ، سەرەڕای ئەوەش کە توانیویانە ڕێژیمی خومەینی لە خۆیان ڕازی بکەن. ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە لە ماوەی چەندین ساڵدا بۆ خۆپاراستن لە شەڕی کورد لەگەڵ کورد چاوی لە کردەوە دژی گەلییەکانی سەرۆکایەتیی بنەماڵەی بارزانی پۆشیوە و تەنانەت جینایەتەکانی ئەوانیشی لەقاو نەداوە.

بەڵام دوای ئەوەی خۆفرۆشانی قیادە، جاشەکانی ساواک و سیا و مووساد بێشەرمیی خۆیان گەیاندە ڕادەیە کە لەنێو جەرگی خاکی خۆماندا شەڕمان پێ بفرۆشن، ڕێبەرایەتیی حیزب بڕیاری دا کە هەموو خیانەتەکانی کۆن و نوێی سەرکردایەتی بارزانی بخاتە بەرچاوی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهان و بەکردەوەش بۆ پاککردنەوەی خاکی کوردستان ئێران لە جاشەکانی بارزانی هەنگاو هەڵێنێ. پێمانوایە کە لە پاش کۆنگرەش پێویستە تەقەلای ئێمە بۆ ناساندنی جەوهەری خەیانەتکارانەی ئەو جاشانە و وەدەرنانیان لە خاکی پیرۆزی کوردستان درێژەی هەبێ. هیوادارین هەموو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە تەواوی بەشەکانی کوردستان و هەموو هێزە نیشتمانییەکانیان بۆ ڕیسواکردن و مەحکوومکردنی خەیانەتەکانی قیادە لەگەڵ حیزبی ئێمە و گەلی کورد هاوکاری بکەن و هەرچی زیاتر ڕوخساری دزێوی ئەو بەکرێگیراوانە بخەنە بەر چاوی ئازادیخوازانی جیهان .

لەسیاسەتی دەرەوەدا حیزبی ئێمە لە ئوسوولێک پەیڕەوی دەکا کە لەمێژە لە بەرنامەی حیزبدا گونجاوە. خەباتی شێلگیر دژی ئیمپریالیزم، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ خاشەبڕکردنی نفووزی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ئێران و بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی و گرتنەپێشی سیاسەتێکی سەربەخۆی ئابووری لە مەیدانی نێونەتەوەییدا، یەکێک لە کۆڵەکە ئەساسییەکانی سیاسەتی دەرەوەی حیزبی ئێمەیە.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا حیزبی ئێمە لە تێکۆشانی خۆیدا بە هەموو توانایەوە ئەو سیاسەتە دژی ئیمپریالیستییە ڕاستەقینەیەی دابەزاندوە و بەکردەوە هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە ڕادەی جیهانیدا خەباتێکی بێوچانی دژی ئیمپریالیزمی جیهانیی بەڕێوە بردوە. بەڵام حیزبی ئێمە هەر لەوکاتەدا هەموو تیئۆرییەکی چەوتی هەڵخەڵەتێنەر ڕەت دەکاتەوە کە بە ناو خەبات دژی ئیمپریالیزم، دیکتاتۆریی دژی گەلی دادەمەزرێنێ، شوێنەوارێک لە دێموکراسی ناهێڵێ و هیزە دژی ئیمپریالیستییە ڕاستەقینەکان سەرکوت دەکا. بۆ حیزبی ئێمە خەبات بۆ خودموختاری و خەبات بۆ دێموکراسی لەگەڵ خەبات دژی ئیمپریالیزم سێ لایەنی تاقە خەباتێکن. ئەوانەی کە خەبات بۆ مافی ڕەوای گەلانی زۆرلێکراو و خەبات بۆ دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتی بە خەباتێکی لاوەیی دادەنێن، یان چەوت حاڵی بوون، یان بەئەنقەست خزمەت بەدوژمنانی گەل دەکەن.

حیزبی ئێمە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلیکراو لە سەرانسەری جیهاندا پشتیوانی دەکا. ئەم خەباتە لەهەر جێگایەکی دنیا و لەلایەن هەر گەلێکی زۆرلێکراوەوە بێ، لەگەڵ خەباتی هەموو گەلانی زۆرلێکراو لێک گرێدراوە، خەباتێکی ڕەوا، پێشکەوتنخوازانە و دژی ئیمپریالیستییە. بۆیە حیزبی ئێمە لەگەڵ زۆر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین پێوەندیی دۆستانەی هەیە و تێدەکۆشێ ئەم پێوەندییە ڕۆژبەڕۆژ پتەوتر بێ و زیاتر پەرە بستێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزرانیەوە دۆستایەتیی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت و پاشتریش لەگەڵ هەموو وڵاتانی سۆسیالیستی بە قازانجی نەتەوەی زۆرلێکراوی کورد زانیوە و ئێستاش هەر لەو بڕوایەدایە. بۆیە حیزبی ئێمە هەوڵی داوە و هەوڵیش دەدا کە لەگەڵ هەموو وڵاتانی سۆسیالیستی، لەگەڵ هەموو وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتنخواز، کە لە سیاسەتی جیهانیدا لە سۆسیالیزم، دێموکراسی و مافی ڕەوای گەلانی زۆرلێکراو پشتیوانی

دەکەن، پێوەندی دۆستایەتی و هاوکاریی هەبێ. ڕاوەستان شانبەشانی هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکان، بەرامبەر بە هێزە کۆنەپەرست و ئیمپریالیستییەکان لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا ستراتیژی حیزبی ئێمە لە مەیدانی جیهانیدایە.

حیزبی ئێمە تیئوریی دوو دەسەڵاتی مەزن و هەروەها تیئوریی تاوانبارکردنی یەکیەتیی سۆڤییەت بە سۆسیال ئیمپریالیزم ڕەت دەکاتەوە و لەو بڕوایەدایە کە ئەو تیئۆرییانە بمانەوێ و نەمانەوێ خزمەت بە قازانجی ئیمپریالیزمی جیهانی بە تایبەتی ئمپریالیزمی ئەمریکا دەکەن. بەڵام حیزبی ئێمە هەر لەوکاتەدا کە دۆستایەتیی وڵاتانی سۆسیالستی بە گرینگ دەزانێ، پاراستنی سیاسەتی سەربەخۆی حیزب و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی ئێرانیش بە بەردی بناخەی ئوسوولێک دەزانێ کە هەمیشە دەبێ پەیڕەوییان لێ بکا.

**تێکۆشانی تەشکیلاتی**

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

لەمێژە لەنێو حیزبی ئێمەدا دروشمێکی مەشهوور جێگای خۆی کردۆتەوە کە دەڵێ: «ڕێکخراوە چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە». با لەنیزیکەوە نەختێک لەو دروشمە ورد بینەوە. ئەگەر چاوێک بە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا بخشێنین، دەبینین کە زۆربەی بزووتنەوەکانی گەلی کورد شێخێک، ئاغایەک، مەلایەک، یان سەرۆک عەشیرەتێک سەرکردایەتیی کردوون. نەتیجەی ئەم وەزعە ئەوە بووە کە هەر وەخت سەرۆکی بزووتنەوە کوژراوە، مردوە، فریو داروە، یان خەیانەتی کردوە، بزووتنەوەکەش مەحکووم بە پاشەکشە بووە. چونکە هەموو کارەکان بەوجوودی ئەو سەکردەوە بەستراونەوە. بۆ دەربازبوون لە دووپاتەبوونەوەی ئەو کارەساتەیە کە ئێمە دەمانەوێ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی گەلی کورد بە دەست ڕێکخراوێکەوە بێ و لە چنگی سەرکردایەتیی تاکەکەسی ڕزگاریی بێ. ئێمە ڕێکخراوێکمان دەوێ زیندوو، بەحەرەکەت و چالاک، ڕێکخراوێک کە بە وجوودی هیچکام لە ئەندامەکانیەوە ڕانەوەستابێ. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان خودانەخواستە نیوەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی یان زیاتریشیان لەنێو چوون، ئەوانەی دەمێننەوە کارەکان بەڕێوە بەرن. تەنانەت ئەگەر تەواوی ڕێبەرایەتییەکەش لەنێو چێ، کادرەکانی خوارەوە وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو ڕێبەرایەتییەکی نوێ پێک بێنن و ڕێگاکە درێژە پێ بدەن.

وەختێک ڕێکخراو بە گرینگترین چەکی خۆمان دادەنێین، دەبێ بزانین کە ئەو دروشمە هەروا لەخۆڕا نەهاتوە. نێوەرۆکی ئەو دروشمە لەوەڕا دێ کە ئێمە دەتوانین هەرچەشنە چەکێک بە پووڵ بکڕین، بە قەرز وەربگرین، لە دوژمنی بستێنین، یان لە کەسێک و دۆستێک و وڵاتیکی دیکە وەری بگرین. بەڵام ڕێکخراو نەپووڵ دەکڕێ، نە شتێکە بە ئەمانەت وەری بگرین و نە هیچ کەسیش دەتوانێ بمانداتێ. ڕێکخراو هەردەبێ لە نێو ئەو میللەتە سەر هەڵبدا و لە مەیدانی خەباتدا گەشە بکا. تاقیکردنەوش نیشانی داوە کە ئەگەر ڕێکخراوەمان هەبێ، هەموو پێویستییەکی دیکە وەک چەک و پووڵ و هیتر دەتوانین پەیدا بکەین. بەڵام زۆریش چەک و پووڵمان هەبێ و ڕێکخراومان نەبێ، هیچمان لەدەست نایە. هەر ئێستا دەبینیین لە هەر جێگایەک ڕێکخراوی بەهێزمان هەیە. کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و نیزامیشمان ڕێکوپێکە. بە پێچەوانەش، لەهەر شوێنیک ڕێکخراوی چوست و چالاکمان نییە، هەموو کارێکی

ئابووری و نیزامی و کۆمەڵایەتیمان لەدوایە.

کە باسی ڕێکخراو دەکەین، مەبەستمان ڕێکخراوێکە شانەبەندی و کۆمیتەبەندیی ڕێکپێکی هەبێ، بەرنامەی کار و تێکۆشانی هەبێ ببێتە ئەڵقەیەک لە نێوان سیاسەتی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکدا. ئەگەر سەرنجێکی وەزعی ئێستای کوردستان بدەین، دەبینین کە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە لەسەریەک، سیاسەتێکی دروست و ئوسوولیی هەیە کە وەڵامدەری قۆناخی ئێستای خەباتی گەلەکەمانە. لەولا شەوە کۆمەڵانی خەڵک بە هەموو توانایانەوە پشتیوانی لەو سیاسەتە دەکەن. بەڵام لە نێوان سیاسەتی دروست و ئوسوولیی حیزب و کۆمەڵانی بەرینی گەلدا کە پشتیوانی ئەو سیاستەن، ئەڵقەیەکی پێوەندی هەیە کە بەداخەوە هەتا ئێستاش زۆر بەهێز نییە. ئەو ئەڵقە پێوەندییە تەشکیلاتە. ئێمە پێویستمان بە ڕێکخراوێک هەیە کە بەزوویی و چالاکانە هەموو بڕیارەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەیەنێ و هەر بەو چوست و چالاکییەش ویست و داخوازەکانی خەڵک بگەینێتەوە ڕێبەرایەتی، تاکوو بتوانێ سیاسەتەکانی خۆی بە چەشنێکی دروستتر لەسەر ئەو داخوازانە دابنێ.

کۆمیتە و شانەکانی حیزبی پێویستە بەرنامەی ڕێکوپێکی کۆبوونەوەیان هەبێ، لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتە و شانەی حیزبیدا دەبێ مەسەلەی سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ باسیان لەسەر بکرێ و ڕێگای چارەسەر بۆ گیروگرفتەکان بدۆزێتەوە. ئۆرگانەکانی حیزب دەبێ هەمیشە خەریکی خۆفێرکردن و بەرزکردنەوەی پلەی تێگەیشتنی سیاسیی خۆیان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بن. لە کۆبوونەوەکاندا دەبێ لەسەر هەموو مەسەلەیەکی گرنیگ باس بکرێ و بڕیاری بەکۆمەڵی لەسەر بدرێ، ئەمجار بۆ جێبەجێکردنی مەسئوولییەت بە یەکێک لە ئەندامان بدرێ. هەروەک لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا گوتراوە، کار و بڕیاری تاکەکەسی مەحکوومە و دەبێ لە تەکڕەوی و تەکپەرستی خۆ بپارێزرێ.

بەشانازییەوە دەبینین لە کۆنگرەی چوارەمەوە هەتا ئێستا تەشکیلاتی حیزبی ئێمە پێشکەوتنی بەرچاوی هەبووە و لەو بارەوە سوپاسی هەموو کادر و بەرپرسەکانی حیزب بەتایبەتی بەشی تەشکیلات دەکەین. دیارە هەر ئەم کۆنگرەیەش بەو ئەرکییەوە کە هەیەتی نیشانەی پێشکەوتنی کاری تەشکیلاتییە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەرکە پیرۆز و قورسە کە مێژووی گەلەکەمان خستوویەتە سەرشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەو پێشکەوتنە بەس نییە و ئەوەی کراوە لەگەڵ ئەوەی دەبێ بکرێ، بۆ ئەوە نابێ بەراوردی بکەین. ئێستا با کەمێک باسی ناتەواوییەکانی کاری تەشکیلاتی بکەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەپێی توانا بۆ لەنێوبردنیان هەنگاو هەڵێنین.

یەکێک لە ئەسڵە گرینگەکانی کاری تەشکیلاتی لە حیزبی ئێمەدا سانتریالیزمی دێموکراتییە. ئەو ئەسڵە گرنیگە لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بەجوانی شی کراوەتەوە. زۆر بەداخەوە دەبێ بڵێین تائێستاش ئەو ئەسڵە لە بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکانی حیزبدا جێگیر نەبووە. لە هێندێ جێگا سانتریالیزمەکە ئەوەندە توند گیراوە کە شێوەی فەرماندەرایەتی بەخۆیەوە گرتوە و لە هێندێ شوێنیش دێموکراسییەکە ئەوەندە پێشی بەرەڵلاکراوە کە بەکردەوە بۆتە ئەنارشیزم و هەرکەس هەرکەس. هەتا ئێستاش هەڵبژاردنی ئۆرگانەکان لە خوارەوە بۆ سەرێ، کە بەشێکی ئەساسی لە سانتریالیزمی دێموکراتییە، نەکەوتۆتە سەر ڕێبازی ئوسوولیی خۆی. هۆیەکەشی ئەوەیەکە هێندێ جار بەشێک لە ئەندامانی حیزب پێوەندیی دۆستایەتی و خزمایەتی لەگەڵ

کاروباری حیزبی تێکەڵ دەکەن.

بەشی تەشکیلات دوای کۆنگرەی دەبێ بەتوندی بۆ سەقامگیرکردنی ئەسڵی سانتریالیزمی دێموکراتی هەوڵ بدا و ئەو ئەسڵە گرینگە لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبیدا جێگیر بکا.

یەکی دیکە لە ناتەواوییەکانی کاری تەشکیلاتی لە حیزبی ئێمەدا کەمبوونی کادرە. کادر بڕبڕەی پشتی حیزب و ئەڵقەی ئەساسیی نێوان ڕێبەرایەتی و ڕێکخراوەکانی حیزبە و لە ڕێگای ئەوانیشەوە کۆمەلانی خەڵکە. ئێستا بزانین مەبەست لە کادری حیزبی کە ئەوەندە بایەخی بۆ دادەنێین چییە؟ ئێمە کادرێکمان دەوێ کە پێش هەموو شتێک ئینسانێکی بە بیروباوەڕ و نیشتمانپەروەر بێ، ئەمجار لە سیاسەت و ستراتیژی و تاکتیکی حیزب باش شارەزا بێ، بتوانێ پێوەندیی حیزب لەگەڵ کۆمەلانی خەڵک بەهێز بکا، لە نێو خەڵکدا خۆشناو و جێگای ڕێز و حورمەت بێ، فیداکاری و لەخۆبووردوییدا بۆ ئەندامانی دیکەی حیزب نموونە بێ، بەشێک بێ لە خەڵک، لەگەڵ ئەوان وەک و ئەوان بژی و لە دەرد و مەرگی ئەوان باش تێ بگا، لەکاتی تەنگانەدا دەست و پێی خۆی لێ ون نەبێ، بتوانێ بەربەرکانی دوژمن بکا و لەکاتی لێقەوماندا ڕێکخراوەکانی حیزب لە پەلاماری دوژمن بپارێزێ، لە هەلومەرجی ئێستادا کە حیزبەکەمان خەباتی چەکدارانەی بەسەردا سەپاندوە، ئینسانێکی ئازا بێ و لە کاتی شەڕ و پەلاماری دوژمندا ورە بەرنەدا و لە ئاکامدا بتوانێ لەکاتی پێویستدا سەربەخۆ بڕیار بدا.

لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا توانیومانە چەندین کلاسی کادر بکەینەوە و زیاتر لە دووسەد لاوی خوێنگەرم وەک کادری حیزبی پەروەردە بکەین. لێرەدا پێویستە سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێیانە بکەین کە لە فێرکردن و پێگەیاندنی ئەو لاوانەدا هاوکارییان کردوە. بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییەش وەبیر بێنینەوە کە کادری حیزبی ئێمە هەر بەدیتنی کلاس نابێتەوە کادرێکی تەواو و تەنیا لە مەیدانی کاری حیزبیدایە کە کادر پێ دەگا و لێوەشاوەیی خۆی نیشان دەدا. کلاسی کادر هەر بۆ ئەوەیە کە هێندێ ئوسوولی گشتی تێدا باس بکرێ و کادرەکان بۆ خۆفێرکردن و موتالا و ئەزموون وەرگرتن هان بدرێن.

کەموکوڕییەکی دیکەی کاری تەشکیلاتیمان تێکەڵکردنی شێوەی کاری حیزبی و کاری نیزامی، یان کاری حیزبی و کاری ئیدارییە. ڕێ دەکەوێ کە هاوڕێیەکی حیزبی بە شێوەی فەرماندەیەکی نیزامی دەستوورێک دەدا و پێیوایە کە ئەو شێوەکارە دەتوانێ لە بردنەپێشی کاری حیزبیدا کاریگەر بێ. واش دەبێ ئۆرگانێکی حیزبی ڕێنوێنییەکانی خۆی تەنیا بە بەخشنامە بڵاو دەکاتەوە و چاوەڕوانیشە حیزب نەتیجەی باشی لێ وەرگرێ. لە کاتێکدا هیچ کام لەو دوو شێوەیە لەگەڵ ئوسوولی کاری حیزبی باش ڕێک ناکەون و ناتوانن بەرهەمی باشیان هەبێ. بۆ ئەوەی ڕێنوێنی و دروشم و سیاسەتەکانی حیزب بەرینە نێو ئەندامان و کارێک بکەین کە بە ئیمان و بڕواوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حیزب تێبکۆشین، پێویستە تێ بگەین کە کاری حیزبی لەگەڵ ئەندامان و لایەنگران، کاری زیندوو و پێوەندیی ڕاستەخۆیە. دەبێ لە نیزیکەوە لەگەڵیان دانیشین، مەسەلەکانیان بۆ ڕوون بکەینەوە و ئەوەندە ئەوکارە دووپاتە بکەینەوە، هەتا تێ بگەین و قانیع بن. لەنێو حیزبدا و لەگەڵ هاوڕێیانی خۆمان لە قانیعکردن بەولاوە ناتوانین شێوەیەکی دیکە بەکار بێنین.

دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە هیچ وەخت بەخشنامە نەکەین، یان ئەگەر ئەندامێک ئەرکەکانی خۆی بەجێ نەگەیاند، لێ نەپرسینەوە. مەبەست هەر ئەوەیە کە پێویستە شێوەی قانیعکردن

وەک شێوەی ئەساسیی کاری حیزبی ڕەچاو بکەین و شێوەکانی دیکە ئەگەر جاروبار کەلکمان لێ وەرگرتن، لەخزمەت و لە چوارچێوی شێوەی حیزبییەکەدا بن.

ناتەواوییەکی دیکەی کاری تەشکیلاتیمان نەبوونی بڵاوکراوەیەکی تیئوریکی بۆ تێگەیاندنی ئەندامانی حیزبە. کۆنگرەی چوارەم بڕیاری دابوو کە بڵاوکراوەی تێکۆشەر، ناملیکەی نێوخۆیی حیزب کە پێش کۆنگرە بیست ژمارەی لێ دەرچووبوو، درێژە بە بڵاوکردنەوەی بدرێ. بەڵام بەداخەوە هەلومەرجی دژواری تێکۆشان ئەو دەرەتانەی نەدا کە بەشی تەشکیلات ئەو ئەرکە گرنگە بەجێ بگەیەنێ. هیواداریـن ڕێبەرانی نوێی حیزب لەدواڕۆژدا دەرکردنی ئۆرگانێکی تیئۆریکی بە ئەرکێکی خۆی دابنێ و بەخێرایی هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوە.

ئەو کەموکوڕییانەی باسمان کردن، لە کاروباری تەشکیلاتی حیزبی ئێمەدا هەن و بۆ ئەوەی لەنێویشیان بەرین، نابێ بیانشارینەوە. بەڵام پێویستە بگوترێ کە هەمووی ئەو ناتەواوییانە هێندێ هۆی عەینی و زەینی تایبەتیشیان هەیە. هۆی عەینی ئەوەیە کە لەوەتی حیزبی ئێمە دەستی بە تێکۆشانی ئاشکرا کردۆتەوە، لەگەڵ شەڕێکی داسەپاو دەستەویەخە بووە و ئۆرگانەکانی حیزب دەرەتانی پێوستیان بۆ لەنێو بردنی ئەم کەموکوڕییانە نەبووە. بێجگە لەوەش، لەجێدا گەلەکەمان زۆر فێری کاری تەشکیلاتی و حیزبی نەبووە و وەخت و دەرەتانێکی زیاتری دەوێ هەتا پێویستی و بایەخی کاری تەشکیلاتی تێ بگا. هۆی زەینییش نەبوون، یان کەمبوونی کادرە کە بەداخەوە تا ئێستاش بەتایبەتی لە هێندێ ناوچەدا زۆر بەرچاوە.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەش ئێمە بە چاوی هیوا و هومێدەوە دەڕوانینیە دواڕۆژی کار و تێکۆشانی حیزبیمان و شانازی بەو پێشکەوتنانەوە دەکەین کە هەتا ئێستا بەدەستمان هیناون. دڵنیاین کە هاوڕێیانی بەرپرسی ئێمە بەتایبەتی ئەو ڕێبەرایەتییە کە لە کۆنگرەی پێنجەمدا هەڵدەبژێردرێ، بایەخی پێویست بەکاری تەشکیلاتی دەدەن و هەتا دەگەینە کۆنگرەی شەشەم، بەشی هەرە زۆری ئەو ناتەواوییانەی ئێستا دێنە بەرچاو، لەنێو دەچن. بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ دەخەینە بەرچاوی کۆنگرە و هیواداریـن کۆنگرەی شەهیدان بایەخی تەواوی پێ بدا و داوا لە ڕێبەرایەتیی نوێی حیزب بکا کە بە توندوتۆڵی کاری لەسەر بکا. ئەوەش مەسەلەی بایخدان بە دوو توێژی زۆر گرینگی کۆمەڵ، واتە ژنان و لاوانە.

چاوخشاندنێکی سادە بەتەرکیبی ئەم کۆنگرەیەدا بەئاسانی دەری دەخا کە حیزبی ئێمە لەنێو ژناندا کاری تەشکیلاتیی زۆر کەم کردوە. چونکە لە کاتێکدا ژنان نیوەی تەواوی کۆمەڵن، نوێنەرانی ژن لە دە یەکی نوێنەرانی پیاو تێناپەڕن. دیارە بۆ حیزبێکی شۆڕشگێڕ ئەو دیاردەیە زۆر ناتەواوییەکی گەورە و تەنانەت عەیبێکی گەورەشە. هەرچی ژنان لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵێکدا زیاتر بەشدار بن، ئەو کۆمەڵە پێشکەوتووترە و زیاتر دەتوانێ بەدواڕۆژی خۆی هیوادار بێ. بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە پێویستە خوشکانی ئەندامی حیزب زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و پتر خۆشکەکان بۆ لای کار و تێکۆشانی سیاسی و کۆبوونەوە لە دەوری حیزب هان بدەن. برایانی کادر و ئەندامی حیزبییش دەبێ ئەو مەسەلەیە زۆر بەگرینگ بگرن و لەپێشداش لە خێزان و کەسوکاری خۆیانەوە دەست پێبکەن و ئەوان هان بدەن بێنە نێو ڕیزەکانی حیزب و پاشان کاری تەشکیلاتی لەنێو ژناندا وەئەستۆ بگرن.

بە بەراورد لەگەڵ کۆنگرەی چوارەم بۆمان دەردەکەوێ کە لە ڕاکێشانی لاوەکان بۆ لای حیزبدا زۆر چووینە پێش. کۆمیتەی ناوەندی لە پلینۆمی مانگی پووشپەڕی ئەمساڵدا بڕیاری دا بایەخێکی زیاتر بە ڕاکێشانی لاوەکان بدرێ و بەخۆشییەوە لەوبارەوە هێندێ هەنگاوی بەکەڵکیش هاوێژران، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ڕێوشوێنی و ئوسوولێکی ڕوون پێک هاتوە و چالاکانە دەستی بە کار کردوە، لە کۆنفرانسی حیزبیدا بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەکانی ناوچە و شارستان لەنێو لاوەکان هەڵبژێراون. بەڵام بە باوەڕی ئێمە ئەوەندە بەس نییە. لەبەر ئەوەی لاوەکانمان ئەزموونی کاری تەشکیلاتییان زۆر نییە، پێویستە لە دوای کۆنگرەش بەجیددی هاوکاریی نێوان ڕێکخراوەکانی حیزب و لاوان بەهێز بکرێ، لاوەکان ڕێنوێنی بکرێن و بۆ کار و تێکۆشانی زیاتر هان بدرێن.

ئەم کۆنگرەیە پێویستە ئامۆژگاریی ڕێبەرایەتی نوێی حیزب بکا کە چالاکتر لە جاران لەنێو خوشکەکان و لاوەکاندا کاری سیاسی بکا. هەرچی ژنان زیاتر لە دەروی حیزبەکەمان کۆ ببنەوە، زیاتر دەتوانین بە پێشکەوتنی حیزب هیوادار بین و هەر ئەندازەش لاوەکان زیاتر لەنێو حیزبدا جێ بکرێنەوە، حیزبەکەمان دواڕۆژێکی ڕووناکتری دەبێ.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

وەک هەموومان دەزانین هەوڵ و تەقەلای تێکدەرانەی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودە و ناردنی هێندێک لە لایەنگرانی ئەو حیزبە بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرئەنجام لە مانگەکانی دوای کۆنگرەی چوارەمدا بووە هۆی ئەوە کە دەستەیەکی بچووک لە کادری ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرە و چەند کەسێکیش لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ڕێگای خۆیان لە ڕێگای خەباتکەرانی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان جیا بکەنەوە و بە قەولی ڕێبەرانی حیزبی توودە «بگەڕێنەوە باوەشی حیزبی دایک». ئەوانە لە مێژووی گەلی کورد و حیزبی ئێمەدا بە تاقمی جاشی حەوت کەسی ناوبانگیان دەرکردوە.

لە سەرەتای ئاشکرابوونی خەیانەتی ئەو تاقمەدا ڕێبەرانی حیزبی توودە و چڵکاوخۆرانی ڕێژیمی خومەینی زۆریان مەسەلەکە گەورەکردەوە و وایان نیشان دا کە لەتبوونێکی گرینگ لە حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێراندا ڕووی داوە. تەنانەت بەشێک لە کۆمەڵانی دڵسۆزی خەڵکی کوردستان و بگرە هێندێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبیش نیگەرانی ئەوە بوون کە ئەو تاقمە بتوانن کۆسپێکی گەورە لەسەر ڕێگای تێکۆشانی حیزبەکەمان دروست بکەن، ئەوان لەوە دەترسان کە دەوڵەتی کۆنەپەرستی خومەینی هێندێ ئیمتیازی بچووک بدا بەو تاقمە و لە ئاکامدا کۆمەڵانی خەڵک تووشی دوودڵی بکا. بەڵام ئێمە هەر لە سەرەتاوە دڵنیا بووین کە خەڵکی وشیار و بێداری کوردستان زۆر زوو لە جەوهەری خەیانەتی ئەوان شارەزا دەبن و ڕیسوای مێژووی گەلی کورد و گەلانی ئێرانیان دەکەن. چونکە دەمانزانی ئەوانە پشتیان لە قازانج و ئامانجی خەڵکی کوردستان کردوە و خۆیان لە باوەشی ڕێژیمێک هاویشتوە کە حازر نییە تەنانەت دان بە بوونی گەلی کوردیش دابنێ. هەمووشمان دیتمان کە ئەو بۆچوونەی ئێمە ڕاست بوو، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و تەواوی خەڵکی کوردستان زۆر زوو مۆری خەیانەتیان بە نێوچاوانی ئەوانەوە نا و بەکردەوە تاقمی حەوت کەسی بوونە دەستەیەکی بچووکی تەریک لە کۆمەڵانی گەل و ترازاو لە ڕێبازی پڕ لە شانازیی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان.
ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێش کە چۆن بوو ڕێبەرایەتیی حیزب زووتر هەستی بە خەیانەتی ئەو تاقمە نەکرد و لە ڕیزەکانی حیزب وەدەری نەنان؟ دیارە ئەو پرسیارە زۆر بەجێیە. ڕاستییەکەش ئەوەیە کە لەکاتی بەسترانی کۆنگرەی چوارەم و تەنانەت پێش کۆنگرەش جموجۆڵی گومانلێکراوی ئەوانە هەست پێ دەکرا. بەڵام لێکدانەوەی ڕێبەرایەتی ئەوە بوو کە ئەگەرحیزب لە دەرکردنیان پەلە بکا و نەهێڵێ ڕوخساری خائینانەی خۆیان بۆ خەڵک دەر بخەن، ئەوانە قیافەیەکی مەزلوومانە بەخۆوە دەگرن و قارەمانێکی بەدرۆیان لێ دورست دەبێ. هەربۆیەش ڕاوستاین هەتا بەدەستی خۆیان تەواوی پەردەکانیان لەسەر ڕووی دزێویان وەلا دا و خەڵکی کوردستان ە نەخشە و پیلانی خائینانەی خۆیان و نەسیحەتکارەکانیان حاڵی بوون. ئێستاش ئێمە لەو باوەڕە داین کە ڕەنگە لەو مەسەلەیەدا تووشی هیندێک کەمتەرخەمی بووبین، بەڵام لەسەریەک ئەو ڕێگایەی بۆ ڕیسواکردن و ناساندنی ئەو تاقمە هەڵمان بژاردوە، ڕێگایەکی ڕاست و ئوسوولی بووە. هەربۆیەش کاتێک سێ کەسی دیکە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕەگەڵ ئەو تاقمە کەوتن، گەلی کورد زۆر زوو لە ڕیزی خۆی وەدەری نان و بە لادەری لە قەڵەم دان.

### تێکۆشانی تەبلیغاتی

خوشک و برا بەڕێزەکان!
نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە!
زۆر بەداخەوە تا ئێستا زۆرکەس لە ئێمە بەوجۆری پێویستە گرینگی بایەخ بە کاری تەبلیغاتی نادەن. لەکاتێکدا پاش کاری تەشکیلاتی، تەبلیغات گرینگترین و کاریگەرترین بەشی کاری حیزبییە. لەڕاستیدا تەشکیلات بەو هەموو نرخەوە کە هەیەتی، ئەگەر تەبلیغاتی دروست و ئوسوولیی لەگەڵ نەبێ، دەبێتە لەشێکی بێگیان و دەرەتانی پێشکەوتن و گەشەکردنی نامێنێ. بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئەمڕۆی خەباتی گەلەکەماندا کە هەموو ئیمکاناتی تەبلیغاتیی ڕێژیم دژی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێران بەتایبەتی حیزبی ئێمە وەکار خراوە، کاری تەبلیغاتی گرینگی و پێوستییەکی تایبەتی پەیدا دەکا.
تەبلیغاتی حیزبی دەبێ بیروباوەڕ و سیاسەت و ستراتیژی و تاکتیکی حیزب و بڕیارەکانی ڕێبەرایەتی بەرێتە نێو کۆمەلانی خەڵک و ئەوان بۆ خەبات لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبدا کە ئامانجی هەموو خەڵکی کوردستانن، بەسیج بکا. نەخشە و پیلانە شەیتانییەکانی دوژمن لەدژی گەلی کورد و بزووتنەوە هەقخوازانەکەی لەقاو بدا و لە هەمووی گرینگتر تەبلیغاتی ژەهراویی دەزگای درۆ بڵاوکردنەوەی ڕێژیم بەرپەرچ بداتەوە و خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران لەباری ڕاستیی ڕووداوەکان ئاگادار بکا.
بە خۆشحاڵییەوە دەتوانین بڵێین تەبلیغاتی حیزبی ئێمە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا زۆر چۆتە پێش. هەلومەرجی دژواری تێکۆشانی سیاسی و خەباتی چەکدارانە دەرەتانی ئەوەی پێ نەدەداین ڕۆژنامەی «کوردستان» بکەینە ڕۆژانە و هەفتانە. جاروبار وەزعێکی وا هاتۆتە پێش کە «کوردستان» مانگی جارێکیش بە ڕێکوپێکی دەرنەچێ، بەڵام لەسەریەک «کوردستان» وەک ڕۆژنامەیەکی زۆر جیددی و جێگای باوەڕی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەردەوام

بڵاو بۆتەوە و خوێنەرانی خۆی لە چاوەڕوانیدا نەهێشتۆتەوە. جێگای شانازییە کە «ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئێران» ئەو بەتاڵاییەی پڕ کردۆتەوە کە کەمبوونی چاپەمەنی پێکی هێناوە. ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەڕاستیدا ڕۆژنامەیەکی وێژەر (گویا)یە کە هەموو ڕۆژێ لە سەدان هەزار نوسخەدا دەردەچێ و دەگاتە هەموو شارێک، هەموو دێیەک و سەر بە هەموو ماڵێکدا دەکا. لەوەش گرینگتر، خوێندەوار و نەخوێندەوارەکان کەلکی لێ وەردەگرێ و کرێکار لە کارگە و جووتیار لە کێڵگە و شوان لە چیا و لەوەڕگە گوێی بۆ دەگرن و لێی حاڵی دەبن.

ڕادیۆ دەنگی کوردستان ئێستا ڕۆژی سێ سەعات و چارەگێک بە زمانی سێ نەتەوەی گەورەی ئێران، فارس و ئازەربایجانی و کورد بەرنامە بڵاو دەکاتەوە. بەڕاستی ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئێران بۆ حیزبی ئێمە هەموو خەڵکی کوردستان جێگای شانازییە. ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی گەلی کورددا کە ڕادیۆیەک لە خاکی کوردستان و بە ئێمکاناتی ماڵی و تەکنیکی خۆوڵاتی و بێکۆمەکی خاریجی دامەزراوە، ساڵ و نیویکە بێپسانەوە بەرنامە بڵاو دەکاتەوە و هەروا لە بەرەو پێشچوونیش‌دایە. بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان سەرنج و ڕەزامەندیی خەڵکی کوردستان و بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێرانیان بۆ لای ڕادیۆ ڕاکێشاوە. هەربۆیەش هەموو ڕۆژێ دەیان نامەی سوپاس و ڕێزدانانی لە لایەن گوێگرەکانیەوە پێ دەگا.

لێرەدا ڕێگا بدەن بە ناوی هەموو بەشدارانی کۆنگرەوە لە زەحمەت و ماندووبوونی تەواوی ئەو کەسانە کە لە دانان و بەڕێوەبردنی ڕادیۆدا هاوکارییان کردوە، لە هەموو نووسەران و وەرگێران و وێژەرانی بەرنامەکانی ڕادیۆ و لە هەموو ئەو پێشمەرگانە کە شەو و ڕۆژ ئاگایان لە ڕادیۆ هەیە و وەک گلێنەی چاویان پارێزگاری لێ دەکەن، سوپاس بکەین. هیواداریـن ڕۆژێک بێ کە موهەندیس و کرێکار و نووسەر و وەرگێڕ و وێژەر و پارێزەرانی ڕادیۆ کوردستان بە هەموو خەڵکی کوردستان بناسێنن، تا کۆمەڵانی بەئەمەگ و هەقناسی کورد، بەگەرمی ئەو ڕۆڵە بەنرخ و دڵسۆزانەیان گوڵباران بکەن.

بە پێویست دەزانین جارێکی دیکە هەموو هاوڕێیانی حیزبی ئێمە لە هەموو گوێگرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان داوا بکەن کە لە جاران زیاتر هاوکاری لەگەڵ ڕادیۆ بکەن، وتار و شێعری جوانی بۆ بنێرن و لە دەنگوباسی ڕووداوەکانی ناوچەی خۆیان ئاگاداری بکەن. ئەوە شتێکی ئوسوولی نییە کە هیندێ لە ڕێکخراوەکان تەنیا دەنگوباسی شەڕەکان بۆ ڕادیۆ دەنێرن. ڕادیۆ دەبێ لە هەموو بارێکەوە ببێتە ئەڵقەی پێوەندی نێوان کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستان و سەرانسەری ئێران. ئەوەش هەر نادروستە کە یەکێک تەنیا گوێ لە دەنگوباسی ڕادیۆ دەنگی کوردستان ڕابگرێ و دوایە گوێی نەداتێ. ئێمە بە چاوی مامۆستایەک و کەرەسەیەکی فێرکردن سەیری ڕادیۆ دەکەین. پێویستە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بەوردی گوێ بۆ تەواوی بەرنامەکانی ڕادیۆ بگرن، ئەوەی نایزانن لێی فێربن و ئەوەی دەشیزانن بینووسن و بۆی بنێرن، تا خەڵکی دیکە لێی فێر بن.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لەگەڵ هەمووی ئەو نرخە کە بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستانمان دانا، نابێ گرینگیی نەخشی تەبلیغاتی ڕاستەوخۆمان لەبیر بچێ. دەبێ ئەوەی بزانین کە هیچ جۆرە تەبلیغاتێک ناتوانێ جێگای تەبلیغاتی ڕاستەخۆ و زیندوو پڕ بکاتەوە. لەو شێوە تەبلیغاتەدایە کە ئێمە دەتوانین

بە زمانی خەڵک بدوێین و دەرد و مەرگ و داخوازکانیان تێ بگەین. هەربۆیە پێویستە لێپرسراوان و کادرەکانی حیزبی هەرچەندی بکرێ زیاتر بچنە نێو خەڵک و، لەسەر مەسەلە سیاسی کۆمەڵایەتییەکان قسەیان بۆ بکەن و نەزەر و بیروڕای ئەوان بەباشی وەربگرن و بۆ ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی بنێرن.

لە باری تەبلیغاتییەوە گرنگترین کەموکوریی ئێمە ئەوە بوو کە دەنگمان نەدەگەیشتە بەشەکانی دیکەی ئێران. بەخۆشیەوە ئێستا ڕادیۆ دەنگی کوردستان بەشێکی زۆری ئەو ناتەواوییەی پڕ کردۆتەوە و جگە لەوەش، هێندی لە ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی سەرانسەری ئێران، وەک موجاهیدینی خەلق، چریکە فیداییەکان و گرووهی ئازادیی کار و شورای «متحد چپ» لەو بارەوە زۆریان یارمەتی داوین و دەنگی ئێمەیان بە گەلانی ئێران گەیاندوە کە بەو بۆنەوە سوپاسیان دەکەین و هیواداریین ئەو هاکارییە لە دوارۆژیشدا هەروا درێژەی هەبێ.

### داهات و دەرچوونی حیزب

نوێنەرانی بەڕێز!

بەشی ماڵیی حیزبەکەمان لە ماوەی نێوان کۆنگرەی چوارەم و کۆنگرەی پێنجەمدا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتوە. هەم لە بەشی ماڵیی کۆمیتەی ناوەندیدا و هەم لە ڕێکخراوەکانی شارستاندا داهات و دەرچوونی حیزب بە شێوەیەکی ڕێکوپێک خراوەتە ژێر چاوەدێری. کۆمیسیۆنی ماڵی و کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە، لە دەفتەری داهات و دەرچوونی زۆر لە ڕێکخراوەکانیان کۆڵیوەتەوە و کەموکوڕیی کاروباری بەشی ماڵیی ئەو ڕێکخراوانەیان دەستنیشان کردوە.

ئەگەرچی پێشمەرگە خۆشەویستەکانی حیزب بەشی هەرە زۆری گرانایی ژیان و بەڕێوەچوونیان لەسەر شانی باب و برا و خزم و کەسوکاریانە، بەڵام بەشی ماڵیی حیزبیش تا ئێستا توانیویەتی ئەو یارمەتییە سەمبۆلیکەی بۆ پێشمەرگە لەبەر چاو گیراوە، بە ڕێکوپێکی دابین بکا و تەنانەت لە بەهاری ڕابردووەوە بەپێی توانا یارمەتیی پێشمەرگە زیادیشی کردوە.

بەڵام لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەش دەبێ ئەو ڕاستییە بخەینە بەرچاو کە ناتەواوی و کەموکوڕی لە تێکۆشانی بەشی ماڵیدا زۆرە. گرینگترین کەموکوڕیی ئەو بەشە ئەوەیە کە بەشی هەرەزۆری داهاتی لە سەرچاوەی غەیری حیزبی وەک ماڵیات و زەکات و عەواریز و ئەو جۆرە سەرچاوانە دێ. لە کاتێکدا ئەوانە هیچیان سەرچاوەی داهاتی حیزبی نین. لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا سەرچاوەکانی داهاتی حیزب دیاری کراون کە بریتین لە هەقی ئەندامەتی، یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب و داهاتی بنکە و بنتاتەکانی حیزبی وەک بنکەی بڵاوکردنەوە و بنکەی هونەری.

نابێ لەبیرمان بچێ کە حیزبێکی سیاسی ئەو وەختە دەتوانێ هیوای بە دوارۆژی خۆی هەبێ کە لە باری ماڵییەوە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ، واتە هەموو داهاتەکەی لەو سەرچاوانەوە دابین ببێ کە بۆ داهاتی حیزب دانراون. ڕاستە کە ئێستا حیزبی ئێمە هێندێ خەرجیشی بۆ پەیدا بوون کە بە خەرجی حیزبی ناژمێردرێن، وەک خەرجیی پێشمەرگە و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام بەوحاڵەش دەبێ هەمیشە لەو فکرەدا بین کە تەنانەت ئەو خەرجانەش هەر لە داهاتی حیزبی دابین بکەین. خۆ ئەگەر ئەوانشمان بۆ دابین نەکری، بە

هیچ جۆر نابێ خەرجی کارەکانی حیزبی و ژیانی کادرەکانی حیزب بێجگە لە داهاتی حیزبی لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەوە دابین بکرێ. وەک دەزانین کۆمیتەی ناوەندی گەڵاڵەیەکی بۆ پێکهێنانی شوڕاکانی دێ و ناوچە و شار و شارستان بڵاو کردۆتەوە کە بەپێی ئەو گەڵاڵەیە تەواوی ئەو داهاتە غەیری حیزبییانە بە شوڕاکان دەگەن، تا خەرجیی کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێن. لەوحاڵەدا تەنیا سەرچاوەیەک کە بۆ دابینکردنی خەرج و موخارجی کاروباری حیزبی دەمێنێتەوە، داهاتی حیزبییە.

هەربۆیەش کۆمیسیۆنی ماڵیی کۆمیتەی ناوەندی لە هاوینی ڕابردوودا بە بەخشنامە تەواوی ڕێکخراوەکانی حیزبی ئاگادار کرد کە لە هەوەڵی پاییزی ئەم ساڵەوە بێجگە لە یارمەتیی بنەماڵەی شەهیدان، هیچ چەشنە یارمەتییەکی ڕێکخراوەکان نادا. ئەو بڕیارە هەتا ئێستا لە بەشێکی ڕێکخراوەکاندا جێبەجێ کراوە و پێویستە لە داهاتوودا لە تەواوی ناوچەکانی دیکەش جێبەجێ بکرێ. جگە لەوەش، پێویستە لە سەرەتای ١٣٦١ەوە ڕێکخراوەکانی شارستان سەدی بیستی داهاتی خۆیان بدەن بە کۆمیتەی ناوەندی.

بۆ ئەوەی بەشی ماڵی بتوانێ بە داهاتی حیزبی هەموو خەرجەکانی حیزب دابین بکا، پێشنیار دەکەین کە بە هاوکاریی بەشی تەشکیلاتی کارێک بکا کە هەموو مانگێک هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب بە ڕێکوپێکی وەر بگرێ، بەڵگەی یارمەتی بە ڕیکوپێکی بدا بە بەشی ماڵیی ڕیکخراوەکانی شارستان و لە ڕێگای کۆکردنەوەی یارمەتییەوە بەشی هەرە زۆری خەرجەکانی حیزب دابین بکا. ئەو کارە، واتە وەرگرتنی یارمەتی لە دۆستان و لایەنگرانی حیزب ئەو قازانجە گەورەشی هەیە کە پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵانی خەڵک بەهێزتر دەکا و ئەندامانی حیزب هان دەدا کە زیاتر بچنە نێو خەڵک و پێوەندیی خۆیانیان لەگەڵ پتەوتر بکەن. پێشنیارێکی دیکەمان ئەوەیە کە کۆمیسیۆنی ماڵیی کۆمیتەی ناوەندی سەرچاوەکانی داهاتی حیزبی باشتر وەکار بخا، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ببنە سەرچاوەیەکی گرینگی داهات بۆ حیزبەکەمان.

**پێوەندیەکانی دەرەوە**

خوشک و برایانی بەڕێز!

لە بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەدا پێویستە بڵێین کە حیزبی ئێمە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی هەنگاوی گەورە و بەکەلک هەڵێنێتەوە. ئێستا حیزبەکەمان لەگەڵ زۆربەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی جیهان و بەتایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریدەری گەلی فەلەستین و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێوەندییەکی نیزیکی دۆستایەتی و هاوکاریی هەیە. هەروەها لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراو و سەندیکا دێموکراتییەکان و حیزبە کۆمونیست و سۆسیالیستەکانی دەوڵەتی سۆسیالیستی و وڵاتانی ڕۆژئاوا پێوەندیی دۆستانەی دامەزراندوە. بەچەشنێکی گشتی، حیزبەکەمان توانیویەتی لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا بەهەقی و ڕەوایی داخوازەکانی گەلی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بە گەلانی دنیا بناسێنێ. بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەماندا هیچ کاتێک گەلانی جیهان ئەوەندی ئێستا لە مەسەلەی کورد ئاگادار نەبوون و پشتیوانییان لێ نەکردوە. پێویستە بگوترێ کە سەفەری ساڵی ڕابردووی سکرتێری

گشتیی حیزب بۆ دەرەوەی وڵات، تەئسیرێکی بەرچاوی لە ناساندنی خەباتی ڕەوای حیزب و گەلەکەماندا هەبووە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

حیزبەکەمان توانیویەتی لەگەڵ ئۆرگانە نێونەتەوەییەکانیش پێوەندییەکی بەکەلک دامەزرێنێ. لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی ئێمەدا پارلمانی ئورووپا بەڵێنی داوە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەی گەلێکی زۆرلێکراو لە کۆبوونەوەی داهاتووی خۆیدا بێنێتەوە گۆڕێ و دیفاعی لێ بکا. دەزگای فەرهەنگیی یۆنیسکۆ بەڵێنی داوە دوای بەڕەسمی ناسین و دامەزرانی پێوەندیی ڕەسمی، لە باری فێرکردن و بارهێنانەوە هەموو یارمەتییەکی گەلی ئێمە بدا. ڕێکخراوی جیهانیی لێخۆشبوون (ئەمنیستی ئینترناسیونال) وەک دەزانین لەسەر کوشتار و گرتن و ڕاونانی ئازادیخوازانی کورد وەدەنگ هاتوە و لە زۆر جێگا دیفاعی لێ کردوون. سێ ئۆرگانی پزیشکیی نێونەتەوەیی وەک «دوکتوری بێ سنوور»، «یارمەتیی پزیشکیی نێونەتەوەیی» و «پزیشکانی جیهانی» هەتا ئێستا چەند جار بە ناردنی تیمی پزیشکی یارمەتیی نەخۆش و بریندارەکانی گەلی کوردیان داوە و بڕیاریشیان وایە لە داهاتوودا ئەو یارمەتییە هەروا درێژە بدەن.

تێکۆشانی ڕێکخراوەی حیزب لە ئورووپاش لەو ماوەیەدا بەرچاو بووە. هاوڕێیانی ئێمە لە ئورووپا توانیویانە بەشێکی زۆر لە کوردە ئێرانییەکانی دانیشتووی ئورووپا بۆ لای حیزب ڕابکێشن و کۆمیتە و شانەی حیزبییان لە نێودا پێک بێنن. لەباری تەبلیغاتیشەوە ڕێکخراوی حیزب لە ئورووپا کاری زۆر کردوە. بۆڵتەنی ئەخباری کوردستانی لە فەڕانسە و سوئید بە ڕێکوپێکی بڵاو کردۆتەوە، لەگەڵ ڕۆژنامە و ڕادیۆ بەناوبانگەکانی جیهان پێوەندیی گرتوە و دەنگوباس و ئاگاداری لەسەر خەباتی خەڵکی کوردستان پێ گەیاندوون کە بەوەخت بڵاویان کردوونەوە. لە باری یارمەتیی پزیشکییەوە ڕێکخراوی ئورووپا زۆری هەوڵ داوە و توانیویەتی دەرمان و کەرەسەیەکی زۆری پزیشکی کۆ بکاتەوە.

لە تێکۆشانی سیاسیی کوردەکانی دانیشتووی ئورووپا و بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵاتیشدا ڕێکخراوی حیزب نەخشێکی باشی هەبووە. کۆمەڵەی خوێندکاران کە ئێستا بۆتە دوو بەش، هەردووکیان لەگەڵ حیزب هاوکاری دەکەن و حیزبی ئێمەش تێدەکۆشێ لە داهاتوودا یەکیان بخاتەوە و لە دووەدەستەیی ڕزگاریان بکا. کۆمکار (ڕێکخراوی کرێکارانی کوردی تورکیە لە ئورووپا) کە ئەندام و لایەنگری یەکجار زۆری هەیە، پێوەندیی لەگەڵ حیزبی ئێمە زۆر دۆستانەیە و لە هەموو بارێکەوە یارمەتیمان دەدا. بەجێیە لێرەدا لە تێکۆشانی هاوڕێیانی ڕێکخراوی ئورووپا سوپاس بکەین و سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بەئاوات بخوازین.

لە پاییزی ئەمساڵدا کۆمیتەی ناوەندی توانیویەتی ژمارێک لە لاوە خوێندەکارەکان بە بورسی حیزبی بنێرێتە دەرەوە و تێکۆشان بۆ ناردنەدەرێی ژمارەیەکی زیاتر لەو لاوانە درێژەی هەیە. هیوادارین لە دواڕۆژیشدا حیزبەکەمان بتوانی زۆر لە کیژ و کوڕانی بەئیمان و شۆڕشگێڕ بۆ خوێندن و بۆ زیاتر ناساندنی خەباتی گەلەکەمان بنێرێتە دەرەوەی وڵات.

گومان لەوەدا نییە کە باشترین ڕێگا بۆ ڕاکێشانی ڕێز و حورمەت و پشتیوانیی بیروڕای

گشتی خەڵکی دونیا بۆ لای گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان خەبات و تێکۆشانی نێوخۆی ئەندامانی حیزب و پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستانە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئەگەر دەنگوباسی فیداکاریی گەلەکەمان لە وەختی خۆیدا بگاتە دەرەوە و بەوردی کاری لەسەر بکرێ و بۆ خەڵک ڕوون بکرێتەوە، زووتر و زیاتر پشتیوانیی بیروڕای گشتی جیهانی بۆ لای خەباتی حیزب و گەلەکەمان ڕادەکێشێنێ.

**خەباتی هێزی پێشمەرگە**

خوشک و برا بەڕێزەکان!

پێویست بە دووپاتەکردنەوە نییە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بزووتنەوەی میللی دێموکراتی ئێستای گەلی کورددا نەخشێکی گرینگ و لە بەربەرەکانی و بەرپەرچدانەوەی پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا نەخشی ئەساسیی هەیە. ئەگەر بمانەوێ هۆیەکانی بنەڕەتیی سەرکەوتن لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئەمڕۆی گەلەکەماندا لێک بدەینەوە، دەتوانین سێ هۆی ئەساسی دەستنیشان بکەین: یەکەم سیاسەتی دروست و ئوسوولیی حیزبەکەمان کە دەرکەوتوە لە سەریەک لەگەڵ پێداویستییەکانی هەلومەرجی ئێستای خەباتی گەلەکەماندا ڕێک دەکەوێ و دەتوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. دووهەم، پشتیوانیی بێدرێغ و هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان لە سیاسەت و دروشمەکانی حیزب و سێهەم، فیداکاری و گیانبازیی ڕۆڵە لەخۆبووردووەکانی گەلی کورد کە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا تفەنگ لەسەرشان و گیان لەسەر دەست بەرامبەر بە دوژمن ڕاوەستاون.

پێشمەرگە ئەو ئینسانە واقعییەیە کە لەپێناوی بەختیاری و ڕزگاریی گەل و نیشتمانیدا لە هەموو خۆشی و ئاسوودەییەکی ژیان گوزەراوە و لە زستانی سارد و هاوینی گەرمدا دوور لە ماڵ و منداڵ و کەسوکاری لە سەنگەری شەڕەف و پیاوەتیدا ژیان بەسەر دەبا. پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە بەئەمەگەی خەڵکە کە هەموو سەرمایەی ژیانی بە سەخاوەتەوە لە خزمەتی ئامانجەکانی گەلدا وەکار خستوە، بێئەوەی لەو ڕێگایەدا چاوی لە حقووق و پاداش و تەنانەت سوپاسێکیش هەبێ. پێشمەرگە گلێنەی چاوی گەلی کورد و جێگەی هیوا و هۆمێدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. هەربۆیەش زۆر شتێکی سروشتییە کە خەڵکی کوردستان هەموو ئیمکاناتی خۆیان لە خزمەتی پێشمەرگەدا داناوە و حیزبی ئێمەش بە لانی کەمەوە سەدی هەشتای ئیمکاناتی ماڵیی خۆی بۆ ڕێکوپێککردنی کاروباری پێشمەرگە وەکارخستوە.

لێرەدا زۆر بە پێویست دەزانین جارێکی دیکە سوپاسی گەرمی خۆمان لە قارەمانەتی و گیانبازیی پێشمەرگە خۆشەویستەکان دەربڕین و سەرکەوتن و لەشساغی و بەختەوەریی زیاتریان بۆ بەئاوات بخوازین. هەر بەو بۆنەیەشەوە جێگای خۆیەتی لە هێزی یارمەتیدەری پێشمەرگە، هێزی کۆمەکی و پشتی جەبهە، واتە هێزی بەرگریی میللی پڕ بەدڵ سوپاس بکەین. لە شەڕەکانی کوردستاندا هێزی بەرگریی میللی نەک هەر لە پشتی جەبهەوە یارمەتیی پێشمەرگەی داوە، بەڵکوو لە زۆربەی مەیدانەکانی شەڕدا لە ڕیزی هەرە پێشەوەی جەبهەدا شانبەشانی پێشمەرگە لە سەنگەری دیفاع لە ئازادی و ئینسانییەتدا لێوەشایی خۆی نیشان داوە.

جێگای شانازییە کە ئەمڕۆ هەموو خەڵکی ئێران بە چاوی ڕێز و قەدرزانییەوە سەیری خەڵکی

خەباتکەری کوردستان و پێشمەرگە بەجەرگەکانی کورد دەکەن. ئەوە خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە فیداکارەکان بوون کە یەکەم جار بەرامبەر بە هێرشی چەنگیزانەی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی ڕاوستاون و هەتا ئاوەدانبوونەوەی هەموو سەنگەرەکانی دیکەی دژی کۆنەپەرستی لە ئێراندا ئاڵای خەباتی دژی ئیمپریالیستییان بەرز ڕاگرت. حکوومەتی دژی گەلیی خومەینی لە هەموو ناوچەکانی ئێران هێرشی بردە سەر ماف و ئازادییەکانی خەڵک و بەبێ بەزەیی پێشێلی کردن. تەنیا لە کوردستان بوو کە لوتی وە چیای سەخت و لانی بێچووشێرانی کورد کەوت و ناچار بوو پاشەکشە بکا. ئەوە شانازییەکی زۆر گەوری گەلی کورد و پێشمەرگەکانی کوردستانە و هیواداریـن ئەو شانازییە لە دواڕۆژیشدا بە فیداکاری و لێوەشاویی پێشمەرگە قارەمانەکان بپارێزێ.

شتێکی کە بۆ هەموومان جێگای دڵخۆشییە ئەوەیە کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەباری چەندی و چۆنییەوە بەرەوپێش چووە و گۆڕانی گرینگی بەسەردا هاتوە. پێشمەرگەکان هەم لە کلاسەکانی دەرس و هەم لە تاقیکردنەوەی خۆیان زۆر دەرسی بەنرخ فێر بوون کە لەخەبات و تێکۆشانی خۆیاندا کەلکیان لێ وەرگرتوون. لەباری هونەرەکانی شەڕ و یارمەتی گەیاندن و پەلامار و پاشەکشە و ئاگاداری واتە (اطلاعات) و تەداروکاتەوە کاروباری هێزەکانی پێشمەرگە زۆر پێش کەتوە و زۆر کەموکوڕیی گەورە لەنێو چوون. بەڵام بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە هەروا بەرەوپێش بڕوا و لە دواڕۆژدا باشتر بتوانێ ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ، پێویستە زیاتر و باشتر لە کاروباری پێشمەرگە وردبینیەوە، ناتەواوییەکانی دەستنیشان بکەین و ڕێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بدۆزینەوە.

پێش هەموو شتێک دەبێ نێوەرۆکی ئەو شەڕە کە پێشمەرگەی کوردستان دەیکا، دیاری بکرێ. نابێ لە بیرمان بچێ کە پێشمەرگە لەپێناوی وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی گەلی کورددا خەبات دەکا کە دوژمنانی ئازادی بەئاشتی حازر نەبوون قبووڵیان بکەن و بۆ سەرکوتکردنی داخوازەکانی گەلی کورد پەلاماریان هێناوە و شەڕیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندوە. کەوابوو، شەڕی پێشمەرگە شەڕە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لەپێناوی مافێکی ڕەوادا و لە ئاکامدا شەڕە بۆگەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە و عادلانە.

لەباری شێوەی شەڕەوە، نابێ لەبیرمان بچێ کە هەرچەند ئێستا لە زۆربەی ناوچەکاندا پێشمەرگەی کوردستان بەرامبەر بە هێزی سەرکوتکەری دوژمن سەنگەری گرتوە و ناهێڵێ بستێک بێتە پێش، بەڵام بە چەشنی ئوسوولی، شێوەی ئەساسیی شەڕی ئێمە شێوەی شەڕی پارتیزانییە. شەڕی پارتیزانیش قانوون و ڕێوشوێنی تایبەتیی خۆی هەیە کە بە خۆشیەوە پێشمەرگەکانی کوردستان ڕۆژبەڕۆژ باشتر ئەو ڕێوشوێنانە فێر دەبن و بەکاریان دەبەن و پێویست نییە لێرەدا باسیان بکەین. بەڵام پێمان باشە لەو بارەوە هێندێ مەسەلەی گرینگ بێنینە گۆڕێ.

لە شەڕی پارتیزانیدا کە شێوەی بەربەرەکانیی گەلێکی کەمدەرتان لەدژی ئەرتەشێکی پۆشتە و پەرداخی دەوڵەتییە، پشتیوان و تەکیەگای ئەسڵیی پارتیزان کۆمەڵانی خەڵکن. هەر لەبەر ئەوەش پێویستە پارتیزانەکان بە بەرزکردنەوەی پلەی تێگەیشتنی سیاسیی خۆیان و بە نیزیکبوونەوە لە کۆمەڵانی خەڵک و بە ڕەفتاری باش و ئاکاری جوان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر جێگای خۆیان لەنێو ئەواندا بکەنەوە و پتر پشتیوانیی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

لەو شێوە شەڕەدا سەرچاوەی ئەسڵیی چەک و تەقەمەنیی پارتیزان، هێزی دوژمنە. هەربۆیە پێویستە پارتیزان بەوردی شوێن و کاتی دەستوەشاندن لە دوژمن دیاری بکا و لەو کات و شوێنەدا دەست لە دوژمن بوەشێنێ کە بە زیان و تەلەفاتێکی زۆر کەم و بە مەسرەفکردنی لانیکەمی تەقەمەنی، زیانی گەورە لە پەلاماردەران بدا و چەک و تەقەمەنییەکی زۆر وەدەست بێنێ. لە هەموو حاڵێکدا پێویستە پێشمەرگەی حیزب وەک پارتیزانێک ئەوەندەی بکرێ دەست بە تەقەمەنییەوە بگرێ و تەنانەت بە هەڵکەوت نەبێ چەکەکەی نەخاتە سەر ڕیز.

پێویستە هەمیشە لەبەرچاومان بێ کە شەڕی پارتیزان،ی شەڕی ماندووکردنی دوژمنە. بۆیە زۆر وێدەچێ شەڕی ئێمە لەدژی دەسەڵاتی کۆنەپەرست و دیکتاتۆر شەڕێکی درێژخایەن بێ. کەوابوو پێشمەرگە دەبێ خۆی بۆ چەندین ساڵ شەڕ و بەربەرەکانی ئامادە بکا و لە پەلەپەلی بێجێ و دانی تەلەفاتی زۆر خۆی بپارێزێ. نابێ لەبیرمان بچێ کە یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی پارتیزان پاراستنی گیانی خۆیەتی و سەرکەوتووترین شەڕ ئەو شەڕەیە کە زیانی پێشمەرگە کەمتر بێ، یان هەر زیانی نەبێ. ئەوکارەش پێویستی بەوە هەیە کە پێشمەرگەکانمان هونەری پەلامار و پاشەکشە و سەنگەرگرتن و زەبروەشاندن باشتروباشتر فێر بن.

شەڕی پارتیزانی زیاتر شەڕی مەڵبەندە شاخاوییەکانی ناوچە لادێییەکانە. بەڵام بۆ ئەوەی لە هەموو دەرفەتێک بۆ زەبروەشاندن لە پەیکەری دوژمن کەلک وەربگیرێ، پێویستە لە نێوان شەڕی چیا و پێدەشتەکان و دەستوەشاندن لە پێگەکانی دوژمن لە نێو شارەکاندا هەماهەنگی پێک بێ، بێئەوەی لەهیچ حاڵەتێکدا لەنێو شارەکان جەبهە بکرێتەوە و شەڕی سەنگەری بکرێ. چونکە سەنگەرگرتن و شەڕی جەبهەیی لەنێو شار لەلایەک دەبێتە هۆی وێرانی شارەکە و کوژرانی خەڵکی بێدیفاع و، لەلایەکی دیکەش کەرەسە و تەقەمەنییەکی زۆری تێدەچێ کە زۆرکەم وایە لەو جۆرە شەڕانەدا جێگای پڕ بکرێتەوە. بێجگە لەوەش ئێمە دەبێ لەنێوان خەباتی چەکدارانە و خەباتی هێمنانەی نێو شارەکاندا هاوهەنگاویی ڕێکخستن پێک بێنین، تاکوو بتوانین لە هەموو دەرەتانێک بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی خۆمان کەلک وەربگرین.

با نەیشارینەوە کە لە کاتێکدا پێشمەرگە بۆ فیداکاری و ئازایەتی نموونەیە و لەو بارەوە جێگای دەستخۆش و ئافەرینە، هەتا ئێستا لەباری نەزم و دیسیپلینەوە لە پاشە. لە کاتێکدا دیسیپلین و پاراستنی نەزم و گوێڕاگرتن بۆ دەستووری بەرپرسانی سەرەوەتر لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا هەم بۆ سەرکەوتنی نەخشە و گەڵاڵەکانی شەڕ و، هەم بۆپاراستنی گیانی پێشمەرگە هۆیەکی زۆر بەسوود و کاریگەرە. لەنێو پێشمەرگەکانی ئێمەدا نهێنیکاریش بەوجۆرەی پێویستە لەبەر چاوناگیرێ، زۆرجار بینراوە، کە پێشمەرگە پێش بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکەی پێی ئەسپێردراوە، مەئمووریەتەکەی بۆ کەسانی دیکە باس کردوە. جاری واش هەبووە کە ئەو زاربڵاوییە بۆتە هۆی ئەوەکە دوژمن لە نەخشەی پێشمەرگە ئاگاداری بێ و لە ئاکامدا نەخشەکە سەرنەکەوێ. بەم جۆرە تەوسیە دەکرێ کە نهێنیکاری و دیسیپلین وەک دوو ئەسڵی گرینگی خەباتی سیاسی و دوو هۆی کاریگەری سەرکەوتنی خەباتی چەکدارانە هەرچی زیاتر لەنێو ڕیزکانی پێشمەرگەدا لەبەر چاو بگیرێن و خوشک برایانی پێشمەرگەلە هیچ حاڵەتێکدا ئەو دوو ئەسڵە بە کەم نەگرن.

کاری سیاسیی نێو هێزی پێشمەرگە و هاودەنگیی نێوان بەشی سیاسی و نیزامی لە دووساڵی ڕابردوودا چۆتە پێش، بەڵام جارێ نەگەیشتۆتە ڕادەی پێویست. لەوبارەوە پێویستە بگوترێ کە هێزی پێشمەرگە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکانی حیزب دروست بووە و هەر وەخت ئامانجە سیاسییەکانی وەدی بێن، هێزی پێشمەرگە کاری دیکەی پێ دەسپێردرێ. کەوابوو، پێویستە هەموو کردەوەیەکی نیزامی لەخزمەتی ئامانجە سیاسییەکاندا بێ و هەموو بڕیارێکی گرینگی نیزامی لە ناوچەکاندا بە ئاگاداری هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان، یان هەرنەبێ بە هاوکاریی مەسئوولی کۆمیتە شارستان بگیرێ. دیارە تیکنیکی عەمەلیات و وردەکاری لە نەخشە نیزامییەکاندا بە تەنیا کاری فەرماندەری هێز و بەرپرسەکانی پێشمەرگەیە و بەشی سیاسی لەو بارەوە دەخاڵەت ناکا. بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو شەڕێک هێندێ ئەنجامی سیاسیی بەدواوەیە، پێوستە پێش ئەنجامدانی هەر عەمەلیاتێکی نیزامی، ئاکامە سیاسییەکانی لە هەیئەتی ئیجراییدا لێک بدرێتەوە.

تەداروکاتیش لەنێو پێشمەرگەدا جارێ لاوازە و پێویستە کاری زیاتر لە سەر بکرێ. زۆرجار ڕێ کەوتوە پێشمەرگە لە سەنگەردا شەو ڕۆژێک نان و ئاوی پێ نەگەیشتوە. جاری واش بووە کە تەقەمەنی و کەرەسەی شەڕ لەگەڵ ئەوەی لەبەردەستیشدا بووە، بەوەخت نەگەیشتۆتە پێشمەرگەکان و لەئاکامدا ناچاربوون جێگای خۆیان بەجێ بهێڵن. لەو بارەوە کۆمیتەکانی حیزبی ڕەخنەیان دێتە سەر. بەشی تەداروکاتی کۆمیتەی شارستان و هێزی مەڵبەند دەبێ هاوکارییەکی وایان لەنێودا هەبێ کە هەموو شتێک لە کاتی پێویستدا بگاتە جێگای خۆی و پێشمەرگە لەنێو سەنگەردا هەست نەکا کە پشتی جەبهەی نییە. دەبێ کارێک بکرێ کە بەرەبەرە هاودەنگیی تەواو لەنێوان ڕێکخراوی «حیزب و هێزی پێشمەرگە»دا پێک بێ. بەڕاستی، ئەوکاتە دەتوانین بەتەواوی هیوامان بە سەرکەوتن هەبێ کە هەموو پێشمەرگەکان بە تێگەیشتنەوە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی حیزب تێبکۆشن و هەموو ئەندامانی حیزبیش خۆیان بە پێشمەرگە بزانن.

کەموکوڕییەکی دیکە کە بەداخەوە هێشتا لەنێو پێشمەرگەکاندا بەرچاو دەکەوێ، بێ موبالاتی و کەمتەرخەمی لە ئێشکگرتن و نیگابانیدایە. هەتا ئێستا چەند جار زیانی گەورەمان لەو کەمتەرخەمییە دیوە. لە داشکستان لەبەر نەبوونی نیگابانی پەلێکی پێشمەرگە گەمارۆ دراو بەداخەوە ١٠ قارەمانیان لێ شەهید بوون. چەند جار ڕێ کەوتوە گیراوەکان لە بێموبالاتی پێشمەرگە کەلکیان وەرگرتوە لە زیندانی حیزب ڕایان کردوە، کە بەختیارانە بەشی زۆریان بەهۆی هاوکاریی خەڵکەوە گیراونەوە.

تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی تێگەیشتنی سیاسی و هونەرەکانی نیزامیش لەنێو پێشمەرگەدا کەمتر لە ڕادەی پێویستە. زۆرجار دەبیندرێ لە کاتی حەسانەوەدا وەختی پێشمەرگە بەفیڕۆ دەچێ و بۆ تەمرین لەسەر بەکارهێنانی چەکە جۆربەجۆرەکان، یان بۆ بردنەسەرێی پایەی تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەلکی لێ وەرناگیرێ. جگە لەوەش، وەرزش و پەروەردەی بەدەنی لەنێو پێشمەرگەدا زۆر کەمە دیارە ئەوەش بە کەموکوڕی یەک لەکاری پێشمەرگایەتیدا دەژمێردرێ. پارتیزان دەبێ هەمیشە لە وەزعێکی بەدەنیی ئەوتۆ دابێ کە بتوانێ چەندین ساعەت کار بکا، بە ڕێگادا بڕوا و ئەگەر پێویست بوو غار بدا. ئاشکرایە کە ئەوەش بەبێ وەرزش و پەروەردەی بەدەنی لەتوانادا نییە.

بەجێیە ئەوەش بگوترێ کە هێندێ لە پێشمەرگەکان کارکردن بە پێچەوانەی شوغڵی پێشمەرگایەتی دەزانن و تەنانەت پێیان عەیبە کار بکەن. بەڕاستی ئەو بۆچوونە زۆر نادروستە. پێشمەرگە دەبێ لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێش کاربکا، وەک ئەوان لە کاروباری بەرهەمهێناندا هاوکاری بکا. بەتایبەتی هەق وایە پێشمەرگەکان ئەو کاتەی لە جەبهە و لە مەیدانی شەڕدا نین بە ڕەنجی شان و باهۆی خۆیان خانوو بۆ بنکەکانیان دروست بکەن. بەوکارە هەم خۆیان لە بێکاری و ڕەقەپشت بوون ڕزگار بکەن و هەم یارمەتییەکیش بە حیزب بگەیەنن، بۆ ئەوەی خەرجی خانوو دروست کردن و ئەو جۆرە کارانە نەکەوێتە سەرشانی حیزب .

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لە ماوەی پاش کۆنگرەی چوارەمدا حیزبەکەمان لەبارەی کاروباری پێشمەرگەوە دوو دەسکەوتی گەورەی هەبووە. یەکەم دامەزراندن و پەرەپێدانی نەخۆشخانەکانی حیزبە. زۆر بەشانازییەوە ڕادەگەیەنین کە ئێستا پزیشکەکانی نەخۆشخانە بە ئیمکاناتی کەمەوە کە بەشی زۆری بۆ خۆیان پێکیان هێناوە، سەختترین عەمەلی جەراحی بۆ بریندار و نەخۆشەکان دەکەن و هەموو مانگێک چەندین پێشمەرگەی بریندار و چەندین لاوی فیداکار بە تێکۆشانی دڵسۆزانەی پزیشکەکان لە مردن ڕزگار دەبن و دەگەڕێنەوە نێو سەنگەری خەبات. بۆیە جێگای خۆیەتی کە پڕ بەدڵ لە زەحمەت و کوێرەوەریی تەواوی ئەو کەسانە لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکاندا هاوکارییان کردوە، بەتایبەتی لە کار و ماندووبوونی شەو و ڕۆژیی پزیشکان و کادری دەرمانیی نەخۆشخانەکان سوپاس بکەین.

دووهەم دەسکەوتمان دامەزراندنی سیستمی موخابەراتە. موخابەرات هەروەک هەمووتان دەزانن بۆ کاروباری خەباتی چەکدارانە شتێکی حەیاتییە. موخابەرات لەڕاستیدا شاڕەگی کاروباری چەکدارانەیە و ئەگەر ئەو شاڕەگە کار نەکا، تەواوی بەشەکانی دیکەی خەباتی چەکدارانە تووشی شپرزەیی و نابەسامانی دەبن. زۆر بە شانازیی دەزانین کە ئێستا دەتوانین ڕابگەیەنین لە شیمالەوە تا جنووب لە هەموو ناوچە گرینگەکانی کوردستاندا دەزگای موخابەراتیی ئێمە چالاکانە کار دەکا و هەموو ڕووداوەکانی شەڕ و هەموو پێدوایستییەکانی پێشمەرگە لە زووترین کاتدا بە دەفتەری سیاسی حیزب ڕادەگەیەندرێن. جگە لە شەبەکەی سەرتاسەری، زۆر لە دەستە و لکەکانی پێشمەرگە لەنێو خۆیاندا پێکەوە بە بێسیم پێوەندییان هەیە و لە زووترین کاتی مومکیندا دەتوانین کۆمەک و یارمەتی بە یەکتر بگەیەنن. جێگای باسە کە هەتا ئێستا دوو_سێ کلاس بۆ فێرکردنی بێسیم دانراوە و هیواداریین لە داهاتووشدا تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی موخابەرات درێژەی هەبێ. بەو بۆنەوە ڕێگا بدەن بە ناوی هەموو بەشدارانی کۆنگرەوە لە تێکۆشانی بێوچانی موهەندیس و هەموو کادری بەشی موخابەرات سوپاس بکەین و ڕێز بۆ کاری بەکەلک و بەسوودی ئەوان دابنێین.

**خوشك و برا بەڕێزەکان!**

سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقەلای ئێمە و تێکۆشانی بێوچانی کادری پزشکیی نەخۆشخانەکان، بەداخەوە دیسانیش هێندێ لە بریندارەکانمان کە برینەکانیان کاریگەرە شەهید دەبن و هێندێکی دیکەش لاق ودەست و ئەندامی دیکەی لەشیان لەدەست دەدەن. زۆر ناخۆشە کە لە

هەلومەرجی شەڕدا خزمەتێکی گەوەرە و بەرچاومان بۆ نقوستانەکان لەدەست نایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێویستە لە هەر جۆرە کۆمەگ و یارمەتییەک کە لەدەستمان دێ، دەرهەق بەو ڕۆڵە فیداکارانە درێخی نەکەین، بەو هیوایەوە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، گەلەکەمان بتوانێ پاداشی لە خۆبوردوویی ئەو ڕۆڵە بەنرخانەی بداتەوە.

ئەرکێکی گرینگی دیکەمان ڕاگەیشتن بە خاووخێزانی شەهیدانە. دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبیر بێ کە یەکێک لەئێمە هەر ئەندازە لە ڕێگای گەلەکەیدا فیداکاری بنوێنێ، لەچاو هاوڕێ شەهیدەکانمان کە گەورەترین سەرمایەی ژیان واتە گیانی خۆیان لەڕێگای میللەتدا بەخت کردوە، هەر لەپاشە، ئێستا ئەو ڕۆڵە قارەمانانە کە سەریان لە ڕێگای بیروباوڕیاندا داناوە، ئەرکی ئێمە و هەموومانە کە نەهێڵین کەسوکاریان و بەتایبەتی ژن و منداڵیان هەست بە بێکەسی بکەن. دەبێ لە زاری خۆمان و تەنانەت پێشمەرگەکانیش بگرینەوە بۆ ژیانی خاووخێزانی شەهیدەکانمان.

چەند مانگە کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری داوە کە بێجگە لەو یارمەتییەی بەناوی شەهیدانە دەدرێ بە بنەماڵەی شەهیدان، هەموو مانگێک یارمەتیی پێشمەرگە شەهیدەکان بدرێ بە ژن منداڵ و کەسانی ژێر تەکەفولی ئەوان. بەخۆشیەوە ئەو بڕیارە لە زۆربەی ناوچەکاندا جێبەجێ کراوە و یارمەتیی خێزانی شەهیدان بە ڕێکوپێکی دراوە. بەڵام دیارە ئەوەی تا ئێستا بۆ خێزانی شەهیدان لە دەستمان هاتوە زۆر کەمە. پێویستە لە مەودواش هەوڵ بدەین یارمەتی زیاتریان پێ بکرێ، هەتا ئەو ڕۆژەی بەهیوای خودا گەلەکەمان سەردەکەوێ و خزمەتی بنەماڵەی شەهیدان بەوجۆرەی پێویستە وەئەستۆ دەگرێ.

### هاوڕێیانی خۆشەویست!

بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاروباری پێشمەرگە بەرەوپێش بچێ، پێشنیار دەکەین لە هەموو هێزەکاندا بەرنامە بۆ فێرکردن و پێگەیاندنی پێشمەرگە لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیزامییەوە دابنرێ. ڕێوشوێنی ئوسوولێکی ڕوون بۆ تەشویق و سزادانی پێشمەرگە دیاری بکرێ، تاکوو ئەوانەی لێوەشاوەیی زیاتر لە خۆیان نیشان دەدەن ڕێزیان لێبگرێ و کەسانێکیش کە ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن سزا بدرێن، حیساب و کیتابی چەک و تەقەمەنی و ئەموالی پێشمەرگە بەوردی ڕابگیرێ و چاوەدێری بەسەر مەسرەفی بەڕێوەجێی موهیمماتدا بکرێ، لە هەموو بنکەکانی پێشمەرگە وەرزش وەک بەرنامەی کاری ڕۆژانە بە ئەرک دابنرێ و هەموو بەیانییان ماوەیەک وەرزش ئیجباری بێ.

### کاروباری و کۆمەڵایەتی

نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە دەزانن کە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی کوردستانەوە و لەبەر نەبوونی هیچ چەشنە ئیدارە و دامودەزگایەکی دەوڵەتی لە ناوچەی ڕزگارکراوی کوردستان، بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی وەک ئەرکێکی گرینگ بۆتە سەرباری ئەرکە سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دەوڵەتی خومەینی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە تەواوی ئیدارەکانی هەڵوەشاندوە و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان بۆ چاری گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لە جێگایەک دەگەڕێن کە سکاڵا و

شکایەتی خۆیانی بۆ بەرن. ئەو جێگایەش بۆ خەڵکی کوردستان بێجگە لە بنکەکانی حیزبی ئێمە ناتوانیٚ شوێنێکی دیکە بیٚ، چونکە تەنانەت لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیی «محەمەدڕەزا شا»شدا هەرکاتێک و لەهەر جێگایەک ئیمکانی موراجەعە بە لێپرسراوانی حیزب هەبووایە، خەڵکی کوردستان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانیان نەدەچوونە لای ژاندارمە بەرتیلخۆرەکانی ڕێژیم.

بەشانازییەوە دەکریٚ بڵێین لێپرسراوانی حیزبی ئێمە سەرباری کاروباری سیاسیی خۆیان و لەگەڵ ئەوەش کە هەمیشە گیروگرفتەکانی شەڕ و پەلاماری دوژمنیشیان لە پێش بووە، توانیویانە بە هاوکاریی خەڵکی کوردستان بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕابگەن. گوتمان بە هاوکاریی خەڵک، بەڕاستی هاوکاری ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەو بارەشەوە هۆی هەرە ئەساسیی سەرکەوتنی ئێمە بووە. بۆ دەرکەوتنی ڕاستی و دروستیی ئەم قسەیەمان ئەوەندە بەسە کە بزانین لەو وەختەوە کە دەسەڵاتی پێشمەرگە لە کوردستاندا جێگیر بووە، لە تەواوی ناوچەی ڕزگارکراودا دوو ڕووداوی چەتەیی و ڕێگری نەبینراوە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان چەکی گەرمیان لەدەستدایە، لە ماوەی ساڵێکی تەواودا لە ناوچەی پیان و بەرینی مەهاباد تاقە ڕووداوێکی پیاوکوشتن هەبووە، ئەوەیش بە چەقۆ نە بەچەکی گەرم. بێجگە لەوەش لەهەر جێگایک دوو یان چەند کەس بۆچاری گیروگرفت و ناکۆکییەکانی خۆیان چوونە لای لێپرسراوانی حیزب و پێشمەرگە، هەر دوولای ناکۆکییەکە هاوکاریی لێپرسراوانی کردوە و لە ڕێنوینی و پێشنیاری دڵسۆزانەی هاوڕێیانی مەسئوول دەرنەچوون. ئێمە ئەم دیاردەیە بە نیشانەی تێگەشتوویی و پێگەیشتوویی ڕۆڵەکانی گەلی خۆمان دەزانین و شانازیی پێوە دەکەین. ئێستا بەڕاشکاوی دەتوانینی بڵێین کوردستان ئەمنترین و بیٚ گیروگرفتترین ناوچەی سەرانسەری ئێرانە.

بۆ ئەوەی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای ئوسوولییەوە چارەسەر بکرێن، حیزب بەشێکی قەزایی بە بەشداریی چەند قازیی کارامە و لێوەشاوە پێک هێناوە. بەشی قەزایی بێجگە لە قانوونە گشتییەکانی وڵات، قانوونێکی تایبەتیشی بەناوی قانوونی سزادانی گشتی داناوە کە لەگەڵ داب‌وشوێن و گیروگرفتەکانی کۆمەڵی کوردەواری باشتر ڕێک دەکەویٚ. کار و تێکۆشانی براکانی بەشی قەزایی جێگای سوپاسە و هیواداریـن لە دواڕۆژدا زیاتریش بتوانن خزمەت بکەن. بەپێچەوانەی ویستی خۆمان ئێمە ناچار بووین زیندانێکی مەرکەزی و چەند زیندانی ناوچەییش دروست بکەین. دیارە ئەو زیندانانە زیاتر بۆ ڕاگرتنی ئەو خائینانی گەل و ئەرتەشی و پاسدارانە کەلکیان لیٚوەردەگیریٚ کە لە مەیدانی شەڕدا بەدیل دەگیرین. بەڵام جاروباریش ئەو کەسانەی بەپێچەوانەی قانوون و ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکان دەجووڵێنەوە لەو زیندانانەدا ڕادەگیرێن.

گوتمان بەپێچەوانەی ویستی خۆمان زیندانمان دروست کردوە و بۆ بەڵگەی ڕاستی و دروستیی ئەم قسەیە ئەوندە بەسە کە بزانین لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٥٠٠ کەسمان لەو سەرباز و دەرەجەدار و ئەفسەرانە کە لە مەیدانەکانی شەڕدا بە چەکداری بەدیل گیراون، بەڵام جینایەتی گەورەیان دەرهەقی گەلی کورد نەکردوە، بەبیٚ گۆڕینەوە و بیٚقەید شەرت ئازاد کردوە. ئەوانەش کە لە زیندانـدا ڕاگیراون، هەموو ئیمکاناتی ژیانیان لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە کە چاودێری زیندانەکان دەکەن، وەک یەکە.

**خۆشك و برا بەڕێزەکان!**

هەموومان دەزانین کە ڕێژیمی خومەینی لە هەموو بارێکەوە لەگەڵ تەواوی خەڵکی کوردستان شەڕ دەکا. ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە بۆ ئەوەی زوڵم لە بەرەی دواڕۆژی گەلی کوردیش بکا، دوو ساڵە ئیدارەی پەروەردە و فێرکردن کوردستانی هەڵوەشاندوە و لە تەواوی ئوستانە کوردنشینەکان لەهەر جێگایک دەسەڵاتی جەهەننەمی خۆی جێگیر نەبووبێ، ڕێگا نەداوە، منداڵانی کورد دەرگای قوتابخانەیان لێ بکرێتەوە و تیشکی خوێندەواری و زانستیان لێ بدا. بەرامبەر بەو سیاسەتە دژی ئینسانییەش حیزبەکەمان دەست لەسەر دەست دانەنیشتوە و بە هەستی مەسئوولییەت بەرامبەر پاشەڕۆژی منداڵانی کوردستان بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان دەستبەکار بووە. لە ساڵی خوێندنی ٦٠- ١٣٥٩دا لەهەموو ناوچە ڕزگارکراوکان بەپێی توانا بەشێک لە قوتابخانەکان کرانەوە. بۆ نموونە لە ناوچەی مەهاباد ژمارەی ئەو قوتابخانانەی بە هاوکاری و تێکۆشانی لێپرسراوانی حیزب کرابوونەوە، لە ١٤٠ قوتابخانە زیاتر بووە.

لە هاوینی ڕابردوودا حیزبی ئێمە بانگەوازێکی بۆ ڕووناکبیرانی کورد بڵاو کردەوە و داوای لێکردن بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان و دەرسگوتن بە منداڵانی کورد یارمەتی بدەن. بەخۆشیەوە خوێندەواران و ڕووناکبیران بە هەستی مەسئوولییەتەوە پێشوازییان لەو بانگەوازە کرد. لە زۆربەی ناوچە ڕزگارکراوەکان کلاسی پێگەیاندنی مامۆستا (تربیت معلم) بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا و ڕووناکبیرانی بەرپرسی کچ و کوڕ پێک هات و ڕووناکبیران بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە مێژووییەی سەرشانیان ئامادەبوون.

ئێستا جێگای شانازییە کە بڵێین لە بەشێکی یەکجار زۆری دێیەکانی ناوچەی ڕزگارکراودا قوتابخانەکان کراونەوە و منداڵانی کورد بۆ بەئەستۆگرتنی مەسئوولییەتەکانی دواڕۆژیان پەرورەدە دەکرێن. باشە ئەوەش زیاد بکەین کە کتێبی کوردیی کلاسی یەکەمی سەرەتایی دراوە بە چاپ و هیوادارین بەم زووانە بگاتە دەستی منداڵە خۆشەویستەکانی کوردستان. بێگومان حیزبی ئێمە لەمەودواش بۆ خزمەتی زیاتر بە پەرەپێدانی فەرهەنگ و زانست هەنگاو هەڵدێنێتەوە و هیوادارین بە هاوکاریی بێدرێخی ڕووناکبیرانی بەرپرس و بەرعۆدەی گەلەکەمان سەرکەوتنی زیاتر وەدەست بێنن. بەو بۆنەیەوە سوپاس و شانازیی خۆمان لە زەحمەتی کۆڕی پەرورده و فێرکردن و لە هەستی مەسئوولییەتی خوشک و برا ڕووناکبیرەکان بەتایبەتی لە مامۆستایانی قوتابخانەکان کە لەو بارەوە هاوکاریی حیزبیان کردوە، دەردەبڕین.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا گوتراوە پێویستە لە وەزعی ئێستا مالکییەتی زەویدا بە قازانجی وەرزێرانی هەژار و بێزەوی ئاڵوگۆڕێکی ئەساسی پێک بێ. هەرچەند لە پێشەکیی بەرنامەدا وەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی حیزب بۆ حکوومەتی خودموختاری کوردستان دانراوە، بەڵام کۆمیتەی ناوەندی هاتە سەر ئەو باوەڕە، ئێستا کە بەشێکی زۆری ناوچە وەرزێرییەکان لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دایە، هەق نییە ئێمە خەڵکی کوردستان لە چاوەڕوانیدا ڕابگرین و پێویستە هەر لە ئێستاوە هێندێ هەنگاوی بەکەلک بە قازانجی کۆمەڵانی زەحمەتکێشانی گەلی کورد هەڵێنێتەوە.

بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە کۆمیسیۆنی زەویوزار گەڵاڵەیەکی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی

زەوی داناوە و بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی حیزبی ناردوە. هەرچەند ئەو گەڵاڵەیە لەجێدا بە هاوکاریی زۆر کەسی شارەزا لە مەسەلە زەویوزاردا دانراوە، بەڵام لەبەر گرینگیی مەسەلەکە بەپێویست دەزانین جارێکی دیکەش بەوردی موتاڵای لەسەر بکرێ و پاش پەسندکرانی یەکجاریی لە بەهاری ساڵی ١٣٦١ەوە پیادە بکرێ. لەو بارەوە بە ئەرکی سەرشانی هەموو بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی حیزبی دەزانین کە ئەو گەڵاڵەیە بەوردی بخوێننەوە، لەگەڵ هەلومەرج و وەزعییەتی زەویوزار لە ناوچەی خۆیاندا بەراوردی بکەن و تێبینیەکانی خۆیان لانیکەم هەتا ئاخری ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٠ بنێرنەوە بۆ کۆمیسیۆنی زەویوزار لە دەفتەری سیاسی، بۆ ئەوەی لە سەرەبەهاری ساڵی تازەوە بەتەواوی ئامادەی جێبەجێکردن بێ.

یەکێ دیکە لەو مەسەلە کۆمەڵایەتییانە کە حیزبی ئێمە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کاری لەسەر کردوون، مەسەلەی ڕێگاوبانە. بەشی ڕێگا سازکردن لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا بەو ئیمکاناتە کەمەوە کە بوویەتی، توانیویەتی نیزیکەی ٥٠٠ کیلۆمیتر ڕێگای تازە لێ بدا و بۆ خۆشکردن و چالاککردنەوەی ڕێگا کۆنەکانیش بەپێی توانا هەوڵێکی زۆری داوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە لە هەر جێگایەکی کوردستان کە حیزب ڕێگایەکی تازەی کێشاوە، کۆمەڵانی خەڵک دەسبەجێ ناوی جادەی «دێموکرات»یان لەسەر داناوە. جێگای خۆیەتی لێرەدا لە کار ماندوو بوونی موهەندیس و شۆفیر و تەواوی ئێشکەرانی بەشی ڕێگا سازکردن و هەروەها لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە لەو بارەوە زۆریان یارمەتیی حیزب داوە و هاوکارییان کردوە سپاس بکەین و سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بەئاوات بخوازین.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگی دیکە کە کۆمیتەی ناوەندی هەنگاوی بۆ هاویشتوە، مەسەلەی شوراکانە. کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە وەختێک ئێمە داوای خودموختاری دەکەین و دەمانەوێ لە دوارۆژدا چارەنووسی خەڵکی کوردستان بدرێتەوە دەست خۆیان و بۆخۆیان کاروباری وڵاتەکەیان بەڕێوەبەرن، پێویستە هەر لە ئێستاوە لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا ئەو ئەسڵە، واتە ئەسپاردنی کاروباری نێوخۆیی بەدەستی نوێنەرانی خەڵک جێبەجێ بکەین. هەر ئێستاش لە زۆربەی دێیەکانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا شوراکان هەڵبژێراون و چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیان وەئەستۆ گرتوە.

بەڵام لەم دواییانەدا کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری داوە بە شێوەیەکی ئوسوولیتر بۆ هەڵبژاردنی شوراکانی دێ و ناوچە و شار و شارستان هەنگاو هەڵێنێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە گەڵاڵەیەکیشی بۆ پێکهێنانی شوراکان داناوە. بە باوەڕی ئێمە ئەگەر کۆنگرەی پێنجەم پێویستی پێکهێنانی شوراکان پەسند بکا، پێویستە ئامۆژگاریی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرە بکا کە پاش تەواوکردنی ئەو گەڵاڵەیە بە زووترین کات لە سەرتاسەری ناوچەی ڕزگارکراوی کوردستان پیادەی بکا و بۆ هەڵبژاردنی شوراکانی دێ و ناوچە و شار و شارستان بەخێرایی هەنگاو هەڵێنێتەوە.

ئەو ڕاستییەمان نابێ لەبیر چێ کە لە نێوان کاری حیزبی و کاری کۆمەڵایەتیدا پێوەندییەکی پتەوی ئۆرگانیک هەیە. هەرچەندی کاری حیزبی لەنێو خەڵکدا زیاتر بکرێ، ئەوەندەش زیاتر سەرنجی ئەوان بۆ لای حیزب ڕادەکێشرێ و لە ئەنجامدا کۆمەڵانی خەڵک بۆ چارەسەری گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕوو دەکەنە حیزب. لەو لاشەوە هەرچەندی حیزب باشتر بتوانێ بە کارە کۆمەڵایەتییەکان ڕا بگا، ئەوەندەش دەتوانێ ڕۆڵەکانی گەل لە دوری خۆی کۆبکاتەوە.

هەر لەو کاتەدا دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە خەریکبوونی کادرەکانی حیزبی بە چارەسەری مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنیان لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی حیزبی و تەشکیلاتیدا. جا بۆ ئەوەی هەم کاروباری سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب کۆسپی نەیەتە سەر ڕێگا و دوا نەکەوێ و هەم کاروباری کۆمەڵایەتیش بەجوانی بەڕێوەبچێ، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە بە ئیبتکار و هاندانی حیزب لە هەموو شوێنێک خەڵک نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەندامەتیی شوراکانی دێ و ناوچە و شار و شارستان هەڵبژێرن و لە ئاکامدا کاروباری کۆمەڵایەتی بدرێتە دەستی شوراکان و کادر و بەرپرسەکانی حیزبییش خەریکی کاروباری سیاسی و تەشکیلاتیی خۆیان بن.

حیزبی ئێمە هەموو کاتێک ڕێزێکی تایبەتی بۆ هونەر و هونەرمەندان و نووسەران و شاعیران داناوە. ئێستا کە ڕێژیمی خومەینی ڕێگای پەرەگرتنی هەموو چەشنە هونەرێکی لە سەرانسەری ئێراندا بەربەست کردوە، بەرەو پێشچوونی هونەر لە کوردستانی ڕزگارکراوەدا ئەهەمییەتێکی تایبەتی هەیە. حیزبی ئێمە بۆ پێکهێنانی کۆڕی تیئاتر و مۆسیقی هەوڵێکی بەنرخی داوە و ئەم کۆڕانە لە زۆر شار و گوندی کوردستان بەرنامەیان گێراوە. لە هونەری دروستکردنی پۆستەر و پلاکارد و تەنانەت لە پەیکەرتاشینیشدا دەسکەوتی بەنرخمان هەبووە. هەروەها بە ڕێنوێنیی حیزب و هاوکاریی یەکیەتیی لاوان دێموکراتی کوردستان زۆر فیلمی باش و شۆڕشگێڕانە لە گوندەکانی کوردستاندا نیشان دراون. بەشی فیلم هەڵگرتنی حیزب توانیویەتی یەکەم فیلمی خۆی لە وەزعی ژیان و خەباتی گەلی کورد ئامادە بکا کە هیوادارین ئەوە ببێتە سەرەتا بۆ پەرەئەستاندنی هونەری فیلم و سینەمای نەتەوەیی لە کوردستاندا. بەو بۆنەیەوە لە هەموو ئەو هاوڕێیانە کە بۆ پێشخستنی هونەر زەحمەتیان کێشاوە سوپاس دەکەین و هیواداریـن لەکاری خۆیاندا سەرکەوتنی زیاتر و دەست بێنن.

بەشانازییەوە دەبێ بڵێین کە حیزبەکەمان لەم سێ ساڵەی دواییدا خزمەتێکی زۆری بە پێشخستنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردوە. نەک هەر پشتیوانیی لە شاعیران و نووسەرانی کورد کردوە، بەڵکوو بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و بەیاننامە و چاپەمەنیی حیزبی بە زمانی کوردی لەلایەک ڕووناکبیرانی فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی کردوە و لەلایەکی دیکەشەوە زمانەکەمانی پتر دەوڵەمەند کردوە و پەرەی پێ دراوە.

**خوشك و برا خۆشەویستەكان، نوێنەرانی بەڕێزی كۆنگرە!**

تاقیکردنەوەی دوو ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە حیزبی ئێمە هەلومەرجی قۆناخی ئێستای خەباتی ڕزگایخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی باش ناسیوە و ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان باش تێگەیشتوە. هەموو ڕووداوەکان دەریان خستوە کە حیزبەکەمان لەهەر قۆناخێکی دیاریکراوی خەباتدا سیاسەتێکی ئوسوولیی گرتۆتە پێش و توانیویەتی دروشمی گونجاو لەگەڵ ئەو قۆناخەدا بێنێتە گۆڕێ. هەر لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی چوارەم و کۆنگرەی پێنجەمدا جارێکی دیکە بەتەواوی دەرکەوتوە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن و ئەوە حیزبە بە ڕێبەرێکی لێوەشاوە و دڵسۆزی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیان دەزانن. ئێستا ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەران و کادر و ئەندامانی حیزبە کە تێبکۆشن ئەو لێکنیزیکی

و هاوپێوەندییەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بپارێزن و بەهێزتری بکەن.

لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهاندا زۆر کەم هەڵکەوتوە حیزبێک بەو ڕادەیە جێگای باوەڕ و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بێ و بەجۆرە هێزی بێپایانی گەلی لەپشت بێ. ئەو پشتیوانییەی گەلی کورد لە حیزبی ئێمەی دەکا، پشتیوانییەکی زۆر گەورە و شانسێکی بەنرخە کە بەدەگمەن بۆ حیزبێکی سیاسی ڕێک دەکەوێ. نابێ ڕێگا بدەین ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی گەلی کورد بەرامبەر بە حیزبەکەمان کەم بێتەوە. دەبێ بە هەموو تواناوە پشتیوانیی خەڵک لە حیزبەکەمان کە هۆی ئەساسیی سەرکەوتنمانە، بپارێزین.

هیچ گومان لەوەدا نییە ئەگەر لە دوارۆژیشدا هەروەک جاران و تەنانەت باشتریش لە خزمەتی گەلەکەماندا بین. ئەگەر قازانج و ئامانجی گەلی کورد ڕێنوێن و ڕێنیشاندەرمان بێ. ئەگەر پێوەندیی خۆمان لەگەڵ خەڵکی کوردستان پتەوتر بکەین و بە فیداکاری و لەخۆبووردوویی لەڕێگای چارەسەری گیروگرفتەکانیاندا تێبکۆشین و ئەگەر سیاسەت و دروشمەکانمان هەروەک جاران ئاوێنەی باڵانوێنی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بن، کۆمەڵانی گەلی کورد هەروەک ڕابردوو و زیاترش پشتی حیزبەکەمان دەگرن.

لەوەشدا گومان نییە کە هەر هێزێکی سیاسی بتوانێ سەرنج و پشتیوانیی زۆربەی ڕۆڵەکانی گەل بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، دەبێتە جێگای ڕێز و خۆشەویستیی هەموو هێزە پێشکەوتووەکان و تەواوی شەخسییەتە نیشتمانپەروەرەکانی ژوورەوە و دەرەوەی وڵات و دۆست و لایەنگری زۆر دەبێ. حیزبێکیش سیاسەتەکانی ڕاست بێ و داخوازەکانی ڕەوا بێ و کۆمەڵانی خەڵک پشتیوانی بن و هێزە دێموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و بیروڕای گشتیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتووی لە پەشت بێ، سەرکەوتنی مسۆگەر و شکان و بەچۆکداهاتنی بۆ نییە.

بۆ دابینکردنی شەرتەکانی سەرکەوتن تەنیا یەک ڕێگامان لە پێشە، ئەویش بریتییە لەوەی ئەرکەکانمان باش بناسین و بە چەشنێکی شێلگیر و بێوچان لە پێناوی وەدیهێنانیاندا خەبات بکەین. ئەرکە ئەساسییەکانی حیزبی ئێمە لە قۆناخی ئێستای خەباتی گەلەکەمان ئەمانن:

١_ هەروەک لەپێشەوە گوتمان، بەداخەوە تا ئێستاش تەشکیلاتی حیزبی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە وەڵامدەری ئەو مەسئوولییەتانە بێ کە قۆناخی ئێستای خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران خستوونیەتە سەرشانی. هەرچەند بەبێ خۆهەڵکێشان دەتوانین بڵێین حیزبی ئێمە یەکێک لە بەهێزترین و ڕێکوپێکترین حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانە، بەڵام دەبێ قەبووڵی بکەین کە هێشتاش زۆر ماوە بگەینە ئەو جێگایە کە پێویستە و هێشتاش نوختەی زەعفی هەرە ئەساسیمان تەشکیلاتە. کەوابوو، گرینگترین ئەرکی ئێمە لە دوای کۆنگرەش هەروەک جاران پەرەپێدانی تەشکیلاتی حیزب و بەرەوژوور بردنی پلەی تێگەیشتنی سیاسیی کادر و ئەندامان لایەنگرانی حیزبەکەمانە.

٢_ بەرەوپێش بردن و پەرەپێدانی کاری تەبلیغاتی یەکی دیکە لە ئەرکە گرینگەکانی حیزبی ئێمە لە قۆناخی ئێستادایە. لەڕێگای تەبلیغاتەوەیە کە حیزب دەتوانێ بیروباوەڕ و سیاسەت و دروشمەکانی خۆی بەرێتە نێو خەڵک و، پشتیوانی کۆمەڵانی گەل بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، پروپاگاندەی ژەهراویی دوژمن بەرپەرچ بداتەوە و لە ئاکامدا بیروباوەڕی خۆی وەها بەرێتە نێوکۆمەڵانی خەڵک کە ببێتە هێزێکی ماددیی توانا و گەورەترین سەرکەوتنەکان مسۆگەر بکا.

٣_ هەوڵدان بۆ خودکەفایی لە مەسەلەی ماڵیدا یەکی دیکە لەو ئەرکە پیرۆزانەیە کە دوای کۆنگرەی پێنجەم دەکەونە سەرشانی ڕێبەرایەتی و هەموو ئۆرگانەکانی حیزب. مەبەست لە خودکەفایی ئەوەیە کە هەمووی خەرج و دەرچوونی حیزب لە تەنیا سەرچاوەی داهاتی حیزبی وەک هەقی ئەندامەتی و یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب و داهاتی بنکەکانی حیزبی دابین بکرێ و هەموو جۆرە داهاتێکی دیکە تەنیا بە عامیلێکی یاریدەدەر دابنرێ.

٤_ بەرەوژوور بردنی لێوەشاوەیی خەباتگێرانەی هێزی پێشمەرگە لە باری چەندی و چۆنی (کمی و کیفی)یەوە، بەشێکی دیکە لە ئەرکە گرینگەکانی حیزبی ئێمە پێک دێنێ. ڕیبەرایەتیی تازەی حیزب دەبێ بە هەموو تواناوە بۆ باشترکردنی باری سیاسی و نیزامی و تەداروکاتیی هێزی پێشمەرگە تێبکۆشێ، هەوڵ بدا کەرەستە و تەقەمەنی پێشمەرگە باشتر و پتر بێ، تا پێشمەرگەی کوردستان باشتر بتوانێ لە ئازادی و مەوجوودییەتی گەلەکەی دیفاع بکا. بەپێی توانا دەبێ یارمەتیی پێشمەرگە زیاد بکرێ و بۆ باشترکردنی بەرگ و پێڵاو و خواردنی پێشمەرگە هەوڵ بدرێ.

مەسەلەکەی زۆر گرینگ لە کاروباری پێشمەرگەدا بردنەسەری پلەی زانستی سیاسیی پێشمەرگانە. بۆ ئەم مەبەستە لەپێشدا دەبێ هەوڵ بدرێ پێشمەرگە نەخوێندەوارەکان فێری نووسین و خوێندنەوە بکرێن. بەڕاستی جێگای داخە لە پەلێکی پێشمەرگەدا چەند پێشمەرگەی دیپلۆمەمان هەبێ و ماوەیەکی زۆریش بمێننەوە، بەلام ئەو پەلە دیسان پێشمەرگەی نەخوێندەواری تێدا مابێ.

بۆ ڕاگەیشتن بە فێرکردنی سیاسیی پێشمەرگەکان و بۆ ڕێکخستنی کاری خوێندەوارکردنیان پێشنیار دەکرێ هەر نەبێ بۆ هەر دەستەیەکی پەنجا کەسیی پێشمەرگە کادرێکی سیاسی دیاری بکرێ کە تەواوی وەختی خۆی لەگەڵ پێشمەرگەکان بەسەر بەرێ و ئەم ئەرکە گرینگە وەئەستۆ بگرێ.

٥_ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەلایەتی و خزمەتی باشتر بە خەڵکی کوردستان پێویستە بەزوویی شوڕا گەلییەکان لە هەموو ناوچە و دێ شار و شارەدێیەکی ڕزگارکراو دابمەزرێن و کاروباری نێوخۆیی کوردستانیان بدرێتە دەست. بۆ ئەوەش کە شوڕاکانی هەڵبژێراوی خەڵک هێزیکی ئیجرایی لە پەشت خۆیان هەست پێبکەن، پێوستە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە جیددی هاوکارییان لەگەڵ بکا.

٦_ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی زەویوزار بەوجۆرە کە لە پێشەوە باسمان کرد و لە بەرنامەی حیزبدا داهاتوە، وەک ئەرکێکی فەوری لە سەرشانی ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمەیە. پێویستە لە هەموو ئیمکاناتی حیزبەکەمان بۆ یارمەتی بە جووتیارانی زەحمەتکێش کە هێزی ئەساسیی بزووتنەوەی میللی دیموکراتی گەلی کوردن، کەڵک وەربگرین و بەپێی توانا ژیانێکی باشتریان بۆ دابین بکەین.

٧_ ئێستا کە ڕێژیمی خومەینی خەڵکی کوردستانی لە هەموو پێویستییەکانی ژیانی کۆمەلایەتی بێبەش کردوە، ئەرکی سەرشانی حیزبی ئێمەیە کە بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و

برەوپێدانی ڕێوشوێنی لەشساغی بەپێی توانا هەوڵ بدا. ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە دەبێ لە خەمی دواڕۆژی منداڵانی کوردستاندا بێ، حیزبی ئێمەیە کە دەبێ ڕێوشوێنی ئوسولی و لەشساغی فێری خەڵک بکا و حیزبی ئێمەیە کە پێویستە یارمەتیی هونەرمەندانی کورد بدا بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی هونەر و مۆسیقا و فولکلۆری کوردی بکەن.

٨_ هاوکاری و هەنگاو ڕێکخستن لەگەڵ هێزە دێموکراتی و شۆڕشگێرەکانی سەرانسەری ئێران هۆیەکی کاریگەری سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمانە. هەربۆیەش هەوڵدان بۆ هاوکاری و هاودەنگی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێرەکانی ئێران تا دەگاتە ڕادەی پێکهێنانی بەرەی هاوبەش، ئەرکێکی گرینگی سیاسییە کە دەکەوێتە ئەستۆی ڕێبەرەیەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی پێنجەم.

٩_گەیاندنی دەنگی حەقوازانەی گەلەکەمان بە گەلانی جیهان و بە مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو، ناساندنی خەباتی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کوردستان بە بیروڕای گشتیی خەڵکی دنیا و ڕاکێشانی یارمەتی و پشتیوانیی ڕێکخراوە بەشەردۆستە نێونەتەوەییەکان بۆ لای خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران، یەکێکی دیکە لەوە ئەرکە پیرۆزانەیە کە ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی پێنجەم پێویستە بە هەموو تواناوە بۆ بەجێگەیاندنیان تێبکۆشێ.

**خۆشك و برایانی خۆشەویست!**

بێگومان گرینگترین و پێوستترین ئەرکی گشت گەلانی ئێران و بە تایبەتی هێزە شۆڕشگێر و ئازادیخوازەکان و یەک لەوان حیزبی ئێمە کە لە ڕیزی پێشەوی خەباتدایە، لەهەلومەرجی ئێستادا ڕووخاندنی ڕێژیمی زۆردار و کۆنەپەرستی خومەینییە. ئێستا لە شورای نیشتمانیی بەرگریدا باشترین و خەباتگێرترین ڕێکخراوە ڕەسەن و شۆڕشگێرەکان کۆبوونەوە. بەرنامەی دەوڵەتی کاتی کە دەبێ وەک بەدیلێک جێگای ڕێژیمی خومەینی بگرێتەوە، لەسەر یەک بەرنامەیەکی ڕوون و دێموکراتییە و دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانیش دابین دەکا.

شێوەی خەباتی چەکدارانە وەک شێوەی هەرە ئەساسی خەبات لەلایەن بە نفووزترین ڕێکخراوەی سیاسییەکانەوە، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سازمانی موجاهیدینی خەڵق دیاری کراوە. بەڕاستیش ڕێژیمی دیکتاتۆری خومەینی هیچ ڕێگایەکی خەباتی قانوونی و ئاشتیخوازانەی نەهێشتۆتەوە و خەباتی چەکدارانەی بەزۆر بەسەر شۆڕشگێرانی سەرانسەری ئێراندا سەپاندوە.

ئێستا «دروشمی بڕووخێ ڕێژیمی خومەینی» نەک هەر دروشمی هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێرەکانە، بەڵکوو زۆربەی خەڵکی ئێران لەم دروشمە پشتیوانی دەکەن. هێزی ڕەسەن و شۆڕشگێر لەگەڵ دەستە و تاقمی ئانارشیست کە کاریان تەنیا ڕووخاندنە، جیاوازیی هەیە؛ بۆیە هێزە شۆڕشگێرەکانی ئێران نەک هەر دەیانەوێ ڕێژیمی خومەینی بڕووخێنن، بەڵکوو دەیانەوەی ڕێژیمێکی دێموکراتیی لەجێگا دابنین. کەوابوو، ئەم هێزانە تەنیا ناڵێن بڕووخێ ڕێژیمی زۆرداری خومەینی، بەڵکوو دەشڵێن بژی ڕێژیمی دێموکراتیی هەڵقولاو لەنێو

جەرگی کۆمەڵانی خەڵکەوە. بەمجۆرە ئاسۆی خەبات ڕوونە. ئەرکی هەرە پێوستیش دیارە کە ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتییە لە ڕێگای خەباتی چەکدارانەوە.

بە بیروڕای ئێمە هەروەک لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە، هەموو هەلومەرجێک بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم ئامادە بووە. ئێمە دڵنیان کە یەکیەتیی کردەوە و هاودەنگیی نێوان هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران دەتوانێ و دەبێ ڕێژیمی خوێنڕێژی خومەینی بڕووخێنێ. حیزبی ئێمە لەو ڕێگایەدا و هەروەها لە ڕێگای دامەزراندنی ڕێژیم دێموکراتی دواڕۆژدا ئامادەیە لەگەڵ تەوای هێزەکانی بەڕاستی شۆڕشگێر و مەسئوول هاوکاری بکا و ئەرکی خۆی بە لێوەشاوەیی بەجێ بگەیەنێ. بەڵام ڕێگا بدەن جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دوپات بکەینەوە کە حیزبی ئێمە لە هیچ هەلومەرجێکدا ئامادە نییە لەگەڵ دەستەوتاقمە سەڵتەنەتخوازەکان و لەگەڵ ئەوانەی لە ڕابردوودا هاوکاریی ڕێژیمی پاشایەتییان کردوە، هاوکاریی بکا.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە بەخێرهاتنتان دەکەن و سەرکەوتنیان بەئاوات دەخوازین. هیوادارین چالاکانە لە باس و لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرەدا بەشدار بن و ئەم کۆنگرەیە بتوانێ بریاری زۆر بەکەلک بەقازانجی گەلی کورد و بزووتنەوەی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران دەربکا.

* سەرکەوێ کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی شەهیدان.
* سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێنوێنی خەباتی هەحقوازانەی خەڵکی کوردستان.
* سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران، بە تایبەتی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
* سڵاو لە گەلی قارەمان کورد و هەموو گەلانی خەباتگێڕی ئێران.
* سڵاو لە پێشمەرگەی کوردستان، خۆبەختکەری ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەرانسەری ئێران.
* سڵاو لە هێزە دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستییەکانی سەرانسەری ئێران.
* سەرکەوێ دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان.
* بڕووخێ ڕێژیمی دژی گەلی و کۆنەپەرستی خومەینی.
* سەرکەوێ خەباتی هێزە شۆڕشگێرەکانی ئێران بۆ هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی.

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**پەسندکراوی کۆنگرەی پێنجەم**

**سەرماوەزی ١٣٦٠ (دیسامبری ١٩٨١)**

## بەشی یەکەم: بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**سەرەتا:**

١_ لەمێژە گەلی کورد لەپێناوی ئازادی و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا. سەرانسەری چەرخی نۆزدەهەم شاهیدی ڕابردووی خوێناویی نەتەوەکەمانە. لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەبووە. لە سەردەمی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرەستی و فاشیزمدا پێویستییەکی مێژوویی بۆ دامەزرانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ، هەست پێدەکرا. هەر لەبەر ئەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارە کە پاش بیست ساڵ دیکتاتۆریی ڕەزاخان پێک هاتبوو، کەڵکی وەرگرت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

بەو جۆرە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەنجامی پێویستییەکی مێژوویی و نیشانەی وریایی و ژیری ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد بوو. لەو دەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردەوە، ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ دەژمێردرێ و سەرەتای قۆناخێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕابەرایەتیی حیزبی ئێمە بووکە نەتەوەی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژووی تازەی خۆیدا توانی حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەشێکی کوردستاندا بهێنێتە سەر کار.

ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و لە دوای پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە دیکتاتۆریی نیزامی باڵی بەسەر هەموو کوردستانی ئێراندا کێشایەوە. بەڵام گەلی کورد لە خەبات سارد نەبۆوە و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی هەروا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ٣٧ ساڵ خەباتی پڕ هەوراز و نشێو و پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە کە حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە دەرسی وەرگرتوە.

ئەم بەرنامەیە لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا بە لە بەرچاو گرتنی ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی فەرهەنگی لە جیهاندا بە وردبوونەوە لە قۆناغی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران و هەلومەرجی تایبەتیی کوردستانی ئێران دانراوە.

٢_ سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕزگاربوونی گەلانی زۆرلێکراو لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم، سەردەمی لاوازبوونی بەرەی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی لە سەرانسەری جیهان، سەردەمی پەیدابوون و پەرەگرتنی سۆسیالیزم و سەردەمی پێشکەوتنی هێزە دیموکرات و ڕزگاریخوازەکان لە هەموو وڵاتانە. لە ماوەی ٣٧ ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی ئەوتۆ لە جیهاندا ڕووی داوە کە سیمای سیاسیی جیهانی گۆڕیوە. سیستمی ئیستیعماری لەبەریەک هەڵوەشاوە و دەیان نەتەوەی گەورە و بچووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە.

لە زۆر وڵاتاندا ئەم ڕەوتە سیاسییە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ بووە. لەم وڵاتانەدا کۆمەڵی دواکەوتووی پێشوو لەنێو چووە و کۆمەڵێکی نوێ و پێشکەوتوو جێگای گرتووەتەوە. چینە زۆردار و کۆنەپەرستەکانی سەر بە ئیمپریالیزم دەسەڵاتی سیاسییان لە دەست دەرهاتوە و هێزە نیشتمانپەروەرەکان و نوێنەرانی چین و توێژە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە.

لە زۆربەی وڵاتاندا چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لەبەریەک هەڵوەشاوە و ڕێگا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ خۆش بووە. بە چەشنێکی گشتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەکە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەوپێش بەرن، ئازادیی کردەوەیان پتر بووە و دەرەتانیان بۆ پێک هاتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دروست بکەن.

وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە سایەی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیکەوە کە ئیمکانێکی بێوێنەیان بۆ پێشکەوتنی ئابووری پێک هێناوە، توانیویانە هەڵدانی ئابووریی خۆیان خێراتر بکەن. بەڵام لەکاتێکدا ئەو وڵاتانە توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتووانیان بەرنە سەر، بە سەدان میلیون کەس لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکەن و تەنانەت لە هێندێ وڵاتدا زۆر کەس لە برسان دەمرێ. ئەمە یەکێک لە گەورەترین ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتییە.

وڵاتە ئیمپریالیستییەکان ئێستاش لە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی خۆیان بۆ پاراستنی پێوەندیی نابەرابەری نێونەتەوەیی کەلک وەردەگرن. ئێستاش نەتەوە زۆرلێکراوەکانی پێشوو بەتایبەت نەتەوە بچووکەکان تەئسیرێکی کەمیان لە دانانی سیاسەتی نەتەوەییدا هەیە و تەنانەت زۆرجار دەبینرێ کە مافە ڕەواکانیان لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە پێشێل دەکرێ، لەگەڵ هەمووی ئەوانەش، پێوەندیی ئیستیعماریی پێشوو لە بناغەدا هەڵوەشاوە و بەرەیەکی بەرینی دژی ئیمپریالیستی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و دیموکرات، لەو وڵاتانەی تازە ڕزگار بوون و لە گەلانی ئەو وڵاتانە کە بۆ ڕزگاریی خۆیان خەبات دەکەن، پێک هاتووە کە بە پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی بووەتە عاملێکی کاریگەر لە دانانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا. وەزعێک پێک هاتووە کە نەتەوە بچووکەکانیش پشتئەستوور بە هێزی خۆیان و بە کەلکوەرگرتن لە هاودەردیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو بتوانن مافە ڕەواکانی خۆیان وەدەست بێنن و بیانپارێزن.

٣_ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێکدانەوەکانی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی لە ستراتیژیی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکاندا گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

لە باری جوغرافیاییەوە ئەم ناوچەیە کەوتووەتە سێ ڕێیانی سێ قارەی ئاسیا و ئەفریقا و ئورووپا. لە باری ئابووری و سەرچاوەکانی ژێرزەمینییەوە سەدی شەستی تەواوی پاشەکەوتی نەوتی وڵاتانی غەیرە سۆسیالیستی لەو ناوچەیەدا هەڵکەوتوە.

بێجگە لەوانەش هاوسنووریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتی، یەکەمین و گەورەترین وڵاتی سۆسیالیستی، هەروەها دروستبوونی هێندێ دەوڵەتی دژی ئیمپریالیستی و بوونی چەند بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی وەک بزووتنەوەی فەلەستین و بزووتنەوەی گەلی کورد و ... لەو مەڵبەندەدا بایەخ و گرینگیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە حیساب و لێکدانەوەی هێزەکانی نێونەتەوەییدا زیاتر کردوە.

تەواوی ئەم ڕاستییانە بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی ئیمپریالیستی هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەم ناوچەیە بەوردی بخەنە ژێر چاوەدێری و بەرانبەر بە هەر چەشنە ڕووداوێکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست بن و «عکس‌العمل» نیشان بدەن.

٤_ ئێران لەماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. لەڕاستیدا ئێران نەیدەتوانی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە قووڵە دوور ڕابگرێ کە بەسەر جیهاندا هاتوە. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئێراندا ڕووی داوە بە هیچجۆر وڵامدەری ئیمکاناتی ئابووری و سروشتی وڵاتی ئێمە نییە. ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو دەژمێردرێ. ئێستاش زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە هەژاری و ڕۆژڕەشیدا دەژین. زۆربەی خەڵکی ئێران بەتایبەت لە لادێ هێشتا نەخوێندەوارن و لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی بێبەشن.

تەرکیبی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە. دەرەبەگ و خاوەن ملکە گەورەکان وەک چینێک لەنێو چوون و جێگای خۆیان داوە بە بورژوازیی لادێ کە لە وردە مالیکەکان و جووتیارە دەوڵەمەندەکان پێک هاتوە. مەبەستی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لە پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە بەرینترکردنی بازاڕی سەرمایەداری لە سەرانسەریی وڵات و پێکهێنانی بورژوازی لە دێ بوو کە لەلایەک ببێتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و لە لایەکی دیکەش ڕێگای پەرەپێدانی سەرمایەداری خۆش بکا. لە سەنعەتیشدا ڕێژیمی شا بەشی تایبەتی بە زیانی بەشی گشتی بەهێز دەکرد و بۆ هێنان و وەکارخستنی سەرمایەکانی بێگانە دەرەتانی لەباری پێک دێنا، کە دیارە لێرەشدا مەبەست هەر پەرەپێدانی سەرمایەداری بوو. بەمجۆرە ئێران وەک وڵاتێکی دواکەوتوو، بەگشتی ڕێگای هەڵدانی سەرمایەداریی گرتبووە پێش، ڕێگایەک کە تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتی دواکەوتوو چەوتبوونەکەی دەرخستوە و بەئاشکرا نیشانی داوە کە بەزیانی کۆمەڵانی خەڵکە.

ڕێژیمی حەمەڕەزاشا لە سیاسەتی دەرەوەدا بە چەشنێکی گشتی پەیڕەوی لە وڵاتانی ئیمپریالیستی بەتایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکرد. بێجگە لە ئەندامەتیی پەیمانی سەنتۆ کە دەستەبەندییەکی نیزامیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستیی دژی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، ئێران پەیمانێکی دووقۆڵیی نیزامی و زۆر پەیمانی دیکەی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستبوو و لەو ڕێگایەوە هەزاران ڕاوێژکەری ئەمریکایی بەسەر ئەرتەش و پۆلیس و ژاندارمریدا زاڵ کردبوو.

لە ڕێژیمی شادا دیکتاتۆریی گەیشتبووە ئەوپەڕی، شوێنەوارێک لە ئازادی و دێموکراسی نەمابوو، حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتووەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە دێموکراتییە سینفییەکان هەموو قەدەغە کرابوون، ئازادیی بەیان و بڵاوکردنەوە خرابووە ژێرپێ، نوێنەرانی مەجلیسی شورا و سەنا لەلایەن شاوە دیاری دەکران، دەسەڵاتی قانووندانان و دادخوازی و ئیجرایی هەموو بەدەست شا بوون، ئەرتەش و پۆلیس بەسەر گیان و ماڵی خەڵکدا زاڵ کرابوون و ئێران کرابوو بە زیندانێکی گەورە بۆ هەموو ئینسانێکی بەشەرەف و ئازادیخواز. بەم جۆرە ناتەباییەکی گرێی لە نێوان دەسەڵاتی سیاسیی ئێران و ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە نێوان شا و دەربار و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لەلایەک و گەلانی ئێران لەلایەکی دیکەوە پێکهاتبووکە تەنیا ڕێگا چارەسەرکردنی، شۆڕشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بوو.

٥_ کوردستانی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوویە لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوودا، ئەگەرچی کوردستان لەباری سروشتی و سامانی ژێرزەمینیەوە دەوڵەمەندە، بەڵام بەوحاڵەش یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە. ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. وەزعی ئابووری و لەشساغی و فەرهەنگیی دانیشتوانی کوردستانی ئێران زۆر کەم گۆڕاوە، پایەی ژیان زۆر نزمە و زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و بێبەشیدا دەژین، دێیەکانی کوردستان لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی بەتەواوی بێبەشن.
لە زەمانی شادا کوردستان ناوچەی هەرە میلیتاریزەکراوی ئێران بوو. قانوون لە کوردستادا هیچ مانایەکی نەبوو. مووچەخۆرانی ئەرتەش و ژاندارمری و ساواک هەموو دەسەڵاتێکیان بەدەستەوە بوو.
ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لەکوردستانی ئێراندا دەهاتە بەرچاو. مووچەخۆرانی دەوڵەتی لە کوردستان هەموویان لە مەرکەزەوە دیاری دەکران و گەلی کورد هیچ تەئسیرێکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا نەبوو. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سروشتی، هیچ پڕۆژەیەکی گرینگی ئابووری و سەنعەتی لە کوردستاندا جێبەجێ نەدەکرا. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سیاسی و سینفیی سەربەخۆ ئیمکانی تێکۆشانی ئازادی نەبوو، فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد دەرەتانی پێشکەوتنی پێ نەدەدرا، بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، منداڵانی کورد لە یەکەم ڕۆژی چوون بۆ قوتابخانەوە دەبوو بە زمانی فارسی بخوێنن و ناچار بوون لە قوتابخانەدا بە فارسی پێکەوە بدوێن. بەم جۆرە کوردستانی ئێران کرابوو بە بەندیخانەی گەلی کورد.

٦_شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران ئەنجامی سروشتیی ئەو وەزعە نالەبارە و «عکس‌العمل»ی بێ‌ئەملا و ئەولای دیکتاتۆریی پاشایەتی و بەستراوەیی ئەو ڕێژیمە بە ئیمپریالیزم و بەتایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە بوو. گەلانی ئێران بۆ دوایی‌هێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پاشایەتی و بۆ خاشەبڕکردنی نفووزی سیاسی و ئابووری و نیزامی

و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم ڕاپەڕینێکی بەردرێژ و خوێناوییان بەرپا کرد و سەرەنجام پاش ساڵێک خەبات و قوربانیدان بە بەختکردنی گیان و ماڵ و بەدانی دەیان هەزار شەهید، لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا تۆماری تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی ڕێژیمی پاشایەتییان تێکەوە پێچا.

بێگومان شۆڕشی خەڵکی ئێران کە گەورەترین هێزی سەربازیی ئیمپریالیستی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەنێو برد، یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژووی وڵاتی ئێمەیە و هەر لەوکاتەشدا دەرسی زۆر بەنرخی بۆ خەباتکەرانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدا بووە. شۆڕشی ئێران نیشانی دا کە هەرکات میللەتێک بە لەخۆبوردوویی و یەکگرتوویی بیهەوێ دا و زنجیری ژێردەستی بپسێنێ، هیچ هێزێک لە دنیادا ناتوانێ پێشی پێبگرێ و سەرەنجام هەموو کەندوکۆسپەکانی ڕێگای سەرکەوتن تەخت دەکا.

ئەگەرچی پەنجا ساڵ دەورانی پڕ نەگبەتیی دیکتاتۆری ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی حەمەڕەزاشا یەک خستبوو، بەڵام زۆر بەداخەوە ماوەی کورتی ڕاپەڕینی پرشکۆی خەڵکی ئێران دەرەتانی ئەوەی بە هێزە دێموکراتی و شۆڕشگێڕەکانی ئێران نەدا کە بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ سیستمی حکوومەتی دوای ڕێژیمی پاشایەتی دابڕێژن و لەبەر ئەوەش کە هیچکام لە هێزە نیشتمانییەکانی ئێران بە تەنیا لە توانایدا نەبوو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بەدەستەوە بگرێ، کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسک و کۆنەپەرەست بە کەلکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرهەمی خوێن و فرمێسکی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێراندا داگرت و دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بەسەر وڵاتەکەماندا سەپاند.

لە ئەنجامی ئەم وەزعەدا شۆڕشی ئێران ناکام مایەوە و نەیتوانی هیچکام لە ئاوات و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. گەلانی تینووی ئازادی لە ئێراندا بەو مەبەستە بە دەستی بەتاڵ بەگژ ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی سەربە ئیمپریالیزمی شادا چوونەوە و بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانیان کردە قوربانی، کە جارێک بۆ هەمیشە نفووزی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم لە ئێراندا کۆتایی پێ بهێنرێ، ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا دابین بکرێ، زەحمەتکێشانی ئێران کە بەشی هەرەزۆری دانیشتووانی وڵاتن و گەورەترین تەئسیریان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبووە، لە هەژاری و ڕۆژڕەشی ڕزگاریان بێ و گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە سێبەری ڕێژیمێکی دێموکراتیدا بە مافی ڕەوای نەتەوایەتیی خۆیان بگەن.

بەڵام کۆنەپەرەستانی پاوانخواز کە دەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاریی خەڵکی ئێراندا گرتوە، بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵک ڕێگایان نەدا هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. خەباتی دژی ئیمپریالیستیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چوارچێوەی هێندێ دروشمی بێنێوەڕۆک دەرنەچوو. ڕێژیمی خومەینی لە کاتێکدا خۆی بە دژی ئیمپریالیست دەزانێ، ڕەسەنترین هێزەکانی دژی ئیمپریالیستیی وڵات سەرکوت دەکا. ئەو ڕێژیمە بەپێچەوانەی پروپاگاندەی دەزگا تەبلیغاتییەکان بەدزییەوە پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و چەک و کەلوپەلی یەدەکی لێ دەکڕێ، لەگەڵ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی

کۆنەپەرەستان ئازادییە دیموکراتییەکان زۆر خراپتر لە سەردەمی پاشایەتی خرانە ژێر پێ، کۆمەڵانی دەستەنگ و زەحمەتکێشی وڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێک لەگەڵ هەژاری و نەداری و گرانی و بێکاری بەرەوڕوو بوون و حکوومەتی تازە هیچ چەشنە هەنگاوێکی بۆ چارەسەری هەزاران گیروگرفتی ژیانی ئەوان هەڵنەهێناوە، گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش نەک هەر بە مافی ڕەوای خۆیان نەگەیشتن، بەڵکوو وڵامی هەموو داخوازییەکانیان بە ئاگر و ئاسن درایەوە.

بەکورتی ڕێژیمی ئێران بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی تەواوی کاروکردەوەکانی لەگەڵ قازانج و سیاسەتی وڵاتانی ئیمپریالیستی یەک دەگرێتەوە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەواندایە. ڕێژیمی خۆمەینی وەک میراتگرێکی بەئەمەگ بۆ ڕێژیمی حەمەڕەزاشا لە هەموو سیاسەتێکی دژی گەلیدا چەندین هەنگاوی لە ڕێژیمی پێشوو تێپەڕاند.

ئەگەر ڕێژیمی شا ئێرانی بەرەو سەرمایەداری دەبرد و دیفاعی لە سەرمایەدارانی نێوخۆ و بێگانە دەکرد، دەسەڵاتی دژی گەلیی خومەینی بە ناوی دین و مەزهەب دیفاع لە سەرمایەداری دەکا و خاوەن ملکییەتی تایبەتیی سەرمایەداری بە بەشێکی خودایی دەزانێ کە نابێ دەستی تێوەردرێ، ئەگەر حەمەڕەزاشا وەک دیکتاتۆرێک قانوون و مەجلیس و دامودەزگا دەوڵەتییەکانی بە شێوەییەکی غەیرەقانوونی خستبووە ژێر چەپۆکی خۆی، خومەینی باری شەرعی و قانوونیی بەو شێوە دیکتاتۆرییە داوە و ملکەچی بۆ زەبروزەنگی کۆنەپەرەستانەی دیکتاتۆریی نوێی بە ئەرکێکی ئایینی داناوە. ئەگەر لە ڕێژیمی پاشایەتیدا داوای مافی نەتەوایەتی بۆ گەلانی زۆرلێکراوی وەک کورد و ئازەربایجانی و عەرەب و بەلووچ و تورکمەن بە تاوان دەزانرا، لە ڕێژیمی خومەینیدا ئێرانیبوون و دیفاع لە شانازییە مێژوویییەکانی ئێرانیش بە گوناهێکی گەورە و بە پێچەوانەی فەرمانی خودا لەقەڵەم دەدرێ.

دیکتاتۆریی نوێ نەک هەر هیچ بیروباوەڕێکی موخالیفی خۆی ناتوانێ تەحەمول بکا، بەڵکوو لەگەڵ هەر بیرێکی جیا لە بیری کۆنەپەرستانەی خۆی _ باموخالیفیش نەبێ_ بەتوندی دوژمنایەتی دەکا. لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ فەرمانڕەوایی ڕێژیمی بەناو ئیسلامیدا، خومەینی زۆر زیاتر لە پەنجاوچوارساڵ دەورانی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئازادیخوازانی ئێران و ئەندامانی هێزە دیموکراتییەکانی ئێعدام کردوە.

خۆ ئەگەر بمانەوێ باسی کوردستان بکەین دیمەنی دزێوی دیکتاتۆریی نوێ زۆر باشتر و بێپەردەتریش دەردەکەوێ. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد وەک بەشێک لە گەلانی ئێران چالاکانە لە شۆڕشی سەرتاسەری وڵاتی ئێمەدا بەشدار بوو، هەرچەند گەلی کورد لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیەوە هەموو توانای خۆی بەکار هێنا بۆئەوەی لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژەوە بە لانی کەمی مافە ڕەواکانی بگا، حکوومەتی کۆنەپەرەستی خومەینی نەک هەر ملی بۆ داخوازە بەرهەقەکانی خەڵکی کوردستان ڕانەکێشا، بەڵکوو بە پێچەوانە، لەشکری کێشایە سەر و دەستووری قەتلوعامی دا.

تەنانەت کار بەوەشەوە نەوێستا و خومەینی بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام فتوای جیهادی لەدژی گەلی موسڵمانی کورد دەر کرد و ڕشتنی خوێنی کیژ و لاو و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستانی بە حەڵاڵ زانی.

بەوجۆرە ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنمژی خومەینی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ هەموو

خەڵکی ئێران، لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەل و لەگەڵ هەموو قانوون و نیزامێکی نێونەتەوەیی نیشان داوە و شەڕێکی ڕانەگەیەندراوی لەدژی تەواوی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران دەست پێکردوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی ئێران لە ژێر باری زوڵموزۆر و دیکتاتۆری و بۆ گێڕانەوەی شۆڕشی ئێران بۆسەر ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی پێویستە ڕێژیمی کۆنەپەرەست و سەربە ئیمپریالیزمی خومەینی بڕووخێ و لە جێگای ئەو ڕێژیمێکی دێموکرات دابمەزرێ کە داخوازەکانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ.
حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی پێویستە دەرەتان بە خەڵکی ئێران بدرێ کە بە ئازادی سیستمی حکوومەتی جێگای پەسەندی خۆیان هەڵبژێرن و مەجلیسی دامەزرێنەران (مؤسسان) بۆ دانانی قانوونی ئەساسیی ڕێژیمی تازە پێک بێ.

٧ــ بۆ گەیشتن بە ئامانجی بنەڕەتیی گەلی کورد کە پێکهێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ.
حیزبی ئێمە پێیوایە بۆ ئەوەی شۆڕشی ئێران جارێکی دیکە تووشی بێبەرنامەیی نەبێ و دەسکەوتەکانی بەتاڵان نەچن، پێویستە هەر لە ئێستاوە هێزە سیاسییە بەڕاستی شۆڕشگێڕەکانی ئێران لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دواڕۆژی وڵات یەک بگرن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لە دەوری یەکتر کۆببنەوە.
بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە حیزبی ئێمە هەم دژی شۆوینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد و هەم دژی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە ڕێژیمی خومەینی و گەلانی ئێران لێک جیا ناکاتەوە، خەبات دەکا. هەم شۆوینیزمی ئێرانی و هەم ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەر دووکیان دوژمنی یەکیەتیی گەلانی ئێرانن. هەر لەوکاتەدا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایەکە لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسیی گەورە شۆوینیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە دوو ساڵە کە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژی پەلاماری دڕندانەی ڕێژیمی خومەینی بە لێوەشاوەیی و کارامەییەوە ڕێنوێنی دەکا. خەبات و تێکۆشان و گیانبازی و قوربانیدانی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب، نفووز و خۆشەویستیی حیزبی ئێمەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆر زیاتر لە جاران بردووەتە سەر. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا نەک هەر حیزبی خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بەڵکوو جێگای ڕێز و خۆشەویستیی گەلانی دیکەی ئێران و ڕێکخراوە پێشکەوتووخواز و دژی ئیمپریالیستییەکانی ئێران و دەوری ئێرانیشە.
دروشمی ستراتێژیکیی حیزبی ئێمە «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» بووەتە دروشمی بنەڕەتیی هەموو خەڵکی کوردستان و، هێزە پێشکەوتووخوازەکانی سەرانسەری ئێرانیش پشتیوانی لێ دەکەن.
نزیک بە دوو ساڵ لە پەسەندکردنی بەرنامەی پێشووی حیزبی ئێمە لە لایەن کۆنگرەی چوارەمەوە ڕادەبرێ. بەرنامەی ئێستا کە لە کۆنگرەی پێنجەمدا پەسەند کراوە وڵامدەری

هەلومەرجی نوێی وڵاتەکەمانە، هەلومەرجێک کە پاش سەقامگیربوونی دیکتاتۆریی ڕەشی خومەینی پێک هاتووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی خۆی دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان و لە هەموو دانیشتووانی کوردستان، کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشانی شارودێ، ڕووناکبیران، قوتابیان، خوێندکاران، کارمەندان، پیشەسازان و بازاڕیان داوا دەکا کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە تێبکۆشن، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و بیروڕای حیزبی ئێمە لە بارەی مەسەلەی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکانەوە بۆ ئەوان بەیان بکەن. هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە شارەزا بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانی ئێرانە و ئێستا دەبێ تێبکۆشین هێزی بێپایانی گەل بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حیزبەکەمان بکەوێتە کار. ئەوکاتەیە کە بەرنامەی حیزبەکەمان دەبێتە هێزێکی ماددیی توانا و دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا وەدی بێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندوە. وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دادەمەزرێ.

## فەسڵی یەکەم: ئامانجە گشتییەکان

١) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد لە لەنێوبردن نفووزی سیاسی، ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم و پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک و لەپێناوی وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٢) ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستییە کە وەڵامدەری هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکەمان بێ.

٣) دروشمی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە.

٤) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی هەموو گەلان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دژی ڕێژیمە زۆردار و کۆنەپەرستەکان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان گەلانی هەموو وڵاتانە.

## فەسڵی دووهەم: بنچینەکانی ئەسڵیی خودموختاری

٥) ناوچەی خودموختار هەموو کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی خودموختار بە لەبەر چاوگرتنی هۆیەکانی مێژوویی، جوغرافیایی، ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر کام لە ئوستانە کوردنیشنەکان دیاری دەکرێ.

٦) لە ناوچەی خودموختای کوردستاندا هەموو دەسەڵات بەدەست خەڵکەوەیە کە بەهۆی

نوێنەرانی خۆیان لە شورای نیشتمانیی کوردستاندا بەکاری دێنن.
٧) کاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوە ( سیاسی و ئابووری)، دیفاعی و میللی (سوپا)، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستمی دراوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە. بێجگە لەوانە، سەلاحییەتی بەڕێوەبەردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان بەدەست حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. نوێنەرانی ناوچەی خودموختاری کوردستان لە بەڕێوەبەردنی کاروباری دەوڵەتی مەرکزیدا بەشدار دەبن.
٨) شورای نیشتمانیی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی ناوچەی خودموختاری کوردستانە. نوێنەرانی شورا لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵدەبژێردرێن. لانی کەمی تەمەن بۆ ئەوانەی هەڵدەبژێرن ١٨ ساڵ و بۆ ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن ٢٥ ساڵە. ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە.
٩) شورای نیشتمانیی کوردستان، حکوومەتی خودموختاری کوردستان دیاری دەکا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەرامبەر بە شورای سەرتاسەریی کوردستان بەرپرسە.
١٠) ڕاگرتنی نەزم و پاراستنی هێمنی نێوخوی ناوچەی خودموختاری کوردستان بەپێی قانوونێکی تایبەتی دەدرێتە دەست هێزی پێشمەرگە کە حکوومەتی خودموختاری کوردستان پێکی دێنێ. ئەرکی ئەرتەش دیفاع لە سەربەخۆیی و سنوورەکانی وڵاتە و دەست لە کاروباری نەزمڕاگرتن و هێمنی و پاراستنی نێوخۆ وەرنادا.
١١) زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی ناوچەی خودموختاری کوردستانە. خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا بە زمانی کوردییە. زمانی فارسیش هەروەک ناوچەکانی دیکەی ئێران لە ناوچەی خودموختاری کوردستانیشدا زمانێکی ڕەسمیی دەوڵەتییە و لە قوتابخانەکاندا پاش ساڵی چوارمی سەرەتایی لە تەنیشت زمانی کوردی دەخوێندرێ.
لە ئێدارە و دامودەزگاکانی ناوچەی خودموختاری کوردستاندا زمانی کوردی زمانی ڕەسمییە. نامەنووسینی ئێدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان لەگەڵ مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها لەگەڵ ئەو ئیدارانەی ناوچەی خودموختار کە سەر بە دەوڵەتی مەرکەزین، بە زمانی فارسییە.

### فەسڵی سێهەم: مافەکانی دانیشتووانی ناوچەی خودموختار

١٢) حکوومەتی خودموختاری کوردستان ئازادییە دێموکراتییەکان، ئازادیی بیروباوەڕ و بەیان و چاپەمەنی، ئازادیی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوەکان، یەکیەتییەکانی کرێکاران، جووتیاران و ئەنجومەنە دێموکراتییەکان دابین دەکا. دانیشتووانی کوردستان لە هەڵبژاردنی کار و شوێنی دانیشتنی خۆیاندا ئازادن.
١٣) لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا بیروباوەڕی ئایینی و مەزهەبی ئازادە، پەیڕەوانی هەموو ئایین و مەزهەبەکان بەرانبەر بە قانوون وەک یەکن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە پەرەپێدانی مەلبەندە ئایینییەکان و ڕابەرانی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتووی ئایینی لەباری مادی و مەعنەوی کۆمەک دەکا.
١٤) ژن و پیاو لە نێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان هەیە و بۆ کاری وەک یەک

مووچەی وەک یەک وەردەگرن.
١٥) کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان لەگەڵ کوردەکان مافیان وەک یەکە و مافە فەرهەنگییەکانیان دابین دەکرێ و منداڵانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا مافی خوێندن بە زمانی زگماکیان هەیە، کەمایەتییە نەتەوەکان حەقیان هەیە بە زمانی خۆیان چاپەمەنی بڵاو بکەنەوە.

**فەسڵی چوارم: سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

١٦) دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامەدارشتنێکی زانستییەوە لە ناوچەی خودموختاردا لە ئەستۆی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە، دابەشکردنی داهاتی گشتیی بوودجە دەبێ بە چەشنێ دەبێ کە بەشی دانیشتووانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بەپێی ڕادەی دواکەوتوویی، زیاتر لە داهاتی نێونجی سەرانسەریی وڵات بێ.
١٧) ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەراسەری ئێران و هەروەها کوردستان سەنعەتیکردنی وڵات بەپێ دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیک لە لایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتیی وڵات لەلایەکی دیکەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆرێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتیکردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.
١٨) حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەهۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەرەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتی خۆوڵاتی و نەتەوایەتییەکانیش پارێزگاری دەکا. لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابوورییەوە بەشی هەرەوەزی و تایبەتیش لە سەنعەتیکردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.
١٩) سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەرگەکان کە بە سامانی گشتی دەژمێردێن، میللی دەکرێن و حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی و بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەلکیان لێ وەردەگرێ.
٢٠) زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە ڕێگای میکانیزەکردن و بەکارهێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵدا و دارشتنی بەرنامەی بەراوردکردن و دروستکردنی سەد، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.
٢١) حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و برەوپێدانی کسبوکار و پیشەسازی لە کوردستاندا تێدەکۆشی. هێندێک لەو پرۆژە ئابوورییانەی کە جێبەجێکردنیان بەهۆی بەشی گشتییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووریی وڵات نییە، بە بەشی تایبەت دەسپێردرین و لە ڕێگای دیاریکردنی نرخی بەرهەمەکان و دانانیماڵیاتی دەوڵەتییەوە سنوورێک بۆ پەرەگرتنی سەرمایەی تایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەوکارە کەلکوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەکانی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستانە.
٢٢) بەرەوژوور بردنی پایەی ژیانی خەڵک و بە تایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەڕۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. ئەم حکوومەتە هەموو هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان کە لە

هەژاری و بێبەشیدا دەژین، لەم وەزعە ڕزگار بکا و ژیانێکی شیای ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکا. یەکەم هەنگاوی گرینگ لەو بارەوە ئامادەکردنی خانووبەرەی لەبار، بەپێی ڕێوشوێنی لەشساغی بۆ زەحمەتکێشانی شار و لادێیە.

٢٣) ئەسڵی ٤٠ ساعەت کار لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن، دەبێ سەعاتی کارییان کەمتر بێ. لانی کەمی حەقدەستی کرێکاران بەپێی خەرجی بەڕێچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونەسەرێی خەرجی گوزەران زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرانبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیری بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ. بۆ کەمکردنەوە و پاشان خاشەبڕ کردنی بێکاری دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێک بهێنرێ.

٢٤) زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا. هەربۆیە دەبێ لە شێوەی ئێستای ماڵکییەتی زەویدا ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە قازانجی دێنیشییانی زەحمەتکێش و بێزەویدا ڕوو بدا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان هەموو چەشنە یارمەتییەک بە پەرەپێدانی ئەو شیرکەتە هەرەوەزییانەی کشتوکاڵی دەکا کە جووتیاران بە دڵخوازی خۆیان پێکیان دێنن و جگە لەوانەش کێڵگەی هەرەوەزیی دەوڵەتی پێک دێنێ.

٢٥) حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ یارمەتیی وەرزێران بدا تا بتوانن ئامرازی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخێکی باش لێ بکرێ و بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بە سوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران لە پێشدا بەرامبەر پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پاشان بەرامبەر بە پیری و پەککەوتوویی بیمە دەکرێن.

٢٦) حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە ئاژەڵداری، لەوەڕگەکان بە شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێردرێن و ڕێگای ڕاست و زانستیی ئاژەڵدارییان فێر دەکا.

٢٧) پارێزگاریی موحیتی ژیان، سەرچاوە سروشتییەکان، لێرەوارەکان، دریاچەکان، و پارێزگاری حەیوانات بەتایبەتی حەیوانی ڕاویی باڵندە و پێڕۆ و ماسی یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەرەی حەیوانات و پێشگیری بکرێ و لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای سەنعەتی تازە لە لێدانی ڕێگا و ڕێگای ئاسندا بۆ پارێزگاریی موحیتی ژیان و لە بەرچاوگرتنی هاوهەنگاوی سروشت وردەکارییەکی زۆر ڕەچاو بکرێ و بایەخێکی پێویست بە پاراستنی بینا و شوێنەوارە کۆنەکان بدرێ.

## فەسڵی پێنجەم: سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی

٢٨) هەموو منداڵانی کوردستان چ کچ، چ کوڕ تا ١٥ ساڵی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی خودموختای کوردستان بۆ لەنێو بردنی نەخوێندەواری بەپەلە هەنگاو هەڵدێنێ. لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا دابینکردنی خەرجی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەزگای دەوڵەتییە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بەخۆڕاییە. یارمەتیی حکوومەتی خودموختار لەو بارەوە قوتابخانە ئاینییەکانیش دەگرێتەوە. حکومەتی خودموختاری کوردستان خەرجی منداڵانی کرێکاران، جووتیاران و هەموو زەحمەتکێشانی کەمداهات لە تەواوی فێرگە

پیشـەییەکان و هونەرستانەکاندا دابین دەکا و خەرجی خوێندنی منداڵانی بلیمـەت و هەڵکەوتووی زەحمەتکێشـانی کەمداهـات لـە فێرگـە بەرزەکانێشـدا وەئەسـتۆ دەگـرێ.

٢٩) حکوومەتـی خودموختـاری کوردسـتان بـۆ بـەرەوژوو بردنـی پایـەی فەرهەنگیـی گـەل و دامەزراندنـی بنکـەی فەرهەنگی و زانسـتی و پەروەردەیـی بەدەنـی وەک فەرهەنگسـتان، سـینەما و تئاتـری میللـی، بنکـەی وەرزشـی، فێرگـە بـەرزەکان و زانسـتگاکان بەخێرایـی هەنگاو هەڵدێنـێ.

٣٠) بایەخـدان بـە پێشـکەوتنی زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی و پشـتیوانی لـە نووسـەران و هونەرمەنـدان و زانایانـی کـورد، ڕێبـازی هەمیشـەیی سیاسـەتی فەرهەنگیـی حکوومەتـی خودموختـاری کوردسـتانە.

٣١) ڕووناکبیرانـی کوردسـتان بەپێـی لێوەشـاوەیی خۆیـان کاریـان دەدرێتـێ. حکوومەتـی خودموختـاری کوردستان سیاسـەتێک بەرامبـەر بە ڕووناکبیران و پسپۆڕان دەگرێتە پێش کە بـە دڵگەرمـی و لەخۆبووردنـەوە خزمەتـی نیشـتمانی خۆیـان بکـەن.

٣٢) حکوومەتـی خودموختـاری کوردسـتان بـۆ بەرەوژووربردنـی پایـەی لەشسـاغیی هەمـوو گـەڵ تێدەکۆشـێ و بـۆ خاشـەبڕکردنی ئـەو نەخۆشـییانەی لـە کوردسـتاندا بـڵاو بوونـەوە بەتونـدی خەبـات دەکا و هەلومەرجێـک پێـک دێنـێ کـە هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان بتوانـن لـە یارمەتیی خۆڕایی پزیشکی و دەرمانـی کەلـک وەرگـرن. حکوومەتـی خودموختـاری کوردسـتان بـۆ دامەزراندنـی ئاسایشـگا، شـیرخۆرگە و زایینگـە هەنگاو هەڵدێنـێ و بـۆ بەخێوکردنـی نقوسـتان و بەسـاڵداچووانی ڕەبـەن و بێخاوخێـزان بنکـە و بینـای تایبـەت دادەمەزرێنـێ.

**فەسڵی شەشەم: سیاسەتی دەرەوە**

لـە سیاسـەتی دەرەوەدا کـە لـە سـەڵاحیەتی دەوڵەتی مەرکەزییە حیزبی دێموکراتی کوردسـتان پێشـنیار دەکا کـە:

٣٣) دەوڵەتـی مەرکەزیـی ئێـران سیاسـەتێکی دەرەوەیـی بێلایـەن (غەیـری موتەعەهیـد) و سـەربەخۆ بگرێتە پێش و لەگـەڵ هەمـوو دەوڵەتـان لەسـەر بنچینـەی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسـینی حەقـی حاکمیەتـی نیشـتمانی و دەسـتێوەرنەدان لـە کاروبـاری یەکتـر پەیوەنـدی دابمەزرێنـێ و لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیسـتی و ئەو وڵاتانـەی کە سیاسـەتێکی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیسـتییان هەیە، پێوەندیـی دۆسـتانە پێک بێنـێ.

٣٤) دەوڵەتـی مەرکـەزی لـە خەباتـی ڕزگاریخوازانـە و دژی ئیمپریالیسـتیی گـەلان و مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی نەتـەوەکان بـە دەسـتی خۆیـان پشـتیوانی بـکا.

٣٥) دەوڵەتـی مەرکەزیـی ئێران لەنێو ڕێکخـراوەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و لـە دەرەوەی ئـەو ڕێکخـراوەدا لـە ئاشـتی جیهانی و پێکەوەژیان بە ئاشـتی لە نێو گەلاندا پشـتیوانی بکا و لایەنگری چارەسـەری گیروگرفتە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگای وتووێژەوە و بەبێ بەکارهێنانی زۆر بێ.

٣٦) وڵاتـی ئێران ببێتە بنکەیـەک بۆ یارمەتـی بە خەباتی ڕزگاریخوازانـەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەنای سیاسـی بە هەموو ئینسـانێکی نیشـتمانپەروەر و ئازادیخـواز بدا.

لـە چواچێـوەی ئـەو سیاسـەتەدا و بـە ئـاگاداری و پەسـندی دەوڵەتـی مەرکـەزی حکوومەتـی خودموختـاری کوردسـتان لـە هەمـوو ئیمکاناتێکی خـۆی بۆ کۆمـەگ بـە خەباتی ڕزگاریخوازانـەی

تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا کەلک وەربگرێ و پەنای سیاسی بە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بدا.

## بەشی دووهەم: پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**مادەی یەکەم ـ ناو و نێوەرۆکی حیزب**

١) ناوی حیزب «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ە

٢) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی شۆڕشگێری گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە و بە تایبەتی کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لە ڕێزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

٣) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا پەیڕەوی لە تیئۆریی زانستی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ دەکا.

**مادەی دووهەم ـ ئەندامەتیی حیزب**

١) هەموو هاونیشتمانییەکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەرجێک:

ـ تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.

ـ بەرنامە و پیڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکا.

ـ بە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ.

تێبینی:

کوردەکانی غەیری ئێرانی دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببنە ئەندام.

**ماددەی سێهەم: شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام**

١) بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

- دوو ئەندامی حیزب ناسێنەری بن.
- لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
- لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانە یان ئۆرگانێکی بەرەوژوورترەوە بە ئەندام وەربگیرێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

**ماددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب**

١) ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:

- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون تێبکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی فیکری و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بەپێی پێڕەوی نێوخۆ پەیڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.
- لە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی حیزبدا تێبکۆشێ.

- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی ڕۆژبەڕۆژ بەرێتە سەر.
- سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندیی حیزب لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیروڕا و تاقیکردنەوەیان کەڵک وەرگرێ.
- هەقی ئەندامەتی بدا.

### ماددەی پێنجەم: مەفەکانی ئەندامی حیزب

١) ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە:
- بە ئەندامی هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ.
- لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا ڕەخنە بگرێ.
- لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، بیروڕای خۆی پێ بڵێ، یان پرسیاری لێ بکا.
- لەهەر ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
- لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

### ماددەی شەشەم: سزادانی ئەندام

١) ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەبزوونەوە، بەپێی تاوانەکەیان سزا دەدرێن.

سزای حیزب بریتییە لە:
- سەرکۆنە بەدەم.
- سەرکۆنە بە نووسراوە.
- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.
- هەڵپەساردن و دەرکردن لە حیزب. درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێردراو لە ماوەی هەڵپەسێرانیدا خاوەنی مافەکانی ئەندامی حیزب نییە.

٢) سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بەزۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.

٣) مەبەست لە سزادانی حیزبی پێگەیاندنی ئەندامانە و تەنیا ئەوکاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤) ئەندامی دەرکراو هەقی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

### ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب

١) ئەسڵی بنەڕەتیی داڕشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دێموکراتییە.

٢) سانترالیزمی دێموکراتی بەو مانایەیە کە:
- هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.

– ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
– ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە و کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.
– لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بەبێ جیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.
– بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرەوەتر دەبێ لەلایەن ئۆرگانەکانی خوارەوەتر جێبەجێ بکرێ.
– باسکردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارەوەترین ئۆرگان بەکۆمەڵە. تەکپەرەستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

**ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١) بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.
٢) کۆنگرەی حیزب هەردوو ساڵ جارێک لە ئەندامان و جێگرەکانی کومیتەی ناوەندی و بە ڕادەیەک کە کومیتەی ناوەندی دیاریی دەکا، لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزب پێک دێ.
٣) کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازی کومیتەی ناوەندی، یان سێیەکێکی هەموو ئەندامانی حیزب بانگ دەکرێ.
٤) ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:
– باسی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
– ڕێبازی گشتیی سیاسی، ستراتێژی و تاکتیکی حیزب دیاری دەکا.
– بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند دەکا و ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا.
– ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.
تێبینی: کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتە ناوەندی کە لانیکەم دووساڵ ڕابردووی تێکۆشانیان لە حیزبدا هەبێ.

**ماددەی نۆهەم: کۆنفرانسی حیزب**

١) کۆنفرانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:
– دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
– گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
– لە هەلومەرجێکی وادا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.
– کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتە ناوەندی و نوێنەرانی کومیتەکانی شار و شارستان و کومیسیۆنەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی پێک دێ.

**ماددەی دەهەم: کومیتەی ناوەندی**

١) لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.
٢) ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:
– بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
– مەسئوولی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.

- دەفتەری سیاسی و سکرتێریی گشتی حیزب و جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کومیتەی ناوەندی بەرپرسن.
- ڕادەی هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولی داهات و دەرچوونی حیزبە.
- ئایینامەی کۆنگرەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی پەسند دەکا.
- لانیکەم سێمانگ جارێک کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگری کومیتە ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتیان هەیە. کۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر داوای دەفتەری سیاسی، یان زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێک دێ.
تێبینی: کومیتەی ناوەندی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی موشاویر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

**ماددەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**
١) لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و مەسئوولی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندییە.
٢) دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەدا بە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی.

**ماددەی دوازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**
١) بناخەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.
٢) ڕێکخراوەکانی حیزب لە دێ کومیتەی دێ، لە ناوچە کومیتەی ناوچە، لە گەڕەک کومیتەی گەڕەک، لە شار کومیتەی شار و لە شارستان کومیتەی شارستان بەڕێوەیان دەبا.
٣) ئەرکی شانە و کومیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شاروشارستان گەیاندنی سیاسەتی حیزب بۆ نێوکۆمەڵانی خەڵک و جێبەجیکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.
٤) کومیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێرێ.
٥) بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە لانیکەم دوو ساڵ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبی ئەو ڕێکخراوە پێک دێ.

**ماددەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب**
١) داهاتی حیزب بریتییە لە:
- هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەم
- ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- کورتە باس (کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم)
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەم

# کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (ڕێبەندانی ١٣٦٢)
## (کۆنگرەی کار)

کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ لە گوندی «گەلاڵە»ی شینکایەتی لە باشووری کوردستان بە بەشداریی ٢٣٠ ئەندام پێکهات.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٦ بریتی بوون لە:**

١) د. عەبدولڕحمان قاسملوو، ٢) د. سادق شەرەفکەندی، ٣) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٤) فەتاح کاویان، ٥) جەلیل گادانی، ٦) حەسەن شەرەفی، ٧) هاشم کەریمی، ٨) تاهیر عەلیار، ٩) حەسەن ڕەستگار، ١٠) حەسەن شیوەسەڵی، ١١) هومایون ئەردەڵان، ١٢) حوسێن مەدەنی، ١٣) ڕەحیم محەممەدزادە، ١٤) شاپوور فیرووزی، ١٥) د. حوسێن خەلیقی، ١٦) مستەفا هیجری، ١٧) مستەفا شەڵماشی، ١٨) حەکیم ڕەزایی، ١٩) غەفوور هەمزەیی، ٢٠) باباعەلی مێهرپەروەر، ٢١) عەلی کاشفپوور ٢٢) عەبدوڵلا بەهرامی، ٢٣) جەهانگیر ئیسماعیلزادە، ٢٤) کەریم عەلیار، ٢٥) نەبی قادری.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٦:**

١) د. عەبدولڕەحمان قاسملوو (سکرتێر)، ٢) عەبدوڵلا حەسەنزادە (جێگری سکرتێر)، ٣) د. سادق شەرەفکەندی ٤) حەسەن ڕەستگار، ٥) حەسەن شەرەفی، ٦) هاشم کەریمی، ٧) جەلیل گادانی

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٦ بریتی بوون لە:**

١) ئەبووبەکر ڕاد، ٢) ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ)، ٣) جەعفەر حامیدی، ٤) فەتاح عەبدولی، ٥) سدیق فەڕوخیان، ٦) مراد قادری، ٧) محەممەدئەمین مەجیدیان

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٦ بریتی بوون لە:**

١) سدیق بابایی، ٢) عەبدوڵلا عیزەتپوور، ٣) سەنار مامەدی، ٤) حەسەن ئەییوبزادە (گۆران)

## ڕاگەیەندراوی کومیتەی ناوەندی بەبۆنەی
## کۆتاییهاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خۆشی و شانازییەوە ڕادەگەیەنێ کە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ لە بیرەوەریی ڕۆژی مێژوویی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤، ڕۆژی دامەزراندنی یەکەم کۆماری خودموختاری کوردستاندا کۆنگرەی شەشەمی حیزب دەستی بە کار کرد، پاش هەشت ڕۆژ کاری شێلگیرانە، ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان کۆتایی پێ هات.

بێگومان پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزبەکەمان، لە هەلومەرجی ناسکی ئێستادا کە ڕێژیمی خومەینی ئیدیعا دەکا بەسەر کوردستاندا زاڵ بووە، سەرکەوتنێکی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ڕێژیمی خومەینی زۆر لەمێژ بوو لە هەوڵی تێکدانی ئەم کۆنگرەیەدا بوو، لە سەروبەندی بەسترانی کۆنگرەشدا، هەوڵی دا بە بۆمبارانی هەوایی یان بە تۆپ و خومپارە و کاتیوشا باران، لە پێکهاتن و سەرکەوتنی کۆنگرە پێشگیری بکا.

بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب بە لێوەشاوەیی، هێرشی هەوایی ڕێژیمیان بەرپەرچ دایەوە و تۆپخانەی ڕێژیمیان بێدەنگ کرد، لە ئاکامدا کۆنگرە کارەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە برد و ٢٣٠ نوێنەری ئەندامانی حیزب کە لە سەرانسەری کوردستانەوە هاتبوون، بەرنامەی کاری کۆنگرەی شەشەمیان بەتەواوی بە ئەنجام گەیاند.

کۆنگرە بە بەشداریی نوێنەران و میوانەکان بە سروودی ‹‹ئەی ڕەقیب›› دەستی پێکرد. ئەمجار بە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەرانسەری ئێران، دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگەیەندرا، پاشان لە لایەن بە تەمەنترین نوێنەری کۆنگرەوە بە وتارێکی کورت، کۆنگرە بەڕەسمی کرایەوە.

بە دوای ئەوەدا، سکرتێری گشتیی حیزب کاک «دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو» ڕاپۆرتی کومیتە ناوەندیی پێشکەش کرد. ڕاپۆرتی کومیتە ناوەندی بریتی بوو لە لێکدانەوەی وەزعی نێونەتەوەیی و وەزعی ئێران، تێکۆشانی حیزب لە کۆنگرەی پێنجەمەوە تا کۆنگرەی شەشەم و سیاسەتی حیزب لە نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا. کۆنگرە پاش سێ ڕۆژ باس و شیکردنەوە، ڕاپۆرتی کومیتە ناوەندیی پەسەند کرد و ئەم ڕاپۆرتەی بە پێشاندەری ڕێگای خەبات و تێکۆشانی دواڕۆژی حیزبەکەمان دانا.

لە دوای ئەوە کۆنگرە بە دووروودرێژی باسی گەڵاڵەی خودموختاری پەسەندکراوی شوڕای نیشتمانی بەرگریی کرد و ئەم گەڵاڵەیەی پەسەند کرد و لەم بارەیەوە ڕێنوێنیی پێویستی بە کومیتە ناوەندی دا.

ئەمجارە کۆنگرەی شەشەم باسی نێوەڕۆکی نامیلکەیەکی کرد کە چەند مانگ لەمەوبەر لەژێر سەردێڕی ‹‹کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم››دا لە لایەن ئینتشاراتی کومیتەی ناوەندییەوە بڵاو کرابۆوە. کۆنگرە پاش پەسەندکردنی ئەم ‹‹کورتەباس››ە لە بارەی

شێوەی باس و بڵاوکردنەوەی نێوەڕۆکی ئەم ناملیکەیەوە، ئامۆژگاریی پێویستی بە کومیتەی ناوەندیدا.

لە بەشێکی کاری کۆنگرەدا، بەرنامەوپێڕەوی نێوخۆی حیزب خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و، پاش هێندێک دەسکاری کە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای خەباتی حیزبەکەمان باشتر ڕێک دەکەوێ، بەرنامەوپێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند کرانەوە.

هەروەها زیاتر لە چل پەیامی پیرۆزبایی لە لایەن حیزب و ڕێکخراو و سەندیکا و ئەنجومەن و شەخسییەتە نیشتمانپەروەرەکانی ئێرانی و کوردستانی و جیهانییەوە بۆ کۆنگرە هاتبوون، کە لە کۆنگرەدا خوێندرانەوە.

لە پاشان کۆنگرەی شەشەم، کومیتەی ناوەندیی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژارد. بەیانی ڕۆژی ٩ی ڕێبەندان، کومیتەی ناوەندیی نوێ لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا بە تێکرای دەنگ جارێکی دیکە هاوڕێ دوکتور عەبدولڕحمان قاسملووی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژاردەوە.

ئێوارەی ڕۆژی ٩ی ڕێبەندان بە ئامادەبوونی هەموو نوێنەران و میوانەکان، ئەو پەیامە کە لە لایەن کۆنگرەوە نێردرابوون، خوێندرانەوە و پاشان بە سروودی «ئەی ڕەقیب» کۆتایی بە کاروباری کۆنگرەی شەشەم هێنرا.

دەستبەجێ پاش تەواوبوونی کۆنگرە، لە کۆبوونەوەیەکی دیکەی کومیتەی ناوەندیدا، جێگری سکرتێر و ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران.

کۆنگرەی شەشەمی حیزب جارێکی دیکە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی سیاسی و تەشکیلاتیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی نیشان دا و ڕێبازی داهاتووی حیزب و ئەرکە گرنگەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیاریکرد.

پاش تەواوبوونی کاری کۆنگرە، هەموو نوێنەران، بە دڵێکی پڕ لە هیوا و ئومێد و بە ئیمانێکی پتەو بە سەرکەوتنەوە بۆ ڕاگەیاندنی پەیامی کۆنگرە و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی حیزبی، گەڕانەوە شوێنی کار و تێکۆشانی خۆیان.

بێگومان کۆنگرەی شەشەم لە ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێوی حیزبەکەماندا، هەنگاوێکی گرنگی مێژووییە بەرەوپێش، بەرەو وەدیهێنانی ئاواتە پیرۆزەکانی کۆمەڵانی خەڵک، بەرەو دابینکردنی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان».

پیرۆزە سەرکەوتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران،

بۆ پێشەوە بەرەو وەدیهێنانی بڕیارەکانی کۆنگرە و بەرەو سەرکەوتنی گەورەتر.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**کومیتەی ناوەندی**

**١٣٦٢/١١/١٢**

## ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەم

خوشک و برایانی خۆشەویست!

هاوڕێیانی بەڕێز!

بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کانگای دڵمەوە بەخێرهاتنتان دەکەم و هیوام شادی و خۆشیی ئێوە و سەرکەوتنی کۆنگرەکەمانە. هەروەها بە ناوی هەموومانەوە بەخێرهاتنی گەرمی میوانە بەڕێزەکان ئەکەم و بە ئاواتم بەشداربوونیان لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی ئێمەدا ببێتە هۆی پتەوتر بوونی دۆستایەتی و هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوەکانمان. ئەوە دوو ساڵە لە کۆنگرەی ٥ی حیزب، کۆنگرەی شەهیدان ڕادەبڕێ. لەم دوو ساڵەدا گۆڕانێکی زۆر بەسەر ژیانی سەرانسەریی ئێران و هەروەها کوردستان و بە تایبەتی حیزبی ئێمەدا هاتوە. ئەرکی سەرشانی کۆنگرەی شەشەم ئەوەیە کە هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانە بخاتە بەرچاو، بەوردی لێیان بکۆڵێتەوە و سیاسەتی دواڕۆژی حیزب و ئەرکەکانی دیاری بکا. ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و ئەندامانی سادەی حیزب لە ماوەی بەینی دوو کۆنگرەدا شەهید بوون و گیانی خۆیان لە ڕێگای ئازادیدا بەخت کرد. هێندێ لەوانە لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا بەشدار بوون. ئەم قارەمانانە باشترین و فیداکارترین ڕۆڵەکانی حیزب و گەل بوون. لەم دوو ساڵەدا حیزبی ئێمەدا، شەهیدی بەڕیز ئەندامی کومیتەی ناوەندی کاک هەژار، فەرماندە هێز وەک کاک حیسامی ئەسعەدی، کاک ئیقبال کەریم نیژاد، کاک قادری ئیفتخاری و کاک عوسمانی دادخواە و دەیان کادری بەنرخ و مامۆستای شۆڕش کە لە لێوەشاوەترین ڕۆڵەکانی حیزب بوون لەدەست داوە، شێوەی ڕیزگرتن لە شەهیدە خۆشەویستەکانمان لە پێشدا ئەوەیە کە ڕێگایان بەرنەدەین و تا گەیشتن بەو ئامانجانە کە لە پێناویدا گیانی خۆیان فیدا کردوە لە تێکۆشان دەست هەڵنەگرین و بە خوێنیان سوێند بخۆین کە تا دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان خەباتی خۆمان درێژ پێ بدەین. هەروەها پێویستە ڕێزی بنەماڵەی شەهیدان بگرین و تا توانامان هەبێ لە هەموو بارێکەوە یارمەتییان بدەین، بە شێوەیەک کە هەست بەوە بکەن کە ئەگەر خۆشەویستێکیان لەدەست داوە، بێکەس نین و حیزبی دێموکرات کەسوکاری ئەوانە، بۆ حیزبی ئێمە هۆی شانازییە کە جێگای شەهیدان بەتاڵ نەماوە. سەدان لاوی دڵپاک جێگای شەهیدەکانیان پڕ کردۆتەوە و هەزارانی دیکەش ئامادەن چەکی شەڕەف هەڵگرن و ڕێگای پیرۆزی شەهیدانمان درێژە پێبدەن.

شەهید بوون بۆ ئێمە ئامانج نییە، بەلام تا کاتێک بۆ گەیشتن بە ئامانج کە ئازادی گەلەکەمانە پێویست بێ گیانی خۆمان بەخت ئەکەین، نابێ یەک ئانیش دوودڵ بین. هەروەها لە کۆنگرەی شەشەممەوە سڵاوێکی بەتین پێشکێشی زیندانیانی سیاسیی ئێران دەکەین. سڵاو لە ڕۆڵە نەبەزانە دەکەین کە لە بەندیخانەکانی دوژمندا لە هەلومەرجێکی دژوار لە ژێر ئەشکەنجەی دوژمندا بە ئامانجی گەل وەفادار ماونەتەوە.

**هاوڕێیان!**

پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب لەم هەلومەرجەدا لە دوو بارەوە گرینگە: یەکەم، ئەو

ڕاستییەی دەردەخا کە لەگەڵ هەموو پڕوپاگەندەی درۆی ڕێژیمی خومەینی کە ئیدیعا دەکا حوکمی لە کوردستانی ئێراندا زاڵ بووە لە سەرانسەری کوردستان کۆنفرانسەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی بەڕێوە چوون. نوێنەرانی دەیان هەزار لە ئەندامانی حیزب لە شیمال و جنووب و ناوەندی کوردستانەوە لەم کۆنگرەیەدا بەشدارن. خۆی پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتنی بەرچاوی تێکۆشانی هەموو حیزبەکەمانە.

دووهەم، کۆنگرەی شەشەم لە کاتێکدا پێک هاتوە کە حیزبی ئێمە دەبێ زۆر گیروگرفتی سیاسی، تەشکیلاتی، هێزی پێشمەرگە و هی دیکە چارەسەر بکا. ئەگەر ئەو ڕاستییەشمان لەبیر بێ کە کۆنگرەی شەشەم، کۆنگرەی حیزبێکە کە بەڕێوەبەری خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، کۆنگرەی ڕێکخراوەیەکە کە زیاتر لە هەموو هێزێکیدیکە توانیویەتی بەرامبەر ڕێژیمی کۆنەپەرەستی خومەینی ڕابوەستێ، ئەو کاتە گرینگیی کۆنگرەکەمان زیاتر خۆی دەنوێنێ. هەر بۆیە بێ لەخۆبایی بوون دەتوانین بڵێین کە نەک هەر خەڵکی کوردستانی ئێران، بەڵکوو هەموو خەباتگێڕانی ڕاستەقینەی ڕێگای ئازادی سەرانسەری ئێرانیش چاوەڕوانی ئاکامی کارەکانی کۆنگرەی شەشەمن. هەر لەبەر ئەوەش بەشدارانی کۆنگرە ئەرکێکی زۆر قورسیان لەسەر شانە و دەبێ بە مەسئولیەتی تەواوە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە هەوڵ بدەن. لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە پێشنیار دەکەین: ئەم کۆنگرەیە بە کۆنگرەی «کار» بناسرێ. مانای ئەوەیە کە کۆنگرە دەبێ بەسەراحەت و ڕێکوپێکی لەسەر هەموو گیروگرفتەکان باس بکا و بڕیاری پێویست بدا. دووهەم مانای ئەوەیە کە نوینەرانی کۆنگرە چالاکانە و خەللاقانە لە کاروباری کۆنگرە بەشدار بن. سێهەم مانای ئەوەیە کە کۆنگرە وەخت و توانای خۆی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئەساسی و گشتییەکانی حیزب تەرخان بکا. کۆنگرە هی هەموو حیزبە و هی یەک کومیتە شارستان نییە. ئەو گیروگرفتانەی کە لە کۆنفرانسەکانی حیزبی شارستانەکاندا باس کراون، بەڵام ئەهەمەتیان بۆ گشت حیزب هەیە، دەبێ لە کۆنگرەدا بێنە گۆڕێ، بە پێچەوانە ئەو وردە گیروگرفتانەی کە باری گشتییان نییە و گرینگ نین و هەر ڕێکخراوەیەک کە خۆی دەتوانێ چارەسەریان بکا، نابێ وەختی کۆنگرە بگرن. چونکە کۆنگرەی شەشەممان بە کۆنگرەی کار داناوە، دیارە ڕاپۆرتەکەش هەر لەسەر ئەم ڕەواڵە دەڕوا. بۆیە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەش زیاتر گیروگرفتەکانی نێو حیزب و ڕێگا چارەیان دەخەینە بەرچاو.

هیوادارین کۆنگرە ئەم شێوە بۆچوونە پەسەند بکا و خۆیشی لەسەر ئەم ڕێبازە بڕوا.

### ١ـ وەزعی نێونەتەوەیی

باری هەرە بەرچاوی وەزعی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە لەم دوو ساڵەدا بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشتوە. ئەم ئاڵۆزییە لە چەند لاوە خۆی دەنوێنێ: بێگومان گرنگترین باری ئاڵۆزی نێونەتەوەیی بوحرانی ئابوورییە. بێکاری بێوێنە، گرانی و سەبرتر هەڵدانی ئابووری و هاتنە خواری دینامیزمی بەرهەمهێنان و لە پێش هەمووداو بەتایبەتی ئاوسانی دەروا. «تەوەڕوم» نیشانەکانی ئەم بوحرانەن: پێوەندییەکانی نێو دراوەکانی گرینگ بە شێوەیەک تێک چووە کە دۆلاری ئامریکا بە شێوەیەک دراوی وڵاتەکانی سەرمایەداری لە تەنگانە خستوە کە سیستەمی دراویی جیهانی وەمەترسی کەوتوە. لە نەتیجەدا هەر وڵاتێک زیاتر لە جاران تێدەکۆشێ

قازانجە تایبەتییەکانی خۆی بپارێزێ و ڕەقەبەری لەنێو وڵاتەکانی سەرمایەداری ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر ئەبێ. ئیمپریالیزمی ئامریکا وەک وڵاتی بەهێزی سەرمایەداری هەوڵ دەدا لەم وەزعە بۆحرانییە بە سوودی خۆی کەڵک وەربگرێ، بۆیە لەم دواییانەدا بێپەرواتر و دڕەندەتر بووە.

دەستدرێژی ڕاستەوخۆی ئامریکا بۆ گرانادا، دەخالەتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری لە لوبنان، خۆ ئامادەکردن بۆ دەستدرێژیی نیزامی لە خەلیجی فارس، هەموو نیشانەی سیاسەتی پەلاماردەرانەی ئامریکایە. ئاڵۆزبوونی وەزعی نێونەتەوەیی لە زۆر جێگای جیهان، تێکهەڵچوونی نیزامیی پێک هێناوە. لە ئامریکای مەرکەزییەوە بگرە تا جنووبی ئافریقا و لوبنان و خەلیج، شەڕ بەردەوامە. دیاردەی نوێ ئەوەیە ئەگەر جاران شەڕێکی مەحەللی لەنێو دەوڵەتان ڕووی ئەدا ئیمکانی پێشگیری لە شەڕ یا هەر نەبی لە پەرەئەستاندنی هەبوو، بەڵام وادیتە بەرچاو کە ئێستا نە ڕێکخراوە نیونەتەوەییەکان و نە دەوڵەتە گەورەکان بە ئامرازی پێشوو توانای وەستاندنی ئەم شەڕانەیان نییە. لە چەرخی بیستەمدا ئورووپا بووەتە کانگای دوو شەڕی جیهانی. ئەوە جارێکی دیکەش مەترسیی شەڕ و ئەمجارە ئەتۆمی لە ئورووپا پەیدا بووە: دامەزراندنی موشەکی «پیرشینگ٢» لە لایەن ئامریکاوە لە وڵاتەکانی ئورووپای ڕۆژاوا بەتایبەتی لە ئاڵمانی ڕۆژاوا و دانانی موشەکی «ئێس ئێس ٢٠» لە لایەن یەکیەتیی سۆڤییەتەوە لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بۆتە هۆی ئاڵۆزبوونی پتر لە ڕادەی پێوەندییەکانی نێو ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، بەتایبەت ئامریکا و یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئورووپادا. هەر بۆیە لە زۆر وڵاتی ئورووپای ڕۆژاوا جووڵانەوەی ئاشتیخوازانە هەرچی دەچێ زیاتر پەرەدەستێنێ و سەدان هەزار و بگرە میلیۆنها کەس بێزاریی خۆیان لە دامەزراندنی مووشەکی ئەتۆمی لە ئورووپا نیشان دەدەن. تەئسیری بوحرانی ئابووری جیهان لە لایەک و هێندێ گیروگرفتی نێوخۆیی وڵاتانی سۆسیالیستی لە لایەکی دیکەوە وەزعی ئابووری ئەم وڵاتانەشی تووشی تەنگ و چەڵەمە کردوە. حاسڵبەخشیی کار بە گشتی نیسبەت بە وڵاتەکانی پێشکەوتووی سەرمایەداری نزمە و کەمبوودی شتومەک هەست دەکرێ و هەموو ئەوانە هێندێ جار دەبێتە هۆی تێکهەڵچوونی سیاسی لەم وڵاتانەدا کە نموونەکەی پۆلۆنیایە. مەنتیقییە کە ئیمپریالیسمی ئامریکا هەوڵ دەدا لە هەموو تێکهەڵچوونێکی سیاسی لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ. دیاردەیەکی هەرەناخۆشی دوو ساڵی ڕابردوو پەرەگرتنی تێرۆریسمی نێونەتەوەییە. تێرۆریسمی نێونەتەوەیی چەند ساڵ لەمەوپێش جار و بار خۆی دەنواند، بەڵام ئێستا لە دوو بارەوە گرینگە: یەکەم بە شێوەی ئەوتۆ پەرەی ئەستاندوە بە چەشنێک کە لە مێژوودا وێنەی نییە. دووهەم ئەگەر جارێک باند و دەستەیەک یان گروهێکی سیاسی لە ڕادەی جیهانیدا تێرۆریان ساز دەکرد یا ئەو پەڕی دەوڵەتێک بەدزی و ناڕاستەوخۆ لە تێرۆردا بەشداردەبوون، ئێستا بەشداریی دەوڵەتان لە تێرۆریسمی نێونەتەوەییدا نەک هەر ئاشکرایە بەڵکوو هێندێ لە دەوڵەتەکان نایشارنەوە و تەنانەت شانازیی پێوەدەکەن. بێگومان سەردەستە و ئاڵاهەڵگری تێرۆریسمی نیونەتەوەیی ڕێژیمی دژی ئینسانیی خۆمەینییە کە لەم ڕێگایەدا لە هیچ جینایەتێک خۆ ناپارێزێ. ئێستا بۆ بیروڕای گشتیی جیهان بەتەواوی دەرکەوتوە بەشێکی زۆری تێرۆرەکان لە ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بوون بە هۆی کوژران و بریندار بوونی هەزاران ئینسانی بێدیفاع، هەمووی لە جمهوری ئیسلامیی خومەینییەوە سەرچاوە دەگرێ. بوحرانی ئابووریی جیهان و ئاڵۆزتربوونی پێوەندییە

نیونەتەوەکان لە پێش هەمووانەدا جیهانی سێهەمی توشی تەنگانە کردوە. بێجگە لەو وڵاتانە کە داهاتێکی زۆریان لە نەوت دەست ئەکەوێ، زۆربەیان لەبەر کزبوونی ئابوورییان لە ڕەقەبەری توندی نێونەتەوەیی ناتوانن خۆ ڕابگرن و ئابوورییان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی وڵاتە سەرمایەدارە گەورەکان، بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئامریکا. بەڕاستیش وڵاتە سەرمایەدارییە بەهێزەکان ئەوەندە کە دەتوانن گیروگرفتە ئابوورییەکانی خۆیان بە زیانی وڵاتانی جیهانی سێهەم چارەسەر دەکەن. بوحرانی ئابووری لەم وڵاتانەدا دەبێتە هۆر زۆر گیروگرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی چارەسەر نەکراو و، کۆمەڵی پاشکەوتوویان دەلەرزێنێ و زۆر جار یارمەتی دەدا نیزامییەکان بە قازانجی خۆیان لەم وەزعە کەڵک وەربگرن و کوودێتا بکەن و دیکتاتۆریی نیزامی لە وڵاتدا دامەزرێنن. دیسان هەروەک ساڵەکانی پێشوو، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کانگای ناتەباییەکان و جێگای بەرەنگار بوونی قازانجە جۆراوجۆرەکانی زۆر هێز و دەوڵەتانە. شەڕ لە نێوان گەلی فەلەستین و ئیسرائیل و شەڕی چەند لایی لە لوبنان هەر درێژەی هەیە.

ئیسرائیل بە پشتیوانیی ئامریکا توانیویەتی وەزعێکی ئەوتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێک بێنێ کە هێزی چەکداری فیداییە فەلەستینییەکان لوبنان بەجێ بێڵن. دیارە لەم ڕێبازەدا سووریە نەخشێکی گرنگی هەبوو. ئەوەی بە ئیسرائیل جێبەجێ نەدەبوو، بە ڕێژیمی سووریە و بە هاوکاری هێندێ لە فەلەستینییە لادەرەکان هاتەدی. ئەگەر ئیسرائیل توانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و لایەنگرانی لە بەیروت وەدەربێنێ، ڕێژیمی سووریە توانی لە تەرابلوس لە شیمالی لوبنان ئەو کارە بکا. ئێمە بەم بۆنەوە جارێکی دیکە هاودەردیی خۆمان لەگەڵ خەڵکی فەلەستین و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و بەڕێوەری قانوونیی ئەم ڕێکخراوە ڕادەگەیەنین و لە دەستدرێژی ئیسرائیل بۆ لوبنان و بۆ سەر فەلەستینییەکان و هەروەها لە تێکدەریی ڕێژیمی سووریە لە نێو موقاومەتی فەلەستیندا کە مەبەستی لە نێوبردنی سەربەخۆیی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینە، بێزاری خۆمان بە توندی دەردەبڕین. ئێمە هەر وەک ڕابردوو لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی فەلەستین و مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی بەتەواوی پشتیوانی دەکەین و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بە دۆست و هاوپەیمانی خۆمان ئەزانین. بەرەبەرە مەبەستی ئەسڵیی ئامریکا و ئیسرائیل لە دەستدرێژی بۆ لوبنان و بۆ گەلانی جیهان بەتەواوی ئاشکرا دەبێ، کە ئەویش دابەشکردنی لوبنانە. سەیر ئەوەیە کە وڵاتێکی عەرەبی وەک سووریەش لە جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیەدا بەشدارە و کاربەدەستانی ڕێژیمی سووریە نایشارنەوە کە لایەنگری دابەشکردنی لوبنانن، چونکە بەشێکیش وەبەر ئەوان دەکەوێ. ڕێژیمی سووریە بۆ بردنەپێشی مەبەستەکانی خۆی لە لوبنان هاوکارییەکی نیزیکی لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی هەیە، دەڵاڵی بۆ دەکا و چەکوچۆڵەی بۆ دەکڕێ و پشتیوانی لە ئاژاوەچییەتییەکانی دەکا. بەم جۆرە ڕێژیمی سووریەش لە نەخشی تێرۆریستیی ڕێژیمی ڕێژیمی خومەینی لە ڕادەی نێونەتەوەییدا کەڵک وەردەگرێ. لێرەدا سیاسەتی دووڕوویانەی ئامریکا جێی سەرەنجە: کارگێڕی ئەسڵیی ئەم وەزعە کە لە لوبناندا پێک هاتوە ئیمپریالیزمی ئامریکایە، بەڵام، کاربەدەستانی ئامریکا وا دەنوێنن کە دەیانەوێ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی لوبنان بپارێزن و گویا بۆ ئەوەیە کە لەشکەریان بۆ لوبنان ناردوە. هەروەها پێویستە لێرەدا بە نەخشی ڕیاکارانەی خومەینی ئیشارەیەک بکرێ: ڕێژیمی

خومەینی شیعاری «ئازادیی قوودس»ی بەرز کردۆتەوە و ڕۆڵی تێرۆریستی نێونەتەوەیی بە ئەستۆی خۆی گرتوە و ئەوەندەی پێی دەکرێ وەزعی لوبنان دەشێوێنێ و دەبێتە هۆی کوژرانی هەزاران کەس لە لاوان و خەڵکی بێتاوانی شیعە مەزهەبی لوبنان و، دژی ئامریکا و ئیسرائیل شیعار دەدا، بەڵام بۆ هیچ کەس جێگای شک نییە کە جەمهوری ئیسلامیی خومەینی ئەگەر جاران ناڕاستەوخۆ لە ئیسرائیل چەکی وەردەگرت، ئێستا ڕاستەوخۆ لە ئامریکا چەک وەردەگرێ. دیارە ئیمکانی نییە ئەمریکا و ئیسرائیل چەک بدەن بە خومەینی بۆ ئەوەی بەو چەکانە قوودسی داگیرکراو لە چنگی ئیسرائیل ڕزگار بکا. بۆیەشە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەس قسەکانی دژی ئامریکایی و ئیسرائیلیی کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی بە جیددی ناگرێ و هەموو ئەو ڕێژیمە بە ئاژاوەگێڕ و تێرۆریست و هاوپەیمانی بەکردوەی ئیسرائیل و ئامریکا دەناسن.

وەزعی ناوچەی خەلیجی فارس ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێ. شەڕ لە نێوان ئێران و عێراقدا زیاتر لە سێ ساڵە هەر بەردەوامە و خومەینی و دارودەستەکەی بە هیچ جۆرێک ئاشتی قەبووڵ ناکەن. ئاکاری تێرۆریستیی خومەینی لە کوەیت و عەرەبستان و ئاژاوەگێڕییەکەی لەنێو شێعە مەزهەبەکانی وڵاتانی خەلیجدا بە گشتی بۆتە هۆی مەترسیی هەموو گەلانی ئەم ناوچەیە، ئەو خەتەرەی پێک هێناوە کە شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە چوارچێوەی سنووری ئەم دوو وڵاتە دەربچێ و ببێتە شەڕێکی ناوچەیی. ئەو مەترسییە گەورەیە کە لە خەلیجدا پەیدا بووە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی بەزۆر سادرکردنی «جمهوری ئیسلامی» بۆ وڵاتەکانی تر. دەوڵەتی عێراق چەند جار بەڕەسمی ڕایگەیاندوە کە ئەگەر ڕێژیمی خومەینی لە درێژەدانی شەڕ سووربێ، بنکە نەتەوەییەکانی ئێران لە خەلیج و بەتایبەتی لە جەزیرەی خارک وێران دەکا.

عێراق بۆ ئەم مەبەستە هێندێ چەکی پێشکەوتوو بەتایبەتی، پێنج فرۆکەی سوپێر ئیستانداری لە فەرانسە وەرگرتوە. ڕێژیمی خومەینی کە هەتا ئێستا زۆر جار بە کردەوە یارمەتیی ئیمپریالیزمی ئامریکای داوە، هەڕەشە دەکا ئەگەر بنکە نەوتییەکانی ئێران لە خارک بۆمباران بکرێن ئەویش تەنگەی هورمۆز دەبەستێ و نایەڵێ هیچ کەشتییەک نەوتی ناوچەی خەلیج بۆ دەرەوە بەرێ. ئیمپریالیزمی ئامریکاش هەماهەنگ لەگەڵ خومەینی هەڕەشە دەکا ئەگەر تەنگەی هۆرموز ببەسترێ هێزی نیزامیی خۆی لە ناوچەی خەلیج دادەبەزێنێ و ئەم تەنگەیە بەزۆر دەکاتەوە. بەم جۆرە ڕێژیمی خومەینی ڕێگا بۆ ئیمپریالیسمی ئامریکا خۆش دەکا و ڕێگا تەخت دەکا بۆ ئەوەی ئامریکا بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی بگا، کە داگیرکردنی خەلیجی فارسە. ڕەنگە دەستدرێژیی ئامریکا بۆ ناوچەی خەلیج دەنگدانەوەی ئەوتۆی لە جیهاندا هەبێ کە ئەوەی بەدوا دادێ لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بچێتە دەرێ. بەم جۆرە ڕوونە کە ئەگەر وەزعی نێونەتەوەیی ئاڵۆزە، وەزعی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاڵۆزترە و لەبەر ڕووناکایی ئەم وەزعەدا دەبێ وەزعی ئێران لێک بدینەوە.

### ٢ـ وەزعی ئێران

ئەوە پێنج ساڵ لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران ڕادەبرێ و نەک هەر ئاواتەکانی گەلانی ئێران پاش شۆڕش نەهاتە دی، بەڵکوو پاش پێنج ساڵ حاکمییەتی ئاخوندەکان وڵاتەکەمان

تووشی چارەڕەشییەکی ئەوتۆ بووە کە لە مێژووی ئێراندا بێوێنەیە. شەڕ و سەدان هەزار کوژراو و بریندار، میلیۆنها ئاوارە و خەفەقان و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام و وێرانی و قاتی و دەربەدەری و بێکاری و گرانی و کوێرەوەری و نەبوونی ئەمنیەتی فەردی و کۆمەڵایەتی و ترس لە دواڕۆژ و ترس لە بێحورمەتی بە شەخسیەتی ئینسانی، ئەوەیە دیاردەی ڕێژیمی جمهوری ئیسلامیی ئێران. ڕێژیمی خومەینی نەتەنیا نیشتمانی ئێمەی تووشی سەردەمێکی ڕەشی سەرەڕۆیی کردوە، بەڵکوو پاش پێنج ساڵ دەسەڵاتداری، خۆیشی تووشی بوحرانێکی قووڵ بووە کە لێی ڕزگاربوون بەدی ناکرێ. ئەم بوحرانە هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵ، سیاسی، نیزامی، ئابووری، فەرهەنگی، مەزهەبی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. لە باری سیاسییەوە بوحرانی ڕێژیمی خومەینی ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبێ. حاکمیەتی ئاخوندەکان بۆتە ڕێژیمێکی زۆرداری ئەوتۆ کە پێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک بە ڕادەیەک لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەبوو کە لە مێژووی ئەو ڕێژیمانە کە پاش شۆڕش سەرکەوتوون بێوێنە بوو. موبالەغە نییە ئەگەر بڵێین کە پتر لە سەدی نەوەدی خەڵکی ئێران بە دڵەوە پشتیوانی خومەینی و دەسەڵاتەکەی بوون.

بەڵام کەمتر ڕێژیمێکیش لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و تەنانەت لە نێو ئەوانەدا کە لە شۆڕشدا بەشدار بوون بەو خێراییە نفوزی خۆی لەدەست داوە. دیسانەوە موبالەغە نییە ئەگەر بڵێین لە حاڵی حازردا کەمتر لە سەدی دەی خەڵک لایەنگەری ئەو ڕێژیمەن، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییە لەبیربچێ کە ئەو سەدی دەیە دەرسەدێک نییە کە تەنیا دەنگی خۆی بە ڕێژیمی خومەینی دەدا. ئەم سەدی دەیە ڕێکوپێک و ڕێکخراوە، زۆربەیان چەکدارن، لاوی موتەعەسیبی مەزهەبین، تەواوی ئیمکاناتی دەوڵەتیان لەبەر دەستە و دەزگای تەبلیغیی ڕێژیم لە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆوە بگرە تا ڕۆژنامە زەوتکراوەکان و دەیان هەزاری ئاخوندی بەکرێگیراو بێوچان هانیان دەدەن بۆ ئەوەی ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی بە هەر وەسیلەیەکەوە کە مومکین بێ، بپارێزن و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێژیمی دژی گەلی خۆشیان بە کوشتن بدەن. یەکێک لە ڕازەکانی ڕێژیمی خومەینی لە چونیەتیی ئەو سەدی دەیە دایە کە پشتیوانیی لێدەکا. ئەم سەدی دەیە بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتی ڕێژیم توانای هەیە چ بە تەبلیغات چ بە فریو و درۆ چ بە زۆر و کوتەک دەرسەدێکی دیکەش بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم هان بدا. هەر چەند دەبێ بگوترێ کە ئەم تواناییە ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر دەبێ و کۆمەڵانی خەڵک کەمتر پەیڕەوی لە سیاسەتی ڕێژیمی خومەینی دەکەن.

لەگەڵ ئەوە ڕێژیمی خومەینی بەتەواوی بوەتە ڕێژیمێکی دژی گەلی و لە کۆمەڵانی خەڵک دوور کەوتۆتەوە. لە قسەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم بەتایبەت لە قسەکانی زۆر جار دووپاتکراوی خودی خومەینی بەڕوونی دەردەکەوێ کە ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی مەترسیی جیددیی لە سەرە. هەر بۆیە خومەینی لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی هوشدار بدا و تەواوی ئیمکاناتی وڵاتیشی تەرخان کردوە بۆ پاراستنی ڕێژیمی ئاخوندی. ئەگەر سەدی نەوەدی خەڵکی ئێران کە دژی ڕێژیمن هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ئەم ڕێژیمە بڕووخێنن، لە پێشدا هۆی ئەوەیە کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری خومەینی، بە زۆر و بە خەباتی چەکدارانە نەبێ ناڕووخێ و زۆربەی خەڵکیش کە دژی ئەم ڕێژیمەن نە ڕێک خراون و نە ئامادەیی چەک هەڵگرتنیان هەیە. لەبیرمان نەچێ خەباتی چەکداری لە شارەکان ئەگەر پشتی

جەبهە و گوندەکانی نەبێ سەر ناکەوێ. لە ئێرانی ئێستاش بێجگە لە کوردستان نەبێ لە هیچ جێگایەکی دیکە ئەم ئیمکانە پێک نەهاتوە. لە شارەکانیش هەم دەبێ فیشاری ڕێژیمی خومەینی بگاتە ئەو ڕادەیە تەحەمول نەکرێ و نارەزایی بگاتە ئەو پەڕی خۆی و هەم دەبێ ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ بتوانێ بە باشترین شێوە لەم نارەزاییە کەڵک وەرگرێ. ڕێژیم بۆ پێشگیری لە ئامادەبوونی هەلومەرجی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی چەند وەسیلەیەکی گرنگی خستۆتە خزمەتی خۆی. گەورەترین پشت و پەنای ڕێژیمی خومەینی، ئیستبدادی ڕەش و جەوی ترس و خەفەقان و تۆقاندنی خەڵکە کە پێکیهێناوە. زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام هەر بەردەوامن. لە ساڵی ڕابردوودا نیوەی ئێعدامکراوەکانی جیهان لە لایەن ڕێژیمی جمهووری ئیسلامییەوە ئێعدام کرابوون. ئەم جەوە ئیمکانی هەموو چەشنە خەباتێکی غەیری چەکداری و بەبێ کارهێنانی زۆری لەنێو بردوە یا هەر نەبێ زۆر مەحدودی کردوە و کۆمەڵانی خەڵک تا ڕادەی خەباتی چەکداری هان دەدا. دیارە شکاندنی ئەم جەوە پڕ خەفاقانەش دەتوانێ ڕێگا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم خۆش بکا. بەڵام خومەینی زۆر جار بە سەراحەت ڕایگەیاندوە کە تەنانەت یەک هەنگاویش پاشەکشە ناکا، چونکی زۆر باش دەزانێ کە هەر جۆرە پاشەکشەیەک دەبێتە هۆی ئازادکرانی هێزی میلیۆنها ئینسان بەتایبەتی لە شارەکاندا و بەخێرایی ڕێژیمەکەی بەرەوڕووخان دەبا.

لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەم هاتبوو کە ڕێژیمی خومەینی درۆی تا ڕادەی سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەتی بردۆتە سەرێ، لەو کاتەوە دروستبوونی ئەم بۆچوونە بەتەواوی دەرکەوتوە. ڕێژیمی خومەینی لە ڕاستی و لەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران باری ڕاستی وەزعی وڵات بزانن دەترسێ. هەموو دنیا دەزانێ کە ڕێژیمی خومەینی لە پەلامارە سەرنەکەوتووەکانی دژی عێراق و لە شەڕەکانی کوردستان بە دەیان و بگرە و سەدان هەزار نەفەر کوشتەی داوە. بەڵام تەنانەت یەکجاریش ئەم ڕێژیمە باسی کوژراو و بریندارەکانی خۆی نەکردوە. نەک هەر ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکان بەڵکوو کاربەدستانی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمیی ڕێژیم لە خودی خومەینییەوە بگرە تا دەگاتە ئیمام جومعەی دوورترین شارەکانی ئێران، درۆ دەکەن و درۆ تەحویلی خەڵک دەدەن. درۆکردن بۆ فریودانی خەڵک ڕەنگە وەسیلەیەکی کاریگەر بێ، بەڵام درێژخایەن نییە. هەر بۆیە ٢٥ ساڵی ویست بۆ ئەوەی خەڵک بڕوایان بە ڕێژیمی شا نەمێنێ، تەنیا پێنج ساڵی بەس بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک ئیمانی خۆیان نیسبەت بە ڕێژیمی خومەینی لەدەست بدەن.

وەسیلەیەکی هەرە گرینگی دیکەی ڕێژیمی ئاخوندی کەلکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی کۆمەڵانی ساویلکە و نائاگایە. خومەینی و داروودەستەکەی هەموو جینایەتەکانی خۆیان بە ناوی ئیسلام تەواو کردوە و تەواو دەکەن. پێش شۆڕش خومەینی دەیگوت: «همه با هم» لە پاشان دەرکەوت کە مەبەستی «همه با من» بووە. پێنج ساڵە هاوار دەکا: «اسلام را حفظ کنید»، ئێستا دەرکەوتوە مەبەستی «مرا حفظ کنید» بووە. ئیسلامی خومەینی ئێعتباری نەماوە. بەرەبەرە خەڵکی ساویلکە و نائاگاش وریا بوون و تێگەیشتوون کە ئیسلام بۆ خومەینی وەسیلەیەکە بۆ پاراستنی ڕێژیمە دژی ئینسانییەکەی. بۆیە ژمارەی ئەوانەی کە تووشی نەخۆشیی شەهیدپەروەری بوون ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبێتە و جمهووریی ئیسلامی بەدژواری بۆی دەکرێ تەنانەت لاوانی ١٣_ ١٤ ساڵەش ڕەوانەی مەیدانی شەڕ بکا.

لە مەیدانی نێونەتەوەییشدا ئیسلامی خومەینی ڕێزی نەماوە. بۆ گەلانی وڵاتەکانی ئیسلامی دەرکەوتوە کە لە قامووسی خومەینیدا ئیسلام تەنیا حاکمیەتی ویلایەتی فەقیهە کە نموونەی ڕێژیمی خوێنمژ و دژی ئینسانیی ئەمڕۆی ئێرانە. لە نێوخۆی ئێران موسڵمانەکان تەنیا لەبەر ئەوە کە دژی ویلایەتی فەقیهن سەرکوت دەکرێن. دەرکەوتوە کە مەزهەب بە دەست خومەینییەوە تەنیا وەسیلەی گەیشتن بە دەسەڵات و پاراستنیەتی. هەر بۆیە ئیسلامی خومەینی هێزی ڕاکێشەری خۆی لە نێو وڵات و لە دەرەوە لەدەست داوە، کە ئەمە مانای لە دەستچوونی گرنگترین پاڵپشتی ڕێژیمی جمهوری ئیسلامییە.

دراو وەسیلەیەکی دیکەی پاراستنی دەسەڵاتی ئاخوندەکانە. هەموو سامان و سەرمایەی وڵات بێحسێب و کتێب سەرفی ڕاگرتنی جمهوری ئیسلامی دەکرێ. ئەوانەی کە ئێستا سەدەی دەی خەڵکەکەیان وەک پشتیوانی ڕێژیم ڕاگرتوە و لە حاکمیەتی ئاخوندیدا بە شێوەیەک بەشدارن، زۆربەیان بەکرێگیراون و بۆ دراو و بۆ قازانجی شەخسی کار دەکەن. ئەوانە نەمانی خۆیان لە نەمانی جمهوریی ئیسلامیدا دەبینن. بۆیە بە چنگ و ددان ئامادەن دیفاعی لێبکەن. بەرتیلخۆری و دزی پەرەیەکی بێوێنەی ئەستاندوە. هەر بۆیە ئەو بنکە بەناو شۆڕشگێڕییانە وەک «بنیاد مستضعفین»، «بنیاد شهید»، «جهاد سازندگی»، «کمیتە» و هی دیکە دووکانێکن کە قازانجەکەی دەچێتە گیرفانی ئاخوندەکان و کاربەدەستانەوە.

داهاتی چەند میلیاردیی نەوت بێجگە لەوە کە بۆ مەبەستی شەڕ خەرج دەکرێ بەشێکی زۆری سەرفی کڕینی ویژدانی خۆفرۆشان دەکرێ کە ئیمانیان بە ڕێگای جمهوریی ئیسلامیی نییە، بەڵام بۆ دراو ئامادەن خزمەتی پێبکەن و بیپارێزن. بێگومان وەسیلەی بەرچاو و کاریگەری ڕێژیمی خومەینی بۆ پاراستنی درێژەدانی شەڕە.

ئێستا نزیکەی پێنج ساڵە شەڕ لە کوردستان بەردەوامە. دەنگوباسی ئەم دواییانەی تێکهەڵچوونەکانی پێشمەرگە و لەشکەری خومەینی نیشان دەدا کە شەڕ لە کوردستان نەک هەر نەوەستاوە بەڵکوو توندوتیژیش بووە. ئێستا زۆر کەس لە کاربەدەستانی ڕێژیمیش دەزانن کە ئەم شەڕە بێهوودەیە و مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران ڕێگاحەللی نیزامیی نییە و پایانێکیش بۆ شەڕ لە کوردستان بەدی ناکرێ. بەڵام هەر وەک شەڕ لەگەڵ عێراق، شەڕی کوردستانیش کە ئێستا زۆر ڕیاکارانە لە لایەن ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانەوە بەئەنقەست لەگەڵ شەڕی عێراق تێکەڵاو دەکرێ، وەسیلەیەکە بۆ درێژەپێدانی حاکمییەتی ویلایەتی فەقیهـ

ئێستا نیزیک بە سێ ساڵ و نیوە شەڕ لەگەڵ عێراق درێژەی هەیە. بەپێی ئاماری ناتەواو ئەم شەڕە نیزیکی ٦٠٠ هەزار کوژراو و بریندار بووە کە لەوانە پتر لە ٤٠٠ هەزار نەفەری ئێرانین. زیانی ماڵیی ئەم شەڕە بۆ ئێران ١٥٠ میلیارد دۆلار بەراورد کراوە. بە دەیان شار و سەدان گوند وێران بووە، هێندێ بنکەی زۆر گرینگی ئابووری وەک بنکەکەکانی سەنعەتی نەوت زەبرێکی ئەوتۆی وێ کەوتوە کە وەکار خستنەوەیان پێویستی بە چەندین میلیارد دۆلار سەرمایە هەیە. زیاتر لە دوو میلیۆن ئاوارە، دەیان هەزار کەس نقوستان و دەیان هەزاری دیکە دیلی شەر، بەرهەمی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرەن. لەبەریەک هەڵوەشانی بنەماڵەکان، زۆر بوونی نەخۆشیی ڕەوانی لە نێو شەڕدیتووەکان، چوونەسەری بێوێنەی ئینسانکوژی و زۆر تاوانی دیکە لەنێو شارە گەورەکاندا هەموو ئاکامی ئەو شەڕن کە بە داخەوە تەئسیریان پاش تەواوبوونی شەڕیش لە نێو ناچی. شەڕ ئابووریی ئێرانی بەتەواوی تێک داوە. ئێستا

ئابووریی زەمانی شەڕ لە وڵاتی ئێمەدا زاڵ بووە کە مانای کەمترکردنی مەسەرف و لەنێو بردنی ئەو خەرجانەیە کە بۆ خزمەت بە دانیشتووان دیاری کراون و تەرخانکردنی بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی و خەرجی جۆراوجۆری جبهەکانی شەڕە. سیستەمی کۆپۆنی دامەزراوە، شتومەک دەست ناکەوێ، گرانی و بێکاری بێداد دەکا و لە ئاکامدا پلەی ژیانی زەحمەتکێشان کە قوربانیی هەرە ئەسڵی سیاسەتی شەڕخوازانەن، دێتە خوارێ. شەڕ لەگەڵ عێراق بۆ وڵاتی ئێمە شەڕێکی بێ ئامانجە. کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی هەتا ئێستا چەندین جار ئامانجەکانی خۆیان لە درێژەپێدانی شەڕ لەگەڵ عێراق گۆڕیوە، لەسەرەتادا دەیانگوت مەبەست لەم شەڕە دیفاع لە خاکی نیشتمانە، کە ئەرتەشی عێراق لە خاکی ئێران چووەدەرێ ئیدیعایان کرد کە لەشکەری جمهووریی ئیسلامی دەبێ لە ڕێگای بەغداوە بۆ ئازادکردنی قوودس بچێ. ڕاستی ئەوەیە کە شەڕ لەگەڵ عێراق خزمەتی ئیسرائیلی کرد کە توانی لەم دەرفەتە کەلک وەربگرێ و خاکی لوبنان داگیر بکا و زەربەی زۆر توندیش لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بوەشێنێ. ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان هێندێ جار باسی ئازادکردنی کەربەلا و نەجەف دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن خەڵکی نائاگا فریو بدەن و بۆ مەیدانی شەڕیان بنێرن. جاری واش هەیە دەڵێن دەبێ عێراق زیانی شەڕ ببژێرێتەوە کە دەیان میلیارد دۆلار دەکا. لەسەر ئەم داوایەش شێلگیر نین و زۆر جار لێیان بیستراوە کە ئەگەر جمهووریی ئیسلامی لە عێراق بێتە سەرکار داوای زیانی شەڕ ناکەن. بەڵام هەموویان بە تایبەتی خودی خومەینی کە لەم بارەوە لە گشتیان کەللەڕەقترە، داخوازیان ئەوەیە کە دەبێ ڕێژیمی ئێستای عێراق بڕووخێ دەنا شەڕ تا سەرکەوتن درێژەی دەبێ. ڕاستی ئەوەیە کە ئامانجی ئەسڵیی خومەینی درێژەپێدانی شەڕ بە هەر نەرخێکە. ئێستا بەتەواوی دەرکەوتوە کە شەڕ بۆ خومەینی وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی نیزامی نییە بەڵکوو شەڕ لەم بارەوە خۆی ئامانجە و تەنیا ئەوکاتە وەک وەسیلەیەک بەکار دێ کە مەبەست پاراستنی ڕێژیمی ئاخوندی بێ. ڕێژیمی خومەینی لەنێو وڵاتدا تووشی هەزاران گیروگرفتی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتیی چارەنەکراوە. چونکە ئەم گیروگرفتانە سەرچاوەیان لە جەوهەری ڕێژیم دایە. کاربەدەستانی ڕێژیم نە دەتوانن بەرنامەیەکی پەسەندکراو بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە دابنێن و ئەگەر لەسەر کاغەزیش بەرنامەیەکی ئەوتۆ دابنێن، نە ماهییەتی ڕێژیم ڕێگایان دەدا ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکەن. بۆیە ئاخوندەکان بە درێژەپێدانی شەڕ سەرپۆش لەسەر گیروگرفتەکانی وڵاتدا دادەنێن و بە ڕاگەیاندن و بڵاوکردنی ئەم بۆچوونە کە مەسەلەی ئەسڵی شەڕە،

داخوازەکانی زەحمەتکێشان، گەلە زۆر لێکراوەکان و ئازادیخوازان بە زەبر و زەنگ زۆر جار بە گوللە وڵام دەدەنەوە. بە درێژەپێدانی شەڕ، خومەینی دەیەوێ یەکیەتیی ڕیزەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواش بپارێزێ.

زۆر جار بە سەراحەت دەڵێ چوونکە شەڕ هەیە دەبێ یەکگرتوو بین، دەنا لەنێو دەچین! شەڕ بەرهەمی ڕێژیمی خومەینیە، بەڵام ئیدامەی ئەم ڕێژیمەشە. شەڕ و ڕێژیمی خومەینی لێک جیا ناکرێتەوە، ڕێژیمی خومەینی بێ شەڕ ناژی و، شەڕیش بێ ڕێژیمی خومەینی درێژەی نابێ. بەخۆڕایی نییە کە خومەینی شەڕ بە نیعمەتی ئیلاهی دەزانێ. چوونکە وەک شمشێری دێموکلێس لەسەر موخالیفەکانی و لەسەر ئەو کەسانە کە لە هێندێ مەسەلەی لاوەکی لەگەڵ خومەینی ناکۆکییان هەیە و تەنانەت لەسەر لایەنگرانی خۆیشی ڕاگرتوە و،

داوایان لیٚدەکا یەکیەتی و یەکڕەنگیی خۆیان بپارێزن دەنا لەنێو دەچن.

سیاسەتی شەڕخوازانە ڕێژیمی خومەینیی تووشی دوو ناتەبایی بنەڕەتی کردوە: یەکەم خومەینی بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە درێژە پیٚبدا، پێویستی بە سەرکەوتن لە مەیدانی شەڕدا هەیە، بەڵام وەزعێکی ئەوتۆ لە جبهەکاندا خوڵقاوە کە ئەوە پتر لە دوو ساڵە بەپێچەوانەی بەجێهێشتنی دەیان هەزار کوژراو و بریندار لە مەیدانی شەڕدا، دەسەڵاتی ئاخوندەکان هیچ چەشنە سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە. سیاسەتی شەڕخوازانەی خومەینی بە بنبەست گەیشتوە. لەباری نیزامییەوە ڕێژیم تووشی بوحرانێکی قووڵ بووە و هەروا کە گوتمان ڕێژیمی خومەینی ناتوانیٚ کۆتایی بە شەڕ بێنیٚ، بەڵام سەرکەوتنیش بۆی بەدی ناکری. بۆ خۆ ڕزگار کردن لەم گێژاوە، ڕێژیمی خومەینی ماوەیەک تاکتیکی شەڕی لەگەڵ عێراق گۆڕیوە. کاربەدەستانی ڕێژیم بە پێچەوانەی پڕوپاگندەی ڕۆژانەی خۆیان کە بۆ بەهێز کردنی ورەی لەشکەری خۆیان مزگێنیی سەرکەوتنی نیزیکی دوایی دەدەن، باش دەزانن سەرکەوتنی ئەوتۆ ئێستا لە جاران زۆر دوورترە، هەربۆیە تاکتیکی شەڕی ماندووکردنیان هەڵبژاردوە و پێیان‌وایە ئابووری و هێزی ئینسانی عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگە ناگرن. ئەم تاکتیک گۆڕینە دوو مانای هەیە: یەکەم مانای ئیعترافی زیمنیی هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیمە کە لە هێرشە گەورە گەورە پان و بەرینەکاندا کە شێوەی شەڕی خێرایی برووسکەیی نەخشەیان بۆ دانرابوو، سەرنەکەوتوون. دووهەمیش مانای ئەوەیە کە ڕێژیمی خومەینی ئەو ڕاستییەی سەلماندوە کە شەڕ درێژخایەنە، بەڵام شەڕی درێژخایەن لە باری ماددی و ئینسانیەوە خودی ڕێژیمی خومەینی کز و لاوازیش دەکا. هیوای ڕێژیم بە بەسیجی گەلی عێراق دژی حکومەتی عێراق پووچەڵ بوو. نە لایەنگرانی بەناو شورای بەرزی شۆڕشی عێراق و نە جاشەکانی «قیادەی موەقەت» توانیان بەڵێنییەکانی خۆیان بەجیٚ بگەیەنن. لەوەش گرنگتر، بە پێچەوانەی وەعدەکانی داروەدەستەی قیادەی موەقەت گەلی کورد نەک هەر کوردستانی عێراق پشتیوانیی لە لەشکەری خومەینی نەکرد، بەڵکوو ئازایانە و بەحەق بەرامبەری ڕاوەستا. گەیشتن بە چاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک کە بە ڕواڵەت یەکێک لە هۆیەکانی کردنەوەی جبهە لە بەشی مەرکەزی کوردستان بوو لە چوارچێوەی خەیاڵ و ئارەزوو دەرنەچوو. بێگومان، هۆی دیکەی کردنەوەی ئەم جبهەیە بێجگە لە درێژکردنەوەی خەتی جبهە بە مەبەستی ماندووکردنی عێراق، زەربە وەشاندن لە جووڵانەوەی میللی_ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێران بوو. ڕێژیمی خومەینی باش دەزانیٚ کە لاوانی سەرانسەری ئێران چەندە لە شەڕی دژی خەڵکی کوردستان بێزارن، بۆیە بە کردنەوەی جبهەیی تازە لە پروپاگەندی خۆیدا شەڕی گەلی کورد لەگەڵ شەڕی دژی عێراق تێکەڵاو دەکا، بەڵکوو بەم جۆرە بتوانیٚ لەشکری خۆی دژی پێشمەرگەکانی کوردستان هان بدا. بەڵام ڕێژیم لەم بارەشەوە سەرکەوتوو نەبوو. پاش ئەو هەموو ئیدیعایە کە هەموو کوردستانی بەناو پاکسازی کردوە، تەقەی پێشمەرگە لە هەورامان و داڵاهۆ، لە دەوروبەری کرماشان و سنە و شارەکانی سەقز و بۆکان و مەهاباد، لە ناوچەی مەریوان و بانە و دیواندەرە و هەوشار، لە مەڵبەندی نەغەدە و پیرانشار و سەردەشت و لە شارەکانی شنۆ و ورمیٚ و دەوروبەری سەڵماس و خۆی و لە قووتور دەنگ دەداتەوە. تازە ڕێژیم خەریکە تیٚدەگا بەناو پاکسازی کە نرخێکی ئەوەندە گرانی بۆ دانا سوودێکی ئەوتۆی نەبوو. ئێستا لەشکەری خومەینی لە کوردستاندا لە هەموو کاتێکدا پتر زەربەی ویٚ دەکەویٚ.

سیاسەتی ڕێژیم لە کوردستان تووشی تەنگانە بووە.

ناتەبایی دووهەم لە سیاسەتی شەڕخوازانەی خومەینیدا ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیم سەرچاوەی هەموو گیروگرفتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵانی خەڵک تووشیان بوون و هەموو ڕۆژێ ناچار بەرەنگاریان دەبن، لە شەڕدا دەبینن و هەمیشە دووپاتی دەکەنەوە کە تا شەڕ بەردەوامە ئەم گیروگرفتانە چارەسەر ناکرێن. دیارە هەر لەو کاتەشدا درێژەپێدانی شەڕ بە ئەرکی هەرە پیرۆزی هەموو دانیشتووانی ئێران دەزانن. بەرەبەرە بەڵام بە شێوەیەکی حەتمی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران تێدەگەن کە شەڕ ماکەی هەموو کوێرەوەری و گیروگرفتەکانیانە و ئەگەر بیانەوێ ئەم وەزعە شپرزە و ناخۆشە کۆتایی بێ، دەبێ شەڕ بوەستێ. دەبێ ئاشتی جێگای شەڕ و ئاشتیخوازی جێگای شەڕخوازی بگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی مەنتقی دەبێ ئەو کەسانە کە شەڕیان ساز کردوە و شەڕخوازان، واتە دەسەڵاتدارانی ئێستا و لە پێش هەمووانیشدا خودی خومەینی لا بچن. بۆ ئەوەش دەبێ سیاسەتی شەڕخوازانەی خومەینی ڕیسوا بکرێ و کۆتاییهێنان بە شەڕ و خەبات بۆ ئاشتیخوازی ببێ بە ئەرکێکی هەرە سەرەکی. خەڵکی کوردستان دژی شەڕ و دژی سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕێژیمی خومەینی شەڕ دەکەن. ئەوە خۆی بەرزترین شێوەی خەبات بۆ ئاشتی و ئاشتیخوازییە.

بە بڕوای ئێمە، هەڵگرتنی شیعاری ئاشتی و بردنی ئەم شیعارە بۆ نێو خەڵکانی ئێران، دەتوانێ هەم کۆمەڵانی میلیۆنی بەسیج بکا و هەم هەلومەرجی ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی وەک کۆسپی سەرەکیی ئاشتی، باشتر ئامادە بکا. بوحرانی ئابووری ڕێژیمی ئاخوندی هەر بەردەوامە. ئەم بوحرانە ئاکامی سیاسەتی خودی ڕێژیمی خومەینییە، وەستانی زۆربەی بنکەکانی بەرهەمهێنانی سەنعەتی و وەزعی شپرێوی کشتوکاڵ و نزمبوونی ڕادەی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان، کەمبوونی سادرات، زۆربوونی نەدیتراوی واریدات کە نیشانەی خوبەستنەوەی زیاتری ئابووریی وڵات بە دەرەوەیە، بێبەرنامەیی و ئاوسانی چەندین بەرابەری ڕیاڵ لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نیشانەی ئەم بوحرانەن. نەتیجەی ئەم بوحرانە ئابوورییە بە تایبەتی زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی خەڵکی تووشی ژیانێکی تاڵ و سەخت کردوە.

چەندین میلیۆن بێکار، گرانیی بێوێنە، ژیانی کۆپۆنی، دەست نەکەوتنی زۆر شتومەکی پێویستی سەرەتایی، پەرەستاندنی بازارێکی ڕەشی نیوەڕەسمی دیاردەی ڕۆژانەی ئەم بوحرانەن.

**هۆیەکانی ئەم بوحرانە دیارن:**

لە پێش هەموو بوحرانی ئابووری ئاکامی سیاسەتی نادروستی ئابووری یا بێسیاسەتیی ڕێژیمی خومەینییە. پاش پێنج ساڵ، کار بەدەستانی ڕێژیم نەیانتوانیوە سیاسەتی ئابووریی وڵات دیاری بکەن. ماوەیەک سیاسەتیان بەرەو دابەشکردنەوەی زەوی لەنێو جووتیارە هەژارە و بێزەوییەکاندا و میللیکردنی بازرگانیی دەرەوە دەڕۆیی. واتە بەشی گشتی یان دەوڵەتی ئابوورییان بە باشتر دادەنا، بەڵام بەرەبەرە کە بورژوازیی تازەپێگەشتوو لە ئابووری وڵاتدا ڕۆڵێکی زیاتری دەست کەوت، بە یارمەتیی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان ڕێگای پەرەئەستاندنی سەرمایەداریی خۆش کردوە. لەم دواییانەدا ئەگەر کاربەدەستانی ڕێژیم و خودی خومەینی ئەم هەموو ئیمتیازە بە بازاڕ دەدەن، بێجگە لەوەی کە دەیانهەوێ ناڕەزامەندیی سیاسی لەنێو

بازاڕدا خاو کەنەوە، چرای کەسێک بە بورژوازی نیشان دەدەن و پێی دەڵێین کە ڕێگا بۆ پەرەگرتنی سەرمایەداری لە ئێراندا ئاوەڵایە. بەڵام ئەم بۆرژوازییە زیاتر کاری دەڵاڵییە، چونکە بەتەواوی لە جمهووری ئیسلامی دڵنیا نییە، ئامادەی سەرمایەدانان لە بەشەکانی بەرهەمهێناندا نییە. هەرچەند لە حاڵی حازردا ڕوونە کە ڕێژیم ڕێگای سەرمایەداری هەڵبژاردوە، بەڵام هێشتا لەسەر گرتنە پێشی سیاسەتێکی ڕوونی ئابووری لەنێو کاربەدەستاندا هەر کێشە هەیە. شەڕ زۆربەی داهاتی نەوت و بەشیکی ئەساسی لە بوودجەی دەوڵەتی قووت دەدا. بەپێی ئاماری بانکی مەرکەزی لە سێ بەشی بوودجەی گشتی، بەشێکی بۆ شەڕ خەرج دەکرێ، واتە ١٣٠ میلیون تمەن بۆ چەک و تەقەمەنی و پێداویستیەکانی دیکەی شەڕ سەرف دەبێ. پاشماوەی داهاتی نەوتیش خواردەمەنی و شتی زۆر پێویستی دیکەی پێوارید دەکرێ. بۆنموونە هەر لە ساڵی ١٣٦٢دا جمهووریی ئیسلامی دوو میلیۆن تۆن گەنمی لە دەرەوە هێناوە و تەنیا یەک فەقەڕەش بایی ٢٠٠ میلیۆن دۆلاری پەنیر لە دانمارک کڕیوە! وڵاتێکی وەک ئێران کە خاکێکی پان و بەرین و بە بەرەکەتیشی هەیە، گەنم و پەنیر و زۆر بەرهەمی کشتوکاڵیی دیکە لە دەرەوەڕا دەکرێ، ئەمجارە کاربەدەستانی جمهووریی ئیسلامی بێشەرمانە باسی خودکەفایی دەکەن! هۆیەکی دیکە وەزعی تێکەڵ پێکەڵی و بێنەزمی ئابووریی وڵات نەزانینی کاربەدەستانە.

ڕاستی ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە پسپۆران یا وڵاتیان بەجێهێشتووە یا لە مەسئولیەتی خۆیان دەرکراون و کارەکان کەوتوەتە دەست ئینسانی ناشارەزا و نەزان. تازە پاش پێنج ساڵان هێندێ لە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان، تێگەیشتوون کە کارگێری پسپۆریان پێ پێویستە دەنا کاروباری وڵات و بە تایبەت ئابووری هەڵئاسوورێ. بێگومان پەرەئەستاندنی بەرتیلخۆری، دزی، بازاڕی ڕەش و قاچاخیش لە خەراتر کردنی وەزعی ئابووری بێتەئسیر نین. ئاخوندە بە دەسەڵاتەکان و دەورووبەریان سەدان ڕێگای شەرعی و غەیرە شەرعییان دیوەتەوە بۆ ئەوە بێپەروا داهاتی وڵاتەکەمان قووت بدەن و زۆریان حسێبی بانکییان لە دەرەوە کردووەتەوە. بەرتیلخۆری و دزی بۆتە یەکێک لە خاسیەتە هەرە ئەسڵییەکانی ڕێژیمی جمهووری ئیسلامی.

بۆ چارەسەرکردنی وەزعی بوحرانی ئابووری و ڕوونتر بڵێین بۆ پاراستنی ئەم وەزعە کە مانای پاراستنی ڕێژیمی خومەینییە، هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیمی خومەینی سێ ڕێگایان هەڵبژاردوە: یەکەم، زیاترکردنی فرۆشی نەوت تەنانەت بە نرخێکی هەرزانیش بێ بەڵام هەوڵ و تەقەلای کاربەدەستانی ڕێژیم لەم بارەوە زۆر سەرکەوتوو نەبووە؛ چونکە لە سێ ساڵی ڕابردوودا نەیانتوانیوە پتر لە دوو میلیۆن بۆشکە نەوت بفرۆشن کە داهاتی نیونجی بەینی ٥٠ تا ٦٠ میلیۆن دۆلار بووە. هەلومەرجی بازاری جیهانیی نەوت و شەڕ لە ناوچەی خەلیجدا ڕێگا نادا ڕێژیمی خومەینی زیاتر لەم میقدارە نەوت بفرۆشێ. دیارە دەبێ مەسەرەفی داخلیش کە زیاتر لە ٦٠٠ هەزار بۆشکەیە لە بەرهەمی گشتیی نەوت کە ڕۆژانە ٢/٥ تا ٢/٦ میلیۆن بۆشکە دابین بکا. ڕێگای دووهەمی هەڵبژێراوی ڕێژیم لە چاپدانی دراوی بێ پشتیوانەیە. لێرەدا دەستی حاکمیەتی ئاخوندی ئاوەڵایە، بەڕاستیش ئاخوندەکان هەموو کەمبوودی خەرجی نێو وڵاتی، واتە ڕیاڵی خۆیان کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەچێتە سەرێ، لەو ڕێگایەوە دابین دەکەن. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئاوسانی بێوێنەی دراو «ئەنفلاسیون» کە ئاکامی بێبایی بوونی ڕیاڵە، بە شێوەک کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات هیچ بانکێک وەری ناگرێ. ئاوسانی دراو مانای گرانییە کە دەبێتە هۆی هاتنە خواری پایەی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و بە تایبەتی زەحمەتکێشان کە کە

داهاتیان کەمە. ڕێگای سێهەم، مەحدود کردنی مەسرەفە. ئێستا لە ئێراندا زۆر شت و مەکی ئەوتۆ کە جاران بە هاسانی دەست دەکەوت، یا کەمە یا هەر نییە. مەحدودکردنی مەسرەفی خەڵک، مەحدودکردنی واریداتی زۆر شتومەک بە ناوی ئەوە کە دژی شەرعی ئیسلامە، یان ئەوە کە شتومەکی لوسکە و لەگەڵ شێوەی ژیانی ئیسلامی ناگونجێ ئەوە هەموو لە لایەکەوە، کەمترکردنی مەسرەف و نزمکردنی پایەی ژیان لە ڕێگای سیستەمی کۆپۆنی لە لایەکی دیکەوە ڕێگا بە کاربەدەستانی ڕێژیم دەدا تا ڕادەیەک لە قووڵتربوونی هەرچی خێراتری بوحرانی ئابووری پێشگیری بکەن. بەکورتی هەر سێ ڕێگا، واتە فرۆشی نەوتی زۆر و هەرزان، چاپکردنی بێ پشتیوانەی ئەسکەناس و، مەحدود کردنی مەسرەف، نیشانەی ئەوەیە کە ڕێژیمی خومەینی لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئابووریی وڵاتدا زەبوون و داماوە. چونکە هیچکام لەم ڕێگایانە دەرمانی دەردی ئابووریی ئێران نین بەڵکوو هەموو نەخشی مووسەکەنیان هەیە و لە باشترین حاڵەتدا ئەم گیروگرفتانە بە زیانی وڵات و ئابووریی وڵات و زەحمەتکێشان بۆ ماوەیەکی کورت چارەسەر دەکەن. بەڵام لە درێژخایەندا بوحرانەکە قووڵتر دەکەن کە هەموو جارێ توندتر و بەرینتر لە جاری پێشوو سەر هەڵدێنێتەوە و تێکهەڵچوونی کۆمەڵایەتی پێک دینێ.

زەحمەتکێشانی ئێران، بەتایبەت چینی کرێکار کە جووڵانەوەی لەم پێنج ساڵەدا لە ڕادەی ڕووداوەکانی وڵاتدا نەبووە و قوربانی ئەسڵی بوحرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو و قانوونی کۆنەپەرەستانەی کار لە جمهووری ئیسلامیدا بۆخۆی نیشانەی دوژمنایەتی ڕێژیم لەگەڵ داخوازەکانی کرێکارانە، بەرەبەرە خەریکن داخوازە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان خۆیان ڕوونتر و شێلگیرانەتر دێننە گۆڕێ. فشاری لە ڕادەبەدەری ڕێژیم و تاقیکردنەوەی ئەم چەند ساڵە، هۆی ئەسڵی خەباتگێڕی و سەرهەڵێنانەوەی زەحمەتکێشانی ئێرانە. هەرچەند هەموو داخوازێکی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە زیندان و ئەشکەنجە و زۆر جاریش بە گوللە و ئێعدام وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام جووڵانەوەی یەک ساڵی دوایی نیشانی داوە کە قۆناخێکی نوێ لە خەباتی زەحمەتکێشاندا دەستی پێکردوە و جووڵانەوەی کرێکاریی ئێران خەریکە هەم لە ژێر تەئسیری ڕێکخراوە ئۆپۆرتنیست و ئاژاوەگێڕەکان و هەم لە ژێر نفووزی ئەنجوومەنە کۆنەپەرەستە بەناو ئیسلامیەکان خۆی ڕزگار دەکا و بێگومان ڕێگای شۆڕشگێڕانە و ئوسولیی خۆی دەبینێتەوە. ڕێژیمی کۆنەپەرەستی خومەینی تووشی بوحرانێکی چارەنەکراوی فەرهەنگی و زانستیش بووە. بیر و باوەڕی کۆنەپەرەستانەی ویلایەتی فەقیهـ فەرهەنگ و هونەر و زانست لە بناخەوە ڕەت دەکاتەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا بۆ ڕاگرتن و پاراستنی خۆی، ئەم ڕێژیمە پێویستیی بە دەسکەوتەکانی زانست و تەکنیک هەیە. ئەوەش یەکێک لە ناتەباییە بەرچاوەکانی ڕێژیمی جمهووری ئیسلامییە کە لە زانست بێزارە، بەڵام بێ کەڵک وەرگرتن لە زانست و تەکنیک نە دەتوانێ کۆمەڵ هەڵسووڕێنێ و نە لەشەڕدا خۆی ڕادەگرێ.

لابردنی پسپۆڕەکان و بە هیچ دانانی زانست و فەرهەنگی جیهانی، هەژارییەکی ئەوتۆی لەباری فیکرییەوە لە وڵاتی ئێمەدا پێک هێناوە کە قەرەبوکردنەوەی ساڵەها وەختی دەوێ. هونەر لە جمهووریی ئیسلامیدا مەحکوم کراوە، زۆر بەشی هونەری هەر قەدەغەیە و بەدژی ئیسلام لەقەڵەم دەدرێ. نەتەنیا فەرهەنگ بەگشتی تا نزمترین پلەی مومکین پایەی هاتۆتەخوارێ، بەڵکوو بێموباڵەغە دەتوانین بڵێین کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ نموونەی بێ

فەرهەنگییە و سیمبولی دژی فەرهەنگە. نە فەرهەنگ لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا جێگای هەیە و نە ویلایەتی فەقیهـ دەتوانێ لەگەڵ فەرهەنگ هاوژیانی هەبێ. شێوەی بەناو ئیسلامی پەروەردەکردنی منداڵان، واتە شوشتنی مێشکیان کە بریتیە لە تەحریفی مێژوو و ڕاستیەکانی زانست، یەکێک لە گەورەترین زیانەکانی ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامییە کە بۆ نەسلی داهاتووش شوێنەواری هەر دەمێنێتەوە. بەم چەشنە ڕێژیمی خومەینی وەک ڕێژیم تووشی بوحرانە. ئەم بوحرانە تیشکی هاویشتووەتە وەزعی نێونەتەوەیی و ڕێژیمی خومەینی لە نێو دەوڵەتاندا تا ڕادەیەکی زۆر بە تەنیا ماوەتەوە. بیروڕای گشتی جیهانی دەسەڵاتی ئاخوندی بە ڕێژیمێکی خوێنمژ و دیکتاتۆر لەنێو وڵات و بە تێرۆریستی نێونەتەوەیی دەناسێ. ئەم ڕێژیمە چووکترین ئابروو و ئیعتبارێکی لە لایەن گەلانی جیهانی نەماوە. تەنانەت لەنێو دەوڵاتانیشدا مونزەوی بووە و بەتاقی تەنیا ماوەتەوە. ئەگەر هێندێ لە دەوڵەتان پێوەندیی بازرگانیان لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندەکان دامەزراندوە، بە پێچەوانەی پروپاگەندەی درۆی کاربەدەستانی ڕێژیم کە دەیانەوێ ئەوە بە نیشانەی چوونەسەری ئیعتباری نێونەتەوەیی جمهووریی ئیسلامی دابنێن، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە بتوانن نەوتی هەرزانی لێبکڕن و شتومەک و چەک و تەقەمەنیی خۆیانی پێ بفرۆشن.

تەنانەت ئەم دەوڵەتانەش لە ترسی بیروڕای گشتیی وڵاتی خۆیان ناوێرن پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی ئاشکرا بکەن. هێندێ لە دەوڵەتان و دەوڵەتەکانی سۆسیالیستی و هێندێ لە ڕێکخراوەکان وەک حیزبە کۆمۆنیستەکانیش کە تا ساڵێک لەمەوبەر هیوایان بەوە بوو کە ڕێژیمی خومەینی نەخشێکی شۆڕشگێڕانە و دژی ئیمپریالیستی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی هەبێ، ئێستا بۆیان دەرکەوتوە کە ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرەست و دژی گەل و ئاژاوەگێڕ، بۆ ئاشتیی جیهانی جێگای مەترسییە، هەر بۆیەش بە کردەوە یاریدەری ئیمپریالیزمی جیهانییە. بەردەوام بوونی بوحرانی گشتیی ڕێژیم، سەرنەکەوتنی لە مەیدانی شەڕدا و عاجزبوونی لە خۆ ڕزگار کردن لە تەنگ و چەڵەمە پێکەوە لەگەڵ ناتەبابییە چارەنەکراوەکانی، بوون بەهۆی توندوتیژ بوونی ناکۆکییەکان لەنێو دەزگای دەسەڵاتداردا کە ڕۆژ نییە بە شێوەیەک خۆیان نەنوێنن. مەجلیسی خوبرەگان بۆ ئەوە پێکهات و ئەو هەموو هەرایەش لەسەری ساز بوو کە جێنشین بۆ خومەینی دابنێ. پاش چەندین دانیشتن دەرکەوت کە دووبەرەکی لەو مەجلیسەدا هێندە زۆرە کە ئیمکانی دانانی جێنشین نییە. مەجلیس قانوونی نێوەچڵی میللیکردنی بازرگانی دەرەوە و قانوونی ئیسلامیی ئەرزی پەسەند دەکا و، شۆڕای نیگاهبان بە دژی ئیسلامیان دادەنێ و ڕەتیان دەکاتەوە، سەرۆک کۆمار کاربەدەستێکی پایەبەرز دیاری دەکا، سەرۆکی مەجلیس لای دەبا، سەرۆک وەزیر بەرپرسی ڕادیۆ تەلەڤزیۆنی لادەبا، سەرۆک مەجلیس بە پشتیوانی خومەینی دەیهێنێتەوە، مەجلیس چەند وەزیری پێشنیارکراوی سەرۆک وەزیر ڕاست و ڕەوان ڕەت دەکاتەوە. دەتوانین بە سەدان نموونەی وەها بێنین. ناکۆکی لەنێو ئایەتوڵڵا گەورەکان، لەنێو مەجلیس و شۆڕای نیگاهبان، لەنێو مەجلیس و دەوڵەت، لەنێو ئەرتەش و سوپای پاسداران، لەنێو خودی ئەرتەش و لەنێو خودی سوپای پاسداراندا ڕۆژ بە ڕۆژ ئاشکراتر و توندتر دەبێ. وەزعێکی ئەوتۆ خوڵقاوە کە نەسیحەتەکانی خومەینیش تەئسیریان نەماوە و کەس نییە گوێی لە هاوار و هەڕەشەی وەلی فەقیهـ بێ، کە پەیتا پەیتا دووپاتی دەکاتەوە کە: ئەگەر یەک نەگرن نابوود دەبن و ئیسلام تەفرووتونا دەبێ،

کە مەبەستی ئەوەیە ڕێژیمی ئاخوندەکان لەبەین دەچێ.

بێسەرووبەرەیی، یەکێکی دیکە لە دیاردەکانی نێوخۆیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە. بە نموونە «مونتەزەری» تەنانەت بەپێی قانوونی ئەساسیی ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی هیچ مەسئوولیەتێکی ڕەسمیی نییە، بەڵام لە سەرۆک کۆمارەوە بگرە تا فەرماندەرانی ئەرتەش و سەرۆکی فلان ئیدارە دەچن بۆ لای و ڕاپۆرتی کارەکانیان دەدەنێ و ئامۆژگاریی لێ وەردگرن. بێگومان توندتر بوونی ناکۆکییەکانی لەنێو دەسەڵاتی حاکمدا بەنۆرەی خۆی تەئسیر دەکاتە سەر بوحرانی ڕێژیم و قووڵتری دەکا و دەبێتە هۆی بەردانەوەی ورەی لەشکریانی خومەینی لە مەیدانی شەڕدا. بە گشتی ئەم ناکۆکییانە عامیلێکن کە ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی نیزیکتر دەکەنەوە. لەسەر بەراوردی وەزعی ڕێژیمی خومەینی دەبێ لە دوو بۆچوونی چەوت خۆمان بپارێزین: بەشیک لە ئۆپۆزیسیون، بە تایبەتی لە دەرەوەی وڵات ڕێژیمی خومەینی لە حاڵی ڕووخاندا دەبینێ و پێیوایە کە بوحرانی ڕێژیم لە ماوەی نیزیکدا دەبێتە هۆی ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە. بەشێکی دیکە کە لە ڕووخاننی ڕێژیم نائۆمید بوون، هاتوونە سەر ئەم باوەڕە کە ڕێژیم چوونکە تا ئێستا نەڕووخاوە بەم زووانەش ناڕووخێ. ئێمە لەو بڕوایەداین کە ڕێژیمی خومەینی نەیتوانیوە و ناتوانێ کە گیروگرفتەکانی وڵات چارەسەر بکا خۆی لە بوحران ڕزگار بکا، هەر بۆیە ڕووخانی حەتمییە، بەڵام لەو بڕوایەش داین کە ڕێژیمێکی سەرەڕۆ هەرچەندیش کز بێ هەرچەندیش کۆمەڵانی خەڵک لێی نارازی بن، ئەگەر هێزێکی شۆڕشگێڕی ئەوتۆ لە مەیداندا نەبێ کە بتوانێ بەزۆر بیرووخێنێ؛ لەخۆڕا ناڕووخێ. بۆیە ئێمە دەڵێین: ڕێژیمی خومەینی بەرەو ڕووخان دەڕوا، بەڵام دەبێ تێبکۆشین ئەو هێزە بەدەسەڵاتە ساز بکەین کە بتوانێ زەربەی دوایی بوەشێنێ.

لە لێکدانەوەی وەزعی دواڕۆژی ئێراندا نابێ نەمانی خومەینی لەسەر کار لە بەرچاو نەگرین. ئەم نەمانە هەم مانای ئەوەیە کە خومەینی بمرێ و هەم ئەوەیە کە لەبەر پیری نەتوانێ کارەکان هەڵسووڕێنێ و لابچێ. بۆ خۆپاراستن لە هەر چەشنە خەیاڵبافییەک دەبێ بڵێین کە دەست لەسەر دەست دانان و چاوەڕوانی مەرگی خومەینی بوون کاری شۆڕشگێڕانە نییە، بەلام نابێ ئەو ڕاستییەش لەبیر بکەین کە زۆر جار دەوامی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە وجوودی دیکتاتۆرەوە بەستراوە. بێموباڵغە دەتوانین ڕابگەیەنین کە مانەوەی ڕێژیمی شاهەنشاهی ئەوەندە بە وجوودی حەمەڕەزاشاوە نەبسترابۆوە کە بوون و نەبوونی جمهووریی ئیسلامی بە وجوودی شەخسی خومەینییەوە بەستراوەتەوە. مەرگی خومەینی دەبێتە هۆی هەڵوەشانی موعادلەکان و تێکچوونی پارسەنگی هێزەکان و یەکپارچەیی نێو ڕێژیم و توندوتیژ بوونی ناکۆکییەکانی نێوخۆ؛ هەر بۆیەش ڕەنگە پاش مەرگی خومەینی، ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی دەسبەجێ نەڕووخێ، بەڵام بێگومان هەلومەرجی ڕووخانی باشتر ئامادە دەبن. هەر بۆیە شۆڕای نیشتمانیی بەرگری وەک تەنیا ئاڵترناتیڤی دێموکراتی دەبێ خۆی بۆ بەرەنگاربوون لەگەڵ ئاکامەکانی مەرگی ئێحتمالیی خومەینی ئامادە بکا. لەنێو موخالیفینی ڕێژیمی خومەینیدا لەسەر بەدیل یا ئاڵترناتیڤ تا ئێستا زۆر قسە کراوە و دەکرێ. نەزەری حیزبی ئێمە لەم بارەوە ڕوونە. ئێمە شۆڕای نیشتمانیی بەرگری بە تەنیا ئاڵترناتیڤی دێموکراتی دەزانین. ئەم شۆڕایە هەم لە باری تەرکیبی هێزەکانی و هەم لە باری بەرنامەی تەنیا پێکهاتەیەکە کە توانای کردەوەی شۆڕشگێڕانەی هەیە. بوونی حیزبی دێموکرات و سازمانی موجاهیدینی

خەڵق لە شۆڕادا و هەروەها چەند ڕێکخراو و شەخسیەتی بەناوبانگی ئازادیخواز، زامنی ڕێبازی دێموکراتی شۆڕای نیشتمانیی بەرگرین.

بەڕاستیش ئێمە بێجگە لەم شۆڕایە هیچ بەدیلێکی دێموکراتی شک نابەین. ئاڵترناتیڤی شاپەرەستان کە ئێستا ناوی مەشروتەخوازانیان لەسەر خۆیان داناوە لەلایەن مێژوو و شۆڕشی خوێناویی گەلانی ئێرانەوە ڕەت کراوەتەوە. ڕێژیم شاهەنشاهی یەکجار بۆ هەمیشە بەهۆی شۆڕشی پێنج ساڵی لەمەوبەری خەڵکی ئێران نێژراوە و چەرخی مێژووش بۆ پاشەوە  ناگەڕێتەوە تا پاشایەتی زیندووە بکاتەوە. حیزبی ئێمە پاشایەتی وەک ئانتی تێزی دێموکراتی ڕەت دەکاتەوە، چونکە پاشایەتی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی نەفی هەموو ئازادییە دێموکراتیەکانە. گەلانی ئێران بەوەندەش بەفریو ناچن کە شاپەرەستان و کوڕی حەمەڕەزاشا دەهۆڵی دێموکراسی و سەڵتەنەتی مەشرووتە لێدەدەن و، ئێران لەگەڵ سوئێد و ئیسپانیا و ئینگلیس لە یەک ڕێز دادەنێن. تاقیکردنەوەی مێژوویی نیشانی داوە کە شا لە ئێراندا ئاخرەکەی هەر دەبێتە دیکتاتۆر. هێندێکیان دەڵێن پاش ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی ڕێفراندۆم دەکەین بزانین خەڵکی ئێران پاشایەتییان دەوێ یان جمهووری. ئێمە دەڵێین شۆڕشی ئێران بە دەیان هەزار شەهیدەوە گەورەترین ڕێفراندۆمی مێژوو بووە و لەم ڕێفارندۆمەشدا میلیۆنها ئێرانی بە قاتیعیەتەوە دەنگیان داوە و پاشایەتییان مەحکوم کردوە. دیسان هەر تاقیکردنەوەی نیشانی داوە کە پاشایەتی یانی سەر بە ئیمپریالیزم بوون. شا کە بنکەی کۆمەڵایەتی لەنێو وڵاتدا نییە و دەبێتەوە دیکتاتۆر و، بۆ پاراستنی پاشایەتی ناچارە خۆی بە ئیمپریالیزمەوە ببەسێتەوە. بەم جۆرە زیندووکردنەوەی پاشایەتی یانی لەدەستدانی سەربەخۆیی ئێران.

بێجگە لەوە ساڵەهای ساڵە گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ خودموختاری خەبات دەکا کە مانای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزییە. بە پێچەوانە زیندووکردنەوەی پاشایەتی کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتی وڵات لە چنگی دەوڵەتی مەرکەزی‌دایە کە سیمبۆلەکەی خودی شایە. کەوابوو جارێکی دیکە بە ڕەسمی لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبەوە ڕادەگەیەنین کە پاشایەتی وەک دیکتاتۆری، وەک سەر بە ئیمپریالیزم بوون و، وەک دژ بوون لەگەڵ مافی خودموختاری هەرگیز قەبووڵ ناکەین و بە هەموو هێزمانەوە پێشی پێ‌دەگرین و ڕێگا نادەین بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ شکڵێکدا زیندوو بێتەوە. بە ڕەت کردنەوەی ئاڵترناتیڤی شاپەرەستان نامانەوێ بڵێین کە هەموو بەدیلێکی ئامریکایی هەر لەسەر شاپەرەستان ساخ بۆتەوە. زۆر نیشانە بە دەستەوەیە کە ئامریکا هەوڵ دەدا هەموو هێزەکانی سەر بە ڕۆژئاوا بە شێوەیەک یا لە چوارچێوەیەکدا کە خۆی دیاری دەکا کۆ بکاتەوە. ڕاستی ئەوەیە کە ئەگەر ئیمپریالیزمی ئامریکا بەپەلە لە جێنشین بۆ ڕێژیمی خومەینی دەگەڕێ، دوو هۆی ئەساسیی هەیە: یەکەم ئەوەیە هەرچەند سیاسەتی دژی کۆمۆنیستی ڕێژیم بە دڵی ئامریکایە و لێدانی حیزبی توودەش بە ئیمتیازێک دەزانێ کە ڕێژیمی خومەینی دەیداتێ و هەروەها لەم دواییانەدا ڕێژیمی خومەینی زۆر هەنگاوی دۆستانەی بەرەو ئامریکا هەڵێناوەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی پروپاگەندەی هێندێ لە ڕاگەیەنە کۆمەڵییەکانی ڕۆژئاوا، کاربەدەستانی ئامریکا باش دەزانن کە ڕێژیمی خومەینی سەقامگیر نەبووە و، بناخەی لەرزۆکە و بە شکان لە شەڕ لەگەڵ عێراق یا پاش مردنی خومەینی مومکینە نەتوانێ خۆی ڕاگرێ و برووخێ و ڕەنگە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێراندا هێزێکی ڕادیکاڵ یا لەوەش زیاتر دژی ئیمپریالیست وەک شۆڕای

نیشتمانیی بەرگری بێتە سەر کار. ئامریکا بۆ ئەوە غافڵگیر نەبێ، لە ئێستاوە لە فیکری ئاڵترناتیڤ دایە. دووهەم سیاسەتی ئاژاوەگێڕیی خومەینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە لوبنان و خەلیجی فارس ئامریکای تێگەیاندوە کە ئەگەر پێش بە سادرکردنی شۆڕش لە لایەن جمهووریی ئیسلامییەوە نەگیرێ مەترسییەکی گەورە بۆ زۆر وڵاتی ئیسلامی و بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی خەلیج کە نەوت سادر دەکەن و لە ئامریکا نزیکن پەیدا دەبێ و، قازانجی ڕاستەوخۆی ئامریکا و هێندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکەوێتە خەتەرەوە. هەر بۆیە لەم دواییانەدا ئامریکا خەریکە دەست لە پشتیوانی ڕێژیمی خومەینی هەڵگرێ و لە شەڕی ئێران و عێراقدا تەنانەت بێلایەنیش نەبێ خۆی لە عێراق نیزیک بکاتەوە. بەڵام ئاڵترناتیڤێکی ئەوتۆ بە هاسانی بۆ ئامریکا ساز نابێ. تاقە هێزێک بەتەنیایی لە ئێراندا وجوودی نییە کە ببێ بە وەسیلەی جێبەجێکردنی نەخشەی ئامریکا. نە ئەرتەش بەتەنیا توانای ئەو کارەی هەیە نە هیچ هێزێک و ڕێکخراوێکی سیاسی دیکە بۆ ئەم مەبەستە بەدی دەکرێ. لەبەر ئەوە ئامریکا خەریکە هەموو هێز و دەستە و شەخسیەتەکانی لایەنگری خۆی لە دەرەوەی وڵات و لەنێو وڵات و تەنانەت لەنێو دەزگای حاکمیشدا بخاتە سەریەک بەو هیوایە کە ئاڵترناڤێکی لێ دەربێنێ. بۆیە نابێ مەترسیی ئەم ئاڵترناتیڤە بە کەم بگرین. کۆسپی هەرە گەورەی نێو وڵات بەرانبەر بە ئاڵترناتیڤی سەر بە ئامریکا شورای نیشتمانیی بەرگرییە. ئەمریکا زۆری هەوڵ دا کە بەدەست ڕێژیمی خومەینی هێزە سەرەکییەکانی شورا، (حیزبی دێموکرات و سازمانی موجاهیدینی خەلق) سەرکوت بکا، بەڵام سەرنەکەوت. ئێستاش هەر گەورەترین هێزی سیاسی نیزامیی نێو ئێران هێزەکانی ئەم دوو ڕێکخراوەن. ئەرکی سەرشانی حیزبی ئێمە و هەموو ئەندامانی شۆرا دژایەتی لەگەڵ ئاڵترناتیڤی ئامریکایی و سەپاندنی ئاڵترناتیڤی شۆڕای نیشتمانیی بەرگری بە سەر ئامریکا و دانانی ئامریکا بەرامبەر بە ئەمری ئەنجام دراوە.

حیزبی دێموکرات زۆر جار ڕاگەیاندوە و جارێکی دیکەش دووپات دەکاتەوە کە ڕێژیمی خومەینی دەبێ ڕێژیمێک دێموکراتی بێ کە لەسەر بناغەی پلۆرالیسم دامەزرابێ و ڕێز بۆ ئازادییە دێموکراتییەکان دابنێ. هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک هەر ناو و نیوەڕۆکێکی هەبێ، وڵات بۆ لای شەڕی نێوخۆ دەبا، شەڕێک کە ڕەنگە ئاکامی زۆر پێشبینی نەکراوی هەبێ، ئێران پاش مەرگی خومەینی دەبێ سیاسەتێکی دەرەوەی سەربەخۆی هەبێ کە بریتییە لە سیاسەتی خۆ نەبەستنەوە، پاراستنی سەربەخۆیی و ڕێزدانان بۆ یەکتر و دەستتێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتەکانی دیکە.

سیاسەتی بێلایەنی یانی پێکهاتنی تەوازونێک کە زامنی سەربەخۆیی ئێران بێ و ڕێگا بە هیچ وڵاتێک نەدا کە لە کاروباری نێوخۆیی نیشتمانی ئێمەدا دەخالەت بکا. سیاسەتی بێلایەنی یانی سیاسەتی دۆستایەتی و پێوەندیی باشی دراوسێیەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤییەت و لەبەرچاو گرتنی واقیعبینانەی گرنگیی نەوت بۆ وڵاتەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئامریکا و ژاپۆن و چەند وڵاتی ئورووپای ڕۆژئاوا کە ئەگەر نەوتی ناوچەی خەلیجیان پێ نەگا ئابوورییان فەلەج دەبێ و دەشێوێ. نابێ لەبیربچێ کە پێشگیری لە ڕۆیشتنی نەوتی خەلیج بۆ دەرەوە تەنیا بە زیانی شیرکەتە نەوتییە چەند نەتەوەییەکان نییە، لەبارێکیشەوە مومکینە بە قازانجیشیان بێ، چونکە دەتوانن لە جێگایەکی دیکە نرخی نەوت بەرنەسەرێ، بەڵکوو ئەم

کارە هەڵسووڕانی ئابووریی جیهان وە مەترسی دەخا، کە وێدەچێ ببێتە هۆی «عکس‌العمل»ی توندی ئامریکا. ڕاگرتنی تەوازون یانی نەدانی هیچ ئیمتیازێک بە هیچ لایەکی کە بە زیانی ئێران بێ. لەبەرچاوگرتنی وەزعی واقیعی لە ناوچەی خەلیج یانی ڕاگەیاندنی ئەم ڕاستییە کە پاش خومەینی، ئاڵترناتیڤی دێموکراتی کۆتایی بە هەڕەشە و ئاژاوەگێڕیی خومەینی دێنێ و کۆسپ ناخاتە سەر ڕێگای هاتوچۆی کەشتییە نەوتییەکان لە تەنگەی «هرمز»دا.

**٣ـ تێکۆشانی حیزب لە کۆنگرەی پێنجەمەوە هەتا ئێستا**

کوردستانی ئێران لە دوو ساڵی ڕابردوودا مەیدانی توندترین خەباتی سیاسی و شەڕ بووە. پاش کۆنگرەی پێنجەمی حیزب هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان هەر بەردەوام بوو، بەڵام لەم ماوەیەدا هێرشی هەرە گەورە لە پاییزی ساڵی ١٣٦١دا بە مەبەستی گرتنی ڕێگای پیرانشار_سەردەشت دەستی پێکرد. سەرەڕای بەرهەڵستی قارەمانانەی پێشمەرگەکان، ڕێژیمی خومەینی کە هێزێکی زۆری بۆ ئەم هێرشە ئامادە کردبوو، تا سەرەتای زستانی ١٣٦١ توانی ئەم ڕێگایە بگرێتەوە. لە بەهارەوە تا پاییزی ساڵی ١٣٦٢ش ڕێژیم ڕێگاکانی مەهاباد_سەردەشت و چەند ڕێگای فەرعیی دیکەشی داگیر کرد. لەو کاتەشەوە هێرشی ڕێژیم بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان، بە تایبەتی ئەو ڕێگایانەی بنکەی پێشمەرگە و بنکەی ڕێکخراوی لێ جێگیر بوون هەر بەردەوامە. ئێستا شەڕ لە سەرانسەری کوردستان هەر درێژەی هەیە. ڕێژیم بە ئامانجی خەیاڵیی خۆی کە پاکسازی کوردستان لە حیزب و هێزی پێشمەرگە بوو نەگەیشت. بەڵام گرتنەوەی ڕێگاکان و هێندێ ناوچەی ئازادکراو لە لایەن لەشکەری خومەینییەوە وەزعێکی تازەی لە کوردستاندا پێکهێناوە کە تێکۆشانی حیزبی ئێمە دەبێ بە لەبەر چاوگرتنی ئەم وەزعە لێک بدرێتەوە. باری تایبەتیی وەزعی تازە ئەوەیە کە سێ چەشنە ناوچە پێک هاتوە: یەکەم، ئەو ناوچانەی کە هێشتا بەتەواوی ئازادن، دووهەم، ئەم ناوچانەی کە دوژمن تێیدا بنکەی هەیە، بەڵام پێشمەرگەیش تێیدا هاتووچوو ئەکا. سێهەم، ئەو ناوچانەی کە دوژمن بەسەریاندا زاڵە کە زیاتر شارەکان و دەوروبەری بنکەکان دەگەڕێتەوە. ڕێگا ئەسڵییەکانی بە ڕۆژ لە دەستی دوژمندان و هەر چەند بە شەو زۆربەی ئەم ڕێگایانە لەژێر چاوەدێری پێشمەرگەکان‌دایە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ترومبیل سواری نەماوە وەک جاران و پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی بە پێیان هاتوچۆ دەکەن بۆ چوون لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر و زۆر جار دەبێ لە چەندین کەمین دەرباز بن. هەم لەشکەری خومەینی ئیمکانی هەیە هێرش بەرێتە سەر گوندەکانی ئازادکراو و هەم پێشمەرگە ئیمکانی هەیە بچێتە نێوشار و عەمەلیاتی نیزامی بکا. هەرچەند لە زۆر ناوچە هەر پێشمەرگە لەنێو گوندەکاندا بنکەی دائیمیی هەیە، بەڵام لە هێندێ ناوچەش پێشمەرگە گەڕۆکن و بنکەی دیاریکراویان نییە و بە شێوەیەکی تەواوی پارتیزانی دەجووڵێنەوە.

وەزعی سیاسی کوردستانیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە. سەرەڕای ئەوە کە لەشکەری خومەینی سەرکەوتنی نیزامیی وەدەست هێناوە، لەباری سیاسییەوە دەسکەوتی نەبووە. زۆربەی نیزیک بە تەواوی خەڵک دژی خومەینی و ڕێژیمەکەیەن. لە چەند ماڵبەندێکی تایبەتی نەبێ جاش تەنیا تاک و تووک ماوە. ورەی کۆمەڵانی خەڵک لەسەر یەک زۆر باشە و هەر پشتیوانی حیزبی دێموکراتن و بۆ خەبات بۆ داخوازی ئەساسیی خۆیان، خودموختاری ئامادەن. وەزعی

سیاسی شارەکان جێگای هیوایە. دژایەتیی خەڵکی شارەکان لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی هەر بەردەوامە و ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبێ. مانگرتنی هاوینی ئەمساڵ ئەو ڕاستییەی بەجوانی دەرخست. ڕێژیم زۆر تاکتیکی جۆراوجۆری بەکار هێنا و زۆر فروفێڵی نواند، بەڵام نەیتوانی خەڵکی شارەکانی کوردستان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بەکورتی ڕێژیم لەباری سیاسییەوە لە کوردستان بەتەواوی مونزەوییە و لەم دوو ساڵەدا نەک هەر دەسکەوتی بەرچاوی نەبوو، بەڵکوو یەک بە دوای یەکدا نەخشەکانی تووشی شکست بوون. لەباری تێکۆشانی هێزە سیاسیەکانیشەوە کوردستان وەزعی ڕوونتر بووەتەوە. تەنیا حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی تێکۆشانیان هەیە. ڕێکخراو و گرووهەکانی دیکەش چونکە کوردستان سەنگەری ئازادیی ئێرانە، ناوەندی خۆیان هێناوەتە کوردستان، بۆ ئەوە لەوێڕا بتوانن لە بەشەکانی دیکەی ئێران خەباتی خۆیان پەرە پێبدەن.

**ئەلف) تێکۆشانی تەشکیلاتی**

دوو ساڵ لەمەوبەر لە کۆنگرەی پێنجەمدا کەموکوڕییەکانی تێکۆشانی تەشکیلاتیمان بەو شێوەیە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا هاتبوون: یەکەم، جێگیر نەبوونی بە تەواویی سانتریالیزمی دێموکراتیک. دووهەم، کەمبوونی کادری حیزبی. سێهەم، تێکەڵکردنی شێوەی کاری حیزبی لەگەڵ شێوەی کاری نیزامی، یان کاری ئیداری. چوارەم، نەبوونی بڵاوکراوەیەکی تیئۆریکی داخلی. با بزانین لە ماوەی بەینی دوو کۆنگرەدا تا چ ڕادەیەک توانیومانە ئەم کەموکوڕییانە لابەرین؟ پاش کۆنگرەی پێنجەم لە زۆر جێگا کاری کۆمەڵایەتی زۆر لە ڕێکخراوەکانی ئێمەی بەخۆیەوە مەشغوڵ کردبوو. لە عەمەلدا کاری تەشکیلاتی لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتی تێکەڵ ببوو و زۆر کەس لە کادرەکان ئەم دوو چەشنە کارەیان لێک نەدەکردەوە. بەڕاستیش هێندێ جار کە لە ناوچەیەک لەبەر هێرشی دوژمن کاری کۆمەڵایەتی ناچار دەوەستا، کادرە حیزبیەکان دەستیان لەسەر دەست دادەنا و نەیاندەزانی چبکەن، چونکە پێشتر کاری تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی، واتە کاری نێو حیزب و کاری نێو کۆمەڵانی خەڵک لێک جیا نەکرابوونەوە. بەم جۆرە بۆ پێشخستنی تێکۆشانی تەشکیلاتی، دیاریکردنی شکڵ و نیوەڕۆکی کاری تەشکیلاتی پێویست بوو. بۆ ئەوەی لە ماوەی بەینی دوو کۆنگرەدا دوو کاری ئەساسی کراوە: یەکەم، کۆکردنەوەی ئاگاداری لەسەر وەزعی تەشکیلاتی. پێویست بوو بەوردی بزانین چەند کومیتە و چەند کادر و چەند ئەنداممان هەیە تا بتوانین بەپێی ئەو دەزگا تەشکیلاتییە کە هەمانە بەرنامەی کار دابنێن. دووهەم، یەکرەنگ کردنی ڕێوشوێنی تەشکیلاتی بۆ ئەوە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە یەک شێوە کاری تەشکیلاتی بکرێ و ڕێکخراوێکی یەکپارچە پێکبێ. بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی کاری تەشکیلاتی هەڵبژاردنی شکڵی هەرەباش سێ ڕێگا هەڵبژێراوە: یەکەم، بڵاوکردنەوەوی تێکۆشەر و بە تایبەتی نامیلکەی ڕێنوێنیی تەشکیلاتی. دووهەم، ناردنی نوێنەر بۆ هەموو کۆمیتە شارستانەکان. سێهەم، دانانی کلاسی ئامووزشی بۆ کادرەکان.

لەبارەی یەک شکڵ کردنی کاری تەشکیلاتییەوە هێندێ سەرکەوتن بەدەست هاتوە، بەڵام دیسان کەموکوڕییەکی زۆر بەرچاو دەکەوێ. زۆر لە بەرپرسانی حیزبی بە تایبەت بەرپرسانی کومیتە شارستانەکان کە ئەندامی کومیتەی ناوەندین و دیارە ئەوانن کە بڕیار دەدەن، زۆر

جار بەپێی مەیل و ئیبتکاری شەخسی کار دەکەن و لە شێوەی پەسەندکراوی تەشکیلاتی پەیڕەوی ناکەن. لە ئاکامدا هێندێ جار ناتەبایی لەنێو بڕیارەکانی ئەوان و شێوەی کاری پێشنیارکراو لەلایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتەوە پێکدێ و دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانی تەشکیلاتی. بۆیە لەباری نێوەڕۆکی کاری تەشکیلاتییەوە، سەرکەوتنمان کەمتر بووە. ئەرکی هەرە ئەساسیی تەشکیلاتی حیزب، بردنی سیاسەت و بڕیارەکانی بەڕێوەبەریی حیزب لە ڕێگای ڕێکخراوەوە بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و هێنانەوەی نەزەری ئەندامان و خەڵک بۆ بەڕێوەرییە. بۆ ئەم مەبەستە، دەبێ ئەندامانی حیزب سازماندەیی کرابن، پێوەندییەکانی تەشکیلاتی لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕوون بن، شانەبەندی هەبێ. قانوونێک کە بەپێی ئەو تەشکیلاتی ئێمە هەڵدەسووڕێ، پەیڕەوی نێوخۆی حیزبە. لە پەیڕەوی نێوخۆدا، یەکێک لە ئەساسیترین ئوسوول کە تەئکیدی لەسەر کراوە، سانترالیزمی دێموکراتیکە. بەداخەوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا نەمانتوانیوە ئەم ئەسڵە بەتەواوی لە نێو حیزبدا جێگیر بکەین. لە لایەکەوە بێ دیسیپلینی و بێئینزباتی و، لە لایەکی دیکەشەوە شێوە بۆچوونی تەحەکووم و دیکتاتۆری، زەربەیەکی زۆریان لە حیزبی ئێمە داوە. هێندێ کەس لە بەرپرسانی حیزبی لەو بڕوایەدان کە وەزعی نالەباری تەشکیلاتی، لە زۆر جێگا ئاکامی بوونی دێموکراسییە. ئەوە بۆچوونێکی چەوتە. دیارە ئێمە دێموکراتین و لە قووڵایی دڵمانەوە ئیمانمان بە دێموکراسی هەیە. ئەو دێموکراسییە کە ئێستا لەنێو حیزبی ئێمە و لە کوردستانی ئێراندا هەیە، شانازی پێوە دەکەین. بەڵام لە لایەکی دیکەوە نابێ لەبیر بکەین کە کادرەکان و ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستانمان ئەگەر فێری دێموکراسی کردوە، نەمانتوانیوە فێری قاعیدە و قانوونی دێموکراسییان بکەین. بۆیە زۆر جار دێموکراسی لەگەڵ بێدیسیپلینی تێکەڵاو دەبێ. لە کاتێکدا دێموکراسیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە دیسیپلینێکی ئاگا و تەواوی هەبێ و لە هەر چەشنە بێنەزمییەک خۆی بپارێزێ. تا کاتی بڕیاردان دەبێ دێموکراتییەکی تەواو فەرمانڕەوا بێ، بڕیاردانیش دەبێ پاش لێکدانەوە بە کۆمەڵ بێ. فەردی نەبێ یان ئەگەر ئیمکانی پێکهێنانی کۆبوونەوە نەبووبێ، هەر نەبێ مەشوەرەتی لەسەر کرابێ. بەڵام پاش ئەوە کە بڕیار درا، جێبەجێکردنی بڕیارەکان بۆ هەموو کەس واجبە. پاش بڕیاردان دیسیپلین دەبێتە ئەساس، یانی بە شێوەیەکی دێموکراتی بڕیار دەدەین و بەبێ ئەملا و ئەولا، بڕیارەکان بەجێ دەگەیەنین. حیزبی شۆڕشگێڕ بەبێ دێمۆکراسی ناتوانێ ببێ بە حیزبی کۆمەڵانی خەڵک و بەبێ دیسیپلینیش، توانای تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە لەدەست دەدا. ئەوە کە گوترا پێوەندیی بە کارکردن لە نێوخۆی یەک ئۆرگانی حیزبیدا هەیە، بەڵام ڕوونە کە بەجێگەیاندنی دەستووری ئۆرگانەکانی سەرەوە بۆ ئۆرگانەکانی خوارەوە ئیجبارییە. لێرەدا ئیدی جێبەجێ نەکردنی دەستوور، بێدیسیپلینییە و، دژە پەیڕەوی نێوخۆ و ئەسڵی سانترالیزمی دێموکراتیکە.

کەمبوونی کادر لە هەلومەرجی ئێستادا بە شێوەی کۆنگرەی پێنجەم بەرچاو نییە. ئێستا بەپێی ئامار، نیزیک بە هەزار کادری حیزبی بێجگە لە هێزی پێشمەرگەمان هەیە. هەزار کادر ژمارەیەکی کەم نییە. ئەوەی ئێستا کە بۆ حیزبی ئێمە دەگۆڕێدایە کەیفییەت و چۆنیەتی کادرەکانە. ئێمە لە حیزبدا کادرەکانمان بە چەندین دەرەجە دابەش کردوە، بەڵام ئەم دابەشکردنە بەتەواوی جێی خۆی نەگرتووە. هێندێ جار ڕەنگە کادر لێوەشاوەیی سیاسیی

زۆر نەبێ، بەڵام چونکە پسپۆڕیی لە بەشێکی تایبەتیدا هەیە، دەرەجەی بەرزتری حیزبیشی دراوەتێ. ئێمە هەوڵ دەدەین هێندێ مێعیار بۆ کادری دەرەجە یەک، واتە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کومیتە شارستانەکان دیاری بکەین. بۆ ئەوە هەم لە کۆنگرەی شەشەمدا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و هەم لە دواڕۆژدا بۆ دیاریکردنی مەسئولییەت بۆ کادرەکان بەرچاوبن:

١_ هەم لەباری بیروباوەڕ و هەم لەباری کردەوە و ئاکارەوە دێموکرات بێ و سیمای دێموکراتی هەبێ، ٢_ لە سیاسەت و تێکۆشانی حیزبیدا شارەزا بێ و ئامادە بێ ڕادەی تێگەیشتن و زانینی سیاسی و نەزەریی خۆی بەرێتە سەرێ، ٣_ مودیرییەتی هەبێ، هەم «مردم»دار بێ و هەم قاتیعیەتی هەبێ و هەم لە کاتی پێویستدا بتوانێ سەربەخۆ بڕیار بدا، ٤_ هەم لەباری سیاسی و هەم لەباری شەخسییەوە ئازا و نەترس بێ، ٥_ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزبی ئامادەی هەموو چەشنە فیداکارییەک بێ و هەر ئەرکێک لە لایەن حیزبەوە پێی بسپێردرێ، جێبەجێ بکا، ٦_ ڕابردووی حیزبیی پاکی هەبێ، نوقتە زەعفی گەورەی نیشان نەدابێ، ٧_ لەسەرەخۆ بێ، زوو تێکنەچێ و تووڕە نەبێ و لەتەنگانەدا خۆی نەدۆڕێنێ، ٨_ هەست بە مەسئولیەت بکا، هەڵسووڕ و چالاک بێ، تەکڕەوی نەکا، گیانی هاوکاریی هەبێ و حەز لە بەڕێوەریی جەمعی بکا، ٩_ بۆ حیزب و دارایی حیزب دڵسۆز بێ، ١٠_ خۆشناو بێ، نوقتەزەعفی ئەخلاقی نەبێ کە بە ئیعتباری حیزب زیان بگەیەنێ. ئەگەر بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی کادر، لەباتی پێوەندیی خزمایەتی و دۆستایەتی، مێعیارەکانی سەرەوە بخەینە بەرچاو، ئەوکاتە لە مەسەلەی باشترکردنی چۆنیەتیی کادردا، هەنگاوێکی زۆر گەورە بەرەو پێش چووین. ڕەنگە بگوترێ هەموو ئەو خاسیەتانە بەتەواوی، بەزەحمەت لە وجوودی یەک نەفەردا کۆ دەبێتەوە. ئێمە نەزەرمان ئەوەیە کە خۆی دانانی مێعیار، شێوەی هەڵبژاردنی کادر باشتر دەکا، بەڵام ئەگەر یەک دوو خاسییەتیش بەتەواوی بەدی نەکرێن، تەئسیرێکی ئەوتۆیان نابێ. بەڵام بێ ئەوە نرخی خاسییەتەکانی دیکە ببەینە خوارێ، دوو خاسییەت هەن کە لە هەلومەرجی ئێستادا پتر لە هەموان پێی لەسەر دەچەقێنین: یەکەم، بەبیروباوەڕ و کردەوە دێموکرات و خاوەنی سیمای دێموکراتبوون و؛ دووهەم، ئامادەبوون بۆ فیداکاری لە ڕێگای ئامانجەکانی حیزب و جێبەجێکردنی هەر ئەرکێک کە پێی دەسپێردرێ. ئەگەر دێموکراتی ڕاستەقینە بێ و ئامادەیی هەبێ و بیهەوێ، دەتوانێ زۆربەی خاسییەتەکانی دیکەش لەخۆیدا پەروەردە بکا. ئێمە پاش لێکدانەوە هاتوینە سەر ئەوە بڕوایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا پەروەردەکردنی کادر، ئاڵقەی ئەسڵیی کاری تەشکیلاتیمانە و ئەگەر بتوانین، بەڕاستی هەزار کادری ئەوتۆ بۆ حیزبەکەمان پەروەردە بکەین کە خاوەنی مێعیارەکانی سەرەوە بن، بێگومان لە کاری تەشکیلاتیماندا زۆر سەرکەوتوو دەبین. بۆ پەروەردەکردنی کادر، هەم دەبێ کلاسی دایمی و ڕێکوپێکمان هەبێ و هەم چاپەمەنیی تیئۆرێکمان هەبێ کە بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕێنوێنی کادرەکانی حیزبی بکا. دەبێ ئیعتراف بکەین کە لە دووساڵی ڕابردوودا، هەم لەباری بەڕێوەبردنی کەلاسی کادر و هەم لەباری بڵاوکردنەوەی ئۆرگانی تیئۆرێکەوە زۆر کز بووین و ئەوەی کە کردوومانە، بە هیچ جۆرێک وەڵامدەری هەلومەرجی ئێستا خەباتی حیزبەکەمان نەبووە. چونکە ئێستا سێ چەشنە ناوچەمان هەیە: ئازادکراو، نیوەئازاد، ژێردەستی ڕێژیم. پێویستە بەرنامەیەکی ورد بۆ تێکۆشانی تەشکیلاتی لەهەر کام لەم سێ چەشنە ناوچە دابنێین.

لەم بارەشەوە هێندێ کاری موسبەت کراوە، بەڵام بەرنامەیەک کە دانراوە، بەتەواوی جێگیر نەبووە و بە تایبەتی نەمانتوانیوە بەو شێوەیە کە وەزعی جووڵانەوە پێویستیەتی، ئەرکی تەشکیلاتیی خۆمان لە ناوچە ژێردەستەکان بەجێ بگەیەنین. لە ئێستاوە دەرکەوتوە کە لە ناوچە ژێردەستەکان و نیوەئازادەکاندا تەشکیلاتی حیزبی ئێمە دەبێ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە تێکەڵاو بێ و لەگەڵ پێشمەرگە لە هاتوچۆدا بێ. لەم ناوچانەدا هەر کادرێکی حیزبی لەمەودوا هەم مەسئولی سیاسییەوە و هەم پێشمەرگە. ڕوونکردنەوەی بەتەواوی کاری تەشکیلاتی و دانانی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم کارە، دەوڵەمەندترکردنی نێوەرۆکی تێکۆشانی تەشکیلاتی بە بردنەسەری چۆنیەتیی ئەم تێکۆشانە و چۆنیەتیی کادرەکان، بڵاوکردنەوەی بە ڕێکوپێکیی ئۆرگانێکی تیئۆرێک و دانانی کلاسی ئاموزشی بۆ پەروەردەکردنی کادرەکان، ئەرکە هەر ئەساسییەکانی دواڕۆژی تێکۆشانی تەشکیلاتیمانن.

یەکێک لە گیروگرفتە گرینگەکانی کۆمەڵی کوردەواری، کەمتر بەشدارکردنی ژنان کە نیوەی دانیشتووانی کوردستانن لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ژنان ئازایانە لە خەباتی دواڕۆژی گەلەکەماندا بەشدارن. لەم ڕێگایەدا زۆر فیداکارییان کردوە و لەخۆبوردوویيان نیشان داوە و یار و یاریدەری ئەندامانی حیزب و بەتایبەتی پێشمەرگەکانمان بوون. سەرەڕای ئەوە کە بەپێی بەرنامەی حیزب، ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە و زۆرجاریش ڕامانگەیاندوە کە ڕادەی پێشکەوتنی هەموو جووڵانەوەیەک بەستراوەتەوە بە ڕادەی بەشداریی ژنان لەم جووڵانەوەیەدا، بەڵام دەبێ ئیعتراف بکەین کە نەمانتوانیوە بە شێوەیەک کە پێویستە ژنان بۆ لای تێکۆشانی حیزبی ڕابکێشین. هۆی ئەم کەموکورییە لە پێشدا پاشکەوتوویی کۆمەڵ بە گشتی و، لە پاشان تەعەسوبی بێجێی هێندێ لە ئەندامان و بەرپرسانی حیزبی سەبارەت بە تێکۆشانی ژنان لەنێو حیزبدا و؛ هەروەها ئامادەنەبوونی خودی ژنان بۆ بەشداربوون لە تێکۆشانی حیزبیدایە.

کۆنگرەی شەشەمی ئێمە پێویستە داوا لە کومیتەی ناوەندیی داهاتوو بکا کە بە هەموو توانایەوە خەریک بێ بەرەبەرە کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانی ژنان لە نێو حیزبدا لابەرێ تا ژنانی کوردستان هەر وەک لێیان دەوەشێتەوە، لە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستاندا چالاکانە بەشداری بکەن و ببن بە هۆی پێشخستنی زیاتری خەباتە ڕەواکەمان. هەروەها بە ڕاشکاوییەوە دەبێ بڵێین: ڕاستە کە کۆنگرەی پێنجەم تەئکیدی لەسەر ئەهەمییەتدانی زیاتر بە ڕاکێشانی لاوان کردبوو. ڕاستە کە هێندێ سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، بەڵام نەمانتوانیوە شکڵ و نێوەرۆکی پێویست بە تێکۆشانی خۆمان لە نێو لاواندا بدەین. هەر بۆیە پێمانوایە کۆنگرەی شەشەمیش پێویستە لەسەر مەسەلەی لاوان پێ دابگرێ و داوا لە ڕێبەرایەتیی تازەی حیزب بکا کە هەموو توانای بۆ ڕاکێشانی هەرچی زیاتری لاوان بەرەو ڕیزەکانی حیزب بەکار بێنێ. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ لەلایەن حیزبەوە ڕێنوێنیی سیاسی و تەشکیلاتیی پێویست بۆ کار و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدرێ.

**ب. تێکۆشانی تەبلیغاتی**

هاوڕێیانی بەڕێز!

دەزگای تەبلیغاتیی حیزبی ئێمە سێ ئەرکی ئەساسیی لەسەر شانە: یەکەم، بیروباوەڕ و بەرنامە و سیاسەت و بڕیارەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و ڕوونیان بکاتەوە. بەرنامە و سیاسەت و بڕیارەکانی حیزبەکەمان ئەو کاتە دەبن بە هێزێکی ماددیی توانا کە خەڵک لێیان حاڵی بێ و بیانکەن بە بەرنامە و سیاسەتی خۆیان. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە حیزبی ئێمە لەم بارەوە سەرکەوتوو بووە و کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان لە سیاسەتی حیزبەکەمان حاڵی بوون و پشتیوانیی لێدەکەن. دووهەم ئەرکی تەبلیغاتیی ئێمە، ڕاگەیاندنی ڕاستییەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران بە خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێرانە. خەڵکی کوردستان تەنانەت گەلانی ئێرانیش بڕوایان بە حیزبی ئێمە هەیە و دەزانن کە حیزبی دێموکراتی ڕاستی نەبێ، پێیان ناڵێ. هەر بۆیە مەسئولییەتەکەمان لەباری شیکردنەوەی وەزعی وڵاتەوە زۆر قورسە. بەداخەوە لەم بارەوە ئیمکاناتی ئێمە مەحدوودە و بەتایبەتی ناتوانین بەباشی دەنگی خۆمان بە بەشەکانی دیکەی ئێران بگەیەنین. ڕێژیمی خومەینی لە ڕاستگۆیی و تەبلیغاتی ئێمە کە ڕاستی بە کۆمەڵانی خەڵک دەڵێ، زۆر دەترسێ. هەر بۆیەش بە هەموو هێزیەوە پارازیت دەخاتە سەر بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان. سێهەم ئەرکی دەزگای تەبلیغاتیی ئێمە، خەبات لەگەڵ تەبلیغاتی درۆزنانە و ساویلکەفریوانەی دوژمنە. هەروەها کە پێشتر ئیشارەمان پێکرد، یەکێک لەو وەسیلانە کە دوژمن بەتەواوی هێزیەوە کەڵکی لێوەردەگرێ، تەبلیغاتی درۆ بە مەبەستی شێواندنی فیکر و کزکردنی ورەی خەڵک و پێشمەرگەکانی کوردستانە. ڕیسواکردنی تەبلیغاتی ڕێژیم، ئیفشاکردنی سیاسەتی دژیی گەلیی ئاخوندی، بەرپەرچدانەوەی تەبلیغاتی درۆزنانەی دەزگای تەبلیغاتیی ویلایەتی فەقیهیی کە ئەرکێکی زۆر پێویستی تەبلیغاتی حیزبی ئێمەیە. بۆ ڕاگەیاندنی دەنگی حیزبەکەمان، ئێمە لە پێشدا لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان کەڵک وەردەگرین کە هێشتا باشترین و بەهێزترین وەسیلەی تەبلیغاتیی ئێمەیە. لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا لەبەر هێرشی نیزامیی ڕێژیمی خومەینی، ناچار بووین دوو جار جێگای ڕادیۆ ڕادیۆ بگوێزینەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە، ڕادیۆ ڕۆژێک نەبێ، ڕانەوەستاوە و بەرنامەکەی بە ڕێکوپێکی بڵاوکراوەتەوە. ئەوە کە کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی کوردستان هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی وەختی ڕادیۆن و تەنانەت لەنێو شارەکانیشدا لەبەرچاوی پاسداران گوێ لە دەنگی ڕادیۆ کوردستان دەگرن، هەم جێگای شانازییە و هەم مەسئولییەتی حیزب و کارگێرانی ڕادیۆ زیاتر دەکا. بەرپرسانی ڕادیۆ لە هەلومەرجی دژواردا ئەرکی خۆیان بەباشی بەجێ گەیاندوە و ڕادیۆ کوردستان لە بردنی سیاسەتی حیزبی ئێمە بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵێکی زۆر گرینگی هەبووە، بەڵام دەبێ هەوڵ بدەین نێوەڕۆکی بەرنامەی ڕادیۆکەمان باشتر و جالبتر بێ، تێبکۆشین دەنگی ڕادیۆکەمان دوورتر بڕوا. ئێستا ماوەیە هەم بەرنامەی ئازەری لە ڕادیۆ هەڵگیراوە و هەم بەرنامە فارسییەکە کورتتر بۆتەوە. پێویستە ئەم کەموکوڕییە هەرچی زووتر قەرەبوو بکەینەوە. ئێستا جووڵانەوەی میللی دێموکراتیک خەریکە لە ئازەربایجان دووبارە دەبووژێتەوە و گەلانی ئێرانیش ئێستا زیاتر لە جاران گوێ لە بەرنامەی فارسیی ڕادیۆی کوردستان

دەگرن، بۆیە دانانەوەی بەرنامەی ئازەربایجانی و درێژکردنەوەی ماوەی بەرنامەی فارسی، یەکجار زۆر پێویستە. سەرەڕای هێندێ سەرکەوتن، چاپەمەنیی حیزبەکەمان وەڵامدەری وەزعی ئێستامان نییە. ئەگەر تا پار، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ئۆرگانی حیزب کەم و زۆر بە ڕێکوپێکی دەردەچوو، ئەمساڵ هێندێ جار لە هەلومەرجێکی زۆر ناسکدا ڕۆژنامەی دەرنەچووە. دەرنەچوونی ڕۆژنامە و چاپەمەنی بەگشتی، هەم هۆی تێکنیکی و فەننی هەیە و دەزگای چاپمان نەبوو و، هەم ژمارەی نووسەران کەمن. بەڕاستی ئەم وەزعە جێگای ڕەخنەیە و دەبێ کومیتەی ناوەندیی داهاتوو لە هەموو بارێکەوە چارەسەری بکا. لەگەڵ ئەوە کە ڕادیۆ و چاپەمەنی، نەخشێکی هەرە گرنگیان لە تەبلیغاتی ئێمەدا هەیە، تەبلیغاتی ڕاستەوخۆ، واتە قسەکردنی ئەندامان و کادرەکانمان لەگەڵ خەڵک ئەهەمییەتی تایبەتیی خۆی هەیە و نە ڕادیۆ و نە چاپەمەنی، ناتوانێ جێگای بگرێتەوە. کادرێکی ئێمە کە دەچێ لە گوندێک بۆ خەڵکی قسە دەکا، هەم دەتوانێ سیاسەتی حیزبی ڕوون بکاتەوە و، هەم وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە و هەم و نەزەر و پێشنیار و ڕەخنەی کۆمەڵانی خەڵک بۆ حیزب بێنێتەوە. ئەرکی هەموو کادرێکی دڵسۆزی حیزبە کە لەگەڵ خەڵکی سادە دانیشێ، گوێ لە دەردی دڵی ئەوان بگرێ و بەسەبر و حەوسەلە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و نەزەرە بەنرخەکانیان بە ئۆرگانەکانی سەرەوە ڕابگەیەنێ. بەداخەوە هێندێ لە کادرەکانی ئێمە تەنیا ئەو کاتە دەچنە لای خەڵک کە پێداویستییان بە یارمەتیی خەڵک هەیە یا یارمەتیی ماڵی کۆ دەکەنەوە.

سیاسەتی حیزبی ئێمە نەک هەر دروستە، بەڵکوو زۆر جوان کۆمەڵانی خەڵک ڕادەکێشێ. ئەرکی دەزگای تەبلیغاتیی ئێمەیە کە ئەم سیاسەتە بە ڕێکوپێکی ڕابگەیەنێ. کومیتەی ناوەندیی داهاتوو دەبێ بایەخێکی تەواو بە تەبلیغات و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو قەرەبوو بکاتەوە.

**ج. داهات و دەرچوونی حیزب**

هاوڕێیانی خۆشەویست!

لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمدا بۆ باشترکردنی وەزعی ماڵیی حیزب، ئەرکێکی ئەساسی دیاری کرابوو. ئەویش «خودکفایی» ماڵی بوو. لەوێدا بە موشەخەسی گوترابوو کە لە بەهاری ساڵی ١٣٦١ەوە کومیتە شارستانەکان نەک هەر دەبێ لەباری ماڵییەوە خودەفا بن، بەڵکوو دەبێ سەدی بیستی داهاتی خۆشیان بدەن بە کومیتەی ناوەندی. بەداخەوە تا ئێستاش وەزعەکە زۆر کەم گۆڕاوە. ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕێکخراوەکانی حیزبی خودکەفا بوون، بەڵام بە هەڵکەوت نەبێ هیچ ڕێکخراوێکی حیزبی لەباری ماڵییەوە کۆمەگی بە کومیتەی ناوەندی نەکردوە. مەسئوولییەتی ماڵیی حیزبی ئێمە لە کومیتەی ناوەندییەوە بگرە تا دەگاتە کومیتە ناوچەکان، کاریان زیاتر حیسابدارییە. ڕاستە لەم بارەوە کارێکی باش کراوە و هەموو حیسابدارەکانی کومیتە شارستانەکان ئامووزش دراون و فێری ئوسوولی حیسابداری کراون، بەڵام بە نەزەری ئێمە کۆمیسیۆنی ماڵیی حیزب و بەرپرسانی ماڵی کاریان تەنیا وەرگرتن و خەرجکردنی دراو نییە، بەڵکوو تێکۆشان بۆ پەیداکردنی داهاتی ماڵی بۆ حیزبە، بازڕەسی کردنی داهات و خەرجە لە تەواوی بەدەنەی حیزبدا، پێشگیریکردنە لە خەرجی خۆڕایی، ناساندنی ئەو کەسانەیە کە سەرمایە و داهاتی حیزب بەفیڕۆ دەدەن. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا میلیۆنها تمەن سەرمایەی حیزب بێخاوەن ماوەتەوە و لەنێو چووە.

زۆر لە بەرپرسانی حیزبی کە سەڵاحییەتی دراو خەرجکردنیان هەیە، بێ لەبەرچاوگرتنی دوارۆژی حیزب و بێ دەستپێوەگرتن داهاتی حیزب خەرج دەکەن.
لەو پێوەندییەدا پێویستە بە یەک دیاردەی زۆر ناشیرین ئیشارە بکرێ: هێندێ لە کومیتە شارستانەکان پێش کۆنگرەی پێنجەم یارمەتیی بنەماڵەی شەهیدانیان نەدەدا، بە بیانووی ئەوە کە نیانە. بۆ ڕێزدانان بۆ بنەماڵەی شەهیدان، کومیتەی ناوەندی بڕیاری دا بۆخۆی ڕاستەوخۆ شەهیدانە بدا. هەرچەند کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی لەم دواییانەدا هەوڵێکی باشی داوە کە شەهیدانە ڕێکوپێکتر بگاتە دەستی بنەماڵەی شەهیدان، دەردەکەوێ کە هێندێ کومیتە شارستانەکان شەهیدانەیان لە کومیتەی ناوەندی وەرگرتوە، بەڵام نەیان داوە بە بنەماڵەی شەهیدان. ئێمە پێمانوایە ئەم کارە لە کەمتەرخەمی زیاتر. بەرپرسانی ماڵی کە شەهیدانە بۆ مەبەستی دیکە خەرج دەکەن، دەبێ بەتوندی سزا بدرێن. کاری بەرپرسانی ماڵی، لێکۆڵینەوەیەکی دووبارەی پێویستە، هەم بۆ ئەوە داهات و خەرجی حیزب حسێب و کتێبی هەبێ و هەم بۆ ئەوە لە دوارۆژدا بەشی ماڵی ئەرکەکانی دیار بن. زۆر بەجێ دەزانین کە بە ناوی کۆنگرە داوا لە کومیتەی ناوەندیی داهاتوو بکەین بە جیددی ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکا. کۆمیسیۆنی ماڵی داهاتوو دەبێ ئەسڵی خودکەفایی ماڵی هەموو ڕێکخراوەکانی شارستانەکان بە هەدەفی گرینگی خۆی دابنێ. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک دابنرێ و زەمان بەندی بکرێ. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەرنامەیە دەبێ نەزم و سیستمێکی ماڵی دابنرێ کە سەڵاحییەت و مەسئوولییەتی هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی دیاری بکا و هەم بازرەسیی ماڵی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبیدا پیادە بکرێ. بۆ پێشگیری لە بەفیڕۆچوونی داهاتی حیزب باشترە مەسئولیەتی تەداروکاتی حیزبیش بدرێ بە کۆمیسیۆنی ماڵی.

### د. تێکۆشانی کۆمەڵایەتی

لەو سێ چەشنە ناوچەیە کە باس کرا، کاری کۆمەڵایەتی لە ناوچەی ئازاد هەر بەردەوامە، لە ناوچەی نیوەئازاد مەحدوودتر بوە و لە ناوچەکانی دەسەڵاتی ڕێژیم تەنیا جاروبار کاری کۆمەڵایەتی دەکرێ، ئەویش لەبەر موراجیعەی دانیشتوان کە بڕوایان بە دەزگای ئیداریی ڕێژیمی خومەینی نیە و ناچن بۆ لایان. ئەهەمییەتی کاری کۆمەڵایەتی لە هەلومەرجی ئێستاشدا هەر دەبێ لەبەر چاو بێ، تەنانەت لەو مەڵبەندانەش کە کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی دوژمن، بەڵام پێشتر خەڵک هێندێ دەسکەوتی کۆمەڵایەتیان هەبووە، دەبێ زەحمەتکێشان هەست بەوە بکەن کە دیفاع لەو دەسکەوتانەی کە ئاکامی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی حیزب بوون، حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانیان هەر پشتیوانیانن. بەشی کۆمەڵایەتیی حیزب لەگەڵ هەموو تەنگ و چەڵەمەیە کە تووش بووە، توانیویەتی نەخۆشخانەکانی شۆڕش و ٢٥ی گەلاوێژ بپارێزن کە ئێستاش هەر جێگای موراجیعەی دانیشتوان و پێشمەرگەن. لەو نەخۆشخانانە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک یاریدەدەری پزیشکی پەروەردە کراون کە لە چەند دەرمانگای حیزبدا کار دەکەن. ژمارەیەکی دیکەیان بەدایم لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لە هاتوچۆدان. لە ناوچەی سەقز دەرمانگایەکی دیکە دانراوە کە پێویستە لە هەموو بارێکەوە یارمەتی بدرێ بۆ ئەوەی ببێ بە نەخۆشخانەیەکی ڕێکوپێک. بە گشتی لە دوو ساڵی ڕابردوودا ٤٨٩٧٤ کەس بۆ موعالیجە چوون بۆ نەخۆشخانە و دەرمانگاکان کە لەوانە ١٧٧٤ عەمەلی جەراحی

کراوە. تیمی پزیشکیی فەڕانسەیی «ئا. ئێم. ئی» ئێستاش هەر کاری پزیشکیی خۆی لە نەخۆشخانەی شۆڕشدا درێژە دەدا. ئەگەر جێگایەکی موناسب دیاری بکەین، ڕێکخراوێکی دیکەی فەڕانسەیی بەناوی پزیشکانی جیهان ئامادەی دانانی نەخۆشخانیەکی گەڕۆکن. سازمانی موجاهیدینی خەڵقیش لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لەباری پزشکییەوە یارمەتی ئێمەیان داوە. لەم بارەوە بەجێیە باسی نەخۆشخانەی گوێچکەدەری بکرێ کە پێرسۆنێلی پزیشکیی موجاهیدین بە ڕێکوپێکی ئیدارەیان کردوە. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا بۆ زۆر کەس لە پێشمەرگەکانی کەمئەندام لاق درست کراون. ئەم کارە هەم درێژەی هەیە و جێگەی پێخۆش بوونە کە هێندێ لە لاوانی بە قابلیەتی خۆمان فێری دروستکردنی لاق بوون. بێجگە لەوە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی زۆر کەس لە پێشمەرگە و کادر و ئەندامانی حیزبی بۆ موعالیجە بۆ دەرەوە ناردوە، بەتایبەتی توانیویەتی ١٠ نەفەر لە پێشمەرگە بریندارەکان بۆ عەمەلی جەڕاحیی قورسی بۆ فەرانسە بنێرێ. هەروەها بە یارمەتیی ڕێکخراوەکانی بەشەردۆستی جیهانی و یارمەتیی بەشی پێوەندییەکانی دەرەوە، دەرمان و کەلوپەلی پێویست بۆ نەخۆشخانە و دەرمانگاکان هاتوە و لەم دواییانەشدا هێندێ جلوبەرگ بۆ بنەماڵە ئاوارەکان هاتوە کە لە نێوانیاندا دابەش کراوە.

بەشی قەزایی لە ناوچە ئازادەکان کاری خۆی درێژە پێدەدا. گواستنەوەی چەند جاری زیندانیان لەم دوو ساڵەدا و دانانی زیندانی ژمارەی ١ی ناوەندی، یەکێک لە کارە موسبەتەکانی بەشی کۆمەڵایەتییە. دەبێ بگوترێ کە ئەم زیندانە ئێستا بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچێ. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا لەسەر بڕیاری کۆمیتە ناوەندی بە بۆنەی جۆراوجۆر، سەدان کەس لە زیندانیەکان ئازاد کراون. بەگشتی ڕەفتاری حیزبی ئێمە لەگەڵ زیندانیان نموونەی بەشەردۆستییە. «کریستیان ڕۆستۆکێر»، جێگری سکرتێری گشتیی «فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی ئینسان» کە هاوینی ڕابردوو هات بۆ کوردستان و، زیندانی ژمارەی ١ی بە چاوی خۆی دی، لە ڕاپۆرتی خۆیدا زۆر بە باشی باسی ڕەفتار حیزبی دێموکرات لەگەڵ زیندانیان دەکا. ئەم ڕاپۆرتە زۆر بە پان و بەرینی لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بۆتەوە.

بەشی پەروردەکردن پێش هێرشی ئەمساڵ ٢٥٠ مەدرەسەی ئیدارە دەکرد کە ٨ هەزار شاگردیان هەبوو. مامۆستایانی شۆڕش بە وەرگرتنی لانیکەمی یارمەتی ئامادەبوون و زۆریشیان ئێستاش هەر ئامادەن لە هەلومەرجی سەختی شەڕدا دەرس بە منداڵەکان بڵێن. لە دوو ساڵی ڕابردوودا بێجگە لە کتێبی یەکەمی سەرەتایی کە بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ئێران بە کوردی لەلایەن بەشی پەروردە و فێرکردنەوە چاپ بووە و پێشوازییەکی بێوێنەی لێکراوە، دوو کێبی پۆلی دووهەمیش چاپ و بڵاوبوونەوە. دووی دیکەش لەژێر چاپن کە جێگای خۆشحاڵییە.

لە گوندە ناوچە ئازادەکان، شوڕاکان کاری کۆمەڵایەتیی خۆیان درێژە پێدەدەن. هەروەها لە زۆر دێی ناوچەی نیوەئازاد و تەنانەت لە هێندێ دیی ناوچە داگیرکراویش شوڕاکانی هەڵبژێردراو هەر لە جێی خۆیانن. بێگومان پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی شوڕاکانی هەڵبژێردراو لە لایەن حیزب و بە تایبەتی هێزی پێشمەرگەوە زۆر پێویستە، چونکە شوڕاکان هەم کۆسپێکن لە ڕێگای حاکمیەتی جمهوری ئیسلامیدا و هەم بنکەیەکن کە حیزبی ئێمە دەتوانێ پشتیان پێ ببەستێ.

یەکێکی دیکە لە کارەکانی کۆمەڵایەتی پەرەپێدانی بەشی هونەری، بە تایبەتی تێئاتر و سینەما و موسیقا بووە. لەم بارەوە هێندێ تێکۆشانی بەسوود بەر چاو دەکەوێ، بە تایبەت نیشاندانی هێندێ شانۆی خۆماڵی و بەرنامەی موسیقا لە گوندەکاندا لە لایەن چەند تیمی تێئاتر و تیپی مۆسیقا و تیپی یەکیەتیی لاوانەوە، نیشاندانی چەند فیلمی کورتی سینەمایی لەسەر کوردستان تەئسیرێکی زۆر باشیان لەنێو دانیشتوواندا هەبووە.

بەڕیوەبەڕێ حیزبی ئێمە لە کاتێکدا ڕێژیمی خومەینی بووەتە سیمبولی دژایەتیی فەرهەنگ و هونەر، بایەخێکی تایبەتیی بە هونەر و هونەرمەندان داوە، بەڵام زۆر پێویستە کە بەشی هونەری لە دوارۆژدا بەرنامەیەکی ڕێکوپێکتری هەبێ و لە ئیمکاناتی حیزب لەم زەمینەیەدا کەڵکی باشتر و بەسوودتر وەربگیرێ.

### هـ . تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە

چونکە شیوەی ئەسڵی خەباتی خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی خومەینی خەباتی چەکدارییە، زۆر بەجێییە کە بەشی هەرە زۆری تێکۆشانی ئێمە بۆ ڕێکوپێک کردن و بەهێزکردنی چەندی و چۆنیی پێشمەرگەکانمان تەرخان بکرێ و زۆربەی ئیمکاناتی حیزبیش لە خزمەتی هێزی پێشمەرگەدا بێ. سەرەڕای ئەوە کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی خومەینی توانیویەتی ڕێگا ئەسڵییەکان و هێندێ ناوچە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هێزی پێشمەرگە بە گشتی هەم لە باری چەندی و هەم لە باری چۆنیەوە پەرەی ئەستاندوە و ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات باشتر لە دوو ساڵ لەمەوبەر شەڕ دەکا. کە دەڵێین پێشمەرگە باشتر شەڕ دەکا ئەمە تەنیا قارەمانەتیی پێشمەرگە ناگرێتەوە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە لە شەڕدا شارەزاتر بووە، لە فڕوفێڵی دوژمن باشتر لە جاران حاڵی بووە، هونەر و تاکتیکی شەڕ فێر بووە. بە گشتی دەتوانین بڵێین ئێستا توانایی کردەوەی هێزی پێشمەرگە لە دوو ساڵ لەمەوبەر زیاترە. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا بە سەدان پێشمەرگەی خۆشەویستمان شەهید بوون بە تایبەتی چەند فەرماندەی هێز و دەیان سەرلک و سەرپەلی بەنرخمان لەدەست چوون. بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە سەرانسەری کوردستان لە ڕیزی یەکەمی جبهەدا بەرامبەر بە لەشکەری خومەینی ڕاوەستاوە و بەربەرەکانی کردوە.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە سەدان عەمەلیاتی نیزامیی سەرکەوتوو کراوە، کە هەم نیشانەی شارەزایی و لێوەشاوەیی پێشمەرگە و هەم نمونەی ئازایەتی و قارەمانەتیی پێشمەرگەیە. بیلانی عەمەلیاتی پێشمەرگە لەو چەند ئامارەڕا بەڕوونی دەردەکەوێ: لە سەرەتای ساڵی ١٣٦١ەوە تا ئاخری مانگی سەرماوەزی ١٣٦٢، ٧٣٥ پێشمەرگەمان شەهید و ٥٥٤ پێشمەرگەشمان بریندار بووە. بەم جۆرە ژمارەی شەهیدانمان بە پێشمەرگە و کادری حیزبییەوە لە سەرەتای شەڕەوە تا ئێستا، واتە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا گەیشتۆتە ١٩٢٩ کەس. دیارە ژمارەی شەهیدانی بێدیفاع لە شار و گوندەکانی کوردستان لەو پێنج ساڵەدا لە بەرابەری ئەم ڕەقەمە زیاترە و سەر لە ٢٥٠٠٠ نەفەر دەدا. فیداکاری و قارەمانەتیی پێشمەرگە سەرکەوتنی بێوێنەی لەگەڵ بوە. لە سەرەتای ١٣٦١ەوە تا ئاخری مانگی سەرماوەزی ١٣٦٢ واتە لە ماوەی ٢١ مانگدا لەشکەری خومەینی لە کوردستان ١٨٨٢٠ کوشتەی بەجێ هێشتوە.

بەرامبەر بە هەر پێشمەرگەی شەهید، دوژمن ٢٥ کوشتەی داوە. جارێکی دیکە دەردەکەوێ کە هۆشداری حیزبی ئێمە کە چەندین جار ڕایگەیاندوە کە پێشمەرگەکان کوردستان دەکەنە گۆڕستانی دوژمنانی گەلی کورد، قسەیەکی بێنێوەڕۆک نییە. هەر لەم ماوەیەدا ٩٧٨ نەفەر لە لەشکریانی خومەینی بە دیل گیراون. هەشت هێلیکۆپتێر خراونەتە خوارێ، ٥٩٤ ترۆمبێل سوتێندراوە و ٩٥ ترۆمبێل بە ساغی وەدەستی پێشمەرگە کەوتوە. دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە لەم ماوەیەدا ٢٥٩٦ تفەنگ لەوانە ١٦١٤ قەبزەی هـ ی ٩ مانگی ئەمساڵە، ١٧ ئارپیجی، ١١٢ بێسیمی گەورە و و ٦٥٤٥٢٨ فیشەکی جۆراوجۆر بووە.

بەم جۆرە دەردەکەوێ کە لەم دوو ساڵەدا پێشمەرگە چ شەڕێکی سەخت و قارەمانانەی کردوە، چەند فیداکاریی نواندنەوە و کوێرەوەریی دیوە و چەند سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە. لە بەڕێوەبردنی کاروباری پێشمەرگەدا هێندەی دیاردەی موسبەت وەبەر چاو دەکەوێ. کۆمیسیۆنی پێشمەرگە نیزیکەی ساڵێکە دەستی بە کار کردوە. ئاییننامەی پێشمەرگە ئامادە کراوە کە دەبێ پاش پەسەندکرانی یەکجاری لە تەواوی هێزەکاندا پیادە بکرێ. لە باری چەک و تەقەمەنی و جلوبەرگ و کەوش، پێشمەرگە لەسەر یەک پوخت و تەیارە. یارمەتییەکەشی لە هاوینی ئەمساڵەوە زیاد کراوە و بە ڕێکوپێکی دەدرێ، هەرچەند بەداخەوە لەم بارەوە لە هێندێ لە شارستانەکاندا کۆتایی کراوە.

یەکێک لە کارە هەرە موسبەتەکانی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە دامەزراندنی زانکۆی سیاسی ـ نیزامییە. ئەو یەک ساڵە زانکۆ بە ڕێکوپێکی ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکا، کە بریتییە لە ئامادەکردنی پێشمەرگەی تازە بۆ هێزەکان و فێرکردنی مودیرییەت و پەروەردەی فەرماندەر لە سەرپەلەوە تا فەرماندەری هێز. لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا ٤٩٧ نەفەر لە زانکۆ دەرچوون کە لەوانە ٤٦٤ نەفەر دەورەی سەرەتایی و ٣٣ نەفەریان دەورەی مودیریەتی و فەرماندەرییان دیوە. جێگای شانازییە کە لە زانکۆدا بێجگە لە پێشمەرگەی حیزب، مامۆستایانی شۆڕش و تەنانەت خەباتگێرانی هێندێ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ئێرانیش ئامووزش دراوە. هەروەها زانکۆ بۆ خوێندەوارکردنی پێشمەرگە نەخوێندەوارەکانیش بەرنامەی ئەنجام داوە. هەر پێشمەرگەیەک کە زانکۆی خەلاس کردوە، بە شێوەیەکی نێونجی ٢٣ سەعات ئامووزشی سیاسی، ١٣٢ سەعات ئامووزشی نەزەری نیزامی و ٤٠ سەعات ئاموزشی عەمەلی نیزامییان دیوە. پێمانوایە لەمەودواش هەر وەک یەک ساڵی ڕابردوو دەبێ پێشمەرگەی تازە لە پێشدا زانکۆ تەواو بکا، ئەودەم چەکی بدەنێ. هەروەها بەشی مودیرییەت و فەرماندەری دەبێ پەرەی پێبدرێ. دەبێ بە گشتی لە دوارۆژدا نەخشی زانکۆ کە یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئێمەیە لە پەروەردەکردنی پێشمەرگە فەرماندەراندا، لە ڕابردووش زیاتر بکەین.

کاروباری پێشمەرگە زۆر کەموکوڕیی جیدیشی هەیە کە لە هەموو هێزەکاندا دەبینرێ، بەڵام لە هێندێکیاندا زیاتر بەرچاوە. زەعفی فەرماندەری نەقسێکی گەورەی هێزی پێشمەرگەیە. ڕاستە کە هێندی فەرماندەی لێهاتوومان شەهید بوون، بەلام هۆی کزیی فەرماندەریی هێزەکانی پێشمەرگە تەنیا ئەوە نییە. لە هەڵبژاردنی فەرماندەرانی هێزدا بێجگە لەو مێعیارانەی کە بۆ کادرەکانمان باس کرد، شارەزایی لە هونەر و تاکتیکی شەڕیش مێعیارێکی زۆر گرینگە. لەم بارەوە لەنێو حیزبدا دژی دوو بیر و باوەڕی چەوت خەبات کراوە: یەکەم کەمتر نرخدانان بۆ هونەر و تاکتیکی شەڕ و تاقیکردنەوەی خۆمان و وڵاتەکانی دیکە کە ئەوە زیاتر لە لای

پێشمەرگە کۆنەکان باوە. زۆر جار پێشمەرگەیەک کە لەبەر ئازایەتی و پاش وەدەستهێنانی تاقیکردنەوە بۆتە سەرلک یا فەرماندەری هێز، پێیوایە ئیدی پێداویستیی بە فێربوونی تاکتیکی شەڕ و مودیرییەت نییە. بیر و باوەڕی چەوتی دووهەم ئەوەیە کە هێندی کەس کە تیئۆریی تاکتیکی شەڕ و مودیرییەت و بەتایبەت بەو شێوەیە کە لە ئەڕتەشەکاندا هەیە بە ئەساس دەزانن، بۆ تاقیکردنەوەی پێشمەرگە کەم نرخ دادەنێین و لە نێوان شەڕی پارتیزانی لەگەڵ شەڕی جبهەیی ئەڕتەشدا جیاوازی دانانێن.

ئەم دوو بیر و باوەڕە چەوتە لە نێو حیزبدا کز بوون، بەڵام پاشماوەیان هەر ماوە و دەبێ خەباتیان لەگەڵ بکرێ. جارێکی دیکە دەبێ بۆ هەموو فەرماندەران دەبێ ڕوون بێ کە پێشمەرگە سەربازی ئەڕتەشی بێ بیروباوەڕ نییە، پێشمەرگە دڵخوازانە هاتۆتە مەیدانی خەبات و بۆ ئامانجی پیرۆزی گەل خەبات دەکا. لەوە کە گوتمان پێشمەرگە سەرباز نییە نابێ نەتیجەگیری لێ بکرێ کە پێشمەرگە دیسیپلینی نییە، بە پێچەوانە دیسیپلینی پێشمەرگە چونکە ئاگاهانەیە دەبێ پتەو و پۆڵایی بێ.

لە هێندێ هێزدا وەزعێکی ئەوتۆ پێک هاتوە کە ئەگەر فەرماندەری هێز یا عەمەلیاتێک خۆی لە ڕیزی یەکەمی مەیدانی شەڕدا نەبێ، بە فەرماندەرێکی باشی نازانن. بەداخەوە هێندێ جار هەر ئەوەش بۆتە هۆی شەهیدبوونی فەرماندەرانمان. فەرماندەر پێویست نییە لە شەڕدا بۆخۆی بەشدار بێ. ئەرکی فەرماندەر دانانی بەرنامە و بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی نیزامییە. فەرماندەری بە کار و کادری حیزبی بەکەڵک، سەرمایەی هەرە گەورەی حیزبەکەمانن و نابێ بێحیسێب لەدەستیان بدەین. نەبوونی فەرماندەیەکی واحید یا هەر نەبێ شوڕایەکی فەرماندەری بۆ هەموو هێزەکانی پێشمەرگە زەعفێکی دیکەی کاروباری پێشمەرگەیە کە کومیتەی ناوەندیی داهاتوو دەبێ چارەسەری بکا. بێئینزیباتی یەکێک لە دەردە هەرە ئەساسییەکانی هێزی پێشمەرگەیە. هەر چەند وەزع بە گشتی کەمێک باشتر بووە، بەڵام لە هێندێ هێز بێدیسیپلینی گەیشتۆتە ئەو پەڕی خۆی و گەورەترین زەربەی لە کاروباری پێشمەرگە داوە. کۆنگرە دەبێ زۆر بە جیددی بۆ کومیتەی ناوەندیی داهاتوو دابنێ کە بە قاتعییەتێکی تەواوە دژی بێدیسیپلینی لە ڕیزی پێشمەرگەدا ڕابوەستێ و ئێستا کە ئاییننامەی پێشمەرگە بە یەکجاری پەسەند دەکرێ، بەتەواوی بەندەکانی ئاییننامەی لەسەر پێشمەرگە لەهەر مەقامێک دابێ، دەبێ پیادە بکا.

لەمێژە بڕیار دراوە کە دەسکەوتی شەڕەکان بدرێ بەدەست فەرماندەری هێز و ئەو لەسەر دابەش کردنیان بڕیار بدا. بەڵام بەداخەوە زۆر جار دەسکەوت بەبێ ئاگاداری فەرماندەری هێز لە مەیدانی شەڕدا دابەش دەکرێ، بێجگە لەوە بڕیار درابوو کە سەدی بیستی دەسکەوتەکان بۆ ناوەندی حیزب بنێردرێن. تا ئێستا یەک یا دوو هێز نەبێ کە هێندی شتیان بۆ دەفتەری سیاسی ناردوە، هێزەکانی دیکەی کە دەستکەوتی زۆریشیان بووە، ئەو بڕیارەیان هەر لەبیر نەبووە. کەموکوڕییەکی زۆر بەرچاوی هێزی پێشمەرگە نیشتمانپەروەری ناوچەیی یان ناوچەگەرییە. کە ناوەندی حیزب داوای پێشمەرگە لە هێزێک دەکا بۆ دەفتەری سیاسی یا بۆ ناوچەییەکی دیکە، هێندێ جار کومیتەی شارستان و فەرماندەری هێز دەیان بیانوو دێنن بۆ ئەوەی پێشمەرگە نەنێرن. لەپاشان ئەگەر موافقەتیش دەکەن پێشمەرگە بنێرن، بە ناقایلی ئەو کارە دەکەن، زۆر درەنگیش دەجووڵێنەوە. بەداخەوە زۆر جار ئەو کەمترخەمییە بۆتە

هۆی زیانێکی گەورە. نەگەیشتن یا درەنگگەیشتنی پێشمەرگە بۆتە هۆی پێشڕەویی دوژمن. لەمەودوا کە زیاتر بەرەو شێوەی شەڕی پارتیزانی دەڕۆین، دەبێ ئەم ناوچەگەرییە لەنێو بچێ و هەم پێشمەرگە سووکبار بێ و خێرا بجووڵێتەوە و خۆی بەزوویی لە ناوچەیەکەوە بگەیەنێتە ناوچەیەکی دیکە. پێشمەرگەی هەموو ناوچەیەک دەبێ خۆی بە پێشمەرگەی کوردستان بزانێ و هەر جێگایەکی بۆ دیاری کەن لەوێ بێ. ناڕێکوپێکی تەداروکی هێزی پیشمەرگەش یەکێک لە دەردەکانی کۆنی ئێمەیە. تەقەمەنی هەیە، بەڵام زۆرجار درنگ دەگاتە دەستی پیشمەرگەی نێو سەنگەر. نان و خواردەمەنی هەیە، بەڵام جاری وابووە پێشمەرگە پتر لە ٢٤ سەعات لە سەنگەردا برسی ماوەتەوە. ڕێکخستنی تەداروکات وەک دەزگایەکی تایبەتی لەنێو هێزی پیشمەرگەدا یەکجار زۆر گرینگە و دەبێ کۆمیتەی ناوەندیی داهاتوو فکرێکی ئەساسی بۆ لابردنی ئەم کەموکوڕییە بکا.

لە خەباتی چەکداریی ئێستای حیزبی ئێمە دژی ڕێژمی خومەینی، تەنیا پێشمەرگە بەشدار نییە و هەزاران هاونیشتمانیی بەشەڕەف و زەحمەتکێشی گوندەکانی کوردستان لە ڕیزی هێزی بەرگریدا چەکیان هەڵگرتوە و یاریدەریەکی باشی هێزی پێشمەرگەن. ئەندامانی هێزی بەرگری لەو چەند ساڵەدا لە زۆر جبهەکاندا بەشدار بوون، فیداکارییان کردوە و شەهیدیان داوە. حیزبی ئێمە بۆ خەباتی چەکداریی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هێزی بەرگریدا ڕێزێکی زۆر دادەنێ. پێمانوایە لە دوارۆژدا لە هەموو ناوچەکان، تەنانەت لە ناوچەکانی نیوەئازاد و ژێردەستی دوژمنیشدا دەبێ لە هەموو بارێکەوە یارمەتیی هێزی بەرگری بدەین. مەسەلەی هەرە گرینگ لەو پێوەندییەدا دەستنیشانکردنی جێگای هێزی بەرگری لە چوارچێوەی شەڕی خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی خومەینیدا و ڕێکخستن و ڕێکوپێککردن و فێرکردنی ئەندامەکانی و دیاریکردنی ئەرکەکانیەتی. کومیتەی ناوەندیی داهاتوو دەبێ لەم بارەوە بە جیددی هەنگاو هەڵێنێتەوە.

یەکیک لە زەعفەکانی ئەساسیی حیزب ڕووننەبوونی پێوەندیی نێوان کاری سیاسی و نیزامییە. سەرەڕای ئەوەی کە بە گشتی هەموو فەرماندەران و پێشمەرگەکان ئەندامی حیزبن و سەرەڕای ئەوەی کە فەرماندەری هێز ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستانە، هێندێ جار لە نێو تێکۆشانی سیاسیی حیزب و کارەکانی نیزامیی هێزی پێشمەرگەدا هاودەنگی و هەماهەنگی نییە. لە کاتێکدا حیزبی ئێمە گەورەترین ڕێز بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنێ. بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادا کە میلیتاریزم لەنیو حیزبدا زاڵ بێ. هەموو پێشمەرگەکان دەبێ زۆر باش تێبگەن کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتن و هەرچی دەکەن نابێ لە چوارچێوەی ڕێبازی حیزب دەربچێ. دەبێ تێبگەن کە بەڕێوەبەری جووڵانەوەی میلیی_ دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان کە ئەوانیش بەشێکی جیانەکراوی ئەم جولانەوەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێکخراوەکان و بەتایبەتی بەرپرسانی حیزبی دەبێ تێبگەن کە ئەرکی هەر بنەڕەتییان لە هەلومەرجی ئێستادا بەشداربوون لە خەباتی چەکدارانەی گەلەکەمانە. دەبێ تێبگەن کە هەر ئەندامێکی حیزبی پیشمەرگەیە و هەموو کاتێک لە هەموو وەزعێکدا دەبێ لەگەڵ هێزی پیشمەرگە بێ. ڕێکخراوەکان و کادرەکانی حیزبی ئێمە لە حاڵی شەڕدا ئەگەر لە مەیدانی شەڕدا ئامادە نەبن، دەبێ لە پێشمەرگە نیزیک بن و بە هاودەنگی و هەماهەنگی لەگەڵ هێز، یارمەتیی تەداروکاتیی پێشمەرگە بدەن. حیزبی دێموکرات بە ئەندامان و بە

کادرەکان و پێشمەرگەکانیەوە تاقە حیزبێکە، دوو یا سێ بەش نییە و، بەشی پیشمەرگە لە بەشی ڕێکخراو جیا نەکرێتەوە.

**و. پێوەندییەکانی دەرەوە**

لە ماوە دوو ساڵی ڕابردوودا لە ناساندنی ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستان و حیزبە خۆشەویستەکەماندا، هەنگاوێکی گەورەی دیکەش بۆ پێشەوە چووین. دەتوانین بڵێین کە ئێستا هەم لەباری ڕێکوپێکی و هەم لەباری پەرەگرتنی پێوەندییەکانمەوە، لە پلەیەکی بەرزتردایین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەوڵی داوە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە سیاسییە پیشکەوتوەکان، سەندیکا کرێکارییەکان، ئەنجومەنەکانی دیفاع لە مافی بەشەر و تەنانەت لەگەڵ هێندێ لە حکوومەتەکانیش پێوەندی بگرێ و سەرنج و یارمەتیی ئەوان بۆ لای جووڵانەوەی میللی_دێموکراتیکی کوردستان ڕابکێشێ. لە حاڵێکدا حیزبی کە ئێمە لەگەڵ دەیان ڕێکخراوی سیاسی پێوەندیی دۆستانەی دامەزراندوە، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە حکومەتەکان ئامادە بووون لەگەڵ حیزبی ئێمە پێوەندی بگرن. زۆربەی حکومەتەکان لەبەر قازانجی تەسکی خۆیان، یان پێوەندیی بازرگانیان لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی هەیە و یان ساف و سادە چونکە پێوندیگرتن لەگەڵ حیزبی دێموکرات هیچ سوودێکی بۆیان نییە، لە هەموو چەشنە وتووێژ و چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی ئێمە خۆ دەپارێزن. ئەوەش شتێکی تەبیعییە و بەداخەوە لە پێوەندییەکانی دەرەوە لە سەرانسەری جیهاندا باوە. یارمەتیی ئەو چەند حکوومەتە ئوروپاییەش کە لەگەڵ حیزبی ئێمە پێوەندییان هەیە، تا ئێستا لە چوارچێوەی یارمەتیی بەشەردۆستانە وەک ناردنی دەرمان، وەرگرتنی بریندار و دانی بورسی خوێندن دەرنەچوە. پێوەندیی ئێمە لەگەڵ حیزبە سۆسیالیستەکان بەتایبەتی حیزبە سۆسیالیستە چەپەکان وەک فەرانسە، یونان و حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئوروپای ڕۆژئاوا، ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەئەستاندندایە. بەشداریی نوێنەرانی ئێمە لە کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە لە زستانی ١٣٦٠، لە کۆنگرەی حیزبی کرێکاری ئینگلیز لە پاییزی ١٣٦٢دا و هەروەها لە کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە کە لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا گیرا و دیسان هەر لەو مانگەدا دەعوەتی سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان لەلایەن حیزبی سۆسیالیستی ئۆتریشەوە نموونەی بەرچاوی پەرەگرتنی پێوەندییەکانمانن. دیارە لە زۆر وڵاتان نوێنەرانی حیزبی ئێمە لەگەڵ حیزبە سۆسیالیست و کۆمۆنیست و دێموکراتەکان دانیشتنیان هەبووە. هێندێ هەنگاو بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست هەڵگیراوە کە هیواداریـن نەتیجەی باشی هەبێ. دەبێ لە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆنگرەی ئامستردامدا کە مانگی خەزەڵوەری ١٣٦٢ لەسەر فەرهەنگی کورد و ستراتێژیی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد گیرا، ناوبەرین. لە بەهێزکردنی پیوەندی لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتی سۆسیالیستیدا هەنگاوێکی دیکەش بەرەو پێش چووین. گۆڕانێک کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەسەر وڵاتەکەماندا هاتوە، بەرحەق بوونی سیاسەتی حیزبی دێموکراتی بەجوانی دەرخست. دەرکەوت کە بۆچوونی ئێمە لەسەر ڕێژیمی خومەینی کە ڕێژیمێکی دژیگەلی و بە کردەوە بە یاریدەدەری ئیمپریالیزمی ئەمریکامان دادەنا، ڕاست و درووستە. ئەم ڕاستییە یارمەتی پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی دەدا، بۆیە هیواداریـن لە دوا ڕۆژدا پێوەندی ڕێکوپێکی دۆستایەتی لەنێوان حیزبی ئێمە و وڵاتەکانی سۆسیالیستی دابمەزرێ.

دەسکەوتی گەورەی ئێمە لە دەرەوە، کردنەوەی دەفتەری ڕەسمیی حیزب لە پاریسە. ئێمە لەوە خۆشحاڵین کە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسیی ئێرانی و کوردستانی بووین کە توانیمانە دەفتەرێکی ڕەسمی لە ئورووپا دابنێین. ئەوە نیشانەی ڕێز و ئێحترامی بیروڕای گشتیی جیهانییە بۆ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی بەدەسەڵات و لەو کاتەشدا مەسئوولە. دەفتەری ئێمە کە نزیکەی ٢ ساڵە تێکۆشانی خۆی دەست پێکردوە، لەم ماوەیەدا توانیویەتی پێوەندییەکی ڕێکوپێک لەگەڵ زۆر ڕێکخراوی سیاسی، ڕۆژنامەنووس، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، شەخسیەتی سیاسی و مەقامی دەوڵەتی، ڕێکخراوەکانی سیاسی و بەشەردۆستی نێونەتەوەیی، دابمەزرێنێ. بۆ نموونە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٢دا پەیامی سکرتێری گشتی لەسەر ڕوونکردنەوەی وەزعی کوردستان و داواکردنی پشتیوانی سیاسی و یارمەتیی ماددی و بیروڕای گشتی جیهانی لەلایەن دەفتەری حیزب لە پاریسەوە بۆ ٤٨٠ ڕێکخراو و ڕۆژنامەنووس و مەقامی دەوڵەتی و شەخسیەتی سیاسی و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ٤٢ دەوڵەتان نێردراوە. لەسەر داوای حیزبی ئێمە کە لەو پەیامەدا هاتبوو، پشتیوانیی زۆر چالاکانە لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی بە کۆبوونەوە، خۆپێشاندان و وتووێژی ڕۆژنامەیی و تەلەڤیزیۆنی سازبوو. بە تایبەتی شێوەکانی پشتیوانی لە بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان کە لە هێندێ پێتەختی ئورووپا و ئەمریکا پێک هات و زۆر سەرکەتوو بوون. لە هەموو ئەو کۆبوونەوە و خۆپێشاندانەدا کە لە زۆربەیاندا نوێنەری حیزبی ئێمە ئامادە بوون و وتاریان خوێندنەوە، لە خەباتی خەڵکی کوردستان پشتیوانی کرا. ئەم تەبلیغاتی پان و بەرینە کە بوو بە هۆی باشتر و پتر ناساندنی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات، تا ئێستا بێوێنە بووە. هێندێ لە ڕێکخراوەکانی سیاسیی فەرانسە و هەروەها چەند ئەنجوومەنێک کە بە شێوەی نیوەڕەسمی سەر بە دەوڵەتی فەرانسەن، لەسەر داوای حیزبی ئێمە بڕیاریان داوە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ڕا تەبلیغاتێکی پان و بەرینتر لە پێشوو بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی بیروڕای گشتی و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کوردستان بەڕێوەبەرن. بەشداریی حیزبی ئێمە لە مانگی خەرمانانی ١٣٦٢ لە جێژنی ڕۆژنامەی «ئومانیتە»، ئۆرگانی مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە لە شاری پاریس لە باری تەبلیغاتییەوە بۆ ناساندنی خەباتی گەلی کورد و حیزبەکەمان زۆر بەسوود بووە. دەفتەری حیزب لە بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی کوردستان و بە تایبەتی شەڕە گرنگەکانی هێزی پێشمەرگەدا سەرکەوتوو بووە و زۆر جار خەبەری سەرکەوتنی بەرچاوی پێشمەرگە ڕۆژێک پاشتر، لە وڵاتانی جیهان دەنگی داوەتەوە. ئێمە دڵنیاین دەفتەری حیزب کە تاقیکردنەوەی زۆری دەست کەوتوە، لەمەودوا دەتوانێ ڕێکوپێکتر و پوختتر لە جاران ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ. ڕێکخراوی ئورووپایی حیزب کە ئێستا کارەکانی ڕێکوپێکتر بوون، بێجگە لە هێنانەدیی ئەرکەکانی خۆی، یارمەتییەکی زۆری کارەکانی دەفتەری حیزبی لە پاریس داوە و هیواداریین هەماهەنگی لە نێو دەفتەری حیزب لە پاریس کە سەر بە دەفتەری سیاسییەوە و یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب سەرپەرستی دەکا و ڕێکخراوی حیزب لە ئورووپا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بێ.

ساڵێک زیاترە کە ئەنیستیتۆیەکی فەرهەنگی و زانستیی کورد بەڕەسمی لە پاریس دامەزراوە کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەی کوردە و بەسەرکەوتوویی ئەرکەکانی

ئەنجام دەدا. ئێمە زۆر بەختیارین کە لە پێکهێنانی ئەنیستیتۆی کورددا بەشدار بووین و یارمەتیمان داوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکی پیرۆزی خۆی بەجێ بگەیەنێ. هەروەها کە لە راپۆرتی کۆنگرەی پێنجەمدا هاتبوو، باشترین رێگا بۆ راکێشانی رێز و پشتیوانیی بیرورای گشتیی جیهانی بۆ لای جووڵانەوەی میللی_دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان پەرەپێدانی تێکۆشانی گشتی حیزب و خەباتی پێشمەرگە نەبەزەکانمان لەنیو وڵاتە. بەڵام دەبێ هەوڵ بدەین ئەم خەباتە بەوەخت و بەدروستی لە دەرەوە دەنگ بداتەوە و گەلانی جیهان لەباری راستیی رووداوەکانی کوردستان ئاگادار بکرێن.

## ٤_ سیاسەتی حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا

ئەو رێبازە گشتییە سیاسییە کە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی ئێمە دیاریی کردبوو، تا ئێستا هەر بەردەوامە. پێمانوایە پاش کۆنگرەی شەشەمیش ئەو سیاسەتە لە خەتە ئەساسییەکانی خۆیدا دەبێ هەر درێژەی هەبێ. ئەم سیاسەتە بریتیە لە خەبات بۆ ئامانجی ستراتیژیی حیزب کە دابینکردنی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە. لە چوارچێوەی ئەم ئامانجە ستراتیژییەدا پاش لێکدانەوەیەکی ورد، حیزبی ئێمە لە کۆنگرەی پێنجەمدا هاتە سەر ئەم بڕوایە کە هیچ کام لە داخوازە ئەساسییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی رێژیمی جمهوری ئیسلامی خومەینیدا وەدی نایە و بۆ پیادەکردنی ئەم داخوازە رەوایانە، رووخاندنی رێژیمی خومەینی و هێنانە سەر کاری رێژیمێکی دێموکراتیک پێویستە. چونکە رێژیمی خومەینی، رێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆیە و بەزۆر نەبێ ناڕووخێ. شێوەی ئەسڵی خەبات بۆ رووخاندنی ئەم رێژیمی خەباتی چەکدارییە. ئێمە ئەم شێوە خەباتەمان هەڵنەبژاردوە، بەڵام رێژیمی خومەینی ئەم شێوە خەباتەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندوە. بەڵام خەباتی چەکداری تەنیا شێوەی خەبات نییە. بۆ رووخاندنی رێژیمی خومەینی پێویستی خەباتی چەکداری لەگەڵ هەموو شێوە خەباتێکی غەیرە چەکداری پێکەوە بچنە پێش. هەروەها خەباتی چەکداری دەبێ هەم لە شار و هەم لە لادێ پەرەی پێبدرێ. ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە ئەو نەزەرەی ئێمە هەر چەند کەمێک درەنگیش بووبێ، لە لایەن هێندی لە دۆستان و هاوپەیمانانی ئێمەوە پەسەند کراوە و هیواداریین لە چەند جێگای دیکەی ئێرانیش وەک کوردستان خەباتی چەکداری پەرە بستێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێستا گەورەترین هێزی بەرهەڵستی چەکدار بەرامبەر بە رێژیمی خومەینییە. حیزبی ئێمە لەبەر سیاسەتی دروست و ئوسولی بەڵام هەر لەو کاتەدا پڕ لە نەرمشی خۆی نفووزێکی بێوێنەی لە کوردستان و ئیعتبارێکی بەرچاوی لە سەرانسەری ئێراندا پەیدا کردوە. سەرەڕای ئەوە ئێمە وەک حیزبێکی واقعبین و مەسئوول لەو بڕوایەداین کە بۆ رووخاندنی رێژیم و بەتایبەت بۆ هێنانە سەر کاری رێژیمێکی دێموکراتیکی لە ئێراندا پێداویستیمان بە هاوپەیمانی و هاوکاریی هێزە شۆڕشگێر و پێشکەوتووەکانی ئێران هەیە. هەر لەسەر ئەو ئەساسەش لەگەڵ سازمانی مجاهیدنی خەڵق، گەورەترین هێزی سیاسی سەرتاسەری ئێران پێوەندیی دۆستایەتیمان بەستووە و هاوکاریی لەگەڵ دەکەین. لەماوەی سێ سالی رابردودا کە هاوکاریی ئێمە لەگەڵ سازمانی موجاهیدنی خەڵق درێژەی هەبوو، یەکترمان باشتر ناسیوە و لە ئامانج و مەبەستەکانی یەکتر و شێوەی کاری یەکتر گەیشتووین.

بە بڕوای ئێمە حیزبی دێموکرات و سازمانی موجاهیدین لەسەر ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی، شێوەی ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە، هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتی، دابینکردنی ئازادییە دێموکراتییەکان، دابینکردنی خودموختاری بۆ کوردستان و زۆر مەسەلەی دیکە نەزەری هاوبەشیان هەیە. هەر بۆیەش هاوکاری و هاوپەیمانی لە نێو ئەم دوو ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەدا دەبێ هەر درێژەی هەبێ. لەم چەند ساڵەدا لەسەر چەند گیروگرفت کە زۆربەیان پێوەندییان بە شێوەی کارەوە هەیە، هەم لە شورای نیشتمانیی بەرگری و هەم لە دەرەوەی شوڕادا لەنێو حیزبی دێموکرات و سازمانی موجاهیدینی خەڵقدا ناکۆکی پەیدا بووە. بەڵام هەموو جارێک بە هاوکاری و نیازپاکیی هەردوولا ئەم ناکۆکییانە چارەسەر کراون. بە بڕوای ئێمە پێکهاتنی ناکۆکی بە تایبەتی لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی کارەکان لەنێو دوو ڕێکخراوی جیاوازدا کە هەر کام ڕابردوو و خاسیەتی تایبەتیی خۆیان هەیە، شتێکی تەبیعییە. گرنگ ئەوەیە کە هەردوو ڕێکخراو تێبکۆشن باشتر یەکتر بناسن و هەر دوولا بیانەوێ پێکەوە هاوکاری بکەن. ئەو کاتە کۆسپەکان لەسەر ڕێگای هاوکاری هەڵ دەگیرێن.

دیسان لەسەر ئەو ئەساسە، حیزبی ئێمە دوو ساڵ و نیوە کە بۆتە ئەندامی شوڕای نیشتمانیی بەرگری. ئێمە ئەندامەتیی شوڕای نیشتمانیی بەرگریمان قەبوڵ کرد، چونکە داخوازی ئەسڵیی ئێمە واتە دێموکراسی و خودموختاری لە بەرنامەکەیدا گونجاندبوو. لە زستانی ١٣٦٠دا پاش دوو مانگ دانیشتن و قسەوباس، شوڕای نیشتمانیی بەرگری سێ بەڵگەی ئیمزا کرد کە بریتی بوون لە بەڵگەی ژمارەی یەک کە مەربووتە بە دەورانی تێپەڕبوون لە هاتنە سەر کاری شوڕاوە تا پێکهاتنی مەجلیسی موئەسیسان کە ٦ مانگی بۆ دانراوە. بەڵگەی ژمارە ٢ کە پێڕەوی نێوخۆی شوڕا بوو. بەڵگەی ژمارەی سێ کە ئەرکەکانی هەرەفەوریی شوڕای لەم ٦ مانگەدا دیاری دەکرد. بە بڕوای ئێمە پەسەندکردنی ئەم سێ سەنەدە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و موسبەت لە ژیانی شوڕادا بوو. بە تایبەتی لە سەنەدی سێهەمدا داخوازەکانی فەوریی گەلانی ئێران فورمولە کرابوون و پێمانوایە هەموو ڕێکخراوێکی پێشکەوتوو و دڵسۆزی ئێرانی هەر ئیدئۆلۆژییەکی هەبێ، دەتوانێ ئەم سێ سەنەدە ئیمزا بکا. شیعاری ئەسڵی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بەتەواوی لەم بەڵگەیەدا گونجاوە. لە بەندی ٣ی ئەم بەڵگەیەدا یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەتی کاتی بەم جۆرە هاتوە: کۆتاییهێنان بە شەڕی دژیگەلیی زیدی خەڵکی کوردستان و ڕاگەیاندنی خودموختاری لە چوارچێوەی یەکپارچەیی ئەرزی ئێراندا و هەوڵدان بۆ لەنێو بردنی شوێنەواری ئەم شەڕە.

پەسندکردنی ئەم سێ بەڵگەیە بیروڕای شوڕای لێک نزیک کردەوە، بۆ ئەوە نەزەری ئێمە بەتەواوی بۆ هەموو کەس ڕوون بێ، بەڕەسمی ڕادەگەیەنین کە ئێمە بێجگە لەو سێ سەنەدە بەرامبەر بە مەتنی هیچ بەڵگەیەکی دیکە ئیلتیزاممان نییە و ئەوەندە کە پێوەندی بە بەرنامەی سەرەتایی شوڕاوە هەیە کە لە لایەن سازمانی موجاهیدینەوە پێشنیار کرابوو، ئێمە تەنیا نیوەڕۆک و باری گشتیی ئەم بەرنامەیەمان قەبووڵ کردوە و بەرامبەر بە مەتنی ئەم بەرنامەیە یا یەک یەکی بەندەکانی ئیلتیزاممان نییە.

لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی ژیانی خۆیدا، شوڕای نیشتمانیی بەرگری هەنگاوی زۆر گرینگ و موسبەتی بۆ ناساندنی ئامانجەکانی خۆی بە گەلانی ئێران و ڕاکێشانی ڕێکخراو و شەخسییەتەکان هەڵێناوەتەوە. بەڵام شوڕا تووشی هێندێ گیروگرفتە کە دەبێ چارەسەریان

بکا. بەعزێک لەو گیروگرفتانە لەوەڕا سەرچاوە دەگرن کە شوڕا لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا لە ڕێککەوتنی سازمانی موجاهیدینی خەلق لەگەڵ ئاغای بەنیسەدر وەک ئالترناتیڤێک پێک هاتوە کە دەبوا هەرچی زوتر جێنیشینی ڕێژیمی خومەینی بێ. هەرچەند بە پەسەندکردنی سێ بەڵگەی ناوبراو تا ڕادەیەک وەزعی شوڕا لەم بارەوە گۆڕاوە، بەڵام مۆرکی ئەم ڕێککەوتنە سەرەتاییەی هەر پێوەیە. هێندێ دژواریش لەوەڕا پەیدا بووە کە ئەندامانی شوڕا یەکتریان نەدەناسی و پێکەوە کاریان نەکردبوو. هەر بە گشتی لە ئێراندا سوننەتی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی جۆربەجۆر زۆر کەمە. جێگیربوونی جەوێکی دێموکراتی و خۆپاراستن لە سەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت لە نێو شوڕادا ئەم چەشنە گیروگرفتانە ئاسانتر چارەسەر دەکا.

مەسەلەیەکی ئەساسیی دیکە ئەوەیە کە ماهییەتی خودی شوڕا بە جوانی دیاری بکرێ. شوڕا جبهە نییە، پەرلەمانیش نییە، بەڵکوو بەدیلە و هەر وەک بەدیلیش دەبێ سەیر بکرێ. هەروەها زۆر پێویستە کە شوڕا ناو و نیشانی خۆی هەبێ. شوڕا دەبێ نیشان بدا کە هی یەک یا دوو ڕێکخراو نییە، نوێنەری هەموو ئەو ڕێکخراو و شەخسیاتانەیە کە ئەندامی شوران، لەوەش زیاتر دەبێ نوێنەری میلیۆنها ئێرانی بێ کە داخوازییان ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتییە. زۆر گوتومانە و جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە شوڕا دەبێ بۆ ڕاکێشانی زۆر توێژی دیکەی کۆمەڵی ئێرانی هەوڵ بدا و بە تایبەتی بتوانێ میلیۆنها کەس لە توێژەکانی نێونجی شارەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بۆ ئەوە ئاوەڵاکردنی دەرگای شوڕا بۆ هەموو ئەو هێز و شەخسیاتانەی کە شاپەرەست و سەر بە ئیمپریالیزم نین و دژی ڕێژیمی خومەینی خەبات دەکەن زۆر پێویستە. هەرچەند شوڕای نیشتمانیی بەرگری بۆ ناساندنی خۆی و ئامانجەکانی لە مەیدانی جیهانیدا زۆر هەنگاوی موسبەتی هەڵێناوەتەوە، بەڵام هێشتا لەم بارەوە کارێکی زۆر لە پێشە، کە بە هاوکاریی هەموو ئەندامانی شووڕا ئەنجام بدرێ. بێگومان یەکێک لە گرنگترین و بەسوودترین کارەکانی شوڕای نیشتمانیی بەرگری، پەسەندکردنی گەڵاڵەی خودموختاری لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدایە. حیزبی دێموکرات بە دوو سەبەب پێشنیاری کرد کە شوڕا نێوەرۆکی خودموختاری دیاری بکا. دیارە شوڕا مافی خودموختاری بۆ کوردستانی وەک ئەسڵێکی پیرۆز قەبووڵ کردبوو، بەڵام هەر کام لە ئەندامانی شوڕا تەفسیری تایبەتیی خۆیان بۆ خودموختاری هەبوو، کە وێدەچوو لە دوارۆژدا شوڕا تووشی ناکۆکی و دوبەرەکی بکا.

هێرشی پان و بەرینی نیزامیی ڕێژیمی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان و ئەو ڕاستییەی کە شوڕا لە توانایدا نەبوو لە باری نیزامییەوە یارمەتیی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد بدا، ئەو پێویستییەی پێک هێنابوو کە شوڕا پشتیوانیی سیاسیی خۆی لەم جوڵانەوە دەرببرێ. ئەم پشتیوانییەش تەنیا بە پەسەندکردنی ئەم گەڵاڵەی خود موختاری بۆ کوردستان دەکرا خۆی نیشان بدا. شوڕا پاش حەوت مانگ باس و کێشە گەڵاڵەی خودموختاری بۆ کوردستانی پەسەند کرد. ئەم گەڵاڵەیە جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ تەرحی پێشنیارکراوی حیزبی ئێمە هەیە، بۆیە ئێمە پەسەندکردنی ئەم گەڵاڵەیە لە لایەن شوڕاوە بە سەرکەوتنێکی مێژوویی دەزانین. ئەگەر سەرنج بدەینە سەر تەرکینی شوڕا، ئەو کاتە ئەهمیەتی دەرهاتنی تەرحێکی ئەوتۆ لە شوڕا زیاتر بەرچاو دەکەوێ.

لە سەرەتای گەڵاڵەی خودموختاریدا گوتراوە: شورای نیشتمانیی بەرگری مەبەستی دابینکردن و پتەو کردنی هەرچی زیاتری حاکمییەتی خەڵک و یەکپارچەیی ئەرزی و یەکگرتوویی نیشتمانیی وڵات و لەبەر خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان بۆ دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان و لە پێناوی لابردنی ستەمی دووقات لەسەر گەلی زۆرلێکراوی کورد، ئەم گەڵاڵەیە بۆ دابینکردنی خودموختاری لە کوردستاندا ڕادەگەیەنین. بەم جۆرە زۆر بەڕوونی دردەکەوێ کە بۆ یەکەم جار ڕێکخراوی پێشکەوتوو وەک سازمانی موجاهیدنی خەڵق و زۆر ڕێکخراو و شەخسیەتی بەناوبانگی دیکە بەو نەتیجەی گەیشتوون کە پەسەندکردنی گەڵاڵەی خوموختاری کوردستان بە پێچەوانەی بیروڕای دوژمنانی ئازادی و مافی گەلان نەک هەر نابێتە هۆی لێکبڵاوبوونی ئێران، بەڵکوو بناخەی یەکیەتیی ئێران پتەوتر دەکا و گەلانی ئێران هان دەدا کە بە دڵ و گیان ئازادی و سەربەخۆیی ئێران بپارێزن. دیارە لە هێنانەگۆڕێی گەڵاڵەی خودموختاری کوردستان و لە دیفاع لەم گەڵاڵەیەدا مەسئولیەتی حیزبی ئێمە بوو. هەر بۆیەش بە شانازییەوە دەڵێین کە پەسەندکردنی گەڵاڵەی خودموختاری سەرکەوتنێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێرانە. هەر لەو کاتەشدا پێمان خۆشە ئیشارە بەو ڕاستییە بکەین کە بەرپرسانی سازمانی موجاهیدنی خەڵق لە ماوەی باس و وتوێژ لەسەر گەڵاڵەی خودموختاری نەخشێکی بەرچاویان هەبوو و زەحمەتەکەیان جێگای سوپاسە. گەڵاڵەی پەسەندکراوی دوازدە بەندی، هی شورای نیشتمانیی بەرگرییە، هی حیزبی ئێمە نییە بەڵام بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە داخوازەکانی ئەساسی حیزبی ئێمە لەو گەڵاڵەیەدا گونجاوە. بەپێی تاقیکردنەوەی گەلی کورد و گەلانی دیکە، دەرکەوتوە کە چ داخوازێک لە دابینکردنی خودموختارییدا ئەساسیە. داخوازیی گرنگی یەکەم، دیاریکردنی سنووری ناوچەی خودموختاری کوردستانە. ڕێژیمی کۆنەپەرەستی شاهەنشاهی کوردستانی بە چوار ئوستان دابەش کردبوو. لەم گەڵاڵەیەدا گوتراوە: ناوچەی خودموختاری کوردستان، هەموو کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. واتە نەک هەر ئوستانی کوردستان کە تەنیا یەکێک لە ئوستانە کوردنشینەکانە. دووهەم دیاریکردنی سەلاحییەتی هەر کام لە دەوڵەتی مەرکەزی و ئۆرگانەکانی خودموختارە. لەم گەڵاڵەیەدا بەدروستی لە پێشدا سەلاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزی دیاری کراوە. کاروباری پێوەندییەکانی دەرەوە، ئەمنیەتی سەرانسەریی جمهووری و دیفاع، سیستمی ماڵی و ئەو بەرنامە ئابوورییانە کە ئەهەمییەتی سەرانسەرییان هەیە لە سەلاحیەتی دەوڵەتی مەرکزیدان. لە پاشان تەئکید کراوە کە باقی سەلاحییەتەکان هی ئۆرگانی خودموختارن. لە بەندی ١٠ی گەڵاڵەدا هاتوە کە ئۆرگانەکانی خودموختار دەبێ لە دەستتێوەردان لەو کاروبارە کە لە سەلاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە خۆ بپارێزن و هەر لەو کاتەشدا دەوڵەتی مەرکەزی لێی قەدەغە کراوە کە لەو کاروبارانەدا دەخاڵەت بکا کە لە سەلاحییەتی ئۆرگانەکانی خودموختارە. سێهەم، مەسەلەی ئەمنییەت و ئینتیزاماتی نێوخۆی ناوچەی خودموختاری کوردستانە. خەڵکی کوردستان لە ژاندارم و پاسداری واریداتی بێزارە. چونکە ئەمانە سیمبولی زۆرداریی ڕێژیمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرەستەکانن و هەموو کاتێک ئاواتی ئەوە بوو کە ئەمنییەت و ئینتیزاماتی خۆی بەدەستەوە بگرێ. لەم گەڵاڵەیەدا گوتراوە: پاراستنی ئینتیزاماتی نێوخۆیی ناوچەی خودموختار بە عۆدەی ئۆرگانەکانی خودموختارە و ئەرتەش لە ناوچەی خودموختاری کوردستان وەک ناوچەکانی دیکەی ئێران هەقی نییە لە

کاروباری ئینتیزاماتی نێوخۆ دەست تێوەربدا. چوارەم، مەسەلەی بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردییە. گەلی کورد زۆر لەمێژە هەوڵ دەدا زمانی بەڕەسمی بناسرێ. لە گەڵاڵەدا هاتوە: زمانی کوردی زمانی ڕەسمی خوێندن و نامەنووسین لە نێوخۆی ناوچەی خودموختارە و لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا هەقی فێربوون بە زمانی کوردی بۆ دانیشتووانی ناوچە بەڕەسمی دەناسرێ. پێنجەم، مەسەلەی لابردنی پاشکەوتوویی ئابووریی کوردستانە. ئێمە زۆر جار گوتومانە کە کوردستان ناوچەیەکی پاشکەوتوو لەنێو وڵاتێکی پاشکەوتوودایە. لە گەڵاڵەدا گوتراوە: دەوڵەتی مەرکەزی دەبێ لە داهاتی گشتی بەشێکی زیاتر بۆ لابردنی پاشکەوتووی ناوچەی خودموختاری کوردستان تەرخان بکا. شەشەم، دابینکردنی ئازادییە دێموکراتیەکان. حیزبی ئێمە مبەقووڵی ئیمانی بە دێموکراسی و پاراستنی ئازادییە دێموکراتییەکان هەیە و بە ڕێکەوت نییە کە بەشی یەکەمی دروشمی ئەسڵیی ئێمە دێموکراسی بۆ ئێرانە. لە گەڵاڵەدا گوتراوە: هەموو ماف و ئازادییەکان کە لە بەیانییەی جیهانیی مافی ئینسان و مەنشوورەکانی نێونەتەوەییدا باسیان کراوە، وەک ئازادیی بیر و باوەڕ و بەیان، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی پێکهێنان و چالاکیی حیزب و ڕێکخراوەکانی سیاسی، ئەنجومەنەکان، ئازادیی هەڵبژاردنی کار و جێگای دانیشتن و ئازادیی مەزهەب لە کوردستان دەستەبەر دەکرێ. هەموو دانیشتوانی کوردستان لە ژن و پیاو بێ هەرچەشنە جیاوازیدانانی جینسی، نەتەوەیی، نەژادی و مەزهەبی، مافی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی وەک یەکیان هەیە.

گوتمان کە ئەم گەڵاڵەیە هی حیزبی ئێمە نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە باشترین گەڵاڵەکانی خودموختارییە کە تا ئێستا پەسەند کراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتەواوی بە حەقی خۆی دەزانێ کە بۆ پیادە کردنی بەرنامەی خۆی لەباری خوموختاری خەبات بکا، بەڵام دەبێ ئەوەندەش بڵێین کە هێنانەدیی گەڵاڵەی شوڕای نیشتمانی بەرگری، جێبەجێ بوونی داخوازەکانی ئەسڵیی خەڵکی کوردستانە. هەر بۆیەش لەمەودوا پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شوڕای نیشتمانیی بەرگری زیاتر دەبێ. بەو هیوایە کە شوڕا و ئەندامانی بەدڵەوە بۆ بردنی گەڵاڵەی خودموختاری بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەوڵ بدەن و پاش هاتنە سەر کاری شوڕا بۆ پیادەکردنی لەگەڵ حیزبی ئێمە هاوکاری بکەن.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

پێوەندی حیزبی ئێمە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژی ڕێژیم کە لە کوردستان تێکۆشان یان بنکەیان هەیە، لەسەر بناخەی هاوکاری داندراوە. ئەوەندەش کە پێمان کراوە یارمەتیمان داون. هێندێ لەو ڕێکخراوانە هێشتا لەباری ڕاستەقینەی کۆمەڵی کوردەواری نەگەیشتون و لە لێکدانەوەی خۆیاندا بەهەڵە دەچن و نەخشی بەڕێوەبەریی حیزب باش حاڵی نەبوون. بەڵام ئەوە لەسەر ڕێگای هاوکاریی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کۆسپێک نییە، چونکە حیزبی ئێمە ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی و هاوژیانی دێموکراتی و پلۆرالیسمی سیاسی هەیە و پێمانوایە کە کوردستان دەبێ نموونەی ئەم چەشنە هاوژیانییە بێ. ئێمە هیواداریـن ئەم ڕێکخراوانە بەرەبەرە ڕاستییەکانی کوردستانی قووڵتر لێک بدەنەوە و ئێمەش باشتر بناسن و تا هاوکاریمان لە ڕابردووش زیاتر بێ.

لەنێو ئەو ڕێکخراوانەدا کۆمەڵە، ڕێکخراوێکی کوردستانییە. حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە

کە دەتوانێ لەگەڵ کۆمەڵە لە زۆر زەمینەدا هاوکاری بکا. هەتا ئێستاش هێندێ کردەوەی هاوبەشی بەسوود لەگەڵ کۆمەڵە ئەنجام دراوە، بەڵام بەداخەوە بەرێوەبەرانی کۆمەڵە لە لایەکەوە نایانەوێ واقعییەتی کوردستان بخەنە بەر چاو و هێز و نفووزی ڕێکخراوی خۆیان و حیزبی دێموکرات بەدروستی هەڵسەنگێنن. لەلایەکی دیکەشەوە لەبەر پەیڕەوکردنی لە هێندێ تێئۆریی ویشک کە دەیانەوێ لە کوردستان دایبەزێنن و لەگەڵ وەزعی ڕاستەقینەی کوردستان ناگونجێ، سیاسەتێکی غەیری دۆستانەیان بەرامبەر بە حیزب هەیە و ئەو سیاسەتەش لەنێو لایەنگەرانی خۆیان و خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە. بەرێوەبەرانی کۆمەڵە نایانەوێ ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەن کە تەبلیغاتی دوژمنانە دژی حیزبی دێموکرات، هەستی کۆمەلانی خەڵک کە حیزب لە لایەن خۆشەویستە بریندار دەکا و بەکارهێنانی زۆر نیسبەت بە زەحمەتکێشان و زۆرجار وەرگرتنی دراو بە تۆپزی لە خەڵک، دەبێتە هۆی ئاژاوە و تێکهەڵچونی چەکدارانە. بەداخەوە لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەندین لێکدانی ئەوتۆ پێک هاتوە کە بۆتە هۆی شەهیدبوونی دەیان پێشمەرگە لە هەردوولا. حیزبی ئێمە وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی مەسئول، دژی هەموو چەشنە تێکهەڵچوونی چەکداری لەنێو هەموو ئەو هێزەدایە کە لە کوردستان دژی ڕێژیمی خومەینی خەبات دەکەن، چونکی ئەم چەشنە لێکدانە بە قازانجی ڕێژیمی خومەینی و بە زیانی جوولانەوەی میللی_دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان دەزانێ. بۆیە بە هەموو تواناوە هەوڵ دەدا ناکۆکییەکان بە وتووێژ و بێ بەکارهێنانی چەک چارەسەر بکرێ. ئێمە هیواداریـن بەرێوەبەرانی کۆمەڵەش مەسئولانە بجوڵێنەوە تا پێشگیری لە هەموو چەشنە تێکهەڵچوونێک چەکداری بگرێ.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

یەکێک لە ڕووداوەکانی نێوان دوو کۆنگرە، قەدەغەکردنی «حیزبی توودە» و زیندانی کردنی بەرێوەبەران و کادرەکان لە لایەن ڕێژیمی خومەینییەوە بوو. دیارە ئەم کارە لەلایەن دەسەڵاتی ئاخوندەکانەوە چاوەڕوان دەکرا و حیزبی ئێمەش زۆر جار پێشبینیی ئەم کارەساتەی کردبوو. وادیتە بەرچاو کە تەنیا بەرێوەبەرانی حیزبی توودە بوون کە بەو هەموو تاقیکردنەوە سیاسییە کە هەیانبوو لە جەوهەر و مەبەستەکانی ڕێژیمی خومەینی حاڵی نەبوون. ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسی کە لە ڕۆژی ١٨ی بانەمەڕی ١٣٦٢دا لەسەر ئەم ڕووداوە بڵاو بۆوە، سەرنجی هاونیشتمانانی بۆ سێ مەسەلە ڕاکێشا. لە پێشدا کارنامەی ڕەشی بەرێوەبەریی حیزبی توودەی لە ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران خستە بەرچاو و نیشانی دا کە حیزبی توودە لەم ماوەیەدا بێ ئەملائەولا پشتیوانی لە هەموو کردەوەکانی کۆنەپەرەستانە و دژی گەلیی ڕێژیمی خومەینی کردوە. وەک دەنگدان بە نیزامی چاخەکانی نێونجیی ویلایەتی فەقیهی، پەسەندکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم دژی تەواوی خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی، هەوڵدانی بۆ سازکردنی دووبەرەکی لە ڕیزەکانی هێزە شۆڕشگێرەکاندا، هاندانی لاوانی نیشتمانپەروەر و لادان لە ڕێبازی ڕاست و دروستی خەبات. هەروەها هاندانی ڕێژیم بۆ درێژەپێدانی شەڕ لە کوردستان و هەوڵدانی سەرنەکەوتوو بۆ تێکدانی ڕیزکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سازکردنی تۆمەتی ناڕەوا بۆ ڕێبەرانی حیزبی ئێمە بەشێک لە کارنامەی ڕەشی حیزبی توودە بوون. لە ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسیدا هاتبوو ڕێبەرانی حیزبی توودە بەو هەموو

تاقیکردنەوە و ڕابردووی سیاسییەوە ئەو ڕاستییە سادەیان دەرک نەکرد کە هەر حیزبێک بە نرخی ڕۆژ نان بخوا، ئووسول فیدای تاکتیک بکا، ئۆپۆرتۆنیزم و هەلپەرستی بکاتە بناخەی سیاسەتی خۆی و ماکیاوێلیزم تا ڕادەی سیاسەتی ڕەسمیی خۆی بەرز بکاتەوە، دواڕۆژێکی بێجگە لە تێکشاکن و لەدەستدانی نفووز و ئیعتباری خۆی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا نابێ. ڕێبەرانی حیزبی توودە بۆ خۆیان هەر لەو داوە کەوتوون کە بۆ خەڵکی دیکەیان دانابوو و ئێستا بەرانبەر بە مێژوو و گەلانی ئێران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی خۆیان محکووم و سەرشۆڕن. سەرەڕای دوژمنایەتیی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە لەگەڵ جووڵانەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، حیزبی ئێمە گرتن و زیندانی کردن و سازکردنی شانۆی تەلەڤیزیۆنی ڕێژیمی خومەینیی بەتوندی مەحکوم کرد و ئەم کارەی بە نیشانەی لەنێو بردنی دواشوێنەواری ئازادی لە ئێران دانا. هەروەها حیزبی ئێمە ڕایگەیاند کە ئەندامانی حیزبی توودە دەتوانن پەنا بۆ کوردستان بێنن و لە ناوچە ڕزگارکراوەکان لە ئەمن و ئەماندا بن. بەڕاستیش زۆر کەس لە توودییەکان کە لە ژێر فشاری ڕێژیمی خومەینی ڕایان کردبوو و پەنایان بۆ کوردستان هێنابوو، کەڵکیان لە یارمەتیی ڕێکخراوەکانی ئێمە وەرگرت. سیاسەتی ئوسوولی و دێموکراتیی حیزبی ئێمە بەرانبەر بە ئەندامانی حیزبی توودە بە پێچەوانەی سیاسەتی زۆر لە ڕێکخراوەکانی دیکە بوو کە تووشی هەستی قینەبەری و تۆڵەئەستاندنەوە بوون. هەر بۆیەش زۆر باش لە لایەن ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان تەنانەت هێزە پێشکەوتووەکانی دەرەوە وەرگیرا. جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مەسئولی سیاسی، حیزبێک کە پێڕەوی لە سیاسەتێکی ئوسولیی درێژخایەن دەکا خۆی نواند و ڕێز و ئێحترامی گەلانی ئێران و زۆر هێزی دیکەی لە دەرەوە وڵات بۆلای خۆی ڕاکێشا. پێمان خۆش بوو لێرەدا چەند جوملەیەک لە ڕۆژنامەی «راه توده» کە ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی توودە لە دەرەوەی وڵاتە، بۆتان بخوێننەوە: ژمارەی ٧٠ تاریخی ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٢، «راه توده» لە مەقالەیەکدا لەسەر مافی گەلی کورد دەنووسێ: «جمهوری ئیسلامی کە دەبوا نیری زۆرداری نەتەوەیی لە ئەستۆی گەلی کورد هەڵگرێ، بێجگە لە سەرکوتکردنی خوێناوی، ئاوارەیی، ماڵوێرانی و مەرگ، شتێکی دیکەی بۆ ئەم گەلە بە دیاری نەهێناوە.» هەروا بزانە «راه توده» لە ڕۆژنامەکانی «کوردستان» ڕوونووسی هەڵگرتوە. «راه توده» دەنووسێ: ..... چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی مەسەلەی نەتەوەیی بۆ دابینکردنی مافی ڕەوای گەلی کورد و گەلانی دیکەی نیشتمانەکەمان کە مافی وەرگرتنی خودموختاری لە خاکی هاوبەشی هەموو گەلانی ئێراندایە، پتر لە جاران لەگەڵ چارەنووسی شۆڕش گرێ دراوە». هەروەها کە دەبینن سیاسەتی حیزبی توودە سەدوهەشتا دەرەجە سووڕاوە و ئێستا تودەییەکان لەسەر جمهووری ئیسلامی و شەڕ لە کوردستان ئەوەی دووپات دەکەنەوە کە حیزبی ئێمە چەند ساڵە بەردەوام ڕادەگەیەنێ. ئەوانەی بە ناوی حیزبی تودە تێکۆشانی خۆیان درێژە پێ‌دەدەن، ئەوەندە ئازایەتیی سیاسییان نەبوو کە سیاسەتی ڕابردووی خۆیان مەحکوم بکەن و بۆ داهاتوو دەرسی لێ وەربگرن و هەر نەبێ لە کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ ئەو سیاسەتە دژی گەلییە کە هەیان بوو، داوای لێبوردن بکەن. ڕاستە کەسێک لە مێژوو دەرس وەرنەگرێ، بۆی نییە لە هیچ مامۆستایەک شتێک فێربێ. بێگومان قەدەغەکردن و گرتن و دادگاییکردنی بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزبی تودە و وەردەرنانی دیپلۆماتەکانی سۆڤییەتی

لە ئێران، خۆشخزمەتییەک بوو کە ڕێژیمی خومەینی بۆ خۆشیرین کردن و تۆڵەکردنەوەی دڵئێشەکانی پێشوو بە ئیمپریالیزمی ئەمریکای کرد. هەرچەند وادیارە ئەمریکا بەوەندە ڕازی نەبوو و خزمەتی زۆرتر و زیاتر لە جمهوری ئیسلامیی چاوەڕوانە.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

لەماوەی هێرشی ڕێژیمی خومەینی بۆ ڕێگای پیرانشار_ سەردەشتدا دیاردەیەکی نوێ لە شەڕی چەند ساڵەی ئێمە دژی ڕێژیمی خومەینی بەرچاو کەوت. براکوردەکانمان لە کوردستانی عێراق هاتنە یارمەتیمان و ئازایانە لە شەڕی دژی ڕێژیمی خومەینیدا بەشدارییان کرد، فیداکارییەکی زۆریان نواند و دەیان پێشمەرگەی قارەمانیان شەهید و بریندار بوون.

دیارە زۆر جار لە مێژووی نەتەوەکەماندا خەباتگێڕان بە شێوەیەکی فەردی لە پارچەیەکەوە چوون بۆ یارمەتیی جووڵانەوەی پارچەیەکی دیکە، بەڵام ئەمە یەکەمجار بوو کە ڕێکخراوێکی سیاسی گەورەی خاوەن نفووز و دەسەڵات وەک «یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان» بڕیاری دەدا کە لە خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستانی ئێران بەشداربێ. ڕێگا بدەن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو خەڵکی کوردستانەوە سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە بۆ یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی عێراق بنێرن و پێخۆش بوونی خۆمان لە وریایی و لێکدانەوەی قووڵی سیاسییان دەربڕین کە ڕێژیمی خومەینی نەک هەر بە دوژمنی هەموو گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستانی ئێران، بەڵکوو بە دوژمنی هەموو گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و تەنانەت هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێن. با لە هاوکاری و هاوسەنگەرییان لە کانگای دڵەوە سوپاس بکەین. خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە بۆ دەربڕینی ئەو سوپاسە لە پاییزی پارەوە ناوی جوانی «هێزی پشتیوان»یان لەسەر پێشمەرگەکانی یەکیەتی داناوە. هەروەها سوپاس بۆ حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە کە ئەندامەکانی ئازایانە بە هەموو توانایانەوە لە ماوەی هێرشی پاییزی ساڵی ١٣٦١دا، دژی ڕێژیمی خومەینی بەشدارییان کرد و فیداکارییان نواند. ئەهەمییەتی بەشداریی ئەم دوو ڕێکخراوە کوردستانییە لە خەبات دژی ڕێژیمی جمهوری ئیسلامیی خومەینیدا ئەو کاتە زیاتر بەرچاو دەکەوێ کە بزانین بەڕێوەبەرانی خوفرۆشی قیادەی موەقەت وەک جاشی ئەبەدی لە خزمەتی دوژمنی نەتەوە کورد، ڕێژیمی خوێنمژی خومەینی‌دان و لەنێو خەڵکی کوردستانی ئێراندا و پێش لەشکەری خومەینی دەکەون، لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان شەڕ دەکەن و خەڵکی بێ‌دیفاع دەکوژن. بێگومان نەتەوەکەمان بە جاش و خۆفرۆش و ئەبەدییان دەناسێ و مێژووش هەر بە ڕووڕەشیان ناو دەبا. دیارە حسێبی ئەوانە کە خیانەت بە نەتەوەی کورد دەکەن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جودایە. پێمان خۆشە لەو ڕابیتەیەدا جارێکی دیکە بە شێوەی ڕەسمی لە تریبۆنی کۆنگرەی شەشەمەوە ڕابگەیەنین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی نەتەوەی کورد لە تورکیە و سووریە دژی زۆرداری و دیکتاتۆری و لە پێناوی دێموکراسی و وەدەستهێنانی مافە ڕەوا نەتەوەییەکان پشتیوانی دەکا و ئامادەیە یارمەتی خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی گەلی کورد لەم دوو وڵاتەدا بدا. هەروەها حیزبی ئێمە هیوادارە کە گیروگرفتی کورد لە عێراق لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێ و پاش ساڵەها خەبات و فیداکاری، ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، ئازادی و خودموختاری

دابین بکرێ.

**خوشك و برایانی بەڕێز!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزی بەڕێوەبەری جووڵانەوەی میللی_دێموکراتی خەڵکی کوردستان ئەرکی زۆر قورسی لەسەر شانە. کۆنگرەی شەشەمی ئێمە کە لە هەلومەرجێکی ناسکدا پێک هاتوە، دەبێ پاش لێکدانەوەی ورد و هەموو لایی تێکۆشانی رابردووی حیزب و سیاسەتی داهاتووی حیزب، ئەرکەکانی دیاری بکا و رێنوێنیی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکانە بە کومیتەی ناوەندیی داهاتوو بدا. ئێمە دڵنیاین کە کۆنگرەی شەشەم وەک کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبەکەمان بابەشی مەسئولییەتی خۆی ئەنجام دەدا و دەبێتە قوناخێکی گرنگ لە رێگای خەباتی ٣٩ ساڵەی حیزبەکەماندا بۆ دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان.

سەرکەوێ کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێپێشاندەر و رێکخەری خەباتی خەڵکی کوردستان،

سڵاو لە پێشمەرگە، پارێزەری ئازادی و شەرەفی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان،

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای ئازادیی کوردستان و سەرانسەری ئێران،

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی،

سەرکەوێ خەباتی شورای نیشتمانیی بەرگری بۆ رووخاندنی رێژیمی خومەینی و هێنانە سەر کاری رێژیمێکی دێموکراتی.

***

## بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بڕیاری یەکەم: لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی**

کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش گوێگرتن لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لە ماوەی سێ رۆژدا نیوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتەی خستە ژێر باس و لێکۆڵینەوە و سەرەنجام بەم ئاکامانە گەیشت کە:

١_ ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لێکدانەوەیەکی ورد و ڕاست و واقیعبینانە لە وەزعی سیاسیی نێونەتەوەیی و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران و قوناخی ئێستای بزوتنەوەی میللی_ دێموکراتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە.

ئەم ڕاپۆرتە هەروەها بە چەشنێکی شۆڕشگێرانە و بەڕاشکاوی نوختە بەهێز و نوختە لاوازەکانی نێوخۆی حیزبی خستۆتە بەر چاو و ڕێگای چارەسەری کەموکوڕییەکان و بەرەوپێش بردنی هەرچی زیاتری حیزبی نیشان داوە.

٢_ هەر لەبەر ئەم هۆیانە کۆنگرە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی پەسەند دەکا و لە هەموو ئەندامان و کادرەکانی حیزبی و لە هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و فەرماندە

لێوشاوەکانیان داوا دەکا ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بەوردی بخوێننەوە، نێوەڕۆکەکەی بەدڵ بسپێرن و بیکەنە ڕێنوێنی کار و تێکۆشانی سیاسی و نیزامی و کۆمەڵایەتیی خۆیان.

٣_ هەروەها کۆنگرە لە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شەشەم داوا دەکا بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی هەرچی باشتری ڕاپۆرت و ڕێنوینییەکانی کۆنگرە بە هەموو تواناوە تێبکۆشێ و ڕێنوێنیی تەواو بدا بە ئۆرگانەکانی حیزبی بۆ ئەوەی لەم ماوەیەکی هەرچی بکرێ کورتتردا ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی کۆنگرە ببنە دەستووری کار و تێکۆشان و تەواوی کادرەکان و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب و بە گشتی هەموو کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستانی ئێران.

٤_ کۆنگرە بە ئەرکی سەر شانی کۆمیتەی ناوەندیی تازەی دادەنێ کە سەنەد و بەڵگەکانی کۆنگرەی شەشەم وەک ڕاپۆرت و بڕیارنامە و پەیامەکان بە زووترین کاتی مومکین بە فارسی و بە هیندێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا تەرجومە بکا و بیانخاتە بەر چاوی بیروڕای گشتی و هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتووەکانی ئێران و جیهان.

٥_ کۆنگرە سەرکەوتنی کۆمیتە ناوەندیی نوێ و کادر و ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگەکانی حیزب بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و بەتایبەتی ڕێنوێنییەکانی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بە ئاوات دەخوازێ.

**بڕیاری دوهەم: لەسەر خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران**

کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەڕوانێتە هەلومەرجی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەمان و هەر لەو کاتەدا بە چاوی هیوا و هۆمێدەوە سەیری ئاسۆی دواڕۆژی سیاسیی ئێران دەکا. کۆنگرە لەم بڕوایەدایە کە:

١_ ئەوە هێزی یەکگرتووی گەلانی ئێران بوو کە لە ساڵەکانی ٥٧_ ٥٦ دا بەگژ ئەڕتەشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی حەمە ڕەزاشادا چۆوە و لە ماوەی ساڵێکدا توانی تۆماری تەمەنی یەکێک لە زۆردارترین ڕێژیمەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکەوە بپێچێ.

٢_ هەر بەو پێیەش هێزی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەتوانێ و دەبێ ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئاخوندی بڕوخێنێ و لە جێگای ئەو حکوومەتێکی دێموکراتی دابمەزرێنێ کە ڕێز بۆ مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چین و توێژە گەلییەکانی خەڵکی ئێران دابنێ و مافی نەتەوایەتی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دابین بکا.

٣_ بۆیە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ سڵاوی بێپایان لە قارەمانەتی و بەربەرەکانیی خەڵکی ئێران لەدژی دوو ڕێژیمی دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئاخوندی داوا لە هەموو گەلانی ئێران دەکا کە جارێکی دیکە یەکپارچە بێنە مەیدانی بەرەنگاربوونەوە و بۆ هەمیشە پەڵەی شەرمی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ویلایەتی فەقیهی لە لاپەڕەکانی مێژووی ئێران بسڕنەوە.

٤_ هەر لەو کاتەدا کۆنگرە داوا لە بەڕێوەبەرایەتیی تازەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا کە لە داهاتووشدا زیاتر لە ڕابردوو بۆ لێکگرێدانی خەباتی خەڵکی کوردستان

لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازانەی هەموو گەلانی ئێران تێبکۆشێ.

٥_ کۆنگرە بە شانازییەوە ڕادەگەیەنێ کە کوردستان ئەو سەنگەرە لە گیراننەهاتووەی ئازادی و سەربەخۆیی ئێران، هەروەها قورس و قایم لە مەیدانی بەرەبەرەکانی دژی ڕێژیمی خومەینی و ئاغا ئیمپریالیستەکانیدا ڕاوەستاوە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە هەر ناوچەیەکی وڵاتی خۆشەویستماندا دەتوانن بە یارمەتی و پشتگیریی خەڵکی کوردستان پشتئەستوور بن.

٦_ کۆنگرەی شەشەم لە شورای نیشتمانیی بەرگری وەک تەنیا ئالترناتیڤی دێموکراتی پشتیوانی دەکا و هیواداره شورا هەنگاوی زیاتر لە یەکخستنی کۆمەڵانی بەرینی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی خومەینی هەڵێنێتەوە و هۆوییەتی تایبەتیی خۆی وەک کۆگای هێزە ئازادیخوازە ڕاستەقینە و ڕەسەنەکانی ئێران نیشان بدا و لە دوا ڕۆژدا بتوانێ ئەو هێزە نیشتمانپەروەرانەش بۆلای خۆی ڕابکێشێ کە جارێ لە دەرەوەی شوڕادان.

**بڕیاری سێهەم: لەسەر گەڵاڵەی شوڕای نیشتمانیی بەرگری بۆ خودموختاری کوردستان**

کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش باس و وتوویژێکی زۆر لەسەر نیوەرۆکی گەڵاڵەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری بۆ خودموختاریی کوردستان و یەک یەکی بەندەکانی ئەم گەڵاڵەیە بەمجۆرە نەزەری دا:

١_ کۆنگرە پەسەند کردنی ئەم گەڵاڵەیە بە سەرکەوتنێکی سیاسی شوڕای نیشتمانیی بەرگری و یەک یەکی ئەندامەکانی شوڕا دەزانێ و هەر لەو کاتەدا پێی وایە پەسەند کردنی ئەم گەڵاڵەیە نموونەیەکی باش دەداتە دەست بۆ چارەسەری یەکێک لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران کە بریتییە لەلابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر گەلانی زۆر لێکراوی ئێران.

٢_ کۆنگرە پەسەند کردن و پێچەقاندنی شوڕای نیشتمانیی بەرگری لەسەر ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران بەو جۆرە کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و بەیاننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوە (بەندی ٨ی گەڵاڵەی خودموختاری) بە نیشانەی ئیمانی قووڵی شووڕا بە دێموکراسی دەزانێ.

٣_ بەم بۆنەیەوە کۆنگرە پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە سیاسییە لە شوڕای نیشتمانیی بەرگری دەکا و هیواداره کە شوڕا یەکگرتوو و یەکپارچەتر لە جاران بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتە ئەساسییەکانی شۆڕشی ئێران ڕێگای چارەی ئوسوولی و شۆڕشگێڕانە بدۆزێتەوە و شێلگێرانە لە سیاسەت و بڕیار و پەسەندکراوەکانی دیفاع بکا.

٤_ کۆنگرە پەسەندکردنی ئەم گەڵاڵەیە بە دەسکەوتێکی خەباتی لەمێژساڵەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و فیداکاری و گیانبازییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەزانێ، بۆیە لە کاتێکدا بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە ڕۆڵە فیداکارەکانی گەلی کورد، پێشمەرگە خۆشەویستەکان و هەموو کۆمەڵانی کوردستان دەکا و هیواداره کە بە شێلگیربوون لە خەباتی سەخت و ڕەوای خۆیاندا بتوانن هەر ڕۆژە سەرکەوتنێکی تازەتر وەدەست بێنن.

٥_ کۆنگرەی شەشەم لەو بڕوایەدایە کە گەڵاڵەی خودموختاریی شوڕای نیشتمانی بەرگری نەزەری هاوبەشی ئەندامانی شوڕایە و هەرچەند داخوازە سیاسییەکانی گەلی کوردی تێدایە،

بەڵام لەگەڵ بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ خودموختاری لە هێندێ شتدا جیاوازیی هەیە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو کاتەدا کە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتی کە گەلاڵەی خودموختاریی شوڕای نیشتمانیی بەرگری پیادە بکا خەبات دەکا، هەقی بێ ئەملاوئەلای خۆیەتی کە لە هەمووی ڕێگای سیاسی و قانونییەوە بۆ پەرەپێدانی خودموختاری و گەیاندنی بەو پلەیە کە لە بەرنامەی حیزب بۆ خودموختاریدا هاتوە تێبکۆشێ.

ئاشکرایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو توانایەوە بۆ وەدیهاتن و جێبەجێ بوونی گەلاڵەی شوڕای نیشتمانی بۆ خودموختاری کوردستان هەوڵ دەدا و ئامادەیە لەو ڕێگایەدا لەگەڵ هەموو ئەندامانی شوڕای نیشتمانیی بەرگری بە هەموو توانایەوە هاوکاری بکا.

٦ـ پێویستە ڕابگەیەنین کە کۆنگرەی شەشەم تەنیا گەلاڵەی خودموختاریی شوڕای نیشتمانی قبووڵ دەکا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە نێوەڕکی هیچ کام لەو پەیام و ئاگادارییانە کە لە دەورووبەری گەلاڵەی خودموختاریدا لەلایەن ئەندامانی شوڕاوە دەرچوون، بە موتەعەهید نازانێ.

**بڕیاری چوارەم: لەسەر نامیلکەی «کورتە باسێك لەسەر سوسیالیزم»**

کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند کۆبوونەوەی خۆیدا بە درێژی لەسەر نیوەڕۆکی ئەو نامیلکەیە کە لە گەلاوێژی ١٣٦٢دا لەلایەن کۆمیسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەژێر ناوی «کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم»دا بڵاو کراوەتەوە باس و وتووێژی کرد. ئاکامی ئەم باس و بیروڕا گۆڕینەوەیە ئەمە بوو:

١ـ کۆنگرە بە شێوەیەکی گشتی نیوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە بەتایبەتی لەبارەی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی دیموکراتێکی سۆسیالیستییەوە تەئیید دەکا و لەو باوەڕەدایە کە ئەم سیاسەتە هەم لەگەڵ ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان یەک دەگرێتەوە، هەم سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەزمین دەکا و، هەم بناخەیەکی باش بۆ دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی دنیا لە حیزبی ئێمەدا دادەمەزرێنێ.

٢ـ کۆنگرە لە بەڕێوەبەرایەتیی تازەی حیزب داوا دەکا لە ڕێگای شیکردنەوەی زیاترەوە نیوەرۆکی ئەم نامیلکەیە بەرێتە نێو هەموو ڕیزەکانی حیزب و لەو بارەوە یەکیەتیی فیکری لە نێو ئەندامانیدا پێکبێنێ.

٣ـ کۆنگرە داوا لە بەڕێوەبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شەشەم دەکا کە نامیلکەی «کورتە باس» پاش چاوپێداخشاندنەوە و گونجاندنی هێندێک لە تێبینییەکانی بەشدارانی کۆنگرە، جارێکی دیکە لە تیراژێکی زۆردا بڵاو بکاتەوە.

٤_ کۆنگرە تەوسییە دەکا کە بۆ ئەوە نیوەرۆکی کورتەباس باشتر بچێتە نێو ئەندامانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵک، هەم بەشەکانی جیاوازی زیاتر شی بکرێتەوە و هەم لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی نووسراوە و دانانی سیمینار، کادرەکان و ئەندامانی حیزبی بەوردی لەو فیکرانە کە لە «کورتە باس»دا هاتوون ئاگادار بکرێن.

٥_ هەر لەو کاتەدا ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتی حیزبە کە بەپێی توانای بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی، هاوپەیمانانی ستراتیژێکی حیزبەکەمان تێبکۆشێ.

لە نێوخۆی وڵاتیشدا ڕێبەرایەتیی حیزب دەبێ هاوکاریی خۆی لەگەڵ ئەو هێزە سەربەخۆ و ڕەسەنانە کە بەختیاری دواڕۆژی خەڵکی ئێران لە جێگربوونی سۆسیالیزمدا دەبینن هەرچی زیاتر پەرە پێ بدا.

٦_ نەفیی یەکجاری سیستمی پڕ لە زوڵم و چەوساندنەوەی سەرمایەداری، هەوڵدان بۆ سیستمێکی دێموکراتی سۆسیالیستی و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان، ئەمەیە سیاسەتی ئوسوولیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**بڕیاری پێنجەم: لەسەر ئەرکەکانی دواڕۆژی حیزب**

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناتەواوییەکانی نێوخۆیی حیزب و گیروگرفتەکانی ڕێگای خەباتی دەستنیشان کردوە، ڕێگای چارەسەری کەموکوڕییەکانی نیشان داوە و ئەرکەکانی دواڕۆژی حیزبی دیاری کردوە. لەو پێوەندییەدا کۆنگرەی شەشەمی حیزب وێڕای پەسەندکردنی ئەوەی لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا هاتوە:

١_ داوا لە تەواوی کادرەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەکا کە بەوردی سەرنج بدەنە سیاسەت و ڕێنوێنییەکانی کۆنگرە و کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرە و؛ هەموو توانایان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکانە کە لە کۆنگرەی شەشەمدا بۆ ئەندامانی حیزب دیاری کراون، بخەنە کار.

٢_ کۆنگرە لە کۆمیتەی ناوەندی و هەموو ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری و کۆمیتەکانی شار و شارستان و ناوچەش داوا دەکا بەوردی چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی ئەرکەکانی حیزبیدا بکەن و دوو ئەسڵی «تەشویق، تەنبیە» لە حیزبدا بەچاکی بەڕێوە ببەن.

٣_ کۆنگرە لە تێکڕای لایەنگران و ئەندامان و کادرەکان و ئۆرگانەکانی حیزبی و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریش داوا دەکا کە بۆ بەرەوپێشچوونی هەرچی باشتری سیاسەتی حیزب و بۆ جێبەجێبوونی ئەرکی سەرشانی هەموو کادر و ئەندامانی حیزبە هەوڵ بدەن، تەشکیلاتی حیزبەکەمان زیاتر لە جاران لە سەرەوە بۆ خوارێ و لە خوارەوە بۆ سەرێ وەک ئۆرگانێکی چەسپاو و یەکپارچە و زیندوو هەڵسووڕێ.

***

# کورتەباس
## د. عەبدولڕەحمان قاسملوو

### ١. سۆسیالیزم «ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان»

**مەسەلەی «نەتەوەیی» و «کۆمەڵایەتی»:**
یەکەم پرسیار کە دێتە پێش ئەمەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ح.د.ک.ئـ) کە حیزبێکی «مارکسیست» یان «مارکسیست-لێنینیست» یان «کامونیست» و بەگشتی حیزبی چینی کرێکار نییە، بۆچی باسی سۆسیالیزم دەکا؟ وڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە: ح.د.ک.ئـ هەر چەند حیزبێکی دێموکراتی-میللییە، بەڵام هەر لەو کاتەدا حیزبێکی پێشڕەوە. حیزبی پێشڕەو بەو مانایە کە دەیهەوێ هاوڕێ لەگەڵ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی و وەرگرتنی مافی نەتەوەیی گەلەکەمان، مەسەلەی کۆمەڵایەتیش چارەسەربکا. لە دیاری کردنی ئەو ئامانجەدا، ئێمە نەک تەنیا ئەزموونی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، بەڵکوو ئەزموونی ڕابردووی نەتەوەی کوردیشمان بە تایبەتی لەبەرچاو گرتووە.

ئەو ئەزموونە چییە؟ ئەو ئەزموونە کە مێژووی جووڵانەوەی گەلی کورد نیشانی داوە ئەوەیە کە: ئەو حیزبەی دەیهەوێ جووڵانەوەی گەلی کورد بەڕێوەبەرێ، ئەگەر حیزبێکی ناسیۆنالیستی (نەتەوەیی) تەواو بێ، واتە تەنیا چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرێ، ئاکامی ئەوە دەبێ کە لە لایەک گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی بەبێ چارەسەرکردن هەروا دەهێڵێتەوە و بەم جۆرە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی کارێکی بێ سوود دەبێ، لەلایەکی دیکە چوونکە بەهەر حاڵ ناکرێ گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لەبیر بچێتەوە، بەناچار حیزبێکی دیکە پەیدا دەبێ کە تەکیە دەکاتە سەر جێبەجێ کردنی ئەو گیروگرفتانە و، بەم هۆیەوە بەشێکی زۆر لە زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ.

بۆ نموونە، لە کوردستانی عێراق پاش شۆڕشی ١٤ ی تەموز (ژوئیە) لە ساڵی ١٩٥٨، دوو جەرەیانی بەهێز پەرەیان گرت:

یەکەم- پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، کە تەکیەی دەکردە سەر مەسەلەکانی نەتەوەیی و بۆ ئەم مەبەستە حازر بوو لەگەڵ پاشکەوتووترین توێژ و چینەکانی کۆمەڵی کوردستانی عێراق هاوکاری بکا و لە هەر شێوەیەک کەڵک وەرگرێ و لەگەڵ هەر کەسێک دۆستایەتی بکا...

دووهەم- حیزبی شیوعی (کمونیست) ی عێراق کە تەکیەی دەکردە سەر گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی ڕاکێشانی زەحمەتکێشان بۆ لای خۆی.

بەڵام لە ئاخیردا بە تەواوی دەرکەوت کە هیچکام لەو دووانە ناتوانن سەرکەون و بە

باشی ڕوون بۆوە کە چ ئەو حیزبەی زیاتر بە گیروگرفتەکانی نەتەوەیی بایەخ دەدا و مەسەلەکانی کۆمەڵایەتی کەم و زیاد لەبیر دەباتەوە و چ ئەو حیزبەی تەنیا مەسەلەی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرێ و مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کورد کە لەم قۆناغەدا مەسەلەیەکی بنەڕەتیە لەبیردەباتەوە، یان بایەخێکی کەمتری بۆ دادەنێ، ناتوانن لە قۆناغی ئێستای خەبات دا بەڕێوەبەرایەتی جووڵانەوەی گەلی کورد بەدەستەوە بگرن و بیگەیەننە پلەی ئاخیری سەرکەوتن.

ح.د.ک.ئ هەر لە سەرەتاوە بە پێویستی زانیوە بەرنامەیەکی ئەوتۆ دابنێ کە هەم بەشێوەیەکی ئوسوولی و هەتا سەر مەسەلەی نەتەوەیی حەل بکا و، هەم گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتیش بخاتە بەرچاو و بۆ چارەکردنیان تێبکۆشێ. ئەم حیزبە لەکاتی پێکهاتنیەوە، واتە لە ساڵی١٩٤٥ـەوە حیزبێکی نەتەوەیی پێشڕەو بوە و لە ساڵی ١٩٧١ـەوە هەتا ئێستا، بەرنامەکەی بەتایبەتی لەسەر ئەساسی چارەسەرکردنی ئەو دوو مەسەلەیەی «نەتەوەیی» و «کۆمەڵایەتی» دانراوە.

**لەباری مەسەلەی نەتەوەییەوە، نێوەرۆکی ئەم مەسەلەیە لە ڕاستیدا ئەستاندنی مافی «دانانی چارەنووس»ـە.**

**ئەم مافە دەکرێ بە چەند شێوە جێبەجێ بکرێ:**

**یەکەم:** بە شێوەی «سەربەخۆیی» (استقلال) کە شێوەی هەرە بەناوبانگیەتی. نەتەوەیەک کە سەربەخۆیی وەردەگرێ، مافی چارەنووسی خۆی بە تەواوی دابین دەکا.

**دووهەم:** شێوەی «فیدراڵیزم» واتە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی حکوومەتێکی «فیدراڵ» دا.

**سێهەم:** خودموختاری.

ئێمە بە لەنەزەرگرتنی وەزعی کوردستانی ئێران و وەزعی تایبەتیی ئێران و وەزعی گشتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، خودموختاریمان هەڵبژاردووە و پێمان وایە بە وەدەست هێنانی خودموختاری مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران دا چارەسەر دەکرێ و ، ئەو کاتە ڕێگا خۆش دەبێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و لەنێوبردنی پاشکەوتوویی گشتیی وڵاتەکەمان.

بەڵام لەباری مەسەلەی کۆمەڵایەتییەوە، بە بڕوای ئێمە ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتی، پێکهێنانی سۆسیالیزمە. ئەساسی سۆسیالیزم لە ڕاستیدا لەنێوبردنی چەوساندنەوەی ئینسانە. ح.د.ک.ئ دەیهەوێ چەوساندنەوە لە کۆمەڵدا بەتەواوی لەبەین بچێ و لەبەر ئەوە پێکهێنانی سۆسیالیزمی وەک ئامانجێکی دواڕۆژ بۆ کۆمەڵی خۆمان لەبەرچاوە. کەوابوو قسەی هێندێک تاقم و دەستە کە دەڵێن دروشمی حیزبی دێموکرات وەرگرتنی خودموختارییە و لەپاشان کارێکی دیکە نامێنێ و دەبێ هەڵوەشێ و مەیدانی خەبات چۆڵ بکا، ئەگەر غەرەزی تێدا نەبێ، نیشانەی نەزانیە، چونکە پاش وەرگرتنی

خودموختاری، تازە دەبێ دەست بکەین بە پیادەکردنی بەرنامەکەمان کە ئاخرەکەی دامەزراندنی سۆسیالیزمە.

### سۆسیالیزم لەبەرچی ئامانجی «دوارۆژە»؟

لەپێشدا ئەوە بزانین کە بۆ گەیشتن بە ئامانج، دەبێ قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێش بچین و بۆ هەر قۆناغەی دروشمی تایبەتیمان هەبێ. بەگشتی حیزبێکی سیاسی سێ جۆر دروشمی هەیە:

یەکەم- «دروشمی ڕۆژ» کە دەکرێ لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراوی زۆر بچووک بێ. بۆ نموونە، ئەگەر لە شارەکان «نان» یان «نەوت» وەدەست نەکەوت، دەتوانین خەڵک هان بدەین بۆ ئەوەی کۆ ببنەوە و خۆپیشاندان پێک بێنن و داوای «نان» یان «نەوت» بکەن. شاگردی مەدرەسە دەتوانین هان بدەین بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ وەڕێکەون و داوابکەن: «مامۆستاکانیان تەبعید نەکرێن» و دروشمی دیکەی ئاوا.....

دووهەم- درێژتر لە دروشمی ڕۆژ ، دروشمی «تاکتیکی» یە. ئەگەر سەرنج بدەینە تێکۆشانی حیزب ، دەبینین کە لە پاش شۆڕشی ئێرانەوە هەتا ئێستا ، حیزب چەند جار تاکتیکی خۆی گۆڕیوە: لە سەرەتادا تاکتیکمان هاوکاری لەگەڵ ڕێژێمێک بوو کە بەدوای شۆڕشدا هاتبوە سەرکار. ئێمە پشتیوانیمان لە بەڕێوەبەرایەتیی خومەینی و لە ڕێژێمەکەی دەکرد و مەسەلەی خەباتی چەکداری لە گۆڕێ نەبوو. لە شەڕی سێ مانگەدا دەستمان کرد بە خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕژێمی خومەینی کە لە ڕاستیدا ئەو شێوە خەباتە ڕێژیم بەسەری داسەپاندبووین. پاش سەرکەوتن لە شەڕی سێ مانگەدا، سەرلەنوێ تاکتیکی خۆمان گۆڕی. بەڵام ئەم جارە لەجیاتی پشتیوانی لە ڕێژێمی خومەینی، دەمانەویست بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ مەسەلەی کوردستان، لەگەڵ دەوڵەت وتووێژ بکەین. تاکتیکی «وتووێژ»یش زۆر درێژەی نەکێشا و سەرلەنوێ شەڕی چەکداری دەستی پێکرایەوە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ، دەبینین کە تاکتیکی شەڕی چەکداریی ئێستامان لەگەڵ شەڕی چەکداریی سێ مانگەدا فەرقی هەیە: ئەو کاتە ئێمە شەڕمان دەکرد بۆ ئەوەی ڕێژێم ناچار بە وتووێژ بکەین، بەڵام ئێستا شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی ڕێژێم بڕوخێنین ، چوونکە لەم بڕوایەداین کە هیچ کام لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران، لە چوارچێوەی ڕێژێمی خومەینی دا وەدی نایە. واتە دروشمی ئێستای ئێمە: «ڕووخاندنی ڕێژێمی خومەینییە«.

بەم جۆرە دەبینین کە لەو ماوەیەدا چەند قۆناغ هاتۆتە پێش و بەپێی هەرکامیان ، تاکتیکمان گۆڕیوە و دروشمی تایبەتیمان داوە.

سێهەم- لە تاکتیک درێژتر «ستراتیژی» یە. قۆناغی ستراتێژیک ماوەیەکە کە چەند قۆناغی تاکتیکی دەگرێتەوە. ئێمە هەروەک ئیشارەمان پێکرد ، لە چەند ساڵی ڕابردوودا تاکتیکی خۆمان چەند جار گۆڕیوە ، بەڵام دروشمی ستراتیژیمان کە بریتی بوە لە: « دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران» چ ئەو کاتەی پشتیوانیمان لە ڕێژێمی خومەینی دەکرد، چ لە وەختی شەڕی سێ مانگەدا، چ ئەو دەمەی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت خەریکی وتووێژ بووین و، چ ئێستا کە دروشمی ڕووخاندنی ڕێژێممان هەڵگرتوە، هەر لە جێگای خۆی بووە و هەیە....

کەوابوو، قۆناغی ستراتیژیک درێژە و موومکینە پێنج هەتا دە یان تەنانەت بیست و پێنج ساڵ و زیاتریش بکێشێ. ئەوە بەستراوەتەوە بە زۆر هۆ و بەتایبەتی بەوە کە تا چ ڕادەیەک لە قۆناغێکی تاکتیکی تایبەتیدا سەرکەوتوو بووین و تا چ ڕادەیەک تاکتیکی باشمان بەکار هێناوە.

بەرنامەی سیاسی هەر حیزبێک، بەگشتی بۆ قۆناغێکی ستراتیژیک دانراوە و بەرنامەی حیزبی ئێمەش هەروایە.

بەڵام بێجگە لەوانەی گوترا، هەر حیزبێکی شۆڕشگێڕ پێڕەوی لە هێندێک ئوسوولیش دەکا کە بۆ دابین کردنی هەر کام لەو ئەسڵانە، مووومکینە بە چەند قۆناغی ستراتیژیکدا تێپەڕبێ.

بۆ ئێمە دامەزراندنی سۆسیالیزم ئەسڵێکی زۆر گرینگە. بۆ گەیشتن بەو ئەسڵەش، ئێستا لە ئاسۆی خەباتی گەلی کورددا، سێ قۆناغی ستراتیژیکمان لەبەرچاوە:

قۆناغی یەکەم– وەدەست هێنانی خودموختارییە.

پاش وەدەست هێنانی خودموختاری، هەتا پێکهێنانی هەلومەرجی پیادەکردنی سۆسیالیزم، دەبێتە قۆناغی دووهەم... ئەگەر ح.د.ک.ئ بتوانێ ئەو بەرنامەیەی ئێستا هەیەتی، پاش وەرگرتنی خودموختاری لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا جێبەجێ بکا ، سەرکەوتنێکی مێژوویی یەکجار گەورەی وەدەست هێناوە. بیست و پێنج ساڵ ئەگەرچی بە نیسبەت ژیانی یەک ئینسان ماوەیەکی زۆر دێتە بەرچاو، لە مێژووی نەتەوەیەکدا ماوەیەکی زۆر کەمە.

بە دوای جێبەجێ بوونی بەرنامەکەمان ، دەست دەکەین بە دانانی بەرنامەیەکی تازە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم. ئەوە قۆناغی سێهەمە. دامەزراندنی سۆسیالیزم بۆ خۆی ماوەیەکی زۆری دەوێ. لەوانەیە ژیانی دوو یان سێ نەسڵی بۆ تەرخان بکرێ. وڵاتی زۆر پێشکەوتوو لە ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا، وەک «ئاڵمانی دیموکراتی» یان « چێکۆسلۆواکی» کاتێک دەستیان کرد بە دامەزراندنی سۆسیالیزم ، لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بە سەدان ساڵ لە ئێمە لەپێشتر بوون، بەڵام هێشتاش ناڵێن کە لە وڵاتی ئەواندا سۆسیالیزمی تەواو، واتە ئەوەی پێی دەگوترێ: «سۆسیالیزمی پێشکەوتوو» پیادەکراوە.

کەوابوو، جێبەجێ کردنی ئەسڵێکی گرینگ وەک دامەزراندنی سۆسیالیزم کە بۆخۆمان دیاریمان کردوە و بروامان پێی هەیە ، سێ قۆناغی ستراتیژیکی پێویستە.

بەکورتی، ئێمە لە ئێستاوە، هەم دروشمی ڕۆژمان کە بەشێکە لە تاکتیکمان و، هەم دروشمی تاکتیکیمان کە بەشێکە لە ستراتیژیەکەمان و هەم دروشمی ستراتیژیکمان کە لەسەر ئەسڵێکی پیرۆز دانراوە، بە ڕوونی دیاری کردوە.

دامەزراندنی سۆسیالیزم، چارەسەرکردنی بنەڕەتی مەسەلەی کۆمەڵایەتیە. بەڵام ئەوە ئامانجی دوارۆژە و ، لە قۆناغی ئێستای خەباتدا ناتوانێ ببێ بە دروشمی ڕۆژ. تەنانەت مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم، بەو وەزعە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، ناتوانێ نەک تەنیا دروشمی ڕۆژ بێ، بەڵکوو لە ڕاستیدا بۆ قۆناغێکی تاکتیکیش ناکرێ باسی لەسەر بکرێ.... بەڵام هەر ئەوە کە لە ئێستاوە ڕادەگەیەنین:» ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان دامەزراندنی سۆسیالیزمە« ، ڕێبازی گشتیی حیزبەکەمان بۆ دوارۆژ دیاری کردوە و ئاسۆی سیاسەت و تێکۆشانەکەمان ڕوون کردۆتەوە. ئەوەشمان دیاری کردوە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا، کێ پشتیوانمانە، لەگەڵ کام چین و توێژێک دەبێ

و دەتوانین بچینە پێش. هەروەها ڕوونمان کردۆتەوە کە لە ئێران و لە دنیادا دۆست و هاوپەیمانەکانمان کێن؟

**٢. سۆسیالیزم چییە؟**

تا ئێرە وەک سەرەتایەک ڕوونمان کردەوە کە هۆی هێنانە گۆڕی سۆسیالیزم لە بەرنامەکەماندا چ بوە و، کوتمان کە: ئێمە وەک حیزبێکی پێشڕەو ، سۆسیالیزممان بۆیە هەڵنەبژاردوە چونکە وەک دروشمێک خەڵک پێی خۆشە، یان بۆ ئەوەی فلان دەستە و تاقم پێمان بڵێن:» پێشکەوتوو!» ئێمە سۆسیالیزممان لەپاش بیرکردنەوەیەکی ورد و لێکدانەوەیەکی قووڵ هەڵبژاردووە.

ئێمە وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕی و واقع بین، تێدەکۆشین بەگشتی، زۆرداریی نەتەوەیی لابەرین و گەلەکەمان هەست بەوە بکا کە خاوەنی چارەنووسی خۆیەتی و دەتوانێ فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی پەرە پێبدا. بەڵام هەر لەو کاتەشدا، هەوڵ دەدەین لە پێش هەمووانـدا ، زەحمەتێکشانی کوردستان کە زۆربەی گەلی کوردن، بە ئاواتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بگەیەنین کە ڕێگای وەدی هاتنی ئەو ئاواتەش، دامەزراندنی سۆسیالیزمە.

**سۆسیالیزم و سەرمایەداری:**

سۆسیالیزم وەک نیزامێک کە دژی سەرمایەداریە هاتۆتە مەیدان و، کاتێک ئێمە دەڵێین: سۆسیالیزممان دەوێ ئەوە بەو مانایەیە کە سەرمایەداری ڕەد دەکەینەوە و بڕوامان بەوە هێناوە کە سەرمایەداری وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن مێژووە مەحکوومە.

لەم قسەیە بەهاسانی دەردەکەوێ کە دروشمی ڕووخاندنی سەرمایەداری، کاتێک دەبێ هەڵ بگیرێ کە ئیمکانی دامەزراندنی سۆسیالیزم وەک ئەرکێکی هەرە نزیک پێکهاتبێ. ئەمە وڵامی هێندێک دەستەوتاقمە کە جارجار ڕەخنەمان لێدەگرن بۆ چی ئێمە لە دروشمەکانی ئێستاماندا دروشمی دژی سەرمایەداری ناگونجێنین؟ .

دیارە ئێمە کاتێک دەڵێین:»بمرێ ئیمپریالیزم» لە ڕاستیدا بە دژی سەرمایەداری دروشممان هەڵگرتوە، چوونکە ئیمپریالیزم سیستمی جیهانیی قۆناغی ئێستای سەرمایەداریە. بەڵام ئەگەر بێینە سەرباری نێوخۆی کوردستان، مەسەلەکە دەبێ بە جۆرێکی دیکە لەبەرچاو بگیرێ. واتە لەپێش دا دەبێ بپرسین کە ئێمە لە کوردستاندا بە دژی کام سەرمایەداری دەبێ دروشم هەڵبگرین؟ ئەو سەرمایەدارییە لە کوێیە؟

موومکینە ئاوا زانرابێ کە هەر کەس بۆ نموونە میلیۆنێک تمەنی پارە هەبێ سەرمایەدارە...

بەڵام لەباری علمیەوە، سەرمایەداری مانایەکی دیکەی هەیە.» مارکس» کە لە شیکردنەوەی سەرمایەداریدا هیچ کەس نایگاتێ، دەڵێ:»سەرمایە پێوەندێکی کۆمەڵایەتیە«. ئەم تەعریفە ڕەنگە لەبەرچاوی ئەو کەسانە کە هەر باسی سەرمایەکرا، فەوری گیرفانی پڕ لە دراو و موڵک وماڵیان وەبیردێتەوە، هێندێک سەیربێ. بەڵام لە ڕاستیدا، تەنیا ئەو کاتە دەتوانین باسی سەرمایەداری بکەین کە پێوەندێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی پێکهاتبێ. واتە، لەلایەک سەرمایەدار هەبێ و، لە لایەکی دیکە کرێکار و لە بەینی ئەو دووانەدا پێوەندی چەوساندنەوە دامەزرابێ. چەوساندنەوە لەبەر ئەوە کە کرێکار خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان(وسایل تولید) نیەو، بە

ناچار هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ.

کەوابوو، دەوڵەمەند و سەرمایەدار لێک جیان. هەر سەرمایەدارێک دەوڵەمەندە، بەڵام هەر دەوڵەمەندێک سەرمایەدار نییە. جا ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئاوا بڕوانینە کوردستانی ئێران، دەبینین کە ئێستا لە کوردستاندا دەوڵەمەند هەیە، بەڵام سەرمایەدارێکی ئەوتۆ وەبەرچاو ناکەوێ.

لەبەر ئەوە ، لە کوردستانی ئێستادا هەڵگرتنی دروشمی دژی سەرمایەداری پێویست ناکا. بەتایبەتی کە قۆناغی ئێستای خەبات قۆناغی میللی-دێمۆکراتییە و، سەرمایەداری لە کوردستان لە چینێکی یەکگرتوو و ڕێکخراوەدا خۆی نەتواندوە کە بەرامبەر بە داخوازی میللی-دێموکراتی ئێمە ڕابوەستێ. تەنانەت بە پێچەوانەی ئەوە، بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی بەتایبەتی لەشاردا کە زۆرتر بازاڕی و بازرگانە، بۆ خۆی یارمەتی خەباتی گەلی کورد دەدا و تێیدا بەشدارە.

**سۆسیالیزم و کار:**

ئێمە سۆسیالیزممان بۆیە هەڵبژاردوە کە چەوساندنەوە لەبەین بەرین. واتە ئەو ئەسڵە وەدی بێنین کە لە نووسراوەی بەناوبانگی:»ڕەخنە لە پرۆگرامی گۆتا» لەساڵی ١٨٧٥ بۆ یەکەم جار لەلایەن «مارکس» و «ئەنگێلس» ـەوە بە کورتی و بە ڕوونی بەیان کراوە، ئەویش ئەمەیە کە:

لە سۆسیالیزمدا، مەعیاری مافی ئینسان ، لەگەڵ ئەو مەعیارە لە سەرمایەداریدا فەرقی هەیە. هەتا پێکهاتنی کۆمەڵی سۆسیالیستی، یەکێک کە دراو، کارخانە، زەوی و شتی وای هەیە، وەزعی باشترە و باشتر دەژی، بەڵام لە کۆمەڵی سۆسیالیستی دا، ئەو ئیمتیازانە هەموو بەرەبەرە وەلادەچن و تەنیا یەک مەعیار دەمێنێتەوە کە ئەویش «کار»ە. واتە: هەر کەس بەپێی لێهاتوویی کاری پێ دەسپێردرێ و هەر کەسیش بەپێی کارەکەی ، حەقی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.

کەوابوو، ئیمتیازی نەژادی، چینایەتی، ئێرسی، عەشیرەتی، ئاینی و … هەموویان لە سۆسیالیزمدا لەبەین دەچن. ئێمەش سۆسیالیزممان هەر بۆیە هەڵبژاردوە کە ئەو ئیمتیازانە نەمێنن و تەنیا «کار» ببێتە مەعیار، چوونکە ئەوەی زۆر بە عادڵانەتر و ئینسانی تر دەزانین.

بەڵام با ئەوەش وەبیربێنینەوە کە مەعیاربوونی کار بەو مانایە نییە کە تەنیا دەبێ «ئەندازەی کار» لەنەزەربگیرێ. بۆ ئەوەی کار ببێتە مەعیار دەبێ سێ شت لەبەرچاوبێ:

یەکەم: ڕادە و چەندی کار.

دووهەم: چۆنیەتیی کار.

سێهەم: گرینگیی کارەکە بۆ کۆمەڵ.

بۆ نموونە: کاری دوکتۆرێک لەباری چۆنیەتییەوە لە کاری کرێکارێکی سادە بەرزترە. کاری ئەو کرێکارە کە لەبن ئەرز خەڵووز دەردێنێ، لە کاری کەسێک کە ڕۆژنامە دەفرۆشێ، بۆ کۆمەڵ گرینگترە. هەروەها سەبارەت بە کاری بەرپرسێک کە ئۆرگانێکی وڵاتەکەی بەڕێوەدەبا، یان کەسێک کە کارخانەیەکی گەورە بۆ وڵاتەکەی هەڵدەسووڕێنێ، یان زانایەک کە لێکۆڵینەوەی زانستی دەکا. ئەوانە دەبێ یارمەتی زیاتریان پێبدرێ و ئیمکاناتی پێویست بۆ

بەڕێوەبردنی کارەکەیان بۆ پێک بێ.

### سۆسیالیزم و ئابووری:

ئێستا بزانین لە باری ئابوورییەوە بۆچی سۆسیالیزممان هەڵبژاردوە؟

کوردستانی ئێران بەگشتی، ناوچەیەکی پاشکەوتوو لە وڵاتێکی پاشکەوتوو دایە. لەبەر ئەوەکە سۆسیالیزم گیروگرفتەکانی ئابووری زووتر و باشتر چارەسەردەکا، ئێمە بۆ لەنێوبردنی پاشکەوتوویی وڵاتەکەمان، سۆسیالیزممان هەڵبژاردوە.

سۆسیالیزم ئیمکانی ئەوە دەدا کە داهاتی نەتەوەیی وەک گرینگترین نیشاندەری وەزعی ئابووری هەر وڵاتێک، خێراتر پەرە بستێنێ و ئەو داهاتە عادڵانەتر دابەش بکرێ. ئەگەر لە وڵاتانی سۆسیالیستی دا ئەو سۆسیالیزمەی، کە پێی دەڵێن: «سۆسیالیزمی مەوجوود» یان «پیادەکراو» بخەینە بەرچاو، بۆمان دەردەکەوێ کە بێجگە لە هێندێک حاڵەتی تاک تاک، بەگشتی نیسبەتی داهاتی خەڵک نزیکەی یەک بە دەیە. واتە ئەگەر کەمترین ڕادەی داهاتی خەڵک لە مانگدا هەزار تمەن بگرین، ٩٥٪ ی خەڵک لە هەزار تا دە هەزار تمەن لە مانگدا وەردەگرن، یان بە جۆرێکی دیکە بڵێین: لەم وڵاتانەدا، داهاتی زۆربەی خەڵک لە مانگدا، لە هەزار تمەن کەمتر و لە دە هەزار تمەنیش زیاتر نیە. لە حاڵێکدا لە وڵاتانی سەرمایەداری، ئەو نیسبەتە زۆر جار دەگاتە یەک بە هەزار. واتە هی وا هەیە کە بۆ نموونە لە مانگدا سێ سەد دۆلاری داهاتە و، هی واش هەیە کە لە بەرامبەردا مانگهی سێ هەزار دۆلاری دەسکەوت دەبێ و، ژمارەی هەر دوو دەستە، لە کۆمەڵدا زۆرە. کەوابوو، لە وڵاتی سۆسیالیستیدا فەرق هێندە نییە، ئەگەریش هەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە و، ئەگەر وای لێ بێ کە ڕۆژێک ئەو فەرقە بگاتە یەک بە پێنج، ئەو دەم بە ڕاستی لەباری داهاتەوە جیاوازیەکی ئەوتۆ نامێنێ.

دیارە نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەو کارە لە سۆسیالیزمدا ، بەرەبەرە جێبەجێ دەبێ. چوونکە ئەگەر لەنەکاو بێ، زەرەرێکی زۆر دەگەیەنێ و لە ڕاستیدا ئەوەی کە پێی دەڵێن «یەکسانی» (ئێگالیتاریسم) ، لەسەرەتادا وەزعێکی وا پێک دێنێ کە مانیعی هاندانی خەڵک دەبێ بۆ ئەوەی کە هەموو لێوەشاوەیی و ئیمکاناتی خۆیان وەکار بخەن.

هەر لەسەر مەسەلەی داهات، ئیشارە بە یەک دوو خاڵی بچووکی دیکەش بێ کەڵک نیە:

یەکەم- ئێستاش لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا، هێندێک حاڵەتی تایبەتی، جارجار دەبینرێ. بۆ نموونە: ئیمکانی هەیە لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا یەکێک لە ڕێگای دزی، یان قاچاغچیەتییەوە چەند میلیۆن وەدەست بخا، بەڵام ئەمە هێندە گرینگ نییە، چوونکە لەلایەک بۆ ئەو چەشنە کارانە سزای زۆر توند دانراوە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە حاڵەتێکی ئاسایی ئابووری نیە و ئەساسی پێوەندیەکانی ئابووریی نیزام ناگۆڕێ.

دووهەم- دەبێ پێ لەوە بنێین کە جاری وا هەیە لە وڵاتی سۆسیالیستیشدا هێندێک ناعەداڵەتی ئابووری دێتە بەرچاو. بۆ نموونە ، ئەگەر کرێکارێک لەگەڵ ژنەکەی هەردووک کاربکەن، هەر دووکیان یارمەتی وەردەگرن. ژن و پیاوێکی کرێکاری دیکەش ئەگەر هەر لەو حاڵەدا بن و بەو فەرقە کە منداڵێکی زۆریان هەبێ، دیارە بۆ منداڵەکانیان هێندێک یارمەتی زیادی وەردەگرن، بەڵام ئەو یارمەتیە زیادیە هێندە نیە و لە نەتیجەدا، ئەو داهاتە کە

بەگشتی بەسەر حەوت هەشت کەسدا دابەش دەکرێ، کەمتر دەبێ لەوە کە تەنیا بەسەر دوو کەسدا دابەش بکرێ و ئەوە هێندێک ناعەداڵەتی پێش دێنێ.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە: ئەی کەنگێ کۆمەڵ یان نیزام بە تەواوی عادلانە دەبێ؟

وەڵام ئەوەیە کە: ئەو کاتەی «هەر کەس بەپێی لێهاتوویی خۆی کار بکا و بەپێی پێداویستیەکانی یارمەتی وەربگرێ». بەڵام ئەو نیزامە جارێ زۆر دوورە....

بەگشتی، ئەگەر ڕادەی هەڵدانی داهاتی نەتەوەیی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و لە وڵاتانی سەرمایەداریدا پێکەوە هەڵسەنگێنین، دەبینین کە لە وڵاتانی سەرمایەداریدا ئەم هەڵدانە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا سەدی سێیە، بەڵام لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا لە سەدی هەشت زیاترە. هۆی ئەو فەرقە ئەوەیە کە سۆسیالیزم دەتوانێ، بەتایبەتی لە سەرەتای دامەزرانیدا، تەواوی هێزی ماددی و ئینسانی وڵات وەگەڕ بخا و ، لەبەر ئەوە چەوساندنەوە نامێنێ و خەڵک لە ڕاستیدا بۆ خۆیان کار دەکەن و دڵگەرمی و تێکۆشانیان زیاترە، بوحرانی ئابوورییش کە لە تایبەتییەکانی سەرمایەدارییە، لە سۆسیالیزمدا نامێنێ و نابێتە کۆسپ و لە ئاکامدا هەموو کارێک خێراترو زووتر بەرەوپێش دەچێ.

### ٣. سۆسیالیزمی مەوجوود

بە ڕاشکاوی دەبێ پێ لەوە بنێین کە شێوەی هەڵدانی سۆسیالیزمی مەوجوود لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا بە تەواوی جێگای ڕەزامەندی نییە و هێندێک هەڵە لەم بارەوە کراون کە زۆربەیان لە هەڵ و مەرجی تایبەتی و عەینییەوە سەرچاوەیان گرتووە. بزانین ئەو هەڵانە و هۆی ڕوودانیان چییە؟

### سۆسیالیزم لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا:

«مارکس» و «ئێنگلس» لە مانیفێستی حیزبی کمونیستدا دەڵێن: «پرۆلیتاریا نیشتمانی نییە، نیشتمانی پرۆلیتاریا هەموو جیهانە«. سۆسیالیزمیش هەرگیز دیاردەیەکی نەتەوەیی نەبوە و سیستمێکی جیهانییە. «مارکس» و «ئێنگلس» پێشبینیان دەکرد کە سۆسیالیزم دەبێ لە پێشدا لە وڵاتی هەرە پێشکەوتووی سەرمایەداری و ئەویش لە چەند وڵاتدا سەرکەوێ، بۆ ئەوەی ببێتە سیستمێکی جیهانی.

بەڵام مێژوو قانوونی تایبەتی خۆی هەیە. تیئۆرییەک بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ دادەنرێ، بەڵام ڕەوڕەوەی مێژوو کۆمەڵ بەرەو جێگایەکی دیکە دەبا، ئەمجا تیئۆری ناچارە خۆی لەگەڵ واقعییەت ڕێک بخا.

هەڵکەوتی مێژوو ئەوە بوو کە ئیمکانی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە پێشدا ، لە وڵاتێکی غەیری ئەوە پێک بێ کە «مارکس» و «ئێنگلس» پێشبینیان دەکرد، واتە لە ڕوسیەدا کە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەهیچ جۆر ئامادەیی بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم نەبوو. بێجگە لەوەش لەباری حکوومەتیەوە سەرەڕۆترین وڵاتی ئورووپا بوو، و لەتەواوی مێژووی خۆیدا، ڕۆژێک ئازادی و دێموکراسی بەخۆیەوە نەدیبوو. جا لە وڵاتێکی ئاوادا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێکهات و بۆ «لێنین» و مارکسیستەکانی دیکە ، مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم بەکردەوە هاتە گۆڕێ.

ئەوان دوو ڕێگایان لەپێش بوو: یان دەبوا بە قسەی هێندێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی حیزبی باڵشەویک بکەن کە دەیانگوت دەبێ جارێ واز لە دروستکردنی سۆسیالیزم لە ڕوسیەدا بێنین و هەتا پێکهاتنی ئیمکانی دامەزراندنی لە چەند وڵاتی دیکەش ، دەست ڕابگرین، یان وەک لێنین و لایەنگرەکانی تێبکۆشن سۆسیالیزم لەو وڵاتەدا دابمەزرێنن و ئەو وڵاتە بکەنە بنکە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم لە وڵاتانی دیکەدا....

بەڵام هەر وەک گوتمان ئەو وڵاتە واتە ڕووسیە ، بە هیچ جۆر ئامادەیی بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم نەبوو. (چوونکە هێندێک گیروگرفتی هەبوون کە سەرمایەداری لە چەند وڵاتی ئوروپایی و لە ئەمریکای شیمالیدا لەمێژ بوو تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەری کردبوون و لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ، لێنین و هاوڕێیەکانی ، تازە دەبوا لە ڕووسیەدا چارەسەریان بکەن وەک: مەسەلەی سەنعەتی کردنی وڵات ، مەسەلەی زەوی و زار، مەسەلەی نەتەوەیی، مەسەلەی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە مەزهەب، مەسەلەی خوێندەوارکردنی کۆمەڵانی خەڵک و زۆر مەسەلەی دیکە)...

با لەسەر هێندێک لەو مەسەلانە و ڕێگای چارەسەرکردنیان و بەرهەمی ئەو ڕێگا چارانە کەمێک درێژتر قسە بکەین:

نوسراوەکانی «لێنین» لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ، بەباشی نیشان دەدەن کە لێنین لە سەرەتادا بە هیچ چەشنێک نەزەری ئەوە نەبوو کە تاقە حیزبێک دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ و هەتا ساڵی ١٩١٨ ش لەو بڕوایەدا بوو کە حیزبی باڵشەویک دەبێ لەگەڵ حیزبەکانی دیکە هاوکاری بکا و بە هاوکاری هەمووی ئەوانەی سۆسیالیزمیان مەبەست بوو، کۆمەڵێکی سۆسیالیستی دابمەزرێنێ. بەڵام هێندێک گیروگرفت هەر لە سەرەتاوە پێش هاتن کە بۆ بەربەرەکانی و چارەسەرکردنیان وایان بەباش زانی بەرەبەرە سیستەمی تاقە حیزبی دابمەزرێنن.

یەکێک لەو گیروگرفتانە مەسەلەی زەوی و زار بوو:

(کاتێک شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەرکەوت، دانیشتوانی لادێ لە ڕوسیە واتە «موژیک» وەک کۆیلە وابوون و لەگەڵ زەوی دەفرۆشران. ئەم کارە بە «سێرواژ» ناوی دەرکردبوو. لە ڕاستیدا ماوەیەک پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ، «سێرواژ» بەڕەسمی هەڵوەشێنرابوو، بەڵام شوێنەواری هەر مابوو) لە ساڵی ١٩١٨ دا ، ئەوانەی کە پێیان دەگوتن «سۆسیال ڕێوۆلوسیۆنێر» (سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ ) یان زۆر بەکورتی: ئێس-ئێڕ (S-R) ، بەرامبەر بە باڵشەویکەکان ڕاوەستان. ئەوانە بەپێی نووسراوەکانی لێنین، نفووزێکی زۆریان لەنێو جووتیاراندا هەبوو و ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی بەناوی «جان ڕید» یش لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی: «ئەو دە ڕۆژەی دنیایان وەلەرزە خست» دا، ئەم ڕاستیەی بە جوانی باس کردوە.

لێنین بەتایبەتی بە مەبەستی ڕاکێشانی جووتیاران و بەشدارکردنیان لە حکوومەتدا ، یەکیەتیی حیزبی باڵشەویک لەگەڵ «ئێس-ئێڕ»ەکانی هێنایە گۆڕێ. کەوابوو دروشمی یەکیەتیی کرێکاران لەگەڵ جووتیاران ، کە بوو بە ئەسڵێکی پەسندکراو لەلایەن حیزبی باڵشەویکەوە لەجەرەیانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا هاتە گۆڕێ و لە زەمانی «مارکس» و «ئێنگلس» دا باسی ئەم یەکیەتییە بەم شێوەیە نەبوو. دروشمی وان بریتی بوو لە :»پڕۆلێتێرەکانی جیهان یەکبگرن!».بەهەرحاڵ، «ئێس-ئێڕ»ەکان لە ئاخردا نەچوونە ژێرباری

ئەو یەکیەتییە و مێژوو دەریخستوە کە تەنانەت خەریک بوون کودێتا بکەن و بۆ خۆیان دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرن. کە باڵشەویکەکان پێیان زانی و زووتر جووڵانەوە. («ئێس-ئێر»ـەکان دەیانگوت کە لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ش دا ، باڵشەویکەکان کۆدێتایان کردوە نەک شۆڕش و ئەوەیان بەتایبەتی بۆیە دەگوت کە لە سەرەتادا شۆڕش بە دانی کوژراوێکی زۆر کەم سەرکەوت و تەنانەت لە گرتنی کۆشکی زستانییشدا زیاتر لە چەند سەد کەس نەکوژران. لەپاشان «ئێس-ئێر»ـەکان داوایان کرد سەرباز و جووتیارەکان کە چەکدار بوون، بە دژی باڵشەویکەکان ڕاپەرن و ئەو کاتە بوو کە هەر وەک گوتمان ، حیزبی باڵشەویکیش ناچار بوو سەرکوتیان بکا و دەسەڵات بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ. بەم جۆرە بەرەبەرە مەسەلەی زاڵبوونی تاقە حیزبێک و دامەزراندنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە عەمەلدا هاتە گۆڕێ).

هۆیەکی دیکە کە جەرەیانی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی تاقە حیزبی خێراتر کرد، گەمارۆدانی ڕوسیەی سۆڤیەتی لەلایەن وڵاتانی سەرمایەدارییەوە بوو، ڕوسیەی سۆڤیەتی هەتا ساڵی ١٩٢٠ لەلایەن ١٤ دەوڵەتی سەرمایەداریی ڕۆژئاواوە بە یارمەتی دژی شۆڕشی نێوخۆ ، گەمارۆ درابوو. تەنیا پاش دوو ساڵ شەڕ و لەخۆبوردوویی گەورە بوو کە باڵشەویکەکان توانیان سەرکەون. دوو ساڵ پاش تر واتە لە ساڵی ١٩٢٢ دا، جەمهوورییەکانی ڕووسیەی سۆڤیەتی یەکتریان گرت و یەکیەتیی سۆڤیەتییان پێکهێنا و بەم جۆرە ئیمکانی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا پێکهات.

بەڵام هەروەک لە پێشوودا گوتمان، ئەم کۆڵەبارە قورسایی چەند سەد ساڵ و پاشکەوتوویی ئیمپراتۆری ڕووسیەشی لەگەڵ بوو. سۆسیالیزم دەبوا لە پێشدا مەسەلەی سەنعەتی کردن، مەسەلەی نەخوێندەواری، مەسەلەی ئەرزی، مەسەلەی میللی و زۆر گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووریی دیکەش چارەسەر بکا کە لە هێندێک وڵاتی سەرمایەداریدا تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر کرابوون. هەر بۆیەش دامەزراندنی سۆسیالیزم زۆر بە زەحمەت بەرەوپێش دەچوو. بۆ نموونە، تەنیا لە ساڵی ١٩٢٩ واتە دوازدە ساڵ پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دابوو کە یەکەم بەرنامەی ئابووریی پێنج ساڵە دەست پێکرا.

پاش کۆچی دوایی لێنین لە ساڵی ١٩٢٤ دا، بەرەبەرە وەزع لە یەکیەتیی سۆڤیەت و بەتایبەتی لەنێو حیزبی کومونیست (حیزبی باڵشەویک) دا گۆڕا. «ستالین» کە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، لە جیاتی دێموکراسی لەنێو حیزب و لە نێو وڵاتدا، لەژێر ناوی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا ، دیکتاتۆریەکی شەخسی خۆی جێگیر کرد. ئەمە لادانێکی زۆر گرینگ لە ڕێبازی ڕاستەقینەی حیزبی باڵشەویک بوو کە هەتا ئێستاش شوێنی خۆی لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا بەجێ هێشتوە.

بەگشتی لەژێر پێنانی دێموکراسی یەکێک لە دیاردەکانی زەمانی ستالینە. لە زەمانی ستالین دا بوو کە گرینگی دانی لە ڕادەبەدەر بە نەخشی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، هەروەک ئیشارەمان پێکرد ، بەرەبەرە بوو بە دیکتاتۆریی حیزب و دیکتاتۆریی حیزبیش بوو بە دیکتاتۆریی سکرتێری حیزب واتە ستالین، کە حیزبی باڵشەویکی بەتەواوی خستبوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

یەکێک لە دیاردەکانی نەمانی دێموکراسی، نەگیرانی کۆنگرەی حیزبی بوو. لە ساڵی

١٩١٧ـەوە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێکهات هەتا ساڵی ١٩٢٤ کە لێنین زیندوو بوو، هەموو ساڵێک کۆنگرەی حیزبی باڵشەویک گیراوە. لەو کۆنگرەدا ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش کراوە، لەسەر گیروگرفتەکان باس کراوە و هەموو کەس بە ئازادی نەزەری خۆی داوە. بەڵام پاش کۆچی دوایی لێنین بەرەبەرە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە زیاتر بوو هەتا وای لێهات کە ئاخر کۆنگرەی زەمانی ستالین واتە کۆنگرەی نۆزدە، لەگەڵ کۆنگرەی هەژدە، سێزدە ساڵیان بەین بوو! دیارە سازبوونی شەڕی دووهەمی جیهانییش لەو کارەدا بێ ئەسەر نەبوو بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ڕێزدانان بۆ پێڕەوی نێوخۆی حیزب، بۆ ستالین بێگانە بوو.

لە زەمانی دەسەڵاتداریی ستالیندا، زۆربەی ئەوانەی کە لەگەڵ شێوەی بەڕێوەبەریی ستالین موافیق نەبوون، وەلانران و پاک کرانەوە. نموونەی زۆر بەرچاوی ئەو کارە، کۆمیتەی حیزبی باڵشەویک لە «لێنینگراد» بوو کە هەموو ئەندامەکانی لەبەین بران.

لە مەیدانی ئابوورییشدا، لە نێوچوونی دێموکراسی و پەرەگرتنی دەسەڵاتی شەخسی ستالین، بوو بەهۆی زۆر هەڵە و کەم و کووڕی. بۆ نموونە باسی پێکهێنانی «کەڵخۆز»ـەکان دەکەین کە ئەو کارە لەسەر ئەمری ستالین ئەنجام درا و شوێنێکی گەورەی لەسەر وەزعی ئابووریی یەکیەتیی سۆڤیەتی دانا.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، نەزەر ئەوە بوو کە زەویش وەک کارخانەکان میللی بکرێ. بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە لە وڵاتێکی پاشکەوتووی وەک ڕووسیەدا کە لەباری تێکنیکی کشتوکاڵەوە زۆر لەپاش بوو، ئەم کارە سەرناکەوێ. لەجیاتی ئەوە بێجگە لە هێندێک جێگا کە ئیمکاناتی میللی کردنی زەوی و پێکهێنانی شیرکەتی دەوڵەتی بەناوی «سەوخۆز» هەبوو، باشتر ئەوە بوو لەپێشدا زەوی لەنێو جووتیاراندا بەشبکرێ و لە پاشان ئەم جووتیارانە بەرەبەرە هان بدرێن بۆ ئەوەی شیرکەتی تەعاونی (کەڵخۆز) پێکبێنن. ئەسڵ ئەوەبوو کە جووتیاران هان بدرێن بۆ ئەوەی بە مەیلی خۆیان و لەسەر داخوازی خۆیان ببن بە ئەندامی کەڵخۆز، ئەویش کاتێک دەبێ کە باوەڕ بەوە بێنن کە ئەگەر بچنە نێو کەڵخۆز، وەزعی ئابووریان باشتر دەبێ و داهاتێکی زیاتریان لەوە کە لە سەر زەوی تایبەتی خۆیان بە تەنیایی کاربکەن وەدەست دەکەوێ.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە، ستالین جووتیارانی بە زۆری ناچارکرد کە زەویەکانیان بخەنە سەریەک و کەڵخۆز دروست بکەن. ئەم کردەوەیە ئێستاش شوێنەواری هەر ماوە و حکوومەتی سۆڤیەتی هێشتا نەیتوانیوە گیروگرفت و پێوەندیەکانی کشتوکاڵ بە قازانجی سۆسیالیزم چارەسەر بکا. تەواوی ئەو کەسانەی لە تاریخدا ئاگادارییان هەیە دەزانن کە زەمانێک «ئۆکراین» بە عەمباری گەنمی دونیا دەناسرا، بەڵام ئێستا یەکیەتیی سۆڤیەتی ناچارە هەموو ساڵێک گەنم لە ئەمریکا بکڕێ... چونکە ئەگەر لە ئابووریی وڵاتێکدا شێوە هەڵسوڕانێک جێگیر بوو هەروا بە سووک و هاسانی لەبەین ناچێ و دانانی شێوەیەکی تازە، خەباتێکی دوورودرێژی پێویستە.

مەبەست لەم باسەدا هەروەک لە هەوەڵدا گوترا، ئەوە بوو کە نیشان بدەین دامەزراندنی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا کە هەلومەرجی تێدا ئامادە نیە، تووشی چەندە تەنگ و چەڵەمە دەبێ و بەرهەمی چەندە خراپی لێ پەیدا دەبێ... ئەگەر کەسێک وەک ستالین توانی هەموو دەسەڵاتێک لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بەدەستەوە بگرێ و دێموکراسی ئاوا لەژێر پێ بنێ،

هۆیەکەی هەر دەکەوێتە سەر ئەو تەنگ و چەڵەمانە، ئەگینا لێنین بۆ خۆشی تا ڕادەیەکی زۆر ستالینی ناسیبوو و لەنامەیەک کە لە پێش کۆچی دواییدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسیویەتی گوتویە: بۆ سکرتێری حیزب یەکێک پەیدا بکەن کە هەموو تایبەتیەکانی ستالینی لەباری کارەوە هەبێ، بەڵام وەک ئەو توندوتیژ نەبێ! ( لەم نامەیەدا کە ئەندامانی حیزب هەر نەشیاندەزانی هەیەو بە دەستووری ستالین شاردرابۆوە هەتا زەمانی « خرۆشۆڤ» دا بڵاوکرایەوە، لێنین لە ڕێکەوتی پێنجی مارسی ١٩٢٣ دەڵێ:» .... بۆیە پێشنیار دەکەم هاوڕێیان ڕێگایەک ببیننەوە بۆ ئەوەی ستالین لەو مەقامە هەڵبگرن و کەسێکی دیکەی لە جێگا دابنێن.....»

سەرەڕای هەمووی ئەوانە، چاوخشاندنێک لە سەرکەوتنە مەزنەکانی سۆڤیەتی، زۆرباش دەتوانێ نیشاندەری سەرکەوتنەکانی بێ وێنەی سۆسیالیزم بێ. چوونکە لەسەر ئەو هەموو پاشکەوتوویەی ڕووسیەو لەسەر ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمەیە ، لە ئەنجامی لەخۆبوردوویی و تێکۆشان و هەستی شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشانی وڵاتی سۆڤیەت، یەکیەتیی سۆڤیەتی توانیویەتی بگاتە ئەو جێگا مەزنەی کە دەی بینین!....

**سۆسیالیزم لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا:**

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا ، بێجگە لە «یۆگۆسلاوی» و « ئالبانی»، دەسەڵاتی سۆسیالیستی بە هاتنی ئۆردووی سوور دامەزرا.

«یۆگۆسلاوی» و « ئالبانی»، بەبێ یارمەتی ڕاستەوخۆی ئۆردووی سوور، خۆیان ڕزگارکرد. «چێکۆسلۆواکی» ش ئەگەرچی بەهۆی ئۆردووی سوور ئازادکرا، بەڵام ئۆردووی سوور لەپاشان بۆ خۆی کشاوە و بەدوای ئەودا، حیزبی کومونیست لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازاد، زۆربەی دەنگی هێناوە و دەوڵەتی پێکهێنا. «چێکۆسلۆواکی» تەنیا وڵاتی ئورووپای ڕۆژهەڵات بوو کە لەوێدا حیزبی کومونیست لەماوەی نێوان دوو شەڕی جیهانیدا، نفوزێکی زۆری هەبوو و بە ئاشکرا وەک حیزبێکی قانوونی تێدەکۆشا. بەڵام لە «ڕۆمانی» دا ئەو وەختەی بە دەستی ئۆردووی سوور ئازادکرا، ژمارەی ئەندامانی حیزبی کومونیست نەدەگەیشتە هەزار کەس. «مەجارستان» یش هەروا بوو.

لەو وڵاتانەدا، کاتێک مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم هاتە گۆڕێ، هێنایان ئەوەی لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا کرابوو، وەک نموونەی سۆسیالیزم کەڵکیان لێوەرگرت، بێ ئەوەی هەلومەرجی تایبەتیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و مێژوویی ئەو وڵاتانە لەبەرچاوبگرن. ئەم چەشنە دامەزراندنەی سۆسیالیزم بوو بە هۆی هێندێک گیروگرفت کە چەند نموونەیەک لەوان باس دەکەین:

کاتێک یەکیەتیی سۆڤیەتی دەستی بە دامەزراندنی سۆسیالیزم کرد، ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکەی لە سەدوحەفتا میلیۆن کەس تێدەپەڕی. بەڵام ئەو دەمەی کە دەسەڵاتی سۆسیالیستی لە مەجارستاندا سەرکەوت، ئەم وڵاتە نۆ میلیۆن کەس دانیشتووی هەبوو. وڵاتێکی سەدوحەفتا میلیۆنی، ئیمکاناتی ئەوەی هەیە کە هەموو سەنعەتێکی قورس وەک سەنعەتی ئاسن و پۆڵاتواندنەوە، پێترۆشیمی، ئەلەکترۆنیک و تەنانەت سەنعەتی ئەتۆمیش بۆ خۆی دروست بکا. بەتایبەتی کە وڵاتی سۆڤیەت ئەو کاتە تەنیا بوو و لەلایەن وڵاتانی

سەرمایەدارییشەوە گەمارۆی ئابووری درابوو. بەڵام ئاشکرایە کە وڵاتێکی نۆ ملیۆنی وەک مەجارستان نەیدەتوانی ئەو هەموو سەنعەتە قورسە دروست بکا، چوونکە نە ئیمکاناتی ژێرزەوی خاکەکەی و نە هێزی ئینسانی و نە سەرمایەکەی، ئیجازەی ئەو کارەی پێ نەدەدا. سەرەڕای ئەوە، لە ڕووی نموونەی یەکیەتیی سۆڤیەتییەوە مەجارستانیش دەستی کرد بەوە کە سەنعەتی قورس دروست بکاو چەند گەڵاڵەی لەم بارەوە دەست پێکرد کە هەر کامەی چەندین میلیارد خەرجی هەڵگرت و هەموو ئیعتیباری ماڵیی وڵاتی بەخۆیەوە گرت و یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو کارە ئەوە بوو کە خەڵک بۆ پێداویستە سەرەتاییەکانی خۆیان کەوتنە تەنگانەوە.

باسی مەجارستان بۆیە بۆ نموونە هات چوونکە لەچاو وڵاتانی دیکە وڵاتێکی پاشکەوتوو بوو. بەڵام لە ڕاستیدا هەروەک لە هەوەڵەوە گوترا، هەموو وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، هەرکام بە چەشنێک تووشی تەنگانە هاتن. نموونەیەکیش لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک چێکۆسلۆواکی بێنینەوە: ئەم وڵاتە لەباری کەوش دروست کردنەوە ، پێشکەوتووترین وڵات و بەتایبەتی زۆر پێشکەوتووتر لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو.

«باتیا» کە لە کوردستانی خۆماندا بە «پاتە« ناوی دەرکرد بوو، کابرایەکی خەڵکی چێکۆسلۆواکی بوو کە کارخانەیەکی گەورەی کەوش دروست کردنی لەو وڵاتە دامەزراندبوو. بەڵام لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجا دا، هەیئەتێک لە چێکۆسلۆواکی ڕا چوون بۆ مۆسکۆ بۆ ئەوەی بزانن لە یەکیەتیی سۆڤیەت کەوش چۆن دروست دەکەن، هەتا ئەوانیش لە وڵاتی خۆیاندا هەر ئاوا کەوش دروست بکەن! تەنانەت لەوەش سەیرتر، چوون نیمکەتی مەدرەسەیان لە یەکیەتی سۆڤیەتی ئەندازەگرت و هاتن لە چێکۆسلۆواکیش هەر بەو ئەندازەیە نیمکەتیان دروست کرد، بەڵام لەدواییدا، دەرکەوت کە منداڵانی چێکۆسلۆواکی لە منداڵانی سۆڤیەت هێندێک کەڵەگەتتر و پان و پۆڕترن و لەو نیمکەتانەی یەکیەتی سۆڤیەتیدا بە تەواوی جێگایان نەدەبۆوە و بە ناچار ئەندازەکەیان گۆڕی.

مەبەست لەو نموونانە ئەوە بوو کە نیشان بدەین لە لاساکردنەوەی سۆسیالیزمی سۆڤیەتیدا گەیشتبوونە چ جێگایەک!!. لەباری سیاسیشەوە، دەستتێوەردانی یەکیەتیی سۆڤیەتیی زەمانی ستالین، لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانە، لە ڕادەبەدەر بوو. «بێریا» کە لە زەمانی ستالین دا بەرپرسی «ک،گ،ب» بوو، بە تاوانبارکردن و ئیعدامی زۆر کەس ، بەزمێکی وای بەسەر خەڵکی وڵاتەکانی سۆسیالیستیدا هێنا و وەزعێکی پۆلیسی وا نالەباری لەنێو حیزبە کومونیستەکانی ئەو وڵاتانەدا زاڵ کرد کە بەڕاستی دژی سەرەتایی ترین ئوسوولی سۆسیالیزم بوو. لە بولغارستان: «کۆستۆف» ( ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سەرکۆمار) لە مەجارستان :»ڕایک» (سکرتێری حیزب لە زەمانی شەڕدا و وەزیری کاروباری دەرەوە)، لە چێکۆسلۆواکی: «سلانسکی» (سکرتێری گشتیی حیزب) ئیعدام کران. سکرتێرە گشتیەکانی ئێستای حیزبە کمونیستەکانی چێکۆسلۆواکی و مەجارستان «هووساک» و «کادار» هەردووکیان لە زەمانی ستالین لە زینداندا بوون.

ئەو چەشنە گیروگرفتانە بوون بەهۆی پێکهاتنی ناتەبایی زۆر گەورە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا، کە لە ڕێگای پێشکەوتنی سۆسیالیزمدا بوون بە کۆسپ. لە مەجارستان، لە ساڵی ١٩٥٦ دا، شەڕ و ناکۆکی و کوشتار ساز بوو، ئەگەر لەشکری سوور دەخالەتی نەکردبا،

شوێنەوارێک لە سۆسیالیزم لەو وڵاتەدا نەدەما. لە لەهستانیش هەر لەو ساڵەدا ئاڵۆزیەکی گەورە پێکهات و بە زەحمەت پێشگیری لە خوێنڕشتن کرا. لەپاشان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە، چوون «گۆمۆلگا» یان کە لە زیندان دابوو هێنا دەرێ و وەک قارەمانی میللی کردیان بە سکرتێری حیزب. ماوەیەکی زۆریشیان ئیمکان پێدا کە وڵات بەڕێوەبەرێ، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا و بە پێچەوانە وەزعەکەی بەتەواوی ئاڵۆز کرد، چوونکە هەر لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی پێش ساڵی ١٩٥٦، واتە زەمانی ستالین دەڕۆیی. تەنگ و چەڵەمەی ئێستای «لەهستان»یش هەر بەرهەمی ئەو وەزعە ناڵەبارەیە کە لە درێژایی ئەو ساڵانەدا پێکهاتووە...

لێرەدا جێگایەتی کە دیسانیش ئەم ڕاستیە دوو پات بکەینەوە کە ناکرێ تاوانی ئەو هەموو هەڵەیە بە تەنیا بخەینە سەرشانی ستالین، بەڵکوو هەروەک گوترا سەرچاوەی پێکهاتنی ئەو وەزعە، لەپێشدا ئامادە نەبوونی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم لە ڕوسیەدا بوو، کە شەخسیەتی پڕ لە ناتەبایی ستالینیش ، خۆی یەکێک لە بەرهەمەکانی بوو...

**وڵاتانی سۆسیالیستی و دێموکراسی:**

ئەوەی کە لەسەر گیروگرفت لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا گوترا، بەو مانایە نییە کە سۆسیالیزم لەو وڵاتانەدا هیچ سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، یان سۆسیالیزم توانای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی نیە، یان لە وڵاتانی دیکەدا گیروگرفت نیە. هەر وەک لەسەر یەکیەتیی سۆڤیەتی باسکرا، سۆسیالیزم لەو وڵاتانەدا کە دامەزراوە، سەرکەوتنی زۆر گەورەی وەدەست هێناوە. بەڵام ئەگەر هەلومەرجی تایبەتی ئەو وڵاتانە لەنەزەر بگیرایە و لاساکردنەوەی تێدا نەبوایە، سەرکەوتن زۆرتر دەبوو و گیروگرفتیش کەمتر.

هیچ گومان لەوەدانییە کە هەر کام لە وڵاتانی سۆسیالیستی، لێوەشاوەیی ئەوەیان هەیە تەنگ و چەڵەمەکانی دامەزرانی سۆسیالیزم لەنێو بەرن. بەڵام بۆ ئەم کارە، بەشداری هەموو خەڵک پێویستە و هەوەڵ هەنگاو ئەوەیە کە، بە خەڵک ڕێگا بدرێ بە ئازادی نەزەری خۆی لەسەر گیروگرفتەکان دەرببڕێ و بیروبڕوا ئاڵوگۆڕ بکا. لێرەدایە کە مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی واتە دێموکراسی دێتە گۆڕێ.

بۆ سادەکردنەوەی ئەم باسە باشترە کە چەند بەشی دێموکراسی لێک جیابکەینەوە، هەر چەند کە دێموکراسی لە ئەساسدا بەش ناکرێ و هەموو بەشەکانی پێوەندی دیالێکتیکییان پێکەوە هەیە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ئەسڵی باسەکە، ئەم بەشکردنە پێویستە کە ئێمە ناویان دەنێین: دێموکراسیی کۆمەڵایەتی، دێموکراسیی ئابووری و دێموکراسیی سیاسی.

لەسەر دێموکراسیی ئابووری، پێشتر باسمان کردوە. ئەو دێموکراسیە بەگشتی لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا لە وڵاتانی سەرمایەداری زیاترە. چوونکە داهاتی نەتەوەیی عادڵانەتر دابەش دەکرێ. دیارە ئەو داهاتە موومکینە کەم یان زۆر بێ. ڕاستە کە کرێکاری نێونجی سۆڤیەتی، ئێستاش پایەی ژیانی ئابووری لە کرێکاری نێونجی وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو نزمترە، کە ئەمە خۆی هۆی مێژوویی هەیە، بەڵام ئەوەندە کە هەیە، عادڵانەتر دابەش دەکرێ و ئەوە بە تەواوی ڕوونە.

لەباری دیموکراسیی کۆمەڵایەتیشدا ، وەزع هەر بەم جۆرەیە. چوونکە ئەو یارمەتیەی کە دەوڵەت لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا بۆ پەروەردەکردن و بارهێنان و لەش ساغی و بنەماڵەی کەم داهات و بنکەی گشتیی فەرهەنگی و هونەری و شتی وا تەرخانی دەکا، بەڕاستی شتێکی بەرچاوە و کۆمەڵی سۆسیالیستی لەم بارەوە، زۆر ئیمتیازی ناعادڵانەی لەبەین بردوە کە لەگەڵ کۆمەڵی سەرمایەداریدا جێگای هەڵسەنگاندن نییە.

بەڵام کە دەگەینە سەر باسی دیموکراسیی سیاسی، وەزعەکە فەرق دەکا. لێرەش دا بۆ ڕوون کردنەوەی باسەکە، باشترە دێمۆکراسیی سیاسیش بە دوو بەش بکەین: یەکێکیان دێمۆکراسیی فەردییە، واتە ئەوەی کە هەر کەس بتوانێ ژیانی تایبەتیی خۆی بەو جۆرەی پێی خۆشە بەڕێوەبەرێ. بۆ نموونە، لە جەمهووری ئیسلامیدا، ئەم جۆرە دێمۆکراسیە ئەوەندە مەحدوودە کە تەنانەت شێوەی جل لەبەرکردنیش دیاری کراوە. لەم بارەوە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا بەگشتی ئەم چەشنە مەحدوود کردنانەیان نیە و، یان ئەگەریش هەبێ، زۆر کەمە. لە زەمانی شۆڕشی فەرهەنگی لە چین دا، هێندێک لەو مەحدوودیەتانە هەبوون و بۆ نموونە، بەستنی کراوات قەدەغە کرابوو. هەروەها برادەرێکی ئێرانی کە لایەنگری ئاڵبانی بوو، دەگێڕێتەوە کە چەند ساڵ لەمەوپێش، بەپێی دەعوەتێک، لە وڵاتێکی ڕۆژئاوا دەچێ بۆ ئاڵبانی. کاتێک دەگاتە فڕۆکەخانەی «تیرانا» پێتەختی ئاڵبانی، لەپێش هەموو شتێکدا، لەسەر درێژبوونی مووی سەری، بەهانەی پێدەگرن و سەری دەتاشن!.. ڕەنگ بێ ئێستا ئەم جۆرە مەحدوودیەتانە کە پێوەندی بە ژیانی فەردی و شەخسی ئینسانەوە هەیە، زۆر کەم بووبێ.

کەوابوو ئەوەی جێگای باسە، دێمۆکراسی سیاسیی گشتییە کە پێوەندی بە هەڵوێستی فەرد سەبارەت بە ڕێژیم، بە دەوڵەت و بە حاکمییەتەوە هەیە. ئایا لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا فەرد دەتوانێ نەزەری خۆی لەسەر سیاسەتی حکوومەت بدا؟ و ئەم نەزەرە لە کۆمەڵدا بڵاوبکاتەوە؟ ئایا هیچ کەس دەتوانێ لە چاپەمەنی و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا ڕەخنە لە حکوومەت بگرێ و لەباری سیاسییەوە بە دژی دەوڵەت ڕابوەستێ؟ بە داخەوە، دەبێ پێ لەوە بنێین کە ئەو دێمۆکراسیە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا، بێجگە لە یۆگۆسلاوی کە هێندێک ئازادی تێدا هەیە و تا ڕادەیەکیش مەجارستان، وجوودی نییە. لە حاڵێکدا لە وڵاتانی سەرمایەداریدا ئەم ئازادییە هەیە.

با هەر لە ئێستاوە ڕوونی بکەینەوە کە لە وڵاتانی سەرمایەداریدا ئەو ئازادی و دێمۆکراسیە بەگشتی کانالیزەکراوە و زۆر جاریش هەر لە تیئۆریدا هەیە و بەکردەوە پیادەکردنی هاسان نییە. بۆ نموونە، بەپێی قانوون هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ڕۆژنامە بڵاوبکاتەوە و لە ڕاستیشدا لەم بارەوە کەس پێشی پێ ناگرێ. بەڵام دەرکردنی ڕۆژنامە، پارەیەکی زۆری پێویستە کە بە هەموو کەس پەیدا نابێ و تەنانەت ڕێکخراو و سازمانی سیاسی زۆر گەورەش بە زەحمەت دەتوانن ڕۆژنامەی خۆیان بە ڕێکو پێکی دەربکەن. سەرەڕای ئەوە، هێندێک ئازادیی سیاسی بە ڕاستی هەیە. لە هەڵبژاردندا هەر کەس دەتوانێ بە ئازادی دەنگی خۆی بدا. نەزەری خۆی لە ڕۆژنامە و کتێبدا بڵاوبکاتەوە، لە ڕێکخراوی سیاسی و سەندیکای جێگای پەسەندی خۆی ببێتە ئەندام، ئازادی هاتوچووی بۆ وڵاتەکانی دەرەوە و پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسیەکانی وڵاتانی دیکەی هەیە و بۆ ئەم جۆرە کارانە ناخرێنە

ژێر چاوەدێری و زیندانی ناکرێ و مەحکووم نابێ...
ڕەنگ بێ ئەو پرسیارە بێتە پێش کە ئەگەر ئەندامانی حیزب لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا ڕەخنەکانی خۆیان بە ڕاشکاوی بڵێن چ دەبێ؟ وەڵام ئەوەیە کە لە نەزەر زۆربەی ئەو ئەندامانە، ئەم کارە وەک سەر لە دیواردان وایە و، بە تاقیکردنەوە دەزانن کە ئەگەرچی مومکینە لە هەوەڵدا بە ڕواڵەت پێیان بڵێن کە ئەو ڕەخنە و ڕەخنەگرتنە مافی خۆیانە، بەڵام لە یەکەم هەلکەوتدا بیانویان پێ دەگرن و سزایان دەدەن.
هەروەک ئیشارەمان پێکرد، ئێستا لەنێو وڵاتانی سۆسیالیستیدا لەم بارەوە فەرق هەیە. لە یۆگۆسلاوی و مەجارستان دا تا ڕادەیەک وەزع باشترە و ڕێژیم سەبارەت بە ڕەخنەگران ئەوەندە توندەتیژی نیشان نادا. هیچ گومان لەوەدانیە کە ئەگەر ئیمکان بدرێ خەڵک بە ئازادی نەزەری خۆیان دەربڕن، گیروگرفتەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی باشتر چارەسەر دەکرێن و سۆسیالیزم نەک تەنیا لە مەترسی ناکەوێ، بەڵکوو زۆریش قازانج دەکا. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کومونیستی فەڕانسە بۆ کۆنگرەی بیست و چوارەمی ئەو حیزبەدا هاتوە کە:»بۆ وڵاتانی سۆسیالیستیی ئورووپا، بەرەوپێش چوون، بۆتە هۆی پەیدابوونی گیروگرفت و ناتەبایی.... ئەو وڵاتانە پێویستییان بە پێشڕەفتی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەوەش بۆ خۆی دەبێتە هۆی پەیدابوونی پێداویستی تازە و جۆربەجۆری خەڵکەکەیان. هەروەها پێویستیان بە دێمۆکراسی هەیە کە لە هەموو باریکەوە دەتوانێ ڕێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی مەوجوود بێ. دێمۆکراسی مەسەلەی ئەساسی بۆ بەرەوپێش چوونە. ئەوەش تەنیا بە هێندێک بڕیاری ئیداری جێ بەجێ نابێ کە لەو وڵاتانەدا لە جیاتی خەباتی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی بەکاردەهێنرێ و ئێمە بەتەواوی دژایەتی خۆمانیان لەگەڵ دەردەبڕین. بەڵکوو دەبێ هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆرێکی زۆر قووڵی دێمۆکراتی بەسەردابێ...»
بێجگە لەوانەی گوترا، لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا هێندێک ئیمتیازی بێ جێ بۆ ئەندامانی پایەبەرزی حیزبی و دەوڵەتی هەیە کە لەگەڵ ئوسوولی سۆسیالیزم ڕێک ناکەوێ و دەبێتە هۆی پەیدابوونی کەموکووڕی. یەکێک لە کەموکووڕیە ئەساسیەکان ئەوەیە کە بەرپرسان و کادرە بەرزەکانی حیزب پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک زۆر کەمە. نەتیجەی ئەو وەزعە، دوورکەوتنەوە لە خەڵکە و ئەوە تا ڕادەیەک گەیشتوە کە جاری وا هەیە کادرەکان بە شێوەی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن کە خەڵکی ئاسایی عادەتی پێ نەگرتووە. ئاشکرایە کە ئەو دوورکەوتنەوە لە خەڵکی ئاسایی ئەگەر درێژەی هەبێ کاربەدەستان بەرەبەرە سەبارەت بە بیروڕا و داخوازەکانی گەل بێگانە دەکا.

### ٤. سۆسیالیزم و هەلومەرجی وڵاتەکەمان

هەتا ئێرە هەم لەباری تیئۆرییەوە و هەم لەباری عەمەلییەوە باسی بارە باشەکانی سۆسیالیزممان کرد. هێندێک گیروگرفتی سۆسیالیزمی مەوجوود و هۆی ئەو گیروگرفتانەشمان خستە بەرچاو و لە ئاخردا هاتینە سەر ئەوە کە گیروگرفتی ئەساسی لە سۆسیالیزمی مەوجوود دا نەبوون یان مەحدوودبوونی دێمۆکراسیی سیاسییە.
ئێستا دەتوانین بێینە سەر باسی ئەو مەسەلە گرینگە کە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دایبمەزرێنین ، چ جۆر سۆسیالیزمێکە؟ یان باشتر ئەوەیە کە پرسیار بکەین: ئایا ئەو

سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دروستی بکەین بەتەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا دامەزراوە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر بە ڕاشکاوی ئەوەیە کە: نا! ئەوە لەگەڵ وەزعی وڵاتەکەمان دا ناگونجێ. چوونکە ڕاستەکە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری، بەڵام هێشتا خۆی بە تەواوی لە پێوەندیەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار نەکردوە. تەرکیبی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەمان و تەرکیبی چینایەتیی کۆمەڵی ئێمە، جیاوازیەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵێکی سەرمایەداری هەیە. فەرهەنگ و سوننەتی گەلەکەشمان تایبەتین و لەگەڵ فەرهەنگ و سوننەتی گەلانی دیکە فەرقی هەیە. بۆیە زۆر ڕوونە کە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانهەوێ دایبمەزرێنین، دەبێ لەگەڵ سۆسیالیزمی یەکیەتیی سۆڤیەتی، یان فەڕانسە، یان ویێتنام، یان هەر جێگایەکی دیکە فەرقی هەبێ.

بەلەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەوانەیە کە ئێمە دەمانهەوێ سۆسیالیزمێک دابمەزرێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەکەماندا ڕێک بکەوێ. بە کوتنی ئەو قسەیە ئێمە نەک تەنیا تاوانێکمان نەکردوە، بەڵکوو شتێکی زۆر جوان و زۆر ئاساییمان گوتوە و دەبێ لەم بارەوە بۆ هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی ئێمە ڕوون بکرێتەوە و پێیان بسەلمێندرێ کە ئەوە نەک هەر هیچ لادانێکی لە ئوسوول تێدا نییە، بەڵکوو درێژەپێدان بە خەباتی ئوسوولیی حیزبەکەمان و گەلەکەمانە.

حیزبی کومونیستی فەڕانسە لە کۆنگرەی بیست و چوارەی خۆی لە زستانی ساڵی ۱۹۸۲ دا تەنیا یەک دروشمی هەبوو، ئەویش «دروست کردنی سۆسیالیزم بە ڕەنگی فەڕانسەیی!» واتە حیزبێک کە لەنێو گەورەترین حیزبە کومونیستەکانی ئورووپای ڕۆژئاوادا لە هەمووان زیاتر لە حیزبی کومونیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی نزیکترە، دەیهەوێ سۆسیالیزمێک دروست بکا کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی فەڕانسە ڕێک بکەوێ.

مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی کە لە سۆسیالیزمی دامەزراو بەپێی هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکەمان، دەبێ لەبەرچاو بێ، مەسەلەی دێموکراسی و ئازادییە. گەلانی ئێران و نەتەوەی کورد بەسەدان ساڵ لەژێر ڕێژیمی ئیستبدادیدا ژیاون. بۆیە زۆریان پێویستی بە ئازادی و دێموکراسی هەیە و، دەیانهەوێ ئازاد بن و بە ئازادی بژین. سۆسیالیزم، نانی دەداتێ، خانووی دەداتێ، خوێندن و لەش ساغی دەداتێ، بەڵام ئینسان تەنیا بە نان ناژی. کەوابوو لە بەرامبەر ئەوانەدا، نەک تەنیا نابێ ئازادیەکەی لێ بستێنێ، بەڵکوو بەپێچەوانە دەبێ زۆر زیاتریشی لەسەردەمی سەرمایەداری بداتێ. ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دروست بکەین کە نەک تەنیا دێموکراسی مەحدوود ناکا، بەڵکوو پەرەشی پێدەدا. «مارکس» و «ئێنگلس» لە مانیفێستی حیزبی کومونیستدا دەڵێن: «لە جێگای کۆمەڵی کۆنی بورژوایی بە چینەکان و ناتەباییە چینایەتیەکانیەوە، ئێمە کۆمەڵێکمان دەبێ کە لەودا گەشەکردنی ئازادانەی هەر کەس، شەرتی گەشەکردنی ئازادانەی هەموانە«.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ئەسڵەدایە کە دەبێ بڵێین: لایەنگری لە «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا» کە جارجار لەلایەن هێندێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتەوە دەبینرێ، کارێکی بێ قاعیدە و بێ جێیە. چوونکە لەلایەک لایەنگری لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بۆ ئەندامی حیزبێکی دێموکراتی- میللی وەک حیزبی ئێمە بێ مانایە و لەلایەکی دیکەش تەنانەت ئەگەر وەک مارکسیستێکیش

چاو لە مەسەلەکە بکەین، بە هیچ جۆر لایەنگری لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک ئەسڵێکی بێ ئەم لاو ئەو لا نابێ چاولێ بکرێ.

حیزبێکی کومونیستی گەورەی وەک حیزبی کومونیستی فەڕانسە، چەندین ساڵە بە ڕەسمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای ڕەد کردۆتەوە و لە کۆنگرەی بیست و چوارەمی خۆیدا کە لە سەرەوە باسمان کرد، دیسانیش لەسەر ئەو ڕەدکردنەوەیە و مەحکوومکردنی ستالینیزم بە ڕوونی و ئاشکرایی ڕۆیشتوە. بێجگە لە حیزبی کومونیستی فەڕانسە، زۆر حیزبی کومونیستی دیکەش هەن کە هەر لەو بڕوایەدان. جا ئەگەر بەو حاڵە، ئەندامێکی حیزبێکی دێموکراتی-میللی لایەنگری لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بکا، ئەوە ناوی «کاسەی گەرمتر لە ئاش» نییە؟!

تەنانەت ئێستا لە یەکیەتیی سۆڤیەتی و لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی دیکەش دا باسی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەماوە. هەر لە سەرەتاشەوە «مارکس» دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای بە ئامانج دانەناوە، بەڵکوو بە قۆناغێکی تێپەڕبوونی زانیوە کە ئەنجامی:» لەنێو چوونی هەموو چینەکان و پێکهاتنی کۆمەڵێکی بێ چین دەبێ» (نامەی مارکس بۆ «یوزیف وایت میلیر» لە پێنجی مارسی ١٨٥٢).

لە مانیفێستی حیزبی کومونیستیش دا کە لە ساڵی ١٨٤٨ بڵاوکراوەتەوە، «مارکس» و «ئێنگلس» نووسیویانە:».... هەنگاوی یەکەمی شۆڕشی چینی کرێکار، گەیاندنی پرۆلیتاریا بە مەقامی چینی دەسەڵاتدارە، بۆ ئەوەی لە خەبات لە ڕێگای دێمۆکراسی دا سەرکەوێ». هەروەها مارکس لە نووسراوەیەک لەسەر «کۆمونی پاریس» دا دەڵێ: «خەباتی گەورەی شۆڕشگێڕیی بریتیە لە ئەسپاردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەت بە کۆمەڵ، بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە ببێتە هێزێکی زیندوو و ئەساسی کۆمەڵ. لە جیاتی ئەوەی کە ببێ بە هێزێک کە وەک کەڵەوە بەسەر ملیدا بێ». لەو قسانە، ئەو ڕاستیە دەردەکەوێ کە بۆ دانەرانی مارکسیزم، نێوەرۆکی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا سەرەڕۆیی نییە، بەڵکوو دێمۆکراسییە.

لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کمونیستی یەکیەتیی سۆڤیەت دا، باسی حاکمییەتی گشتی گەلی کراوە و، ئەم نەزەرە تا ئێستاش ڕەد نەکراوەتەوە. لە چین دا «مائۆتسەتۆنگ» لە یەکەم ڕۆژەوە، لە جیاتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، باسی «دیکتاتۆری دێموکراسی» دەکرد. لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی»دیکتاتۆریی دێموکراسی گەلی»دا، زۆر بە کورتی دەڵێ:»دیکتاتۆری دژی دوژمنانی گەل و دێموکراسی بۆ گەل». ئێستاش لە چین زیاتر باسی دێموکراسیی سۆسیالیستی دەکرێ تا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا.

کەوابوو، ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دامەزرێنین کە دێموکراتیک بێ. ئەوە هەم بە مانای کەڵکوەرگرتن لە دەستکەوتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە و، هەم بە مانای کەڵکوەرگرتن لە ئازادیی فەردی و سیاسی و بەشدارکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات دایە. لە سۆسیالیزمی دێموکراتی دا ، فەرد نە لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە دەچەوسێتەوە و نە لەباری سیاسیەوە، هاونیشتمانیی وڵاتێک کە سۆسیالیزمی دێمۆکراتی تێدا پێکهاتووە، هاونیشتمانیەکی ئازادە و بە ئازادی دەژی.

لێرەدا پێویستە کە هەڵەیەکیش لە بارەی «سۆسیالیزمی دێمۆکراتی» دا ڕاست بکەینەوە، چوونکە هێندێک کەس لەمانای سۆسیالیزمی دێمۆکراتی نەگەیشتوون. ئەو ڕاست کردنەوەش ئەمەیەکە:» سۆسیالیزمی دێمۆکراتی» لەگەڵ «سۆسیال دێموکراسی» فەرقی هەیە. سۆسیال

دیموکراسی ڕێبازێکی ڕیفۆرمیستە کە بەناوی سۆسیالیزم، سەرمایەداری دەپارێزێ و هەڵی دەسووڕێنێ، بەناوی سۆسیالیزم ، کرێکاران هان دەدا بۆ ئەوەی سەرمایەداری قبووڵ بکەن و بەکورتی دەیهەوێ کە گیروگرفتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کرێکاران لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا چارەسەر بکا، بێ ئەوەی ئەو چوارچێوەیە تێک بدا، لە حاڵێکدا سۆسیالیزم بەمانای ڕووخاندنی سەرمایەداری بەتەواوی و پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێیە.

بێجگە لەوە، سۆسیالیزم بە نیزام و کۆمەڵ دەگوترێ و سۆسیال دیموکراسی ڕێبازی حیزبێکی سیاسییە. لە ڕاستیدا وێک چوونی وشەی «سۆسیالیزمی دیموکراتی» و « سۆسیال دیموکراسی» وەک وێک چوونی وشەی «ئابووریی سیاسی» و «سیاسەتی ئابووری» یە. «ئابووری سیاسی» بە زانستی ئابووری دەڵێن کە لە قانوونەکانی گشتیی ئابووری دەکۆڵێتەوە. لە حاڵێکدا «سیاسەتی ئابووری» سیاسەتی دیاریکراوی حیزبێک یان دەوڵەتێک لە مەیدانی ئابووری دایە.

ئێمە کاتێک دەڵێین: سۆسیالیزممان دەوێ، ئەوە خۆی بەمانای ڕەدکردنەوەی سەرمایەداری و لە نەتیجەدا ڕەدکردنەوەی سۆسیال دیموکراسی یە. بەڵام ئەگەر گوتمان:»سۆسیالیزمی دیموکراتی» مان دەوێ، مانای ئەوەیە کە دیسان هەر سۆسیالیزممان دەوێ، بەڵام سۆسیالیزمێک کە دیمۆکراسیشی لەگەڵ بێ و پەرەی پێ بدا. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کومونیستی فەڕانسە بۆ کۆنگرەی بیست و چوارەمی کە تا ئێستا چەند جار ئیشارەمان پێکردوە، لەم بارەوە دەڵێ:»بەرەوپێشچوونێکی دیموکراتی بەرەو سۆسیالیزمێکی دیمۆکراتی، کە بەتەواوی لەگەڵ واقعییاتی وڵاتی ئێمە و واقعییاتی دنیای ئێمڕۆ ڕێک بکەوێ. ئەمە ئامانجی گەورەی حیزبی ئێمەیە!».

دیارە لە دامەزراندنی سۆسیالیزم دا، بێجگە لەوە کە هەلومەرجی تایبەتیی هەر وڵاتێک دەبێ بخرێتە بەرچاو، هێندێک ئوسوولی گشتیش پێویستە لەنەزەر بگیرێ:

یەکەم- هەروەک گوتمان ، سۆسیالیزم بە مانای لەنێوبردنی چەوساندنەوە و پێکهێنانی نیزامێکە کە لەودا «کار» ی ئینسان ئەرزشی ئەساسییە.

دووهەم-سۆسیالیزم ئەزموونێکی مێژووییە. هەر بۆیە دەبێ لە دامەزراندنی دا، لە ئەزموونی هەموو وڵاتێک کەڵک وەربگیرێ بێ ئەوەی هیچ وڵاتێک بەتەواوی ببێتە نموونە و هەروەها بێ ئەوەی ئەزموونی بە نرخی هیچ وڵاتێک بکەوێتە پشت گوێ.

بۆ نموونە، ئێستا لە فەڕانسە تاقیکردنەوەیەکی تازە دەست پێکراوە. دیارە جارێ ناتوانین چاوەڕوان بین کە بەم زووانە کۆمەڵی فەڕانسە لە بنەڕەتەوە تووشی گۆڕان بێ، بەڵام ئێستا حکوومەتی سۆسیالیستیی فەڕانسە لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ڕاست ئەوەی دەکا کە نەزەری حیزبی کومونیستی فەڕانسەیە.... . هەروەک گوترا، تاقیکردنەوەی فەڕانسە هەم تازەیە و هەم ماوەیەکی کەمە دەست پێکراوە، هەر بۆیە ناکرێ جارێ لەسەری حیساب بکەین. تەنیا یەک مەسەلە لەم تاقیکردنەوەیەدا بۆ ئێمە جێگای سەرنجە و ئەویش ئەمەیە کە: ئەگەر سەرکەوێ، دەبێتە نموونەیەک لە سۆسیالیزمی دیموکراتی....

لە دامەزراندنی سۆسیالیزمدا، بێگومان ئەزموونی یەکیەتیی سۆڤیەتی و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و چین وەک ئەزموونێکی زۆر بە نرخ دەبێ لەبەرچاو بگیرێ و نەک تەنیا لەم بارەوە کە سۆسیالیزم دەبێ چۆن دابمەزرێ، بەڵکوو لەم بارەشەوە کە چۆن نابێ

دابمەزرێ. ئێمە دەبێ هەم لە ئاکامە لەبارەکانی ئەم ئەزموونە مێژووییە کە گەورەترین و گرینگترین ئەزموونی کۆمەڵی مرۆڤە کەڵک وەرگرین و هەم لە هەڵەکانی، خۆ بپارێزین... .

**٥- هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە وڵاتانی سۆسیالیستی**

بەر لەوە کە بچینە سەر ئەسڵی باسەکە، پێویستە ئاوڕێک لە مێژووی جووڵانەوەی کرێکاریی جیهان بدەینەوە.

ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم وەک ڕێکخراوی کرێکارانی جیهان لە ساڵی ١٨٩٤ لە زەمانی ئەنگلێس دا پێکهات. لەسەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵەکانی ١٩١٤ هەتا ١٩١٨ دا، ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی، واتە لە ڕێبازی دیفاع لە قازانجی زەحمەتکێشانی جیهان لای دا و نیشانی دا کە بەڕاستی ئەنتێرناسیۆنالی کرێکاران نییە. چوونکە کاتێک شەڕ هەڵایسا، زۆر لە حیزبە سۆسیالیستەکان کە ئەندامی ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم بوون، دەستیان کرد بە پشتیوانی لە بورژوای خۆماڵی و دەنگدان بۆ بوودجەی شەڕ لە وڵاتانی خۆیاندا. لە حاڵێکدا باڵشەویکەکان و ئەنتێرناسیۆنالیستەکانی ڕاستەقینە نەزەریان ئەوە بوو کە چینی کرێکاری هەر وڵاتێک دەبێ بە دژی ڕێژیمی سەرمایەداریی خۆماڵی خەبات بکا و بۆ ڕووخاندنی تێبکۆشێ، نەک ئەوەی کە پشتیوانی لە شۆڤێنیزم و مەزنیخوازی و شەڕخوازی بورژوای وڵاتی خۆی بکا... ئەم جیاوازیە، بوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی باڵشەویک لە ئەنتێرناسیۆنال بێتەدەر و بەم جۆرە ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم بەکردەوە هەڵوەشا.

لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لێنین پێشنیاری پێکهاتنی ئەنتێرناسیۆنالی سێهەم واتە ئەنتێرناسیۆنالی کومونیستی کرد کە لە ساڵی ١٩١٩ دا دامەزراو بوو بە جێگای کۆبوونەوەی حیزبە کومونیستەکان. مەبەستی لێنین لە پێکهێنانی ئەنتێرناسیۆنالی سێهەم ئەوە بوو کە حیزبە کومونیستەکان لە تاقە ڕێکخراوێکی جیهانیدا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی یەکگرتوو و یەکپارچە بن و هەروەها بۆ ئەوەی کە دیفاع لە حاکمییەتی سۆڤیەتی بکەن کە کەوتبوە بەر پەلاماری وڵاتانی سەرمایەداری.

ئەنتێرناسیۆنالی سێهەم ڕێکخراوێک بوو لە بەرە (جەبهە) زیاتر و ، پتر وەک یەک حیزب دەچوو. ئەو ئەنتێرناسیۆناڵە، بیست و یەک ئەسڵی هەبوو کە هەر حیزبێک دەبوو بە ئەندام، ناچار بوو ئەم بیست و یەک ئەسڵەش بەتەواوی قبوڵ بکا و پێڕەویان لێ بکا. یەکێک لەم ئەسڵانە کە ناوبانگی دەرکردبوو ئەوەبوو کە: «مەعیاری ئەنتێرناسیۆنالیزم، چۆنیەتی هەڵوێست گرتن بەرامبەر بە وڵاتی سۆڤیەتە«. واتە ئەگەر حیزبێک سیاسەتی وڵاتی سۆڤیەتی کە ئەو کاتە تەنیا وڵاتی سۆسیالیستی دنیا بوو پەسند کردبا و بێ ئەم لاو ئەولا دیفاع و پێڕەوی لێکردبا، ئەنتێرناسیۆنالیست بوو، لە غەیری ئەوەدا، واتە ئەگەر ڕەخنەی هەبا، ئەنتێرناسیۆنالیست بە حیساب نەدەهات.

ئەم وەزعە هەتا ساڵی ١٩٤٣کە ئەنتێرناسیۆنالی سێهەم هەڵوەشا، هەر بەردەوام بوو. بەڵام لەو ساڵەدا ڕاگەیاندرا کە بەهۆی لە گۆڕێ دابوونی شەڕ، هەر حیزبێکی کومونیست دەتوانێ سیاسەتی خۆی سەربەخۆ دیاری بکا. لەپاش شەڕی دووهەمی جیهانیش، «ئەنفۆرم بورۆ» یا «دەفتەری گۆڕینەوەی دەنگ و باس» لەنێو حیزبە کومونیستەکاندا پێکهات کە ئەویش بە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٦ دا هەڵوەشاوە.

بەم جۆرە ئێستا ماوەیەکی درێژە کە هەر حیزبێکی کومونیست مافی ئەوەی هەیە سیاسەتی خۆی سەربەخۆ دیاری بکا و نەزەری خۆی لەسەر گیروگرفتەکانی جیهان و وڵاتی خۆی دەربڕێ، بەتایبەتی حیزبە کومونیستەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا ، وەک حیزبی کومونیستی ئیتالیا و فەڕانسە و ئیسپانیا کە لەسەر زۆر گیروگرفت لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و یەکیەتیی سۆڤیەتی نەزەری جیایان هەیە و ئەم نەزەرەیان لە چاپەمەنیەکانی خۆیاندا بڵاودەکەنەوە.

جا ئەگەر حیزبێکی کومونیست مافی ئەوەی هەبێ کە نەزەری لەگەڵ حیزبی کمونیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی لەسەر هەموو شتێک یەک نەبێ، دیارە ئێمە کە حیزبێکی دێمۆکراتی-میللین، ئەو مافەمان بەتەواوی هەیە و دەتوانین لەسەر دامەزراندنی سۆسیالیزم و لەسەر سیاسەتی جیهانی، نەزەری تایبەتی خۆمان هەبێ.

ئاشکرایە کە یەکیەتیی سۆڤیەتی، سیاسەتی دەرەوەی خۆی هەیە و لەسەری دەڕوا، بەڵام ئایا ڕێبازی ئەو سیاسەتە هەموو کاتێک لەگەڵ بیروڕای زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران یەک دەگرنەوە؟ بۆ نموونە: ئێستا هەموو کەس دەزانێ کە یەکیەتیی سۆڤیەتی، بێجگە لە کامیۆن و ماشێن و کەلوپەلی دیکە، چەکی وەک «ئاڕ-پی-جی» و «کاتیۆشا» و زۆر چەک و تەقەمەنی دیکەی بە ڕێژیمی شا فرۆشتبوو. ئەگەر ڕێژیمی شا، کە ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و پۆلیسی بوو، ئەم چەکانەی لەنێو وڵات دا بەکارهێنابا، ئەوە دژی ئازادی و داخوازە ڕەواکانی گەلانی ئێران بوو، ئەگەر لە دەرەوەی ئێرانیش بەکاری هێنابا. لەبەر ئەوە کە ڕێژیمێکی سەر بە ئیمپریالیزم بوو، ببووە ژاندارمی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوە دیسان دژی ئازادی و ئازدیخوازیی گەلانی ناوچەبوو (هەر وەکوو شا، ئەو چەکانەی لە «زووفار» بەکارهێنا). جا ئایا ئێمە وەک ئێرانیەکی ئازادیخواز، حەقمان نەبوو کە بڵێین فروشتنی ئەو چەکانە بە ڕێژیمی شا، دژی قازانجی گەلانی ئێران بوو؟

ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیەکە لە پێشدا لە قازانجی گەلی خۆمان دیفاع بکەین. هەروەها کە یەکیەتیی سۆڤیەتیش لە پێشدا دیفاع لە قازانجی گەلەکەی دەکا. ئێمە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی چاوەڕوانیی ئەوە ناکەین کە ئەو کارەی ئێمە دەبێ بۆ خۆمان بیکەین، بۆمان ئەنجام بدا...

بەداخەوە لە ڕابردوودا، زۆر لە تێکۆشەرانی کوردستان ئەو چاوەڕوانیەیان هەبووە و وا فێرکرابوون کە سۆڤیەتەکان  دەبێ بێن و ئازادمان کەن. ئێستا حیزبی ئێمە ئەو ڕاستیەی بۆ ئەندامانی خۆی و گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران ڕوون کردۆتەوە کە ئێمە خۆمان دەبێ وڵاتەکەمان ئازاد بکەین. نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە یەکیەتیی سۆڤیەتی یا هەر کەس و هەر جێگایەکی دیکە لە دەرەوەدا بێ و دێموکراسی و خودموختاریمان بۆ وەربگرێ. نابێ پێمان وابێ کە یەکیەتیی سۆڤیەتی هەرچی ئێمە پێمان گوت بە قسەمان بکا، لە بەرامبەریشدا هیچ دۆستێکیش نابێ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە هەرچی ئەو گوتی، ئێمە بەقسەی بکەین.

با سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی سەبارەت بە ئێرانی «خومەینی» بخەینە بەرچاو: بەگشتی لە ڕوانگەی سۆڤیەتیەکانەوە لە ماوەی چوارساڵی پاش سەرکەوتنی شۆڕش سیاسەتیان بەرامبەر بە ڕێژیمی خومەینی سیاسەتێکی ڕاست و ئوسوولی بوو،

بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە کە دژی ڕێژیمی خومەینی خەبات دەکەین، هەر سیاسەتێک پشتیوانی لەم ڕێژیمە بکا، نادروست و ناخۆش و غەیرە ئوسوولی بوو.

دەلیلی سۆڤیەتیەکان بۆ ئەو سیاسەتە چیە؟ ئەوان دەڵێن کە ڕێژیمی شا، ڕێژیمێک بوو دژی سۆڤیەتی و سەر بە ئەمەریکا، ڕێژیمی خومەینیش، ڕاستە کە دژی سۆڤیەتی بوو، بەڵام هەر لەو کاتەدا دژی ئەمریکاش بوو(یان لانی کەم وەک شا سەر بە ئەمریکا نەبوو)، کەوابوو پلەیەک لە ڕێژیمی شا باشترە و بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی زۆر جێگای پەسندە.

لەباری سیاسەتی نێونەتەوەییەوە، ڕەنگ بێ ئەم سیاسەتە ڕاست بێ، بەڵام ئایا بۆ ئێمەش مەسەلەکە هەر ئاوا چاو لێ دەکرێ؟ بۆ گەلی کورد کە ماوەی چەند ساڵە خەریکی خەباتێکی توند و دوورو درێژ بە دژی ڕژیمی خومەینییە و، هەموو ڕۆژێک چەندین شەهید لەم ڕێگایەدا دەدا، ئایا سیاسەتی پشتیوانی لەو ڕێژیمە جێگای پەسندە؟ ئاشکرایە کە نا!.

کەوابوو ، نە یەکیەتیی سۆڤیەتی دەتوانین لە جێگای خۆمان دابنێین و داوای لێ بکەین هەڵوێستی وەک ئێمە بێ و نە خۆمان دەتوانین لە جێگای یەکیەتیی سۆڤیەتی دابنێین و سیاسەتمان وەک ئەو بێ....

هەروەها با ئەوەش ڕابگەیەنین کە ئێمە نەک تەنیا دژی پەرە ئەستاندنی پێوەندیی بازرگانی و فەرهەنگیی ئێران لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی و وڵاتانی سۆسیالیستی دیکە نین بەڵکوو پێمان وایە هەر ڕێژیمێک لە ئێراندا لەسەر کاربێ، دەبێ ئەو پێوەندیانە بەتایبەتی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی کە وڵاتی گەورەی دراوسێی ئێرانە پەرەپێبدا. ئێران وەک وڵاتێکی کشتوکاڵی، دەتوانێ زۆر کەرەستەی خاو بە یەکیەتیی سۆڤیەتی بفرۆشێ و زۆر شتومەکی سەنعەتی لێ بکڕێ. هەروەها ئێران دەتوانێ لە ڕێگای ترانزیتی یەکیەتیی سۆڤیەتی کەڵک وەربگرێ و شتومەکی خۆی زۆر هەرزانتر بە ئورووپا بگەیەنێ و لە ئورووپاوە بۆ ئێران بێنێ. گازی سووتاندنیش هەروەها. ئەو کەسانەی پێیان وایە ناردنی تیمی فوتبال لە یەکیەتیی سۆڤیەتەوە بۆ ئێران، یان بەشداربوون لە موسابەقەی شەترەنج لەگەڵ تیمی ئێران، یارمەتی بە ڕێژیمی شا بووە، بەهەڵە دەچن و لە پێوەندیەکانی نێونەتەوەیی باش حاڵی نەبوون.

کەوابوو، دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە دژی پێوەندی ئابووری و فەرهەنگیی وڵاتەکانی سۆسیالیستی لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی نین، بەڵام پشتیوانی سیاسیمان لەو ڕێژیمە پێ ناخۆشە، هەروەک لە زەمانی شاشدا ئەو پێشوازیە بێ وێنانەی کە لە وڵاتانی سۆسیالیستی لە شا دەکرا، بۆ ئێمە زۆر جێگای ناڕەحەتی بوون و نەمان دەتوانی خۆمان ڕازی بکەین کە وڵاتێکی وەک ڕوومانی، دوکتۆرای زانستەکانی کۆمەڵایەتی (علوم اجتماعی) بە حەمە ڕەزا شا بدا لە حاڵێکدا دەزانین کە بناغەی هەموو زانستەکانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا : مارکسیزم-لێنینزمە!

ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەوانەی کە گوترا، حیزبی ئێمە دەبێ پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی چۆن بێ؟

وەڵام ئەوەیە کە ئەو پێوەندییە دەبێ «دۆستانە« بێ. واتە نە دوژمنانە وەک هێندێک دەستە و تاقم کە یەکیەتیی سۆڤیەتی بە سۆسیال ئیمپریالیست یان ئیمپریالیستی تەواو دادەنێن و نە پێڕەوی بێ ئەم لاو ئەو لا وەک حیزبی توودە کە هەرچی لە یەکیەتیی سۆڤیەتی دا

ڕویدا و هەر سیاسەتێک لەلایەن حکوومەتی سۆڤیەتی بەڕێوە بچێ، فەوری قبووڵی دەکەن و تەپڵی بۆ هەڵدەگرن!

دۆستایەتی لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوە نیە کە هەرچی دۆستەکەمان گوتی،بڵێین: «بەچاوان!». دیارە ئێمە ئەگەر نەزەری جیاوازیشمان لەگەڵ سۆڤیەت هەبێ، هەرگیز دوژمنایەتی ئەو وڵاتە ناکەین. بەڵام مافی ڕەخنەگرتن بۆ خۆمان هەر ڕادەگرین. ئایا هەرچی حیزبی دێموکرات دەیکا، بۆ حیزبی کومونیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی جێگای پەسندە، هەتا ئێمەش هەرچی دەوڵەتی سۆڤیەتی گوتی، قبووڵی بکەین؟

هەموو کەس دەزانێ کە یەکیەتیی سۆڤیەتی دەوڵەتێکی زۆر گەورە و بە نفووزە، ئێمەش حیزبێکی بچووکی نەتەوەیەکی بچووکین. بەڵام ئایا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێمە پێوەندیمان لەسەر ئەوە دابنێین کە هەرچی ڕادیۆ مۆسکۆ گوتی، ئێمە بڵێین: باشە؟! ئەگەر حیزب و ڕێکخراوەی ئەوتۆ هەن (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا) وەک حیزبی توودەی ئێران، کە هێشتا هەر پێیان وایە هەرچی ڕادیۆ مۆسکۆ بڵێ، ئەوانیش دەبێ فەوری دووپاتی بکەنەوە، ئەوە نیشانەی کزی و لاوازی و سەربەخۆنەبوونی ئەو حیزبانەیە.

نابێ لەبیرمان بچێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە، ئەویش هەر ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەیە کە گرتویەتە پێش، یەکێک لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەتا ئێستا، هەر ئەم سیاسەتە سەربەخۆیە بووە. ئەو سیاسەتە چەوت بووبێ و ڕاست بووبێ، دەسکردی خۆمان بووە. چونکە پێمان وایە هیچ کەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نییە و هەر بۆیە هیچ کەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نییە. هیچ ئۆرگانێک چ هی وڵاتێکی تایبەتی و چ نێونەتەوەیی، حەقی ئەوەی نییە کە لەبارەی ئێمەدا بەبێ ئێمە بڕیاربدا، هەر وەک ئێمەش ئەو حەقە بە خۆمان نادەین کە لەسەر وڵاتێکی دیکە بڕیار بدەین. نابێ قازانجی هیچ وڵاتێک و هیچ حیزبێکی دیکە، بۆ ئێمە ببێتە مەعیار. تەنیا مەعیار بۆ ئێمە دەبێ قازانجی گەلانی ئێران و گەلی کورد بێ و بەس، هیچ کەسیش لە خودی گەلانی ئێران و گەلی کورد باشتر ناتوانێ ئەم قازانجە دیاری بکا...

مەسەلەیەکی دیکە کە دەبێ ڕوون ببێتەوە، ئەوەیە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات نابێ خۆمان لەگەڵ ناکۆکیەکان و گیروگرفتەکانی نێوخۆی وڵاتانی سۆسیالیستی تێکەڵ بکەین و بۆ نموونە: بە ڕەسمی لە بەرامبەر چین دا لایەنگری لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بکەین، یان «ئاڵبانی» بۆ خۆمان بکەینە نموونە و شتی وا... بەڵام ئەگەر جارجار هاوڕێیەکی ئێمە لە هێندێک شتی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی ڕەخنەیەکی گرت یان هێندێک باری ئەو سۆسیالیزمەی کە ئێستا لەوێدا هەیە بەدڵ نەبوو، ئەوە نابێ بەمانای «ئانتی سۆڤیەتیزم» (دژی سۆڤیەتی بوون) یان «ئانتی کومونیزم» (دژی کومونیزم بوون) وەربگیرێ. ئەو دوو شتە لە مێژە لە حیزبی ئێمەدا مەحکووم کراوە. هەروەها ئەگەر کەسێکیش لەنێو حیزب دا لە هێندێک باری سیاسەتی سۆڤیەتی دیفاعی کرد، نابێ بەوە تاوانبار بکرێ کە توودەیی و لادەر لە خەتی حیزبی ئێمەیە. ئەم جۆرە مۆر پێوەنان و بوختان بۆ هەڵبەستنانە، شێوەیەکە کە بەداخەوە لە لایەن حیزبی توودەوە بۆتە باو!

زۆربەی ئەو نەزەرە نادروستانە کە بەتایبەتی دەرخواردی لاوان دراون و لە هێندێک

لەو لاوانەدا بە داخەوە ئالۆزیی فیکریان پێکهێناوە، هی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی توودەن. ئەدەبیاتێکی سیاسی لاڕێ کە لە مێشکی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە هاتۆتەدەر و هەموو نیشاندەری «ماکیاڤیلیزم» و «ئۆپۆرتۆنیزم» و هەلپەرستییە، بەداخەوە لەبەر ئەوەکە لە ئێراندا دەست پێڕاگەیشتن بە ئەدەبیاتی ڕەسەنی سیاسی دیکە زۆر زەحمەتە، لەسەر بیروباوەڕی یەک نەسلی تەواو لە لاوانی ئێران کاریگەر بووە.

بۆ ئەوەی ئەم بیروباوەڕە ئۆپۆرتۆنیستییە خاشەبڕ بکرێ لەلایەک ئێمە دەبێ لەم بارەوە ئەرکی خۆمان بەجێ بگەیەنین و لەلایەکی دیکەش دەبێ هاوڕێیانمان حاڵی بکەین کە ئەگەر دەیانهەوێ لەگەڵ مارکسیزمی ڕاستەقینە ئاشنا بن، دەبێ فێربن کە حیسابی کتێب و نووسراوەکانی ئەسڵی خودی «مارکس» و «ئێنگلس» و «لێنین» لە بیروباوەڕی چەوتی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە و هێندێک دەستە و تاقمی بچووکی سەرلێشێواو جیابکەنەوە. ئەگەر کەسێک بیروبڕوای عیلمی هەبێ، دەزانێ کە تیئۆری عیلمی هیچ کات لەیەک جێگا ڕاناوەستێ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەدەستێنێ. دانەرانی مارکسیزمیش، قەت لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئەوەی ئەوان دایانناوە وەک ئایەتی قورئان وایە و نابێ دەستی لێ بدرێ!. ئەوان بە ئاشکرا گوتوویانە کە مارکسیزم تەنیا ڕێنوێنی بۆ کردەوەیە، بە دایمیش لە گەشەکردن دایە.

فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستە و تاقمانە ئەوەیە کە، ئەوان هەوڵدەدەن واقعییاتی وڵاتەکەمان لەگەڵ تیئۆریەکەیان ڕێک بخەن و ئێمە بە پێچەوانە دەمانهەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە تیئۆری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکانی دیکە و دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژووی گەلی کورد، تیئۆرییەکە بە جۆرێک ڕێکوپێک بکەین کە وەڵامدەری واقعییەتی هەڵقوڵاو لە وڵاتەکەمان و گەلەکەمان دابێ. لەم ڕێگایەدا لەبەرچەسپ لێدانیش نابێ بترسین. حیزبی ئێمە تا ئێستا نیشانی داوە کە بەرچەسپ لێدان و بوختان بۆ هەڵبەستن لە سەر سیاسەت و ڕێ و شوێنەکەی ئەسەر ناکا و لە داهاتووش دا دەبێ هەر بەو سیاسەتە درێژەبدا... .

بەکورتی: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لایەنگری زۆر شێلگیری سۆسیالیزمە و بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم خەبات دەکا، بەڵام:

یەکەم: دامەزراندنی سۆسیالیزم ئێستا بۆ ئێمە ئەرکی ڕۆژ نییە.

دووهەم: ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانهەوێ دایبمەزرێنین، سۆسیالیزمێکە کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکەمان ڕێکدەکەوێ. ئەگەر غەیری ئەوەبێ، سۆسیالیزمێکی دەسکرد و واریداتی دەبێ، خەلاق نابێ و لەوانەیە جێگای پەسندی کۆمەڵی کوردەواری نەبێ.

سێهەم: پێوەندی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی، پێوەندیەکی دۆستانەیە. «دۆستانە« بە مانای: نە دوژمنایەتی و نە پێڕەوی کردنی بێ ئەم لاو ئەو لا. ئێمە سیاسەتی خۆمان ، بۆ خۆمان دیاری دەکەین، چونکە حیزبێکی سەربەخۆین، چ چوک و چ گەورە، چ بێ هێزبین و چ بەهێز، سیاسەتی سەربەخۆی خۆمان ناگۆڕین.

ئێمە نابێ لەوەدا شکمان هەبێ کە وڵاتانی سۆسیالیستی لە ئەسڵ دا پشتیوانی ئێمەن و هەر دەبێ پشتیوانی ئێمە بن، چونکە ئێمە لە مافی ئینسانی و نەتەوەیی خۆمان دیفاع دەکەین.

ئەگەر ئیمڕۆ ئەم پشتیوانیە زۆر بەرچاو نییە، بێگومان لەدوارۆژدا دەبێتە پشتیوانیەکی زۆر کاریگەر. چوونکە بەڕاستی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یەک هێزی شۆڕشگێڕ هەیە کە تا ئێستا پشتیوانیەکی ئەوتۆی لێ نەکراوە و ئەویش، جووڵانەوەی نەتەوەی کورد بەگشتی و جووڵانەوەی میللی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتیە. ئەم ڕاستیە بەداخەوە هێشتا بەتەواوی دەرنەکەوتوە، بەڵام بێگومان لە داهاتوودا دەردەکەوێ و سەرنجی هەموو ئازادیخوازانی جیهان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شوێنێکی ئەساسی دادەنێ.

ئێمە لە خەباتی درێژخایەنی نەتەوەکەمان دا، یەکیەتیی سۆڤیەتی بە دۆست و هاوپەیمانی ستراتێژیکی خۆمان دەزانین و هەر لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕۆین. تەنانەت ئەگەر حیزبێکی ناسیۆنالیستی تەواویش بوینایە (کە نین!) ، لە وەزعی «ژیئۆپۆلیتیکی» (جوگرافیایی-سیاسی) وڵاتی ئێمەدا، هەر دەبوا دۆستایەتیمان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی وەک ئەسڵێک لەبەر چاو بێ.

کەوابوو ، ئێمە ئێستا دەبێ خەتی سیاسی و دروستی خۆمان کە خەبات لە ڕێگای وەدەست هێنانی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە، درێژە بدەین و ئەو نفوورزەی ئێستا لە ئێراندا بە دەستمان هێناوە زیاتر بکەین، ئەو کاتە دڵنیاین نەک هەر وڵاتانی سۆسیالیستی، بەڵکوو هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتوەکانی جیهان و هەموو ئازادیخوازانی وڵاتانی دیکە، بە شێلگیری پشتیوانیمان لێ دەکەن.

***

## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم

### ڕێبەندانی ١٣٦٢ (ژانوییەی ١٩٨٤)

### بەشی یەکەم
### بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**سەرەتا**

١- لەمێژە گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا: سەرانسەری چەرخی نۆزدەهەم شاهیدی ڕابردووی خوێناویی نەتەوەکەمانە. لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەبووە. لە سەردەمی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرستی و فاشیزمدا، پێویستییەکی مێژوویی بۆ دامەزرانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ، هەست پێ دەکرا. هەر لە بەر ئەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارە کە پاش بیست ساڵ دیکتاتۆریی ڕەزاخان پێک هاتبوو، کەڵکی وەرگرت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

بەو جۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی پێویستییەکی مێژوویی و نیشانەی وریایی و ژیریی ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد بوو. لەو دەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە، ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ دەژمێردرێ و سەرەتای قۆناخێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بوو کە نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی خۆیدا توانیی حکومەتێکی نیشتمانی لە بەشێکی کوردستاندا بێنێتە سەر کار. ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و لەدوای پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە دیکتاتوریی نیزامی باڵی بە سەر هەموو کوردستانی ئێراندا کێشایەوە، بەڵام گەلی کورد لە خەبات سارد نەبۆوە و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی هەروا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ٣٩ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە کە حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە دەرسی وەرگرتوە. ئەم بەرنامەیە لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی لە جیهاندا و بە وردبوونەوە لە قۆناخی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران و هەلومەرجی تایبەتی کوردستانی ئێران دانراوە.

٢- سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕزگاربوونی گەلانی زۆرلێکراو لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم، سەردەمی لاوازبوونی بەرەی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی لەسەرانسەری جیهان، سەردەمی پەیدا بوون و پەرەگرتنی سۆسیالیزم و سەردەمی پێشکەوتنی هێزە دێموکرات و ڕزگاریخوازکان لە هەموو وڵاتانە. لە ماوەی ٣٩ ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی ئەوتۆ لە جیهاندا ڕووی داوە کە سیمای سیاسیی جیهانی گۆڕیوە. سیستمی ئیستعماری لەبەریەک هەڵوەشاوە و دەیان نەتەوەی گەورە و بچووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە.

لە زۆر وڵاتاندا ئەم ڕەوتە سیاسییە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ بووە. لەم وڵاتانەدا کۆمەڵی دواکەوتووی پێشوو لە نێو چووە و کۆمەڵێکی نوێ و پێشکەوتوو جێگای گرتۆتەوە. چینە زۆردار و کۆنەپەرستەکانی سەر بە ئیمپریالیزم دەسەڵاتی سیاسییان لەدەست دەرهاتووە و هێزە نیشتمانپەروەرەکان و نوێنەرانی چین و توێژە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە.

لە زۆربەی وڵاتاندا چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لەبەریەک هەڵوەشاون و ڕێگا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ خۆش بووە. بە چەشنێکی گشتی، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەوپێش بەرن، ئازادیی کردەوەیان پتر بووە و دەرەتانیان بۆ پێک هاتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دروست بکەن.

وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە سایەی دەسکەوتەکانی زانست و تیکنیکەوە کە ئیمکانێکی بێ وێنەیان بۆ پێشکەوتنی ئابووری پێک هێناوە، توانیویانە هەڵدانی ئابووریی

خۆیان خێراتر بکەن. بەڵام لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتووانیان بەرنەسەر، بە سەدان میلیۆن کەس لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکەن و تەنانەت لە هێندێ وڵات دا زۆر کەس لە برسان دەمرن، ئەمە یەکێک لە گەورەترین ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتیە.

وڵاتە ئیمپریالیستییەکان ئێستاش لە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی خۆیان بۆ پاراستنی پێوەندیی نابەرابەری نێونەتەوەیی کەڵک وەردەگرن. ئێستاش نەتەوە زۆرلێکراوەکانی پێشوو بەتایبەتی نەتەوە بچووکەکان تەئسیرێکی کەمیان لە دانانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەیە و تەنانەت زۆر جار دەبینرێ کە مافە ڕەواکانیان لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە پێشێل دەکرێن. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش پێوەندیی ئیستعماری پێشوو لە بناخەدا هەڵوەشاوە و بەرەیەکی بەرینی دژی ئیمپریالیستی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و دێموکرات، لەو وڵاتانەی تازە ڕزگار بوون و لە گەلانی ئەو وڵاتانە کە بۆ ڕزگاریی خۆیان خەبات دەکەن پێک هاتووە کە بە پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆتە عامیلێکی کاریگەر لەسەر دانانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا. وەزعێک پێک هاتووە کە نەتەوە بچووکەکانیش پشتئەستوور بەهێزی خۆیان و بەکەڵک وەرگرتن لە هاودەردیی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو بتوانن مافە ڕەواکانی خۆیان وەدەست بێنن و بیانپارێزن.

٣- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێکدانەوەکانی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی لە ستراتیژیی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکاندا، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لەباری جوغرافیاییەوە ئەم ناوچەیە کەوتۆتە سێ‌ڕێیانی سێ قارە ئاسیا و ئەفریقا و ئورووپا. لەباری ئابووری و سەرچاوە ژێرزەمینییەکانەوە سەدی شەستی تەواوی پاشەکەوتی نەوتی وڵاتانی غەیری سۆسیالیستی لەو ناوچەیەدا هەڵکەتووە.

بێجگە لەوانەش هاوسنووریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی، یەکەمین و گەورەترین وڵاتی سۆسیالیستی هەروەها دروستبوونی هێندێ دەوڵەتی دژی ئیمپریالیستی و بوونی چەند بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی وەک بزووتنەوەی فەلەستین و بزووتنەوەی گەلی کورد و... لەو مەڵبەندەدا بایەخ و گرینگیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە حیساب و لێکدانەوەی هێزەکانی نێونەتەوەییدا زیاد کردووە. تەواوی ئەم ڕاستییانە بۆتە هۆی ئەوە کە وڵاتانی ئیمپریالیستی هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەم ناوچەیە بەوردی بخەنە ژێر چاودێری و بەرامبەر بە هەر چەشنە ڕووداوێکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست و عەکسولعەمەل نیشان بدەن.

٤- ئێران لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. لە ڕاستیدا ئێران نەیدەتوانی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کە بەسەر جیهاندا هاتوە دوور ڕابگرێ. بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕەی لە ئێراندا ڕووی داوە، بە هیچ جۆر وەڵامدەری ئیمکاناتی ئابووری و سروشتی وڵاتی ئێمە نییە. ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو دەژمێردرێ، ئێستاش زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە هەژاری و ڕۆژڕەشیدا دەژین، زۆربەی خەڵکی ئێران بەتایبەتی لە لادێ هێشتا نەخوێندەوارن و لە

یارمەتیی پزشکی و دەرمانی بێبەشن.
تەرکیبی کۆمەڵایەتیی لادێ تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە. دەربەگ و خاوەن ملکە گەورەکان وەک چینێک لەنێو چوون و جێگای خۆیان داوە بە بۆرژۆوازیی لادێ کە لە وردە مالکەکان و جووتیارە دەوڵەمەندەکان پێک هاتوە. مەبەستی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لە پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە بەرینتر کردنی بازاڕی سەرمایەداری لە سەرانسەری وڵات و پێکهێنانی بۆرژۆوازی لە دێ بوو، کە لە لایەک ببێتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و لە لایەکی دیکەش ڕێگای پەرەپێدانی سەرمایەداری خۆش بکا. لە سەنعەتیشدا ڕێژیمی شا بەشی تایبەتی بە ژیانی بەشی گشتی بەهێز دەکرد و بۆ هێنان و وەکارخستنی سەرمایەکانی بێگانە دەرەتانی لەباری پێک دێنا کە دیارە لێرەشدا مەبەست هەر پەرەپێدانی سەرمایەداری بوو. بەم جۆرە ئێران وەک وڵاتێکی دواکەوتوو بەگشتی ڕێگای هەڵدانی سەرمایەداریی گرتبووە پێش. ڕێگایەک کە تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتی دواکەوتوو چەوتبوونەوەکەی دەرخستووە و بەئاشکرا نیشانی داوە کە بە زیانی کۆمەڵانی خەڵکە. ڕێژیمی حەمەڕەزا شا لە سیاسەتی دەرەوەدا بە چەشنێکی گشتی پەیڕەویی لە وڵاتانی ئیمپریالیستی بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکرد. بێجگە لە ئەندامەتی پەیمانی سەنتۆ کە دەستەبەندییەکی نیزامیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دژی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، ئێران پەیمانێکی دوو قۆڵیی نیزامی و زۆرپەیمانی دیکەشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستبوو، و لەو ڕێگایەوە هەزاران ڕاوێژکاری ئەمریکایی بەسەر ئەرتەش و پۆلیس و ژاندارمریدا زاڵ کردبوو.
لە ڕێژیمی شادا دیکتاتۆری گەیشتبووە ئەوپەری و شوێنەوارێک لە ئازادی و دێموکراسی نەمابوو. حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتووەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە دێموکراتییە سیفییەکان هەموو قەدەغە کرابوون، ئازادیی بەیان و بڵاوکردنەوە خرابووە ژێر پێ. نوێنەرانی مەجلیسی شوورا و سەنا لەلایەن شاوە دیاری دەکران. دەسەڵاتی قانووندانان و دادخوازی و ئیجرایی هەموو بە دەست شاوە بوون. ئەرتەش و پۆلیس بەسەر گیان و ماڵی خەڵکدا زاڵ کرابوون و ئێران کرابوو بە زیندانیکی گەورە بۆ هەموو ئینسانێکی بەشەرەف و ئازادیخواز.
بەم جۆرە ناتەباییەکی گرێیی لەنێوان دەسەڵاتی سیاسیی ئێران و ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان  شا و دەبار و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لەلایەک و گەلانی ئێران لەلایەکی دیکەوە پێک هاتبوو کە تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی، شۆڕشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بوو.

٥- کوردستانی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوویە لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوودا. ئەگەرچی کوردستان لە باری سروشتی و سامانی ژێرزەمینییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام بەوحاڵەش یەکێک لە دواکەوتوترین ناوچەکانی ئێرانە. ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. وەزعی ئابووری و لەشساغی و فەرهەنگیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران زۆر کەم گۆڕاوە. پایەی ژیان زۆر نزمە و زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و بێبەشیدا دەژین. دێیەکانی کوردستان لە یارمەتیی پزشکی و دەرمانی بە تەواوی بێبەشن.
لە زەمانی شادا کوردستان ناوچەی هەرە میلیاریزەکراوی ئێران بوو. قانوون لە کوردستاندا

هیچ مانایەکی نەبوو. مووچەخۆرانی ئەرتەش و ژاندارمری و ساواک هەموو دەسەڵاتێکیان بەدەستەوە بوو.
ستەمی نەیەوایەتی لە هەموو بارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کوردستانی ئێراندا دەهاتە بەرچاو. مووچەخۆرانی دەوڵەتی لە کوردستان هەموویان لە مەرکەزەوە دیاری دەکران و گەلی کورد هیچ تەئسیریکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا نەبوو. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سرووشتی هیچ پرۆژەیەکی گرینگی ئابووری و سەنعەتی لە کوردستاندا جێبەجێ نەدەکرا. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆی سیاسی و سینفی ئیمکانی تێکۆشانی ئازادی نەبوو. فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد دەرەتانی پێشکەوتنی پێ نەدەدرا. بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە زمانی کوردی قەدەغە بوو. منداڵانی کورد لە یەکەم ڕۆژی چوون بۆ قوتابخانەوە دەبوو بە زمانی فارسی بخوێنن و ناچاربوون لە قوتابخانەدا بە فارسی پێکەوە بدوێن. بەم جۆرە کوردستانی ئێران کرابوو بە بەندیخانەی گەلی کورد.

٦- شۆڕشی پڕ شکۆی گەلانی ئێران ئەنجامی سرووشتیی ئەو وەزعە نالەبارە و عەکسولعەملی بێ ئەملاوئەولای دیکتاتوری پاشایەتی و بەستراوەیی ئەو ڕێژیمە بە ئیمپریالیزم و بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە بوو. گەلانی ئێران بۆ دواییهێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتوریی پاشایەتی و بۆ خاشەبڕ کردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم ڕاپەڕینێکی بەردریژ و خوێناوییان بەرپا کرد و سەرئەنجام پاش ساڵێک خەباتی شێلگیر و قوربانیدان، بە بەختکردنی گیان و ماڵ و بە دانی دەیان هەزار شەهید لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا ، تۆماری تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی ڕێژیمی پاشایەتییان تێکەوە پێچا.
بێگومان شۆڕشی خەڵکی ئێران کە گەورەترین هێزی سەر بە ئیمپریالیزمی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە نێو برد، یەکێک لە گرینگترین ڕووداوە مێژووییەکانی وڵاتی ئێمەیە و هەر لەو کاتەشدا دەرسی زۆر بەنرخی بۆ خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدا بووە. شۆڕشی ئێران نیشانی دا کە هەر کات میللەتێک بە لە خۆبوردوویی و بە یەکگرتوویی بیهەوێ داو و زنجیری ژێردەستی بپسێنێ، هیچ هێزێک لە دنیادا ناتوانێ پێشی پێ بگری و سەرەنجام هەموو کەند و کۆسپەکانی ڕێگای سەرکەوتن تەخت دەکا.
ئەگەرچی پەنجا ساڵ دەورانی پڕ نەگبەتیی دیکتاتوریی ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی، هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێرانی لە دژی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی حەمە ڕەزاشا یەک خستبوو، بەڵام زۆر بەداخەوە ماوەی کورتی ڕاپەڕینی پڕشکۆی خەڵکی ئێران دەرەتانی ئەوەی بە هێزە دێموکراتی و شۆڕشگێڕەکانی ئێران نەدا کە بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ سیستمی حکوومەتی دوای ڕێژیمی پاشایەتی دابڕێژن و لەبەر ئەوەش کە هیچ کام لە هێزە نیشتمانییەکانی ئێران بە تەنیا لە توانایدا نەبوو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بەدەستەوە بگرێ، کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسک و کۆنەپەرست بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرهەمی خوێن و فرمێسکی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران داگرت و دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بەسەر وڵاتەکەماندا سەپاند.

لە ئەنجامی ئەو وەزعەدا شۆڕشی ئێران ناکام مایەوە و نەیتوانی هیچ کام لە ئاوات و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. گەلانی تینووی ئازادی لە ئێراندا بەو مەبەستە بە دەستی بەتاڵ بەگژ ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی شادا چوونەوە و بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانیان کردە قوربانی، کە جارێک بۆ هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم لە ئێراندا کۆتایی پێ بهێنرێ. ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا دابین بکرێن، زەحمەتکێشانی ئێران کە بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی وڵاتن و گەورەترین تەئسیریان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبووە لە هەژاری و ڕۆژڕەشی ڕزگاریان بێ و گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە سێبەری ڕێژیمێکی دێموکراتیدا بە مافی ڕەوا و نەتەوایەتی خۆیان بگەن.

بەڵام کۆنەپەرستانی پاوانخواز کە دەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاریی خەڵکی ئێران داگرتووە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵک ڕێگایان نەدا هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. خەباتی دژی ئیمپریالیستیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چوارچێوەی هێندێ دروشمی بێ نێوەڕۆک دەرنەچوو. ڕێژیمی خومەینی لەکاتێکدا خۆی بەدژی ئیمپریالیست دەزانێ ڕەسەنترین هێزە دژە ئیمپریالیستییەکانی وڵات سەرکوت دەکا. ئەو ڕێژیمە بە پێچەوانەی پروپاگەندەی دەزگا تەبلیغاتییەکانی بە دزییەوە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی یەدەکیی لێ دەکڕێ. لەگەڵ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان، ئازادییە دێموکراتییەکان زۆر خراپتر لە سەردەمی پاشایەتی خرایە ژێر پێ. کۆمەڵانی دەستەنگ و زەحمەتکێشی وڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێک لەگەڵ هەژاری و نەداری و گرانی و بێکاری بەرەوڕوو بوون و حکوومەتی تازە هیچ چەشنە هەنگاوێکی بۆ چارەسەری هەزاران گیروگرفتی ژیانی ئەوان هەڵنەهێنایەوە. گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش نەک هەر بە مافی ڕەوای خۆیان نەگەیشتن، بەڵکوو وەڵامی هەموو داخوازەکانیان بە ئاگروئاسن درایەوە. بە کورتی ڕێژیمی ئێران بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی تەواوی کاروکردەوەکانی لەگەڵ قازانج و سیاسەتی وڵاتانی ئیمپریالیستی یەک دەگرێتەوە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەواندایە. ڕێژیمی خومەینی وەک میراتگرێکی بەئەمەگ بۆ ڕێژیمی حەمەڕەزا شا لە هەموو سیاسەتێکی دژی گەلیدا چەندین هەنگاوی لە ڕێژیمی پێشوو تێپەڕاند. ئەگەر ڕێژیمی شا ئێرانی بەرەو سەرمایەداری دەبرد و دیفاعی لە سەرمایەدارانی نێوخۆ و بێگانە دەکرد، دەسەڵاتی دژیگەلی خومەینی بە ناوی دین و مەزهەب دیفاع لە سەرمایەداری دەکا و خاوەن ملکیەتی تایبەتی سەرمایەداران بە بەشێکی خودایی دەزانێ کە نابێ دەستی تێوەردرێ. ئەگەر حەمەڕەزا شا وەک دیکتاتورێک قانوون و مەجلیس و دامودەزگا دەوڵەتییەکانی بە شێوەیەکی غەیرە قانوونی خستبووە ژێر چۆکی خۆی، خومەینی باری شەرعی و قانوونیی بەو شێوە دیکتاتورییە داوە و ملکەچی بۆ زەبروزەنگی کۆنەپەرستانەی دیکتاتوریی بە ئەرکێکی ئایینی داناوە. ئەگەر لە ڕێژیمی پاشایەتیدا داوای مافی نەتەوایەتی بۆ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران وەک کورد و ئازەربایجانی و عەرب و بەلووچ و تورکمەن بە تاوان دەزانرا، لە ڕێژیمی خومەینیدا ئێرانی بوون و دیفاع لە شانازییە مێژووییەکانی ئێرانیش بە گوناهێکی گەورە و بە پێچەوانەی فەرمانی خودا لە قەڵەم دەدرێ.

دیکتاتوریی ئاخوندی نەک هەر هیچ بیروباوەڕێکی موخالیفی خۆی ناتوانێ تەحەمۆڵ بکا، بەڵکوو لەگەڵ هەر بیرێکی جیا لە بیری کۆنەپەرستانەی خۆی با موخالیفیش نەبێ، بەتوندی دوژمنایەتی دەکا. لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵ فەرمانڕەوایی ڕێژیمی بەناو ئیسلامیدا، خومەینی زۆر زیاتر لە پەنجا و چوار ساڵ دەورانی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئازادیخوازانی ئێران و ئەندامانی هێزە دێموکراتییەکانی ئیعدام کردوە. خۆ ئەگەر بمانەوێ باسی کوردستان بکەین، دیمەنی دزێوی دیکتاتوریی نوێ زۆر باشتر و بێپەردەتریش دەردەکەوێ. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد وەک بەشێک لە گەلانی ئێران چالاکانە لە شۆڕشی سەرتاسەریی وڵاتی ئێمەدا بەشدار بوو، هەرچەندی گەلی کورد لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیەوە هەموو توانای خۆی بە کار هێنا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژەوە بە لانی کەمی مافە ڕەواکانی بگا؛ حکوومەتی کۆنەپەرستی خومەینی نەک هەر ملی بۆ داخوازە بەرهەقەکانی خەڵکی کوردستان ڕانەکێشا؛ بەڵکوو بە پێچەوانە لەشکری کێشایە سەر و دەستووری قەتڵی عامی دا. تەنانەت کار بەوەشەوە نەوەستا و خومەینی بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام فتوای جیهادی لە دژی گەلی موسوڵمانی کورد دەرکرد و ڕشتنی خوێنی کیژ و لاو و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستانی بە حەڵاڵ زانی.

بەو جۆرە ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنمژی خومەینی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەل و لەگەڵ هەموو قانوون و نیزامێکی نێونەتەوەیی نیشان داوە و لە دژی تەواوی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران ئیعلامی شەڕی کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی ئێران لەژێر باری زوڵم و زۆر و دیکتاتوری و بۆ گێڕانەوەی شۆڕشی ئێران بۆ سەر ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی پێویستە ڕێژیمی کۆنەپەرست و سەر بە ئیمپریالیزمی خومەینی بڕووخێ و لە جێگای ئەو، ڕێژیمێکی دێموکراتی دابمەزرێ کە داخوازەکانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی پێویستە دەرەتانی بە خەڵکی ئێران بدرێ کە بە ئازادی نێوەڕۆکی سیستەمی کۆماریی دڵخوازی خۆیان دیاری بکەن و مەجلیسی دامەزرێنەران (مؤسسان) بۆ دانانی قانوونی ئەساسیی کۆماری نوێ پێک بێ.

٧- بۆ گەیشتی بە ئامانجی بنەڕەتیی گەلی کورد کە پێکهێنانی خودمختاری لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ. حیزبی ئێمە پێی وایە بۆ ئەوەی شۆڕشی ئێران جارێکی دیکە تووشی بێ بەرنامەیی نەبێ و دەسکەوتەکانی بە تاڵان نەچن، پێویستە هەر لە ئێستاوە هێزە سیاسییە بەڕاستی شۆڕشگێڕەکانی ئێران لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دواڕۆژی وڵات یەک بگرن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە.

بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە حیزبی ئێمە هەم دژی شۆوینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکا و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە ڕێژیمی خومەینی و گەلانی ئێران لە یەک جیا ناکاتەوە خەبات دەکا. هەم شۆوینیزمی ئێرانی و هەم ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەر دووکیان دوژمنی یەکیەتی گەلانی ئێرانن. هەر لەو کاتەدا حیزبی

ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسی گەورە شۆوینیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە چوار ساڵە کە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژی پەلاماری درندانەی ڕێژیمی خومەینی بە لێوەشاوەیی و کارامەییەوە ڕێنوێنی دەکا. خەبات و تێکۆشان و گیانبازی و قوربانیدانی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب نفووز و خۆشەویستیی حیزبی ئێمەی لەنێو کۆمەلانی خەڵکدا زۆر زیاتر لە جاران بردۆتە سەر. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا نەک هەر حیزبی خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بەڵکوو جێگای ڕێز و خۆشەویستیی گەلانی دیکەی ئێران و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دژی ئیمپریالیستیەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانیشە. دروشمی ستراتیژیکی حیزبی ئێمە «دێموکراسی بۆ ئێران خودمختاری بۆ کوردستان» بۆتە دروشمی بنەڕەتیی هەموو خەڵکی کوردستان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێرانیش پشتیوانیی لێ دەکەن.

زیاتر لە دوو ساڵ لە پەسندکردنی بەرنامەی پێشووی حیزبی ئێمە لە لایەن کۆنگرەی پێنجەمەوە رادەبرێ، بەرنامەی ئێستا لە کۆنگرەی شەشەمدا پەسند کراوە و وەڵامدەری هەلومەرجی نوێی ولاتەکەمانە. هەلومەرجێک کە پاش سەقامگیر بوونی دیکتاتوریی ڕەشی خومەینی پێک هاتووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی خۆی دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان و لە هەموو دانیشتوانی کوردستان، کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشانی شار و دێ، ڕووناکبیران، قۆتابییان، خوێندکاران، کارمەندان، پیشەسازان و بازارییان، داوا دەکا کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە تێ بکۆشن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و بیروڕای حیزبی ئێمە لە بارەی مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکانەوە بۆ ئەوان بەیان بکەن. هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە شارەزا بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانی ئێرانە. ئێستا دەبێ تێ بکۆشین هێزی بێپایانی گەل بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حیزبەکەمان بکەوێتە کار، ئەو کاتەیە کە بەرنامەی حیزبەکەمان دەبێتە هێزێکی ماددیی توانا و دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا وەدی بێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندوە. وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە ئەستۆی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە کە لە چوارچێوەی ولاتی ئێراندا دادەمەزرێ.

### فەسڵی یەکەم:
### ئامانجە گشتییەکان

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوەی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شانبەشانی هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران بۆ لەنێوبردنی دەسەڵات و نفووزی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم و بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و دامەزرانی ڕێژیمێکی دێموکراتی و لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی

کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.
٢- ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتی سۆسیالیستییە.
٣- دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستانی ئێرانە.
٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی هەموو گەلان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دژی ڕێژیمە زۆردار و کۆنەپەرستەکان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتیی گەلانی هەموو وڵاتانە.

**فەسڵی دووهەم:**
**بنچینەکانی ئەسڵی خودمختاری**

٥- ناوچەی خودمختار هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی خودمختاری کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەرکام لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ.
٦- لە ناوچەی خودمختاری کوردستاندا هەموو دەسەڵات بە دەست خەڵکەوەیە کە بە هۆی نوێنەرانی خۆیان لە شورای بەرزی کوردستاندا بەکاری دێنن.
٧- کاروباری پێوەندییەکانی دەرەوە (سیاسی و ئابووری)، دیفاعی میللی (سوپا)، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستمی دراوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە. بێجگە لەوانە سەلاحییەتی بەڕێوەبردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان بەدەست حکوومەتی خودمختاری کوردستانە. خەڵکی ناوچەی خودمختاری کوردستان وەک هەموو هاونیشتمانیانی خۆیان لە سەرانسەری ئێراندا لە ڕێگای قانوونییەوە و بەبێ هیچ چەشنە جیاوازییەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشداری دەبن.
٨- شووڕای بەرزی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی ناوچەی خودمختاری کوردستانە. نوێنەرانی شورا لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە هەڵدەبژێردرێن. ژن و پیاو و لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە.
٩- شورای بەرزی کوردستان حکوومەتی خودمختاری کوردستان دیاری دەکا. حکوومەتی خودمختاری کوردستان بەرامبەر بە شورای بەرزی کوردستان بەرپرسە.
١٠- پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆی ناوچەی خودمختاری کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی خودموختارییە. ئەرکی ئەرتەش دیفاع لە سەربەخۆیی و سنوورەکانی وڵاتە و حەقی نییە دەست لە کاروباری پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی وەربدا.
١١- زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی نێوان ئیدارەکان لە ناوچەی خودمختاری کوردستاندایە و لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا مافی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ دانیشتووانی ناوچە بەڕەسمی دەناسرێ. زمانی فارسی لە ناوچەی خودمختاری کوردستانیشدا هەر وەک شوێنەکانی دیکەی ئێران زمانی ڕەسمییە و لە قوتابخانەکاندا لەگەڵ زمانی کوردی دەخوێندرێ. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودمختاری کوردستان بۆ

مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها بۆ ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی لە ناوچەی خودمختاردا، بە زمانی فارسی دەبێ. هەموو دانیشتووانی غەیرە کورد لە ناوچەی خودمختاری کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان ئازادن و مافی خوێندن بە زمانی خۆیانیان هەیە.

**فەسڵی سێهەم:**

**مافەکانی دانیشتووانی ناوچەی خودمختار**

١٢- هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا قانوون، وەک ئازادیی عەقیدە و بەیان، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، یەکیەتییەکان و شوراکانی کرێکاری و جووتیاری و سینفی، ئەنجومەنە دێموکراتییەکان، ئازادیی هەڵبژاردنی کار و جێگای دانیشتن و ئازادیی ئایین و مەزهەب لە ناوچەی خودمختاری کوردستاندا هەر وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن.

هەموو دانیشتوانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەر وەک دانیشتووانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەبێ هیچ جیاوازیدانانێکی جینسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی وەک یەک کەڵک وەردەگرن.

١٣- حکوومەتی خودمختاری کوردستان یارمەتیی پەرەپێدانی ناوەندە ئایینیەکان دەدا و لە باری ماددی ومەعنەوییەوە کۆمەگ بە ڕێبەرانی نیشتمانپەروەری ئایینی دەکا.

١٤- ژن و پیاو لەنێو خێزان و کۆمەڵدا، مافی وەک یەکیان هەیە و بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن.

**فەسڵی چوارەم:**

**سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

١٥- دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامە دارشتنێکی زانستییەوە لە ناوچەی خودمختاردا لە ئەستۆی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە دابەشکردنی داهاتی گشتیی بووجە بە چەشنێک دەبێ کە بەشی دانیشتووانی ناوچەی خودمختاری کوردستان بەپێی ڕادەی دواکەوتوویی زیاتر لە داهاتی نێونجی سەرانەی وڵات بێ.

١٦- ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەرانسەری ئێران سەنعەتیکردنی وڵات بەپێی دەسکەوتەکانی زانست و تەکنیک لە لایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سرووشتیی وڵات لەلایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتیکردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها حکوومەتی خودمختاری کوردستانە.

١٧- حکوومەتی خودمختاری کوردستان بە هۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتە خۆوڵاتی و نەتەوەییەکانیش پارێزگاری دەکا. لە تەنیشت بەشی گشتی ئابووری،

بەشی هەرەوەزی و تایبەتییش لە سەنعەتیکردنی ولاتدا بەشدار دەبن.

١٨- سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەڕگەکان کە بە سامانی گشتی دەژمێردرێن، میللی دەکرێن و حکوومەتی خودمختاری کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

١٩- زیاد کردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ڕێگای میکانیزە کردن و بەکارهێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵ دا هەروەها داڕشتنی بەرنامەی بەراوکردن و هەڵبەستنی بەند، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووری حکوومەتی خودمختاری کوردستانە.

٢٠- حکوومەتی خودمختاری کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و برەوپێدانی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا تێ دەکۆشێ. هێندێک لەو پرۆژە ئابوورییانە کە جێبەجێکردنیان بە هۆی بەشی گشتییەوە لە قۆناخێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووریی ولات نییە، بە بەشی تایبەتی دەسپێردرێن و لەڕێگای دیاریکردنی نرخ بۆ بەرهەمەکان و دانانی ماڵیاتی دەوڵەتییەوە سنوورێک بۆ پەرەگرتنی سەرمایەی تایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەو کارە کەڵک وەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستانە.

٢١- بەرەوژوور بردنی پایەی ژیانی خەڵک و بەتایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان، نێوەڕۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە. ئەم حکوومەتە هەموو هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان کە لە هەژاری و بێبەشیدا دەژین، لەم وەزعە ڕزگار بکا و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکا. یەکەم هەنگاوی گرینگ لەو بارەیەوە ئامادەکردنی خانووبەرەی لەبار بەپێی ڕێوشوێنی لەشساغی بۆ زەحمەتکێشانی شار و لادێیە.

٢٢- ئەسڵی چل سەعات کار لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کە متر بێ. لانی کەمی هەقدەستی کرێکاران بەپێی خەرجی بەڕێوەچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونەسەرێی خەرجی گوزەران زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیری بیمە دەکرێن. ئەو مندالانەی تەمەنیان لە پازدە ساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ. بۆ کەمکردنەوە و پاشان خاشەبڕکردنی بێکاری، دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێک بهێنرێ.

٢٣- زەوی هی ئەو کەسەیەکە کاری لەسەر دەکا . هەر بۆیە دەبێ لە شێوەی ئێستای ماڵیکییەتی زەویدا، ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە قازانجی دێنشینانی زەحمەتکێش و بێزەوی ڕوو بدا. حکوومەتی خودمختاری کوردستان هەموو چەشنە یارمەتییەک بۆ پەرەپێدانی ئەو شێرکەتە هەرەوەزییانەی کشتوکاڵ دەکا کە جووتیاران بە دڵخوازی خۆیان پێکیان دێنن و جگە لەوانەش کێڵگەی هەرەوەزی دەوڵەتی پێک دێنێ.

٢٤- حکوومەتی خودمختاری کوردستان دەبێ یارمەتیی وەرزێران بدا تا بتوانن ئامرازی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخێکی باش لێ بکڕێ و بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بەسوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران لە پێشدا بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پاشان بەرامبەر بە

پیـری و پەککەوتوویـی بیمـە دەکرێـن.
٢٥- حکوومەتـی خودمختـاری کوردسـتان سـەرنجێکی تایبەتـی دەداتـە ئاژەڵداری. لەوەڕگـەکان بەپێی شـەرتی لـە بـار بـە ئاژەڵداران دەسـپێرێ و ڕێگای دروسـت و زانسـتیی ئاژەڵدارییـان فێر دەکا.
٢٦-پارێـزگاری موحیتـی ژیـان، سـەرچاوە سرووشـتییەکان، لێـرەوارەکان، دەریاچـەکان و پارێزگاریـی حەیوانـات بـە تایبەتـی حەیواناتـی ڕاوی، باڵنـدە و پـێ ڕەو وماسـی یەکێـک لـە ئەرکەکانـی حکوومەتـی خودمختـاری کوردسـتانە. هەربۆیـە دەبـێ لـە ڕاوی بێسـەرەوبەری حەیوانـات پێشـگیری بکـرێ و لـە هەڵبژاردنـی جـۆر و جێـگای سـەنعەتی تـازە و لـە لێدانـی ڕێـگا و کێشـانی ڕێـگای ئاسـندا بـۆ پارێـزگاری موحیتـی ژیـان و لەبەرچاوگرتنـی هاوهەنگاویـی سرووشـت، وردەکارییەکی زۆر ڕەچاو بکرێ و بایەخی پێویسـت بە پاراسـتنی بینا و شـوێنەوارە کۆنـەکان بـدرێ.

## فەسڵی پێنجەم:
## سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی

٢٧- هەمـوو منداڵانـی کوردسـتان چ کـچ چ کـوڕ، تـا پـازدە سـاڵی دەبـێ بخوێنـن. حکوومەتـی خودمختـاری کوردسـتان بـۆ لەنێـو بردنـی نەخوێنـدەواری بەپەلـە هەنـگاو هەڵدێنـێ. لـە ناوچـەی خودمختـاری کوردسـتاندا دابینکردنـی خەرجـی خوێندنـی سـەرەتایی لـە ئەسـتۆی دەزگای دەوڵەتییـە و خوێنـدن لـە قۆناخەکانـی دیکـەدا بەخۆڕاییـە. یارمەتیـی حکوومەتـی خودمختـار لـەو بـارەوە قوتابخانـە ئایینییەکانیـش دەگرێتـەوە. حکوومەتـی خودموختـاری کوردسـتان خەرجیـی منداڵانـی کرێـکار و جوتیـاران و هەمـوو زەحمەتکێشـانی کـەم داهـات لـە تـەواوی فێرگـە پیشـەییەکان و هونەرسـتانەکاندا دابیـن دەکا و خەرجـی خوێندنـی منداڵانـی بلیمـەت و هەڵکەوتووی زەحمەتکێشـانی کەم داهـات لە زانسـتگە و فێرگـە بەرزەکانیشـدا وەئەسـتۆ دەگرێ.
٢٨- حکوومەتـی خودمختـاری کوردسـتان بـۆ بـەرەوژوور بردنـی پایـەی فەرهەنگـی گـەل و دامەزراندنـی بنکـەی فەرهەنگـی و زانسـتی و پـەروەردەی بەدەنـی وەک فەرهەنگسـتان، سـینەما، تیئاتـری میللـی، بنکـەی وەرزشـی، فێرگـە بـەرزەکان و زانسـتگەکان بەخێرایـی هەنـگاو هەڵدێنـێ.
٢٩- بایەخـدان بـە پێشـکەوتنی زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی و پشـتیوانی لـە نووسـەران و هونەرمنـدان و زانایانـی کـورد ڕێبـازی هەمیشـەیی سیاسـەتی فەرهەنگیـی حکوومەتـی خودمختـاری کوردسـتانە.
٣٠- ڕووناکبیرانـی کوردسـتان بەپێـی لێوەشـاوەیی خۆیـان کاریـان دەدرێتـی. حکوومەتـی خودمختـاری کوردسـتان سیاسـەتێک بەرامبـەر بـە ڕووناکبیـران و پسـپۆڕان دەگرێتـە پێـش کـە بـە دڵگەرمـی و لـە خۆبووردنـەوە خزمەتـی نیشـتمانی خۆیـان بکـەن.
٣١- حکوومەتـی خودمختـاری کوردسـتان بـۆ بـەرەوژوور بردنـی پایـەی لەشسـاغیی هەمـوو خەڵـک تـێ دەکۆشـێ و بـۆ خاشـەبرکردنی ئـەو نەخۆشـییانەی لـە کوردسـتاندا بڵاوبوونـەوە بەتونـدی خەبـات دەکا و هەلومەرجێـک پێـک دێنـێ کـە هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان بتوانـن لـە یارمەتـی خۆڕایـی پزشـکی و دەرمانـی کەڵـک وەرگـرن. حکوومەتـی خودمختـاری کوردسـتان بـۆ دامەزرانـی ئاسایشـگە، شـیرخۆرگە و زایینگـە هەنـگاو هەڵدێنـێ و بـۆ بەخێوکردنـی نقۆسـتان و

بەساڵداچووانی ڕەبەن و بێخاووخێزان بنکە و بنیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

**فەسڵی شەشەم:**
**سیاسەتی دەرەوە**

لە سیاسەتی دەرەوەدا کە لە سەڵاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ دادەگرێ کە:

٣٢- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران سیاسەتێکی دەرەوەی بێلایەن (غیر متعهد) و سەربەخۆ بگرێتە پێش و لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی هەقی حاکمییەتی نیشتمانی و دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتر پێوندی دابمەزرێنێ و لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی و ئەو وڵاتانە کە سیاسەتێکی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستییان هەیە، پێوەندیی دۆستانە پێک بێنێ.

٣٣- دەوڵەتی مەرکەزی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژی ئیمپریالیستیی گەلان و لە مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خۆیان، پشتیوانی بکا.

٣٤- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران لەنێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە لە ئاشتیی جیهانی و پێکەوەژیانی بە ئاشتی لە نێو گەلاندا، پشتیوانی بکا و لایەنگری چارەسەری گیروگرفتە نێو نەتەوەییەکان لە ڕێگای وتووێژەوە بە بەکارهێنانی زۆر بێ.

٣٥- وڵاتی ئێران ببێتە بنکەیەک بۆ یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەنای سیاسی بە هەموو ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بدا.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا بە ئاگاداری و پەسندی دەوڵەتی مەرکەزی، حکوومەتی خودمختاری کوردستان لە هەموو ئیمکاناتی خۆی بۆ کۆمەگ بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا، کەڵک وەربگرێ و پەنای سیاسی بە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بدا.

## بەشی دووهەم
## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**مادەی یەکەم: ناو و نێوەڕۆکی حیزب**

١- ناوی حیزب، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و بەتایبەتی کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکیرانی شۆڕشگێڕ لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

٣- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا لە تیئۆریی زانستی پەرەسەندنی کۆمەڵ پەیرەوی دەکا.

**مادەی دووهەم: ئەندامانی حیزب**

هەموو هاونیشتمانییەکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەرجێک:
- تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکا.
- بە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ.
تێبینی: کوردەکانی غەیرە ئێرانی دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببنە ئەندام.

**مادەی سێهەم: شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام**
بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ، پێویستە:
- دوو ئەندامی حیزب ناسێنەری بن.
- لانیکەم شەش مانگ لە ژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
- لەلایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی بەرەوژوورترەوە وەربگیرێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

**مادەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب**
ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:
- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، تێ بکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی فیکری و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بەپێی پێڕەوی نێوخۆ، پەیڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.
- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێ بکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرێتە سەر.
- سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیروڕا و تاقیکردنەوەیان کەڵک وەرگرێ.
- هەقی ئەندامەتی بدا.

**مادەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**
ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیەکە:
- بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ.
- لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا ڕەخنە بگرێ.
- لە ڕێگای تەشکیلاتیەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا. بیروڕای خۆی پێ بڵێ، یان پرسیاری لێ بکا.
- لە هەر ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
- لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانیی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**مادەی شەشەم: سزادانی ئەندام**

١- ئـەو کەسـانەی ئەرکـی خۆیـان بەجـێ ناگەیەنـن یـان بـە پێچەوانـەی پێـڕەوی نێوخـۆی حیـزب دەبزوێنـەوە، یـان کردەوەیـەک ئەنجـام دەدەن کـە زیـان بـە ئیعتبـاری حیـزب دەگەیەنـێ، بەپێـی ڕادەی تاوانەکەیـان سـزا دەدرێـن. سـزای حیزبـی بریتیـە لـە:

- سەرکۆنە بە دەم.
- سەرکۆنە بە نووسراوە.
- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.
- هەڵپەسـاردن و دەرکـردن لـە حیـزب. درێژتریـن مـاوەی هەڵپەسـاردن سـاڵێکە. ئەندامـی هەڵپەسـێردراو لـە مـاوەی هەڵپەسـێران‌دا، خاوەنـی مافەکانـی ئەندامـی حیـزب نییـە.

٢- سـزای حیزبـی لەلایـەن ڕێکخـراوی حیزبیـی هـەر ئەندامێکـەوە، بـە زۆربـەی دەنـگ دیـاری دەکرێ.

٣- مەبەسـت لـە سـزادانی حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامانـە و تەنیا ئەوکاتـە ئەنـدام سـزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤- ئەندامـی دەرکـراو هەقـی هەیـە لـە ئۆرگانـی سـەرەوەتر داوای پێڕاگەیشـتن بـکا و دەتوانـێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

**مادەی حەوتەم: قەوارەی حیزب**

١- ئەسڵی بنەڕتیی داڕشتنی قەوارەی حیزب سانتراليزمی دێموکراتیە.

٢- سانتراليزمی دێموکراتی بەو مانایەیە کە:

- هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.
- ئۆرگانەکانـی حیـزب بـە ڕێکوپێکـی تێکۆشـانی خۆیـان هـەم بـەو ئەندامانـە کـە هەڵیـان بـژاردوون و هـەم بـە ئۆرگانـی سـەرەوەتر دەدەنـەوە.
- ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە وکەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.
- لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بێ‌جیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.
- بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرەوەتر دەبێ لە لایەن ئۆرگانەکانی خوارەوەتر جێبەجێ بکرێ.
- باسکردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارترین ئۆرگان بەکۆمەڵە. تەکپەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

**مادەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١- بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢- کۆنگرەی حیزب هـەر دووسـاڵ جارێک لـە ئەندامـان و جێگرەکان و موشـاوێرانی کۆمیتـەی ناوەنـدی و بـە ڕادەیـەک کـە کۆمیتـەی ناوەنـدی دیاریـی دەکا لـە نوێنەرانـی هەمـوو ئەندامانـی

حیزب پێک دێ.

٣- کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازیی کۆمیتەی ناوەندی یان سێ یەکی هەموو ئەندامانی حیزب بانگ دەکرێ.

٤- ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:

- باسی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
- ڕێبازی گشتیی سیاسی، ستراتیژی و تاکتیکی حیزب دیاری دەکا.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند دەکا و ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا.
- ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.

تێبینی: کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کۆمیتەی ناوەندی کە لانیکەم دوو ساڵ ڕابردووی تێکۆشانیان لە حیزبدا هەبێ.

**مادەی نۆهەم: کۆنفرانسی حیزب**

١- کۆنفرانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:

- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیروگرفتی وا هاتبێتە پێش کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
- لە هەلومەرجی وادا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢- کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاوێرانی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کۆمیتەکانی شارستان و کۆمیسیۆنەکانی سەر بەکۆمیتەی ناوەندی پێک دێ.

**مادەی دەهەم: کۆمیتەی ناوەندی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢- ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:

- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
- مەسئوولی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزبە و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.
- دەفتەری سیاسی و سکرتێر هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسن.
- ڕادەی هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولی داهات و دەرچوونی حیزبە.
- ئاییننامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و دەفتەری سیاسی دادەنێ.
- ئاییننامەی کۆمیسیونەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پەسند دەکا.
- لانی کەم چوار مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و موشاوێرانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرتییان هەیە. کۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر داوای دەفتەری سیاسی یان زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێک دێ.

تێبینی: کۆمیتەی ناوەندی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی موشاوێر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

**مادەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا، دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و مەسئوولی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندییە.

٢- دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەدا بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی.

**مادەی دوازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١- بناخەی ڕیکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزبی لە دێ کۆمیتەی دێ، لە ناوچە کۆمیتەی ناوچە، لە گەڕەک کۆمیتەی گەڕەک، لە شار کۆمیتەی شار و لە شارستان کۆمیتەی شارستان بەڕێوە دەبا.

٣- ئەرکی شانە و کۆمیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شار و شارستان، گەیاندنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤- کۆمیتەی هەر ڕێکخراوێک لەلایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٥- بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە لانیکەم دوو ساڵ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوەیە پێک دێ.

**مادەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

- هەقی ئەندامەتیی ئەندامانیی حیزب.
- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاگەیەندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بڕیارنامەی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- پەیامەکانی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوتەم

# کۆنگرەی ٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (سەرماوەزی ١٣٦٤)

کۆنگرەی ٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ لە گوندی «گەورەدێ» لە باشووری کوردستان پێکهات.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٧ بریتی بوون لە:**

١) د. عەبدولڕحمان قاسملوو، ٢) د. سادق شەرەفکەندی، ٣) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٤) د. حوسەین خەلیقی، ٥) هاشم کەریمی، ٦) مستەفا هیجری، ٧) حەسەن ڕەستگار، ٨) حەسەن شەرەفی، ٩) حوسێن مەدەنی، ١٠) فەتاح کاویان، ١١) باباعەلی مێهرپەروەر، ١٢) جەلیل گادانی، ١٣) عەبدوڵڵا عیزەتپوور، ١٤) ئەبووبەکر ڕاد، ١٥) عەبدوڵڵا قادریئازەر، ١٦) سەید سەلام عەزیزی، ١٧) سدیق بابایی، ١٨) عوسمان ڕەحیمی، ١٩) محەممەدئەمین مەجیدیان، ٢٠) عەلی کاشفپوور، ٢١) نەبی قادری، ٢٢) عەبدولحەکیم ڕەزایی، ٢٣) جەعفەر حامیدی، ٢٤) حەسەن شیوەسەڵی، ٢٥) فەتاح عەبدولی.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٧:**

١) د. عەبدولڕەحمان قاسملوو (سکرتێر)، ٢) عەبدوڵلا حەسەنزادە (جێگر سکرتێر)، ٣) د. سادق شەرەفکەندی ٤) حەسەن ڕەستگار، ٥) مستەفا هیجری، ٦) هاشم کەریمی، ٧) حەسەن شەرەفی.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٧ بریتی بوون لە:**

١) کەماڵ کەریمی، ٢) سەرهەنگ ئیرەج قادری، ٣) حەسەن ئەییوبزادە (مامۆستا گۆران)، ٤) عیسمەت عەبدی، ٥) سەعدوون عەبباسی، ٦) ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ)، ٧) شاپوور فیرووزی، ٨) محەممەد نەزیف قادری، ٩) مەحموود دەشتی، ١٠) برایم لاجانی.

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٧ بریتی بوون لە:**

١) ڕەحیم محەممەدزادە، ٢) شاپوور شوجاعیفەرد، ٣) عەبدوڵلا شەریفی، ٤) عومەر شەریفزادە، ٥) غەفوور هەمزەیی.

# ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە

**هاونیشتمانیانی بەڕێز!**

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەخۆشی و سەربەرزییەوە ڕادەگەینێ کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤، لە بیرەوەریی ڕۆژی پیرۆزی پێشمەرگە کوردستاندا، کۆنگرەی حەوتەمی حیزب دەستی بەکار کرد و پاش چوار ڕۆژ کۆتایی هات.

پێکهاتنی کۆنگرەی حەوتەم بەپێی بەرنامەی دیاریکراو، لەهەلومەرجی دژواری خەباتی ئێستادا سەرکەوتنێکی بەرچاوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و جارێکی دیکە دەری دەخا کە حیزبی دێموکرات ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی بەتوانایە کە دوژمن لە وزەیدا نییە بەرگیری لە خەبات و تێکۆشانی بکا.

کۆنگرە بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو مەڵبەندەکانی کوردستانی ئێران کە لە کۆنفرانسەکانی حیزبیدا هەڵبژێردرابوون، بە سروودی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێ کرد و پاش ئەوەی کە بەڕەسمی لەلایەن یەکێک لە کۆنترین ئەندامانی حیزبی یادی کرایەوە، بە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان و سەرانسەری ئێران یەک دقیقە بێدەنگی ڕاگەیەندرا.

ئەمجا سکرتێری گشتیی حیزب کاک «دوکتور عبدالرحمان قاسملوو» ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی پێشکەش کرد. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا، پاش لێکدانەوەی وەزعی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی ئێران و کوردستان، سیاسەت و تێکۆشانی حیزب بە درێژی باس کرابوو.

کۆنگرە پاش دوو ڕۆژ باس، لەلایەن نوێنەرانی کۆمیتەکانی شارستان و ئۆرگانەکانی دیکەی حیزبی، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی بەتێکڕای دەنگ پەسند کرد. هەروەها کۆنگرە لە ئاکامی باسی نوێنەراندا بڕیارێکی گرینگی پەسند کرد،کە دەبێتە ڕێنوێنی تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب.

بەداوی ئەوەدا، کۆنگرەی حەوتەم، ئەندامان و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد. ڕۆژی ٣٠ مانگی سەرماوەز، کۆمیتەی ناوەندیی تازە بە تێکڕای دەنگ هاوڕێ «دوکتورعبدالرحمان قاسملوو»ی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژاردەوە.

پەیامێکی زۆری پیرۆزبایی و دەربڕینی پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات لەلایەن حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی کوردستانی و ئێرانی و جیهانییەوە هاتبوو کە بەشێکیان لەکۆنگرەدا خوێندرانەوە.

کۆنگرەی حەوتەم نیشانەی پتەوتربوونی یەکگرتوویی سیاسی و یەکپارچەیی ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. باسەکانی کۆنگرە دەریان خست کە پلەی سیاسی و زانینی ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب چەند بەرز و جێگای هیوایە. هەروەها پێکهاتن و بەڕێوەچوونی کۆنگرە قابیلییەتی ڕێکخستن و بەرنامەداڕشتنی حیزبی ئێمەی نیشان دا.

پێکهاتنی کۆنگرەی حەوتەم لە هەلومەرجی دژواری شەڕدا نیشان دەدا کە حیزبی دێموکرات

چەند بە ئوسوولی خۆی وەفادارە و چ ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیە.
کۆنگرەی حەوتەم لە چلەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبە خۆشەویستەکەماندا پێک هات، بۆیە جێگایەکی تایبەتی لەنێو کۆنگرەکانی ئێمەدا هەیە و بەکۆنگرەی چل ساڵ خەبات ناو نرا.
بێگومان کۆنگرەی حەوتەم قۆناخێکی گرینگە لە خەباتی چل ساڵەی حیزبەکەمان و دوا لاپەڕەی زێڕینی ئەم چل ساڵە پڕ لە شانازییەیە.
کۆنگرەی حەوتەم لە فەزایەکی پڕ لە خۆشبینی بە دوارۆژی خەباتی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستاندا کۆتایی هات.
پیرۆز بێ کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
بۆ پێشەوە بەرەو وەدیهێنانی بڕیارەکانی کۆنگرەی حەوتەم!

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٣٠ی سەرماوەزی ١٣٦٤**

***

## ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی
## بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
**(ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن کاك د. عەبدولڕەحمان قاسملووەوە پێشکێش کرا)**

**سەرەتا**

هاوڕێیانی بەڕێز!
بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەخێرهاتنتان دەکەم و هیوادارم کۆنگرەی حەوتەمی حیزبەکەمان کە لە قۆناغێکی گرینگ لە خەباتی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێراندا پێک هاتووە سەرکەتوو بێ. بێگومان هەموو نوێنەرانی کۆنگرە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی حیزب بەدڵەوە هەوڵ دەدن و چالاکانە لە پێشخستنی کارەکانی کۆنگرەدا بەشدار دەبن.
کەمتر لە دوو ساڵ لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب ڕادەبرێ و جێگای شانازییە کە حیزبی ئێمە لە هەلومەرجی زۆر دژواردا بە ڕێکوپێکی کۆنگرەکانی خۆی دەگرێ. ئەمە نیشانەی زیندوو و چالاکبوونی حیزبەکەمانە. هەروەها نیشانەی ئەوەیە کە حیزبی ئێمە بە تێکڕایی ئیمانێکی قوڵی بە دێموکراسی هەیە. لە مانگێک لە مەوبەرەوە کۆنفرانسەکانی حیزبی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان پێک هاتوون و نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆنگرەی حەوتەم هەڵبژاردووە. بۆ حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوی هەرە چالاکی نێوخۆی ئێران جێگای شانازییە کە لە وەختی خۆیدا بە شێوەیەکی دێموکراتی کۆنگرەکانی خۆی پێک دێنێ. ئەم کارە بۆ ڕێکخراوەیەکی ڕێبەری جووڵانەوە کە خەباتی چەکدار بەڕێوە دەبا نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا کەم وێنەیە. بەتایبەتی ئەگەر ئەم ڕاستییە بخەینە بەرچاو کە

ڕێژیمی خومەینی یەکێک لە زۆردارترین و درندەترین ڕێژیمەکانی مێژووی ئادەمیزادە ئەمجار دەردەکەوێ کە ڕاوەستان بەرامبەر بەو ڕێژیمە و پێکهێنانی بێوچانی کۆنگرەکانی حیزبی چ سەرکەوتنێکی گەورەیە.

ئەم سەرکەوتنە بەخۆڕایی دەست نەکەوتووە، بەڵکوو ئاکامی خەباتێکی شێلگیر و توندوتیژ و خوێناوییە. لەکۆنگرەی شەشەمەوە تا ئێستا حیزبی ئێمە بە سەدان ڕۆڵەی لە ڕێگای ئازادیی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێراندا بەخت کردووە. لەنێو ئەم شەهیدانەدا ڕۆڵەی بەنرخ و لێهاتوو، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی، کاک «عەبدوڵڵا بەهرامی» و کاک «سەرگورد کەریم عەلیار» و کاک «کەماڵ دەباغی» جێگری کۆمیتەی ناوەندیی، کاک «سەدیق فەڕوخیان» و موشاویری کۆمیتەی ناوەندیی، کاک «تەها حەق تەڵەب» و بەرپرسانی کۆمیتە شارستان، کاک «ڕەحمان سۆفی زادە»، کاک «سەید کامیل حەیدری» و فەرماندەرانی هێز وەک «فەقێ عەبدوڵڵا» و کاک «محەممەد ئەمین بارام میرزا (چرچە) و کاک «ئیبراهیم شێخاڵی» و کاک «عومەر قەیتەران» بەرچاو دەکەون. لەلایەن کۆنگرەی حەوتەوە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی حیزبە خۆشەویستەکەمان، هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەرانسەری ئێران. خوێنی شەهیدە بەڕێزەکانمان زیاتر لە جاران پەیمانبەستمان دەکا کە تا گەیشتن بە ئامانجی بەرزی دێموکراسی و خودموختاری خەباتی خۆمان درێژە پێبدەین.

هەروەها لەلایەن کۆنگرەی حەوتەمەوە سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە دەنێرین بۆ هەموو زیندانییانی سیاسیی ئێران و بەتایبەتی ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات کە لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا ئازایانە بەرامبەر بە ئازار و ئەشکەنجەی جەللادانی خومەینی ڕاوەستان و بەربەرەکانی دەکەن و بە ئامانجی حیزبەکەیان، بە دێموکراسی و خودموختاری وەفادارن.

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی ئێمە لەکاتێکدا دەگیرێ کە لەباری نیزامییەوە قۆناخی هەرە دژواری خەباتی چەکدارانەمان بەجێ هێشتوە و توانیومانە بە جێگیرکردنی شێوەی پارتیزانی ئیبتکاری شەڕ بەدەستەوە بگرین. ئاکامی شەڕەکانی یەکساڵی ڕابردوو نیشان دەدا کە لەمەودوا هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم پتر لە جاران زەربە دەخۆن و هێزی پێشمەرگە دەرەتانی زەبروەشاندنی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ.

هەروەها کۆنگرەی حەوتەم لەکاتێکدا دەگیرێ کە یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی ڕیزەکانی حیزبەکەمان پتەوتر بووە، ڕێکخراوەکان و هێزی پێشمەرگە یەک دڵ و یەکپارچە لە دەوری بەرنامە و لەژێر دروشمەکانی حیزبدا کۆبوونەتەوە، سیمای دێموکرات، سیمای هەموو حیزبەکەمانە و بەگشتی حیزب لە هەموو چەشنە لادەرانی سیاسی پاک بۆتەوە. خەتە گشتییەکانی ڕێبازی سیاسیی حیزبەکەمان، کە لەلایەن هەموو کۆنفرانسەکانی حیزبییەوە پەسند کراون، نیشانەی ئەم یەکیەتییە بێوێنەیەن.

کۆنگرەی حەوتەم لەباری سیاسییەوە باشتر و ڕێک و پێکتر ئامادە کراوە. نوێنەرانی کۆنگرە قسەکەری ڕاستەوخۆی کۆنفرانسەکانن کە بە چەشنێکی دێموکراتی هەڵبژێردراون. هەروەها کۆنفرانسەکان بڕیارنامەکانی خۆیان بۆ کۆنگرە ناردووە و بەم جۆرە نێوەرۆکی کاری کۆنگرە هەم دەوڵەمەندترە و هەم تیشکدانەوەی چالاکیی هەموو ئەندامان و کۆنفرانسەکانی حیزبییە.

کۆنگرەی حەوتەم کۆنگرەی یوبیلییە کە لە چلەمین ساڵی پێکهاتنی حیزبەکەماندا دەگیرێ و دوا لاپەڕی زێڕینی مێژووی چل ساڵ خەبات و تێکۆشانە و لەنێو کۆنگرەکانی ئەم چەند

ساڵەی دواییدا جێگای تایبەتیی هەیە. بۆیەش کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار دەکا کە کۆنگرەی حەوتەم ناو بنێین «کۆنگرەی چل ساڵ خەبات».

**١- چاوخشاندنێك بەسەر وەزعی نێونەتەوەیی‌دا**

لەسیاستی جیهانیدا خەتە گشتییەکانی لێکدانەوەی کۆنگرەی شەشەم وەڕاست گەڕاون. لەوکاتەدا بوحرانی ئابووری، کە لە بێکاریی بێوێنە، گرانی و سەربرتربوونی هەڵدانی ئابووری و تێکچوونی سیستمی دراویدا خۆی دەنواند، پێکەوە لەگەڵ بوحرانی سیاسی و نیزامی سەرمایەداری، باری تایبەتیی هەرە گرینگی وەزعی نێونەتەوەیی بوون کە لە زۆر ناوچەش تێک هەڵچوونی نیزامییان پێک هێنابوو. بەڵام هێندێ دیاردەی تازە هەن کە بەجێیە ئیشارەیان پێ بکرێ.

هەڵبژاردنەوی «ڕۆناڵد ڕێگان» بە سەرۆک کۆمار لە ئەمریکا، هەڵوێستی ئەو بەشە لە مۆنوپۆلەکانی ئەمریکای بەهێزتر کرد کە سیاسەتی کۆنەپەرستانە و مەزنی‌خوازانەیان ناسراوە. ئەم سیاسەتە لە ئەمریکای مەرکەزی، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە ئورووپا بەتەواوی بەرچاوە، کە لە ئەمریکای مەرکەزی بە داگیرکردنی «گرینادا» و هەڵدان بۆ دەستدرێژیی نیزامی ڕاستەخۆ بۆ سەر «نیکاراگووا» و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ پشتیوانی‌کردن لەسیاسەتی داگیرکەرانەی ئیسرائیل و دژایەتی لەگەڵ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئەم ناوچەیە و لە ئورووپا بە چاندنی مووشەکی ئەتۆمی لە وڵاتەکانی ئورووپای ڕۆژئاوادا خۆی دەنوێنێ. مەبەست لە ئیسراری «ڕێگان» بۆ جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی سیستمی دیفاعی، کە بە شەڕی ئەستێرەکان ناوبانگی دەرکردووە و تەنیا لێکۆڵینەوە لەو سیستەمە چەندین میلیارد دۆلار خەرج هەڵ دەگرێ، قورسترکردنی پارسەنگی تەرازووی چەکی ئەتۆمی بە قازانجی ئەمریکا و بە زیانی یەکیەتیی سۆڤیەتیە. ئەو گۆڕانەی کە لە ڕێبەرایەتی یەکیەتیی سۆڤیەتدا پێک‌هاتوە، هەم لەباری سیاسەتی نێوخۆی ئەم وڵاتە و هەم لەباری سیاسەتی دەروەیدا تەئسیر دادنێ و هەرچەند هەموو بارەکانی ئەم گۆڕانە جارێ بە تەواوی خۆیان نەنواندە، بەڵام بێگومان لە دواڕۆژدا شوێن لەسەر هەڵوێستی سوڤیەتی بەرامبەر بە هەموو گیروگرفتەکانی نێونەتەوەیی دادنێ. بەتایبەتی چاوەڕوان دەکرێ لە ئورووپا و لە ڕۆژهەڵاتی نێوراست شوێنەواری ئەم گۆڕانە پتر لە هەموو ناوچەیەکی دیکە خۆ بنوێنێ. بەپێی ڕێورەسمێک کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا هەیە ئەم گۆڕانە بە ڕۆژێک پێک نایە و بێگومان کۆنگرەی بیست و حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سوڤیەتی، کە مانگی ڕەشەمەی ئەمساڵ دەگیرێ، خەتە ئەسڵییەکانی ئەم سیاسەتە دیاری دەکا. ئەوەی هەر ئێستا بەرچاوە چالاکتربوونی سیاسەتی دەروەی سوڤیەت لە هەموو ناوچەکانی جیهان‌دایە. هەروەها چاوەڕوان دەکرێ سیاسەتی دەرەوی سۆڤیەتی لە دواڕۆژدا تووشی هێندێ گۆڕانی گرینگتریش بێ.

لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا میحوەر، پێوەندیی نێوان یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەمریکایە. بەڵام ڕۆژبەڕۆژ ئورووپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن و چین و هەروەها بەشێکی زۆر لە وڵاتانی بێلایەن لە ئاسیا و لە ئەمریکایی لاتین لە سیاسەتی جیهانیدا نەخشیان زیاترە دەبێ. بە تایبەتی، نەخشی گەلان لە پاراستنی ئاشتیی جیهانی و دیاریکردنی ڕەوتی سیاستی نێونەتەوەییدا زۆر خێرا دەچێتە سەرێ.

لە مەسەلەی پاراستنی ئاشتیی جیهانیدا پێوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بەتایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەمریکا ڕۆڵی ئەساسیی هەیە. لێرەدا پێویستە ئیشارەیەک بە چاوپێکەوتنی بەرپرسانی دوو دەوڵەتی گەورە، یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «گارباچۆف» و «ڕێگان» بکەین کە لە ڕۆژەکانی دوایی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا پێک هات. ئێمە ئەو چەشنە چاوپێکەوتنانە بە قازانجی ئاشتیی جیهانی دەزانین. وتوویێژ لەنێو ئەم دوو دوڵەتە گەورەیەدا و هەروەها لەنێو هەموو ئەو دەوڵەتانەدا کە تەئسیریان لەسەر سیاسەتی جیهانی زۆرە دەتوانێ پێشگیری لە شەڕی ئەتۆمی بکا، کە ئێستاش هەر مەترسییەکی مەزن بۆ مرۆڤایەتییە.

ڕێژیمی خومەینی پێش پێکهاتنی دیداری «گارباچۆف» و «ڕێگان» هەراسان ببوو. هۆیەکشی دیارە، چونکە کاربەدەستانی جەمهوری ئیسلامی زۆر باش تێگەیشتوون کە ئەو دوو دەوڵەتە گەورەیە هەر کام لەبەر هۆی جیاواز لە ڕێژیمی خومەینی ناڕازین. یەکیەتی سۆڤیەت لە ڕێژیمی خومەینی ناڕازییە چونکە ڕێژیمکی دژی کۆمونیستییە و شان بە شانی ئەمریکا یارمەتی بە هێزەکانی چەکداری ئەفغانی دژی یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆماری دێموکراتی ئەفغانستان دەدا. بە درێژەدانی شەڕ دژی عێراق و سیاسەتی مەزنیخوازانەی بۆ داگیرکردنی وڵاتەکانی دیکە و بردنە سەری تێرۆریزم تا ڕادەی سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەتی، ڕێژیمی خومەینی بۆتە هۆی ئەوە کە زۆر دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی دەوڵەتەکانی عەرەبی، لە جاران زیاتر لە ئیمپریالیزم نیزیک بنەوە. لەڕاستیدا ڕێژیمی خومەینی زۆر لە مەبەستەکانی ئەمریکای لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەدی هێناوە و بە درێژەدانی شەڕەکە ئاکامەکەی کڕینی کەرەستەیەکی زۆری شەڕ لە ناوچە خەلیجی فارس و پێداویستییەکی یەکجار زۆر لە فرۆشتنی نەوتە و، خەریکە «ئۆپێک» (ڕێکخراوی ئەو وڵاتانە کە نەوت سادر دەکەن) هەڵدەوەشێنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو خزمەتانە کە ڕێژیمی خومەینی پێی کردەوە، ئەمریکا لێی ناڕازییە، چونکە ترسی ئەوەی هەیە شەڕی ئێران و عێراق بکێشرێتە وڵاتەکانی دیکەی خەلیج و قازانجی ستراتیژی و ئابووریی ئەمریکا وەمەترسی بخا. بەگشتی سیاسەتی «تەوسعەخوازیی» خومەینی ئەمریکای ترساندووە و پەرەئەستاندنی ئیسلامی بونیادگەرا (بنئاژۆ) کە بۆ وڵاتانی وەک میسر، تورکیە، پاکستان و هی دیکە جێگای مەترسییە، کاربەدەستانی واشینگتۆنی تەنگاو کردووە، دۆستەکانی تووشی سەرگێژە کردووە و بەتایبەتی بەکردەوە دەرکەوتووە کە وڵاتەکانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە ڕفاندنی تەیارە، بارمتەگرتن و بۆمب دانان بێچارە و زەبوونن و کارێکی ئەوتۆیان پێناکرێ.

لەگەڵ ئەوەش هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە گەورەیە پێی خۆش نییە تەعادولی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێک بچێ و وەزع لەم ناوچەیەدا ئاڵۆزتر بێ. بۆیە لەهەلومەرجی ئاساییدا ئیحتیمالی دەستدرێژیی نیزامی هیچ کامیان بەدی ناکرێ. ئەوە لەسەر ئێرانیش ڕاستە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییە بخەینە بەرچاو کە ئێران ئەفغانستان نییە و لەباری ستراتیژیی نیزامی و هەروەها لەباری سیاسی و ئابوورییەوە وڵاتێکی کلیلیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. هەر بۆیە لە چاوپێکەوتنی «گارباچوف»- «ڕێگان»دا ئەگەر باسی ئێرانیش کرابێ، ڕەنگە نە بڕیارێک لەسەر دواڕۆژی ئێران درابێ و نەدەکرێ بڕیاری ئەوتۆش بدرێ. ناکرێ تەئسیری سیاسەتی جیهانی بەگشتی و سیاسەتی دوو دەوڵەتی گەورە گوێیان نەدرێتێ، بەڵام دواڕۆژی

ئێران و هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەپێشدا خودی گەلان دیاریی دەکەن. ئەو پەڕەکەی دەکرێ و پێویستە، عامیلی دەرەوە وەک عامیلێکی لاوەکی لەبەرچاو بگیرێ. لە چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکاندا بایەخ دەدرێ بە پێوەندیی نێوان شیمال و جنووب، واتە وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی و وڵاتەکانی جیهانی سێهەم و شێوەی ئەم پێوەندییە لە درێژخایەندا سیمای ئابووریی جیهان دیاری دەکا. گیروگرفتی سەرەکی لێرەدا بوونی پێوەندیی نابەرابەری ئابووری لەنێو وڵاتانی سەنعەتی و وڵاتانی پەرەئەستینە. ئەم شێوە پێوەندییە وڵاتانی جیهانی سێهەم هەر لە هەژاریدا ڕادەگرێ و وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی دەوڵەمەندتر دەکا.

لەباری سیاسییەوە خەبات دژی هەموو چەشنە زۆردارییەک لە هەموو عامیلێکی دیکە زیاتر هاندەری گۆڕانی سیاسیی جیهانی ئەمڕۆیە. نێوەڕۆکی ئەم خەباتە لە هێندێ جێگا جووڵانەوە بۆ لابردنی زۆرداریی نەژادی (ئەفریقای جنووبی) یا زۆرداریی مەزهەبییە (لوبنان)، بەڵام لە زۆر وڵاتان خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووس و بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە بەشەکانی هەر گرینگی خەبات بۆ ڕزگاریی ئادمیزاد لە سەردمی ئێستادایە.

خەبات بۆ ئازادی و ئازادییە دێموکراتییەکان و خەبات بۆ دابینکردنی مافی ئادەمیزاد، واتە خەبات بۆ دێموکراسی لەسەرانسەری جیهاندا بەپێی هەلومەرجی هەر وڵاتێک بەشێوەی جۆراجۆر هەر بەردەوامە. بێگومان لەنێوان خەبات بۆ دێموکراسی و خەبات بۆ دابینکردنی مافی چارەنووسدا پێوەندی ئۆرگانیک و دیالکتیکی هەیە. لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریدا، کە ئازادییە دێموکراتیکەکان تا ڕادەیەکی زۆر دابین کراون و مافی چارەنووسی گەلان هاتۆتە دی، خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە پێناوی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییە ڕەواکانیاندا و بۆ لابردنی ڕێژیمی سەرمایەداری، واتە خەباتی چینایەتی، نێوەڕۆکی ئەسڵیی بەربەرەکانی کۆمەڵانی خەڵکە کە ئەمەش خۆی بەشێکە لە خەباتی جیهانی بۆ سۆسیالیزم. لە هێندێ وڵاتی دیکەی سەرمایەداریدا هێشتا مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر نەکراوە وەک «ئیرلەند» لە بریتانیا و «باسک» لە ئیسپانیا، بۆیەش خەبات بۆ لابردنی زۆرداریی نەتەوایەتی لەم وڵاتانەدا هەر بەردەوامە.

یەکێک لەو ناوچانە کە بوونە ناوەندی خەباتی ڕزگاریخوازانە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەم ناوچەیە هەم لەباری ئابووری و ستراتیژییەوە گرینگە و هەم بە دەیان نەتەوە و چەندین مەزهەبی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێن. بۆیەش ئەم ناوچەیە مەیدانی تێکهەڵچوونی زۆر هێزی نێونەتەوەیی و نێوخۆییە. ڕەنگە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دواڕۆژیشدا بۆ ماوەیەکی زۆر هەر جێگای کێشە و خەباتی توندوتیژ بێ. تا ئەوکاتە مافی چارەنووسی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بەتایبەتی گەلی فەلەستین و گەلی کورد لەم ناوچەیەدا بەتەواوی دابین نەکرێ و گەلانی ئەم ناوچەیە لە دێموکراسی کەلک وەرنەگرن، ئەم وەزعە هەر بەردەوام دەبێ.

لە ڕادەی جیهانیدا خەبات لەنێوان ئاشتی و شەڕ، خەبات لەنێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداری، زەحمەتکێشان و چەوسێنەران، لەنێوان جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی و زۆرداریی نەتەوایەتی، لەنێوان یەکسانیی ڕەگەزی و ڕەگەزپەرستی، لەنێوان دێموکراسی و دیکتاتۆری و پاراستنی مافی ئادەمیزاد و پێشێلکردنی ئەم مافە، بەردەوامە. لە هەر گۆشەیکی جیهاندا خەبات بۆ یەکێک لەو ئامانجانە بەپێی هەلومەرجی وڵات و ناوچە زیاتر خۆی دەنوێنێ و ئامانجی ئەسڵیی خەباتە.

هەرچەند ئەم خەباتە پان و بەرینە بۆ لابردنی زۆرداری و بۆ ئازادی و بۆ ئازادی و یەکسانی هەوراز و نشێوی زۆرە، بەڵام لەدرێژخایەندا هەر بەرەوپێش دەچێ و سەرکەوتنی تازە وەدەست دێنێ. ڕووخانی دیکتاتۆرییە نیزامییەکان لە ئەمریکای لاتین، ئامادەبوونی هەلومەرج بۆ ڕووخانی هێندێ دیکتاتۆری دیکە لە ئاسیا و پەرەئەستاندنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلیکراو، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن.

## ٢- لێکدانەوەی وەزعی ئێران

لە نێوخۆی ئێراندا بوحرانی ئابووری و سیاسی و نیزامی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەردەوامە. ڕێژیمی خومەینی نەک هەر نەیتوانیوە بوحرانی ئابووری، بنبەستی نیزامی، گیروگرفتە سیاسییەکانی وڵات و ناکۆکییەکانی نێو جەرگەی ڕێژیم چارە سەر بکا، بەڵکوو هیچ بەرنامەیەکیشی بۆ ئەم کارە بۆ دوارۆژ نییە و چوارچێوی تەسکی بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانە ڕێگای دارشتنی بەرنامەیەکی ئەوتۆشی پێ نادا. ئەم وەزعە، ناتەباییە کۆمەڵایەتییەکان توندوتیژ دەکا و پاشکەوتوویی و هەژاریی فەرهەنگیش دەگەیەنێتە ئەوپەڕی خۆی. ئێستا ئیدی پاشکەوتوویی و هەژاریی فەرهەنگی و عیلمی و نەبوونی پسپۆڕ لەزۆر بارەکانی چالاکی کۆمەڵایەتیدا بۆتە کۆسپێکی گەورە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و ڕێژیمی داماو و زەبوون کردووە. لەبەر ئەم هۆیانە بێگومان ڕێژیم گەیشتووەتە نوختەیەک کە دەبێ هێندێ گۆڕان لە نێوخۆی و سیاسەتی خۆیدا پێک بێنێ، بەجۆرێک کە جەوهەری ڕێژیم نەگۆڕێ و هەبوونی ڕێژیمیش وە مەترسی نەخا، بەپێچەوانە بۆ ماوەیەکی زیاتر ڕێژیم بپارێزی.

زۆر کاروکردەوە و قسەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم لەم چەند مانگەی دواییدا نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە سیاسەتی ڕێژیم شکستی خواردوە و ڕێژیم لەوە زیاتر ناتوانێ بە تەرکیبی کۆنی خۆی درێژە بە ژیانی بدا.

ڕێژیم ماوەیەکە شێوە ڕەفتارێکی فریودەرانەی بەڕواڵەت نەرمتر بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیونی خەڵک بەڕێوە دەبا و گرتن و زیندانیکردنی و ئێعدام لە جاران کەمترە. ئێستا ڕێژیم سیاسەتی ڕووی خۆشی گرتۆتە پێش. لە کوردستانیش ئەم گۆڕانە بەرچاوە. تەنانەت ڕەنگە ئەنجوومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی ساز بکا بۆ ئەوە بەخەیاڵی خۆی وەڵامی داخوازیی خودموختاری بداتەوە. ئەگەر جاران سیاسەتی ڕێژیم ئەو بوو کە زەبروزنگ وڵات ئیدارە بکا، ئێستا کە بۆی دەرکەوتووە توندوتیژی بەتەنیا بەرهەمی باشی نییە، لە لایەکەوە زەبروزەنگەکە هەر درێژە پێ دەدا، بەڵام لە چوارچێوەیەکی تەسکتر لەجاراندا، یا بە شێوەیەکی شاراوەتر لە جاران، و لەلایەکی دیکەشەوە وا دەنوێنێ کە هەر نەبێ بەڕواڵەت ڕێز و حورمەتی بۆ بیروڕای خەڵک هەیە، بەڵام ئەمەش هەر لەو چوارچێوەیەدایە کە کۆماری ئیسلامیی دیاریی کردووە. هەر لە ئێستاوە دەکرێ بڵێین کە لە بەر دوو هۆی ئەساسی ئەم گۆڕانە گیروگرفتەکانی وڵات و تەنانەت تەنگ و چەڵەمەکانی ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامیش چارەسەر ناکا: یەکەم- هەروەک ڕابردوو، ڕێژیم پێی ناکرێ بەرنامەیەکی ڕێکوپێک دابنێ، چونکە نەیتوانیوە و ناشتوانێ سیستمێکی دەوڵەتیی ئەوتۆ پێک بێنێ کە هەم لەگەڵ فەلسەفەی ویلایەتی فەقیهی تەبایی هەبێ و هەم لەگەڵ ژیانی مودێرنی ساڵەکانی دوایی سەدەی بیستەم. دووهەم- تەنانەت

ئەگەر بەرنامەیەکی ئەوتۆش یا بەرنامەیەکی نیوەچڵیش دابنرێ، لە دابەزاندنی ئەو بەرنامەیە و لە جێبەجێ کردنیدا، ڕێژیم تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر دەبێ. چونکە سیاسەتی گشتی و ئەو قانوون و ئەسڵانەی ڕێژیم پێڕەوییان لێ دەکا و هەروەها بوونی ناوەندی دەسەڵات و قازانجی جۆراجۆر ڕێگا نادەن هیچ بەرنامەیەک بە قازانجی وڵات بێتە دی. بەمجۆرە لە دوارۆژدا هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکە بۆ ڕێژیم نامێنێ، بێجگە لەوە کە بەرەبەرە خۆی لەگەڵ واقیعەتی ئێستای ئێران و جیهان تەتبیق بدا.

نیزامی ئابووریی ڕێژیمی ئێستای ئێران سەرمایەدارییە و بیهەوێ و نەیهەوێ ئەم ڕێژیمە بە سەرمایەداریی جیهانییەوە بەستراوە کە گەیشتۆتە سەردەمی شۆڕشی زانستی و تەکنیکی و بەرەوپێش چوونی بێوێنەی تێکنۆلۆژی بەتایبەتی ئەلەکترۆنیک و کامپیوتێر. ڕووبینای ئەم نیزامە ئابوورییە ئێستا لە ئێراندا ڕێژیمێکی پاشکەوتووی سەدەکانی نێونجییە کە لەگەڵ ژێربینای سەرمایەداریی مودێڕن ناتەبایی هەیە.

کەواتە مانی ڕێژیم بەستراوەتەوە بەوە تا چ ئەندازەیەک و چەند بەوەخت خۆی لەگەڵ سەرمایەداری تەتبیق دەدا تا بتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژتر خۆی بپارێزێ. ئەگەر ئەوە نەکا، لە ماوەیەکی کورتدا تەنیا ڕووخان چاوەڕوانیەتی. یەکێک لە کۆسپەکانی ئەسڵی خۆتەتبیقدانی ڕێژیم لەگەڵ واقعییەت شەخسی خومەینییە کە ئەمە خۆی لە ناتەباییە چارەسەرنەکراوەکانی ڕێژیمە. لە لایەکەوە خومەینی کۆڵەکەی هەرە قایمی ڕێژیمی ویلاتی فەقیهە و بە لاچوونی ئەو بناخەی کۆماری ئیسلامی لەرزۆک دەبێ و، لەلایەکی دیکەشەوە تا خومەینی لەسەر کارە ڕێژیم ناتوانێ خۆی لەگەڵ واقعییەت تەتبیق بدا و هەر ئەم ڕاستییە بۆ خۆی ڕووخانی ڕێژیم خێراتر دەکا.

لەباری نیزامییشەوە لە تاکتیکی ڕێژیمدا لە دوو بارەوە گۆڕان بەرچاو دەکەوێ: «ڕێژیم ئەو تاکتیکە تازەیەی بە کەیفی خۆی هەڵنەبژاردەوە بەڵکوو بە سەریدا سەپاوە و پاش تێکشکانی چەندین هێرشی گەورەی بە قەولی کاربەدەستانی ڕێژیم «چارەنووسساز» دەرکەوت کە ئەم هێرشە گەورانە سەر ناکەون و ڕێژیمیش لەمەوپاش لە توانایدا نییە یەک لە دوای یەک هێرشی گەورە ساز بکا، چونکە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە شەڕ ماندووبوون و ئامادە نین وەک جاران خۆیان بۆ دیفاع لە حاکمییەتی ئاخوندەکان بەکوشتن بدەن. بۆیە بەناچار کارگێڕانی ڕێژیم ماوەیەک تاکتیکی شەڕی مەحدوودیان گرتە پێش. ئێستا بەکردەوە ڕێژیمی خومەینی شەڕی پارتیزانی، واتە «جەنگ و گوریز» لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دەکا. هەرئەم هۆیەش، واتە ئامادەنەبوونی خەڵکی ئێران بۆ درێژەپێدانی شەڕ، بوو بەهۆی هەڵبژاردنی تاکتیکی «عێراق کردنی» شەڕ. ڕێژیمی خومەینی لە جنووب دیلە جەنگییەکانی عێراقی سازمان داوە و بەئاشکرا ئەوان وەپێش لەشکری خۆی دەخا بۆ شەڕکردن لەگەڵ عێراق. هەر ئەو شێوەیەش لە جەبهەی شیمالی، واتە کوردستان، بەڕێوە دەبا و چەکدارەکانی قیادە وەک لەشکری بەکرێگیراو بۆ شەڕ ڕەوانە دەکا. زۆر بە ڕاشکاویش ڕادەگەیەنێ کە مەبەستی ئازادکردنی عێراق بە دەستی عێراقییانە، کە مانای بەشەڕدانی عێراقییان دژی یەکترە. بەڵام شەڕی مەحدوود نە توانیی هێزە چەکدارەکانی عێراق ماندوو بکا و نە ورەی لەشکری خومەینیی بەرز کردەوە. بۆیە ئێستا پاش ساڵێک کاربەدەستانی جمهووریی ئیسلامی دیسان کەوتوونە فیکری هێرشی گەورە، یان وردتر بڵێین، ساڵێکە تێ دەکۆشن خۆیان ئامادە دەکەن

بەڵکوو بتوانن دیسان هێرشێکی گەورە بۆ سەر عێراق بکەن.

یەکێک لە هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی، کە لەگەڵ واقعییەت ڕێک ناکەوێ، ڕەت کردنەوەی ئاشتییە. ڕێژیمی ئاخوندی بە هیچ شێوەیک حەز بە ئاشتی ناکا و شەرتی ئەتۆ بۆ پێکهاتنی ئاشتی دادەنێ کە ئەگەر عێراق قبووڵیان بکا، ئاکامی وەک سەرکەوتنی ئێران لە شەڕدایە. مانای دانانی شەرتی ناماقووڵ درێژەپێدانی شەڕە. لەو پێوەندییەشدا شەخسی خومەینی نەخشی سەرەکیی هەیە. ئەمڕۆ نەک هەر زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران، بەڵکوو زۆر لە کارگێڕانی ڕێژیمیش تێ گەیشتوون کە دەرێژەدانی شەڕ بێهوودەیە. تەنانەت هێندێ لە پیاوە دینییەکانی پلەبەرزیش ناڕاستەوخۆ دژایەتیی خۆیان لەگەڵ شەڕخوازی دەربڕیوە. بەڵام دیسان بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕەسمی، کە دژی شەڕن، لە ترسی خومەینی ناوێرن بیروڕای خۆیان دەرببڕن. دیارە خومەینی لەسەر درێژەپێدانی شەر هەڕ سوورە و وێدەچێ تا شەخسی خومەینی خاوەن دەسەڵات بێ ئاشتی دەست نەکەوێ.

وەزعی ئابووری کۆماری ئیسلامی هەر بوحرانییە. سەرچاوی ئەسڵیی داهاتی ڕێژیم هەر نەوتە کە هەم مەسرەفی ئەرزیی ڕێژیم لە دەرەوە دابین دەکا و هەم خەرجی ڕیاڵی بۆ نێوخۆیی وڵات. دوو وەسیلەی دیکە کە ڕێژیم هەتا ئێستا بەکاری هێناوە، واتە چاپکردنی دراوی بێ پشتیوانە و هێنانەخوارێی مەسرەفی کۆمەڵانی خەڵک ناتوانن لەمەودوا تەئسیرێکی ئەوتۆیان هەبێ. چاپکردنی لە ڕادەبەدەری دراو دەبێتە هۆی ئاوسانی زیاتر و بایی ڕیاڵ دیسان دێنێتە خوارێ. نەتیجەی ئەم کارەش گرانتر بوونی شتومەکی مەسرەفییە کە هەر ئێستاش بەسامە. هەرچەند ئاماری ورد لە سەر زیادکردنی نەغدینە بەدەستەوە نییە و زۆر لە ئامارەکانی جمهووری ئیسلامی ئێران دەستیان تێوەرداوە، بەڵام دیسان هەر ئامارە ناتەواوەکانیش ڕەوتی ئابووریی وڵات بەڕوونی نیشان دەدەن. لەساڵی ١٣٥٨ ەوە تا ١٣٦٣، نەغدینە، واتە دراوی کاغەزی کە کەوتۆتە بازار، چوار جار زیادی کردووە و لە شتێک زیاتر لە ٢٥٠ میلیارد تمەنەوە بۆتە هەزار میلیارد تمەن و ئەگەر بەم خێراییە، واتە ساڵی سەدی ٣٢ چووبێتە سەرێ، بێگومان ساڵی ١٣٦٤ لە پێنج بەرابەری ساڵی ١٣٥٨ زیاتر بووە و لە ڕەقمی هەزار و سێسەد میلیارد تمەن تێ پەڕیوە.

هەڵدانی خێرای ئاوسانی دروای شوێنەواریی زۆر نالەبار لە سەر هەموو ئابووریی وڵات دادەنێ. بەتایبەتیی کە ئەم ئاوسانە ئاکامی پەرەئەستاندنی خێرای ئابووری نییە بەڵکوو نەتیجەی ڕاستەخۆی شەڕە. زۆربەی ئەو دراوە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بێ پشتیوانە چاپ دەکرێ و دەخرێتە بازاڕ بۆ خەرجی دەزگای دەوڵەتی، هێزە چەکدارەکان، ئەرتەش و پاسدار و بەسیج، بەکار دێ. لەڕاستیدا کەمایەسیی بوودجە پڕ دەکاتەوە کە بۆ ساڵی ١٣٦٥ لەلایەن سەرۆک وەزیری ڕێژیمەوە بە ٤٠ تا ٥٠ میلیارد تمەن بەراوەرد کراوە. دیارە دەوڵەت بەناو ئەو دراوە لە بانکی مەرکەزی بە قەرز وەردەگرێ، بەڵام بانکی مەرکەزی ئەو دراوەی لە کوێ بوو بێجگە لەوە کە ئەسکیناس چاپ بکا و بیدا بە دەوڵەت؟

ئاوسانی دراوی بایی تمەن دێنێتە خوارێ و لەئاکامدا هەرچی لە دەرەوەڕا وارید دەبێ گرانتر دەکەوێ و ئەمە لەکاتێکدا کە ئەرزیش بەزەحمەت دەست دەکەوێ، دەبێتە هۆی ئەوە کە هەم دەوڵەت و هەم بەشی تایبەتی، واتە سەرمایەداران، کەمتر بتوانێ ئامرازی بەرهەمهێنان و بەتایبەتی ماشێن و ئامرازی سەنعەتی و هەروەها کشتوکاڵ و کەرەستەی خاو لە دەرەوە

بکرێن. بەم جۆرە بەشێکی زۆر لە کارخانەکان لە کار دەکەون و کشتوکاڵیش بێ تراکتۆر و کۆمباین و ماشێنی دیکە دەمێنێتەوە و بەرهەمهێنانی سەنعەتی کشتوکاڵ تووشی کەسادی دەبێ و ژمارەی بێکاران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەچێتە سەرێ. بەتایبەتی ئەگەر ئەوەش بخەینە بەرچاو کە بێجگە لە لاوان، کە ساڵی پتر لە یەک میلیۆنیان دێنە بازاڕی کار، خەڵکی لادێش لەبەر وەزعی نالەباری ئابووری و نائەمنی هێرشیان بۆ شارە گەورەکان هێناوە و لەشکری بێکاران زیادی کردووە. دوو میلیۆن ئاوارەی شەڕ و یەک میلیۆن و نیو ئەفغانیش دەبێ باوێینە سەر ژماری بێکاران. هەموو ئەو لەشکرە چەند میلیۆنییە عاتڵ و باتڵ کەوتوون، بەڵام هەرچەند کەمیش بێ، مەسرەف دەکەن بێئەوەی هیچ چەشنە بەرهەمێکیان هەبێ. هەربۆیە زیادکردنی ژمارەی بێکاران لەلای خۆیەوە عامیلێکی دیکەی چوونە سەریی ئاوسانی دراوییە.

لەلایەکی دیکەوە ئاوسان دەبێتە هۆی گرانیی شتومەک و نزم بوونەوەی پایەی ژیانی زەحمەتکێشان. لە ساڵی ١٣٥٧ەوە تا ساڵی ١٣٦٣ بەپێی ئاماری ڕەسمی (کە بازاری ڕەش و بازاری ئازادی وەلا ناوە و زیاتر نرخی شتومەکی کۆپۆنی لەبەرچاو بووە) نرخەکان بەگشتی سێ جار زیادیان کردوە. ئەگەر ساڵی ١٣٦٤ یش حیساب بکەین و نرخی ڕاستەقینەی شتومەک و خزمەتەکان و کرێ خانوو و هی دیکە بێنینە گۆڕێ، دەردەکەوێ کە لە سەردەمی حەوت ساڵەی دەسەڵاتی ڕێژیمی جمهووری ئیسلامیدا نرخەکان پتر لە چوار تا پێنج جار زیادیان کردووە. ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەم وەزعە هاتنەخواریی پایەی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی و زەحمەتکێشانی شار و دێ بەتایبەتییە. ئەگەر ئاماری ڕەسمی کە هەتا ساڵی ١٣٦٣ بڵاو کراوەتەوە بە ئەساس دابنێین بۆ ئەوەی وەزعی ساڵی ١٣٦٤ دیاری بکەین، ئەم ڕەقەمانەمان دێنە دەست:

ساڵی ١٣٥٨ داهاتی مانگانەی نێونجی خێزانێکی شاری ٤٢٩٠ تمەن بووە کە لە ساڵی ١٣٦٢دا بۆتە ٥٧٨٠ تمەن و بەو شێویە لە ساڵی ١٣٦٤دا دەبێ گەیشتبێتە ٦٤٣٠ تمەن، واتە یەک بەرابەر و نیوی ساڵی ١٣٥٨. لەکاتێکدا کە خەرجی ئەم جۆرە خێزانە لە ساڵی ١٣٥٨دا ٤٤٠٠ تمەن بووە و لە ساڵی ١٣٦٢ گەیشتۆتە ٩٢٨٠ تمەن و بەم شێوەیە لە ساڵی ١٣٦٤دا دەبێ گەیشتبێتە ١٣٤٢٠ تمەن، واتە لە سێ بەرابەر زیاتر بووە. لە ساڵی ١٣٥٨دا خێزانێکی نێونجیی شاری خەرجی مانگانەی ١١٠ تمەن لە داهاتی زیاتر بووە. مانای ئەوەیە کە کەمایەسی بوودجەی مانگانەی ١١٠ تمەن بووە، بەڵام لە ساڵی ١٣٦٤دا ئەم کەمایەسییە گەیشتۆتە ٦٩٩٠ تمەن کە لە نتیجەدا ئەم خێزانە بۆ قەرەبووکردنەوی کەمایەسی بوودجەی خۆی ناچارە شتی کەمتر بکڕێ لە هەلومەرجێکی خراپتردا بژی.

خێزانێکی نێونجیی گوندی حاڵی باشتر نییە. لە کاتێکدا لەساڵی ١٣٥٧ تا ١٣٦٤ داهاتی دوو بەرابەر بووە، خەرجی چوار بەرابەر چۆتە سەر و کەمایەسیی بودجەی مانگانەی لە ساڵی ١٣٦٤دا گەیشتۆتە ٤٦٠٠ تمەن. ئەم وەزعە هەم نیشانەی حاڵی شپرزی کشتوکاڵی ئێرانە و هەم یەکێک لە هۆیەکانی کۆچکردنی وەرزێران بۆ شارەکان دستنیشان دەکا.

بەم جۆرە دەرەتانی هێنانەخواریی مەسرەفی کۆمەڵانی خەڵکیش نەماوە. چونکە مەسرەف گەیشتۆتە لانیکەمی و لەوە زیاتر بێتە خوارێ ڕەنگە ببێتە هۆی بەرهەڵستی خەڵک، بەتایبەتی زەحمەتکێشان و مووچەخۆران و، ناتەباییەکانی کۆمەڵایەتی توندوتیژتر بکا کە لە هەلومەرجی ئێستادا بە قازانجی ڕێژیم نییە. بۆیە نە بۆ باشترکردنی باری ئابووری کە لە وەزعی ئێستادا

ناگونجێ، بەڵکوو بۆ پاراستنی وەزعی مەوجوود و بۆ ئەوەی شپرزەتر نەبێ زیاد کردنی داهاتی نەوت دەرمانی ئەسڵییە. هەرچەند ئەم سیاسەتە بەپێچەوانەی ئیددیعای کاربەدەستانی ڕێژیم، کە باسی خودکەفایی دەکەن ڕۆژ بە ڕۆژ ئابووریی ئێران زیاتر بەستراوە دەکا. بەڵام زیاد کردن و تەنانەت دابینکردنی داهاتی ئێستای نەوتیش هاسان نییە و چەند کۆسپی لەبەرە. ڕێژیمی خومەینی بۆ زیاترکردنی داهاتی نەوت دوو ڕێگای هەیە: یان دەبێ نەوت پتر بفرۆشێ یان دەبێ نرخی نەوت بەرێتە سەرێ. بەڵام بازاری جیهانی ئێستا پڕە لە نەوت. بۆیە ڕێژیمی خومەینی ئیمکانی فرۆشی نەوتی زیاتری نییە. لەبەر زۆربوونی نەوت لە بازار نرخەکشی هاتۆتە خوارێ. بێجگە لەوە نرخی نەوتی ئێران تەنانەت لە نرخی جیهانییش نزمترە، چونکە بردنی نەوتی ئێران لە خەلیجەوە بە کەشتییە نەوتکێشەکان پڕ لە مەترسییە. هەر بۆیە خەرجی بیمەی کەشتییەکانیش چۆتە سەرێ. لەهەمووان گرینگتر ئەویە کە لەم داوییانەدا عێراق دستی کردووە بە بۆمبارانی جزیرەی خارک کە بەندەری هەرە گەوری سادرکردنی نەوتە. هەرچەند نەوتی ئێران هەر دەچێتە دەرێ، بەڵام میقداری کەمترە. ساڵی ١٩٨٤ لە ئۆپێک بەشی ئێران بۆ سادرکردنی ڕۆژانە دوو میلیۆن و سێ سەد هەزار بۆشکە دیاری کرابوو، بەرهەمی ئێران لەو ساڵەدا دوو میلیۆن و چوار سەد و پەنجا هەزار بۆشکە بوو. لەوە ٧٠٠ هەزار بۆشکەی کە لە نێوخۆی ئێراندا مەسرەف دەبوو و یەک میلیۆن و ٧٥٠ هەزار بۆشکەی سادر دەکرا. بەڵام ئێستا ئێران بەردەوام توانای سادرکردنی پتر لە یەک میلیۆن بۆشکەی لە ڕۆژدا نییە.

بە ئیعترافی «مووسەوی» سەرۆک وەزیری ڕێژیم لە حەوت مانگی ساڵی هەوەڵی ١٣٦٤دا کۆماری ئیسلامی تەنیا سەدی ٦١ی داهاتی پێشبینیکراوی نەوتی وەدست کەوتووە کە دەکاتە ٥ میلیارد و ٣٤٠ میلیون دۆلار. ئەگەر وەزع هەر بەم چەشنە بچێتە پێش، واتە ئێران بێ وەستان ڕۆژانە یەک میلیۆن بۆشکە نەوت سادر بکا و نرخی نەوتیش لە بازاری جیهانیدا نەیەتە خوارێ، داهاتی ئەرزیی دەوڵەتی جەمهوری ئیسلامی، کە بۆ ساڵی ١٣٦٤ پازدە میلیارد دۆلار پێشبینی کراوە ناگاتە دە میلیارد دۆلاریش. دیارە ئەگەر بۆمبارانەکانی عێراق هەر بەردەوام بن، وەزعی ئابووری ئێران لەوەش ئاڵۆزتر دەبێ و ڕێژیم نە دەتوانێ وەزعی ئابووریی حازر بپارێزێ و نەدەتوانێ چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی پێوست بۆ جەبهەی شەڕ بکڕێ. کاربەدستانی ڕێژیم هەڕەشە دەکەن کە ئەگەر بێت و بەندەری خارک خاپوور بکرێ و کۆماری ئیسلامی نەتوانێ نەوت سادر بکا، تەنگەی هورموز دادەخەن. ئەگەر وا دابنێین کە ڕێژیمی خومەینی لەباری نیزامییشەوە ئیمکانی ئەو کارەی هەبێ، لە هەموو وڵاتێک زیاتر زەرەر لەخۆی دەدا وەزعی ئابووریی بە تەواوی فەلەج دەبێ.

بەپێی بەراوردی پسپۆڕەکانی نیزامیی ڕۆژئاوا، خەرجی شەڕ لەگەڵ عێراق و دژی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینیدا ١٣ میلیارد و ٣٠٠ میلیۆن دۆلار بووە. لە ساڵی ١٣٦٤دا، کە ٩ مانگی ساڵی ١٩٨٥یش دەگرێتەوە، بێگومان ئەم ڕەقەمە زیاترە. بەم جۆرە، ئەگەر کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی هەموو داهاتی نەوتیش بۆ شەر خەرج بکەن، دیسان لانیکەم سێ میلیارد و سێسەد میلیون دۆلار بێ‌جێن. «مووسەوی»، سەرۆک وەزیری ڕێژمی خومەینی بۆ ساڵی ١٣٦٥ پێشبینی دەکا کە خەرجی شەڕ سەدی ١٢/٥ دەچێتە سەرێ، کە ئەگەر دابنێین لە ساڵی ١٣٦٤دا هەر بە ئەندازەی ساڵی ١٩٨٤ بۆ شەڕ خەرج بکرێ ئەوکاتە

لە ساڵی ١٣٦٥دا خەرجی پێشبینیکراوی شەڕ، کە بێگومان لە خەرجی ڕاستەقینە کەمترە، دەگاتە ١٥ میلیارد دۆلار کە ڕێژیم بەهیچ چەشنێک ناتوانێ دابینی بکا.

بۆ نیشاندانی جەوهەری دژی گەلی و دژی ئینسانیی ڕێژیمی خومەینی بەجێیە ئەم دوو ڕەقەمە پێکەوە بەراورد بکەین: لە ساڵی ڕابردوودا ڕۆژانە ٣٦ میلیۆن دۆلار، کە بە نرخی ڕەسمی دەکاتە ٣٦٠ میلیۆن تمەن، خرەجی شەر کراوە، لەکاتێکدا بوودجەی ئاوەدانی، فێرکردن، لەشساغی، خزمەتەکان، کشتوکاڵ، ڕێگا دروست کردن و ئاو و کارەبای ئوستانی کوردستان، واتە سنە، کە بۆ ساڵی ١٣٦٥ تەرخان کراوە، ڕۆژانە لە دوو میلیۆن تمەن کەمترە. یان بە گوتنێکی دیکە، ڕێژیمی دژی ئینسانی و شەڕخوازی خومەینی ڕۆژێ تەقریبەن دە تمەن لە داهاتی هەر کام لە دانیشتووانی سەرانسەری ئێران دەدزێ و خەرجی دەکا. بەڵام ڕۆژی تمەنێک بۆ دابینکردنی پێداویستییە هەرە زەوورییەکانی هەر یەک لە دانیشتووانی کوردستان خەرج ناکا. ڕێژیمی خومەینی بۆ بەکوشت دانی لاوانی ئێران و کوشتاری گەلی کورد دراوی هەیە، بەڵام بۆ ئاوەدانکردنەوی کوردستان نییەتی.

سەرپەرستی سازمانی بەرنامە و بوودجە کە خەزانە بەتاڵ دەبینێ خەیاڵی ئەوەی هەیە بە وەرگرتنی خەراجی زیادی لە خەڵک کەمایەسیی بوودجە دابین بکا. بۆ ساڵی داهاتوو دەیهەوێ شەش هێندەی ساڵانماڵیات وەربگرێ. بەڵام دانانی ئەم بەرنامەیەش وەک زۆر لە بڕیارەکانی کارگێڕانی جەمهوری ئیسلامی بێ موتاڵا و بێ بناخەیە. لەکاتێکدا لە زۆر وڵاتان ماڵیات تا ٥٠ لە سەدی بەرهەمی ناخالیسیی نەتەوەیی دابین دەکا، لە ئێران ئەم ڕەقەمە ناگاتە سەدی حەوتیش. بێجگە لەوە ئێستا لەسەر ماڵیات کێشەیەکی زۆر لەنێو ئاخوندەکاندا هەیە. هێندێکیان، کە خۆشیان بە پسپۆڕ دەزانن و هێندێکی دیکەش کە زۆر بەنفووزن، لەو بڕوایەدان کە ئەسڵەن لە ئیسلامدا خەراج وەرگرتن هەر مانای نییە و خومس و زەکات کافییە. یەکێک لەم پسپۆڕانە کە وتووێژێکی لە ڕۆژنامەی «کیهان تهران» دا چاپ کراوە دەڵێ: «لە ئیسلامدا شتێک بەناوی سیاسەتی دراوی و ماڵی نییە و بێجگە لەوە لە ئیسلامدا شتێک بەناوی ماڵیات نییە. بەڵام بۆچی دەڵێین کە سیاسەتی دراوی و سیاسەتی ماڵی، کە بەشێکن لە سیاسەتەکانی ئابووریی ڕۆژئاوا لە ئیسلامدا نییە؟ چونکە جەوهەری سیاسەتی پووڵی نرخی سوودە و چونکە ڕیبا لە ئیسلامدا حەرامە و ڕیباش هەر سوودە، بۆیە سیاسەتی دراوی لە ئیسلامدا مانای نییە. بەڵام سیاسەتی ماڵیشمان نییە، چونکە جەوهەری سیاسەتی ماڵی ماڵیاتە، کە ئەویشیان لە ئیسلامدا نییە. جا لەم وەزعەدا دەوڵەتی مووسەوی دەیهەوێ بەشێکی زۆر لە کەمایەسیی بوودجەی خۆی بە وەرگرتنی ماڵیات دابین بکا!

وەزعی خراپی ئابووریی ئێران لە بیلانی بازرگانیی دەرەوەشدا بە تەواوی خۆی دەنوێنێ. لە ساڵەکانی ١٣٦٢ تا ١٣٦٣دا بەشی نەوت لە سادراتی ئێران لە نێوان ٩٧ تا ٩٩ لەسەد بووە. بەپێچەوانەوی ئیددیعای کارگێڕانی جمهووریی ئیسلامی، بەستراوەیی ئابووریی ئێران بە نەوت ئێستا لە هەموو کاتێک زیاترە و ئەگەر نەوت سادر نەکرێ، وەزعی ئابووری بەتەواوی تێک دەچێ. لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٦٤دا بایی واریداتی ئێران ٣٥ هێندەی بایی سادراتی غەیری نەوتی بووە. واریداتی ئێران لە دوو چەشنە شتومەکی سەرەکی پێک هاتوە:» یەکەم چەک و تەقەمەنی و بەگشتی کەرەستەی شەڕ، دووهەم خواردەمەنی. ئێران ئێستا زۆر لە جاران زیاتر گەنم، برینج، گۆشت و پەنیر وارید دەکا. ساڵ بە ساڵیش لە بەر

شپرزەبوونی وەزعی ئابووریی نێوخۆی و زیادکردنی ژمارەی دانیشتووان، ڕادەی واریداتی خواردەمەنی دەچێتە سەر. بۆ نموونە وەزیری کشتوکاڵی جمهووریی ئیسلامی پێشبینیی کرد وە کە لەباتی ۷۰۰ هەزار تۆن واریداتی برینج لە ساڵی ۱۳٦۳ دا، ساڵی ۱۳٦٤ ئێران تەنیا ۵۰۰ هەزار تۆن برینج وارید دەکا. بەڵام هەر لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ئێران ٤٦۵ هەزار تۆن برینجی لە دەرەوە کڕیوە و ئەگەر وەزع هەر بەم ڕەوتە بڕوا، واریداتی برینج سەر لە ۸۰۰ تا ۹۰۰ هەزار تۆن دەدا. گەنم و گۆشت و ڕۆن و خواردەمەنیی دیکەش هەر دەبێ زیاتر وارید بکرێ. بەم شێوەیە ئیدیعای دیکەی کاربەدەستانی جمهووریی ئیسلامی کە دەڵێن وڵات بەرەو خودکەفایی دەڕوا، جارێکی دیکە وەدرۆ دەخرێتەوە.

درێژەپێدانی شەڕ، سیاسەتی نادروست و ناهەماهەنگیی ئابووری کە لە فەلسەفەی ویلایەتی فەقیهـ سەرچاوە دەگرێ. ئاشنابوون بە گیروگرفتە ئابوورییەکان و نەبوونی توانای بەرنامەداڕشتن بەچەشنێک وەزعی ئابووریی ئێرانیان ئاڵۆز کردووە کە بێگومان قووڵترین باری بوحرانیی ڕێژیم، کە جومهووریی ئیسلامی بەرەو هەڵدێر دەبا هەر بوحرانی ئابوورییە.

لەگەڵ بوحرانی سیاسی، کە مانای ئەوەیە تاقمی دەسەڵاتدار ناتوانێ بەشێوەی کۆن کاروباری وڵات هەڵسووڕێنێ و دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ و لەگەڵ بنبەستی نیزامی، بەمانای ئەوە کە ڕێژیم نە ئیمکانی ئەوەی هەیە لە شەڕدا سەرکەوێ و نە بۆشی دەکرێ کۆتایی بە شەڕ بێنێ، و لەگەڵ وەزعی ئاڵۆزی ئابووری، کە نە بەرنامە و نە توانای چارەسەرکردنی هەیە، ناتەبایی کۆمەڵایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پەرە دەستێنێ و توندوتیژ دەبێ، کە ئەمە بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی بێوێنەی کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەتی زەحمەتکێشان. زۆر مانگرتنی گەورە و چکۆلە لە کارخانەکان، ئەویش لەژێر زۆرداریی ڕێژیمی ئیستبدادیدا، نیشانەی پەرەگرتنی ئەم ناڕەزاییەن. ئەم ناڕەزایییە بوحرانی سیاسی قووڵتر و وەزعی ئابووری ئاڵۆزتر دەکا و کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگای سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕێژیم. هەروەها هەژاری و پاشکەوتوویی فەرهەنگی و زانستییش لە ڕادەبەدەرن کە بێگومان هەڵسوڕاندنی کاروباری ڕێژیم و وەزعی ئابووری دوژوارتر دەکەن.

بەمجۆرە ڕێژیم لە گێژاوێک کەوتووە کە ئەگەر بۆی نەکرێ هێندێ ڕیفۆرمی پێویست لەنێو خۆیدا پێک بێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ ماوەیەکی دیکە خۆ ڕابگرێ، لە ڕێگای زەبروزۆرەوە دەڕووخێ. هەرچەند خودی ئەو ڕیفۆرمانەش ئەگەر بێنە دی، لە دواڕۆژدا زەمینەی ڕووخانی ڕێژیم خۆش دەکەن و بەڕاستی هەروەها کە شەخسی خومەینی دەڵێ، ڕێژیم یک هەنگاو پاشەکشە بکا بەرەو ڕووخان ڕۆیشتووە. بەڵام تەئسیری ئەو قسەیە ئەوە نییە کە ڕێژیم ئیمکانی پێکهێنانی هیچ چەشنە ڕیفۆڕمێکی لە نێو خۆیدا نییە.

### ۳- سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی

سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم درێژەی سیاسەتی نێوخۆیەتی، کە مەبەستی پێکهێنانی ئیمپراتوریی بەناو ئیسلامی لە ڕێگای سادرکردنی بەزۆریی شۆڕشی ئیسلامی و بەکارهێنانی تیرۆریزم لە سەرانسەری جیهان و لەژێر پێنانی ئوسووڵ و ڕێوڕەسمی دیپلۆماتی لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی‌دایە. ئەمە پێکەوە لەگەڵ دژیگەلی بوون و سەپاندنی سەرەڕۆیی سەدەکانی نێونجی لە نێوخۆی وڵات، بوونە هۆی تەریک کەوتنەوی ڕێژیمی خومەینی لەمەیدانی

سیاسـەتی جیهانیدا. هێندێ دەوڵەتـی دوور لـە ناوچـەی ڕۆژهـەڵات وەک نیکاراگوئـە و چەنـد دەوڵەتـی ئەفریقایـی نەبـن، کـە بەڕواڵـەت سیاسـەتی دژی ئەمریکایـی کۆمـاری ئیسـلامی پەسـند دەکـەن، بـەڵام لەڕاسـتیدا دەیانـەوێ کەڵکـی ئابـووری لـە هـاوکاری لەگـەڵ ڕێژیمـی خومەینـی وەربگـرن، زۆربـەی زۆری دەوڵەتانـی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات (سۆسیالیسـتی و جیهانـی سـێهەم) تەنیـا مەبەسـتیان ڕاگرتنـی پێوەندیـی دیپلۆماسـی و ئابوورییـە و هیچـی دیکـە.

لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دوو دەوڵـەت بەئاشـکرا لەگـەڵ ڕێژیـم هـاوکاری دەکـەن کـە «سـووریە» و «لیبـی»ن. سـووریە تەنیـا بـۆ ڕووخاندنـی دەسـەڵاتی حاکـم لـە عێـراق و بـۆ وەرگرتنـی نەوتـی خۆڕایـی (یـەک میلیـون تـۆن) و نەوتـی هـەرزان( پێنـج میلیـون تـۆن)، هـاوکاری ڕێژیمـە. دەنـا نـە سیاسـەتی نێوخـۆ و نـە سیاسـەتی دەرەوەی حیزبـی بەعـس لەگـەڵ فەلسـەفەی ویلایەتـی فەقیهـ ڕێـک ناکـەوێ. حیزبـی بەعـس حیزبێکـی غەیـرە مەزهەبییـە و خـۆ بـە لایەنگـری سۆسـیالیزم و یەکیەتیـی عەرەبـی دادەنـێ، لەکاتێکـدا ڕێژیمـی خومەینـی نیزامێکـی مەزهەبـی توندڕەوە و سۆسـیالیزم ڕەت دەکاتـەوە و دژی یەکیەتیـی عەرەبییـە و داوای یەکیەتیـی ئیسـلامی دەکا. سـووریە پشـتی ڕێکخـراوی «امـل» لـە لوبنـان دەگـرێ. ڕێژیـم دژی ڕێکخـراوی «امـل» و لایەنگـری دەسـتەی «املـی ئیسـلامی» و «حیـزب الله»ییـە. ناکۆکـی لەنێـوان کۆمـاری ئیسـلامی و سـووریەدا ڕۆژبـەڕۆژ لـە لوبنـان ئاشـکراتر دەردەکـەوێ. سـووریە لەگـەڵ یەکیەتیـی سـۆڤیەتی پێوەندیـی نیزیکـی هەیـە، لەکاتێکـدا کۆمـاری ئیسـلامی نیسـبەت بـەم وڵاتـە هەڵوێسـتی دوژمنانەیـە. سـووریە لـە «ئـۆردۆن» نیزیـک بۆتـەوە. لەکاتێکـدا ڕێژیمـی خومەینـی ئـۆردۆن بـە یاریـدەدەری عێـراق و دوژمنـی خـۆی دادەنـێ. ئەگـەر لێـک نیزیـک بوونـەوەی سـووریە و ئـۆردەن ببێتـە هـۆی لاچوونـی ناکۆکییەکانـی نێـوان سـووریە و عێراقیـش، ئـەو کاتـە ڕێژیمـی خومەینـی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا بـە تـەواوی تەریـک دەبێتـەوە. زۆربـەی ئـەو ناکۆکییانـە لەنێـوان کۆمـاری ئیسـلامی و «لیبـی»شدا هـەن: بێجگـە لـەوە کـە لیبـی سیاسـەتی دژی شـیعەگەری هەیـە، کـە لەگـەل سیاسـەتی خومەینـی لـە لوبنـان بـە هیـچ جۆرێـک یـەک ناگرێتـەوە، بۆیـە ڕێککەوتنەکـەی کۆمـاری ئیسـلامی لەگـەڵ لیبـی هـەر تاکتیکییـە و دوژمنایەتـی لەگـەڵ عێـراق و شـیعاری دژی ئەمریکایـی و دژی سـەهیونیزمیی ڕێژیـم بوونـە هـۆی ئـەم هاوکارییـە.

کۆمـاری ئیسـلامی ناڕاسـتەخۆ لەگـەڵ ئەفغانسـتان شـەڕ دەکا و هەمـوو یارمەتییـەک بـە حیزبوڵلاهییەکانـی ئەفغانسـتان دەدا، دژی سیاسـتی سـۆڤیەتی لـە ئەفغانسـتان و زۆر مەڵبەنـدی جیهانییـە، دژی کۆمۆنیـزم و سۆسـیالیزمە و بۆیـە لەگـەڵ یەکیەتیـی سـۆڤیەتی دوژمنایەتـی بنەڕەتیـی هەیـە. پـاش سـەرکوت کردنـی حیزبـی تـوودە و وەدەرنانـی دیپلۆماتەکانـی سـۆڤیەتی، ڕۆیشـتنی پسـپۆڕە تیکنیکییەکانـی سـۆڤیەتی لـە هاوینـی ئەمسـاڵدا، پێوەنـدی لەگـەڵ یەکیەتیـی سـۆڤیەت خراپتریـش بـووە. تەنانـەت پێوەندییەکانـی ئابووریـی دوو وڵاتیـش گەیشـتووەتە ڕادەی هـەرە نزمـی خۆیـان.

هەرچەنـد پێوەنـدی ئابووریـی ڕێژیمـی خومەینـی لەگـەڵ تورکیـە زۆر لـە زەمانـی شـا بەرینتـرە، بـەڵام لـە لایەکـەوە لـە نفـووزی بیروبـاوەڕی توندی مەزهەبـی، کـە لـە لایـەن کۆماریـی ئیسـلامییەوە پشـتیوانیی لـێ دەکـرێ، لـە نێـوان دانیشـتوانی خۆیـدا دەترسـێ، و بەربەرەکانیـی لەگـەڵ دەکا. لەلایەکـی دیکەشـەوە وەک هاوپەیمانـی ئەمریـکا ڕێگـای داوە دەسـتە و تاقمـی شاپەرسـت لـە خاکـی تورکیـە دژی ڕێژیمـی خومەینـی تێکۆشـانیان هەبـێ. هەروەهـا تورکیـە لەگـەڵ عێـراق پێوەندیـی

ئابووری و سیاسی و دۆستانەی هەیە. لە سەریەک ناکرێ تورکیە بە دۆستی کۆماری ئیسلامی دابنێین. هەڵوێستی ڕێژیم بەرامبەر بە پاکستانیش دۆستانە نییە.
ڕێژیم پێنج ساڵە لەگەڵ عێراق شەڕ دەکا و لە چەند مانگی دواییدا دوژمنایەتیی خۆی بەرامبەر بە دەوڵەتەکانی عەرەببی خەلیج نیشان داوە و هەڕەشەی نیزامییان لێ دەکا. هەروەها لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە وەک میسر و ئۆردۆن و مەراکیش و یەمەنی شیمالی، بە ئاشکرا دوژمنایەتی دەنوێنێ. بەکورتی کۆماری ئیسلامی نە لەنێو دراوسێیەکانی خۆیدا دۆستێکی هەیە و نە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاوپیمانێکی جێی باوەڕ. لە سەرانسەری جیهانیشدا وڵاتێکی چووک یا گەورە بەدی ناکرێ کە ئەگەر هەبوونی کۆماری ئیسلامی بکەوێتە مەترسییەوە، ئامادە بێ لە دەرەوەڕا یارمەتیی بدا. بەم جۆرە ڕێژیم وەک لە نێوخۆی وڵاتدا بنکەی کۆمەڵایەتیی زۆر کز بووە، لە دەرەوەش بە تاقی تەنیایە و دۆستی نییە.

### ٤- وەزعی کوردستانی ئێران

سیاسەتی ڕێژیم لە کوردستان هەر سیاسەتی کۆنەپەرستانەی پێشووە. بەپێچەوانەی هەڵوێستی ڕووی خۆش، ڕێژیم نەیتوانیوە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا نفووز بکا و ئێستا لە هەموو کاتێک پتر تەریکە و هیچ بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی بۆ ساز نەبووە. کەمبوونەوەی ژمارەی جاشەکان لە سەرانسەری کوردستان و دژایەتیی خەڵکی شارەکان لەگەڵ ڕێژیم نیشاندەری ئەو ڕاستییەن. بۆیە ڕێژیمی خومەینی دەستی کردوە بە بەزۆر چەکدارکردنی خەڵکی هێندێ لەگوندەکان کە ئامادە نین هاوکاریی لەگەڵ بکەن. بەشدارنەبوونی خەڵکی کوردستان لە شانۆسازیی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماردا نموونەیەکی تازەی دژایەتیی یەکپارچەی شار و گوندەکانی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە.
ڕێژیمی خومەینی لەم دواییانەدا، ژمارەی بنکە نیزامییەکانی خۆی زیاد کردووە. ئێستا تەقریبەن هیچ گوندێک لە کوردستاندا نەماوە کە بنکەی ڕێژمی تێدا نەبێ. ژماری ئەم بنکانە بە ئیعترافی هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لەسەرانسەری کوردستاندا سەر لە ۳۰۰۰ دەدا. بەڵام عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی هێزی پێشمەرگە نیشان دەدا کە ڕێژیم نەیتوانیوە لەباری نیزامییەوە بە سەر کوردستاندا زاڵ بێ.
ئەگەر لە سەرانسەری ئێران زۆربەی خەڵک لە ڕێژیمی خومەینی نارازین، لە کوردستان خەڵک بە گشتی لە کۆماری ئیسلامی بێزارن. ئەگەر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران ئەم نارەزایەتییە جارێ زۆر چالاکانە خۆی نانوێنێ، لەکورستان دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم بە توندترین شێوە، واتە شەڕی چەکدارانەی خۆی دەردەخا و بەحەق کوردستان بۆتە سەنگەری ئازادیی سەرانسەری ئێران. کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەتاقی تەنیا بەرامبەر بە ڕێژیمی خۆمەینی ڕاوەستاوە و لە ڕادەی سەرانسەریی ئێراندا هیچ بەربەرکانییەکی چەکدارانەی جیددی نەبووە. تەنانەت ئەو ڕاستییەش دەبێ بگوترێ کە هیچ کام لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ڕێبەرایەتیی مانگرتنەکانی کرێکاران لە کارخانەکانی بەدەستەوە نییە و ئەم مانگرتنانە زۆرتر بە ئیبتکاری خودی کرێکاران بەڕێوە دەچن.
لەم دواییانەدا دەنگ و باسی پەرەئەستاندنی خەباتی چەکدارانە لە بەلووچستان بڵاو دەبێتەوە، بەشێوەیک کە کاربەدەستانی جومهووریی ئیسلامی ئیدی ناتوانن سەرپۆشی لەسەر

دابنێن. ئەوانەی کە جاران پێیان دەگوتن قاچاقچی، ئێستا بە ئاشکرا ناویان بۆتە «دژی شۆڕش»، واتە شۆڕشگێڕ و بە ئیعتیرافی ئیمام جومعەی زاهیدان ئەم خەباتە چەکدارانەیە باری سیاسیی هەیە و دژی ڕێژیمە. بێگومان تێکۆشەرانی بەلووچ بەر لە هەموو شتێک بۆ ئازادی و بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلی بەلووچ هەوڵ دەدەن. ئێمە هیواداریـن شۆڕشگێڕانی گەلی بەلووچ لەم وەزعە کەڵک وەربگرن و بە ڕێکخستنی ڕیزەکانیان، ڕێبەرایەتیی خەباتی چەکدارانە بەئەستووە بگرن و لە دواڕۆژدا زەبری توندتر لە ڕێژیم بوەشێنن. هەروەها ئێمە هیوامان ئەوەیە کە ئەگەر پاش کوردستان، بەلووچستان خەریکە ببێتە سەنگەرێکی دیکە بۆ ئازادی سەرانسەریی ئێران، گەلانی زۆرلێکراوی دیکەی ئێرانیش وەک ئازەربایجانی و تورکمەن و عەرەب بێکار دانەنیشن و زوو یا درەنگ لە خەباتی گشتیی گەلانی ئێراندا بۆ دێموکراسی و بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتیکانی خۆیان چالاکانە بەشدار بن.

ڕیشە داکوتانی بوحرانی ئابووری و بە بنبەست گەیشتنی سیاسەتی شەڕخوازانە و پەرەئەستاندنی بێوێنەی نارەزایی و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێژیمی جومهووری ئیسلامی، بوحرانی سیاسیی قووڵتر کردووە و ناتەباییەکانی ڕێژیمی خستۆتە ڕوو، لەم بارەوە دیاردەیەک جێگای سەرنجە. ئەویش بریتییە لە وەزعی شەخسی خومەینی، کە لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە، دوو نەخشی سەرەکیی وەئەستۆ گرتبوو. یەکەم هەرکات ڕێژیم دەمەترسی دەکەوت، خومەینی نفووزی خۆی بەکار دەهێنا و توانایی ئەوەی هەبوو سەدان هەزای و بگرە میلیۆنها کەس لە لایەنگرانی خۆی بینێتە نێو مەیدان بۆ ئەوەی پشتیوانی لە شەخسی ئەو و سیاسەتەکەی بکەن. ئەمە تەنیا لەیەک دوو ساڵی پاش سەرکەوتنی شۆڕشدا دەگونجا و دەزگای تەبلیغاتیی ڕێژیم بە شانازییەوە هەموو جارێ ئیشارەی بە خەڵکی هەمیشە ئامادە لە مەیدان (مردم همیشه در صحنه) دەکرد. بەڵام ئەوکاتە بە سەر چووە و هەرچەند ئاخوندەکانی دەورووبەری خومەینی وەک» خامنەئی» و «ڕەفسنجانی» زۆر جار هەڕەشە دەکەن کە ئەگەر فلان کار جێبەجێ نەبێ، ئیمام لە خەڵک داوا دەکا بڕژێنە نێو کۆڵان و شەقامەکان، بۆخۆشیان باش دەزانن کە تازە کۆمەڵانی بەرینی خەڵک بە قسەی خومەینی ناکەن. بۆیەش و بۆ ئەوەی بە ئاشکرا پاشماوەی ئابڕووی نەچێ، چەند ساڵە خومەینی داوایەکی ئەتۆی لە خەڵک نەکردووە. دووهەم نەخشی خومەینی ئەوە بوو کە هەرکات لەنێو ئاخوندەکانی دەسەڵاتدار و تاقمی حوکمداردا بەگشتی ناتەبایی پێک دەهات، بۆ خۆی ڕاستەوخۆ نێوبژیی دەکرد و هەر لایەکی گرتبا، لایەکی دیکە مەیدانی بەجێ دەهێشت یا بێدەنگ دەبوو. ئەم ڕۆڵەی خومەینیش خەریکە تەواو دەبێ. هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و دیاریکردنی سەرۆک وەزیر نموونەیەکی بەرچاوی کەم دەسەڵاتیی خومەینی بوو. خومەینی لە وەڵامی ١٣٥ نوێنەری مەجلیسدا بە ئاشکرا داوای کرد کە نوێنەران دەنگی خۆیان بدەن بە «حوسێن مووسەوی». بەڵام زیاتر لە سێ یەکی نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی، کە گشتیان بە پەسندکردنی شەخسی خومەینی هەڵبژێردراون، دەنگیان بە «مووسەوی» نەدا کە لەڕاستیدا ئەمە ڕاوەستان دژی خومەینی بوو. شێوەی بڵاوکردنەوەی خەبەری هەڵبژاردنی «مونتەزیری» بەجێنیشینیی خومەینی، کە بە شەرمەزاری و خۆپارێزیی ڕێژیم لەلایەن ئیمام جومعەی قەزوینەوە ڕاگەیەندرا، خۆی نیشانەی توندوتیژبوونی دووبەرەکی لەنێو ئاخوندە گەورەکاندایە. زۆر لە ئایەتوڵڵاکان لە مەشهەد و لە قوم، هێندێ جار بەئاشکرا و لە مەزگەوتدا، دژایەتیی خۆیان لەگەڵ جێنشینیی

«مونتەزیری» دەربڕیوە. ئەمەش هەم نیشانەی بوونی ناتەبایی لە نێوخۆی دەزگای حاکمە و هەم نموونەیەکی دیکەش لە کەم دەسەڵاتی و لەنێو چوونی پاشماوەی نفووزی خومەینییە. ئەگەر کار گەیشتۆتە جێگایەک کە بەشێک لە ئاخوندەکان لە کار و کردەوەی خومەینی ناڕازین، دیارە دەبێ کۆمەڵانی خەڵک بە تێکرایی چەند لە خومەینی و ڕێژیمەکەی بێزار بن؟ ئەمەش زۆر مەنتقییە: گەلانی ئێران لە شەڕ وکوشتار بێزارن، ئاشتی و ژیانیان دەوێ؛ لە بێکاری، گرانی، دەربەدەری بێزارن و ژیانێکی لێوەشاوەی ئادەمیزادی دواساڵەکانی چەرخی بیستەمیان دەوێ، لە ئازار و ئەشکەنجە و زیندان بێزارن و ئازادییان دەوێ؛ لە تازیەگێڕان و خەم و خەفەت خواردن و بێ فەرهەنگی بێزارن و شادی و خۆشی و فەرهەنگیان دەوێ و لەهەمووان زیاتر، لە ڕێژیمی خومەینی بێزارن، کە ماکەی شەڕ و کوێرەوەری و دەربەدەری و ئەشکەنجە و زیندان و ئیعدامە و ڕێژیمێکی دێموکراتییان دەوێ.

دیاردەیەکی تازەی دیکە ئەوەیە کە دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم و شەخسی خومەینی لەو لایان ئایەتوڵلاکانەوە لەنێو جەناحەکانی دەسەڵاتی حاکمدا ئیدی ئاشکرا بووە و ناکرێ سەرپۆشی لەسەر دابنرێ. نامەی نوێنەرانی مەجلیس بۆ سەرۆک کۆمار «خامنەیی» وئەو ڕەخنە و توانجەی تێیدا بوو، لەگەڵ قسەکانی ئایەتوڵلا «ڕوحانی» لە مەزگەوتی «محەممەد»ی قوم کە بەئاشکرا دژایەتیی خۆی لەگەڵ هەڵبژاردنی «مونتەزیری» بە جێنیشینیی خومەینی دەربڕیوە، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن. بەم جۆرە ڕێژیم لە ماوەی تەمەنی حەوت ساڵەی خۆیدا هەرگیز وەک ئەمڕۆ تووشی بوحران و ناکۆکی و ناتەبایی نێوخۆیی نەبووە. بۆیەش هەرگیز وەک ئەمڕۆ لە هەڵوەشان و تێکچوون نیزیک نەبۆتەوە.

لێکدانەوە دەری دەخا کە سیاسەتی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیی ڕێژیمی خومەینی هەر بەردەوامە و جەوهەری ئەو ڕێژیمەش نەگۆڕاوە. ڕوونە کە لەچوارچێوەی ڕێژیمی خومەینیدا نە دێموکراسی دەگونجێ و نە خودموختاری. بۆیە حیزبی ئێمە لەسەر شیعاری ڕووخاندنی ڕێژیم، کە یەکەم جار کۆنگرەی پێنجەم پەسندی کردووە، هەر سوورە. نە هێندێ ڕیفۆرمی ئیجباری و نە سیاسەتی خەڵکبەفریوبەر و ڕووی خۆش هیچیان جەوهەری ڕێژیمی خومەینی ناگۆڕن و هەر شیعاری ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە کە نێوەڕۆکی هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە ڕێژیم دیاری دەکا.

**٥- هەڵوێستی حیزب بەرامبەر بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن**

هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە ڕێکخراو و هێز و شەخسییەتە ئازادیخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هیچ فەرقی نەکردووە و حیزبی ئێمە هەر وەک ڕابردوو ئامادەیە لەگەڵ هەمووان هاوکاریی بکا، بە شەرتێک دژی خومەینی خەبات بکەن و بۆ گەڕاندنەوەی ڕێژیمی پاشایەتی تێنەکۆشن. شێوەی خەباتیش لێرەدا تەئسیر ناکاتە سەر هەڵوێستی حیزبی ئێمە. هەموو شێوەکانی خەبات لە چەکدارانەوە بگرە تا بەربەرەکانیی ئاشتیخوازانەی مەنفی، بەپێی توانای هەر هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن هەر کام لە وەخت و جێگای خۆیدا بەسوودە.

لەم پێوەندییەدا پێویستە بگوترێ کە هەرچەند حیزبی ئێمە شورای نیشتمانیی بەرگریی بەجێ هێشتووە، بەڵام ئێستاش ئامادەیە لەگەڵ سازمانی موجاهیدین هاوکاریی عەمەلی هەبێ. ئەم چەشنە هاوکارییە کاتێک ئیمکانی هەیە کە ڕێبەرایەتیی هەر دوو ڕێکخراوی سیاسی

لەسەر هێندێ خاڵ ڕێک کەون. ئەو ڕێکخراوە ئێرانییانەش کە لە کوردستان تێکۆشانیان هەیە، دەتوانن ئەگەر بیانەوێ، هاوکاریی لەگەڵ حیزب بکەن. ئەگەر نەشیانویست دەبێ بۆ هێندێ ئوسوولی هاتوچۆ لە کوردستان کە لەلایەن حیزبی ئێمەوە پێشنیار کراون، ڕێز دابنێن. هەروەها ئەو ڕێکخراوانە هەر نەبێ لە شەڕی ئێستای نێوان حیزب و کۆمەڵەدا دەببێ بێلایەن بن. مافی ڕەخنە و دەربڕینی بیروباوەڕ لەسەر ئەم شەڕە جێگای ڕێزە، بەڵام هەر کام لەو ڕێکخراوانە لە شەڕدا بەکردەوە یارمەتیی کۆمەڵە بدا، هەڵوێستی حیزبی ئێمەش بەرامبەر بەو دەگۆڕێ.

پاش دەرچوونی حیزب لە شورای نیشتمانیی بەرگری، مەسەلەی پێکهێنانی بەرەیەکی پان و بەرین لەنێوان هەموو هێزەکانی دێموکراتی و پێشکەوتنخوازدا بۆتە مەسەلەی ڕۆژ. بەرەی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستی، کە حیزبی ئێمە پێشنیاری دەکا، دەتوانێ هەموو هێزە ڕەسەنەکانی کۆماریخوازی وڵات کە دژی ڕێژیمی خومەینی خەبات دەکەن لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ بکاتەوە. بەرنامەی ئەم بەرەیە بریتی دەبێ لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی: سەربەخۆیی ئێران و بەڕێوەبردنی سیاسەتی خۆنەبەستەوە، دێموکراسی و ئازادییە دێموکراتییەکان، دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بەشێوەی خودموختاری یا فیدرالی و جێبەجێ کردنی داخوازە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی زەحمەتکێشان.

لە پێکهێنانی ئەم بەرەیەدا پێویستە چەند مەسەلە لە بەرچاو بگیرێن: بەرەیەکی ئەوتۆ لە ماوەیەکی کورتدا پێک نایە و دەبێ زەمینەی بۆ ئامادە بکرێ. ئەو ئامادەکردنە هەم وەختی دەوێ و هەم تێکۆشان. ئەم بەرەیە یەکگرتنێکی کورتماوە نییە. بەڵکوو جەبهەیەکە کە بۆی هەیە داخوازییەکانی لە قۆناغێکی ستراتیژیدا جێبەجێ بکا. جەبهە تەنیا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی پێک نایە، بەڵکوو ئامانجی دروستکردنی ئێرانێکی دێموکراتییە، بۆیە پاش هاتنە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتی ئە جەبهەیە تێک ناچێ، بەڵکوو بە کردەوە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە دەگرێ و بەرنامەی خۆی پیادە دەکا.

هەر هێزێکی سیاسی کە بیهەوێ بێتە نێو جەبهە، بێجگە لە بەرنامە بەجێیە دوو ئەسڵیش قبووڵ بکا: یەکەم- پاوانخواز نەبێ و تێ نەکۆشی هەژمۆنیی خۆی بە سەر جەبهەدا بسەپێنێ. تاقیکردنەوە دەری خستووە کە هەر بۆچوونێکی ئەوتۆ لە هەلومەرجێکی وەک ئێستای ئێراندا بەرهەمی تێکچوونی جەبهە دەبێ. دووهەم- پلۆرالیزمی دێموکراتی بۆ دوارۆژی ئێران بە ئەساسی ڕێژیمێکی دێموکراتی دابنێ. هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک پاش ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی دەبێتە هۆی شەڕی نێوخۆ لە ئێراندا. شەڕێکی ئەوتۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی ئێران دەخاتە مەترسییەوە. تەنیا ڕێگای پاراستنی ئێران لە شەڕی نێوخۆ و لەتبوون، دابینکردنی دێموکراسی و پلۆرالیزمی سیاسییە.

هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە ڕێکخراوە کوردستانییەکان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. ئێستاش حیزبی ئێمە پشتیوانیی خۆی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتیی خۆی دەردەبڕێ. حیزبی ئێمە لە ڕابردوودا بەپێی توانا یارمەتیی هەموو شۆڕشگێڕانی کوردی داوە و لە دوارۆژیشدا هەر لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوام دەبێ.

هەرچەند قیادەی مووەقەت جار جار بەپێی مەسڵەحەتی کاتیی، خۆی لەشەڕ لەگەڵ ئێمە دەپارێزێ. بەڵام هەڵوێستی ئوسوولیی حیزبی ئێمە بەرامبەر بە قیادە نەگۆڕاوە و تا لە خاکی ئێراندا لەگەڵ ڕێژیم دژی پێشمەرگە شەڕ بکەن، بە دوژمنیان دادەنێین و هەروەهاش لەگەڵیان دەجوولێینەوە. دیارە ئێمە شەڕ بە قیادە نافرۆشین و پێشمان خۆشە کە شەڕمان لەگەڵ نەکا، بەڵام ناشبێ فریوی سیاسەتی کاتی بخۆین و بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە هەر کات قیادە خۆی بە بەهێز دەزانێ زەربەمان لێ دەدا و هەرکات کزبوو، لایەنگری تەقەوەستاندنە.

### ٦- سیاسەتی نێونەتەوەیی حیزب

حیزب لەسەر سیاسەتی ئوسوولیی خۆی لە مەیدانی نێونەتەوەییدا هەر بەردەوامە. خەبات دژی ئیمپریالیزم و هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراو و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتەکانی ڕۆژئاوا و پشتیوانی لە سیاسەتی خۆنەبەستنەوە و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی لە پێش هەمووانیدا یەکیەتیی سۆڤیەتی، نێوەرۆکی سیاسەتی نێونەتەوەیی حیزبی دێموکراتە.

حیزبی ئێمە پشتیوانیی سیاسیی و ماددیی هەموو ئەو هێزە دێموکراتییە پێشکەوتنخوازانە قبووڵ دەکا کە ئامادەیی یارمەتی و هاوکارییەن، بێ ئەوەی شەرتی ئەوتۆ دابنێن کە ناتەبایی لەگەڵ سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزب هەبێ.

گەلی زۆرلێکراوی کورد یەکجار زۆر پێدایستیی بە دۆست و یاریدەدەر هەیە، بۆیە حیزبی ئێمە هەوڵ دەدا سەرنج و پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی و هەموو ئەو ڕێکخراوە سیاسییە بەشەردۆستانە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ کە دیفاع لە ئازادی و مافی ئادەمیزادی گەلانی زۆرلێکراویان لەلا گرینگە. بەڵام هەر لەو حاڵەدا حیزبی دێموکرات بە هیچ چەشنێک ئامادە نییە لە بەرامبەر هیچ یارمەتییەکدا قاز لە سەربەخۆیی و سەربەخۆیی بڕیاردانی خۆی بێنێ.

لە کۆنگرەی شەشەمەوە تا ئێستا حیزبی دێموکرات چەند هەنگاوی گرینگی دیکەی بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکان و وڵاتە سۆسیالیستییەکان هەڵێناوتەوە کە بەرەبەرە بەرهەمیان دەردەکەوێ. هەلومەرجی ئێران و دەرەوی ئێران زۆر لە جاران لەبارتر بووە، بۆ ئەوەی لەمەودوا پشتیوانیی سیاسی و ماددی لە دەرەوەی وڵات سەبارەت بەبزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بێ.

### هەڵوێستی حیزب سەبارەت بە شوڕای نیشتمانیی بەرگری

هاوڕێیان!

ڕۆژی پێنجی خەزەڵوەری ١٣٦٠، حیزبی ئێمە لە نامەیەکی ڕەسمیدا بۆ ئاغای «مەسعوود ڕەجەوی» چوونی خۆی بۆ نێو شووڕای نیشتمانیی بەرگری ڕاگەیاند. هەروەها کە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمدا، هاتووە، چوونی حیزبی دێموکرات بۆ نێو شوڕا لەبەر دوو مەبەستی ئەساسی بوو: یەکەم ئەوە کە بەبیروڕای حیزبی ئێمە یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی پێویستییەکی مێژووییە و دووهەم ئەوە کە لە بەرنامەی شوڕادا دروشمی سەرەکیی حیزبی ئێمە، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان گونجابوو. هەر لەو ڕاپۆرتەدا گوترابوو: « بێگومان، هاوکاریی

جیددی و نیزیکی دوو هێزی سەرەکیی ئۆپۆزیسۆنی ئێران، ڕێکخراوی موجاهیدین و حیزبی دێموکرات دەتوانێ هەم لە یەکخستنی هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسۆندا تەئسیری باشی هەبێ و هەم خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرستیی خومەینی هان بدا. هیوادارم چوونی حیزب بۆ نێو شورای نیشتمانیی بەرگری ببێتە سەرەتایەک بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی دێموکراسی دژی ئیمپریالیستی و زۆر بەزوویی هێزە ئازادیخوازەکانی وڵاتی ئێمە بۆ هەمیشە لە پەرشوبڵاوی ڕزگاریان بێ.

لە ماوەی نیزیک بە چوار ساڵ ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە شوڕادا، پێوەندی حیزب لەگەڵ شوڕا و موجاهیدینی خەڵق تووشی هەوراز و نشێوێکی زۆر بوو. لەم ماوەیەدا بەڕێوەبەریی حیزبی ئێمە بە سەبر و حەوسەلەیەکی زۆرەوە پێکەوە لەگەڵ هێندێ لە ئەندامانی دیکەی شوڕا تێکۆشاوە شوڕا دێموکراتیزە بکرێ، هۆوییەت و شەخسییەتی سەربەخۆ پەیدا بکا، بەرنامەی خۆی ئیسلاح و تەکمیل بکا بەشێوەیەک کە بتوانێ مەبەست و داخوازەکانی زۆربەی توێژ و چینەکانی کۆمەڵ دەرببڕێ و بەرەبەرە شوڕا بگۆڕدرێ بە بەرەیەکی بەرین. پەسندکردنی سێ بەڵگەی گرینگ لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٠دا و پاشان گەڵاڵەی خودموختاریی کوردستان بە پێشنیاری حیزبی، ئاکامی هاوفیکری و هاوکاریی حیزبی ئێمە لەگەڵ ئەندامانی شوڕا بەتایبەتی سازمانی موجاهیدین بوو.

لە ماوەی بەشداریی حیزب لە شوڕای نیشتمانیی بەرگریدا، بۆچوونی نادێموکراتی و پاوانخوازیی سازمانی موجاهیدین ئاشکراتر خۆی نواند. حیزبی ئێمە ئەم سازمانەی باشتر ناسی و تێگەیی کە هەوڵدانێکی درێژخایەن بۆ دێموکراتیزەکردنی شوڕا و قبووڵاندنی واقعییەتی کوردستان و سەرانسەری ئێران بە سازمانی موجاهیدین پێویستە. هەربۆیش بە هیوای ئەوە کە بە هاوکاریی ئەندامانی دیکەی شوڕا گیانی هاوکاری و جەوی دێموکراتی لەشوڕادا سەرکەوێ، بۆ شوڕایی کردنی شوڕا تێدەکۆشا. لەو ماوەیەدا کە حیزبی ئێمە ئەندامی شوڕا بوو هێندێ جارە بە نووسینی نامەی ڕەسمی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسییەوە و هێندێ جاریش بەهۆی نوێنەرانی خۆی لە شوڕادا، زۆر دۆستانە نەزەر و ڕەخنەی خۆی لەسەر چالاکیی شوڕا و بەتایبەتی ئاکار و کردەوەی سازمانی موجاهیدین ڕاگەیاند. بەداخەوە لەباتی ئەوەی شووڕا، ڕێکخراو و هێز و شەخسییەتی زیاتر لە دەوروبەری خۆی کۆ بکاتەوە، لە بەر سیاسەتی پاوانخوازانەی موجاهیدین و شێوە نادێموکراتییەکانیان و هەروەها لەبەر ئەوە کە شوڕا شەخسییەتی سەربەخۆی نەبوو، و سازمانی موجاهیدین هەوڵی دەدا شووڕا بکا بە وەسیلەیەک بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە سازمانییەکانی خۆی، هێندێ شەخسییەت و ڕێکخراو شوڕایان بەجێ هێشت و بەکردەوە پێشگیری لەوەش کرا کە ڕێکخراو و شەخسییەتی دیکە بێنە نێو شوڕا.

لەبەر هەموو ئەو هۆیانە لە مانگی گەلاێژی ساڵی ١٣٦٣دا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب نامەیەکی ڕەسمیی بۆ شوڕا نووسی کە هەر لەسەرەتای پاییزی ئەو ساڵەدا لە لایەن نوێنەری حیزبەوە پێشکەش بەکۆبوونەوەی شوڕا کرا. لەم نامەیەدا هێندێ پێشنیار هاتبوون کە مەبەستیان دێموکراتیزە کردنی شوڕا، ڕزگارکردنی شوڕا لە ژێر نفووزی یەک سازمان و دانی شەخسییەتی سەربەخۆ بە شوڕا، داڕشتنی بەرنامەی هاوبەش و ڕوون بۆ ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی و گۆڕینی بەرنامەی شوڕا بوو، بە شێوەیەک کە داخوازە سیاسی و

کۆمەڵایەتییەکانی هەموو توێژ و چینە بێبەشەکان و هەروەها مافی نەتەوایەتیی هەموو گەلە زۆرلێکراوەکانی ئێران بگرێتەوە. ئەگەر پێشنیارەکانی حیزبی ئێمە پەسند کرابان، بێگومان شورا هەنگاوێکی گرینگی دیکە بەرەو پێش دەچوو. بەڵام نەک هەر ئەم پێشنیارانە پەسند نەکران، بەڵکوو بەرپرسی شورا هەر لە یەکەم کۆبوونەوەدا ڕایگەیاند کە قەبووڵ کردنی پێشنیارەکانی حیزبی دێموکرات دەبێتە هۆی تێکچوونی شورا.

با لێرەدا بەکورتی ئیشارەیەک بە پێشنیارە ئەسڵییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بکەین: «چاو خشاندنەوە بە بەرنامە و بەڵگەکانی شورادا و ئیسلاح و تەکمیل کردنیان، دێموکراتیزە کردنی پێوەندییەکانی نێوخۆی شورا و لابردنی هەموو شێوەیەکی نادێموکراتی، پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە بۆ ڕاکێشانیان بۆ نێو شورا و هەڵوێستی شورا کە دەبێ لەسەر ئەو ئەسڵە دامەزرابێ کە هەر کەس دوژمنایەتی لەگەڵ شورا نەکا بە دۆست بزانرێ، دیارە بێجگە لە شاپەرستەکان و لایەنگرانی ڕێژیمی خومەینی، ناسینی مافی نەتەوایەتیی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بەشێوەی خودموختاری یا فیدراڵی، بێ لە بەرچاو گرتنی ئەوە کە ئێستا ئەم گەلانە بۆ ئەم مەبەستە چالاکانە خەبات دەکەن یا نا؛ لابردنی شوێنەواری ئیدئۆلۆژییەکی دەستنیشان کراو کە بە سەر شورادا سەپاوە، دانانی ئۆرگانی چاپەمەنی و ڕادیۆ بۆ شورا و دیاریکردنی ڕێگا و چۆنیەتیی ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی لە لایان شوراوە»؛ ئەم پێشنیارانە بوون کە بە نەزەری بەرپرسی شورا پەسند کردنیان دەبوو بەهۆی تێکچوونی شورا.

هەر لە بەر ئەوەش بوو لە باتی ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی شورادا باسی پێشنیارەکانی حیزبی دێموکرات بکرێ، مەسەلەی دەسکردی وتووێژی حیزبی ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی کرا بە بیانوو بۆ ئەوەی پێشنیارەکانی حیزبی ئێمە بەرپەرچ بدرێنەوە.

هەروەها کە دەزانن هیچ چەشنە وتووێژێک لەنێوان حیزبی دێموکرات و ڕێژیمی خومەینیدا پێک نەهاتووە. لەسەر نوێنەرانی ڕێژیم لە مانگی گەلاوێژی ١٣٦٣ دا چاوپێکەوتنێک لە یەکێک لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ساز بوو. لەم چاوپێکەوتنەدا هیچ وتووێژێک لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان، کە بریتییە لە دێموکراسی و خودموختاری، نەکرا و نوێنەرانی ئێمە تەنیا شەرتەکانی دەستپێکردنی وتووێژیان هێنایە گۆڕێ، بەو شێوەیە کە لە «کوردستان»ی ژمارە ٩٩دا بڵاو کراوەتەوە. پاش ئەم چاوپێکەوتنەش کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی بە ناردنی پەیام و تەنانەت بە نووسی نامەش داوای دووپاتکردنەوەی دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی دێموکراتیان کرد، بەڵام چونکە شەرتەکانی حیزب بۆ وتووێژ نەهاتبوونەدی، پێشنیارەکانی ڕێژیم ڕەد دەکرانەوە.

پێمان خۆشە جارێکی دیکە ئیشارە بە چەند مەسەلە کە پێوەندییان بە وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزییەوە هەیە بکەین. حیزبی ئێمە لە سەرەتاوە لەو بڕوایەدا بووە کە گیروگرفتەکانی کوردستان ڕێگا چارەسەرکردنی نیزامی نییە و ئەم گیروگرفتانە لە دوا لێکدانەوەدا دەبێ بە وتووێژ چارەسەر بکرێ. کەوابوو حیزبی ئێمە هەرگیز ئەسڵی وتووێژی ڕەد نەکردۆتەوە و هەر دەوڵەتێکی مەرکەزیی ئەوتۆ لە سەرکار بێ کە بیهەوێ دڵسۆزانە و بەشێوەیەکی جیددی لەسەر داخوازیی خودموختاری وتووێژ بکا، حیزبی دێموکرات ئامادەیە لەگەڵی بکەوێتە وتووێژ.

لەم پێوەندییەدا جارێکی دیکە ڕادەگەیەنین کە حیزبی دێموکرات لە لایەکەوە حیزبێکی سەربەخۆیە و سەربەخۆ بڕیار دەدا و، لەلایەکی دیکەشەوە نوێنەری زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانە و ئەو حەقە بە خۆی دەدا کە لەسەر داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان وتووێژ بکا. ناکۆکی لەنێوان حیزبی دێموکرات و موجاهیدین لەسەر بەزیان و بەقازانج بوونی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی نەبوو. حیزبی دێموکرات چەندین جار ڕایگەیاندووە کە لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کام لە داخوازە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان وەدی‌نایە. بۆیەش وتووێژ لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بێهوودەیە. ناکۆکی لە سەر ئەوە بوو کە سازمانی موجاهیدین ئیددیعای دەکرد کە حیزبی دێموکرات مافی وتووێژی نییە. نوێنەری حیزبی ئێمە لە شوڕادا ڕوونی کردەوە کە ناکرێ مەسئوولییەتی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە عۆدەی حیزبی دێموکرات بێ، هەموو ئیمکاناتی ماددی و سیاسیی ئەم بزووتنەوەیە حیزب دابینی بکا، شەڕی چەکدارانە دژی ڕێژیمی خوێنمژی خومەینی حیزب بەڕێوەی بەرێ، بەڵام بڕیار لەسەر وتووێژکردن یان نەکردن بە شوڕا بێ. واتە مەسئوولییەت بە حیزب بێ و سەڵاحییەت بە شوڕا. دیارە حیزبی دێموکرات نەیدەتوانی و ناشتوانێ ئەم بۆچوونە پەسند بکا.

هەروەها حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە لە هەموو جووڵانەوەیەکی چەکدارانە و لە قۆناخێک لە قۆناخەکانی خەباتدا دەکرێ لە وتووێژ وەک شێوەیەکی خەبات کەڵک وەربگیرێ. مێژووی چل ساڵی ڕابردوو دەیان نموونەی ئەوتۆ لە زۆر وڵاتان بەدەستەوە دەدا. بۆیە دەکرێ نوێنەرانی بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی شۆڕشگێڕ تەنانەت لەگەڵ ڕێژیمێکیش وتووێژ بکەن کە بۆ ڕووخاندنی هەوڵ دەدەن.

با ئەوەش بڵێین کە حیزبی دێموکرات بە ڕێبازی ئوسووڵی خۆی پابەندە. کاتێک وتووێژ بە دروست و بە مەسڵەحەت بزانێ، وەک شێوەیەکی خەبات کەڵکی لێ وەردەگرێ، و نە بە هەراوهوریا و نە بە هەنگامە سازکردنی ئەم یان ئەو ڕێکخراو، لە ڕێگای ڕاستیی خۆی لانادا. لەم حەوت ساڵەدا زۆر کەس ئەوەیان لەگەڵ حیزبی ئێمە تاقی کردۆتەوە و ویستوویانە بە هەرای تەبلیغاتی و دانی شیعار، حیزبی ئێمە چاوترسێن بکەن و ناچاری بکەن ڕێبازی ئوسوولیی خۆی بەربدا، بەڵام سوودی نەبووە. حیزبی دێموکرات حیزبێکی مەسئوولی سیاسی و خاوەن ئوسووڵە و بەرامبەر بەو شێوە هەراوهورییە وەک چیاکانی کوردستان قایم و پتەو ڕادەوەستێ.

ئەمجارەش هەروا بووە، هەنگامەیەکی تەبلیغاتی کە سازمانی موجاهیدین لەسەر وتووێژ بە شێوەیەکی ناشیانە و دەسکرد لەسەر حیزبی دێموکراتی سازکرد چووکترین تەئسیری لەسەر سیاسەتی هەڵبژێراو و تاقیکراوی حیزبی نەبووە. کاتێک بەڕێوەبەریی حیزب هاتە سەر ئەو بڕوایە کە هەرا سازکردن لەسەر وتووێژ تەنیا بیانوویە و سازمانی موجاهیدین بڕیاری داوە ئیدی لە شوڕادا لەگەڵ حیزبی دێموکرات هاوکاریی نەکا و بۆ ئەو مەبەستە ئامادەیە ئاییننامەی شوڕا و سادەترین ئوسوولی دێموکراسیش لەژێر پێ بنێ، بەبڵاوکردنەوەی بەیانێک لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە حیزبی ئێمە شوڕای بەجێ هێشت.

دەفتەری سیاسی حیزب لە ڕاگەیاندنی خۆی لە ڕۆژی ١٠ی بانەمەڕی ١٣٦٤دا ئیشارە بەوە

دەکا کە دەرگای هەرجۆرە هاوکارییەک و تەنانەت وتووێژێک لە چوارچێوەی شوڕادا بە تەواوی لەسەر حیزب داخراوە. چونکە سازمانی موجاهیدین ڕۆژێک پێش ئەوەی نوێنەرانی حیزبی ئێمە بگەنە پاریس، بەپەلە کۆبوونەوەی شوڕای پێک هێنا و نووسراوەیەکی پێ پەسند کرد کە لە «ئۆلتیماتۆم» دەچوو. ڕوون بوو کە حیزبی دێموکرات نەیدەتوانی ئەو ئۆلتیماتۆمە ئیمزا بکا کە سەربەخۆیی حیزبی لەنێو دەبرد. بۆیە لە ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسیدا هاتووە: هەروەک بەرچاو دەکەوێ تێپەڕبوونی زەمان و بەتایبەتی ئەو گیروگرفتانە کە لەم دواییانەدا لەنێو ڕێبەرایەتیی ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێراندا ، وەک هەڵسووڕێنەری ئەسڵیی شوڕا، ڕوویان داوە، کە نە کەس لێیان تێ دەگا و نە پاکانەشیان بۆ دەکرێ، هیوای هەمووانی بەوە لەنێو برد کە موجاهیدین شێوەکانی سێکتاریستی خۆیان وەلا بنێن، بە سینگێکی فراوانەوە لەگەڵ گیروگرفتەکانی نێو شوڕا بەرەڕوو بن، سەربەخۆیی و نەرمیی پێویست نیشان بدەن و حازر بن هۆوییەتێکی سەربەخۆ بدەن بە شوڕا و لەڕێگای گۆڕینی سیاسەت و شێوەکانی غەیری دێموکراتی و پاوانخوازانەوە، شووڕا دێموکراتیزە بکەن. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بە پێچەوانەی ویستی دڵی خۆی، بە ئەندامەتیی خۆی لە شوڕادا کۆتایی دێنێ و بەرپرسایەتیی لێک بڵاوبوونی شوڕا، ڕاستەخۆ بە هی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک دەزانێ و بە پێچەوانەی نەزەری ئەو ڕێکخراوە لەو باوەڕەدایە کە پاش هاتنەدەرێی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک یەکێک لەپایەکانی ئەسڵی شوڕا، نە تەنیا شوڕا بەهێز نابێ، بەڵکوو ئیدی شوڕایەک بە مانای واقیعیی خۆی لەگۆڕێدا نامێنێ. داهاتوو نیشان دەدا کە ئەو ئەندامانەی کە لە شوڕای نیشتمانیی بەرگریدا ماون، ئەوانە کە باوەڕیان بە سەربەخۆیی نەزەر و هاوکاریی دێموکراتی هەیە، تا چ ڕادەیەک دەتوانن هاوکاریی خۆیان لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران درێژە پێ بدەن.

لەگەڵ دەرچوون و پاش دەرچوونی حیزب لە شوڕا، چەند ڕێکخراو و شەخسییەتیش شوڕایان بەجێ هێشت. ئێستا تاقە شەخسییەتێک و تاقە ڕێکخراوێکی چووک لە شوڕادا ماون کە بێگومان ئەگەر بیانەوێ هۆوییەتی خۆیان بپارێزن، زوو یا دەرنگ لەشوڕا دێنەدەر. ڕێکخراو و شەخسییەتەکانی دیکەی نێو شوڕا هەموو پێڕەوی بێ ئەملاوئەولای سازمانی موجاهیدینن.

بیلانی چالاکیی حیزبی دێموکرات لەنێو شوڕادا لەچەند بارەوە بە قازانج بوو: حیزبی ئێمە لەم ماوەیەدا توانی هەم خۆی باشتر بەگەلانی ئێران و ڕێکخراوە ئێرانییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بناسێ و هەم دروشمی خودموختاری بەرێتە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەشێوەیەک کە ئەمڕۆ هەر ڕێکخراوەیەکی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی کە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی تێ بکۆشێ و پاش ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەش بیهەوێ لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدا بەشدار بێ، ناچارە بەرامبەر بە دروشمی خودموختاری و حیزبی دێموکرات هەڵوێست بگرێ. هەروەها، حیزبی ئێمە لەم ماوەیەدا لەگەڵ بیروباوەڕ بۆچوونی زۆر ڕێکخراو و شەخسییەت و بەتایبەتی سازمانی موجاهیدین لە نیزیکەوە ئاشنا بوو، کە ئەمە لە دوارۆژدا بۆ گرتنی هەڵوێست بەرامبەر بەو هێزانە گرینگە.

تاقیکردنەوەی چەند ساڵ ئەندامەتیی شوڕا بۆ حیزبی ئێمە زۆر بەنرخە. لە داهاتوودا پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتی دژی ئیمپریالیستی یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی حیزبە، کە

دەبێ هەوڵی بۆ بدا. ئەمجارە حیزب تاقیکردنەوەی شوورای نیشتمانیی بەرگریی پێیە و زۆر باشتر لە جاران بۆ ئەم ئەرکە ئامادەیی هەیە.
کۆمیتەی ناوەندی لەو بڕوایەدایە کە چوونمان بۆ نێو شوورا لە ساڵی ١٣٦٠دا کارێکی دروست بوو. ڕنگە لە بەر نەناسینی سازمانی موجاهیدین کەمێک پەلەمان کردبێ و باشتر دەبوو ئەگەر هێندێ لە گیروگرفتە سەرەکییەکانمان پێشتر لەگەڵ سازمانی موجاهیدین چارەسەر کردبا. هەروەها دەرچوونی حیزب لە شوورا بە کردەوەیەکی بەجێ و ئوسوولیی دادەنێین و بەخۆشییەوە ڕادەگەینین کە هەموو ڕێکخراوەکانی حیزبی و خەڵکی کوردستان ئەو کارەی ڕێبەرایەتیی حیزبیان پێ دروست و ڕەوا بوو و بە تەواوی پشتیوانی یان لێ کرد. هیوادارین کۆنگرەش سیاسەتی حیزب بەرامبەر بە شوورا و سازمانی موجاهیدین پەسند بکا.

### سیاسەتی حیزب بەرامبەر بە کۆمەڵە

هاوڕێیان!
ئەوە دە مانگە ڕێکخراوی سەرلێشێواوی کۆمەڵە شەڕێکی نێوخۆیی لە کوردستان بەسەر حیزبی ئێمەدا سەپاندووە، شەڕێک کە ئێستاش بەردەوامە. نوختە گۆڕانێکی پێوەندی لەنێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، پیلانی ناجوامێرانە و جینایەتکارانەی بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێکخراوەیە لە شەشی ڕێبەندانی ١٣٦٣ لە هەورامان بوو. ئەو کردەوە دژی ئێنسانییەی بەڕێوەبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە دوو باری تازەی تێدا بوو: یەکەم تا ئەوکاتە تێکهەڵچوونەکان ناوچەیی بوون و، هەرچەند ڕاستەخۆ لە سیاسەتی ئاژاوەگێڕانی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرت، بەڕواڵەت ڕێبەرانی کۆمەڵە وای نیشان دەدا کە لەم تێکهەڵچوونانەدا دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی نییە، یا هەر نەبێ، حاشای لە دەخالەتێکی ئەوتۆ دەکرد. بەڵام پیلانی شەشەمی ڕێبەندان ڕاستەخۆ لەلایەن ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵەوە دارێژرا و بەڕێوە چوو و تا ئێستاش ڕێبەرایتی کۆمەڵە شانازیی پێوە دەکا. دووهەم- ئەم ڕێبەرییە دەیزانی کە بەپێی بڕیاری حیزبی دێموکرات ئەگەر ئەمجارە ئەوان لە ناوچەیەکی کوردستان شەڕ ساز بکەن، ئەم شەڕە سەرانسەری کوردستان دەگرێتەوە و بە ئاگاداری تەواو لەم بڕیارە بوو کە پیلانی شەشی ڕێبەندانیان بەڕێوە برد. واتە مەبەستیان لەم پیلانە سازکردنی شەڕی سەرانسەری لە کوردستان بوو و هیچی دیکە. بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵە و دوا پلینۆمی ئەم ڕێکخراوە دەری خست کە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە لەمێژ بوو بڕیاری سازکردنی شەڕی سەرانسەری لەگەڵ حیزبی دێموکراتیان داوە. کارێک کە بە کردوە لە دوای ٦ی ڕێبەندان جێبەجێیان کرد.
هۆی ئەساسی ئەم بڕیارە لە لێکدانەوەی چەوتی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە لە وەزعی کوردستان سەرچاوە دەگرێ. جەوهەری ئەم لێکدانەوەیە تیئۆریی داتاشراوی سێ گۆشە لەسەر کورستانە کە ئیددیعا دەکا: لە کوردستان سێ هێز لە مەیدانن و هەر کامیان نوێنەری چینێکی کۆمەڵایەتین. کۆماری ئیسلامی نوێنەری بۆرژۆوازیی ئێرانە. حیزبی دێموکرات نوێنەری بۆرژۆوازیی کوردستانە، ڕێکخراوی کۆمەڵەش نوێنەری چینی کرێکاری کوردستانە. بە بیروڕای ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆرژۆوازیی نێوخۆی کوردستان و نوێنەرەکەی مەترسییان بۆ پرۆلیتاریا زیاترە. سێ ساڵ لە مەوبەر ئەندامێکی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە لە ناملکەی

نێوخۆیی کۆمەڵەدا نووسیبووی: «دەبێ بە هەموو هێزەوە زەربەی هەرچی کاریتر لە حیزبی دێموکرات بدەین و هەر لەو کاتەشدا نابێ لەدەستدانی یەک یا چەند ناوچە لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە گرینگ دابنێین».

بە کورتی، ڕێبەرانی کۆمەڵە لەمێژە نەزەریان ئەوەیە کە شەڕ دژی حیزبی دێموکرات لە شەڕ دژی کۆماری ئیسلامی واجبترە. واتە تیئوریی چەوت و دوور لە واقعییەتی سێ گۆشە، بەردی بناغەی سیاسەتی کۆمەڵە بەرامبەر بە حیزبی دێموکراتە.

لێرەدا بە پێویست نازانین ئەو تیئورییە لە ئەساسەوە چەوتە، بەرپەرچ بدەینەوە. تەنیا ئەوەندە دەڵێین کە نە بورژۆوازیی کورد لەکوردستاندا بەو شێوەیە پەرەی سەندووە و نە پرۆلیتاریای سەنعەتی، بەجۆرێک کە هەر یەک ڕێکخراوەی تایبەتیی خۆیان هەبێ. بێجگە لەوە هەم لە باری بەرنامەی سیاسی و هەم تەرکیبی چینایەتی و هەم کردەوەوە، حیزبی دێموکرات شۆڕشگێڕترین ڕێکخراوی کوردستانی ئێرانە و بە حەق نوێنەری زەحمەتکێشان شار و گوندەکانی کوردستانیشە. کۆمەڵەی پۆلپۆتیش ڕێکخراوێکی وردە بۆرژۆوازی و سەر لێشێواوە و تەنیا ڕیسالەتێکی کە وەئەستۆی گرتووە، ئاژاوەگێڕی و تێکدانی ڕیزەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیی خەڵکی کوردستان بووە.

هۆی ئەوە کە کۆمەڵە پارەکە شەڕی سەرانسەریی سازکرد، نەک زووتر، ڕوونە: پێشتریش هێندێ تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا پێک دەهات، بەڵام لە بەر ژیری و وریایی حیزبی ئێمە پەرەی نەگرت و لە چوارچێوەی یەک یا دوو ناوچە مایەوە. تا دوو ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵە ڕێکخراوێکی کوردستانی بوو و ئەندامانی کە زیاتر بۆ دابینکردنی دێموکراسی و وەرگرتنی مافی گەلی کورد ڕوویان لە کۆمەڵە کردبوو، ئامادە نەبوون دژی حیزبی دیموکرات چەک هەڵگرن، چونکە دەیانزانی حیزبی خۆشەویستی گەلی کوردە و زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکا. بەڵام دوو ساڵ لەمەبوەر کۆمەڵە بوو بە بەشێک لە حیزبی بەناو کۆمۆنیستی ئێران کە دەسەڵاتەکەی بە دەست سەهەندییەکانەوەیە، واتە کەسانێک کە لە هەلومەرجی کوردستان شارەزا نین و ئەوەی لە چەند کتێبدا خوێندوویانەتەوە دەیانەوێ لەکوردستان دایبەزێنن. بەکورتی، کوردستانیان کردووە بە ئازمایشگای تیئورییەکی خەیاڵی. بۆ خۆیان دەڵێن کۆمۆنیست، بەڵام کۆمۆنیزمی ئەوان تایبەتییە و لە هیچ جێگای دیکەی جیهان نموونەی دەست ناکەوێ. ڕاستی ئەوەیە، ناکرێ کۆمۆنیستیان پێ بگوترێ و هیچ کۆمۆنیستێکی ڕاستەقینە و ڕێکخراوەیەکی کۆمۆنیستیش بە حیزبی کۆمۆنیستیان دانانێ. بەڕاستیش حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە دیاردەیەکی سەیرە، خۆی بە حیزبی چینی کرێکاری ئێران دەزانێ، بەڵام لە شاخەکانی کوردستان، دوور لە ناوەندە سەنعەتییەکانی ئێران، کە چینی کرێکارانی لێیە، پێک هاتووە و لە نێو کرێکارانی ئێرانیشدا چووکترین نفووزی نییە.

ساڵێک پاش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست سەهەندییەکان بە لێکدانەوەی خۆیان زەمینەیان بۆ سازکردنی شەڕ دژی حیزبی دێموکرات بە لەبار زانی. پێیان وابوو وەختی ئەوە هاتووە کە بە خەیاڵی خۆیان بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە دەست حیزبی دێموکرات دەربێنن. پێیان وابوو بەوە کە ناوچە ڕزگارکراوەکان لەبەر هێرشی ڕێژیم تەسکتر بوون، ئیمکانی دەربڕینی پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات کەمتر بووە. بۆیە چەکدارە ساویلکە و هەڵخەڵەتاوەکانی کۆمەڵەیان هان دا لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب شەڕ

بکەن، ئەویش بە ناوی شەڕی چینایەتی، شەڕی پڕۆلیتاریا دژی بۆرژۆوازی.
بەڕێوەبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە کە شەڕەکەیان سازکرد، پێیان وابوو لە باری نیزامییەوە لە حیزبی دێموکرات بەهێزترن و بە خەیاڵی خۆیان دەتوانن بە چەند زەربەی نیزامی حیزبی دێموکرات پەرش و بڵاو بکەن. ئەوەش دیسان هەر لە لێکدانەوەی چەوتی هەلومەرجی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر ڕێژیمی خومەینی بەو هەموو ئیمکانی ماددی و ئینسانییەوە نەیتوانیوە حیزبی دێموکرات تێک بشکێنێ، چۆن ڕێکخراوێکی چووکی لادەر و تازە پێهەڵگرتوو بە چەند سەد چەکداری سەرلێشێواوەوە دەرەقەتی حیزبی دێموکرات دێ؟ حیزبێک کە چل ساڵە تاقیکردنەوەی هەیە و کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان بە دڵ و گیان پشتیوانیی لێ دەکەن. بەڵام لە دوا لێکدانەوەدا وێدەچێ لە بەر ئەو هۆیانە کە ئیشارەیان پێکرا، سەهەندییەکان ڕیساڵەتی ئەوەیان پێ ئەسپێردرابێ کە بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیی خەڵکی کوردستان لەنێو بەرن، یا هەر نەبێ کزی بکەن. کێ ئەو ڕیسالەتەی پێ ئەسپاردوون، جارێ بە تەواوی ڕوون نییە. بێگومان لە دواڕۆژدا دەردەکەوێ! جێگای سەرسورمان و داخە کە هێندێ ڕووناکبیری کورد، کە لەبەر کوردستانی بوونی کۆمەڵە چوونەتە نێو ئەم ڕێکخراوە، قبووڵ دەکەن ببن بە ئالەتی دەستی چەند کەسی نیازناپاک و بێ لێکدانەوە و فیکرکردنەوە پیلانەکانی ئەوان دژی شۆڕشی کوردستان جێبەجێ دەکەن و تەنانەت هێندێ گەنجی نائاگاهی کەم تاقیکردنەوەش بۆ ئەم شەڕە هان دەدەن!
ئاکامی ئەم شەڕە بە شێوەی خوارەویە: بەشی شیمالی و ناوەندی کوردستان لە چەکدارەکانی کۆمەڵە پاکسازی کراوە و تازە نابێ ڕێگاش بدرێ بۆ ئەم دوو مەڵبەندە بگەڕێنەوە. لە ناوچەی هەورامان و داڵاهۆش دەرکراون و تەنیا لە ناوچەی نێوان مەریوان و سەقز و بۆکاندا هاتوچۆ دەکەن. ژمارەیەکی زۆر لە کادر و ئەندامانی کۆمەڵە یان خۆیان تەحویلی ڕێژیم داوتەوە یا دانیشتوون. کۆمەڵە لە باری نیزامی و سیاسییەوە تووشی بوحران بووە کە بێگومان ئەگەر هەر لە سەر سیاسەتی پێشوو بڕوا، هەڵدەوشێتەوە و لەت لەت دەبێ. چونکە لەباری سیاسییەوە تەریک ماوەتەوە و کۆمەڵانی خەڵک بەتەواوی لێی بێزار بوون و لە باری نیزامییشەوە نیوەی زیاتری چەکدارەکانی خۆی لە دەست داوە و پاشماوەکەشی ورەی یەکجار هاتۆتە خوارێ.
بەمجۆرە هەرچەند سەرکەوتنی بەدەست هاتوو لەشەڕ لەگەڵ کۆمەڵەدا وڵامدەری هێز و توانای حیزبی دێموکرات و پشتیوانیی خەڵک لە حیزب نییە، بەڵام بەگشتی لەم شەڕەدا کۆمەڵە هەم لە باری سیاسی و هەم لە باری نیزامییەوە تووشی شکست بووە، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ ئیدی گەنجەکان ئامادە نین ببن بە چەکداری کۆمەڵە و کەم کەس هەیە جێگای کوژراوەکان و ڕۆیشتووەکان بگرێتەوە.
لە ماوەی شەڕ لەگەڵ کۆمەڵەدا ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە تووشی چەند هەڵە بوون و هەروەها چەند ڕەخنەشیان لە سەرە کە پێویستە باسیان بکرێ.
ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە و ڕێکخراوەکانی شارستانەکان لە باری سیاسییەوە، ئەندامان و پێشمەرگەکانیان بۆ شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە ئامادە نەکردبوو. لەحاڵێکدا کۆمەڵە حیزبی ئێمەی بە دوژمن دادەنا و بەتایبەتی لە دوو ساڵی دواییدا لە هەموو بارێکەوە خۆی بۆ شەڕ دژی حیزبی دێموکرات ئامادە دەکرد، حیزب لە تێکۆشانی سیاسی و تەبلیغاتیی خۆیدا کۆمەڵەی بە دوژمن

دانەدەنا و تەنانەت زۆرجاریش هاوکاریی لەگەڵ دەکرد و گیانی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی لە ڕیزەکانی خۆیدا بڵاو دەکردەوە. بۆیە کاتێک شەڕی سەرانسەری ساز بوو، کۆمەڵە لە باری سیاسی و تەنانەت نیزامییشەوە خۆی بۆ ئەم شەڕە ئامادە کردبوو، بەڵام حیزب ئامادەیی نەبوو. یەکێک لە هۆیەکانی ئەوە کە لە سەرەتادا ڕێکخراوەکانی ئێمە زەربەیان وێ کەوت، هەر ئەوە بوو.

هێندی لە بەرپرسانی حیزبی ئێمە کۆمەڵەیان زۆر بە کەم دادەنا و پێیان وابوو کە بێ ئامادەیی و بێ دارشتنی بەرنامەی ورد، ئیمکانی ئەوە هەیە زەبری زۆر توند لە کۆمەڵە بدرێ. بە داخەوە ئەمەش هێندێ جار ئاکامی بۆ ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە گران تەواو بوو. ڕاستی ئەوەیە کە کۆمەڵە نە ئەوە بوو کە خۆی باسی دەکرد و نە ئەوەش بوو کە بە کەم یا بە هیچی بگرین. بەخۆشییەوە پاش چەند تاقیکردنەوەی تاڵ، ئێستا بەڕێوەبەریی ئێمە لە باری چەندی و چۆنییەوە لە هێزی کۆمەڵە بە وردی ئاگادارە.

بەڕێوەبەریی حیزبی ئێمە لە سەرەتادا لە لێکدانەوەی سیاسەتی کۆمەڵەدا خۆشبینیی زیاتر لە ڕادەی نیشان دا و بڕوای بە قسە خۆشەکان و درۆکانی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە کرد کە هەر لەو حاڵەشدا پیلانی شەشی ڕێبەندانیان ئامادە دەکرد. ئێستا بە تەواوی دەرکەوتووە کە بەپێچەوانەی ئیددیعاکان بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە بڕوایان بە هیچ ئوسووڵێکی شۆڕشگێڕانە نییە و ئەخلاقی سیاسیش بۆیان بێگانەیە و لە هەلپەرستی و پەیمانشکێنیدا دەستێکی باڵایان هەیە.

بەڕێوەبەریی حیزب نابێ هەرگیز وا فیکر بکاتەوە کە هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەش وەک حیزبی دێموکرات خاوەن ئوسووڵە و ئەخلاقی سیاسیی هەیە و پەیمانشکێنی ناکا. هەر ڕێکخراوێکی دیکە کە هاوکاریشی لەگەڵ دەکرێ دەبێ بە شێوەیەک بناسرێ کە لەڕاستیدا هەیە، نە بەشێوەیک کە پێمان خۆشە هەبێ یا خۆمان هەین.

هەڵوێستی ئێستامان بەرامبەر بە کۆمەڵە هەر ئەوەیە کە بەڕێوەبەریی حیزب لە پاش ٦ی ڕێبەندانەوە دستنیشانی کردووە. ئێمە نامانەوێ نە لە باری نیزامییەوە و نە لە باری سیاسییەوە کۆمەڵە لەنێو بەرین، ئێمە دەمانەوێ  کۆمەڵە ئەوەی کە بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و زۆر لە هێزە سیاسییەکان ڕوونە، قبووڵ بکا. شەرتەکانی ئێمەش بۆ ئاگربەس و وتوویژ هەر لە سەر ئەو ئەسڵە داندراون.

کۆمەڵە تەنیا ئاگربەستی دەوێ بۆ ئەوەی هەناسە تازە بکاتەوە و هێزە پەرش و بڵاوەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە و لە دەرەتانێکی دیکەدا دیسان لە پشتەوە خەنجەر لە حیزبی دێموکرات بدا. چونکە خۆ بۆچوونی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە نەگۆڕاوە و ئەوان حیزبی دێموکرات هەر بە دوژمن و هێزێکی دژەشۆڕش دادەنێن. بەڵام ئێمە تەنیا ئاگربەسمان ناوێ. ئێمە لەگەڵ ئاگربەس وتوویژیشمان دەوێ. مەبەستیشمان لە وتوویژ خۆش کردنی ڕێگا بۆ هاوکارییە. بۆیە داوامان ئەویە کە بەڕێوەبەریی کۆمەڵە دان بەوەدا بنێ کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی شۆڕشگێڕە. مەسەلەش زۆر سادەیە کۆمەڵە ئیعتراف بەوە دەکا کە لە کوردستاندا شۆڕش هەیە و بۆخۆشی وەک هەموو خەڵکی کوردستان دەزانێ کە حیزبی دێموکرات وەک هێزی ئەسڵی لەم شۆڕشەدا بەشدارە. نەتیجەی مەنتیقی ئەو دوو ئیعترافە ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هێزێکی شۆڕشگێڕە.

ئەگەر حیزبی ئێمە ئیسراری هەیە کۆمەڵە ئیعتراف بە شۆڕشگێڕبوونی بکا بەو مانایە نییە

کە پێداویستیی بەوە هەیە کە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە شاهیدینامەی شۆڕشگێڕبوونی بدەنێ. حیزبی دێموکرات کە خاوەنی چل ساڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەیە، لە گەلی کورد و مێژوو شاهیدنامەی شۆڕشگێڕبوونی خۆی وەرگرتووە. بۆیە ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە لە لایەن کۆمەڵەوە کە حیزبی دێموکرات شۆڕشگێڕە، تەنیا ئیعتراف بە واقعییەتێکی عەینییە. بەڵام قازانجیشی ئەوەیە کە دەبێتە کۆسپێک لە سەر ڕێگای تێکهەڵچوونەکانی داهاتوو لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا، دوژمنایەتی لا دەبا و دەرگای هاوکاریی دواڕۆژ دەکاتەوە.

کۆمەڵە پاش پیلانی ٦ی ڕێبەندان بەڕواڵەت ئاشتیخواز بووە. هەرچی دەڕوا باشتر تێدەگا کە بەرامبەر بە دژایەتیی کۆمەڵانی خەڵک و زەبری پێشمەرگەکانی حیزب بەرگە ناگرێ، بۆیە لەم دواییانەدا، ڕۆژ بە ڕۆژ، هاوار و پاڕانەوەی بۆ ئاشتی زیاتر بەرز دەبێتەوە...

لەوە کە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب بڕیار درا و لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییشدا دووپات کرایەوە کە ئەگەر ئەمجارە کۆمەڵە ئاژاوەگێڕی بکا و شەڕ ساز بکا، شەڕەکە دەبێتە سەرانسەری، دەبوو بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە تێگەیشتبان کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی مەسئوولە، قسەی خۆڕایی ناکا و ئەگەر قسەیەکی کرد، تا سەر بەڕێوەی دەبا. بۆیە دەبوا لە سازکردنی پیلانی ٦ی ڕێبەندان خۆ بپارێزن. ڕەنگە ئەمڕۆ بەرپرسانی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە حاڵی بوون کە بەرەنگاربوون لەگەڵ حیزبی دیموکرات مانای چییە. بەڵام ئێستا کە شەڕی سەرانسەرییان بە سەر حیزبی دێموکراتدا سەپاندووە دەبێ تێ بگەن کە بە کەیفی ئەوان ڕۆژێک ئاگربەس بشکێنن و شەڕ ساز بکەن و بۆ بەیانیش کە کەوتنە تەنگانە، داوای ئاگربەس بکەن، بۆ ئەوە بتوانین خۆیان بۆ سازکردنی پیلانێکی دیکە ئامادە بکەن.

شەرتەکانی حیزبی دێموکرات هەر ئەوەن کە ڕاگەیەندراون. نە هەراوهوریای هێندێ وردە ڕێکخراوە و نە پاڕانەوەی کۆمەڵە بۆ ئاشتی، ناتوانن هەڵوێستی دروست و ئوسوولیی حیزبی دێموکرات بگۆڕن. ئێمە پێمان خۆش نەبوو شەڕێکی ئەوتۆ ساز بێ و هەروەها کە گەلی کوردیش پێی خۆش نەبوو و ئێستاش باش دەزانێ کە حیزبی دێموکرات نەیدەویست دژی کۆمەڵە شەڕ بکا و کۆمەڵە ئەو شەڕەی بە سەر حیزبدا سەپاندووە. بۆیەش زۆربەی زۆری کۆمەڵانی گەلی کورد ئێستا پشتیوانی لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە کۆمەڵە دەکەن. قسەی دوایی ئێمە ئەوەیە کە تا درەنگ نەبووە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە واقعییەتی کوردستان قبووڵ بکەن. بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ ئاشتی و هاوکاری لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا خۆش بکرێ، دەنا ڕۆژێک دێ بۆ قبووڵ کردنی شەرتەکانی حیزبی دێموکراتیش دەرنگ دەبێ.

### هاوڕێیان!

ماوەیەک لەمەوبەر، ژمارەیەک لە ئەندامانی دەستەی حەوت کەسی ڕایانگەیاند کە پێیان خۆشە بگەڕێنەوە نێو حیزب. کۆمیتەی ناوەندی لەو بڕوایەدایە کە ئەوان دەتوانین بگەڕێنەوە و حیزب وەریان دەگرێتەوە. بەڵام، لە پێشدا پێویستە هەڵوێستی خۆیان هەم بەرامبەر بە چالاکیی ڕابردووی خۆیان و هەم بەرامبەر بە سیاسەتی ئەوکاتەی دەستەی حەوت کەسی، کە دوژمنایەتیی لەگەڵ بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان بوو، ڕوون بکەنەوە و هەم سیاسەتی ئێستای حیزبی دێموکرات و بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی، بەو شێوەیە کە کۆنگرەی شەشەم پەسندی کردوە، قبووڵ بکەن. ئەمجار حیزب ماوەیەکیان بۆ

دیاری دەکا. ئەگەر لەم ماوەیەدا نیازپاکی و دڵسۆزیی خۆیان بەکردەوە نیشان دا، ئەو کاتە فەرد، فەرد به ئەندامی حیزبیان وەر دەگرێتەوە. ئەم بۆچوونە لە دوو بارەوە دروستە: لە لایەکەوە، هەستی تۆڵەئەستاندنی تێدا نییە و حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مەسئوولی سینگ فراوان، ڕێگا لە هیچ هاونیشتمانییەکی دڵسۆز ناگرێ کە خزمەت بە حیزب و خەڵک بکا. لەلایەکی دیکەشەوە ناکرێ حیزب وەریان بگرێتەوە، بێ ئەوەی بزانێ هەڵوێستیان بەرامبەر بە کردەوەی ڕابردووی خۆیان و سیاسەتی ئێستای حیزب چییە. یا دەسبەجێ بیان گەڕێنێتەوە نێو ڕیزەکانی خۆی، بێ ئەوەی ماوەیەکی ئەزموون و تاقیکردنەوەیان بۆ دابنێ.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران هەم وەک هێزێکی بەنفووزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و هەم وەک بەڕێوەبەری بزووتنەوەی میللی- دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستای وڵاتدا، بەرپرسایەتییەکی مێژوویی لەسەر شانە. کۆنگرەی حەوتەم وەک بەرزترین ئۆرگانی حیزب بێگومان ئەرکەکانی سەرەکیی خەباتی دواڕۆژی حیزب و هەموو خەڵکی کوردستان بە وردی دیاری دەکا. بەڵام هێندێ ئەرکی سەرەکی لە ئێستاوە بەرچاون:

دەبێ تێ بکۆشین شێوەی شەڕی پارتیزانی بەتەواوی لە هەموو هێز و ڕێکخراوەکانی حیزبیدا جێگیر بێ و چۆنیەتیی شەڕکردنی هێزی پێشمەرگە بچێتە سەرێ.

دەبێ کاری تەشکیلاتی ڕێکوپێکتر و چالاکیی ڕێکخراوەکانی حیزبی لە باری چۆنییەوە پتەوتر بکەین.

دەبێ هەوڵ بدەین جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی میللی- دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان و خەباتی حیزب و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب لە ڕادەی نێو نەتەوەییدا باشتر بناسرێ.

دەبێ خەبات بکەین بۆ دانانی بناخەی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە کۆماریخوازەکانی پێشکەتوو و دێموکرات بۆ ئامادەکردنی هەلومەرجی ڕووخاندنی ڕێژیمی خۆمەینی.

سەرکەوێ کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاو لە کادر و ئەندامانی حیزب، ڕۆڵەکانی تێکۆشەری گەل!

سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب، خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەرانسەری ئێران!

سەرکەوێ خەباتی یەکپارچەی گەلانی ئێران بۆ هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتی!

سەرکەوی خەباتی خەڵکی کوردستان لەپێناو خودموختاری!

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی!

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی گەلانی جیهان دژی زۆرداری و ئیمپریالیزم!

بژی حیزبی دێموکرات، ڕێکخەر و ڕێبەری خەباتی خەڵکی کورستان!

# بڕیارنامەی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە کوردستاندا کاروباری خۆی دەست پێ کرد، لە کۆبوونەوەی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٩/ ٩/ ١٣٦٤ دواڕۆژی کاری کۆنگرەدا ئەم بڕیارنامەی خوارەوەی بە تێکڕای دەنگ پەسند کرد.

١- کۆنگرەی حەوتەم ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و ڕەخنەگرانە و کارساز پەسند دەکا.

٢- لە بەر ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کام لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» وەدی نایە، کۆنگرە دروشمی «بڕووخێ کۆماری ئیسلامیی ئێران» پەسند دەکاتەوە.

٣- کۆنگرە هاتنەدەریی حیزب لە شورای نیشتمانی بەرگری بە کارێکی دروست و بەجێ دەزانێ و هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندیی بەرامبەر بە «سازمان مجاهیدین خەلقی ئێران» پەسند دەکا و لە پاراستنی سەربەخۆیی و سەربەخۆ بڕیاردان لە هەموو هەلومەرجێک و لە بەرامبەر هەموو حیزب و ڕێکخراوێکدا بەتوندی پێ دادەگرێ.

٤- کۆنگرە سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ڕێبەرانی سەر لێشێوای کۆمەڵە بە هۆی سەرەکیی شەڕ لە نێوان کۆمەڵە و حیزب دەزانێ و هەڵوێستەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب بەرامبەر بە کۆمەڵە بە تەواوی پەسند دەکا و داوای لە ڕێبەرانی هەڵبژێراوی کۆنگرە حەوتمیش ئەوەیە لەسەر چەسپاندنی ئەو ئەسڵانە کە بۆ پێکهاتنی ئاشتییەکی بەردەوام لە نێو حیزب و کۆمەڵەدا دیاری کراون، پێ دابگرێ و تا قبووڵ کردنی واقعییەتی کوردستان لە لایەن کۆمەڵەوە بەرامبەر بە ئاژاوەگێڕییەکانی کۆمەڵە بەتوندی ڕابوەستێ.

٥- کۆنگرە هەڵوێستی مەسئوولانەی کۆمیتەی ناوەندی بەرامبەر بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی بەتەواوی بە دروست دەزانێ و هەر لەو کاتەدا بە ئەرکی ڕێبەرایەتیی تازەی حیزب دادەنێ کە بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکان درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا.

٦- کۆنگرەی حەوتەم پێکهێنانی بەرەی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستی لە نێو ڕێکخراوە پێشکەوتووکانی ئێراندا بە پێویستییەکی مێژوویی دەزانێ و داوا لە ڕێبەرایەتیی حیزب دەکا کە لەو ڕێگایەدا هەوڵ بدا و دەستپێشخەر بێ.

٧- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ژنان نیوەی کۆمەڵن، کۆنگرە داوا لە ڕێبەرایەتیی حیزب دەکا بەرنامەی باش و گونجاو بۆ چالاکترکردنی نەخشی ژنان لە بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستاندا دابنێ.

٨- کۆنگرە ڕاکێشانی هەرچی بەربڵاوتری لاوان بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب و هێزی پێشمەرگە بە ئەرکی هەموو کادر و ئەندامانی حیزب دادەنێ و بە ڕێبەرایەتیی دەسپێرێ کە ڕێوشوێن و بەرنامەی پێویست بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە دیاری بکا.
٩- کۆنگرە بە ئەرکی سەرشانی ڕێبەرایەتیی حیزب دادەنێ کە بۆ پەرەپێدانی کاری تەبلیغاتی زیاتر تێ بکۆشێ و لەو ڕێگایەدا بۆ بەهێزکردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئێران و بەربڵاوترکردنی چاپەمەنی و دانانی شێوەیەکی ڕێکوپێکی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی هەوڵ بدا.

١٠- کۆنگرە داوا لە ڕێبەرایەتی دەکا بۆ بەرگری لە پیلانی کۆچی زۆرەملی و کاول کردنی گوندەکانی کوردستان و لەقاودانی ئەو جینایەتەی ڕێژیمی خومەینی و بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی بیروڕای گشتی و جیهانی بەرەو مەحکووم کردنی ئەو نەخشە دژی ئینسانییە هەنگاو هەڵێنێتەوە.

١١- کۆنگرە سیاسەتی دەرەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب بەتەواوی پەسند دەکا و لەسەر هەوڵدان بۆ پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی جیهان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی پێ دادەگرێ.

١٢- کۆنگرە هەوڵدان بۆ باشتر ناساندنی ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستان بە گەلانی دنیا بە ئەرکێکی گرینگی ڕێبەرایەتی دادەنێ و داوا دەکا کە بەشی پێوەندییەکانی دەرەوە بەهێزتر بکرێ.

***

# پەیامەکانی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**پەیام بۆ: ئەندامانی حیزب**

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی چل ساڵ خەبات) سڵاوی شۆڕشگێڕانەی خۆی بۆ هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بەڕێ دەکا و لە خەباتی سەخت و دوژوار و پڕ لە هەوراز و نشێویاندا سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ. لە ماوەی ئەو چل ساڵی ڕابردوودا، تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لە هەموو هەلومەرجێکدا ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لە خەبات دژی دیکتاتۆری و زۆرداریدا بە جێ گەیاندووە. هەربۆیەش تێکۆشەرانی دێموکرات جێگای خۆیان لە نێو دڵی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کردۆتەوە بوونە جێگای ڕێزی ئازادیخوازان لە سەرانسەری ئێراندا.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبەکەتان کە لە هەلومەرجی ناسکی ئێستای وڵاتەکاماندا بەستراوە، هەموو مەسەلە سیاسییەکانی ئەمڕۆی ئێران و کوردستان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و تەواوی ئەرکەکانی ئەندامانی حیزبی لە قۆناخی تازەی خەباتدا دەستنیشان کردوە. نوێنەرانی ئێوە لەو کۆنگرەدا چالاکتر لە هەموو کۆنگرەکاندا لە داڕشتنی ستراتیژی و تاکتیکی خەباتی ئەم قۆناخەدا بەشداربوون و هەرکام بە نۆرەی خۆیان لە پڕ نێوەڕۆک کردنی باسەکانی کۆنگرەدا نەخشی کاریگەریان هەبوو.

ئێستا کە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئێوە دەگەڕێنەوە نێو ئێوە و نێو جەرگەی خەبات و کارەکان؛ بڕیار و ڕێنوێنییەکانی کۆنگرە لەگەڵ خۆیان دێننەوە. جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە دەکەوێتە سەرشانی هەموو ئەندامانی حیزب و تەواوی لایەنگران و دۆستانی حیزبە خەباتگێڕەکەمان. بەشدارانی کۆنگرە دڵنیان کە هاوڕێیانی حیزبی لە قۆناخی داهاتووی خەباتیشدا هەروەک ڕابردوو و تەنانەت چالاکتریش لە خەبات بۆ وەدیهێنانی دروشمەکانی حیزب و ئامانجەکانی گەلی کورد و لە سەرووی هەموویانەوە « دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»دا فیداکاری دەنوێنین و شانازیی زیاتر بۆ خۆیان دەخوڵقێنن.

با هەموومان پێکەوە و دەست لە نێو دەست بۆ بەجێ گەیاندنی بڕیارەکانی کۆنگرە و هەموو ئەرکە حیزبییەکانمان دەست بەکار بین. با گیانی پاکی هاوڕێ شەهیدەکانمان و دڵی هاوڕێ زیندانییەکانمان کە لە پێناوی ئامانجەکانی گەلدا گیان و ئازادی خۆیان لەدەست داوە، شاد بکەین و بە خەباتی بێوچانمان ئاسۆی ڕزگاری و بەختیاری ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوونتر و نیزیکتر بکەینەوە.

***

**پەیام بۆ: پێشمەرگەکانی کوردستان**

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شۆڕشگێڕانەترین سڵاوی خۆی پێشکەشی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، ئەو ڕۆڵە گیان بەختکەرانەی ڕێگای دێموکراسی و خودموختاری دەکا، کە لە ماوەی ٧ ساڵی خەباتی خوێناوی، بەڵام قارەمانانە

و شۆڕشـگێڕانە گەلەکەمـاندا، لێبڕاوانـە لـە مانـی گەلەکەیـان دیفاعیـان کـردوە و لـەو ڕێگایـەدا حەماسـەیان خوڵقانـدوە و گیانبازییـان نوانـدوە.

ئەمـڕۆ نـاوی پێشـمەرگە بـۆ هەمـوو گەلانـی ئێـران و هەمـوو نەتـەوە ژێردەسـتەکانی جیهـان ناوێکـی ئاشـنا و پیـرۆزە، پێشـمەرگە جێـی ڕێـز و حوورمەتـی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان و تـەواوی ئازادیخوازان و ئەویندارانی ڕێگای دێموکراسـی و ئازادییـە. پێشـمەرگە ئـەو تێکۆشـەرە نیشـتمانپەروەرەیە کە ئامادەیـە لـە پێنـاو ڕزگاریی گـەل و نیشـتمان و وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا گەورەترین سـەرمایەی ژیانی، کـە گیانیەتـی، بـە سـەخاوەتەوە بەخـت بکا. لـە مـاوەی ٧ سـاڵی ڕابـردوودا، پێشـمەرگەکانی کوردسـتان نیشـانیان داوە سـەربازانی فیـداکاری شـۆڕشـن و لـە بەرامبـەر هەمـوو پیلانێکـی خائینانـە و جینایەتکارانـەی دوژمنـدا بەبڕشـتانە ڕاوەسـتاون و شـانازییان بـۆ گەلـی کـورد و هەمـوو گەلانـی ئێـران خوڵقانـدوە. بەربەرەکانیـی شۆڕشـگێڕانەی پێشـمەرگەکان بـۆ دیفـاع لـە شـەرەف و نامووسـی گەلـی کـورد و وەدیهێنانـی مافـی پێشـێلکراو و ئامانجـە لـە مێژینەکانـی گـەل، ڕەمـزی خۆشەویسـتی پێشـمەرگە لـە نێـو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان و هەمـوو گەلانـی ئێراندایـە.

**پێشمەرگە قارەمانەکان!**

لـە مـاوەی ٧ سـاڵ شـەڕی خوێنـاوی و نابەرامبـەر لـە دژی کۆنەپەرسـتترین حکوومەتـی جیهانـدا زۆر زەبـری گورچووبـڕ و دوژمـن تەزێنتـان لـە پەیکـەری کۆنەپەرسـتانی حاکـم وەشـاندوە، سـەدان حەماسـە و قارەمانەتیتان نوانـدوە و سـەرکەوتنی یەکجـار زۆرتـان وەچنـگ هێنـاوە. هـەر لـەو کاتەشدا زۆر هاوسـەنگەری بەنرخ و شـۆڕشـگێڕی ئێـوە لـە شـەڕی ڕەوامانـدا شـەهید بـوون. بـەڵام بەخۆشـییەوە ئـەو خوێنبەخشـین و قوربانیدانـەی ئێـوەی لـە درێژەپێدانـی ئـەم ڕێـگا پیـرۆزەی گرتووتانـە، دڵسـارد نەکردۆتـەوە و هـەروا شـێلگیرانە ڕێـگای شـەهیدانمان درێـژە پـێ داوە.

پێشـمەرگەی کوردسـتان دەبێ بە درێژەدانی خەبات، بە ئاکار و کردوەی شۆڕشـگێڕانە، بە ڕێز و حورمـەت گرتنـی گەلێـک، کـە سـەبارەت بـە ڕزگاریی ئـەو چەکـی هەڵگرتـوە، بـە وەبەرچاوگرتنی هەمـوو ئوسـوولێکی خەڵکپەسـند، بـە هەسـت بـە بەرپەرسـی بەرامبـەر بـە شـەهیدان و خەڵکـی کوردسـتان، هـەروا دڵـی خەڵکـی کوردسـتان بکاتـە لانـەی خـۆی. ڕەفتـاری شۆڕشـگێرانەی ئێـوە بەرامبـەر بـە خەڵکـی کوردسـتان دەسـتەبەری ڕاکێشـانی خۆشەویسـتی و پشـتیوانیی خەڵـک بـۆ لای پێشـمەرگەیە.

لـە تریبونـی کۆنگـرەی حەوتەمـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـەوە سـڵاو دەنێریـن بـۆ ئـەو پێشـمەرگانە کـە لـە سـەرما و گەرمـادا لـە بەرامبـەر لەشـکریانی خومەینیـدا ڕاوەسـتان و ماندوویـی نەناسـن. هیواداریـن سـەنگەری خەبـات دژی کۆنەپەرسـتی قـورس و گـران ڕابگـرن. بەفیـداکاری و لـە خۆبوردووییـەوە کوردسـتان وەک سـەنگەری پۆڵاییـن و قـەڵای خەباتـی دژی کۆنەپەرسـتی و ئیمپریالیـزم باشـتر لـە جـاران بپارێـزن.

***

## پەیام بۆ: زیندانییە سیاسییەکان

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سڵاوی گەرم و شۆڕشگێڕانەی پێشکەشی ئێوە زیندانییە سیاسییەکانی ئێران دەکا کە کۆڵنەدەرانە بەرامبەر بە جەللادانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستاون و ئازار و ئەشکەنجەی ڕوحی و لەشی شوێنی لەسەر ورەتان دانەناوە.

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێکدا دەگیرێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کوردستانی کردۆتە مەیدانی ڕمبازێنی خۆی و ئێعدامی ئازادیخوازانیش هەروا درێژەی هەیە. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر ئەم هوروژمەدا ڕاوەستان و لە مافی خۆیان دیفاع دەکەن.

زیندانییە سیاسییەکان، چ لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ئێستادا هەمیشە نموونەی فیداکاری و سەرمەشقی خۆڕاگری بوون. بەربەرەکانیی ئەوان لە زیندانەکانی ڕێژیمدا نووری هیوا و هومێدی لە دڵی ئازدیخوازاندا هەڵگیرساندوە. ئەوان چوونە پای دار، ئەشکەنجە کران و سینگیان بە گوللەی دوژمنانی ئازادی پێکراوە، بەڵام هەرگیز تەسلیم نەبوون و سەریان بۆ کۆنەپەرستان دانەنواندوە.

ئێوە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی گەلانی ئێران بە خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەتان ورەتان بە دوژمن بەرداوە و حەماسە و شانازیی ئەو شۆڕشگێڕانەی گەلتان وەبیر هێناوەتەوە کە تا دواهەناسە لە سەر ئامانج و ڕێبازی خۆیان سوور بوون. ئەگەر ئێوە لە زیندانەکانی ڕێژیمدا دژی کۆنەپەرستترین حکوومەتی مێژوودا خەبات دەکەن، خەڵکی کوردستانیش چەکدارانە خەباتی پیرۆزی خۆیان بۆ وەدەست هێنانی دێموکراسی و خودموختاری و پساندنی زنجیری کۆیلەتی درێژە پێ دەدن. خەبات و خۆڕاگریی قارەمانان نێو زیندانەکان و دەرەوەی زیندان، سەرئەنجام ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی گۆڕ دەکا و دەستی بەهێزی گەلانی ئێران دەرگای زیندانەکان دەشکێنێ و خەڵکی ئێران ڕۆڵە خۆڕاگر و تێکۆشەرەکانیان گوڵباران دەکەن.

سڵاوی دووبارە لە خۆڕاگری و بەربەرەکانیی شۆڕشگێڕانەتان

***

## پەیام بۆ: بنەماڵەی شەهیدان

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سڵاو و ڕێز و قەدرزانینی خۆی پێشکەشی بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان دەکا. هەروەها سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان و بەتایبەتی شەهیدانی قۆناخی تازەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەکا کە گیانیان لە ڕێگای ئامانجیاندا بەخشیوە و بوونە نموونەی گیانبازی و فیداکاری.

چل ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبە شۆڕشگێڕەکەمان پڕە لە هەوراز و نشێو و کەند و لەند و هەموو لاپەڕەکانی مێژووی ئەو چل ساڵە پڕ حەماسەیە بە خوێنی کۆمەڵێک لە باشترین ڕۆڵەکانی گەلی کورد نووسراون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانازیی بەو ڕابردووە پڕ لە کارەساتە و بەو خوێنە ڕەنگینانەوە دەکا کە لە پێناوی وەدیهێنانی

داخوازەکانی خەڵکی کوردستاندا چیا و چۆڵ و دەشت و دۆڵی وڵاتە خۆشەویستەکەمانیانی ڕەنگین کردوە.

حیزبی ئێمە لەمێژە خەبات لە پێناوی ئامانجی شەهیدان و درێژەپێدانی ڕێگای ئەوانی بە باشترین ڕێگای ڕێزدانان بۆ ئەو خۆشەویستانە داناوە. دروشمی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە شەهیدان هەر ئەوەیە کە یان سەرکەوتن لە وەدیهێنانی ئامانجی شەهیداندا، یان سەردانان لە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزانەدا.

بەشدارانی کۆنگرە بە فیداکاری و لە خۆبووردوویی کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدان دەنازن. ئەوانن کە خۆشەویستترین خۆشەویستانی خۆیانیان لە ڕێگای سەرکەوتنی شۆڕشی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستاندا کردۆتە قوربانی، ئەوانن کە زۆر جار پاش شەهیدبوونی یەکێک لە ئازیزەکانیان خۆشەویستێکی دیکەیان ناردۆتە کۆڕی خەبات و تێکۆشان تا سەنگەرەکەی چۆڵ نەبێ و تفەنگەکەی نەکەوێتە زەوی.

گەلێک خاوەنی ئەم ڕووحیە شۆڕشگێڕانەیە بێ، سەرکەوتنی لە خەباتدا مسۆگەرە و دوژمنی هەرچەندە زاڵم و زۆرداریش بێ، سەرئەنجام بەرامبەر بە لێبڕاوی و ئیرادەی پتەو و لەشکاننەهاتووی ئەو گەلە بەچۆک دادێ. حیزبی ئێمە ئاسۆی سەرکەوتن ڕوون دەبینێ. بەهیوای ئەو ڕۆژە کە جێژنی سەرکەوتن لە سەر گڵکۆی شەهیدە سەربەرزەکانمان بەرپا دەکەین و ڕێز و سوپاسی خۆمان، ئەو جۆرەی پێویستە، بەرامبەر بە بنەماڵە و کەسوکاریان دەردەبڕین.

کۆنگرەی چل ساڵ خەبات ڕێزگرتن لە بنەماڵەی شەهیدان و ڕاگەیشتن بە گیروگرفتەکانیان لە هەموو هەلومەرجێکدا بە ئەرکی سەرشانی هەموو تێکۆشەرانی حیزب و تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەزانێ و داوای لە هەمووان ئەوەیە کە هەرچی زیاتر ڕێز بۆ ئەو خۆشەویستە خۆشەویست لەدەستداوانە دابنێن و بەم جۆرە ئەمەگداری و هەقناسیی خۆیان بەرامبەر بە شەهیدە نەمرەکان نیشان بدەن.

***

**پەیام بۆ: خەڵکی کوردستان**

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێڕانە پێشکەشی ئێوە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان دەکا کە لە ماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو تواناتانەوە شان بە شانی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لە شۆڕشەکەماندا بەشدار بوون.

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبەکەمان بە لێکدانەوی بارودۆخی ئێستای جیهان و ئێران و کوردستان جارێکی دیکەش لە سەر درێژەدانی خەبات بۆ وەدیهێنانی داخوازە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان، کە لە دروشمی ستراتیژیی حیزبەکەمان «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان»دا خۆی دەنوێنێ پێی داگرت. دیارە هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو داخوازە ڕەوایانە بە تەنیا ئەرکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگەکان و ئەندامان حیزبی نییە، بەڵکوو ئەرکی یەکی یەکی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستانیشە. ئەوانیش دەبێ چالاکانە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، کە دوژمنی هەموو ماف و قازانج و ئامانجەکانی گەلانی ئێرانە، خەبات بکەن و لێبڕاوانە

پشتیوانیی خۆیان لە پێشمەرگە فیداکارەکانی کوردستان و حیزبە خۆشەویستەکەیان درێژە پێ بدەن.

مێژووی ٧ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێوی گەلەکەمان ئەو ڕاستییەی سەلماندوە کە خەڵکی کوردستان بە دڵەوە لەگەڵ جووڵانەوەکەیانن. هەرچەند لەم ڕێگایەدا تووشی دەربەدەری، ماڵوێرانی، ئازار و ئەشکەنجە و کوشتار بوون، بەڵام ورەیان بەرنەداوە و ڕەفتاری فاشیستیی دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر ئێراندا نەیتوانیوە ئەوان لە ئەو ڕێگا پیرۆزە دوور بخاتەوە.

## کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد، لە ماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ هەوراز و نشێوێکی زۆر بەرەوڕوو بووە، بەڵام هەموو جارێ بە پشتیوانیی ئێوە زەحمەتکێشانی کوردستان ئەو هەوراز و نشێوانەی بڕیوە و توانیویەتی قۆناخە سەختەکانی ڕێگای خەبات یەک بە دوای یەکدا بە سەرکەوتنەوە بەجێ بێڵێ. خۆڕاگری و بەربەرەکانیی پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا نیشانەی زیندووبوونی خەباتەکەمان و نیشانەی شێلگیر بوونی گەلەکەمان لە پێناوی وەدیهێنانی دێموکراسی و خودموختاری، نیشانەی شەکاوە ڕاگرینی ئاڵای ئازادی لە کوردستان سەنگەری ئازادیخوازانە.

لە تریبوونی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سڵاو دەنێرین بۆ ئێوە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان، پشتیوانانی ڕاستەقینەی جووڵانەوە کە سەختییەکانی خەباتتان قەبووڵ کردوە. قوربانیتان داوە بەڵام وەک کەژ و چیاکانی کوردستان لە بەرامبەر پەلاماری فاشیستانەی دوژمنانی ئازادیدا ڕاوەستان، و بە یەکیەتی و یەکپارچەیی، پیلانەکانی دوژمنتان پووچەڵ کردۆتەوە.

## خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئێمە بەشدارانی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڵێنتان لەگەڵ نوی دەکەینەوە کە ئەم ڕێگایە تا سەرکەوتن درێژە پێ بدەین. پشتیوانیی ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە داهاتووشدا دەبێتە هۆی دڵگەرمی و هیوا و هۆمێدی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەرکی سەرشانی ئێوە خەڵکی کوردستان لە قۆناخی ئێستادا ئەوەیە یەکیەتی و یەکپارچەیی خۆتان بپارێزن، ڕیزەکانتان پتەوتر بکەن و بە وشیارییەکی پترەوە بەرهەڵستی پیلانە ڕەنگاورەنگەکانی ڕێژیم بن.

ئەرکی هەموو ئێمەش لە قۆناخی داهاتووی خەباتدا ئەوەیە کە پێکەوە بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێران دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی تێ بکۆشین و لە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب و گەلی کورددا بە هەموو تواناوە هەوڵ بدەین.

بە ئاواتی سەرکەوتن.

***

**پەیام بۆ: گەلانی ئێران**

لە کاتێکدا ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی، دژایەتی لەگەڵ ژیانی ئینسانیی ئێوە دەکا و لە کاتێکدا دیکتاتۆری و خەفەقان باڵی بە سەر وڵاتەکەماندا کێشاوە و هەر دەنگێکی نارازی بەو پەڕی بێڕوحمیییەوە لە گەرووادا خەفە دەکرێ، ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان قورس و قایم لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەدا ڕاوەستان و بە خۆین دیفاع لە ئازادی و مافە دێموکراتییەکانی هەموو گەلانی ئێران دەکەن.

پێکهاتنی کۆنگرەی حەوتەمی حیزب لەم هەلومەرجە ناسک و دوژوارەدا نیشانەی زیندوویی خەباتی گەلی کورد و سووربوونی حیزب لەسەر تەمرینی بەردەوامی دێموکراسییە. ئێمە بەشدارانی کۆنگرە شانازیی بەوە دەکەین کە گەلی کورد ئەرکێکی مێژوویی ئاوا گرینگی لەسەر شانە و ڕۆڵێکی پیرۆزی بۆ خەبات لە ڕێگای ڕزگاریی سەرانسەری ئێراندا پێ سپێردراوە. هەر لەو کاتەشدا چاوەڕوانین دەستی هاوخەباتی بۆ درێژ بکەن و هێز و توانای هەموو ئازادیخوازانی ئێران کۆ ببێتەوە و ڕووبارێکی ئەوەندە بەتەوژمی ڕق و تووڕەیی هەستێ کە بتوانێ کۆشکی جینایەتەکاران لە بنەوە هەڵقەنێ.

**ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلانی ئێران!**

بۆ هەمووتان ڕوونە کە ڕزگاریی بەخۆڕایی دەست ناکەوێ و قوربانیدان و خۆ بەختکردنی دەوێ. ڕێژیمی خوێنمژ و دیکتاتۆر لە خۆڕا ناڕووخێ و پێویستە هەموو تواناکان یەک بخەین و بەتێکڕایی بۆ ڕزگاریی ئێران و بەختەوەریی هەمووان پێکەوە تێ بکۆشین. گەلی کورد ماوەی نیزیک بە حەوت ساڵە بە سەربەرزییەوە لە بەرامبەر هێرشی پان و بەرینی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستاوە و دیفاعی لە ئازادی دێموکراسیی سەرانسەری ئێران کردوە و بە باشترین شێوە ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ هێناوە. بەڵام بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی سەرەڕۆی جومهووریی ئیسلامی هەموو گەلانی ئێران وەک گەلی کورد بە چالاکی بێنە مەیدانی خەبات و بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ لە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستن. هەروەها پێویستە هاوکاری بۆ گەلی کورد درێژ بکرێ و یارمەتی ماددی و مەعنەویی پێ بکرێ و ڕێگا نەدرێ لەو بەربەرەکانییە قورسەدا بە تەنیا بمێنێتەوە. بەهیوای ئەو ڕۆژەی بە هاوکاری و برایەتیی هەموو گەلانی ئێران ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بڕووخێندرێ و ڕێژیمێکی دێموکراتی لە ئێراندا دامەزرێ و مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی هەموو گەلانی ئێران دابین بکرێن.

***

**پەیام بۆ حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی ئێران**

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا دەگیرێ کە خەباتێکی دژوار لە کوردستانی قارەماندا بەڕێوە دەچێ و ڕۆژ نییە دەیان ڕۆڵەی لەخۆبوردووی گەلی کورد لە پێناوی دێموکراسی و خودموختاریدا گیانی خۆیان بەخت نەکەن. ئێمە بەشدارانی

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبە خۆشەویستەکەمان ئاسۆی خەبات زۆر ڕوون دەبینین و ئەگەر هێز و توانای هەموو شۆڕشگێڕان یەک بگرێتەوە، گومان لەوەدا نییە کە زۆری پێ ناچێ کۆشکی زۆرداری دەڕووخێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەڵکێکی زۆری لە پرش و بڵاویی هێزە پێشکەوتووەکان وەرگرتوە و بۆ ئەوەی ڕێژیم چیدی نەتوانی درێژە بە تەمەنی پڕ لە شوورەیی خۆی بدا، پێویستە هەموومان لە بەرەیەکی یەکگرتودا کۆ بینەوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە دەست لە ناکۆکیی لاوەکی هەڵگرین و هێزی تەواوی شۆڕشگێڕانی ئێران بۆ بەرەبەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی یەک بخەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تریبونی بەرزترین ئۆرگانی خۆیەوە وێڕای سڵاوی شۆڕشگێڕانە دەستی هاوکاری و هاوخەباتی بۆ هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانە درێژ دەکا کە بە تەنگ ئازادی، دێموکراسی، مافی گەلانی بندەستی ئێران و مافی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی ئێرانەوەن و بە دڵەوە بیر لە هەلومەرجی دژواری وڵاتەکەمان دەکەنەوە.

هیواداریـن وەڵامی پێویست بە بانگەوازی دڵسۆزانەی بەشدارانی کۆنگرەی حیزبە شۆڕشگێڕەکەمان بدرێتەوە و جموجۆڵێکی بەرچاو لە پێناوی یەکیەتیدا دەست پێ بکا. گومان لەوەدا نییە کە تەنیا زامنی ڕووخانی ڕێژیم و هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی، یەکگرتنی هەموو هێزە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕەکانی ئێرانە.

بە هیوای سەرکەوتنی ئازادیخوازانی ئێران بە سەر ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیدا.

***

**پەیام بۆ: گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان**

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سڵاوی شۆڕشگێڕانە پێشکەشی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکا و سەرکەوتنیان لە خەبات بۆ دابینکردن ئازادی و بەختەوەریی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا بەئاوات دەخوازێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەمیشە پشتیوانی خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی بوون و بەپێی توانا یارمەتیی پتەوبوون و بەرەوپێشچوونی ئەو خەباتەیان داوە. حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە سەرکەوتن خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لە لایەک پێویستی بە هاوکارییەکی پتەو لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی هەرکام لەو وڵاتانە هەیە کە بەشێک لە نەتەوەی کوردیان تێدا دەژی و، لە لایەکیش پێویستییەکی حاشا لێنەکراوی بە هاودەریی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە.

حیزبەکەمان هەمیشە هەوڵی داوە کۆمەڵانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ هاودەردی لەگەڵ خەباتی خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان هان بدا و خەڵکی کوردستانی ئێرانیش هەمیشە مەسەلەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانیان بە مەسەلەی خۆیان زانیوە. گەلەکەمان لەو ڕێگایەدا بەکردوەش هەنگاوی هەڵێناوە و لە هەر دەرفتێکدا بۆی ڕەخسابێ، یارمەتیی بە خەباتگێڕانی هەموو پارچەکانی کوردستان گەیاندوە.

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیواداره بزووتنەوەی هەحقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکانیدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەگەڵ خەباتی سەرانسەری گەلانی ئێران و عێراق و تورکیە و سووریە لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی و سەربەخۆییدا لێک گرێ بدریێ. هەر لەو کاتەشدا ئاواتەخوازە بەشەکانی نەتەوەی کورد زیاتر لە جاران پێوەندیی هاوکاری و هاودەردی لە نێوان خۆیاندا پتەو بکەن و هەر کاتێک بە پێویست زانرا، یارمەتیی ماددی و مەعنەوی بە یەکتر بگەیەنن.

لە هەلومەرجی ئێستادا ، کە گەلی ئێمە لە کوردستانی ئێران لە خەباتێکی سەخت و بێوچان لە پێناوی ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دابین کردنی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ ئێران و وەدەستهێنانی خودموختاری بۆ کوردستاندایە، بە هەق چاوەڕوانە کە خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان پشتیوانیی لێ بکەن و هاودەردی لەگەڵ دەرببڕن. ئەو هاودەردی و پشتیوانییە تێکۆشەرانی کوردی ئێران لە خەباتی ڕەوای خۆیاندا دڵگەرمتر دەکا و هێز و توانا و ورەیەکی زیاتریان بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو خەباتە پێ دەدا.

بەهیوای هاودەردەی و هاوخەباتییەکی هەرچی زیاتر لە نێوان هەموو بەشەکانی گەلی کورددا.

***

**پەیام بۆ: حیزب و ڕێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی سەرانسەری جیهان**

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سڵاوی شۆڕشگێڕانەی خۆی پێشکەشی هەموو حیزب و ڕێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتووەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەکا و سەرکەوتنی ئەوان لە خەبات بۆ دابینکردنی و سەقامگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا بە ئاوات دەخوازێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی لە ڕیزی ڕێکخراوە دێموکرات و پێشڕەوەکانی جیهاندا دەبینێ، ماوەی چل ساڵە لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجی پیرۆزی ئازادی و دێموکراسی و خودموختاریدا تێ دەکۆشێ و لەو ڕێگایەدا تا ئێستا هەزاران کەس لە باشترین کادر و ئەندامەکانی بەخت کردوە. بەستنی کۆنگرەی حەوتەم لە هەلومەرجێکدا، کە گەلەکەمان لەگەڵ دوژمنێکی زۆردار و کۆنەپەرست دەستە و یەخەیە و هەر ڕۆژە ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی دەکا بە قوربانی، نیشانەی ئۆگریی تەواوی حیزبی ئێمە بە دێموکراسی لە نێو ڕیزەکانیدایە. هەر ئەوەشە کە هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژواری خەبات نەیتوانیوە ببێتە کۆسپی سەر ڕێگای پێکهێنانی ڕێکوپێکیی کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی حیزبی.

حیزبی دێموکرات شانازی بە پێوەندیی دۆستانە و هاوڕێیانەی خۆی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی جیهانەوە دەکا هیواداره ئەو دۆستایەتی و هاوخەباتییە لە داهاتووشدا ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە ساڵ زیاتر گەشە بکا و پەرە بستێنێ.

زۆر لە هێزە نیشتمانپەروەرەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەشێوەی جۆراوجۆر پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی ئێران لە ژێر ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەربڕیوە. بەڵام ئەو پشتیوانی و هاوپێوەندییە هێشتا نەیتوانیوە

وەڵامدەری بارستایی ڕاستەقینەی ئەو خەبات و بەربەرەکانییە بێ کە حیزبەکەمان ڕێبەرایەتیی دەکا. بۆیە ئاواتەخوازین لە لایەک حیزبەکەمان بتوانێ لە داهاتوودا باشتر و زیاتر مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان بە گەلانی جیهان بناسێنێ و لە لایەکی دیکەش ڕێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتووەکان و حیزبە کۆمۆنیست و سۆسیالیست و کرێکارییەکان پشتیوانیی ماددی و مەعنەویی خۆیان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە پەرە پێ بدەن.

بە هیوایی پتەوتربوونی هەرچی زیاتری پێوەندی خەباتگێڕانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووەکان لە سەرانسەری جیهاندا.

***

**پەیام بۆ: بیرورای گشتیی جیهانی و ڕێکخراوە بەشەردۆستەکان**

نیزیکەی حەوت ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕێکی نەخوازراوی بە سەر گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا سەپاندوە. تاوانی ئەم گەلە هەژارە تەنیا ئەوەندەیە داوای سەرەتاییترین مافی ئینسانیی خۆی دەکا. لەم ماوەیەدا خەڵکی کوردستان زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵییان لێ کەوتووە و جینایەتێکی لەڕادەبەدەر زۆریان درحەق کراوە. هەزاران کەسی بێ دیفاع بەکۆمەڵ قەڵاچۆ کراون، سەدان ڕۆڵەی گەلی کورد لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامیدا ئیعدام کراون، هەزاران خێزان هەموو ژیانی خۆیان لەدەست داوە، هەزاران لاوی کورد لە سیاچاڵەکانی ڕێژیمدا زیندانی و شکەنجە کراون و هەزاران خێزانی کورد ئاوارە بوون یا گوێزراونەتەوە بۆ ناوچە دوورەکان. سەرەڕای هەموو ئەمانە هێرشی بەربڵاوی نیزامی لە تەواوی ئەم ماوەیەدا درێژەی هەبووە و هەر ئێستا کوردستانی ئێران بەتەواوی میلیتاریزە کراوە و نیزیکەی سێ هەزار پێگەی نیزامیی ڕێژیمی تێدا دامەزراوە. هەمووی ئەمانەش نەیانتوانیوە گەلی کورد بەچۆک دابێنن و دەستی پێ لە خەبات هەڵگرن. جووڵانەوەی گەلی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو پەڕی توندوتیژییەوە درێژەی هەیە و تا وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی ئەو گەلەش هەر درێژەی دەبێ. بەستراني کۆنگرەی حەوتەمی حیزبەکەمان لەم هەلومەرجە ناسکەدا نیشانەی چالاکی و زیندوویی خەباتی گەلەکەمانە.

ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر جێگای داخە ئەوەیە کە لە ڕادەیەکی زۆر کەمدا نەبێ تا ئێستا پشتیوانییەکی ئەوتۆ لەم گەلە هەژارە نەکراوە. خەڵکی کوردستان پێویستییان بە یارمەتیی ماددی و مەعنەوی هەیە و ئەرکی سەرشانی هەموو ئینسان‌دۆستان ئەوەیە بە دڵسۆزییەوە بە هانانی ئەم گەلە هەژارەوە بێن. داودەرمان، خۆراددەمەنی، جلوبەرگ و هەموو پێداویستییەکانی ژیان بەو ئاوارە کوردانە بگەیەنن کە هیچ ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی تا ئێستا یارمەتیی کاریگەری پێ نەکردوون و بەکورتی دەکرێ بڵێین دنیا لە بیری خۆی بردوونەوە.

ئێمە بەشدارانی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران بەڵێن دەدەین باسکی پۆڵایینی گەلی کورد بین لە بەرامبەر سیاسەتی ژینۆسایدی کۆماری ئیسلامیدا و چاوەڕوانیشین بیرورای گشتیی جیهانی، و بەتایبەت ڕێکخراوە بەشەردۆستەکانی جیهان، بە یارمەتیی ماددی و

مەعنەوی لە پشت سەرمان ڕاوەستاون، تا گەلێکی چەندین میلیۆنی چی دیکە نەبێتە قوربانیی سیاسەتی هێندێک ئاخوندی جینایەتکار.

بە ئاواتین بانگەوازی بەحەقمان هەرچی زووتر لە دڵی ئینسان‌دۆستاندا جێ بگرێ و بەم زوانە شاهیدی سەرنجی ئینسانی و دڵسۆزانەی هەموان بین.

***

**پەیام بۆ: ئەو حیزب و ڕێکخراوە و شەخسییەتە ئێرانی کوردستانی و خاریجییانەی کە پەیامی پیرۆزباییان بۆ کۆنگرە ناردوە**

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەیان حیزب و ڕێکخراوە و شەخسییەتی کورد و ئێرانی و بێگانە پەیامی پیرۆزباییان بۆ کۆنگرەی بەڕێ کردوە. ئەوان لە پەیامی خۆیاندا پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی خەڵکی کوردستان ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕیوە و دابینبوونی دێموکراسی و خودموختاری بە مافی بێ ئەم‌لاوئەولای گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران زانیوە.

کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سڵاوی شۆڕشگێڕانە، سوپاس و ڕێزی خۆی پێشکێشی هەموو ئەو ڕێکخراو و شەخسییەتانە دەکا و پشتیوانیی ئەوان لە شۆڕشی هەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هاوپێوەندییان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورد بە نیشانەی ڕەوایی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و ڕێز و حورمەتی بیروڕای گشتیی ئێرانی و جیهانی بۆ خەباتگێڕانی ڕێگای دێموکراسیی ئێران و خودموختاری کوردستان دەزانێ.

بێگومان ئەو پشتیوانییە تەئسیری لەبار لەسەر وورەی شۆڕشگێڕانەی کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانی کوردستان دادەنێ و زیاتر لە جاران ئەوان بۆ درێژەپێدانی خەبات و تێکۆشان تا ڕووخانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و سەقامگیربوونی حکوومەتێکی دێموکرات لە ئێراندا هان دەدا.

بەو هیوایە کە خەباتی ڕەوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە ڕادەی جیهانیدا دەنگ بداتەوە و ڕیز و خۆشەویستی و پشتیوانی بیروڕای گشتی جیهانی و حیزب و ڕێکخراوە و کۆڕ و کۆمەڵ و شەخسییەتەکان لە ڕادەی جیهانیدا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

***

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# پەسندکراوی کۆنگرەی حەوتەم
### سەرماوەزی ١٣٦٤ (ژانوییەی ١٩٨٥)

## بەشی یەکەم
## بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### سەرەتا

١- لەمێژە گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا: سەرانسەری چەرخی نۆزدەهەم شاهیدی ڕابردووی خوێناویی نەتەوەکەمانە. لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەبووە. لە سەردەمی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرستی و فاشیزمدا، پێویستییەکی مێژوویی بۆ دامەزرانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ، هەست پێ دەکرا. هەر لە بەر ئەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارە کە پاش بیست ساڵ دیکتاتۆریی ڕەزاخان پێک هاتبوو، کەڵکی وەرگرت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

بەو جۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی پێویستییەکی مێژوویی و نیشانەی وریایی و ژیریی ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد بوو. لەو دەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە، ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ دەژمێردرێ و سەرەتای قۆناخێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بوو کە نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی خۆیدا توانیی حکومەتێکی نیشتمانی لە بەشێکی کوردستاندا بێنێتە سەر کار. ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و لەدوای پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە دیکتاتوریی نیزامی باڵی بە سەر هەموو کوردستانی ئێراندا کێشایەوە، بەڵام گەلی کورد لە خەبات سارد نەبۆوە و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی هەروا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ٤١ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە کە حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە دەرسی وەرگرتوە. ئەم بەرنامەیە لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی لە جیهاندا و بە وردبوونەوە لە قۆناخی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران و هەلومەرجی تایبەتی کوردستانی ئێران دانراوە.

٢- سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕزگاربوونی گەلانی زۆرلێکراو لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم، سەردەمی لاوازبوونی بەرەی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی لەسەرانسەری جیهان، سەردەمی پەیدا بوون و پەرەگرتنی سۆسیالیزم و سەردەمی پێشکەوتنی هێزە دێموکرات و ڕزگاریخوازکان لە هەموو وڵاتانە. لە ماوەی ٤١ ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی ئەوتۆ لە جیهاندا ڕووی داوە کە سیمای سیاسیی جیهانی گۆڕیوە. سیستمی ئیستعماری لەبەریەک هەڵوەشاوە و دەیان نەتەوەی گەورە و بچووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە.

لە زۆر وڵاتاندا ئەم ڕەوتە سیاسییە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ بووە. لەم وڵاتانەدا کۆمەڵی دواکەوتووی پێشوو لە نێو چووە و کۆمەڵێکی نوێ و پێشکەوتوو جێگای گرتۆتەوە. چینە زۆردار و کۆنەپەرستەکانی سەر بە ئیمپریالیزم دەسەڵاتی سیاسییان لەدەست دەرهاتووە و هێزە نیشتمانپەروەرەکان و نوێنەرانی چین و توێژە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە.

لە زۆربەی وڵاتاندا چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لەبەریەک هەڵوەشاون و ڕێگا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ خوش بووە. بە چەشنێکی گشتی، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەوپێش بەرن، ئازادیی کردەوەیان پتر بووە و دەرەتانیان بۆ پێک هاتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دروست بکەن.

وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە سایەی دەسکەوتەکانی زانست و تیکنیکەوە کە ئیمکانێکی بێ وێنەیان بۆ پێشکەوتنی ئابووری پێک هێناوە، توانیویانە هەڵدانی ئابووریی خۆیان خێراتر بکەن. بەڵام لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتووانیان بەرنەسەر، بە سەدان میلیۆن کەس لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکەن و تەنانەت لە هێندێ وڵات دا زۆر کەس لە برسان دەمرن، ئەمە یەکێک لە گەورەترین ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتییە.

وڵاتە ئیمپریالیستییەکان ئێستاش لە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی خۆیان بۆ پاراستنی پێوەندیی نابەرابەری نێونەتەوەیی کەڵک وەردەگرن. ئێستاش نەتەوە زۆرلێکراوەکانی پێشوو بەتایبەتی نەتەوە بچووکەکان تەئسیرێکی کەمیان لە دانانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەیە و تەنانەت زۆر جار دەبینرێ کە مافە ڕەواکانیان لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە پێشێل دەکرێن. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش پێوەندیی ئیستعماری پێشوو لە بناخەدا هەڵوەشاوە و بەرەیەکی بەرینی دژی ئیمپریالیستی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و دێموکرات، لەو وڵاتانەی تازە ڕزگار بوون و لە گەلانی ئەو وڵاتانە کە بۆ ڕزگاریی خۆیان خەبات دەکەن پێک هاتووە کە بە پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆتە عامیلێکی کاریگەر لەسەر دانانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا. وەزعێک پێک هاتووە کە نەتەوە بچووکەکانیش پشتئەستوور بەهێزی خۆیان و بەکەڵک وەرگرتن لە هاودەردیی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو بتوانن مافە ڕەواکانی خۆیان وەدەست بێنن و بیانپارێزن.

٣- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێکدانەوەکانی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی لە ستراتیژیی

دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکاندا، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لەباری جوغرافیاییەوە ئەم ناوچەیە کەوتۆتە سێ‌ڕێیانی سێ قارە ئاسیا و ئەفریقا و ئورووپا. لەباری ئابووی و سەرچاوە ژێرزەمینییەکانەوە سەدی شەستی تەواوی پاشەکەوتی نەوتی وڵاتانی غەیری سۆسیالیستی لەو ناوچەیەدا هەڵکەتووە.

بێجگە لەوانەش هاوسنووریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی، یەکەمین و گەورەترین وڵاتی سۆسیالیستی هەروەها دروستبوونی هێندێ دەوڵەتی دژی ئیمپریالیستی و بوونی چەند بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی وەک بزووتنەوەی فەلەستین و بزووتنەوەی گەلی کورد و... لەو مەڵبەندەدا بایەخ و گرینگیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە حیساب و لێکدانەوەی هێزەکانی نێونەتەوەییدا زیاد کردووە. تەواوی ئەم ڕاستییانە بۆتە هۆی ئەوە کە وڵاتانی ئیمپریالیستی هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەم ناوچەیە بەوردی بخەنە ژێر چاودێری و بەرامبەر بە هەر چەشنە ڕووداوێکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست و عەکسولعەمەل نیشان بدەن.

٤- ئێران لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. لە ڕاستیدا ئێران نەیدەتوانی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کە بەسەر جیهاندا هاتوە دوور ڕابگرێ. بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕەی لە ئێراندا ڕووی داوە، بە هیچ جۆر وەڵامدەری ئیمکاناتی ئابووری و سروشتی وڵاتی ئێمە نییە. ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو دەژمێردرێ، ئێستاش زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە هەژاری و ڕۆژڕەشیدا دەژین، زۆربەی خەڵکی ئێران بەتایبەتی لە لادێ هێشتا نەخوێندەوارن و لە یارمەتیی پزشکی و دەرمانی بێبەشن.

تەرکیبی کۆمەڵایەتیی لادێ تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە. دەربەگ و خاوەن ملکە گەورەکان وەک چینێک لەنێو چوون و جێگای خۆیان داوە بە بۆرژۆوازیی لادێ کە لە وردە مالکەکان و جووتیارە دەوڵەمەندەکان پێک هاتوە. مەبەستی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لە پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە بەرینتر کردنی بازاڕی سەرمایەداری لە سەرانسەری وڵات و پێکهێنانی بۆرژۆوازی لە دێ بوو، کە لە لایەک ببێتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و لە لایەکی دیکەش ڕێگای پەرەپێدانی سەرمایەداری خۆش بکا. لە سەنعەتیشدا ڕێژیمی شا بەشی تایبەتی بە ژیانی بەشی گشتی بەهێز دەکرد و بۆ هێنان و وەکارخستنی سەرمایەکانی بێگانە دەرەتانی لەباری پێک دێنا کە دیارە لێرەشدا مەبەست هەر پەرەپێدانی سەرمایەداری بوو. بەم جۆرە ئێران وەک وڵاتێکی دواکەوتوو بەگشتی ڕێگای هەڵدانی سەرمایەداریی گرتبووە پێش. ڕێگایەک کە تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتی دواکەوتوو چەوتبوونەوەکەی دەرخستووە و بەئاشکرا نیشانی داوە کە بە زیانی کۆمەڵانی خەڵکە. ڕێژیمی حەمەڕەزا شا لە سیاسەتی دەرەوەدا بە چەشنێکی گشتی پەیڕەویی لە وڵاتانی ئیمپریالیستی بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکرد. بێجگە لە ئەندامەتی پەیمانی سەنتۆ کە دەستەبەندییەکی نیزامیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دژی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، ئێران پەیمانێکی دوو قۆڵیی نیزامی و زۆرپەیمانی دیکەشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستبوو، و لەو ڕێگایەوە هەزاران ڕاوێژکاری ئەمریکایی بەسەر ئەرتەش و پۆلیس و ژاندارمریدا زاڵ کردبوو.

لە ڕێژیمی شادا دیکتاتۆری گەیشتبووە ئەوپەری و شوێنەوارێک لە ئازادی و دێموکراسی نەمابوو. حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتووەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە دێموکراتییە سیفییەکان هەموو قەدەغە کرابوون، ئازادیی بەیان و بڵاوکردنەوە خرابووە ژێر پێ. نوێنەرانی مەجلیسی شوورا و سەنا لەلایەن شاوە دیاری دەکران. دەسەڵاتی قانووندانان و دادخوازی و ئیجرایی هەموو بە دەست شاوە بوون. ئەرتەش و پۆلیس بەسەر گیان و ماڵی خەڵکدا زاڵ کرابوون و ئێران کرابوو بە زیندانێکی گەورە بۆ هەموو ئینسانێکی بەشەرەف و ئازادیخواز.

بەم جۆرە ناتەباییەکی گرێیی لەنێوان دەسەڵاتی سیاسیی ئێران و ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان شا و دەبار و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لەلایەک و گەلانی ئێران لەلایەکی دیکەوە پێک هاتبوو کە تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی، شۆڕشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بوو.

٥- کوردستانی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوویە لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوودا. ئەگەرچی کوردستان لە باری سروشتی و سامانی ژێرزەمینییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام بەوحاڵەش یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە. ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. وەزعی ئابووری و لەشساغی و فەرهەنگیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران زۆر کەم گۆڕاوە. پایەی ژیان زۆر نزمە و زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و بێبەشیدا دەژین. دێیەکانی کوردستان لە یارمەتیی پزشکی و دەرمانی بە تەواوی بێبەشن.

لە زەمانی شادا کوردستان ناوچەی هەرە میلیاریزەکراوی ئێران بوو. قانوون لە کوردستاندا هیچ مانایەکی نەبوو. مووچەخۆرانی ئەرتەش و ژاندارمری و ساواک هەموو دەسەڵاتێکیان بەدەستەوە بوو.

ستەمی نەیەوایەتی لە هەموو بارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کوردستانی ئێراندا دەهاتە بەرچاو. مووچەخۆرانی دەوڵەتی لە کوردستان هەموویان لە مەرکەزەوە دیاری دەکران و گەلی کورد هیچ تەئسیریکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا نەبوو. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سرووشتی هیچ پرۆژەیەکی گرینگی ئابووری و سەنعەتی لە کوردستاندا جێبەجێ نەدەکرا. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆی سیاسی و سینفی ئیمکانی تێکۆشانی ئازادی نەبوو. فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد دەرەتانی پێشکەوتنی پێ نەدەدرا. بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە زمانی کوردی قەدەغە بوو. منداڵانی کورد لە یەکەم ڕۆژی چوون بۆ قوتابخانەوە دەبوو بە زمانی فارسی بخوێنن و ناچاربوون لە قوتابخانەدا بە فارسی پێکەوە بدوێن. بەم جۆرە کوردستانی ئێران کرابوو بە بەندیخانەی گەلی کورد.

٦- شۆڕشی پڕ شکۆی گەلانی ئێران ئەنجامی سرووشتیی ئەو وەزعە نالەبارە و عەکسولعەملی بێ ئەملاوئەولای دیکتاتوری پاشایەتی و بەستراوەیی ئەو ڕێژیمە بە ئیمپریالیزم و بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە بوو. گەلانی ئێران بۆ دواییهێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتوریی پاشایەتی و بۆ خاشەبڕ کردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی

ئیمپریالیزم ڕاپەڕینێکی بەردرێژ و خوێناوییان بەرپا کرد و سەرئەنجام پاش ساڵێک خەباتی شێلگیر و قوربانیدان، بە بەختکردنی گیان و ماڵ و بە دانی دەیان هەزار شەهید لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا ، تۆماری تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی ڕێژیمی پاشایەتییان تێکەوە پێچا.

بێگومان شۆڕشی خەڵکی ئێران کە گەورەترین هێزی سەر بە ئیمپریالیزمی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە نێو برد، یەکێک لە گرینگترین ڕووداوە مێژووییەکانی وڵاتی ئێمەیە و هەر لەو کاتەشدا دەرسی زۆر بەنرخی بۆ خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدا بووە. شۆڕشی ئێران نیشانی دا کە هەر کات میللەتێک بە لە خۆبوردوویی و بە یەکگرتوویی بیهەوێ داو و زنجیری ژێردەستی بپسێنێ، هیچ هێزێک لە دنیادا ناتوانێ پێشی پێ بگری و سەرەنجام هەموو کەند و کۆسپەکانی ڕێگای سەرکەوتن تەخت دەکا.

ئەگەرچی پەنجا ساڵ دەورانی پڕ نەگبەتیی دیکتاتوریی ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی، هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێرانی لە دژی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی حەمە ڕەزاشا یەک خستبوو، بەڵام زۆر بەداخەوە ماوەی کورتی ڕاپەڕینی پڕشکۆی خەڵکی ئێران دەرەتانی ئەوەی بە هێزە دێموکراتی و شۆڕشگێڕەکانی ئێران نەدا کە بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ سیستمی حکوومەتی دوای ڕێژیمی پاشایەتی دابڕێژن و لەبەر ئەوەش کە هیچ کام لە هێزە نیشتمانییەکانی ئێران بە تەنیا لە توانایدا نەبوو کۆمەلانی بەرینی خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بەدەستەوە بگرێ، کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسک و کۆنەپەرست بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرهەمی خوێن و فرمێسکی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران داگرت و دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بەسەر وڵاتەکەماندا سەپاند.

لە ئەنجامی ئەو وەزعەدا شۆڕشی ئێران ناکام مایەوە و نەیتوانی هیچ کام لە ئاوات و چاوەڕوانییەکانی کۆمەلانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. گەلانی تینووی ئازادی لە ئێراندا بەو مەبەستە بە دەستی بەتاڵ بەگژ ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی شادا چوونەوە و بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانیان کردە قوربانی، کە جارێک بۆ هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم لە ئێراندا کۆتایی پێ بهێنرێ. ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا دابین بکرین، زەحمەتکێشانی ئێران کە بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی وڵاتن و گەورەترین تەئسیریان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبووە لە هەژاری و ڕۆژڕەشی ڕزگاریان بێ و گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە سێبەری ڕێژیمێکی دێموکراتیدا بە مافی ڕەوا و نەتەوایەتی خۆیان بگەن.

بەڵام کۆنەپەرستانی پاوانخواز کە دەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاریی خەڵکی ئێران داگرتووە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆمەلانی خەڵک ڕێگایان نەدا هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. خەباتی دژی ئیمپریالیستیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چوارچێوەی هێندێ دروشمی بێ نێوەڕۆک دەرنەچوو. ڕێژیمی خومەینی لەکاتێکدا خۆی بەدژی ئیمپریالیست دەزانێ ڕەسەنترین هێزە دژە ئیمپریالیستییەکانی وڵات سەرکوت دەکا. ئەو ڕێژیمە بە پێچەوانەی پروپاگەندەی دەزگا تەبلیغاتییەکانی بە دزییەوە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی یەدەکیی لێ دەکڕێ. لەگەڵ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان، ئازادییە دێموکراتییەکان زۆر خراپتر لە سەردەمی پاشایەتی

خراپە ژێر پێ. کۆمەڵانی دەستەنگ و زەحمەتکێشی وڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێک لەگەڵ هەژاری و نەداری و گرانی و بێکاری بەرەوڕوو بوون و حکوومەتی تازە هیچ چەشنە هەنگاوێکی بۆ چارەسەری هەزاران گیروگرفتی ژیانی ئەوان هەڵنەهێناوەیەوە. گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش نەک هەر بە مافی ڕەوای خۆیان نەگەیشتن، بەڵکوو وەڵامی هەموو داخوازەکانیان بە ئاگروئاسن درایەوە. بە کورتی ڕێژیمی ئێران بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی تەواوی کاروکردەوەکانی لەگەڵ قازانج و سیاسەتی وڵاتانی ئیمپریالیستی یەک دەگرێتەوە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەواندایە. ڕێژیمی خومەینی وەک میراتگرێکی بەئەمەگ بۆ ڕێژیمی حەمەڕەزا شا لە هەموو سیاسەتێکی دژی گەلیدا چەندین هەنگاوی لە ڕێژیمی پێشوو تێپەڕاند. ئەگەر ڕێژیمی شا ئێرانی بەرەو سەرمایەداری دەبرد و دیفاعی لە سەرمایەدارانی نێوخۆ و بێگانە دەکرد، دەسەڵاتی دژیگەلی خومەینی بە ناوی دین و مەزهەب دیفاع لە سەرمایەداری دەکا و خاوەن مڵکیەتی تایبەتی سەرمایەداران بە بەشێکی خودایی دەزانێ کە نابێ دەستی تێوەردرێ. ئەگەر حەمەڕەزا شا وەک دیکتاتورێک قانوون و مەجلیس و دامودەزگا دەوڵەتییەکانی بە شێوەیەکی غەیرە قانوونی خستبووە ژێر چۆکی خۆی، خومەینی باری شەرعی و قانوونیی بەو شێوە دیکتاتورییە داوە و ملکەچی بۆ زەبروزەنگی کۆنەپەرستانەی دیکتاتوریی بە ئەرکێکی ئایینی داناوە. ئەگەر لە ڕێژیمی پاشایەتیدا داوای مافی نەتەوایەتی بۆ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران وەک کورد و ئازەربایجانی و عەرب و بەلووچ و تورکمەن بە تاوان دەزانرا، لە ڕێژیمی خومەینیدا ئێرانی بوون و دیفاع لە شانازییە مێژووییەکانی ئێرانیش بە گوناهێکی گەورە و بە پێچەوانەی فەرمانی خودا لە قەڵەم دەدرێ.

دیکتاتوریی ئاخوندی نەک هەر هیچ بیروباوەڕێکی موخالیفی خۆی ناتوانێ تەحەموڵ بکا، بەڵکوو لەگەڵ هەر بیرێکی جیا لە بیری کۆنەپەرستانەی خۆی با موخالیفیش نەبێ، بەتوندی دوژمنایەتی دەکا. لە ماوەی کەمتر لە حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی ڕێژیمی بەناو ئیسلامیدا، خومەینی زۆر زیاتر لە پەنجا و چوار ساڵ دەورانی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئازادیخوازانی ئێران و ئەندامانی هێزە دێموکراتییەکانی ئێعدام کردوە. خۆ ئەگەر بمانەوێ باسی کوردستان بکەین، دیمەنی دزێوی دیکتاتوریی نوێ زۆر باشتر و بێپەردەتریش دەردەکەوێ. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد وەک بەشێک لە گەلانی ئێران چالاکانە لە شۆڕشی سەرتاسەریی وڵاتی ئێمەدا بەشدار بوو، هەرچەندی گەلی کورد لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیەوە هەموو توانای خۆی بە کار هێنا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە بە لانی کەمی مافە ڕەواکانی بگا؛ حکوومەتی کۆنەپەرستی خومەینی نەک هەر ملی بۆ داخوازە بەرهەقەکانی خەڵکی کوردستان ڕانەکێشا؛ بەڵکوو بە پێچەوانە لەشکری کێشایە سەر و دەستووری قەتڵی عامی دا. تەنانەت کار بەوەشەوە نەوەستا و خومەینی بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام فتوای جیهادی لە دژی گەلی موسوڵمانی کورد دەرکرد و ڕشتنی خوێنی کیژ و لاو و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستانی بە حەڵاڵ زانی.

بەو جۆرە ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنمژی خومەینی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەل و لەگەڵ هەموو قانوون و نیزامێکی نێونەتەوەیی نیشان داوە و لە دژی تەواوی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران ئیعلامی شەڕی کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی ئێران لەژێر باری زوڵم و زۆر و دیکتاتوری و بۆ گێڕانەوەی شۆڕشی ئێران بۆ سەر ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی پێویستە ڕێژیمی کۆنەپەرست و سەر بە ئیمپریالیزمی خومەینی برووخێ و لە جێگای ئەو، ڕێژیمێکی دێموکراتی دابمەزرێ کە داخوازەکانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی پێویستە دەرەتانی بە خەڵکی ئێران بدرێ کە بە ئازادی نێوەڕۆکی سیستمی کۆماریی دڵخوازی خۆیان دیاری بکەن و مەجلیسی دامەزرێنەران (مؤسسان) بۆ دانانی قانوونی ئەساسیی کۆماری نوێ پێک بێ.

٧- بۆ گەیشتی بە ئامانجی بنەڕەتیی گەلی کورد کە پێکهێنانی خودمختاری لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ. حیزبی ئێمە پێی وایە بۆ ئەوەی شۆڕشی ئێران جارێکی دیکە تووشی بێ بەرنامەیی نەبێ و دەسکەوتەکانی بە تاڵان نەچن، پێویستە هەر لە ئێستاوە هێزە سیاسییە بەڕاستی شۆڕشگێڕەکانی ئێران لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دواڕۆژی وڵات یەک بگرن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە.

بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە حیزبی ئێمە هەم دژی شۆوینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکا و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە ڕێژیمی خومەینی و گەلانی ئێران لە یەک جیا ناکاتەوە خەبات دەکا. هەم شۆوینیزمی ئێرانی و هەم ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەر دووکیان دوژمنی یەکیەتی گەلانی ئێرانن. هەر لەو کاتەدا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسی گەورە شۆوینیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە چوار ساڵە کە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژی پەلاماری دڕندانەی ڕێژیمی خومەینی بە لێوەشاوەیی و کارامەییەوە ڕێنوێنی دەکا. خەبات و تێکۆشان و گیانبازی و قوربانیدانی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب نفووز و خۆشەویستیی حیزبی ئێمەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆر زیاتر لە جاران بردۆتە سەر. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا نەک هەر حیزبی خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بەڵکوو جێگای ڕێز و خۆشەویستیی گەلانی دیکەی ئێران و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دژی ئیمپریالیستیەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانیشە. دروشمی ستراتیژیکی حیزبی ئێمە «دێموکراسی بۆ ئێران خودمختاری بۆ کوردستان» بۆتە دروشمی بنەڕەتیی هەموو خەڵکی کوردستان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێرانیش پشتیوانیی لێ دەکەن.

زیاتر لە دوو ساڵ لە پەسندکردنی بەرنامەی پێشووی حیزبی ئێمە لە لایەن کۆنگرەی پێنجەمەوە رادەبرێ، بەرنامەی ئێستا لە کۆنگرەی شەشەمدا پەسند کراوە و وەڵامدەری هەلومەرجی نوێی وڵاتەکەمانە. هەلومەرجێک کە پاش سەقامگیر بوونی دیکتاتوریی ڕەشی خومەینی پێک هاتووە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی خۆی دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان و لە هەموو دانیشتوانی کوردستان، کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشانی شار و دێ، ڕووناکبیران، قوتابییان، خوێندکاران، کارمەندان، پیشەسازان و

بازاڕییان، داوا دەکا کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە تێ بکۆشن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و بیروڕای حیزبی ئێمە لە بارەی مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە بۆ ئەوان بەیان بکەن. هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە شارەزا بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانی ئێرانە. ئێستا دەبێ تێ بکۆشین هێزی بێپایانی گەل بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حیزبەکەمان بکەوێتە کار، ئەو کاتەیە کە بەرنامەی حیزبەکەمان دەبێتە هێزێکی ماددیی توانا و دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا وەدی بێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندوە. وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە ئەستۆی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە کە لە چوارچێوەی ولاتی ئێراندا دادەمەزرێ.

**فەسڵی یەکەم:**

**ئامانجەگشتییەکان**

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شانبەشانی هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران بۆ لەنێوبردنی دەسەڵات و نفووزی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم و بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و دامەزرانی ڕێژیمێکی دێموکراتی و لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٢- ئامانجی دواڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتی سۆسیالیستییە.

٣- دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستانی ئێرانە.

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی هەموو گەلان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دژی ڕێژیمە زۆردار و کۆنەپەرستەکان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتیی گەلانی هەموو ولاتانە.

**فەسڵی دووهەم:**

**بنچینەکانی ئەسڵی خودمختاری**

٥- ناوچەی خودمختار هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی خودمختاری کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەرکام لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ.

٦- لە ناوچەی خودمختاری کوردستاندا هەموو دەسەڵات بە دەست خەڵکەوەیە کە بە هۆی نوێنەرانی خۆیان لە شوڕای بەرزی کوردستاندا بەکاری دێنن.

٧- کاروباری پێوەندییەکانی دەرەوە (سیاسی و ئابووری)، دیفاعی میللی (سوپا)، دانانی

بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستمی دراوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە. بێجگە لەوانە سەلاحییەتی بەڕێوەبردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان بەدەست حکوومەتی خودمختاری کوردستانە. خەڵکی ناوچەی خودمختاری کوردستان وەک هەموو هاونیشتمانیانی خۆیان لە سەرانسەری ئێراندا لە ڕێگای قانوونییەوە و بەبێ هیچ چەشنە جیاوازییەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشداری دەبن.

٨- شوورای بەرزی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی ناوچەی خودمختاری کوردستانە. نوێنەرانی شوڕا لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە هەڵدەبژێردرێن. ژن و پیاو و لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە.

٩- شوڕای بەرزی کوردستان حکوومەتی خودمختاری کوردستان دیاری دەکا. حکوومەتی خودمختاری کوردستان بەرامبەر بە شوڕای بەرزی کوردستان بەرپرسە.

١٠- پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆی ناوچەی خودمختاری کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی خودموختارییە. ئەرکی ئەرتەش دیفاع لە سەربەخۆیی و سنوورەکانی وڵاتە و حەقی نییە دەست لە کاروباری پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی وەربدا.

١١- زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی نێوان ئیدارەکان لە ناوچەی خودمختاری کوردستاندایە و لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا مافی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ دانیشتووانی ناوچە بەڕەسمی دەناسرێ. زمانی فارسی لە ناوچەی خودمختاری کوردستانیشدا هەر وەک شوێنەکانی دیکەی ئێران زمانی ڕەسمییە و لە قوتابخانەکاندا لەگەڵ زمانی کوردی دەخوێندرێ. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودمختاری کوردستان بۆ مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها بۆ ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی لە ناوچەی خودمختاردا، بە زمانی فارسی دەبێ. هەموو دانیشتووانی غەیرە کورد لە ناوچەی خودمختاری کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان ئازادن و مافی خوێندن بە زمانی خۆیانیان هەیە.

**فەسڵی سێهەم:**

**مافەکانی دانیشتووانی ناوچەی خودموختار**

١٢- هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا قانوون، وەک ئازادیی عەقیدە و بەیان، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، یەکیەتییەکان و شوڕاکانی کرێکاری و جووتیاری و سینفی، ئەنجومەنە دێموکراتییەکان، ئازادیی هەڵبژاردنی کار و جێگای دانیشتن و ئازادیی ئایین و مەزهەب لە ناوچەی خودمختاری کوردستاندا هەر وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن.

هەموو دانیشتوانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەر وەک دانیشتووانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەبێ هیچ جیاوازیدانانێکی جینسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی وەک یەک کەڵک وەردەگرن.

١٣- حکوومەتی خودمختاری کوردستان یارمەتیی پەرەپێدانی ناوەندە ئایینیەکان دەدا و لە

باری ماددی ومەعنەوییەوە کۆمەگ بە ڕێبەرانی نیشتمانپەروەری ئایینی دەکا.
١٤- ژن و پیاو لەنێو خێزان و کۆمەڵدا، مافی وەک یەکیان هەیە و بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن.

**فەسڵی چوارەم:**

**سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

١٥- دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕیگای بەرنامە دارشتنێکی زانستییەوە لە ناوچەی خودمختاردا لە ئەستۆی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە دابەشکردنی داهاتی گشتیی بووجە بە چەشنێک دەبێ کە بەشی دانیشتووانی ناوچەی خودمختاری کوردستان بەپێی ڕادەی دواکەوتوویی زیاتر لە داهاتی نێونجی سەرانەی وڵات بێ.
١٦- ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەرانسەری ئێران سەنعەتیکردنی وڵات بەپێی دەسکەوتەکانی زانست و تەکنیک لە لایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سرووشتیی وڵات لەلایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتیکردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها حکوومەتی خودمختاری کوردستانە.
١٧- حکوومەتی خودمختاری کوردستان بە هۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتە خۆوڵاتی و نەتەوەییەکانیش پارێزگاری دەکا. لە تەنیشت بەشی گشتی ئابووری، بەشی هەرەوەزی و تایبەتییش لە سەنعەتیکردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.
١٨- سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەڕگەکان کە بە سامانی گشتی دەژمێردرێن، میللی دەکرێن و حکوومەتی خودمختاری کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرێ.
١٩- زیاد کردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ڕیگای میکانیزە کردن و بەکارهێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵ دا هەروەها داڕشتنی بەرنامەی بەراوکردن و هەڵبەستنی بەند، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووری حکوومەتی خودمختاری کوردستانە.
٢٠- حکوومەتی خودمختاری کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و برەوپێدانی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا تێ دەکۆشێ. هێندێک لەو پرۆژە ئابوورییانە کە جێبەجێکردنیان بە هۆی بەشی گشتییەوە لە قۆناخێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووریی وڵات نییە، بە بەشی تایبەتی دەسپێردرێن و لەڕێگای دیاریکردنی نرخ بۆ بەرهەمەکان و دانانی ماڵیاتی دەوڵەتییەوە سنوورێک بۆ پەرەگرتنی سەرمایەی تایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەو کارە کەڵک وەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستانە.
٢١- بەرەوژوور بردنی پایەی ژیانی خەڵک و بەتایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان، نێوەڕۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە. ئەم حکوومەتە هەموو هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان کە لە

هەژاری و بێبەشیدا دەژین، لەم وەزعە ڕزگار بکا و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکا. یەکەم هەنگاوی گرینگ لەو بارەیەوە ئامادەکردنی خانووبەرەی لەبار بەپێی ڕێوشوێنی لەشساغی بۆ زەحمەتکێشانی شار و لادێیە.

٢٢- ئەسڵی چل سەعات کار لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کە متر بێ. لانی کەمی هەقدەستی کرێکاران بەپێی خەرجی بەڕێوەچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونەسەرێی خەرجی گۆزەران زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیری بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە پازدە ساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ. بۆ کەمکردنەوە و پاشان خاشەبڕکردنی بێکاری، دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێک بهێنرێ.

٢٣- زەوی هی ئەو کەسەیەکە کاری لەسەر دەکا . هەر بۆیە دەبێ لە شێوەی ئێستای ماڵکییەتی زەویدا، ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە قازانجی دێنشینانی زەحمەتکێش و بێزەوی ڕوو بدا. حکوومەتی خودمختاری کوردستان هەموو چەشنە یارمەتییەک بۆ پەرەپێدانی ئەو شێرکەتە هەرەوەزییانەی کشتوکاڵ دەکا کە جووتیاران بە دڵخوازی خۆیان پێکیان دێنن و جگە لەوانەش کێڵگەی هەرەوەزی دەوڵەتی پێک دێنێ.

٢٤- حکوومەتی خودمختاری کوردستان دەبێ یارمەتیی وەرزێڕان بدا تا بتوانن ئامرازی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخێکی باش لێ بکڕێ و بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بەسوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران لە پێشدا بەرامبەر بە پیشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پاشان بەرامبەر بە پیری و پەککەوتوویی بیمە دەکرێن.

٢٥- حکوومەتی خودمختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە ئاژەڵداری. لەوەڕگەکان بەپێی شەرتی لە بار بە ئاژەڵداران دەسپێرێ و ڕێگای دروست و زانستیی ئاژەڵدارییان فێر دەکا.

٢٦-پارێزگاری موحیتی ژیان، سەرچاوە سرووشتییەکان، لێرەوارەکان، دەریاچەکان و پارێزگاریی حەیوانات بە تایبەتی حەیواناتی ڕاوی، باڵندە و پێ ڕەو وماسی یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە. هەربۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەری حەیوانات پێشگیری بکرێ و لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای سەنعەتی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا بۆ پارێزگاری موحیتی ژیان و لەبەرچاوگرتنی هاوهەنگاویی سرووشت، وردەکارییەکی زۆر ڕەچاو بکرێ و بایەخی پێویست بە پاراستنی بینا و شوێنەوارە کۆنەکان بدرێ.

**فەسڵی پێنجەم:**

**سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی**

٢٧- هەموو منداڵانی کوردستان چ کچ چ کوڕ، تا پازدە ساڵی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی خودمختاری کوردستان بۆ لەنێوبردنی نەخوێندەواری بەپەلە هەنگاو هەڵدێنێ. لە ناوچەی خودمختاری کوردستاندا دابینکردنی خەرجی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەزگای

دەوڵەتییە و خوێندن لە قۆناخەکانی دیکەدا بەخۆڕاییە. یارمەتیی حکوومەتی خودمختار لەو بارەوە قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە. حکوومەتی خودموختاری کوردستان خەرجیی منداڵانی کرێکار و جوتیاران و هەموو زەحمەتکێشانی کەم داهات لە تەواوی فێرگە پیشەییەکان و هونەرستانەکاندا دابین دەکا و خەرجی خوێندنی منداڵانی بلیمەت و هەڵکەوتووی زەحمەتکێشانی کەم داهات لە زانستگە و فێرگە بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێ.

٢٨- حکوومەتی خودمختاری کوردستان بۆ بەرەوژوور بردنی پایەی فەرهەنگی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی و پەروەردەی بەدەنی وەک فەرهەنگستان، سینەما، تێئاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانستگەکان بەخێرایی هەنگاو هەڵدێنێ.

٢٩- بایەخدان بە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمندان و زانایانی کورد ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی خودمختاری کوردستانە.

٣٠- ڕووناکبیرانی کوردستان بەپێی لێوەشاوەیی خۆیان کاریان دەدرێتێ. حکوومەتی خودمختاری کوردستان سیاسەتێک بەرامبەر بە ڕووناکبیران و پسپۆڕان دەگرێتە پێش کە بە دڵگەرمی و لە خۆبووردنەوە خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن.

٣١- حکوومەتی خودمختاری کوردستان بۆ بەرەوژوور بردنی پایەی لەشساغیی هەموو خەڵک تێ دەکۆشێ و بۆ خاشەبرکردنی ئەو نەخۆشییانەی لە کوردستاندا بڵاوبوونەوە بەتوندی خەبات دەکا و هەلومەرجێک پێک دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتی خۆڕایی پزشکی و دەرمانی کەڵک وەرگرن. حکوومەتی خودمختاری کوردستان بۆ دامەزرانی ئاسایشگە، شیرخۆرگە و زایینگە هەنگاو هەڵدێنێ و بۆ بەخێوکردنی نقوستان و بەساڵداچووانی ڕەبەن و بێخاوخێزان بنکە و بنیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

## فەسڵی شەشەم:

## سیاسەتی دەرەوە

لە سیاسەتی دەرەوەدا کە لە سەڵاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ دادەگرێ کە:

٣٢- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران سیاسەتێکی دەرەوەی بێلایەن (غیر متعهد) و سەربەخۆ بگرێتە پێش و لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی هەقی حاکمییەتی نیشتمانی و دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتر پێوندی دابمەزرێنێ و لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی و ئەو وڵاتانە کە سیاسەتێکی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستییان هەیە، پێوەندیی دۆستانە پێک بێنێ.

٣٣- دەوڵەتی مەرکەزی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژی ئیمپریالیستیی گەلان و لە مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خۆیان، پشتیوانی بکا.

٣٤- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران لەنێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە لە ئاشتیی جیهانی و پێکەوەژیانی بە ئاشتی لە نێو گەلاندا، پشتیوانی بکا و لایەنگری چارەسەری گیروگرفتە نێو نەتەوەییەکان لە ڕێگای وتووێژەوە بە بەکارهێنانی زۆر بێ.

٣٥- وڵاتی ئێران ببێتە بنکەیەک بۆ یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەنای سیاسی بە هەموو ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بدا.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا بە ئاگاداری و پەسندی دەوڵەتی مەرکەزی، حکوومەتی خودمختاری کوردستان لە هەموو ئیمکاناتی خۆی بۆ کۆمەگ بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا، کەڵک وەربگرێ و پەنای سیاسی بە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بدا.

## بەشی دووهەم

## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### مادەی یەکەم: ناو و نێوەرۆکی حیزب

١- ناوی حیزب، «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ە.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و بەتایبەتی کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکیرانی شۆڕشگێڕ لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

٣- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا لە تیئۆریی زانستی پەرەسەندنی کۆمەڵ پەیڕەوی دەکا.

### مادەی دووهەم: ئەندامانی حیزب

هەموو هاونیشتمانییەکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەرجێک:

- تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکا.
- بە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ.

تێبینی: کوردەکانی غەیرە ئێرانی دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببنە ئەندام.

### مادەی سێهەم: شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ، پێویستە:

- دوو ئەندامی حیزب ناسێنەری بن.
- لانیکەم شەش مانگ لە ژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
- لەلایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی بەرەوژوورترەوە وەربگیرێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

### مادەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:

- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، تێ بکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی فیکری و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بەپێی پێڕەوی نێوخۆ، پەیڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.
- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێ بکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرێتە سەر.
- سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیروڕا و تاقیکردنەوەیان کەڵک وەرگرێ.
- هەقی ئەندامەتی بدا.

**مادەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیەکە:
- بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ.
- لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا ڕەخنە بگرێ.
- لە ڕێگای تەشکیلاتیەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا. بیروڕای خۆی پێ بڵێ، یان پرسیاری لێ بکا.
- لە هەر ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
- لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانیی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**مادەی شەشەم: سزادانی ئەندام**

١- ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەبزوێنەوە، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئیعتباری حیزب دەگەیەنێ، بەپێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتیە لە:
- سەرکۆنە بە دەم.
- سەرکۆنە بە نووسراوە.
- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.
- هەڵپەساردن و دەرکردن لە حیزب. درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێردراو لە ماوەی هەڵپەسێراندا، خاوەنی مافەکانی ئەندامی حیزب نییە.

٢- سزای حیزبی لەلایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە، بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.

٣- مەبەست لە سزادانی حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامانە و تەنیا ئەوکاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤- ئەندامی دەرکراو هەقی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

**مادەی حەوتەم: قەوارەی حیزب**

١- ئەسڵی بنەڕتیی داڕشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دیموکراتیە.

٢- سانترالیزمی دیموکراتی بەو مانایەیە کە:

- هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە وکەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.
- لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بێجیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.
- بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرەوەتر دەبێ لە لایەن ئۆرگانەکانی خوارەوەتر جێبەجێ بکرێ.
- باسکردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارترین ئۆرگان بەکۆمەڵە. تەکپەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

**مادەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١- بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢- کۆنگرەی حیزب هەر دووساڵ جارێک لە ئەندامان و جێگرەکان و موشاوێرانی کۆمیتەی ناوەندی و بە ڕادەیەک کە کۆمیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزب پێک دێ.

٣- کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازیی کۆمیتەی ناوەندی یان سێ یەکی هەموو ئەندامانی حیزب بانگ دەکرێ.

٤- ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:

- باسی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
- ڕێبازی گشتیی سیاسی، ستراتیژی و تاکتیکی حیزب دیاری دەکا.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند دەکا و ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا.
- ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.

تێبینی: کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کۆمیتەی ناوەندی کە لانیکەم دوو ساڵ ڕابردووی تێکۆشانیان لە حیزبدا هەبێ.

**مادەی نۆهەم: کۆنفڕانسی حیزب**

١- کۆنفرانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:

- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیروگرفتی وا هاتبێتە پێش کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
- لە هەلومەرجی وادا کۆنفرانس سەڵاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢- کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاوێرانی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کۆمیتەکانی شارستان و کۆمیسیۆنەکانی سەر بەکۆمیتەی ناوەندی پێک دێ.

**مادەی دەهەم: کۆمیتەی ناوەندی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢- ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:

- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
- مەسئوولی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزبە و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.
- دەفتەری سیاسی و سکرتێر هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسن.
- ڕادەی هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولی داهات و دەرچوونی حیزبە.
- ئاییننامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و دەفتەری سیاسی دادەنێ.
- ئاییننامەی کۆمیسیونەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پەسند دەکا.
- لانی کەم چوار مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و موشاوێرانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرتییان هەیە. کۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر داوای دەفتەری سیاسی یان زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێک دێ.

تێبینی: کۆمیتەی ناوەندی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی موشاوێر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

**مادەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا، دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و مەسئوولی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندییە.

٢- دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەدا بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی.

**مادەی دوازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١- بناخەی ڕیکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزبی لە دێ کۆمیتەی دێ، لە ناوچە کۆمیتەی ناوچە، لە گەڕەک کۆمیتەی گەڕەک، لە شار کۆمیتەی شار و لە شارستان کۆمیتەی شارستان بەڕێوە دەبا.

٣- ئەرکی شانە و کۆمیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شار و شارستان، گەیاندنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤- کۆمیتـەی هـەر ڕێکخراوێـک لەلایـەن ئەندامانـی ئـەو ڕێکخـراوە یـان نوێنەرانـی ئەوانـەوە هەڵدەبژێـردرێ.

٥- بەرزتریـن ئۆرگانـی هـەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسـی ئـەو ڕێکخراوەیـە کە لانیکـەم دوو سـاڵ جارێـک لـە نوێنەرانـی هەمـوو ئەندامانـی حیزبیـی ئـەو ڕێکخراوەیـە پێک دێ.

**مادەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

- هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ٨ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ٨ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بڕیارنامەی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەم

## کۆنگرەی ٨ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (بەفرانباری ١٣٦٦)

کۆنگرەی ٨ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان پێکهات.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٨ بریتی بوون لە:**

١) د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ٢) د. سادق شەرەفکەندی، ٣) حەسەن شەرەفی، ٤) مستەفا هیجری، ٥) دوکتور حوسەین خەلیقی، ٦) باباعەلی مێهرپەروەر، ٧) سەید سەلام عەزیزی، ٨) فەتاح عەبدولی، ٩) حەسەن شیوەسەڵی، ١٠) برایم لاجانی، ١١) سەید مەنسوور فەتاحی، ١٢) محەمەدنەزیف قادری، ١٣) جەعفەر حامیدی، ١٤) تەیموور مستەفایی، ١٥) سەید ڕەزا دروودگەر، ١٦) عەبدوڵلا شەریفی، ١٧) عەبدوڵلا قادریئازەر، ١٨) غەفوور هەمزەیی، ١٩) مەحموود دەشتی

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٨:**

١) د. عەبدولڕەحمان قاسملوو (سکرتێر)، ٢) د. سادق شەرەفکەندی (جێگری سکرتێر)، ٣) مستەفا هیجری ٤) حەسەن شەرەفی، ٥) باباعەلی مێهرپەروەر

* دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی جێی ئەوەی وەک سکرتێری گشتی گرتەوە و سەید سەلام عەزیزی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٨ بریتی بوون لە:**

١) سدیق فیرووزی، ٢) محەممەد عەلی عینایەتی، ٣) سەید ئەحمەد حوسێنی، ٤) مستەفا مەولوودی، ٥) عومەر حەمیدی، ٦) عەبدوڵلا ئیبراهیمی، ٧) ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ).

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٨ بریتی بوون لە:**

١) عەبدوڵلا عیزەتپوور، ٢) ئەحمەد نستانی، ٣) سەید ڕەسووڵ سەیدئەحمەدی، ٤) شاهۆ حوسێنی، ٥) کاوە بەهرامی.

## ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی
## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە

هاونیشتمانانی بەڕێز!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خۆشی و شانازییەوە ڕادەگەیەنێ کە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب لە ڕۆژی ٢٨ـی بەفرانباری ١٣٦٦ـدا دەستی بەکار کرد و، پاش پێنج ڕۆژ، لە٢ی ڕێبەندانی پیرۆز، ڕۆژی بیرەوەریی پێکهاتنی کۆماری کوردستاندا کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

پێکهاتن و بەڕێوەچوونی کۆنگرەی هەشتەمی حیزب هەم نیشانەی توانایی حیزبەکەمان لە هەل و مەرجی دژواری ئێستادایە و، هەم ئەم ڕاستییەش جارێکی دیکە دەردەخا کە حیزبی ئێمە ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی و ئوسوولی دێموکراتیی نێوخۆیی هەیە.

دیارە ڕێژیمی خومەینی و بەکرێگیراوانی زۆریان هەوڵ دا کە پێشگیری لە پێکهاتنی کۆنگرەی هەشتەم بکەن، یا هەر نەبێ لە وەخت و جێگای کۆنگرە، ئاگادار بن و زەبرێک بوەشێنن. بەڵام وریایی بەڕێوەبەریی حیزب پیلانەکانی دوژمنی پووچەڵ کردەوە و کۆنگرە لە وەختی خۆی و لە جێگای ئامادە کراودا پێک هات و هەموو ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام گەیاند.

نیزیک بە دوو مانگ پێش کۆنگرە، کۆنفرانسەکانی حیزبی لە هەموو مەڵبەندەکانی کوردستاندا بە ڕێکوپێکی بەڕێوە چووبوون و، نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆنگرەی هەشتەم هەڵبژارد بوو. کۆنگرەی هەشتەم بە بەشداریی هەموو نوێنەرانی هەڵبژێراوی ئەو کۆنفرانسانە، بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد و پاش ئەوە کە بە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەرانسەری ئێران یەک دەقیقەی بێدەنگیی ڕاگرت، بە ڕەسمی کرایەوە و دەستی بەکار کرد.

لە سەرەتای کاری کۆنگرەدا سکرتێری گشتیی حیزب، هاوڕێ دوکتور عەبدولڕەحمان قسملوو ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی پێشکەش کرد. لە پاشان کۆمیسیۆنەکانی بەڕێوەبەریی کارەکانی نێوخۆیی کۆنگرە دیاری کران. ئینجا نوێنەرانی کۆنگرە بە دووروودرێژی لەسەر ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی قسەیان کرد و لە ئاکامدا ڕاپۆرتەکەیان بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرد. بە دوای ئەمەدا کۆنگرە بڕیارنامەیەکی پڕنێوەرۆکی پەسەند کرد کە دەبێتە ڕینوێنی تێکۆشانی کومیتەی ناوەندی و هەموو ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی حیزبی. لە بەشێکی دیکەی کارەکانی کۆنگرەدا، لەسەر پێشنیاری کۆمیسیۆنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، نوێنەرانی کۆنگرە لەسەر پێویستیی گۆڕینی چەند بەند لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ بیروڕای خۆیان دەربڕی و ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە هێندێک لە بەندەکانی بەرنامە و ئەساسنامە بە پێی هەلومەرجی ئێستای خەبات دەستیان تێ وەردرێ.

کۆنگـره لـه دوایـین بەشـی کارەکانـی خۆیـدا، کومیتـەی ناوەندیـی حیزبـی هەڵبـژارد کـه تـا کۆنگـرەی داهاتـوو بەرپرسـی بەڕێوەبردنـی تێکۆشـانی هەمووالیـی حیزبەکەمـان دەبێ.کومیتـەی ناوەندیـی تـازەی حیـزب لـه یەکەمیـن کۆبوونـەوەی خـۆی کـه لـه ڕۆژی ٣ـی ڕێبەندانـی ١٣٦٦ـدا پێـک هـات، هـاوڕێ دوکتـور عەبدولڕەحمـان قاسـملووی بـه تێکـڕای دەنـگ بـه سـکرتێری گشـتیی حیـزب هەڵبـژاردەوە. کومیتـەی ناوەنـدی هەروەهـا ئەندامانـی دەفتـەری سیاسـی و جێگـری سکرتێریشـی دیـاری کـرد.

بـه بۆنـەی پێکهاتنی کۆنگرەی هەشـتەم لـه الیـەن ڕێکخراوە و شـەخسیەتە پێشـکەوتنخوازەکانی کوردسـتانی و ئێرانـی و واڵتەکانـی دەرەوە، دەیـان پەیامـی پیرۆزبایـی بـۆ کۆنگـرەی هەشـتەم هاتبـوو کـه زۆربەیـان لـه جەریانـی کاری کۆنگـرەدا خوێندرانـەوە. پەیامنێـرەکان، بەگشـتی پشـتیوانیی خۆیـان لـه خەباتـی ڕەوای گەلـی کـورد لـه کوردسـتانی ئێـران دەربڕیبـوو و، لـه پەیامەکانیـان‌ڕا بەڕوونـی دەردەکـەوت کـه حیزبـی ئێمـه لـه جیهانـدا تـا چ ئەنـدازە بـه شـۆڕشگێڕ و دێموکـرات ناسـراوە.

بەڕێوەچوونـی کۆنگـرەی هەشـتەم و باسـەکانی ئـەم کۆنگرەیـە نیشـاندەری پلەیەکـی بـەرزی سیاسـیی ئەندامانـی کۆنگـره یانـی نوێنەرانـی کادر و پێشـمەرگەکانی حیـزب بـوو. کۆنگـره ئوسـوولی‌بوونی خـۆی لـه هەمـوو بڕیارەکانیدا بـه ڕوونـی دەرخسـت و، نیشـانی دا کـه کۆنگـرەی حیزبێکـه کـه هـەم دێموکراتـە و هـەم شـۆڕشگێڕ. هیـچ گومانـی تێدا نییـە کـه بڕیارەکانی کۆنگـرەی هەشـتەم شـوێنێکی زۆر لەبـار لەسـەر تێکۆشـانی دوارۆژی حیـزب دادەنێـن و، بـەم کۆنگرەیـە قۆناغێکـی گرینگـی تـازەی خەباتـی حیـزب بـۆ وەدیهێنانـی ئامانجـی دێموکراسـی بـۆ ئێـران و خودمختـاری بـۆ کوردسـتان دەسـت پـێ‌دەکا.

لـه کۆتاییـدا، بەشـداران لـه کۆنگـرەی هەشـتەم بـەو هەسـتەوە کـه ئەرکـی سـەر شـانی خۆیـان سـەبارەت بـه بردنـی بڕیارەکانـی کۆنگـره بـۆ نێـو ڕیزەکانـی حیـزب بەتایبەتـی و، کۆمەاڵنـی خەڵکـی کوردسـتان بەگشـتی بـەو جـۆره کـه پێویسـتە بـه ئەنجـام بگەیەنـن، بـەرەو شـوێنی کار و تێکۆشـانی خۆیـان گەڕانـەوە.

پیرۆز بێ پێکهاتنی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی خودمختاری و دێموکراسی.

**کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٤ی ڕێبەندانی ١٣٦٦**

## ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی
## بۆ کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**سەرەتا**

هاوڕێیانی بەڕێز!

ڕێگام بدەن بە ناوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەخێرهاتنی هەموو نوێنەرانی کۆنگرەی هەشتەم بکەم. ئاواتم ئەوەیە کە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبەکەمان وەک کۆنگرەکانی پێشوو سەکەوتوو بێ. هیواردارم کە هەموو نوێنەران چالاکانە و دڵسۆزانە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە بۆ ئەوەی کۆنگرە بتوانێ ئەرکەکانی خۆی بە باشی بەجێ بگەیەنێ هەوڵ بدەن.

پێش پێکهاتنی کۆنگرە، کۆنفرانسەکانی ناوچە جیاوازەکانی ڕێکخراوەکانی حیزبی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە چوون. ئەو کۆنفرانسانە هەم پێشنیار و نەزەر و ڕەخنەی خۆیان بۆ کۆنگرە ناردوە و هەم نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەم کۆنگرەیە هەڵبژاردوە. لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای ڕێژیمی خومەینی بۆ ئاگاداربوون لە کات و جێگای کۆنفرانسەکان بە مەبەستی زەربە لێدانیان، بە خۆشییەوە هەموو کۆنفرانسەکان بێ هیچ ڕووداوێکی دڵتەزێن تەواو بوون و، بە هۆی وریایی و بایەخ دان بە نهێنیکاری لە لایەن ئۆرگانەکانی بەرپرسەوە، نەخشەکانی ڕێژیم پووچەڵ کرانەوە.

دوو ساڵ لە کۆنگرەی حەوتەم تێ دەپەڕی. دوو ساڵی دیکە هاتۆتە سەر مێژووی خەباتی شێلگیرانە و قارەمانانەی حیزبەکەمان. کۆنگرەی هەشتەم لە کاتێکدا دەگیرێ کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا زۆر زەبەی توندی نیزامی لە ڕێژیم دراوە و زۆر سەرکەوتنی سیاسیی وەدەست هاتوە.

بەڵام ئەو سەرکەوتنانە نرخی گرانیشی دراوەتێ. بە سەدان پێشمەرگەی قارەمان شەهید و بریندار بوون، کەتوونە بەندیخانەکانی ڕێژیم و، ئەشکەنجە و تیرباران کراون. بە هەزاران ڕۆڵەی ئازا وەک کادر و پێشمەرگە لە سەرانسەری کوردستان لە هەلومەرجێکی دژواردا بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی حیزب زەحمەتیان کێشاوە و فیداکارییان کردوە. هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی لە ڕێکخراوی ناوچەوە بگرە تا کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی حیزب تێ کۆشاون. دیارە خەڵکی کوردستانیش بە گشتی وەک پشتیوانی هەرە باوەڕپێکراوی حیزبی دێموکرات بە حەق لەو سەرکەوتنانەدا بەشدار بوون.

لە شەهیدانی خۆشەویستمان پێویستە ڕۆڵەی نەبەز و فیداکار کاک «حەکیم ڕەزایی» ئەندامی کومیتەی ناوەندی، کاک «سەید جەمیل حوسێنی» بەرپرسی کومیتەی شارستانی هەوشار، کاک «ڕەحیم مەحموودی» بەرپرسی کومیتەی شارستانی پیرانشار، کاک «خەلیل زەرعی» فەرماندەری هێزی داڵهۆ، کاک «خدر خدری» فەرماندەی هێزی پێشەوا ناو بەرین. لە لایەن کۆنگرەی هەشتەمەوە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی نەمری حیزبەکەمان و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەرانسەری ئێران. پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەتا سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر ڕێژیمی خومەینییدا و هەتا وەدەستهێنانی دێموکراسی و

خود موختاری ڕێگایان بەر نەدەین.
با لە لایەن کۆنگرەوە سڵاوێکی گەرم پێشکەشی هەموو زیندانییانی ڕێگای ئازادیی ئێران بکەین. بە تایبەتی سڵاو بنێرین بۆ زیندانییانی لەخۆ بوردووی دێموکرات کە ئەشکەنجە و ئازاری بەکرێگیراوانی ڕێژیمی خومەینی نەیتوانیوە ویستی پۆڵایینیان تێک بشکێنێ و، هەلومەرجی دژی ئینسانیی بەندخانەکانی کۆماری ئیسلامییدا بە ڕێبازی حیزبەکەمان، ڕێبازی دێموکراسی و خودموختاری، وەفادار ماونەتەوە.
هەروەها سڵاو لە هەموو کادر و پێشمەگە کانی حیزبی دەکەین کە لە خەبات دژی ڕێژیمی خوێنمژی خومەینییدا بریندار بوون و یەک یان چەند ئەندامی خۆیان لەدەست داوە. ڕێگام بدەن لەم پێوەندییەدا سڵاوی تایبەتی کۆنگرەی هەشتەم پێشکەشی ڕۆڵەی نەبەز و لێهاتوو و خۆشەویست، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و فەرماندەی هێزی گیارەنگ، کاک حەسەنی شیوەسەڵی بکەم و هیوا دەرببڕم کە زۆری پێ نەچێ بگەڕێتەوە نێو جەرگەی مەیدانی خەبات.
کۆنگرەی هەشتەم، لە کاتێکدا پێک هاتوە کە زۆر ئەرکی قورس و گرینگ کەوتۆتە سەرشانی حیزبەکەمان. دۆست و دوژمن چاوەڕوانی ئاکامی کارەکانی کۆنگرەن. با هەموو پێکەوە بە دڵەوە هەوڵ بدەین کۆنگرەی هەشتەم کۆنگرەیەکی بە تەواوی سەرکەوتوو بێ و، دۆستان شاد و دوژمنان خەمبار بکا.

**١- وەزعی نێونەتەوەیی**

لە حاڵی حازر لە مەیدانی سیاسەتی جیهانییدا هێندێ دیاردەی نوێ بەرچاو دەکەون:
پاش چەندین ساڵ ئاڵۆزی و توندوتیژی لە پێوەندییەکانی دوو دەوڵەتی مەزن، یەکیەتیی سۆڤیەتی و ئەمریکادا، ئەوە دوو ساڵە ئەو پێوەندییانە بەرەو باشتربوون ڕۆیشتوون. ئەم باشتربوونە لە هەر لاوە هۆی جیاوازی هەیە. بێگومان هۆی سەرەکیی ئەم گۆڕانە سیاسەتی تازەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی سۆڤیەتییە کە لە پێوەندییەکانی دەرەوەشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم سیاسەتە، ئوسوولیتر و نەرمتر لە جارانە، بە شێوەیەکی جیددی هەوڵ دەدا مەترسیی شەڕی جیهانی لەسەر بەشەریەت لابەرێ. هەرچی گۆڕان بەرەو دێموکراسی لە نێوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەتدا دەچێتە پێش، لە سیاسەتی دەرەوەشیدا باری ئاشتیخوازی و پاراستنی ئاشتیی جیهانی زیاتر لە جاران خۆی دەنوێنێ.
لە کۆمەڵی سۆڤیەتییدا هێندێ گۆڕان پێک هاتوە کە لە مێژووی حەفتا ساڵەی وڵاتی سۆڤیەتدا بێوێنەیە. ئەم گۆڕانە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵ: سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەگرێتەوە. بە هەق قسە لە شۆڕش لە نێو شۆڕشدا دەکرێ. جەوهەری ئەم گۆڕانە لە یەک مەسەلەدا گەڵاڵە دەکرێ. ئەویش پەرە پێدانی دێموکراسییە بە مەبەستی بەشدار کردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵانی خەڵک لە کاروباری وڵاتدا.
چوار ساڵ لەمەو بەر کاتێک لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا پێشنیار کرا کە لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا بنووسی ئامانجمان سۆسیالیزمی دێموکراتییە، هێندێ کەس پێیان وابوو هێنانی وشەی دێموکراسی بێ ئیعتبارکردنی سۆسیالزمە. هەر بۆیەیش باسێکی زۆر ورد لەسەر نامیلکەی «کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم » پێک هات. بە خۆشییەوە کۆنگرەی شەشەم هەم سۆسیالیزمی دێموکراتی و هەم «کورتە باس»ی پەسەند کرد. چوار ساڵ پاش کۆنگرەی

شەشەم زۆر لەو بیروڕایانە کە لە «کورتە باس»دا هاتبوون لە لایەن بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی سۆڤیەت و شەخسی میخائیل گارباچۆف دووپات کرانەوە. با دوو نموونە بخەینە بەرچاو: لە مانگی گەلاوێژی ١٣٦٢دا لە «کورتە باس»دا هاتوە: «هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەر کام لە وڵاتانی سۆسیالیستی، لێوەشاوەیی ئەوەیان هەیە تەنگ و چەڵەمەکانی دامەزرانی سۆسیالیزم لە نێو بەرن. بەڵام بۆ ئەم کارە بەشداریی هەموو خەڵک پێویستە و، هەوەڵ هەنگاو ئەوەیە کە بە خەڵک ڕێگا بدرێ بە ئازادی نەزەری خۆی لەسەر گیر و گرفتەکان دەرببڕێ و بیروبڕوا ئاڵوگۆڕ بکا. لێرەدایە کە مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی واتە دێموکراسی دێتە گۆڕێ.»

لە مانگی سەرماوەزی ١٣٦٦ـدا میخائیل گارباچۆف دەڵێ: «ئەمڕۆ تەنیا لە هەلومەرجی ئەوپەڕی چالاکیی ئازادانەی عونسووری بەشەری و پەرە پێدانی هەرچی زیاتری شێوە دێموکراتییەکان دا کە لە تایبەتمەندییەکانی سۆسیالیزمن، دەتوانین جووڵانەوەی پەرەئەستێنی خۆمان بەرەو پێش بەرین. جەوهەری سیاسەتی حیزبی ئێمە لە دەوری تەوەرەی قووڵ کردن و پەرە پێدانی بەشداریی هەرچی زیاتری خەڵک لە کاروباری وڵاتدا دەسووڕێتەوە.»

لە کورتە باسدا گوتراوە: «ئەگەر ئیمکان بدرێ خەڵک بە ئازادی نەزەری خۆیان دەرببڕن، گیر و گرفتەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی باشتر چارەسەر دەکرێن و سۆسیالیزم نەک تەنیا لە مەترسی ناکەوێ، بەڵکوو زۆریش قازانج دەکا.»

میخائیل گارباچۆف دەڵێ: «دێموکراسی بە ئەندازەی هەوا بۆ ئێمە پێویستە.» و درێژە دەدا: «کاتێک ئێمە دێموکراسیی سۆسیالیستی پەرە پێ دەدەین، بەرەو پێشی دەبەین و، تواناکەی ئاشکرا دەکەین، گرینگترین دەستەبەرمان بۆ خۆپاراستن لە دووپات کردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو پێک هێناوە.»

ئێمە ئەگەر ئیشارە بە گۆڕان لە یەکیەتیی سۆڤیەتییدا دەکەین نە لەبەر ئەوەیە کە لەخۆبایی بین و بڵێین: بزانە ئێمە تەنانەت زووتر لە بەڕێوەبەرانی سۆڤیەتیش بەو نەتیجەیە گەیشتبووین! بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە: یەکەم، نیشان بدەین کە لێکدانەوەی حیزبی ئێمە لە وەزعی وڵاتەکانی سۆسیالیستی دروست بوو و، ئەو کەسانە لە هەڵەدا بوون و لە هەڵەدان کە پێیان وایە ئێمە لە باتی لێکدانەوە و بڕیاردانی سەربەخۆ دەبێ لاسای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی یەک یا چەند وڵاتی دەرەوە بکەینەوە و، هەرچی لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو وڵاتانە گوترا، بێئەملا و ئەولا وەری بگرین و بیکەین بە بناغەی بیروباوەڕ و سیاسەتی حیزبەکەمان. بۆیە ئێستاش کە زۆر گۆڕانی پێکهاتوو لە وڵاتی سۆڤیەتدا بە دڵەوە پەسەند دەکەین، نابێ لە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە ڕەوتی ڕووداوەکان لەم وڵاتە و گشت وڵاتەکانی سۆسیالستییدا چاو بپۆشین. دووهەم، گۆڕان لە یەکیەتیی سۆڤیەتییدا زۆر گرینگە. چونکە هەم شوێن دادەنێتە سەر سیاسەتی نێونەتەوەیی و، هەم چونکە یەکیەتیی سۆڤیەتی گەورەترین وڵاتی سۆسیالستییە، لەسەر ڕەوتی سۆسیالیزم لە سەرانسەری جیهانیشدا شوێنەوار دادەنێ. بێجگە لەمانە، لەم بارەشەوە گرینگە کە یەکیەتیی سۆڤیەتی دراوسێی گەورەی وڵاتی ئێمەیە و، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە ئێمە تێیدا دەژین، نەخشێکی زۆر گرینگی هەیە. دیارە ئێمە خۆشحاڵین کە سۆسیالیزمی مەوجوود کە ئەوەندە جێگای ڕەخنە بوو خەریکە بەرە بەرە سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەڕوا کە ئامانجی دوارۆژی حیزبی ئێمەشە. بەم شێوەیە هێزی ڕاکێشەری سۆسیالیزم گەلێک زیاتر دەبێ.

حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزمی دیموکراتی ڕێگایەکی درێژی لە پێشە. بێگومان دەزگای بوروکراتی، ئۆرگانەکانی سوننەتیی حیزبی و دەوڵەتی، ئامادە بوونی کۆمەڵانی خەڵک و کۆمەڵی سۆڤیەتی بۆ تەمرینی دیموکراسی و، هێندێ کۆسپی دیکەش لەسەر ڕێگا هەن. هەروەها دیموکراسی ئەو کاتە سەر دەکەوێ کە باشتر کردنی هەلومەرجی ئابووریی وڵات و باشتر بوونی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکیش لەگەڵ خۆی بە دیاری بێنێ. سەرەڕای ئەوانە، ئەم کارە مەزنە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتییدا دەستی پێ کراوە لەگەڵ داخوازەکانی ئاخری سەدەی بیستەم بە تەواوی تەبایی هەیە و، بۆیەش بێگومان ڕێگای سەرکەوتنی خۆش کراوە. لە لایەکەوە باشترکردنی وەزعی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بەبێ سەقامگیرکردنی دیموکراسی ناگونجێ و، لە لایەکی دیکەوە پەرە پێدانی دیموکراسی پێویستیی بە باشتر کردنی وەزعی ئابووریی وڵات هەیە کە ئەمە خۆی بە هێنانە خواری خەرجی نیزامی و زیادکردنی بوودجەی ئاوەدان کردنەوەی گرێ دراوە. چونکە یەکیەتیی سۆڤیەتی لە هەموو کاتێک زیاتر پێوستیی بە ئاشتی و پێکەوە ژیان بە ئاشتی هەیە. بۆیە گۆڕان لە یەکیەتیی سۆڤیەتییدا لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا لە هەلومەرجێکی لەباری بۆ چارەسەرکردنی گەلێک لە گیر و گرفتەکانی نێونەتەوەیی پێک هێناوە. لەم پێوەندییەدا، گرینگترین ڕێککەوتن، لابردنی چەکی مەودا نێونجیی ئاتۆمیی دوو دەوڵەتی مەزن لە ئورووپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتە، کە لە چاوپێکەوتنی سەرۆکەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی و ئەمریکا لە مانگی سەرماوەزی ئەمساڵدا لە واشینگتۆن ئیمزا کرا.

سیاسەتی ئەمریکا لەو کاتەوە کە ڕێگان سەرۆکۆمارە، نیشاندەری هەڵوێستی بەشی هەرە پەلاماردەر و هەرە دژی دیموکراسیی دەسەڵاتدارانی ئەمریکایە. ئەگەر ئێستا ڕێگان ئامادە بووە لەگەڵ یەکیەتیی سوڤیەتی ڕێک کەوێ، لەبەر ئەوەیە کە سیاسەتی نەرم و کراوەی گارباچۆف، کە لە نێو بیروڕای گشتیی ئەمریکادا نفووزێکی زۆری پەیدا کردوە، مەیدانی مانۆڕی لێ بەرتەسک کردوە و، هەروەها لەبەر ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٨٨ دواساڵی سەرۆککۆماریی ڕێگانە و دەیهەوێ پاش ئەو هەمووە ڕیسواییە کە کارەساتی ئێران-کۆنترا بە سەری هێناوە، هەر نەبێ ناوێک و یادگارێکی باش بەجێ بێڵێ. بۆیە تێ دەکۆشێ بگاتە ڕێککەوتنێکی گرینگ لەسەر لابردنی چەکی ئاتۆمی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی و، تەنانەت پێی خۆشە ئەم ڕێککەوتنە ئەوەندە گرینگ بێ کە ناوی «مێژوویی» لەسەر دابنرێ. ڕێککەوتنێکی سەرەکیی ئەوتۆ بێگومان ڕێگا بۆ گەلێک ڕێککەوتن و هاوکاریی دیکە لە نێو دەوڵەتی مەزندا خۆش دەکا.

ئەگەر لە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتەکانی سۆسیالستی و سەرمایەدارییدا هێندێ دیاردەی لەبار بەرچاو دەکەوێ، لە پێوەندیی ئابووریی شیمال و جنووب، واتە وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەنعەتی و وڵاتەکانی جیهانی سێهەمدا وەزعێکی نالەبار بەدی دەکرێ. بێجگە لە هێندێ حاڵەتی بە هەڵکەوت، بە گشتی وەزعی ئابووریی وڵاتەکانی جیهانی سێهەم بەرەو شپرزەیی دەڕوا و، مەودای نێوان شیمال و جنووب گەورەتر دەبێ.

لە ساڵی ١٩٨٤ داهاتی سەرانەی ٢٠ وڵاتی دەوڵەمەندی جیهان لە سەرەوەی ١٠ هەزار دۆلار بووە. لە کاتێکدا هیی ٧٠ وڵات کەمتر لە ٥٠٠ دۆلار واتە ٢٠ جار کەمتر بووە.

داهاتی نێونجیی سەرانەی ئەمریکایی ٦٨ جار لە هیی هێندوستانی زیاتر بووە و، جیاوازی

لە نێوان بەرزترین داهاتی سەرانە و نزمترینیان، لە ٢٠ هەزار دۆلار تێ پەڕیوە. لە ساڵی ١٩٨٥، داهاتی سەرانەی نێونجی لە ئاسیا / ٤١٠، لە ئەفریقا / ٦٥٠ و، لە ئەمریکای لاتین / ١٧٠٠ دۆلار بووە. لە کاتێکدا ئەم داهاتە لە وڵاتەکانی پێشکەتوو ١٠ تا ١٥ هەزار دۆلار بووە. (داهاتی سەرانە لە ئێران لە ساڵی ١٩٨٤دا ١٩٢٠ دۆلار بووە). هەروەها لە حاڵێکدا کە لە ماوەی دوو ساڵاندا، واتە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٨٤، داهاتی سەرانەی ئەمریکا ٢٢٨٣ دۆلار، کانادا ١٤٤٧ دۆلار، ژاپۆن ١٣١٢ دۆلار، ئوستورالیا ٦٦٤ دۆلار، ئاڵمانی دێموکراتی ٣٦٥ دۆلار، چیکوسلۆواکی ٣٤٥ دۆلار زیادی کردوە، لە وڵاتانی هەرە گرینگی جیهانی سێهەم وەک ئەندۆنێزی، سوودان، پاکستان، هیندوستان، ئیتیۆپی، بەنگلادێش، زەئیتر و تانزانیا یا داهاتی سەرانە وەک خۆی ماوە یا کەمتر بۆتەوە. بە کورتی، وڵاتانی پێشکەتوو دەوڵەمەندتر دەبن و، وڵاتانی جیهانی سێهەم هەژارتر.

دیاردەیەکی زۆر جێی نیگەرانی ئەوەیە کە وڵاتەکانی جیهانی سێهەم هەر ئێستا زیاتر لە ١٢٠٠ میلیارد دۆلار بە بانکەکانی نێونەتەوەیی و وڵاتەکانی پێشکەتوو قەرزدارن و بە هیچ جۆر ئیمکانی ئەوەیان نییە ئەو قەرزە لە وەختی خۆیدا بدەنەوە. تەنانەت ناتوانن سوودی قەرزەکەش بە ڕێکوپێکی ببژێرن. بێجگە لە وەزعی ئابووریی شپرزە، هۆی دیکەی چوونەسەری ڕادەی ئاوسانی دراو (تورم)، سیستمی دراویی سەرمایەدارییە کە بە زیانی وڵاتانی جیهانی سێهەمە. ئەم سیستمە لەسەر بناغەی نرخی دۆلار دامەزراوە. دیارە ئەو وڵاتانە کە دراویان بەهێزە و بە تایبەتی ئەمریکا، لەم وەزعە باشترین کەلک وەردەگرن. لە ڕاستییدا ئەمریکا دۆلاری کردوە بە داردەستێک بۆ فشار هێنان بۆسەر وڵاتانی دیکە و، بە تایبەتی وڵاتەکانی جیهانی سێهەم، کە زۆربەیان ئیمکانیان نییە ئەرز (دۆلار) بە ئەندازەی پێویست وەدەست بێنن.

بە کورتی، ناتەبایی لەمێژینەی بەشەریەت لە نێو دوو بەشی جیهاندا هەر لە جێگای خۆیەتی. لە کاتێکدا ئادەمیزاد لە لایەکەوە ئەستێرەکانی ئاسمان داگیر دەکا، سەدان میلیۆن کەس ئیمکانی تێرخواردنیان نییە و، برسییەتیی ڕاستەخۆ ژیانی دەیان میلیۆنی خستۆتە مەترسییەوە.

دیارە ناتەبایی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و، چارەسەر نەکردنی گیر و گرفتەکانی نێونەتەوەیی لە هێندێ وڵاتاندا سەرچاوەی ئاژاوە و تێکهەڵچوونە، وەک کامبوج، ئەفغانستان، لوبنان، فەلەستین، ئەریترە، سوودان، ئەفریقای جنووبی. هەڵبەت، هەلومەرجی تایبەتی هەر کام لەو جێگایانە لێک جیاوازە، بەڵام یەک لایەنی هاوبەش لە هەمووواندا بەدی دەکرێ، ئەویش خەبات بۆ دێموکراسی یا وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسە. بێگومان گشت ئەو گیر و گرفتانە چارەسەر دەکرێن، ئەگەر ئازادی دابین بکرێ و مافی چارەنووسی گەلانی زۆرلێکراو بناسرێ و، دەوڵەتانی بێگانە واز لە دەستێوەردان لە کاروباری ئەم مەڵبەندانە بێنن.

بێجگە لەوە هێندێ ناوەندی ئاژاوەش دەستکردی هێزەکانی دەرەوەیە. وەک سیاسەتی هان دانی کۆنتراکان لە لایەن دەوڵەتی ڕێگانەوە لە ئەمریکای مەرکەزی و، تەقەلای ئاژاوەگێڕی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە میسر و تورکیە و توونس و پاکستان و ئەفغانستان و چەند وڵاتی دیکە بە ناوی سادرکردنی شۆڕشی ئیسلامی کە باروودۆخێکی تایبەتی پێک هێناوە. هێندێ کەس لە پیاوە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوا کە لێکدانەوەیان لەسەر دیاردەکانی جیهانی سێهەم زۆر قووڵ نییە، گەیشتوونە ئەو نەتیجەیە کە جووڵانەوەیەکی پان

و بەرینی ئیسلامیی بنەڕەتی پەیدا بووە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ. پێشیان وایە مەترسیی ئەوە هەیە کە ئیسلام بە شێوەی ویلایەتی فەقیهی وەک لە ئێران لە زۆر وڵاتی دیکەش سەر کەوێ. ئەم لێکدانەوەیە لە گەڵ واقعیەت ڕێک ناکەوێ، چونکە: یەکەم، لە ئێراندا شیعەگەرایی بنەڕەتی سەرکەوتوە کە لە زەمانی سەفەوییەوە لەم وڵاتەدا ڕیشەی داکوتاوە و، لە ویلایەتی فەقیهـ هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی ئیمپراتۆریی مەزهەبی، شەهیدپەروەری، سیلسیلە مەراتبی توندی مەزهەبی، خۆ بە مەزڵووم نیشان دان، عەزاداری و ئیمان بە هاتنی ئیمامی زەماندا خۆی دەنوێنێ. ئەم وەزعە لە هیچ وڵاتێکی دیکەی دنیادا بەرچاو ناکەوێ. تەنانەت لە عێراق و یەمەنی شیمالییش کە ٤٠ تا ٥٥ لەسەدی دانیشتووانیان شیعە مەزهەبن هەرگیز وەزعێکی ئەوتۆ نەهاتۆتە پێش. دووهەم، جووڵانەوەی شیعەگەری لە ئێراندا تەنیا باری مەزهەبی نییە. نێوەرۆکی ئەم شیعەگەرییە ناسیۆنالیزمێکی توندوتیژە کە دەیهەوێ وڵاتەکانی ئیسلامی بە ناوی ئیسلام و بۆ مەبەستە ناسیۆنالیستییەکانی خۆی داگیر بکا. سێهەم، ئەگەر لە هێندێ وڵات وەک توونس و میسر و تورکیە جووڵانەوەی ئیسلامی پەرەی گرتوە دەبێ بزانین کە ئەمە ئەو ئیسلامە نییە کە خومەینی ئالاهەڵگریەتی. تەنیا لە لوبنانە کە ڕێژیمی خومەینی بە کەلکوەرگرتن لە هەلومەرجی شەڕ لەم وڵاتەدا توانیویەتی بنکەیەکی بەرچاوی چەکدار ساز بکا. لە وڵاتەکانی دیکە جووڵانەوەی ئیسلامی نە زەمینەی پەرەئەستاندنی وەک ئێران هەیە و نە وەدوای مەبەستەکانی خومەینی کەوتوە، نە وەک ویلایەتی فەقیهی خومەینی شەڕخواز و دڕندەیە. جووڵانەوە لەم وڵاتانەدا باری سیاسی هەیە و، زیاتر ڕاپەڕینێکە دژی هەژاری و بێعەدالەتی و دیکتاتۆری لە لایەکەوە و، دژی زاڵبوونی سیاسەت و فەرهەنگی ڕۆژئاوا لە لایەکی دیکەوە. واتە دژکردەوەیەکە بەرامبەر بە ناتەباییەکانی چارەسەر نەکراوی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی لەژێر سەرپۆشی دیندا. ڕێژیمی خومەینییش لەم وەزعە کەلک وەردەگرێ و ساڵێ سەدان میلیۆن دۆلار بۆ هاندانی موسوڵمانەکان لە سەرانسەری دنیا و بە تایبەتی لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شیمالی ئەفریقا تەرخان دەکا. بێگومان ئەگەر سەرەچاوەکە وشک بێ و، ڕێژیمی خومەینی بڕووخێ، ئەو کاتە جووڵانەوەی بە ناو ئیسلامی بە شێوەی ئەمڕۆ بەرە بەرە دادەمرکێ. چونکە لە لایەکی دیکە، ئێستا بۆ زۆر لە گەلانی وڵاتانی ئیسلامی دەرکەوتوە بە ناوی ئیسلام چی بەسەر گەلانی ئێران هێناوە. بۆیان دەرکەوتوە کە خومەینی شەڕخواز و خوێنمژ و ئاژاوە گێڕ و تێرۆریستە. کەواتە وەزعی هێندێ جێگا کە ئێستا وەک ناوەندی ئاژاوە دێنە بەرچاو، زیاتر دەستکردە و لە دەرەوەڕا هان دراوە.

دیسان هەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی خەلیجی فارسە کە بۆتە نوقتەی هەرە ئاڵۆزی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی. خەلیج کە زیاتر لە حەوت ساڵە لە مەیدانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقە، ڕەنگە لە دواڕۆژدا ببێتە مەیدانی شەڕی نێونەتەوەیی و، هۆی تێکچوونی وەزعی مەوجوودی گشت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. خەلیج لە دوو بارەوە گرینگیی تایبەتی هەیە: یەکەم، سەرچاوەی بەشێکی زۆر بەرچاوی نەوتی جیهانە و ماشینی ئابووریی زۆر وڵاتی پێشکەوتوو بە نەوتی وڵاتانی خەلیج هەڵدەسووڕێ. دووهەم، خەلیج ناوچەیەکی ستراتێژیی گرینگە. هەر هێزێک تەنگەی هورموز لە خەلیجدا بە تەواوی کۆنترۆڵ بکا، گەرووی ئابووری و نیزامیی زۆربەی وڵاتانی کەناری خەلیجی بە دەستەوە دەبێ و،

دەتوانێ تەوژمێکی سیاسیی بێوێنە بخاتە سەر ئەم وڵاتانە. کۆنترۆڵی خەلیجی فارس لە لایەن هەرکام لە دەوڵەتە مەزنەکانەوە قازانجی ئابووری و ستراتیژیی وڵاتەکەی دیکە دەخاتە مەترسییەوە و، هەر بۆیەش خەلیج لە باری ئابووری و ستراتیژیکییەوە لە گشت سیاسەتی جیهانییدا جێگایەکی گرینگی هەیە.

ماوەیەکە سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕێژیمی خومەینی کە بە ڕواڵەت دژی ئەمریکایە، بۆتە هۆی هێنانی هێزی دەریایی ئەمریکا و وڵاتەکانی دیکەی «ناتۆ» بۆ نێو خەلیج و بەم جۆرە بە کردەوە هەماهەنگییەک لە نێوان سیاسەتی کۆماری ئیسلامی و ئیمپریالیزمی ئەمریکادا پێک هاتوە. ئێستا کێشەی خەلیج گرینگترین و ئاڵۆزترین کێشەی نێونەتەوەییە کە ئاکامەکەی شوێن دەخاتە سەر سیاسەتی گشتیی نێونەتەوەیی.

سەرەڕای هەموو ئەم گیر و گرفتانە، دوو ڕەوتی زۆر بەرچاو لە سیاسەتی جیهانییدا بەدی دەکرێ: یەکەم، ڕەوتی ئاشتیخوازانەیە کە لابردنی چەکی ئاتۆمیی مەودا نێونجی لە ئورووپا سەرەتایەکی گرینگیەتی. وا دێتە بەرچاو کە پاش ساڵی ١٩٨٨، بە سەقامگیر بوونی سیاسەتی نوێ لە یەکیەتیی سۆڤیەتی و گۆڕانی سەرکۆماری ئەمریکا، هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ چوونە پێشی ڕەوتی ئاشتی بێتە گۆڕێ. ڕەوتی ئاشتی نەک هەر لە نێوان دوو دەوڵەتی مەزن، بەڵکوو لە زۆر جێگای دیکەش خۆی دەنوێنێ و گەلێک دەوڵەت کە جاران ناکۆکی لە نێوانیاندا دەبوو بە هۆی تێکهەڵچوونی نیزامی، ئێستا ڕوویان لە وتووێژ کردوە. وەک یەکیەتیی سۆڤیەتی و چین، هێندوستان و پاکستان، وڵاتەکانی ئەمریکای مەرکەزی و هیی دیکە. بیروڕای گشتی لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوادا دەوڵەتەکانی ئەم وڵاتانە هان دەدا بۆ ئەوەی لە بردنە پێشی ڕەوتی ئاشتییدا چالاکتر بەشداری بکەن.

دووهەم، ڕەوتی دێموکراتیزە بوونە. ئەم ڕەوتە ئێستا بۆتە ڕەوتێکی جیهانی، کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە ئەمریکای لاتین (پاناما و هائیتی)، لە ئاسیا (فیلیپین و کورەی جنووبی) و، لە ئەفریقا (سوودان) هەنگاوێکی دیکەش چۆتە پێش. هەرچەند ئەم ڕەوتە کۆسپی زۆر لەسەر ڕێگایە و، تووشی زۆر تەنگ و چەڵەمەش دەبێ و، وەک نموونەی فیلیپین نیشان دەدا لە ئیمکانیدا نییە گیر و گرفتەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە زوویی چارەسەر بکا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە، دێموکراسی بۆتە ئامانجێکی جیهانی و، دێموکراتیزە کردن نەک هەر لەو وڵاتانەدا کە «سەرمایە» زاڵە، بەڵکوو لە وڵاتەکانی سۆسیالیستییشدا بۆتە ڕەوتێکی هەرە گرینگی سەردەمی ئێستا.

### ٢- شەڕ و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی

ماوەی نۆ ساڵە شەڕ بۆتە تایبەتمەندییەکی جیانەکراو لە جەوهەری کۆماری ئیسلامی، بە شێوەیەک کە وێنەی کۆماری ئیسلامی بەبێ شەڕ هەر بە فیکردا نایە. کۆماری ئیسلامی شەڕخواز و شەڕسازکەرە و، شەڕ لایەنی هەرە بەرچاوی سیمای کۆماری ئیسلامییە.

لە پێشدا شەڕ دژی جووڵانەوەی دێموکراتیی خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد. بەڵام بۆ شەڕخوازیی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی ئەم شەڕە کافی نەبوو. بۆیە، بە سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی خۆیان عێراقیان بۆ هێرش کردن بۆسەر ئێران هان دا و ئەم شەڕەیان ساز کرد کە ئێستا ئەوە هەشتەمین ساڵە لە نێوان ئێران و عێراقدا درێژەی هەیە.

ئەم شەڕە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، شەڕی هەرە وێرانکەر و، هەرە خوێناوی و، هەرە درێژی کلاسیکییە کە ڕووی داوە. تەنیا ئێران زیاتر لە یەک میلیۆن کوژراو و بریندار و سێ میلیۆن ئاوارەی هەیە. دەیان شاری گەورە و بچووک و سەدان گوند و هەزاران قوتابخانە و نەخۆشخانە و کارخانە و کارگا وێران بوون. خەسارەتی شەڕ هەر لە ئێران زیاتر لە ۲۰۰ میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ. شوێنی ڕەوانیی ئەم شەڕە لە باری دڵیەزێنییەوە کەمتر لە کوشتار و وێرانییەکەی نییە. سەدان هەزار بنەماڵەی بێسەرپەرست ماون و زۆر بنەماڵە بە تەواوی لێک هەڵوەشاون. هەستی بە کارهێنانی زۆر (خشونت) لە نێو کۆمەلانی خەڵک و بە تایبەتی لاوەکاندا بەهێزتر بووە. پێوەندییەکانی ئینسانی تایبەتی زەمانی سوڵح تێک چوون. کۆمەڵ تووشی گەلێک نەخۆشیی کۆمەڵایەتی بووە کە نە لە ئەژمار دێن و، نە دەکرێ بە ڕەقەم باسیان بکەی. بەڵام شوێنەواریان دەیان ساڵ پاش شەڕیش هەر دەمێنێتەوە.

دەردی گەورەتر ئەوەیە کە لە ڕوانگەی کۆمەلانی خەڵکی ئێرانەوە، ئەم شەڕە شەڕێکی بێمانا و بێسوودە. نە شەڕێکە کە مەبەستی ڕزگاریی گەلێکی تێدا بێ و، نە شەڕێکە کە لەبەر دیفاع لە نیشتمان پێک هاتبێ. ئەم شەڕە درێژە پێدانی سیاسەتی کۆنەپەرستانە و مەزنیخوازانەی کۆماری ئیسلامییە و، سێ مەبەستی سەرەکی بەڕێوە دەبا: یەکەم، ئاخوندەکان لەو بڕوایەدان کە هێشتا هەر دەتوانن لە ڕێگای شەڕەوە شۆڕشی ئیسلامی، یان لە ڕاستییدا فەلسەفەی ویلایەتی فەقیهیی خۆیان بۆ وڵاتانی دیکە سادر بکەن. پێیان وایە ئەگەر لە سەرەتای ئیسلامدا بە زۆری شمشیر خەڵکی گەلێک وڵاتان کران بە موسوڵمان، ئێستاش دەکرێ ئیسلامی خومەینی بە تۆبزی بەسەر گەلانی دیکەدا بسەپێندرێ. دووهەم، شەڕ سەرپۆشێکە کە لەسەر گیر و گرفتە چارەسەر نەکراوەکانی وڵات دانراوە و، ئامرازێکی زۆر لەبارە بۆ شاردنەوەی بوحرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و، ناتەباییەکانی نێوخۆی ڕێژیم. سێهەم، شەڕ وەسیلەیەکە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان. هەر ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی بە ناوی ئەوە کە شەڕە و «وحدت کلمە» پێویستە و، وەختی هێنانە گۆڕی داخوازیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری نییە، سەرکوت دەکرێ و، هەر جووڵانەوەیەکی کۆمەلانی خەڵک دژی سەرەڕۆیی ڕێژیم بە ئاگر و ئاسن وڵام دەدرێتەوە. واتە ئەگەر شەڕ بۆ گەلانی ئێران بەڵایەکی ماڵ وێرانکەرە، بۆ دەسەڵاتی ئاخوندی دیارییەکی زۆر بەنرخە. بۆیە خومەینی خۆێنمژترین دەسەڵاتداری ئەم چەرخە بە ڕاشکاوی دەڵێ: «شەڕ نیعمەتی خودایە» و، بە دایم داوا دەکا کە تەندووری شەڕ گەرم ڕابگیرێ.

بۆ گەرم ڕاگرتنی تەندووری شەڕ و، ناردنی لاوەکان بۆ جەبهە ڕێژیمی خومەینی دوو شێوە بە کار دەهێنێ: کەلکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبی و نەزانیی لاوان شێوەی یەکەمە. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای شەڕەوە تا ئێستا لەسەر ئەم شێوەیە بەردەوامە. خومەینی بە لاوانی بەسیجی بەڵێنی دەدا کە چ بکوژن و چ بکوژرێن هەر سەرکەوتوون. ئەگەر بکوژرێن دەچن بۆ بەهەشت و، ئەگەر دوژمن بکوژن بەرەو سەرکەوتنی دوایی ڕۆیشتوون. ڕۆژنامەکانی ڕێژیم قسەکانی ئاخوند «بەهەشتی» دووپات دەکەنەوە کە دەیگوت: «بەسیجییەکان باڵندەی لە خوێندا شەلاڵن و، جێگایان لەم دنیایەدا نییە.»

بێجگە لەوە، کاربەدەستانی ڕێژیم چەندین ساڵە ئیددیعا دەکەن کە سەرکەوتنی یەکجاری نیزیکە. بەڵام ئەم سەرکەوتنە نەک هەر خۆی نانوێنێ، بەڵکوو بە پێچەوانە، ئێستا پاش زیاتر لە

حەوت ساڵ شەڕ لە هەموو کاتێک دوورتر دێتە بەرچاو. هەرچی ماوەی شەڕ درێژتر دەبێ، هاندانی لاوانیش بە ناوی بەهەشت و سەرکەوتنی دوایی دژوارتر دەبێ. بۆیە ڕێژیم ناچارە بۆ ناردنی لاوان بۆ جەبهەکان پەنا بۆ شێوەی دووهەم بەرێ کە بریتییە لە زۆر بە کارهێنان. قوتابیی مەدرەسەکان کە جارێ نەگەیشتوونە تەمەنی سەربازی، کارمەندی ئیدارەکان کە تەمەنی سەربازییان لەمێژە بەجێ هێشتوە، خەڵکی گوندەکان کە بۆ نێو شارەگەورەکان کۆچیان کردوە و بێکارن، کە لەشکرێکی چەند میلیۆنین، پۆل پۆل کۆ دەکرێنەوە و بە زۆر بەرەو مەیدانی شەڕ دەنێردرێن.

شکست بە دوای شکستدا، ڕێژیمی ئاخوندیی ناچارە کردوە کە چەندین جار تاکتیکی شەڕی خۆی بگۆڕێ. نە چەندین هێرشی بەربڵاوی شەپۆلی ئینسانی کە دەیان هەزار کوژراویان لە مەیدانی شەڕدا بەجێ هێشت و، نە تاکتیکی ماندوو کردنی عێراق کە ماوەی سێ ساڵە درێژەی هەیە سوودێکی ئەوتۆیان بۆ ڕێژیم نەبووە. بۆیە ئێستا ڕێژیمی خومەینی پەنای بۆ تاکتیکی عێراقی کردنی شەڕ بردوە. واتە دەیهەوێ شەڕی دژی حکوومەتی عێراق بە خەڵکی عێراق بکا و، چونکە ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی لە عێراقدا کزە، هەموو هیواکەی بە جووڵانەوەی گەلی کورد لە عێراقە. بۆیەش لە ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و چاپەمەنییەکانیدا بە پان و بەرینی باسی کوردی عێراق دەکا، بێ ئەوەی دیاریی بکا کە ئامانجی ئەم جووڵانەوە چییە. هەتا بۆشی بکرێ نیشانی دەدا کە کوردستانی عێراق لەژێر سەرکردایەتیی قەرارگای ڕەمەزان و، بۆ هێنانە سەر کاری کۆمارێکی ئیسلامی لە عێراقدایە کە هەوڵ دەدا. هەموو ئەو باسەش لەسەر کوردستانی عێراق لە حاڵێکدایە کە ڕێژیمی ئاخوندی بە درندانەترین شێوە پەلامار دەباتە سەر کوردەکانی «خۆی»، یانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

بەڵام تاکتیکی عێراقی کردنی شەڕ، مانای ئەوەیە کە ڕێژیم هیوای بەوە نەماوە کە بە هێزی خۆی بتوانێ شەڕ درێژە پێ بدا. هەروەها بە مانای ئەوەیە کە بە پێچەوانەی تەبلیغاتی هەموو ڕۆژەیان هیوای سەرکەوتنی نیزامیی یەکجاری بەسەر عێراقیان لەدەست داوە.

کۆماری ئیسلامی لە شەڕی نێوخۆی بە دژی عێراق، بێجگە لەوە کە چیی دیکە لاوانی بە هاسانی بۆ بەسیج ناکرێ و، ورەی زۆربەی ئەوانەش کە دەنێردرێنە مەیدانی شەڕ زۆر لە خوارێیە، خاڵێکی کزی دیکەشی هەیە، ئەویش بریتییە لەمە کە ئێستا زەخیرەی چەک و تەقەمەنیی ڕێژیمی شا بنی هاتوە و چەکی پێشکەوتووشی وەک جاران بە هاسانی دەست ناکەوێ. هێندێ لە دەوڵەتان کە پێشتر بە ئاشکرا و بە نهێنی چەکیان پێ دەفرۆشت، ئێستا لەبەر بیروڕای گشتیی وڵاتەکانی خۆیان ناوێرن ئەم کارە بکەن. یانی چەک بە ڕێژیمێک بفرۆشن کە لە لای هەموو کەس لە سەرانسەری دنیادا بە ڕێژیمێکی شەڕخواز و تێرۆریست ناسراوە. لە بازاڕی ڕەشیش وا دیارە، هەموو چەکێک دەست ناکەوێ. ئەوانەش کە دەست دەکەون چەند جار گرانترن. بێجگە لەمە، وەزعی تەداروکاتی «لۆجێستیکی»ی ڕێژیمیش کز و شپرزەیە. نەک هەر چەک و تەقەمەنی بە وەختی خۆی و بە ئەندازەی پێویست ناگاتە دەستی هێزەکانی ڕێژیم، بەڵکوو گەلێک جار سەرباز و بەسیجی تەنانەت نانیان نییە بیخۆن و زۆر جار دیتراوە کە لە گوندەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ سواڵ دەکەن. هەر چەند بوودجەی ڕەسمیی شەڕ ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبێ، بەڵام دیسانیش دەستی دەوڵەت هەر کورتە و، زۆ لە پێداویستییەکانی جەبهەی بۆ دابین ناکرێ، چونکە داهاتی دەوڵەت لەبەر هەرزانتربوونی نرخ

و هەروەها لەبەر نزمبوونەوەی ڕادەی سادراتی نەوت، زۆر هاتۆتە خوارێ. درۆ و دەلەسەی ڕێژیم لەسەر دروست کردنی چەکی پێشکەوتوو، ژێردەریایی، مینی تایبەتی، فڕۆکەی مۆدێرن و مووشەک و شتی وا زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی ورەی نزمی چەکدارەکانییەتی، دەنا پسپۆڕە نیزامییەکانی بێگانە گاڵتە بەو ئیددیعایانە دەکەن.

بنبەستی نیزامیی ڕێژیم تەکمیل و تەواوە: لە لایەک سەرکەوتن مومکین نییە، چونکە ڕێگا بۆ پێشەوە بەربەست کراوە. لەم لاشەوە، پاشەکشە بە مانای لەژێرنانی فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی و خۆشکردنی ڕێگای ڕووخانە. بۆیە پاشەکشە ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، زۆر دژوارە.

ئەم جارە ڕێژیمی ئاخوندی کەوتۆتە بنبەستێکی سیاسییش. بڕیاری ژمارە ٥٩٨ـی ئەنجومەنی ئاسایش کە داوای تەقەوەستاندن و پاشەکشە بۆ پشت سنوورەکان و، گۆڕینەوەی هەموو دیلەکان دەکا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەراسان کردوە. لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا زۆر بە دەگمەن هەڵکەوتوە کە پێنج دەوڵەتی گەورەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بەم شێوەیە لەسەر گیر و گرفتەکانی ئاوا گرینگ یەکگر و یەکدەنگ بن. ئێستا ڕێژیمی خومەینی لە مەیدانی سیاسەتی جیهانییدا تاک و تەریک ماوەتەوە. لە دوو دۆستەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشی، لیبی ئێستا لای داوە و، پێوەندیی خۆی لەگەڵ عێراق نوێ کردۆتەوە. تەنیا سووریەیە کە بە ڕواڵەت پشتیوانیی خۆی لە ڕێژیمی ئێران هەر درێژە پێ دەدا. بەڵام بە کردەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە کۆماری ئیسلامی دوورتر و لە عێراق نیزیکتر دەبێتەوە. بەم چەشنە، وڵاتەکانی عەرەبی، ئێستا دژی کۆماری ئیسلامی لە جاران یەکگرتووترن و، زیاتر پشیوانی لە عێراق دەکەن کە بە ئاشکرا ڕای‌گەیاندوە بڕیاری ژمارە ٥٩٨ـی ئەنجومەنی ئاسایشی قەبووڵە. سیاسەتی شەڕفرۆشتنی ڕێژیم بە وڵاتەکانی خەلیج و بە تایبەتی کوەیت و عەرەبستانی سعوودی وەزعێکی ئەوتۆی پێک هێناوە کە خەلیجی فارس بە تەواوی لە باری نیزامییەوە لە ڕێژیم تەنراوە، پاش ئەو هەموو هەڕەشەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیم کردیان، ئێستا هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا ئەوەیان لەدەست دێ کە مین بچێنن و، جاروباریش لە دوورەوە دەستێک بوەشێنن.

ڕاستی ئەوەیە کە ڕێژیمی خومەینی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا هەم لە باری سیاسی و هەم لە باری نیزامییەوە بە توندی گەمارۆ دراوە و ئاڵقەی ئەم گەمارۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ دەبێتەوە. داوێک کە خومەینی بۆ خەڵکی دیکەی دانابوو بۆ خۆی تێی کەوتوە و کەسیش نییە بە هاواری بگا.

کۆماری ئیسلامی لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمریکا واتە «شەیتانی گەورە» پێوەندیی دۆستایەتی دابمەزرێنێ. دەرکەوت کە چەندین جار بە میلیۆن دۆلار هەم لە ئەمریکا و هەم لە ئیسرائیل چەک و تەقەمەنیی کڕیوە. لەم دواییانەدا ئاشکرا بوو کە لە بەرامبەر وەرگرتنی چەک و تەقەمەنی لە ئیسرائیل ڕێژیم ئامادە بووە ڕێگا بدا پێنج هەزار جوولەکە لە ئێرانەوە بۆ ئیسرائیل کۆچ بکەن. پاش وتووێژێکی نهێنیی دوورودرێژ، «مەک فارلەن» موشاویری پێشووی ڕێگان سەفەرێکی بۆ تاران کرد. بەڵام ناکۆکی لە نێوان دوو باڵی ڕێژیم بە سەرۆکایەتیی مونتەزیری و ڕەفسەنجانی بوو بە هۆی ئەوە کە هاتنی «مک فارلەن» ئاشکرا بێ و، پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا کە ئەم جارە بە ئاگاداریی شەخسی خومەینی بوو سەر نەگرێ. هەموو ئەم ڕووداوانە، نیشانەی بەرچاوی

دووڕوویی و ڕیاکاریی ڕێژیمی خومەینییە، کە لە کاتێکدا دروشمی بمریَ ئەمریکا و بمریَ ئیسرائیلی بە ئاسمان گەیاندوە، لە بنەوە لەگەڵ هەر دوو ئەم دەوڵەتە کەین و بەینی هەیە، موعامەلەیان لەگەڵ دەکا و، ئامادەیە دۆستایەتییشان لەگەڵ دابمەزرێنیَ.

بەڵام ئەگەر لە باری سیاسییەوە ڕێژیم لە مەیدانی جیهانییدا تەریک ماوەتەوە، لە باری ئابوورییەوە، پێوەندییەکەی لەگەڵ هێندیَ وڵات پەرەی گرتوە. هۆیەکشی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی گرینگترین شتومەکی سادراتی خۆی کە نەوتە لە هەموو کەس هەرزانتر دەفرۆشیَ. هەر بۆیەش تەنانەت شیرکەتە نەوتییەکانی ئەمریکایی و ژاپۆنییش نەوتێکی زۆری لیَ دەکڕن. ئەگەر دەوڵەتی وەک دەوڵەتی تورکیەش کە نە نەوتی هەیە و نە ئەرزی کافی، بایی بازرگانیی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوودا چەند جار بردۆتە سەریَ، هۆیەکەی هەر ئەمەیە. بێجگە لەمە کۆماری ئیسلامی کە ئیمکانی سادر کردنی نەوتی خۆی لە ناوچەی خەلیجەوە لە مەترسییدا دەبینیَ، دەستی کردوە بە بەرینتر کردنی هاوکاریی ئابووری و بازرگانیی خۆی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی بە مەبەستی ناردنە دەرەوەی نەوت و گاز لە شیمالەوە و، هەورەها بۆ دەرهێنانی نەوتی بەشی خوارووی دەریای خەزەر. وڵاتەکانی سۆسیالستیی ئورووپای ڕۆژهەڵات و چینی گەلییش کە پێویستییان بە نەوت هەیە و ئەرزشیان ئەوەندە نییە کە بتوانن نەوتەکە لە بازاڕی ئازاد بە دۆلار بکڕن، لەسەر بناغەی ئەسڵی گۆڕینەوەی شتومەک بە شتومەک، واتە نەوت بەرامبەر بە شتومەکی دیکە، بازرگانیی خۆیان لەگەڵ ئێران پەرە پیَ دەدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوە ئامادە نین لە سیاسەتی دژی دێموکراتی و شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی بکەن.

### ٣- وەزعی ئێران

سیاسەتی کاربەدەستان لە دوو ساڵی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی بەرەو قووڵتر کردنی بوحرانی گشتیی ڕێژم، بەرەو توندتر کردنی ناتەباییەکانی نێوخۆی نیزامی ویلایەتی فەقیهی هان داوە. نەک هەر گیر و گرفتە کۆنەکان چارەسەر نەکراون، بەڵکوو گەلێک تەنگ و چەڵەمەی دیکەش پەیدا بوون کە ڕێژیمی خومەینییان زیاتر لە جاران لە تەنگانە خستوە.

گشت لایەنەکانی ئەم قەیرانە گشتییە بە شێوەیەکی ئۆرگانیک پێکەوە بەستراونەتەوە. بنبەستی سیاسەتی نیزامیی ڕێژیم کە لەسەر درێژە پیَدانی شەڕ بناغە کراوە، وەزعی ئابووریی وڵاتی شپرزەتر کردوە و، بیَداهاتی و دەسکورتیی ڕێژیمیش بە نۆرەی خۆی بۆتە یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی بیَدەرەتانیی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی شەڕدا. قەیرانی ئابووری و درێژە پیَدانی شەڕ ڕێگا نادەن هیچ کام لە دەیان گیروگرفتی گرینگی کۆمەڵایەتی وەک گرانی و بیَکاری و بیَخانوویی و بیَمەدرەسەیی و بیَپزیشک و دەرمانی و هیی دیکە چارەسەر بکرێن. لە ئاکامدا ناڕەزایی خەڵک لە ڕێژیمی ئاخوندی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنیَ و، هەر سیَ لایەنەکانی بوحران، ئابووری و نیزامی و کۆمەڵایەتی، ناتەباییەکانی نێوخۆی ڕێژیم توندوتیژتر دەکەن کە لە نێو دەسەڵاتی حاکمیشدا دەنگ دەداتەوە.

ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر هێندیَ ڕەقەم و ئامار هەم وەزعی بوحرانی ئابووری و هەم بیَبەرنامەیی و سەرگەردانیی دەوڵەت لەم مەیدانەدا بە ئاشکرا دەردەخا.

لە ساڵی ١٣٦٥ـدا هەڵدانی ئابووری ژێر سیفر بووە. مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە بەرهەمی

ساڵی ١٣٦٥ نەگەیشتۆتە ڕادەی ساڵی ١٣٦٤، ئەوە لە کاتێکدایە کە ژمارەی دانیشتووانی ئێران لەم یەک ساڵەدا یەک میلیۆن و نیو زیادی کردوە. نیوەی حەجمی سەنعەتیی وڵات نووستوە و کار ناکا. زۆر لە کارخانەکان ئامرازی پێویست، کەرستەی خاو و ئەفرادی پسپۆڕیان نییە و لەکار کەوتوون. بە قسەی وەزیری سەنعەتی قورس، گشت بەرهەمی ئەو کارخانانەش کە بە نیوە کار دەکەن بۆ جەبهەی شەڕ تەرخان کراوە.

بوحرانی درێژخایەنی کشتوکاڵ هەر بەردەوامە. پاش ٩ ساڵان هێشتا ڕێژیم نەیتوانیوە سیاسەتی خۆی لە مەسەلەی زەوی بە ڕوونی دیاری بکا. دەیان هەزار هێکتار زەویی بێکەلک ماونەتەوە و کەس نایانکێڵێ. بێجگە لەوە کەمبوودی ئامرازی پێویست وەک کۆمباین، تراکتۆر و تەنانەت سووتەمەنی لە لایەک و ڕەوانەکردنی لاوان بۆ جەبهەکانی شەڕ لە لایەکی دیکە، کشتوکاڵی لە وەسائیلی بەرهەمهێنان و هێزی کار بێبەش کردوە. داهاتی نەوتیش کە دیارە لەبەر پڕبوونی بازاڕی جیهانی، هێرشی عێراق بۆسەر کەشتییە نەوتکێشەکان و، هاتنە خواری نرخی نەوت کەم بۆتەوە.

لە ساڵی ١٣٦٥دا کۆماری ئیسلامی توانیویەتی ڕۆژانە لە باتی میلیۆنێک و حەوسەد هەزار بۆشکە کە پێشبینی کرابوو، تەنیا میلیۆنێک و سێسەد هەزار بۆشکە نەوت سادر بکا. بەم شێوەیە داهاتی چاوەڕوانکراوی ١٨ میلیارد دۆلاری لە نەوت لە ساڵی ١٣٦٥دا لە ٨ میلیارد دۆلار کەمتر بووە.

هەرچەند بۆ ساڵی ١٣٦٦ بەرنامە دانراوە کە ڕۆژانە میلیۆن و نیوێک بۆشکە نەوت سادر بکرێ، بەڵام ڕووداوەکانی خەلیجی فارس نیشانیان دا کە ڕەنگە ئەمساڵ ڕادەی سادراتی نەوت لە پار زیاتر نەبێ.

لە وەزعێکی ئابووریی ئەوتۆدایە کە مەجلیس بوودجەی ٤٠٠٠ میلیارد ڕیاڵیی ساڵی ١٣٦٦ی پەسەند کردوە. بە پێی ئەم بوودجەیە داهاتی دەوڵەت ٢٦٥٥ میلیارد ڕیاڵ بەراورد کراوە کە دیارە وەک جاران لە واقعیەت دوورە. سەرەڕای ئەوە هەروەک دەبینین دیسان ١٣٤٤ میلیارد ڕیاڵ کەسریی بوودجە هەیە کە دەبێتە ٣٤٪ی هەموو بوودجە و زیاتر لە ٥٠٪ی داهاتی بوودجە. گومانی تێدا نییە کە کەسریی بوودجەی ڕاستەقینە زۆر لەم ڕەقەمەش زیاترە. بە پێی ئاماری ڕەسمی لە ماوەی پێنج ساڵدا واتە لە ساڵی ١٣٦٢ەوە تا ساڵی ١٣٦٦ کەسریی بوودجەی دەوڵەت ٣٤٠٠ میلیارد ڕیاڵ بووە.

دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە چەندین شێوە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسریی بوودجە کەلکی وەرگرتوە کە بریتین لەماڵیات و، داهاتی نەوت و، خەرجی پاشەکەوت و، فرۆشی دارایی و، چاپی دراو. لەبەر فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی و ئەو ڕاستییە کە هێندێ لە ئاخوندەکان تەنیا خومس و زەکات بە شەرعی دەزانن و هەروەها لەبەر نزم بوونەوەی داهاتی کۆمەڵانی خەڵک، ئیمکانی وەرگرتنی ماڵیاتی زیاتر نەماوە. تەنانەت بە کردەوە، ئەو ماڵیاتەش کە لە داهاتی دەوڵەتدا پێشبینی کراوە بە تەواوی وەرناگیرێ. وەرگرتنی مانگانە و باجی ڕنگاوڕەنگیش لە قوتابییانی مەدرەسە و لە خەڵکی زەحمەتکێش بە ناوی یارمەتی بە جەبهە و جیهادی ماڵی دەردێکی ئەوتۆ چارەسەر ناکا. داهاتی نەوت بەو شێوەیە کە باسمان کرد نەک هەر ئیمکانی زیاد کردنی زۆر کەمە، بەڵکوو ڕەنگە ئەوەندەش نەبێ کە لە بەرنامەدا دانراوە. پاشکەوتە ئەرزییەکانی زەمانی پێش شۆڕشیش کە سەریان لە چەندین میلییارد دەدا، سەرفی

کڕینی چەک و تەقەمەنی و خواردەمەنی بووە. دارایی شا و شاپەرستانیش وەک بنکەی ئابووری و خانوو و زەوی و کەرستەی ماڵ کە دەستیان بەسەردا گیرا بوو لە لایەن بونیادی موستەزعەفین، بونیادی شەهیدان و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی دیکە فرۆشراوە و خەرج کراوە. تەنیا ڕێگایەکی سەرەکی کە ڕێژیمی خومەینی، بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە ئاکامە پڕ لە زیانەکەی بۆ ئابووریی وڵات، هەڵیبژاردوە، بریتییە لە چاپی دراو. لە ساڵی ١٣٥٣ هەتا ١٣٦٥ واتە لە ماوەی ١٢ ساڵاندا ئەسکیناسی مەوجوود لە بازاڕ ١٣ هێندە واتە هەر ساڵەی ٢٤٪ زیادی کردوە. بەڵام ئەگەر لە ساڵی ١٣٥٧ ئەم زیادکردنە، هەڵدانی بەرهەمی سەنعەتی و، ئاڵوگۆڕی خێراتری شتومەکی لەگەڵ بووە، لە پاش ١٣٥٧ هەم هەڵدانی سەنعەتی هاتۆتە خوارێ و، هەم بازاڕ کەساد بووە و ئاڵوگۆڕی شتومەک ئەو خێراییەی جارانی نەماوە. بە کورتی، یەکەم مەبەست لە چاپی ئەم هەموو دراوە کاغەزییە قەرەبوو کردنەوەی خەرجی شەڕ و خەرجەکانی ئاسایی دەوڵەت بووە. چاپ کردنی دروای بێپشتیوانە دیارە هۆی سەرەکیی ئاوسان (تورم)ـە، کە ئەمەش خۆی هۆی سەرەکیی گرانییە. گرانییەک کە ئێستا ڕێژیم بۆ خۆی بە تەواوی پێی لێ دەنێ و، بە خەیاڵی خۆی بۆ چارەسەر کردنی سزا یا «تعزیر»یشی بۆ داناوە. کە ئاشکرایە ئەم کارە ناتوانێ پێشی گرانی بگرێ. چونکە هۆیەکانی «گرانی» کە شەڕ، وەزعی شپرزەی ئابووری و، لە ئاکامدا ئاوسانی بێوێنەی دراوی بن، هەر لە جێگای خۆیانن. لە واقیعدا ئەگەر کەسێک بەرپرسی گرانیی بەسامی ئێستا بێ، هەر خودی دەوڵەتە نە دووکاندار و میوەفرۆشی بازاڕی. بێجگە لەوە، لە سیاسەتی ئابووریی دەوڵەتدا هێندێ دیاردەی سەرنج ڕاکێشەر هەیە کە یارمەتیی گرانتر بوونی شتومەک دەدەن. بۆ نموونە دەوڵەت ئەرزی ئازاد بە «بەشی تایبەت»ـی بازرگانیی دەرەوە دەفرۆشێ. بەشی تایبەتییش ئەو شتومەکەی کە لە دەرەوەڕا دەیهێنێ، دەبێ ئەوەندە گران بفرۆشێ کە هەم قەرەبووی گرانیی نرخی ئازادی ئەرز بکاتەوە، هەم سوودێکیشی دەست کەوێ. ئەمەش خۆی یەکێک لە هۆیەکانی ئاوسان و گرانییە. هەر چەند کاربەدەستانی ڕێژیم ئاوسانی ساڵانە بە ٢٠ تا ٣٠٪ دادەنێن، بەڵام لە واقیعدا ڕەقەمەکە لەمە زیاترە. هێندێ لە نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی لەو بڕوایەدان کە هەڵدانی ساڵانەی ئاوسان دەگاتە ٤٥ تا ٥٠٪.

لە ساڵی ١٣٦٤دا نیسبەتی سادراتی غەیری نەوتی بە واریدات ٣٪ و لە ساڵی ١٣٦٥ـدا کە هەم سادراتی غەیری نەوتی هێندێک زیادی کردوە و هەم واریدات هاتۆتە خوارێ، ئەم نیسبەتە گەیشتۆتە ٧/٥٪ واتە بە پێچەوانەی هەرا و هوریای قسەکەرانی ڕێژیم لەسەر «خودکەفایی»، ئابووریی وڵات لە کۆماری ئیسلامییدا هەروەک زەمانی شا بە نەوت بەستراوەتەوە.

لە ماوەی ٩ ساڵی ڕابردوودا پلەی ژیانی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک و بە تایبەتی زەحمەتکێشانی نزم بۆتەوە. کرێکاران و کارمەندانی دوڵەت واتە مووچەخۆران لەبەر ئاوسانی بێوێنەی دراو زیاتر هەست بە دژوارتر بوونی بەرێچوون دەکەن. ڕۆژنامەی «کیهان» ڕێکەوتی ٢٧ـی گەلاوێژی ١٣٦٦ دەنووسێ: «پێوانەی حەقدەست و کرێی ڕاستەقینەی سەرانەی نیزیک بە ٦٠٠ هەزار کەس لە مووچەخۆرانی کارگەکانی گەورەی سەنعەتی لە پایەی ١٠٠ لە ساڵی ٥٨ـدا بە کەمتر لە ٧٥ لە ساڵی ٦١ـدا و کەمتر لە ٥٠ لە ساڵی ٦٦ـدا گەیشتوە.» «کیهان» هەروەها دەنووسێ: «سامانی خاوەن-سەرمایەکان لە بەشی تایبەتی هێندە زیادی کردوە و، لە بەرامبەردا داهاتی نێونجیی مووچە خۆرانی دەوڵەت بە گشتی ئەوانەی کە

داهاتی سابیتیان هەیە لە نیوەش کەمتر بۆتەوە.» «کیهان» دەستنیشان دەکا کە هەر لە ساڵی ١٣٦٥دا ٥٠ میلیارد تمەن داهاتی بازرگانیی دەرەوە بە نەسیبی ٥ هەزار کەس لە بازرگانە زلەکان بووە کە داهاتی نێونجیی هەر کامیان ١٠ میلیۆن تمەن بووە. بەم جۆرە بە پێچەوانەی ئیددیعای کاربەدەستانی ڕێژیم بە ڕوونی دەردەکەوێ کە لە کۆماری ئیسلامییدا، دەسەڵات بە دەست سەرمایەدارانی گەورە و پشتیوانە ئاخوندەکانیانەوەیە. ئاکامی سیاسەتی ئابووریی ئەو توێژەیە کە سەرمایە و سامان لە لایەک و، هەژاری و بێبەشی لە لایەکی دیکەی کۆمەڵدا کۆ دەکاتەوە.

لە نەتیجەدا ژمارەی بێکاران بە شێوەیەکی نەدیتراو دەچێتە سەرێ. ڕێژیم تەنانەت بە بەسیج کردنی لاوان بۆ جەبهەی شەڕ نەیتوانیوە ژمارەی لەشکری بێکاران کەم بکاتەوە. بێکارییش ماکەی فەسادە، بۆیە لە نێو لاواندا مەوادی موخەدر بە پان و بەرینی بڵاو دەبێتەوە. لەگەڵ هەموو زوهد فرۆشیی ڕێژیم، فەحشا پەرە دەستێنێ. دزی و پیاوکوژی و ڕێگری گەیشتۆتە ئەو پەڕی خۆی و، بە کورتی فەساد نیشانەیەکی بەرچاوی سیمای کۆماری ئیسلامییە.

ئەم تەوژمە ئابوورییە، تێکەڵاو لەگەڵ فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر کۆمەڵانی خەڵک بۆ دەربڕینی بیزاری و ئیعتراز هان دەدا.

سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم نەیتوانیوە پێش بە خەباتی هێزە ڕەسەنەکانی کۆمەڵ بگرێ. لە دوو ساڵی ڕابردوودا خەباتی چەکدارانە لە بەلووچستان پەرەی گرتوە و هەر بەردەوامە. هەروەها لەم ماوەیەدا شاهیدی زۆر خۆپیشاندان، مانگرتن و شێوەی جۆراوجۆری دەربڕینی بێزاریی خەڵک دژی ڕێژیمی ئاخوندی بووین. لە هێندێ شار و گوند و کارخانە و کارگە و مەدرەسە، خەڵک بە یەکگرتوویی خۆی توانیویەتی پاشەکشە بە ڕێژیم بکا و، داخوازەکانی خۆی بە سەریدا بسەپێنێ.

بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەم بێزاری دەربڕینانە، بێبەرنامەی لە پێشدا داڕێژراو، بێبەڕێوەبەری ئاگا و شارەزا پێک دێن. بۆیە ڕێژیم ئیمکانی هەیە ئەم جموجۆڵانە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ڕابگرێ و، ڕێگا نەدا پەرە بستێنن. بێگومان، کۆمەڵانی خەڵک هەر بەو نیسبەتە کە نارەزایییان دەچێتە سەر، تاقی کردنەوەیەکی زیاتریشیان لە مەیدانی خەباتدا دەست دەکەوێ و، لە داوڕۆژدا بە ئاگایی و تێگەیشتنی سیاسیی قووڵترەوە دێنە مەیدانی خەبات. داخوازەکانی ئەم بێزاری و ئیعتراز و مانگرتنانە هەرچی کەم و چووکیش بێ، پشتیوانی لێ کردن، هان دان و پەرە پێدانیان ئەرکی ئەسڵیی هەموو ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ لە سەرانسەری ئێرانە. ڕاستە کە خەباتی چەکدارانە شێوەی ئەسڵیی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە و، بە داخەوە ئەم شێوە خەباتە بێجگە لە کوردستان و تا ڕادەیەک بەلووچستان لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا پەرەی نەگرتوە، بەڵام پەرە پێدانی هەموو شێوەکانی خەبات و گرێ دانیان بە خەباتی چەکدارانەوە لە داهاتوودا ئەرکێکی گرینگی شۆڕشگێڕانەیە کە وەدیهاتنی هەلومەرجی لابردنی ڕێژیمی خومەینی ئامادە دەکا.

یەکێک لە دیاردە هەرە بەرچاوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو توندتر بوونی ناکۆکی لە نێو دەسەڵاتدارانی ڕێژیمدایە. وەزعی بوحرانیی نێوخۆی وڵات، بنبەستی شەڕ و، تاک و تەریک مانەوە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانییدا لە نێوخۆی دەزگای حاکمدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە لایەک کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە وەک نیزامیک سەقامگیر بێ و، لە لایەکی دیکەش کاربەدەستانی ڕێژیم لە چارەسەر کردنی گیر و گرفتە گرینگەکانی وڵاتدا زەبوون و بێچارەن. بەرە بەرە کێشەی باڵەکانی ڕێژیم توند و تیژتر دەبێ و ئاشکراتر خۆی دەنوێنێ. داداگایی و ئێعدام کردنی مهدی هاشمی کە خۆشەویستی بن باڵی مونتەزیری بوو و، بۆ خۆی ناوەندێکی دەسەڵاتی ساز کردبوو، تەنانەت دژی هاتنی «مەک فارلەن» لە تاران خوپیشاندانی پێک هێنا، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی حیزبی جومهووری ئیسلامی کە خەریک بوو ببێ بە ناوەندێک بۆ دژایەتی لەگەڵ زۆر کار و کردوەوەی دەوڵەت، لەم پێوەندییەدا چەند نموونەی بەرچاون.

ئێستا دوو بەرەکی ڕوونتر خۆی دەنوێنێ. لە لایەک مونتەزیرییە کە بە ڕواڵەت بە جێنشینی خومەینی دانراوە و نفووزی لە نێو ئاخوندەکاندا کەم نییە. لە لایەکیش هاشمیی ڕەفسەنجانییە کە سپای پاسدارانی وەک هێزی سیاسی و چەکداری هەرە بە دەسەڵاتی ڕێژیم خستۆتە ژێر نفووزی خۆی. بە هۆی براکەشی ڕادیۆ و تەلەویزیۆن کۆنترۆڵ دەکا. لە مەجلیسدا کە بە قسەی خومەینی ئۆرگانی هەرە گرینگی کۆماری ئیسلامییە، خاوەن دەسەڵاتە و، دەریش دەکەوێ کە لە شەخسی خومەنییش لە هەموو ئاخوندە بەناوبانگەکانی دیکە نیزیکترە. دیارە دەستە و تاقمی چووکی دیکەش هەن. بەڵام ئاخوندە کاربەدەستانی دیکە لە نێو ئەم دوو تاقمەدا بە ئاشکرا و یا بە نهێنی یەکێک هەڵدەبژێرن و، ئەگەر بیروڕای خۆیان دەرناخەن هەم لەبەر ئەوەیە کە جارێ شەخسی خومەینی لە مەیداندایە و هەم لەبەر ئەوەیە کە چاوەڕوانن بزانن کامەیان دەرەتانی سەرکەوتنی زیاترە. هەڵوەشاندنەوەی حیزبی جومهووری ئیسلامی و، ئێعدامی مهدی هاشمی و، بە تایبەتی گۆڕینی وەسیەت نامەی خومەینی کە وێدەچێ بە زیانی مونتەزیری و بە قازانجی ڕەفسەنجانی بێ، بێگومان بۆ دەستەکەی ڕەفسەنجانی دەسکەوتن. بەڵام ناکرێ ئەم دەسکەوتانە بە دوا سەرکەوتن دابنێین.

هەڵوێستی خومەینی لە زیاد و کەم کردنی نیسبەتی هێزی ئەم دوو دەستەیەدا تەئسیری زۆرە. ئەگەر خومەینی چەند ساڵ لەمەو بەر «مونتەزیری» بە جێنشینی ڕەسمیی خۆی دیاری کردبوو، ئێستا لەم بارەوە دوودڵ بووە. لە لایەکەوە بۆی دەرکەوتوە کە مونتەزیری ئەو شەخسییەتە نییە کە بتوانێ کۆماری ئیسلامی ئیدارە بکا. بەڵام لە لایەکی دیکەش هەڵوەشاندنەوەی جێنشینی مونتەزیرییش هاسان نییە. بۆیە وێدەچێ چەند کەسێکی وەک هاشمیی ڕەفسەنجانی، خامنەیی، مشکینی و ئەحمەدی خومەینی پێکەوە لەگەڵ مونتەزیری لە لایەن خومەینییەوە دیاری کرابن، کە لە دواڕۆژدا و، بۆ ئەوە کە مونتەزیری بە تەنیا نەبێتە جێنشین، پێکەوە ببن بە «هئیت فقها».

ڕاستی ئەوەیە کە ناتەبایی لە نێو دەزگای دەسەڵاتداردا زۆر توندە و، بێگومان بە نەمانی خومەینی خۆی باشتر نیشان دەدا. بۆیەش مەسەلەی جێنشینی خومەینی چارەسەر نەکراوە و، ئەگەرچی ئێمە لەو بڕوایەدا نین کە پاش خومەینی کۆماری ئیسلامی دەسبەجێ دەڕووخێ، بەڵام دەکرێ بڵێین کە بێخومەینی ڕێگا بۆ ڕووخانی ڕێژیمەکەی خۆش دەبێ. چونکە بێجگە لەوە کە لە ئەساسدا کۆماری ئیسلامی لە لایەن مێژووەوە مەحکووم بە لاچوونە، جێنشینەکانی خومەینی لەبەر بێبەرنامەیی و بێکیفایەتی بۆ چارەسەر کردنی ئەو هەموو گیر و گرفتە کە لە پێشیانە و، لەبەر ئەوە کە بیروڕایان لەسەر زۆر مەسەلەی سەرەکیی وڵات لێک دوورە، ناتوانن پێکەوە حوکمداری بکەن و ئاخرەکەی دەکەونە گیانی یەکتر و، بەم

جۆرە یارمەتی دەدەن کە ناتەباییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر چی زووتر بتەقنەوە.

## ٤- وەزعی کوردستان

کوردستانی ئێران ئێستا مەیدانی دوو شەڕە: شەڕ دژی خەڵکی کوردستان و، شەڕ لەگەڵ عێراق. پاش نۆ ساڵ شەڕ، بە کوشت دانی پتر لە ٤٠ هەزار کەس لە چەکدارانی خۆی و خەرج کردنی چەندین میلیارد تمەن، ڕێژیمی خومەینی لە باری سیاسییەوە لە کوردستاندا سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە. لە باری نیزامییشەوە بە ئامانجی خۆی کە بریتییە لە سەرکوتکردنی یەکجاریی جووڵانەوەی گەلی کورد نەگەیشتوە. کوردستان ئێستاش بەرامبەر بە ڕێژیم قایم و ئاگاهانە بەربەرەکانی دەکا.

لە باری سیاسییەوە، ڕێژیمی ئاخوندی بە تەواوی تاک و تەریکە و، نەیتوانیوە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵی کوردەوارییدا بۆ خۆی ساز بکا. خەڵکی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی بێزارە و، ڕێژیم ناچارە بە زۆر و هەڕەشە خەڵک بەرێتە خۆپیشاندان و، نوێژی ڕۆژی جومعە و شتی وا. یان بە ناویان تۆماری پشتیوانی لە خۆی ساز بکا. بەڵام تەنانەت بە زۆریش ڕێژیم پێی نەکراوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناچار بکا لە شانۆسازییە پەیتا پەیتکانیدا بەشداری بکەن. لە ڕاستییدا، هیچ چین و توێژێکی تایبەتی لە کوردستاندا بەرچاو ناکەوێ کە بە دڵەوە ئامادەیی خزمەت کردن بە کۆماری ئیسلامی بێ.

ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشدا هێندێ کەسی ساویلکە بە قسەی کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی بە فریو چووبوون، ئێستا ئەوانیش لە ڕاستی حاڵی بوون. بۆیە ئێستا نیسبەتی هەموو ئەو کەسانە کە دڵخوازانە جاشەتی یا جاسووسی بۆ ڕێژیم دەکەن ناگاتە یەک لە سەدی دانیشتووانی کوردستان. ئەمە گەورەترین سەرکەوتنی سیاسیی جووڵانەوەی دێموکراتیی نۆ ساڵی ڕابردوو لە کوردستانە.

بە کورتی، لەگەڵ هەموو ئەو پڕوپاگەندە پووچ و بێنێوەرۆکەی کە ڕێژیمی خومەینی بە ناو بۆ دیفاع لە خەڵکی کوردستانی عێراق دەیکا. سیاسەت و هەڵوێستی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد بە گشتی و، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی بە تەواوی دوژمنانەیە و، ئامادە نییە چووکترین داخوازیی ڕەوای کۆمەڵانی کوردستان قەبووڵ بکا.

## ٥- تێکۆشانی حیزب

### ئەلف- سیاسەتی حیزب بەرامبەر بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن

ئەو سیاسەتەی کە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب بەرامبەر بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دیاریی کردبوو، لە نێوان دوو کۆنگرەدا بەڕێوە چووە، ئێستاش هەر بە دروست و ئوسوولیی دەزانین. پاش کۆنگرەی حەوتەم پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بڕیاری دا کە جارێکی دیکە لەگەڵ «سازمانی موجاهیدینی خەڵق» پێوەندی بگیرێ. مەبەست ئەوە بوو کە نەکا لەگەڵ ئەو سازمانە تووشی تێکەڵچوونی چەکدارانە بین، دەنا دەمانزانی کە هاوکاری کردن لەگەڵ موجاهیدین زۆر دژوارە. لە لایەن بەڕێوەبەریی حیزبەوە نامە بۆ موجاهیدین نووسرا و، داوای چاو پێکەوتنیان لێ کرا بۆ ئەوەی شێوەی پێوەندییەکانمان ڕوون کەینەوە. سازمانی موجاهیدین پاش دوو مانگان ناڕاستەخۆ و، بە دەم، نەک بە نووسین، وڵامی بۆ ناردینەوە کە

بە دوو مەرج ئامادەیە نوێنەری خۆی بۆ دانیشتن لەگەڵ حیزبی ئێمە بنێرێ: یەکەم، حیزب دەبێ ڕابگەیەنێ کە هیچ کات لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی وتوویژ ناکا. دووهەم، حیزب دەبێ بە ڕسمی و بە ئاشکرا هەڵوێستی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەرامبەر بە موجاهیدین مەحکووم بکا. ئاشکرایە کە دانانی ئەم مەرجانە لە لایەن سازمانی موجاهیدینەوە بە مانای ڕەت کردنەوەی پێشنیاری حیزب بۆ چاو پێکەوتنی نوێنەرانی دوو ڕێکخراو بوو.

لەو کاتەوە موجاهیدین چەندین جار لە دەزگا تەبلیغاتییەکانی خۆیاندا هێرشیان هێناوەتە سەر حیزبی ئێمە. بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین کە نە وەختی ئەوەمان هەیە و، نە دروستیشە کە هێز و توانای خۆمان خەساری کێشە لەگەڵ موجاهیدین بکەین.

هەڵوێستی حیزبی ئێمە بەرامبەر بە کۆمەڵە نەگۆڕاوە. جێگای دڵخۆشییە کە کۆنفرانسەکانی حیزبی بە تێکڕایی سیاسەتی حیزبیان بەرامبەر بە کۆمەڵە تەئید کردووە و، داوایان لە کۆنگرە ئەوەیە تا ئەو کاتە کۆمەڵە شەرتەکانی حیزب قەبووڵ نەکا -کە مانای ڕێزدانان بۆ ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پێکهێنانی ئاشتییەکی بەردەوام لە نێوان هەر دوو ڕێکخراوە- حیزب هەڵوێستی خۆی نەگۆڕێ.

کۆمەڵە ئێستا لە دوو بارەوە تووشی وەزعێکی نالەبار بووە: هەم بەشێکی بەرچاو لە هێزی چەکداری خۆی لەدەست داوە و لە کۆمەڵانی خەڵک لە زۆر ناوچەی کوردستان دوور کەوتووەتەوە و، ئەم ڕەوتەش هەر بەردوامە و، هەم ناتەبایی ئیدئۆلۆژیک و سەر لێشێواویی سیاسی لە نێوخۆی حیزبی بە ناو کۆمۆنیستی کۆمەڵەدا زیاتر لە جاران خۆ دەنوێنێ. ئێمە لەو بڕوایەداین کە بەردەوام بوونی حیزب لەسەر هەڵوێستی ئوسوولیی خۆی، وەزعی کۆمەڵە لەمەش کە هەیە شپرزەتر دەکا و دەیهێنێتە سەر ڕێبازی قەبووڵ کردنی واقعیەتی کوردستان.

ڕێکخراو و شەخسییەتەکانی دیکەی ئێران، چەپ یا دێموکراتی و کۆماریخواز، هەر کامیان ئامادەی هاوکاری لەگەڵ حیزبی ئێمە بوون، حیزبی ئێمە هاوکاری لەگەڵ کردوون و یارمەتییشی داون. هێندێ ڕێکخراویش هەن کە شوێنێکیان لە سیاسەتی ئێراندا نییە و، لە وەهم و خەیاڵدا دەژین. ئەوانە کاریان تەنیا ئەوەیە جار جار نامیلکەیەک بڵاو کەنەوە و، لە پەنای هێندێک قسەی بێسەرەوبەرە، بەشێوەیەکی زۆر نائوسوولی ڕەخنە لە سیاسەتی حیزبی ئێمەش بگرن. ئێمە کارمان بەو ڕێکخراوانە نەبووە و، لێیان گەڕاوین و، خۆمان بە وڵام دانەوە بەم چەشنە ڕێکخراوانە خەریک نەکردوە.

نیسبەت بە حیزبی توودە و سازمانی فیداییانی خەڵق «ئەکسەرییەت»، هەڵوێستی حیزبی ئێمە هەر ئەو هەڵوێستە ئوسوولییەیە کە لە کۆنگرەی شەشەمدا دیاری کراوە. بۆیەش تا ئێستا حیزب هیچ چەشنە هاوکارییەکی لەگەڵ ئەم دوو ڕێکخراوە نەکردوە. کومیتەی ناوەندیی فیداییانی خەڵق «ئەکسەرییەت»، چەندین جار نامەی بۆ بەڕێوەبەریی حیزب نووسیوە. بەڵام چونکە مەرجەکانی ئێمەیان بەجێ نەهێناوە، بۆ وتوویژ و هاوکاری پێوەندییان لەگەڵ نەگیراوە. ئێستاش ئەگەر ئەم ڕێکخراوە بەڕاستی دەیهەوێ لەگەڵ حیزبی ئێمە پێوەندیی دۆستانە دابمەزرێنێ و هاوکاری بکا، ڕێگای هەر ئەوەیە کە مەرجەکانی ڕەوای حیزبی ئێمە، کە لە «کوردستان»ی ژمارە ٩٩دا هاتوون، قەبووڵ بکا و ڕایان بگەیەنێ. بەخۆشییەوە بە کۆنگرەی هەشتەم ڕادەگەیەنین کە «سازمان فدائیان خلق» کە لە «ئەکسەرییەت» جیا بوونەوە، شەرتەکانی ئێمەیان قەبووڵ کرد و وێڕای ڕەخنە لە هەڵەکانی خۆیان نیسبەت

بە ڕێژیمی خومەینی پێیان لە هەڵەکانی خۆیان سەبارەت بە حیزبی دێموکراتیش نا و لە نەتیجەدا حیزبی ئێمەش ئێستا هاوکارییان لەگەڵ دەکا.

دیسان ئەو ڕاستییە دووپات دەکەینەوە کە لە چوارچێوەی ڕێژیمی خومەینییدا هیچ کام لە داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان: «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» نایەتە دی. بۆیەش دروشمی ڕووخانی ئەم ڕێژیمە و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی ئێستاش هەر شیعاری حیزبی ئێمەیە. بۆ وەدیهێنانی ئەم دروشمەیە کە بەڕێوەبەریی حیزب تێکۆشانی خۆی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی دێموکراتی لە هەموو هێز و ڕێکخراو و شەخسییەتە نیشتمان پەروەرەکانی سەرانسەری ئێران درێژە پێ دەدا. حیزبی ئێمە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ زۆر لە هێز و شەخسییەتەکانی ئێرانی پێوەندیی گرتوە و چەند هەنگاویش چۆتە پێش. بەڵام هەروەها کە لە کۆنگرەی حەوتەمدا گوترا، پێکهێنانی بەرە وختێکی زۆر و تێکۆشانێکی بێوچانی دەوێ. ئێمە هیواداریـن کە کەم کەم هەموو لایەنگرانی دێموکراسی و سەربەخۆیی لە ئێران تێبگەن کە پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی دێموکراتی و بە بەرنامەیەکی ڕوون و پەسەندکراو لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێرانەوە، ئەرکێکی پێویست و مێژووییە. کۆنفرانسەکانی حیزبی، بە گشتی هەوڵدانی حیزب بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئەوتۆیان تەئید کردوە و، بۆیەش لەم پێوەندییەدا بەڕێوەبەریی داهاتوو دەبێ تێکۆشانی خۆی درێژە پێ بدا.

### ب- سیاسەتی نێونەتەوەیی حیزب

حیزب لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەییدا، سیاسەتی ئوسوولیی خۆی واتە تێکۆشان بۆ پەرە پێدانی هاوکاری لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخواز و دژی ئیمپریالیستییەکان و، بە تایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی زۆرلێکراو و، پتەوتر کردنی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالستی درێژە پێ داوە.

نوێنەرانی حیزبی ئێمە لە دەیان کۆنگرەی حیزبە کۆمۆنیست و سۆسیالیست و دێموکراتەکاندا بەشدارییان کردوە. بۆ یەکەم جار نوێنەری حیزبی ئێمە وەک تەنیا ڕێکخراوێکی کوردستانی لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال- سۆسیالیست لە لیما پێتەختی پیرۆ لە ئەمریکای لاتین بەشدار بوو. هەروەها بۆ یەکەم جار چەند حیزبی کۆمۆنیست بە ڕەسمی بانگهێشتنیان لە حیزبی ئێمە کردوە کە بۆ کۆنگرەکانیان نوێنەر بنێرێ.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی سۆسیالستییش هەر بەردەوام بووە. ئێمە تێکۆشانی خۆمان بۆ باشتر کردنی ئەم پێوەندییانە هەر درێژە پێ داوە و، دەتوانین بڵێین کە هەنگاوێک چووینە پێش. بەڵام جارێ ئەو پێوەندییە کە ئێمە پێمان خۆشە لە نێوماندا دابمەزرێ پێک نەهاتوە. ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە ئەوە وڵاتەکانی سۆسیالستین کە لە پەرە پێدانی پێوەندییەکاندا زۆر بە پەلە نین. لە هێندێ لە کۆنفرانسەکاندا باسی ئەوە کراوە کە پێویستە ڕەخنە لە وڵاتانی سۆسیالستی بە تایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی بگیرێ کە دۆستایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکا. لە پێشدا دەبێ

بگوترێ کە یەکیەتیی سۆڤیەتی دراوسێی ئێرانە و، لەگەڵ هەر حکوومەتێکی لە ئێرندا لەسەر کار بێ ناچارە وەک دوو دەوڵەت پێوەندیی سیاسی و بازرگانی دابمەزرێنێ. ئەوە جێگای ڕەخنە نییە. ڕەخنەی ئێمە ئەوەیە کە لە وڵاتانی سۆسیالستی و لە یەکیەتیی سۆڤیەتییدا بۆ ناساندنی خەباتی خەڵکی کوردستان و پشتیوانی لەم خەباتە هیچ ناکرێ، هیچی لەسەر نانووسرێ و ناگوترێ، کە ئەوە لە لایەن وڵاتێکی سۆسیالستییەوە بە ناڕەوا دەزانین. بەڵام هەم سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی بە گشتی و، هەم هەلومەرجی سیاسیی ناوچە لە گۆڕاندایە و، خەباتی ئێمەش درێژخایەنە. بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین کە زۆری پێ ناچێ دۆستایەتیی حیزبی ئێمە و حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی پتەوتر دەبێ و، پێوەندییەکانمان زیاتر پەرە دەستێنن و، بەسوودتر دەبن. نابێ لە بیرمان بچێ کە جاری وا هەیە دۆست هیچت بۆ ناکا بەڵام هەر دۆستە و، جاری واش هەیە دوژمن هێندێ شتت بۆ دەکا، بەڵام هەر دوژمنە.

بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین کە حیزبی ئێمە لە مەیدانی نێونەتەوەییدا لە نێو ڕێکخراوەکانی ئێرانی و کوردستانییدا وەک هێزێکی دێموکرات و شۆڕشگێڕ و، لە باری سیاسییەوە بەرپرس ناوبانگی دەرکردوە. دەیان پەیام کە بۆ کۆنگرەی هەشتەم هاتوە و نێوەرۆکی ئەو پەیامانە، دەگەیەنێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵاتدا ناسراوە و ڕێزی بۆ دادەنرەی. بەڵام هێشتا بیروڕای گشتیی جیهانی لە بەربەرەکانیی ئازایانەی خەڵکی کوردستان و، باری ڕاستیی جووڵانەوە وەک بزووتنەوەیەکی بەرینی گەلی، دێموکراتی و، شۆڕشگێڕ بە چاکی ئاگادار نەکراوە و، لەم بارەوە کارێکی زۆرمان لە پێشە.

هەروەها لەگەڵ هەموو گیر و گرفتێک پێش هاتوە و، لەگەڵ وەزعی ئاڵۆزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و، بەردەوام بوونی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و، گەمارۆ دانی کوردستان لە باری جوغرافیایی و سیاسییەوە، حیزبی ئێمە بە شانازییەوە سەربەخۆیی خۆی پاراستوە. ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو لە ئێران و لە عێراق نیشانی دا کە پاراستنی سەربەخۆیی لەم هەلومەرجەدا چەند دژوارە بەڵام لەگەڵ ئەوەش حیزبی ئێمە لەم بارەوە زۆر سەرکەوتوو بووە. لە داوڕۆیشدا پاراستنی سەربەخۆیی حیزبەکەمان دەبێ یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی بەڕێوە بەری بێ.

**ج- پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردستانی**

هەڵوێستی حیزبی ئێمە بەرامبەر بە ڕێکخراوە کوردستانییەکان هەر دۆستانەیە. حیزبی ئێمە هەر وەک جاران لە هەموو پارچەکانی کوردستان پشتیوانی لە بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیی گەلی کورد دەکا و، هەروەک ڕابردوو ئامادەیە یارمەتیی هێزە دێموکرات و شۆڕشگێڕەکانی کوردی بدا.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە نێوان حیزبی ئێمە و پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق «قیادە»دا هیچ چەشنە تێکەڵچوونێک نەبووە کە جێگای دڵخۆشییە. بە بڕوای ئێمە وەختی ئەوە هاتوە کە بەڕێوەبەرانی پارتی دان بە سیاسەتی چەوتی پێشووی خۆیان بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبی ئێمە بنێن و، پەشیمانیی خۆیان لە سازکردنی شەڕ

دژی هێزی پێشمەرگەی ئێمە دەرببڕن و ئەمە بە ئاشکرا ڕابگەیەنن.

حیزبی ئێمە هەر لەو کاتەدا کە پشتیوانیی خۆی لە خەباتی گەلی کورد لە تورکیە ڕادەگەیەنێ، سیاسەتی تێرۆری ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پێشکەتووی کوردی وەک حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە لە لایەن پارتی کرێکاریی کوردستان (پ.ک.ک) و لە ئورووپا و، هەروەها کوشتاری ژن و منداڵ لە گوندەکانی کوردستانی تورکیە مەحکووم دەکا. ئێمە پێمان وایە تێرۆریزم ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورت لە باری پروپاگەندەوە قازانجی هەبێ، بەڵام لە درێژخایەندا بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد کە جووڵانەوەیەکی دێموکراتی و ئینسانییە زیان دەگەیەنێ.

هاوڕێیانی بەڕێز!

حیزبی ئێمە بەرنامەیەکی ڕوون و دێموکراتییە کە توانیویەتی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. دەتوانین شانازی بەوە بکەین کە لە لایەک ڕێبازی دێموکراتیی ڕاستەقینە لە نێو ڕیزەکانی حیزبی ئێمەدا بە تەواوی سەرکەوتوە و لە لایەکی دیکە حیزبەکەمان وەک ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ، دێموکرات و خاوەن ئەزموون ناوبانگی دەرکردوە. ئێستا ئەرکی گرینگی هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی، پتەوتر کردنی ڕیزەکانی تەشکیلاتی و، بردنە سەری دیسیپلینی ئاگاهانەی حیزبییە. هەموو ئەندامێکی حیزبی دەبێ بەرامبەر بە حیزب و گەل زیاتر لە جاران هەست بە مەسئوولییەت بکا. حیزب دەبێ خۆی بۆ بەرەنگار بوون لەگەڵ هەموو ڕووداو و گۆڕانێک ئامادە بکا.

حیزبی دێموکرات دەبێ خاوەنی تەشکیلاتێکی شۆڕشگێڕیی ئەوتۆ بێ کە بتوانێ لە وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی حیزب، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستاندا ئەرکی خۆی بە باشترین شێوە بەجێ بگەیەنێ.

سەر کەوێ کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سەر کەوێ خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی خودموختاری!

سەر کەوێ خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕێژمی خومەینی و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێموکراتی!

سڵاو لە کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکانی نەبەزی حیزبی دێموکرت!

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخەر و ڕێبەری خەباتی خەڵکی کوردستان!

***

# بڕیارنامەی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پەسەندکردنی یەکدەنگی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی کە ئەرکەکانی حیزب تا کۆنگرەی داهاتوو دیاری دەکا، لەسەر ئەم خاڵانەش پێ دادەگرێ.

**بڕیارە گشتییەکان لەسەر گیروگرفتەکانی نێونەتەوەیی**

١- درێژەدانی شەڕیماڵوێرانکەری ئێران و عێراق لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، مەحکووم دەکرێ. حیزبی دێموکرات لایەنگری ئەوەیە کە بڕیاری ژمارە ٥٩٨ـی ئەنجومەنی ئاسایش بێتە دی و، ئاشتی و دۆستایەتی لە نێو گەلانی دراوسێ دا سەر لە نوێ جێگیر ببێتەوە.

٢- مافی گەلی فەلەستین لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە خاکی نیشتمانی خۆیدا مافێکی ڕەوا دێموکراتییە. لەم پێوەندییەدا ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی فەلەستین لەسەر خاکی نیشتمانە داگیرکراوەکەیان جێگای هاودەردی و پشتیوانییە. حیزبی دێموکرات «ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین» وەک نوێنەری ڕاستەقینەی داخوازەکانی گەلی فەلەستین دەناسێ.

٣- خەڵکی ئەفغانستان مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی چارەنووسی خۆی دیاری بکا. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەم ئەرتەشی سۆڤیەتی، ئەفغانستان بەجێ بێڵێ و، هەم هاوکات لەگەڵ ئەوە، دولەتە سەرمایەدارییەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا و، دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچە لە یارمەتی دان و پشتیوانی کردنی تاقمە چەکدارەکانی دژی حکوومەت دەست هەڵگرن.

٤- ڕەوتی چارەسەر کردنی گیر و گرفتەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە لە ئەمریکای لاتین لە هەموو بارێکەوە جێی پشتیوانییە و، سیاسەتی دەستدرێژکەرانەی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ کارباری نێوخۆی نیکاراگوئە و وڵاتانی دیکەی ئەم ناوچەیە مەحکوومە.

٥- لابردنی هەموو چەشنە چەکێکی ئەتۆمی و شیمیایی و، لە نێو بردنی بە یەکجارییان پێوستییەکی مێژووییە. هەر لەم پێوەندییەدا، ڕەوتی ئاشتی و سوڵحی جیهانی بە گشتی تەئید دەکرێ.

٦- ڕەوتی دێموکراتی کردنی دەسەڵاتی سیاسی کە لە هێندێک وڵاتی جیهانی سێهەمدا وەبەرچاو دەکەوێ، وەک دیارەدیەکی گرینگی دوا ساڵەکانی چەرخی بیستەم جێگای پشتیوانییە.

٧- ڕەوتی دێموکراتی کردن لە یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستییدا بێگومان شوێنێکی زۆر لەبار هەم لەسەر گەشەکردنی سۆسیالیزم و، هەم لەسەر ڕەوتی گشتی سیاسەتی نێونەتەوەیی دادەنێ. لەم پێوەندییەدا، حیزبی دێموکرات کە لە کۆنگرەی شەشەمی خۆیەوە هاتۆتە سەر ئەم بڕوایەی سۆسیالیزم لە دێموکراسی جیا ناکرێتەوە و

دێموکراسی بە سۆسیالیزمەوە کامڵ دەبێ، جارێکی دیکە «سۆسیالیزمی دێموکراتی»ی وەک سەنتێزی دێموکراسی و سۆسیالیزم تەئید دەکا.

### لەسەر پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب

٨- بە لە بەرچاو گرتنی سیاسەتی حیزب سەبارەت بە پێویستیی «بڕیاردانی سەربەخۆ» و، بە ڕاگرتنی هەڵوێستی ئوسوولیی ڕەخنەگرانە، بۆ پەرە پێدان و پتەو کردنی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان بە گشتی و، وڵاتانی سۆسیالستی بە تایبەتی، هەوڵی بەردەوام بدرێ.

٩- لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردستانی: سیاسەتی پشتیوانی لە بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیی نەتەوەی کورد و، یارمەتی دانی هێزە دێموکرات و شۆڕشگێڕەکانی کورد تەئید دەکرێ. کۆنگرە بە بەڕێوەبەرایەتیی حیزب دەسپێرێ کە: بە لە بەرچاو گرتنی ئەسڵی «دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی»یاندا، لەم بارەوە هەوڵێکی پتر بدا.

### لەسەر ڕێژیم و شێوەی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم

١٠- لە چوارچێوەی ڕێژیمی خومەینییدا هیچ کام لە داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان، یانی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بەدی ناکرێ. بۆیە دروشمی حیزب کە بریتییە لە «ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی»، هەر لە جێی خۆیەتی.

١١- خەباتی چەکدارانە شێوەی ئەسڵیی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە. بەڵام پەرە پێدانی هەموو شێوەکانی دیکەی خەبات و، گرێدانیان بە خەباتی چەکدارانە، وەدیهاتنی هەلومەرجی ڕووخانی ڕێژیم ئامادەتر دەکا.

### لەسەر پێکهێنانی بەرە

١٢- پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتی، ئەرکێکی پێویست و مێژووییە. هەر بۆیە هەوڵدانی تا ئێستای حیزب بۆ پێکهاتنی بەرە تەئید دەکرێ و، بە پێویست دەزانرێ کە ئەو هەوڵدانە لە داهاتووشدا درێژەی پێ بدرێ.

***

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەم

## بەشی یەکەم: بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**سەرەتا**

١- لەمێژە گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا. سەرانسەری چەرخی نۆزدەهەم شاهیدی ڕابردووی خوێناویی نەتەوەکەمانە. لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەبووە. لە سەردەمی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرستی و فاشیزمدا، پێویستییەکی مێژوویی بۆ دامەزرانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ، هەست پێ دەکرا. هەر لەبەر ئەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارە کە پاش بیست ساڵ دیکتاتۆریی ڕەزاخان پێک هاتبوو کەلکی وەرگرت و لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

بەو جۆرە، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی پێویستییەکی مێژوویی و، نیشانەی وریایی و ژیریی ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد بوو. لەو دەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی لە ڕێزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ دەژمێردرێ و، سەرەتای قۆناغێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بوو کە نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی خۆیدا توانی حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەشێکی کوردستاندا بهێنێتە سەر کار. ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و، لە دوای پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە دیکتاتۆریی نیزامی باڵی بەسەر هەموو کوردستانی ئێراندا کێشایەوە. بەڵام گەلی کورد لە خەبات سارد نەبۆوە و، بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی هەروا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ٤٢ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێو و، پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە کە حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە دەرسی وەرگرتوە. ئەم بەرنامەیە لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا، بە لە بەرچاو گرتنی ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی لە جیهاندا و، بە وردبوونەوە لە قۆناغی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران و هەلومەرجی تایبەتی کوردستانی ئێران دانراوە.

٢- سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕزگار بوونی گەلانی زۆرلێکراو لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم، سەردەمی سەرکەوتنی دێموکراسی لە سەرانسەری جیهان، سەردەمی پەیدا

بوون و پەرەگرتنی سۆسیالیزم و، سەردەمی پێشکەوتنی هێزە دێموکرات و ڕزگاریخوازەکان لە هەموو وڵاتانە. لە ماوەی ٤٣ ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانییدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی ئەوتۆ لە جیهاندا ڕووی داوە کە سیمای سیاسیی جیهانی گۆڕیوە. سیستمی ئیستێعماری لە بەریەک هەڵوەشاوە و، دەیان نەتەوە گەورە و بچووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە.

لە زۆر وڵاتاندا ئەم ڕەوتە سیاسییە، ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتییشی لەگەڵ بووە. لەم وڵاتانەدا کۆمەڵی دواکەوتووی پێشوو لە نێو چووە و، کۆمەڵێکی نوێ و پێشکەوتوو جێگای گرتۆتەوە. چینە زۆردار و کۆنەپەرستەکان دەسەڵاتی سیاسییان لەدەست دەرهاتوە و، هێزە نیشتمانپەروەرەکان و نوێنەرانی چین و توێژە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە.

لە زۆربەی وڵاتاندا چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لە بەریەک هەڵوەشاون و ڕێگا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ خۆش بووە. بە چەشنێکی گشتی، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەوپێش بەرن، ئازادیی کردەوەیان پتر بووە و دەرەتانیان بۆ پێک هاتوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و، ئینسانیتر دروست بکەن.

وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە سایەی دەسکەوتەکانی زانست و تیکنیکەوە کە ئیمکانێکی بێوێنەیان بۆ پێشکەوتنی ئابووری پێک هێناوە، توانیویانە هەڵدانی ئابووریی خۆیان خێراتر بکەن. بەڵام لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتووانیان بەرنە سەر، بە سەدان میلیۆن کەس لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکەن و، تەنانەت لە هێندێ وڵاتدا زۆر کەس لە برسان دەمرن! ئەمە یەکێک لە گەورەترین ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتییە.

وڵاتە سەنعەتییە پێشکەوتووەکان، ئێستاش لە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی خۆیان بۆ پاراستنی پێوەندیی نابەرابەری نێونەتەوەیی کەلک وەردەگرن. ئێستاش نەتەوە زۆر لێکراوەکانی پێشوو بە تایبەتی نەتەوە بچووکەکان تەئسیرێکی کەمیان لە دانانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەیە و، تەنانەت زۆر جار دەبیندرێ کە مافە ڕەواکانیان لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە پێشێل دەکرێن. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش پێوەندیی ئیستێعماری پێشوو لە بناغەدا هەڵوەشاوە و، بەرەیەکی بەرینی دژیئیمپریالیستی لە هێزەکانی سۆسیالیست و دێموکرات، لەو وڵاتانەی سەربەخۆییان وەدەست هێناوە و، لە گەلانی ئەو وڵاتانە کە بۆ ڕزگاریی خۆیان خەبات دەکەن پێک هاتوە کە بە پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆتە عامیلێکی کاریگەر لە دانانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا. وەزعێک پێک هاتوە کە نەتەوە بچووکەکانیش پشت ئەستوور بە هێزی خۆیان و بە کەلکوەرگرتن لە هاودەردیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو بتوانن مافە ڕەواکانی خۆیان وەدەست بێنن و بیانپارێزن.

٣- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێکدانەوەکانی نێونەتەوەیی و، بە تایبەتی لە ستراتێژیی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکاندا، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لە بارەی جوغرافیاییەوە ئەم ناوچەیە کەوتۆتە سێڕێیانەی سێ قارەی ئاسیا و ئەفریقا و ئورووپا. لە باری ئابووری و سەرچاوە

ژێرزەمینییەکانەوە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە و زیاتر لە نیوەی تەواوی پاشەکەوتی نەوتی دنیا لەو ناوچەیەدا هەڵ کەوتوە.

بێجگە لەوانەش، هاوسنووریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی گەورەترین وڵاتی سۆسیالیستی، هەروەها دروست بوونی هێندێ وڵاتی سەربەخۆ و، بوونی چەند بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی وەک بزووتنەوەی فەلەستین و بزووتنەوەی گەلی کورد و ... لەو مەڵبەندەدا بایەخ و گرینگیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان لە حیساب و لێکدانەوەی هێزەکانی نێونەتەوەییدا زیاد کردوە.

تەواوی ئەم ڕاستییانە بۆتە هۆی ئەوە کە دەوڵەتەکانی گەلێک لە وڵاتان هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەم ناوچەیە بە وردی بخەنە ژێر چاودێری و، بەرامبەر بە هەرچەشنە ڕووداوێکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست بن و دژکردەوە نیشان بدەن.

٤- ئێران لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانییدا لە بارەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتوە. لە ڕاستییدا ئێران نەیدەتوانی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کە بەسەر جیهاندا هاتوە دوور ڕابگرێ. بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕەی لە ئێراندا ڕووی داوە، بە هیچ جۆر وڵامدەری ئیمکاناتی ئابووری و سروشتیی وڵاتی ئێمە نییە. ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو دەژمێردرێ! ئێستاش زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە هەژاری و ڕۆژە ڕەشییدا دەژین! بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئێران بە تایبەتی لە لادێ هێشتا هەر نەخوێندەوارن و لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی بێبەشن.

تەرکیبی کۆمەڵایەتیی لادێ تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە. دەرەبەگ و خاوەن مڵکە گەورەکان وەک چینێک لە نێو چوون و، جێگای خۆیان داوە بە بورژوازیی لادێ کە لە وردە مالیکەکان و جووتیارە دەوڵەمەندەکان پێک هاتوە. مەبەستی ڕێژیمی شا لە پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە بەرینتر کردنی بازاڕی سەرمایەداری لە سەرانسەری وڵات و پێکهێنانی بۆرژوازی لە دێ بوو، کە لە لایەک ببێتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و لە لایەکی دیکەش ڕێگای پەرەپێدانی سەرمایەداری خۆش بکا. لە سەنعەتیشدا، ڕێژیمی شا بەشی تایبەتی بە زیانی بەشی گشتی بەهێز دەکرد و بۆ هێنان و وەکار خستنی سەرمایەکانی بێگانە دەرەتانی لەباری پێک دێنا، کە دیارە لێرەشدا مەبەست هەر پەرەپێدانی سەرمایەداری بوو. بەم جۆرە، ئێران وەک وڵاتێکی دواکەوتوو بە گشتی ڕێگای هەڵدانی سەرمایەداری گرتبوە پێش، ڕێگایەک کە تاقی کردنەوەی زۆر وڵاتی دواکەوتوو چەوت بوونەکەی دەرخستوە و، بە ئاشکرا نیشانی داوە کە بە زیانی کۆمەڵانی خەڵکە.

ڕێژیمی پاشایەتی لە سیاسەتی دەرەوەدا بە چەشنێکی گشتی پەیرەویی لە وڵاتانی سەرمایەداری بە تایبەتی ئەمریکا دەکرد. بێجگە لە ئەندامەتیی پەیمانی سەنتۆ کە دەستەبەندییەکی نیزامیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی دژیگەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە، ئێران پەیمانێکی دوو قۆڵی نیزامی و زۆر پەیمانی دیکەشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستبوو و لەو ڕێگایەوە هەزاران ڕاوێژکەری ئەمریکایی بەسەر ئەرتەش و پۆلیس و ژاندارمرییدا زاڵ کردبوو.

لە ڕێژیمی شادا دیکتاتۆری گەیشتبووە ئەوپەڕی، شوێنەوارێک لە ئازادی و دێموکراسی نەمابوو؛ حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتووەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە دێموکراتییە سینفییەکان هەموو قەدەغە کرابوون؛ ئازادیی بەیان و بڵاوکردنەوە خرابووە ژێر پێ؛ نوێنەرانی مەجلیسی شوورا و سەنا لە لایەن شاوە دیاری دەکران؛ دەسەڵاتی قانووندانان و دادخوازی و ئیجرایی هەموو بەدەست شاوە بوو: ئەرتەش و پۆلیس بەسەر گیان و ماڵی خەڵکدا زاڵ کرابوون و ئێران کرابوو بە زیندانێکی گەورە بۆ هەموو ئینسانێکی بەشەرەف و ئازادیخواز.

بەم جۆرە ناتەبایییەکی گرییی لە نێوان دەسەڵاتی سیاسیی ئێران و ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە نێوان شا و دەربار و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لە لایەک و گەلانی ئێران لە لایەکی دیکەوە پێک هاتبوو کە تەنیا ڕێگای چارەسەر کردنی، شۆڕشێکی قووڵی گەلی بوو.

٥- کوردستانی ئێران لە بارەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوویە لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوودا. ئەگەرچی کوردستان لە باری سروشتی و سامانی ژێرزەمینییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام بەو حاڵەش یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە! ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. وەزعی ئابووری و لەشساغی و فەرهەنگیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران زۆر کەم گۆڕاوە، پایەی ژیان زۆر نزمە و زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و بێبەشییدا دەژین. دێیەکانی کوردستان لە یارمەتیی پزشکی و دەرمانی بە تەواوی بێبەشن.

لە زەمانی شادا کوردستان ناوچەی هەرە میلیتاریزە کراوی ئێران بوو. قانوون لە کوردستاندا هیچ مانایەکی نەبوو. مووچەخۆرانی ئەرتەش و ژاندارمری و ساواک هەموو دەسەڵاتێکیان بەدەستەوە بوو.

ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کوردستانی ئێراندا دەهاتە بەرچاو. مووچەخۆرانی دەوڵەتی لە کوردستان هەموویان لە مەرکەزەوە دیاری دەکران و گەلی کورد هیچ تەئسیرێکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا نەبوو. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سروشتی، هیچ پرۆژەیەکی گرینگی ئابووری و سەنعەتی لە کوردستاندا جێبەجێ نەدەکرا. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆی سیاسی و سینفی ئیمکانی تێکۆشانی ئازادی نەبوو. فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد دەرەتانی پێشکەوتنی پێ نەدەدرا، بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، منداڵانی کورد لە یەکەم ڕۆژی چوون بۆ قوتابخانەوە دەبوو بە زمانی فارسی بخوێنن و ناچار بوون لە قوتابخانەدا بە فارسی پێکەوە بدوێن. بەم جۆرە کوردستانی ئێران کرابوو بە بەندیخانەی گەلی کورد.

٦- شۆڕشی پڕ شکۆی گەلانی ئێران ئاکامی سروشتیی ئەو وەزعە نالەبارە و، دژکردەوەی بێئەملا و ئەولای دیکتاتۆریی پاشایەتی و بەستراوەیی ئەو ڕێژیمە بە ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە بوو. گەلانی ئێران بۆ دوایی هێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پاشایەتی و بۆ خاشەبڕ کردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم ڕاپەڕینێکی بەردرێژ

و خوێناوییان بەرپا کرد و، سەرئەنجام پاش ساڵێک خەباتی شێلگیر و قوربانیدان، بە بەختکردنی گیان و ماڵ و بە دانی دەیان هەزار شەهید لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ـدا، تۆماری تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی ڕێژیمی پاشایەتییان تێکەوە پێچا.

بێگومان شۆڕشی خەڵکی ئێران کە گەورەترین هێزی سەر بە ئیمپریالیزمی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە نێو برد، یەکێک لە گرینگترین ڕووداوە مێژووییەکانی وڵاتی ئێمەیە و، هەر لەو کاتەشدا دەرسی زۆر بەنرخی بۆ خەباتکەرانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدا بووە. شۆڕشی ئێران نیشانی دا کە هەر کات میللەتێک بە لەخۆ بوردوویی و یەکگرتوویی بیهەوێ داو و زنجیری ژێردەستی بپسێنێ، هیچ هێزێک لە دنیادا ناتوانێ پێشی پێ بگرێ و، سەرئەنجام هەموو کەند و کۆسپەکانی ڕێگای سەرکەوتن تەخت دەکا.

ئەگەرچی پەنجا ساڵ دەورانی پڕ نەگبەتیی دیکتاتۆریی ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی، هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێرانی لەدژی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی حەمەڕەزاشا یەک خستبوو، بەڵام زۆر بەداخەوە ماوەی کورتی ڕاپەڕینی پڕشکۆی خەڵکی ئێران دەرەتانی ئەوەی بە هێزە دێموکراتی و شۆڕشگێڕەکانی ئێران نەدا کە بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ سیستمی حکوومەتیی دوای ڕێژیمی پاشایەتی دابڕێژن و، لەبەر ئەوەش کە هیچ کام لە هێزە نیشتمانییەکانی ئێران بە تەنیا لە توانایدا نەبوو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و، دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بەدەستەوە بگرێ، کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسک و کۆنەپەرست بە کەلکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرهەمی خوێن و فرمێسکی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران داگرت و، دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بەسەر وڵاتەکەماندا سەپاند.

لە ئاکامی ئەو وەزعەدا شۆڕشی ئێران ناکام مایەوە و، نەیتوانی هیچ کام لە ئاوات و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. گەلانی تینووی ئازادی لە ئێراندا بەو مەبەستە بە دەستی بەتاڵ بەگژ ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی شادا چوونەوە و بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانیان کردە قوربانی، کە جارێک بۆ هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم لە ئێراندا کۆتایی پێ بهێندرێ، ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا دابین بکرێن، زەحمەتکێشانی ئێران کە بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی وڵاتن و، گەورەترین تەئسیریان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبووە، لە هەژاری و ڕۆژڕەشی ڕزگارییان بێ و گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە سێبەری ڕێژیمێکی دێموکراتییدا بە مافی ڕەوای نەتەوایەتیی خۆیان بگەن.

بەڵام کۆنەپەرستانی پاوانخواز کە دەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاریی خەڵکی ئێراندا گرتوە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵک ڕێگایان نەداوە هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. خەباتی بە ناو دژی ئیمپریالیستیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چوارچێوەی هێندێ دروشمی بێنێوەڕۆک دەرنەچووە. ڕێژیمی خومەینی لە کاتێکدا کە خۆی بە دژی ئیمپریالیست دەزانێ ڕەسەنترین هێزە دژیئیمپریالیستەکانی وڵات سەرکوت دەکا. ئەو ڕێژیمە بە پێچەوانەی پروپاگاندای دەزگا تەبلیغاتییەکانی بە دزییەوە پێوەندی لەگەڵ

ئیسرائیل و ئەمریکا دامەزراندوە و چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی یەدەکییان لێ دەکڕێ. لەگەڵ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان، ئازادییە دێموکراتییەکان زۆر خراپتر لە سەردەمی پاشایەتی خراونە ژێر پێ. کۆمەلانی دەستەنگ و زەحمەتکێشی وڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێک لەگەڵ هەژاری و نەداری و گرانی و بێکاری بەرەوڕوو بوون و، حکوومەتی تازە هیچ چەشنە هەنگاوێکی بۆ چارەسەری هەزاران گیر و گرفتی ژیانی ئەوان هەڵنەهێناوەتەوە. گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش نەک هەر بە مافی ڕەوای خۆیان نەگەیشتوون، بەڵکوو وڵامی هەموو داخوازەکانیان بە ئاگر و ئاسن دراوەتەوە.

ڕێژیمی خومەینی وەک میراتگرێکی بە ئەمەگ بۆ ڕێژیمی پاشایەتی لە هەموو سیاسەتێکی دژی گەلییدا چەندین هەنگاوی لە ڕێژیمی پێشوو تێپەڕاندوە. ئەگەر ڕێژیمی شا ئێرانی بەرەو سەرمایەداری دەبرد و دیفاعی لە سەرمایەدارانی نێوخۆ و بێگانە دەکرد. دەسەڵاتی دژیگەلی خومەینی بە ناوی دین و مەزهەب دیفاع لە سەرمایەداری دەکا و خاوەن ملکیەتی تایبەتیی سەرمایەداران بە بەشێکی خودایی دەزانێ کە نابێ دەستی تێ وەردرێ. ئەگەر حەمەڕەزاشا وەک دیکتاتۆرێک قانوون و مەجلیس و دامودەزگا دەوڵەتییەکانی بە شێوەیەکی غەیرە قانوونی خستبوە ژێر چۆکی خۆی، خومەینی باری شەرعی و قانوونی بەو شێوە دیکتاتۆرییە داوە و، ملکەچیی بۆ زەبر و زەنگی کۆنەپەرستانەی دیکتاتۆری بە ئەرکێکی ئایینی داناوە. ئەگەر لە ڕێژیمی پاشایەتییدا داوای مافی نەتەوایەتی بۆ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران وەک کورد و ئازەربایجانی، عەرەب و بەلووچ و تورکەمەن بە تاوان دەزانرا، لە ڕێژیمی خومەینییدا لەگەڵ هەر چەشنە داخوازییەکی ڕەوای نەتەوایەتی بە توندترین شێوە دژایەتی دەکرێ.

دیکتاتوریی ئاخوندی نەک هەر هیچ بیروباوەڕێکی موخالیفی خۆی ناتوانێ تەحەممول بکا، بەڵکوو لەگەڵ هەر بیرێکی جیا لە بیری کۆنەپەرستانەی خۆی -با موخالفیش نەبێ- بە توندی دوژمنایەتی دەکا. لە ماوەی کەمتر لە نۆ ساڵ فەرمانڕەوایی ڕێژیمی بە ناو ئیسلامییدا، خومەینی زۆر زیاتر لە پەنجا و چوار ساڵ دەورانی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئازادیخوازانی ئێران و ئەندامانی هێزە دێموکراتییەکانی ئێعدام کردوە.

لە کوردستان، دیمەنی دزێوی دیکتاتۆریی نوێ زۆر باشتر و بێپەردەتریش دەردەکەوێ. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد وەک بەشێک لە گەلانی ئێران چالاکانە لە شۆڕشی سەرتاسەریی وڵاتی ئێمەدا بەشدار بوو، هەرچەند گەلی کورد لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیەوە هەموو توانای خۆی بە کار هێنا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە بە لانیکەمی مافە ڕەواکانی بگا، حکوومەتی کۆنەپەرستی خومەینی نەک هەر ملی بۆ داخوازە بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستان ڕانەکێشا، بەڵکوو بە پێچەوانە لەشکری کێشایە سەر و دەستووری قەتڵیعامی دا، تەنانەت کار بەوەشەوە نەوێستا و خومەینی بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام فتوای جیهادی لەدژی گەلی موسوڵمانی کورد دەرکرد و ڕشتنی خوێنی کیژ و لاو و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستانی بە حەڵاڵ زانی، ئێستا نۆ ساڵە شەڕ دژی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان درێژەی هەیە. کوردستان بە شێوەیەکی بێوێنە میلیتاریزە کراوە و بۆتە سەربازخانەیەکی گەورە.

سێ هەزار بنکەی نیزامیی ڕێژیم لە سەرانسەری کوردستان دامەزراوە. لەم ماوەیەدا لە پێناوی دیفاع لە شەرەف و ئازادی، حیزبی دێموکرات پتر لە چوار هەزار و، خەڵکی کوردستان نزیک بە پەنجا هەزار شەهیدیان داوە، بەڵام بزووتنەوەی دێموکراتیی گەلی کورد ئێستاش قایم و ئاگاهانە بەرامبەر بە زۆرداریی ڕێژیمی ئاخوندی ڕاوەستاوە و بەربەرەکانیی خۆی درێژە پێ دەدا. بەو جۆرە ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنمژی خومەینی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەل و، لەگەڵ هەموو قانوون و نیزامێکی نێونەتەوەیی نیشان داوە و لەدژی تەواوی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران ئێعلامی شەڕی کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی ئێران لە ژێر باری زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری و، بۆ گێڕانەوەی شۆڕشی ئێران بۆ سەر ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی، پێویستە ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژیگەلیی خومەینی بڕووخێ و لە جێگای ئەو، ڕێژیمێکی دێموکراتی دابمەزرێ کە داخوازەکانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی پێویستە دەرەتان بە خەڵکی ئێران بدرێ کە بە ئازادی نێوەرۆکی سیستمی کۆماری دڵخوازی خۆیان دیاری بکەن و مەجلیسی دامەزرێنەران (مؤسسان) بۆ دانانی قانوونی ئەساسیی کۆماری نوێ پێک بێ.

٧- بۆ گەیشتن بە ئامانجی بنەڕەتیی گەلی کورد کە پێکهێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیی‌دایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران، بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ. حیزبی ئێمە پێی وایە بۆ ئەوەی شۆڕشی ئێران جارێکی دیکە تووشی بێ‌بەرنامەیی نەبێ و دەسکەوتەکانی بە تاڵان نەچن، پێویستە هەر لە ئێستاوە هێزە سیاسییە بەڕاستی شۆڕشگێڕەکانی ئێران لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دواڕۆژی وڵات، یەک بگرن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە.

بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە، حیزبی ئێمە هەم دژی شۆوینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکا و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگی کورد کە ڕێژیمی خومەینی و گەلانی ئێران لێک جیا ناکاتەوە، خەبات دەکا. هەم شۆوینیزمی ئێرانی و هەم ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگی کورد هەر دووکیان دوژمنی یەکیەتیی گەلانی ئێرانن. هەر لەو کاتەدا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسیی گەورە، شۆوینیزمی مەزنی‌خوازی ئێرانییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە هەشت ساڵە کە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژی پەلاماری دڕندانەی ڕێژیمی خومەینی بە لێوەشاوەیی و کارامەییەوە ڕێنوێنی دەکا. خەبات و تێکۆشان و گیانبازی و قوربانی دانی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب، نفووز و خۆشەویستیی حیزبی ئێمەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، زۆر زیاتر لە جاران بردۆتە سەر. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا نەک هەر حیزبی خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانی ئێرانە بەڵکوو جێگای ڕێز و خۆشەویستیی گەلانی دیکەی ئێران و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دژی ئیمپریالیستییەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانیشە. دروشمی

ستراتیژیکی حیزبی ئێمە -دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان- بۆتە دروشمی بنەڕەتیی هەموو خەڵکی کوردستان و، هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێرانیش پشتیوانیی لێ دەکەن.

چوار ساڵ لە پەسەندکردنی بەرنامەی پێشووی حیزبی ئێمە لە لایەن کۆنگرەی شەشەمەوە ڕادەبرێ. بەرنامەی ئێستا کە لە کۆنگرەی هەشتەمدا پەسەند کراوە وڵامدەری هەلومەرجی نوێی وڵاتەکەمانە. هەلومەرجێک کە پاش دامەزرانی دیکتاتۆریی ڕەشی خومەینی پێک هاتوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی خۆی دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان و لە هەموو دانیشتووانی کوردستان؛ کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشانی شار و دێ، ڕووناکبیران، قوتابییان، خوێندکاران، کارمەندان، پیشەسازان و بازاڕیان، داوا دەکا کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیە تێ بکۆشن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و، بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و، بیروڕای حیزبی ئێمە لە بارەی مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە بۆ ئەوان بەیان بکەن. هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە ئاگادار بکرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانی ئێرانە کە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکەن. ئێستا دەبێ بە دڵ و بە گیان تێ بکۆشین هێزی بێپایانی گەل بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی حیزبەکەمان بکەوێتە کار. ئەو کاتەیە کە بەرنامەی حیزبەکەمان دەبێتە هێزێکی ماددیی توانا و، دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتییدا وەدی بێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندوە. وەدی هێنانی ئەم ئامانجانە لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دادەمەزرێ.

## بەشی دووهەم: بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### فەسڵی یەکەم:

### ئامانجەگشتییەکان

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و، شان بە شانی هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران بۆ لە نێو بردنی دەسەڵات و نفووزی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم و، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتی و، لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، خەبات دەکا.

٢- ئامانجی دواڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی

سۆسیالیستییە.

٣- دروشمی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە.

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی هەموو گەلان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و، هەروەها دژی ڕێژیمە زۆردار و کۆنەپەرستەکان پشتیوانی دەکا و، لایەنگری ئاشتی و دوستایەتیی گەلانی هەموو وڵاتانە.

**فەسڵی دووهەم:**

**بنچینەکانی ئەسڵیی خودموختاری**

٥- ناوچەی خودموختار هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی خودموختاری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر کام لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ.

٦- لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا هەموو دەسەڵات بە دەست خەڵکەوەیە کە بە هۆی نوێنەرانی خۆیان لە شۆڕای بەرزی کوردستاندا بەکاری دێنن.

٧- کاروباری پێوەندییەکانی دەرەوە (سیاسی و ئابووری)، دیفاعی میللی (سپا)، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و، سیستمی دراوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە. بێجگە لەوانە، سەلاحییەتی بەڕێوەبردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان بەدەست حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. خەڵکی ناوچەی خودموختاری کوردستان وەک هەموو هاونیشتمانانی خۆیان لە سەرنسەرای ئێراندا لە ڕێگای قانوونییەوە و بەبێ هیچ چەشنە جیاوازییەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار دەبن.

٨- شۆڕای بەرزی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانوون دانانی ناوچەی خودموختاری کوردستانە. نوێنەرانی شۆرا لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و، نهێنییەوە، هەڵدەبژێردرێن. ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە.

٩- شۆڕای بەرزی کوردستان حکوومەتی خودموختاری کوردستان دیاری دەکا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەرامبەر بە شۆڕای بەرزی کوردستان بەرپرسە.

١٠- پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆی ناوچەی خودموختاری کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکە خودموختارییە. ئەرکی ئەرتەش، دیفاع لە سەربەخۆیی و سنوورەکانی وڵاتە و حەقی نییە دەست لە کاروباری پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی وەربدا.

١١- زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی نێوان ئیدارەکان لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندایە و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا مافی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ دانیشتووانی ناوچە بە ڕەسمی دەناسرێ. زمانی فارسی لە ناوچەی خودموختاری کوردستانیشدا هەر وەک شوێنەکانی دیکەی ئێران زمانی ڕەسمییە و لە قوتابخانەکاندا لەگەڵ زمانی کوردی دەخوێندرێ. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بۆ

مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها بۆ ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی لە ناوچەی خودموختاردا، بەزمانی فارسی دەبێ.

هەموو دانیشتووانی غەیری کورد، لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان ئازادن و مافی خوێندن بە زمانی خۆیانیان هەیە.

**فەسڵی سێهەم:**

**مافەکانی دانیشتووانی ناوچەی خودموختار**

١٢- هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوون، وەک ئازادیی عەقیدە و بەیان؛ ئازادیی چاپەمەنی؛ ئازادی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، یەکیەتییەکان و شۆڕاکانی کرێکاری و جووتیاری و سینفی، ئەنجومەنە دێموکراتییەکان؛ ئازادیی هەڵبژاردنی کار و جێگای دانیشتن و، ئازادیی ئایین و مەزهەب لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا هەر وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن.

هەموو دانیشتووانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەر وەک دانیشتووانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەبێ هیچ جیاوازیدانانێکی جینسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی، وەک یەک کەلک وەردەگرن،

١٣- لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا دین لە دەوڵەت جودایە، بەڵام حکوومەتی خودموختار یارمەتیی ناوەندە ئایینییەکان دەدا و، لە باری ماددی و مەعنەوییەوە بە ڕێبەرانی نیشتمانپەروەری ئایینی ڕادەگا.

١٤- ژن و پیاو لە نێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان هەیە و، بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن.

**فەسڵی چوارەم:**

**سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

١٥- دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامە دارشتنێکی زانستییەوە لە ناوچەی خودمختاردا لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە دابەشکردنی داهاتی گشتیی بوودجە بە چەشنێک دەبێ کە بەشی دانیشتووانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بە پێی ڕادەی دواکەوتوویی زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانەی وڵات بێ.

١٦- ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەرانسەری ئێران سەنعەتی کردنی وڵات بە پێی دسکەوتەکانی زانست و تەکنیک لە لایەک و، پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتیی وڵات لە لایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتی کردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

١٧- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە هۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتە خۆوڵاتی و نەتەوەییەکانیش پارێزگاری دەکا. لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابووری، بەشی هەرەوەزی و تایبەتیش لە سەنعەتی کردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.

١٨- سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەرگەکان کە بە سامانی گشتی دەژمێردرێن، میللی دەکرێن و، حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەلکیان لێ وەردەگرێ.

١٩- زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ڕێگای میکانیزە کردن و بەکار هێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵدا، هەروەها داڕشتنی بەرنامەی بەراوکردن و هەڵبەستنی بەند، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٢٠- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ پەرە پێدانی بازرگانیی نێوخۆ و برەو پێدانی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا، تێ دەکۆشێ. هێندێ لەو پرۆژە ئابوورییانە کە جێبەجێ کردنیان بە هۆی بەشی گشتییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووریی وڵات نییە، بە بەشی تایبەتی دەسپێردرێن و لە ڕێگای دیاریکردنی نرخ بۆ بەرهەمەکان و دانانیماڵیاتی دەوڵەتییەوە، سنوورێک بۆ پەرەگرتنی سەرمایەی تایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەو کارە کەلکوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستانە.

٢١- بەرەو ژووربردنی پایەی ژیانی خەڵک و بە تایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان، نێوەرۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. ئەم حکوومەتە هەموو هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان کە لە هەژاری و بێبەشییدا دەژین، لەم وەزعە ڕزگار بکا و، ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکا. یەکەم هەنگاوی گرینگ لەو بارەیەوە ئامادەکردنی خانووبەرەی لەبار بە پێی ڕێوشوێنی لەشساغی بۆ زەحمەتکێشانی شار و لادێیە.

٢٢- ئەسڵی چل سەعات کار لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کەمتر بێ. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بەپێی خەرجی بەڕێوەچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونەسەری خەرجیی گوزەران، زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەوتوویی و پیری، بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە پازدە ساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ. بۆ کەمکردنەوە و پاشان خاشەبڕ کردنی بێکاری، دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێک بهێنرێ.

٢٣- زەوی هیی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا. هەر بۆیە دەبێ لە شێوەی ئێستای مالکییەتی زەوییدا، ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە قازانجی دێنشینانی زەحمەتکێش و بێزەوی ڕوو بدا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان هەموو چەشنە یارمەتییەک بۆ پەرە پێدانی ئەو شیرکەتە هەرەوەزییانەی کشتوکاڵ دەکا کە جووتیاران بە دڵخوازی خۆیان پێکیان دێنن و،

جگە لەوانەش کێڵگەی هەرەوەزیی دەوڵەتی پێک دێنێ.

٢٤- حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ یارمەتیی وەرزێران بدا تا بتوانن ئامرازی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخێکی باش لێ بکرێ و بۆ پەرە پێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بە سوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران لە پێشدا بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و، پاشان بەرامبەر بە پیری و پەککەوتەیی بیمە دەکرێن.

٢٥- حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە ئاژەڵداری. لەوەرگەکان بە پێی شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێرێ و ڕێگای دروست و زانستیی ئاژەڵدارییان فێر دەکا.

٢٦- پارێزگاریی موحیتی ژیان، سەرچاوە سروشتییەکان، لێرەوارەکان، دەریاچەکان و پارێزگاریی حەیوانات بە تایبەتی حەیواناتی ڕاویی باڵندە، پێڕۆ و ماسی، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەرەی حەیوانات پێشگیری بکرێ و، لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای سەنعەتیی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا بۆ پارێزگاریی موحیتی ژیان و لە بەرچاو گرتنی هاوهەنگاویی سروشت، وردەکارییەکی زۆر ڕەچاو بکرێ و بایەخی پێویست بە پاراستنی بینا و شوێنەوارە کۆنەکان بدرێ.

**فەسڵی پێنجەم:**

**سیاسەتی فەرهەنگی و لەش‌ساغی**

٢٧- هەموو منداڵانی کوردستان چ کچ، چ کوڕ، تا پازدە ساڵی دەبێ بخوێنن، حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ لە نێو بردنی نەخوێندەواری بە پەلە هەنگاو هەڵدێنێتەوە. لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا دابینکردنی خەرجی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەزگای دەوڵەتییە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بە خۆڕاییە. یارمەتیی حکوومەتی خودمختار لەو بارەوە، قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە، حکوومەتی خودموختاری کوردستان خەرجی منداڵانی کرێکاران و جووتیاران و هەموو زەحمەتکێشانی کەمداهات لە تەواوی فێرگە پیشەییەکان و هونەرستانەکاندا، دابین دەکا. خەرجی خوێندنی منداڵانی بلیمەت و هەڵکەوتووی زەحمەتکێشانی کەمداهات لە زانستگە و فێرگە بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێ.

٢٨- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەرەو ژووربردنی پایەی فەرهەنگیی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی و پەروەدەی بەدەنی وەک فەرهەنگستان، سینەما، تیئاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانستگەکان بە خێرایی هەنگاو هەڵدێنێتەوە.

٢٩- بایەخ دان بە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمەندان و زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی

خودموختـاری کوردسـتانە.

٣٠- ڕووناکبیرانـی کوردسـتان بـە پێـی لێوەشـاویی خۆیـان، کاریـان دەدرێتـێ. حکوومەتـی خودموختاری کوردستان سیاسـەتێک بەرامبەر بە ڕووناکبیـران و پسـپۆڕان دەگرێتە پێش کە بـە دڵگەرمـی و لەخـۆ بوردنـەوە خزمەتـی نیشـتمانی خۆیـان بکـەن.

٣١- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەرەو ژووربردنی پایەی لەشساغیی هەموو خەڵـک تـێ دەکۆشـێ و بـۆ خاشـەبڕ کردنـی ئـەو نەخۆشـییانەی لـە کوردسـتاندا بـڵاو بوونـەوە بـە تونـدی خەبـات دەکا و، هەلومەرجێک پێـک دێنـێ کـە هەمـوو خەڵکی کوردسـتان بتوانـن لـە یارمەتیی خۆڕایی پزیشکی و دەرمانی کەلـک وەرگرن. حکوومەتـی خودموختـاری کوردسـتان بـۆ دامەزراندنـی ئاسایشـگە، شـیرخۆرگە و زاییـنگـە هەنـگاو هەڵدێنێتـەوە و، بـۆ بەخێـو کردنـی نەقوسـتان و بەسـاڵاچووانی ڕەبـەن و بێخاووخێـزان بنکـە و بنیاتـی تایبەتـی دادەمەزرێنـێ.

**فەسڵی شەشەم:**

**سیاسەتی دەرەوە**

لـە سیاسـەتی دەرەوەدا کـە لـە سـەڵاحییەتی دەوڵەتـی مەرکەزیـیدایـە، حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لەسـەر ئـەوە پـێ دادەگـرێ کـە:

٣٢- دەوڵەتـی مەرکەزیـی ئێـران سیاسـەتێکی دەرەوەی بێلایـەن (غیـر متعهـد) و سـەربەخۆ بگرێتـە پێـش و لەگـەڵ هەمـوو دەوڵەتـان لەسـەر بنچینـەی ڕێزگرتنـی یەکتـر و ناسـینی حەقـی حاکمیەتـی نیشـتمانی و دەسـتوەرنەدان لـە کاروبـاری یەکتـر پێوەنـدی دابمەزرێنـێ و، لەگـەڵ وڵاتانـی سۆسیالیسـتی و ئـەو وڵاتانـە کـە سیاسـەتێکی دێموکراتـی و دژیئیمپریالیسـتییان هەیـە، پێوەندیـی دوسـتانە پێـک بێنـێ.

٣٣- دەوڵەتـی مەرکـەزی لـە خەباتـی ڕزگاریخوازانـە و دژیئیمپریالیسـتیی گـەلان و لـە مافـی دانانـی چارەنووسـی نەتـەوەکان بـە دەسـتی خۆیـان، پشـتیوانی بـکا.

٣٤- دەوڵەتـی مەرکەزیـی ئێـران لـە نێـو ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و لـە دەرەوەی ئـەو ڕێکخـراوە لـە ئاسـتی جیهانـی و پێکـەوە ژیانـی بـە ئاشـتی لـە نێـو گـەلانـدا پشـتیوانی بـکا و، لایەنگـری چارەسـەری گیـر و گرفتـە نێونەتەوەییـەکان لـە ڕێـگای وتووێـژەوە بەبـێ بـەکار هێنانـی زۆر بـێ.

٣٥- وڵاتـی ئێـران ببێتـە بنکەیـەک بـۆ یارمەتـی بـە خەباتـی ڕزگاریخوازانـەی گەلانـی زۆرلێکـراوی جیهـان و بەتایبەتـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و، پەنـای سیاسـی بـە هەمـوو ئینسـانێکی نیشـتمانپەروەر و ئازادیخـواز بـدا.

لـە چوارچێـوەی ئـەو سیاسـەتەدا بـە ئـاگاداری و پەسـەندی دەوڵەتـی مەرکـەزی، حکوومەتـی خودموختاری کوردستان لە هەموو ئیمکاناتی خۆی بۆ کۆمەک بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی تێکۆشـەرانی کـورد لـە وڵاتانـی دراوسـێدا کەلـک وەربگـرێ و، پەنـای سیاسـی بـە هەمـوو کوردێکی نیشـتمانپەروەر بدا.

## بەشی سێهەم:
## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### مادەی یەکەم: ناو و نێوەرۆکی حیزب

١- ناوی حیزب «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ە.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و بە تایبەتیی کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

٣- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا لە تیئۆریی زانستیی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ پەیڕەوی دەکا.

### مادەی دووهەم: ئەندامانی حیزب

هەموو هاونیشتمانییەکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرجێک:

- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بکا.
- بە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ.

تێبینی:

کوردەکانی غەیری ئێرانی دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببنە ئەندام.

### مادەی سێهەم: شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

- دوو ئەندامی حیزب ناسێنەری بن.
- لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقی کردنەوەدا بێ.
- لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی، یان ئۆرگانێکی بەرەو ژوورترەوە وەربگیرێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

### مادەی چوارم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:

- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون تێ بکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی فیکری و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بە پێی پێڕەوی نێوخۆ، پەیڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.

- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێ بکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەر.
- سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیروڕا و تاقی کردنەوەیان کەلک وەربگرێ.
- حەقی ئەندامەتی بدا.

تێبینی:

ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن و لەگەڵ حیزب پێوەندیی تەشکیلاتییان هەیە، بەڵام هەموو ئەرکەکانی ئەندام بەجێ ناگەیەنن، بە لایەنگری تەشکیلاتی دەناسرێن.

**مادەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

- بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ بە شەرتێک کە مەرجەکانی پێویستی بۆ ئەندامەتیی ئەو ئۆرگانەی تێدا بێ.
- لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبییدا رەخنە بگرێ.
- لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، بیروڕای پێ بڵێ، یان پرسیاری لێ بکا.
- لە هەر ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
- لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانیی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیهەوێ بڕیاری لە سەر بدا، بەشدار بێ.

**مادەی شەشەم: سزادانی ئەندام**

١- ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەبزووونەوە، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئێعتباری حیزب دەگەیەنێ بە پێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزب بریتییە لە:

- سەرکۆنە بەدەم.
- سەرکۆنە بە نووسراوە.
- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.
- هەڵپەساردن.
- گۆڕینی پلەی ئەندامەتی بە لایەنگری تەشکیلاتی.
- دەرکردن لە حیزب.

تێبینی:

درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێراو لە ماوەی هەڵپەسێراندا، خاوەنی مافەکانی ئەندامی حیزب نییە. بەڵام پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبیی

بۆ لە بەرچاو دەگیرێ.

٢- سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبی هەر ئەندامێکەوە بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.

٣- مەبەست لە سزادانی حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامانە و، تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە، وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری، لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤- ئەندامی دەرکراو حەقی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و، دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

**مادەی حەوتەم: قەوارەی حیزب**

١- ئەسڵی بنەڕەتیی دارشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دێموکراتییە.

٢- سانترالیزمی دێموکراتی بەو مانایەیە کە:

- هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیانبژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە و، کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.
- لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان و بێجیاوازی، یەک دیسیپلین هەیە.
- بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرتر دەبێ لە لایەن ئۆرگانەکانی خوارترەوە جێبەجێ بکرێ.
- باس کردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خواروترین ئۆرگان بە کۆمەڵە. تەکپەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

**مادەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١- بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢- کۆنگرەی حیزب هەر سێ ساڵ جارێک لە ئەندامان و جێگرەکان و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی و، بە ڕادەیەک کە کومیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزب پێک دێ.

٣- کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازیی کومیتەی ناوەندی، یان سێ یەکی هەموو ئەندامانی حیزب بانگ دەکرێ.

٤- ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:

- باسی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
- ڕێبازی گشتیی سیاسیی ستراتیژی و تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند دەکا و، ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا.
- ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.

تێبینی:

کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە لانیکەم دوو ساڵ

ڕابردووی تێکۆشانیان لە حیزبدا هەبێ.

**مادەی نۆهەم: کۆنفرانسی حیزب**

١- کۆنفرانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:

- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیر و گرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
- لە هەلومەرجێکی وادا، کۆنفرانس سەڵاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢- کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی و، جێگر و، موشاویرانی کومیتەی ناوەندی و، نوێنەرانی کومیتەکانی شارستان و، کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی پێک دێ.

**مادەی دەهەم: کومیتەی ناوەندی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢- ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:

- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
- مەسئولی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.
- دەفتەری سیاسی و، سکرتێری گشتیی حیزب و، جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کومیتەی ناوەندی بەرپرسن.
- ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و، مەسئولی داهات و دەرچوونی حیزبە.
- ئایین‌نامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و دەفتەری سیاسی دادەنێ.
- ئایین‌نامەی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی پەسەند دەکا.
- لانیکەم ساڵێ سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە. کۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر داوای دەفتەری سیاسی، یان زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێک دێ.

تێبینی:

کومیتەی ناوەندی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی موشاویر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

**مادەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییدا دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و، مەسئولی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندییە.

٢- دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی پێک دێنێ و، ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەدا بە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی.

**مادەی دوازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١- بناغەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەمتر بێ.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزب لە دێ کومیتەی دێ، لە ناوچە کومیتەی ناوچە، لە گەڕەک کومیتەی گەڕەک، لە شار کومیتەی شار و، لە شارستان کومیتەی شارستان بەڕێوەیان دەبا.

٣- ئەرکی شانە و کومیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و، جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و، بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤- کومیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێن.

٥- بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە لانیکەم ساڵێ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە پێک دێ.

**مادەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

- حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

***

# بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ۹ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ۹ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بڕیارنامەی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆیەم
- پەیامەکانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (سەرماوەزی ١٣٧٠)
## (کۆنگرەی قاسملوو)

کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٧٠ لە گەڵی بەدران لە ناوچەی «ناوچیای»ی باشووری کوردستان پێکهات.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٩ بریتی بوون لە:**

١) د. سادق شەرەفکەندی، ٢) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٣) مستەفا هیجری، ٤) حەسەن شیوەسەڵی، ٥) د. حوسەین خەلیقی، ٦) باباعەلی مێهرپەروەر، ٧) ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ)، ٨) مستەفا مەولوودی، ٩) غەفوور هەمزەیی، ١٠) حەسەن شەرەفی، ١١) محەممەدعەلی عینایەتی، ١٢) فەتاح عەبدولی، ١٣) محەممەدنەزیف قادری، ١٤) عەبدوڵڵا شەریفی، ١٥) سەید سەلام عەزیزی، ١٦) مەنسوور فەتاحی، ١٧) عەبدوڵڵا ئیبراهیمی، ١٨) شاهۆ حوسێنی، ١٩) مەحموود دەشتی.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٩:**

١) د. سادق شەرەفکەندی (سکرتێر)، ٢) مستەفا هیجری (جێگری سکرتێر)، ٣) حەسەن شەرەفی، ٤) باباعەلی مێهرپەروەر، ٥) عەبدوڵڵا حەسەنزادە.

* پاش شەهیدبوونی د. سادق شەرەفکەندی و فەتاح عەبدولی لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی، مستەفا هیجری وەک سکرتێر و عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەک جێگری سکرتێر دیاری کران. کاک سەید سەلام عەزیزی بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و دوو لە جێگرەکان (عومەر حەمیدی و ئیبراهیم لاجانی) بوون بە ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندی.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٩ بریتی بوون لە:**

١) ئیبراهیمساڵحیڕاد (لاجانی)، ٢) حەسەن قادرزادە، ٣) محەممەد شەهرەوان، ٤) لوقمان مێهفەر، ٥) سەید ڕەسووڵ سەیدئەحمەدی، ٦) کاوە بەهرامی، ٧) سەید ئەحمەد حوسێنی، ٨) عومەر حەمیدی.

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٩ بریتی بوون لە:**

١) سەید ئیبراهیم هاشمی، عومەر باڵەکی، سەیدڕەزا درووگەر، ئەحمەد پادگانی، تەیموور مستەفایی.

***

## ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی
## بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی نۆیەمی حیزب، کۆنگرەی قاسملوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران!
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
گەلانی بەشەرەفی ئێران!

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەخۆشحاڵی و شانازییەوە ڕادەگەیێنێ کە ئێوارەی ڕۆژی شەممۆ ڕێکەوتی ٣٠ سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢١ی دیسامبری ١٩٩١ی زایینی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی قازی و قاسملوو و هەزاران شەهیدی سەربەرزی ڕێگای دێموکراسیی ئێران و خودموختاریی کوردستان کاروباری خۆی دەست پێ کرد. ئەم کۆنگرەیە کە یەکەمین کۆنگرەی پاش لەدەستدانی ڕێبەری شەهیدی حیزبەکەمان دوکتور قاسملووی مەزن بوو، پێشکەش بە یادی ئەو گەورە پیاوە ناودارە کرا. ناوی پڕ ناوبانگی قاسملووی لەسەر دانرا و هەر بۆیەش لە شەوزستان، واتە شەوی «یەلدا» دا کە شەوی لە دایکبوونی ئەو ڕێبەرە لەدەست چووەیە دەستی بە کار کرد.

سەرەتای کاروباری کۆنگرە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێ کرد و پاشان بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگەیەندرا. بەدوای ئەوەدا تێکۆشەری خۆشەویستی کۆمەڵانی گەلی کورد کاک حەسەنی شیوەسەڵی لە وتارێکی کورتدا بە ڕەسمی کرانەوە کۆنگرەی ڕاگەیاند. هاوڕێ شیوەسەڵی لە وتاری خۆیدا وێڕای پیرۆزبایی لە ئەندامانی کۆنگرە، داوای لە هەموو هاوڕێیانی کرد کە چالاکانە لە باسەکانی کۆنگرەدا بەشداربن و ئەو کارەی بە زامنی سەرکەوتنی کۆنگرە و بەرهەمدار بوونی بڕیارەکانی دانا.

بەدوای کرانەوەی ڕەسمیی کۆنگرەدا هاوڕێی تێکۆشەر دوکتور سەعید، سکرتێری گشتیی حیزب ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی پێشکەش بە کۆنگرە کرد. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کە زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند لێکۆڵینەوەیەکی وردی لە ئاڵوگۆڕەکانی چوار ساڵی ڕابردووی جیهان و وەزعی نێوخۆی ئێران لەپاش کۆنگرەی هەشتەم و بەتایبەتی دوای مەرگی خومەینی و هەلومەرجی خەباتی دژوار، بەڵام ڕەوا و بەرحەقی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خستبووە بەرچاو و سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی بەرامبەر بە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و ئێران و جیهان کە بەجۆرێک پێوەندییان بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانەوە هەیە نیشان دابوو.

لە بەشێکی دیکەی کاروباری کۆنگرەدا چەند کۆمیتەیک بۆ هەڵسووراندنی بەشێک لە کاروباری کۆنگرە و ئامادەکردنی بەڵگەنامەکان، هەڵبژێران. لەوانە کۆمیتەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، کۆمیتەی پەیام و کۆمیتەی بڕیار و کۆمیتەی هەڵبژاردن.

کۆنگرەی قاسملوو لە ماوەی سێ ڕۆژدا باسێکی ورد و تێروتەسەل و بەرهەمداری لەسەر ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی و کار و تێکۆشانی حیزب لە چوار ساڵی ڕابردوودا کرد و پاش تەواوبوونی باسەکان بە تێکرای دەنگ ئەو ڕاپۆرتەی پەسند کرد. جێی شانازییە کە بگوترێ ئەگەرچی باسی دێموکراتی و ئازاد، سروشتێکی هاوبەشی هەموو کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی حیزبە، بەڵام باسەکانی کۆنگرەی نۆهەم لە هەمووان زیاتر ڕاشکاوی و ڕەخنەی داهێنەر و پێشنیاری بنیاتنەریان تێدا بەدی دەکرا و هەربۆیەش شوێنێکی یەکجار لەباریان لەسەر چوونەسەری نێوەڕۆکی بڕیار و پەسندکراوەکانی کۆنگرە دانا.

دوای پەسندکرانی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی نۆرە گەیشتە سەر ڕاپۆرتی کۆمیتە فەرعییەکانی کۆنگرە. کۆمیتەی بڕیار لە ڕاپۆرتی خۆیدا چەندین بڕیاری بەجێی خستە بەرچاوی ئەندامانی کۆنگرە کە لە باسێکی ورد و بەسوودا هەموویان پەسند کران و چەند بڕیارێکی دیکەشیان پێوە زیاد کرا. کۆمیتەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆش لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئاڵوگۆڕەکانی بەرنامە و پێڕەوی پێشکەشی بەشدارانی کۆنگرە کرد کە ئەو بەشەش پاش باس و لێکۆڵینەوە و پێشنیاری ئاڵوگۆڕی دیکە بە تێکڕای دەنگەکان پەسند کرا.

لە دوابەشی کاری کۆنگرەدا کۆمیتەی هەڵبژاردن ڕاپۆرتی کاروباری خۆی پێشکەش کرد و پاشان لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکدا ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندیی تازە هەڵبژێران و بەمجۆرە دوای شەش ڕۆژ کاری بەردەوام و داهێنەر و پڕ بەرهەم کۆنگرەی نۆیەمی حیزب، کۆنگرەی قاسملوو بە سەرکەوتنی تەواوەوە کۆتایی بە کاروبارەکانی هێنا.

شایانی باسە کە کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی نۆیەم لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا هاوڕێی تێکۆشەر دوکتور سەعیدی بە تێکڕای دەنگ بە سکرتێری گشتی هەڵبژارد کە سەرکەوتنی زیاتری لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە قورس و پیرۆزەدا بۆ بەئاوات دەخوازێ.

ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی شەشی بەفرانبار نوێنەرانی کۆنگرە لە کاتێکدا هەموو وجوودیان ئیمان بە ڕێبازی حیزب و هیوا بە سەرکەوتنی ڕێبازەکەیان بوو، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی قاسملوو گەڕانەوە جێگای کار و تێکۆشانیان.

سەرکەوتنی کۆنگرەی نۆیەم، کۆنگرەی قاسملوو لە هەموو تێکۆشەرانی حیزب و هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد پیرۆز بێ!

سەرکەوێ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی و خودموختاری!

پتەوتر بێ هاوکاریی نێوان هێزە نیشتمانپەروەرەکانی ئێران بەرەو پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیی پێشکەوتنخواز!

بڕووخێ ڕێژیمی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستی ئاخوندی!

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**۱۳۷۰/۱۰/۷**

## ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی نۆیەم

**سەرەتا**

هاوڕێیانی بەڕێزی بەشداری کۆنگرە!

کۆمیتەی ناوەندی سڵاوێکی گەرمتان پێشکەش دەکا و هیوادارە کۆنگرەکەمان کۆنگرەیەکی سەرکەتوو و پڕ بەرهەم بێ.

لە ماوەی نێوان کۆنگرەی پێشوو و ئەم کۆنگرەیەدا، لەلایەک هێندێک ئاڵوگۆڕێ قووڵ و بەربڵاو لە وەزعی جیهاندا ڕوویان داوە کە بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، شوێنیان لەسەر وەزعی ئێمە داناوە و دادەنێن. لەلایەکی دیکەش هەم ئێران بە گشتی و هەم خۆمان بەتایبەتی لەگەڵ چەندین ڕووداوی گرینگ بەرەوڕوو بووین کە بۆ نموونە لە ئێراندا دەتوانین کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ عێراق و مردنی خومەینی و، لەنێو خۆماندا لەدەستدانی ڕێبەری هەڵکەوتوومان دوکتور قاسملووی نەمر ناو بەرین.

جیا لەمانە، هەروەک دەبینین ، هەلومەرجی ناوچەیی ئێستا کە ئەم کۆنگرەیەی تێدا پێک دێ، هەلومەرجێکی گەلێک ناسکە کە لە داهاتووی کار و تێکۆشانی ئێمەدا دەتوانێ شوێنی کاریگەر و چارەنووسساز دابنێ.

هەمووی ئەمانە بوونە هۆی ئەوە کە ئەم کۆنگرەیە کە کۆنگرەی نۆیەمی حیزبەکەمانە بە یەکێک لە گرینگترین کۆنگرەکانی حیزب بزانین. بەڵام پێش ئەوەی بچینە نێو باسەکان، ئیجازە بدەن سەرەتای کارەکەمان وەک هەمیشە بە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەست پێ بکەین کە لەنێو ئەواندا دوو دەستە جێگا و مەقامێکی تایبەتییان بۆ ئێمە هەیە:

یەکەم- شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبە شۆڕشگێڕەکەمان لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، کە بە فیداکردنی گیانی خۆیان حیزبەکەمان و بزووتنەوەکەمان و گەلەکەمانیان زیندوو سەربەرز ڕاگرت، لە سەرەوەی هەمووان: شەهیدی پایەبەرز دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب؛ کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە دەرەوەی وڵات و کاک سەدیق فیرووزی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتە شارستانی کرماشان.

دووهەم- ئەم هاونیشتمانانە کە دەستوپێ بەندکراو و ئەشکنجەدراو لە زیندانەکانیشدا دڵی بەرێوەبەرانی ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلی ئاخوندییان و لەرزین خستبوو، هەر بۆیە ژمارەیەکی چەند هەزار کەسییان پاش قبووڵی بڕیارنامەی شووڕای ئەمنییەت سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ لە عێراق و بەتایبەت لە ئاخری هاوینی و سەرەتای پاییزی ٦٧ دا لە قەڵاچۆکردنێکی دڕندانەی کەموێنە بەدەست جەللادانی ڕێژیم مەزلوومانە شەهید کران.

شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری مەشخەڵی ڕووناکیدەری ڕێگای خەباتن. یادی ئەوان و ڕێزگرتن لەوان وەک ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە هانمان دەدا کە دەست لە ئامانجە پیرۆزەکانیان بەرنەدەین و، درێژەدەری بەوەفای ڕێگای پڕ لە سەروەرییان بین. بۆیە کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار دەکا کە شەهیدی مەزن دوکتور عەبدولڕحمان قاسملوو وەک نموونە و نوێنەری هەرەبەرزی

شەهیدەکانمان، ناوی لەسەر ئەم کۆنگرەیە دابنرێ و کۆنگرەی نۆیەم کە لە ساڵرۆژی لەدایکبوونی قاسملووی نەمردا دەست بە کار دەکا، بە «کۆنگرەی قاسملوو» بناسرێ.

– نەمری بۆ گیانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی!

– سڵاو لە زیندانییانی سیاسی!

– سڵاو لە بنەماڵەی دڵسووتا و سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی، کە بەشێکی زۆری لەخۆبوردوویی و خەباتگێری ڕۆڵەکانیان ئەوان دەگرێتەوە!

**وەزعی نێونەتەوەیی**

گۆڕانی وەزع لە «یەکیەتیی سۆڤیەت» و وڵاتانی «سۆسیالستی»ی ئورووپای ڕۆژهەڵات بێگومان گرینگترین ڕووداوی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە جیهاندایە. هەوڵی ڕێبەرایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتیی «گۆرباچۆف» بۆ دێموکراتیکردنی کۆمەڵی سۆڤیەتی و، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی کاریگەر لە وەزعی ئەو وڵاتە لەژێر دروشمی «گلاسنۆست» و «پرۆستۆریکا» کە لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی هەشتەمدا ئیشارەمان پێ کردبوو، ڕەنگدانەوەیەکی خێرا و چاوەڕواننەکراوی لە هەموو وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بەدواوە بوو. بە جۆرێک کە حکوومەتی حیزبی کۆمۆنیست  لەو وڵاتانەدا یەک بە دوای یەک لەسەر کار لاچوون. هەتا سەرەنجام ئاگرەکە لە خودی یەکیەتیی سۆڤیەتیشدا  پەرەی گرت و نەک هەر کۆتایی بە دەسەڵاتدارەتیی حیزب کۆمۆنیست لەوێشدا هێنا، بەڵکوو بوو بە هۆی لێکهەڵوەشانی ئەو یەکیەتییە.

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا ئاڵوگۆڕەکان بە شێوەیەکی کەموزۆر ئارام و بێ توندوتیژی بە ئەنجام گەیشتن. لە هێندێکیشیان دا وەک «ڕۆمانی» بە شێوەی شۆڕش و خوێنڕێژی بەڕێوە چوون.

لەو ئاڵوگۆڕانەدا، ئاڵمانی ڕۆژهەڵات هەر بە یەکجاری لە جوغرافیایی سیاسیی ئورووپا پاک کرایەوە و وەسەر ئەڵمانی ڕۆژئاوا کەوت. بەمجۆرە دوو بەشی ئەڵمان ٤٥ ساڵ پاش شکستی ئاڵمان لە شەڕی دوویەمی جیهانیدا سەرلەنوێ یەکیان گرتەوە و، وڵاتی تاقانەی «ئاڵمان»یان پێک هێناوە کە چ لە باری جەمعییەت (ئەگەر کۆماری فیدراتیوی ڕووسیە وەلابنێین) و چ لە باری توانای ئابووری و پێشکەوتوویی سەنعەتییەوە، بەهێزترین وڵاتی ئورووپای ئێستایە. مەسەلەیەک کە بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی مێژوویی ئاڵمان لەوانەیە وێڕای لێکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە داهاتووی ئورووپا و دنیادا شوێنێکی بەرچاو دابنێ.

جەریانی ئاڵوگۆڕ لە وڵاتانی سوسیالیستی و بەگشتی لە بیروبۆچوون سەبارەت بە «سۆسیالیزم»دا تا ئێستا لە زۆر بارەوە شوێنی بەرچاوی لەسەر وەزعی جیهان داناوە. شوێندانانێک کە لە ساڵەکانی داهاتوودا بێشک گەلێک ڕوونتر، قووڵتر و، بەربڵاوتر دەبێ.

لە باری سیاسییەوە ئەو ئاڵوگۆڕانە بوونە هۆی ئەوە کە دابەشبوونی دونیا بەینی دوو بەرەی «غەرب» و «شەرق» یان «سەرمایەداری» و «سۆسیالیستی» بە شکڵ و مانای پێشووی خۆی نەمێنێ و، دەورەی شەڕی سارد، یانی دووبەرەکیی سیاسی لەنێوان ئەم دوو بەرەیەدا کۆتایی پێ بێ. سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەت کە لە ڕابردوودا لە جیهەتی بەرپەرچدانەوەی دایمیی سیاسەتی «غەرب» و لە سەرەوەی هەمووان «ئەمریکا» دابوو،

بەتایبەت لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا پێش لێکهەڵوەشانیدا پتر لە جیهەتی هاوکاری و خۆ ڕێکخستن لەگەڵ غەرب و سیاسەتەکانی دابووە.

لە ئاکامی ئەو وەزعەدا تا ئێستا چەندین شەڕ و کێشە و گیروگرفت لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان یان بە یەکجاریی کۆتاییان پێ هاتووە و چارەسەر کراون، یان تا ڕادەیەکی زۆر لە چارەسەرکران نیزیک بوونەوە.

لە سایەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا گەلێک مەسەلەی ستراتیژیکی کەوتوونە ژێر پرسیار و لە جێگای ئەوان مەسەلەی تازە و پرسیاری تازە هاتوونە گۆڕێ. بۆ نموونە بەدوای هەڵوەشانی پەیمانی نیزامی «وەرشەو»دا ئەمڕۆ پەیمانی «ناتۆ»ش تا ڕادەیەکی زۆر مانای وجوودیی خۆی لەدەست داوە و ئەگەریش بمێنێ بێگومان دەبێ لە مەبەستەکان و بەرنامەکانیدا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی پێک بێ. هەروەها گرینگیی ستراتیژیکی هێندێک جێگا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە ناچار حیسابێکی دیکەیان لەسەر دەکرێ: وەک «تورکیە» کە بە چاوی ئەندامی گرینگی «ناتۆ» و پێش جەبهەیەکی بەرگری لە بەرامبەر یەکیەتیی سۆڤیەت و دنیایی سۆسیالیستی چاوی لێ کراوە، یان «ئێران» کە تا ئێستا لە بەینی نفووزی یەکیەتیی سۆڤیەت لە شیمال و دنیای غەرب (بەتایبەت ئەمریکا) لە جنووب ڕاگری جۆرە پارسەنگێک بووە.

لەسەریەک، ئێستا لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و لە پێوەندیی نێودەوڵەتاندا شابەیتی هەموو قسە و باسێک «سوڵح و ئاشتییە». ئەگەر وا دابنێین کە شەڕی سارد و دابەشبوونی دونیا بە دوو بەرەی شەرق و غەرب پێکهێنەر و هاندەری ئەسڵی سازبوون و سەرهەڵدانی گیروکێشە و خوێنڕێژی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بووە، کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ئەم هیوایە پێک دێنی کە پەنا بردن بۆ شەڕ و، شێوەی توندوتیژیی زۆردارانە چ لە ناکۆکییەکانی بەینی وڵاتاندا و، چ لە گیروگرفتە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتانەدا وەلا بنرێ و، زیاتر ڕێگای هێمنانە و ئاشتیخوازانە و وتوویژ بگیرێتە پێش.

لەم پێیەدا وا دێتە بەرچاو کە یەکێک لە دیاردە بەرچاوەکانی وەزعی تازە لە دنیادا درانی نەخش و جێگایەکی گرینگتر بە «ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» بێ. ئەم ڕێکخراوە لە ڕەوتی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی جیهانیدا ئێستا زیاتر و کاریگەرتر لە جاران دەستی دەبینرێ و، دانی جایزەی سوڵحی نوبیلی ساڵی ١٩٨٩ بە «هێزی پارێزەری ئاشتی»ی ئەو ڕێکخراوە خۆی شوێنەوارێکە لەم دیاردەیە.

ئاشکرایە کە ئەم دیاردەیە ئاکامی لێک نیزیکبوونەوە و هاوکاریی شەرق و غەرب، یانی لە ڕاستیدا یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەمریکا بووە. چونکە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەر بڕیارێک کە بیدا و، بۆ هەر کردەوەیەک کە بیهەوێ ئەنجامی بدا ناچارە ئیجازە و ئیمکاناتەکەی لە ئەندامانی خۆی وەربگرێ. بۆیە هەر کاتێک ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان دوو لایەنی بەهێز، یان دوو بەرە لە ئەندامانی بەنفووزی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و بەتایبەت لە شوورای ئەمنیەتی ئەو ڕیکخراوەدا توند بووە، ئەم ڕێکخراوەش دەستی بەستراوە و، لە مەیدانی نێوبژیکردن کەموزۆر وەلانراوە. بەپێچەوانە، کاتێک هەر دوو لا لەسەر مەسەلەیەک پێک هاتوون و سیاسەتیان لێک نزیک بووە، هەلومەرج بۆ هاتنە مەیدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش فەراهەم کراوە و ئیمکاناتی پێویستی بۆ سەرکەوتن لە کارەکەیدا پێ دراوە. بۆ نموونە: دیتمان کە لە مەسەلەی کووەیتدا شوورای ئەمنیەت هەڵوێستێکی یەکپارچەی

گـرت و، بەکـردەوە وای نیشـان دا کـە بڕیارەکانـی دەبـێ بەهـەر قیمەتێـک بەڕێـوە بچـن. لـە حاڵێکدا تـا ئێسـتا لـە چەندین مەسـەلەی دیکـەدا وەک کێشـەی ئیسـرائیل و فەلەسـتین، یـان تورکیـە و قیبریـس بڕیارەکانـی بـە ئاشـکرا وەک پـەڕە کاغەزێکـی بێنـەرخ فـڕێ دراون و، شـووڕای ئەمنییەتیش بێدەنگەی لـێ کـردووە و جموجۆڵێکـی لـە خـۆی نیشـان نـەداوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە، ڕێکخراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ ئەوە کە لـە داهاتـووی نیزیکدا جێگای خـۆی لـە کاروبـاری جیهانیـدا - بـەو جـۆرە کـە ئێسـتا لێـی چاوەڕوان دەکـرێ- قایمتر و کاریگەرتر بکا، ڕێگایەکـی درێژ و پڕکەندوکڵـۆی لەپێشـە. چوونکـە هـەر بـەو ئەندازەیـە کـە دووبەرەکـی لەنێوان هێزە بەنفووزەکانـی ئەندامـی ڕێکخـراو دەبێتـە هـۆی تەنگەبەربوونـەوەی مەیدانـی تێکۆشـانی ئـەو ڕێکخـراوە، لـە نەبوونـی پارسـەنگی نێـو هێزەکانیشـدا بەسـتراوەیی ڕێکخراو بە یـەک دەوڵـەت و یـەک هێـزی گـەورە (وەک ئەمریکا) دەتوانـێ لـە ئیعتیبارەکـەی وەک ڕێکخراوێکـی جیهانیـی سـەربەخۆ و بێلایـەن کـەم بکاتـەوە.

هـەر لـەم زەمینەیـەدا، هێندێـک مەسـەلە هـەن کـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ ئـەوەی لـە داهاتـوودا بتوانـێ ببێتـە ئـەو شـتەی لێـی چـاوەڕوان دەکـرێ پێویسـتە وەڵامێکـی موناسـیبیان پـێ بداتـەوە بـۆ نموونـە:

مافـی تایبەتیـی پێنـج دەوڵەتـی: ئەمریکا، شـووڕەوی، چیـن و فەرانسـە و ئینگلیـس لـە شـووڕای ئەمنیـەت ئـەو ڕێکخـراوە کـە لـە حەقـی «وێتـۆ»دا خـۆ دەنوێنـێ و لـە هەلومەرجـی تایبەتیـی پـاش شـەڕی دووهەمـی جیهانیـدا پێیـان دراوە، لـە هەلومەرجـی دنیـای ئەمـڕۆ و داهاتـوودا ڕۆژبـەڕۆژ پتـر ناڕەوابوونـی خـۆی دەردەخـا. چونکـە ئەگەریـش پێویسـت بـێ بـە هێندێـک وڵاتـی گـەورەی دنیـا مافێکـی تایبەتـی لـە نـەزەر بگیـرێ ڕوون نییـە کـە هێندێـک وڵاتـی وەک ئەڵمـان، ژاپـۆن، هێندوسـتان، ئیتالیا و... بۆچـی نابـێ خاوەنـی ئـەم مافـە بناسـرێن؟

نموونەیەکـی دیکـە، بوونـی جـورە ناتەباییـەک لـە نێـوان ئەرکەکانـی ڕێکخـراو، یـان شـێوەی بۆچـوون لـە بـارەی ئـەو ئەرکانەدایـە: لەلایـەک ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دیـارە لـە دەوڵەتانـی ئەنـدام پێـک هاتـووە و، شـووڕای ئەمنییەتـی ئـەو ڕێکخـراوە وەک «دانـەر» و «پارێـزەر»ی یاسـاکان و ڕێوشـوێنی نێونەتەوەیـی (نێودەوڵەتـان) دەناسـرێ. لەلایەکـی دیکـە، ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە بەرامبـەر گـەلان و مافەکانیشـاندا ئەرکـی لەسـەر شـانە و، بەیاننامـەی مافـی مـرۆڤ و کۆمیسـیۆنی تایبەتـی مافـی مـرۆڤ لـەو ڕێکخراوەدا نیشـاندەری ئـەو ئەرکـەن.

سـەرەڕای ئەمـە، لـە کردەوەی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکاندا پارسـەنگێک لەنێوان ئەو دوو ئەرکـە یانـی ئەرکـی پاراسـتنی یاسـای نێونەتەوەیـی (نێودەوڵەتـان) و ئەرکـی پاراسـتنی مافـی مرۆڤ نابینـرێ و، بەگشـتی وا دێتـە بەرچاو کـە ئەرکـی دوویـەم فیدای ئەرکـی یەکـەم دەکـرێ: ڕێکخراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەوڵەتـی هـەر وڵاتێـک بـە نوێنـەری قانوونـی و مەشـرووعی خەڵکـی ئـەو وڵاتـە دەناسـێ و بـەو بەهانەیـە کـە مافـی ئـەوەی نیـە دەسـت لـە کاروبـاری نێوخۆیـی وڵاتـان وەربدا – مەگـەر لـە هێندێـک حاڵەتـی زۆر کـەم وێنـەدا- سـەرنجێکی ئەتـۆ بـە وەزعـی ئـەو دەوڵەتـە لـە نێـو خاکـی خۆیـدا و، بـە شـێوەی ڕەفتـاری ئـەو دەوڵەتـە لەگـەڵ خەڵکـی وڵاتەکـەی نـادا، هەرچەنـدە ئـەو دەوڵەتـە لـە ڕێگایەکـی مەشرووعیشـەوە دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە نەگرتبـێ و بـە ڕێزدانـان بـۆ مافـی مـرۆڤ و لـە ڕێگایەکـی مەشـرووعەوە حاکمییەتـی خـۆی بەسـەر خەڵکـی وڵاتەکەیدا بـەکار

نەبا. لە نەتیجەدا، پێشبینی کردنی ڕۆژێک کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دیفاع لە ئازادی مافە ئینسانییەکانی خەڵکی وڵاتێک هەر بەو جۆرە لیبڕاوانە هەڵوێست بگرێ کە سەبارەت بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە گرتی جارێ دووره، هەرچەند لەم چەند ساڵەی دوایی و بەتایبەت لە جەریانی ئاڵۆزیی وەزع لە کوردستانی عێراقدا بەرەبەرە فیکری پێویستی دەخاڵەتی نێونەتەوەیی لەسەر مەسایلی ئینسانی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتیکدا پەرەی گرتووە.

پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوودا پتر لە هەموو شتێک دەبێ وەک سەرکەوتنی دێموکراسی چاوی لێ بکرێ. لەڕاستیدا، ڕەوتی دێموکراتی بوون کە بەتایبەت لەم دە ساڵەی دوایی لە دونیادا ڕووی لە گەشە کردن بووە، لووتکەی سەرکەوتنەکەی لەو ئاڵوگۆڕانەدا دەبینرێ.

«دێموکراسی» یانی پێکهاتنی فەزایک کە لەودا هەر کەس هەست بەوە بکا دەتوانێ لە بارەی ژیان و چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەیدا بە ئازادی نەزەر بدا و، بزانێ کە نەزەر و هەڵوێستەکانی لە بەڕێوەچوونی کاروباری وڵاتەکەیدا جێگا و شوێنیان هەیە و حیسابیان لەسەر دەکرێ. ئەمەش بەگشتی لە ڕێگای باوەڕ پێهێنان و ڕێزدانان بۆ هێندێک ماف و ئازادی بۆ هەموو دانیشتووانی وڵات دابین دەبێ کە گرینگترینیان بریتین لە ئازادییە دێموکراتییەکان وەک ئازادیی دەربڕینی بیروبڕوا، ئازادیی نووسراوە و چاپەمەنی، ئازادیی پێکهێنان یان بەشداری کردن لەهەر ڕێکخراوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی، سینفی و...دا، ئازادیی مەزهەب، ئازادیی هەڵبژاردنی شێوەی ژیانی شەخسی و تایبەتی، ئازادیی هەڵبژاردنی جێگای نیشتەجێ بوون و کار، ئازادیی هاتووچۆ و... هتد.

نەبوونی ئەم ئازادییانە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا هۆی هەرە ئەساسیی گیروگرفت و کەموکوڕییەکانی ئەو وڵاتانە بوو. هەربۆیە داوای دێموکراسیی هێزی بزوێنەر و کاریگەری پێکهاتنی هەمووی ئەو ئاڵوگۆڕانە بوو کە بەسەریاندا هات. لەڕاستیدا گیروگرفتی، قووڵی ئابووری کە ئەمڕۆ وەک مەسەلەی هەرە دژواری وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوو باس و خواسی لەسەر دەکرێ، خۆی زۆرتر ئاکامی نەبوونی دێموکراسییە. چونکە کاتێک خەڵکی وڵاتێک لەژێر سێبەری دیکتاتۆری و زەبروزەنگدا بژین، بەرەبەرە خۆیان جیا لە حکوومەت دەبینین و، سەبارەت بە کاروباری وڵات خۆیان بێگانە و وەلانراو هەست پێ دەکەن. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە بەدڵەوە لە کاروباری وڵاتدا بەشداری نەکەن. بە وتەیەکی دیکە: بەرهەمی بێگاری و کۆیلەیەتی ئەگەریش لە سەرەتادا بۆ ماوەیەک موسبەت بە نەزەر بگا، گومانی تێدا نییە کە سەرەئەنجام لە درێژخایەندا غەیری زیان و زەرەر شتێکی دیکە نابێ.

یەکێک لە ئاکامەکانی سەرکەوتنی دێموکراسی لە وڵاتانی سوسیالیستیی پێشوودا دەرکەوتنی ئەم ڕاستییەیە کە: حکوومەتی ئیدیۆلۆژیک» یانی حکوومەتێک کە لەسەر بناخەی بیروبڕوایەکی فیکری و مەزهەبی تایبەتدا دامەزرابێ لەگەڵ دێموکراسی و ئوسوولی دێموکراتی یەک ناگرێتەوە. چونکە ناچارکردنی هەموو خەڵکی وڵات بە گونجان لە چوارچێوەیەکی بیروڕای دیاریکراودا لەگەڵ «پلورالیزم» یانی جۆراوجۆر بوون کە واقعیەتێکی حاشا هەڵنەگرە و پایەی هەرە ئەساسیی بیروبڕوا بە دێموکراسییە ناتەبایی هەیە.

یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی ئاڵوگۆر لە وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوودا گەشەکردن و

پەرەگرتنی مەسەلەی میللی و هەستی نەتەوایەتییە کە ئەمڕۆ لە دوو شکڵی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ.

شکڵی یەکەم جیابوونەوە و لەت لەت بوونە. نموونەش یەکیەتیی سۆڤیەت کە لەودا مەسەلەی میللی و داخوازی بە دەستەوەگرتنی چارەنووس لەنێو کۆمارەکانی پێکهێنەری ئەو یەکیەتییەدا وەک هەوێنی وەجموجۆڵخستنی کۆمەلانی خەڵک، بوو بەهۆی لێکهەڵوەشانی. هەروەک دیتمان لە پێشدا سێ کۆماری کەنار دەریای باڵتیک (لیتوانی- لیتۆنی- ستۆنی) بە تەواوی جیابوونەوە و سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێنا. پاشان ١٢ کۆمارەکەی دیکەش بەرەبەرە بەم جیهەتەدا ڕویشتن و ئێستا وەزعێک پێک هاتووە کە ئەگەریش هێندێک گیروگرفتی گەورە بەتایبەت مەسایلی ئابووری و دیفاعی و چەکی ئەتۆمی، ژمارەیەک لەو کۆمارە جۆراوجۆرانە ناچار بکا جۆرە هاوکارییەک بە شکڵی وڵاتانی هاوقازانج (مشترک المنافع) یان «کنفدراسیون» یان شکڵێکی دیکە لە بەینی خۆیاندا بەرقەرار بکەن، لەهەرحاڵدا قەوارە و کارکردیان وەک وڵاتێکی سەربەخۆ دەبێ.

لە یوگوسلاویشدا داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی بەشەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە، هەروەک دەبینین ماوەیەکە بەتایبەت بەینی «سیربستان» و «کرۆواسی» شکڵی شەڕێکی قوورسی نێوخۆیی بەخۆیەوە گرتەوە. لە چەند وڵاتی دیکەی ئورووپایشدا مەسەلی جیابوونەوە کەم و زۆر لەگۆڕیدایە.

شکڵی دووهەم بە پێچەوانەی شکڵی یەکەم، یەکگرتنەوە و کەوتنە سەر یەکە. هەروەک ئیشارەی پێکرا تا ئێستا دوو بەشەکەی ئاڵمان (شەرقی و غەربی) کەوتوونە سەریەک. ئەم کارە لە «یەمەن»یشدا بە ئەنجام گەیشتووە و لە هێندێک جێگای دیکەشدا سەرەتای ڕەوتی یەکگرتنەوە خەریکە بەرەبەرە بەدی دێ.

بەم جۆرە جوغرافیایی سیاسیی جیهان بەرەو ئەوە دەڕوا کە بە لێکهەڵوەشانی هێندێک واحیدی سیاسی و پێکەوە نووسانی هێندێک واحیدی دیکەش تووشی ڕادەیەک ئاڵوگۆڕ بێ. مەسەلەیەک کە لەسەرەتادا لەلایەن وڵاتانی بەهێزی دونیا و بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتیی ئورووپای ڕۆژئاوا پشتیوانی لێ دەکرا، بەڵام ئێستا تا ڕادەیەک بە نیگەرانییەوە چاوی لێ دەکەن. چونکە هەست دەکەن کە ئەم ڕەوتە لەوانەیە وڵاتەکانی ئەوانیش تووشی پارچە پارچە بوون و شەڕ و کێشەی نێوخۆیی بکا. توندوتیژیی زیاد لە ئەندازەی هەستی میللییش کە هەر ئێستا لە زۆر وڵاتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئورووپادا گەیشتۆتە ڕادەی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی هەستی شۆوینیستی و فاشیستی، یەکێکە لە هۆیەکانی ئەو نیگەرانییە و وەک مەترسییەکی گەورە بۆ داهاتووی دێموکراسی چاوی لێ دەکرێ.

پەرەگرتنی مەسەلەی میللی بەدوای ئاڵوگۆڕ لە وڵاتانی سۆسیالستیی پێشوودا ڕەنگە بۆ هێندێک کەسی ناشارەزا سەیر و نائاسایی بێتە بەرچاو. چونکە وڵاتانی سۆسیالستی هەمیشە ئیددیعایان ئەوە بوو کە مەسەلەی میللییان لەنێو خۆیان لە ڕێگای ئوسوولی و عادلانە بە تەواوی چارەسەر کردووە. بەڵام بوونی ئەو قەیرانە و ئاڵۆزییانە دەری خست کە ئیددیعای چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی لەو وڵاتانەدا هەرچەند مومکینە لە هێندێک خاڵدا زۆر بێ بناغە نەبێ، بەگشتی وەک زۆر لە ئیددیعاکانی دیکەیان لە واقعییەت بە دوورە.

لەڕاستیدا، ئەگەر بەوردی لە نێوەڕۆک و مانای ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی سۆسیالیستیی

پێشوو بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم خۆنواندنەی توندوتیژییە هەستی نەتەوایەتی لەو وڵاتانەدا شتێکی سروشتی و ئاساییە و یەکێکە لە دیاردەکانی دێموکراسی. چونکە ئەگەر دێموکراسی بەمانای بایەخپێدان و ڕێزدانان بۆ نەخش و شەخسییەتی فەردی و وەک وەڵانانی بیروبۆچوونێک بزانین کە پێی وایە فەرد دەتوانێ دەست لە هەموو شتێکی شەخسی بشوا و لەنێو کۆمەڵدا بتوێتەوە، ئەودەم تێ دەگەین کە بۆچی گەلانی جۆراوجۆری پێکهێنەری وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوو ئێستاکە هەست بە شنەبای ئازادی و دێموکراسی دەکەن، خوێنی تازەیان لە لەشدا وەگەڕ کەوتووە و، خەریکن سەر لەنوێ دەژێنەوە و بە خۆیاندا دەچنەوە.

بە وتەیەکی دیکە، ئەگەر ئینکاری هۆوییەت و شەخسییەتی تایبەتیی تاقە فەردێک کارێکی غەیرە واقعی بێ، ڕوونە کە ئینکاری هۆوییەت و شەخسییەتی تایبەتیی کۆمەڵێک لە ئەفرادیش کە گەل و نەتەوە پێک دێنن تا چ ئەندازە غەیرە واقیعییە. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خاڵانەی باس کران، ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە: دنیای ساڵەکانی داهاتوو بەگشتی چ جۆرە دونیایەک دەبێ؟ ئایا بێئیعتبار بوونی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی مەوجوود دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێگای ژیانی ئینسان و کۆمەڵگەی ئینسانی ڕووناکتر و بێ کەندوکلۆتر بێ؟ ئایا بە تێکچوونی بەرەی سۆسیالیستی دونیای داهاتوو دونیایەکی بێ دووبەرەکی دەبێ و ئاشتی و هێمنایەتی باڵ بەسەر هەر چوار گۆشەی جیهاندا دەکێشێ؟ ئایا دێموکراسی هەروەک ئارەزوو دەکرێ دەتوانێ لە جیهاندا سەقامگیر بێ و ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ مرۆڤ دابین بکا؟

ئاشکرایە کە وەڵامی ڕوون و تەواو بەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکەی لەم بابەتە کارێکی ناموکینە، هەرچەند هەرکەس و هەر لایەک بەگوێرەی بۆچوونی خۆی مومکینە نەزەرێکی لەسەریان هەبێ.

لەسەریەک، دەتوانین بڵێین کە ئاشتی و هێمنایەتی لە سەرانسەری جیهاندا هەرچەند ئاواتێکی زۆر پیرۆزە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە هەتا گەیشتن بەم ئاواتە جارێ مەودایەکی درێژ لە پێشە. چونکە سوڵح یان شەڕ و، هێمنی یان ئاژاوە شتێک نین کە تەنیا لەسەر مەیل و داخوازی یەک یا چەند حکوومەتی گەورە و بەهێز، یان بە هاندانی دوو بەرەی جیاواز پێک بێن. ئەم دیاردانە لە واقعییەتەکانی ژیانی ئینسان و کۆمەڵگەی ئینسانییەوە سەرچاوە دەگرن. بە وتەیەکی ڕوونتر، ئەم شتانە لە ئەسڵدا بەرهەمی ڕازی بوون یان نەبوون و، هەست بە بەختەوەری کردن یان نەکردنی ئەفرادی ئینسانی و گەلانی ئەم دونیایەن، نەک ئاکامی پێکهاتن یان نەهاتنی دوو یا چەند دەوڵەت و حکوومەت. هەتا ئەو کاتەی ناعەداڵەتیی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری لە دونیادا بمێنێ، هاتا ئەو کاتەی چەوساندنەوە بە شێوەی ڕنگاوڕەنگ درێژی هەبێ و تا ئەو کاتەی مەودایەکی زۆری هەژاری و بێدەرەتانی لەلایەک و دەوڵەمەندی و زیادەخوازی لەلایەکی دیکە لێک جیا بکاتەوە، دیارە ئاژاوە و شەڕ و کێشەش هەر سەرهەڵ دەدا.

ئوورووپا و، بەتایبەت ئوورووپای ڕۆژئاوا بە تێکچوونی بەرەی سۆسیالیستی و هەڵوەشانی پەیمانی «وەرشەو» ڕەنگە هەست بەوە بکا کە مەترسی شەڕێکی ئەتۆمی، یان غەیرە ئەتۆمیی گەورەی لەسەر لاچووە و داهاتوویەکی پڕ لە ئاشتی چاوەڕوانیەتی. بەڵام ئاگری

شەڕ و کێشەی یوگوسلاوی کە ماوەیەکە لەنێو جەرگی ئورووپادا هەڵیساوە نیشان دەدا کە بناخەی ئەو هەستە چەندە لەرزۆکە. بێجگە لەوەش خۆ ئورووپا هەموو دونیا نیە و بە سەقامگیربوونی ئاشتی لە ئورووپادا ئاشتی لە سەرتاسەری دونیادا مسۆگەر نابێ.

بۆ نموونە چلۆن هەتا مەسەلەی فەلەستین چارەسەر نەکراوە، گەلی فەلەستینی خاک زەوتکراو، ژێردەست کراو، و دەرکراو لە نیشتمان و، ئاوارە لە وڵاتان دەتوانێ دابنیشێ و دڵ بە سوڵح و ئاشتی جیهانی خۆش بکا؟

گەلێکی ٢٥-٢٠ میلیۆنیی وەک گەلی کورد کە لە مافی هەرە سەرەتاییەکانی بێبەش کراوە و، تەنانەت بەشێوەی جۆراوجۆر ئینکاری مەوجوودییەتیش دەکرێ لە هێمنایەتی و ئارامشێک کە وەزعی ئەو هەر بەم جۆرە بهێڵێتەوە چ دڵخۆشییەکی دەتوانێ هەبێ و ئەو بەناو هێمنی و ئارامشە بۆ ئەو لەگەڵ ئارامشی قەبرستان چ فەرقێکی هەیە؟

دیارە ئەو خاڵانە کە وەک نموونە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئێشارەیان پێ کرا تەنیا بەتایبەتی ئەم ناوچەیە نین و، لە ڕادەی جیهانیدا هەم لە ئاسیا و هەم لە ئەفریقا و لە ئەمریکای لاتین کەم و زۆر هەن.

ئەمڕۆ گرینگترین و لە هەمان کاتدا پڕ داخ و دەردترین مەسەلە لە جیهاندا مەسەلە نەبوونی هیچ پارسەنگێک لەنێوان دابەش‌بوونی هەژاری و دەوڵەمەندی‌دایە: لەحاڵێکدا بەشێکی کەم لە خەڵکی دونیا خاوەنی زۆربەی زۆری سەروەت و سامانی گشتی جیهانین، بەشێکی هەرەزۆری لە ڕووتی و هەژارییەکی یەکجار دڵتەزێندا دەژین. ئەم جیاوازییە کە ئەمڕۆ بە جیاوازی شیمال و جنووب ناوی دەرکردووە (شیمال بۆ وڵاتانی تێر و جنووب بۆ وڵاتانی برسی) سەرەڕای ئەو هەموو قسە و باسەی لە سەری دەکرێ، ساڵ بە ساڵ پتر دەبێ.

جا لە وەزعێکدا کە دەوڵەمەند (یانی کەمایەتییەکی بچووک لە دنیادا) بە ئاهەنگێکی توند و خێرا ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر و، لە بەرامبەر فەقیر (یانی زۆربەی زۆری خەڵکی دنیا) هەر بەو ئاهەنگە ڕۆژ بە ڕۆژ فەقیرتر دەبن، هیوا بە ئاشتی و سوڵح و برایەتی لەنێو هەموو خەڵکی جیهاندا چ مانایەکی هەیە و بەرەی شیمال، یانی وڵاتانی پێشکەوتوو و دەوڵەمەندی سەرمایەداری لەبەرامبەر تۆفانی هەژاری و برسیەتیدا چلۆن دەتوانن سلامەتی و ئەمنیەتی خۆیان بپارێزن؟ لەڕاستیدا پەرەگرتنی هەستی شۆوینستی و فاشیستی لە وڵاتانی ئورووپاییدا کە وەک مەترسییەک ئیشارەی پێ کرا و، زۆرتر شکڵی بێزاری دەربڕین لە بێگانەی بەخۆیەوە گرتوە تا ڕادەیەکی زۆر دەبێ وەک بەرهەمی ئەو جیاوازییە گەورەیە چاوی لێ بکرێ. چونکە هەژاری بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵکێکی زۆر لە وڵاتانی خویانەوە ڕوو لەو وڵاتانە دەوڵەمەندانە بکەن بەم جۆرە ژمارەی «پەنابەریی ئابووری» لەواندا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرنە سەرتر.

دێموکراسی دیارە بۆ ژیانی کۆمەڵگەی ئینسانی وەک هەوا وایە. بەڵام ئینسان تەنیا بە هەوا ناژی و نان و ئاویشی دەوێ. وەزعی ئابووریی خراپ و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە خراپتری ئەمریکای لاتین کە بەتایبەت لەم دەساڵەی دواییدا دێموکراسی وەک هیوا و پەنایەکی گەورە لەنێویاندا تا ڕادەیەکی بەرچاو جێگیر بووە، نیشان دەدا کە دێموکراسی هەرچەند مەرجێکی زۆر پێویست بۆ ژیانی بەختەوەرانەی ئینسانە، بەڵام تەنیا مەرج نییە و، دێموکراسیی سیاسی بەبێ دێموکراسی ئابووری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی چ لە یەک وڵات و چ لە ڕادەی جیهانیدا ناتوانێ هەموو بۆشاییەکانی ژیان پڕ بکاتەوە.

ئەمڕۆ، خەڵکی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات کە تازە لەدەست دیکتاتۆریی «سۆسیالیزمی مەجوود» ئازاد بوون، دیارە هەست بە ئازادی و شادییەکی گەورە دەکەن. بەڵام تێپەڕبوونی زەمان بەرەبەرە پێیان نیشان دەدا کە لەژێر زەرق و بەرقی سەرمایەداریی وڵاتانی دێموکراتی ئورووپای ڕۆژئاواشدا تا چ ئەندازەیەک ناعەداڵەتی و کەموکوڕی شاردراوەتەوە. با خەڵکی ئازادبووی وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوو لەگەڵ دەردی بێکاری، گرانی، بێمەسکەنی و، بەگشتی بێبەشی، یان کەمبەشییەکی تێکشکێنەر لە زۆر پێداویستی و ئیمکان بەرەڕوو بن- لەحاڵێکدا کە دەبینین ئەو پێداویستی و ئیمکاناتە بۆ بەشێک لە ئەفرادی کۆمەڵەکەیان بە زیادەوە هەیە- ئەوجار تێ دەگەن کە گەیشتن بە شتێکی پێویست و پیرۆزی وەک دێموکراسی لەگەڵ گەیشتن بە هەموو ئاوات و داخوازەکان فەرقی هەیە و، دەردی ژیان بە هەژاری و بێئیمکانی -یان کەم ئیمکانی- لە کۆمەڵێکی دەوڵەمەند و پڕئیمکاندا لە دەردی ژیان لە کۆمەڵێکی بە گشتی هەژار و کەم ئیمکاندا ئەگەر پتر نەبێ کەمتر نییە!

ئەمڕۆ «سۆسیالیزمی مەوجوود» عەیب و کەموکوڕییەکانی خۆیَ چ لە باری سیاسی و چ لە باری ئابوورییەوە دەرخستووە و ئەمە دیارە شتێکی زۆر باشە. بەڵام قەزاوەت کاتێک باش دەکرێ کە عەیب و کەموکوڕییەکانی «سەرمایەداریی مەوجوود» یش باشتر دەرکەون.

بەڕاستی، ئێستا کە ئەو هەموو هیوادارییە بە ئاشتی و هێمنی جیهانی دەردەبڕدرێ، کێ دەتوانێ بەدڵنیاییەوە بڵێ: لە نەمانی دووبەرەکی و شەڕی ساردی بەینی سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا، سەرمایەداری کە سروشتەکەی لە کێبەرکێ بۆ ڕفاندنی بەشی زیاتر پێکهاتووە بۆخۆی نابێتە هۆی پێکهاتنی دووبەرەکییەکی توندوتیژتر، پەیدابوونی شەڕێکی سارد یان گەرمی دیکە لە دنیا بۆ نموونە بەینی سێ قوتبی هەرە بەتوانای ئەمریکا و ئورووپا و ژاپۆندا...؟!

## ئێران

هێشتا چەند مانگێک لە کۆنگرەی هەشتەمی ئێمە تێنەپەڕیبوو، یانی لە بەهاری ساڵی ١٣٦٧دا بووین کە بەرەبەرە شوێنەواری بێهێزیی ئێران بۆ درێژەدانی شەڕ لەگەڵ عێراق دەرکەوت. ئەو بێهێزییە بە زنجیرەیەک شکستی گەورە و، پاشەکشەی بەپەلە و بێسەرەوبەریی ئێران لە بەرەکانی شەڕ وەک «فاو» و «مەجنوون» و، هێندێک لە ناوچەی سنوورییەکانی کوردستان بەئاشکرا خۆی نواند و سەرەئەنجام بوونە هۆی ئەوە کە ئێران لە ڕۆژی ٢٧ی پووشپەڕی ٦٧دا بەقبوولی بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێ لە شکستی خۆی بنێ. ئەو بڕیارنامەیە کە داوای تەقەوەستانی فەوریی شەڕ و دەست پێکردنی وتووێژی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەکرد، نیزیکەی ساڵێک دەبوو کە لەلایەن شووڕای ئەمنییەتەوە دەرچوو بوو. بەڵام ئێران تا ئەوکاتە بە بەهانەی جۆراوجۆر ڕەدی کردبووە. بۆیە، قبووڵکردنی لە ناکاوی ئەو بڕیارنامەیە لەلایەن ئێرانەوە، بەئاشکرا بە مانای شکست و قبوولی ناکامی لە سەرکەوتن بە سەر عێراقدا بوو. خومەینی بۆخۆشی بە گوتنی ئەوە کە قبووڵی تەقەوەستاندن بۆ ئەو بەمانای خواردنەوەی جامی ژەهرە، شکست و ناچاریی خۆی بەڕوونی دەربڕی.

بەدوایی تەقەوەستان، هێزی سوڵحی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێری لە

سنوورەکان جێگیر کرا و، وتووێژی بەینی ئێران و عێراق بە نێوبژایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەستی پێ کرد. بەڵام ئەو وتووێژ بەکردەوە بە ئاکامێکی ئەتۆ نەگەیشت. هەتا بەهاری ساڵی ٦٩ کە بە ناردنی نامەیەک لەلایەن سەرۆککۆماری عێراقەوە بۆ ڕەفسەنجانی، جەریانەکە پێی لە قۆناغێکی تازە نا. بە هێرشی عێراق بۆ کووەیت لە هاوینی ٦٩دا جەریانی ئاشتیی ئێران و عێراق ڕەوتێکی خێرای بەخۆیەوە گرت. سەرۆککۆماری عێراق کە دەیەویست لەو وەزعەدا بەهەر جۆرێک هەیە خەیاڵی لەلایەن ئێرانەوە ئاسوودە بێ، سەرەئەنجام دەستی لە داخوازەکانی هەڵگرت و ڕایگەیاند کە سەرلەنوێ ئەسڵی پەیمانی ١٩٧٥ی «الجزایر» قبووڵ دەکاتەوە.

بەڵام، سەرەڕای چەندین دیدار و وتووێژ بەینی کاربەدەستانی پایەبەرزی دوو وڵات و، ئەنجامی هێندێک کار وەک کشانەوەی هێزی عێراق لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و ئازادکرانی زۆربەی ئەسیرانی شەڕ لە هەر دووک لاوە، وەزعی تایبەتیی عێراق کە بەبۆنەی داگیرکردنی خاکی کووەیت بۆی پێکهاتبوو، بوو بە هۆی ئەوە کە ئیران لە دامەزراندنی پێوەندییەکی گەرم تا ڕادەیەک سڵ بکا و، لە نەتیجەدا دوو حکوومەت لە نیزیکایەتی لەگەڵ یەکتردا نەتوانن زۆر بچنە پێش.

کاتێک شەڕ دژی عێراق بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا دەستی پێ کرد ،حکوومەتی عێراق بۆ بردنەسەریی توانای خۆڕاگری و بەربەرەکانێی خۆی، هەوڵی دا لە ئێران وەک پاڵپشت و پشتیوانێک کەڵک وەربگرێ و، تا ئەو جێگایەی بۆی دەگونجێ پێی ئێران بکشێتە نێو مەیدان. لە بەرامبەردا حکوومەتی ئێران ئەگەرچی بە قسە و بە دروشم جۆرە هاودەردییەکی نواند و، تەنانەت بۆ ماوەیەک ویستی ئەگەر بکرێ حکوومەتی خوێنلەبەرچووی عێراق لە تێکشکانی یەکجاری بپارێزێ بۆ ئەوەی پاشان بتوانێ بە مەیلی خۆی ئەو حکوومەتە بێهێزە هەڵسووڕێنی، لەسەریەک حاڵەتی بێ لایەنی بەخۆیەوە گرت.

پاش تەواوبوونی ئەو شەڕە و شکستی نیزامیی عێراق، ڕێژیمی ئێران وا تێگەیشت کە حکوومەتی سەدام حوسێن توانای خۆڕاگری و مانەوەی نەماوە. هەر بۆیە بەئاشکرا پشتیوانیی خۆی لە بزووتنەوەی خوێناویی شیعە مەزهەبەکانی جنووب دەربڕی و بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی بە بڵاوکردنەوەی خەبەری ئەو بزووتنەوەیە و هەروەها ڕاپەڕین لە کوردستانی عێراق کرد (هەرچەند تێدەکۆشا ناوی «کورد»نەبا!). سەرکوتکرانی ئەم جموجۆڵانە لەلایەن عێراقەوە و تاوانبارکردنی حکوومەتی ئێران بە دەخاڵەت لەو جموجۆڵانەدا بووبە هۆی ئەوە کە نێوان ناخۆشیی بەینی دوو حکوومەت پەرە بگرێ. تا ئەو جێگایە کە حکوومەتی ئێران نەک هەر لە دانەوەی ئەو فڕۆکە عێراقییانەی لەکاتی شەڕدا پەنایان بۆ ئێران بردبوو خۆ بپارێزێ، بەڵکوو بە کەلکوەرگرتن لەو وەزعە تایبەتییە کە بۆ عێراق پێکهاتووە بەجیددی لە هەوڵی ئەستاندنی غەرامەتێکی زۆر قورس لە عێراقدا بێ.

بەمجۆرە نێوان ناخۆشیی بەینی دوو حکوومەت ئێستاش هەر بەردەوامە. بەڵام بەگشتی ڕەوتی ڕووداوەکان لە عێراق بوو بە هۆی ئەوە کە ڕێژیمی ئێران، سەرەڕای شکست خواردن لە بەرەکانی شەر و ناکام مانەوە لە ڕووخاندنی حکوومەتی عێراق، لە نیهایەتدا خۆی بە سەرکەوتوو ناو بەرێ و، ئەوە کە لە دواییدا بە سەر عێراق هات، وەک سەرکەوتنێک بۆخۆی لە قەڵەم بدا.

بەهەرحاڵ، لە هاوینی ٦٧دا شەڕ لەگەڵ عێراق کۆتایی پێ هات و ئێرانێکی وێرانی لێ هاتە دەر. وڵاتێکی شپرزە، دەستەویەخەی هەژاری و بێکاری و گرانی و دەیان دەردی دیکە، خاوەنی بە میلیۆن ئاوارە و نەقوستانی شەڕ و، تەریککەوتوو لە مەیدانی نێونەتەوەییدا.

لەو وەزعەدا، ئاخوندەکان بۆ پاراستنی دەسەڵات و درێژەدانی عومری ڕێژیمەکەیان ڕێگایەکیان گرتە بەر کە بەگشتی لە دوو لایەنی بە ڕواڵەت جیاواز و ناتەبا، بەڵام لەنێوەڕۆکدا تەبا، خۆی نواند:

لایەنی یەکەم بریتی بوو لە توندوتیژکردنی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ لە نێوخۆی وڵاتدا، بەو مەبەستە کە خۆیان لە مەترسیی دژایەتی و بەرهەڵستکاری نێوخۆ تا ئەو جێگایەی دەگونجێ بپارێزن. کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسی بەتایبەت لە هاوین و پاییزی ساڵی ١٣٦٧دا دیاردەیەکی هەرە بەرچاوی ئەو سیاسەتە بوو. ژمارەی تەواوی ئەو زیندانییە سیاسییانەی بە دڕندەییەکی کەموێنەوە لە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان کوشتار کران و لە ڕۆڵە هەرە بەنرخەکانی ئێران بوون هەتا ئێستاش ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەو ژمارەیە خۆی لە چەند هەزار کەس دەدا.

سیاسەتی لەنێوبردنی موخالیفان تەنانەت بۆ دەرەوەی وڵاتیش پەل‌وپۆی هاویشت و ڕێژیم لەم بوارەدا بەداخەوە چەند سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا کە لەو نێوەدا بەتایبەت تێرۆری ڕێبەری مەزنی ئێمە دوکتور قاسملوو و هاوڕێی بەنرخمان عەبدوڵڵا قادریئازەر، لە پاشان «غوڵام کشاوەرز» و «سەدیق کەمانگر» لە کۆمەڵە و، دوکتۆر کازم ڕەجوی لە سازمانی موجاهیدین و، دوکتور»سیروس ئیلاهی» لە سازمانی سەڵتەنەتخوازیی درەفش کاویانی و، «عەبدولڕەحمان بروومەند» لە هاوکارانی نیزیکی دوکتور بەختیار و، سەرئەنجام خودی دوکتور شاپوور بەختیار لەم چەند مانگەی دواییدا دەتوانین ناو بەرین.

لایەنی دووهەمی سیاسەتی کارگێرانی ڕێژیم بریتی بوو لە دڵداریدانەوە و دڵگەرمکردنی خەڵک کە بەپێی شێوەی ئاخوندەکان لە پۆششێکی زۆر ڕیاکارانە و پڕ لە دروشمی بێنێوەڕۆک و وەعدی بەتاڵدا بەڕێوە چوو. لەو هەراوهوریا تەبلیغاتییەدا باس لە «بازسازی» و «سازندگی» بوو. لەلایەن ئاخوندەکانەوە دە ساڵی ڕابردوو دەورەی جێگیربوون و خۆداکوتانی ڕێژیم و لەبەرامبەر دە ساڵی داهاتووی دەورەی «سازندگی» ناونرا.

ئەم ئیدیعایە کە ئێستاش شابەیتی ئیدیعاکانی کاربەدەستانی ڕێژیمە لە سەرەتادا لەگەڵ دوو خاڵی دیکە تێکەڵ بوو: خاڵی یەکەم بریتی بوو لە ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو، پێ لێنان لە هێندێک هەڵە و چەوتی لە کار و کردەوەدا. ئەو ڕەخنەگرتنە بەرەبەرە پەرەی گرت و وای لێ هات کە لەنێوان دەمڕاستە دەرەجە یەکەکانی ڕێژیم وەک مونتەزیری، خامنەیی و ڕەفسەنجانیدا کێبەرکێی لێ پەیدا بوو. بە جۆرێک کە هەر کام هەوڵی دەدا بە ڕەخنەگرتنێکی ڕاشکاوانەتر دەستی خۆی لە بەشداری لەو هەڵە و چەوتییانەدا بشواتەوە و جێگای خۆی لە دەسەڵاتدارێتیی داهاتوودا قایمتر بکا. بەڵام ئەو ڕەوتە زۆری نەکێشا، چوونکە خومەینی بە تووڕەییەوە هاتە مەیدان و بە پێهەڵگوتن بە تەواوی ئەوەی کراوە، مستێکی توندی لە دەمی ڕەخنەگران دا.

خاڵی دووهەمیش تێکۆشان بۆ هاتنەدەر لە تەریککەوتوویی بوو لە ڕێگای سازکردنی پێوەندیی دیپلۆماتی و سیاسی لەگەڵ وڵاتانی دیکە. بەڵام ئەو هەوڵەش بە دەرچوونی حوکمی

کوشتنی «سەلمان ڕوشدی»، نووسەری ئینگلیسیی کتێبی «ئایەتە شەیتانییەکان» لەلایەن خومەینییەوە تا ڕادەیەکی زۆر پێشی بەربەست کرا.

ئاکامی بەرچاوی ئەم دەورەیە لە ژیانی ڕێژیمی ئاخوندی پاش کۆتاییهاتنی شەڕ لەگەڵ عێراق، وەلانانی مونتەزیری لەجێنشینیی خومەینی بوو. وەلانانی مونتەزیری کە بەرهەمی ناکۆکیی توند لەنێوان ئاخونده دەسەڵاتدارەکاندا بوو قۆناخێکی گرینگ لە ژیانی ڕێژیم ئاخوندیدا بە حیساب دێ. چونکە بە لاچوونی مونتەزیری لەنێو کەسانی دەوروبەری خومەینیدا هیچ کەسێک نەما کە لەباری مەزهەبییەوە خاوەنی پلەیەکی ئەوەندە بەرز بێ کە بتوانێ وەک مەرجەعی تەقلید و «وەلی فەقیە» لە جێگای خومەینی دابنیشێ.

سەرەنجام لە بەهاری ساڵی ١٣٦٨دا (١٤ی جۆزەردانی ١٣٦٨) خومەینی مرد و، ڕێژیمی ئاخوندی بوو بە خاوەنی ئەم شکڵ و قەوارەیە کە ئێستا هەیەتی.

بەدوای مردنی خومەینیدا «خامنەیی» کە سەرۆک کۆمار بوو، لەلایەن مەجلیسی خوبرەگانەوە بە جێنشینی خومەینی دیاری کرا. ئەم دیاریکردنە کە لە ناچارییەوە بوو، بە ئاڵوگۆڕێکی گرینگ لە سیستەمی حکوومەتی ئاخوندیدا دەژمێردرێ. چونکە خامنەیی لەباری مەزهەبییەوە نەک هەر لە ڕادەی مەرجەعی تەقلیددا نییە بەڵکوو چەند پلەش لە خوارەوەترە. کەوابوو، عینوانی «ولی فەقیە» بۆ خامەنەیی عینوانێکی زۆر بێمانایە. هەربۆیەشە کە دامودەزگای تەبلیغاتیی ڕێژیم زۆرتر بە ناوی «وەلی ئەمری موسوڵمانان و ڕێبەری شوڕشی ئیسلامی» و شتی وا ناوی دەبا هەتا وەلیی فەقیە. لەڕاستیدا «وەلی فەقیە» لیباسێک بووە کە تەنیا بۆ باڵای خومەینی دروابوو. چونکە خومەینی هەم لەباری مەزهەبییەوە لە پلەی هەرەبەرزدا بوو، هەم لەباری سیاسیشەوە، دیارە بە ڕێبەری شۆڕشی دژی شا و دامەزرێنەری ڕێژیمی ئاخوندییش دەژمێردرا. بەڵام پاش خومەینی و، بە تایبەتی بەدوای وەلانرانی مونتەزیری هەروەک پێشتر ئیشارەی پێ کرا کەسێک کە خاوەنی هەردووی ئەم تایبەتمەندییانە بێ لە مەیداندا نەبوو: لەلایەک ئاخونده پایەبەرزەکانی مەرجەعی تەقلیدن کە لەباری سیاسییەوە لە دامودەزگای حکوومەتی بەدوورن و، تەنانەت هێندێکیان بەئاشکرا بێ مەیلیی خۆیان بەرامبەر بە سیستەمی ویلایەتی فەقیهی دەردەبڕن. لەلایەکی دیکەش موریدەکانی خومەینین کە هەرچەند لەباری سیاسی و حکوومەتییەوە ڕەنگە لێزانی و مەیلی حکوومەتکردنیان زیاتر بێ، لەباری پلەی مەزهەبییەوە لە ڕادەیەکی ئەوتۆ دانین.

ئەم وەزعە بۆ ڕێژیمێک کە مەزهەب و حکوومەت نەک هەر پێکەوە گرێ دەدا، بەڵکوو دەیەوێ بە تەواوی بیانکاتە یەک، دیارە وەزعێکی نائاساییە و بەوە بناغەی مەشرووعییەتی لە نەزەر خۆشیەوە دەخاتە ژێر پرسیار. لە درێژەی عومری ڕێژیمی ئاخوندیدا ئەم ناتەباییە بەبێ شک یەکێک لە هۆیەکانی لەرزۆکبوونی دایمی دەبێ. چونکە کەس ناتوانێ دەستەبەری ئەوە بکا کە نەزەری ڕێبەریی سیاسی هەمیشە لەگەڵ نەزەری ڕێبەریی مەزهەبی یەک بگرێتەوە.

لە هەلومەرجی ئێستادا، وەزعی حکوومەتی «جەمهوری ئیسلامی» دەتوانین لە چەند خاڵێکی گشتیدا کورت بکەینەوە:

لەباری نێوخۆییەوە، وا وێدەچێ کە فشار و زەبروزەنگ بۆ تەنگەبەرکردنی چواچێوی ژیانی ئاسایی و دەخاڵەت لە ژیانی شەخسی و تایبەتی خەڵکدا تا ڕادەیەک لە جیهەتی کەمبوونەوە

دابیٚ. بەڵام فشاری سیاسی هەروەک جاران زۆرە و دیکتاتۆری هەر بەردەوامە. ڕێژیم ئیجازەی دەربڕینی بیروبڕوای جیا لە بیروبڕوای دیاریکراوی خۆی نادا و، هەرجۆرە کردەوە و تەنانەت بۆچوونێکی غەیری بۆچوونە ئاخوندییەکانی خۆی توندترین شێوە سەرکوت دەکا و سزا دەدا. ڕەفتار لەگەڵ موهەندیس بازرگان و هاوبیرانی کە تەنیا دەیانەویٚ لە چوارچێوەی بەناو قانوونی ئەساسیی خودی ڕێژیمدا هێندێک نەزەری ڕەخنەگرانە دەرببڕن، ڕوونترین نموونەی بەرگیری لە هەر جۆرە ئازادییەکی سیاسی و واقیعییە.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە سەرپەرستیی ڕەفسەنجانی بە ڕواڵەت گرینگییەکی زۆر بە سەروسامان‌دان بە وەزعی شپرزەی ئابووریی وڵات و باشترکردنی ژیانی خەڵک دەدا: بەرنامەی ئابووریی ٥ ساڵە، وردە سەرنج‌دانێک بە عامیلی لێزانی و پسپۆری بۆ ئەفرادی کار پیٚ‌ئەسپێردراو لە بەرامبەر پێوانەی مەکتەبی بووندا، تێکۆشان بۆ هێنانەوەی سەرمایەداران و هەروەها ئەفرادی پسپۆڕی ئێرانی کە ئێرانیان بەجیٚ هێشتووە و لە دەرەوە دەژین، هەوڵدان بۆ ڕێکوپێک‌کردنی بودجەی و میزان کردنی داهات و دەرکەوتی دەوڵەت، هاندانی سەرمایەی داخڵی و خاریجی بۆ کەوتنە کار و هێندێکی دیکە لەم بابەتانە، چەند دیاردەیەکی ئەم سیاسەتەن.

بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو هەوڵانە و هەموو هەراوهوریا و تەبلیغاتێک کە لەم بارەیەوە دەکریٚ، سەرکەوتنێکی بەرچاو لەو بوارەدا دەست نەکەوتووە: بێکاری و گرانی و کەمبوونی پێدوایستییەکانی ژیان هەروەک جاران دەردێکی گشتییە، لە سیستەمی کۆپێنی بەکردەوە شتێکی ئەوتۆ نەماوە و بە لابردنی «سوبسید» لە سەر هێندێک پێداویستیی ژیانی ڕۆژانە، نرخەکان بە شێوەیەکی کەموێنە چوونە سەر، ئاوسانی پووڵی هەر لە جێگای خۆیەتی و نرخی بەرابەریی پووڵی ئێران بەرامبەر بە پووڵە موعتەبەرەکانی دنیا نەک هەر نەچۆتە سەر بەڵکوو بەرەو خوارتریش هاتووە.

ڕێژیم بەتایبەت پاش مردنی خومەینی هەوڵی داوە و دەدا کە لە تەریک‌کەوتنەوە بێتە دەر و، وەک باقی دەوڵەتاکانی دنیا لەگەڵ دەوڵەتان پێوەندیی دیپلۆماتی دابمەزرێنیٚ. بەڵام ئەو هەوڵە هەرچەند بە ڕواڵەت تا ڕادەیەکی زۆر بە نەتیجە گەیشتووە و هێندێک ڕووداویش وەک مەسەلەی دەست‌بەسەر داگرتنی کووەیت لەلایەن عێراق و شەڕێک کە بەدوایدا ساز بوو و وەزعێک کە بۆ عێراق هاتە پێش؛ یارمەتییەکی زۆریان بە ڕێژیمی ئێراندا، دیسان بە کردەوە بەرهەمێکی ئەوتۆی بەتایبەت لەباری ئابوورییەوە بۆ ڕێژیم نەبووە. چونکە لەلایەک گێرەوکێشە و ناکۆکیی نێوخۆیی ئاخوندەکان، کە بۆتە هۆی ئەوەی بازاری هەراوهوریای ساویلکەهەڵخەڵەتێن و دانی دروشمی بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕانە و دژی ئیستکباری بەڵام لە ئەسڵدا بەتاڵ و بیٚ‌نێوەڕۆک هەر گەرم بیٚ، کۆسپێکی گەورەی سەر ڕێگای ئەم مەبەستەیە. بۆ نموونە حکوومەتی ڕەفسەنجانی سەرەڕای ئەو مەیلە ئاشکرایەی بۆ دامەزرانی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا هەیەتی هێشتا نەیتوانیوە لەم بارەوە بە ئاوات بگا. لەلایەکی دیکەشەوە وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی هێشتا ئامادەی ئەوە نین سەرمایەی گەورە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئێراندا وەکار بخەن. چونکە لە سەقامگیربوونی درێژخایەنی ڕێژیم و فەزای پێویست بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان سوودهێنەر بیٚ دڵنیا نین.

ئێستا، ئەم پرسیارە دێتە پێش کە ئێمە لەسەریەک داهاتووی ڕێژیم چۆن دەبینین؟

هەروەک ئیشارە کرا ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران وا دەنوێنێ کە بە یەکجاریی سەقامگیر بووە و، لە هەموو ڕێگایەکەوە هەوڵ دەدا سەقامگیربوونی خۆی بە دنیا بسەلمێنێ. لەباری فیکرییەوە ئاخوندەکان بەتایبەت پاش بێئیعتباربوونی سۆسیالیزمی مەوجوود هەلیان بۆ هەڵ کەوتووە و، دەیانەوی بە هەزارویەک وەسیلە بسەلمێنن کە «ئیسلام»، ئەویش ئیسلامی ویلایەتی فەقیهی ئەوان، ئەمڕۆ تەنیا چەکی ڕزگاریدەری ئینسان و مایەی هیوا و هومێدی هەژاران و چەوساوانی دنیایە. بەڵام بناخەی ئەم ئیددیعایە گەلێک لەرزۆکە، هەرچەند پەرەگرتنی هێندێک جەریانی ئیسلامی لە وڵاتانی موسوڵماندا لەوانە وەک پاڵپشتی هیوای ئاخوندەکان بکەوێتە بەرچاو، چونکە ئاڵوگۆڕی وڵاتانی سۆسیالیستی، هەروەک پێشتریش ئیشارەی پێ کرا، ئەم ڕاستییەی دەرخستووە کە حکوومەتی ئیدئۆلۆژیک بەگشتی، لەبەر ئەوە کە لە ئەساسدا دیکتاتۆری و دژی دێموکراسی دەبێ، لەگەڵ واقعییاتی دنیای ئەمڕۆ کە پەرەگرتنی دێموکراسی و ڕێزدانانی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بۆ ئازادی و مافی مرۆڤە، یەک ناگرێتەوە. بە وتەیەکی دیکە حکوومەتی ئیدئۆلۆژیک شتێکە پێچەوانەی ڕەوتی زەمان.

بێجگە لەمە، بڕوای مەزهەبی لە ئەسڵدا شتێکی ڕووحی و غەیرە ماددییە. هەربۆیە ناتوانێ وەڵامدەری ئەو هەموو گیروگرفتانەی ژیانی مادیی خەڵکی ئەمڕۆی دنیا بێ. دین مەسەلەیەکی شەخسییە و، هیچ دینێک چ ئیسلام و چ دینی دیکە لە دنیای پڕ پێچ و خەمی ئەمڕۆدا ناتوانێ وەک ئامرازی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتێک لە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکان سیاسی و نیزامی و ئابووری و دیپلۆماسیدا کاریگەر بێ لەڕاستیدا خەڵکی چەوساوە و هەژار بە تایبەت لە وڵاتانی پاشکەوتووی دونیادا مومکینە لە سەرەتادا لە ڕووی ناچار و نائاگاهییەوە ڕوو لە حکوومەتی مەزهەبی وەک پەنایەک بۆ ڕزگاربوون لە پاشکەوتوویی و هەژاری و ژێردەستی بکەن. بەڵام بێگومان پاش ماوەیەک کە بێتوانایی ئەو جۆرە حکوومەتەیان بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئاواتانە ماددییەکانیان بۆ دەرکەوت، بەرەبەرە سارد دەبنەوە و لێی دەکشێنەوە. هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئاخوندی لە ئێراندا و، ئەو وەزعە نالەبارە کە لە باری ئازادی و دێموکراسی و وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بۆ خەڵکی ئێرانی پێک هێناوە، باشترین بەڵگە و نموونە بۆ ئەم ڕاستییەن.

مەسەلەی دیکە کە ڕێژیم بۆ سەقامگیرکردنی خۆی، ئێستا زۆری پێوە ماندووە و هەڵبەت پڕوپاگاندەیەکی بەربڵاویشی لەبارەیدا وەڕێ خستووە، باشترکردنی وەزعی ئابووریی وڵات و ژیانی خەڵکە. بەڵام گومانی تێدا نییە کە لەم بوارەشدا سەرکەوتنی ڕێژیم لە نیهایەتدا ناتوانێ لە سنوورێکی کورت تێ بپەڕێ. ئەمەش بە چەند هۆ:

یەکەم- دێموکراسی کە بە مانای بەشداریی خەڵکی وڵات لە کاروباری وڵاتدایە بناخەی هەموو پێشکەوتنێک و، مەرجی هەرە ئەساسی بۆ بەرەوپێشچوونی ئابووریی وڵاتە. لە حکوومەتی دیکتاتۆری دا کە خەڵک خۆی بە جیا لە حکوومەت هەست پێ دەکا و دڵخۆشییەکی بە نەخش و جێگای تایبەتی خۆی لە کاروباری وڵاتدا نییە، دیارە کە کارکردن و بەرهەرمهێنان شکڵی بێگاری و ناچاری بە خۆیەوە دەگرێ. ئەزموونی وڵاتانی سۆسیالیستی و ئەو شپرزەییەی لەباری ئابوورییەوە تووشیان هاتووە، نەخشی بوون یان نەبوونی دێموکراسی لە مەیدانی تێکۆشانی ئابووریدا زۆر باش نیشان دەدا. هەروەک دەبینین هەڵاتن لە ئێران هەر بەردەوامە و، هەر ئێستا بە میلیۆن ئێرانی ئاوارە و کۆچکردوو هەن کە لەنێویاندا هەڵبژاردەی پسپۆڕان

و کارلێهاتووانی ئێران دەبینرێن. بەڵام بەهۆی نەبوونی ئازادی و وجووودی فەزای تەنگ و نەفەس‌بڕی مەزهەبی دەراوێکی ڕوون بۆ هاتنەوەی خۆیان بۆ وڵات نابینین. جا کە وەزع ئاوا بێ، ڕێژیم بناخەی وەگەڕخستنی چەرخی سەنعەتی و ئابووریی وڵات و گەشەپێدانی زانست و تێکنیک لەسەر چ شتێک دەتوانێ دابنێ؟

دووهەم- نێوەرۆکی بیروبۆچوونی ڕێژیم لە مەسەلەی ئابووریدا سەرمایەدارییەکی زۆر پاشکەوتوانەیە کە ئەمە خۆی کۆسپی گەورەی پێکهێنانی کۆمەڵێکی عادڵانەیە. کاتێک حیزبوڵڵاهییەکی وەک «ئەلویری»، ڕەئیسی کۆمیسیۆنی بەرنامە و بوودجەی مەجلیسی شورای ئاخوندی بە ڕاشکاوی دەڵێ کە: « ئێمە بەهۆی گیروگرفتی شەرعی و ئیسلامی ئیمکانی دابەش کردنی عادڵانە سەروەتمان لە وڵاتدا نییە (کەیهان هەوایی: ژمارە ۹۱۰ – سەرماوەزی ۱۳۶۹) چلۆن دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران وەزعی ژیانی خەڵک بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوە باش‌بوون بەرێ و، عەداڵەتی ئابووری لە ئێراندا بەرقەرار بکا؟

چوونەسەری بێوێنەی جەمعییەتی ئێران کە بەرهەمی بێ بەرنامەیی و تێنەگەیشتوویی ڕێژیم لە واقعیایەتی دنیایی ئەمڕۆیە، یەکێک لە گەورەترین گیروگرفتەکانی ڕێژیم لەسەر ڕێگای سەروسامان‌دان بە وەزعی ئابووریی وڵاتە. ئەم زیادبوونە لەڕادەبەدەرەی جەمعییەت کە ئەگەر پێشی پێ نەگیرێ دەبێتە هۆی ئەوەی لەهەر ۲۱ ساڵدا جەمعییەتی وڵات دووبەرابەر بێ، بەحەق ناوی «تەقینەوەی جەمعییەتی» لەسەر دانراوە.

سێهەم- پێشتریش ئیشارەمان کرد کە ڕێژیم بۆ پێکهێنانی جموجۆڵێک لە وەزعی ئابووریدا هیوایەکی زۆری بەیارمەتیی وڵاتانی دیکە بەتایبەت وڵاتانی گەورەی سەرمایەداری بەستووە، چ لە ڕێگای وەرگرتنی قەرز و، چ لە ڕێگای وەکارخستنی سەرمایە و بەکرێ‌گەرتنی پسپۆری خاریجییەوە. بەڵام هەروەک گوتمان ئەمەش تا ئێستا لە چوارچێوەیەکی تەنگ نەچۆتە دەرێ و لە داهاتووشدا بەهەرحاڵ هیوایەکی زۆری ناکرێ پێ ببەسترێ. چونکە سەرمایەی خاریجی بۆ ئەوەی لە وڵاتێکدا وەکار بکەوێ پێش هەموو شتێک دەبێ دڵنیا بێ کە حکوومەت سەقامگیر بووە و، درێژخایە بوونی ماوەی لەگەڕدابوونی دەستەبەر کراوە. ئەمەش ئەمڕۆ مەرجێک نییە کە لە حکوومەتی ئێراندا هەبێ.

سەرنجدان بەوانەی گوترا دەری دەخا کە بەکورتی ئەو ڕێژیمە نە ئێستا بەتەواوی سەقامگیر بووە و، نە لە داهاتووشدا ئیمکانی سەقامگیربوونی تەواوی هەیە. چونکە ڕێژیم ناچارە بەگوێری نێوەڕۆکەکەی هەمیشە لە بەینی دوو سنووردا لەڕزۆک و دەستەوەستان بمێنێتەوە: لەلایەک ناچارە بەدایم لە هەوڵدا بێ کە ببێتە حکوومەتێکی ئاسایی، یانی حکوومەتێک کە بە واقیعبینییەوە بڕوانێتە مەسایلی پڕکەندوکڵۆی دنیای ئەمڕۆ و بەشێوەی تازە و عیلمی گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی ئەم زەمانە چارەسەر بکا. بەڵام ناتوانێ لەم کارەدا سەرکەوێ. بۆ ئەم کارە ڕێژیم دەبێ قەیدوبەندی مەزهەبی لە دەست و پێی خۆی بکاتەوە کە ئەمەشی بۆ ناگونجێ، چونکە مانا و مەشرووعییەتی خۆی کە مەزهەبی‌بوونە لە دەست دەدا و، بەکردەوەش بە دایم لەلایەن ئەوانەوە کە ئاڵاهەڵگرانی بیروبۆچوونی ویشکی مەزهەبین و، بە ئیددیعای خۆیان پێڕەوانی وەفادار و بەئەمەگی ڕێگای «ئیمام خومەینی»ن لەژێر فشاردایە. لە لایەکەی دیکەش ئەگەر هەر بە ڕێگای خومەینیدا بڕوا، ڕوونە کە بەتەواوی لە واقعییات دوور کەتووەتەوە و، بیهەوێ و نەیهەوێ غەیری دەستەوەستانی و تێکڕووخان سەرەنجامێکی نابێ.

ئەمەش ڕاستییەکە کە کارگێڕانی حکوومەت بێگومان تێی گەیشتوون و تێدەگەن.
ئەم لەرزۆکی و بێ لەنگەرییە لە پەیکەری ڕێژیمدا کە لەهەموو کار و کردەوە و هەڵویستەکانیدا خۆی دەنوێنێ، بۆتە هۆی ئەوە کە ڕێژیم لە ترسێکی دایمیدا بژی. ڕاگرتن و بەهێزکردنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری سوپای پاسدران سەرەڕای خەرجێکی یەکجار زور و گیروگرفتێکی لە ڕادەبەدەر کە بۆ ڕێژیم هەیەتی، دیاردەیەکی بەرچاو لەو نیگەرانی و ترسە دایمییەیە. چونکە ڕێژیم «سوپا» وەک پارسەنگ لە بەرامبەر ئەرتەشێکدا چاو لێ دەکا کە لێی دڵنیا نییە و ناشتوانێ دڵنیا بێ.
ئێستا ڕێژیمی ئاخوندی هەتا کەنگێ دەتوانێ بەم وەزعەوە خۆی لەسەر پێ ڕابگرێ؟ پرسیارێکە کە دواڕۆژدا دەبێ وەڵامی بداتەوە!

## کوردستان

وەزعی «کوردستان» بەگشتی لە چاو ٣ساڵ پێشتر ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. دیارە تەواوبوونی شەڕ لەگەڵ عێراق کە کوردستان یەکێک لە مەیدانە ئەسڵییەکانی بوو، بۆتە هۆی ئەوەی قورسایی وێرانی و کوشتاریش کە بەرهەمی ئەوە شەڕە بوو، لەسەر شانی خەڵکی کوردستان لا بچێ. بەڵام ڕێژیم کە لە هەموو بارێکەوە بەتایبەت لە باری ئابووری و بەرنامە داڕشتنی ئابوورییەوە وەزعیکی شپرزی هەیە هەنگاوێکی بەرچاوی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو وێرانی و کەموکوڕییە لەکوردستان هەڵ نەهێناوەتەوە. لەسەریەک، خراپیی وەزع لە کوردستان دەبێ وەک دیاردەیەک لە خراپیی وەزعی گشتی لە سەرانسەری ئێراندا چاوی لێ بکرێ. بەڵام ڕێژیم بێجگە لە شەڕی ئێران و عێراق، بوونی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانیشی کردووەتە بەهانە بۆ بێمەسئوولییەتەکانی خۆی سەبارەت بە کەموکوڕییەکانی کوردستان.
کوردستان ئێستاش هەروەکوو پێشوو بەتەواوی میلیتاریزە کراوە، سەرانسەری کوردستان بە هەزاران پایەگا و بنکەی نیزامی تەنراوە. بێجگە لە فشاری نیزامی، ڕێژیم بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان لە زۆر مەیدانی دیکەشدا هەوڵ دەدا و خۆ ماندوو دەکا:
ڕێژیم کوردستانی بە تۆڕێکی گەورەی ئیتیلاعاتی و جاسووی داپۆشیوە و ناوەندی ڕەنگاوڕەنگ وەک: ئیدارەی ئیتلاعات، ئیتلاعاتی سوپا، زیدی ئیتیلاعاتی ئەرتەش و هێزی ئینتیزامی، دەفتەری سیاسیی فەرمانداری و... هەر کامەی بە نۆری خۆی لە جێگای خۆی خەریکی سیخوڕی و پیلانگێڕانن.
کەڵکوەرگرتن لە چەکی مەزهەب، دیارە یەکێک لە هەوڵەکانی دایمیی ڕێژیمە: سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، دەفتەری ئیمام جومعەکان، ئەنجوومەنی ئیسلامییەکان، ئوموورى تەربییەتی لە مەدرەسەکان، شورای ئیسلامی لە گوندەکان و... تێکڕا بەبێ وەچان هەوڵ دەدەن بۆ بێڕەنگ کردنی هەستی میللی لە کوردستان و بۆ پتەوکردنی بناخەی فیکرییەکانی ڕێژیم بیروبڕوای مەزهەبی هەرچی زیاتر پەرە پێ بدەن. پێکهێنانی ناوەندێکی تایبەتی بە ناوی ناوەندی گەورەی ئیسلامی غەربی وڵات (مرکز بزرگ اسلامی غرب کشور) لە ئوستانی ئازەربایجانی غەربی و ئوستانی کوردستان و بەشێک لە شارە سوننینشینەکانی سەر بە ئوستانی کرماشان (باختەران) یەکێک لە کارە ئەسڵییەکانی ڕێژیم لەم مەیدانەدایە. ئەو

ناوەندە کە ئاخوندیک بە ناوی «موسەوی» سەرپەرستیی دەکا و لەهەر شارەش دەفتەرێکی بە سەرپەرستیی ئاخوندێکی شیعە مەزهەب داناوە، بەدانی هێندێک ئیمتیازی بچووک وەک یارمەتییەکی کەمی مانگانە تێدەکۆشی فەقی و مەلاکانی کوردستان کە زۆربەیان لە باری ماڵییەوە موحتاجن بەستراوە بە خۆی بکا. مەبەستە لە شورای ڕووحانییەتیش کە لە شارەکان و لەژێر چاوەدێریی ئەو ناوندە پیک هاتووە تەنیا دڵخوش کردن و فریودانی فەقی و مەلاکانی کوردستان لە ڕیگای دانی عینوانێکی ڕواڵەتی بەوانە. چونکە ئەو شوڕایانە کە بەڕەسمی کاریان ڕاگەیشتن بە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئایینیی خەڵکە، بەکردەوە هیچ دەسەڵاتێکی ئیجراییان نییە.

بێجگە لەوانە، ڕێژیم بە جیددی خەریکی سازکردنەوە و ڕەواجدانەوەی «شێخایەتی» و «خەڵیفەگەری» لە کوردستانە و لە زۆر جێگا تەکیە و خانەقاکانی بۆ ڕاکێشانی سۆفی و مورید ئاوەدان کردۆتەوە.

لەسەریەک، ڕیژیم لە هەموو ڕێگایەکەوە بۆ ڕاگرتن و پاراستنی پاشماوەی پێوەندییەکانی کۆن و پاشکەوتووانەی کۆمەڵی کوردستان هەوڵ دەدا، ئەو پێوندی و داب و ڕەسم و ڕێوشوێنانە کە لەگەڵ نێوەرۆکی پاشکەوتووانەی خودی ڕێژیم یەک دەگرنەوە و ڕێژیم پێی وایە دەتوانێ وەک چەکێک لە بەرامبەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەی کوردستاندا کەڵکیان لێ وەرگرێ. دەرەبەگایەتی و سیستمی عەشیرەتی یەکێک لەو شتانەیە کە ڕیژیم کارێکی زۆری لەسەر دەکا و تەنانەت تێدەکۆشێ عەشیرەتی وا زیندوو بکاتەوە و بیانهێنێتە مەیدان کە لەمێژە شوێنەوارێکی ئەتۆیان نەماوە.

جێگای سەرنجە کە دامودەزگای ڕێژیم لەم جموجۆڵەی خۆی لە کوردستاندا شەڕی زێڕینگەرییەکشی لەنێو خۆیدا وەڕێ خستوە کە لە ڕاستیدا نیشاندەری دابەشکردنی کار و نموونەی ئەوپەری ڕیاکاری و دەغەڵبازییە. ئەویش بریتییە لەوە کە فەرمانداریيەکان و ئیدارەکانی ڕەسمیی دەوڵەتی زۆرتر خۆیان پشتیوان و لایەنگری دەوڵەمەندەکانی بازار و دەرەبەگە گەورەکان نیشان دەدەن و، لە بەرامبەردا سوپا و ئیتلاعاتی سوپا خۆیان لە پەشتی هەژاران و زەحمەتکێشان و جووتیاران و عەشیرەتی بچووک و کەمئیمکان دەنوێنن. بەم جۆرە مەبەستیان ئەوەیە کە لە هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری کەسانێکی هەرچی زیاتر بەفریو بەرن و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە لەبەرامبەر یەکتردا ڕابگرن.

مەیدانی فەرهەنگی یەکێکی دیکە لە مەیدانەکانی جموجۆڵی ڕێژیم بۆ بەرەبەرکانی لەگەڵ بزوتنەوەی کوردستانە: سازکردنی هێندێک ناوەندی فەرهەنگی و ئەدەبی، ڕێگادان بە بڵاوبوونەوەی هێندێک چاپەمەنی بە زمانی کوردی و پێکهێنانی هێندێک کۆبوونەوە و کۆنفرانس نموونەیەک لەو کارانە کە مەبەستی ئەسڵیی ڕێژیم لەو کارانە جیاکردنەوە و بەتاڵکردنەوەی بزووتنەوەی کوردستان لە داخوازە میللی و نیشتمانییەکان و بچووککردنەوەیان تا ڕادەی هێندێک داخوازیی بچووکی فەرهەنگی و ئابوورییە. بەڵام ڕێژیم لەو مەیدانەشدا سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێناوە. چونکە خەڵکی کوردستان ئەو پاشەکشەی ڕێژیم بە دەسکەوتێکی خەباتی خۆیان و بزووتنەوە ڕەواکەیان دەزانن و ئەمەش هانیان دەدا کە زیاتر لە دەوری ئاڵای بزووتنەوەکەیان کۆ ببنەوە.

سەرەڕای هەمووی ئەمانە، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە ڕیبەرایەتیی حیزبی

ئێمە هەروا بەربڵاو و بەگوڕ درێژەی هەیە. ئەمەش دیارە هەر لەوکاتەدا کە بەرهەمی پشتیوانی و لایەنگریی گشتی خەڵکی کوردستانە، خۆی لە دڵگەرمکردن و هاندانی خەڵکی کوردستاندا بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر ڕێژیمدا شوێنی ڕاستەخۆی هەیە. لە ئاکامدا، ئەمڕۆ کوردستان لە باری سیاسییەوە هەروەک پێشوو سەنگەری پتەوی دژایەتی و بەرەبەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم ماوەتەوە و ڕێژیم نەیتوانیوە هیچ پێگەیەکی بەرچاوی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تێدا بۆخۆی پەیدا بکا. ڕاستییەک کە هەر جار ناجارێک و لە هیندێک هەلومەرجی تایبەتیدا زۆر بەزەقی و بەئاشکرایی خۆی دەنوێنێ.

**وەزعی حیزب**

ماوەی نێوان کۆنگرەی هەشت و ئەم کۆنگرەیە، لەم ١٠-١٢ ساڵەی دوایی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا بێگومان بە گرینگترین دەورەی ژیانی حیزب بە حیساب دێ.

یەکەمین ڕووداوی گرینگی پاش کۆنگرەی هەشت جیابوونەوەی دەستەیەک بوو لە حیزب کە ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» یان لەسەر خۆ دانا، بەڵام چ لەنێو حیزب و چ لەنێو کوردستاندا بە گشتی بە ناوی «لادەر» ناسراون و دەناسرێن. پێکهێنەر و بەڕێوەبەری جەریانی «لادەر» کەسانێک بوون کە لە کۆنگرەی هەشتدا سەرەڕای ئەنواعی نەخشە و پیلانی غەیرە ئوسوولی و ناجوامێرانە شکستیان خوارد و لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەسڵیی حیزبدا نەمان. هەتا سەرەنجام لە سەرەتای بەهاری ساڵی ٦٧دا بە یارمەتیی دوژمنانی حیزب و یەک لەوان ڕێکخراوی موجاهیدینی ڕەجەوی و، بە هاندانی فورسەتتەڵەبانەی هێندێک ڕێکخراوی دیکە، بەیاننامەیەکی پڕوپوچ و سەرانسەر درۆ و دروشمیان بڵاوکردەوە و جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. فەزایەکی ئاڵۆز و پڕ هەراوهەنگامە کە لە دەوری ئەم جیابوونەوە لادەرانەیە وەڕێ کەوت، دیارە بوو بەهۆی ئەوە کە ژمارەیەکی کەمیش لە کادر و پێشمەرگەی بە بیروبڕاو فریو بخۆن و لەگەڵ ئەوانە بکەون. بەڵام بەگشتی هەروەک ئێستا پاش نیزیکەی ٤ ساڵ زۆر بەباشی دەرکەوتووە ئەساسی جەریانی لادەر تێکەڵاوێک بوو لە «ئاشبەتاڵ» و «مەقامخوازی». یانی بەشێکیان کەسانێک بوون کە ورە و توانای درێژەدانی خەباتیان لە ڕێزەکانی حیزبدا نەمابوو، بەڵام ئەوەندەیان ئازایەتیی ئەخلاقی نەبووە کە بوێرن ئەم ڕاستییە دەربڕن. هەتا جەریانی لادەریان کردە بەهانە و ڕۆیشتن. ژمارەیەک لەوانە ئەوندە بۆ خۆ دەربازکردن بەپەلە بوون کە تەنانەت هێشتا مانگێکی تێ نەپەڕیبوو ڕێگای هەڵاتن بۆ ئورووپا، یان تەسلیم بوونەوە بو ڕێژیمان گرتەبەر. بەشەکەی دیکەش ژمارەیەک خۆبەزۆرزان و مەقامخواز بوون کە هەر لە سەرەتاوە بۆ گەیشتن بۆ عینوان و مەقام ڕوویان لە حیزب و جووڵانەوە کردبوو. بەڵام ئێستا کە دەیاندی لە حیزبی دێموکراتدا بۆ پێئەسپاردنی مەسئوولییەت کارلێهاتوویی و شۆڕشگێڕی لەبەرچاو دەگیرێ، نەک ئیددیعای بێ نێوەڕۆک و ڕەفتاری عەوامهەڵخەڵەتێن، خۆیان ناچار دەدی بڕۆن و دوکان لە جێگایەکی دیکە بکەنەوە!

دیارە پیلانی لادەران لەکاتی خۆیدا گیروگرفتێکی ناخۆشی بۆ حیزب پێک هێنا و، هیزێکی بەرچاوی حیزبی بە پووچەڵکردنەوەی خۆیەوە خەریک کرد. بەڵام لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا مەسەلەکە دەبێ زۆرتر وەک پاکبوونەوەی حیزب چاو لێ بکرێ. ڕادیۆی دەنگی کوردستان

لە وتارێکدا کە ڕۆژی ١٣٦٧/١/٧ بڵاوی کردەوە گوتی: بە ڕۆیشتنی کەسانێک کە چەندین ساڵە لەنێو حیزبدا بێجگە لە باندبازی و گێرەشێوێنی و دڵساردکردنەوەی کادر و پێشمەرگە، هێندێک کردەوەی غەیری ئەخلاقی و غەیرەئینسانی کارێکی دیکەیان نەبووە، حیزبی ئێمە بەهێزتر دەبێ و، توانای جووڵانەوەی تێکۆشانی دەچێتە سەرێ». ڕەوتی ئەم ٣ ساڵ و چەند مانگە دەری خست کە ئەم پێشبینییە تا چ ئەندازە ڕاست بوو و، ڕۆیشتنی لادەران تا چ ڕادە بە قازانجی حیزب و لە خزمەت درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا بوو. چونکە هەروەک ئیشارەی پێ کرا جەریانی لادەر نیشانی دا کە بەگشتی جەریانێکی ئاش بەتاڵییەوە و، جیا لەوانە کە تەسلیمی ڕێژیم بوونەوە، ئەوەی دیکە و لە پێشدا ڕێبەرایەتیی بەناو شۆڕشگێڕەکەی، ڕووی لە ئورووپا و لە ئۆردوگاکانی پەناهەندەییە.

دووهەمین ڕووداوی گرینگ لە ژیانی حیزبدا کۆتاییپێهاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بوو. لە ٢٧ی پووشپەڕی ساڵی ٦٧دا ئێران ڕایگەیاند کە بڕیارنامەی ٥٩٨ی شورای ئەمنییەت قەبووڵ دەکا. ئەو بڕیارنامەیە یەک ساڵ پێشتر سەبارەت بە تەقەوەستان دەرچوو بوو، بەڵام ئێران هەتا ئەو کاتە لە قەبووڵکردنی خۆی لادابوو. بە دوای ئەوەدا ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژ تەقەوەستانی ڕەسمی بە ئەنجام گەیشت و، چەند ڕۆژ دواتر وتوێژ بۆ پێکهاتن و ئاشتی لەنێوان دوو حکوومەت لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەستی پێ کرد.

بەشێوەیەکی گشتی، دیارە کۆتاییهاتنی شەڕ نەیدەتوانی جێگای ڕەزامەندی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە نەبێ. چونکە ئەو شەڕە بێمانایە بۆ هەر دوو وڵات و بەتایبەت بۆ کوردستان غەیری وێرانی و کوشتار و ئاوارەیی هێچ بەرهەمێکی نەبوو. هەر بۆیەش دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستبەجێ بەم بۆنەوە دەری کرد خۆشحاڵبوونی خۆی دەربڕی. بەڵام لە عەینی کاتدا دەبێ پی لەم ڕاستییە بنێین کە ئەو ڕووداوە بۆ خەڵکی کوردستان و ڕیزەکانی حیزب نیگەرانییەکیشی لەگەڵ بوو. چونکە سوڵحی ئیحتیمالی لەنێوان دوو دەوڵەتدا لەوانەبوو لەسەر ئەساسی پەیمانی ساڵی ١٩٧٥ی «الجزایر» بگرێ، کە ئەمەش لە واقیعدا بە مانای هاوکاریی دوو دەوڵەت  بۆ لەژێر فشارنان و بەرتەنگکردنەوەی مەیدانی تێکۆشان ڕێکخراوە کوردستانییەکان دەبوو. بیرەوەریی تاڵی خەڵکی کوردستان هەم لە عیراق و هەم لە ئێران لە ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ ئەم نیگەرانییەی بە ڕەوا و بەجێ نیشان دەدا. هەر بۆیە ئەرکی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ و بەئەزموون لەو هەلومەرجەدا بریتی بوو لە دوو شتی ئەساسی: یەکەم دڵنیاکردنی خەڵکی کوردستان لەوە کە ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ لە کوردستان و بەتایبەت لە حیزبی دێموکراتدا بە هیچ جۆر دووپات ناکرێتەوە. دوویەم- بیرکردنەوە و لیکۆڵینەوە بەمەبەستی ئامادەکردنی حیزب و جووڵانەوە لە بەرامبەر وەزعی پێشبینی کراوی داهاتوو و، بۆ ئەو هەلومەرجانەی لەم پێوەندییەدا مومکین بوو، پێک بێن.

لەم پێیەدا، بێجگە لە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی کە ئیشارەی پێ کرا، سکرتێری گشتیی حیزب لە پەیامی ٢٥ی گەلاوێژی ئەو ساڵدا گوتی: بەپێچەوانەی نەزەری هێندێک کەس کە پێیان وایە جارێکی دیکە مێژوو دژی گەلی کورد وەکار کەوتووە ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئاسۆی خەبات لە ساڵانی پێشوو ڕوونترە. گرینگ ئەوەیە لە پێش هەمووانەدا جووڵانەوەی دێموکراتی کوردستان ڕیزەکانی خۆی پتەوتر بکا و ئامادەیی بەرەنگاربوونەوەی هەرچەشنە

ڕووداوێک بێ». سکرتێری گشتیی حیزب پاشان گوتی: «با بایەخ بە هێزی بێپایانی گەلی کورد بدەین، لە خۆمان و خەباتی خۆمان دڵنیا بین و وەک عامیلێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسەتدا خۆ بنوێنین.»

سەرەنجام، سکرتێری گشتی پەیامەکەی خۆی بەمجۆرە کۆتایی پێ هێنا: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چڵ و سێ ساڵ تاقیکردنەوەی خەباتی سەخت و خویناویی هەیە. حیزبی ئێمە ئامادەیە ئەم خەباتە تا سەرکەوتنی دوایی و تا وەدەستهێنانی دێموکراسی و خودموختاری درێژە پێ بدا. هیچ هێزێک نییە بتوانی خەباتی حیزبەکەمان بوەستێنێ. حیزبی ئێمە توانای ئەوەی هەیە هەموو کۆسپێکی سەر ڕێگای خۆی لابەرێ و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی کوردستان و هەموو گەلانی ئێران گەلی کورد بە ئامانجە مێژووییەکانی خۆی بگەیەنێ.

هەروەها، سکرتێری گشتیی حیزب لە نامەیەکدا بۆ «پێرێز دێکوێیار» سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە تاریخی ١٩٨٨/٨/٣ ڕایگەیاند: «بە تەواوبوونی شەڕ لەن یوان ئێران و عیراق شەڕ لە وڵاتی ئێمەدا بە یەکجاری کۆتایی پێ نایە. خەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بە مەبەستی وەدیهێنانی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان هەروا درێژی هەیە. ئێمە لەو کاتەدا کە وەک حیزبێکی بەرپرس پشتیوانیی خۆمان لە کۆتایی پێهاتنی کێشەی نێوان ئێران و عێراق ڕادەگەنین، بەڕاشکاوی دەڵێین کە شەڕ لە وڵاتی ئێمەدا کۆتایی پێ نەهاتووە و ئاشتی تەنیا کاتێک هەموو ئێران و سنوورەکانی ئێران و عێراق دەگرێتەوە کە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێن.»

ئەم چەند نموونەیە، بە ڕوونی هەڵوێستی ئوسوولی و لە عەینی کاتدا لێبڕاوانە و شۆڕشگێڕانەی حیزبی ئێمە لەو هەلومەرجەدا دەگەیەنێ. هەڵوێستێک کە بناخەی لەسەر بڕوا و دڵنیایی بە ورەی بەرزو یەکگرتوویی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و، پشتگیری و پشتیوانیی خەڵکی قارەمانی کوردستان دانرابوو. ئاکامەکشی مەوجوودییەتی ئێستامان و چۆنیەتیی وەزعی ئەمرۆمانە کە شانازیی پێوە دەکەین.

ئەم هەڵوێستە بەجێ و شۆڕشگێڕانە حیزبی ئێمە لەو کاتەدا و، لە درێژەی ئەم ٣ساڵەی ڕابردوودا بەتایبەت کاتێک باشتر خۆی دەنوێنێ کە لەگەڵ هەڵوێست و کردەوەی هێندێک دەستە و ڕێکخراوی دیکە کە دەنگی ئیدیعایان گویی دونیای کەڕ دەکرد، هەڵسەنگێندرێ: وەک موجاهیدینی ڕەجەوی کە پاش کردەوەی هەڵنەسەنگێندراو و خۆ بەکوشتدەرانەی «فروغی جاویدان» بە تەواوی خۆیان لەژێر پەردەیەکی بێڕەنگ و بێدەنگدا شاردەوە، یان ئەو ڕێکخراوانە کە نەک هەر لە ڕیگای هەڵاتن بۆ ئورووپا و پەنابردن بۆ ئوردوگاکانی پەناهەندەیی لە عێراق ڕێگای ئاشبەتاڵێکی واقعییان گرتەبەر، بەڵکوو هەوڵیان دا بە ئەنواعی بەهانەی بەناو «تیئۆریک» ئەو ئاش بەتاڵە تەوجیهیش بکەن و وە ک دووربینیی سیاسی و بەرنامەی درێژخایەن و زانستییانەی خەبات دەرخواردی خەڵکی بدەن!

سێیەمین ڕووداو کە گرینگترین و لە عەینی کاتدا ناخۆشترین ڕووداو لە ژیانی حیزب لە ماوەی نێوان کۆنگرەی هەشتەم و ئەم کۆنگرەدایە، کارەساتی شەهیدبوونی سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان بوو. ڕێبەری مەزن و مامۆستای زانا و خۆشەویستمان دوکتور قاسملوو لەگەڵ هاوڕێی بەوەج و هەڵکەوتوو کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە ڕۆژی ٢٢ پووشپەڕی ١٣٦٨ لە شاری

«ڤییەن» پێتەختی ئۆتریش شەهید کران. تێرۆریستەکان مەئموورانی ڕێژیمی ئاخوندی بوون کە بەڕواڵەت وەک نوێنەری ڕەسمی بۆ دیدار و وتووێژ لەگەڵ دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر هاتبوون.

ئەم زەبرە گەورەیە دیارە سەرتاسەری پەیکەری حیزبی وەلەرزین خست، بەڵام بەخۆشی و شانازییەوە، لە سایەی یەکگرتوویی و هەست بە مەسئوولییەتکردنی گشتیدا زۆر خێرا خۆمان گرتەوە و، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا هەروەک پێشتر قورس و قایم پێمان داکوتایەوە.

ئەمڕۆ کە نیزیکەی دوو ساڵ و نیو پاش ئەو زەبرە قورسە دڵگەرم و بە ورە، شێلگیر و یەکگرتوو کۆبووینەوە و وێڕای پێداچوونەوە بە ڕابردوو، بەرنامەی خەبات و تێکۆشانی داهاتوومان دادەڕێژین؛ جێگای خۆیەتی: لەپێشدا سوپاسێکی گەرم بکەین لە تەواوی ئەو شەخسییەت و ڕێکخراو و حیزب و دەوڵەتانە کە هاودەردییان لەگەڵ نواندین و لەو هەلومەرجە ناسکەدا بۆ خۆڕاگرتن و درێژەدانی ڕێگا هانیان داین. لە پاشان حەقمانە شانازی بکەین بە گەلی بەهەست و ئەمەگناسی کورد کە بە بەشداری لە خەممان‌دا و بە پشتگیرییەکی پتەو یارمەتیی داین لەو تاقیکرنەوەیە سەرکەوتوو بێینە دەرێ.

بۆ ئەو لایەنەش کە خۆمان دەگرێتەوە، باشترە ئیشارە بە دەرسێکی ڕێبەری شەهیدمان بکەین. شەهیدی گەورەمان دوکتور قاسملوو لە ئاخرین کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ ژمارەیەک لە کادرەکانی پلەی سەرەوی حیزب لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨دا باسێک لەسەر مێژووی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب دەکا و قامک لەسەر خاڵێکی گرینگ دادەنێ. مامۆستای لێزانمان نیشان دەدا کە یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ژیانی چل و چەند ساڵەی حیزب بریتی بووە لە پچڕانی چەند جارەی هەودای تێکۆشانی حیزب، بە هۆی نەمان یان لە مەیدان چوونەدەرێی زۆربەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی. ئینجا وەزعی حیزب لە هەلومەرجی تازەدا دەخاتە بەر نەزەر و دەڵێ: «ئێستا دەتوانین ئومێدەوار بین ئەگەر بەشێکی زۆری ئەم ڕێبەرایەتییەش نەمێنێ کە ئەوە شتێکی سروشتییە یا شەهید بێ، یا تەمەنی وای لێ بێ کە نەتوانێ کار بکا، پێم وایە لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتدا ئیدامەکاری هەر بەردەوام دەبێ.» سەرەنجام قاسملووی زانا هەروەک لەنێو دەڵێ خۆیدا هەستی بە شتێک کردبێ دەڵێ: «ئەمە گەورەترین سەرکەوتنی حیزبەکەمانە کە وەزعێکی وای پێک هێناوە کە ئەگەر نەک دوو بەڵکوو چەند کەس لەو ڕێبەرایەتییەدا نەمێنن دیسان ئەو ڕێبەرایەتییە بە ڕێبازی خۆی درێژە دەدا...». ئێستا کە ئەم قسانەی ڕێبەری شەهید وەک وەسیەت نامەیەک لە بەرچاومانە چ سەربەرزییەک بۆ ئێمە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لەوە زیاتر کە بە هەموو هەست و توانامانەوە تێکۆشاوین بسەلمێنین دوکتور قاسملوو لە ڕێکخستن و قایمکردنی حیزبەکەیدا ڕەنج بەخەسار نەبووە و بۆچوون و تێگەیشتنەکەی لەسەر ئێمە وەک شاگردان و پەروەردەکراوەکانی خۆی هەڵە نەبووە؟!

بەڵام لەسەر ئەسڵی جەریانی شەهید بوونەکە: ئێمە لەکاتی خۆیدا زۆرمان قسە لەسەر کردووە و لایەنە جۆراوجۆرەکانمان تا ئەو جێگایەی لەتوانامان‌دا بووە هەڵسەنگاندووە. بۆیە دووپاتکردنەوەی هەمووی ئەوانە لێرەدا بە پێویست نازانین غەیری دوو خاڵ نەبێ کە وەک هەڵە لە بۆچوون و کردەوەماندا ئیشارەیان پێ دەکەین:

یەکەم هەڵە لە بۆچوونمان سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندیدا بوو. ئێمە پێمان وابوو کە ڕێژیم پاش ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراق و ٩ ساڵ شەڕ لە کوردستان، ئێستا دەبێ هاتبێتە سەر ئەو باوەڕە کە کاتی ئەوە هاتووە چاوێک بە هەڵوێست و کردەوەکانی ڕابردووی خۆیدا بخشێنێتەوە و، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە نێوخۆییەکانی وڵات کە یەکێک لە گرینگترینیان مەسەلەی شەڕی کوردستانە ڕێگایەکی ئوسوولی بگرێتەبەر. بەم بۆچوون و بڕوایەوە بوو کە ئێمە پێشنیاری ڕێژیممان بۆ دیدار و وتوویژ لەسەر داخوازەکانمان قەبووڵ کرد و لەڕاستیدا لە داو کەوتین. لەحاڵێکدا هەر لەو کاتەدا ڕێژیم بە درندەییەکی بێوێنە خەریکی کوشتاری زیندانییانی سیاسی بوو و، بە کردەوە نیشانی دەدا کە کزی و بێهێزیی گشتی خۆی لە ڕێگای توندوتیژترکردنی دەسەڵاتەکەی و سەرکوتی خوێناوی موخالیفەکانیەوە قەرەبوو دەکاتەوە.

دوویەمین هەڵە لە کردەوە و شێوی ڕەفتارماندا بوو کە دەتوانین ناوی کەمتەرخەمییەکی تەواوی لەسەر دابنێین. چونکە بۆ دیدار لەگەڵ بەناو نوێنەرانی ڕێژیم نەک هەر هیچ ئیقدامێکی ئەمنییەتیی ئەتۆ ئەنجام نەدرابوو بەڵکوو بو هەوڵدان بۆ نهێنی ڕاگرتنی هەرچی زیاتری ئەو دیدارە، لەڕاستیدا ڕێگا بۆ بەڕێوەبردنی هەرچی ئاسانتری پیلانەکە لەلایەن تێرۆریستەکانی ڕێژیمەوە خۆش کرابوو.

بەهەرحاڵ ڕێژیمی ئاخوندی بەم جینایەتە جارێکی دیکەش بەڕوونی نیشانی دا دیارە بەنرخێکی زۆر گران بۆ ئێمە کە نێوەڕۆکە پاشکەوتووانە و دژیگەلییەکەی ڕێگای پێ نادا هیچ کام لە داخوازە ئەساسییەکانی ئێمە، یانی دێموکراسی و خودموختاری قەبوول نکا. لە نەتیجەدا هەڵوێستی ڕاست لە بەرامبەریدا بریتییە لە خەباتی شێلگیر بۆ بەچۆکداهێنان و لە مەیدان بەدەرکردنی و بەس...

## ڕوانگە و ڕێباز

هاوڕێیانی بەڕێز!

دوو پایەی ئەساسیی بیروبڕوای حیزبی دێموکرات بریتین لە دێموکراسی و مافی میللی کە لە دروشمە ئەسڵییەکەماندا خۆ دەنوێنن. ڕاستیی ئەوەیە کە ئەم دوو پایەیە لە ڕابردوودا لە زۆر لایەنەوە بە بەهانەی جۆراوجۆر لەژێر پرسیار و هێرشدا بوون، بەتایبەت لەلایەن ئەوانەوە کە خۆیان بە پێڕەوی مارکسیزم- لینینیزم ناو دەبرد. چونکە ئەوان هەمیشە لەلایەک دێموکراسییان نەک بە ئەسڵێکی گشتی بەڵکوو بە دیاردەیەکی چینایەتی زانیوە و، لەجیاتی دێموکراسی، لەژێر ئاڵای دیکتاتۆریی پرۆڵیتاریا، یانی دیکتاتۆریی چینی کرێکار بە سەر چینەکەی دیکەدا کە «بۆرژوازی» بێ «سینەزەنی»یان کردووە.

لەلایەکی دیکەش هەرچەند بەڕواڵەت بڕوایان بە «مافی دیاری کردنی چارەنووس» دەربڕیوە، بەڵام بە کردەوە ئەو ئەسڵەیان هەمیشە تابیعی هێندێک ئەسلی دیکە وەک گرینگیی خەباتی دژی ئیمپریالیستی، یان پێویستی بە گرینگتر زانینی مەسڵەحەتی چینی کرێکار و قازانجی بەرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیزم و شتی دیکە لەم بابەتە داناوە و، بەمجۆرە لە دژی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئەو هێزانەی داوای ئەو مافەیان کردووە هەڵوێستیان گرتووە.

بەڵام هەروەک لە بەشی نێونەتەوەییدا ئیشارەمان پێ کرد قەیرانەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی، کە بوون بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانە بەتایبەت لە زەمینەی بیروبۆچوون سەبارەت بە سۆسیالیزمدا، سەلماندیان کە ئەو جۆرە قسە و بەهانانە تا چ ئەندازە دوور لەڕاستین. لە نەتیجەدا دێموکراسی و مافی میللی ئەمڕۆ ئیدی شتێک نین کە لەلایەن هیچ کەسێکی واقیعبینەوە ئینکار بکرێن، مەگەر کەسانێک کە دەیانەوێ جێگەی « ئەسحابی کەهف» بگرنەوە. بەڵام بوونی ئەسحابی کەهف- کە ڕەنگە لەهەموو زەمانانەدا هەبن-ناتوانێ ڕەوتی مێژوو و پێشکەوتنی کۆمەڵی ئینسانی بگۆڕێ.

کەوابوو، بەڕاشکاوی دەتوانیین بڵێین ح.د.ک.ا ئەمڕۆ حیزبێکە لەباری بناخەی فیکرییەوە لەهەموو کاتێک قایمترە. ئەم بناغە فیکرییە پتەوە هەڵبەت یەکێک لە هۆیەکانی خۆشەویستیی حیزب لەلای کۆمەلانی خەڵکی کوردستانە، بەڵام خۆشەویستی و نفووزی حیزب کە بەڕاستی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کورستان دەگرێتەوە و تەنانەت بۆ دوژمنانیش حاشا هەڵنەگرە، بێجگە لەوە هۆی دیکەشی هەن:

یەکێک لەو هۆیانە خەتی ڕوونی سیاسی و، هەڵوێستی موناسیب و بەجێ لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و بزووتنەوەدایە. ئەگەر بمانەوێ تایبەتمەندییەکانی هەڵوێستگرتن و بڕیاردانی حیزب لە چەند وشەدا بەکورتی بەیان بکەین، دەتوانین بڵێین کە ئەو تایبەتمەندییانە بریتین لە سەربەخۆیی تەواو لە بڕیاردان، واقیعبینی، دانی گرینگیی دەرەجە یەک بە نەزەر و قازانجی گشتیی کۆمەلانی خەڵک، دەرنەچوون لە چوارچێوەی مەسڵەحەتی نیشتمانی و، سەرەنجام ئازایەتی و ڕاشکاوی لە گرتن و دەربڕینی هەڵوێست دا.

هۆیەکی گرینگی دیکەی خۆشەویستی و نفووزی حیزبی ئێمە شێلگیری و مانەوەمان لە مەیدانی خەباتدا بووە. ئێمە بەکردەوە نیشانمان داوە کە بەو دروشمانەی داومانە وەفادار بووین و، لەجیاتی ئەوە کە لە کاتی دژواردا وەک زۆر ڕێکخراوی دیکە ڕێگا بەردەین و مەیدان چۆڵ کەین، خۆمان لەگەڵ هەلومەرج ڕێک خستووە و، لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا خەباتی خۆمان بەشێوەی جۆراوجۆر و بێ پسانەوە درێژە پێ داوە.

هەمووی ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوە کە حیزبی ئێمە لە سەتحی ئێران و، بەگشتی لەنێو هێزە سیاسییەکانی وڵاتدا گەلێک باشتر بناسرێ و جێگای خۆی زیاتر بکاتەوە. ئەمرۆ لە داخوازە ئەساسییەکانی ئێمە، جیا لە دێموکراسی کە بۆتە داخوازێکی گشتی، خودموختاریش تا ڕادەیەکی بەرچاو هەقانییەت و پێویستیی خۆی سەلماندووە. لەڕاستیدا پێوەندیی ئۆرگانیکی دێموکراسی و خودموختاری ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەردەکەوێ. بەم مانایە کە ئەگەر خودموختاری لەلایەک تابیع و بەرهەمی دێموکراسی لە وڵاتدایە و لە واقیعدا دەبێ وەک شکلی پیادەکراوی ئەو دێموکراسییە گشتییەی وڵات لە کوردستاندا بزانرێ و، ئەگەر دێموکراسیی گشتی وڵاتدا زامن و دەستەبەری مانەوە و پاراستنی خودموختاری وەک حقووقی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانە، لەم لاشەوە خودموختاری کوردستان و (لە ڕادەیەکی گشتیدا ناوچە میللییەکانی دیکەی ئێران) دەتوانێ زامن و دەستەبەری مانەوە و پاراستنی دێموکراسیی گشتی لە وڵاتدا بێ. چونکە خودموختاری بەرگریکەری «تمرکز» یانی کۆبوونەوەی دەسەڵاتێکی زۆر لە مەرکەزدایە، کە ئەم «تمرکز»ە ئامراز و هاندەرێکی زۆر پڕ لە مەترسییە بۆ تەنگەبەر کردنەوەی ڕوژبەڕۆژ زیاتری چوارچێوەی دێموکراسی و

جێگیرکردنەوەی دیکتاتۆری.

بە وتەیەکی دیکە، لە هەلومەرجی ئێرانێکی دێموکراتیدا کە نیهادە دێموکراتییەکان وەک حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی بەهێز و بەنفووز، سەندیکاکان، کۆمەڵەی جۆراوجۆری سینفی و فەرهەنگی... هتد هێشتا ساز و سەقامگیر نەبوون خودموختاری بێگومان وەک نیهادێکی زۆر گرینگی پارێزەری دێموکراسی و وەک کۆسپ لە ڕێگای گەڕانەوەی دیکتاتۆریدا دەتوانێ شوێنی کاریگەر دابنێ.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ مافی میللیدا، ئێستا بەرەبەرە و لێرەولەوێ هێندێک قسە لە بارەی سیستەمی فیدراڵ بۆ ئێرانی داهاتوو هاتۆتە گۆڕێ: ئەم بۆچوونە دیارە فرە گەلبوونی ئێران لەبەرچاو دەگرێ و لەسەریەک بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لە سەتحی تەواوی ئێراندا سیستەمی فیدراڵ لە جیاتی خودموختاری پێشنیار دەکا. نەزەری ئێمە لەم بارەوە ئەوەیە کە: ئەم بۆچوونە جارێ لە سەرەتای هاتنەگۆڕێی خۆیدایەوە، هێشتا بە پایە و پلەیەکی ئەوتۆ نەگەیشتووە کە پێویست بکا ئێمە لە ئێستاوە هەڵوێستێکی تەواوی لەسەر بگرین. سەرەڕای ئەمە، دەتوانین ئەوەندە بڵێین کە: ئێمە دیارە ئێران بە وڵاتێکی فرە گەل دەناسین و بۆ هەموو گەلانی ئیران گەیشتن بە مافی میللی خۆیان وەک مافێکی بێ ئەملاوئەولا چاو لێ دەکەین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە ئەگەر تا ئێستا خودموختاریمان بە تەنیا بۆ کوردستان پێشنیار کردووە، لەبەر ئەوە بووە کە نەمانویستوە خۆمان بە وەکیل و نوێنەری هەموو گەلەکانی دیکەی ئێران بناسێنین و لە جیاتی ئەوان بڕیار بدەین. بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا فیکری سیستەمی فیدراڵ لەنێو ڕێکخراوە سیاسییە پێشکەوتووەکانی ئێرانی و لەنێو بیروڕای گەلانی ئێراندا پەرە بگرێ و ببێتە جێگەی قبووڵی گشتی، ئاشکرایە کە حیزبی دێموکرات بە تەواوی پشتیوانیی لێ دەکا. چونکە حیزبی ئێمە ١٢ ساڵ بەر لە ئێستا لە پەیامێکی ڕەسمی بۆ خومەینیدا سیستەمی فیدراڵیی بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران بە سیستەمێکی موناسیبتر داناوە.

ئەو تایبەتمەندییانەی ئیشارەیان پێ کرا: یانی قایمبوونی بناغەی فیکری، خۆشەویستی و نفووز لەنێو خەڵکی کوردستاندا و، سەرەنجام ناسرانی شەخسییەتی تایبەتی و، ڕەوابوونی داخوازەکانی حیزب لە لای هێزە سیاسییەکانی ئێران، هەڵبەت مەیدانێکی گەورە و ڕوانگەیەکی پڕ لە هیوا و هومێد لە پێش ئێمە دادەنێن. بەڵام دیارە کە هەر لەو کاتەدا ئەرک و مەسئوولییەتێکی زۆر گەورەشمان دەخەنە سەر شان.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە، بە پێویستی دەزانین لەم هەلە کەڵک وەربگرین و، ڕێبازی داهاتوومان لە خاڵە ئەساسییەکانی خۆیدا جارێکی دیکە بەڕوونی دیاری بکەین و لەسەری ساغ ببینەوە. ئەم خاڵە ئاساسییانە بریتین لە:

### هەڵوێست سەبارەت بە ڕێژیم

لە پێشدا با ئەوە بڵێین کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران دیارە خۆی بە کۆماری ئیسلامی ناو دەبا، بەڵام هیچ شتێکی ئەو ڕێژیمە وەک سیستەمی کۆماری ناچێ. چوونکە ڕوونە کە سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ لەگەڵ سیستەمی کۆماری، یانی دەسەڵاتدارەتی جەماوەر ناتەبایی هەیە و، خەڵک لە دیاریکردنی ئەو بەناو فەقیهە، ماوەی مانەوەی لە دەسەڵاتدارەتیدا، و لە

بڕیاردانەکەی هیچ نەخشێکیان نییە. ئەم ڕێژیمە لەڕاستیدا نیزامی دەسەڵاتدارەتیی توێژێکی تایبەتی لە کۆمەڵی ئێرانە کە دەتوانین لەسەریەک بە توێژی ئاخوند ناوی بەرین.

هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی لەمەو بەدواش هەر هەمان هەڵوێستی تا ئێستامانە کە بریتییە لە: «تێکۆشان بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە.»

سەبارەت بەم هەڵوێستە، لێرەدا پێویستە ئیشارە بە دوو خاڵ بکەین:

یەکەم ئێمە لە گرتنی ئەو هەڵوێستەدا پتر نێوەرۆکی ڕێژیمان لەبەرچاوە. لەڕاستیدا وجوودی گێرە وکێشە و کێبەرکێی دایمی لەنێوان ئاخوندەکاندا بۆتە هۆی ئەوە کە بەتایبەت لە دەرەوە بڕوا بە بوونی دوو دەستەی «واقیعبین» و «توندرەو» لەنێو ڕێژیمدا پەیدا ببێ و، جۆرە هیوایەک بە سەرکەوتنی دەستەی واقیعبین و گۆڕانی ڕێژیم لە جیهەتی دێموکراتیبووندا پێک بێ. بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەم بۆچوونە بۆ ئەوە نابێ کە دڵی پێ خۆش بکەی. چونکە ئاخوندەکان لە بنەڕەتدا لەسەر چوارچێوە و، لە خاڵە سەرەکییەکانی جەوهەری دژی دێموکراتیی ڕێژیمەکەیان هیچ جۆرە ناکۆکییەکیان نییە و، کێشەکەیان تەنیا لەسەر بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی زیاترە و بەس، هەرچەند ئەم کێشە و ناتەباییە بەهەرحاڵ مەیدانێکی چووک بۆ وردە خۆنواندنێکی بەڕواڵەت ئازایانە پێک دێنێ و ڕێژیم تا ئەندازەیەک بەرەو لاوازبوون دەبا. بە وتەیەکی دیکە، ئێمە پێمان وایە کە هەرچەند ڕێژیم مومکینە لەژێر فشاری واقعییەتەکان و لە هێندێک هەلومەرجدا ناچار بێ بەرەبەرە جۆرە پاشەکشەیەک بکا، دیسانیش نێوەرۆکەکەی کە بەتەواوی پاشکەوتووانە و دژی دێموکراتییە، ئیجازەی پێ نادا تا ئەو کاتەی ماوە داخوازە ئەساسییەکانی ئێمە کە داخوازی دێموکراتی و پێشکەوتووانەن وەدی بێنێ.

دووهەم- مەبەست لە ڕووخان، بەگشتی بریتییە لە لاچوون و نەمان بە هەر شێوەیەک بێ. یانی مەبەست ئەوە نییە کە ئەو ڕێژیمە تەنیا لە ڕێگای شەڕ و خەباتی چەکدارانەوە دەکرێ بڕووخێ و بەس. لەڕاستیدا، هەرچەند ڕەنگە ئەمڕۆ بڕێک دوور لە واقیع بە نەزەر بگا، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵێکی ڕێژیم بۆ مانەوە و خۆڕاگرتن، کەس ناتوانێ بەدڵنیاییەوە ئیددیعا بکا کە لە داهاتووشدا ئیمکانی لێکهەڵوەشان و نەمانی ڕێژیمی ئاخوندی بەهۆی خۆ پێڕانەگیران لە بەرامبەر شەپۆلی بەرهەڵستکاریی گشتی خەڵکی ئێراندا پێکنایە، هەر بەوجۆرە کە ڕێژیمی شا لە ئێراندا ڕووخا، یان، زۆربەی ڕێژیمەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا ڕووخان.

## شێوەی خەبات

هەڵوێستی ڕووخاندنی ڕێژیم دیارە دەسبەجێ مەسەلەی شێوەی خەباتی ئێمەش دێنێتە گۆڕێ:

ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا شێوەی ئەسڵیی خەباتمان بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی شێوەی چەکدارانە بووە. ئاشکرایە کە ئێمە ئەم شێوەیەمان بە دڵخوازی خۆمان هەڵنەبژاردوە. بەپێچەوانە، ئەمە شێوەیەکە کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەسەر ئێمەدا سەپێندراوە. بە وتەیەکی دیکە، ئێمە لە بەرامبەر سەرکوت و کوشتاری دڕندانەی ڕێژیمدا یان دەبوا تەسلیم بین و واز لە داخوازەکانمان بێنین یان ڕابوەستین. ئێمە لە توانای خەڵکی کوردستاندا ورە و هێزی ڕاوەستان لەبەرامبەر ڕێژیمان بەدی کردوە، ئەزموونی ئەم ساڵانەی ڕابردووش نیشانی دا

کە بۆچوونەکەمان لەم بارەیەوە هەڵە نەبووە.
لە هەلومەرجی ئێستاشدا، ئێمە بە سەربەرزییەوە، لە خۆماندا و لە خەڵکی قارەمانی کوردستاندا ئیمکان و توانای درێژەدانی خەباتی چەکدارانە دەبینین. بۆیە ئێمە ئەم شێوەیە بە ورەیەکی بەرزەوە هەر درێژە پێ دەدەین و بە هێزی خەباتگێڕی پێشمەرگەی خۆمان گەلێک شانازی دەکەین. بە وتەیەکی دیکە، ئەگەر هێندێک کەس یان ڕێکخراوە هەن کە یان بەهۆی بێبڕوا بوون بەشێوەی خەباتی چەکدارانە و، یان لەڕاستیدا بۆ تەوجیهی بێتوانایی و بێ ئیمکانی خۆیان ئەم شیوەیە ڕەد دەکەنەوە و تەنانەت تیئۆریشی بۆ دادەتاشن، هیچ دەلیلێک نییە بۆ ئەوەی ئێمەش وازی لێ بێنین و مەیدانی ئەم شێوە خەباتە بەرز، بەڵام دژوارە لە بەرامبەر ڕێژیمی کوشتار و سەرکوتدا چۆڵ بکەین.
دیارە پێداگرتنی ئێمە لەسەر درێژەدانی خەباتی چەکدارانە بە هیچ جۆرە بەو مانایە نییە کە ئێمە شێوەکانی دیکەی خەبات بە کەم دەگرین و بەڕێوەیان نابەین. بەپێچەوانە، ئێمە هەروەک لە ڕابردووشدا بە دایم گوتومانە هیچ شێوەیەک ڕەد ناکەینەوە و، نەزەرمان ئەوەیە کە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم پێویستە لە هەموو شێوەکانی خەبات کەلک وەربگیرێ، چ لەلایەن خۆمانەوە و چ لەلایەن باقیی هێزەکانی دژ بە ڕێژیمی ئاخوندییەوە. مەسەلە تەنیا ئەوەیە کە هەر هێزێک بە پێی قاعیدە، ڕیگایەک دەگرێتە بەر کە توانا و ئیمکانات بۆ پێوانی ئەو ڕێگایە هەیە. جا لەبەر ئەوە کە ئیمکانات جۆراوجۆرن ڕێگاش بەناچار جۆراوجۆر دەبن. تەنانەت لەوانەیە یەک هێزیش لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا ئیمکانی بۆ یەک شێوە خەبات هەبێ، بەڵام بە گۆڕانی هەلومەرجدا یان ئەو ئیمکاناتە لە کەمی بدا، یان هەر نەمێنێ. لە ئاکامدا سروشتییە کە ئەو هێزەش توانا و ئیمکاناتی خۆی لە ڕێڕەوێکی دیکەدا وەگەڕ بخا کە لەگەڵ هەلومەرجی نوێ یەک دەگرێتەوە.

### پێویستیی بەرە

پێکهاتنی بەرە بە مانای وەسەریەککەوتنی ئیمکاناتی جۆراوجۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پێکەوەگرێدانی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم ئەرکێکی ئەساسییە کە بەداخەوە تا ئێستا بە ئەنجام نەگەیشتووە، هەرچەند قسەی زۆری لەسەر کراوە و هەوڵی زۆری لە زۆر لاوە – یەک لەوان ئێمە- بۆ دراوە. پێکنەهاتنی بەرەیەکی دێموکراتی پێشکەوتنخواز گەلێک هۆی هەبوون کە هێندێکیان بە عینوانی کۆسپی سەر ڕێگا ئێستا ئیدی نەماون. چ لەبەر ئەوە کە لە ئەساسدا غەیرە واقیعی بوون و، چ لەبەر ئەوە کە هەلومەرج گۆڕاوە و وەک جاران نەماوە. بەڵام لە بەرامبەردا هەلومەرجی تازە کۆسپی تازەشی لەگەڵ خۆیی هێناوەتە سەر ڕیگای پێکهاتنی بەرە.
باس کردن و شیکردنەوەی هەموو هۆیەکانی پێکنەهاتنی بەرە لەم ڕاپۆرتەدا ناگونجێ. بەڵام لەسەریەک، دەتوانین بە یەک دوو خاڵی سەرەکی لەم پێوەندییەدا ئیشارە بکەین:
لە نەزەر ئێمەوە، بناخەی بەرەیەکی وا کە داخوازە دێموکراتییەکانی ئێمە دابین بکا دەبێ لە هێزەکانی چەپ و دێموکرات «جەمهوری خواە» پێک بێ. بەڵام ئەو دوو هیزە هەتا ئێستا هەر کامەی لەگەڵ کەموکوڕیی تایبەتیت خۆیان بەرەوڕوو بوون:
هێزەکانی چەپ هەمیشە خاوەنی دوو نەخۆشیی گەورە بوون: یەکەم گێرەوکێشەی توند

و بەردەوامی نێوخۆیی کە بۆتە هۆی پەرشوبڵاوی و لەت لەت بوونی پەیتا پەیتایان. دووهەم بەسترانەوە لە چوارچێوی تەنگەبەری ئیدئۆلۆژییەکی ویشک و کتێبیدا، کە بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە واقعییاتی کۆمەڵ و بەتایبەت لە واقعیاتی سیاسی.

کەموکوریی دێموکراتەکانیش ئەوە بوو کە بەکردەوە خاوەنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ئەتۆ نەبوون کە لە دورەی یەکتر کۆیان بکاتەوە. لە نەتیجەدا زۆرتر لە ئەفراد و شەخسییەتی تەنیا یان جەماعەتی مەحفەلیی بچووک پێکهاتوون کە ئەمە نە پێکهێنانی بەرەی لەگەڵیان زۆر دژوارە کردووە بەڵکوو تەنانەت لە بە حیسابهێنانی ئەوان وەک هێزیش شک و گومانی پێکهێناوە.

وادێتە بەرچاو کە ئەم کەموکوڕییانەی ئیشارەیان پێ کرا، ئێستا تا ئەندازەیەک بەرەو چارەسەرکران دەچن: لە لایەک هێزەکانی چەپ بە هۆی ڕووداوەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی تووشی زۆر ئاڵوگۆڕی فیکری و ڕێکخراوەیی بوون، بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەر هێزەکانی چەپی ئێرانیدا هاتووە ڕەنگە کەموێنە بێ. لەڕاستیدا هێزەکانی چەپی ئێرانی پێش پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی بەکردەوە تووشی بنبەست و سەرلێشێواوی هاتبوون و، ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی وەک دەرگایەک بوو کە لەو بنبەستەدا بۆیان کرابێتەوە!

لەلایەکی دیکەش وا وێدەچێ کە دێموکراتی غەیرە چەپ بەرەبەرە خەریکن خاڵە ئەساسییەکانی پێویست بۆ ئەوەی وەک خاڵی هاوبەش ببێتە هەوێنی کۆبوونەوەیان، دیاری دەکەن و، بەم جۆرە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراو یان ڕێکخراوەکانی تایبەتی خۆیان هەنگاو هەڵدێننەوە.

هەمووی ئەمانە، هیوای پێکهاتنی بەرەیەکی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی لە داهاتوویەکی نە هێندە دووردا زیاتر کردووە، کە لەم ڕێگایەدا ئێمەش دیارە وەک هەمیشە هەوڵی خۆمان دەدەین.

بە بڕوای ئێمە، یەکێک لەپێویستییەکانی سازبوونی بەرە، پێکهاتنی فەزایەکی دێموکراتییانە، ساغ و بەدوور لە شەڕ و جنێو لەنێو هێزەکاندایە. بەش بەحاڵی خۆمان ئێمە هەمیشە لەم بارەوە خۆمان بە بەرپرس زانیوە و لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا تا ئەو جێگایەی لە دەستمان هاتووە تێکۆشاوین لە وەڵامی ئەنواعی هێرشی تەبلیغاتی و جنێو و بوختان بۆ سەر خۆمان کە بەداخەوە کەمیش نەبوون! ڕێگای لەسەرەخۆیی و حەوسەلە بگرینە پێش و ئاوەکە لێڵتر نەکەین.

بەخۆشییەوە هەست پێ دەکەین کە ئەم سیاسەتە تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕاستی و دروستیی خۆی دەرخستوە و، دەبینین کە نەک هەر لەپێوەندی لەگەڵ ئێمەدا، بەڵکوو بە گشتی لەنێو هەموو ڕیکخراوەکاندا بەرە بەرە خەریکە جێگەی خۆی دەگرێ.

لەماوەی نێوان کۆنگرەکانی هەشتەم و ئەم کۆنگرەیەدا ئێمە هەودای پێوەندیی خۆمان لەگەڵ ڕێکخراوی فیداییانی خەڵق (اکثریت) کە لەمێژ بوو بە هۆی پشتیوانیی ئەم ڕێکخراوە لە ڕێژیمی ئاخوندی پسابوو، سەر لەنوێ گرێ داوەتەوە. لەگەڵ کۆمەڵەش نەک هەر کۆتاییمان بە شەڕ هێناوە، بەڵکوو بەینی خۆمان و ئەوان وەزعەکەمان تا ڕادەیەکی زۆر ئاسایی کردۆتەوە، تەنانەت لە هێندێک بارەوە لەسەر هێندێک خاڵی هاوبەش خەریکی پێکهێنانی جۆرە هاوکارییەکیشین.

هیوادارین ئەو باس و خواسانەی ئێستا لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە گۆڕێدان، ببنە هۆی ئەوە کە بتوانین لە داهاتوودا لەگەڵ کۆمەڵە (کە خۆی بە شاخەی کوردستانیی ئەو حیزبە ناو دەبا) بناخەی هێندێک هاوکاریی سیاسییش بەتایبەت سەبارەت بە مەسایلی کوردستان دابڕێژن.

یەکێکی دیکە لە پێویستییەکانی پێکهاتنی بەرە بریتییە لە پێکەوە دانیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوان هێزە سیاسییەکان و، گرتنی هەڵوێستی هاوبەش سەبارەت بە هێندێک مەسەلەی سیاسی. لەم مەیدانەشدا دەتوانین بڵێین کە حیزبی ئێمە بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا چالاکییەکی باشی هەبووە و، بە ئەرکی خۆمان دەزانین کە ئەم ڕێوشوێنە نەک هەر درێژە بدەین بەڵکوو تا ئەو جێگایەی دەکرێ پەرەی پێ بدەین.

پێویست بە گوتن ناکا کە ئێمە کاتێک باسی بەرەی دێموکراتی پێشکەوتنخوازانە دەکەین مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو بەرەیە تەنیا لەو هێزانە پێک بێ کە بڕوای تەواویان بە دێموکراسی بە مانای واقیعیی خۆی هەیە و، بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵی ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕوانگە و بەرنامەیەکی وایان هەیە کە لەگەڵ دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ یەک بگرێتەوە. ئەزموونی شۆڕشی گشتیی خەڵکی ئێران بە دژی دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا نیشانی دا کە پێکەوە بوون بە شێوەی» همە با هم» ئەگەر لەسەر بناغەیەکی پتەو و لە چوارچێوەیەکی ڕوون و دیاریکراودا دانەمەزرێ؛ لەوانەیە نەک هەر بە ئامانجەکانی نەگا، بەڵکوو ئاکامەکەی شتێکی زۆر خراپتر لە ئاو بێتەدەر. کەوابوو، ئێمە ناتوانین لەگەڵ ڕێکخراێک هاوکاری و هاوپەیمانی بکەین، یان بچینە نێو بەرەیەک کە پشتیوانی لە خودموختاری کوردستان و بەگشتی لە دابینکردنی داخوازە میللیەکانی گەلانی ئێران نەکا.

هەروەها، بۆ نموونە ئێمە دژی هاوکاری و بەرە پێکهێنان لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان نین و ئەمەش بە چەند دەلیل:

یەکەم سەڵتەنەت لە ئەسڵدا شتێکی غەیرە دێموکراتییە. چونکە ئەگەر دێموکراسی بە مانای ئەوەیە کە بڕیاردەر لە بارەی هەموو مەسایلی ئەساسیی وڵاتدا خەڵکی ئەو وڵاتەن، ڕوونە کە سەڵتەنەت لە بەر ئەوەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئیرادە و بڕیاری خەڵکدا قەرار دەگرێ جەوهەرێکی غەیرە دێموکراتیی هەیە.

دووهەم، پێشینەی مێژوویی ئێران و وەزعی تایبەتی ئەو مەڵبەندەی ئێمە تێیدا دەژین بەهیچ جور جێگا بۆ بڕوای سەڵتەنەت بەبێ حکوومەتکردن ناکاتەوە، هەرچەند تازە ئەمەش خۆی جێگای پرسیارە کە لە سەڵتەنەتێکی حکوومەت نەکا و هیچ کارە بێ، چ فایدەیەکی بۆ وڵات هەیە؟!

لەڕاستیدا ئیددیعای خودی سەڵتەنەتخوازەکانیش کە سەڵتەنەت وەک پارێزەی یەکیەتیی نیشتمانی و تەواوییەتی ئەرزیی ئێران دەناسێن بە مانای ئەوەیە کە دەیانەوێ سەڵتەنەت حکوومەت بکا؛ ئەگینا چلۆن یەکیەتی و تەواوییەتی ئەرزی دەپارێزێ؟

سێیەم ئیددیعای پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی و یەکیەتیی نیشتمانی لەڕاستیدا بەهانەیەکە بۆ سەڵتەنەت و سەڵتەنەتخوازەکان کە خودموختاری و، بەگشتی داخوازە میللییەکانی گەلانی ئێران کە داخوازێکی هەرە دێموکراتییە پێی ڕەد بکەنەوە و هەر هەوڵێک لەم بارەیەوە وەک ڕابردوو سەرکوت بکەن.

چوارەم- بە لەبەرچاوبوونی ئەوانەی ئیشارەیان پێ کرا، خەڵکی ئێران بە گشتی تا ئێستا لانیکەم دووجار کە ئیمکاناتی دەربڕینی نەزەری خۆیان هەبووە، بەڕوونی نیشانیان داوە کە سەڵتەنەت بەتەواوی ڕەد دەکەنەوە. یەک جار لە ساڵی ۳۲ لە زەمانی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور موسەدیق دا و، ئەمجارەی ئاخرەش لە شۆڕشی پڕشکۆی ساڵی ۵۷دا. کەوابوو ئەگەر ئێستا لەجیاتی سەڵتەنەت، حکوومەتێکی دیکتاتۆریی پاشکەوتوو لە ئێراندا لەسەر کارە، ئەمە بە هیچ جۆر بەو مانایە نییە کە خەڵکی ئێران ناچارن سەرلەنوێ پەنا بۆ ڕێژیمی دژی دێموکراتی و پاشکەوتووی سەڵتەنەتی بەرنەوە!

لە مەیدانی تێکۆشان بۆ پێکهێنانی بەرە و هاوکاریی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانیدا پێویستە ئیشارە بە خاڵێکی ئەساسیی دیکەش بکرێ کە بریتییە لەگرینگیی لێک نیزیک بوونەوە و هاوخەباتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ناوچەیی، یانی ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەی بە وێنەی حیزبی ئێمە نوێنەری بیروبڕوا و داخوازەکانی گەلانی ژێر ستەمی میللی وەک ئازەری، بەلووچ، تورکمەن و عەرەب لە ئێراندان. لەم بارەیەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی درێژ و ئەزموونی زۆری خەباتی خۆی بێگومان ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە، کە دەبێ بەڕێوەی بەرێ و، بەگوێرەی توانا ئیمکاناتی پێویستی بۆ تەرخان بکا. ئاشکرایە کە ئەمە بەهیچ جۆر بە مانای پێکهێنانی جەبهەیەک لە بەرامبەر گەلی برای فارسدا نییە. گەلی فارسیش وەک گەلانی دیکە ئێران هەمیشە لەژێر ستەمی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی مەرکەزیدا بووە و ئازادی دێموکراتییەکانی پێشێل کراون.

### هەڵوێست سەبارەت بە مەسەلەی کورد

یەکێک لە مەیدانە گرینگەکانی تێکۆشانی ئێمە بریتییە لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکان و، تێکۆشانی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.

ئەم لایەنە لە ئەرک و تێکۆشانی ئێمە لەوانە لە نەزەر هێندێک کەسەوە لەگەڵ دروشمی ئێمە کە خودموختاری لە چوارچێوی ئێراندایە ناتەبا بنوێنێ. بۆیە قامک دانان لەسەر چەند خاڵێکی ئەساسی لەم پێوەندییەدا بە پێویست دەزانین:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی شۆڕشگێڕی ئازادیخوازە و، بەپێی نێوەڕۆکەکەی دژی هەر جۆرە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و ئیستیعمارێکە، و لایەنگری شێلگیری ئازادی و مافی ئینسانیی گەلانی هەموو جیهانە. کەوایە بۆ حیزبێک کە بۆ نموونە لایەنگری لە مافی ڕەشپێستەکانی ئەفریقای جنووبی یان ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئەمریکای لاتین وەک ئەسڵێک چاو لێ دەکا، شتێکی زۆر سروشتییە ئەگەر سەبارەت بە ئازادی و مافە ئینسانییەکانی برا کوردەکانی خۆی لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەست بە هاودەردی بکا و، خۆی بە بەرپرس و ئەرکدار بزانێ.

لەسەر ئەم ئەساسە، حیزبی ئێمە هەمیشە هەوڵی داوە لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان تا ئەو جێگایەی دەستی پێ ڕا دەگا پێوەندیی دۆستانە دابمەزرێنێ و بەپێی ئیمکان هاوکاریی بکا.

بناغەی ئەو پێوندییە و هاوکارییە دۆستانەیەش لەسەر دوو خاڵی ئەساسی دانراوە کە بریتین لە:

یەکەم، ڕێکخراوەکانی هەر بەشێک لە کوردستان لە جەریانی خەباتی خۆیاندا بۆخۆیان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان ڕێبازی کار و تێکۆشانیان دیاری دەکەن و، لە پێوەندییە سیاسییەکانیشدا تەنیا بۆخۆیان بڕیار دەدەن. بەڵام لەسەر هەمووانە کە کارێک نەکەن زیان بە قازانج و مەسڵەحەتی بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بگەیەنێ.

دووهەم، پێوەندیی دۆستانەی نێوان ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە مانای خۆپاراستن لە دەخاڵەت لە کاروباری یەکتردا و پێویستی ڕێزدانانی تەواو بۆ سەربەخۆیی بڕیاردانی هەر حیزب و ڕێکخراوەیەکە.

بەخۆشییەوە هەست پێ دەکەین کە ئەم خاڵە کە تا ئێستا لەلایەن ئێمەوە بە شێلگیرییەکی تەواو بەڕێوە چووە، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر لەنێو هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا جێگیر دەبێ. ئەمەش دیارە هۆیەکی ئەساسی بووە بۆ ئەوەی بتوانین بەخۆشییەوە ڕابگەیەنین کە ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان ئەمڕۆ ئیدی لەگەڵ هیچ هێزێکی سیاسیی کوردستانی شەڕ و نێوان ناخۆشیمان نییە و، زۆر بە هیواین کە لە داهاتوودا پێوەندی دۆستی و هاوکاری لەگەڵ ئەو هێزانە پلە بە پلە بەرزتر بکەین.

بەشێکی دیکە، تێکۆشان بۆ مەسەلەی کورد لە ڕادەی جیهانی و نێونەتەوەیی‌دایە. لەم مەیدانەشدا ئێمە دوو خاڵی ئەسڵیمان وەک ڕێنوێن لەبەر چاوە:

یەکەم، تێکۆشانی هێزە سیاسی و خەباتگێڕەکانی کوردستان لەسەر خاکی کوردستان لایەنێک و هەوڵدان لە ڕادەی جیهانیدا لایەنێکی دیکەی خەبات لەپێناوی ئازادی و مافەکانی گەلی کورددان. ئەم دوو لایەنە هەرکامەی خاوەنی جێگەی تایبەتیی خۆیانن و بەهیچ شێوەیەک نابێ وا بیر بکرێتەوە کە یەکێکیان دەتوانێ جێگای ئەوی دیکە بگرێتەوە. بە وتەیەکی دیکە خەبات لە نێوخۆی کوردستان و خەبات لە ڕادەی نێو نەتەوەییدا وەک دوو پایەی یەک پەیکەرە وان کە نەبوونی هەر کامیان لەنگی لە ڕاوەستانی ئەو پەیکەرەدا پێک دێنێ و، لە نەتیجەدا پێویستە  کە ئەو دوو پایە پێکەوە هاوتا و هاولەنگەر بن.

دووهەم، ئامانجی هەر تێکۆشانێکی نێونەتەوەیی بۆ مەسەلەی کورد دابینکردنی مافی چارەنووسە بۆ کورد. ئەمە بەو مانایە کە کوردی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان ئازاد بن و بتوانن لەبارەی چارەنووسی خۆیاندا بەو شێوەیە کە پێیان خۆشە بڕیار بدەن، نەک ئەوە کە لە دەرەوە تەکلیفیان بۆ دیاری بکرێ و مەیل و مەسڵەحەتی بەشێک بە سەر بەشەکانی دیکەدا بسەپێندرێ.

بەم بیروبۆچوونە، ئێمە تێکۆشانی هاوبەش بە مەبەستی ناساندنی مەسەلەی کورد و، ڕاکێشانی سەرنجی بیرورای گشتیی جیهان بۆ ئەو مەسەلەیە بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانین و هەمیشە هەوڵمان داوە و دەیدەین کە بەگوێری ئیمکاناتی خۆمان بەرپرسانە ئەم ئەرکە بەڕێوە بەرین.

لەم پێوەندییەدا، پێوستە ئیشارە بەم ڕاستییە بکرێ کە تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو هەرچەند بۆ حیزبی ئێمە کارەساتێکی دڵتەزێن بوو، بەڵام هەر لەو کاتەدا بوو بە هۆی ئەوە کە ناوی کورد لە ڕادەی نێونەتەوەییدا دەنگێکی گەورە بداتەوە و مەسەلەی کورد بۆ بیرورای گشتیی جیهان زۆرتر بناسرێ. بە دوای ئەویشدا ڕووداوەکانی عێراق لە ساڵی میلادیی

ڕابردوودا بەگشتی و، ڕاپەڕینی گشتی لە کوردستانی ئەو وڵاتە بەتایبەت، شتێک بوون کە مەسەلەی کوردیان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەدنیادا گەورە کردووە و، هێنایانە ڕیزی مەسەلە هەرە گرینگەکانی نێونەتەوەیی. بەجۆرێک کە ئەمڕۆ ئیدی مەسەلەی کورد لە دنیادا زۆرزۆر باشتر لە پێشوو ناسراوە. ئێستا، بیروڕای گشتیی جیهان لە ڕێگەی ڕاگەیەنەرە گشتییەکانەوە گەلێک پتر و بەربڵاوتر کورد دەناسێ و، باوەڕی بە ڕەوابوونی داخوازەکانی و پێویستیی یارمەتیدانی پەیدا کردووە. ئەمەش ڕوونە کە ئەگەر مەسەلەی فەلەستین بەو ڕەوتە کە ئێستا پەیدای کردووە و، بەو هیوایە کە بۆ چارەسەرکرانی پێکهاتووە، حەل بکرێ، مەسەلەی کورد لە سەرەوەی هەموو گیروگرفتەکانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست قەرار دەگرێ. ئەم ڕاستییانە بێگومان بۆ بزووتنەوەی ئێمە لەمەوبەدوا پاڵپشتی گرینگ و بەهێز دەژمێردرێن و، هەر بۆیە پێویستە لە بەرنامەی کاری ئێمەدا سەرنجی تایبەتییان پێ بدرێ و ئیمکان و توانای پێویستیان بۆ تەرخان بکرێ.

## سەرەنجام

هاوڕێیانی بەڕێز!

ئامانجی ئێمە گەیشتن بە دێموکراسی و، ژیانی ئازاد لە ئێرانێکی دێموکراتیدایە. زۆر جێگای خۆشییە کە دەبینین ئەمڕۆ لە ئێراندا ئەم ئامانجە بۆتە ئامانجێکی گشتی و، ڕەوابوونەکەی چی دیکە لەژێر پەردەی جۆراوجۆری وەک گرینگتربوونی خەباتی دژی ئیمپریالیستی، یان خەباتی چینایەتی و شتی وا ناشاردرێتەوە و ئینکار ناکرێ. بەڵام ئێمە لەنێو هێزە سیاسییەکانی ئێراندا دەتوانین بڵێین کە لە پێشەنگە شێلگیرەکانی بەرزکردنی ئاڵای دێموکراسی بووین و، لەمێژ ساڵە سەرەڕای گەلێک بەرهەڵستکاری و کەندوکۆسپ، لێبڕاوانە لە ڕێگای دێموکراسی ا خەباتمان کردووە، لەبەرچاوگرتنی مەسەلەیەکی گرینگ لەم پێوەندییەدا چ بۆ خۆمان و چ بۆ هێزە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی دیکەی ئێران بە پێویست دەزانین:

دێموکراسی دیارە شتێکی بەنرخ و نیعمەتێکی زۆر گەورەیە. بەڵام هیچ شتێکی بەنرخ هەرزان دەست ناکەوێ و هاسان ڕاناگیرێ. ئێمە دەبێ بزانین کە: چۆن دەتوانین بەو دێموکراسییە بگەین؟ چۆن دەتوانین ئەگەر پێی گەیشتین ڕای بگرین و بیپارێزین و سەرەنجام ئەو دێموکراسییە کە پێی گەیشتووین و دەیپارێزین چ نێوەرۆکێکی هەیە؟

ئێمە لە پێش هەموو شتێکدا نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو ون بێ کە دێموکراسی لە ئێراندا، لەم هەلومەرجە تایبەتییەدا کە هەستی پێ دەکەین و دەیبینین و بە بوونی ئەو ڕێژیمە تایبەتییەوە کە ئێستا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، تەنیا بە قسە و دروشم و بە پاڕانەوە وەدەست ناکەوێ. بۆ گەیشتن بە دێموکراسی خەباتی شێلگیر و دژوار پێویستە، سازماندەری و تەشکیلات، یانی بەرنامە لەگەڵ یەکگرتوویی و ڕێکوپێکی پێویستە، تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات و پێوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ خەڵکی وڵاتدا پێویستە. هەر بۆیەیە کە حیزبی ئێمە ویڕای هەوڵدان بۆ ڕێکوپێکی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی خۆی، دایم لەسەر مانەوەی ڕێبەرایەتی و خەباتکردن لەنێو خۆیی وڵاتدا پێی داگرتوە. لە کاتێکیشدا کە ئەمەی دژوار هەست پێ کردوە، لەجیاتی ئەوەی بەتەواوی دوور کەوێتەوە، لە جێگای زۆر نیزیک یانی لە پەنای وڵات جێگیر بووە.

لە پاشان دەبێ بزانین کە ئەگەر ڕۆژێک لە ئێراندا بە دێموکراسی بگەین، ڕاگرتنی ئەو دێموکراسییە پێویستیی بو زۆر نیهادی دێموکراتی وەک ئەنواعی حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵی سیاسی، سینفی، فەرهەنگی و... هتد هەیە کە بتوانن لە بەرامبەر هەر هەوڵێک بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا ڕابوستن. لەم پێوەندییەدا بەرگیری لە «تمرکز» یانی بەرگیری لە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە یەک جێگادا یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی دەستەبەرکردنی دێموکراسییە و، هەموو دێموکراسیخوازانی ڕاستەقینەی ئێرانی پێویستە بە «فیدرالیزم» یان «خود موختاری» لەم ڕوانگەشەوە چاو لێ بکەن.

سەرەنجام، دێموکراسی دەبێ نێوەڕۆکی واقیعیی هەبێ. لەڕاستیدا دێموکراسی وەک هەوایەکی ئازاد وایە کە بۆ بەرگیری لە خنکانی ئەفراد پێویستە. بەڵام ئینسان تەنیا بە هەوا ناژی و نانیشی دەوێ. بۆیە ئەو دێموکراسییەی دەمانەوێ لە ئێراندا پێی بگەین دەبێ غەیری ئازادی، بەرابەری و یەکسانی، یان بە وتەیەکی دیکە عەداڵەتی کۆمەڵایەتییش تا ئەو جێگایەی دەکرێ دابین بکا. لەسەر ئەم ئەساسە، هەوڵ دەدەین لە بەرنامەی هەر بەرە، یان یەکگرتنێکدا بۆ گەیشتن بە دێموکراسی لە ئێراندا پێک دێ و ئێمە تێیدا بەشدار دەبین ئەو ئامانجەی لە بەرنامەی حیزبەکەماندا بە «بیروباوەڕی ڕەسەنی سۆسیالیستی» ناوبراون و پێمان وایە دابینکەری عەداڵەتی کۆمەڵیەتیین، بگونجێن. جا هەر ناوێکیان لەسەر دادەنێن.

**هاوڕێیانی خەباتگێڕ!**

ئێمە ئیمکان و زەمینەی ئەوەمان هەیە لە تەواوی ئەو خاڵانەدا کە ئیشارەیان پێ کرا کار بکەین و کاریگەر بین. گومانی تێدا نییە کە لە ئێرانیشدا ئاواتی دێموکراسی سەرەنجام وەدی دێ. خەڵکی کوردستان تا ئێستا نرخێکی زۆریان لەپێناوی ئازادی و دێموکرسیدا داوە و، شانازییەکی گەورەیە بۆ ئێمە کە لە مەوبەدواش هەروەک ڕابردوو، ڕێبوارێکی وەفادار و کۆڵنەدەری ئەم ڕێگایە بین.

هیوادارین لاوانی کوردستان، ئەوانە کە بڕوایان بە دێموکراسی و مافە ئینسانییەکانی گەلی کورد هەیە و، بێجگە لەوەش، ئامادەیی و ورەی خەباتکردن لە خۆیاندا دەبینین، ڕۆژبەڕۆژ پتر ڕوو لە حیزبی ئێمە بکەن و توانایی و زانایی و لێوەشاویی خۆیان لە خزمەتی گەلە زوڵم لێکراو و هەقخوازەکەیان و، نیشتمانە ژێر دەست و پێشێلکراوەکەیاندا وەکار بخەن.

سەرکەوێ کۆنگرەی نۆهەم- کۆنگرەی قاسملوو!

شانازی بۆ حیزبی دێموکرات، ڕێبەر و ڕێکخەری خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستانی ئێران!

بۆ پێشەوە بەرەو پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیی پێشکەوتنخواز لە بەرابەر ڕێژیم دیکتاتۆر و کۆنەپەرستی ئاخوندیدا!

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی قارەمانی کورد لەپێناوی مافە ئینسانییەکانی خۆیدا!

***

## بڕیارنامەی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆنگـرەی نۆیەمـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، کۆنگـرەی قاسـملوو کـە لەنێـوان ڕۆژەکانی ٣٠ی سـەرماوەز تـا ٥ی بەفرانبـار ١٣٧٠ی هەتاویـدا پێـک هـات، بەتێکرای دەنگ ئـەم بڕیارنامـەی پەسـند کـرد:

### هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن

کۆنگرە پێ لەسـەر ئـەوە دادەگرێ کە پێوەندی و هـاوکاری و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ حیـزب و ڕێکخـراوە دێموکراتییەکانـی ئێـران پتەوتـر بکـرێ و هەوڵـی پێویسـت بـۆ پێکهاتنـی بەرەیەکـی دێموکراتیی پێشکەوتنخواز بدرێ.
لـەو پێوەندییـەدا کۆنگرە داوا دەکا جێگایەکی تایبەتی بۆ هـاوکاری لەگـەڵ حیـزب و ڕێکخـراو و شـەخسییەتە سیاسـییەکانی سـەر بـە گەلانـی زۆرلێکراوی ئێران دابنـرێ.

### تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

پێوەندیـی لەگـەڵ حیـزب و ڕێکخـراو و شـەخسـییەت و کۆڕوکۆمەڵـە سیاسـییەکانی دەرەوەی وڵات یەکێـک لـە ئەرکەکانـی هـەر حیزبێکـی سیاسـی بـە جیددی و بەرپرسـە. هـەر بۆیـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران پێویسـتە هـەوڵ و تەقـەلای خـۆی لـەو مەیدانـەدا پـەرە پـێ دەدا و ئیمکاناتـی زیاتـر بـۆ تێکۆشـان لـە دەرەوەی وڵات وەکار بخـا.
لـەو پێوەندییـەدا ڕاکێشـانی سـەرنج و پشـتیوانیی بیـروڕای گشـتیی جیهانـی و کۆڕوکۆمەڵـە نێونەتەوەییـەکان بـۆ لای مەسـەلەی کـورد جێگایەکـی تایبەتـی هەیـە. کۆنگـرە لـە ڕێبەرایەتیی تـازەی حیزب داوا دەکا لـەو بوارەدا زیاتر تێ بکۆشـێ و لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی نێو بزووتنـەوەی کـورد بـۆ ئـەو مەبەسـتە هاوکاریـی پێویسـت بـکا.

### سیاسەتی تازەی تورکیە

کۆنگـرەی نۆیەمـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان خۆشـحاڵە کـە پـاش نیزیـک بـە حەفتـا سـاڵ حاشـا کـردن لـە بوونـی کـورد لـە تورکیـە، ئێسـتا کاربەدەسـتانی ئـەو وڵاتـە لـە ئاکامـی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانـدا دان بە بوونی لانیکەم ١٢ میلیۆن کورد لە تورکیە دادەنێن و لە ڕادەی مافـە فەرهەنگییەکانـی بـرا کوردەکانـی ئـەو وڵاتـەدا هێندێـک هەنـگاو هـەڵ دێننـەوە.
کۆنگـرە وێـڕای پێشـوازی لـەو گۆڕانـە گرینگـە لـە سیاسـەتی دەوڵەتـی تورکیـەدا هیـوادارە ئـەو ڕەوتـە هەتـا سـەر بـەردەوام بـێ و گەلـی کـورد لـە کوردسـتانی تورکیـە بـە مافـە نەتەوایەتییـە ڕەواکانـی خـۆی بـگا.
هـەر لـەو پێوندییـەدا کۆنگـرە هیـوادارە ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی نێـو بزووتنـەوەی کـورد لـە تورکیـە لـەو هەلـە لەبـارە کەلـک وەربگـرن و بـۆ وەدەسـتهێنانی مافەکانـی گەلـی کـورد لـەو وڵاتـەدا چالاکانـە و ژیرانـە تـێ بکۆشـن.

### سیاسەتی سەوداگەرانەی ئوتریش

دووساڵ و نیوە پاش تیرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری حیزبەکەمان دوکتور عبدالرحمان قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادریئازەر، نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندی، هێشتا دەوڵەتی ئوتریش ڕێگای نەداوە عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە سامناکە بەو جۆرە کە پێویستە بە دنیا بناسێندرێن.

کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی قاسملوو لە کاتێکدا سیاسەتی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش لەو پێوەندییەدا مەحکووم دەکا، لە هەموو کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان داواکارە فشاری زیاتر بخەنە سەر ئەو دەوڵەتە بۆ ئەوەی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بێپەردە و بە ڕاشکاوی بە دنیا بناسێنێ و عامیلانی ئەسلیی ئەو جینایەتە کە بێجگە لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی کەسێک نین، لەقاو بدا.

### کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر لەوەپێش لە ڕیکخراو و کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکانی داوا کردووە کە هەرکات کۆنفڕانسێک بۆ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێک هات مەسەلەی کوردیش لە دەستووری کاری خۆیدا دابنێ.

ئێستا کە کۆنفڕانسی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل تەرخان کراوە، کۆنگرە بە جیددی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکا کۆنفڕانسێک بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد پێک بێنێ.

ئاشکرایە کە لە کۆنفڕانسێکی وادا پێویستە جگە لە نوێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، نوێنەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا و هەروەها نوێنەرانی هەموو ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان لەنێواندا دابەش کراوە، بەشداربن.

### دێموکراتی کردن

ڕەوتی دێموکراتی کردنی کۆمەڵ کە تا ئێستا بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دنیای گرتۆتەوە بەتایبەتی وڵاتی گەورەی شووڕەویی پێشوو و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتی تووشی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ کردووە، یەکێک لە دیاردە گرینگەکانی ئەمڕۆی دنیایە.

کۆنگرە وێڕای پشتیوانی لەو ڕەوتە دنیاگرە، هیوادارە بزووتنەوەی دێموکراتی کردن ڕۆژبەڕۆژ لە دنیا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەرە بگرێ و سەرەنجام کۆمەڵگەی جیهانی لە دەستی زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری و ملهۆڕی ڕزگار بکا.

### مافی مرۆڤ

سەرەڕای پەسندکرانی بەیاننامەیەکی جیهانی بۆ دیفاع لە مافی مرۆڤ کە زۆربەی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئیمزا کردووە، تا ئێستاش مافەکانی مرۆڤ لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهاندا بەتوندی پێشێل دەکرێن. دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان خۆیان لە پشت سەنگەری «دەست تێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان» حەشار داوە و بێپەروا مافی ئینسانیی هاونیشتمانەکانیان دەخەنە ژێر پێ.

کۆنگرە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو سیاسەتە دژی ئینسانییە داوا دەکا کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و پێش هەموویان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکاندا وەدەنگ بێن و بە دەخاڵەتی نێونەتەوەیی پێشی سەرەڕۆیی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بگرن.

### مەسەلەی نەتەوایەتی لە جیهاندا

کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆشحاڵە کە دەبینێ مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕادەی جیهانی و بەتایبەتی لە وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوودا گەورە بۆتەوە و گرینگی و بایەخی خۆی نیشان داوە. ئەوە کە نەتەوەکانی جیهان هەرجارەی لە جێگایەک بە سەربەخۆیی دەگەن، یان پاش لەت لەت بوونێک کە ئاکامی دەستتێوەردانی دەسەڵاتە بێگانەکانە سەرلەنوێ یەک دەگرنەوە، نیشانەی ئەو واقعییەتەیە.
کۆنگرە وێڕای پشتیوانی لەو ڕەوتە جیهانییە هیوادارە کە گەشەکردن و پەرەئەستاندنی، لە دوارۆژێکی نیزیکدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا گەلانی زۆرلێکراوی ئەم ناوچەیە بە ماف و ئازادییەکانی خۆیان بگەیەنێ.

### مەسەلەی فەلەستین

کێشەی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل کە ماوەی نیزیک بە نیو سەدەیە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، تا ئێستا بۆتە هۆی هەڵگیرسانی چوار شەڕی گەورە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و زۆر جار مەترسیی بۆ ئاشتیی جیهانییش پێک هێناوە.
جێگای خۆشحاڵییە کە سەرەنجام دوو لایەنی ئەو کێشەیە بەوە ڕازی بوون بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانیان پێکەوە لەسەر مێزی وتووێژی ئاشتیخوازانە دابنیشن. کۆنگرە لەکاتێکدا پێشوازی لە چارەسەری ئاشتیخوازانەی ئەو مەسەلەیە دەکا، هیوادارە وتووێژەکانی ئاشتی بگەنە چارەسەری یەکجاریی ناکۆکییەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و دابینبوونی مافە ڕەواکانی گەلی زۆرلێکراوی فەلەستین.
لەو پێوەندییەدا کۆنگرە هەڵوێستی سەرسەختانەی ئیسرائیل کە بەئاشکرا بڕیارنامەکانی ٢٤٢ و ٣٣٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەخاتە ژێر پێ، بە کۆسپی سەر ڕێگای دابینبوونی ئاشتی دەزانێ.

### چەکەکانی کوشتاری بەکۆمەڵ

کۆنگرەی نۆیەم پشتیوانی لەو هەنگاوانە دەکا بۆ کەمکردنەوەی چەکە نێونجییە ئەتۆمییەکان هاوێژراون و ڕێککەوتننامەکانی نێوان ئەمریکا و شووڕەویی پێشوو لەوبارەیەوە بە دیاردەیەکی لەبار و بەکەلک دادەنێ.
هەر لەو پێوەندییەدا کۆنگرە لە کۆمەڵگەی جیهانی داوا دەکا هەوڵ و تەقەلای خۆی بۆ لەنێوبردنی هەموو جۆرە چەکێکی کوشتاری بەکۆمەڵ پەرە پێ بدا و لەو ڕێگایەوە مەترسیی کارەساتێکی ئینسانی لەسەر مرۆڤایەتی کەم بکاتەوە.

**لەسەر ئاپارتاید**

سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزایەتی (ئاپارتاید) کە بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە هێندێک وڵاتی ئەفریقاییدا بەڕێوە دەچوو بۆ کۆمەڵگەی جیهانی پەڵەیەکی شەرموشوورەیی بوو.

جێگایی خۆشحاڵییە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بناخەی ئەو سیاسەتە دژی ئینسانییە بەتەواوی لەق بووە و پاش ئازادبوونی زیمباوێ و نامیبیا لە ئەفریقای خوارووش ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر سیاسەتی حکوومەتی سپیپێستانی ئەو وڵاتەدا هاتووە و ڕێگا بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاریی بە حکوومەتی «ئاپارتاید»، خۆش بووە.

کۆنگرە ئاواتەخوازە ئەو ڕەوتە هەتا سەر درێژەی هەبێ و لە پاشەڕۆژێکی نیزیکدا پەڵەی شەرمی جیاوازی ڕەگەزایەتی لە داوێنی مرۆڤایەتی پاک بێتەوە.

**نەزمی نوێی جیهانی**

ڕەوتی دێموکراتی کردن لە جیهاندا و کۆتاییهاتنی دەورانی شەڕی سارد و سەرەنجام ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی تا ڕادەیەکی زۆر مرۆڤایەتییان لە مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕێکیماڵوێرانکەری ئەتۆمی و بەگشتی شەڕ و پێکهەڵپڕژانی گەورەی نێوان دەوڵەتان ڕزگار کردووە.

کۆنگرەی نۆیەم لەکاتێکدا خۆشحاڵیی خۆی لەو دیاردەیە دەردەبڕێ، هیوادارە لە نەزمی نوێی جیهانیدا هەموو گەلانی جیهان و ماف و ئازادییەکانی خۆیان وەدەست بێنن و پێوەندیی نێوان دەوڵەتان بە جۆرێک ڕێک بخرێ کە جارێکی دیکە کێشە و ناکۆکییە ناوچەیی و جیهانییەکان نەگەنە ڕادەی تەقینەوەیەک کە مرۆڤایەتی لەگەڵ مەترسیی مەرگی بەکۆمەڵ و ماڵوێرانی و لەنێوچوون بەرەوڕوو بکا.

***

## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆیەم

### بەشی یەکەم: بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**سەرەتا**

١- لەمێژە گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا. سەرانسەری چەرخی نۆزدەهەم شاهیدی ڕابردووی خوێناویی نەتەوەکەمانە. لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەبووە. لە سەردەمی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرستی و فاشیزمدا، پێویستییەکی مێژوویی بۆ دامەزرانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ، هەست پێ دەکرا. هەر لەبەر ئەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارە کە پاش بیست ساڵ دیکتاتۆریی ڕەزاخان پێک هاتبوو کەلکی وەرگرت و لە ٢٥ـی گەلاوێژی ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

بەو جۆرە، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی پێویستییەکی مێژوویی و، نیشانەی وریایی و ژیریی ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد بوو. لەو دەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی دژی زۆرداری و شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ دەژمێردرێ و، سەرەتای قۆناغێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی خۆیدا توانی حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەشێکی کوردستاندا بهێنێتە سەر کار. ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و، لە دوای پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە دیکتاتۆریی نیزامی باڵی بەسەر هەموو کوردستانی ئێراندا کێشایەوە. بەڵام گەلی کورد لە خەبات سارد نەبۆوە و، بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی هەروا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ٤٦ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێو و، پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە کە حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە دەرسی وەرگرتوە. ئەم بەرنامەیە لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا، بە لە بەرچاو گرتنی ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی لە جیهاندا و، بە وردبوونەوە لە قۆناغی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران داندراوە.

٢- سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕزگار بوونی گەلانی زۆرلێکراو لەژێر دەسەڵاتی ئێستیعمار و ئیمپریالیزم، سەردەمی سەرکەوتنی دێموکراسی و سەردەمی گەشەکردنی هێزە دێموکرات و ڕزگاریخوازەکان لە جیهاندایە. لە ماوەی ٤٦ ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانییدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی ئەوتۆ لە جیهاندا ڕووی داوە کە سیمای سیاسیی جیهانی گۆڕیوە. سیستمی ئیستێعماری کۆن لە بەریەک هەڵوەشاوە و، دەیان نەتەوە گەورە و بچووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندووە.

لە زۆر وڵاتاندا ئەم ڕەوتە سیاسییە، ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتییشی لەگەڵ بووە. بۆ نموونی چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لە بەر یەک هەڵوەشاوە و ڕێگا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ خۆش بووە. بەچەشنێکی گشتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەوپێش بەرن، ئازادیی کردەوەیان پتر بووە و دەرەتانیان بۆ پێک هاتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دروست بکەن.

وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە سایەی دەسکەوتەکانی زانست و تیکنیک و مودیرییەتەوە کە ئیمکانێکی بێوێنەیان بۆ پێشکەوتنی ئابووری پێک هێناوە، توانیویانە هەڵدانی ئابووریی خۆیان خێراتر بکەن. بەڵام لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتووانیان بەرنە سەر، بە سەدان میلیۆن کەس لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکەن و، تەنانەت لە هێندێ وڵاتدا زۆر کەس لە برسان دەمرن! ئەمە یەکێک لە گەورەترین ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتییە.

وڵاتە سەنعەتییە پێشکەوتووەکان، ئێستاش لە توانای ئابووری و سیاسیی خۆیان بۆ

پاراستنی پێوەندیی نابەرابەری نێونەتەوەیی کەلک وەردەگرن. ئێستاش نەتەوە زۆر لێکراوەکانی پێشوو بە تایبەتی نەتەوە بچووکەکان تەئسیرێکی کەمیان لە دانانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەیە و، تەنانەت زۆر جار دەبیندرێ کە مافە ڕەواکانیان لە لایەن دەسەڵاتە گەورەکانەوە پێشێل دەکرێن. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش پێوەندیی ئیستێعماری پێشوو لە بناغەدا هەڵوەشاوە و، هێزێکی گەورەی دژیئیمپریالیستی لەوانە کە خاوەنی بیروبڕوای ڕەسەنی سۆسیالیستی و دێموکراتین، لەو وڵاتانەی سەربەخۆییان وەدەست هێناوە و، لەو گەلانە کە بۆ ڕزگاریی خۆیان خەبات دەکەن پێک هاتوە کە بە پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆتە عامیلێکی کاریگەر لە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا. وەزعێک پێک هاتووە کە نەتەوە بچووکەکانیش پشت ئەستوور بە هێزی خۆیان و بە کەلکوەرگرتن لە هاودەردیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو بتوانن مافە ڕەواکانی خۆیان وەدەست بێنن و بیانپارێزن.

٣- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێکدانەوە نێونەتەوەییەکان و، بە تایبەتی لە ستراتێژیی دەوڵەتە گەورەکاندا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لە بارەی جوغرافیاییەوە ئەم ناوچەیە کەوتۆتە سێڕێیانەی سێ قارەی ئاسیا و ئەفریقا و ئورووپا. لە باری ئابووری و سەرچاوە ژێرزەمینییەکانەوە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە و زیاتر لە نیوەی تەواوی پاشەکەوتی نەوتی دنیا لەو ناوچەیەدا هەڵ کەوتووە.

بێجگە لەوانەش، هاوسنووریی ئەم ناوچەیە لەگەڵ یەکیەتیی شورەویی پێشوو، و هەروەها دروست بوونی هێندێ دەوڵەتی سەربەخۆ و، بوونی چەند بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی وەک بزووتنەوەی کورد و فەلەستین و ... لەو مەڵبەندەدا کە دژکردەوەیەکی سروشتی بۆ تەقسیمی ئیستێعماری ناوچەکە و سیاسەتەکانی ئیستێعمار و ئیمپریالیزم لەو مەڵبەندەدان، بایەخ و گرینگیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان لە حیساب و لێکدانەوەی هێزەکانی نێونەتەوەییدا زیاتر کردووە.

تەواوی ئەم ڕاستییانە بۆتە هۆی ئەوە کە دەسەڵاتە مەزنەکان هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەم ناوچەیە بە وردی بخەنە ژێر چاودێری و، بەرامبەر بە هەرچەشنە ڕووداوێکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست بن و دژکردەوە نیشان بدەن.

٤- ئێران لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانییدا لە بارەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. لە ڕاستییدا ئێران نەیدەتوانی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کە بەسەر جیهاندا هاتووە دوور ڕابگرێ. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئێراندا ڕووی داوە، بە هیچ جۆر وڵامدەری ئیمکاناتی ئابووری و سروشتیی وڵاتی ئێمە نییە. ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو دەژمێردرێ! ئێستاش زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە هەژاری و ڕۆژە ڕەشییدا دەژین! ئێستاش بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئێران بە تایبەتی لە لادێ نەخوێندەوارن و لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی بێبەشن.

تەرکیبی کۆمەڵایەتی لە لادێ تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە. دەرەبەگ و خاوەن مڵکە گەورەکان وەک چینێک لە نێو چوون و، جێگای خۆیان داوە بە بۆرژوازیی لادێ کە لە وردە مالیکەکان و جووتیارە دەوڵەمەندەکان پێک هاتوە. مەبەستی ڕێژیمی حەمەڕەزا شا لە پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە بەرینتر کردنی بازاڕی سەرمایەداری لە سەرانسەری وڵات و پێکهێنانی بۆرژوازی لە دێ بوو، کە لە لایەک ببێتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و لە لایەکی دیکەش ڕێگای

پەرەپێدانی سەرمایەداری خۆش بکا. لە سەنعەتیشدا، ڕێژیمی شا بەشی تایبەتی بە زیانی بەشی گشتی بەهێز دەکرد و بۆ هێنان و وەکار خستنی سەرمایەکانی بێگانە دەرەتانی لەباری پێک دێنا، کە دیارە لێرەشدا مەبەست هەر پەرەپێدانی سەرمایەداری بوو. بەم جۆرە، ئێران وەک وڵاتێکی دواکەوتوو بە گشتی ڕێگای هەڵدانی سەرمایەداری بێ‌هەوساری گرتبوە پێش، ڕێگایەک کە تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتی دواکەوتوو چەوت بوونەکەی دەرخستوە و، نیشانی داوە کە بە زیانی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکە.

ڕێژیمی پاشایەتی لە سیاسەتی دەرەوەدا بە چەشنێکی گشتی پەیڕەویی لە وڵاتانی سەرمایەداری بە تایبەتی ئەمریکا دەکرد. بێجگە لە ئەندامەتیی پەیمانی سەنتۆ کە دەستەبەندییەکی نیزامیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی دژی‌گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە، ئێران پەیمانێکی دوو قۆڵی نیزامی و زۆر پەیمانی دیکەشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستبوو و لەو ڕێگایەوە هەزاران ڕاوێژکەری ئەمریکایی بەسەر ئەرتەش و پۆلیس و ژاندارمرییدا زاڵ کردبوو.

لە ڕێژیمی شادا دیکتاتۆری گەیشتبووە ئەوپەڕی، شوێنەوارێک لە ئازادی و دێموکراسی نەمابوو؛ حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتووەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە دێموکراتییە سینفییەکان هەموو قەدەغە کرابوون؛ ئازادیی بەیان و بڵاوکردنەوە خرابووە ژێر پێ؛ نوێنەرانی مەجلیسی شورا و سەنا لە لایەن شا و دەستوپێوەندییەکانیەوە دیاری دەکران؛ دەسەڵاتی قانووندانان و دادخوازی و ئیجرایی هەموو بەدەست شاوە بوو: ئەرتەش و پۆلیس بەسەر گیان و ماڵی خەڵکدا زاڵ کرابوون و ئێران کرابوو بە زیندانێکی گەورە بۆ هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز.

بەم جۆرە ناتەباییەکی بنەڕەتی لە نێوان دەسەڵاتی سیاسیی ئێران و ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە نێوان شا و دەربار و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لە لایەک و گەلانی ئێران لە لایەکی دیکەوە پێک هاتبوو کە تەنیا ڕێگای چارەسەر کردنی، شۆڕشێکی قووڵی گەلی بوو.

٥- کوردستانی ئێران لە بارەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوویە لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوودا. ئەگەرچی کوردستان لە باری سروشتی و سامانی ژێرزەمینییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە! ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. وەزعی ئابووری و لەشساغی و فەرهەنگیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران کەم گۆڕاوە، پایەی ژیان زۆر نزمە و زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و بێ‌بەشیدا دەژین. دێیەکانی کوردستان زۆر کەم دەستیان بە یارمەتییە پزشکی و دەرمانییەکان ڕادەگا.

کوردستان لە زەمانی شادا ناوچەی هەرە میلیتاریزەکراوی ئێران بوو. قانوون لە کوردستاندا هیچ مانایەکی نەبوو. ئەرتەش و ژاندارمری و ساواک هەموو دەسەڵاتێکیان بەدەستەوە بوو.

ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کوردستانی ئێراندا دەهاتە بەرچاو. بەرپرسانی ئەسڵیی دەوڵەتی لە کوردستان هەموویان لە مەرکەزەوە دیاری دەکران و گەلی کورد هیچ شوێنێکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا نەبوو. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سروشتی، هیچ پرۆژەیەکی گرینگی ئابووری و سەنعەتی لە کوردستاندا جێبەجێ نەدەکرا. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی

سـەربەخۆی سیاسـی و سـینفی ئیمکانـی تێکۆشـانی ئـازادی نەبـوو. فەرهەنگـی نەتەوایەتیـی کورد دەرەتانی پێشکەوتنی پـێ نـەدەدرا، بڵاوبوونـەوەی چاپەمەنـی بـە زمانـی کوردی قەدەغە بوو، منداڵانی کورد لـە یەکەم ڕۆژی چوون بۆ قوتابخانـەوە دەبوو بە زمانی فارسی بخوێنن و ناچـار بـوون لـە قوتابخانـەدا بـە فارسـی پێکـەوە بدوێـن. بـەم جـۆرە کوردسـتان کرابـوو بـە بەندیخانـەی گەلـی کـورد لـە ئێرانـدا.

٦- شۆڕشی پڕ شکۆی گەلانی ئێران ئاکامی سروشتیی ئەو وەزعە نالەبارە و، دژکردەوەی بێئـەملا و ئـەولای خەڵـک بـە دژی دیکتاتۆریـی پاشـایەتی و بەسـتراوەیی ئـەو ڕێژیمـە بـە ئیمپریالیزمـەوە بـوو. گەلانـی ئێـران بـۆ دواییهێنـان بـە دەسـەڵاتی دیکتاتۆریـی پاشـایەتی و بـۆ بەربەرەکانیـی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـووری و نیزامـی و فەرهەنگیـی ئیمپریالیـزم ڕاپەڕینێکـی بەردرێـژ و خوێناوییـان بەرپـا کـرد و، سـەرئەنجام پـاش سـاڵێک خەباتـی شـێلگیر و قوربانیـدان، بـە بەختکردنـی گیـان و مـاڵ و بـە دانـی دەیـان هـەزار شـەهید لـە ٢٢ی ڕێبەندانـی سـاڵی ١٣٥٧ـدا، تۆمـاری تەمەنـی ٢٥٠٠ سـاڵەی ڕێژیمـی پاشـایەتییان تێکـەوە پێچـا.

بێگومـان شۆڕشـی خەڵکـی ئێـران کـە گەورەتریـن هێـزی سـەر بـە ئیمپریالیزمـی لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا لـە نێـو بـرد، یەکێـک لـە گرینگتریـن ڕووداوە مێژووییەکانـی وڵاتـی ئێمەیـە و، هـەر لـەو کاتەشـدا دەرسـی زۆر بەنرخـی بـۆ خەباتکەرانـی ڕێـگای ڕزگاری و سـەربەخۆیی تێـدا بـووە. شۆڕشـی ئێـران نیشـانی دا کـە هـەر کات خەڵکـی وڵاتێـک بـە لەخـۆ بوردوویـی و یەکگرتوویـی بیانهـەوێ داو و زنجیـری ژێردەسـتی بپسـێنن، هیـچ هێزێـک لـە دنیـادا ناتوانـێ پێشـی پـێ بگـرێ و، سـەرئەنجام هەمـوو کەنـد و کۆسـپەکانی ڕێـگای سـەرکەوتن تەخـت دەکـەن.

ئەگەرچـی دەورانـی پـڕ نەگبەتیـی دیکتاتۆریـی ڕەشـی بنەماڵـەی پەهلـەوی، هەمـوو چیـن و توێژەکانـی خەڵکـی ئێرانـی لـەدژی ڕێژیمـی حەمـەڕەزا شـا یـەک خسـتبوو، بـەڵام زۆر بەداخـەوە لەبـەر ئـەوەی هێـزە دێموکراتـی و شۆڕشـگێڕەکان بەرنامەیەکـی هاوبەشـیان بـۆ سیسـتمی حکوومەتیـی دوای ڕێژیمـی پاشـایەتی نەبـوو، و لەبـەر ئـەوەش کـە هیـچ کام لـە هێـزە نیشـتمانییەکانی ئێـران بـە تەنیـا لـە توانایـدا نەبـوو کۆمەڵانـی بەرینـی خەڵـک لـە دەوری خـۆی کـۆ بکاتـەوە و، دەسـەڵاتی سیاسـی لـە وڵاتـدا بەدەسـتەوە بگـرێ، کۆمەڵێـک ئاخونـدی بیرتەسـک و کۆنەپەرسـت بـە کەلکوەرگرتـن لـە هەسـتی مەزهەبیـی خەڵـک دەسـتیان بەسـەر دەسـکەوتەکانی شـۆڕش و بەرهەمـی خوێـن و فرمێسـکی ڕۆڵەکانـی گەلانـی ئێـران داگـرت و، دەسـەڵاتی پاوانخوازانـەی خۆیـان بەسـەر وڵاتەکەمانـدا سـەپاند.

لـە ئاکامـی ئـەو وەزعـەدا شۆڕشـی ئێـران نـاکام مایـەوە و، نەیتوانـی هیـچ کام لـە ئـاوات و چاوەڕوانییەکانـی کۆمەڵانـی خەڵکـی ئێـران وەدی بێنـێ. گەلانـی تینـووی ئـازادی لـە ئێرانـدا بـەو مەبەسـتە بـە دەسـتی بەتـاڵ بەگـژ ئەرتەشـی پۆشـتە و پەرداخـی ڕێژیمـی شـادا چوونـەوە و بـە هـەزاران کـەس لـە ڕۆڵەکانیـان کـردە قوربانـی، کـە جارێـک بـۆ هەمیشـە دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـووری و نیزامـی و فەرهەنگیـی ئیمپریالیـزم لـە ئێرانـدا کۆتایـی پـێ بهێنـدرێ، ئازادییـە دێموکراتییـەکان لـە سەرانسـەری ئێرانـدا دابیـن بکرێـن، زەحمەتکێشـانی ئێـران کـە بەشـی هـەرە زۆری دانیشـتووانی وڵاتـن و، گەورەتریـن تەئسـیریان لـە سـەرکەوتنی شۆڕشـدا هەبـووە، لـە هـەژاری و ڕۆژڕەشـی ڕزگار بـن و گەلانـی زۆرلێکـراوی ئێـران لـە سـێبەری ڕێژیمێکـی

دێموکراتییدا بە مافی ڕەوای نەتەوایەتیی خۆیان بگەن.
بەڵام کۆنەپەرستانی پاوانخواز کە دەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاریی خەڵکی ئێراندا گرتوە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆمەلانی خەڵک ڕێگایان نەداوە هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. خەباتی بە ناو دژی ئیمپریالیستیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چوارچێوەی هێندێ دروشمی بێنێوەڕۆک دەرنەچووە. ڕێژیمی ئاخوندی لە کاتێکدا کە خۆی بە دژی ئیمپریالیست ناو دەبا، هێزە دژی ئیمپریالیستەکانی وڵات سەرکوت دەکا. لەگەڵ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان، ئازادییە دێموکراتییەکان زۆر خراپتر لە سەردەمی پاشایەتی خراونە ژێر پێ. کۆمەلانی دەستەنگ و زەحمەتکێشی وڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێک لەگەڵ هەژاری و نەداری و گرانی و بێکاری بەرەوڕوو بوون و، حکوومەتی تازە هەنگاوێکی کاریگەری بۆ چارەسەری هەزاران گیر و گرفتی ژیانی ئەوان هەڵنەهێناوەتەوە. گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش نەک هەر بە مافە ڕەوای ڕەواکانیان نەگەیشتوون، بەڵکوو وڵامی هەموو داخوازەکانیان بە ئاگر و ئاسن دراوەتەوە.
دیکتاتوریی ئاخوندی نەک هەر هیچ بیروباوەڕێکی موخالیفی خۆی ناتوانێ تەحەممول بکا، بەڵکوو لەگەڵ هەر بیروبۆچوونێکی جیا لە بیروبۆچونێکی کۆنەپەرستانەی خۆی -با موخالفیش نەبێ- بە توندی دوژمنایەتی دەکا. لە ماوەی سێزدە ساڵ فەرمانڕەوایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا، ئەم ڕێژیمە زۆر زیاتر لە پەنجا و چوار ساڵ دەورانی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئازادیخوازانی ئێران و ئەندامانی هێزە دێموکراتییەکانی ئێعدام کردوە.
لە کوردستان، دیمەنی دزێوی دیکتاتۆریی نوێ زۆر ئاشکراتر و بێپەردەتریش دیارە. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد وەک بەشێک لە خەڵکی ئێران چالاکانە لە شۆڕشی سەرتاسەریی ئێراندا بەشدار بوو، هەرچەند گەلی کورد لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیەوە هەموو توانای خۆی بە کار هێنا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە بە لانی کەمی مافە ڕەواکانی بگا، حکوومەتی کۆنەپەرستی ئاخوندی نەک هەر ملی بۆ داخوازە بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستان ڕانەکێشا، بەڵکوو بە پێچەوانە لەشکری کێشایە سەر و دەستووری قەتڵوعامی دا، تەنانەت کار بەوەشەوە نەوێستا و خومەینی بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام فتوای جیهادی لەدژی گەلی موسوڵمانی کورد دەرکرد و ڕشتنی خوێنی پیر و لاو و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستانی بە حەلاڵ زانی، ئێستا دوازدە ساڵە شەڕ دژی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان درێژەی هەیە. کوردستان بە شێوەیەکی بێوێنە میلیتاریزە کراوە و بۆتە سەربازخانەیەکی گەورە. هەزاران بنکەی نیزامیی ڕێژیم لە سەرانسەری کوردستان دامەزراون. لەم ماوەیەدا حیزبی دێموکرات پتر لە چوار هەزار و، خەڵکی کوردستان نزیک بە پەنجا هەزار شەهیدیان لەپێناو دیفاع لە شەرەف و ئازادیدا داوە، بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد هەروا بەرامبەر بە زۆرداریی ڕێژیمی ئاخوندی ڕاوەستاوە و بەربەرەکانیی خۆی درێژە پێ دەدا. بەو جۆرە ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنمژی ئاخوندی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەل و، لەگەڵ هەموو قانوون و نیزامێکی نێونەتەوەیی نیشان داوە و لەدژی تەواوی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران شەڕی ڕاگەیاندوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی ئێران لە ژێر باری زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری پێویستە لە جێگای حکوومەتی کۆنەپەرست و دژیگەلیی ئاخوندەکان

سیستمێکی حکوومەتیی دێموکراتیک دابمەزرێ کە ئامانجە ڕەواکانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە پاش نەمانی ڕێژیمی ئاخوندی پێویستە دەرەتان بە خەڵکی ئێران بدرێ کە بە ئازادی نێوەرۆکی سیستمی کۆماری دڵخوازی خۆیان دیاری بکەن و مەجلیسی دامەزرێنەران (مؤسسان) بۆ دانانی قانوونی ئەساسیی کۆماری نوێ پێک بێ.

٧- بۆ گەیشتن بە ئامانجی بنەڕەتیی گەلی کورد کە پێکهێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران، بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ. حیزبی ئێمە پێی وایە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی دێموکراتیی ئێران جارێکی دیکە تووشی بێبەرنامەیی نەبێ و دەسکەوتەکانی بە تاڵان نەچن، پێویستە هەر لە ئێستاوە هێزە سیاسییە بەڕاستی دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دوارۆژی وڵات، یەک بگرن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە.

بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە، حیزبی ئێمە هەم دژی شۆوینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکا و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە دیکتاتۆریی مەرکەزی و خەڵکی ئێران لێک جیا ناکاتەوە، خەبات دەکا. شۆوینیزمی ئێرانی و ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەر دووکیان دوژمنی یەکیەتیی گەلانی ئێرانن. هەر لەو کاتەدا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسیی گەورە، شۆوینیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە دوازدە ساڵە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژی پەلاماری دڕندانەی ڕێژیمی ئاخوندی بە لێوەشاوەیی و کارامەییەوە ڕێبەری دەکا. خەبات و تێکۆشان و گیانبازی و قوربانیدانی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب، نفووز و خۆشەویستیی حیزبی ئێمەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، زۆر زیاتر لە جاران بردۆتە سەر. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا نەک هەر حیزبی خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانی ئێرانە بەڵکوو جێگای ڕێز و خۆشەویستیی گەلانی دیکەی ئێران و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دژی ئیمپریالیستییەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانیشە. دروشمی ستراتێژیکی حیزبی ئێمە -دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان- بۆتە دروشمی بنەڕەتیی هەموو خەڵکی کوردستان و، هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێرانیش پشتیوانیی لێ دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم بەرنامەیە خۆی دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان و لە هەموو دانیشتووانی کوردستان؛ کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشانی شار و دێ، ڕووناکبیران، قوتابییان، خوێندکاران، کارمەندان، پیشەسازان و بازاڕیان، بەگشتی ئەفرادی نیشتمانپەروەری هەموو چین و توێژەکان داوا دەکا کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە تێ بکۆشن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و، بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و، بیروڕای حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە بۆ ئەوان بەیان بکەن. هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە ئاگادار بکرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانی ئێرانە کە

زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکەن. بۆیە دەبێ بە دڵ و بە گیان تێ بکۆشین هێزی بێبڕانەوەی گەل بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی لە بەرنامەی حیزبەکەماندا هاتوون، بکەوێتە کار. ئەو کاتەیە کە بەرنامەی حیزب دەبێتە هێزێکی ماددیی بەتوانا و، دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتییدا وەدی بێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندوە. وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دادەمەزرێ.

## فەسڵی یەکەم:
## ئامانجە گشتییەکان

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و، شان بە شانی هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران دژی نفووز و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم و، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتی و، لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، خەبات دەکا.

٢- ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سۆسیالیستییە.

٣- دروشمی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە».

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلان جیهان بۆ ڕزگاری و بەدژی ڕێژیمە زۆردار و کۆنەپەرستەکان پشتیوانی دەکا و، لایەنگری ئاشتی و دوستایەتیی گەلانی هەموو وڵاتانە.

## فەسڵی دووهەم:
## بنچینەکانی خودموختاری

٥- ناوچەی خودموختار هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی خودموختاری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر کام لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ.

٦- لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا هەموو دەسەڵات بە دەست خەڵکەوەیە کە بە هۆی نوێنەرانی خۆیان لە شورای بەرزی کوردستاندا و لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حکوومەتی خودموختارەوە بەکاری دێنن.

٧- کاروباری پێوەندییەکانی دەرەوە (سیاسی و ئابووری)، دیفاعی میللی (سپا)، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و، سیستمی دراوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە. بێجگە لەوانە، سەڵاحییەتی بەڕێوەبردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان بەدەست حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. خەڵکی ناوچەی خودموختاری کوردستان وەک هەموو هاونیشتمانانی خۆیان لە سەرنسەرای ئێراندا لە ڕێگای قانوونییەوە و بەبێ هیچ چەشنە

جیاوازییەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار دەبن.
٨- شوڕای بەرزی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانوون‌دانانی ناوچەی خودموختاری کوردستانە. نوێنەرانی شوڕا لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و، نهێنییەوە، هەڵدەبژێردرێن. ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە.
٩- شوڕای بەرزی کوردستان حکوومەتی خودموختاری کوردستان دیاری دەکا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەرامبەر بە شوڕای بەرزی کوردستان بەرپرسە.
١٠- پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆی ناوچەی خودموختاری کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکە خودموختارییە. ئەرکی ئەرتەش، دیفاع لە سەربەخۆیی و سنوورەکانی وڵاتە و حەقی نییە دەست لە کاروباری پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی وەربدا.
١١- زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی نێوان ئیدارەکان لە ناوچەی خودموختاری کوردستان‌دایە و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا مافی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ دانیشتووانی ناوچە بە ڕەسمی دەناسرێ. زمانی فارسی لە ناوچەی خودموختاری کوردستانیشدا هەر وەک شوێنەکانی دیکەی ئێران زمانی ڕەسمییە و لە قوتابخانەکاندا لەگەڵ زمانی کوردی دەخوێندرێ. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بۆ مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها بۆ ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی لە ناوچەی خودموختاردا، بە زمانی فارسییە.
هەموو دانیشتووانی غەیری کورد، لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان ئازادن و مافی خوێندن بە زمانی خۆیانیان هەیە.

**فەسڵی سێهەم:**

**مافەکانی دانیشتووانی ناوچەی خودموختار**

١٢- هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوون، وەک ئازادیی بیروباوەڕ و دەربڕین؛ ئازادیی چاپەمەنی؛ ئازادی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، یەکیەتییەکان و شوڕاکانی کرێکاری و جووتیاری و سینفی، ئەنجومەنە دێموکراتییەکان؛ ئازادیی هەڵبژاردنی کار و جێگای دانیشتن و، ئازادیی ئایین و مەزهەب لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا هەر وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن.
هەموو دانیشتووانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەر وەک دانیشتووانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەبێ هیچ جیاوازی‌دانانێکی جینسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی، وەک یەک کەڵک وەردەگرن،
١٣- دین لە دەوڵەت جودایە، بەڵام حکوومەتی خودموختاری کوردستان یارمەتیی ناوەندە ئایینییەکان دەدا و، لە باری ماددی و مەعنەوییەوە بە ڕێبەرانی نیشتمانپەروەری ئایینی ڕادەگا.
١٤- ژن و پیاو لە نێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان هەیە و، بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن.

**فەسڵی چوارەم:**

**سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

١٥- دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامە دارشتنێکی زانستییەوە لە ناوچەی خودمختاردا لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە دابەشکردنی داهاتی گشتیی بوودجە لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە بە چەشنێک دەبێ کە بەشی دانیشتووانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بەپێی ڕادەی دواکەوتوویی زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانەی وڵات بێ.

١٦- ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەرانسەری ئێران سەنعەتی کردنی وڵات بە پێی دسکەوتەکانی زانست و تەکنیک لە لایەک و، پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتیی وڵات لە لایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆرێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتیکردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

١٧- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەهۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتە خۆوڵاتی و نەتەوەییەکانیش پارێزگاری دەکا. لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابووری، بەشی هەرەوەزی و تایبەتیش لە سەنعەتی کردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.

١٨- سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەرگەکان کە بە سامانی گشتی دەژمێردرێن، میللی دەکرێن و، حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەلکیان لێ وەردەگرێ.

١٩- زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ڕێگای میکانیزەکردن و بەکارهێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵدا، هەروەها دارشتنی بەرنامەی بەراوکردن و هەڵبەستنی بەربەند، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٢٠- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و برەو پێدانی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا، تێ دەکۆشێ. هێندێ لەو پرۆژە ئابوورییانە کە جێبەجێ کردنیان بە هۆی بەشی گشتییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووریی وڵات نییە، بە بەشی تایبەتی دەسپێردرێن و لە ڕێگای دیاریکردنی نرخ بۆ بەرهەمەکان و دانانی مالیاتەوە، سنوورێک بۆ پەرەگرتنی سەرمایەی تایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەو کارە کەلکوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستانە.

٢١- بردنەسەرێی پایەی ژیانی خەڵک و بە تایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان، نێوەرۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. ئەم حکوومەتە هەموو هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان کە لە هەژاری و بێبەشییدا دەژین، لەم وەزعە ڕزگار بکا و، ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکا. یەکەم هەنگاوی گرینگ لەو بارەیەوە ئامادەکردنی خانووبەرەی لەبار بەپێی ڕێوشوێنی

لەشساغی بۆ زەحمەتکێشانی شار و لادێیە.

٢٢- ئەسڵی چل سەعات کار لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کەمتر بێ. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بەپێی خەرجی بەڕێوەچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونەسەری خەرجیی گوزەران، زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەوتوویی و بێکاری و پیری، بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە پازدە ساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ. بۆ کەمکردنەوە و پاشان خاشەبڕ کردنی بێکاری، دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێک بهێنرێ.

٢٣- زەوی هیی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا. هەر بۆیە دەبێ لە شێوەی ئێستای مالکییەتی زەوییدا، ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە قازانجی دێنشینانی زەحمەتکێش و بێزەوی ڕوو بدا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان هەموو چەشنە یارمەتییەک بە پەرەپێدانی ئەو شیرکەتە هەرەوەزییانەی کشتوکاڵ دەکا کە جووتیاران بە دڵخوازی خۆیان پێکیان دێنن.

٢٤- حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ یارمەتیی وەرزێران بدا تا بتوانن ئامرازی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخێکی باش لێ بکرێ و بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بە سوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران لە پێشدا بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و، پاشان بەرامبەر بە پیری و پەککەوتەیی بیمە دەکرێن.

٢٥- لاوان سەرمایەی دواڕۆژی وڵاتن، بۆیە حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی لاوان و هەموو ئیمکاناتێکی پەروردەیی و فێرکاری و تەفریحیی سالمیان بۆ پێک دێنێ.

٢٦- حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە ئاژەڵداری. لەوەرگەکان بە پێی شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێرێ و ڕێگای دروست و زانستیی ئاژەڵدارییان فێر دەکا.

٢٧- پارێزگاریی موحیتی ژیان، سەرچاوە سروشتییەکان، لێرەوارەکان، دەریاچەکان و پارێزگاریی حەیوانات بە تایبەتی حەیواناتی ڕاویی باڵندە، پیڕۆ و ماسی، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەرەی حەیوانات پێشگیری بکرێ و، لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای سەنعەتیی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا بۆ پارێزگاریی موحیتی ژیان و لە بەرچاو گرتنی هاوهەنگاویی سروشت، وردەکارییەکی زۆر ڕەچاو بکرێ و بایەخی پێویست بە پاراستنی بینا و شوێنەوارە کۆنەکان بدرێ.

**فەسڵی پێنجەم:**

**سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی**

٢٨- هەموو منداڵانی کوردستان چ کچ، چ کوڕ، تا پازدە ساڵی دەبێ بخوێنن، حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ لە نێو بردنی نەخوێندەواری بە پەلە هەنگاو هەڵدێنێتەوە. لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا دابینکردنی خەرجی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەزگای

دەوڵەتییە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بەخۆڕاییە. یارمەتیی حکوومەتی خودمختار لەو بارەوە، قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە، حکوومەتی خودموختاری کوردستان خەرجی خوێندنی منداڵانی کرێکاران و جووتیاران و هەموو زەحمەتکێشانی کەمداهات لە تەواوی فێرگە پیشەییەکان و هونەرستانەکاندا، دابین دەکا. خەرجی خوێندنی منداڵانی بلیمەت و هەڵکەوتووی زەحمەتکێشانی کەمداهات لە زانستگە و فێرگە بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێ.

٢٩- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەرەو ژووربردنی پایەی فەرهەنگیی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی و پەروەدەی بەدەنی وەک فەرهەنگستان، سینەما، تێئاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانستگەکان هەنگاو هەڵدێنێتەوە و بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری کوردی تێدەکۆشێ.

٣٠- بایەخ دان بە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمەندان و زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٣١- ڕووناکبیرانی کوردستان بەپێی لێوەشاویی خۆیان، کاریان دەدرێتێ. حکوومەتی خودموختاری کوردستان سیاسەتێک بەرامبەر بە ڕووناکبیران و پسپۆڕان دەگرێتە پێش کە بە دڵگەرمی و لەخۆ بوردنەوە خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن.

٣٢- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بردنەسەرێی پایەی لەشساغیی هەموو خەڵک تێ دەکۆشێ و بۆ خاشەبڕ کردنی ئەو نەخۆشییانەی لە کوردستاندا بڵاو بوونەوە بە توندی خەبات دەکا و، هەلومەرجێک پێک دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتیی خۆڕایی پزیشکی و دەرمانی کەلک وەرگرن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، شیرخۆرگە و زایینگە هەنگاو هەڵدێنێتەوە و، بۆ بەخێو کردنی نەقوستان و بەساڵاچووانی ڕەبەن و بێخاوخێزان بنکە و بنیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

### فەسڵی شەشەم:
### سیاسەتی دەرەوە

لە سیاسەتی دەرەوەدا کە لە سەڵاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە:

٣٣- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران سیاسەتێکی دەرەوەی بێلایەن (غیر متعهد) و سەربەخۆ بگرێتە پێش و لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بناخەی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی حەقی حاکمیەتی نیشتمانی پێوەندی دابمەزرێنێ و، لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و ئەو وڵاتانە کە ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێن، پێوەندیی دوستانە پێک بێنێ.

٣٣- دەوڵەتی مەرکەزی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژیئیمپریالیستی و دژی زۆرداریی گەلان و لە مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆیان، پشتیوانی بکا.

٣٥- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە لە ئاستی جیهانی و پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لە نێو گەلاندا پشتیوانی بکا و، لایەنگری چارەسەری گیر و گرفتە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگای وتووێژەوە بەبێ بەکار هێنانی زۆر بێ. مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەپێویست بزانێ.

٣٦- وڵاتی ئێران ببێتە بنکەیەک بۆ یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان و بەتایبەتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و، پەنای سیاسی بە هەموو ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بدا.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا بە ئاگاداری و پەسەندی دەوڵەتی مەرکەزی، حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە ئیمکاناتی خۆی بۆ کۆمەک بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا کەلک وەربگرێ و، پەنای سیاسی بەو کوردە نیشتمانپەروانە کە داوای پەنابەریتی دەکەن بدا.

## بەشی دووهەم:
## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### مادەی یەکەم: ناو و نێوەرۆکی حیزب

١- ناوی حیزب «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ە.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و بە تایبەتیی کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

### مادەی دووهەم: ئەندامانی حیزب

هەموو هاونیشتمانییەکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرجێک:

- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بکا.
- بە ئینسانێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ.

تێبینی:

کوردە غەیرە ئێرانییەکان دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببنە ئەندام.

### مادەی سێهەم: شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

- دوو ئەندامی حیزب ناسێنەری بن.
- لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێەی دیکە نەبێ.
- لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی، یان ئۆرگانێکی بەرەو ژوورترەوە بە ئەندام وەربگیرێ.

**مادەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب**

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:

– بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون تێ بکۆشێ.

– بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.

– بەپێی پێڕەوی نێوخۆ، پەیڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.

– لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێ بکۆشێ.

– نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.

– پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەر.

– سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیروڕا و تاقیکردنەوەیان کەلک وەربگرێ.

– حەقی ئەندامەتی بدا.

تێبینی:

ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن و پێوەندیی تەشکیلاتییان لەگەڵ حیزب هەیە، بەڵام هەموو ئەرکەکانی ئەندام بەجێ ناگەیەنن، بە لایەنگری تەشکیلاتی دەناسرێن.

**مادەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

– بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ بە شەرتێک کە مەرجەکانی پێویستی بۆ ئەندامەتیی ئەو ئۆرگانەی تێدا بێ.

– لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبییدا ڕەخنە بگرێ.

– لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، بیروڕای پێ بڵێ، یان پرسیاری لێ بکا.

– لە هەموو ئۆرگانێک لەلای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.

– لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانیی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**مادەی شەشەم: سزادانی ئەندام**

١– ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەبزوونەوە، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئێعتباری حیزب دەگەیەنێ بە پێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزب بریتییە لە:

– سەرکۆنە بەدەم.

– سەرکۆنە بە نووسراوە.

– ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.

– هەڵپەساردن.

- گۆرینی پلەی ئەندامەتی بە لایەنگری تەشکیلاتی.
- دەرکردن لە حیزب.

تێبینی:

دریژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێراو لە ماوەی هەڵپەسێراندا، خاوەنی مافەکانی ئەندامی حیزب کە لە مادەی پێنجەمدا هاتوون نییە. بەڵام پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبیی بۆ لە بەرچاو دەگیرێ و دەکرێ بە نەزەری ئۆرگانی خۆی بەرپرسیارەتیی پێ بدرێ.

٢- سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبی هەر ئەندامێکەوە بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.

٣- مەبەست لە سزای حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامانە و، تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکەی، وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری، لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤- ئەندامی دەرکراو حەقی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و، دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

**مادەی حەوتەم: قەوارەی حیزب**

١- ئەسڵی بنەڕەتیی دارشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دێموکراتییە.

٢- سانترالیزمی دێموکراتی بەو مانایەیە کە:

- هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیانبژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە و، کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.
- لەنێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان و بێجیاوازی، یەک دیسیپلین هەیە.
- بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرەوەتر دەبێ لە لایەن ئۆرگانەکانی خوارەوەترەوە جێبەجێ بکرێ.
- باسکردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارووترین ئۆرگان بەکۆمەڵە. تەکپەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

**مادەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١- بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢- کۆنگرەی حیزب هەر سێ ساڵ جارێک لە ئەندامان و جێگرەکان و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی و، بە ڕادەیەک کە کومیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب پێک دێ.

٣- کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازیی کومیتەی ناوەندی، یان دوو لەسێی کۆمیتەکانی شارستان و مەڵبەند و کۆمیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی بانگ دەکرێ.

٤- ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:

- باسی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.

– ڕێبازی گشتیی سیاسیی ستراتیژی و تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.
– بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند دەکا و، ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا.
– ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.
تێبینیی ١:
١– کۆمیتەی ناوەندی لەکاتی پێویستدا هەقی هەیە ئەوپەڕەکەی بە ئەندازەی نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی لە ئەندامانی حیزب ڕاستەوخۆ بە هەقی دەنگدانەوە لە کۆنگرەدا بەشدار بکا. ئەو کەسانە لە کۆنفڕانسەکاندا خۆیان بۆ نوێنەرایەتیی کۆنگرە کاندیدا ناکەن.
تێبینیی ٢:
کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە لانیکەم دوو ساڵ ڕابردووی ئەندامەتییان لە حیزبدا هەبێ.

**مادەی نۆهەم: کۆنفرانسی حیزب**
١– کۆنفرانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:
– دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
– گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
– لە هەلومەرجێکی وادا، کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.
٢– کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی و، جێگر و، موشاویرانی کومیتەی ناوەندی و، نوێنەرانی کومیتەکانی شارستان و، مەڵبەند و کۆمیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی پێک دێ.
٣– ڕادەی نوێنەرانی ئەو کۆمیتە و کۆمیسیۆنانە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ، بەڵام لە هەر حاڵدا دەبێ ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و مشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی زیاتر بێ.

**مادەی دەهەم: کومیتەی ناوەندی**
١– لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.
٢– ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:
– بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
– مەسئوولی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.
– دەفتەری سیاسی و، سکرتێری گشتیی حیزب و، جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کومیتەی ناوەندی بەرپرسن.
– ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و، مەسئوولی داهات و دەرکەوتی حیزبە.
– ئایین‌نامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و دەفتەری سیاسی دادەنێ.
– ئایین‌نامەی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی پەسەند دەکا.
– لانیکەم ساڵێ سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی

لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.
تێبینی:
کومیتەی ناوەندی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی موشاویر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

**مادەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییدا دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و، مەسئوولی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندییە.

٢- دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی پێک دێنێ و، ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەدا بە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی.

**مادەی دوازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١- بناغەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەمتر بێ.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزب لە دێ کومیتەی دێ، لە ناوچە کومیتەی ناوچە، لە گەڕەک کومیتەی گەڕەک، لە شار کومیتەی شار و، لە شارستان کومیتەی شارستان و لە مەڵبەند کۆمیتەی مەڵبەند بەڕێوەیان دەبا.

٣- ئەرکی شانە و کومیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و، جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و، بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤- کومیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێن.

٥- بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە لانیکەم ساڵێ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە پێک دێ.

تێبینی: لە هەلومەرجی تایبەتیدا کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ ڕێکخراوی حیزب پەسند بکا.

**مادەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:
- حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

***

## پەیامەکانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**پەیام بۆ خانمی میتران**

خانمی بەڕێز خاتوو دانیەل میتران

لەگەڵ پاکترین سڵاو و ڕێز

خزمەت و کارە ئینسانی و مرۆڤدۆستانەکانی ئێوە بەگشتی و، بەتایبەتی هاودەردی و یارمەتیی خێرخوازانەتان دەرهەق بە گەلی زۆرلیکراوی کورد، بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «کۆنگرەی قاسملوو»ی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە بەپێی یەکێک لە بەرچاوترین داب و نەریتە نەتەوەییەکانیان، ئەمەگناسی و سوپاسی خۆیان پێشکەشی ئێوە و ڕێکخراوی ژێر چاوەدێریتان «فرانسی لیبێرتی» بکەن.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا کە زۆر جار کەوتۆتە بەر ئۆگری و سەرنجی تایبەتیی ئێوە، بە چاوی ڕێز و ئافەرینەوە دەڕوانێتە هەوڵ و تەقەلای ئینساندۆستانەتان و، بەپێچەوانەی هەموو چەشنە کارشکێنییەک کە دەخرێتە سەر ڕێگای تێکۆشانی مرۆڤدۆستانەی بەڕێزتان، هیوادارە لە دوارۆژیشدا هەروا سەرچاوەیەکی خزمەت و کاری بەنرخ و ئینسانی بن.

لەگەڵ ڕێز

***

**پەیام بۆ دوکتۆر کووشنێر**

بەڕێز دوکتور کووشنێر، وەزیری ڕاوێژکاری کاروباری ئینسانیی دەوڵەتی فەڕانسە

لەگەڵ سڵاوی گەرم و دڵسۆزانە!

ڕابردووی دووروودرێژی ئێوە لە پێشکەشکردنی خزمەتە ئینسانییەکاندا چ لە چوارچێوەی ڕێکخراوە پزیشکییەکان و چ لە قالیبی پشتیوانیی مەعنەوی لە زۆرلێکراوان و بێبەشانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا لەپێش چاوی ئینسانە ئازادە و مرۆڤدۆستەکان شاراوە نییە.

کاری ئینساندۆستانەی بەڕێزتان بەگشتی و، بەتایبەتی ئامادەبوونی بەوەخت و کاریگەرتان لە کوردستان و لە پەنای بریندارن و ئاوارە و بێبەشانی کورد، لە لایەکەوە ئێوەی لە وەزعی ڕاستەقینەی گەلی کورد و ڕاستییەکانی کوردستان شارەزا کردووە، لەلایەکی دیکەوە سیمای ئینسانی و ئینساندۆستانەی ئێوەی لە دڵی نەتەوەی بێبەش کورددا کێشاوەتەوە، بەجۆرێک کە ئێستا ناوی «کووشنێر» و سیمای ئینسانییەکەی بۆ خەڵکی کوردستان بەهەق ناو و سیمایەکی ئاشنان.

بەشدارانی کۆنگرە نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگرەی قاسملوو» ئەمەگناسی و قەدرزانینی خۆیان لە هەول و تەقەلای بێ دریغتان بۆ ناساندنی کەسایەتیی نەتەوەی کورد و بەتایبەتی لە هاودەردیتان لەگەڵ گەلی کورد لە ئێران و وەفادارییی بێخەوشیان بە دۆستی لەمێژینەی خۆتان و ڕێبەری شەهیدی ئێمە دوکتورعبدولڕەحمان

قاسملووی نەمر، دەردەبڕین و لەشساغی و تەمەنددرێژی و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بەئاوات دەخوازین.

لەگەڵ ڕێز

***

**پەیام بۆ خانمی دوکتور ویبێر**

خانمی بەڕێز دوکتور فلۆرانس ویبێر!

پەیامی گەرمی ئێوە بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی یارمەتییە پزیشکییە نێونەتەوەییەکان ((A.M.I سەبارەت بە دەربڕینی دۆستایەتی و هاوپێوەندیی لەگەڵ گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بوو بە مایەی دڵخۆشیی بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگرەی قاسملوو». هاوکاری و یارمەتی و هاودەردیی لەمێژینەی ڕێکخراوی یارمەتی پزیشکییە نێونەتەوەییەکان لەگەڵ حیزبی ئێمە کە لە هەلومەرجێکی دژواردا دەستی پێ کردووە و قۆناخی سەختی بەجێ هێشتوون، نیشانەیەکی ئاشکرای نیازی مرۆڤدۆستانە و شێلگیر و ئازایەتیی بێوێنەی ئێوە لە کاروباری ئینسانیدایە. هیوادارین گەلی کورد کە بە لێبڕاوی درێژە بە خەباتی خۆی بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی و گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی دەدا، هەروا بەشی لە هاوکاری و یارمەتی و پشتیوانیی ڕێکخراوی ((A.M.Iدا هەبێ. لەم دەرفەتە کەلک وەردەگرین و سوپاسی تایبەتیی خۆمان دەرهەق بە ئێوە و ئەو دۆستە خۆشەویستانەی دیکە کە لە بەشی کوردستانیی (A.M.I)دا دڵسۆزانە یاریدەی ئێمەیان داوە و دەیدەن، دەردەبڕین.

لەگەڵ ڕێز

***

**پەیام بۆ دوکتۆر گرانژۆن**

بەڕێز دوکتور بێرنارد گرانژۆن، جێگری ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان!

لەگەڵ سڵاوێکی زۆر

پەیامی جەنابتان بۆ کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگرەی قاسملوو» بوو بە مایەی خۆشحاڵی و دڵگەرمیی بەشدارانی کۆنگرە. هاودەردیی بێخەوشی ئێوە لەگەڵ گەلی کورد و بەتایبەتی هاوکاریی بێدریغتان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شیاوی ڕێز و ئافەرینە. بەشدارانی کۆنگرە نرخ بۆ ئەو یارمەتی و هاوکارییە دادەنێن و بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن.

هیوادارین، ئەو یارمەتییە ئینساندۆستانەیە هەروا درێژەی هەبێ و ئەم پێوەندییە ڕۆژبەڕۆژ پتەوتر بێ. بۆ ئێشکەرانی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان و بەتایبەتی شەخسی خۆتان سەرکەوتنی زیاتر لە پێشکەشکردنی خزمەتە مرۆڤدۆستانە و ئینسانییەکاندا بەئاوات دەخوازین. تکایە ئەمەگناسی و سوپاسی تایبەتیی ئێمە بەو دۆستە خۆشەویستانە کە لە بەشی کوردستانیی (M.D.M)دا یارمەتیی ئێمەیان داوە، ڕابگەیەنن.

لەگەڵ ڕێزی تایبەتی

***

### پەیام بۆ گەلی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان

کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگرەی قاسملوو» سڵاوی شۆڕشگێرانە خۆی پێشکێشی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان دەکا و سەرکەوتنیان لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان‌دا بەئاوات دەخوازێ.

حیزبی ئێمە لە درێژایی تەمەنی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی خۆی‌دا هەمیشە یار و پشتیوانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان‌دا بووە، تێ کۆشاوە سیاسەتی پتەوکردنی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستان هەرچی بەرپرسانەتر بەڕێوە بەرێ، ئەسڵێک کە کۆنگرەی نۆیەمیش پێی لەسەر دادەگرێتەوە. وەبەرچاوگرتن و بەڕێوەبردنی ئەو ئەسڵە لە هەلومەرجی ئێستادا کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر گەشە دەستێنێ و لە ڕادەی جیهانییش‌دا مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی کەموێنە هاتۆتە گۆڕێ، بایەخ و گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

دۆستایەتی، هاوپێوەندی و هاوهەنگاویی نێوان هێزە خەباتگێڕەکانی کورد، هەم لە ڕادەیەی کوردستان و هەم لە دەرەوەی کوردستان و لە ڕادەی جیهانی‌دا دەتوانێ بۆ گەلی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی گەلێک کارساز و پڕدەسکەوت بێ. باوەش‌گرتنەوەی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ خۆشک و برا ئاوارەکانی کوردستانی عێراق لە بەهاری ئەم ساڵ‌دا و هاوکاری و هاودەردیی بێ‌وێنەیان لەگەڵ ئەوان نیشانی دا کە ئەم پێوەندی و برایەتییە لەنێوان دانیشتووانی پارچەکانی کوردستان‌دا تا چ ڕادەیەکە. ئێمە لە هەلومەرجێک‌دا دەژین کە زۆر ئاڵوگۆڕی گەورە و گرینگ بە قازانجی ڕزگاریی گەلان ڕوویان داوە و چاوەڕوان دەکرێ ڕوو بدەن. تا ئێستا زۆر لە نەتەوە ژێردەستەکان لە ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕانە و لە نەتیجەی هەوڵ و خەباتی شۆڕشگێڕانەیان‌دا توانیویانە ڕزگاریی خۆیان وەدەست بێنن یان لە ویست و داخوازە ڕەوا و لەمێژینەکانیان نیزیک ببنەوە.

با ئێمەش پشت ئەستوور بە هێز و توانای لەبڕان‌نەهاتووی خۆمان و دڵگەرم و دڵخۆش بەو وەزعە لەبارەی بە قازانجی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە دنیادا پێک هاتووە، لەمەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و ڕزگاری‌دا قورستر قایمتر ڕاوەستین و بەرەو وەدیهێنانی ئامانجە ڕەوا پیرۆزەکانمان ڕۆژبەڕۆژ پتر هەنگاو هەڵێنینەوە.

***

### پەیام بۆ گەلانی ئێران

گەلانی ئازادیخوازی ئێران!

کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگرەی قاسملوو» سڵاوی گەرمی برایانەتان پێشکێش دەکا و بەئاواتی ئەوەیە کە هەوڵ و خەباتی هەموو لایەنەمان کۆتایی بە تەمەنی ڕێژیمی کۆنەپەرست و ماف‌پێشێلکەری ئاخوندی بێنێ و، داری ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا بێنێتەبەر.

حیزبی ئێمە خۆی بە سەربەرز دەزانێ کە بە درێژایی زیاتر لە ٤٦ ساڵ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی مافە ئینسانییەکانی گەلی کورددا بەدایم لایەنگری بێ ئەملاوئەولای یەکیەتی و هاوخەباتیی گەلانی ئێران بووە و بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی لێک‌نیزیک‌بوونەوە تێ کۆشاوە.

پێوەندیی دۆستانەی دوو گەلی کورد و ئازەری لە سەردەمی دوو حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان و کوردستاندا ڕاستیی ئەو ئیدیعایە نیشان دەدا.
کۆنگرەی نۆیەمی حیزب جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرێتەوە کە بەبێ خەباتی بەکردەوە و هاوبەشی هەموو ئازادیخوازانی ئێران، سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمی خوێنمژی ئاخوندیدا کارێکی ئاسان نییە. بۆیە بە هاوکاری و هاوخەباتیی گەلانی ستەملێکراو و مافخوراوی ئێران گرینگییەکی تایبەت دەدا.

### گەلانی خەباتگێڕی ئێران!

وەک دەبینن لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا دنیا ئاڵوگۆڕێکی زۆر بنەڕەتیی تێدا پێک هاتووە و سیمای سیاسیی جیهان گەلێک گۆڕاوە. تایبەتمەندیی هەرە ئەساسیی ئەو ئاڵوگۆڕانە بریتییە لە پەرەگرتنی دێموکراسی و زەقبوونەوەی مەسەلەی میللی و هەستی نەتەوایەتیی گەلانی ژێردەست و ستەملێکراو.
لە سایەی ئاڵوگۆڕەکانی دنیای سۆسیالیستی و لێکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەتیدا، ئێستا دەنگی گەلانی ئازادبووی ئەو وڵاتە و هاواری مافی بە دەستەوەگرتنی چارەنووس دەوروبەری ئێرانی داگرتووە.
لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان نەک هەر بەشێوەی هەمیشەیی گویی خۆیان لە بیستنی دەنگی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران ئاخنیوە، بەڵکوو توندوتیژتر لە پێشوو قۆڵیان بۆ سەرکوتی هەر دەنگێکی ئازادیخوازانە هەڵماڵیوە. لەئێرانی ژێر سێبەری ئاخوندەکاندا گەلانی زۆرلێکراو هەروا لەژێر باری قورسی ستەمی نەتەوایەتیدا دەژین و ئیمکانی کەلکوەرگرتن لە سەرەتاییترین مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی خۆیانیان نییە.
بە سەرنجدان بەو دەرفەتە لەبارە کە لە ڕادەی جیهانی و نێونەتەوەییدا بە قازانجی دابینکردنی مافی ئینسانی و نەتەوایەتیی گەلان پێک هاتووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لەمێژە لە کوردستان وەک سەنگەرێکی پتەوی ئازادی و دێموکراسی خەباتێکی پان و بەرینی ڕزگاریخوازانە لە گۆڕێدایە، کۆنگرەی نۆیەمی حیزب بانگەواز بۆ هەموو ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلانی ژێرستەمی ئێران دەنێرێ کە زیاتر و هەمەلایەنەتر لە پێشوو بێنە کۆڕی خەبات و ڕیزەکانی خۆیان تا ئەو ڕادەیەی دەگونجێ یەکگرتوو بکەن. لەم پێیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە باوەڕ بەو ئەسڵە کە گەلانی ئێران بە هاوکاری و هاوخەباتیی یەکترە کە دەتوانن هەرچی زووتر بەسەر ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی ئاخوندیدا زاڵ بن و نیزامی دڵخوازی خۆیان دامەزرێنن، پێشوازی لە هەر چەشنە یەکگرتنێکی گەلانی ئێران بە مەبەستی خەباتێکی هاوبەش لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و مافە ئینسانییەکانیاندا دەکا و ئامادەیی خۆی بۆ هەرجۆرە هاوکاری و هاوخەباتییەکی ئوسوولی و شۆڕشگێڕانە لەم ڕێگایەدا ڕادەگەیەنێ.
کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکرات، «کۆنگرەی قاسلموو» جارێکی دیکەش سڵاوی خەبات و شۆڕش بۆ گەلانی ئێران دەنێرێ و سەرکەوتنیان لە خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەدا بۆ بەئاوات دەخوازێ.

***

**پەیام بۆ حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران**

بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگری قاسملوو» سڵاوی گەرمی خۆیان پێشکەشی هەموو «حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێڕ و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دەکەن کە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسیدا تێکۆشانی خۆیان درێژە دەدەن.

بزووتنەوەی دێموکراسی و ئازادیخوازی لە جیهان و بەتایبەت لە ناوچەی ئێمەدا پێی ناوەتە قۆناخێکی تەواو نوێ. هەموومان ڕەوتی ڕووداوە پەیتا پەیتاکانی وڵاتانی سۆسیالستیی پێشوومان تاقیب کردووە و دەزانین کە مانا و نێوەڕۆکی ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵانە بۆ باقی وڵاتانی بێبەش لە ئازادی چ بوو.

ڕێکخراوە و شەخسییەتە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانی دەبێ قبوول بکەن کە لە هەلومەرجی دنیای ئەمڕۆدا ئینکاری مەوجوودییەت و تایبەتمەندییە میللییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە واقیعبینی بە دوورە. فەرهەنگ و مێژووی ئێران موڵک و میراتی هاوبەشی هەموو گەلانی ئێرانن و بە هیچ جۆرێ نابێ بکرێتەوە بەهانە لە دەست لایەنێکدا بۆ پێشێلکردنی ماف و بەشی لایەنەکانی دیکە.

بە وتەیەکی ڕوونتر، هەر یەکپارچەیی و یەکگرتنێک لە چوارچێوی ئێراندا کاتێک مانا دەدا و سەقام دەگرێ کە لە ڕووی مەیل و داخوازی گەلانی پێکهێنەری ئێران بێ، نەک لە ڕێگای ناچارکردن و داسەپانەوە. ئەگینا لەگەڵ سەرەتاییترین ئوسوولی دێموکراتی ناتەبایی دەبێ و هەر بۆیە لە شتێکی ڕواڵەتی و بێنێوەڕۆک و بێداهاتوو تێ ناپەڕێ.

ئەمڕۆ لەکاتێکدا کە لە زۆر وڵاتانی جیهان دیکتاتۆرەکان بەرەبەرە ناچار بە پاشەکشە بوون و بێئەوەی بوێرن خوێنی هاونیشتیمانیان بڕێژن، تەسلیمی نەزەر و ویستی خەڵکی وڵاتەکانیان دەبن، ئاخوندە کۆنەپەرستەکانی زاڵ بەسەر ئێراندا نەک هەر نایانەوێ هیچ پاشەکشەیەکی واقیعی لە بەرامبەر ویست و داخوازە دێموکراتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا بکەن، بەڵکوو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە تێ دەکۆشن فشار و سەرکوت درێژە بدەن. فێڵ و تەڵەکەکانی ڕەفسەنجانی و دەوڵەتەکەی بۆ نیشاندانی سیمایەکی ئینسانی لە ڕێژیمی ئاخوندی نەک هەر نابێ هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەکی ڕووناکبین و پێشکەوتنخواز تووشی دوودڵی و بەهەڵەچوون بکا، بەڵکوو پێویستە هەموو ئەو فرتوفێڵە ئاخوندانەیە لێبڕاوانەوە و بە شێوەیەکی ئوسوولی و شۆڕشگێڕانە پووچەڵ بکرێنەوە. شتێکی ئاشکرایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو نێوەڕۆک و بۆچوونەوە کە هەیەتی قەت ئامادە نابێ مل بۆ ویست و داخوازە ڕەوا و پێشکەوتنخوازەکانی خەڵک ڕابکێشێ و ڕێگای قانوونی و دێموکراتییانە بۆ حکوومەتکردن بگرێتە پێش.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا پێویستیی خەباتی بەکردەوەی هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانی بەدژی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و کۆنەپەرستە زیاتر لە هەر کاتێک هەست پێ دەکرێ. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپاتی دەکاتەوە کە بۆ بەرەبەرەکانێ جیددی و بەکردەوە لەبەرامبەر فشار و زەبروزەنگ و درێژەی دەسەڵاتی ئاخوندیدا پێویستە هەموو هێز و تواناکان یەک بخرێن. لەم پێیەدا حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی و پێشکەوتنخواز ئامادەیە لەهەر کارێک کە لە توانایدا بێ

کەلک وەربگرێ، چاوەڕوانیی لە هەموو حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکان و شەخسییەتە سەربەخۆ و دێموکراتەکانی ئێرانیش ئەوەیە کە بە دڵفراوانییەوە هەنگاوی پێویست بۆ ئەم مەبەستە هەڵ بگرن.

نێوەرۆک و پێشینەی کاروکردەوەی ڕێژیمی ئاخوندی نیشانی دەدەن کە ئەو ڕێژیمە بەهیچ جۆر ئامادە نابێ بەپێی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک ڕێگا بۆ هاتنە سەر کاری حکوومەتێکی قانوونی خۆش بکا و، تەنیا ڕێگا بۆ بەچۆک داهێنانی درێژەدان بە خەباتە و بەس. خەباتیش دیارە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری هەیە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین هەر هێز و سازمانەی بەپێی ئیمکانات و هەلومەرج و ڕوانگە و بۆچوونی خۆی دەتوانێ یەکێک لەو شێوە خەباتانە هەڵبژێرێ. مەرج لە ڕوانگەی ئێمەوە هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە، نەک شکڵ و شێوەی خەبات. کەوابوو با ڕێز بۆ هەموو شێوەکانی خەبات دابنێین و هەوڵ بدەین لە باشترینیان بەپێی وەزعییەتی زەمانی و مەکانی کەلک وەربگرین.

بەهیوای پێکهاتنی بەرەیەکی دێموکراتی پێشکەوتنخواز.

***

**پەیام بۆ زیندانییە سیاسییەکان**

ڕۆڵە زەنجیرکراوەکانی گەلانی ئێران!

بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگرەی قاسملوو» گەرمترین سڵاوتان بۆ دەنێرن و بەرامبەر بە ئیرادەی لەشکاننەهاتووی ئێوە تێکۆشەران سەری ڕێز دادەنوێنن.

لە کاتێکدا کە ئێوە لە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندیدا بەهیوای گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی، لە چاوەڕوانیی ڕووخانی دیکتاتۆریی ئاخوندیدا بە ئەشکەنجە و ئەشکەنجەگەران پێ‌دەکەنن، شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە چیا سەربەرزەکانی کوردستان کۆنگرەی نۆیەمی حیزبەکەیان، کۆنگرەی قاسملوو پێک دێنن و قۆناغێکی تازە لە ڕێگای گەیشتن بە ئاواتە پیرۆزەکانیاندا دەست پێ دەکەن. بەشدارانی کۆنگرە هەلومەرجی ئەمڕۆی دنیا و ناوچە و وڵاتەکەمان لێک دەدەنەوە، ئەو ئاڵوگۆڕە لەبارانەی ڕێ‌خۆشکەری پاشەکشە و لەنێوچوونی دیکتاتۆری و زۆرداری دەستنیشان دەکەن، بە چوار ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەیاندا دەچنەوە، شێوەی هەرچی باشتری بەرەو پێش‌بردنی خەبات لە هەلومەرجی لەباری ئەمڕۆی دنیادا و ئەو ئەرک و بڕیارانەی بۆ توندوتیژترکردنی خەبات و بەچۆک داهێنانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئاخوندی پێویستن، ساخ دەکەنەوە.

ئەم کارانە و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتی پێشکەوتنخواز کە کۆنگرە پێی لەسەر دادەگرێ بە هەنگاوێکی گرینگ لە ڕێگای تێکشکاندنی دیکتاتۆری و وەدیهێنانی ئازادیی هاونیشتمانیانی ئێمە دەژمێردرێن، ئازادییەک کە هەموو زیندانییە سیاسییەکان بە تاسەوە چاوەڕوانیی دەکەن. هەر لەم پێیەدا حیزبی ئێمە، لەقاودانی جینایەتەکانی ڕێژیم دەرحەق بە زیندانییە سیاسییەکان، پشتیوانی لە ویست و داخوازەکانی ئەوان و لە ئازادبوونیان و هەروەها هاندانی خەڵک بۆ هاودەنگی و هاوپێوندی لەگەڵ تێکۆشەرە بەندکراوەکان و بنەماڵەی ئەوانی هەمیشە بە ئەرکێکی گرینگ و پیرۆزی خۆی زانیوە.

**خەباتگێڕانی زەنجیرکراو!**

ئێمە هەر لەو کاتەدا کە ڕێز بۆ خۆڕاگری و ئیرادەی لەشکاننەهاتووتان دادەنێین، دڵنیاتان دەکەین کە هاودەنگیی نێوخۆ و دەرەوە لەگەڵ ئێوە و، فشار بۆ سەر ڕێژیمی ڕەفتار فاشیستیی ئاخوندی ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەئەستاندندایە. بیروڕای گشتیی جیهانی و کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان بەردەوام کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە جینایەت و بەدڕەفتاری لەگەڵ ئێوە مەحکووم دەکەن و، بۆ ئازادکردنی ئێوە لەژێر فشار دەنێن. ئەگەر ئەم ڕێژیمە حازربووە ڕێگا بە نوێنەرانی کۆمیسیونی مافی مرۆڤ و کۆمیتەی خاچی سوور بدا کە سەر لە زیندانەکانی ئێران بدەن لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەییدا کەوتۆتە ژێر فشار و مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخواز بەرامبەر بە جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە ڕۆژبەڕۆژ پتر دەنگی ڕەخنە و بێزاری دەردەبڕێ.

ئاواتمان ئەویە هەوڵ و خەباتی قارەمانەی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی بەزوویی بگاتە ئاکام، نەمانی دیکتاتۆری و جێگیربوونی دێموکراسی وەدی بێنێ.

***

**پەیام بۆ بنەماڵەی شەهیدان**

کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگرەی قاسملوو» لەکاتێکدا بەرامبەر بە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل سەری ڕێز دادەنوێنێ، سڵاوی گەرمی شۆڕشگێڕانەی خۆی پێشکەشی بنەماڵە بەڕێزەکانیان دەکا.

مێژووی حیزبە خەباتگێڕەکەمان کە پڕاوپڕە لە شانازی و سەرەوەری، لاپەڕەکانی بە خوێنی باشترین و بەوەفاترین ڕۆڵەکانی ئەم ئاو خاکە نووسراوەتەوە. ئەو ئیعتیبار و پرستێژە بەرزەی ئەمڕۆ حیزبەکەمان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان هەیانە، بەشێکی بەرچاوی بەرهەمی خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمانە. کەواتە بنەماڵەی شەهیدان حەقیانە بەو شانازی و سەربەرزییانەوە بنازن.

ئەرکی سەرشانی هەموو تێکۆشەرانی گەلی کوردە کە ژیانی خەباتگێڕانەی شەهیدان بکەنە سەرمەشقی ژیانیان و، لە خەبات و لەخۆبووردوویی ئەوان ئیلهام وەرگرن و ئەوە بزانن کە بە فەرموودەی دوکتور قاسملووی نەمر باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ئەو ڕێگایەیە کە ئەوان بە خوێنی خۆیان نەخشاندوویانە. هیوادارین داری ئەو خەباتە شێلگیرانە هەرچی زووتر بێتە بەر و، زۆر نەکێشێ لەسەر گۆڕی شەهیدانمان جێژنی ئازادی و وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە بگرین کە شەهیدان لە پێناویاندا گیانیان، یانی گەورەترین سەرمایەی ژیانیان کردۆتە قوربانی.

کۆنگرەی نۆیەم ڕێزگرتن لە بنەماڵەی شەهیدان و پێڕاگەیشتنیان لە باری ماددی و مەعنەوییەوە بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئیمکانێک بە ئەرکی ئەساسیی حیزب و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەزانێ و هیوادارە کە لەم بارەوە هیچ درێغییەک نەکرێ. بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە نیشتمانییە نیشاندەری ئەمەگناسیی ئێمە بەرامبەر بە شەهیدە سەربەرزەکانمانن و وەفاداریمان بە ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانیانە.

***

**پەیام بۆ ئاوارە و پەنابەرە ئێرانییەکان!**

کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگرەی قاسملوو» سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە پێشکەشی ئەو خۆشک و برا هاووڵاتیانە دەکا کە لە دەربەدەری و دوورەوڵاتی هاواری گەل و وڵاتە لە ئازادی بێبەشەکەیان دەردەبڕن.

دیکتاتۆری و سیاسەتی دژی گەلییانەی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتییە ڕەشەکەی‌دا بە جۆرێک ژیانی لە خەڵکی وڵاتەکەمان تاڵ کردووە کە سەدان هەزار و بگرە بە میلیۆن کەس ناچار بە بەجێ هێشتنی ئێران و گرتنە پێشی ژیانی ئاوارەیی و پەنابەری کردووە.

حیزبی ئێمە چاوەڕوانیی لە هەموو ئەو هاووڵاتیانەی ناچار بە ژیان لە هەندەران کراون ئەوەیە، کە بە کەلکوەرگرتنی چالاکانە و زانایانە لەو هەلومەرج و ئیمکاناتەی لە وڵاتانی دێموکراتدا هەیە بۆ ڕیسواکردنی ڕێژیمی ئاخوندی و ناساندنی داخوازە ڕەواکانی گەلانی ئێران قۆڵی هیمەت هەڵماڵن.

بەخۆشییەوە خوشک و برا ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات لە بواری لە قاودانی سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بەرامبەر بەخەڵکی وڵاتەکەمان بەگشتی و لە زەمینەی هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان ئێران و حیزبی دێموکراتدا بەتایبەتی تا ئیستا زۆر هەنگاوی بەکەلکیان هاویشتووە. هاودەردی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کوردستان لەکاتی شەهیدبوونی شۆڕشگێڕی مەزنی ئێرانی، ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان دوکتور قاسملووی نەمردا باشترین نموونەیە.

هەر بۆیە بەشدارانی کۆنگرەی قاسملوو بە دەرفەتی دەزانن لە تریبوونی کۆنگرەوە جارێکی دیکە سوپاس و ڕێزی خۆیان بەرامبەر بە هاوخەباتی و هاوپێوەندیی خوشک و برا ئێرانییەکانی دوور لە وڵات (لە کورد و غەیری کورد) ڕابگەیەنن و ئاواتەخوازی سەرکەوتنی ڕۆژبەڕۆژ زیاتریان لە بەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزی ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای خەباتی دژ بە دیکتاتۆریی گەلانی ئێران بن.

بەئاواتی ڕۆژێک کە خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەمان بە ئاکام بگا، ئێران لە ستەم و بێبەشی و دیکتاتۆری پاک بێتەوە و نیشتمانەکەمان دەستەملانی بووکی ئازادی و بەختەوەری بێ.

***

**پەیام بۆ خەڵکی کوردستان**

خەڵکی خەباتگێری کوردستان!

کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «کۆنگرەی قاسملوو» گەرمترین سڵاوتان پێشکەش دەکا و، بۆ خەبات و خۆڕاگریی کەموێنەتان لە بەرامبەر دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندی‌دا سەری کڕنۆش دادەنوێنێ.

١٣ ساڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان ئەو ڕاستییەی بەتەواوی دەرخستوە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یار و پشتیوانی بێ‌ئەملاوئەولای جووڵانەوەکەیانن و هیچ کەند و کۆسپێکی وەک: زیندان، ئەشکەنجە، ئێعدام ، ماڵوێرانی و دەربەدەری و... ناتوانێ لەو هەڵوێستە

شۆڕشگێڕانەیە دووریان بخاتەوە.
کارەساتی ئاوارەبوونی بەهاری ئەمساڵی خوشک و برا کوردەکانی کوردستانی عێراق و یارمەتیی هەموو لایەنەی ئێوە بەوان، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی دەرخست کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەدا بارێکی یەکجار قورسی کەوتۆتە سەرشان و، لەلایەن ڕێژیمی ئاخوندییەوە تووشی دەیان گیروگرفتی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و ... بووە، دیسان ئاشنا بە ئەرکە ئینسانی و نەتەوایەتییەکانی خۆیەتی و لەهەر کات و ساتێک کە پێویست بێ و بۆی بگونجێ، ئەو ئەرکانە بە دڵسۆزی و فیداکارییەوە بەڕێوە دەبا. ئەو پێشوازییە گەرم و گوڕەی کە ئێوە لە خۆشک و برا ئاوارەکانتان کرد، بوو بە مایەی سەرفیرازی. بەم بۆنەشەوە بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزب، گەرمترین و بەسۆزترین سڵاوی خۆیانتان پێشکێش دەکەن و بۆ ئەو هەموو لەخۆبوردوویی و هەست بە بەرپرسایەتییە کە هەتانە ئەوپەڕی ڕێز و ئیحترام دادەنێن.

**کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان!**

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای جیهان و ناوچە بەتایبەتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی و دابینبوونی مافی گەلانی پێک هاتوون و چاوەڕوان دەکرێ پێک بێن، هەروەها بە هەستکردن بەو ڕاستییە کە ڕێژیمی ئاخوندی زاڵ بەسەر ئێراندا توانا و زەرفییەتی قبوولی هیچکام لە داوا ڕەواکانی ئێمەی نییە، کۆنگرەی نۆیەمی حیزب لەسەر درێژەدان بە خەبات بە مەبەستی ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە پێ دادەگرێ. ئاشکراشە کە درێژەدان بە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەل بەبێ بەشداریی هەمەلایەنەی کۆمەڵانی خەڵک مومکین نابێ.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو و لە بڕینی ئەو ڕێگا سەخت و دوژوارەدا کە گرتوویەتە بەر، تووشی زۆر هەورازونشێو و کەندوکۆسپ بووە. زۆر پیلانی ڕەنگاوڕەنگی بۆ داڕێژراوە و لە جەریانی خەباتدا گەلێک زەبری قورسی وێ کەوتوە. بەڵام هەروەک دیتوومانە هەموو جارێ بە پشتیوانیی بێدرێغی ئێوە کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای تەخت کردووە و لێبڕاوانەتر لە پێشوو درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی داوە. ئەو بەردەوامییە لە خەباتدا نیشانەی زیندووبوونی هەستی خەباتگێڕانە و وەفادارمانەوە بە ڕێگا و ڕێبازی شەهیدانە.
ئێستاش کۆنگرەی قاسملوو ئەم بەڵێنییە دووپات دەکاتەوە کە حیزبی دێموکرات لە داهاتووشدا هەروەک ڕابردوو سوارچاکی مەیدانی خەبات و کۆڵنەدان بمێنێتەوە و هیچ کەندوکۆسپ و هەلومەرجێک نەتوانێ ئەو مەیدانەی پێ چۆڵ بکا. بێگومان دڵنیابوونی ئێمە لە درێژەدانی خەبات لە دڵگەرمی بە پشتیوانیی ماددی و مەعنەویی ئێوەوە سەرچاوە دەگرێ. لێشمان ڕوونە کە لەو بۆچوونەدا بەهەڵە نەچووین.
بەو هیوایە کە پێوەندیتان لەگەڵ جووڵانەوە و باسێکی بەهێزی ئەو جووڵانەوەیە، یانی پێشمەرگە ڕۆژبەڕۆژ پتەوتر بێ.
جارێکی دیکە سوپاسی گەرمی هەموو بەشدارانی کۆنگرەتان پێشکەش دەکەین و پەیمان تازە دەکەینەوە کە ئاڵای خەبات تا سەرکەوتن هەر شەکاوە ڕابگرین.

سەرکەوتن بۆ گەلی قارەمان و خەباتگێڕی کورد و، نەمان و سەرشۆڕی بۆ ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی.

***

**پەیام بۆ کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

لە تریبوونی کۆنگرەی نۆیەمەوە کە بە کۆنگرەی «قاسملوو» ناودێر کراوە گەرمترین سڵاوی شۆڕش و خەبات پێشکەشی ئیوە کادر و پێشمەرگەو و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و ڕێورەسمی ڕێزلێنان و قەدرزانین بەرامبەر بە فیداکاری و ئیمانی پتەوتان بە ڕێبازی حیزب بەجێ دەگەیەنین.

**هاورێیانی خەباتگێڕ!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گرتنی کۆنگرەی نۆیەمی خۆی پێی لە قۆناخێکی تازە لە ژیان و تێکۆشانی خۆی ناوە. جێگای شانازییە کە حیزبەکەمان ئێستا توانیویەتی وەدیهێنەری بەشێکی بەرچاو لە چاوەڕوانییەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان بێ و بە کارزانی و لێوەشاویی ڕێبەرایەتیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بکا. ئاشکرایە کە ئەگەر کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەمڕۆ مایەی هیوای ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران و چقڵی چاوی دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردن، ئەمە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی بێوەچانی ئێوە و ئاکامی پشتیوانیی بێدرێغی خەڵکی ئەمەگناسی کوردستان لە ئێوەیە.

کۆنگرەی نۆیەمی حیزب، کۆنگرەی قاسملوو لەبەر ڕووناکایی لێکدانەوەی وەزعی دنیا و ناوچە و ئەو بارودۆخە لەبارەدا کە بە قازانجی دێموکراسی و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی بندەست لەگۆڕێدایە، هەروەها بە هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی تێکۆشانی حیزب لە چەند ساڵی ڕابردوودا، زۆر ئەرکی گرینگی خستۆتە سەرشانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب. دیارە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە جۆربەجۆرانە لە خزمەت وەدیهێنانی ئامانجی پیرۆزماندایە کە بریتی بێ لە جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستاندا. ئەو ئامانجە پیرۆزەی هەتا ئێستا هەزاران ڕۆڵەی حیزب بەو پەڕی لەخۆبوردووییەوە لە پێناویدا خەباتیان کردووە و گیانیان بەخشیوە کە لە سەرەوەیاندا ڕێبەرانی حیزب گەورە پیاوانی مێژووی گەلەکەمان قازی و قاسملوو دەبینرێن.

با کۆنگرەی قاسملووش سەرفەسڵێکی دیکە بێ لە هەوڵ و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەمان و هاندەرمان بێ بۆ ئەوەی بە وزەی زیاتر و ورەی پتەوتر درێژەدری بەوەفای ڕێبازی قاسملوو بین.

سەرکەوتن بۆ کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە خەباتی شێلگیرانە و لەخۆبوردوویی کەموێنە سەری حیزبەکەیان و گەلەکەیانیان بەرز ڕاگرتووە و گەلێک لاپەڕی پڕ لە شانازییان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا تۆمار کردووە.

***

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ


- کورتەیەك لەسەر کۆنفڕانسی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ
- بڕیارنامەی کۆنفڕانسی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەڕایەتیی شۆڕشگێڕ
- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ
- بڕیارنامەی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ (پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆیەم)
- پەیامەکانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ

# کۆنفرانسی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ
## (هاوینی ١٣٦٧)

کۆنفرانسی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٨ی پووشپەڕی ١٣٦٧ لە شاری ڕانیە لە باشووری کوردستان بەسترا.

**ئەندامانی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)**

١) جلیل گادانی، (سکرتێری گشتی)، ٢) حەسەن ڕەستگار (جێگرسکرتێر)، ٣) هاشم کەریمی، ٤) فەتاح کاویان، ٥) حوسێن مەدەنی، ٦) عەلی کاشفپور، ٧) عوسمان ڕەحیمی، ٨) کەماڵ کەریمی، ٩) سەدیق بابایی، ١٠) سەید برایم کەریمی، ١١) شاپوور فیرووزی، ١٢) نەبی قادری، ١٣) عومەر شەریفزادە، ١٤) ئەبووبەکر ڕاد، ١٥) سەرهنگ ئیرەج قادری، ١٦) موزەفەر میتران، ١٧) شاپوور شوجاعیفەڕ

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی ٤:**

١) جلیل گادانی،٢) حەسەن ڕەستگار، ٣) فەتاح کاویان، ٤) حوسێن مەدەنی ٥) نەبی قادری.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی ٤ بریتی بوون لە:**

١) فەیسەڵ ئێراندوست، ٢) ڕەحیم ساڵحزادە، ٣) محەممەدخان مروەتی، ٤) مەلا خدر عومەرزادە، ٥) مراد مهربان، ٦) ئەمیر قادری .

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی ٤ بریتی بوون لە:**

١) عوسمان فەتاحی، ٢) ڕەشاد حوسێنی، ٣) نەجمەدین زۆرئەسنا

٤) بەهادور ئازەری (شکاک)

***

## بڕیارنامەی کۆنفڕانسی چوارەمی
## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەڕایەتیی شۆڕشگێڕ

١- ڕاپۆرتی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بۆ کۆنفڕانس بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا.
٢- دەگەڵ تەئییدی ڕاگەیەندراوی دە ماددەیی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، داوا لە ڕێبەرایەتیی داهاتوو دەکەین بۆ بەجێگەیاندنی زیاتری خاڵەکانی ڕاگەیەندراو تێبکۆشێ.
٣- بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی گشتی لە ئێران و لاوازیی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری ڕێژیم لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسی و نیزامی، وێڕای بەهێزکردنی خەباتی چەکدارانە دژی ڕێژیم، پتەوکردنی تەشکیلاتێکی شۆڕشگێڕانە کە وەڵامدەری ئەم هەلومەرجە بێ، پێویستییەکی بنەڕەتییە. بۆ کۆنفڕانس داوا دەکا، ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنفڕانسی گرینگییەکی تەواو بدا بە تەشکیلات کە بتوانێ ئەرکەکانی خۆی لە هەموو کات و بوارێکدا بە تەواوی بەڕێوە بەرێ.
هەروەها کۆنفڕانس ڕای دەربڕی کە پێویستە بەشی پەروەردە واتە «آموزش» لە پاڵ بەشی تەشکیلات بۆ پەروەردەکردنی کادر و پێشمەرگە و بەشی نەهێنیی تەشکیلات دابمەزرێ.
٤- بۆ پێگەیاندنی پەروەردەکردنی ژنان و لاوان لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا کەمتەرخەمی زۆر کراوە، داوا دەکەین بەڕێوەبەریی حیزب بۆ ئەو مەبەستە گرینگە بەرنامەی دروست و عەمەلیی بۆ داهاتوو هەبێ.
٥- کۆنفڕانس بڕیاری خائینانەی شەڕی براکووژیی فراکسیۆنی شەرەفکەندی- قاسملوو مەحکووم دەکا و داوا دەکا ڕێبەرایەتیی داهاتوو هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات بەکار بێنێ بۆ پێشگیری لە شەڕ، لە هەمان کاتدا کۆنفڕانسی ڕادەگەیەنێ بەرپرسایەتیی هەرچەشنە ڕووداوێکی دڵتەزێن لە ئەستۆی سەرانی فراکسیۆنە و فراکسیۆن و بەڕێوەبەرانی بڕیار لە بەرامبەر مێژوو و گەلی کورددا بەرپرسن.
٦- ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزب پێویستە بە هاوکاریی هەموو کادر و پێشمەرگەکان بە شێوەیەکی گونجاو هەوڵ بدا ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە تا ئێستا لە لای فراکسیۆن ماونەوە لەسەر سیاسەتە چەوتەکانی فراکسیۆن ڕوون بکاتەوە و داوایان لێ بکا بگەڕێنەوە نێو ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
٧- کۆنفڕانس ڕاگەیاندنی ئاگربەسی یەکلایەنەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵە پەسند دەکا و بە هەنگاوێکی دروست و بە قازانجی جووڵانەوە میللی- دێموکراتیکی گەلی کوردی دەزانێ.
٨- کۆنفڕانس لە هەلومەرجی ئێستادا ئیمکانی پێکهاتنی بەرەیەکی دێموکراتی دژی ئیمپریالیستی نابینێ، بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ وەدەستهێنانی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان خەبات دەکا، دەبێ تێبکۆشێ هەتا پێکهاتنی زەمینەی بەرە دەگەڵ هەموو ئەو هێزانەی کە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی خەبات دەکەن، هاوکاری و یەکیەتیی بەکردەوەی هەبێ.
٩- کۆنفڕانس شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق مەحکووم دەکا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسی درێژەدانی ئەم شەڕە وێرانکارەیە دەزانێ، هەروەها کۆنفڕانس

لە تێکۆشانی نێونەتەوەیی و بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە کۆتاییپێهێنانی ئەم شەڕە پشتیوانی دەکا.

١٠- کۆنفڕانس پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ڕاپەڕینی گەلی فەلەستین لە خاکی داگیرکرا و جووڵانەوەی ئەم گەلە بە ڕێبەرایەتیی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین ڕادەگەیەنێ و کردەوەی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی ئیسرائیل بە توندی مەحکووم دەکا.

١١- کۆنفڕانس بە ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزبی ئەسپارد بۆ ناساندنی جووڵانەوەی میللی-دێموکراتی گەلی کورد بە گەلانی جیهان و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی بیروڕای گشتی لە دەرەوەی وڵات بە پێی ئیمکان هەنگاو هەڵێنێ.

١٢- کۆنفڕانس بە تێکڕای دەنگ بۆ هەنگاوی مێژوویی و تێکۆشانی تا ئێستای ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ڕێز دادەنێ و درێژەدانی سیاسەتە دروستە بە ڕێبەرایەتیی داهاتوو دەسپێرێ.

١٣- کۆنفڕانس لەسەر بەڕێوەچوونی حیزب بە شێوەی سانتڕیالیزمی دێموکراتیک پێ دادەگرێ و پەرەپێدانی دێموکراسی لە دەرەوەی حیزب تەوسییە دەکا.

***

## کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)
## (هاوینی ١٣٦٩)

کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژی ١٣٦٩ لە «قەڵا سەیدە» لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستان-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بریتی بوون لە:**

١) جەلیل گادانی(سکرتێر)، ٢) حەسەن ڕەستگار (جێگر سکرتێر)، ٣) فەیسەل ئیراندۆست، ٤) هاشم کەریمی، ٥) شاپوور فیرووزی، ٦) کەماڵ کەریمی، ٧) نەبی قادری، ٨) سەرهەنگ ئیرەج قادری، ٩) ئەبووبکر ڕاد، ١٠) فەتاح کاویان، ١١) عوسمان ڕەحیمی، ١٢) حوسێن مەدەنی، ١٣) خالید حەسەنپوور، ١٤) موزەفەر میتەران، ١٥) سەعید بەگزادە

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) بریتی بوون لە:**

١) جەلیل گادانی، ٢)حەسەن ڕەستگار، ٣) هاشم کەریمی، ٤) فەتاح کاویان، ٥) نەبی قادری

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی**

**کوردستان (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر) بریتی بوون لە:**
١) مەلا خدر عومەرزادە (دۆڵەگەرمی)، ٢) محەممەدخان مروەتی، ٣) فەتاح ڕێحانی، ٤) هاشم ڕۆستەمی

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر) بریتی بوون لە:**
١) ئەمیر قادری، ٢) ئەحمەدی حەسەننەجات (حاجی گوڵاوی)، ٣) سیروان حەفیدی، ٤) مراد ئەحمەدی، ٥) سەید ئیبراهیم کەریمی

***

## ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبەوە

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
ئەندامان، کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب!
بە خۆشحاڵییەوە ئاگادارتان دەکەین کە کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداریی هەموو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، لە ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژدا پێکهات و دوای حەوت ڕۆژ، بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.
یەکەم کۆبوونەوەی کۆنگرە، سەعات ٩ی بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ٢١ی گەلاوێژ بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» دەستی بە کار کرد. پاشان بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ئێران و کوردستان، بەتایبەت شەهیدە سەربەرزەکانی حیزب کە لە ڕێگای ئازادی و دیفاع لە مافە میللی- دێموکراتییەکانی گەلی چەوساوەی خۆماندا شەهید بوون، دەقەیەک بێدەنگی پارێزرا. ئەوجار ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لەلایەن هاوڕێی تێکۆشەر کاک جەلیل گادانی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە خوێندرایەوە.
لێکدانەوەی وەزعی جیهان، بەتایبەت ئاڵوگۆڕی ئەم دواییانە لە وڵاتی یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، باس لەسەر وەزعی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، شیکردنەوەی هەلومەرجی ئێستای ئێران و کوردستان و تێکۆشانی حیزب لەنێوان کۆنفرانسی چوارەم تا کۆنگرەی نۆهەم، نێوەرۆکی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندییان پێکهێنابوو کە لە پێنج بەشدا ئامادە کرابوو.
نوێنەرانی بەشداری کۆنگرە، لە فەزایەکی دێموکراتی و لە ماوەی سێ ڕۆژدا ڕاپۆرتەکەیان خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە.
هەڵسەنگاندنی کار و تێکۆشانی ڕێبەرایەتی و ئۆرگانە ناوەندییەکان، دەستنیشان کردن نوختە لاوازییەکان، تەئییدی کارە موسبەتە بەڕێوەچووەکان و هێنانەگۆڕی پێشنیار و بۆچوونی چاک و بەکەڵک لەو پێوەندییەدا، بەشێکی بەرچاوی بەرنامەی کاریی کۆنگرەیان بۆ تەرخان

کرابوو. بێگومان ئەو بۆچوون و پێشنیارانە شوێنەواری بەرچاویان لەسەر تێکۆشان، ڕێبازی سیاسی و هەڵویستی حیزب لە داهاتوودا دەبێ. پاش کۆتاییهاتنی ئەو بەشە لە باسەکانی کۆنگرە، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بە هیندێک تێبینی و ئیسلاحەوە پەسند کرا.

دوای پەسندکرانی ڕاپۆرتەکە کۆنگرە بە باس لەسەر هیندێک ئاڵوگۆڕی پێشنیارکراو لەلایەن کۆمیتەی پێڕەو و پرۆگرام، لەو بەڵگە بنەڕەتییەی حیزبدا، کاری خۆی درێژە پێ دا. نوێنەران هەڵسووڕاوانە لەو باسەشدا بەشدارییان کرد، بە وردی بیروڕای خۆیان لەسەر ئەو خاڵانە کە پێیدا چوونەوە و ئاڵوگۆڕیان تێدا پێشنیار کرابوو، دەربڕی و هەرکامیان دوای شیکردنەوەی پێویست پەسند کرد.

پەسندکردنی بڕیارنامەی پێشنیارکراوی کۆمیتەی بڕیارنامە، بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرە بوو کە بە بەشداریی هەڵسووڕاوانەی نوێنەران بەڕێوە چوو. ئەوجار کۆنگرە کاری هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی دەست پێ کرد و ئەندامانی ڕێبەرایەتیی نوێی حیزب هەڵبژێردران.

ڕادەیەکی زۆر پەیام لەلایەن حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە سیاسییە جیهانی، ئێرانی و کوردستانییەکانەوە بە کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە گەیشتبوون کە لەنێوان باسەکاندا خوێندرانەوە، هەروەها پەیامەکانی کۆنگرە، کە لەلایەن کۆمیتەی پەیامەوە ئامادە کرابوون، لەو ماوەیەدا خرانە بەر بیروڕای بەشداران و پەسند کران.

کۆنگرە سەعات ١٠ی بەیانیی ڕۆژی حەوتەم بە سروودی «ئەی ڕەقیب» کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و نوێنەران دوای بەشداری کردن لە ڕێوڕەسمێکی جێژندا کە بەبۆنەی کۆتاییهاتنی کۆنگرەوە پێکهاتبوو، گەڕانەوە شوێنی تێکۆشانی خۆیان.

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ**
**٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٩ی هەتاوی**

***

## ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بۆ کۆنگرەی نۆیەم
## (٢١- ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٦٩)

هەڤاڵانی تێکۆشەر!

ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە!

میوانە خۆشەویستەکان!

خۆم بە بەختیار دەزانم کە لە لایەن دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندییەوە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان بکەم و بۆ نوێنەرانی کۆنگرە، بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ئەرکی پێئەسپێردراویان، سەرکەوتن بەئاوات بخوازم.

جێگای خۆیەتی لەم کاتە مێژووییەدا کە کاری کۆنگرەی نۆیەمی حیزب دەست پێدەکا، یادی هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی ئێران و کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی حیزب کە

لە کۆنفرانسی چوارەمەوە هەتا ئێستا لە پێناوی ڕزگاریی گەل و نیشتماندا گیانی خۆیان بە سەخاوەتەوە بەخت کردووە و لە سەرووی هەموانەوە یادی شەهیدانی پایەبەرز،کاک عوسمان فەتاحی و کاک ڕەشاد حوسێنی، ئەندامانی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی ڕێز بگرین و بۆ جارێکی دی دەگەڵ ئەو شەهیدە نەمرانە پەیمان و بەڵێن تازە بکەینەوە کە هەتا سەر بە ئامانجی پیرۆزیان وەفادار بمێنینەوە.

بە پێویست دەزانم ڕێز و حورمەتی خۆمان پێشکەشی هەموو ئەو بەندییە سیاسییانە بکەین کە لە چاڵڕەشەکانی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار دان، بەڵام لە بەرامبەر پارێزەرانی کۆنەپەرستیدا بەچۆکدا نایەن و هەروا لە سەر بیروباوەڕ و ئامانجە پیرۆزەکانیان سوور ماونەتەوە.

زۆر بەجێیە لەم دەرفەتە گرینگەدا ڕێز و سڵاوی خۆمان پێشکەشی بنەماڵەی شەهیدان و کۆمەڵانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەموو گەلانی ئێران بکەین کە لەم هەلومەرجە دژوارەدا بە خەبات دژی سەرەڕۆیی و چەوسانەوە درێژە دەدەن. هەروەها جێگای خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ هەموو ئەو ڕۆڵە ئازا و بوێرانە کە لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکاندان، بە تایبەتی بۆ ئەو ئەندام و کادر و پێشمەرگە دلێرانەی حیزبەکەمان کە ماوەی یازدە ساڵە بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و فیداکارییەوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی لە مێژینەی گەلەکەمان خەباتیان کردوە و دژواریی ڕێگای خەبات نەیتوانیوە شوێن لەسەر ورەی پۆڵایین و ئیمانی پتەویان دابنێ.

**هەڤاڵانی تێکۆشەر!**

کۆنگرەی نۆیەمی حیزبەکەمان لە هەلومەرجێکی ناسکدا پێک هاتووە. ئەوە ماوەی یازدە ساڵە کە گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد کەوتوونە ژێر زەخت و زۆرییەکی ئەوتۆ کە لە مێژووی چەند سەد ساڵەی ئەم وڵاتەدا نەدیتراوە. لە ئاکامی سیاسەتە دژی گەلی و دژی ئینسانییەکانی ڕێژیم، ئێران لە هەموو بوارێکدا تووشی قەیران و بنبەست بووە. ئابووری، سەنعەت و کشتوکاڵ لەبەین چووە، فەرهەنگ و داب و نەریتی گەلان لە مەترسیی لەنێوچووندایە. بێکاری، گرانیی شتومەک، پەرەئەستاندنی فەساد و ئێعتیاد وڵاتی داگرتووە، ئاسەوارێک لە ماف و ئازادییە دێموکراتییەکان نەماوە و دێوەزمەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە شەپۆلی ئازادیخوازی و دێموکراسی بەتین و تەوژمێکی کەموێنەوە سەری هەڵداوە و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان یەک لە دوای یەک تێک دەڕووخێن و گەلانی ژێر دەسەڵاتیان بە ئازادی و بەختەوەری دەگەن. سەردەمی داگیرکردنی فەزا دەستی پێ کردووە و لە سایەی زانست و تیکنیکەوە مرۆڤ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خێراتر بەرەو ژیانێکی بەختەوەرانە هەنگاو دەنێ، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە زۆر زیاتر لە ڕابردوو و بە ئیمانێکی پتەوترەوە بۆ لەبەینبردنی دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندەکان و تێکڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئەرکی پیرۆزمان هەستین و بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی لە هیچ چەشنە فیداکارییەک درێغ نەکەین.

لە ڕووناکایی ئەم ڕاستییانە دایە کە ئەندامانی بەشدار لەم کۆنگریەدا بە ئەرکوەخۆگرییەکی زیاتر و بە هەست بە بەرپرسایەتییەکی تەواوەوە لە بەرەوپێشبردنی کاری کۆنگرە و

ڕوونکردنەوەی هەرچی باشتری ڕێگای خەبات بەشداری بکەن. مێژوو ئەرکێکی زۆر گرینگی خستۆتە سەر شانمان و جێگای خۆیەتی کە هەموومان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە پیرۆزە بە هەموو تواناوە تێبکۆشین.
جارێکی دیکەش سەرکەوتنی هەموو ئێوە هاوسەنگەرانی ڕۆژانی دژواری خەبات بەئاوات دەخوازم.

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

لە کۆنفرانسی چوارەمی حیزب، بە تایبەت لە یەکساڵی ڕابردوو وە تا ئێستا، ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراو لە جیهاندا پێک هاتووە و وەزعێکی ئەوتۆ هاتۆتە پێش کە لە هێندێک بارەوە پێداچوونەوە بە سەر بۆچوونەکان و پێکهێنانی هێندێک ئاڵوگۆڕ لە تاکتیکەکانی حیزبدا پێویستییەکی ئاشکرایە.
بێگومان، بە هۆی پێشکەوتنی سەنعەت و تێکنۆلۆژی، کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە سەردەمی ئێستادا ئەوەندە لێک نزیک بۆتەوە کە ئاڵوگۆڕەکان لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بێتە پێش، کار دەکەنە سەر باقیی شوێنەکانی گیتی. بۆیە سەرنجدان بە وەزعی نێونەتەوەیی و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ڕووداوەکان یارمەتیمان دەدا هەڵوێستی دروست بگرین و ڕێبازی درووستتر بۆ خەباتی دواڕۆژمان هەڵبژێرین.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەیە کە دەبێ سەرەتای باسەکەمان بە لێکدانەوەی وەزعی نێونەتەوەیی دەست پێبکەین، هەرچەند لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ ناتوانێ بێ کەموکووڕی بێ.

**١- وەزعی جیهان**

دوای تێکشکانی ئاڵمانی نازی و ژاپۆن لە شەڕی دووهەمی جیهانی و هاتنەسەرکاری حیزبە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و دامەزرانی سۆسیالیزم لە وڵاتانە، دابەشکرانی وڵاتی ئاڵمان بە دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و، وەرێکەوتنی شەپۆلێکی بەتەوژمی ڕزگاریخوازی لە سەرانسەری جیهاندا کە لە ئاکامدا زۆر وڵاتی موستەعمەرە بە سەربەخۆیی گەیشتن و لە ئەساسدا سەرەتای لە نێوچوونی سیستمی موستەعمەراتی دەستی پێکرد، هاوکاری و دۆستایەتیی نێوان وڵاتە هاوپەیمانەکان (متفقین)، کە لە ماوەی شەڕدا، بە تایبەتی لە باری نیزامییەوە بەو پەڕی خۆی گەیشتبوو، جێگای خۆی دا بە ڕقەبەری و دژایەتییەک کە ڕۆژ بە ڕۆژ توندوتیژتر دەبوو. بە چەشنێک کە ئەگەر تا ماوەیەک پێشتر لە زۆربەی بەشەکانی جیهان ئاگری شەڕێکی گەورە و خوێناوی دەیگرفاند و وڵاتی خاپوور دەکرد، ئەمجارە شەڕێکی تەبلیغاتیی توندوتیژ لە نێوان وڵاتانی سەرمایەداری بە سەرکرادیەتیی ئەمریکا لە لایەک و وڵاتانی سۆسیالیستی بە سەرۆکایەتیی یەکیەتیی سوڤیەت لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد. ئەم شەڕە تەبلیغاتی یە کە لە هەموو بوارەکان دا دەچووە پێش و ماوەی نزیک بە چل ساڵ درێژەی کێشا، بە شەڕی سارد ناوی دەرکردوە.
دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی، هەم وڵاتانی سۆسیالیستی و هەم وڵاتانی سەرمایەداریی ئورووپا و هەروەها ژاپۆن، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەر و زیانە گەورانەی کە لە باری ئابووری، سەنعەتی، کشتوکاڵ و... هوە وێیان کەوتبوو، بە هەموو تواناوە دەستبەکار بوون.

دەوڵەتانی ئورووپای ڕۆژئاوا بۆ بازسازیی وڵاتەکەیان لە لایەک بە هۆی ئەوە کە ئەمریکا بە هەموو هێز و تواناوە لە پێشیان بووە و، توانییان لە تێکنۆلۆژیی پێشکەوتوو و سەرچاوە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە گەورە و بەهێزە کەڵک وەرگرن و، لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەوەی کە ئەو وڵاتانە خۆیان پێش دەستپێکردنی شەڕیش لە باری تەکنیک و سەنعەتەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات پێشکەوتووتر بوون و هەروەها لەباری هێزی ئینسانیی پسپۆڕەوە زۆر لە سەرتر بوون، توانییان زۆر بەخێرایی بەرنامەکانی بازسازی لە هەموو بوارەکاندا بە سەرئەنجام بگەیەنن.

کاری بازسازیی ئاڵمانی ڕۆژئاوا بۆ جیهانی سەرمایەداری بەگشتی و بۆ ئەمریکا بە تایبەتی زۆر گرینگ بوو، بۆیە لە بەرنامەی ئابووریی ئەمریکا بۆ ئاوەدانکردنەوە و بازسازیی ئابووری و سەنعەتیی ئورووپا، کە لە ژێر ناوی «طرح مارشال»دا بەڕێوە چوو، پووڵ و سەرمایەیەکی یەکجار زۆر ڕژایە ئەو وڵاتە و دامودەزگای سەنعەتیی ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی ئاڵمان وەکار کەوت. ئەو بەرنامە گەورەیە لە ئەساسدا بە دوو مەبەستی سەرەکی بەڕێوەچوو:

یەکەم ئەوە کە ئاڵمان پێ بە پێی زیندووکردنەوەی ئابووری و سەنعەتی خاپوورکراوی خۆی بتوانێ سەدان میلیارد دۆلار غەرامەتی شەڕ بدا بە وڵاتانی فەڕانسە و بریتانیا (کە لە شەڕ دژی ئاڵمان زەرە و زیانێکی زۆر قورسیان وێ کەوتبوو، ئەوانیش دەبوا قەرزەکانی خۆیان کە لە ماوەی شەڕدا کەوتبووە سەریان بدەنەوە بە ئەمریکا) و دووهەم بۆ ئەوەی کە ئاڵمانی ڕۆژئاوا وەک نموونەیەک «لە کارامەتر بوونی سیستمی سەرمایەداری بەرامبەر بە سۆسیالیزم» لە بەرامبەر ئاڵمانی ڕۆژهەڵات ڕابگرن.

هاوکات دەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەو بەرنامانە دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕۆژئاوا لە هەموو بوارێکەوە کارزاری تەبلیغاتیی خۆیان لەدژی یەکیەتیی سۆڤییەت و باقی وڵاتانی سۆسیالیستی دەبردە پێش و ڕۆژ بەڕۆژیش زیاتر پەرەیان پێ دەدا. بەڵام وڵاتانی سۆسیالیستی بێجگە لەوەی کە هێزێکی ئابووری بەتوانای وەک ئەمریکایان لە پشت نەبوو، گەورەترینیان کە یەکیەتیی سۆڤییەت بوو، لە ماوەی چوار ساڵ شەڕدا زیاتر لە هەموو وڵاتە هاوپەیمانەکان دوچاری وێرانی و زەرەر و زیان ببوو، بە چەشنێک کە بۆخۆی زیاتر لە هەموو وڵاتانی ئورووپایی پێویستی بە یارمەتیی ئابووری و سەنعەتی هەبوو. دیارە لە باری هێزی پسپۆڕ و ئەفرادی لێزان و شارەزای سەنعەت و ئابوورییشەوە لە بەراورد لە گەڵ وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا لە پاشتر بوو. لە ئاکامدا، کاری بازسازی لەو وڵاتە و لە باقیی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات دەگەڵ زۆر تەنگ و چەڵەمە ڕووبەڕوو بوو.

بێجگە لەو هۆیانەی باسیان کرا، هێندێک فاکتۆری گرینگی دیکەش هاتنە کایەوە کە بوونە هۆی داوکەتنی ئەو وڵاتانە:

دوای تەواو بوونی شەڕ، ستالین بە پێچەوانەی ئوسوولی سۆسیالیزم، بۆ هەرچی زیاتر پەرەپێدانی دەسەڵاتی تاکەکەسیی خۆی و بە بیانووی لەنێوبردنی دژی شۆڕش، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەو دیکتاتۆری ڕۆیشت بە چەشنێک کە هیچ کەس و هیچ ئۆرگانێکی حاکمییەتی سۆسیالیستی دەسەڵات و سەڵاحییەتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەما. شووراکانی کرێکاران و جووتیاران، کە دەبوو بەحەق نوێنگەی بیروباوەڕی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵات و جێگای ڕەنگدانەوەی ویست و داخوازیان بووبان و، ئەو ئۆرگانانە بیانتوانیبا نەخشی موسبەتی

خۆیان لە بەڕێوەبردنی ولاّت دا بەجیّ بگەیەنن، هەموو دەسەلاّت و سەلاّحییەتێکیان لیّ ئەستێندارییەوە و بەکردەوە لە حاکمییەت وەلانران. ئازادیی دەربڕینی بیروڕا خرایە ژێر پیّ و هەر چەشنە ڕەخنە و ئیعترازێک بە زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام وەڵام دەدرایەوە. تیربارانی بە کۆمەڵی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەندامانی پایەبەرزی حیزبی کۆمۆنیست، نموونەیەک لەو سیاسەتە زیانبارە بوو کە بە دەستووری ستالین بەڕێوە دەچوو. لە ماوەی ساڵەکانی فەرمانڕەوایی ستالیندا وەزعێکی ئەوتۆ بە سەر ولاّتی پان و بەرینی یەکیەتیی سۆڤیەت و ولاّتانی ئورووپای ڕۆژهەلاّت دا زاڵ ببوو کە کەمتر کەسێک دەیوێرا لە ترسی پۆلیسی ئەمنیەتی سەر هەڵێنیّ. دیارە لە هەلومەرجێکی ئاوادا نەوعێک سستی و بێحاڵی بەسەر کۆمەلاّنی خەڵک دا دیّ، خەلاقییەتەکان دەمرن و، سەر ڕاگرتن و خۆپاراستن، قازانج پەرەستی و زۆر نەخۆشیی دیکەی کۆمەلاّیەتی پەرە دەستێنن و پەرەشیان ئەستاند.

وەلاّنانی دێموکراتیزم لە زۆربەی کاروباری بەڕێوەبردنی ولاّتدا، لە ژێرپێنانی شێوەی هەڵبژاردنی ئازادانە و داسەپاندنی ئەفرادی بیّ سەلاّحییەت بە سەر ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، پەرە پێدانی بۆرۆکراسی و، دانی زۆر ئیمتیازی نابەجیّ بە ڕێبەرانی حیزبی و دەوڵەتی، بەڕێوەبردنی بەرنامەی نادرووستی ئابووری، بە تایبەت لە بواری کشت و کاڵ دا، پیادە کردنی بەرنامەی کۆلیکتیویزاسیۆن و پێکهێنانی کۆلخۆز و سوخۆزەکان بە شێوەیەکی تەواو زۆرەملی و بە زەبر و زەنگێکی لە ڕادەبەدەر، کە بۆ ماوەی چەند ساڵ بوو بەهۆی هاتنە خواری ڕادەی بەرهەمی دەغڵ و دان و پەرەئەستاندنی قاتی و قڕی، گوێنەدان بە ویست و داخوازی کۆمەلاّنی خەڵک لە لایان کاربەدەستانی دەوڵەت و بەرپرسانی حیزبی کۆمۆنیست هەم لە باری سیاسی و کۆمەلاّیەتی و هەم لە باری پێویستییەکانی ژیانەوە، بلاّوکردنەوەی ئاماری بە درۆ سەبارەت بە دەسکەوتەکان لە هەموو بارێکەوە، پەنا بردن بۆ تەبلیغات و وەڕێخستنی جێژن و ڕێوڕەسم بە بیانووی جۆراوجۆر و بیّ برانەوە، جێبەجێکردنی مەسەلەی میللیی گەلانی یەکیەتیی سۆڤیەت بەو جۆرەی کە لە ئوسوولی سۆسیالیزم و یاسای بنەڕەتی ولاّت دا هاتووە و لە هێندێک بوارەوە پێشێلکردنی مافی میللی- دێموکراتیکی هێندێک لە نەتەوە و گەلەکان، وەک گەلانی کۆمارەکانی لێواری دەریای باڵتیک و تاتارەکان و وردە میللییەتی دیکە، یەک لەوان کوردەکان و دوور خستنەوەیان لە نیشتمانی خۆیان (گەلی تاتار بە هاوکاری دەگەڵ ئاڵمان تاوانبار کرابوو)، ڕەفتاری نالەبار و خۆبەزلزانانەی کاربەدەستە ڕووسەکان لە گەڵ خەڵکی کۆمارەکانی غەیر ڕووس و، هەروەها خەرجی زۆر قورسی نیزامی، کە بەشی زۆری بۆ دروستکردنی چەکە ئەتۆمییەکان تەرخان دەکرا، ئەوانە و زۆر هۆی گەورە و بچووکی دیکە دەستیان دایە دەستی یەک و ولاّتی یەکیەتیی سۆڤیەتیان بەرەو گیرگرفت و قەیران ڕاکێشا.

بە دوای مردنی ستالیندا، مەیلی ئاڵوگۆڕ و زیندووکردنەوەی ئوسوولی پێشێلکراوی سۆسیالیزم، یەک لەوانە دێموکراسی، لە نێو کۆمەڵی شۆڕەوی و گەلانی ئەو ولاّتە بەرە بەرە خۆی دەنواند، هەتا جێگایەک کە خۆرشچۆف مەیل و ئارەزووەکەی تەقاندەوە و بە ئاشکرا ڕایگەیاند کۆمەڵی شورەوی پێویستی بە ئاڵوگۆڕ و زیندووکردنەوەی دێموکراسی هەیە. بەلاّم بە زۆر هۆ، یەک لەوان بەرهەڵستیی ستالینیستەکان، کە هەموو ئۆرگانەکانی حاکمییەت و لە حیزبی کۆمۆنیست دا بە دەسەلاّت بوون و هەروەها نەبوونی بەرنامەیەکی ڕوون و

دیاریکراو لە لایان خرۆشچۆفەوە، ئەم حەرکەتە بێ ئاکام مایەوە.
بە دوای ئەودا برێژنێف بەڕێوەبەریی وڵاتی بە دەستەوە گرت و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پێشی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی گرت و بەم جۆرە زەمینەی توندوتیژتربوونی بنبەست و قەیران لە زۆربەی بوارەکانی ژیان و تێکۆشانی گەلانی یەکیەتیی سۆڤیەتی ئامادە کرد.
کاتێک گورباچۆف هاتە سەکار، یەکیەتیی سۆڤیەت بێجگە لە بواری سەنعەتی، نیزامی و ئەتۆمی و فەزاییەوە، لە زۆربەی بوارەکانی تێکنۆلۆژی، سەنعەت و کشت کاڵەوە، لە ئەمریکا و باقیی وڵاتانی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا وەدوا کەوتبوو. بۆ چارە سەرکردنی ئەو وەزعە و قەرەبووکردنەوەی ئەم دواکەوتووییە و ڕزگارکردنی کۆمەڵانی خەڵک، بە تایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان، لە سستی و بێحاڵی و هاندانیان بۆ بەشداریکردنی چالاکانەتر لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵات و بردنەسەری چۆنیەتی و چەندیەتیی (کیفیت و کمیت) بەرهەم لە کارگە و کارخانەکان و کۆلخۆز و سوخۆزەکان، گورباچۆف، گلاسنۆست (علنیت)ی هێنا یە کایەوە.
ڕزگاربوونی ڕاگەیەنە گشتییەکان لە ژێر سانسۆڕ، ئازادبوونی دەربڕینی بیروباوەڕ و ڕەخنە گرتن لە کاربەدەستانی حیزبی و دەوڵەتی، وەلانانی شێوەی هەڵبژاردنی زۆرەملێ و فەرمایشی و دامەزرانەوەی شێوەی ئازاد و دێموکراتیک لەم بارەوە لە کارخانە و دامەزراوە و بنکە و بنیاتەکانی دەوڵەتی و نیوەدەوڵەتی دا و، زیندووکردنەوەی زۆر ڕێ و شوێنی دێموکراتیکی دیکە، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ستالین دا پێشێل کرابوون، و دوای ئەویش ئەو وەزعە هەروا درێژەی کێشا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بوون کە دەبوو بۆ هێنانەدەری وڵات لە بنبەست و قەیران لە سەرڕا بێنەوە کایەوە. ئەوە بەرنامەیەک بوو کە لە ژێر ناوی گلاسنۆست هاتە گۆڕ و، دەکرێ بڵێین گوڕوتینێکی تازەی هاویشتە نێو دڵی خەڵک بە تایبەت توێژی نووسەر و رووناکبیر و ڕۆژنامەنووس، پیاوە سیاسی یەکان و کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆربەیانی هێنایە مەیدان.
گورباچۆف دوای ماوەیەک بەرنامەیەکی دیکەی لە ژێر ناوی پریسترویکا هێنا گۆڕێ. مەبەستی ئەو لە ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی ئەم بەرنامەیە بازسازیی وڵات لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سەنعەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی یەوە بوو. لە باری ئابوورییەوە، لە پێشدا قسە لە پێکهێنانی پێشبڕکێ لە نێوان کرێکاران لە کارخانەکانی سەرانسەری وڵات بۆ باشترکردنی چۆنیەتی و چەندیەتیی بەرهەم و دانی دەرسەدێک لە داهاتی کارگە و کارخانەکان بە کرێکارەکان بوو هەتاکوو لەم ڕێگایەوە ئابووریی وڵات لە «ڕکود» ڕزگار کەن، بەڵام بەرەبەرە مەسەلەکە شکڵێکی دیکەی بەخۆیەوە گرت و گەیشتە ئەو جێگایەی کە باس لە ئابووری»متکی» بە بازار، زیندووکردنەوەی «مالکیت خصوصی» و ڕێگا کردنەوە بۆ سەرمایەدارە خاریجییەکان بۆ سەرمایەدانان لە یەکیەتیی سۆڤیەت و دابەشکردنی زەوییە دەوڵەتی‌یەکان لە نێو جووتیاران و شتی دیکەی لەم بابەتە هاتۆتە گۆڕ. بە خۆڕایی نییە کە لە هێندێک جێگا، کرێکاران لەم بەرنامەیە ڕەخنە دەگرن و بە دژی قازانج و بەرژەوەندیی خۆیانی دەزانن.
ڕەنگدانەوەی بەرنامەکانی گلاسنوست و پرۆسترویکا لە نێو گەلانی جۆراوجۆری یەکیەتیی سۆڤیەت دا بوو بە هۆی ئەوە کە زۆر گیروگرفتی چارەسەرنەکراوی میللی و نەتەوایەتی سەر

هەڵدەنەوە. ڕووداوەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بە تایبەت نیشانیان دا کە بە پێچەوانەی ئوسوولی سۆسیالیزم و یاسای بنەڕەتی یەکیەتیی سۆڤیەت، مەسەلەی میللی لەو وڵاتە بە تەواوی چارەسەر نەکراوە و ئێستا، کە تەوژم و فشاری سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی ستالینی لە ئارادا نەماوە، هەموو گیروگرفتەکان سەریان هەڵداوەتەوە و دەوڵەتی شۆڕەوییان دەگەڵ تەنگ وچەڵەمەیەکی زۆر ڕووبەڕوو کردووە.

دیارە بێجگە لەو هۆیانەی باسیان کرا و بێجگە لەو گیرگرفتانەی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بەرۆکی کۆمەڵی یەکیەتیی سۆڤیەتیان گرتووە، لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی ئازەربایجان دا دەبێ دەستێوەردان و تەبلیغاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری ئەو کۆمارەی یەکیەتیی سۆڤیەت و یارمەتیدانی ئاخوندەکان بە زیندووکردنەوە و تین و تەوژمێکی تازە دان بە هەستی ئایینیی خەڵک، وەک فاکتۆرێکی دواکەوتووانە لەم بارەوە لە بەر چاو بگیرێ. بەڵام، کاتێک کە ئاخوندەکان هەستیان بەوە کرد کە مەسەلەکە ڕیشەی لە هەستی نەتەوایەتییش دایە، تاڕادەیەک پاشەکشەیان کرد. چونکە پەرەئەستاندنی بیروباوەڕێکی ئەوتۆ لە ئێران دەتوانێ خەڵکی ئەم دیوی ئازەربایجان بشڵەژێنێ و ئەوەش شتێک نییە کە کارگێڕانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی پێیان خۆش بێ، کارگێڕانێک کە خۆیان هەڵگری بیر و باوەڕی شووینیزمی فارسن و بە چەکی مەزهەب لە دژی هەموو مافێکی ڕەوای گەلانی دیکە بەربەرەکانی دەکەن.

حیزبی ئێمە داخوازی خەڵکی کۆماری ئازەربایجانیش لە بواری نەتەوایەتی تەنانەت سەربەخۆیش و، هەروەها زیندووکردنەوەی ئوسوول و پرنسیپەکانی دێموکراتیک لەو وڵاتە بە شتێکی ڕەوا دەزانێ، بەڵام کاتێک ئەم داخوازانە ڕەنگی شووینیزم بە خۆوە بگرن و بە هەر بیانوویەک بۆ دەستدرێژی بۆ سەر مافی گەلانی دیکە کەڵکیان لێ وەرگیرێ ناتوانن جێگای پەسندی ئێمە بن .

دژکردەوەی خەڵکی کۆمارەکانی لێواری دەریای باڵتیک، واتە؛ ئەستوونی و لیتوانی و لتوونی لە بەرامبەر بەرنامەکانی گورباچوف دا دەگەڵ هەڵوێستی باقیی خەڵکەکانی دیکەی وڵاتی سۆڤیەت جیاوازیی هەیە. ئەو سێ کۆمارە کە پاش شکانی ئاڵمان لە شەڕی یەکەمی جیهانی توانیبوویان بە سەربەخۆیی بگەنەوە، دوای ڕێککەوتنی ئیستالین و هیتلێر لە سەر مەسەلەی لێهستان، حازر بوون وەک سێ کۆماری جیاجیا دەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت کەون، بەو مەرجە کە بتوانن دوای وەلاچوونی مەترسی فاشیزم، سەربەخۆیی وڵاتەکانیان وەدەست بێننەوە.

بەهەر حاڵ، وەزعێکی کە ئێستا لەو کۆمارانە دا پێکهاتووە ئاکامی بێ ئەملا و ئەولای ئەو سیاسەتە نادرووستانەیە کە لە سەردەمی دیکتاتۆریی ئیستالین دا بەڕێوە چوون و لە ساڵەکانی دواییش دا درێژەیان پێ درا. دەگەڵ ئەوەش کە جیابوونەوە و سەربەخۆیی مافی ئەو گەلانەیە، بەڵام بێگومان جێبەجێبوونی ئەم مەبەستە گیرگرفتێکی زۆری لە سەر ڕێگایە چوونکە:

لە حاڵێکدا کە بۆ وێنە بەشی لیتوانی لە «تولید ناخالصی ملی»ی یەکیەتیی سۆڤیەت دا ١/٥ لە سەدە، لە بواری گاز و نەوتەوە دەکرێ بڵێین بە تەواوەتی بە یەکیەتیی سۆڤیەتەوە بەستراوەتەوە، نەوتێکی وا هەرزان کە هەر تۆنەی بە سێ ڕۆبڵ بۆی تەواو دەبێ. بە کورتی لیتوانی لە باری ماشێن، تراکتۆر و، «فلزات» ی جۆراوجورەوە ١٠٠٪ لە باری «انرژی» یەوە

٩٧٪ و لە باری شەکر و قەندەوە ٥٨٪ بە یەکیەتیی سۆڤیەت «متکی» یە یەکیەتیی سۆڤیەتیش ٧٥٪ی کەرەسەی تەلەویزیۆن و، ٣٠٪ «قطعات یدکی» تراکتۆر لە لیتوانی وارید دەکا.

بێجگە لەوانەش بچووک بوونی ئە کۆمارانە لە باری خاک و حەشیمەتەوە و، دامرکانەوەی پشتیوانیی دەرەوە، لەو فاکتۆرانەن کە ڕاستەوخۆ تەئسیریان کردۆتە سەر ئەم مەسەلە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هۆیانە، دیسانیش ئەوە گەلانی ئەو وڵاتانەن کە دەبێ بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی وڵاتەکانیان، چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، هەموو پێکەوە و هەر یەکەش بە تەنیا، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. بێجگە لەوە کە ئەوانیش لە باری ئابووریی، سەنعەت و کشت و کاڵەوە لە بەراورد دەگەڵ وڵاتانی سەنعەتیی ڕۆژئاوا دواکەتوون، هاتنە سەر کاری نیزامی سۆسیالیستی لە هەموویان دا (بێجگە لە یوگوسلاوی) بە پشتیوانی ڕاستەخۆی ئەرتەشی شورەوی بووە و چکوسلۆواکی تەنیا وڵاتێک بووە کە لەودا بۆ دیاریکردنی حاکمییەتی سیاسی لە خەڵکەکە دەنگ وەرگیرابوو و حیزبی کومونیست بە ڕەزامەندیی زۆربەی خەڵک هاتبووە سەر کار.

لە هەموو ئەو وڵاتانە، بە زاڵبوونی سیاسەتی غەڵەتی ئابووری کە بە لاساکردنەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت بە سەریان دا سەپێندرا و بە سەرکوت و زەبر و زەنگ کە لەم بوارەدا بەکار هێنرا و هەروەها بە هۆی پێشێلکرانی دێموکراسی و پەرەئەستاندنی بۆروکراسی، پێشهاتی وەزعێکی ئەوتۆ کە سەرەئەنجام بەرۆکی حیزبە کومونیستەکانی گرت و بوو بە هۆی ئاڵ و گۆڕێکی زۆر لەو وڵاتانە، شتێکی ئاسایی بوو.

ڕاپەرینی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی مەجارستان لە ساڵی ١٩٥٦ بە ڕێبەرایەتی ئیمیرناگی و سەرکوتکرانی ئەم ڕاپەرینە لە لایان ئەرتەشی سۆڤیەتەوە و، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە چیکوسلۆواکی (کە بە «بەهاری پراگ» ناوی دەرکرد) بە سەرکردایەتیی ئەلیکساندر دۆبچێک و بزووتنەوەی «همبستگی» لە لێهستان، لە ڕاستیدا زەنگی خەتەر بوون کە دەبوایە ڕێبەرانی حیزبە کومونیستەکان، بە تایبەت ڕێبەرانی یەکیەتیی سۆڤیەت، وشیار بانەوە و بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان ئێقدام بکەن. بەڵام، بە پێچەوانە سیاسەتی ڕابردوو هەروا درێژەدرا و گیرگرفتەکان کەوتنە سەر یەک و کار گەیشتە جێگایەک کە ئەگەر گورباچۆفیش نەهاتبا مەیدان، ئەو ناکۆکی و دژایەتییانە هەر دەتەقینەوە.

ئەوە دەبوایە بۆ هەڵگرانی بیروباوەڕی سوسیالیستی و لایەنگرانی ئەم نیزامی کۆمەڵایەتی-ئابوورییە جێگەی داخ بایە - جێگەی داخیشە - کە بۆ وێنە چەند ساڵ دوای دامەزرانی سیستمی سۆسیالیستی لە ئاڵمانی دێموکراتیک، ڕێبەرانی ئەم وڵاتە بە کێشانی دیوارێک لە نێوان دوو بەشەکەی بێرلین دا وایان نیشان دا کە لە ترسی سەرڕێژکردنی بیروباوەڕی سەرمایەداری و پێشگیری کردن لە هەڵاتنی خەڵکی بەشی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا ئەو کارەیان کردوە. لە حاڵێک دا، بە بڕوای ئێمە دەبوو شتەکە بە پێچەوانەی بووایە. چونکە لە ئەسڵدا ئەوە سۆسیالیزمە کە نیزامێکی دادپەروەرە و ئەگەر هەموو ئەسڵە پیرۆزەکانی لە سەر بارودۆخی خۆیان بەڕێوە چووبان، ئەوە جیهانی سەرمایەداری بوو کە دەبوایە لە ترسی وەگەڕکەوتنی یاسای «ئۆسموز» لە بواری بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە دەوری خۆی پەرژین بکێشێ، نەک وڵاتێکی سۆسیالیستی!

بە کورتی، ئێستا زۆربەی نزیک بە تەواوی حیزبە کۆمونیستەکان لە وڵاتانی ئورووپای

ڕۆژهەڵات لە دەسەڵات کەوتوون و لە هێندێک وڵات، وەک مەجارستان و لێهستان، وا دێتە بەرچاو کە گەڕانەوە بۆ لای «ئابووری متکی بە بازاری ئازاد» لە گۆڕێ دایە و تەنانەت لە یەکیەتیی سۆڤیەتییش یاسای «انحصاری»بوونی دەسەڵاتی حیزبی کۆمونیست هەڵوەشاوەتەوە و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، تەنانەت ئەوانەی هەڵگری بیروباوەڕی سەرمایەداریشن، ئازاد کراون. هێندێک لە ڕێبەرانی حیزبە کۆمونیستەکانی ئەو وڵاتانە کەتوونە زیندان و چاوەڕوانی موحاکەمەن و هێندێکیش ڕێبەرایەتیی حیزبەکانیان هەروا بە دەستەوە ماوە، بەڵام بە کردەوە نەخشی ئۆپۆزیسیۆنیان وەئەستۆ گرتووە.

لە ڕۆمانی کە دیکتاتۆری و حکوومەتی تاکەکەسی لە گشت وڵاتەکانی دیکە بەهێزتر بوو، وەزعی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی و کرێکاران و مووچەخۆران بە تایبەتی، خراپ تر و بۆرۆکراسی و فەساد پەرەگرتووتر بوو، هەم ڕاپەڕینەکە خوێناوی بوو وهەم دژایەتیی ڕاستەوخۆ دەگەڵ سۆسیالیزم هاتە کایەوە.

لە ئاڵمان بە تێکڕووخانی دیواری بێرلین، لەپڕ تێکەڵ بوونەوە و یەکگرتنەوەی دوو بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هاتە گۆڕ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستی یە کە ئاڵمانی ڕۆژئاوا لە باری ئابووری و سەنعەتییەوە بەهێزتر و لە باری ژمارەی حەشیمەتەوە لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات زۆرترە، بێگومان ڕێژیمێکی کە بەسەر ئاڵمانی یەکگرتوو دا زاڵ دەبێ، ڕێژیمی سەرمایەداری دەبێ، بەو تێبینییە کە ڕەنگە هێندێک لە بنکە و بونیاتە سۆسیالیستییەکان بۆ ماوەیەک هەر وەک خۆیان بمێننەوە.

بە یەکگرتنەوەی دوو ئاڵمان، کە ویستی زۆربەی دانیشتوانی هەردووک لایە، ئەو مەترسییەش نابێ لەبەرچاو نەگیرێ کە فکری تۆڵە ئەستاندنەوە دیسان سەر هەڵداتەوە و بۆ جارێکی دیکەش میلیتاریزی ئاڵمان زیندوو ببێتەوە. لە نێو وڵاتانی سەرمایەداری بە تایبەت فەڕانسە و لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، لێهستان و، هەروەها یەکیەتیی سۆڤیەت لەم بارە زیاتر هەست بە مەترسی دەکەن. چونکە زۆرتر لە هەموو وڵاتانی دیکە لە دوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی دا زەرەر و زیانیان وێکەتووە. کاتێک ئەم مەترسییە باشتر هەست پێ دەکرێ کە بزانین نیئو نازییەکان لە مێژ ساڵە تێکۆشانی خۆیان دەست پێ کردۆتەوە و هەرچەند جارێ هێزێکی گەورە نین، بەڵام ئەگەر هەل و مەرجی لەباریان بۆ هەڵبکەوێ، دەتوانن لە ماوەیەکی کورتدا خۆیان بەهێز بکەن. چونکە پەرەئەستاندنی ئەم بیروباوەڕە نژاد پەرستی و دژی ئینسانییە بەداخەوە لە نێو هێندێک لە خەڵکی ئاڵمان دا زەمینەی هەیە.

بێجگە لە یەکگرتنەوەی دوو ئاڵمان، ئێستا ماوەیەکە مەسەلەی «ئورووپایەکی یەکپارچە» ش کەوتۆتە نێو کۆڕ و کۆمەڵە ئورووپاییەکان لە هەردووک بەشدا. ئەگەر دیاردەیەکی ئەوتۆ بێتە دی، بە تایبەت ئەگەر یەکیەتیی سۆڤیەت و یا ئاڵمانیش تێدا بەشدار بن، ئورووپای یەکگرتوو دەتوانێ ببێتە بەهێزترین واحیدی ئابووری – سیاسی لە تەواوی جیهان دا. بۆیە سەیر نییە کە ئەمریکا بەو کارە دڵخۆش نەبێ، بریتانیاش کە بێجگە لەوەی پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، و کەمتر لە فەڕانسە هەست بە مەترسی ناکا، تا ئێستا موافقەتی دەگەڵ ئەو مەسەلەیە نەکردوە. ئەوەش جێگای سەرنجە کە فەڕانسە بۆ ئەوەی ئاڵمان نەبێتە تاکە هێزی سەرەکی و بەتوانا لە ئورووپای یەکگرتوودا، لە ئەندامەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت پشتیوانی دەکا، هەرچەند ئەم نەزەرە بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ ڕانەگەیەندراوە.

ڕەنگدانەوەی پرۆسترویکا لە سیاسەتی دەرەوەی شۆرەوی و ئاکامی چاوپێکەوتنی سەرۆکۆمارەکانی ئەمریکا و شورەوی لە زۆر بواران دا بۆتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو. چوونەدەری ئەرتەشی سوور لە ئەفغانستان، هەوڵدانی ئەو دوو گەورە هێزە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای هێمنانە بۆ چارەسەرکردنی شەڕ و کێشە لە زۆر جێگای جیهان، بڕینی پشتیوانی لە هێندێک لە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و ئەنجامی ڕیفۆرمی سیاسی لەو وڵاتەنە، لەنێوبردنی چەکە مەودا نێونجی و کەم کردنەوەی چەکە ستراتیژیەکان و دەست پێکرانی هاوکاری لە نێوان ئەو دوو وڵاتە لە بواری تیکنۆلۆژی و تەحقیقاتی فەزایی و... لەو ئاڵوگۆڕانەن کە هەتا دوو-سێ ساڵ لەمەو پێش بە هیچ جۆرێک چاوەڕوان نەدەکران.

لە پێوەندیی دەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە هەتا ئێستا لە یەکیەتیی سۆڤیەت و ئورووپای ڕۆژهەڵات پێک هاتوون، پێویستە دوو مەسەلەمان لە بەرچاو بێ:

١- گرینگترین فاکتۆر لە هەر چەشنە ئاڵ و گۆڕێک دا، بە تایبەت لە سەرکەوتن یا تێکشکانی هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێک، یان بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازنەی گەل یان نەتەوەیەک دا، کۆمەڵانی خەڵکن. کەوابوو نابێ پێمان وابێ ئەوە تەنیا گورباچۆف بووە کە بۆتە هۆی پێشهاتنی ئەو گۆڕانکارییانە و ئەگەر ئەو نەبا، هیچ شتێک نەدەبوو. بە پێچەوانە، چ گورباچۆف هاتبا و چ نەهاتبا، درەنگ یا زوو ئەم ئاڵ و گۆڕانە هەر دەهاتنە پێش. دیارە نەخشی گورباچۆفیش کە بۆتە هۆی وە پێش خستن و خێراتر بەرەو پێشبردنی ئەو بەرنامانە دەبێ وەک عامیلێکی « یاریدەر» وەبەرچاو بگیرێ و بایخی خۆی بۆ دا بنرێ.

ئەم ڕاستی یە لە هەموو ڕووداوەکانی جیهان دا درووستیی خۆی نیشان داوە. دیارە پشتیوانی یان دژایەتی، دەستێوەردان یان نێوبژی کردنی گەورە هێزەکانی جیهانیش لەم بارەوە تەئسیری خۆی هەیە و دەبێ وەک عامیلێک چاوی لێ بکرێ. سەرکەوتنی خەڵکی ویتنام بە سەر کۆی هێزەکانی ئەمریکا، دەوڵەتی دژی گەلی و سەرکوتکەری سایگۆن و هاوپەیمانەکانیان، کە لە سەریەک زیاتر لە ١/٥ نیو میلیون نەفەر بوون، لەم بارەوە باشترین نموونەیە. ئەو سەرکەوتنە پێش هەموو شتێک ئاکامی لەخۆبوردوویی بێ وێنەی سوپای ڕزگاریدەری «قیەت کۆنگە» و کۆمەڵانی خەباتکاری خەڵکی ئەم وڵاتە بوو. بەڵام یارمەتیی بێدریغی یەکیەتیی سۆڤیەت و چین بە تایبەت لە بواری تەداروکاتی نیزامی و چەک و تەقەمەنییەوە و پشتیوانی مەعنەویی خەڵکەکانی پێشکەوتنخواز و دادپەروەری جیهانیش، دەبێ وەک دوو هۆکاری گرینگە چاویان لێ بکرێ.

٢- چ ئاکام و سەرەئەنجامی بەرنامەکانی گورباچۆف زیندووکردنەوەی سەرمایەداری لە یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بێ و -کە لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات وا بووە- چ ئەم بەرنامانە لە خزمەت گەشەپێدان و « خوێنی تازەدان» بە سوسیالیزمدا بن، هیچ شتێک لەم واقعییەتە ناگۆڕن کە سۆسیالیزم، وەک نیزامێکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، تەنیا ڕێگای لەبەین بردن و خاشەبڕکردنی هەرچەشنە چەوسانەوە و بێ عەداڵەتییەک لە کۆمەڵ دایە. بۆیە زۆر دروستمان گوتوە ئەگەر بڵێین ئەوە شێوە سۆسیالیزمی ستالینی یە کە لە گەڵ قەیران و شکست ڕووبەڕوو بووە، نەک سۆسیالیزم بە واتای ڕاستەقینەی خۆی. ئەوەش کە گورباچۆف و ڕێبەرانی تازەی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بەرەو کام لا دەڕۆن، ئەم ڕاستی یە خەوشدار نابێ.

هەرچەند ڕێبەرانی حیزبی کۆمونیست و دەوڵەتی شۆڕەوی بەرامبەر بە گشت ئەو ڕووداوانە کە لە نێو خۆی وڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەت و ئورووپای ڕۆژهەڵات هاتوونە پێش، بە نەرمی و لە سەرەخۆیی جووڵانەوە تا ئەو جێگایەی بۆیان لوا بێ خۆیان لە توندوتیژی پاراستووە و بە پەیمان و بەڵێنییەکانی خۆیان وەفادار ماونەتەوە، لە بەرامبەردا ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە زۆر بارەوە بە سیاسەتی ملهۆڕانە و دەستدرێژکەرانەی خۆی درێژەی داوە: یارمەتیدان بە موجاهیدە کۆنەپەرستەکانی ئەفغانی و دابەزاندنی هێزی چەکدار لە پاناما و گرانادا و پشتگیریکردنی لە هێزەکانی دژی دەوڵەتی کامبۆج و دانی چەک و چۆڵ بەوان، نموونەی بەرچاوی ئەم سیاسەتەن. ئەو کارانە بەهەر بیانوویەک و بەهەر مەبەستێک بەڕێوە چووبن، بێجگە لە دەستێوەردان و دەخاڵەتێکی ئاشکرا لە کاروباری وڵاتانی دیکە و پێشێلکردنی حاکمییەتی میلیی ئەو وڵاتانە لە لایان ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە، ناتوانێ ناوێکی دیکەی هەبێ.
بێجگە لەوانەش دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ لە حاڵێکدا کە پەیمانی وەرشەو بەرەو کزی دەچێ، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە فکری بەهێزکردنی پەیمانی ناتۆ دان.
ئێستا کە باس لە سەر ئاڵ و گۆڕەکان لە وڵاتانی سۆسیالیستی دا لە گۆڕێ دایە، جێی خۆیەتی هەرچەند کورت هۆیەکانی سەرکەوتنی ساندینیستەکان لە هەڵبژاردنی گشتی وڵاتەکەیان (نیکاراگوئە)دا بخرێنە بەرچاو:
ئەو فاکتۆرانەی کە لەم مەسەلەدا نەخشی سەرەکییان هەبوو، یەکەم گەمارۆدانی ئەو وڵاتە لە باری ئابووری یەوە لە لایان ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە بوو، گەمارۆیەک کە هەر لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری ساندینیستەکانەوە هەتا تەواوبوون و ڕاگەیەندرانی ئاکامی هەڵبژاردنەکە، بە توندی درێژەی هەبوو و فشارێکی زۆری خستبووە سەرشانی کۆمەڵانی خەڵک، بە چەشنێک کە ڕادەی ئاوسانی دراو لە ساڵدا گەیشتبووە ٣٠٠٪؛ بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە قازانجی ساندی نیستەکان دەنگیان نەدا لە بەر ئەوە نەبوو کە لە دەست حیزب و دەوڵەتی ساندی نیست وەزاڵە هاتوون، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە بتوانن فشاری ئابووری و نیزامی لە سەر خۆیان کەم کەنەوە. دووهەم، ئەو وەزعەی کە لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات پێکهاتبوو لە سەر بیروڕای هێندێک لە کۆمەڵانی خەڵکی نیکاراگوئە شوێنی خراپی دانا و بە قازانجی نەیارانی ساندی نیستەکان تەواو بوو، ئەوانە و هێندێک عاملیی لاوەکی دیکە بوونە هۆی ئەوە کە ساندی نیستەکان لە هەڵبژاردن دا شکست بخۆن.
یەکێکی دیکە لە ئاکامەکانی تەواوبوونی سەردەمی شەڕی سارد، هەستانی شەپۆلێکی بە هێزی دێموکراسیخوازی لە جیهان دا و بە ئاخرگەیشتنی تەمەنی هێندێک لەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆیانەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە دژایەتیی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، هەبوونی خۆیان پاراستووە. پێکهاتنی ڕیفۆرم لە هێندێک وڵات، بۆ نموونە لە شیلی و فلیپین وەلاچوون یان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لەو وڵاتانە، تا ڕادەیەکی بەر چاو ئاکامی ئەم ڕاستی یە بوون.
بە سەربەخۆیی گەیشتنی نامیبیا لە ساڵی ڕابردوودا لەو ڕووداوە گرینگانە بوو کە لە ئەفریقا هاتە پێش. پاشەکشەی ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی ئەفریقای جنووبی لە هەڵوێستی دەستدرێژکەرانەی خۆی لە پێش هەموو شتێک دا ئاکامی بێ ئەملاو ئەولای خەباتێکی لێبڕاوانە و هەموو لایەنەی خەڵکی ستەملێکراوی نامیبیا بوو. خەباتێک کە هەم لە بواری چەکدارانە

و جەماوەری یەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئیدامەی هەبوو و هەم لە بواری سیاسی لە ڕادەی نێوخۆی وڵات و جیهان دا ژیرانە بەڕێوە چوو و پشتیوانیی بیروباوەڕی گشتی خەڵکی جیهان و یارمەتیی بەرەی پێشکەوتنخواز لە خەباتی ئەو گەلە و، هەروەها هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سیاسەتی تازەی گەورە هێزەکانی جیهانیش، هەریەکەی بەش بە حاڵی خۆی و بە تێکڕاییش لەم بارەوە تەئسیریان هەبوو.

شەڕ و کێشەی نێوخۆیی لە وڵاتانی ئانگۆلا، ئێتیۆپی و کامبۆج بەرەو ئەوە دەچێ کە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێ. دیارە هەرکام لەو وڵاتانە و شەڕ و کێشەکەیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە:

لە ئانگۆلا، هەر لە سەرەتای تێکشکان و چوونەدەری ئیستعماری پورتەغال و هاتنە سەرکاری ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی مەپلا و ڕاگەیەندنی سیستمی سۆسیالیستی لەم وڵاتە بە پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و کووبا، ڕێکخراوی یونیتا، کە هەر لە ڕۆژی دەست پێکردنی شەڕی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئانگۆلاوە، وڵاتانی سەرمایەداری و چین لە بەرامبەر مەپلادا پشتیوانی یان لێ کردوە و، لە دژی مەپلا و دوایەش لە دژی دەوڵەتی ناوەندی، کە مەپلا پێکی هێناوە، ڕاوەستاوە.

هەرچەند بە پێی ئەو بەڵێنیانەی کە دوو گەورە هێزی جیهان، ئەمریکا و شۆڕەوی، بۆ چارەسەرکردنی ئەم چەشنە گێرە و کێشانە لە سەریان بە تەوافوق گەیشتوون و لەو پێوەندی‌یەدا دەوڵەتی کووبا بەشێکی زۆر لە سەربازەکانی خۆی بردۆتەدەر و، هەرچەند ڕێژیمی ئەفریقای جنووبی ڕایگەیاندوە کە لە دەستێوەردان لە کاروباری ئانگۆلا و پشتیوانی کردن و یارمەتیدان بە یونیتا دەست هەڵدەگرێ و، ئەگەر چی ئەمریکاش بە ڕواڵەت بەڵێنی‌یەکی لەم چەشنەی داوە، بەڵام هێشتاش شەڕ هەروا درێژەی هەیە، بەم جۆرە دەردەکەوێ کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بە پێچەوانەی قەول و بەڵێنییەکانیان، هەروا لە ژێرەوە بەو ڕێکخراوە یارمەتی دەدەن. چونکە ئەگەر وا نەبوایە، یونیتا بە تەنیایی توانای ئەوەی نەبوو لە بەرانبەر هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی دا درێژە بە بەربەرەکانی بدا، با لە نێو کۆمەڵی ئانگۆلادا پێگەشی هەبێ.

لە ئێتیۆپی مەسەلەکە بەتەواوی جیاوازیی هەیە. لەو وڵاتە ئازادیخوازانی ئێریتیرە بۆ وەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان، کە لە دوای تێکشکانی هێزە کانی ئیتالیای فاشیست و دەرکردنیان لە ئێتیۆپی و ئێریترە، لە لایان حەبەشە(ئێتیۆپیی ئێستا) وە داگیر کرا، خەبات دەکەن. لە سەردەمی پاشایەتی هایلا سلاسی‌دا یەکیەتیی سۆڤیەت لە بەرەی ڕزگاریخوازیی ئێریترە پشتیوانی دەکرد، بەڵام بە دوای کوودیتای هایلا مەریەم و ڕاگەیاندنی حکوومەتێکی بە ناو سۆسیالستی و لە ڕاستی دا دیکتاتۆری لە جل و بەرگێکی دیکەدا، یەکیەتیی سۆڤیەت پشتی لە بزووتنەوەی گەلی ئێریترە کرد و چووە یارمەتی دەوڵەتی ناوەندی.

بە بڕوای ئێمە خەباتی ڕزگاریخوازیی ئێرتیرە لە پێناوی ئازادکردنی نیشتمانی داگیرکراویان دا خەباتێکی پیرۆزە و سۆسیالیست بوون یا سۆسیالیست نەبوونی دەوڵەتی ناوەندییش ناتوانێ شتێک لە مەسەلەکە بگۆڕێ.

کامبۆجیش تایبەیمەندیی خۆی هەیە: لە لایەک دەوڵەتی ناوەندی ڕاوەستاوە، کە پاش تێکڕووخانی ڕێژیمی پۆلپۆت، بە پشتیوانیی دەوڵەتی ویتنام هاتە سەرکار بۆ قەرەبووکردنەوەی

ئەو وێرانکاری یانەی پۆلپۆتییەکان بە سەر وڵاتیاندا هێنابوو بە هەموو تواناوە تێکۆشاوە. لە لایەکی دیکەشەوە، دارودەستەی پۆلپۆت و لایەنگرانی شازادە سیهانۆک و ڕێکخراوی بەناو بەرەی میللی، بەرەیەکیان لە دژی دەوڵەتی ناوەندی پێک هێناوە. ئەو هێزانە، کە لە بارەی ژمارەوە پۆلپوتی یەکان بەهێزترینیانن، هەر لەسەرەتاوە لە لایان چین و ئەمریکاوە پشتیوانی یان لێ کراوە. لە هەموو بارێکەوە یارمەتییان دراوە و تەنانەت توانیویانە کورسی نوێنەرایەتیی کامبۆج لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ خۆیان ڕابگرن. ئەوە لە حاڵێک دایە کە هەموو خەڵکی جیهان و ئەوانەی بەردی دیموکراسیخوازی لە سینگان دەدەن، باش دەزانن کە پۆلپۆتییەکان لە ماوەی چەند ساڵ حاکمییەتی دژی ئینسانی خۆیان دا چ بەڵایەکیان بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتە هێناوە و چەندەیان جینایەت کردوە. بەڵام دیارە کاتێک بەرژەوەندیی خۆیان و مەسەلەی سات و سەودا دێتە گۆڕ، هەموو جینایەتێک چاوپوشی‌یان لێ دەکرێ و لەبیری دەبرێنەوە!

بە بڕوای ئێمە هەڵوێستی دەوڵەتی کامبۆج سەبارەت بە چارەسەرکردنی و کۆتایی پێهێنان بە شەڕی نێوخۆیی و هەروەها هەڵوێستی ئەو دوەڵەتە بەرامبەر بە پۆلپۆتییەکان، هەڵوێستێکی درووستە و نابێ جارێکی دیکە بە کەسانێک ڕێگا بدرێ لەم وڵاتە لە دەسەڵات دا بەشداری بکەن کە دەستیان بە خوێنی زیاتر لە یک میلیۆن نەفەر لە هاووڵاتیانی خۆیان سوورە.

دوای چوونەدەری ئەرتەشی شۆڕەوی لە ئەفغانستان ڕاگەیەنە گشتییەکانی وڵاتانی سەرمایەداری هەرا وهووریایەکی وایان وەڕێ خست کە زۆر کەس پێیان وابوو هەربینا دەوڵەتی دیموکراتیکی ئەو وڵاتە تێک ڕووخا و ئۆپۆزیسیۆنی کۆنەپەرست هاتنە سەرکار. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو هەرا هوریا و هاتە هاتەوە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی پشتیوانانی ئۆپۆزیسیون و تەنانەت دۆستانی دەوڵەتی ئەفغانستان! هێزی چەکداری ئەو وڵاتە، بە یارمەتیی کۆمەڵانی لایەنگری دەوڵەت، توانی هێرشە پەیتاپەیتاکانی ئۆپۆزیسۆن تێک بشکێنی و بەم جۆرە بەڕوونی نیشان بدا کە ئەگەر دەوڵەت یا ڕێژیمێک پشت گەرم بە هێزی گەل بێ، دەتوانێ لە بەرامبەر هەرچەشنە پیلانێکی دوژمنان دا ڕابوەستێ و لە مان و مەوجوودیەتی خۆی دیفاع بکات. ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە، هەروەک پێشتر باس کرا، ئیمپریالیزمی ئەمریکا ڕاستەوخۆ و لە ڕێگای پاکستانەوە هەروا بە ئۆپۆزیسیۆن یارمەتی دەدا.

هەرچەند هەتا ئێستا دەوڵەتی دیموکراتیکی ئەفغانستان لە بەربەرەکانی لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆنەپەرست دا سەرکەوتوو بووە، بەڵام هێشتاش مەترسیی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆنەپەرستیی ڕەش لە سەر ئەم وڵاتە وەلا نەچووە. ئەگەر بێتو ڕۆژێک ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بتوانی بێتە سەر حوکم، ناوەندێکی دیکەی کۆنەپەرستیی پێک دێ کە زۆر لە ڕێژیمی دژی گەلی و دژی ئیسانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران خراپ تر دەبێ.

ئەوەش پێویستە بگوترێ کە هەرچەند دەوڵەت بۆ تەواوکردنی شەڕ و گەڕاندنەوەی هێمنایەتی بۆ وڵات زۆر هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و تەنانەت ناوی حیزب و ڕێژیمەکەشی گۆڕیوە، بەڵام شەڕ و کێشەکە هەروا بەردەوامە.

**جیهانی سەرمایەداری**

ئەو وەزعەی کە لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و یەکیەتیی سۆڤیەت هاتە پێش لە دوو بارەوە بوو بە هۆی شادی و خۆشحاڵی وڵاتانی سەرمایەداری: یەکەم لە بەر ئەوەی کە دەرفەتێکی لەباریان بۆ ڕەخسا بۆ تەبلیغات لە دژی سوسیالیزم. بۆیە تا ئەو جێگایەی لە دەستیان هات لە ڕێگای چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکانیانەوە تەبلیغاتێکی پانو بەرینیان وەڕێخست و، لەم بوارەدا هەتا توانیان سوسیالیزم و ڕێبازی سوسیالیستییان کوتا و بەو پێیەش بە قازانجی سەرمایەداری تەبلیغاتیان کرد و ئێستاش هەر دەیکەن. دووهەم، باش دەیانزانی کە پێشهاتنی ئەو وەزعە، ئەگەر بۆ وڵاتانی سوسیالیستی گیروگرفتێکی زۆری پێکهێناوە و لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆری ڕووبەڕوو کردوون، بۆ ئەوان، بە تایبەت لەباری ئابوورییەوە، زۆر بە قازانجە. لە ڕاستییشدا، ئەو وەزعە بەکردەوە بوو بەهۆی وەلاچوونی بەشێکی بەرچاو لە گیروگرفتەکان و، تەنانەت دواکەوتنی قەیرانی ئابووری کە خەریک بوو لە هێندێک لە وڵاتانی سەرمایەداری سەری هەڵدەدا. بۆیە ئێستا کە مەسەلەی بازسازیی ئابووری و سەنعەتی لە ئورووپای ڕۆژهەڵات و یەکیەتیی سۆڤیەت هاتۆتە گۆڕێ، ئەو وڵاتانە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەرنامانە پێویستیان بە هاوکاریی وڵاتانی سەرمایەداری هەیە و لانیکەم بۆ ماوەی چەندین ساڵ سێبەری قەیرانی ئابووری لە سەر زۆربەی وڵاتانی سەرمایەداری لادەچێ و ئەو وڵاتانە دەتوانن هەر نەبێ بۆ ماوەیەک نەفەسێکی ڕاحەت بکێشن و تەنانەت کاروباری ئابووری و سەنعەتیی خۆیان ڕەونەقیش پێبدەن.

لە نێو وڵاتانی سەنعەتیی سەرمایەداری، بێجگە لە بریتانیا کە وەزعێکی زۆر لەباری نییە، ئەوانی دیکە، بە هێندێک جیاوازییەوە دەکرێ بڵێین؛ لە سەریەک لە وەزعێک دان کە بە پێی دەگوترێ «تعادل ناپایدار». بەو مانایە کە بە هۆی پێشبڕکییەکی بەڕواڵەت دۆستانە و لە سەرەخۆ، بەڵام لەڕاستیدا توندوتیژ کە لە باری ئابوورییەوە لە نێوان «بازاڕی هاوبەش» لەگەڵ باقیی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا هەیە لە لایەک و، ڕەقابەتێکی کە هەموو وڵاتانی سەنعەتیی ئورووپای ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەمریکا و بەتایبەت ژاپۆن هەیانە، لەلایەکی دیکەوە، بێگومان ناتوانێ هەروا بێ گیرو گرفت بچێتە پێش. چونکە بمانهەوێ و نەمانهەوێ، لەو پێشبڕکییەدا هێندێک هەر بەجێدەمێنن و ئەم « تعادل ناپایدار»ە تێک دەچێ. بەڵام هەروەک گوترا، ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی شوڕەوی و ئورووپای ڕۆژهەڵات، تێکچوونی ئەم «تعادل»ەی بۆماوەیەک وەدوا خستووە.

بە چاوخشاندنێک بە سەر وەزعی دۆلاری ئەمریکا لە بەرامبەر دراوە بەهێزەکانی وڵاتانی سەرمایەداری، بە تایبەت لە بەرامبەر یەنی ژاپۆن و مارکی ئاڵمان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو وڵاتەش، بەتایبەت لە بەرامبەر ژاپۆندا وەزعێکی باشی نییە، بە چەشنێک کە «کسری موازنە»ی بازرگانیی ئەمریکا دەگەڵ ژاپۆن لە ساڵ دا گەیوەتە میلیاردها دۆلار. ئەم کەسرییە هەروا دەچێتە سەر و بەپێی ئامارێک کە مانگانە بانکی ناوەندیی ئەمریکا بڵاوی دەکاتەوە ، جاروبار نەبێ، هەموو مانگێک بە قازانجی ژاپۆن زیاد دەبێ و لە ئاکام دا بەو پێیە بایی دۆلار بەرامبەر بە دراوی وڵاتانی سەنعەتیی سەرمایەداری، بەتایبەت بەرامبەر بە مارک و یەن هەروا دێتەخوار.

بێجگە لەوەش ژمارەی ئەو شیرکەت و کۆمپانیانەی کە لە ئەمریکا دێنە ڕیزی وەرشکستانەوە ساڵ دەگەڵ ساڵ لە زیادییە.

بە بڕوای هێندێک لە کارشناسانی ژاپۆنی، ئابووری و سەنعەتی ئەمریکا دوچاری نەخۆشیی سستی و بێحاڵی بووە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ئیدی کاری ئەمریکا تەواو بووە! چونکە هێشتاش ئەم وڵاتە لە باری ئابووری، سەنعەتی، کشتوکاڵ و تێکنۆلۆژی یەوە، بەهێزترین وڵاتی جیهانە. بۆ وێنە لە حاڵێکدا کە «تولید ناخالص ملی»ی ژاپۆن و ئاڵمان تازە لە تریلیۆنێک و هی شوڕەوی لە دوو تریلیۆن تێپەڕیون، هی ئەمریکا ئەو چەند ساڵە سنووری چوار تریلیۆن دۆلاری بەجێ هێشتووە!

نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە بەشێکی بەرچاوی ئەو گیروگرفتانەی کە بە تایبەت لە بواری بازرگانیی دەرەوەدا بەرۆکی ئەمریکایان گرتووە لەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەمریکا ناچارە بۆ لەگەڕ نەکەوتنی دام و دەزگای سەنعەتیی ژاپۆن و هێندێک وڵاتی دیکە دەروازەی بازاڕەگانی خۆی بە قازانجی ئەو وڵاتانە ئاواڵە ڕابگرێ. دیارە ئەوە تەنیا یەکێک لە هۆیەکانە و هەرزان تەواو بوونی شتوومەکی ژاپۆن بۆ کڕیاری ئەمریکایی و...ش لەم بارەوە تەئسیری خۆیان هەیە.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئابووریی ئەمریکا دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە یەکەم، بەشێکی زۆری هەموو بەرهەمەکانی ئەو وڵاتە لە بازاڕی نێوخۆیی دەفرۆشرێن. مانایەکی ئەو ڕاستییە ئەوەیە کە بۆ وێنە لە بەراورد دەگەڵ ژاپۆن دەکرێ بڵێین سەنعەتی ئەمریکا زۆر کەمتر نیازی بە بازاڕی دەرەوە هەیە. دووهەم ئەوەیە کە سەرمایەداریی ئەمریکا لە ڕێگای شیرکەتە گەورە «فرا ملی»یەتییەکانەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پنجی داکوتاوە و بەشێکی بەرچاو لە داهاتی زۆربەی وڵاتانی سەرمایەداری، تەنانەت هی ژاپۆنیش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا.

پەرەئەستاندن و گەشەکردنی بەردەوامی ئابووری و سەنعەتی ژاپۆن کە لە چەند ساڵ دوای تەواو بوونی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە دەستی پێکردوە و هەروا درێژی هەبووە، بێجگە لە هێندێک تایبەتمەندیی خەڵکی ئەو وڵاتە، ڕیشەی لەم ڕاستییانەش دایە: ئەگەر بێین و لە باری کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە ژاپۆن لەگەڵ باقی وڵاتانی سەنعەتیی سەرمایەداری لە بەریەک دانێین دەبینین کە :

١- هێزی کار لەو وڵاتە بە شێوەیەکی بەرچاو هەرزانترە، واتە ڕادەی «حەقدەست و مووچەیەکی کە کرێکارانی ژاپۆنی وەریدەگرن، لەخوارترە.

٢- هەرچەند بەپێی قانوون، مانگرتنی کرێکاران لە ژاپۆن بەڕەسمییەت ناسراوە، بەڵام کرێکارانی ئەندامی سەندیکایەک بە شەرتێک دەتوانن مان بگرن کە شوڕای ناوەندیی سەندیکاکانی وڵات ئیجازە بدا و، چونکە بە دەگمەن هەڵدەکەوێ زۆربەی نوێنەرانی سەندیکاکان لە سەر داخوازێکی ئاوا یەک دەنگ بن، لەئاکام دا مانگرتن و خۆپیشاندان لە ژاپۆن زۆر بە کەمی دێتە پێش.

٣- پەرەپێدانی شێوەیەک لە کار کە بە «کار لە جێگای ژیان» ناوی دەرکردوە و بۆ ئەم شێوە کارە زیاتر لە ژنان کەلک وەردەگیرێ. بەو مانایە کە کابانی ماڵ، دەگەڵ ئەوەی کاروباری بنەماڵەکەی جێبەجێ دەکا، هەر لە ماڵە خۆی بە شێوەی حەقدەست وەرگرتن بۆ کارخانەیەکیش کار دەکا. دیارە لەم چەشنە کارەدا کە وەک عامیلێکی سەرەکی نابێ چاوی لێ

بکرێ، شتێک بەناوی بیمە و مەرەخەسی و... لە ئارادا نییە.

بێجگە لەو هۆیانە کە باسیان کرا، کە لە سەریەک دەبنە هۆی هەرزان تەواوبوونی بەرهەمە سەنعەتییەکان، موودیرییەتی درووست، بەرنامەڕێژیی بەجێ و کەڵک وەرگرتن لە تکنیکی مۆدێرن و کارامە، لە پێشکەوتنی ئابووریی ژاپۆندا نەخشی گرینگیان هەبووە.

شتێکی دیکەش کە لەم پێوەندییەدا نابێ چاوپۆشی لێ بکرێ ئەوەیە کە ژاپۆن، بەپێچەوانەی ئەمریکا و شوڕەوی نە قورسایی باری درووستکردن و ڕاگرتنی چەکی ئەتۆمی لە سەرشان بووە و نە لە باری ئابووری و نیزامییەوە بۆ کۆمەک کردن بە وڵاتانی دیکە «تعهد»ێکی هەبووە. ئەو مەسەلەیە لە پێوەندیی لەگەڵ ئاڵمانیش دا دروستە. لە حاڵێکدا ئەمریکا و شوڕەوی هەموو ساڵێ بە میلیاردها دۆلاریان خەرجی چەکی ئەتۆمی کردوە و میلیاردها دۆلاریشان وەک یارمەتیی ئابووری و نیزامی داوە بە هاوپەیمانەکانیان. ئەم فاکتۆرەش بە نۆبەی خۆی لە چوونە پێشی ئابووریی ژاپۆن و ئاڵمان دا شوێنەواری باشی داناوە.

سەبارەت بە پێوەندیی ئابووری و تێکنۆلۆژی نێوان ئەمریکا و ژاپۆن پێوستە ئەوەش بگوترێ کە زۆربەی «اختراع»ە کان، بەتایبەت لە بواری ئێلیکترۆنیک و کامپیۆتێردا، لە ئەمریکا دەکرێن، بەڵام زۆربەی ئەو دەزگا و ماشێنانەی کە لە ئەساسی ئەو» اختراع»انە درووست دەکرێن هی ژاپۆنن. هۆیەکشی دوو شتن: یەکەم؛ هەروەک پێشتر باسکرا، هێزی کار لە ژاپۆن هەرزانترە و دووهەم؛ لەسەر یەک ژاپۆنییەکان بۆ دابەزاندن و کەلکوەرگرتن لە «اختراع»ەکان بەکارترن.

هەروەک پێشتریش بە کورتی ئیشارەیەکی پێکرا، گەشەکردن و پەرەئەستاندنی ئابووریی ژاپۆن، زیاتر لە هەموو وڵاتانی سەنعەتی بە بازاڕەکانی جیهانەوە بەستراوەتەوە، بە چەشنێک کە ئەگەر ماوەیەکی کورت دەروازەی ئەو بازاڕانەی لێ داخرێ، وەزعی زۆر شپرێو دەبێ.

لە سەریەک پارسەنگی پێوەندییە بازرگانییەکان لە ڕادەی جیهان دا هەروا بە قازانجی وڵاتانی سەرمایەداری و بە زیانی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەچێتە پێش. وڵاتانی سەرمایەداری، کە دەکرێ بڵێین بازاڕەکانی جیهانیان بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵ دایە، ڕۆژبەڕۆژ نرخی شتوومەکی خۆیان دەبەنە سەر و بەم پێیەش لە نرخی ئەو کاڵا و کەرەستانەی کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دێنە ئەو بازاڕانە و زۆربەیان کەرەستەی خاون، کەم دەکەنەوە. لە ئاکامدا، فاسیلەی نێوان وڵاتانی سەنعەتی لەگەڵ وڵاتانی « پەرەئەستێن» ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ و ئەو فاسیلەیە بەشێوەی تەساعودی زیاد دەکا. کار گەیوەتە جێگایەک کە وڵاتانی وەک برێزیل، ئارژانتین و میکزیک، کە لە وڵاتانی نیوە سەنعەتیی جیهان و سەنحەتیی جیهانی سێهەم بە حیسێب دێن، وەها کەوتوونە ژێر باری قەرزی وڵاتانی سەرمایەدارییەوە کە ئەوە ماوەی چەند ساڵە نەیانتوانیوە تەنانەت لە عۆدەی دانی سوودی ئەو قەرزانەی کە لە سەریەک سەر لە سەدان میلیارد دۆلار دەدا بێنە دەر – دانەوەی ئەسڵی قەرزەکان هەر بۆ باس کردن نابێ!

بێجگە لە وڵاتانی خاوەن نەوت، کە هێندێکیان وەک وڵاتانی عەرەب زۆر دەوڵەمەندن، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە بەراورد دەگەڵ وڵاتانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، وەزعێکی باشتریان هەیە. هێندێک لەوانە، وەک تایوان، سەنگاپوور و هۆنگ کۆنگ، بەتایبەت کورەی جنووبی، لە باری ئابووری و سەنعەتییەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو چوونە پێش، بە جۆرێک کە بە تایبەت لە بواری «صنایع مصرفی»یەوە لەگەڵ ژاپۆن بەربەرەکانی دەکەن. دیارە ئەم بەربەرەکانییە

هەم لە بوارێکی بەرتەسک دایە و هەم شتومەکێکی کە ئەو وڵاتانە دەیرێژنە نێو بازارەکانی جیهانەوە، لە باری چۆنیەتییەوە، لە پلەیەکی نزمتر دان. بەڵام چونکە هەرزان تر تەواو دەبن، تا ڕادەیەکی بەرچاو جێگای خۆیان لە بازارەکاندا کردۆتەوە و، هیچ دوور نیە ئەو بەڵایەی بە سەر سەنعەتی ژاپۆن بێنن کە ژاپۆن بەسەر سەنعەتی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوای هێنا.
یارمەتیی ئابووری و سەنعەتی و دانانی سەرمایە لە لایەن وڵاتانی سەرمایەداری لەو بەشە لە جیهان و هێزی کاری هەرزان لەو هۆیە سەرەکییانەن کە ڕێگایان بۆ بەرەوپێشچوونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا خۆش کردوە. تایبەتمەندیەکانی خەڵکی ئەم وڵاتانە، وەک وردی و بەردەوام بوون لە سەر کار و ئەرک وەخۆگری و هەروەها پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەم بارەوە تەئسیری خۆیان هەبووە وهەیە.
بە کورتی، بە لە بەر چاوگرتنی هەموو ئەو شتانەی کە باس کران، وەزعی جیهان لە ساڵانی داهاتوودا ئاوا چاوەڕوان دەکرێ:
–لە ئاکامی ڕێککەوتنەکانی ئەمریکا و شوڕەوی، چەکە ئەتۆمییەکان، ئەگەر بە تەواوییش لە بەین نەبرێن، کەم دەکرێنەوە و هەر بەم پێیەش مەترسی شەڕی ئەتۆمی کەمتر دەبێتەوە.
–ئابووریی وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و ژاپۆن (لانیکەم بۆ ماوەیەک) زیاتر گەشە دەکا و پەرەدەستێنێ.
–بەشێکی بەرچاو لەو گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و یەکیەتیی سۆڤیەت چارەسەر دەکرێن. بەڵام زۆری پێناچێ گیروگرفتی دیکە، وەک چوونەسەری نرخی پێداویستییەکان و سەرهەڵدان و پەرەئەستاندنی بێکاری، دێنە گۆڕێ – هەر لە ئێستاوە شوێنەواری ئەم دوو مەسەلە بەرچاو دەکەوێ.
–هەرچی زەمان دەچێتە پێش، «فاصلە»ی نێوان وڵاتانی سەنعەتی (ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات) لەگەڵ وڵاتانی «پەرەئەستێن» زیاتر دەبێ و ئەو ڕەوتە کە بە شێوەی «تصاعدی» دەچێتە پێش، دەبێتە هۆی ئەوە کە وڵاتانی جیهانی سێهەم نەتوانن خۆیان بگەیەننەوە وڵاتانی سەنعەتی و ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەیەکی زیاتر دەست بە یەخە بن. مەسەلەیەکی دیکەش کە بۆتە سەرباری دەردەکانی ئەو وڵاتانە، زیادبوونی حەشیمەتە، بە چەشنێک کە لە هێندێک وڵاتی ئاسیایی و ئەفریقایی، زیادبوونی حەشیمەت لە ساڵدا گەیوەتە ٣/٥ ٪ سەد، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم ڕەقەمە لە وڵاتانی سەرمایەداری بە دەگمەن دەگاتە ١٪.
–پەرەئەستاندنی شەپۆلی دیموکراسیخوازی، چاوەڕوان دەکرێ هێندێک لە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان یان لەسەر کار لابچن یان بەرەو لیبرالیزاسیۆن بڕۆن.
– بە کەمبوونەوە یان برانی پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان، ئەم بزووتنەوانە پێ بە پێی وەزعی تازە لە ستراتیژی و تاکتیکەکانیاندا هێندێک ئاڵوگۆڕ پێک دێنن.
–بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات هاتونە پێش و بە هۆی تەبلیغاتێکی پان و بەرین کە لە لایەن دەزگا تەبلیغاتییەکانی وڵاتانی سەرمایەداری لەم بارەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی پێکراوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش پەرەی پێدەدرێ، بزووتنەوە کرێکارییەکان بۆ ماوەیەک پاشەکشە دەکەن، بەڵام دوای ئەوە کە ئەو شەپۆلە ڕابرد و وەزعەکە هاتەوە سەر بارودۆخی خۆی، سەر لە نوێ و بە هێزێکی زیاتر

وەگەڕ دەکەونەوە.

– برسیەتیی بەشێک لە خەڵکی جیهان بەتایبەت لە ئەفریقا، ئەگەر کەمیش بێتەوە، خاشەبڕ ناکرێ. چونکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە هەنگاوی ئەساسی هەڵنەگیراوە و یارمەتیی وڵاتانی دیکە بەو خەڵکە برسییە هەر بەشی نانە زگییان دەکات و بۆ ماوەیەک لە چنگ برسیەتی ڕزگاریان دەکا. چوونەسەری ڕادی حەشیمەتیش لەو وڵاتە برسییانە هەرچی زیاتر ئەو مەسەلەیە توندوتیژتر دەکا.

– پەرەئەستاندنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری سەنعەت و بڵاوبوونەوەی بنکە و بونیاتە سەنعەتییەکان لە زۆربەی وڵاتانی سەنعەتی و نیوەسەنعەتیی جیهان مرۆڤایەتی لە گەڵ مەترسییەکی دیکە ڕووبەڕوو کردوە و ئەویش «آلودگی محیط زیست»ە. هەرچی «آلودگی هوا» زیاتر دەبێ، جەنگەڵ و لێڕەوارەکان بە هۆی بارانی ئەسیدی زیاتر لەبەین دەچێ و لەبەینچوونی ئەوانیش بۆخۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئالوودەبوونی زیاتری جێگای ژیان و کەمبوونەوەی ڕادەی باران. مەترسییەکی کە ئەم وەزعە پێکی هێناوە بۆتە هۆی ئەوە کە لە زۆر وڵاتان بزووتنەوەی دیفاع لە موحیتی زیست پێکهاتووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش پەرەدەستێنێ.

### ٢- وەزعی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هۆی ئەوە کە:

– لە نێوان سێ قاڕەی ئاسیا و ئورووپا و ئەفریقا هەڵکەتووە،

– لە باری نەوت و زۆر سەرچاوەی ژێرزەمینیی دیکەوە دەوڵەمەندە،

– دراوسێی دیوار بە دیواری یەکیەتیی سۆڤیەتە،

– چەند جێگای گرینگی ئاوی وەک کاناڵی سوئێز، باب المندب، تەنگەی هورموز، بوسفور و داردانیل لەو مەڵبەندە هەڵکەوتوون.

– ژمارەیەکی زۆر گەل و نەتەوەی جۆراجۆر بە ڕەگەز و ئایینی جیاوازەوە تێیدا نیشتەجێن. یەکێک لە گرینگترین ناوچە ستراتیژیکەکانی جیهان بە حسێب دێ و بۆیە بە درێژایی مێژوو، بە تایبەت لە چەرخی بیستەمدا، زۆرکەم ڕووی ئاسایشی بەخۆیەوە دیوە و هەرچەند ساڵ جارێک شەڕ و کوشت و کوشتاری لێ سازبووە.

بەتایبەت پاش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین، ئەم ناوچەیە تووشی ئاڵۆزییەکی زۆرتر بووە. لە لایەک کێشەی عەرەب و ئیسرائیل، کە هەتا ئێستا چەند جار بۆتە هۆی تێکهەڵچوونی زۆر قورسی نیزامی، هەروەک ژیلەمۆیەک وایە کە هەمیشە مەترسیی هەڵگیرسانەوەی شەڕی لێ دەکرێ.

لە لایەکی دیکەشەوە ، ڕێکخراوە خەباتکار و شۆڕشگێرکانی فەلەستینی لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا بۆ ڕزگاریی نیشتمان و گەیشتن بە مافی میلیی خۆیان گەلێک فیداکاری و لە خۆبوردووییان لەخۆ نیشان داوە و لەم ڕێگایەدا بە هەزران نەفەر قوربانییان داوە، بەڵام بە هۆی پشتیوانیی هەموو لایەنەی ئیمپریالیزم لە دەوڵەتی ئیسرائیل، هێشتا ئەم گەلە بەشخوراوە نەیتوانیوە بە ئامانجی پیرۆزی بگا.

ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەڵکی فەلەستین، کە دوو ساڵ و چەند مانگە دەستی پێکردوە و هەروا درێژەی هەیە، دوڵەتی ئیسرائیلی لە هەموو بارێکەوە دەفشار ناوە بە چەشنێک کە سەرەڕای

زەبروزەنگێکی کە هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل لە دژی ئەم خەڵکە ڕاپەڕیوە بەکاری دێنن و سەرەڕای ئەوە کە هەتا ئێستا بە سەدان کەس بە دەستی ئەو هێزانە کوژراون، ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە، کە بە «انتفاضە» ناوی دەرکردوە، ڕۆژ بە ڕۆژ بەتین و تەوژمێکی زۆرترەوە دەچێتە پێش.

بزووتنەوەی «انتفاضە» بێجگە لەوەی کە ڕێژیمی ئیسرائیلی دەگەڵ تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر ڕووبەڕوو کردوە، بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. هێشتا ماوەیەکی زۆر لە دەستپێکردنی ئەم بزووتنەوەیە تێ نەپەڕیبوو کە شوڕای میلیی فەلەستین دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی ڕاگەیاند. ئەم دەوڵەتە کە لە دەرەوەی وڵات پێکهاتووە لە ماوەیەکی کورت دا لە لایەن زۆربەی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بەڕەسمییەت ناسراوە.

بەربەرەکانیی دلێرانەی دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین و دەنگدانەوەی لە دەرەوەی وڵات و سەرکەوتنە سیاسییەکانی دەوڵەتی فەلەستین، سەرەئەنجام بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێک لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسرائیل، بە تایبەت ڕێبەرانی حیزبی کرێکار، بێنە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ چارەسەرکردنی هێمنانەی مەسەلەی فەلەستین مل ڕابکێشن. دیارە لەم نێوەدا، سیاسەتی هاودەنگی شورەوی و ئەمریکاش لە سەر نەرم کردنی هەڵوێستی توندوتیژی ئیسرائیلییەکان دەبێ وەک عامیلێک لە بەر چاو بگیرێ.

بە کورتی، سەرەڕای هەموو تێهەڵچوونەوە و کەڵەوەکێشیەکی کە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسرائیل دەیکەن و سەرەڕای ئەوەش کە هەر جارناجارێک هێزی هەوایی ئەو دەوڵەتە هێرش دەکاتە سەر قەرارگا و پێگەکانی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان، بێگومان گەلی قارەمانی فەلەستین درەنگ یا زوو، سەردەکەوێ و بە ئامانجی خۆی دەگا.

لوبنان، وەک بەشێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ڕاستیدا باشترین نموونە و نوێنگەی هەموو ناکۆکی و دژایەتییەکانی ناوچە لە گشت بوارەکان دایە. لە باری ستراتیژیکیشەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر لێواری دەریای مەدیتەرانە هەڵکەوتووە، گرینگترین نوختەیە. لەم وڵاتە چکۆڵەدا چەند میللیەتی جۆراوجۆر بە داب و نەریت و ئایینی جیاوازەوە دەژین: عەرەبەکان، کە زۆربەی حەشیمەتەکە پێک دێنن، بەشێکیان شیعەن و بەشێک سوننی. مارۆونییەکان، کە مەسیحی مەزهەبن و دروزییەکان کە ئایینی تایبەت بە خۆیان هەیە.

پاش چوونەدەری ئیستعماری فەڕانسە و بە سەربەخۆیی گەیشتنی ئەم وڵاتە، حاکمییەتی سیاسی بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک بەرچاو دێموکراتیک لە نێو میللیەتەکان دابەش کرا، بەم جۆرە کە پۆستی سەرۆک کۆماری درا بە مەسیحییەکان، سەرۆک وەزیریی بە موسوڵمانە سوننییەکان و سەرۆکایەتیی مەجلیس درا بە موسوڵمانە شیعەکان.

بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ، لوبنان وەک نموونەیەک لە وڵاتانی دێموکرات بە ژیانی هێمنانەی خۆی درێژەی دا، بەڵام بەداخەوە بەرەبەرە ناکۆکی سەری هەڵدا. ڕیشە ی ئەم ناکۆکی یە لە ئەساسدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر دوو شت؛ یەکەم، ئەوە کە مەسیحییەکان دەکرێ بڵێین زۆرترین بەشی ئابووریی وڵاتیان بەدەستەوە گرتبوو، بەڵام موسوڵمانە شیعەکان کە حەشیمەتیان بە شێوەی جیاجیا هەم لە مەسیحییەکان زۆرترە و هەم لە موسوڵمانە سوننییەکان، لە باری ئابوورییەوە لە وەزعێکی خراپ دا دەژیان. دووهەم، مەسیحییەکان،

هەرچەند کەمایەتیش بوون، بەڵام لە باری سیاسییشەوە لە هەمووان بە هێزتر بوون و زۆربەی پۆستە گرینگەکانی حکوومەتییان بە دەستەوە بوو.

هاتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاوارەکانی فەلەستینی بۆ لوبنان و نیشتەجێ بوونیان لە جنووبی ئەو وڵاتە مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کرد. دەستێوەردانی ئیسرائیل لە کاروباری جنووب و پەیدا بوونی ڕێکخراو و دەستە و تاقمی جۆراوجۆر و دامەزرانی بنکە و قەرارگای سازمانە فەلەستینییەکان لە زۆر شوێنی ئەو وڵاتە و هێرشی نیزامیی ئیسرائیل و داگیرکردنی بەشێک لە ناوچەی جنووب و هەروەها دەست تێوەردانی وڵاتانی عەرەب(هەر یەکەی بە قازانجی خۆی) وەزعێکی وای پێکهێنا کە ئاگری شەڕی نێوخۆیی لە نێوان مەسیحییەکانی و موسوڵمانە شیعەکان و جار جاریش موسوڵمانانی سوننی و دەرووزییەکان، لە هەموو لایەکەوە هەڵایسا، ئاورێک کە سەرئەنجام ڕێکخراوە فەلەستینییەکانیش گرتەوە. لەو شەڕ و ئاژاوانە دا زۆر کەم وا هەبوو کە بەرەیەک یان چەند بەرەی بە تەواوی جیاواز بەدی بکرێن. چونکە هەرکام لەو میللەتانە و هەرکام لە موسوڵمانە شیعە و سوننییەکان و دەرووزییەکان زۆرجار هەڵوێستیان گۆڕیوە و هەرجارەی لە لایەک دژی لایەکی دیکە شەڕیان کردوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، سەر و کەللەی ئاخوندەکانیش لە لوبنان پەیدا بوو و ئەوانیش هەتا ئەو جێگایەی لە دەستیان هاتووە بۆ خۆشکردنی ئاوری ئەو شەڕە هەوڵیان داوە و ساتێک لە ئاژاوە نانەوە، بە تایبەت لە نێو موسوڵمانە شیعەکان دا، ڕانەوەستاون. ئێستا ماوەیەکە لە نێوان سازمانی ئەمەل کە سەر بە سووریەیە و ڕێکخراوی «حزب الله» کە سەر بە کۆماری ئیسلامییە و هەردووکیان شیعەن، شەڕێکی خوێناوی بەردەوامە.

بە کورتی، ئێستا هەم مەسیحییەکان لەنێو خۆیاندا و هەم موسوڵمانە شیعەکان شەڕ و ناکۆکییان لەبەین دایە و هەم هەموو لایەک لە دژی یەکتر ڕاوەستاون. نێوبژیکردنی وڵاتانی عەرەب و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیش هەتا ئێستا فایدەیەکی ئەوتۆی نەبووە و وێش ناچێ ئەم ئاگرە بەم زووانە بکوژێتەوە. بۆیە بەداخەوە دەبێ بڵێین کە مەترسیی پارچەپارچە بوون و تەنانەت دابەش بوونیش هەڕەشە لەو وڵاتانە دەکا.

### ٣- وەزعی ئێران

خومەینی، دوای دە ساڵ جینایەت و کوشت و کوشتار و بێ ئەوەی کە لە شەڕی کۆنەپەرستانە و لە « صدور انقلاب»ە کەی دا سەرکەوتنی وەدەست هێنابێ، مرد و ڕێژیمەکەی بە دنیایەک گیروگرفت، وڵاتەکەمانی بە نیوەوێرانی و بێ سەرو سامانی و گەلانی ئێرانی بە برسیایەتی و بێ دەرەتانییەوە بەجێ هێشت.

دوای مردنی خومەینی، ئاخوندەکان بۆ داپۆشینی هەموو ئەو گیروگرفتانەی کە وەک میراتێکی شووم بۆیان بە جێ ماوە و بۆ ئەوەی کە پێش بە جموجۆڵی خەڵک بگرن، بە سیاسەتی کوشت و بڕ و زەبروزەنگ، کە دوای قبووڵکرانی ئاگربەس و پێش مەرگی خومەینی دەستیان پێ کردبوو، درێژەیان دا و بگرە زۆریش توندوتیژتریان کرد. ئێعدامی بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان لە هەموو بەندیخانەکانی سەرانسەری وڵات بەرهەمی ئەم سیاسەتە بوو.

زۆربەی وڵاتان، بە تایبەت وڵاتانی ئیمپریالیستی وایان دەنواند کە بە هاتنە سەرکاری ڕەفسەنجانی و بوونی بە سەرۆک کۆمار سیاسەتی زەبروو زەنگ تەواو دەبێ، ڕێژیم بەرەو

نەرمتربوون هەنگاو دەنێ، یان هەر نەبێ دەستدرێژیی ڕێژیم بۆ سەر ژیانی «خصوصی»ی ئەفراد کەم دەبێتەوە لە ئاکام دا وەزعێکی ئەوتۆ پێکدێ بۆ ئەوەی کە سەرمایەدارە خاریجییەکان بتوانن بە دڵنیاییەوە لە ئێران دا سەرمایەگوزاری بکەن.

دیارە وڵاتانی سەرمایەداری هەروەها بە خۆڕایش کیسەیان بۆ ڕەفسەنجانی هەڵنەدرووبو و هەڵیان نەدرووە، چونکە بە چاوخشاندنێک بە سەر ڕووداوەکانی یازدە ساڵی ڕابردوودا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ هەر لە قسەکردنی ئەو ئاخوندە لە زانستگەی تەوریز و داخرانی ئەو زانستگە و ڕووداوەکانی خوێناویی زانستگەی تاران و باقی شارەکانەوە بگرە هەتا ئەو ڕۆژەی خۆی گەیاندە پۆستی سەرۆک کۆماریی ڕێژیم، لە هەموو ئاژاوەنانەوە و هیرشێک بۆ سەر حیزب و ڕێکخراوە خەباتکار و دژی ئیمپریالیستەکان و سەرکوتی گەلانی ئێران و هەموو وێرانکاریی و جینایەتێک دا نەخشی سەرەکی بووە و هیچ پیلانێک نەبووە کە دەستی ئەو کابرایەی تێدا نەبووبێ. بۆیە، ئەگەر بڵێین پشتیوانی ناڕاستەخۆ، زۆرجاریش ڕاستەخۆی بڵیندگۆ تەبلیغاتی و کۆڕو کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکان لەو ئاخوندە هەروا شتێکی بە خۆڕایی نییە و ئەو «هەویرە زۆر ئاو دەبا!» شتێکی درووستمان گوتووە.

کاتێک ڕەفسەنجانی بوو بە سەرۆک کۆماری ڕێژیم ، لەگەڵ چەند گیروگرفتی ئەساسی بەرەوڕوو بوو کە بە کورتی بریتین لە:

١- خراپ بوونی وەزعی وڵات لە گشت بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە و، ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە چەنگ گرانی و دژوارییەکانی ژیان.

٢- بازسازیی بنکە و بونیاتە سەنعەتی و کشتوکاڵییەکان و ئاوەدانکردنەوەی شار و شارۆچکە و گوندە وێرانکراوەکان.

٣- هەبوونی ناکۆکی و دژایەتی لە نێو باڵەکانی ڕێژیم و ناڕەایەتیی بەشێکی بەرچاو لە ڕووحانییەت بە تایبەت لە پلەکانی سەرەوەدا، سەبارەت بە هەڵبژاردنی خامنەیی بە جێنشینی خومەینی و کردنی بە « وەلی فقیە».

٤- بێزاریی خەڵکی جیهان لە ڕێژیم بە هۆی کردەوە تیرۆریستییەکانی لە دەرەوەی ئێران و ئەو جینایەتانەی لە نێوخۆیی وڵات کردوونی و هتد.

ڕەفسەنجانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم وەزعە نالەبارە لە هەموو بوارەکان دا دەست بە کار بوو، بەڵام لە هەر بوارێک دا تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی ئەوتۆ هاتووە کە یان لە نیوە ڕێدا وەستاوە و یان بۆ ماوەیەک پاشەکشەی کردوە تاکوو بتوانێ لە دەرفەتێکی دیکەدا بەختی خۆی تاقی بکاتەوە.

هەوەڵین هەنگاوێک کە ڕەفسەنجانی و هاوکارەکانی بۆ بەناو بازسازیی هەڵیان هێنایەوە دارشتنی گەڵاڵەیەکی ٥ ساڵەی ئابووری بوو کە پاش چەند مانگ باس لەسەرکردن و دەستێوەردانی و سەروبن کردن لە مەجلیسی ڕێژیم بە «تصویب»یان گەیاند. لەم گەڵاڵەیەدا بێجگە لەو «اعتبارات»ەی کە دەبێ ڕێژیم لە ڕێگای فرۆشی نەوتەوە دابینی بکا و سەر لە ٢٠٠ میلیارد دۆلار دەدا، مەبلەغی ٢٨ میلیارد دۆلاریش بۆ وەرگرتنی قەرز لە سەرمایەدارانی دەرەوە لە نەزەر گیراوە.

بە حیسابێکی سەرقامکان و بە بەراوردکردنی ئەرزێک کە لە ڕێگای» صادرات»ەوە لە ماوەی ئەم ٥ ساڵەدا وەچنگ ڕێژیم دەکەوێ و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە زیاتر

لە ٩٠ ٪ داهاتی ڕێژیم لە ڕێگای فرۆشی نەوتەوەیە، دەڵێین؛ ئەگەر ڕێژیم بتوانێ لە کەم بوونەوەی داهاتی خۆی پێشگیری بکا و ئەو میزانە، کە ساڵانە بە ئێعترافی وەزیری «معاون و فلزات» ئەو پەڕەکەی ١٢ میلیارد دۆلارە هەروا ڕاگرێ و لەو ٥ ساڵەشدا تەنانەت حەوتوویەک «صادرات« ی نەوت ڕانەوەستێ . کۆی داهاتی ڕێژیم لەم ماوەیەدا دەبێتە نزیک ٦٠ میلیارد دۆلار. ئەوە لە کاتێک دا کە هەم داهات بە دژواری بۆ دابین کردنی پێویستی‌یەکانی گشتی، وەک کاڵا ئەساسییەکان، دەرمان، دیفاعی و... بەش دەکا! *(بڕواننە پەراوێزی ئاخری ئەم بەشە لە لاپەڕەی ٥٩) ئاخوندەکان باقی ئەو پووڵە لە کۆی دێنن؟

بێجگە لەوەش، ئەو ٢٨ میلیاردەی کە بۆ وەرگرتنی قەرز لە سەرمایەدارە خاریجییەکان، لە نەزەر گیراوە، هەتا ئێستا هەروا لە چوارچێوی قسەدا ماوەتەوە. چونکە هێشتا سەرمایەدارە خاریجیەکان، لەبەر نەبوونی هەلومەرجی لەبار نەیانوێراوە قەرە لە قەرەی ڕێژیم بدەن. ئەوە کە ژاپۆنییەکانیان حازر دەبن ٩٠٠ میلیۆن دۆلار بابەتی خەسارەت بدەن بە ئاخوندەکان بۆ ئەوەی خۆیان لە شەریکایەتیی درووستکردنی «مجتمع بزرگ پتروشیمی»ی ئێران دەرباوێن، ئەگەر زۆرتر لە بەر ئەوەیە کە ئەو کارخانەگەورەیە ئەوەندە وێران بووە کە خەرج لێ کردنی بە خۆڕاییە و پێیان وا بووە کە داهاتەکەی ناتوانێ قەرەبووی خەرجە کان بکاتەوە، هەر نەبێ بەشێکیش لە بەر نەبوونی هەلومەرجی لەبار لە ئێران بە شێوەیەکی گشتییە.

کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پووڵانەی کە لە سەردەمی شادا لە بانکەکانی ئەمریکا دانرابوون و دوایە بلووکە کراون، و هەروەها بۆ ئەستاندنەوەی ئەو یەک میلیارد دۆلارێ کە شا بە قەرز دابووی بە شیرکەتێکی فەڕانسەیی، زۆریان هەوڵ داوە و تا ئێستا توانیویانە لە سەریەک ١/٥ میلیارد لە ئەمریکا و جێیەکیش ٣٥٠ میلیۆن دۆلار لە فەڕانسەییەکان وەرگرنەوە.

ئاخوندەکان بە کەلک وەرگرتن لەو پووڵانە و لەو ٩٠٠ میلیۆن دۆلارەی کە لە ژاپۆنییەکان وەریان گرت توانیان بۆ ماوەی یەک دوو مانگ هێندێک نرخی پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک بێننە خوار و بە شێوەیەکی کاتی فەرحانییەک بخەنە وڵات. بەڵام وەزعەکە زۆری نەخایەند و هێندەی پێ نەچوو نرخی هەموو شتێک چووە سەر تەنانەت لە جارانیش تێپەڕی.

ئێستا لە بەراورد دەگەڵ نرخی دۆلار، پووڵی ئێران نیسبەت بە ساڵەکانی سەرەتای دەسەڵاتی ئاخوندەکان بیست بەرامبەر هاتۆتەخوار و، بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە لە ماوەی ئەو دەساڵەدا «دستمزد پایە»ی کرێکاران تەنیا ٤٠٪ چۆتە سەر و «حقوق»ی مانگانەی کارمەندان و هەموو ئەو کاسانەی داهاتێکی سابیتیان هەیە، نەگۆڕاوە و تەنانەت کەمیش کراوەتەوە، تێگەیشتن لە وەزعی ژیانی کۆمەڵانی هەژار و دەست تەنگی کرێکاران و کارمەندکان کارێکی دژوار نییە. هاندانی کۆمەڵانی هەژاری خەڵک بۆ «قناعت»کردن و کەمتر خواردن تەنیا شتێک بووە کە لەم بارەوە لە دەستی ئاخوندەکان هاتووە.

کاری ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بازسازیی بنکە و بونیاتە سەنعەتییەکان تا ئەو جێگایەی پێویستی بە هێنانی کەرەسەی جوراوجۆر لە دەرەوەڕا نەبووە تا ڕادەیەک چۆتەپێش، بەڵام لەم بارەوە لایەنی نیزامی و تەبلیغاتی مەسەلەکە زۆرتر لەبەرچاو گیراوە هەتا نیازی ئابووریی وڵات و پێویستییەکانی خەڵک. ئەو بەشانەش کە پێویستیان بە هێنانی کەرەستە لە دەرەوەی وڵاتڕا هەبووە زۆرکەم پێشڕەفتیان کردوە.

بە گشتی هێشاش زیاتر لە ٤٠٪ ی کارخانەکان هەروا داخراون و ئەوانەش کە کار دەکەن لە باشترین حاڵەت دا دەتوانن ٥٠ لە سەدی «ظرفیت» و توانای بەرهەمهێنانی خۆیان وەگەر بخەن. بۆیە ڕادەی بێکاران، تەنانەت دوای دەست بە کاربوونی ڕێژیم بۆ بەڕێوەبردنی بە ناو بەرنامەی ٥ ساڵەش، هەروا چۆتە سەر. بەم پێیە، بە لەبەر چاوگرتنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە دوای تەواوکردنی دەورەی دەبیرستان و زانستگە هاتوونە بازاڕی کار و کاریان وەگیر نەکەوتووە و ئاوارەکانی شەڕ(کە هێشتا بەشێکی بەرچاویان نەیانتوانیوە بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان) دەکرێ بڵێین زیاتر لە ٥ میلیۆن نەفەر بێکار لە ئێران هەن. ئەوە بێجگە لەو ١/٥ –٢ میلیۆن ئاوارەی ئەفغانییەیە کە لە ڕاستی دا دەبێ وەک بێکار چاویان لێ بکرێ.

لە هەلو مەرجێکی ئاوادایە کە ژمارەیەکی بچووک لە سەرمایەدارەکان و تازە بەسەرداکوتووەکانی سەر بە ئاخوندەکان وەک زەروو خوێنی خەڵک دەمژن، کاری تاڵان و بڕۆی ئەم جەماعەتە گەیوەتە جێگایەک کە تەنانەت دەنگی ڕۆژنامەکانی سەر بە ڕێژیم، وەک «جمهوری اسلامی»، «کیهان»، «اطلاعات» و « ڕساڵت» و...*دەرهاتووە و ڕۆژ نیە بەرپرسانی ئەو ڕۆژنامانە هاواری ڕەخنە و ئیعتیڕازیان بەرز نەبێتەوە و داوا لە کاربەدەستانی ڕێژیم نەکەن بۆ چارەسەریی ئەم وەزعە و بەربەرەکانی لە دژی ئەم تاڵانچییانە ڕێگایەک بدۆزنەوە.

ئەو هەرا وهوریا تەبلیغاتییەش کە ئاخوندەکان هەر جار نا جارێک بۆ بەڕێوەبردنی بەناو قانوونی بەربەرەکانی لە دژی گرانفرۆشان و «محتکران» سازی دەکەن، هیچ ئاکامێکی نەبووە چونکە لە لایەکەوە بەشێک لە ئاخوندەکان بۆخۆیان دەستیان تێدایە و بە شێکیش لەو سەرمایەدارە گەورانەی سەر بە ئاخوندەکانن و لە لایەکی دیکەشەوە گرانی و «احتکار» ئاکامی بێ ئەم لا وئەلای کەمبوونی «عرضە» و زۆربوونی «تقاضا» یە و بە تەبلیغات و هەڕەشە و گوڕەشە، یان بە زەبروزەنگ و تەنانەت بە ئێعدامیش چاری ناکرێ.

پەرەئەستاندنی بێکاری و زاڵ بوونی سەرکوت و زەبرو زەنگ، بە تایبەت لە نێو لاوەکاندا بۆتە هۆی زۆر لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دزی، فەساد، و «اعتیاد». زۆربەی ئەو لاوانە لە بەر بێ دەرەتانی دەکەونە داوی قاچاخچییەکانی تریاک و هێرۆئین، یان دەگەڵ دەستە وتاقمی دز و ماڵبڕان دەکەون. بە پێی بەراوردی «کارشناس»ە کانی نیوخۆی ڕێژیم، زۆر لە مێژە ژمارەی ئەو کەسانەی موعتادی تریاک و هیروئین بوون لە یەک میلیۆن تێپەڕیوە.

لێرەش دا، بەرنامەی ئاخوندەکان کە بە شێوەی ئێعدامی بە کۆمەڵی «قاچاقچیان مواد مخدر» بەڕێوە دەچێ و هەتا ئێستا ژمارەیەکی یەکجار زۆر بەم تاوانە ئێعدام کراون، ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە. چونکە، لە لایەکەوە، ئەگەر نەڵێین زۆربەی ئەو کەسانەی بە تایبەت لە یەکساڵی ڕابردووەوە بەم تاوانە بە دەست ڕێژیم کوژراون، دەتوانین بڵێین لانیکەم بەشێکی بەرچاویان لە موخالیفەکانی ڕێژیم بوون. لە لایەکی دیکەوە، هەتا سەرەچاوەی ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە، کە ڕیشەی ئابووریی هەیە ولە لەشکری بێکاران «تغذیە» دەکا، وشک نەکرێ، ڕۆژبە ڕۆژ ئەم نەخۆشییە زیاتر پەرە دەستێنێ. بێجگە لەوەش، هەروەک لە ڕابیتە دەگەڵ گرانی، و «احتکار» دا باس کرا، لێرەش دا بەشێک لە ئاخوندەکان بۆخۆیان دەستیان تێدایە. ئەو کارە دژی مرۆڤایەتییە لە سەرانسەری وڵات، بە تایبەت لە کوردستان

پەرەی پێدەرێ، بۆ ئەوەی توێژی لاوەکان لە تێکۆشان و خەباتی سیاسی دوور خەنەوە. دەنا ئەگەر بێجگە لەوە شتێکی دیکە بایە، بەو هەموو زەبروزەنگە کە هەتا ئێستا بە کار هێنراوە، دەبوو ئاسەوارێک لەم نەخۆشییانە نەمابا.

هەروەک لە پێشدا باس کرا، خراپیی وەزعی ئابووریی وڵات و گرانیی کەرەستە و پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، کۆمەڵانی کرێکاران، خەڵکی هەژار و کارمەندان و ئەو کەسانەی داهاتێکی سابیتیان هەیە خستۆتە ژێر فشارەوە. ئەم وەزعە بۆتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵی ئێران بە گشتی، بە خێرایی بەرەو پۆلاریزەبوون بچێ. بەو مانایە کە سەرمایەدار و هەموو ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵ کە لە ڕێگای دزی، گرانفرۆشی، «احتکار» و بازرگانی بێ سەرەوبەرە و لە ڕێگای قاچاخی تریاک و هێرۆئین و...وە پوولێکی زۆریان وەسەر یەک ناوە، و هەموو دام دەزگای ڕێژیم بە خێڵی ئاخوند و دەست و پێوەندەکان و پاسدارە سەرکوتکەرەکانەوە کەوتوونە لایەک و کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی هەژار و بێ دەرتان و مووچەخۆرانی پلەی خوارووی دەزگا دەوڵەتی و نیوە دەوڵەتییەکان و زۆربەی هەرە زۆری توێژی ڕووناکبیر و لایەنگرانی سازمانە سیاسییە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکان، کەتوونەتە لایەکی دی. دیارە ئەم پۆلاریزە بوونە هێشتا بە تەواوەتی شکڵی نەگرتووە و ماوەیەکی دەوێ کە بە تەواوی شکڵ بگرێ. دیاردەیەکی دیکە کە لەم بارەوە زۆر بەرچاوە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە هەژارانی «حاشیەنیشین»ی شارە گەورەکان ئەوانە کە بە داخەوە لە باری ئاگاهیی چینایەتی و سیاسییەوە لە کۆمەڵی ئێران دا زۆر دواکەتوو بوون و هەتا چەند ساڵ لەمەوپێش بەهێزترین پێگەی کۆمەڵایەتیی ڕێژیمیان پێک دێنا، ئێستا ماوەیەکە تا ڕادەیەکی بەرچاو لە ڕێژیم براون، و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر لێی دوور دەکەونەوە. خۆپێشاندانەکانی دانیشتوانی ئەم بەشە لە خەڵکی شاری تاران لە چەند مانگی ئاخری ساڵی ڕابردوودا بەڕوونی ئەو ڕاستییە دەردەخا.

بێجگە لەوەش، هێشتاش پێگەی سەرەکیی ڕێژیم لە نێو خەڵکی گوندەکان لە زۆربەی بەشەکانی ئێران، بێجگە لە کوردستان، هەروا بەهێزە. بەداخەوە، هێزە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکانی ئێران، هەم لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی و هەم لەم یازدە ساڵەی دواییدا سەبارەت بەو بەشە گرینگە لە کۆمەڵی وڵات و بۆ خەبات لە دژی کۆنەپەرستیی پاشایەتی و مەزهەبی و بۆ کێشانی ئەو بەشە بۆ ڕیزی خەبات هەوڵێکی ئەوتۆیان نەداوە. بەپێچەوانە، چ لە سەردەمی دەسەڵاتی شادا، و چ ئێستا، کۆنەپەرستانی دەسەڵاتدار بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتوە.

ئاخوندە فێڵبازەکان، بۆ شووشتنەوەی ئاسەواری کردەوە تێرۆریستیەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵات ڕاکێشانی بیرڕای گشتیی جیهان بۆ لای خۆیان، بە تایبەت لە چەند مانگی ڕابردووەوە، بە توندی وەخۆ کەوتوون. بەربوونی چەند نەفەر لە بارمتەگیراوەکانی ڕۆژئاوایی لە لوبنان بە نێوبژیی ڕێژیم و لە لایەن تاقمەکانی سەر بە ئاخوندەکانەوە تەنیا بەو مەبەستە ئەنجام دراوە و هەرچەند دەزگا تەبلیغاتییە ئیمپریالیستییەکان لەم بارەوە زۆر بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەبلیغ دەکەن، بەڵام هێشتاش خەڵکی جیهان بە گشتی و خەڵکی ئورووپا بە تایبەتی، زۆر دژی ئاخوندەکان و ڕێژیمەکەیانن. هەڵوێستی خەڵکی ئورووپایی لە بەرامبەر ڕاپۆرتی گالین دۆپۆل، کە لە بناخەوە بە قازانجی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە کرابوو، لە قاودانی ئەو ڕاپۆرتە لە لایەن هێندێک ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئورووپا و ئەمریکا و ڕەخنە

و ئیعتیرازی بەشێک لە کۆروکۆمەڵە بەشەردۆستەکانی جیهان، بەڕوونی دەرخست کە خەڵکی جیهان ئەو ئاخوندانە و ڕێژیمەکایانی باش ناسیوە و تەنانەت ڕاپۆرتی نوێنەری ڕەسمی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ناتوانێ بە لاڕێیان دا بەرێ.

مەسەلەی فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی، نووسەری کتێبی ئایاتی شەیتانی و تێرۆری ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ئۆپۆزیسۆن وەک حمید بهمنی(سەر بە ڕێکخراوی توفان) لە ئۆتریش، دوکتۆر قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتۆر فاضل مەحموود ڕەسول (عێراقی) لە ئۆتریش، غولام کشاوەرز و سەدیق کەمانگەر( لە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) لە قیبیرس و عێراق، دوکتۆر کازم ڕەجوی لە سویس و هەروەها کوشتنی ژمارەیەکی دیکە لە موخالیفانی ڕێژیم و سەر بە ڕێکخراوەکانی سیاسی دیکە، وەزعێکی ئەوتۆی بۆ ئەم ڕێژیمە لە بەرامبەر بیروباوەڕی کۆمەڵانی خەڵکی جیهان پێکهێناوە کە بەم زووانە هەرچەشنە پاکانەیەک بۆ ئەم ئاخوندە پیاوکوژ و خوێن ڕێژانە جگە لە بەدناوکردنی ئەو جۆرە کەس و دامودەزگایانە فایدەیەکی دیکەی نابێ.

بە کورتی ئەوە کە تا ئێستا کاربەدەستانی وڵاتانی سەرمایەداری حازر نەبوون ئەو جۆرەی ئاخوندەکان چاوەڕوانی دەکەن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا سەرمایە گوزاری بکەن، ئەگەر بەشێکی لەبەر فەراهەم نەبوونی هەلومەرجی پێوست لە باری ئەمینەتی وڵاتەوە بووبێ، بە شێکیشی بە هۆی بێزراویی ئەم ڕێژیمە لە ڕادەی جیهانی دا بووە.

بێجگە لە هەموو ئەو شتانەی کە باسیان کرا، شەڕ و کێشەی نێو باڵەکانی ڕێژیمیش دەبێ وەک واقعییەتێک لە بەرچاوبگیرێ. هەرچەند بەشێک لەو گێرەوکێشەیە ڕواڵەتییە و هیچ دوور نیە کە ئاخوندەکان بە دابەشکردنی نەخش لە نێوان خۆیان لە زۆر بارەوە و بە فێڵبازیی سروشتی خۆیان دەست بدەنە شانۆگەری و «شەری زێرینگەڕی»، بەڵام بێگومان بەشێکیش ڕاستە لە دژایەتییەکەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئاخوندەکانی «پیرو خط امام» لەگەڵ دارو دەستەی ڕەفسەنجانی هەیانە. هێرشی ڕۆژنامەکانی سەر بە باڵی «خط امام» بە ڕاوێژکەریی سەرۆک کۆمار و تاوانبارکردنی بە «خراپ تربوون لە سەلمان ڕوشدی» ناتوانێ هەروا شتێکی لە خۆڕایی و شانۆگەری بێ. هۆی ئەو گێرەوکێشەیە بێجگە لە شەڕی دەسەڵات و شکستی ڕێژیم لە بوارەکانی جۆراوجۆر، بە تایبەت لە شەڕیماڵوێرانکەری هەشت ساڵەدا، ڕیشەی لە بیرو باوەڕی بەشێک لە ئاخوندەکانیشدا هەیە، ئەو بەشەی کە سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەیەکی کە خومەینی و فتواکانی بۆی خوڵقاندوون، هێشتاش لە سەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ فتواکانی «ئیمام» بە تەواوی بەڕێوە بچن.

کاتێک ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین کە ڕەفسەنجانی و باقیی هاودەستەکانی فتواکانی خومەینی سەربارەت بە حەرامبوونی قەرز وەرگرتن لە وڵاتانی دەرەوە، سوودی بانکی، پێشگیری کردن لە حامیلە بوونی ژنان، و دژایەتیی هەتا سەر لە گەڵ «شەیتانی گەورە» و تەنانەت وتوویژ کردن دەگەڵ دەوڵەتی عێراق و... لە ژێر پێ دەنێن، زۆر سروشتییە کە سەرکردەکانی ئەو باڵە و لایەنگرەکانیان بە دژی باڵی دەسەڵاتدار ڕابوەستن.

دیارە بەشێکی دیکەی ناڕەزایەتیی ئەو باڵە لە ڕێژیم و هەروەها ئەوانەی کە لە دەرەوەی ڕێژیمن، وەک «ئایەتوڵڵا مونتەزری» دەگەڕێتەوە سەر ئەو وەزعە نالەبار و نابەسامانەی کە بە هۆی یازدە ساڵ زەبروزەنگ و وێرانکاری لە لایەن ئاخوندەکانەوە بەسەر کۆمەڵانی

خەڵکدا هاتووە. ئەوە کە کەسانی وەک بازرگان، بە هەموو «موحافیزەکاری»ی خۆیانەوە، یان لەو دواییانە ٩٠ نەفەر لە کۆنە وەزیر و ئەمیرانی ئەرتەش و کاربەدەستانی بەناوبانگی ئێران تەنانەت لە ژێر شمشێری ئاخوندەکان دا، نامەی سەرئاوەڵە بۆ سەرۆک کۆمار، یان بۆ وەلی فقیە « دەنووسن، لە دەست بێ عەداڵەتی و زەبروزەنگ شکایەت دەکەن و داواکاری ڕێگا چارەیەک دەبن، دیارە دەبێ وەزعی ڕێژیم و کۆمەڵانی خەڵک چۆن بێ!

بەڵام، ئاخوندەکان کە بۆ چارە سەرکردنی ئەو وەزعە هیچیان لە دەست نایە. هەروەک هەمیشە خوو و ڕەوشتیان بووە، دەستەوداوێنی شانۆگەرییەکی تازە بوون. ئەویش توندوتیژکردنی مەسەلەی «حجاب اسلامی»یە.

هەروەک باس کرا، یەکێک لە گیروگرفتەکانی ڕێژیم، بە تایبەت لە باری ڕازیکردنی سەرمایەدارە خاریجییەکانی بۆ دانانی سەرمایە لە ئێران، مەسەلەی درێژەکێشانی وەزعییەتی نە شەڕ- نە ئاشتییە کە هەتا ئێستا هەروا بەردەوامە . تەحلیلەکانی حیزبی ئێمە لە سەر بۆچوون و هەڵوێستی ڕێژیم لەم بارەوە، هەر لە جێگای خۆیەتی. ئاخوندەکان و لە سەرووی هەموویانەوە، خومەینی ئەو شەڕەیان بۆ ئەوە دەست پێ نەکرد کە هەروا سووک و هاسان دەستی لێ هەڵگرن و کۆتایی پێ بێنن. بەڵام لەبەر ئەوەی کە تۆسقاڵێک هێز و توانایان نەمابوو و دەیانزانی ئەگەر چی دی درێژەی بدەن خۆیان و ڕێژیمەکەیان تێدا دەچن، بە ناچار ئاگربەسیان قبووڵ کرد. مل ڕاکێشانی ئاخوندەکان بۆ ئەو کارە، کە هەموو شتێکیان لە پێناوی دا لە دەست دابوو، ئەوەندە تاڵ بوو کە خومەینی خۆی وەک خواردنەوەی جامی ژەهر ناوی برد.

ئێستاش پاش تێپەڕبوونی نزیک بە دوو ساڵ لە «ژەهر خواردنەوەی» خومەینی و دوای ئەو هەموو مانۆڕ و هەڕو گیفەی کە سەرکردەکانی ڕێژیم دەستیان دابوویە، وا دەردەکەوێ کە سەرەئەنجام، ڕەفسەنجانی بۆ وتوووێژ لە بارەی دامەزراندنی ئاشتی حازر بووە لە گەڵ سەرۆک کۆماری عێراق چاویان پێک بکەوێ. مانای مل ڕاکێشانی ڕەفسەنجانی بۆ ئەم کارە لە لایەک سەرکەوتنێکە بۆ دەوڵەتی عێراق کە هەر لە سەرەتاوە خوازیاری شتێکی وا بوو لە لایەکی دیکەشەوە شکستێکی دیکەیە بۆ ئاخوندەکان، چونکە هەروەک پێشتر ئیشارەی پێکرا، ئەو کارەش لە ژێرپێنانی بێ ئەم لاو ئەولای «فتوای»ی خومەینی یە، فتوایەک کە لەسەر هیچ و خۆڕایی سەدان هەزار کەسی لە سەر بە کوشت چوو و بوو بەهۆی خاپووربوونی بەشێکی بەرچاو لە هەر دوو وڵات.

دامەزراندنی ئاشتی لە نێو دوو وڵاتی ئێران و عێراق، ڕەنگە ماوەیەکی دیکەی پێ بچێ، لانیکەم لەم بارەوە کە مەترسی شەڕێکیماڵوێرانکەری درێژخایەن لەسەر گەلانی ئەو دوو وڵاتە وەلا دەبا، دەبێ جێگەی خۆشحاڵی هەموو مرۆڤێکی ئاشتیخواز و بەشەردۆست بێ. بەڵام ئەوە کە لە هەلومەرجی دوای وەدیهاتنی ئاشتی، دەبێ حیزبی ئێمە، وەک هێزێکی بەشدار لە بزووتنەوەی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران، چ تاکتیکێک هەڵبژێرێ و بەرنامەی بۆ داهاتوو چ دەبێ، ئەوە ئەرکێکە کە ڕێبەرایەتیی حیزب لە بەرچاوی بووە، و دەبێ بەرنامەشی بۆی هەبێ.

ئەگەر ڕەفسنجانی بتوانێ بە بێ ئەوەی ئیمتیازێکی بەرچاو بدا پەیمانی ئاشتی لەگەڵ عێراق ببەستێ، دەتوانێ ئەو ڕێککەوتنە وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆخۆی لە قەڵەم بدا،

چونکە هەرنەبێ باری قورسی خەرجی شەڕ لە سەرشانی ڕێژیمەکەی کەم دەکاتەوە و یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای سەرمایە گوزاریی سەرمایەدارە خاریجییەکان وەلا دەبا. دیارە ڕەفسەنجانی بە مەرجێک دەتوانێ ئەو کارە بە سەرکەوتنێک دابنێ کە لە وتوووێژدا ئیمتیازێکی ئەوتۆ بە لایەنەکەی دیکە نەدا و زۆر لە هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی پاشەکشە نەکا. لە غەیری ئەم حاڵەتەدا دەگەڵ بەرهەڵست و دژایەتیی توندوتیژی «خەتی ئیمامییەکان» ڕووبەڕوو دەبێ و ئەوەشی بۆ دەبێتە گیروگرفتێکی تازە.

بە کورتی، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕاستییانەی خرانە بەرچاو، دەتوانین وەزعی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەم جۆرە خۆلاسە بکەینەوە؛

– وەزعی ئابووری و سەنعەت و کشتوکاڵ دەکرێ بڵێین لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵ دوای شەڕدا تەفاوەتێکی ئەتۆی نەکردوە.

– داهاتی ڕێژیم لە باری ئەرزی خارجییەوە هەر بەشی کڕینی پێداویستییە ئەساسییەکانی ژیانی خەڵک و هێنانی کەرەسەی نیزامی و چەک و چۆڵ دەکا.

– کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەت چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و توێژی کارمەندان و مووچەخۆرانی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی، لە دەست گرانیی شتوومەک وەزاڵە هاتوون و نارەزایەتی‌یان لە ڕێژیم ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ.

– فەسادی ئیداری، بەرتیل دان و بەرتیل خواردن لە بنکە و بونیاتە دەوڵەتییەکان دا پەرەی‌ئەستاندوە و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان وەک دزی و «اعتیاد» و فەساد بەو پەڕی خۆی گەیشتووە.

–بەرنامە بازسازی بە تایبەت لە بەر نەبوونی «اعتبارات»ی ئەرزی خاریجی لە زۆربەی بەشەکان دا هەروا ماوەتەوە. بوومەلەرزەی ئەم دواییانەش باری گیروگرفتەکانی ڕێژیمی ئەوەندی دیکە قورس کردوە.

– سەرمایەگوزاریی خارجییەکان هێشتا لەچوارچێوەی قسە تێنەپەڕیوە.

– ناکۆکیی نێو باڵەکانی ڕێژیم هەروا درێژەی هەیە.

– لە ڕادەی جیهانی دا ئاخوندەکان و ڕێژیمەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر لە ئینزوادا ماونەتەوە.

– بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستان هەروا درێژەی هەیە و ڕێژیم سەرەڕای هەموو زەبروزەنگێک کە بەکاری هێناوە و دەگەڵ ئەوەی کە هەتا ئێستا دەیان هەزار کەسی لە هێزەکانی خۆی بە کوشت داوە و هەزاران پێگە و دەیان قەرارگا و پادگانی تازەی لەم ناوچەیە داناوە، نەیتوانیوە ئەم بزووتنەوەیە سەرکوت بکا.

– لەم دواییانە جووڵانەوەی خەڵکی بەلووچستانیش سەری هەڵداوە و هەرچەند دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕێژیم زۆریان هەوڵ داوە ئەم جووڵانەوەیە دەگەڵ مەسەلەی قاچاخی «مواد مخدر» گرێ بدەن، و سەرەڕای ئەوە کە هێزێکی گەورەی نیزامی بۆ سەرکوتی ئەو جووڵانەوەش تەرخان کراوە، بەڵام جووڵانەوە کە هەروا درێژەی هەیە.

لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە کاربەدەستانی ڕێژیم ڕێگا چارەیەک شک نابەن بێجگە لەوەی هەرچی زیاتر پەنا بۆ زەبروزەنگ و کوشت و کوشتار بەرن. چونکە لەو ڕاستییە باش حاڵین کە ئەگەر دەرفەتێک بەو خەڵکە وەزاڵە هاتووە بدرێ، لە ماوەیەکی کورتدا سێبەری ڕەشی ئەو ڕێژیمە لە سەر خۆیان لادەبەن.

هۆیەکی دیکە کە بە مانەوەی ڕێژیم یارمەتی داوە، هەبوونی ناکۆکی و دژایەتی لە نێو ئۆپۆزیسیۆن بە گشتی و ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕ بە تایبەتییە. لە حاڵێک دا کۆنەپەرستانی حاکم لە کاتی حەستەم و پڕمەترسی دا و وەختێک مەسەلەی مان و نەمانی ڕێژیمەکەیان دێتە گۆڕ، لێکڕا پشتی یەک دەگرن و بە هەموویان بەرهەڵستی دوژمنانی خۆیان دەبنەوە، حیزب و ڕێکخراوە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکان هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ڕووخانی ڕێژیم ڕێک کەون و ئەوە شتێکە کە هەتا ئەمڕۆ دەزگای کۆنەپەرستی بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە.

بێجگە لەوەش، ڕێکخراوە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری هەتا ئێستا نەیانتوانیوە کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران، بە تایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵات ڕێک خەن و بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکجاری دەگەڵ ڕێژیم ئامادەیان کەن و تا ئەو کاتەی ئەو دوو مەسەلەیە، واتە ناکۆکی و دژایەتیی نێو ئۆپۆزیسیۆنی خەباتکار و شۆڕشگێڕ کۆتایی پێ نەیە و زۆربەیان لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ڕووخانی ڕێژیم یەک نەگرن و کاری ڕێکخستن و سازماندانی کۆمەڵانی خەڵک جێبەجێ نەکرێ، ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی هەروا بە ژیانی خۆی درێژە دەدا.

نابێ ئەو ڕاستییە لە بیر کەین کە بە گوێری یاسای پەرەئەستاندنی کۆمەڵ، بۆ تێک ڕووخانی هەر ڕێژیمێک دوو مەرج پێویستن: یەکەم ئەوە کە دەسەڵاتی حاکم بۆ حاکمییەت بە سەر خەڵکەکەدا هێز و توانای خۆی لە دەست دابێ و دووهەم ئەوە کە خەڵکەکە چی دی حازر نەبن لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم دا بمێننەوە. لێرەدا تا ئەو جێگایە دەگەڕێتەوە سەر مەرجی یەکەم، ڕێگا بۆ تێک ڕووخانی ڕێژیم تا ڕادەیەکی زۆر ئامادەیە، بەڵام هەتا مەرجی دووهەم بە تەواوی وەدی نەیە، واتە کۆمەڵانی وەزاڵە هاتوو ڕێک نەخرێن و سازماندهی نەکرێن، ڕێژیم هەروا لەخۆڕا ناڕووخێ.

***

**کیهان، شماره ۱۳۸۶۰، شنبه ۲٦ اسفند ۱۳٦۸، صفحه ۳**

* وزیر معادن و فلزات: ... مهندس محلوجی، وزیر معادن و فلزات، در این سمینار با تاکید براینکه درحال حاضر جمهوری اسلامی ایران هیچگونه مشکلی در بعد سیاسی ندارد(!!)، افزود: عمده مشکل، مشکل اقتصادی است که خوشبختانه توسط مسئولین جهت حل و فصل و هدایت آن به سوی یک آینده «روشن گام اساسی برداشته شده است.

بگفته وی کل درآمد نفتی کشور از حداکثر ۱۲ میلیارد دلار در سال تجاوز نمیکند که این میزان کفاف مایحتاج عمومی از قبیل تامین کالاهای اساسی، دارو، دفاعی و نیز تامین هزینه‌های لازم برای کشاورزی، راهسازی، صنعت و معدن تاسیسات و پالایشگاه‌های را نمی‌دهد...

«هەشتا لە سەدی خەڵک لە ژێر خەتی هەژاری دا دەژین...»

(کەیهان ٦٨/٢/١٨)

« ٥ میلیۆن نەفەر ڕۆژانە ٦ تمەن داهاتیان هەیە. سێ میلیۆن بنەماڵە جێگای ژیانی باشیان نییە و سێ لە یەکی حەشیمەتی تاران لە خراپترین وەزع لە باری مەسکەنەوە دەژین.»

(کەیهان ٦٨/٥/١٦)

«سێ میلیۆن نەفەر لە مندالانی ٥ تا ١٤ ساڵە لە ساڵەکانی ٦٥ و ٦٦دا نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانە» (کەیهان ١٥/ ٥/ ٦٨)

## ٤- وەزعی کوردستان

دوای دابەشکرانی کوردستان لە نێوان ئێران و عوسمانی لە ساڵی ١٥١٤ی زایینیی دا، هەر بەینا بەینێک لە شوێنێکی کوردستان ڕاپەڕینێک سەری هەڵداوە، بەڵام ئەو ڕاپەڕینانە بە هاوکاریی دوو دەوڵەتی بەهێزی ناوچە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران و عوسمانی، زۆرجاریش ڕاستەخۆ لەلایەن یەکێک لەوانەوە سەرکوت کراون. لە سەدەی نۆزدەهەم دا کە بیروباوەڕی نەتەوایەتی لە جیهاندا پەرەی ئەستاندبوو، کوردەکانی ئێران و عوسمانییش بە گەیشتن بە سەربەستیی و سەربەخۆیی پەیتا پەیتا ڕادەپەڕین. سەرانسەری ئەو چەرخە پڕە لە ڕووداوی خوێناوی کە هەر جارەی لە شوێنێکی کوردستان هاتوونە پێش و لە لایەن دەوڵەتە ناوەندییەکانەوە بێ بەزەییانە سەرکوت کراون. بەرهەڵستی درێژخایەنی بابانەکان و چەندین شەڕی گەورەیان لە دژی عوسمانی، ڕاپەڕینی میرمحەممەد ڕەواندزی و ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی و بەدەرخانییەکان نموونەهایەکی بەرچاون لە خەباتی ئەم گەلە لە پێناو ڕزگاری و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی.

شکستی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا و تێک ڕووخان و دابەش دابەش بوونی ئەو ئیمپراتۆرییە ئەگەر بە قازانجی زۆر لە گەلانی ناوچە و بە سەربەخۆیی گەیشتنیان تەواو بوو، بۆ گەلی کورد بەشمەینەتی و کۆیلەیی و توندوتیژی بە دواوە بوو. چونکە بە هاتنە سەرکاری کەمالیستەکان تەنانەت ئەو ماف و ئیمتیازە بچووک و بەرتەسکانەش کە ئەم گەلە لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی دا هەیبوو لە دەستی چوو و تەنانەت قسە کردن بە زمانی کوردییش قەدەغە کرا و کار گەیشتە جێگایەک کە کەسایەتیی میلیی کورد لە تورکیەی تازە، حاشای لێ کرا و ناوی کورد گۆڕا و کرا بە «تورکی کێوی»!

دوای دابڕانی بەشێکی زۆر لە ولاتانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی و پێکهاتنی چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ لەم ناوچەیەدا، ئەم جارە کوردستان دوو بەشی دیکەی لێ جیا کرایەوە و ئەو بەشانە خرانە سەر دەوڵەتەکانی تازە پێکهاتووی عێراق و سووریە ، بۆیە بەڕاشکاوی دەکرێ بڵێین لە ڕاستیدا ئیمپراتووڕیی عوسمانی بە سەر کوردەکان (هەروەها ئاسۆری و ئەرمەنییەکان) دا ڕووخا.

بە دوای ئەم دابەشکردنەش دا، دیسانیش کوردەکان لە بەشەکانی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی، دەستیان لە خەبات هەڵنەگرت. شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی خۆیبوون و ڕاپەڕینی دێرسیم لە کوردستانی تورکیە، ڕاپەڕینی شێخ مەحموود بەرزنجی و سمایل ئاغای سمکۆ و شۆڕشی بارزان لە عێراق و پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە ئێران بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەم ڕاستییەن.

ئەو هۆیانەی کە لە تێکشکانی ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد لە تەواوی مێژووی خەباتی ئەو گەلە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئازادی دا نەخشی بنەڕەتییان هەبووە بریتین لە:

– دواکەوتوویی کوردستان لە باری سیستەمی ئابووری و کۆمەلایەتی لە بەراورد دەگەڵ دراوسێکانی لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی پەرەئەستاندنی کۆمەڵدا.

– زاڵبوونی سیستمی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتی بەسەر وڵات و لە ئاکام دا بەسەر دەزگای ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینە کان دا و لە پەراوێزدا مانەوەی کۆمەڵانی خەڵک، کۆمەڵانێک کە لە سەرکەوتنی هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێک دا نەخشێکی گرینگیان هەیە.
– هەبوونی ناکۆکی و دژایەتی لە نێوان سەرۆک عەشیرەتەکان بە چەشنێک کە قەت واهەڵ نەکەوت کە هەموویان یەک دەنگ بن و بە قازانجی ڕاپەڕینەکان پشتی یەکتر بگرن، بەڵکوو لە بەر پاراستنی دەسەڵات و قازانجی خۆیان، یان هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە بە دژی هەستاون یان لە نیوەڕێ دا پشتیان تێ کردوە و پاڵیان وەدوژمن دا.
– بەرتەسک مانەوەی ڕاپەڕینەکان لە بەشێکی بچووک لە پارچەیەک لە کوردستان و بێ لایەن مانەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان لە کاتی پێویست دا.
– هەڵکەوتنی کوردستان لە نێوان وڵاتانێک کە کوردیان تێدایە و دووربوونی لە دەریا کە بۆتە هۆی ئەوە ڕاپەڕینەکان نەتوانن دەستیان بە دەرەوەی کوردستان ڕابگا و نەتوانن لە دەرەوەڕا یارمەتی‌یەک وەدەست بێنن.
گرێنەدرانی خەباتی گەلی کورد دەگەڵ خەباتی گەلانی دیکەی ئەو وڵاتانەی کە بەشێک لە کوردستانیان خراوەتە سەر. ئەو مەسەلەیە زیانێکی زۆری بەم گەلە گەیاندوە و هەر جارێک کە خەباتگێڕانی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەیان ڕاپەڕیون، نەک لەو هەرچەشنە پشتیوانییەک لە لایەن باقیی گەلانی وڵاتەکەیان بێ‌بەش ماونەوە، بگرە زۆرجاریش دەگەڵ دژکردەوەی نەیارانەیان ڕووبەڕوو بوون.
– دژایەتیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی ناوچە، بە تایبەت لە سەروبەندی ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی دا و پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، لەگەڵ ویست وداخوازەکانی گەلی کورد، فاکتۆرێک بووە کە هەموو جارێ لە سەر تێکشکانی بزووتنەوەکان تەئسیری زۆر خراپی هەبووە. شکستی ڕاپەڕینی شێخ مەحموود و کۆماری کوردستان دوو نموونەی بەرچاو لەم ڕاستییەن.
– لە بزووتنەوەکانی ئەم دواییانەشدا، دوبەرەکی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە تا ڕادەیەکی بەرچاو تەئسیری زیانباری لە سەر بزووتنەوەکان هەبووە.
ئەوانە و هێندێک فاکتۆری دیکە هەتا ئێستا بوونەتە هۆی ئەوە کە خەباتی لەمێژینەی ئەم گەلە ژێر چەپۆکەیە بە ئاکامێک نەگا. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی وەزعی ئەمڕۆی جیهان و پەرەئەستاندنی شەپۆلی بە تەوژمی ئازادی و دێموکراسی و هەروەها بە لەنەزەرگرتنی ئەم ڕاستییە کە دابین کردنی مافی میللی – دێموکراتیکی گەلانی ژێردەستە بە قازانجی نەتەوەکانی فەرمانڕەوایە و بێجگە لەوەش ئێستا مەسەلەی کورد خەریکە لایەنی نێونەتەوەیی بەخۆیەوە دەگرێ و دەکرێ بڵێین زۆربەی گەلانی جیهان و ناوچە ڕەوابوونی داخوازەکانی ئەم گەلەیان سەلماندوە و هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستییەش کە زۆربەی بەشەکانی کوردستان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە ئارادایە، ئاسۆی ڕزگاریی ئەم گەلە تا ڕادەیەک ڕووناکتر بۆتەوە.

### ٥- وەزعی کوردستانی ئێران

کوردستانی ئێران، لە باری تەرکیبی کۆمەڵایەتی و پێوەندیەکانی بەرهەمهێنانەوە، تەفاوەتێکی ئەتۆی دەگەڵ باقیی بەشەکانی وڵات نیە. هەرچەند ڕادەی پێشکەوتنی سەنعەت و تێکنۆلۆژی لە هێندێک بەشەکانی دیکەی ئێران زۆر لە کوردستان لەپێشترە. بێجگە لەوەش، هەلومەرجێکی ئێستا لە باری وەزعی نابەسامانی ئابووری، گرانیی شتوومەک، پەرەئەستاندنی نەخۆشییەکانی کۆمەڵایەتی وەک فەسادی ئیداری، بڵاوبوونەوەی ئێعتیاد بە تریاک و هێرۆئین و فەساد، زەبروزەنگ بێ قانوونی و خراپیی وەزعی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی و کرێکاران و زەحمەتکێشان و کارمەندانی دەوڵەت بە تایبەتی، و ڕەواجی بازاڕی ڕەش و «احتکار» و زۆر شتی دیکە، هەروەک بەشەکانی دیکەی وڵات وایە ، بگرە خراپتریشە. بەڵام، لە بەر ئەوەی کە لە کوردستان بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە ئارادایە، لە نێوان ئەم بەشە لە ئێران دەگەڵ بەشەکانی دیکە جیاوازیەییەکی بەرچاو هەیە، بزووتنەوەیەک کە سەرەڕای هەموو کەند وکۆسپێکی کە لە سەر ڕێیەتی و سەرەڕای ئەوە کە ڕێژیم بۆ لاوازکردن و تێک شکاندنی لە هیچ پیلانێک و جینایەتێک خۆی نەپاراستووە، هەروا درێژەی هەیە و بۆیە هێشتاش کوردستان لە لایان هەموو ئازادیخوازانی ئێرانەوە وەک مەکۆیەکی هۆمێد و هیوا چاوی لێ دەکرێ.

ئەوە ڕاستە کە ڕێژیم لە باری نیزامیەوە سەرکەوتنی زۆری وەدەست هێناوە، بەڵام ئەو سەرکەوتنە بە نرخێکی یەکجار قورس بۆی تەواو بووە و ڕاگەرتنەکەشی لەوە بۆی سەنگینترە. دانانی هەزاران پێگە و بنکەی نیزامی دامەزراندنی دەیان پادگان و قەرارگا لە سەرانسەری ئەم ناوچەیە، نیشانەی ئەم ڕاستییەن.

دوای ئەوە کە خومەینی نزیک بە دوو ساڵ لەمەوپێش ئاگربەسی قبووڵ کرد، نیگەرانی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەم و زۆر سەری هەڵدا، چونکە خەڵکەکە لەوە دەترسان کە نەکا بە کۆتایی پێهاتنی شەڕ لە نێوان ئێران و عێراق بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستانیش تووشی شکست بێ. بەڵام دوای ماوەیەک بە وەرگەڕکەوتنەوەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، ئەم نیگەرانییە تا ڕادەیەکی بەرچاو وەلا چوو ورەی خەڵک بەرز بووەوە، هەروەک جاران، یارمەتیدان بە پێشمەرگەکانیان درێژە پێ دا.

لە ڕابیتە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم بە گشتی، دوو دیاردە سەرنج ڕاکێش: یەکەم، ئەوە کە بە هۆی درێژەکێشانی شەڕ لە کوردستان و دەکرێ بڵێین، بە شێکیش بە هۆی ڕوون بوونەوەی ماهییەتی ڕێژیم و ڕەوابوونی داخوازەکانی جووڵانەوە، بە کرێگیراوانی ڕێژیم نە ڕووحیەی جارانیان ماوە و نە حازرن وەک ڕابردوو، بۆ ڕێژیم خۆ بەکوشت دەن. دووهەم ئەوە کە بەشێکی زۆر لە جاشەکان یان چەک کراون یان بۆخۆیان چەکیان داناوە. بێگومان هۆی ئەم ئاڵوگۆڕەش ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیم پێیان وایە کارێکیان بەو جاشانە نەماوە و جاشەکانیش سەرەئەنجام هاتوونە سەر ئەم باوەڕە کە سەرەڕای پشتکردن لە گەلەکەیان و خیانەت کردن بە بزووتنەوە و تەنانەت لە باری ماددیشەوە شتێکیان وەگێر نەکەوتووە، لە حاڵێک دا لە باری مەعنەوییەوە هەموو شتێکیان لە دەست داوە، دیارە کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ بەربەرەکانی لە دژی بزووتنەوەی کوردستان ڕایەڵکەیەکی جاسووسیی بەهێزیان بە تایبەت لە گوندەکان و لەژێر چاوەدێری ئیدارەی ئیتیلاعاتی سوپای پاسداران پێکهێناوە و بۆ

کوردستانی کردنی شەڕ لە سەربازە کوردەکان زۆرتر کەڵک وەرەدەگرن .
ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ لای خۆی لە باری کشتوکاڵ و خەدەماتەوە هێندێک کاری کردوە. دانی قەرزی درێژخایەن بە سوودێکی کەم و فرۆشتنی تراکتۆر و کۆمباین بە جووتیاران، کێشانی بەرق و لوولەکێشکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ بەشێکی بەرچاو لە گوندەکان، قیرەتاوکردنی زۆربەی ڕێگا ئەسڵییەکان و خیزرێژکردنی ڕێگا فەرعی یەکان، فرۆشتنی زەوی بە خەڵکی کەم داهات بۆ دروست کردنی خانووبەرە لەشارەکان، دامەزراندنی کارگەی فەرش چنین لە هێندێک لە گوندەکان، دەستگرتن و یارمەتیدانی هێندێک کەس بۆ دانانی کارخانەی بچووکی جووجەکەشی و گاوداری، لەو کارانە بوون کە لە بەراورد دەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران لە کوردستان زیاتر ئەنجام دراون.
دیارە مەبەستی ڕێژیم لەو کارانە کەمتر خزمەت بە خەڵکی کوردستان بووە و زۆرتر مەبەستی سیاسی و نیزامی لە بەرچاو بووە ویستوویەتی و دەی هەوێ بەم کارانە سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و پێگەی کۆمەڵایەتی لە نێو خەڵکی کوردستان دا بۆ خۆی پێک بێنێ. بەڵام بەو حاڵەش کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زۆر جار بە ئاشکرا ناڕەزایەتیی خۆیان لە ڕێژیم دەربڕیوە و لە شار و شارۆچکەکان خۆپێشاندانیان دژی ڕێژیم بەڕێوە بردوە.
تاقیکردنەوەی بزووتنەوی دێموکراسی گەلی خۆمان و گەلانی دیکە نیشان دەدەن کە نە کاری پێشمەرگایەتی بە تەنیا و نە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینی سازمان نەدراوی کۆمەڵانی خەڵک، ناتوانن تەئسیرێکی «قاطع»یان لە سەرکەوتن و بە ئەنجام گەیاندنی بزووتنەوەدا هەبێ. بۆیە حیزبی ئێمە دەبێ پێ بە پێی درێژەدانی خەباتی چەکدارانە، بۆ سازماندانی کۆمەڵانی خەڵکیش چالاکییەکی زۆرتر لە خۆی نیشان بدا و هەر لەم پێوەندیی دا دەبێ بۆ ڕێکخستنی لاوان و ژنانیش هەنگاوی پێویست هەڵێنێتەوە.
لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو هێزانەی بەشداری بزووتنەوەن لە بەر ئەوەی بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، پێویستە و دەبێ لە سەر هێندێک خاڵی هاوبەش ڕێک کەون و ناکۆکییەکان لە ڕێگای هێمنانەوە و وتووێژەوە چارەسەر بکەن. شەڕی کۆمەڵە و حیزبی ئێمە زیانێکی گەورەی بە جووڵانەوەی میللی- دێموکراتیکی کوردستانی ئێران گەیاند. هەروەها مەیلی پاوانخوازی و خۆبەزلزانی و کردەوەی غەیرە دێموکراتیکی حیزب لە پێوەندیی دەگەڵ هێز و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئێرانی تەئسیری خراپیان لە سەر بزووتنەوەی خەڵکی ئێمە دانا. ئەمە و چەند هۆی دیکە کە لە ڕاگەیەنداروی دە مادەیی ٦٧/١/١ دا هاتوون، حیزبی ئێمەی گەیاندە ئەو ئەنجامە کە فراکسیۆنی شەرفکەندی- قاسملوو وەلا بنێ.
بۆ ئەوەی ئاوڕێکمان بۆ دواوە دابێتەوە و دروستیی ڕێبازەکانمان دەستنیشان کردبێ، ئیشارە بە دوو مەسەلەی گرینگ پێویستە:
١- ئێمە دوو ساڵ و چەند مانگ پێش ئێستا ڕامانگەیاند کە سیاسەتی وتووێژخوازانەی ئەم جەماعەتە زیان بە جووڵانەوەی گەلەکەمان دەگەیەنێ و هیچ ئاکامێکی بۆ گەلی کورد تێدا بەدی ناکرێ. چونکە ئەو ڕێژیمە، ڕێژیمێکی کۆنەپەرست و دژە گەلییە و لە ناوەرۆکیدا نیە و نەک هەر ناتوانێ مافی گەلان دابین بکا، بەڵکوو ناتوانێ هیچ جۆرە ئازادییەک بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بدا. بەڵام جەماعەتی شەرەفکەندی- قاسملوو لە پاش جنێودان و تۆمەت و هەراو

هوریـای زۆر ئـەم مەسـەلەیان ڕەد کـردەوە و ڕایـان گەیانـدوە: «ئـەوە دەمراسـتەکانی لادەران بـوون ویسـتوویانە و دەیانویسـت وتووێـژ بکـەن. زۆری نەخایەنـد دوکتـۆر قاسـملوو، ڕێبـەری ئـەو جەماعەتـە لـە ئۆتریـش لـە سـەر میـزی «وتووێـژ» بـە دەسـتی تیرۆریسـتە جینایەتکارەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی تێـرۆر کـرا. پـاش ئـەو ڕووداوە، سـەرکردەکانی ئـەم جەماعەتـە، ڕایانگەیانـد کـە بەڵـێ سیاسـەتەکەیان درووسـتە و ئاخرەکـەی پێویسـتە لەگـەڵ حکوومەتـی ناوەنـدی وتووێـژ بکـرێ!! ئـەم جـۆرە تێگەیشـتن و بۆچوونـە ئەگـەر سـافی و سـاویلکەیی نەبـێ، ناشـارەزابوونی تـەواو لـە سیاسـەت دەگەیەنـێ.

٢- حیزبـی ئێمـە دوو و سـاڵ و چەنـد مانگـە پێـش ئێسـتا لـە بڵاکراوەیەکـی کـورت دا ڕایگەیانـد کـە شـەڕ دەگـەڵ کۆمەڵـە بـە زیانـی جووڵانەوەیـە و لـەو ڕێکەوتـەوە(٦٧/ ٢/١) شـەڕ لـە گـەڵ کۆمەڵـە ڕادەگـرێ. لـە دوایـش دا کۆمەڵـە وەڵامـی موسـبەتی دایـەوە. دیسـان هـات و هـاوار و جنێـو و ناتـۆرە لـە ڕادیـۆ «بـەدەڵ» بڵاوکرایـەوە و ڕۆژنامەکەیـان نووسـی کـە ئـەوە خوێنـی پێشـمەرگە قارەمانـەکان بـە کۆمەڵـە دەفرۆشـن و نـاوی حیـزب بـۆ سـازمانی موجاهیدیـن هەرزانفـرۆش دەکـەن و...

پـاش هەمـووی ئـەو فڕوفیشـاڵانە و قسـە قەبـە و بـێ نێوەرۆکانـە دیتمـان کـە سـەر ئەنجـام هێندێـک هاتنـە سـەر عەقـڵ و خۆیـان بـە شـەرم و فیشـاڵەوە ئاگربەسـیان لەگـەڵ کۆمەڵـە ڕاگەیانـد و پەیامـی سـەرەخۆشـیان بـۆ»دوژمنـی جووڵانـەوەی کـورد!!، مەسـعوود ڕەجـەوی نـارد.

**هاوڕێیان!**

ئـەو جەماعەتـە دوو سـاڵ و چەنـد مانـگ شـەڕێکی نارەوایـان دژی حیزبـی ئێمـە، حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران، دەسـت پـێ کـردوە. حیزبـی ئێمـە هـەر لـە ڕۆژی هەوەڵـەوە ڕایگەیانـد کـە ئـەو شـەڕە بـە قازانجـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران و لەخزمـەت بەرژەوەندیـی ئـەو ڕێژیمـە دایـە. سـەرەڕای ئەمـە کـە هەمـوو حیـزب و ڕێکخـراوە ئێرانییـەکان و کوردسـتانییەکان ئـەم شـەڕەیان مەحکـووم کـردوە و داوایـان لـەو جەماعەتـە کـردوە ئـەو شـەڕە ڕابگـرن، بەداخـەوە تـا ئێسـتاش دەسـتیان لـەو کـردەوە زیانبـار و خیانەتکارانەیـە هەڵنەگرتـووە، هەرچەنـد ئێمـە هەمیشـە هەوڵـی خۆمـان بـۆ نەمانـی ئـەو شـەڕە داوە.

لـە سـاڵی ڕابـردوو و بەهـاری ئەمسـاڵ لـە لایـەن دۆسـتانی گەلـی کـورد و جووڵانـەوە هێندێـک هەوڵـی خێرخوازانـە بـۆ تەواوکردنـی شـەڕ و لیکنزیـک بوونـەوەی حیزبـی ئێمـە و فراکسـیۆن درا، بـەڵام بـە داخـەوە لـە بـەر خۆبەزلزانیـی سـەرکردەکانی ئـەو جەماعەتـە و بەهـۆی بۆچوونـە چەوتەکانیـان ئـەو هەوڵانـە بـێ ئـاکام مانـەوە.

سیاسـەتی ئوسـوولیی حیزبـی ئێمـە هەروەکـوو لـە کۆنفڕانسـی چـوارەمدا دەسـت نیشـان کـراوە، هاوکاریـی بەکردەوە لەگـەڵ هەمـوو هێـزە خەباتکار و دێموکرات و شـۆڕشـگێڕەکانە لە چوارچێوی کوردسـتان و لـە ڕادەی ئێرانـدا. هـەر بۆیـە سیاسـەتی لادەرانـەی جەماعەتـی شـەڕەفکەندی نابـێ کار بکاتـە سـەر سیاسـەتی ئوسـوولی حیزبەکەمـان و بـە ڕووداوی ناخـۆش، هەرچەنـد دڵتەزێنیـش بـێ، لـەم سیاسـەتە ئوسـوولییانە لاڕێمـان کا. ئاڵوگۆڕەکانـی سـەردەمی ئێسـتا خێراتـر لـە جـاران پێـک دێـن و لـە بۆچوونەکانـی پێشـوودا ئاڵوگـۆڕ پێکهاتـووە. بۆیـە حیزبـی ئێمـە پێویسـتە ئـەو ئاڵوگۆڕانـە بـە وردی بخاتـە بەرچـاو و بـە قازانجـی گەلەکەمـان کەڵکـی لـێ وەربگـرێ. هەرجـۆرە

دەمارگرژییەک بۆ ئەم یا ئەو بیروباوەڕەی تایبەتی لە بەرژەوەندیی گەلەکەمان دا نیە. پێوانە بۆ دۆستایەتیی پێویستە لە سەر ئەم بنەڕەتە دابمەزرێ کە ئەم لایەنە چەندە بڕوای بە دێموکراسی و مافی گەلی کورد هەیە. لە بەر ڕووناکایی ئەم بۆچوونەدا، حیزبی ئێمە پێویستە هەموو هەوڵی خۆی بدا- هەروەکوو تا ئێستا هەوڵی داوە- شەڕ و کێشە و ناکۆکیی نێو لایەنەکانی بزووتنەوە لە ڕێگای هێمنانەوە چارەسەر بکا. بۆ لێک نزیکردنەوەی هێز و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ئێران تێبکۆشێ و بە یەکیەتیی بەکردەوە و بۆ لێک نزیکردنەوەی حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکانی هەوڵ بدا.

## چەند ڕوانگەیەك

بە لەبەرچاوگرتنی نێوەڕۆکی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆهەم و لێکدانەوەی هەموو لایەنەی مەسەلە گرینگەکانی ئێستای جیهان، ئێران و کوردستان، بە تایبەتی سیاسەت و تێکۆشانی نێوخۆی حیزب لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا و سەرنجدان بە کۆی ڕەخنە و پێشنیارەکانی کە لە کۆنفرانسەکانی حیزبیدا هاتوونە گۆڕێ، ئێمە دەبێ بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکووڕییەکان و بردنە پێشی کاروباری حیزبی لە داهاتوودا لە سەر ئەساسی ڕاگەیەندراوی ١٠ مادەیی نەورۆزی ٦٧ و باوەڕی قووڵ بە پێڕەو و پرۆگرامی حیزب بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی ژێرەوە هەوڵی پێویست بدەین و بە ئەرکی سەرەکیی خۆمانیان دابنێین.

١- لە پێوەندیی دەگەڵ باوەڕی قووڵی حیزبی ئێمە بە ئەسڵی «ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە»، دەبێ زۆر لەوە زیاتر هێزی خۆمان بۆ پەرەپێدانی تەشکیلات لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەتی لە نێو کرێکاران و زەحمەت- کێشانی شار و لادێ و ڕووناکبیران بە مەبەستی جەماوەریکردنی خەباتی گەلەکەمان تەرخان بکەین و لە پەنا کاری تەشکیلاتیدا بە هەموو تواناوە بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە باری سیاسی و نیزامییەوە تێ بکۆشین.

٢- حیزبی ئێمە سەرەڕای ئەوە کە بە خەباتی چەکدارانە درێژە دەدا، ئەم خەباتە بە تەنیا شێوەی خەبات نازانێ و بۆیە تێدەکۆشێ زیاتر لە جاران دەگەڵ شێوەکانی دیکەی خەبات لێکیان گرێ بدا، تا بە هەڵسەنگاندنی هێزی خۆیی و دوژمن، بتوانێ بە هەر شێوەیەکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی بەربەرەکانی بە مەبەستی لاوازکردنی دوژمن کەڵک وەرگرێ.

٣- بە هۆی ئەوە کە هەلومەرجی خەبات دژوارتر لە جارانە، پێویستە گرینگییەکی زیاتر بە تەبلیغات بدرێ، ڕێگای ئەوەش بەهێزترکردنی چاپەمەنی و ڕادیۆ دەنگی کوردستانە.

٤- یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی گەلەکەمان لە دەرەوەی وڵات کزبوونی تەشکیلات و تەبلیغات بووە. ئەرکی سەرشانی ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزبە کە گرینگییەکی تایبەتی بە پەرەپێدانی تەتشکیلات و تەبلیغات لە دەرەوەی وڵات بدا.

٥- ئەزموونی یازدە ساڵەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی سیاسەتی فێڵبازانەی، نیشانی داوە کە ماهییەتی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیی ئەو ڕێژیمە نەگۆڕدراوە و ناگۆڕێ. هەر پاشەکشەیەک و هەرچەشنە هیوایەک بە سازان دەگەڵ ڕێژیم، جگە لە پێکهاتنی گومان و دوو دڵی ئاکامێکی دیکەی نابێ. هەر بۆیە دروشمی «ڕووخانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی» لە جەوهەری ستراتیژی بزووتنەوەی سەرانسەری و وەدیهاتنی ئەو

ئامانجە لە گرێوی یەکیەتیی بەکردەوەی هێزە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکانی وڵات دایە.

٦- حیزبی ئێمە لە پێوەندیی دەگەڵ هەر هێزێکی سیاسی ئێرانی کە بەکردەوە بیروبڕوای دێموکراتیکی هەبێ و بڕوای بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان بە شێوەیەک لە شێوەکان هەبێ، وەک دۆستی ستراتیژیکی خۆی چاوی لێ دەکا.

٧- ئاڵوگۆڕی بەرچاوی سیاسی لە جیهاندا و بە تایبەت چلۆنایەتیی هەلومەرجی خەبات لە کوردستان و ئەزموونی خەباتی دوور و درێژی گەلەکەمان ئەو پێویستییەمان بە ڕوونی نیشان دەدا کە هێزە کوردستانییەکانی تێکۆشانی خۆیان بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بە بیروڕای گشتیی جیهان پەرە پێ بدەن و بەکردەوە لە نێوان خۆیاندا هاوکاریی پێوست بکەن. حیزبی ئێمەش لەم بوارەدا بە هەست بە بەرپرسایەتی دەبێ ئەرکی خۆی بەرێوە بەرێ و بۆ پێکهێنانی ئۆرگانیزمێکی کارامەی کوردی لە دەرەوەی وڵات هەنگاو هەڵگرێ.

٨- هەرچەند یەکگرتوویی و هاوئاهەنگیی هێزە کوردستانییەکان لە نێو خۆدا بە تایبەتی لە قۆناخی ئێستادا زۆر گرینگە و ئێمە هەر لە ڕۆژی هەوەڵی هەڵوێستگرتنەوە پێمان لە سەر ئەوە داگرتووە، بەڵام فراکسیۆنی شەڕخواز لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە کردەوە شەڕی بە سەردا سەپاندووین و هەتا ئێستا حەوت کادر و پێشمەرگەی لێ شەهید کردووین. بەپێچەوانەی بۆچوون و هەڵوێستی بەرپرسانەی ئێمە کە لە بڕیارنامەی پلینۆمی پێنجەمدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو تاقمە تێکدەر و شۆڕش شێوێنە لە ئاخرین بەناو پلینۆمی خۆیان لە مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا ئاشکراتر لە ڕابردوو سیاسەتی خیانەتکارانە و شەڕخوازانەی خۆیان دەرخست.

حیزبی ئێمە وەک هەمیشە لە تەواوی ئەو هێز و شەخسییەتانە کە کورد، یان دۆست و دڵسۆزی کوردن داوا دەکا بۆ مەحکووم کردنی کردەوەی شەڕخوازانەی ئەو تاقمە و تەواوکردنی شەڕی خۆماڵی، شێلگیرانە هەوڵ بدەن.

٩- لە خاڵی حەوتی لاپەڕەی حەفتای ئەسنادی کۆنفرانسی چوارەمدا «توصیە» کرابوو؛ « دەبێ بۆ ڕێکخستنی ژنان و لاوان لە نێو حیزبدا هەوڵی پێویست بدرێ». بۆ ئەم مەبەستە هێندێک هەنگاو هەڵهێندراوەتەوە، بەڵام کافی نەبووە. پێویستە لەم بارەوە هەوڵی زیاتر بدرێ.

١٠- بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیکی کوردستان گوروتینی خۆی لە دەریای بێ پایان هێزی کۆمەڵانی خەڵکی کورد وەردەگرێ. هێزە شۆڕشگێڕەکان لە کوردستان، هاوپەیمانانی سروشتی گەلی کوردن و گەلانی ژێردەستە و چەوساوەی ئێران و هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکان پاڵپشتی «بالقوە» و «بالفعل»، وڵاتانی سوسیالیستی و ئەو وڵاتانەی باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ژێردەستە هەیە، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوایەتی و جووڵانەوە کرێکارییەکان و هەروەها حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دێموکراتەکان و ئەو شەخسییەتانەی کە لایەنگری مافی مرۆڤن، لە ڕادەی جیهانیدا وەک دۆستان و یاریدەدەرانی بزووتنەوەی گەلی کورد دەژمێردرێن.

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

جێگای خۆیەتی کە جارێکی دیکەش دەگەڵ شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب و گەلەکەمان، دەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و کۆمەڵانی ئەمەگناسی گەلی کورد پەیمان و بەڵێنی خۆمان

تازە کەینەوە کە هەتا وەدی هێنانی ئامانجی پیرۆزی حیزب و گەلە ستەم لێکراوەکەمان، تێکرووخانی دام و دەزگای ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێران و دابینکردنی خودموختاری بۆ کوردستان، هەروا شێلگیرانە بە خەباتی حەقخوازانەی خۆمان درێژە بدەین.

بڕووخێ ڕێژیمی دژی گەلی و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی،
بەرقەرار بێ دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان،
پتەوتر بێ خەباتی هاوبەشی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران،
پتەوتر بێ یەکیەتی بەکردەوەی هەموو هێزە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکان،
سڵاو لە گیانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی،
سڵاو لە زیندانییە سیاسییەکان و بنەماڵەی شەهیدان،
سڵاو لە کادر پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب،
سڵاو لە کۆمەڵانی ئەمەگناسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران،
بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

***

## بڕیارنامەی کۆنگرەی نۆهەمی
## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ

لە ڕێکەوتی ٦٩/٥/٢١ کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ پێکهات و لە ماوەی ٧ ڕۆژاندا کارەکانی خۆی بەڕێوە برد و لەسەر ئەو چەند خاڵانەی خوارەوە بڕیاری دا و هەروەها چەند خاڵیشی وەکوو تەوسییە بۆ کۆمیتەی ناوەندیی داهاتوو هێنایە گۆڕێ و دەستنیشانی کرد.

١- بەشدارانی کۆنگرە بە تێکڕایی دەنگ و بەچەند تێبینی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەیان پەسند کرد.
٢- ڕێبەرایەتیی داهاتوو پێویستە پێوەندیی نێوخۆیی و دەرەوەی خۆی بە پێی ئەو ئەسڵەی خوارەوە تەنزیم بکا. بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستان گورتینی خۆی لە دەریای بێپایانی هێزی کۆمەڵانی خەڵک وەردەگرێ، هێزە شۆڕشگێڕەکان لە کوردستان هاوپەیمانانی سروشتیی گەلی کوردن و گەلانی ژێردەستە و چەوساوەی ئێران و هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکان پاڵپشتی «بالقوە» و «بالفعل »ی ئەو بزووتنەوەن، وڵاتانی سۆسیالیستی و ئەو وڵاتانەی باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ژێردەستە هەیە، هەروەها بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوایەتی و جووڵانەوە کرێکارییەکان و حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دێموکراتەکان و ئەو شەخسییەتانەی کە لایەنگری مافیمرۆڤن

وەک دۆستان و یاریدەدەرانی بزووتنەوی گەلی کورد دەژمێردرێن.

٣- ئەزموونی یازدە ساڵ تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە ماهییەتی دژی گەلیی ئەو ڕێژیمە نەگۆڕدراوە و ناگۆڕێ. هەر بۆیە دروشمی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لەجێی خۆیەتی و ڕێبەریی داهاتوو بە یەکیەتی بەکردەوە لەگەڵ هێزە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕەکان پێویستە لەو بوارەدا هەنگاو هەڵهێنێتەوە.

٤- یەکیەتی بەکردەوەی هەموو ڕێکخراوە خەباتگێڕ و دێموکراتە ئێرانی و کوردستانییەکان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلانی ئێران زەروورەتی مێژوویییە. وێڕای تەئیدی تێکۆشانی تائێستای حیزب لەو ماوەیەدا، پێشنیار دەکرێ ڕێبەرایەتیی داهاتوو لەمەودواش بەوپەڕی تواناوە لەڕێگای یەکیەتی و لێک نزیککردنەوەی ئەو هێزانە هەنگاوی جیددی هەڵبگرێ و بە کۆمیتەی ناوەندیی داهاتوو سەلاحییەت دەدرێ ئەگەر زەمینەی پێکهاتنی بەرە رەخسا، هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵهێنێتەوە.

لە و ڕابیتەیەشدا لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کە پێوەندی نییە، بەو مەرجانە کە باوەڕیان بە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد هەبێ، پێوەندییان لەگەڵ بگرێ.

٥- بە سەرنجدان بەو ئەسڵە کە پێویستە مەسەلەی کورد هەرچی زیاتر لەڕادەی جیهانیدا بێتە گۆڕێ، پێویستە ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزب لەپێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلە هەوڵی زیاتر بدات و بە پەرەپێدان و بەهێز کردنی تەشکیلات و تەبلیغاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات و بە پێوەندیگرتن لەگەڵ ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان و کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان بزووتنەوەکەمان بە بیروڕای گشتیی جیهانی زیاتر بناسێنێ.

٦- ئاڵو گۆڕی بەرچاوی سیاسی لە جیهاندا بەتایبەتی چلۆنایەتیی هەلومەرجی خەبات لە کوردستاندا و ئەزموونی خەباتی دوور و درێژی گەلەکەمان ئەو زەروورەتە نیشان دەدا کە پێویستە هێزە کوردستانییەکان تێکۆشانی خۆیان بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بە بیروڕای گشتیی جیهان پەرەپێبدەن، ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزب دەبێ لەمبارەوە هەوڵی پێویست بۆ نزیکایەتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە بدا و بۆ پێکهێنانی ئۆرگانیزمێکی کوردی لە دەرەوەی وڵات هەنگاو هەڵبگرێ.

٧- سیاسەتی تا ئێستای ڕێبەرایەتی لە بەرامبەر جەماعەتی شەرەفکەندی تەئیید دەکرێ و پێویستە ڕێبەرایەتیی داهاتوو بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕی خۆماڵی لەسەر ئەو سیاسەتە بڕوا و هەوڵی زیاتر بدا و هەروەها لەو بوارەشدا هەوڵ بدرێ پشتیوانیی ڕێکخراوەکان بۆ هەڵوێستی حیزب جەلب بکرێ.

٨- ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزب بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای وڵات دەبێ لە هەموو شێوەکانی خەبات وەک خەباتی چەکداری و سیاسی و دیپلۆماسی و جەماوەری کەڵک وەرگرێ.

***

## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی
## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)
## پەسندکراوی کۆنگرەی نۆیەم
**(گەلاوێژی ١٣٦٩، ئووتی ١٩٩٠)**

### بەشی یەکەم
**سەرەتا!**

١- لەمێژە گەلی کورد لە پێناوی ئازادیی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا. سەرانسەری چەرخی نۆزدەیەم شاهیدی ڕابردووی خوێناویی نەتەوەکەمانە. لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەری دوویەمی جیهانی ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەبووە. لە سەردەمی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرستی و فاشیزمدا، پێویستییەکی مێژوویی بۆ دامەزرانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ هەست پێ دەکرا. هەر لەبەر ئەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارە کە پاش بیست ساڵ دیکتاتۆریی ڕەزاخان پێکهاتبوو، کەڵکی وەرگرت و، لە ٢٥ گەلاوێژی ١٣٢٤ دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

بەو جۆرە، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی پێویستییەکی مێژوویی و نیشانەی وریایی و ژیریی ڕۆڵە پێشڕەوکانی گەلی کورد بوو. لەو دەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە، ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی دێموکراتی دژی ئیمپریالیستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا بە نوختەگۆڕانێکی گرینگ دەژمێردرێ و سەرەتای قۆناغێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بوو کە نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا توانیی کۆمارێکی نیشتمانی لە بەشێکی کوردستاندا بێنێتە سەر کار. ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و، لە دوای سەرکوتی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە دیکتاتۆریی نیزامی بەسەر هەموو کوردستانی ئێراندا زاڵ بووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەیش گەلی کورد لە خەبات نەوەستا و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی هەروا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ٤٤ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێو و، پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە کە حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە دەرسی وەرگرتووە. ئەو بەرنامەیە لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا، بە لەبەرچاو گرتنی ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی لە جیهاندا و بە وردبوونەوە لە قۆناغی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران و هەلومەرجی تایبەتیی کوردستانی ئێران دانراوە.

٢- سەردەمی ئێمە، سەردەمی پەرەئەستاندنی دژایەتی لەگەڵ نفووزی ئیمپریالیزم و سەردەمی وریابوونەوە و پێشکەوتنی مرۆڤ، پەرەئەستاندنی ویستی دێموکراسیخوازی و بزووتنەوە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، سەرەتای هاتنە گۆڕێی بیری گۆڕانکاری لە شێوەی دابەزاندنی سۆسیالیزمدایە. لە ماوەی چل و پێنج ساڵی دوای شەڕی دوویەمی جیهانی ئاڵوگۆڕێکی

سیاسیی ئەوتۆ لە جیهاندا ڕووی داوە کە سیمای جیهانی گۆڕیوە. سیستەمی ئیستعماری لەبەریەک هەڵوەشاوە، دەیان نەتەوەی گەورە و بچووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندووە.

لە زۆر وڵاتاندا ئەم ڕەوتە سیاسییە، ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ بووە. لەم وڵاتانەدا کۆمەڵی دواکەوتووی پێشوو لەنێو چووە و کۆمەڵێکی نوێ و پێشکەوتوو جێگای گرتۆتەوە. چینە زۆردار و کۆنەپەرستەکان دەسەڵاتی سیاسییان لە دەست دەرهاتووە و هێزە نیشتمانپەروەرەکان و نوێنەرانی چین و توێژە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە. لە زۆربەی وڵاتاندا چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لەبەریەک هەڵوەشاون و ڕێگا بۆ پێشکەوتنی و کۆمەڵ خۆش بووە. بە چەشنێکی گشتی، ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە کە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەو پێش بەرن، ئازادیی کردەوەیان پتر بووە و دەرەتانیان بۆ پێک هاتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دروست بکەن. وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە سایەی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیکەوە کە ئیمکانێکی بێوێنەیان بۆ پێشکەوتنی ئابووری پێکهێناوە، توانیویانە هەڵدانی ئابووریی خۆیان خێراتر بکەن. بەڵام لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتووانیان بەرنە سەر، بە سەدان میلیۆن کەس لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکەن و تەنانەت لە هێندێک وڵاتدا زۆر کەس لە برسان دەمرن! ئەمە یەکێک لە گەورەترین ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتییە.

وڵاتانی ئیمپریالیستی، ئێستاش لە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی خۆیان بۆ پاراستنی پێوەندیی نابەرابەری نێونەتەوەیی کەڵک وەردەگرن. ئێستاش نەتەوە زۆرلێکراوەکانی پێشوو بەتایبەتی نەتەوە بچووکەکان تەئسیرێکی کەمیان لە دانانی سیاسی نێونەتەوەییدا هەیە و تەنانەت زۆرجار دەبیندرێ کە مافە ڕەواکانیان لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە پێشێل دەکرێن. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش پێوەندیی ئیستعماریی پێشوو لە بناغەدا هەڵوەشاوە و خەبات بە دژی ئیمپریالیزم بە شێوەی جۆربەجۆر بەڕێوە دەچێ. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە کە بەهۆی پرۆسترۆیکا لە شووڕەوی و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات هاتوونەتە ئاراوە و دەستەبەربوونی فەزایەکی هێمنانە لە ئاستی جیهانی و گەشەی ڕەوتی دێموکراسیخوازی و جووڵانەوەی کرێکاریی وڵاتانی سەرمایەداری، هێزە دێموکرات و ئاشتیخوازە بەشەردۆستەکانی وڵاتانی جیهان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوایەتی وەزعێکی وایان پێکهێناوە کە نەتەوە بچووکەکانیش هیوادارن کە پشتئەستوور بە هێزی خۆیان و بە کەڵکوەرگرتن لە هاودەردیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو بتوانن بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان سوورتر بن.

٣- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێکدانەوەکانی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی لە ستراتیژیی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکاندا، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لە باری جوغرافیاییەوە ئەم ناوچەیە کەوتووەتە سێڕێیانی سێ قارەی ئاسیا، ئەفریقا و ئورووپا، لە باری ئابووری و سەرچاوە ژێرزەمینییەکانەوە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە و زیاتر لە نیوەی تەواوی پاشەکەوتی نەوتی دنیا لەو ناوچەیەدا هەڵکەوتووە.

بێجگە لەوانەش، هاوسنووریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت واتە یەکەمین وڵاتی دامەزرێنەری سیستەمی سۆسیالیستی، هەروەها دروستبوونی هێندی وڵاتی

سەربەخۆ و بوونی چەند بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی وەک بزووتنەوەی فەلەستین و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و... لەو مەڵبەندەدا بایەخ و گرینگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان لە حیساب و لێکدانەوەی هێزەکانی نێونەتەوەیی‌دا زیاد کردووە.

تەواوی ئەم ڕاستیيانە بۆتە هۆی ئەوە کە وڵاتانی ئیمپریالیستی هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەم ناوچەیە بە وردی بخەنە ژێر چاوەدێری و بەرامبەر بە هەر چەشنە ڕووداوێکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست بن و دژکردەوە نیشان بدەن.

٤- ئێران لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. لە ڕاستیدا ئێران نەیدەتوانی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کە بەسەر جیهان‌دا هاتووە دوور ڕابگرێ. بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕەی لە ئێران‌دا ڕووی داوە بەهیچ جۆر وەڵامدەری ئیمکاناتی ئابووری و سروشتیی ئەم وڵاتە نییە. ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو دەژمێردرێ. ئێستاش زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە هەژاری و بێبەشی‌دا دەژین. بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئێران بەتایبەتی لە لادێ هێشتا هەر نەخوێندەوارن و لە یارمەتیی پزشکی و دەرمانی بێبەشن. تەرکیبی کۆمەڵایەتیی لادێ تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە. دەرەبەگ و خاوەن مڵکە گەورەکان وەک چینێک لەنێو چوون و جێگای خۆیان داوە بە بۆرژۆوازیی لادێ کە لە وردە مالیکەکان و جووتیارە دەوڵەمەندەکان پێکهاتووە. مەبەستی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لە پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە، بەرینترکردنی بازاری سەرمایەداری لە سەرانسەری وڵات و پێکهێنانی بۆرژۆوازی لە دێ بوو، کە لە لایەک ببێتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و لە لایەکی دیکەش، ڕێگای پەرەپێدانی سەرمایەداری خۆش بکا. لە سەنعەتیش‌دا، ڕێژیم شا بەشی تایبەتی بە زیانی بەشی گشتی بەهێز دەکرد و بۆ هێنان و وەکارخستنی سەرمایەکانی بێگانە دەرەتانی لەباری پێک دێنا، کە دیارە لێرەش‌دا مەبەست هەر پەرەپێدانی سەرمایەداری بوو. بەمجۆرە ئێران وەک وڵاتێکی دواکەوتوو بەگشتی ڕێگای هەڵدانی سەرمایەداریی گرتبووە پێش، ڕێگایەک کە تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتی دواکەوتوو چەوت‌بوونەکەی دەرخستووە و بە ئاشکرا نیشانی داوە بە زیانی کۆمەڵانی خەڵکە.

ڕێژیمی پاشایەتی لە سیاسەتی دەرەوەدا بە چەشنێکی گشتی پێڕەویی لە وڵاتانی ئیمپریالیستی بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکرد. بێجگە لە ئەندامەتیی پەیمانی سەنتۆ کە دەستەبەندییەکی نیزامیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی دژی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، ئێران پەیمانێکی دوو قۆڵیی نیزامی و زۆر پەیمانی دیکەشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستبوو و لەو ڕێگایەوە هەزاران ڕاوێژکەری ئەمریکایی بەسەر ئەرتەش و پۆلیس و ژاندارمێری‌دا زاڵ کردبوو. لە ڕێژیمی شادا دیکتاتۆری گەیشتبووە ئەوپەڕی، شوێنەوارێک لە ئازادی و دێموکراسی نەمابوو، حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتووەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە دێموکراتییە سینفییەکان هەموو قەدەغە کرابوون، ئازادیی بەیان و بڵاوکردنەوە خرابووە ژێر پێ، نوێنەرانی مەجلیسی شوورا و سەنا لە لایەن شاوە دیاری دەکران، دەسەڵاتی قانووندانان و دادخوازی و ئیجرایی هەموو بەدەست شاوە بوو، ئەرتەش و پۆلیس بەسەر گیان و ماڵی خەڵک‌دا زاڵ کرابوون و ئێران کرابوو بە زیندانێکی گەورە بۆ هەموو ئینسانێکی بەشەرەف و ئازادیخواز.

بەمجۆرە ناتەباییەکی گرێیی لەنێوان دەسەڵاتی سیاسیی ئێران و ئاڵوگۆڕی ئابووری کۆمەڵایەتی لە نێوان شا و دەربار و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم لە لایەک و گەلانی ئێران لە لایەکی دیکەوە پێکهاتبوو کە تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی، شۆڕشێکی دیموکراتیکی خەڵکی بوو.

٥- کوردستانی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوویە لەنێو وڵاتێکی دواکەوتوودا. ئەگەرچی کوردستان لە باری سروشتی و سامانی ژێرزەمینییەوە دەوڵەمەندە بەڵام بەوحاڵەش یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە. ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی زۆربەری ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش، وەزعی ئابووری، لەشساغی و فەرهەنگیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران زۆر کەم گۆڕاوە. پایەی ژیان زۆر نزمە و زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و بێبەشیدا دەژین. زۆربەری هەرەزۆری دێیەکانی کوردستان لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی بەتەواوی بێبەش بوون.

لە زەمانی شادا کوردستان ناوچەی میلیتاریزەکراوی ئێران بوو. بەڕێوەچوونی قانوون لە کوردستان ئاسەوارێکی ئەوتۆی نەبوو. دەزگاکانی ئەرتەش و ژاندارمری و ساواک هەموو دەسەڵاتێکیان لە دەست خۆدا ڕاگرتبوو.

ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کوردستانی ئێراندا بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. کاربەدەستانی دەوڵەتی لە کوردستان هەموویان لە مەرکەزەوە دیاری دەکران و گەلی کورد هیچ تەئسیرێکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا نەبوو. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سروشتی، هیچ پرۆژەیەکی گرینگی ئابووری و سەنعەتی لە کوردستاندا جێبەجێ نەدەکرا. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆی سیاسی و سینفی ئیمکانی تێکۆشانی ئازادی نەبوو. فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد دەرەتانی پێشکەوتنی پێ نەدەدرا، بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، منداڵانی کورد لە یەکەم ڕۆژی چوون بۆ قوتابخانەوە دەبوو بە زمانی فارسی بخوێنن و ناچار بوون لە قوتابخانەدا بە فارسی پێکەوە بدوێن. بەمجۆرە کوردستانی ئێران کرابوو بە بەندیخانەی گەلی کورد.

٦- ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ لە کوردستان شوێنەواری تایبەتیی خۆی لەسەر کوردستان و باقیی شوێنەکانی ئێران دانا و دەستپێکردنی حەرەکەتی چەکداریی سیاهکەل لە ساڵی ٤٩دا و پەرەسەندنی ئەو خەباتە بە شێوی چریکی، سەرەتایەکی ڕچەشکێن بوو بۆ شۆڕشی پڕ شکۆی گەلانی ئێران، کە ئەویش ئاکامی سروشتیی ئەو وەزعە نالەبارە و دژکردەوەی بێئەملاوئەولای دیکتاتۆریی پاشایەتی و بەستراوەیی ئەو ڕێژیمە بە ئیمپریالیزم، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە بوو. گەلانی ئێران بۆ دواییهێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری پاشایەتی و خاشەبڕکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگی ئیمپریالیزم ڕاپەڕینێکی بەردرێژ و خوێناوییان بەرپا کرد و سەرەنجام پاش ساڵێک خەباتی شێلگیر و قوربانیدان، بە بەختکردنی گیان و ماڵ و بە دانی دەیان هەزار شەهید لە ٢٢ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا تۆماری تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی ڕێژیمی پاشایەتییان تێکەوە پێچا.

بێگومان شۆڕشی خەڵکی ئێران کە گەورەترین هێزی سەر بە ئیمپریالیزمی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەنێو برد، یەکێک لە گرینگترین ڕووداوە مێژووییەکانی وڵاتی ئێمەیە

و هەر لەو کاتەشدا دەرسی زۆر بەنرخی بۆ خەباتکەرانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدا بووە. شۆڕشی ئێران نیشانی دا کە هەرکات میللەتێک بە لەخۆبوردوویی و یەکگرتویی بیەوێ داو و زنجیریی ژێردەستی بپسێنێ، هیچ هێزێک لە دنیادا ناتوانێ پێشی پێ بگرێ و سەرەنجام هەموو کەندوکۆسپەکانی ڕێگای سەرکەوتن تەخت دەکا.

ئەگەرچی ٥٤ ساڵ دەورانی پڕ نەگبەتیی دیکتاتۆریی ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی هەموو چین و توێژەکانی گەلانی ئێرانی لە دژی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی حەمەڕەزا شا یەک خستبوو، بەڵام بەداخەوە، سەرکوتکردنی بێوەچانی هێزە شۆڕشگێڕەکان بە هۆی حکوومەتی شا لە لایەک و ماوەی کورتی ڕاپەڕینی پڕشکۆی خەڵکی ئێران دەرەتانی ئەوەی بە هێزە دێموکراتی و شۆڕشگێڕەکانی ئێران نەدا کە بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ سیستەمی حکوومەتی دوای ڕێژیمی پاشایەتی دابڕێژن و لەبەر ئەوەش کە هیچکام لە هێزە نیشتمانییەکانی ئێران بە تەنیا لە توانایدا نەبوو کۆمەلانی بەرینی خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بەدەستەوە بگرێ، کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسک و کۆنەپەرست کە تاقمێکیان بەکرێگیراوانی دەربار بوون، بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرهەمی خوێن و فرمێسکی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران داگرت و دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بەسەر وڵاتدا سەپاند.

لە ئاکامی ئەو وەزعەدا شۆڕشی ئێران بەلارێدا برا و نەیتوانی هیچکام لە ئاوات و چاوەڕوانییەکانی کۆمەلانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. گەلانی تینووی ئازادی لە ئێراندا بەو مەبەستە بەدەستی بەتاڵ بەگژ ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی شادا چوونەوە و بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانیان کردە قوربانی، کە جارێک بۆ هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم لە ئێراندا کۆتایی پێ بهێندرێ، ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا دابین بکرێن، کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران کە بەشی هەرەزۆری دانیشتووانی وڵاتن و گەورەترین تەئسیریان لە سەرکەوتنی ڕاپەڕیندا هەبووە، لە هەژاری و نەداری ڕزگاریان بێ و گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە چوارچێوەی ڕێژیمێکی دێموکراتیکدا بە مافی ڕەوای نەتەوایەتیی خۆیان بگەن.

بەڵام کۆنەپەرستانی پاوانخواز کە دەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاریی خەڵکی ئێران داگرتووە، بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵک ڕێگایان نەداوە هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. خەباتی بەناو دژی ئیمپریالیستیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چوارچێوەی هێندێک دروشمی بێنێوەڕۆک دەرنەچووە، ڕێژیمی خومەینی لە کاتێکدا کە خۆی بە دژی ئیمپریالیست دەزانێ، هێزە دژی ئیمپریالیستیەکانی وڵات سەرکوت دەکرد و دەرکەوت کە ئەو ڕێژیمە بەپێچەوانەی پروپاگاندەی دەزگا تەبلیغاتییەکانی بەدزییەوە پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا دامەزراندبوو، چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی یەدەکیی لێ دەکرین و ئەو سیاسەت و پێوەندییانە تا ئێستاش لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستییەوە درێژەیان هەیە.

بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن ئاخوندەکانەوە، ئازادییە دێموکراتییەکان زۆر خراپتر لە سەردەمی پاشایەتی خرانە ژێر پێ. کۆمەڵانی دەستەنگ و زەحمەتکێشی وڵات زیاتر لە هەموو کاتێک لەگەڵ هەژاری و نەداری و گرانی و بێکاریی بەرەوڕوو بوون و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ چەشنە هەنگاوێکی بۆ

چارەسەری هەزاران گیروگرفتی ژیانی ئەوان هەڵنەهێناوەتەوە. گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش نەک هەر بە مافی ڕەوای خۆیان نەگەیشتوون بەڵکوو وەڵامی هەموو داخوازەکانیان بە ئاگر و ئاسن دراوەتەوە. بە کورتی هەموو کردەوەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بەپێچەوانەی ئیدیعاکانی لەگەڵ سیاسەتەکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی هاوئاهەنگە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە خزمەت ئەوان دایە.

ڕێژیمی خومەینی وەک میراتگرێکی بەئەمەگ بۆ ڕێژیمی پاشایەتی لە هەموو سیاسەتێکی دژی گەلیدا چەند هەنگاوی لە ڕێژیمی پێشوو تێپەڕاندووە. ئەگەر ڕێژیمی شا ئێرانی بەرەو سەرمایەداری دەبرد و دیفاعی لە سەرمایەدارانی نێوخۆ و بیگانە دەکرد، دەسەڵاتی دژی گەلی خومەینی بە ناوی دین و مەزهەب و دیفاع لە سەرمایەداری دەکا و خاوەن مڵکایەتیی تایبەتیی سەرمایەداران بە بەشێکی خودایی دەزانی کە نابێ دەستی تێ وەردرێ. ئەگەر حەمەڕەزا شا وەک دیکتاتۆرێک قانوون و مەجلیس و دامودەزگا دەوڵەتییەکانی بە شێوەیەکی غەیرە قانوونی خستبووە ژێر چۆکی خۆی، خومەینی باری شەرعی و قانوونیی بەو شێوە دیکتاتۆرییە داوە و ملکەچی بۆ زەبروزەنگی کۆنەپەرستانەی دیکتاتۆریی بە ئەرکێکی ئایینی داناوە.

هەروەک لە ڕێژیمی پاشایەتیدا داوای مافی نەتەوایەتی بۆ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران وەک کورد و ئازەربایجانی و عەرەب و بەلووچ و تورکمەن بە تاوانێکی گەورە دەزانرا، لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیشدا لەگەڵ هەرچەشنە داخوازێکی ڕەوای نەتەوایەتی بە توندترین شێوە دژایەتی دەکرێ. دیکتاتۆریی ئاخوندی نەک هەر هیچ بیروباوەڕێکی موخالیفی خۆی ناتوانێ تەحەموول بکا، بەڵکوو لەگەڵ هەر بیرێکی جیا لە بیری کۆنەپەرستانەی خۆی - با موخالیفیش نەبێ – بە توندی دوژمنایەتیی دەکا. لە ماوەی پتر لە یازدە ساڵ فەرمانڕەوایی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕێژیمە زۆر زیاتر لە پەنجا و چوار ساڵ دەورانی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئازادیخوازانی ئێران و ئەندامانی هێزە دێموکراتییەکانی ئێعدام کردووە.

لە کوردستان دیمەنی دزێوی دیکتاتۆریی ڕەشی مەزهەبی زۆر باشتر و بێپەردەتریش دەردەکەوێ. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد وەک یەکێک لە گەلانی ئێران چالاکانە لە شۆڕشی سەرتاسەریی وڵاتدا بەشدار بوو، هەرچەند گەلی کورد لە سەرەتای شۆڕشدا لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیەوە هەموو توانای خۆی بەکار بردووە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتی و توێژەوە بە لانیکەمی مافە ڕەواکانی بگا، حکوومەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی نەک هەر ملی بو داخوازە بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستان ڕانەکێشا، بەڵکوو بەپێچەوانە لەشکری کێشایە سەر و دەستووری قەتلی عامی دا. تەنانەت کار بەوەشەوە نەوەستا و خومەینی فتوای جیهادی لە دژی گەلی زۆرلێکراوی موسوڵمانی کورد دەرکرد و ڕشتنی خوێنی کیژ و لاو و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستانی بە حەڵاڵ زانی. ئێستا یازدە ساڵە شەڕ دژی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان درێژەی هەیە. کوردستان بەشێوەیەکی بێوێنە میلیتاریزە کراوە و بۆتە سەربازخانەیەکی گەورە. هەزاران بنکەی نیزامیی ڕێژیم لە سەرانسەری کوردستاندا دامەزراوە. خەڵکی کوردستان لەم ماوەیەدا لە پێناوی ئازادی و دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی زیاتر لە پەنجا هەزار شەهید داوە کە زیاتر لە چوار هەزاری کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. سەرەڕای پیلانی کوردستانیکردنی شەڕی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆپەرستی دەسەڵاتدارەوە، بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیکی گەلی کورد ئێستاش شێلگیر و

ئاگاهانە بەرامبەر بە زۆرداریی ڕێژیمی ئاخوندی ڕاوەستاوە و بەربەرەکانیی خۆی درێژە پێ دەدا. بەمجۆرە ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەل و لەگەڵ هەموو قانوون و نیزامێکی نێونەتەوەیی نیشان داوە. هەوڵدانی ئەو ڕێژیمە بۆ سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و داسەپاندنی شەڕ بەسەر گەلی کورددا و درێژەدانی ئەو شەڕە و هەروەها پێکهێنانی زەمینەی شەڕی ئێران و عێراق بە مەبەستی «صدور انقلاب اسلامی» و پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامی دڵخوازی خۆی، ماهییەتی شەڕخوازانە و دژی گەلی خۆی بە دنیا سەلماند.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی گەلانی ئێران لەژێر باری زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری پێویستە ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و لە جێگای ئەو ڕێژیمێکی دێموکراتی دابمەزرێ کە مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران بە ڕەسمی بناسێ و داخوازەکانیان وەدی بێنێ. پێویستە دەرەتان بە گەلانی ئێران بدرێ کە بە ئازادی نێوەرۆکی سیستەمی کۆماری داخوازی خۆیان دیاری بکەن و مەجلیسی دامەزرێنەرانی (مؤسسان) بۆ دانانی قانوونی ئەساسیی کۆماری نوێ پێک بێ.

٧- بۆ ڕاپەڕاندنی کۆمەڵانی خەڵک بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکار و سەقامگیر کردنی ڕێژیمێکی دێموکراتی لە ئێراندا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە شۆڕشگێر و دێموکرات و خەباتگێڕەکانی ئێرانی بە مەرجێکی هەرە گرینگ دەزانی و پێویستە هەر لە ئێستاوە ئەو هێزانە لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دواڕۆژی وڵات یەک بگرن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە.

بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە، حیزبی ئێمە هەم دژی شۆوینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکا و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە ڕێژیمی خومەینی و گەلانی ئێران لە یەک جیا ناکاتەوە، خەبات دەکا. هەم شۆوینیزمی ئێرانی و هەم ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەر دووکیان دوژمنی یەکیەتیی گەلانی ئێرانن. هەر لەو کاتەدا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسیی گەورە، شۆوینیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە یازدە ساڵە کە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان دژی پەلاماری دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبا. دروشمی حیزبی ئێمە لەو قۆناغەدا- دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان- بۆتە دروشمێکی بنەڕەتیی زۆربەی خەڵکی کوردستان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێرانیش پشتیوانیی لێ دەکەن. لە «کۆنگرەی هەشتەم» و بەتایبەت بەدوایی ئەو کۆنگرەدا فراکسیۆنی شەڕەفکەندی-قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ درێژەدانی سیاسەتی ڕاستئاژۆیانە و لادەرانە سەبارەت بە ئامانجە دژی ئیمپریالیستی و دێموکراتییەکانی خەڵکی ئێران و درێژەدانی سیاسەتی سازان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە پێشێلکردنی دێموکراسیی نێوخۆیی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەزەری نوێنەران، زۆر جێگای بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبیان جەعل و دەستکاری کرد. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوای هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر ئەو سیاسەتانە لە کۆنفڕاسی چوارەمدا شوێنە دەستکاریکراوەکانی خستە بەرچاوی نوێنەران کە دوای باس و وتووێژی پێویست ئیسلاح کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی خۆی دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان، ئەرکی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و بیروڕای حیزبی ئێمە لە بارەی مەسەلە سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکانەوە بۆ ئەوان باس بکەن. هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە ئاگادار بکرێن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو دانیشتووانی کوردستان داوا دەکا بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە تێبکۆشن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێزێکی پێشکەوتنخواز و بەرابردووە کە زۆربەی خەڵکی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکەن. پێویستە بەدڵ و بەگیان تێبکۆشن هێزی بێپایانی گەل بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حیزبەکەمان بکەوێتە کار. ئەوکاتەیە کە بەرنامەی حیزبەکەمان دەبێتە هێزێکی ماددیی بەتوانا و دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا وەدی بێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندووە. وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە کە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا دادەمەزرێ.

## بەشی دوویەم:
## بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)

### فەسڵی یەکەم:
### ئامانجە گشتییەکان

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شان بە شانی هێزە پێشکەوتووکانی سەرانسەری ئێران و کوردستان بۆ لەنێوبردنی هەر چەشنە نفووزی ئیمپریالیزم و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتی لە ئێراندا تێدەکۆشێ.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٣- ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستییە.

٤- بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو قۆناغەدا دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە.

٥- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ئازادیخوازانەی هەموو گەلان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی و هەروەها دژی ڕێژیمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان گەلان و نەتەوەکانی جیهانە.

### فەسڵی دوویەم:
### بنچینەکانی ئەسڵیی خودموختاری

٦- ناوچە خودموختار هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی

ناوچــەی خودموختــاری کوردســتان بــە لەبەرچاوگرتنــی هۆیەکانــی جوغرافیایــی فەرهەنگــی، نەتەوایەتــی و ئابــووری و ویســتی زۆربــەی دانیشــتووانی هــەر کام لــە ناوچــە کوردنشــینەکان دیــاری دەکــرێ.

٧- لـە ناوچـەی خودموختـاری کوردسـتاندا هەمـوو دەسـەڵات بـە دەسـت خەڵکەوەیـە کـە بەهـۆی نوێنەرانـی خۆیـان لـە شـوڕای بـەرزی کوردسـتاندا بـەکاری دێنن.

٨- کاروبــاری پێوەندییەکانــی دەرەوە (سیاســی و ئابــووری) دیفاعــی میللــی (ســپا) دانانــی بەرنامـەی درێژخایەنـی ئابـووری و سیسـتەمی دراوی لەژێـر دەسـەڵاتی دەوڵـەتی مەرکەزیدایە. بێجگــە لەوانــە ســەڵاحییەتی بەڕێوەبردنــی دەزگای دەوڵەتــی کوردســتان بەدەســت حکوومەتــی خودموختــاری کوردســتانە. خەڵکــی ناوچــەی خودموختــاری کوردســتان وەک باقیــی هاونیشــتمانان لـە ڕێـگای قانوونییـەوە و بـێ هیـچ چەشـنە جیاوازییـەک لـە ئۆرگانیزمـی دەوڵـەتی مەرکـەزیدا بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـاری وڵات بەشـدار بـن.

٩- شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەی خودموختاری کوردستان شوڕاییە.

شـوڕای بەرزی کوردسـتان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی ناوچەی خودموختاری کوردسـتانە و لــە ئاســتی دانیشــتووانی کوردســتان وڵامــدەرە. نوێنەرانــی شــوڕا لــە ڕێــگای هەڵبژاردنێکــی گشــتیی وەک یــەک، ڕاســتەوخۆ و نهێنییــەوە هەڵدەبژێردرێــن. ژن و پیــاو لــە هەڵبــژاردن و لــە هەڵبژێـراندا مافـی وەک یەکیـان هەیـە.

١٠- شـوڕای بـەرزی کوردسـتان حکوومـەتی خودموختـاری کوردسـتان دیاری دەکا. حکوومـەتی خودموختـاری کوردسـتان بەرامبەر بـو شـوڕای بـەرزی کوردسـتان بەرپرسـە.

١١- پاراســتنی هێمنــی و نەزمــی نێوخۆیــی ناوچــەی خودموختــاری کوردســتان لــە ئەســتۆی هێــزی پێشــمەرگە و ئۆرگانــە ئینتزامییەکانــی دیکــەی خودموختارییــە کــە لــە هاوکاریــی هێــزی بەرگریــی میللییــش کەڵــک وەردەگرن. ئەرکــی ئەرتــەش دیفــاع لــە ســەربەخۆیی و ســنوورەکانی وڵاتــە و حەقــی نییــە دەســت لــە کاروبــاری پاراســتنی هێمنــی و نەزمــی نێوخۆیــی وڵات وەربــدا.

١٢- زمانــی کــوردی زەمانــی ڕەســمیی خوێنــدن و «موکاتبــات»ی نێــوان ئیدارەکان لــە ناوچــەی خودموختــاری کوردســتاندایە و لــە هەمــوو قۆناغەکانــی خوێنــدندا مافــی خوێنــدن بــە زمانــی کــوردی بــۆ دانیشــتووانی ناوچــە بەڕەســمی دەناســرێ. زمانــی فارســی لــە ناوچــەی خودموختــاری کوردســتاندا لــە پۆلــی چوارەمــی ســەرەتایی ڕا لــە قوتابخانــەکان لەگــەڵ زەمانــی کوردی دەخوێندرێ. نامەنووسـینی ئیدارەکانی ناوچـەی خودموختـاری کوردسـتان بـۆ مەرکـەز و ناوچەکانـی دیکـەی ئێـران و هەروەهـا بـۆ ئیدارەکانـی سـەر بـە دەوڵـەتی ناوەنـدی لـە ناوچـەی خودموختـاردا بــە زمانــی فارســی دەبــێ.

**فەسڵی سییەم:**

**مافەکانی دانیشتووانی ناوچەی خودموختار**

١٣- هەمــوو ئــەو مــاف و ئازادییانــە کــە لــە بیاننامــەی جیهانیــی مافــی مــرۆڤ و پەیماننامــە نێونەتەوەییەکانــی ســەر بــەم بیاننامەیــەدا هاتــوون، وەک ئازادیــی عەقیــدە و بەیــان، ئازادیــی چاپەمەنی، ئازادی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و هەروەها سەندیکاکان، یەکیەتییــەکان و شــوڕاکانی کرێــکاری و جوتیــاری و ســینفی، ئەنجومەنــە دێموکراتییــەکان،

ئازادی هەڵبژاردنی کار و جێگای دانیشتن و هاتوچۆ و ئازادیی ئایین و مەزهەب لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا هەروەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن.

هەموو دانیشتووانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەروەک دانیشتووانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەپێی هیچ جیاوازیدانانێکی جینسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی وەک یەک کەڵک وەردەگرن.

١٤- لە حکوومەتی خودموختاری کوردستاندا هەروەک حکوومەتی ناوەندی دین لە دەوڵەت جودایە.

١٥- ژن و پیاو لەنێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان هەیە و بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن.

١٦- هەمووی دانیشتووانی غەیرە کورد لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان ئازادن و مافی خوێندن بە زمانی خۆیانیان هەیە.

## فەسڵی چوارەم:

## سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی

١٧- دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامەدارشتنێکی زانستییەوە لە ناوچەی خودموختاردا لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە، دابەشکردنی داهاتی گشتیی بودجە بە چەشنێک دەبێ کە بەشی دانیشتووانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بەپێی ڕادەی دواکەوتوویی زیاتر لە داهاتی نێونجی سەرانەی وڵات بێ.

١٨- ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەرانسەی ئێران سەنعەتیکردنی وڵات بەپێی دەسکەوتەکانی زانست و تیکنیک لەلایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتیی وڵات لە لایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتیکردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

١٩- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەهۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتی خۆوڵاتی و نەتەوەییەکانیش پارێزگاری دەکا و پەرەی پێ دەدا. لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابووری، بەشی هەرەوەزی و تایبەتییش لە سەنعەتیکردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.

٢٠- سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەڕگەکان کە بە سامانی گشتی دەژمێردەرێن، میللی دەکرێن و حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی و بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەلکیان لێ وەردەگرێ.

٢١- زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ڕێگای میکانیزە کردن و بەکارهێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵدا، هەروەها دارشتنی بەرنامەی بەراوکردن و هەڵبەستنی بەند، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٢٢- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆیی و برەوپێدانی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا، تێدەکۆشێ هێندێ لەو پرۆژە ئابوورییانە کە

جێبەجێکردنیان بەهۆی بەشی گشتییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووریی وڵات نییە، بە بەشی تایبەتی دەسپێردرێن و لە ڕێگای دیاریکردنی نرخ بۆ بەرهەمەکان و دانانیماڵیاتی دەوڵەتییەوە، سنوورێک بۆ پەرەگرتنی سەرمایەی تایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەو کارە کەڵکوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستانە.

٢٣- بەرەوژووربردنی پایەی ژیانی خەڵک بەتایبەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەرۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووری حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. ئەو حکوومەتە هەموو هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان کە لە هەژاری و بێبەشیدا دەژین، لەم وەزعە ڕزگار بکا و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکا. یەکەم هەنگاوی گرینگ لەو بارەیەوە ئامادەکردنی خانووبەرەی لەبار بەپێی ڕێوشوێنی لەشساغی بۆ زەحمەتکێشانی شار و لادێیە.

٢٤- ئەسڵی چل ساعەت کار و دوو ڕۆژ پشوودان لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کەمتر بێ. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بەپێی خەرجی بەڕێوەچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونە سەرێی خەرجی گوزەران زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار، نەخۆشی و بێکاری و پەککەوتوویی و پیری بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە پازدە ساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ. هەروەها مەرەخسیی پێش منداڵبوون و دوای منداڵ بوون بۆ ژنان دابین دەکرێ. بۆ کەمکردنەوە و خاشەبڕکردنی بێکاری دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێکبهێندرێ.

٢٥- لە شێوەی ئێستای مالکییەتی زەویدا دەبێ ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بە قازانجی دێنشینانی زەحمەتکێشان و بێزەوی پێک بێ و بەپێی بژێوی سەرانەی بنەماڵەی زەویان دەدرێتێ. حکوومەتی خودموختاریی کوردستان هەموو چەشنە یارمەتییەک بۆ بڕەوپێدانی ئەو شیرکەتە هەرەوەزییانەی کشتوکاڵ دەکا کە جوتیاران بە دڵخوازی خۆیان پێکیان دێنن و جگە لەوانەش کێڵگەی هەرەوەزیی دەوڵەتی پێکدێنێ.

٢٦- حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ یارمەتی وەرزێران بدا تا بتوانن ئامرازی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵییان بە نرخێکی باش لێ بکرێ و بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بە سوودی کەمەوە بداتێ. جوتیاران لە پێشدا بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پاشان بەرامبەر بە پیری و پەککەوتوویی بیمە دەکرێن. زەرەر و زیانی سروشتی وەک سێلاو و ئافات و... بە یارمەتیی حکوومەتی خودموختار قەرەبوو دەکرێنەوە.

٢٧- حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە ئاژەڵداری. لەوەڕگەکان بەپێی شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێرێ و ڕێگای دروست و زانستیی ئاژەڵدارییان فێر دەکا.

٢٨- پارێزگاریی موحیتی ژیان، سەرچاوە سروشتییەکان، لێڕەوارەکان، دەریاچەکان، پارێزگاریی حەیوانات بەتایبەتی حەیواناتی ڕاویی باڵندە، پیرۆ و ماسی، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەرەی حەیوانات پێشگیری بکرێ و لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای سەنعەتیی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی

ڕێگای ئاسندا بۆ پارێزگاریی موحیتی ژیان و لەبەرچاوگرتنی هاوهەنگاویی سروشت، وردەکارییەکی زۆر ڕەچاو بکرێ و بایەخی پێویست بە پاراستنی بینا و شوێنەوارە کۆنەکان بدرێ.

## فەسڵی پێنجەم:

## سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی

٢٩- هەموو منداڵانی کوردستان چ کچ، چ کوڕ، تا پانزدە ساڵی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ لەنیوبردنی نەخوێندەواری بەپەلە هەنگاو هەڵدێنێتەوە. لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا دابینکردنی خەرجی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەستگای دەوڵەتییە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بەخۆڕاییە. یارمەتیی حکوومەتی خودموختار لەو بارەوە قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە. حکوومەتی خودموختاری کوردستان خەرجی منداڵانی کارێکاران و جوتیاران و هەموو زەحمەتکێشانی کەمداهات لە تەواوی فێرگە پیشەییەکان و هونەرەستانەکاندا دابین دەکا. خەرجی خوێندنی منداڵانی شەهیدان و کەمئەندامانی شۆڕش، منداڵانی بلیمەت و هەڵکەوتووی زەحمەتکێشانی کەمداهات و هەروەها منداڵانی دواکەوتوو و بێسەرپەرست لە زانستگە و فێرگە بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێ.

٣٠- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەرەوژووربردنی پایەی فەرهەنگیی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی و پەروەردی بەدەنی وەک فەرهەنگستان، سینەما، تیئاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانستگەکان بە خێرایی هەنگاو هەڵدێنێتەوە.

٣١- بایەخدان بە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمەندان و زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٣٢- ڕووناکبیرانی کوردستان بەپێی لێوەشاوەیی خۆیان کاریان دەدرێتێ. حکوومەتی خودموختاری کوردستان سیاسەتێک بەرامبەر بە ڕووناکبیران و پسپۆڕان دەگرێتە پێش کە بە دڵگەرمی و لەخۆبوردنەوە خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن.

٣٣- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەرەوژووربردنی پایەی لەشساغی هەموو خەڵک تێدەکۆشێ و بۆ خاشەبڕکردنی ئەو نەخۆشییانەی لە کوردستاندا بڵاوبوونەوە بە توندی خەبات دەکا و هەلومەرجێک پێکدێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتیی خۆڕایی پزیشکی و دەرمانی کەڵک وەربگرن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، شیرخۆرگە و زایینگە هەنگاو هەڵدێنێتەوە و بۆ بەخێوکردن و پێگەیاندنی منداڵانی بێسەرپەرست و هەروەها بۆ پێڕاگەیشتن بە ژیانی کەمئەندام و بەساڵداچووانی ڕەبەن و بێدەرەتان بنکە و بنیادی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

**فەسڵی شەشەم:**

**سیاسەتی دەرەوە**

لە سیاسەتی دەرەوەدا کە لە سەڵاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە:

٣٤- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران سیاسەتێکی دەرەوەی غەیرە موتەعەهید و سەربەخۆ بگرێتە پێش و لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی حەقی حاکمییەتی نیشتمانی و دەستتێوەرنەدان لە کاروباری یەکتر پێوەندیی دابمەزرێنێ و لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و ئەو وڵاتانە کە سیاسەتێکی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستییان هەیە، پێوەندیی دۆستانە پێکبێنێ.

٣٥- دەوڵەتی مەرکەزی دەبێ لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژی ئیمپریالیستیی گەلانی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خۆیان پشتیوانی بکا.

٣٦- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران لەنێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوی ئەو ڕێکخراوە و لە ئاشتیی جیهانی و پێکەوەژیانی بە ئاشتی لەنێو گەلاندا پشتیوانی بکا و لایەنگری چارەسەری گیروگرفتە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگای وتوویێژە بەبێ بەکارهێنانی زۆر بێ.

٣٧- وڵاتی ئێران ببێتە بنکەیەک بۆ یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەنای سیاسی بە هەموو ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بدا.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا بە ئاگاداریی دەوڵەتی مەرکەزیی حکوومەتی خودموختاریی کوردستان لە هەموو ئیمکاناتی خۆی بۆ کۆمەگ بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا کەڵک وەربگرێ و پەنای سیاسی بە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بدا.

## بەشی سییەم:

## پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)

**ماددەی یەکەم: ناو و نێوەڕۆکی حیزب**

١- ناوی حیزب «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە».

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە و کرێکاران، جوتیاران و زەحمەتکێشانی شار و دێ، ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز و نیشتمانپەروەرانی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

٣- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تێکۆشانی خۆیدا لە تیئۆریی زانستیی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ پێڕەوی دەکا.

**ماددەی دوویەم: ئەندامانی حیزب**

هەموو دانیشتوویەکی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرجێک:

- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزب پەسند بکا.
- بە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ.

**ماددەی سێیەم: شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام**

بۆوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

- دوو ئەندامی بە سابیقەی حیزب ناسێنەری بن.
- لانیکەم ساڵێک لەژێر تاقیکردنەوە و پەروەردەکردندا بێ.
- لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزب یان ئۆرگانێکی بەرەوژوورترەوە وەربگیرێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسیی دیکە نەبێ.

**ماددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب:**

ئەرکی سەرشانی ئەندامانی حیزبە کە:

- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، تێبکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی فیکری و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بەپێی پێڕەوی نێوخۆ، پێڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.
- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێبکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەر.
- سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندیی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیروڕا و تاقیکرنەوەیان کەڵک وەربگرێ.
- حەقی ئەندامێتی بدا.

تێبینی:

ئەو کەسانەی ئەندامی حیزب نین، بەڵام پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن و لەگەڵ حیزب پێوەندیی تەشکیلاتییان هەیە، بە لایەنگری تەشکیلاتی دەناسرێن.

**ماددەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

- ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:
- بە ئەندامی هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ.
- لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا ڕەخنە بگرێ.

– لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، بیروڕای خۆی پێ بڵێ یان پرسیاری لێ بکا.
– لەهەر ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
– لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانیی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**ماددەی شەشەم: سزادانی ئەندام**

١– ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بەپێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆیی حیزب دەبزووتنەوە، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئیعتباری حیزب دەگەیەنێ، بەپێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتییە لە:
– سەرکۆنە بە دەم.
– سەرکۆنە بە نووسراوە.
– ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.
– هەڵپەساردن.
– دەرکردن لە حیزب
تێبینی:
درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێراو لە ماوەی هەڵپەسێراندا خاوەنی مافەکانی ئەندامی حیزب نییە. بەڵام پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبیی لە بەرچاو دەگیرێ.
٢– سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.
٣– مەبەست لە سزادانی حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامانە و تەنیا ئەوکاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری، لە باش کردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.
٤– ئەندامی دەرکراو حەقی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

**ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب**

١– ئەسڵی بنەڕەتیی دارشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دێموکراتییە.
٢– سانترالیزمی دێموکراتی بەو مانایەیە کە:
– هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.
– ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان بەو ئۆرگانانە کە هەڵیانبژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
– ئەندام پێڕەوی ڕێکخراوە و کەمایەتیی ئەندامان پێڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.
– لەنێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان و بێجیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.
– بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرتر دەبێ لەلایەن ئۆرگانەکانی خوارەوترەوە جێبەجێ بکرێ.

- باسکردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خواروترین ئۆرگان بەکۆمەڵە. تەکپەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

**ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١- بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢- کۆنگرەی حیزب هەر دوو ساڵ جارێک لە ئەندامان و جێگرەکان و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی و بە ڕادەیەک کە کۆمیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزب پێکدێ.

٣- کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازی کۆمیتەی ناوەندی یان سێ یەکی هەموو ئەندامانی حیزب بانگ دەکرێ.

٤- ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:

- باسی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
- ڕێبازی گشتیی سیاسی، ستراتیژی و تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزب پەسند دەکا و ئەگەر پێویست بوو دەسکاریيان دەکا.
- ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.

تێبینی: کەسانێک دەتوانن ببن بە ئەندام یان جێگری کۆمیتەی ناوەندی کە لانیکەم ٣ ساڵ ئەندامی حیزب بووبن.

**ماددەی نۆیەم: کۆنفڕانسی حیزب**

١- کۆنفڕانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:

- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیروگرفتی وا هاتبێتە پێش کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
- لە هەلومەرجێکی وادا، کۆنفڕانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢- کۆنفڕانس لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کۆمیتەکانی شارستان و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پێک دێ.

**ماددەی دەیەم: کۆمیتەی ناوەندی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢- ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی بەمجۆرەیە:

- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
- مەسئوولی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.
- دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتیی حیزب و جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسن.
- ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولی داهات و دەرچوونی حیزبە.

- ئاییننامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و دەفتەری سیاسی دادەنێ.
- ئاییننامەی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پەسند دەکا.
- لانیکەم چوار مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.

کۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر داوای دەفتەری سیاسی، یان زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێکدێ.

تێبینی١: کۆمیتەی ناوەندیی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی موشاویر بۆخۆی هەڵبژێرێ.

تێبینی٢: کۆمیتەی ناوەندیی لە کاتی پێویست و بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەتی دەتوانێ بۆ بەرەوپێشبردنی کاروتێکۆشانی حیزبی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی ئۆرگانیزمی حیزبدا پێک بێنێ.

**ماددەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١- لە ماوەیەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و مەسئوولی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندییە.

٢- دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی پێکدێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەدا بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی.

**ماددەی دوازدەیەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١- بناخەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزب لە دێ کۆمیتەی دێ، لە ناوچە کۆمیتەی ناوچە، لە گەڕەک کۆمیتەی گەڕەک، لە شار کۆمیتەی شار و لە شارستان کۆمیتەی شارستان بەڕێوەیان دەبا.

٣- ئەرکی شانە و کۆمیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤- کۆمیتەی هەر ڕێکخراوێک لەلایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٥- بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە لانیکەم ساڵی جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە پێکدێ.

**ماددەی سێزدەیەم: داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

- حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

## پەیامەکانی کۆنگرەی نۆهەمی
## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ

### پەیام بۆ گەلانی ئێران

کۆنگرەی نۆهەمی حیزبیدێموکراتی کوردستانی ئێران، سلاوی شۆڕشگێڕانەی خۆی پێشکەشی هەموو گەلانی ئێران دەکا و سەرکەوتنیان لەخەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بەئاوات دەخوازێ.

گەلانی ئێران باش ئاگادارن کە گەلی کورد نزیک بەیازدە ساڵە بەتاوانی داواکردنی مافی چارەنووسی خۆی واتە خودموختاری لەئێرانێکی ئازاد و دێموکراتێکدا، کەوتووەتە بەر هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی و بە ناڕەواترین شێوەکانی سەردەمی ئێستا سەرکوت دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک پێشڕەوی گەلیکورد، بەشانازی دەزانێ کەپاش ١١ساڵ دەسەڵاتداریی خوێنڕێژترین ڕێژیمی ئەو سەردەمە، ئالای خەباتی کوردستانی کە جێگای هیوا و ئومێدی هەموو ئازادیخوازان و خەباتگێڕانی ئێرانە، شەکاوە ڕاگرتووە.

جینایەتەکانی ڕێژیم لەسەرانسەری ئێران و دەرحەق بەگەلانی دیکەی ئەموڵاتە بەگشتی لەبەرچاوی کەس شاراوەنین. ئێستا لەموڵاتە شەرلێدراوە هیچ شوێنەوارێک لەمافە ئینسانییەکان بەدیناکرێ و دەنگی هەرچەشنە ڕەخنە و ئیعترازێک خەفە دەکرێ. کوژرانی سەدانهەزار کەس، وێرانبوونی زۆربەی بونیاتە ئابووری و سەنعەتییەکان، ئاوارە بوونی میلیۆنها کەس لە هاونیشتمانان، قەیرانی هەمەجۆرە، بەکورتی، بەرهەمی سیاسەتی درێژەدان بەشەڕی ماڵوێرانکەر لەگەڵ عێراق بوون.

### گەلانی ئازادیخوازی ئێران!

خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی لەخەباتی گەلانی سەرانسەری ئێران، لەپێناوی وەدەستهێنانی ئازادی ودامەزرانی حکومەتێکی دێموکراتیک جیا نییە. ڕووداوەکانی ئێران لەساڵانی ڕابردوودا جارێکی دیکە دەریخست کە پێشمەرج بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانەسەرکاری حکومەتێکی دێموکراتی، یەکیەتی و هاوخەباتیی بە کردەوە لەمیدانی خەبات دایە. با پێوەندی و هاو خەباتی هێزی بێسنووری گەلانی ئێران، پتەوتربێ و ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ و ئازادی و دێموکراسی بەدیاری بێنێ.

***

## پەیام بۆ خەڵکی کوردستان

خەڵکی خەباتگێڕ و خۆڕاگری کوردستان!

کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سڵاوی شۆڕشگێڕانەی خۆی پێشکەش بەئێوەی بەڕێز دەکا کەلەماوەی ١١ساڵی ڕابردوودا شۆڕشگێڕانە شانبەشانی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب لە بەرەوپێشبردنی ئەرکەکانی بزووتنەوە و بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکان هەوڵتان داوە.

حیزبی ئێمە وەک حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد لەکورستانی ئێران، هەموو ماف و داخوازییەکانی ئێوەی لەبەرنامەی خۆیدا گونجاندووە، سیاسەتەکانی لەپێناو وەدیهاتنی ئەو ماف و داخوازییانەدا دیاری کردووە. ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب هەموو توانای خۆیان بەکارهێناوە و تەنانەت گیانیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە کە ئەو ئامانجانە وەدیبێنن. بەڵام ئەوە تەنیا ئەرکی ئەوان نەبووە و نییە، بەڵکوو پشتیوانی و هاوکاریی هەموو لایەنەی ئێوەش- هەروەک لەماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری کۆنەپەرەستی ئیسلامیدا نیشانتان داوە ڕۆڵێکی گرینگی لەبەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی بزووتنەوەدا هەیە. کۆماری ئیسلامی دوژمنی یەکیەکی ئێوەیە و پێشێلکەری تەواوی مافەکانتانە. دەسەڵاتدارە کۆنەپەرەستەکانی کۆماری ئیسلامی لەماوەی زیاتر لە ١١ساڵدا نیشانیانداوە کەبێجگە لەگرتن و لێدان و کوشتن و ڕووتاندنەوە هیچ دیارییەکی دیکەیان بۆخەڵک پێنییە و ئێستا کە پاش ئەو ماوە درێژە، لەنێو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا نوقم بوون و هەزاران گیروگرفتیان کەوتۆتە سەرڕێ، با هەموو پێکەوە ئەرکی مێژوویی خۆمان بەجێ بگەیەنین و بەیەکگرتووییەوە بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی سەرانسەریی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێبکۆشین.

## هاووڵاتیانی خۆشەویست!

ئەزموونی خەباتی گەلان ئەو ڕاستییەی نیشان داوە کە هەرکات کۆمەڵانی خەڵک لەدژی ڕێژیمە سەرەڕۆ و جینایەتکارەکان ڕاپەڕیون، پایەی دەسەڵاتی ئەو چەشنە حکومەتانەیان تێکڕووخاندووە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو قۆناغە ناسکەدا دەبێ بە خەباتی ئێعترازی و تێکۆشان بە دژی ڕێژیم لەهەموو بوارەکاندا، مەیدان بە دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکانی کۆماری ئیسلامی تەنگ بکەن و تا ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی درێژە بە خەبات بدەن.

هەروها بە سەرنج بەو ئەسڵە کە شەڕی نێوخۆیی زۆرترین و گەورەترین زیان بە بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان نەگەیەنێ پێویستە خەڵکی تێکۆشەر و کۆڵنەدەری کوردستان لە بەرامبەر هەمووجۆرە لادان و گێرەشێوێنییەک کە دژی قازانج و بەرژەوەندیی گەلەکەمانە هەڵوێست بگرن و عامیلانی درێژەدانی شەڕ و ناکۆکی لەنێو بزووتنەوەی کوردستاندا ڕیسوا بکەن.

***

**پەیام بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی و کوردستانی**

لە هەلومەرجێکی ناسک و دژواردا لە کوردستان کە شەڕی ١١ ساڵەی دژی گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی دژی گەلی کورد بەردەوامە و لەحاڵێکدا مقاومەتی قارەمانانەی خەڵکی کوردستان بۆگەیشتن بە ئامانجەکانیان هەروا درێژەی هەیە، حیزبی ئێمە کۆنگرەی نۆهەمی خۆی بەڕێوە برد.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، پاش یازدە ساڵ دەسەڵاتداری کە لەو ماوەیەدا بێجگە لەماڵوێرانی و بەکوشتدان و لەنێوبردنی سەدان هەزار کەس لە رۆڵەکانی وڵات، دیارییەکی دیکەی بۆ گەلانی ئێران نەبووە، لە هەموو بوارێکدا لەگەڵ قەیران ڕووبەڕوو بووە و توانای خۆدەربازکردنی لەوقەیرانانە نییە و بەتایبەت کە گەلان و زەحمەتکێشانی ئێرانیش ئێستا چالاکانەتر لەجاران هەنگاویان لەمەیدانی خەبات ناوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئاخوندەکان بیر لەخۆدەربازکردن لەوهەموو گیروگرفتانە دەکەنەوە کە ڕێژیمەکەیان گەیاندۆتە هەڵدێرگە. مەسەلەیەکی گرینگ کە ئەو ئیمکانەی بۆ ئەوان هێشتۆتەوە، نەبوونی نزیکی و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی ئێرانە. ئێمە بەپێویستی دەزانین جارێکی دیکە ئەو مەسەلەیە دەستنیشان کەینەوە کە تەنیا یەکیەتیی بەکردەوە و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین لەهێزە پێشکەوتووەکانی ئێرانی وکوردستانییە کە دەتوانێ هێزی بەتوانای خەڵک وەگەڕ بخا و کۆماری ئیسلامی بۆ هەمیشە گۆڕ بکا.

لە وەزعێکی ئاوادا بزووتنەوەی کوردستان کە لێبڕاوانەتر لەپێشوو بە بەربەرەکانێی خۆی لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا درێژە دەدا، بەهۆی نەبوونی هەستی بەرپرسایەتی و خۆبەزلزانی لەلایەن جەماعەتی شەرەفکەندییەوە ئەو بزووتنەوەیە تووشی کۆسپێکی گەورە هاتووە. ئەو جەماعەتە بە درێژەدانی شەڕ دژی حیزبی ئێمە، لەڕێگای لاوازکردنی جووڵانەوەدا هەنگاو هەڵدێنێتەوە. بڕیارەکانی دوایین پلینۆمی ئەوتاقمە بەڵگەیەکی ڕوونی ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان لەسەر درێژەدانی ئەوشەڕە کە هەر رۆژ کەلێنی گەورەتر لەبزووتنەوەدا پێکدێنێ سوورن و ئامادەنین دان بە واقعیەتەکانی بزووتنەوەدا بێنن. ئێمە درێژەدانی سیاسەتی ئۆسوولیی پێشوومان سەبارەت بە مەسائیلی نێوخۆیی بزووتنەوە بەتایبەت بەرامبەر بە مەحکووم کردنی شەڕی نێوخۆیی بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

ئێمە هیواداریـن بـە وەبیرهێنانـەوەی ئاکامـە باشـەکانی ڕاوەسـتاندنی شـەڕ لەگـەڵ کۆمەڵـە، ئێوەش هەموو هەوڵی خۆتان بدەن و ئەو جەماعەتە لەژێر فشار بنێن تا واز لە سیاسەتی شەڕخوازانەیان بێنن کە تەنیا بە قازانجی کۆماری ئیسلامیە.

**دۆستان!**

ڕێژیمی کۆنەپەرەست و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە درێژە سیاسەتی تیرۆریستی بۆ لە نێوبردنی موخالفینی خۆی، هاوڕێی تێکۆشەر کاک عەلی کاشفپوور، ئەندامی کۆمیتەی

ناوەندیی حیزبەکەمانی شەهید کردوە. ئێمە داوا دەکەین هەموو ڕێکخراوە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕەکان، یەکدەنگ و یەکگرتوو بە لەقاودانی کردەوە دژی ئینسانییەکانی ڕێژیم هەرچی زیاتر ئەو ڕێژیمە تێرۆریستپەروەرە لەلای بیروڕای گشتیی جیهان ڕیسوا بکەن.

***

**پەیام بۆ بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدانی کوردستانی ئێران**

بنەماڵە بەڕێزەکانی شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان!

لەتریبونی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی شۆڕشگێڕی ئێوە و هەموو کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی خەڵکی کوردستانەوە جوانترین سڵاوتان پێشکەش دەکەین و هیواداریـن ئەو ئامانجە پیرۆزانەی ڕۆڵەکانی ئێوە گیانیان بۆ بەخت کرد، بە هەوڵ و تێکۆشانی شێلگیرانەی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی کۆمەڵانی چەوساوەی گەلەکەمان وەدی بێ و سێبەری داری ئازادی کە بە خوێنی باشترین خەباتگێڕانی گەلەکەمان ئاو دراوە بەسەر وڵاتەکەمان بکشێ.

**بەڕێزان!**

ڕۆڵەکانی ئێوە لە ڕێگایەکی پیرۆز واتە لەپێناوی خەبات بۆ ڕزگاریی گەلەکەماندا شەهید بوون. ئەوان لە دەرد و ژانەکانی کۆمەڵانی ڕەنجدیتووی خەڵکی کوردستان تێگەیشتبوون، هەستیان بە نابەرابەری و بێعەداڵەتی کردبوو، هەژاری و چەوسانەوەی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و چەوساوەی گەلەکەیان بە چاو دیتبوو و زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان لەسەر کۆمەڵانی خەڵکیان دەرک کردبوو. هەربۆیەش بەوپەڕی تواناوە دژی ستەم و بێعەداڵەتی وەستان و سەرەنجام گیانی شیرینی خۆشیان لەڕێگای ئامانجە پیرۆزەکانی خەڵکی کوردستاندا کە لە بەرنامەی پێشکەوتووانەی حیزبەکەماندا ڕەنگ دەدەنەوە بەخت کرد. ئەوان لەنێوان ژیانی ژێردەستانە و مەرگی سەربەرزانە، مەرگی سەربەرزانەیان لەڕێگای تێکۆشان بۆمافی ڕەوای گەلی کورددا هەڵبژارد و بە فیداکاری و خەباتی بێوچان بەڵگەی زیندوویی و خەباتگێڕیی گەلەکەمانیان لە مێژووی گەلانی جیهاندا تۆمار کرد. بەم جۆرە وێڕای بەڕێوەبردنی ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لە بەرامبەر گەل و مێژوودا، بوونە سەرمەشقی خەبات و خۆڕاگری و خوێنی وان بۆ ئێمە و هەموو ڕۆڵەکانی گەل بوو بە مەشخەڵێک کە ڕێگای خەباتی داهاتوومان ڕووناک دەکا.

**خۆشەویستان!**

ئەو ڕێگایەی جگەرگۆشە و ئازیزەکانی ئێوە ڕچەیان شکاند و پێیدا ڕۆیشتن هەرگیز بێڕێبوار نامێنێتەوە. هەر ئێستا تێکۆشەرانی حیزب لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا شێلگیرانە خەبات دەکەن و ڕێگای ڕۆڵە شەهیدەکانمان درێژە

دەدەن. ئێمە جارێکی دیکەش لە بەرامبەر ئێوە و گەلی چەوساوەماندا پەیمان دووپات دەکەینەوە کە ڕێگای شەهیدان درێژە بدەین و تا ڕادەی بەختکردنی گیان بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانج و ئاواتە پیرۆزانە تێبکۆشین کە شەهیدەکان گیانیان لەپێناویاندا بەخت کرد. بەڵێن دەدەین نەهێڵین مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان چۆڵ بێ و دڵنیاتان دەکەین کە ئاڵای خەباتی حیزبە خۆشەویستەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هیممەتی شۆڕشگێڕەکانی گەلی کورد لە شەکانەوەدا دەبێ.

بەڕێز بێ یادی هەموو شەهیدە سوورخەڵاتەکانی کوردستان.

***

**پەیام بۆ ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێڕانەی خۆیان پێشکەش بە ئێوە ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب دەکەن کە لە ماوەی یازدە ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری جینایەتکاری ئیسلامیدا بەوپەڕی فیداکاری و لەخۆبووردوویییەوە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانتان هەوڵتان داوە و لە هیچ گیانبازییەک لەو ڕێگایەدا خۆتان نەپاراستووە. لەگەڵ دیفاع لە مافەکانی گەلە بەشخوراوەکەتان، خۆشەویستیی حیزبتان لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا گەیاندووەتە ئەوپەڕی خۆی.

هاوڕێیان، نۆهەمین کۆنگرەی حیزبەکەمان لە هەلومەرجێکی ناسکی مێژووییدا گیرا و بۆ دیاریکردنی ستراتێژی و تاکتیکەکانی ئەم دەورە تازەیە لە خەباتی گەلەکەمان، بە لەبەرچاوگرتن و لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی دوو ساڵی ڕابردووی جیهان، هاتنە گۆڕێ، وەزعییەتێکی نوێ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تەواو بوونی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و نزیکبوونەوەی تەواویان بۆ گەیشتن بە ئاشتی هەروەها وەزعی ئێستای جووڵانەوەی کوردستان ئەرکێکی گرینگی لەسەرشان بوو.

بەشداریی چالاکانەی هاوڕێیانتان لە کۆنگرەدا بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی ئاسان کرد و بە دەستنیشانکردنی خاڵە بنەڕەتییەکانی سیاسەت و بەرنامەی حیزب لە ئاست پێویستییەکانی ئەم قۆناخە لە خەباتی گەلەکەمان، چرایەکی ڕوونی وەپێش کاروانی خەباتگێڕانی کوردستان خستووە کە دەبێتە ڕووناکیدەری ڕێگای خەباتمان بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان.

لەو پێوەندییەدا ئەرکی ئێوەش گەلێک گرینگتر لە جارانە. ئێوە دەبێ وەک ئاڵقەی پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵانی خەڵک زۆر زیاتر لە جاران لەنێو خەڵکی کوردستاندا تێبکۆشن و بە ڕوونکردنەوەی پتر لەسەر مافی نەتەوایەتی و داخوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان هەوڵی خۆتان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زیاتر بکەن. شێوەکانی خەبات

یەکخەنەوە و بۆ وەگەڕخستنی چینوتوێژەکانی خەڵکی کوردستان کە تەنیا ڕێگەی بەچۆکداهێنانی دوژمنانمانە، تەواوی هێزی خۆتان وەگەڕخەن.

کۆنگرە بەدڵنیاییی بە سەرکەوتن، جارێکی دیکەش ڕێز بۆ هەوڵوتێکۆشانتان دادەنێ و سڵاوتان بۆ دەنێرێ.

***

**پەیام بۆ بەندییە سیاسییەکان**

بەندییە سیاسییە خۆڕاگر و خەباتگێڕەکان!

ئێوە کە لەنێو بەندیخانەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیدا بەوپەڕی بێڕوحمییەوە ئەشکەنجە دەکرێن و تابی بەئێشترین زەجر و ژان و دەرد دێنن و هەر لەو کاتەدا سەری بەرزتان لە بەرامبەر زۆردار و جەلادانددا نەوی ناکەن و وەفادار مانەوە بەئاوات و ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی گەل و بە چۆکداهێنانی کۆنەپەرەستان لە بەربەرەکانی و موقاومەتی خۆتاندا دەبینن، بۆ ئێمە هاوڕێ و مایەی فەخر وشانازی بوون و هەن.

حیزبێ ئێمە کە تا ئێستا یەکێک لە ئامانج و مەبەستەکانی ئازادیی ئێوە بووە، دیسان و بۆ جارێکی دیکەش لە کۆنگرەی نۆهەمدا پەیمان نوێ دەکاتەوە کە بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش هەروەک هەموو ئاواتەکانی گەلی چەوساوە و زۆرلێکراومان، بەردەوام تێبکۆشێ و لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیاندنی دەنگی ئازادیخوازیی ئێوە کە لەپێناویدا بەند کراون، کەڵک وەرگرێ. ئەمڕۆ ئەگەر بەکرێگیراوانی ڕێژیمی دڵڕەشانی کۆماری ئیسلامی بۆ لەگەروودا خنکاندنی هاواری ئازادیخوازی لە خوڵقاندنی هیچ چەشنە جینایەتێک خۆ ناپارێزن و زیندانە بەسامەکانیان لە لاوی ئازادە و ئازادیخواز و شۆڕشگێڕی بەبیروباوەڕ جمەی دێ، ئەمڕو ئەگەر دەستە دەستە کیژ و کوڕانی ئەم ئاو و خاکە لە بەرامبەر جووخەی ئێعدامدا ڕادەگیرێن و تیرباران دەکرێن، ئەمڕۆ ئەگەر دیکتاتۆریی ڕەشی ئاخوندان باڵی بەسەر وڵاتە پیرۆزەکەماندا کێشاوە، لە کوردستان، قەڵای سەربەستاندا هاواری ڕزگاری و مافویستی هەروا بەرزە و ڕۆڵە ئازا و فیداکارەکانی کورد نەیان هێشتووە و ناهێڵن ئاخوندە جینایەتکارەکان بە ویستی دڵی ناپاکیان کە سەرکوت کردنی بزووتنەوەی ڕەوا و بەحەقی ئەم گەلە بێبەشەیە بگەن. بێگومان ئەو ڕۆژە دوور نییە کە جامی سەبری کۆمەڵانی ڕەنج چێشتووی خەڵکی سەرانسەری ئێران لێوڕێژ بێ و شەپۆلی تێکڕووخێنەری قەڵای ستەم و کۆنەپەرەستی بکەوێتە ڕێ و گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد و حیزبی ئێمە بەتایبەتی بە ئاوات و ویستە بەرزەکانیان کە یەکێک لەوان ئازادیی ئێوەیە، بگەن.

بۆ جارێکی دیکەش ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێوەی بەڕێز ڕادەگەیەنن و ئاواتی ئازادیتان بۆ دەخوازن.

***

**پەیام بۆ ڕێکخراوە و شەخسییەتە سیاسی و بەشەردۆستەکان**

لـە هەلومەرجێکـی ناسـک و لـە شـوێنێکی حەساسـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، لـە کوردسـتان، حیزبی ئێمـە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە چلوپێنج ساڵە بۆ مافە ئینسانییەکانی گەلی کورد بەپێی ڕاگەیەندراوی مافیمرۆڤ کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەری کردووە و بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا خەبات دەکا، نۆهەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوەبرد.

لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی دژی پاشایەتی لە ئێران ئەو چاوەڕوانییە دەکرا، لەڕێگەی هێمنانە و وتووێژەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی جێگری ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان بەدەست بێنین. بەڵام بەداخەوە، نییەتی ئاشتیخوازانە و هێمنانەی حیزبی ئێمە، کە داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانی دەخستە بەردەم دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بە شەڕێکی داسەپاو و وێرانکەر وڵام درایەوە، کە تا ئێستا زیاتر لە پەنجا هەزار کەس لە دانیشتووانی کوردستان لەم شەڕە نەخوازراوەدا شەهید بوون.

لەبەر ئەوەی وەدەستهێنانی مافە ئینسانی و نەتەوایەتییەکان، مافی بێئەملاوئەولای هەر گەلێکی ژێرستەمە، حیزبی ئێمە توانی خۆڕاگر و بە دڵنیاییەوە بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بەرەوپێش بەرێ.

ئێستا ١١ساڵ لە فتوای جیهادی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان تێدەپەڕی، گەلی کورد بە دڵنیایی پترەوە لە بەرامبەر ڕێژیمی دژی ئینسانی و تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی، لەپێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی لە کوردستانی ئێران بەشێوە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و نیزامی درێژە بەخەبات دەدا.

لەوەها هەلومەرجێکی گرینگ و ناسک لەخەباتی گەلەکەمان، کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی ئێمە لەگەڵ پێشکەشکردنی سڵاوی شۆڕشگێڕانەی خۆی، لە هەموو ئەوکەسانەی کە دڵیان بۆ ئازادی لێدەدا و ڕێز لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافیمرۆڤ دەگرن داوا دەکا بە پشتیوانی مەعنەوی و یارمەتی ئینساندۆستانە بۆ درێژەدانی ڕێگەکەمان یارمەتیمان بدەن و ئیجازە نەدەن چارەنووسی ئەم گەلە بەشخوراوە کە تا ئێستا لە هیچ فیداکارییەک بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی درێغی نەکردووە لەبیر بچێتەوە و ئامانج و ئاواتەکانی گەلێکی تینووی ئازادی بە فیڕۆ بچن.

# Documents of Kurdistan Democratic Party Congresses

گرینگی و بەبایەخبوونی بەڵگەنامە و مێژووی نووسراوی هەر حیزبێک لە دەرخستنی بۆچوون و ڕوانگە و مێژوو و هەڵوێستی ئەم حیزبە بەنیسبەت پێشهات و ڕووداوەکان و هەروەها پێشاندانی سووچ و کەلەبەرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم حیزبەدا دەردەکەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە زانیاری یەکێک لە بنەما گرینگەکانی بوون و دەسەڵاتی هەر ڕەوتێکی سیاسییە و بەڵگەنامەکانیش سەرچاوەی گرینگی ئەو زانیارییانەن بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی سیاسی و مێژوویی و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی ئەم ڕەوت و لایەنە سیاسییە.

چاپ و و بڵاوکردنەوەی:
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان